# دیدی دروست بۆ فەرموودە
# پێگە و کارپێکردنی

**بەرگی دووەم**

# دیدی دروست بۆ فەرمووده
# پێگە و کارپێکردنی

تەواوی توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی
ئینستتیوتی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی
بەهاوبەشی لەگەڵ زانکۆی هەڵەبجە

**پێداچونەوە و ئامادەکردنی بۆچاپ**

**د.دیاری ئەحمەد ئیسماعیل ـ د.بەختیار نەجمەدین شەمسەدین**

**د.حسێن محەمەد ئیبراهیم ـ د.سەردار ڕەشید حەمەساڵح**

# دیدی دروست بۆ فەرمووده
# پێگە و کارپێکردنی
# بەرگی دووەم

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٧١ )

- نووسینی: کۆمەڵێک توێژەر
- بابەت: ئایینی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد.
- هەڵەچن:وریا عەلی
- چاپ: یەکەم - ٢٠١٩ - ناوەندی ڕینوێن

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٨٦٣ )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## ناوەڕۆك


**پیلانگێڕی دژی سوننەت (مێژوو و شێوازەکانی) ........ ١٣**

قۆناغەکانی پیلانگێڕی ........ ١٥

پیلانگێڕی دژ بە ئیسلام ........ ٢٠

پیلانگێڕی دژ بە سوننەت: ........ ٢٨

کۆتایی ........ ٤٥

سەرچاوەکان ........ ٤٦

**ڕێبازی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە نێوان قۆناغبەندی و هەتاهەتاییدا ........ ٤٩**

پوچەڵکردنەوە گومانەکانی د. محەمەد شەحرور ........ ٤٩

بەڵگەکانی د. شەحرور سەبارەت بە قۆناغبەندی ڕێبازی پێغەمبەر ........ ٥٤

هەڵوەستەکردن لەسەر چەند هەڵوێستێکی د. شەحرور ........ ٧٨

کۆتایی ........ ٨٥

سەرچاوەکان ........ ٨٧

**گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر کۆکردنەوە و نووسینەوەی سونەتی پێغەمبەر ........ ٩١**

سەرەتایەك دەربارەی هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی سونەتی پێغەمبەرەوە ........ ٩٢

گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی نووسینەوە و کۆکردنەوەی سونەتەوە ........ ٩٩

گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر کۆکردنەوەی سونەت لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا: ........ ١٠٤

کۆتایی ........ ١١١

سەرچاوەکان ........ ١١٣

**هەڵوێستی سیکۆلارەکان لەسەر پشتنەبەستن بە فەرمووده لە ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزدا ١١٧**
پشت نەبەستنی سیکۆلارەکان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە ڕاڤەکردنی قورئان و ڕەدکردنەوەی فەرموودە دروستەکان ........ ١١٩
نەبوونی بەرنامە لە ڕاڤەکردنی قورئان بە سوننەت ........ ١٢٥
کارکردنی سیکۆلارەکان بە فەرموودەی لاواز و ........ ١٣٣
بە بەڵگەکردنی لە ڕاڤەکردنی قورئان بە سوننەت: ........ ١٣٣
تانەدان لە فەرموودەی ڕاست و ناوزەدکردنی بە دژبوون لەگەڵ قورئاندا ........ ١٣٦
کۆتایی ........ ١٤٦
سەرچاوەکان ........ ١٤٨

**هەڵسەنگاندنی فەرمووده بە پێی پێوەری عەقڵ ........ ١٥١**
چەمك و پێگەی عەقڵ ........ ١٥٣
جیاوازی ئاستی عەقڵ لەنێوان مرۆڤەکاندا ........ ١٥٧
پێگە و ڕۆڵی عەقڵ لە دەقە شەرعیەکاندا ........ ١٥٩
ڕۆڵ و بەکارهێنانی عەقڵ لە بوارەکانی ئاییندا ........ ١٦٤
پێوەرە شەرعییەکان بۆ مامەڵەکردن گەڵ دەقە شەرعییەکاندا ........ ١٦٧
پێوەرە تایبەتیەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە شەرعیەکاندا ........ ١٧٨
ڕەتکردنەوەی گومانی تێکگیرانی سوننەت لەگەڵ عەقڵدا ........ ١٨١
شوبهەی ڕانواندنی سوننەت لەسەر عەقڵ ........ ١٨٧
چەند پرسیارێك دەربارەی ڕانواندنی سوننەت لەسەر عەقڵ ........ ١٩١
هەڵوێستی فەرموودەناسان لە ئاست عەقڵدا ........ ١٩٦
ڕەتکردنەوەی چەند گومانێك ........ ٢٠٠
کۆتایی ........ ٢٠٨
سەرچاوەکان ........ ٢١٠

**ڕەواندنەوەی گومانی نەیارانی فەرمووده لەمەڕ نەبوونی ڕۆڵی فەرمووده لە تەشریعدا . ٢١٧**
نەیارانی سوننەت و مێژووی سەرهەڵدانیان .......... ٢١٨
چەند نموونەیەك لە کاریگەرییەکانیان لەسەر دوورخستنەوەی موسڵمانان لە ئیسلام.... ٢٣١
وەڵامی ئەو نموونانەی کە هێناویانە لەسەر ئەوەی کە سوننەت وەحی نییە.......... ٢٣٩
کۆتایی .......... ٢٥٣
سەرچاوەکان .......... ٢٥٤

**ڕەتکردنەوەی فەرمووده لە نێوان تێنەگەیشتن و نەیارێتیدا .......... ٢٥٩**
گرنگترین هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی فەرمووده و چەند نموونەیەك لەبارەیانەوە........ ٢٦٥
چەند نموونەیەك لەو فەرموودانەی کە نەیارانی فەرمووده بەرپەرچی دەدەنەوە و گرفتە
میتۆدی و دەرهاویشتەکانی .......... ٢٦٩
چەن پێوەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە میتۆدیەکانی نەیارانی فەرمووده .......... ٢٨٢
دەرهاویشتەکانی گومان دروستکردن لەسەر فەرمووده لە ڕووی ئایینداریيەوە .......... ٢٨٤
بنەما سەرەکیەکانی نەیارانی فەرمووده و وەڵامدانەوەیان .......... ٢٨٨
کۆتایی .......... ٢٩٧
سەرچاوەکان.......... ٢٩٨

**دیدی مەلای گەورە بۆ فەرمووده شیعرەکانی بە نموونە .......... ٣٠٣**
چەمکە ئایینییەکان لە شیعری مەلای گەورەدا .......... ٣٠٥
کۆتایی .......... ٣٣٩
سەرچاوەکان .......... ٣٤١

**پێگەی فەرمووده و وەرگرتنی نەك فەرامۆش و لەبیرکردنی.......... ٣٤٧**
پاڵپشتی قورئان بۆ گوێڕایەڵی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) .......... ٣٤٨
بەرپەرچدانەوەی ئەو گومان و دوودڵیانەی بەرەوڕووی فەرمووده دەکرێنەوە .......... ٣٦٣
سەرچاوەکان .......... ٣٧٦

**ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ فەرموودەکان ........ ٣٨١**
بابەتیبوون (الموضوعية) لای ڕۆژهەڵاتناسان: ........ ٣٨٤
دانەپاڵ (الإسقاط) لای ڕۆژهەڵاتناسان: ........ ٣٨٦
ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەنەدی فەرموودەکان........ ٣٨٩
ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ (متن)ی فەرموودەکان ........ ٤٠٢
کۆتایی ........ ٤١٢
سەرچاوەکان ........ ٤١٣

**هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکان دەربارەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ........ ٤١٧**
گرنگیدانی ڕۆژهەڵاتناسان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ........ ٤١٨
هۆکاری گرنگیدانی ڕۆژهەڵاتناسان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ........ ٤٢١
نموونەی هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لە بواری فەرموودەکاندا کاریان کردووە ........ ٤٢٣
نموونەی هەندێك لەو گومانانەی کە لەسەر فەرموودە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە وروژێنراوە ........ ٤٢٨
کۆتایی ........ ٤٤٤
سەرچاوەکان ........ ٤٤٥

**بناغەی مەقاصیدی بۆ دادگەریی و پراکتیزەکردنی سەردەمیانە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەدا .. ٤٥١**
مانای بناغەی مەقاصیدی ........ ٤٥٢
پێناسەی دادگەریی و هاوشێوەکانی ........ ٤٥٤
گرنگیی و پێگەی دادگەریی ........ ٤٥٦
بەڵگەکانی بناغەی مەقصەدی دادگەریی و فەرمانپێکردنی ........ ٤٦١
فەرموودەکانی پێغەمبەر وەك بناغەیەکی مەقاصدی بۆ دادگەریی ........ ٤٦٥
بناغەی مەقاصیدی بۆ تێگەی کۆمەڵایەتی و بوارەکەی ........ ٤٦٦
بناغەی مەقاصیدی بۆ پتەوکردنی بنەماکانی خێزان و خێزانداریی ........ ٤٧١
دادگەریی.. پراکتیزەکردنی سەردەمیانە و پەیوەندی بە مەقاصیدی شەریعەتەوە ........ ٤٨١

کۆتایی ........................................................٤٩٦
سەرچاوەکان ..................................................٤٩٨

**پێگەی فەرمووده لە زانستی کەلامدا** ........................... ٥٠٥
پێگەی فەرموودە لە زانستی کەلامدا/ لایەنی تیۆری ........................ ٥٠٩
جۆرەکانی فەرموودە: ........................................ ٥١٠
کارپێکردنی فەرموودەی ئاحاد لە بواری بیروباوەڕدا: ..................... ٥١٨
موعتەزیلە ...................................................٥٢٣
ئەشعەرییەکان ................................................ ٥٢٤
ماتوریدییەکان ................................................ ٥٢٦
پێگەی فەرموودە لە زانستی کەلامدا/ لایەنی پراکتیکی ...................... ٥٣٠
کۆتایی ...................................................... ٥٤١
سەرچاوەکان ................................................. ٥٤٢

**سوننەتی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) گەورەترین سەرچاوە بۆ ئەتەکێت** .......... ٥٤٧
بوخاری و کتێبی "الادب المفرد" ........................................ ٥٤٩
گرنگترین بابەتەکانی ئەتەکێت لە سوننەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) ........٥٥٥
ئەتەکێتە گشتییەکان ..........................................٥٥٩
کۆتایی ...................................................... ٥٦٣
سەرچاوەکان .................................................٥٦٥

**دیدی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بەرامبەر بە فەرموودە** ........................ ٥٦٧
ژیاننامەی، کەسی، زانستی، سیاسی ........................................ ٥٦٨
چالاکی سیاسی ................................................٥٧٠
ئایین و سیاسەت لای مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە ........................ ٥٧١
خۆشەویستی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) .....٥٧٣

خوێندنەوەیەك بۆ دیدی موفتی زادە بۆ فەرموودە لە ژێر ڕۆشنایی زانستی فەرموودەدا . ٥٧٥
كۆتایی ........................................................... ٥٩٤
سەرچاوەكان ........................................................ ٥٩٥

**بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان لەلای زانایانی كۆن و هاوچەرخ.................. ٥٩٨**
دەروازەیەك بۆ زانینی مانا و مەبەست بە بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان ............ ٥٩٩
بۆچوونی زانایانی كۆن لەسەر بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان .................... ٦٠٦
بۆچوونی هاوەڵان لەسەر بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان .......................... ٦٠٧
بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان لەلای زانایانی فەرموودەناس ........................ ٦٠٩
بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان لەلای شەرعزانەكان (فوقەهاكان) ..................... ٦١٢
بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان لەلای ئیمامی شاتیبی ............................ ٦١٧
بۆچوون و هەڵوێستی هاوچەرخان لەسەر بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان ............ ٦٢٠
ڕوونكردنەوەی بۆچوونی ڕاست و دروست بۆ بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان......... ٦٣٠
كۆتایی ........................................................... ٦٣٢
سەرچاوەكان ........................................................ ٦٣٣

**نووسینەوەی فەرموودەكان لەنێوان ڕێگری و ڕێگە پێدانی پەیامبەردا ............... ٦٣٦**
فەرموودەكانی ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودە .................................. ٦٣٧
فەرموودەكانی ڕێگەپێدان بە نووسینەوەی فەرموودە ................................ ٦٥١
كۆتایی ........................................................... ٦٦٠
سەرچاوەكان ........................................................ ٦٦١

## [تەوەری سێیەم: ئیعجازی زانستی لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)]


**سوننەت و زانستی سەردەم وەڵامێك بۆ ڕەتکەرانی سوننەت ........................ ٦٦٥**

پەیوەندی نێوان ئیسلام و زانست ........................................ ٦٦٦

ڕاستی بانگەشەی دژایەتی هەندێك فەرموودەی دروست لەگەڵ زانستی سەردەمدا ..... ٦٧١

زانستی سەردەم پشتیوان و سەلمێنەری سوننەتە: ............................. ٦٨٤

کۆتایی ............................................................ ٦٨٩

سەرچاوەکان ......................................................... ٦٩٠

**ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا ئێستا و ئومێدەکان ......................... ٦٩٥**

دەربارەی زاراوەی ئیعجازی زانستی ...................................... ٦٩٩

چەند نموونەیەکی ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا ............................. ٧٠٣

ئایا ڕاستە خواردنەوەی ڕێژەیەکی کەمی کحول نابێتە هۆی توشبوون بە شێرپەنجە؟ .. ٧٠٩

پێکهاتنی شریتی سەرەتایی .............................................. ٧١٣

سوودوەرگرتن لە ئیعجازی زانستی سونەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ خزمەتی فەرموودە .. ٧٢٣

ئایا کۆبوونەوەی دروستبوونی کۆرپەلە، لە ٤٠ ڕۆژ یان ١٢٠ ڕۆژدا دەبێت؟ ............ ٧٢٩

ئایا (ڕەشکە) چارەسەری تێدایە بۆ هەموو نەخۆشییەك؟ .......................... ٧٣٢

کۆتایی ............................................................ ٧٤٢

سەرچاوەکان ......................................................... ٧٤٤

**دەرئاسا (ئیعجاز)ی زانستی لە فەرموودەدا ................................ ٧٥٢**

لە ئامراز و ڕێگاکانی فێرکردندا ........................................ ٧٥٢

ئامرازە فێرکارییە بەکارهاتووەکان لە ڕێڕەوی ژیانی پێغەمبەر .................. ٧٥٤

ڕێگا فێرکارییە بەکارهاتووەکان لە ڕێڕەوی ژیانی پێغەمبەر ...................... ٧٥٩

کۆتایی ............................................................ ٧٧٨

سەرچاوەکان ......................................................... ٧٨١

**ڕۆڵی فەرموودەکانی پێغەمبەر له گەشە پێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا ٧٨٧**
چەمکی بەها و گرنگییەکەی ........................................ ٧٨٩
گرنگیی بەهاکان لە ژیانی تاك و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکاندا ............ ٧٩٣
سەرچاوەکانی بەها ................................................ ٧٩٥
بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین سەرچاوەی بەهاکان بەم جۆرە بخەینەڕوو............ ٧٩٧
سیفاتی بەهاکان ................................................ ٧٩٩
دابەشکردنی بەهاکان ................................................ ٨٠١
ڕێگا پەروەردەییەکانی پێغەمبەر لە فێرکردنی بەهاکاندا.................... ٨٠٣
شیکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ............ ٨٠٥
کۆتایی ................................................ ٨٢١
سەرچاوەکان ................................................ ٨٢٢

# پیلانگێڕی دژی سوننەت
# ( مێژوو و شێوازەکانی )

**د. حسێن محەمەد صاڵح ڕەحیم**
**زانکۆی هەڵەبجە/ ڕاگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت**

خوای گەورە قورئانی پیرۆزی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناردووە و کردوویەتی بە سەرچاوەی یەکەمی تەشریعی ئیسلامی و پێویستی کردووە لەسەر مسوڵمانان کە پابەندبن بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانییەوە، لەگەڵیشیدا سوننەتەکانی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) کردووە بە سەرچاوەی دووەمی تەشریعی ئیسلامی و، پێویستی کردووە لەسەر مسوڵمانان پێیەوە پابەند بن بۆ ئەوەی لە دونیا و قیامەتدا سەرکەوتوو و بەختەوەر بن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾، هەروەها دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ﴾. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: "أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْقُرْآنَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ".

بەڵام لە درێژەی ئەو هەموو پیلانگێڕییەی کە دژ بە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) گێڕدرا، هەر لە شاری مەککە و شاری مەدینە و لە دوای کۆچی دواییشی، هەوڵدان بوو بۆ ڕەتکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هەژمارنەکردنی وەك سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی.

لەمڕۆدا زۆر بە گەرمی بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە سوننەتی پێغەمبەر ــ دروودی خوای لەسەر بێت ـ ڕەتبکرێتەوە و تەنها پشت بە قورئان ببەسترێت، ئەو بیرۆکەیەش بە جۆرێك لە تازەگەری وەسف دەکرێت و هەندێك خەڵکی پێ لە خشتە براوە، بەڵام لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو جۆرە بیرۆکانە تازە نین و زۆر لە مێژە و بەچەند جۆرێك و لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا سەریان هەڵداوە و زانایانی ئیسلام قسەیان لە بارەوە کردووە و بەرپەرچیان داونەتەوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی هەواڵی لەبارەوە داوە و زانایانی پایەبەرزی ئەم ئوممەتە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ سەرهەڵدانیدا ڕەتیان کردووەتەوە و پوچەڵی و بێبنەماییان ڕوونکردووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ دەرخستنی سەرەتاکانی ئەو پیلانگێڕییە، بۆ ئەوەی مسوڵمانان چەواشە نەکرێن و لەخشتە نەبرێن بەوەی کە شتێکی تازەیە و بەناوی نوێگەرییەوە نیشانی بدەن، هەروەها ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەموو ئەو پیلانگێڕییە یەك لە دوای یەکانە زنجیرەیەکن و ئامانج لێیان ڕەتکردنەوەی ئایینی ئیسلامە، بە قورئان و پێغەمبەریشەوە، چونکە ناکرێت ئیسلام بەبێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). ئەوەی لەم پیلانگێڕیانەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەتا ئەمڕۆ نەیارانی ئایینی ئیسلام بەردەوامن لە پیلانگێڕی و ماندوونەبوون، بۆ لەخشتەبردنی مسوڵمانان بە دروستکردنی گومان لە دڵی مسوڵمانان، بۆ ئەوەی لە ئایینەکەیان دوور بکەونەوە.

## قۆناغەکانی پیلانگێڕی:

### پیلانگێڕی لە مەککە:

دوای ئەوەی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا، ڕاستگۆی دەستپاك، لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو بە پێغەمبەر، پاشان بانگەوازەکەی بە فەرمانی خوای گەورە ئاشکرا کرد و پێی فەرموو: ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾ (الحجر: ٩٤)، واتە: (ئەی محەمەد هەر فەرمانێکت پێدراوە بە ڕێکوپێکی ئەنجامی بدە و گوێ مەدە بە بوختان و ڕەفتاری موشریك و هاوبەشپەیداکەران)، هەروەها فەرمانی پێکرد و فەرمووی: ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ (الشعراء: ٢١٤)، واتە: (سەرەتا عەشرەت و تایەفە و کەسوکاری نزیکت بێدار بکەرەوە). پێغەمبەری خواش (درودی خوای لەسەر) زۆر بە جوانی فەرمانی خوای جێبەجێ کرد و چووە سەر کێوی صەفا و خەڵکی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە پێغەمبەری خوایە[1]. ئیتر لەو ساتەوە دژایەتی کردن و پیلانگێڕی لە دژی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەستی پێکرد و چەندین جۆر پیلانگێڕیان لە دژی گێڕا، لەوانە: ئەشکەنجە و ئازاردانی و دەرکردنی لە شاری مەککە بۆ دۆڵەکانی ئەبو تالیب و گەماڕۆی ئابووری، دواجار پلاندانان بۆ کوشتنی و ناچارکردنی بە کۆچکردن[2].

هاوبەشپەیداکەرەکانی مەککە درێغییان نەکرد لە پیلانگێڕیی بەرامبەری، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکی ناشیرینی بکەن، ئەو کەسەی کە لە ناویاندا ڕاستگۆی دەستپاك بوو، تۆمەتی درۆزنی و جادووگەری و ساحیری و شێتیان خستە پاڵی، ئەمانە هەمووی بۆ ئەوە بوو خەڵکی لێ دوور بخەنەوە و باوەڕی پێنەهێنن، هەتا

---

[1] صحيح البخاري (٤/ ١٧٨٧)، رقم الحديث (٤٤٩٢).

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو پیلانگێڕییانە، سەیری هەموو ئەو سەرچاوانەی کە تایبەتمەندن بە ژیاننامەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، یاخود کتێبەکانی مێژووی سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکە.

کار گەیشتە ئەوەی تۆمەتباری بکەن بەوەی کە ئەو قورئانەی دەیڵێت لە خۆیەوەیە و وەحی خوای پەروەردگار نییە، بۆ نموونە هەندێك لەو ئایەتانەی کە ئەو تۆمەتانە باس دەکات: ﴿وَعَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ﴾ (ص: ٤)، واتە: (بێباوەڕان سەریان سوڕما لەوەی بێدارکەرەوەیەك لە خۆیان هاتووە بۆیان و وتیان: ئا ئەمە جادووگەرێکی زۆر درۆزنە)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْمًا وَزُورًا * وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ (الفرقان: ٤، ٥)، واتە: (بێباوەڕەکان وتیان ئەم قورئانە درۆیەك نەبێت کە محەمەد خۆی هەڵیبەستووە شتێکی تر نییە، کەسانی تریش یارمەتیانداوە، بەڕاستی ئەوانە (بەو گوفتارەیان) ستەم و بوختانێکی گەورە دەکەن و قسەیەکی ناڕەوایان کردووە، هەروەها وتیان ئەم قورئانە داستانی پێشینەکانە و داوای نووسینەوەیانی کردووە و بەیانیان و ئێواران بەسەریدا دەیخوێننەوە)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا مَا هَذَا إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ وَقَالُوا مَا هَذَا إِلَّا إِفْكٌ مُفْتَرًى وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ (سبأ: ٤٣)، واتە: (جا ئەگەر ئایەتە ئاشکرا و ڕوونەکانی ئێمە بە سەریاندا بخوێنرێتەوە (بێ باوەڕان) دەیانووت: ئەمە کابرایەکە و دەیەوێت لە ڕێگەی باوانتان وێڵتان بکات، هەروەها وتیان: ئەمە شتێکی دەست هەڵبەست و هەڵبەستراوە، ئەوانەش کە بێباوەڕن دەربارەی ئەو حەق و ڕاستییەی کە بۆیان هاتووە وتیان ئا ئەمە سیحر و جادوویەکی ئاشکرایە)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا يَا أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ﴾ (الحجر: ٦)، واتە: (بێباوەڕان و خوانەناسان بە گاڵتەوە دەیانووت: ئەی ئەو کەسەی قورئانت دابەزێنراوەتە سەر، بێگومان تۆ شێتی).

ئەمانە و چەندین ئایەتی تر کە ئەندازەی گەورەیی ئەو تۆمەت و پیلانگێڕیانە دەردەخات کە بێباوەڕەکانی مەککە بەرامبەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)

ئەنجامیان دەدا، جگە لەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەی کە دژی هاوەڵە بەڕێزەکانی ئەنجامیان دەدا. ئیبن هیشام لەم بارەوە دەڵێت: "قورەیش زۆر بە سەرشێتانە و بە توندی کەوتنە دژایەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و ئەوانەشی کە باوەڕیان پێهێنابوو، کاڵفامەکانیان لێ هاندا و بەدرۆیان زانی و ئازاریان دا، تۆمەتباریان کرد بە شیعر و سیحر و جادوو و شێتبوون، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) ئایینی خوای بە ئاشکرا ڕادەگەیاند و نەیدەشاردەوە و نەنگی و کەم و کوڕی ئایینەکەیانی ئاشکرا دەکرد و ئەوەی ئەوان پێیان ناخۆش بوو، لە بتەکانیان خۆی بەدوور دەگرت و لە کوفر و بێباوەڕییەکانیشیان خۆی جیا دەکردەوە"[1]. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و هاوەڵەکانی ئارامیان گرت و لە بەرامبەر ئەو هەموو پیلانگێڕی و ئەشکەنجانەی کە تووشیان هات، دەستیان بە دینەکەیانەوە گرت و بە هیچ جۆرێك سازشیان لەسەر نەکرد، سوور بوون لەسەری، هەتا خوای گەورە ڕێگەی دان کۆچ بکەن بۆ شاری (یثرب).

**پیلانگێڕی لە مەدینە:**

دوای ئەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە ساڵی سیازدەی پێغەمبەرایەتی کۆچی کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە، لەوێ دەستی کرد بە بنیادنانی پایەکانی کۆمەڵگەیەکی تازە، کە دادپەروەری تیایدا سەروەر بێت و مافی هەموو پێکهاتەکانی دانیشتوانی مەدینەی تێدا پارێزراو بێت و مسوڵمانان تیایدا وەك برا پێکەوە بژین و بەیەکەوە لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانەکەی تریدا، کە جولەکەکان بوون، وەکو هاوڵاتی شاری مەدینە، بە یەکسانی بژین و ئەرك و مافیان لە هاوڵاتیبوون و پارێزگاریکردن لە شارەکەیان وەك یەك وابێت، بۆ ئەم مەبەستە (صحیفە) یان (وثیقة)یەکی نووسی، کە دواتر بە دەستوری مەدینە ناسرا[2].

---

[1] السیرە النبویە لابن هشام (١/ ٢٨٩).

[2] هەمان سەرچاوە (١/ ٥٠١).

بـەڵام لـەگـەڵ ئـەوەی پێغـەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەیویسـت ژیـانێکی شایستە بۆ دانیشتوانی شاری مەدینە فەراهەم بهێنێت بەپێی ئەو دەستوورەی کـە نووسییەوە لە نێوان مسوڵمانەکان و جولەکەکاندا و هەمووشـیان پێـی ڕازی بـوون، بـەڵام جولـەکـەکـان و دووڕووەکـان بـەردەوام لـە هـەوڵـی پیلانگێڕیـدا بـوون دژی پێغەمبەر و مسوڵمانەکان، لە هەمانکاتدا هاوبەشپەیداکەرەکانی قوڕەیشیش هەر لە هـەوڵـی پیلانگێـڕی بـەردەوامـدا بـوون و وازیـان نـەدەهێنـا، هـەموویـان - هاوبەشپەیداکەرەکانی قوڕەیش، دووڕووەکانی مەدینە و جولەکەکـان ـ لـە هـەوڵـی ئەوەدا بوون ئـەم ئایینـە لـەناوبـەرن، ئـیتر بـە تـەنیا، یـاخود بـە هاوپـەیمـانی لـە نێوانیاندا، بە هـەمـوو شـێوەیـەك کـە بۆیـان گونجـاو بووبێـت درێغیـان نـەدەکـرد، هـەنـدێکجاریش پیلانگێڕییـەکانیـان گـەیشـتووەتـە ئـەوەی هێرشـی سـەربازییـان ئەنجامداوە بە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا، هەر جارە و بە جۆرێك.

نموونـەی ئـەو پیلانگێڕیانـە زۆرە، هـەر لـە جـەنگی بـەدرەوە هـەتـا سـەرجـەم جەنگەکانی تر و سەرجـەم ئـەو خیانـەت و فێـڵ و تـەڵـەکانـەی کـە لـە بـەرامبـەری مسوڵماناندا دەیانگێڕا، بەتایبەتی جولەکەکان کە سەرسەختترین دوژمنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و مسوڵمانانن، چەند جارێك هەوڵی کوشتنی پێغـەمبـەریـان (دروودی خوای لەسەر) دا، بۆ نموونـە: کاتێـك پێغـەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) چوو بۆ لای هۆزی (بني النظير) بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵدا بکات دەربـارەی دییـەی خوێنی ئەو دوو کوژراوە عامریەی کە بە هەڵەی عەمری کوڕی ئومەییە کوژرابوون و لە پەناگەی پێغەمبەردا بوون، ئەمەش بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لـە نێـوان پێغـەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) و جولـەکـەکانـدا هـەبـوو دەربـارەی بـەشـداریکردن لـە کۆکردنەوەی دییەی کوژراودا، ئەوان هاتنی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـۆ لایان بە هەل زانی و پیلانێکیان دانا کـە لـە سـەربانـەوە بـەردێکـی گـەورە بخـەنـە

خوارەوە بەسەر پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) و بیکوژن[1].... ئەم ڕووداوەش لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو بەپێی ڕاسترینی گێڕدراوەکان[2].

جارێکی تر، ئافرەتێکی جولەکەی خەیبەر مەڕێکی برژاوی ژەهراوی نارد بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئیمامی موسلم بە ڕێگاکەی خۆی دەیگێڕێتەوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە: عَنْ أَنَسٍ أَنَّ امْرَأَةً يَهُودِيَّةً أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بِشَاةٍ مَسْمُومَةٍ فَأَكَلَ مِنْهَا فَجِىءَ بِهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فَسَأَلَهَا عَنْ ذَلِكَ فَقَالَتْ أَرَدْتُ لأَقْتُلَكَ. قَالَ: "مَا كَانَ اللَّهُ لِيُسَلِّطَكِ عَلَى ذَاكِ". قَالَ أَوْ قَالَ (عَلَىَّ). قَالَ قَالُوا أَلاَ نَقْتُلُهَا؟ قَالَ: "لاَ". قَالَ فَمَا زِلْتُ أَعْرِفُهَا فِى لَهَوَاتِ رَسُولِ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ[3].

بەم شێوەیە جولەکەکان چەند جارێك ویستوویانە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکوژن، هەتا لەم ڕێگایەوە ئاییني ئیسلام لەناوبەرن، کە ئەم سیفەتی پێغەمبەر کوشتنە لە ناو جولەکەدا شتێکی نامۆ نییە، بەڵکو ئاساییە، چونکە پێغەمبەرانی خۆیشیان کوشتووە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ﴾ (البقرة: ٦١)، واتە: (... چونکە ئەوان (نەوەکانی ئیسرائیل ـ جولەکە) بەڕاستی باوەڕیان نەدەکرد بە ئایەتەکانی خوا و پێغەمبەرەکانیان بە ناحەق دەکوشت ئەوەش بەهۆی ڕۆچوونیانەوە لە یاخیبوون و نافەرمانیدا و هەمیشە دەستدرێژییان دەکرد)[4].

---

[1] السِّيرةُ النَّبَوِيَّةُ الصَّحِيْحَةُ، د. أكرم ضياء العمري (١/ ٢٧٢).

[2] السيرة النبوية (من البداية والنهاية لابن كثير) (٣/ ١٤٦).

[3] زاد المعاد في هدي خير العباد، ابن القيم (٣/ ٢٢٣).

[4] صحيح مسلم (٧/ ١٤)، رقم الحديث (٥٨٣٤).

## پیلانگێڕی دژبه ئیسلام:

### پیلانگێڕی دژ به قورئان:

قورئانی پیرۆز، کتێبه نەمرەکەی خوای گەورەیە کە لەو کاتەوەی بۆ پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) ناردووە بە زیندوویی دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی کۆتایی بە ژیانی سەر زەوی دێت بە فەرمانی خوای پەروەردگار، هیچ ناحەقی و نادروستی و ناتەواوییەك ڕووی تێناکات لە هیچ کاتێکدا و لە هیچ لایەکەوە، ڕەوانەکراو و نێردراوی زاتێکە کە خاوەنی حیکمەت و داناییە و شایانی سوپاس و ستایشە، وەك دەفەرموێت: ﴿لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾ (فصلت: ٤٢). خوای گەورە خۆی پەیمانی پاراستنی قورئانی داوە لە هەموو دەستکاری و شێواندنێك و بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتە: (بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری لێ دەکەین).

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە بارەی قورئانەوە دەفەرموێت: "كتاب الله، فيه نبأ ما قبلكم، وخبر ما بعدكم، وحكم ما بينكم، هو الفصل ليس بالهزل، من تركه من جبار قصمه الله، ومن ابتغى الهدى في غيره أضله الله، فهو حبل الله المتين، وهو الذكر الحكيم، وهو الصراط المستقيم..."[1]، واتە: (ئەم قورئانە کتێبی خودایە و باسی گەلانی پێش ئێوەی تێدایە و هەواڵی دوای خۆشتانی تێدایە و حوکمی نێوانتانیشی تێدایە، یەکلاکەرەوەیە و گاڵتەجاڕی نییە، هەر زۆردارێك وازی لێ بهێنێت و پشتی تێبکات خوا پشتی دەشکێنێت، هەر کەسێك بەدوای ڕێنموونییدا بگەڕێ جگە لە قورئان خوا سەری لێ دەشێوێنێت، پەتی بەهێزی خودایە ـ دەتانگەیەنێت بە خودا ـ یادخەرەوەیەکی زۆر دانایە و ڕێگەی ڕاستە....).

---

١ سنن الترمذي (٥/ ٢٢)، رقم الحديث (٢٩٠٦).

ئەمانە و چەندین ئایەت و فەرموودەی تر کە باس لە گەورەیی و بێ وێنەیی و بێ هاوتایی قورئان دەکات، بەڵام دوژمنانی ئیسلام بەردەوام هەوڵیان داوە کە لە قورئان بدەن و ڕەتی بکەنەوە، هەر لەو کاتەوەی کە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕووبەڕووی بوونەوە و دژایەتیان کرد و چەندین تۆمەتیان بۆ دروستکرد، بە شێوازی ناشیرین باسی قورئان و پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) دەکرد، کە لە بەشی یەکەمدا هەندێکیانمان نووسیوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمە ڕوو ئەوانە کێبوون کە ئەم دژایەتییانەیان کردووە و بەپێی سەردەمی مێژوویی بە کورتی باسیان دەکەم، لەوانە:

### ١ـ بێباوەڕەکانی قوڕەیش:

گەورەکانی قوڕەیش بە هەموو هێز و توانایانەوە، بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی ئەم ئایینە تازەیە بوونەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان زۆر بە باشی پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) دەناسی و متمانەیشیان پێی هەبوو، کە ڕاستگۆیە لە هەموو بانگەشەیەك کە بیکات، باشیش دەیانزانی ئەم ئایینە تازەیە لەلایەن خواوە بۆی هاتووە، بەڵام بەهۆی لووتبەرزی و خۆبەزلزانینیانەوە باوەڕیان پێی نەهێنا و کەوتنە ئازار و ئەشکەنجەدانی خۆی و شوێنکەوتووەکانی. قورئانی پیرۆز لە چەند شوێنێکدا وێنای ئەو ناڕەحەتییانە دەکات کە تووشی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوو بە هۆی دژایەتیکردنی بێباوەڕەکانەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾ (الأنعام: ٣٣)، واتە: (بەڕاستی چاك دەزانین کە گوفتاری نادروستی خوانەناسان غەمبارت دەکات، بەڵام چاك بزانە کە بەڕاستی ئەوانە وەنەبێت تۆ بە درۆزن بزانن، بەڵکو ستەمکاران هەر داننانێن و ئینکاری ئایەتەکانی خوا دەکەن)، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی و هاوەڵەکانی ئارامیانگرت و گوێیان بەو هەموو پیلانگێڕی و دژایەتییانە نەدا، هەر هەوڵیان دا هەتا خوای گەورە ئایینەکەی سەرخست.

## ٢ـ خاوەن کتێبەکان (أهل الكتاب) جولەکەکان:

دوای ئـەوەی پێغـەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) دەوڵـەتـی مـەدینـەی دروستکرد لەسەر بنچینەی ئیمان و دادپەروەری و هاوڵاتیبوون، هـەمـوو پایـەکـانی دەوڵەتداری تێدا چەسپاند، لەوێدا ڕووبەڕووی سەرسەختترین دوژمـن بوویـەوە، کـە دڵیـان پڕیـەتـی لـە ڕق و کینـە بـەرامبـەر پێغـەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) و باوەڕداران، ئەوانە جولەکەکانی دانیشـتووی مـەدینـە و دەوروبـەری بـوون، خـوای گەورە لە بارەی دوژمنایەتییان و ڕق و کینەیان بەرامبەر بە بڕواداران دەفەرموێت: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا...﴾ (المائدة: ٨٢)، واتە: (بەدڵنیاییەوە دەبینیت سـەرسـەختریـنی خـەڵك لـە دوژمنایـەتیـدا بـەرامبـەر بەوانەی باوەڕیان هێناوە جولەکەن و ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ خودا دانـاوە)، بۆیـە قورئانی پیرۆز بە بەردەوامی مسوڵمانان ئاگادار دەکاتـەوە خۆیـان بپـارێزن لـەوەی کە لایەنگری جولەکە بن و بیانکەنە گەورە و سەرپەرشتیاری خۆیان و پشـتیان پـێ ببەستن، وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا مِنَ الْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ﴾ (الممتحنة: ١٣)، واتـە: (ئـەی باوەڕداران پشت مەبەستن بە کەسـانێك خـوا خـەشمـی لێگرتـوون و دۆسـتایەتیـان مەکەن، بێگومان ئەوانە نائومێد و بێ هیوا بـوون لـە پاداشـتی قیامـەت، هـەروەکـو چۆن کافران نائومێد بـوون لـە گـەڕانـەوەی مـردووەکـانی نیشـتەجێـی گۆڕسـتان)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ (المائدة: ٥١)، واتە: (ئەی باوەڕداران جولەکە و گاور مەکەنە یار و یاوەر و پشتیوانی خۆتان، ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت ئەوە هەر لەوانە و بەڕاستی خوا ڕێنمونی گەلی ستەمکـار ناکـات). خـوای گـەورەش بۆمان ڕووندەکاتەوە کە ناخیان چەندە پیسە و پڕیەتی لە ڕق و بـوغز و قـین، وەك

دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (آل عمران: ١١٨)، واتە: (ئەی باوەڕداران بە کەسانێکی تر جگە لە خۆتان متمانە مەکەن و نهێنی خۆتانیان لەلا مەدرکێنن، چونکە ئەوان کۆڵنادەن لە دروستکردنی گێروگرفت و ناخۆشی بۆتان، ئاواتیان ئەوەیە دوچاری ئازار و کێشە ببن، بە ئاشکرا ڕق و کینە لە دەم و دویاندا، دیارە ئەوەی لە سینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورەترە لەوەی دەریدەخەن، بێگومان ئێمە نیشانە و بەڵگەمان بۆ دیاری کردوون ئەگەر عەقڵ و ژیریتان بخەنە کار).

بەم شێوازەی کە خوای گەورە بۆمان باس دەکات، جولەکەکان بەردەوام پیلانیان دەگێڕا دژی قورئان و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، هەر واش دەمێننەوە و پیلان دەگێڕن ئەوەتا د. ئۆسکار لیفی دەڵێت: "تەنها ئێمەی یەهود ـ جولەکە ـ گەورە و تێکدەری جیهانین، هەر ئێمەیشین کە ئاژاوە و گێرەشێوێنی تێدا بەرپا دەکەین و هەر ئێمەیشین جەللادی و خوێنڕێژی بەرپا دەکەین"[1]. لە تەلمۆد[*]دا لە سفری (حاز و حار) هاتووە کە زۆر بەڕاشکاوی هۆکاری ڕق و کینەیان بەرامبەر بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەردەخات و دەڵێت: "يا أبناء إسرائيل اعلموا أننا لن نفي محمدًا حقه من العقوبة التي يستحقها حتى لو سلقناه في قدْر طافحة بالأقذار، وألقينا عظامه النخرة للكلاب المسعورة لتعود كما كانت نفايات كلاب، لأنه أهاننا وأرغم خيرة أبناءنا وأنصارنا على اعتناق بدعته الكاذبة، وقضى على أعز آمالنا في الوجود، ولهذا وجب عليكم أن تلعنوه في صلواتكم

---

[1] الخطر اليهودي بروتوكولات حكماء صهيون، التونسي (٣).

* تەلمۆد: گەورەترین دەزگای حوکمە لەلای جولەکە و زۆربەی جولەکەی جیهان تەلمۆدین. تەلمۆد لە تەوراتە دەستکاریکراوەکەی ئەمڕۆ ترسناکترە لە لایەنی پیلانگێڕی دژی جیهان. بڕوانە: نقض الموسوعة اليوسفية، تركستاني (١٠٦).

المباركة أيام السبت، وليكن مقره في جهنم وبئس المصير"[1]، واتـه: (ئـەی نـەوەی ئیسرائیل ئێمە ناتوانین ئەو سزایەی کە شایەنی محەمەدە بیدەین تەنانەت ئەگەر لە مەنجەڵێکی پڕ لە پیسیدا بیکوڵێنین و پاشان ئێسقانە پواوەکانی بدەین بـە سـەگـە هارەکان و بیکەنـەوە بـە پاشـەڕۆی سـەگ، چـونکە سـوکایەتـی پێکـردووین بـەوەی باشترینی نەوەکان و شوێنەکەوتووەکانی ئێمەی ناچار کردووە باوەڕ بـە داهێنـراوە درۆکـەی بکـەن، پیرۆزتـرین ئاواتمـانیش لـەم جیهانـەدا لـەنـاوبرد، بۆیـە پێویسـتە لەسەرتان لە نوێژە پیرۆزەکانتاندا لە ڕۆژی شەممانندا نەفرەتی لێبکەن، داوا بکـەن جێگەی جەهەننەم بێت و خراپترین سەرئەنجامی هەبێت).

بەم شێوەیە دەبینین جولەکە هەمیشـە و بـە بـەردەوامـی خـەریکی پیلانگێـڕی بوون بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرەکـەی (دروودی خـوای لەسـەر)، بۆیـە هەر لەو کاتەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کۆچی کرد بۆ مـەدینـە، هـەتـا ئێستا و لەمەودواش، بەردەوام پیلان دەگێڕن بە ئومێدی ئەوەی بتوانن ئەم ئایینـە پاکە لەناوبەرن و خۆیان بکەن بە گەورەی جیهان. کاتێك تەماشای مێژوو دەکـەیـن دەبینین ئەوەی کە هەمـوو حیـزب و تایـەفـەکـانی لـەگـەڵ قـوڕەیـش کـۆکردەوە و هێرشیان کردە سەر دەوڵەتـی تـازەی ئیسـلام لـە مـەدینـە جولـەکـە بـوو. ئـەوەی دەستی هەبوو لە ئاژاوەی شەهیـدکردنی خـەلیفـەی سـێیەمـی پێغـەمبـەر (دروودی خوای لەسـەر) عوسمـانی کـوڕی عـەففـان، جولـەکـە بـوو. ئـەوەی سـەرکردایـەتـی جموجوڵی هـەڵبـەسـتنی فـەرمـوودەی کـرد بـەدەم پێغـەمبـەرەوە (دروودی خـوای لەسەر) و ڕۆڵی بینی لە ناشیرینکردنی گێـڕدراوە مێژووییـەکـان و بـە هـەڵبـەسـتنی گێڕدراوەی هەڵبەستراو، جولەکە بوو...

گاورەکانیش (النصاری) لەو کاتەوەی کە سوپای ئیسلام لە جەنگی یەرموك لـە ساڵی (١٥ك) بە گاورەکان گەیشتن و سەرکەوتن بە سەریانـدا، ئـەوانـیش دەسـتیان

---

[1] نقض الموسوعة اليوسفية، تركستاني (١٠٥).

کردووه بە پیلانگێڕی و دژایەتیکردنی مسوڵمانان، شەڕەکانی صەلیبییەکان کە نزیکەی دوو سەدە درێژەی هەبوو و ئەو لەناوبردنانەی کە لە وڵاتانی موسسوڵمانان ئەنجامیان داوە لە کۆن و نوێدا باشترین گەواهییە لەسەر ئەم قسانە و ئەو ئایەتەیش کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾ (المائدة: ٨٢)، واتە: (بە دڵنیاییەوە دەبینیت نزیکترنیان لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی کە باوەڕدارن ئەوانەن کە دەیانووت ئێمە نەصرانی (گاور)ین ئەوەش لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەندێك لەوان قەشەی دیندارن و هەندێکیشیان گۆشەگیر و کەسانی خواپەرستن، بێگومان ئەوانە خۆیان بە گەورە دانانێن). مەبەست لەم جۆرە گاورانە، بەڕای زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئانەوە، نەجاشی و تاقمەکەیەتی، ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامی ئیسلام هێنا، ئەگینا گاورەکان، یان خۆیان، یان دەستیان لە دەستی جولەکە ناوە و دژایەتی و پیلانیان دژ بە ئاینی ئیسلام و مسوڵمانان ئەنجامداوە. لەو پیلانانەی خاوەن کتێبەکان (جولەکە و گاور) بەرامبەر بە قورئان گێڕاویانە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامەوە، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی نووسراو و بیر و بۆچوونی جیا جیا لە ناو هاوەڵان و شوێنکەوتووە بەڕێزەکاندا، کە پڕیەتی لە شتی هەڵبەستراو، کە ناسراوە بە (ئیسرائیلیات)، لە ڕیوایەتێکدا ئیمامی ئەحمەد دەیگێڕێتەوە: أن عمر بن الخطاب، أتى النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ بكتاب أصابه من بعض أهل الكتاب، فقرأه على النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فغضب وقال: "أمتهوكون فيها يا ابن الخطاب، والذي نفسي بيده لقد جئتكم بها بيضاء نقية، لا تسألوهم عن شيء فيخبروكم بحق فتكذبوا به، أو بباطل فتصدقوا به، والذي نفسي بيده لو أن موسى كان حيا، ما وسعه إلا أن يتبعني"[1]، واتە: (عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) نووسراوێکی هێنا بۆ لای

[1] المسند، ابن حنبل (٢٣/ ٣٤٩)، رقم الحديث (١٥١٥٦).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە لە خاوەن کتێبەکانەوە دەستی کەوتبوو بۆ پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) خوێندەوە، ئەویش توڕەبوو و فەرمووی: ئەی کوڕی خەتتاب (پێی سەرسام بوون) سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە بەدڵنیاییەوە زۆر بە پاکی و سپی و بێ لەکە بۆم هێناون (مەبەستی قورئانە)، پرسیاریان لێناکەن لە شتێك و بەڕاستی وەڵامتان بدەنەوە و ئێوەش بەدرۆیان بخەنەوە، یاخود بەدرۆ وەڵامتان بدەنەوە ئێوەش باوەڕیان پێ بکەن، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێستا مووسا زیندوو بوایە هیچ بوارێکی نەبوو ئەوە نەبێ کە شوێنی من بکەوێت).

ئەمە لە سەردەمی پێغەمبەردا بوو، لە سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکاندا گێڕدراوەی زۆر هەن و تێکەڵی کتێبەکانی ڕاڤەی قورئان کراون، ئەگەر تەماشایەکی کتێبەکانی ڕاڤەی قورئان بکەین زۆرێك لەو گێڕدراوانە دەبینین کە مەبەست لێی تانەدانە لە قورئان و ناشیرینکردنیەتی، بۆیە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هەمیشە ڕێگری دەکرد لەوەی هیچ شتێك لە خاوەن کتێبەکانەوە وەرنەگرین نەبادا تێکەڵی قورئان ببێت.

### ٣ـ خۆرهەڵاتناسەکان (المستشرقون):

ئەو بزوتنەوەیەیە کە پۆشاکی زانینی زانستی خۆرهەڵاتی پۆشیوە، بەڵام لە ناخیدا درێژەپێدەری هەڵمەت و جەنگی درێژی خاچدروشمەکانە بۆ سەر ئایینی ئیسلام و مسوڵمانان، چونکە خۆرهەڵاتناسەکان لە سەرەتاوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی خۆرهەڵات بکەن بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان، بەڵام لە ناخیاندا بڕیاری ئەوەیانداوە کە هەرچی تانەی هەڵبەستراو هەیە بیدەن لە قورئان و ئیسلام بۆ ئەوەی مسوڵمانان لە ئایینەکەیان دوور بخەنەوە، یاخود بە لانی کەم ڕێگری بکەن لەوەی کە ئیسلام لە خۆرئاوا بڵاوبێتەوە، یاخود خەڵکی خۆرئاوا واز لە ئایینی مەسیحی خۆیان بهێنن و ڕوو لە

ئیسلام بکەن، بۆیە ئەم بزوتنەوەیەش دادەنرێت بەوەی یەکێکی ترە لەو پیلانانەی دژ بە قورئان و ئیسلام داڕێژراوە لەلایەن خاوەن کتێبەکانەوە، چونکە ئەوان چەندین ڕێگەیان گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی بگەن بەو ئامانجەی کە پیلانیان بۆ داڕشتووە.

قەشە یوحەنای دیمەشقی کە لە سالآنی (٦٨٠ـ ٧٤٩ز) ژیاوە، بە لای هەندێك لە توێژەرانەوە دادەنرێت بە سەرەتای سەرهەلدانی جموجولی خۆرهەلآتناسی[1]، کاتێك هەردوو کتێبەکەی بە ناوەکانی (حیاة محمد، حوار بین مسیحي ومسلم) نووسی، کە ئامانجی ڕێنیشاندانی گاورەکان بوو چۆن دەمەدەمێ لەگەل مسولمانانندا بکەن و بەردەوام ڕەخنەی لە پێغەمبەر دەگرت، دەلێت: "محەمەد پەیامبەرێکی نێردراو نەبووە، بەلکو پێغەمبەرایەتییەکی داهێنراوی بۆخۆی دروستکردووە و بۆ عەرەبەکانی خزم و کەسی خۆی کتێبێکی دروستکراوی هێناوە کە هەموو بابەتەکانی لە ڕاهیبێکی شوێنکەوتەی ئاریۆس ـ جایبوو لە کەنیسە وەرگرتووە، بە هۆی خۆپارێزی و خواپەرستییەکی درۆوە توانیویەتی دلی شوێنکەوتووەکانی کەمەندکێش بکات بۆ لای خۆی"[2].

بەم شێوەیە خۆرهەلآتناسەکان و ئەوانەی لەسەر پرۆگرامی ئەوان دەڕۆن، هەمیشە و بەردەوام لە هەولی ئەوەدان قورئان و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناشیرین بکەن و وایان وێنا بکەن کە قورئان لەلایەن محەمەد خۆیەوە هەلبەستراوە، هەتا خەلکی لێ دووربخەنەوە، ئەم کارەش بە پلانی زۆر ورد و داڕێژراو ئەنجامی دەدەن، نموونەش زۆرە ئەگەر تەماشای نووسینەکانی خۆرهەلآتناسە بەناوبانگەکانیان بکەی، وەك: کارل برۆکلمان، لە کتێبی (تأریخ الشعوب الإسلامیة)، گۆستاف لۆبۆن لە کتێبی (حضارة العرب) ...هتد. ئەو تۆمەت و ناشیرینکردنە زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

---

١ الاستشراق والقرآن، العمري (٧).

٢ دراسات في الفكر العربي الإسلامي، عرفان عبد الحمید (١١١).

## پیلانگێڕی دژ بە سوننەت:

دوای ئـەوەی هـەرچـی پیلانگێـڕی ناحـەزان و نـەیارانی ئیسـلام هـەبـوو دژ بـە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و قورئانی پیرۆز پوچەڵ بووەوە و سەری نەگرت، چونکە خوای گەورە هەردووکیانی پاراستووە، ئەوجا دوژمنانی ئایینی ئیسلام ڕووی پیلانگێڕیان کردە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و گومان دروستکردن دەربارەی سەرچاوەکەی و تانەدان لە گێڕەرەوەکانی و دروستکردن و هەڵبـەستنی فەرموودە و پاڵدانی بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). یـەکێـك لـە زانایـانی فەرمووده دەڵێت: ".. بـەڵام دوژمنـانی ئیسـلام لـە کۆن و نوێدا چاویان بـەرایـی نەهاتووە کە گەشە و پێشکەوتنی ئوممەتی ئیسلام ببینن، بۆیە کاریان کـردووە بـۆ ڕووخاندنی بنچینەکانی ئیسلام و گومان دروستکردن لەلای مسوڵمانان سەبارەت بە ئایینـەکـەیـان، چـونکە زۆر قـورس بـوو کـە لـە قورئـانی پـیرۆز بـدەن، بۆیـە ڕووی تـیرەکانیـان کـردە سـوننەتـی پێغـەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) و هـەوڵـی ناشیرینکردنیان دا و فەرموودەیان بەدەمەوە هـەڵبـەست، تانـەشـیان لـە هـەنـدێك فەرموودەی ڕاست دا و هەندێ گێڕەرەوەی خاوەن متمانەیان تۆمـەتبـارکرد، بـەڵام بەم پیلانەیشیان نەیانتوانی لە سوننەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسـەر) بدەن لە بەرامبەر بە ئاگایی ئوممەتی ئیسلام و زاناکانی، ئەوانەی بەرگرییان لێکـرد و پاراستیان".[1]

هەرچەندە سوننەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسـەر) وەحییـە و لـەلایـەن خوای گەورەوە بۆ پێغـەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) هـاتووە و لـەگـەڵ قورئانـدا پێکەوە بنچینە و سەرچاوەی ئایینی ئیسلام پێك دەهێـنن، هـەردووکیـان پێکـەوە وابەستەن و وابەستەبوونی گەواهی (لا الـه إلا الله) لـەگـەڵ گـەواهـی (محمـد رسـول الله)ن، چونکە هەرکەسێك باوەڕی بە سوننەت نەبێت باوەڕیشـی بـە قورئـان نییـە،

---

١ السنة قبل التدوين، الخطيب (١)، المقدمة.

هەر لە دێرین زەمانەوە هەتا ئەمڕۆ لە شوێن و جێگە و کاتی جیاوازدا پیلانگێڕی و دژایەتیکردنی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کراوە لە لایەن ناحەزان و دوژمنانی ئایینی ئیسلامەوە، بە تایبەتی لەلایەن کەسانێکەوە کە بانگەشەی پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە دەکەن و خۆیان بە مسوڵمان دەدەنە قەڵەم.

من دەمەوێ لەم باسەدا تیشك بخەمە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو پیلانگێڕیانەیان دژ بە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە ئەوەی لەمڕۆدا بڕەوی پێدەدرێت و بانگەشەی بۆ دەکرێت بەناوی (قورئانی)یەوە و وا وێنا دەکرێت کە شتێکی تازەیە و وەك نوێگەری (ڕیفۆرم) لە ئایینی ئیسلامدا پیشانی دەدەن و هەندێك لە خەڵکیش باوەڕیان پێکردوون، بەڵام لەڕاستیدا ئەو پیلانگێڕییە زۆر کۆنە و کەڵە زانایانی ئەم ئوممەتە ڕووبەڕووی بوونەتەوە و وەڵامی سەرجەم گومانەکانیان داونەتەوە.

**ڕەتکردنەوەی سوننەت و حساب بۆ نەکردنی وەك سەرچاوەی یاسادانان (تەشریع):**

گومانی تێدا نییە کە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەرچاوەی دووەمی یاسادانانە لە ئایینی ئیسلامدا بە کۆڕا (اجماع)ی هەموو زانایانی ئیسلام لە کۆنەوە بەبێ جیاوازی[1]، بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)، بۆ نموونە لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەر فەرمانێکی پێکردن بەگوێی بکەن و قەدەغەی هەر شتێکی لێکردن مەیکەن و لێی دوور بکەونەوە و لە خوا بترسن، چونکە بەڕاستی خودا تۆڵەسێنی توندە)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور:

---

[1] حجية السنة، عبد الخالق (٢١).

٦٣)، واته: (دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فـەرمـانی پێغـەمبـەر دەکـەن و رێبـاز و سوننەتەکانی وازلێدێنن، بترسن لەوەی کە تووشی تاقیکردنەوەیەکی سەخت، یـان تووشی سزایەکی بە ئێش ببن).

لە فەرموودەی پێغـەمبـەریـش (درووودی خـوای لەسـەر) ئـەوە ڕوونکـراوەتـەوە، چەندین فەرموودە لەو بارەوە هەیە، بۆ نموونە: "لا ألفين أحدكم متكئا على أريكته يأتيه الأمر من أمري مما أمرت به أو نهيت عنه فيقول: ما أدري، ما وجدنا في كتـاب الله اتبعناه"[1]، واته: (من نابینم یەکێکتان شانی دادابێت لەسەر کورسی و قەنـەفـە ڕازاوەکـەی و فـەرمـانێکی لـە فـەرمانـەکـانی مـنی بـۆ دێـت لـەوانـەی کـە فـەرمـانم پێکردووە، یاخود بەرگریم لێکردووە، ئەو دەڵێـت: نـازانم ئـەگـەر لـە کتـێبی خـوادا بینیمان شوێنی دەکەوین و بە قسەی دەکەین). لە گێـڕدراوەیـەکـی تـردا کـە ئـیبن ماجە دەیگێڕێتەوە: أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: "يوشك الرجل متكئا على أريكته، يحدث بحديث من حديثي، فيقول: بيننا وبينكم كتاب الله عز وجل، فما وجدنا فيه من حلال استحللناه، وما وجدنا فيه من حـرام حرمنـاه، ألا وإن مـا حـرم رسول الله مثل مـا حـرم الله"[2]، واتـە: (پێغـەمبـەری خـوا (درووودی خـوای لەسـەر) فەرمووی: خەریکە ـ نزیکە ـ ڕوودەدات کە پیاوێك شـانی دایابێـت لـەسـەر کورسـی و قەنەفە ڕازاوەکەی و فەرموودەیەکی منی بۆ بـاس دەکرێـت و ئـەو دەڵێـت دادوەری نێوان ئێمە و ئێـوە کتـێبی خودایـە، هـەر حـەڵاڵێکمـان تێـدا بـینی ئـەوا بـە حـەڵاڵ ئەژماری دەکەین و وەری دەگرین، هەر حەرامێکیشمان تێـدا بـینی ئـەوا بـە حـەرام ئەژماری دەکەین و وەری ناگرین، بەڵام بزانن بە دڵنیاییەوە ئەوەی پێغەمبەری خوا حەرامی بکات وەکو ئەوەیە کە خوا حەرامی کردووە).

---

[1] المستدرك على الصحيحين، الحاكم (١/ ١٩٠)، رقم الحديث (٣٦٨).

[2] سنن ابن ماجه (١/ ٦)، رقم الحديث (١٢)، وقال الألباني صحيح.

ئەم فەرموودانە و چەند فەرموودەیەکی تری هاوشێوەیان، چوار بابەت دەخەنە ڕوو:

**بابەتی یەکەم:** سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەکو قورئان بە بەڵگە هەژمار دەکرێت لە حوکمەکانی حەڵاڵ و حەرامدا.

**بابەتی دووەم:** پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هەواڵی پەیدابوونی ئەو جۆرە کەسانەی داوە کە ئەو بیر و ڕایەیان هەیە، ئەمەش یەکێکە لە هەواڵدانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ئایندە بۆ ئەوەی مسوڵمانان تووشی شۆك نەبن لەکاتێکدا ئەو جۆرە کەسانە ببینن.

**بابەتی سێیەم:** پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی بەرپەرچی ئەو جۆرە بیر و ڕایانەی داوەتەوە و ئەوەی خستۆتە ڕوو کە سوننەتەکەی وەکو قورئان حوکمەکانی جێبەجێ دەکرێت و ناکرێت ڕەتبکرێتەوە، بەڵکو سەرچاوەی دووەمە لە یاسادانانی ئیسلامدا. ئەگەر کەسانێك و بیر و بۆچوونێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بەرپەرچی دابنەوە کەواتە بیر و بۆچوونێکی بەتاڵە و نابێت بە قسەیان بکرێت، بەڵکو دەبێت خەڵکی لێ بەئاگا بهێنرێتەوە، هەتا خۆیانی لێبپارێزن.

**بابەتی چوارەم:** لە ڕووی مێژووییەوە وشەی (یوشك) واتە خەریکە یاخود نزیکە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە، کەواتە سەبارەت بە سەردەمی ئێستای ئێمە ئەوە دەردەخات کە زۆر کۆنە بۆ ئێستامان، بە پێچەوانەی ئەوەی وێنای دەکەن و نیشانی دەدەن کە شتێکی تازەیە، بەڵگەش بۆ کۆنی ئەو جۆرە بیر و ڕایە ئەوەیە کە زانایانی پێشین قسەیان لەسەر کردووە و بەرپەرچیان داوەتەوە.

## سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەو بیر و ڕایە

لەڕاستیدا ئەمە بیر و ڕایەکی لادەرە لە دین، هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێش پێشەوای مسوڵمانان و زانایان ڕوونیان کردووەتەوە، بە شێوەیەك دەبینین لە شاری بەصرە لە سەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتووانـدا یەکێك لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە ناوی (عیمرانی کوڕی حوصەین)ە(•) بەرپەرچی کەسێك دەداتەوە لە شاری بەصرە کە خاوەنی ئەو بیرە لادەرەیە، لەکاتێکدا لە مزگەوت بوو وانەی بە ئامادەبووان دەوتەوە، کابرایەك لە ئامادەبووان وتی: باوکی نوجەید ئێوە باسی فەرموودەی وامان بۆ دەکەن کە لە قورئاندا هیچ بنچینەیەکی نابینین. عیمران تووڕە بوو و بە پیاوەکەی وت: قورئانت خوێندووەتەوە؟ وتی بەڵێ. پێی وت: ئایا لە قورئاندا بینیوتە کە نوێژی عیشا چوار ڕکات و نوێژی خۆرئاوابوون سێ و بەیانیش دوو و نیوەڕۆ و عەسریش چوار؟ وتی: نەخێر. وتی: ئەی ئەوەتان لە کێ وەرگرت؟ ئایا لە ئێمەتان وەرنەگرت و ئێمەش لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)؟ ئایا لە قورئاندا بینیوتانە کە لە هەموو چل سەر مەڕ مەڕێکی زەکاتە و لەوەندە وشتردا ئەوەندە و لەوەندە درهەمدا ئەوەندە؟ وتی: نەخێر. وتی: ئەی ئەوەتان لە کێ وەرگرت، ئایا لە ئێمەتان وەرنەگرت و ئێمەش لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)؟ ئایا لە قورئاندا لە ئایەتی ﴿وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ بینیوتانە کە دەبێت حەوت جار بە دەوری کەعبەدا بسوڕێنەوە و دوو ڕکاتیش نوێژ لە پشتی ئیمامەوە بکەن، ئایا لە قورئانـدا

---

• ناوی عیمرانی کوڕی حوصەین کوڕی عوبەید کوڕی خەلەف خوزاعییە، هاوەڵی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ناسراوە بە کونیەی (باوکی نوجەیدی خوزاعی) لەگەڵ باوکی و ئەبو هورەیرە لە ساڵی حەوتی پێغەمبەرایەتی موسوڵمان بووە و خاوەنی گێڕانەوەی کۆمەڵێك فەرموودەیە، کراوە بە والی بەصرە و عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) ناردوویەتی بۆ بەصرە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری ئایین بکات. ساڵی (٥٢ك) لە شاری بەصرە کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: الطبقات، ابن خیاط (١٠٦)، سیر أعلام النبلاء، الذهبي (٢/ ٥٠٨)، رقم الترجمة (١٠٥).

بینیوتانه که (جەلەب و جەنەب و شغار)[*] له ئیسلامدا نییه؟ نەتانبیستووه خـوای گەورە له قورئاندا فەرمویەتی: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْـهُ فَـانْتَهُوا﴾ (که پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هـەر فـەرمـانێکی پێکـردن بـه گـوێی بکـەن، قەدەغەی هەر شتێکی لێکردن مەیکەن و لێی دور بکەونەوە. عیمران وتی: ئێمه لـه پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شتی زۆرمان وەرگرتووە کـه ئێـوە زانیاریتـان لـه بارەیەوە نییە)[1]. لەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت که له سەردەمی هاوەڵاندا ئەم بیرە لادەرە سەری هەڵداوە، چونکه عیمرانی کوڕی حوصەین له سـاڵی (٥٢ك) کۆچی دوایی کردووە، کەواته ئەو بیرە زۆر کۆنە.

هەروەها کەڵە زانایانی مسوڵمانان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، له پێش هەموویانـەوە ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) که له سـاڵی (٢٠٤ك) کۆچـی دوایـی کردووە، له کتێبی (الرسالة)[2] له چەند لاپەڕەیەکدا باسی ئەو بیرە لادەرە دەکات و بەرپەرچی دەداتەوە له ژێر ناونیشانی (بيان فرض الله في كتابه اتباع سنة نبيـه)، دەڵێـت: "خـوای گـەورە پێغـەمبـەری (دروودی خـوای لەسـەر) لـە ئایینـەکـەی و

---

* جەلـەب: واتـه سـەرزەنشـتکردن و تـووڕەبـوون و هـاوارکردنی ئـەسپسـوار بـۆ ئـەسپەکـەی لـه کـاتی پێشبڕکێدا بۆ ئەوەی له پێشبڕکێدا پێش بکەوێت، یاخود ئەو کەسەی که زەکات دەدات له شوێنی خـۆی زەکاتەکەی نادات، بەڵکو کەسێك دەنێرێت بۆ ئەوەی زەکاتەکەی بۆ بهێنێت.

جەنەب: نزیکی ئەو مانایەیە، بەڵام بەم شێوەیە که فەرمانبەری زەکات له شوێنێکدا بنیشـێت و فـەرمـان بکات که زەکاتەکەی بۆ بهێنن، واته خۆی نەچێت زەکات کۆبکاتەوە.

شغار: ژنبەژن لەسەر شێوازی سەردەمی نەفامی، که هـەر ژنێـك مـارەییـەکـەی ژنـەکـەی تـر بێـت، واتـه مارەیی له نێوانیاندا نەبێت. ئەمانه له ئیسلامدا قەدەغه کراون. بڕوانه: النهايـة في غريـب الحـديث والأثـر، ابن الأثير (١/ ٣٠٣)، (٢/ ٤٨٢).

[1] السُّنَن، أبو داود السِّجِسْتَانِيِّ (٢/ ٣١٢)، رقم الحديث (١٥٦١)، دلائل النبوة، البيهقي (١/ ٢٥)، مختصـر سنن أبي داود، المنذري (١/ ٤٥٢)، مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، السيوطي (١٠).

[2] الرسالة، الشافعي (٧٣) فما بعد.

کتێبەکەیدا لە شوێنێکدا داناوە کە کردوویەتی بە نیشانەی ئایینەکەی بەوەی کە بە فەرزی گرتووە گوێڕایەڵیکردنی و حەرامە سەرپێچیکردنی، ئەوەندەش گەورەیی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) دەرخستووە کە ئیمان هێنان پێی لکاندوویەتی بە ئیمان بە خۆیەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (الأعراف: ١٥٨)، واتە: (جا کەوابوو باوەڕ بهێنن بە خوا و پێغەمبەرەکەی کە هەواڵدەرێکی نەخوێندەوارە ئەو پێغەمبەرەی کە خۆی باوەڕی هێناوە بە خوا و هەموو ئەو ئایەتانەی کە لە لایەن خواوە هاتووەتە خوارەوە، ئێوەش شوێنی بکەون بۆ ئەوەی ڕێنموونی وەربگرن).
هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ عَلَى أَمْرٍ جَامِعٍ لَمْ يَذْهَبُوا حَتَّى يَسْتَأْذِنُوهُ﴾ (النور: ٦٢)، واتە: (بەڕاستی ئیمانداران ئەوانەن کە باوەڕیان هێناوە بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی و هەر کاتێك کۆ دەبنەوە لە خزمەتیدا بۆ کارێکی گرنگ و پێویست کە هاوکاری دەوێت ناڕۆن و خۆیان نادزنەوە هەتا مۆڵەت نەخوازن). کەواتە دەسپێکی تەواوی ئیمان ـ کە هەموو شتێکی تر شوێنکەوتەیەتی ـ ئیمان هێنانە بە خوا و پێغەمبەرەکەی. ئەگەر هەر بەندەیەك باوەڕ بە خوا بهێنێت، بەڵام باوەڕ بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەهێنێت هەرگیز ناوی ئیمانداری تەواوی بەسەردا نابڕێت تاوەکو باوەڕیش بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەهێنێت. کەواتە خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر خەڵکی شوێنی وەحی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) بکەون".

ئیمامی شافیعی بەردەوامە و کۆمەڵێك ئایەت و فەرمووده دەهێنێت بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە، هەتا دەگاتە ئەوەی ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ﴾ (الأحزاب: ٣٤) دەڵێت: "خوای گەورە باسی (الکتاب)ی کردووە واتە قورئان و

باسی (الحكمة)ی كردووه دەڵێت گوێم لـه زانایـان بـوو ئـەوانـەی کـه لـه زانیارییـان ڕازیبوم دەیانگوت (الحكمة) مەبەست پێی سوننەتی پێغەمبەرە و بـەڵگـەی زۆریـش بۆ ئەو قسەیە دەهێنێتەوە.

یـەکێکـی تـر لـەو زانایانـەی کـە باسـی ئـەو بـیرە لادەرەی کـردووە و باسـی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی كردووە و بەرپەرچی داوەتەوە (ئیمامی سـیوطي)یـە، کـە لە ساڵی (٩١١ك) کۆچی دوایـی کـردووە، لـە کتێبێکیـدا بـە نـاوی (مفتـاح الجنـة في الإحتجاج بالسنة)[1] لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: "بزانن ـ خوا ڕەحمتان پێبکات ـ کە زانیاری هەیە وەکو دەرمان وایە، ڕا و بۆچوون هەیە وەکو سەرئـاو وایـە، لـە کـاتی پێویستیدا نەبێت باسیان ناكرێت. ئەوەی ئەمڕۆ ـ مەبەستی سەردەمی خۆیـەتـی ـ بۆنی بڵاوبۆتەوە، سوپاس بۆ خوا دەمێکە دیراسـە کـراوە، ئـەوەیـە کـە کـەسـێکی ڕافیزی زندیق دەمدرێژی كردووە و وتوویـەتـی سـوننەتـی پێغـەمبـەر و فـەرمـوودە گێڕدراوەکان ـ خوا زیاتر شکۆمەنـد و پایـەداری بکـات ـ کاریـان پێناکرێـت و نابنـە بەڵگە، بەڵکو ئەوەی بەڵگـەیـە و کـاری پێـدەکرێـت تـەنهـا قورئانـە"، لـەو ڕووەوە فەرموودەیەك دەهێنێت کە دەڵێـت: "مَـا جَـاءَکُم عَـني مـن حَـدِيث فاعرضـوه علـى الْقُرْآن، فَإِن وجدْتُم لَهُ أصلا فَخُذُوا بِهِ وَإِلَّا فَردُّوهُ"، واتە: (ئەگەر فەرموودەیەکتان لە منەوە بۆ هات، بەراوردی بکەن بە قورئـان، ئـەگـەر لـە قورئانـدا بنـەڕەتێکتـان بـۆ دۆزییەوە وەری بگرن، ئەگەرنا بەرپەرچی بدەنەوە و وەریمەگرن". ئیمامی سیوطي دەڵێت: "هەندێ لە زانایان گرنگیی بەم قسەیە نادات، هەندێکی تریان دەڵـێن هـیچ بنەڕەت و ئەصڵێکی نییە و نازانرێت لەکوێوە هاتووە".

ئیمـامی بـەیهـەقـی کـە سـاڵی (٤٥٨ك) کۆچـی دوایـی کـردووە، دەڵێـت: "ئـەو فەرموودەیە بەتاڵە و ڕاسـت نییـە، چـونکە هـەر خـۆی خـۆی پووچـەڵ دەکاتـەوە، چونکە لە قورئاندا هـیچ بـەڵگـەیـەك نییـە کـە بڵێـت فـەرمـوودە بـەراورد بکـەن بـە

[1] السیوطي، سەرچاوەی پێشوو (٥) و دوواتر.

قورئان"[١]. بەڵام "بنەڕەت و ئەصڵی ئـەم قسـە خراپـە ئـەوەیـە کـە زندیقـەکـان و دەستەیەکی ڕافیزەی ڕۆچوو و توندڕەو ڕایان وایە کە دەبێت نکوڵی لە سـوننەتـی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بکەن و دانی پێدا نەنێن، بەڵکو تـەنها پشـت بـە قورئان ببەستن، چونکە چەند مەبەستێکی جیاوازیان هەیە، هـەنـدێکیان بـاوەڕیـان وایە کە پێغەمبەرایەتی بۆ عەلی بوو، بەڵام جبریـل (درودی خـوای لەسـەر)هەڵـەی کرد کە هێنای بۆ گەورەی پێغەمبەران (درودی خوای لەسەر) ـ گەورەیی بۆ خوایە لەو وتە ستەمکارانەی کە دەیڵێن ـ و هەندێکی تریان دان دەنێن بە پێغەمبەرایـەتـی پێغەمبەردا، بەڵام دەڵێن جێنشینی لە دوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) مـافی عەلی بوو دوای ئەوەی وازی لێهێنا بۆ هاوەڵەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ ئەبوبەکر و ئەوانی تر (خوا لێیان ڕازی بێت) ئەو سەرشۆڕانە وتیـان کـافربوون، چونکە مافیان لە خاوەن ماف سەندەوە، هـەر ئـەوان عـەلیشـیان (خـوای لـێ ڕازی بێت) کافر کرد، چـونکە داوای مـافی خـۆی نـەکـرد، لـەسـەر ئـەم بنـەمایـە هـەمـوو فەرموودەکـانی پێغـەمبـەریـان وەلانـا، چـونکە بـە لای ئـەوانـەوە ئـەو فـەرمودانـە کەسانێکی کافر گێڕاویانەتەوە ـ فَإِنَّا لله وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُون ـ".

هەر ئیمامی سیوطي دەڵێت: "هەڵگرانی ئەم ڕایە لە سەردەمی چوار ئیمامەکە و پاش ئەوانیشـدا زۆربـوون، بـەڵام چـوار ئیمامـەکـە و هـاوەڵـەکانیـان بـەرپـەرچـیان داونـەتـەوە و لـە وانـەکانیـان و گفتوگۆکانیانـدا، هـەروەهـا لـە نووسـین و کتێبەکانیاندا"[٢].

لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێـت مێـژووی سـەرهـەڵـدانی ئـەم بـیرە لادەرە کۆنـە، سەرچاوەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی لادەر و دژ بـە ئیسـلام و بـە پێغـەمبـەری خوا (درودی خوای لەسەر). دوای ئەوەی کە زانیمان هاوەڵـی بـەڕێـزی پێغـەمبـەر

[١] البيهقي، سەرچاوەی پێشوو (١/ ٢٧).

[٢] السيوطي، سەرچاوەی پێشوو (٧).

(دروودی خوای لەسەر) عیمرانی کوڕی حوصەین ساڵی (٥٢ك) کۆچی دوایی کردووە و لە شاری بەصرەش نیشتەجێ بووە، ئەو شارەش مۆڵگەی سەبەئییەکان بووە، ئەوانەی کە دەستیان هەبوو لە ئاژاوەگێڕی لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) عوسمانی کوڕی عەففان (خوای لێ ڕازی بێت) و پاشانیش شەهیدیان کرد، دوور نییە هەر ئەوان دەستیان هەبێت لە برەودان بەو جۆرە بیرە لادەرە، بۆ ئەوەی مەرامەکانیان بەدەست بهێنن، ئەویش لەناوبردنی ئایینی ئیسلامە، ئەم گریمانەیە ئیمامی سیوطي ئاماژەی پێکردووە، ئێمەش پێشتر خستمانە ڕوو، بۆیە هەرکاتێك ئەو جۆرە بانگەشانە ببیستین دەبێت بزانین ئەوە پیلانە و دژ بە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ئایینەکەی دەگێڕدرێت، مەبەست لێی گومان دروستکردنە لە دڵی مسوڵمانان، بەتایبەتی ئەو مسوڵمانانەی کە شارەزایی ئەوتۆیان لە فەرموودە و قورئانی پیرۆزدا نییە، هەتا بتوانن لەو ڕێگەیەوە زۆرترین کەس لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دووربخەنەوە.

## تۆمەتبارکردنی گێڕەرەوەکانی فەرموودە و ناشیرینکردنیان

هەوڵێکی تری دوژمنانی ئیسلام بۆ لەناوبردنی ئایینی ئیسلام، لێدان و ناشیرینکرنی گێڕەڕەوەکانی فەرموودەکانی پێغەمبەرە لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووانی ئەوان و تۆمەتبارکردنیان بە چەندین تۆمەتی نابەجێ و ناشیرین، لە کاتێکدا خوای گەورە باسیان دەکات کە باشترینی ئوممەتن، وەك دەفەرموێ: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ (آل عمران: ١١٠)، واتە: (بەڕاستی ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە). دەربارەی کۆچبەران و پشتیوانەکان و شوێنکەوتوانیاندا بە چاکە، دەفەرموێت: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ (التوبة: ١٠٠)، واتە:

(خوای گەورە لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون لە مسوڵمانبوون لە کاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی بە ڕێکوپێکی و بە چاکە شوێنیان کەوتوون ڕازی بووە و ئەوانیش لەو ڕازیبوون و باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون کە چەندین ڕووبار بە بەردەم کۆشکەکانی و بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات بۆ هەمیشەییش تیایدا دەمێننەوە و ئەو سەرئەنجامە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە).

هاوەڵانی پێغەمبەر (خوا لێیان ڕازی بێت)، بە شاهیدی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چاکترینی ئەم ئوممەتەن، هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئەم دینە بە ئێمە گەیشتووە بە قورئان و سوننەتەوە، چونکە ئەوان بوون کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی پێغەمبەردا بوون و هەموو درشت و وردێکیان لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) بۆ ئێمەیان گواستووەتەوە، جا ئەگەر گێڕەرەوەکان ناشیرین کران و تۆمەتبارکران، بەهەر جۆرێکی تۆمەت، ئەوا گێڕدراوەکانیش دەبێت ڕەد بکرێنەوە، چونکە لە کەسانی تۆمەتبارکراوەوە پێمان گەیشتووە، بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکرێت، چونکە تۆمەتبارکردنی هاوەڵان کە گێڕەرەوەن لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی قورئان و سوننەتە بەیەکەوە، نەك تەنها سوننەت. خەتیبی بەغدادی دەڵێت: "کاتێك هارونە ڕەشید شاکری هێنا کە گەورەی زەندیقەکان بوو، بۆ ئەوەی لە گەردنی بدات، پێی وت: پێم بڵێ بۆچی هەر لە سەرەتاوە فێرخوازەکانتان فێری (ڕەفز و قەدەر) دەکەن؟ وتی: فێری ڕەفزیان دەکەین، چونکە دەمانەوێت تانە لە گێڕەرەوەکان بدەین، چونکە ئەگەر گێڕەرەوە پوچەڵ کرایەوە، گێڕدراوەکەش پوچەڵ دەبێتەوە"[1]. هەر خەتیبی بەغدادی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەبوزەرعە(*)

---

[1] تأريخ بغداد، الخطيب البغدادي (٥/ ٥٠٤).

دەڵێت: ئەگەر کەسێکت بینی سوکایەتی بە هاوەڵێکی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەکات و بە کەم باسی دەکات، بزانە ئەوە زندیقە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەلای ئێمە ڕاستە و قورئانیش ڕاستە، ئەوانەشی کە قورئان و سوننەتی پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) بە ئێمە گەیاندووە هاوەڵانی پێغەمبەرن، ئەوانە دەیانەوێت شاهیدەکانمان بریندار بکەن بۆ ئەوەی قورئان و سوننەت بەتاڵ بکەنەوە، بریندارکردنی ئەوانەش باشترە، چونکە زندیقن"[1].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إنّ الله عز وجلّ اختارني واختار لي أصحابًا، فجعل لي منهم وزراء وأصهارًا وأنصارًا، فمن سبهم فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين، لا يقبل الله منه يوم القيامة صرفًا ولا عدلاً"[2]، واتە: (خوای گەورە و شکۆمەند منی هەڵبژاردووە و چەند هاوەڵێکیشی بۆ هەڵبژاردووم، لەوانیش وەزیر و پشتیوان و خەزورانی بۆ پێکهێناوم، جا هەرکەسێك جنێویان پێبدات نەفرەتی خوا و مەلائیکەت و هەموو خەڵکی لێبێت، خوایش لە ڕۆژی دواییدا نە تەوبە و نە فیدیەی لێ قبوڵ نەکات، یاخود نە فەرز و نە سوننەتی لێ قبوڵ نەکات). کەواتە هەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هەواڵی ئەوەی داوە کە لە دوای خۆی کۆمەڵە کەسانێك پەیدا دەبن قسە بە هاوەڵانی بەڕێزی دەڵێن و هەوڵ دەدەن ناشیرینیان بکەن و تۆمەتباریان بکەن، بۆیە ئەو دوعا قورسەیان لێ دەکات، بۆ ئەوەی مسوڵمانان نەکەونە داو و تەڵەی ئەو جۆرە کەسانەوە بزانن کە

---

* هو: عبيد الله بن عبد الكريم بن يزيد بن فروخ، أبو زرعة الرازي، الإمام سيد الحفاظ محدث الري. ودخول (الزاي) في نسبته غير مقيس، كالمروزي، توفي سنة ٢٦٤هـ. بڕوانە: سير أعلام النبلاء، الذهبي (١٣/ ٦٥).

[1] الكفاية في علم الرواية، الخطيب البغدادي (٤٩).

[2] المخلصيات وأجزاء أخرى، البغدادي (٣/ ٢٠)، وقد خرجه المحقق، وقال في تخريجه: وأخرجه الطبراني (١٧/ ٣٤٩)، وأبو نعيم في الحلية (٢/ ١١)، والحاكم (٣/ ٦٣٢) من طريق محمد بن طلحة، وصححه الحاكم، ووافقه الذهبي. وقال الهيثمي (١٠/ ١٧): فيه من لم أعرفه. وضعفه الألباني في (الضعيفة) (٣٠٣٦).

تۆمەتبارکردنی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ڕەتکردنەوەی سوننەت ئامانج لێی ڕەتکردنەوەی قورئانیشە، چونکە قورئانیش هەر ئەو کۆمەڵە هاوەڵەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەیاندوویانە بە دوای خۆیان، ئەوانیش بەوپەڕی ئەمانەتەوە گەیاندوویانە، هەتا گەیشتۆتە دەستی ئێمە.

ڕەنگە بڵێن ئاخر قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) نووسرابووەوە و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ خۆی نووسەری وەحی هەبوو، بەڵام سوننەت لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) نەنووسراوەتەوە، بگرە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تەنانەت ڕێگەیشی نەداوە کە بنووسرێتەوە! بۆ وەڵامی ئەم گومانە، زۆرێك لە زانایان، لە کۆن و نوێدا، ڕوونکردنەوەیان داوە، هەرچەندە لەم توێژینەوەیەدا ناچینە وردەکاریی بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانانە، تەنها لە ڕووی مێژووییەوە قسە دەکەین، بەڵام زۆر بە کورتی باسی هەوڵی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان لە نووسینەوە و کۆکردنەوەی سوننەت دەکەین و ئەو مەرجانەی کە زانایان دایاننناوە بۆ ئەو کەسانەی کە سوننەت دەگێڕنەوە و گێڕدراوەیان لێوەردەگیریت، لە دوو خاڵدا:

**خاڵی یەکەم: هەوڵی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان (خوایان لێ ڕازی بێت) لە پاراستنی سوننەت:**

هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان هەوڵی زۆر گەورە و کاریگەریان هەبووە لە پاراستنی سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەو هەوڵانەیشیان لە چوارچێوەی بەڕاستگەڕانی پەیمانی خوایە بۆ پاراستنی ئایینەکەی کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتە: (بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەیش دەیپارێزین). هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ (التوبة: ١٢٢)، واتە: (دەی با لە هەر هۆز و دەستەیەك

کەسانێکیان شارەزا بن لە ئایین و لێی تێبگەن و فێری بن، ئەوانیش گەل و هۆزەکانیان تێبگەیەنن هۆشیاریان بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە کاتێك کە گەڕانەوە بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە گوناهـ و خوا لە خۆیان نەڕەنجێنن)، هەروەها بەڕاستگەڕانی فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێت: "نضر الله امرًا سمع مني حديثا فحفظه، حتى يبلغه فرب مبلغ أحفظ له من سامع"[1]، واتە: (خوای گەورە ڕووی کەسێك گەشاوە و جوان بکات کە فەرموودەیەك لە من دەبیستێت و لەبەری دەکات هەتا دەیگەیەنێت، چونکە لەوانەیە کەسێك کە پێی ڕادەگەیەنرێت باشتر لەبەری بکات و پارێزگاری لێبکات لەو کەسەی کە لە منی بیستووە). ئیمامی سیوطي[2] دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە موتەواتیرە"[3]. پاشان قسەیەکی ئیمامی شافیعی دەگوازێتەوە و دەڵێت: "کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هانی ئەوە دەدات کە گوێ لە فەرموودەکانی بگرن و لەبەری بکەن و بیگەیەنن وەکو خۆی، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمان ناکات بە شتێك لێوەی بگێڕنەوە و بیگەیەنن ئەگەر ئەوەی فەرمانی پێکردووە نەبێتە بەڵگە لەسەر ئەو کەسەی کە پێی دەگات، چونکە لەوەوە یان حەڵاڵی پێدەگات کە دەبێت پەیڕەو بکرێت، یان حەرام کە دەبێت لێی دوور بکەوینەوە، یاخود سنوورێکە و دەبێت جێبەجێ بکرێت، یاخود بەخشینی ماڵە، یان ئامۆژگارییە لە ئاییندا".

---

١ المسند، ابن حنبل (٧/ ٢٢١)، رقم الحديث (٤١٥٧)، الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، ابن حبان (١/ ٢٦٨).

٢ مفتاح الجنة في الإحتجاج بالسنة (٩).

٣ تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، السيوطي (٢/ ٦٣٠). لێرەدا دەڵێت: ئەم فەرمودەیە لە لایەن (٣٠) هاوەڵەوە گێڕدراوەتەوە.

پاشان کاتێك كه سه‌یری ئه‌و کتێبانه ده‌که‌ین که نووسراون له باره‌ی گه‌ڕان به دوای فه‌رمووده‌دا (الرحلة في طلب الحديث) ئه‌وانه‌ی که سه‌ربه‌خۆ نووسراوه وه‌کو کتێبی (الرحلة في طلب الحديث للخطيب البغدادي)، یاخود ئه‌و بابه‌ته له کتێبه‌کانی تر که باسی ژیانی گێڕه‌ره‌وانی فه‌رمووده ده‌کات، ده‌بینین چۆن هاوه‌ڵان و شوێنکه‌وتووانیان گرنگی زۆریان داوه به فه‌رمووده و چۆن ماندووبوون له کۆکردنه‌وه‌یدا، به جۆرێك که سه‌رسام ده‌بین له بیستنی ئه‌و هه‌وڵ و ماندووبوونه‌یاندا.

**خاڵی دووه‌م: مه‌رجی زانایان بۆ وه‌رگرتنی فه‌رمووده له گێڕه‌ره‌وه‌کان:**

له‌کاتێکدا که ته‌ماشای ئه‌و مه‌رجانه ده‌که‌ین که زانایان دایانناوه بۆ وه‌رگرتنی فه‌رمووده سه‌رت سوڕده‌مێنێت، من لێره‌دا ته‌نها باسی یه‌ك مه‌رج ده‌که‌م که ئه‌ویش (الحفظ)ه: (الحفظ هو العلم بالشيء حالًا بعد حال من غير أن يتخلله جهل أو نسيان، ولهذا سمي حفاظ القرآن حفاظًا)[1]، واته: (زانینه به شت بارودۆخ له دوای بارودۆخ، به‌بێ ئه‌وه‌ی نه‌زانین و بیرچوونه‌وه‌ی تێ بکه‌وێت، بۆیه به قورئان له‌به‌رکه‌ران ده‌وترێت (حفاظ) له‌به‌رکه‌ران).

به‌ڕاستی دیارده‌ی له‌به‌رکردن دیارده‌یه‌کی تایبه‌ته به ئوممه‌تی ئیسلام، له‌کاتێکدا ته‌ماشای کتێبه‌کانی مێژوو و ژیاننامه‌کان و چینه‌کان و فیقهـ و فه‌رمووده و ...هتد ده‌که‌ین، ده‌بینین که چۆن مسوڵمانان گرنگی زۆریان داوه به له‌به‌رکردن، به شێوازێك که هیچ گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه‌ك به‌و ئه‌ندازه‌یه گرنگییان پێنه‌داوه. بۆ ڕاستی ئه‌م قسه‌یه دکتۆر ئیبراهیم ئه‌مین[2] ده‌پرسێت: چه‌ند که‌س له جوله‌که و گاوره‌کان ته‌ورات و ئینجیلیان له‌به‌رکردووه؟ به واتایه‌کی تر، ئایا له ماوه‌ی ده سه‌ده‌ی

---

[1] مناهج المحدثين في نقد الروايات التاريخية للقرون الهجرية الثلاثة الأولى، الجاف (١/ ١٥٢).

[2] هه‌مان سه‌رچاوه (١/ ١٥٣).

ڕابردوودا کەس هەبووە کە تەورات و ئینجیلی لەبەرکردبێت؟ وەڵامەکەی دیارە کە هیچ کات گاور و جولەکە تەنانەت بیریان لەوەش نەکردووەتەوە کە لەبەری بکەن، نەك لەبەریان نەکردووە، بەڵام ئەگەر بپرسین ئەی چەند لە مسوڵمانان هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە؟ یاخود ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودەی لەبەرکردووە؟ وەڵامەکەی زۆر دیارە، بەشێوەیەك سەرت سوڕدەمێنێت، چونکە ژمارەکە یەکجار زۆرە، لە کۆن و نوێدا بە ملیۆنان کەس هەموو قورئان، یان ژمارەیەکی زۆر لە فەرموودەیان لەبەرکردووە. لەم ڕوانگەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئوممەتی ئیسلام بۆ پاراستنی دینەکەیان بە قورئان و سوننەتەوە گرنگی زۆریان داوە بە لەبەرکردنی هەردووکیان بۆ ئەوەی لە دەستکاری و لەبیرچوون و لەناوچوون بیپارێزن. لە کتێبەکانی مێژوودا نموونەی زۆر هەیە کە زانایان چەندە فەرموودەیان لەبەربووە، لەوانە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل یەك ملیۆن فەرموودەی لەبەر بووە، هەروەها یەحیای کوڕی مەعین بە هەمان شێوە.

بۆیە دەبینین کە کۆی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان زیاتر هانی لەبەرکردنیان دەدا هەتا نووسینەوەی، لەم بارەیەشەوە گێڕدراوە زۆرن، لەوانە[1]: ئەبو نەزرە مونزری کوڕی مالیك دەڵێت: بە ئەبو سەعیدی خودریمان وت، کە یەکێکە لە زاناکانی هاوەڵان: ئەوەی کە لێتی دەبیستین نەینووسین؟ ئەویش فەرمووی: ئایا دەتانەوێ بیکەنە کتێبەوە؟ پێغەمبەرەکەتان هەرچییەکی پێدەگوتین دەستبەجێ لەبەرمان دەرکرد، جا ئێوەش لەبەری بکەن هەروەکو چۆن ئێمە لەبەرمان دەکرد.

ئیمامی مالیك دەڵێت: "ئیبن شیهاب تەنها یەك کتێبی پێبوو، ئەویش ڕەچەڵەکی گەل و هۆزەکەی تێدا نووسرابوو، بۆیە ئەوان نەیاندەنووسییەوە، بەڵکو لەبەریان

---

[1] الجاف، هەمان سەرچاوە (١/ ١٥٥).

دەکرد، هەرکاتێکیش ئەگەر شتێکیان بنووسیایەتەوە بۆ ئەوە دەینووسییەوە تا لەبەری بکات، هەرکاتێك لەبەری بکردایە دەیسڕییەوە"[1].

حەمیدی کوڕی هیلال دەگێڕێتەوە لە ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو مووسای ئەشعەرییەوە، دەڵێت: "ئەبو مووسا فەرموودەی بۆ باس دەکردین، ئێمەیش هەستاین و نووسیمانەوە، ئەویش وتی: ئایا ئەوەی لە من بیستتان دەینووسنەوە؟ وتمان: بەڵێ. ئەویش وتی: ئەوەی نووسیوتانە بۆم بێنن. ئێمەش بۆمان برد و پاشان داوای ئاوی کرد و ئەوەی نووسیبومان شۆردییەوە، ئینجا وتی: لەبەری بکەن وەکو چۆن ئێمە لەبەرمان دەرکرد"[2].

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمەیە هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و شوێنکەوتووە بەڕێزەکانی (خوا لێیان ڕازی بێت)، چۆن گرنگییان داوە بە قورئان، بەهەمان شێوەش گرنگییان داوە بە فەرموودەش، کە لە سنگییاندا پاراستوویانە پێش ئەوەی لە دووتوێی کتێبدا بیپارێزن، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و کەمبوونەوەی ئەو هیممەتە بەرزە بۆ لەبەرکردن لە نەوەکانی دواتردا، بە ناچاری پەنا برا بۆ نووسینەوە، جا بۆیە ناکرێت پێوەرێك، کە ئێستا بەکاربهێنرێت بۆ مرۆڤەکان هەمان پێوەر بەکاربهێنرێت بۆ هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان، یان بە واتایەکی تر، ناکرێت بەو چاوەی کە تەماشای مرۆڤەکانی لە ئێستادا پێدەکرێت بەهەمان چاو تەماشای هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پێبکرێت و بڵێین جا خۆ ئەوانیش مرۆڤ بوون وەکو ئێمە، چۆن ئێمە ئێستا ناتوانین ئەو هەموو شتانە لەبەر بکەین، ئەوانیش نەیانتوانیوە ئەو هەموو فەرموودەیە لەبەر بکەن، ئەم پێوەرە هەرگیز ڕاست نییە.

---

[1] جامع بيان العلم وفضله، ابن عبد البر (١/ ١٣١).

[2] هەمان سەرچاوە (١/ ١٣٥).

# کۆتایی

سونەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، بە کۆڕای گەورە زانایانی مسوڵمانان، سەرچاوەی دووەمی یاسادانان (تشریع)ی ئیسلامە، پاڵپشت بە کۆمەڵێك لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و پێویستە لەسەر مسوڵمانان کە پابەند بن پێوەی و هەموو فەرمانەکان و بەرگرییەکانی (الأوامر و النواهي) جێبەجێ بکەن.

بە درێژایی مێژووی ئیسلام و هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) دژایەتیکردنی قورئان و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستی پێکردووە، جۆرەها پیلانیان لە دژی دارشتووە. ئامانج لەو دژایەتی و پیلانگێڕیانە ڕەتکردنەوەی ئیسلامە بە قورئان و سوننەتەوە. هەوڵدانیش بۆ ناشیرینکردن و تۆمەتبارکردنی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە گێڕەرەوەی قورئان و فەرموودەن، بەشێکە لەو پیلانگێڕیانەی کە دژ بە ئیسلام گێڕدراوە، بۆیە پێویستە لەسەر مسوڵمانان بە ئاگاو چاوکراوە بن، شارەزایی باشیان هەبێت لە قورئان و فەرموودە، بۆ ئەوەی دووڵی و دڵەڕاوکێ بۆ دروست نەبێت بەرامبەر بە ئایینەکەیان.

# سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز.

٢. الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (ت ٣٥٤هـ)، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (ت ٧٣٩هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط١، ١٩٨٨م.

٣. الاستشراق والقرآن، العمري، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان، ط١، ٢٠١٣م.

٤. تاريخ بغداد، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣هـ)، تحقيق: د. بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي ـ بيروت، ط١، ٢٠٠٢م.

٥. تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، السيوطي، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة ـ بيروت، بلا/ ط، بلا/ ت.

٦. الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، (ت ٢٦١هـ)، دار الجيل ـ بيروت، دار الأفاق الجديدة ـ بيروت، بلا/ ط، بلا/ ت، ٧/ ١٤.

٧. الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه المعروف بـ (صحيح البخاري)، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي (ت ٢٥٦هـ)، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ط ٣، ١٩٨٧م.

٨. جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (ت ٤٦٣هـ)، دراسة وتحقيق: أبو عبد الرحمن فواز أحمد زمرلي، مؤسسة الريان، دار ابن حزم ـ بيروت، ط١، ٢٠٠٣م.

٩. حجية السنة، د.عبد الغني بن محمد عبد الخالق (ت ١٩٨٣م)، دار السعداوي ودار التربية، بلا/ ط، بلا/ت.

١٠. الخطر اليهودي بروتوكولات حكماء صهيون، محمد خليفة التونسي (نسبة إلى قرية تونس في صعيد مصر) (ت ١٤٠٨هـ)، قدم له: عباس محمود العقاد، دار الكتاب العربي، بيروت ـ لبنان، ط ٤، بلا/ ت.

١١. دراسات في الفكر العربي الإسلامي، عرفان عبدالحميد فتاح، دار عمار ـ عمان، ط١، ١٩٩١م.

١٢. دلائل النبوة، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، وثق أصوله وخرج أحاديثه وعلق عليه: د. عبد المعطى قلعجى، دار الكتب العلمية، ودار الريان للتراث، ط١، ١٩٨٨م.

١٣. الرسالة، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي الشافعي (ت ٢٠٤هـ)، تحقيق: أحمد شاكر، مكتبه الحلبي ـ مصر، ط١، ١٩٤٠م.

١٤. زاد المعاد في هدي خير العباد، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، مكتبة المنار الإسلامية ـ الكويت، ط٢٧، ١٩٩٤م.

١٥. السنة قبل التدوين، محمد عجاج بن محمد تميم بن صالح بن عبد الله الخطيب، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان، ط٣، ١٩٨٠م.

١٦. سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، ابن ماجة (ت ٢٧٣هـ)، ، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية ـ فيصل عيسى البابي الحلبي، بلا/ ط، بلا/ ت.

١٧. السُّنَن، سُلَيْمَان بن الأشْعَثِ السِّجِسْتَانِيِّ، أبو داود (ت ٢٧٥هـ)، دار الفكر ـ بيروت، بلا/ ط، بلا/ ت.

١٨. السيرة النبوية (من البداية والنهاية لابن كثير)، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي (ت ٧٧٤هـ)، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان، بلا/ ط، ١٩٧٦م.

١٩. السِّيرةُ النَّبَوِيَّةُ الصَّحِيْحَةُ مُحَاوَلَةٌ لِتَطبِيْقِ قَوَاعِدِ المُحَدِّثِيْنَ فِيْ نَقْدِ رِوَايَاتِ السِّيْرَةِ النَّبَوِيَّةِ، د. أكرم ضياء العمري، مكتبة العلوم والحكم ـ المدينة المنورة، ط٦، ١٩٩٤م.

٢٠. السيرة النبوية لابن هشام، عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد (ت ٢١٣هـ)، تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده ـ مصر، ط٢، ١٩٥٥م.

٢١. الكفاية في علم الرواية، الخطيب البغدادي، تحقيق: أبو عبدالله السورقي وإبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية ـ المدينة المنورة، بلا/ ط، بلا/ ت.

٢٢. مختصر سنن أبي داود، الحافظ عبد العظيم بن عبد القوي المنذري (ت ٦٥٦هـ)، تحقيق: محمد صبحي بن حسن حلاق (أبو مصعب)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، ط١، ٢٠١٠م.

٢٣. المخلصيات وأجزاء أخرى، محمد بن عبد الرحمن بن العباس بن عبد الرحمن بن زكريا المخَلِّص البغدادي (ت ٣٩٣هـ)، تحقيق: نبيل سعد الدين جرار، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، قطر، ط ١، ٢٠٠٨م.

٢٤ـ المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه النيسابوري (ت ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١.

٢٥ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت ٢٤١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط١، ٢٠٠١م.

٢٦ـ مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، الجامعة الإسلامية ـ المدينة المنورة، ط٣، ١٩٨٩م.

٢٧ـ مناهج المحدثين في نقد الروايات التاريخية للقرون الهجرية الثلاثة الأولى، ابراهيم أمين الجاف الشهرزوري البغدادي، دار القلم للنشر والتوزيع، الإمارات ـ دبي، بلا/ ط، ٢٠١٤م.

٢٨ـ نقض الموسوعة اليوسفية، أبو ماجد أحمد بن عبد القادر تركستاني، بلا/ ط، بلا/ ت.

# رێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)
# لە نێوان قۆناغبەندی و هەتاهەتاییدا
## پوچەڵکردنەوە گومانەکانی د. محەمەد شەحرور

د. زەکەریا عەبدولڕەحمان حەمەد
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان

جێگای گومان نییە، کە ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە سەرچاوەی دووەم لە دوای قورئانی پیرۆز بۆ تەشریع و بڕیار و یاسای ئایینی ئیسلام هەژمار دەکرێت. زانایانی پایەبەرزی ئیسلامیش هەموو کات و سەردەمێك بەوپەڕی ئازایانە و مەردانە ڕوویان داوەتە ئەم سەرچاوەیە و خزمەتیان کردووە و پشتیان پێ بەستووە و دەمی ئەو هێرشبەرانەشیان بەستووە، کە لە هەموو سەردەمێکدا هەوڵی لەکەدارکردن و ناشیرینکردنی ئەم ڕێبازەیان داوە.

شایانی باسە ئەم هەوڵە شکستخواردووانەش هەر جارەو بە ناو و ڕەنگێك و بە جۆر و چەشنێك و بە ڕوو و سیمایەك خۆیان دەرخستووە، لەو سەردەمەی ئێمەشدا ئەمە نزیکەی سەدەیەکە لە ژێر شیعاری (إعادة قراءة التراث)، یان (القراءة الجديدة) و (القراءة المعاصرة) و (رؤية جديدة) خۆیان دەرخستووە و کاری جددی لەسەر دەکرێت.

بۆئەوەی ئەم بابەتە بە تەواوی دەرکەوێ، یەکەم کەس، کە دەستی داوەتە ئەم هەوڵانە لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکاندا، نووسەری گاوری دیاری لوبنانی جورجی زیدان (و: ١٩١٤ز) بوو، کە کاریگەریەکی دیاری ڕۆژهەڵاتناسەکانی لەسەرە و چەندین پەڕتووکی نووسیوە لەوانە: (تأريخ التمدّن الإسلامي) و (تأريخ الآداب واللغة العربية). لە دوای ئەودا نووسەری مسوڵمانی بەناوبانگی میسری ئەحمەد ئەمین (و: ١٩٥٤ز) دێت، کە زنجیرە پەڕتووکێکی نووسی، لەوانە: (فجر الإسلام) و (ضحي الإسلام) و (ظُهْر الإسلام) و (يوم الإسلام). لە دوای ئەویشدا کۆمەڵێك نووسەری دیکە هاتن، وەکو (د. محمد عابد الجابری) (و: ٢٠١٠ز) و (د. محمد أركون) (و: ٢٠١٣ز) و (د. طيب التيزيني) و (د. حسن حنفي)[1].

دکتۆر محەمەد شەحرور لەو کەسایەتیانەیە، کە لەو بوارە کاریگەری باشی دروستکردووە، بەتایبەتی لەسەر گەنجانی تازە پێگەیشتوو و ڕۆشنبیرە سادەکان، خەڵکی وڵاتی سوریایە، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە پسپۆڕی ئەندازیاریی شارستانی، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی لە ژێر ناوی (رؤية جديدة) و (قراءة معاصرة).

جێگای باسە ئەو بیر و ڕایانەی، کە (د. شەحرور) هەیەتی هەمان ئەو بیر و ڕایانەیە، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو د. ئەحمەد سوبحی مەنسور لە نووسراوەکەی بەناوی (القرآن وكفى مصدرًا للتشريع) بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵام بە ماندووبوونێکی زیاتر و شێوازێکی کاریگەرتر، هەروەها بیر و ڕایەکانی نزیکە لەو بیر و ڕایانەی کە نووسەری سودانی مەحمود محەمەد تاها گوزارشتی لێدەکرد، چونکە ئەو دەیگوت: تەنها ئەو ئایەتانەی کە لە شاری مەککەدا دابەزیوون پێویستە پێیانەوە پابەند بین، بەڵام ئەوانەی لە شاری مەدینە دابەزیون پێیانەوە پابەند

[1] بڕوانە: التأويل الحداثي للتراث (٤٥) و بەدواوە.

نابین، چونکە هەمووی دەربارەی شتانێکی تایبەتە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە، ئێستاش ژیان زۆر گۆڕاوە و پێشکەوتووە، بۆیە ناکرێت لە ژێر کاریگەریی ئەوکاتەدا بژین[1].

جێگای باسە لەو توێژینەوەیەدا پشتم بەستوە بە یەك نووسراوی د. شەحرور، ئەویش: (السنة الرسولية والسنة النبوية - رؤية جديدة)، هەوڵمداوە بیر و بۆچوونەکانی وەکو خۆی بە زمانی کوردی بگەیەنم، دواتر بابەتیانە و زانستیانە هەڵوەستەیان لەسەر بکەم و سەرنج و تێبینیەکانم بخەمە ڕوو، هیچ وشەیەکی بریندارکەر و نەشیاویش بەکارناهێنم، لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم: من وەکو توێژەرێك کە باوەڕی بە خودا و قورئان و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیە تەماشای د. شەحرور دەکەم.

## دەروازەیەك بۆ ناو کرۆکی بابەتەکە

(د. شەحرور) لە چەندین جێگادا لە نووسینەکانی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) وەلی ئەمری مسوڵمانانی سەردەمی خۆی بووە، بۆیە هەڵساوە بەدەرکردنی چەندین بڕیار و فەرمان بۆ ڕێکخستنی کاروباری وڵات و مسوڵمانان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و پەروەردەیی، وەکو: ڕێگرتن لە ئەنجامدانی نیکاحی موتعە، جەمع لە نێوان ئافرەت و پلکی (پووری)، نیکاحی شیغار و چەندین جۆر لە کڕین و فرۆشتن، ڕێگرتن لە ڕیبا، لە قۆرخکاری (احتكار)، لە سەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم و ڕێنەدانی پۆشینی جل و بەرگی ئاوریشم و لەبەرکردنی زێڕ (ئالتون) بۆ پیاوان، یەکسانیکردنی هۆکاری شیرخواردن بە هۆکاری نەسەب لە قەدەغەکردنی مارەبڕیندا، ڕێپێدانی بەمەرجگرتنی پەشیمانبوونەوە (الخيار) لە گرێبەستەکاندا و بە خواردنی ماسی و کلۆ (کوللە) و جگەر و فاتە ڕەشە (سپڵ) و وەسیەتکردن تا سێیەکی ماڵ و سامان... و چەندین

---

[1] بڕوانە: مدخل لمعرفة الإسلام (٢٩٦).

شتی تر، كه زاراوەی (السنة النبوية)ی بۆ بەكارهێناون، پێی وایە دەكرێت زاراوەی یاسای شارستانی (القانون المدني) بە زمانی سەردەمی ئەمڕۆی بۆ بەكاربێت.

ئەو جۆرە بڕیار و حوكمانە، لای د. شەحرور، هەمووی ئیجتهادی پێغەمبەری خودایە و هەڵقوڵاوی داب و نەریتی كاتی خۆی بووە و بەگوێرەی ئاستی پێشكەوتن و ڕۆشنبیری كۆمەڵگای ئەو كات داتاشرابوو، تایبەتە بە سەردەمی پێغەمەر (دروودی خوای لەسەر) كاتێك كە لە ژیاندا بوو، بەڵام كاتێك كە وەفاتی كرد ئەم بڕیار و حوكمانەش كۆتاییان پێ هات، بۆیە پێی وایە ئێمە ناكرێت وەكو مرۆڤی سەدەی بیست و یەك كار بكەین بە جۆرە یاسا و بڕیارانێك كە لە سەدەی حەفتدا كارپێكراو بوون، چونكە داب و نەریتەكان گۆڕاون و ئاستی كۆمەڵگاكانیش زۆر بەرز بووەتەوە، بۆیە دەستبردن بۆ ئەو حوكمانە گەڕانەوەیە بۆ دواوە، لەكاتێكدا ئێمە پێویستە بڕۆین بۆ پێشەوە.

شایانی باسە د. شەحرور بڕیاری قۆناغبەندی نەداوە تەنها بۆ ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، كە لە سەرچاوە فەرموودەییەكاندا هاتووە، بەڵكو ئەو ئایەتانەشی گرتۆتەوە كە لە قورئاندا تۆمار كراوە و باس لە ژیان و ژین و سەرگوزشتەی پێغەمبەری خودا دەكات، بە تایبەتی ئەو ئایەتانەی، كە وشەی (يا أيها النبيّ)یان لەخۆگرتووە و ناوی ناوە چیرۆكەكانی محەمەد (القصص المحمدی). بەلای ئەوەوە تەنها سوودێك كە لە ڕێبازی پێغەمبەر (السنة النبوية) و لە چیرۆكەكانی محەمەد (القصص المحمدی)یە وەربگیرێت تەنها پەند و ئامۆژگاریی و جۆرێك لە زانیاری مێژوویيە سەبارەت بە دروستبوونی پایەكانی یەكەم دەوڵەت، كە لەسەر دەستی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) دروست كرا، ئەگەرنا بە هیچ شێوەیەك ناكرێ وەكو سەرچاوەی ئایین و شەریعەت تەماشا بكرێت.

لێرەوە پێویستە بگوترێت د. شەحرور كۆمەڵێك بڕیار و یاسای شەرع هەن، كە لە پێغەمبەرەوە دەرچوون قەبوڵیان دەكات و پێی وایە ئەم بڕیار و یاسایانە

هەتاهــەتایین و تایبــەت نــین بــە ســەردەمی پێغەمبــەری خــودا، ئــەوانیش خۆیــان دەبیننەوە لە دروشمەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، وەکو: نوێژ و ڕۆژوو و زەکـات و حــەجکردنی مــاڵی خــودا و لــە بــەها باڵاکــان وەکــو: چــاکەکردن لەگــەڵ دراوســێ و لێقــەوماوان و ڕێزگــرتنی میــوان و ڕەوشــتبەرزی و دەســت و زوبــان پــاکیی و خــۆدوورگرتن لــە فێــڵ و خیانــەتکردن و درۆ و دووڕوویــی و خۆبەگــەورەزانین.... و چەندین کاری تر کە ناوی ناون (السنة الرسولية).

ئەوەی ئێمـە دەمانــەوێ لــەو توێژینەوەیــە باســی بکــەین و هەڵوێســتەی لەســەر بکــەین (الســنة النبويــة)یــە، کــە د. شــەحرور بــە شــێوەیەك پێناســەی دەکـات کـە دەگونجێت لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی و زۆر جیـاوازە لـەو پێناسـانەی کـە زانایـانی بواری فەرموودە و ئوسـولی فیقهـ بۆیـان کـردووە، دەڵێــت: "وهــي عبــارة عــن آراء صادرة عنه نتيجة اجتهاداته في مرحلة زمنية معينة لمعالجة قضايا ذات علاقة بظروف مجتمعــه"[1]، واتــە: (ڕێبــازی پێغەمبــەر بریتیــە لــەو ڕاو و بۆچــوونانەی کــە لــە پێغەمبــەرەوە دەرچــووە لــە دەرەنجــامی ئــەو ئیجتیهادانــەی کــە کردوویــەتی لــە زەمەنێکی دیاریکراو بۆ چارەسەری بابەتانێکی تایبەت بە بارودۆخی کۆمەڵگاکەی).

---

١ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٠١).

**بەڵگەکانی د. شەحرور سەبارەت بە قۆناغبەندی ڕێبازی پێغەمبەر:**

**بەڵگەی یەکەم: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) یەکێکە لە وەلی ئەمرەکان لە سەردەمی خۆیدا:**

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەلی ئەمری مسوڵمانانی سەردەمی خۆی بووە وەکو ئەو هەموو ئەو وەلی ئەمرانەی کە لە دوای ئەودا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هاتوونەتە سەر تەختی حوکم، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا داوای گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر و وەلی ئەمرەکانی پێکەوە گرێداوە و جیای کردووەتەوە لە گوێڕایەڵی بۆ خودا، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ﴾ (النساء: ٥٩)، وەلی ئەمریش تا لە ژیانن گوێڕایەڵی دەکرێن، کەواتە پێغەمبەری خوداش (دروودی خوای لەسەر) تا لە ژیاندایە گوێڕایەڵی دەکرێت[1].

**هەڵسەنگاندنی بەڵگەکە:**

کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە نێوان (الرسول) و (أولي الأمر) کەوا ببنە کارتێکراوی (معمول)ی فیعلی (أطيعوا) ئەوە ناگەیەنێت کە هەردووکیان یەکسانن لە حوکمدا، چونکە قورئانی پیرۆز چەندین جار دوو شتی جیاواز لە حوکمدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەروەکو لەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ (الأنعام: ١٤١)، خواردنی بەروبومێك کە پێدەگات لە لایەن خاوەنەکەی موباحە و دروستە، بەڵام زەکاتدانەکەی واجبە، کە هەردوو حوکمەکە لەیەك ئایەتدا لە پاڵ یەکدا هاتوون. لە چەندین ئایەتی تریش هەمان شێواز لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە، بۆیە زانایانی تەفسیر بنەمایەکیان داناوە دەڵێن:

---

١ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١١٠، ١١١، ١٣٥، ١٤١، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٧، ١٧٦، ١٧٧).

"الاقترانُ في الـنَّظْم لا يَسْـتلزمُ الاقـترانَ في الحُكـم"[1]، واتـە: (پێکـەوەبوون لـە دەقێکدا سەرناکێشێت بۆ یەکسانبوون لە حوکمدا)، لەبەرئەوە ئەو دەرەنجامەی کە د. شـەحرور پێـی گەیشـتووە بـە یەکسـانبوونی پێغەمبـەر و وەلـی ئـەمر لـە قۆناغبەنـدی بڕیـار و فەرمانەکانیان، چونکە لە دەقێکدا کۆبوونەتەوە، هەڵەیەکی زۆر هەرزەکارانەیە.

جگە لەوە، ئەوەی کە دکتۆر باسی دەکـات دوورە لـە بنـەمای وردبینیـەوە (الدِّقـة)، کە پێویستە توێژەری ڕاستەقینە پێیـەوە پابەنـد بێـت، چـونکە خـوای گـەورە لـە یـەك ئایەتدا پێغەمبەر و وەلی ئەمری پێکەوە کۆکردووەتـەوە، ئەگـەرنا لـە چـەندین ئایەتـدا خودا فەرمان دەکـات بـە گوێڕایـەڵی پێغەمبـەر بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ، بـۆ نموونـە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا فَـإِنْ تَـوَلَّيْتُمْ فَـاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (المائدة: ٩٢)، هەروەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُـوا اللَّـهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَـا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ (النور: ٥٤)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُـوا أَعْمَـالَكُمْ﴾ (محمـد: ٣٣)، پاشـان دەفـەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُـولِنَا الْبَلَـاغُ الْمُـبِينُ﴾ (التغـابن: ١٢)، هەروەك دەفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَـدْ أَطَـاعَ اللَّـهَ وَمَـنْ تَـوَلَّى فَمَـا أَرْسَـلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ (النساء: ٨٠)، لە هیچ یەك لەو ئایەتانە باسی وەلی ئەمر نەکراوە، بۆیـە زاڵکردنـی یـەك شـوێن بەسـەر پێـنج شـوێندا بـۆ تێگەیشـتن لـە بابـەتێك، جۆرێکـە لـە تەحریفی وشـەکان و بەلاڕێدابردنی خوێنـەرە، چـونکە ئـەوەی کـە عـەقڵی ئـازا و ئـازاد بڕیاری لێدەدات لە شوێنی ئـاوادا ئەوەیـە کـە پێـنج شـوێنەکە زاڵ بکرێـت بەسـەر یـەك شوێندا و لە ژێر تیشکی ئەواندا لەو ئایەتە پیرۆزە تێبگەین.

لە ڕوویەکی دیکەشەوە ئەم ئایەتـە پـیرۆزەی کـە گوێڕایـەڵی پێغەمبـەر و وەلـی ئەمری پێکەوە کۆکردووەتەوە، هۆی دابەزینی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەویش ئەوە بـوو پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) کۆمـەڵێك لـە هـاوەڵانی نـارد بـۆ

---

[1] بڕوانە: الإكليل في استنباط التنزيل (١/ ١٢٣).

شوێنێك، یەكێكیانی كرد بە ئەمیر بەسەریان، لە ڕێگادا هاوەڵە ئەمیرەكە فەرمانی پێدان كە كۆمەڵێك دار خڕ بكەنەوە، دواتر پێی گوتن ئاگری تێبەردەن، دواتر فەرمانی پێكردن كە خۆیان بهاوێنە ناو ئاگرەكە، بەڵام هاوەڵەكان هەڵوەستەیەكیان كرد، وتیان: فەرمانەكە جێبەجێ ناكەین تا دەگەڕێینەوە لای پێغەمبەر، خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند[1]، بەڵام د. شەحرور هیچ ڕاوەستانێكی نەكردووە لەسەر هۆی دابەزینی ئایەتەكە، بەڵكو یەكسەر دێتە سەر ئایەتەكە و ئەو ڕاڤەیەی بۆ دەكات كە خۆی دەیەوێ، ئەو كارەی دكتۆر جێگای سەرنجە، چونكە كاتێك باس دێتە سەر ڕاڤەكردنی فەرمانی خوای گەورە: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، لە ژێر تیشكی هۆی دابەزینەكەی ڕاڤەی دەكات، وێنای ئایەتەكە دەكێشێت، بەڕاستی ئەگەر وشەیەك هەبێت بۆ گۆتن لەو بانە و دوو هەوایە، ئەوەیە كە دكتۆر مەنهەجی نییە لە تێگەیشتن و وێناكردنی بابەتەكان، بەڵكو كەسێكە بە ویستی خۆی شت هەڵدەبژێرێت، كە دیارە ئەوەش كاریگەری دروست دەكات لەسەر ڕاستیی و دروستیی دەرەنجامەكان، لەهەمانكاتدا توێژەریش لەكەدار و بێ متمانە دەبێت لای خوێنەری بەئاگا.

ئەگەر دانماننا بەوەی كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە پاڵ پێغەمبەرایەتیەكەی وەلی ئەمرایەتیشی هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوانەی دوای ئەو هاتنە سەر تەختی حوكم، بەتایبەتی خەلیفەی یەكەم پێشەوا ئەبوبەكری سددیق (و: ١٣ك) ناونرا بە (خليفة رسول الله)، گومانی تێدا نییە ئەو جێنشینیایەتیەی پێغەمبەر تەنها لە لایەنی وەلی ئەمرایەتی بوو نەك لە لایەنی پێغەمبەرایەتی، بۆیە ئەگەر دانیش بنێین بە وەلی ئەمرایەتی پێغەمبەری خوادا، زۆر هەڵە و بێ ئەدەبی دەكەین كە بێین ئاستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بهێنینە ئاستی هەر وەلی ئەمرێكی دیكە بە شێوەیەكی ڕەها، هەروەكو دكتۆر

---

[1] بڕوانە: صحيح البخاري، كتاب التفسير، سورة النساء (٤/ ١٦٧٤)، برقم (٤٣٠٨).

دەیکات، چونکە جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە من لێرەوە چەند خاڵێکی دیاری جیاوازییەکە دەخەمە ڕوو:

١/ کاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بڕیارێك دەردەکات بە ئیجتهادی خۆی، ئەگەر هەڵە بوو لە ئیجتیهادەکەی ئەوە خوای گەورە ئاگاداری دەکاتەوە و لێناگەڕێ لەسەر هەڵەکەی بەردەوام بێت، هەروەکو زانایانی ئوسولی فیقهـ باسیان کردووە[١]، د. شەحروریش دووپاتی کردووەتەوە[٢]، بەڵام ئەو جۆرە ئاگادارکردنەوە لەسەر هەڵەکان بە هیچ شێوەیەك لە غەیری پێغەمبەری خودا نایەتەجێ.

٢/ ڕازینەبوون بە بڕیارێك کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەری دەکات لە کێشەیەکدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی باوەڕ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥)، بەڵام سەرپێچیکردنی وەلی ئەمرێك نابێتە لەدەستدانی باوەڕ، چ جای ڕازینەبوون بە فەرمانەکانی.

٣/ ئەو بڕیار و فەرمانانەی لە زاری پێغەمبەرەوە دەردەچێت هەموو ڕاستن، بە شێوەیەکی بەهێز و یەکلاکەرەوە دەردەچێت، هەروەکو لە فەرموودەکەی عەمری کوڕی عاسەوە (ڕەزای خوای لەسەر) وەردەگیرێت، کاتێك پێیانگوت: هەموو شتێك لە پێغەمبەرەوە دەرچێت تۆ دەینوسیەوە، وامەکە، چونکە پێغەمبەر مرۆڤە لە کاتی تووڕەبوون و ئارامیدا قسە دەکات، بۆیە ئەویش وازی هێنا، دواتر بابەتەکەی گەیاندە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، پێغەمبەر پێی فەرموو: "اكْتُبْ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا خَرَجَ مِنِّي إِلَّا حَقٌّ"[٣]، واتە: (بینوسە سوێند بەو کەسەی

---

[١] بڕوانە: البحر المحيط في أصول الفقه (٦/ ٢١٨).

[٢] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩٦).

٣ مسند الإمام أحمد، مسند عبد الله بن عمرو بن العاص (١١/ ٥٧) برقم (٦٥١٠)، قال محققه: إسناده صحيح.

گیانی منی بەدەستە، تەنها ڕاستی بەسەر زوبانمدا هاتووەتە دەرەوە)، بەڵام دەرچوونی بڕیار و فەرمان بەو بەهێزی یەکلایکەرەوە لەلایەن وەلی ئەمرەوە لە توانادا نییە، بۆیە تەماشا دەکەی ـ بەتایبەتی لەو سەردەمەدا ـ پەنایان بردووەتە بەر بنەمای زۆرینە بۆ یەکلاییکردنەوەی چەندین بابەت.

٤/ دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر پێغەمبەردا و نیگەرانکردنی دەکرێت ببێتە مایەی ڕەشبوونەوەی چاکەکان، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ (الحجرات: ٢)، بەڵام دیارە دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر غەیری ئەودا ئەو جۆرە حوکمەی نییە.

٥/ خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەورەترە لەسەر باقی مرۆڤایەتی، هەروەها خیزانەکانی دایکی مسوڵمانانن، بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز کاتێک دەفەرموێت: ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾ (الأحزاب: ٦)، دیارە ئەو جۆرە گەورایەتی و ڕێزە لە هیچ کەسێکی دیکە بەرجەستە نابێت.

لە کۆتاییدا ئەو هەڵسەنگاندنە دەمەوێ ئەو دوو خاڵە بخەمە ڕوو:

**خاڵی یەکەم:** ئەگەر د. شەحرور بەم شێوەیە لەو ئایەتە پیرۆزە گەیشتووە، دەکرێ ئێمە ئەو ئایەتە پیرۆزەی هەڵگەڕێنینەوە بەسەریدا و بەکاری بهێنین لە دژیدا بەو جۆرەی خوارەوە: دووبارەکردنەوەی فیعلی (أطيعوا) بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و نەهێنانی بۆ (أولي الأمر)، بەڵکو کیفایەتکردن بە پیتی واوی عاتیفە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر لە پێگەیەکی بەرزتر و جیاوازترە لەو پێگەیەی کە وەلی ئەمر لێیەتی، چونکە دەکرا فیعلی (أطيعوا) سێبارە بکرابوایەوە بۆ وەلی ئەمر، یاخود بۆ پێغەمبەریش کیفایەت کرابوایە بە پیتی واوی عاتیفە. لە ڕوویەکی دیکەوە دووبارەکردنەوە فەرمانی (أطيعوا) بۆ پێغەمبەر، ئاگادارکردنەوەیەکە بەوەی کە پێغەمبەر سەربەخۆیە لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی لە پاڵ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە، بەڵام وەلی ئەمر سەربەخۆ نین لە گوێڕایەڵی

کردنیان، بۆیە بۆ ئەوان فەرمانی (أطیعوا) سێبارە نەکرایەوە. شایەنی باسە هەر لە ئایەتەکەدا دەتوانین ڕاستی و دروستی ئەو ڕووەی دووەمی ئایەتەکە بسەلمێنین، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ﴾، فیعلی (رُدُّوهُ) بۆ پێغەمبەر دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو کیفایەت دەکات بە پیتی واوی عاتیفە و باسی وەلی ئەمریش هەر ناکات، چونکە ئەوەی خودا داوای دەکات لەو بەشەی ئایەتەکە گەڕانەوەیە لە کاتی ناکۆکی و ناتەبایی بۆ شەرع و ئایین، پێغەمبەریش کۆڵەکەیەکی پتەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، بۆیە گەڕانەوە بۆ شەرع و ئایین گەڕانەوەیە بۆ لای خودا و پێغەمبەرەکەی، واتا بۆ لای قورئان و سوننەت.

**خاڵی دووەم:** دوای ئەوەی بۆمان بەدیار کەوت کە د. شەحرور پێی وایە ئەو بڕیار و فەرمانانەی کە لە پێغەمبەرەوە دەرچووە جگە لە شەعیرە و بەها باڵاکان هەمووی قۆناغبەندیە وەکو فەرمانی وەلی ئەمرەکان، ناویشی نا (السنة النبوية)، بۆیە من لێرەوە پرسیار دەکەم: جەنابی دکتۆر ئەگەر ڕاستە ڕێبازی پێغەمبەر (السنة النبوية) بەو شێوەیەیە کە تۆ باسی دەکەی، باشە بۆچی خوای گەورە لەو ئایەتەی کە پێکەوە کۆی کردوونەتەوە لە جیاتی گوزارشت بکات بە وشەی (النبيّ) گوزارشتی کرد بە وشەی (الرسول)؟ واتە فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾، دەبوایە بە گوێرەی ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەی کە جەنابتان دەیکەن بیفەرمووبوایە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا النَّبِيَّ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾، بەتایبەتی جەنابتان گلەیەکی زۆرتان هەیە بەرامبەر ئەو کەسانەی ـ وەکو خۆت دەڵێی ـ کە قورئان دەخوێننەوە وەکو ئەوەی ڕۆژنامەی بەیانیان بخوێننەوە[1] .

---

[1] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٨٨).

**بەڵگەی دووەم: ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەحی نییە:**

گەورەترین بوهتان کە شافیعی ئەنجامی دابێت ئەوەیە کە ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەری (السنة النبوية) کرد بە وەحی و سەرچاوەیەکی هەتاهەتایی بۆ شەرع و ئایین لە دوای قورئانی پیرۆز، حوکم و یاسای شەرعی لێ وەرگرت، چونکە ئەگەر وەحی بوایە ئەوا پێغەمبەر فەرمانی دەردەکرد کە کۆیبکەنەوە و بینووسنەوە، هاوەڵەکانی چۆن بە پەرۆشەوە ڕوویان کردە نووسینەوەی قورئان ئاواش ڕوویان دەکردە نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). لەلایەکی تریشەوە ئەگەر دابنێین ـ وەکو گریمانە ـ فەرموودەکان وەحی بن، ئەوە ئەو کات هیچ مانایەك بۆ بەڵێنی خوای گەورە نامێنێت کە دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣)، چونکە لە کاتی دابەزینی ئەو ئایەتە فەرموودەکان کۆنەکرابوونەوە[1].

**هەڵسەنگاندنی بەڵگەکە:**

تۆمەتبارکردنی پێشەوا شافیعی (و: ٢٠٤ﻫ) بەوەی کەوا ئەو داهێنەری بنەمای بە وەحی دانانی گوفتار و ڕەفتاری پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، دوورە لە ڕاستیەوە و شەرمەزاریە بۆ کەسێك کە بانگەشەی خوێندنەوەی نوێ و لێکۆڵینەوەی نوێ بکات، چونکە بە وەحی زانینی کار و گوفتاری پێغەمبەر بنەمایەکی نەگۆڕ و جێگیر بووە هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا، بەڵکو لە کاتی دابەزینی قورئانی پیرۆزدا، ئەوەتا لە قورئاندا دەبینین کاتێك کە پێغەمبەری خودا کێشەیەکی بۆ دروست دەبێت لەگەڵ یەکێك لە خیزانەکانیدا، کە پێکەوە پێکهاتن بەردێك لەسەر کێشەکە دابنێن و ئیتر شتی ئەوها ڕوونەداتەوە و لای کەسیش باسی نەکەن، بەڵام دواتر ئەو خیزانەی چووە لای خێزانێکی تری پێغەمبەر باسی کرد، خوای گەورە

---

[1] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٨٧، ٩٢، ٩٧، ٩٨، ١٠١، ١٠٦، ١٧٦).

ئاگاداری پێغەمبەری کردەوە بە بەڵگەی ﴿...وَأَظْهَرَه اللَّهُ عَلَيْـهِ..﴾ (التحـريم: ٣)، پێغەمبەریش بانگی کرد و بەشێوەیەکی پچڕپچڕ تێیگەیاند کە تۆ ئەو نهێنیەت نەپاراستووە، یەکسەر خێزانەکەی پێی گوت: ئەوە کێ پێی ڕاگەیاندی ئەی پێغەمبەری خودا؟ پێغەمبەریش لە وەڵامدا فەرمووی: ﴿نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ﴾ (التحريم: ٣)، واتە: (خوای گەورە). ئێمە لە قورئانی پیرۆزدا ئایەتێك نابینین کە ئەو زانیاریانەی کە خودا بە پێغەمبەری دا باسی بکات، لەکاتێکدا پێغەمبەریش دەفەرموێت: خودا پێی ڕاگەیاندووم، بۆیە ئەو بەشە لەو ئایەتە بەڵگەیەکی گەورەیە کە جگە لە قورئان جۆرە پەیوەندیەکی تر هەیە لە نێوان خودا و پێغەمبەرەکەی، یان بە واتایەکی تر جگە لە سەرچاوەی قورئان سەرچاوەیەکی دیکە هەیە لە خوداوە بۆ پێغەمبەر، ئینجا چەند جار ئەوە ڕوویداوەتەوە و چۆن بووە ئەوا لە ئێمە دیار نییە و غەیبە، گرنگ ئەوەیە کە ئەو بەشەی ئایەتەکە زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوانە عەقڵی خاوێن و دڵی تەندروستی تێگەیاند کە جۆرەکی دیکەش لە وەحی بۆ پێغەمبەرەکەی هەیە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ...﴾ (الأحزاب: ٤٤، ٤٥)، خوای گەورە لەو ئایەتەدا ڕوو دەکاتە پێغەمبەرەکەی و پێی دەفەرموێت: (ئەی نەبیی، تۆمان ڕەوانە کردووە بە گەواهیدەر، بەوەی کە پێغەمبەران پەیامی خوایان گەیاندووەتە نەتەوەکان و موژدەدەری بۆ باوەڕداران بە داهاتوێکی پڕشنگدار و ترسێنەری بۆ بێ باوەڕان بە داهاتوویەکی مەترسیدار و بانگەوازکەری بۆ لای خودا و ئایینی خودا)، گومانی تێدا نییە هەڵسان بەو کارانە پێویستی بە دەربڕین و ڕوونکردنەوە و پوچەڵکردنەوەی گومانەکان و دانانی چارەسەری گونجاو بۆ ئاریشەکان و چەندین شتی تر هەیە کە لەلایەن خودی پێغەمبەرەوە دەردەچێت. من پێموایە هەبوونی وشەی (بِإِذْنِهِ) لە کۆتاییدا زیاتر بەها و قیمەتی بەو کارانەی پێغەمبەر داوە، چونکە ئەو وشەیە ئەوە

دەگەیەنێت کە خودایە فەرمانی پێ داوە بۆ هەڵسان بەو کارانە و مۆڵەتی ئەوی لەسەرە، کە ئەوەش وا دەکات کە ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە ئاستێکی سادە و مرۆڤ ئاسادا بەرز ببێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر.

شایانی باسە د. شەحرور ئەو ئایەتە پیرۆزەی هێناوە و زۆر بە پەلە لەسەری ڕۆیشتووە و کردوویەتی بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە نەبییایەتی پایەی بەسەرکەوتنە بۆ ڕەسولایەتی[1]، ئەگەر ئەو قسەیەی دکتۆر تەواوە، چونکە هەموو ڕەسولەکان نەبین، بەڵام هەموو نەبیەکان ڕەسول نین، بەڵام بێین وەکو تەفسیرێك بۆ ئایەتەکە باسی بکەین پێموانییە بسازێت، چونکە واتای (أَرْسَلْنَاكَ) ئەوە نییە (جَعَلْناكَ رَسُولًا)، واتا ئەی نەبی تۆمان کردووەتە ڕەسول، بەڵکو ماناکەی (بَعَثْناكَ)یە، واتە: ئەی نەبی تۆمان ڕەوانە کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی قورئانی پیرۆز ئەو وشەیەی بۆ ڕەسولیش بەکارهێناوە هەروەکو دەفەرموێت: ﴿وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا﴾ (النساء: ٧٩). بۆ زیاتر تەئکید بوون گەڕامەوە بۆ لای زانای گەورەی زمانەوانی، ئیبن فاریس (و: ٣٩٥ك)، کە د. شەحرور زۆر پشتی پێ دەبەستێت لە نووسینەکانی، بەڵام ئەویش بەو واتایەی کە د. شەحرور دەیەوێت باسی نەکردبوو[2]، ئەگەر ـ وەکو گریمانە ـ لەلایەنی زمانەوانییەوە (أَرْسَلَ) بە واتای (جَعَلْناكَ رَسُولًا) هاتبێت، ئەوە سیاقی ئەو ئایەتە پیرۆزە قەبوڵی ئەو واتایە ناکات، لەبەر ئەو وەسفانەی پێغەمبەر کە لەناو خۆیدا کردوویەتی.

بەڵگەیەکی دیکەش لەسەر وەحی بوونی ڕێبازی پێغەمبەر (السنة النبوية) ئەو دەستوەردان و هەڵسەنگاندنانەی خوای گەورەیە ـ ئەگەر دەستەواژەکەم دروست و شیاو بێت ـ بۆ ئەو بڕیار و حوکمانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەری دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی بە ئیجتیهادی زاتی خۆی پێی دەگەیشت، چونکە ئەو

---

[1] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٠٢).

[2] بڕوانە: معجم مقاييس اللغة (٣٨٢).

ئیجتیهادانە ئەگەر یەکسان نەبووبایە لەگەڵ ئەو حەق و ڕاستیەی کە خودا دەیەوێت دەرکەوێت، ئـەوا پێغەمبـەر ئاگـادار دەکرایـەوە و حـەق و ڕاسـتیەکەی پـێ نیشـان دەدرا، بەڵام ئەگەر یەکسـان بووبایـە، دیـارە ئـەوە هـیچ ئاگادارکردنەوەیـەك ڕووی نەدەدا. جێگای باسیشە زانایانی ئوسولی فیقهـ ناویـان لـەو جـۆرە هەڵسـەنگاندن و ئاگادارکردنەوەیان ناوە بـە (الـوحي البـاطن) یـان (الـوحي الخَفِـي) یـان (مـا یشْبَهُ الوحي)[1]، چونکە ئەو ئاگادارکردنەوەیە بەڵگەیەکی زۆر گەورەیە کە خودا نایـەوێت لە پێغەمبەرەکەی گوفتار و ڕەفتارێك دەرچێت کە لەگەڵ ئەو حەق و ڕاسـتیەی کـە پێویست و داواکراوە یەکسان نەبێت، بۆیە بە جۆرێك لە جۆرەکان بـووە بـە وەحـی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی. د. شەحروریش باوەڕی بەو جۆرە دەستوەردان و هەڵسەنگاندنانەی خوای گەورە بـۆ پێغەمبەرەکـەی هەیـە[2]، بـەڵام هـەر قسـەیەکە دەیکات بە ناچاری کاتێك لەسەر هەندێك ئایـەت ڕادەوەسـتێت، دواتـر نـاڕوا بـەرەو ئـەو دەرەنجامـەی کـە ئـەو قسـەیە دروسـتی دەکـات، کـە مەعسـومەیەت بـوونی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) لە بابەتە شەرعیەکان، دواتـریش وەحـی بـوونی ئیجتیهادەکانیەتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەو بەڵگەیە دوو نموونە دەهێنمەوە:

**نموونەی یەکەم:** دەربارەی گوفتارێکی پێغەمبەری خودایە، ئەویش ئەوەیە کـە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُـمَّ يَعُـودُونَ لِمَـا نُهُـوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ...﴾ (المجادلة: ٨)، وشـەی (نُهُـوا) کە دوو جار لەو بەشەی ئایەتەدا دووبارە بووتەوە، لە زمانی عەرەبیدا فیعلی مـازی بینا مەجهولە، واتا فاعیل و بکەرەکەی دیار نییە، بە کەمێك هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو ئایەتە پیرۆزە تێدەگەین کە پێش ئەوەی ئەو ئایەتە دابەزێت خەڵکانێك هەبوون

[1] بڕوانە: كشف الأسرار (٣/ ٣٩٩).

[2] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩٦).

ئەزیەتی مسوڵمانانیان داوە بە نەجوا، کە جولەکە و دووڕووەکان بوون، لەلایەن کەسێکەوە نەهییان لێکراوە، قەدەغە کراون، بەڵام دیارە ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر نەجواکانیان، بۆیە قورئانی پیرۆز دابەزی و ئەو حوکم و بڕیارەی ئەو کەسەی پشت ڕاست کردەوە. من لێرە دەپرسم ئەوە کێیە جگە لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەو قەدەغەکردنە ڕابگەیەنێت؟ چونکە لەڕاستیدا ئەوە قسەکردنە لە بابەتێکی شەرعی.

**نموونەی دووەم:** دەربارەی ڕەفتارێکی پێغەمبەری خودایە، ئەویش لە غەزای بەدردا کە لە ساڵی دووەمی کۆچی ڕوویدا، مسوڵمانان توانیان ژمارەیەکی زۆر لە بێباوەڕان بە دیل بگرن، دواتر پێغەمبەر ڕووی کردە هاوەڵانی لە بارەی چارەنووسی دیلەکان، پێشەوا ئەبوبەکری سددیق (و: ١٣ك) فەرمووی: با بە پارە و فیدیە ئازادیان بکەین، ئەوانە هەمووی خزم و کەسانمانن و ئومێد دەکەم کە خوای گەورە هیدایەتیان بدات، بەڵام پێشەوا عومەر (و: ٢٦هـ) فەرمووی: نەخێر با بیانکوژین باشترە، پێغەمبەری خوداش مەیلی بەلای ئەبووبەکردا شکایەوە[1]، بۆ بەیانیەکەی ئایەتی قورئان دابەزی و ئەو هەڵوێستەی پێغەمبەری بە ناڕاست دانا، هەروەکو فەرمووی: ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (الأنفال: ٦٧). لە قورئاندا چەندین بەڵگەی دیکە هەن ئاوا هەڵسەنگاندن بۆ بڕیار و حوکمەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکات.

دوای ئەو بەڵگانەی ڕابووردوو بۆمان بەدیار کەوت کە پەیوەندی پێغەمبەر لەگەڵ خوای گەورەدا زۆر فراوانترە لەوەی تەنها خۆی لە قورئاندا ببینێتەوە، دیارە

---

[1] بڕوانە: صحيح مسلم، كتاب الجهاد والسير، باب الإمداد بالملائكة في غزوة بدر (٣/ ١٣٨٣)، برقم (١٧٦٣).

ئەوەش سەردەكێشێت بۆ ئەوەی جۆرە وەحیەكی تـر هـەبێت جیـاواز لـە قورئـانی پیرۆز.

خوێنەری بەڕێز، زۆر پێویستە بزانی كە من دەزانم بەڵگەی دیكەی زۆر بەهێزتر و دیارتر هەن بۆ وەحی بوونی ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بەڵام چونكە ئەو بەڵگانە بە وشەی (رَسُول) گوزارشتیان كردووە و د. شـەحروریش ئـەم بەڵگانـە بە شێوەیەكی دی وێنا دەكات، بۆیە مـن ئـەو سـێ بەڵگەیـەم هێنـاوە كـە هیچیان لەگەڵ ئەو بناغـەی كـە دكتـۆر بـیر و بۆچـوونەكانی لەسـەر دامەزرانـدووە دژایـەتی ناكات و تێكناگیرێت، چونكە بەڵگەی یەكەم و دووەم بە وشەی (نَبِيّ) گوزارشـتیان كردووە، بەڵگەی سێیەمیش ئیجتیهاداتە، كـە هەرسـێكیان لای دكتـۆر ئەوانـەن كـە دەیانباتە خانەی ئەو شتانەی كە لە خودی پێغەمبەرەوە دەردەچن وەكو مرۆڤێـك، كە ناوی ناون بە (السنة النبوية). سەبارەت بەو بەڵگانەشی كە هێناویـەتی بەڵگـەی زۆر لاوازن، چـونكە هـیچ كاتێـك نووسـینەوەی شـتێك نابێتـە بەڵگـەبوونی یـان بەڵگەنـەبوونی[1]، بـەڵكو تـەنها زێـدە گرنگـی پێـدان دەردەخـات، ئێمـەش وەكـو مسوڵمان گرنگترین شت لای ئێمە قورئانەكەمانە، ئەو ئەسڵی هەموو سەرچاوەكانی تـرە، داڕێـژەری چـەندین بنـەما و پێـوەرە، هـەر لـەوەوە فێـری ئـەوە دەبـین كـە پێغەمبەرەكەمان و ڕێبازەكەی لە ئاستێكی بەرزتر لە خەڵك و ڕێبازەكانیان دابنێین، بۆیە پێشەوا شافیعی لە جارێك زیاتر دەفەرموێت: "فَمَنْ قَبِلَ عن رسولِ الله فَبِفَرْضِ اللهِ قَبِلَ"[2]، واتە: (هەركەسێك شتێك لە پێغەمبەرەوە وەربگرێت ئەوە بە فـەرمانی خـوای گـەورە لێـی وەرگرتـووە)، لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوەڵـە بـەڕێزەكان نزیـك لـە ئەنـدازەی قورئـان گرنگیـان داوە بـە ڕێبـازی پێغەمبـەر لـە ڕووی تیگەیشـتن و لەبەركردن، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا لە چەندین فـەرموودەدا جـەخت لەسـەر

---

[1] بڕوانە: حجية السنة (٣٩٩).

[2] بڕوانە: الرسالة (٢١).

لەبەرکردن و تێگەیشتن و گێڕانەوەی فەرموودەکانی کردووە، هەروەکو فەرموویەتی: "حَدِّثُوا عَنِّي"[1]، هەروەها دەفەرموێت: "نَضَّرَ اللَّهُ امْرَءًا سَمِعَ مَقَالَتِي فَوَعَاهَا ثُمَّ أَدَّاهَا إِلَى مَنْ لَمْ يَسْمَعْهَا فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لَا فِقْهَ لَهُ وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ"[2]، هەروەها دەفەرموێ: "لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ، فَإِنَّهُ رُبَّ مُبَلِّغٍ يُبَلِّغُهُ مَنْ هُوَ أَوْعَى لَهُ مِنْهُ"[3]، بۆیە تەماشا دەکەین چەندین لە هاوەڵە بەڕێزەکان بە سەدان و هەزاران فەرموودەیان لەبەر کردووە و ڕوایەتیان کردووە.

سەبارەت بە ئایەتەکەش هیچ بەڵگاتیەکی تێدا نییە بە وەحی نەبوونی ڕێبازی پێغەمبەر، چونکە گوتمان: نووسینەوە هیچ دەورێکی نییە بۆ بەڵگەبوون، یان بەڵگەنەبوون، دواتریش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێش دابەزینی ئەو ئایەتە ئەوەی پێویست بێ ڕوونی کردووەتەوە، هەمووی سێ مانگێك دوای دابەزینی ئەو ئایەتە ژیاوە[4].

## بەڵگەی سێیەم: گرنگترین سیفەتی (السنة) (التسنّه)ە، واتا گۆڕان و بەسەرچوون:

گرنگترین سیفەتی (السُّنة) بریتیە لە (التَسنُّه) واتە گۆڕان و تێکچوون، بۆیە چۆن خواردن بە ڕۆیشتنی کات بە سەریدا تێکدەچێت و کەڵکی خواردنی نامێنێت، بە هەمان شێوەش ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گۆڕانی بارودۆخ بەسەر دەچێت و ناشێت بۆ سەردەمەکانی دوای ئەو، هەر بۆیەش قورئانی پیرۆز کە باسی سوننەتی مرۆڤەکان دەکات بە شێوەی کۆ (جمع) باسیان دەکات، بەهیچ شێوەیەك سیفەتی سەبات و نەگۆڕی پێوە نالکێنێت،

---

[1] مسند الإمام أحمد، مسند أبي سعيد الخدري (١٧/ ٤٤٣)، برقم (١١٣٤٤)، قال محققه: إسناده صحيح.

[2] مسند الإمام أحمد، مسند المدنيين (٢٧/ ٣٠١)، برقم (١٦٧٣٨)، قال محققه: إسناده صحيح لغيره.

[3] مسند الإمام أحمد، مسند البصريين، برقم (٢٠٤٠٧)، قال محققه: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

[4] بڕوانە: التحرير والتنوير (٦/ ١٠٦).

بەڵام کە باس دێتە سەر سوننەتی خودا بە تاك (مفرد) دەیهێنێت و سیفەتی سەبات و نەگۆڕی پێوە دەلکێنێت، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الأحزاب: ٦٢)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر قۆناغبەندی ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هەتاهەتایی سوننەتی خودا[1].

## هەڵسەنگاندنی بەڵگەکە:

دانانی سیفەتی (التسنّە) وەکو گرنگترین سیفەت بۆ (سنة) قسەیەکی بێ بەڵگە و بێ بنەمایە و جیگای قەبوڵکردن نییە، چونکە یاسای توێژینەوە بەو شێوەیەیە: "إن كنتَ مُدَّعيا فالدليل أو ناقلًا فالصِحّة"، واتە ئەگەر لە خۆتەوە بانگەشە بۆ شتێك دەکەی دەبێت بە بەڵگەوە بێت، ئەگەر نەقلیشی دەکەی لە کەسێکی دیکە دەبێت بە دروستیەوە نەقڵی بکەی. لە ڕووی زمانیەوانیشەوە دروستکردنی ئەم پەیوەندیە لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا جێگای قەبوڵ نییە، چونکە وشەی (السنة) لە فیعلی (سَنَّ) وەرگیراوە، بەڵام وشەی (التسنّە) لە فیعلی (سَنِهَ) وەرگیراوە[2]، کەواتە لە پیتی سێیەمدا کە لە زانستی صەرفدا پێی دەگوترێت (لام الفعل) جیاوازن. تەنانەت زانای گەورەی زمانەوانی ئیبن فاریس (و: ٣٩٥ك) کە زۆر جێگای متمانەی د. شەحرورە، جیاوازی کردووە لە نێوان هەردوو وشەکەدا، چونکە وشەی یەکەمی (السنّة) گەڕاندووەتەوە ژێر بنچینەی (السين والنون)، وشەی دووەمیشی (التسنّە) گەڕاندووەتەوە ژێر بنچینەی (السین والنون والهاء). بەڵکو لە ڕووی ماناشدا جیاوازی لە نێوانیاندا کردووە، لە واتای وشەی یەکەمدا وتوویەتی: "وهو جريان الشيء واطراده في سهولة"، واتە: (ڕۆیشتنی شتێك بە ئاسانی و بێ گرێ)، لە واتای وشەی دووەمدا وتوویەتی: "يدل على زمان"، واتە: (مانای کات

---

[1] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩٣، ٩٤، ٩٦).

[2] بڕوانە: المعجم الوسيط (٤٥٥، ٤٥٦).

دەبەخشێت)[1]. لێرەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەو قسەیەی کە دکتۆر دەیکات کە گوایە سیفەتی (التسنّە) گرنگترین سیفەتی (السنّة)یە، بانگەشەیەکی بەتاڵی بێ بنەما و بێ بەڵگەیە، چونکە وشەی (التسنّە) لە بنچینە و واتادا جیاوازە لە وشەی (السُنّة).

شایەنی باسە ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە کە گرنگترین سیفەتی (السُنّة) دیاری بکەین، لەسەر بنەمای وشە نزیکەکانی، گرنگترین سیفەتی (السُنّة) ئەوەیە کە دەستگرتن بە ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئارەزووی دینداری لای مسوڵمان زیاد دەکات و دڵی پڕ دەکات لە شەوق بۆ ڕووکردنە زیاتری ئایینی پیرۆزی ئیسلام، چونکە لە ماناکانی وشەی (سَنَّ) ـ کە بنچینەی وشەی (سُنّة)یە ـ لە زمانی عەرەبیدا هاتووە: "هذا مما يَسُنُّكَ على الطعام" واتە: (ئەو شتە ئارەزووی خواردنت دەکاتەوە)، هەروەها لە مانا گرنگەکانی ئەوەیە کە ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناڕوونیەکانی قورئانی پیرۆز ڕوون دەکاتەوە و گرێیەکانی دەکاتەوە، چونکە یەکێکی تر لە ماناکانی وشەی (سَنَّ) ئەوەیە کە دەگوترێت: "فُلانٌ سَنَّ العُقدةَ"، واتە: (فلانە کەس گرێیەکەی کردەوە)[2].

سەبارەت بە بەشی دووەمی بەڵگەکەی، کە تایبەتە بە گوزارشتی قورئانی پیرۆز دەربارەی وشەی (السُنّة)، د. شەحرور زانیارییەکی زۆر هەڵە دەداتە خوێنەرانی، چونکە ئەو دەڵێت: سوننەتی مرۆڤەکان لە قورئانی پیرۆزدا بە کۆ (جمع) هاتووە، سونەتی خوداش بە تاك (مفرد) هاتووە، ئەو قسەیەی دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە قورئانی پیرۆز دوو جار کۆی وشەی (السُنّة)ی کە (السُّنن)ە بەکارهێناوە، جارێکیان خوای گەورە بۆ خۆی بە کاری هێناوە، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ (آل عمران: ٦٢)، واتە:

---

[1] بڕوانە: معجم مقاييس اللغة (٤٥٣، ٤٧١).

[2] بڕوانە: المعجم الوسيط (٤٥٥).

(تێپەڕی لە پێش ئێوە چەند یاسایەك بۆیە بگەڕێن لە زەویدا و سەرنج بدەنە دواڕۆژی بیبڕواکان)، لەو ئایەتە پیرۆزەدا ئەگەر بە ڕاشکاوانە خوای گەورە نەیفەرمووە (سنن الله)، بەڵام کۆتایی ئایەتەکە ئەوە دیار دەکات کە مەبەست لە (السنن)دا سوننەی خودایە[1]. جاری دووەم خوای گەورە بۆ سوننەتی پێغەمبەران و مرۆڤە ساڵح و ئیماندارەکان بەکاریهێناوە، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾ (النساء: ٢٦)، واتە: (خودا دەیەوێت شەرع و ئایینی خۆی بۆتان ڕوون بکاتەوە و ڕێنمویتان بکات بۆ ڕێگا و کارە باشەکانی پێش ئێوە لە پێغەمبەران و پیاوچاکان).

ئینجا ئەوەی د. شەحرور دەیکات، شێواندنی ڕاستیەکانە، چونکە وشەی (السُنّة) یان (السُنن) لە قورئانی پیرۆزدا، مەبەست لێی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە خوای گەورە دایناوە بۆ پەیوەندی ئەو لەگەڵ هەموو بەندەکانی، کە ئەوەش دوورە لە واتای (السُنّة) کە بۆ ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەکاردێت، کە بریتیە لە گوفتار و ڕەفتار و تەقریراتی، کە ئەوانەش سەرچاوەیەکی پتەوی شەریعەتی ئیسلامن، بۆیە ڕاوەستان لەسەر ئەو بەشەی کە سوننەتی مرۆڤەکان لە قورئاندا سیفەتی نەگۆڕ و سەباتی پێوە نەلکاوە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی قۆناغبەندی ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕاوەستانێکی بێ سوود و بێ ئاکامە و بەهەڵەبردنی خوێنەرە.

لە کۆتایی ئەو هەڵسەنگاندنەمدا دەمەوێ هەڵوەستەیەك بکەم لەسەر ئایەتی ژمارە (٢٦)ی سورەتی (النساء) کە پێش کەمێك باسم کرد، چونکە لەو ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾ واتا: (خودا ڕێنمویتان دەکات بۆ ڕێگا و کارە باشەکانی پێش ئێوە)، کە ئەوەش بەڵگەیەکی زۆر گەورە و ڕوونە بەوەی کە قورئانی پیرۆز بە هیچ شێوەیەك نکۆڵی لە دەستگرتن

---

١ بڕوانە: تفسير الطبري (٧/ ٢٢٨، ٢٢٩)، التحرير والتنوير (٤/ ٩٧).

و شـوێنکەوتنی سـوننەتی پێغەمبـەران و مرۆڤـە ئیمانـدار و سـاڵحەکانی پێشـووتر ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر گەورە باسیان دەکات کە جێگای ڕێز و ڕەزامەندی خوای گەورەیە، کە دیارە مەبەستیش لێی بەدواکەوتن و کارپێکردنیەتی، بۆیە لـەو بەشەی ئەو ئایەتە پیرۆزە بۆمان بەدیار دەکـەوێت ئـەو بەڵگەیـەی د. شـەحرور زۆر بـێ بنـەما و بەتاڵـە، چـونکە ئـەو بەشـەیەی ئایەتەکـە تێیگەیانـدین کـە جـۆرە سـوننەتانێك هـەن بـە هـیچ شـێوەیەك سـیفەتی (التسـنّە) گـۆڕان و بەسەرچـوون نایانگرێتەوە. جێگای سەرسوڕمانە کە د. شەحرور ئەم ئایەتەی هێناوە لە نێو ئـەو ئایەتانەی داناون کە کردوینی بە بەڵگە لەسـەر ئـەوەی کـە قورئـانی پـیرۆز بڕیـاری گۆڕان و بەسەرچوونی داوە بۆ سوننەتی مرۆڤەکان[١].

**بەڵگەی چوارەم: ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەموو ئیجتهاداتی خۆیەتی:**

ڕێبـازی پێغەمبـەر (السُـنّة النبويـة) بریتیـە لـەو بـیر و بۆچـوونانەی کـە لـە پێغەمبـەرەوە دەرچـووە لـە دەرەنجـامی ئـەو ئیجتیهادانـەی کـە کردوویـەتی لـە سەردەمی خۆی، بۆ ڕێکخستنی کاروباری وڵات و مسوڵمانان، کە تێیدا ڕەچاوی داب و نەریت و ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی کۆمەڵگاکەی کردووە[٢].

**هەڵسەنگاندنی بەڵگەکە:**

ئەو بەڵگەیەی ئێستای د. شـەحرور دەرەنجـامی بەڵگەیـەکی پێشـووتریەتی کـە گـوتی: ڕێبـازی پێغەمبـەر (السُـنّة النبويـة) وەحـی و سـروش نییـە. داننـان بـە ئیجتیهادکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کارێکی نابەجێ و نادروست نییە، چونکە زۆربەی زانایانی ئوسولی فیقهـ ڕایان لەسەر ئەوەیە کـە پێغەمبـەر ئیجتیهـاد

---

[١] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩٣).

[٢] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩٦، ٩٨، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٦، ١١١، ١١٢، ١٤٢، ١٤٥، ١٧٧).

دەکات، بەڵام پێیانوایە ئەگەر لە ئیجتیهادەکەی نەیپێکا، ئەوا خوای گەورە ئاگاداری دەکاتەوە و ڕێگا ڕاستەکەی پێ نیشان دەدات، هەروەکو پێشووتریش ئەوەمان باس کردووە. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو بەڵگەیەی د. شەحرور بڕیاردانیەتی لەسەر تێکڕای ڕێبازی پێغەمبەر (السُنّة النبوية) بەو شێوە ڕەها و موتڵەقە کە ئیجتیهاداتی شەخسییە، چونکە بە هەڵوەستەکردن لەسەر چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆمان دەردەکەوێت کە چەندین یاسا و حوکم هەن کە لە پێغەمبەرەوە دەرچوون بەدەرن لە ئیجتیهاد، بۆ نموونە: پێغەمبەر دەفەرموێت: "إِنَّ الرُّوحَ الْأَمِينَ قَدْ نَفَثَ فِي رَوْعِيَ أَنَّهُ لَنْ تَمُوتَ نَفْسٌ حَتَّى تَسْتَوْفِيَ رِزْقَهَا"[1]، هەروەها دەفەرموێت: "أَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ بِالْجَمَاعَةِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَالْهِجْرَةِ وَالْجِهَادِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ"[2]، دەشفەرمووێت: "مَا زَالَ جِبْرِيلُ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يُوصِينِي بِالْجَارِ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ"[3]، هەروەها لەو فەرموودە درێژەی کە جیبریل (دروودی خوای لەسەر)هات دەربارەی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد، دواتر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ"[4].

ئەو فەرموودانە بەڵگەی زۆر ڕوونن کە بەشێك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە زات و خودی پێغەمبەر هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو لە دەرەوەی ئەوەوە پێی ڕاگەیاندراوە و سروش و وەحیە، جیاواز لە سروش و وەحی قورئان. ئەگەر - وەکو گریمانە - ڕێبازی پێغەمبەر (السنّة النبوية) هەمووشی ئیجتیهادی شەخسی پێغەمبەر بن، هیچ کێشەیەك دروست ناکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی زامنی

---

[1] شعب الإيمان، باب الحادي والعشرين في الصلوات، فصل الأذان والإقامة (٧/ ٢٩٩)، برقم (٩٨٩١).

٢ مسند الإمام أحمد، مسند الشاميين (٢٨/ ٤٠٦)، برقم (١٧١٧٠)، قال محققه: حديث صحيح.

٣ مسند الإمام أحمد، مسند المكثرين من الصحابة (٩/ ٤١٠)، برقم (٥٥٧٧)، قال محققه: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

٤ صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب معرفة الإيمان (١/ ٣٦)، برقم (١).

بەهەڵەدانەچوونی پێغەمبەرمان خستە بەرچاو، چونکە دوای بەدواداچوون (استقراء) بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە باس لە سەرگوزشتەی پێغەمبەر دەکات، ئەو زانایانەی کە پێیانوایە پێغەمبەر ئیجتیهاد دەکات، گەیشتوونە بەو دەرەنجامەی کە پێغەمبەر لە کاتی بەهەڵەداچوونی لە ئیجتیهادەکانی خۆی لێ بێ دەنگ ناکرێت.

شایەنی باسە باوەڕبوون بە هەبوونی ئەو زەمانە لە ئیجتیهادەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێدەچێت لەو وتەیەی پێشەوا ئەبوبەکری سددیقیشەوە سەرچاوەی گرتبێت، کاتێك کە بوو بە خەلیفەی مسوڵمانان، هەر لە وتاری یەکەمدا فەرمووی: "إِنَّ رَسُولَ اللهِ كانَ يعصَمُ بِالوَحْيِ وَكانَ مَعَهُ مَلَكٌ"[1]، واتە: (بێگومان پێغەمبەری خودا وەحی و سروش دەیپاراست لەوەی کە هەڵە بکات و فریشتەی لەگەڵدا بوو). جگە لەو زەمانەی ڕابوردوو کە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ بوو، خوای گەورە زەمانێکی دیکەی پێداوین زۆر بەڕاست و ڕوونتر، ئەویش ئەوەیە کاتێك فەرمووی: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ (التوبة: ١١٥)، واتا: (خودا هیچ قەومێك گومڕا ناکات پاش ئەوەی ڕێنمویی کردن بۆ ڕێگای ڕاست تاکو ئەوەی دەبێت خۆیانی لێ بپارێزن بۆیان ڕوون نەکاتەوە)[2]، کەواتە کاتێك فەرمانی دا بەوەی کە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بکەین و بیکەین بە سەرمەشقی دینداریمان، ڕێگەشی دا بەوەی کە پێغەمبەرەکەی ئەوامیر و نەواهییەکی هەڵقوڵاوی خودی خۆی دەرببڕێت، ناکرێت شتانێك لەو نێوەندەدا دەربچێت کە پێچەوانەی شەرعی خودا بێت و خوداش خۆی لێ بێ دەنگ بکات.

ئەوانەی ڕابوردوو گرنگترین بەڵگەکانی د. شەحرور بوون بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی قۆناغبەندی ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). پێموایە لە کاتی هەڵسەنگاندنمان بۆ بەڵگەکان ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە بەڵگەکان زۆر لاواز و بێ

---

[1] جامع معمر بن راشد، باب لا طاعة في معصية (١١/ ٣٣٦)، برقم (٢٠٧٠١).

[2] بڕوانە: دستور الأخلاق في القرآن (٤٠، ٤١).

هێزن، جێگای متمانه و قەبوڵکردن نینه، بۆیه جگه لەوەی کە لە ڕابوردوودا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەمان سەلماند کە ڕێبازی پێغەمبەر هەتاهەتاییە، دەمەوێ لێرە چەند خاڵێکی تر بخەمە ڕوو:

خاڵی یەکەم: قورئانی پیرۆز لە وەسفی پێغەمبەردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧)، ئەو ئایەتە پیرۆزە لەگەڵ کورت و پوختی سێ جۆر مەدح و گەورایەتی لە خۆدا گرتووە، یەکەمیان بۆ خودای باڵا دەستە، دووەمیان بۆ پەیامەکەیە کە قورئانی پیرۆزە و سێیەمیان بۆ خودی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر)[1]. هەر کاتێك هاتین ڕێبازی پێغەمبەرمان کورتکردەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا، تەماشای پێغەمبەریشمان کرد وەکو وەلی ئەمرێك، هەروەکو د. شەحرور دەیکات، ئەوا بەپێچەوانەی بڕیاری ئایەتەکە بڕیارمان داوە و کارمان کردووە، چونکە ئایەتەکە ئەو مەدح و گەورایەتیەی پێغەمبەری گشتگیر کردووە بۆ هەموو خەڵك، فەرموویەتی: (لِلْعَالَمِينَ). دیارە کاتێکیش خودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕەحمەتێکی گشتگیر بوو، دەبێ ڕێبازەکەشی کە بەشێکی دانەبڕاوی خودی پێغەمبەرە، ڕەنگدانەوەی ڕەحمەتەکەیەتی، دەبێت ئەویش گشتگیر بێت و بۆ هەموو خەڵك و سەردەمێك بێت.

**خاڵی دووەم:** کاتێك چاوێك بە نێو فەرموودەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) دەخشێنین، بۆمان بە دیار دەکەوێت کە پێغەمبەری خودا بە شێوازێك گوزارشت لە فەرمایشتەکانی دەکات کە خەڵکی هەموو سەردەمێك دەگرێتەوە، بۆ نموونە: کاتێك باسی تایبەتمەندی خۆی دەکات بەوەی پێغەمبەری هەموو خەڵکە، بە بەراورد لەگەڵ پێغەمبەرانی تر، بەچەندین شێواز گوزارشتی کردووە لەوانە: "بُعِثْتُ إلى كُلِّ أَحْمَرَ وأَسْوَدَ"، "إِلى النّاسِ كافَّةً"، "إِلى النّاسِ عامَّةً"، هەروەها هەندێکجار کە فەرمایشتەکەی فەرمووە هاوەڵە بەڕێزەکان لێیان پرسیوە، ئایە

---

[1] بڕوانە: التحرير والتنوير (١٧/ ١٦٥).

ئەوە بۆ ئێمەیە بەتایبەتی؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە وەڵامدا بە چەندین شێوازی جیاواز فەرموویەتی: نەخێر بەڵکو بۆ هەموو خەڵکە، واتە فەرموویەتی: "لا بَلْ للأَبَد"، "بَلْ لِلأبَدِ إلى يَوْمِ القِيامَةِ"، "بَلْ لِلنّاسِ كافَّةً"، "لِلْمُسْلِمِينَ كافَّةً"، "لِلْمُؤْمِنِينَ كافَّةً"، "كُلّ المُسْلِمِينَ". بۆ دڵنیایی زیاتر لەو لایەنە سەرنجی چەند فەرموودەیەکمدا، دیتم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بەشێك لە فەرمایشتەکانی گشتگیری ناکات بۆ هەموو مسوڵمانان، بەڵکو تایبەتی دەکات بە هەندێك کەس، بۆ نموونە: فەرموویەتی: "بَلْ لَكُمْ خاصَّةً"، "بَلْ لِعُثْمانَ خاصَّةً". جاری وا هەیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گوزارشت لە بابەتەکان دەکات بە وشەی: (مَنْ) و (عَبْدٌ مُسْلِمٌ) و (أيما مُسْلِمٍ)، کە هەمووی دووپاتکردنی گشتگیری فەرموودەکانیەتی بۆ تێکڕای خەڵك، ئەوەی لە سەردەمی ئەو دابووە و ئەوەی لە سەردەمانی تر هاتووە و دێت تا ڕۆژی دوایی.

جگە لەو شێوازانەی ڕابوردوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە چەند فەرموودەیەکدا زۆر بە ڕاشکاوانە دەفەرموێت لە دوای ئەودا خەڵکێکی دەستڕۆیشتوو پەیدا دەبن کە دەست ناگرن بە ڕێبازەکەی، هەروەکو فەرموویەتی: "سَيَلِي أُمُورَكُمْ بَعْدِي، رِجَالٌ يُطْفِئُونَ السُّنَّةَ، وَيَعْمَلُونَ بِالْبِدْعَةِ، وَيُؤَخِّرُونَ الصَّلَاةَ عَنْ مَوَاقِيتِهَا"[1]، هەروەها فەرموویەتی: "يَكُونُ بَعْدِي أَئِمَّةٌ لَا يَهْتَدُونَ بِهُدَايَ، وَلَا يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِي، وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِي جُثْمَانِ إِنْسٍ"[2].

**خاڵی سێیەم:** ئەو پۆلێنکردنەی د. شەحرور دەیکات بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بە هیچ شێوەیەك هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ئەو جۆرە پۆلێنەیان نەکردووە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو بابەتە شەرعی و ئایینیانەی کە لە پێغەمبەرەوە فێری بوون، وشەی (سنة نبيّ الله) و (سنة نبينا) و (سنة نبيكم)

---

(١) سنن ابن ماجه، كتاب الجهاد، باب لا طاعة في معصية الله (٢/ ٩٥٦)، برقم (٢٨٦٥).

(٢) صحيح مسلم،كتاب الأمارة، باب الأمر بلزوم الجماعة عند ظهور الفتن (٢/ ١٤٧٦)، برقم (١٨٤٧).

و (سنة رسول الله) و (سنة أبي القاسم)یان بەکارهێناوە، بەبێ جیاکاریکردن لەنێوان شتانێك کە سادە و جوزئین، یاخود شەعیرە و کوللییاتن، بەڵکو توێژەری ڕاستەقینە کاتێك گوزەر دەکات بە نێو فەرموودەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە خودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وشەی (سنة رسول الله) و (سنة نبیکم) بۆ فەرمایشتەکانی خۆی بەکارهێناوە، هەروەکو فەرموویەتی: "إِذَا وَضَعْتُمْ مَوْتَاكُمْ فِي الْقَبْرِ فَقُولُوا: بِسْمِ اللَّهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ"[1]، هەروەها فەرموویەتی: "اعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَأَطِيعُوا مَنْ وَلَّاهُ اللَّهُ أَمْرَكُمْ، وَلَا تُنَازِعُوا الْأَمْرَ أَهْلَهُ وَلَوْ كَانَ عَبْدًا أَسْوَدَ، وَعَلَيْكُمْ بِمَا تَعْرِفُونَ مِنْ سُنَّةِ نَبِيِّكُمْ وَالْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، وَعَضُّوا عَلَى نَوَاجِذِكُمْ بِالْحَقِّ"[2].

هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینە لایەنی پراکتیکی هاوەڵە بەڕێزەکان، دەبینین دوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەر دەستگر بوون بە فەرموودەکانی، داکۆکیکەر بوون لە ڕێبازەکەی، بۆ سەلماندنی ئەو لایەنە یەك نموونە دەهێنمەوە: جارێکیان پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب ناردی بە شوێن ئەبو موسای ئەشعەری (و: ٤٤ك) ئەویش هات سێ جار داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی کرد، بەڵام کەس مۆڵەتی نەدا، ئەویش گەڕایەوە، دوایی پێشەوا عومەر چاوی پێکەوت و پێی فەرموو: بۆچی نەهاتی؟ لە وەڵامدا فەرمووی: سێ جار داوای مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەم کرد کەس مۆڵەتی نەدام، گوێشم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: "مۆڵەت وەرگرتن سێ جارە، ئەگەر مۆڵەتیان دای بڕۆ ژوورەوە، ئەگەرنا بگەڕێوە"، پێشەوا عومەر بە توندی گوتی: دەبێت شاهیدێکم بۆ بێنی کەوا ئەو فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە بیستبێت، ئەویش دوای پرسیار کردن ئەبو سەعیدی خودری (و: ٧٤ك) هێنا و

[1] مسند الإمام أحمد، مسند المكثرين من الصحابة (٩/ ١٨٨، ١٨٩)، برقم (٥٢٣٣)، قال محققه: رجاله ثقات رجال الشيخين.

[2] الحاكم في المستدرك، كتاب العلم (١/ ١٧٥)، برقم (٣٣٠)، وقال: إِسْنَاده صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِهِمَا جَمِيعًا، ووافقه الذهبي.

شاهیدی دا کە ئەویش گوێی لە پێغەمبەر بووە[1]. دیارە پێشەوا عومەر دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوو بە گەورەی مسوڵمانان و بە گوێرەی ئەو تێگەیشتنەی د. شەحرور بۆ ڕێبازی پێغەمبەر وێنای دەکات، دەبوایە پێشەوا عومەر بەدواداچوونی بۆ ئەو فەرموودەیە نەکردبایە، بەڵکو هەر لە لای خۆیەوە پەسەندی بکردبایە، یان بە شێوەیەکی دی بڕیارێکی لەو لایەنە دەربکردایە، چونکە بابەتەکە لە ئەتەکێتی هەڵسوکەوت و هاموشۆکردنە، بەڵام پێشەوا عومەر جگە لە بەدواداچوون و ساغکردنەوەی بابەتەکە، بە شێوەیەکی توند و هەڕەشەئامێز لۆمەیەکی زۆری خۆی کرد بەوەی کەوا لەبەر سەرقاڵبوون بە بازاڕ و بازرگانی ئاگاداری ئەو فەرموودەی پێغەمبەر نەبووە.

دواتر تابعییە بەڕێزەکانیش، وەکو: سەعیدی کوڕی موسەییەب (و: ٩٤ك)، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (و: ١٠١ك)، حەسەنی بەسری (و: ١١٠ك)...هتد، بە هەمان شێوەی هاوەڵەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گوزارشتیان کرد لە ڕێبازی پێغەمبەر بە وشەی (سنة نبينا) و (سنة نبيّ الله) و (سنة رسول الله) و بە شێوەی پراکتیکیش سەلماندیان کە ڕێبازی پێغەمبەر بۆ هەتاهەتاییە. لە دوای ئەوانیشەوە کۆمەڵێك زانای زۆر گەورە و شەرعزان پەیدابوون لە جیهانی ئیسلامی، نموونەی: پێشەوا ئەوزاعی (و: ١٥٧ك)، سوفیانی سەوری (و: ١٦٢ك)، لەیسی کوڕی سەعد (و: ١٧٠ك)، مالیکی کوڕی ئەنەس (و: ١٧٩ك)...هتد، ئەوانە خزمەتێکی زۆری فەرموودەیان کرد پێش ئەوەی پێشەوا شافیعی لەدایك ببێت، کە بەداخەوە د. شەحرور بابەتی گرنگیدان بە فەرموودە و دانانی بە یەکێك لە سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام وەکو تۆمەتێك پاڵ دەداتە لای ئەو زانایە[2]، ئەو دەکاتە خاوەنی

[1] مسند الإمام أحمد، مسند الكوفيين (٣٢/ ٣٥١، ٣٥٢)، برقم (١٩٥٨١)، قال محققه: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

[2] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٨٦، ٨٧، ٩٨، ١٠٦).

خـــاوەنی بیرۆکەکـــە و داڕێـــژەری پلانەکـــە، کـــە ئـــەوەش جێگـــای ســـەرنج و هەڵوەستەکردنە.

ئەو سێ خاڵـەی کـە باسمـانکرد، ئـەوەمان بـۆ دەسـەلمێنێت کـە ڕێبـازی پێغەمبـەر (السنّة النبوية) هەتاهەتاییە و هەرکەسێکیش بێـت بڕیـاری قۆناغبەنـدی بـۆ ڕێبازەکـەی بدات، ئەوا دژی ئەو ئاڕاستەیەیە کە قورئان و خودی پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەیانەوێت ئاڕاسـتە بکـەن بڕیـاری داوە و بـە پێچـەوانەی ئـەو بەرنامەیـەی کـە هاوەڵـە بەڕێزەکان و تابعییەکان و زانا گەورەکان ئیسلام لەسەری بوون هەنگاوی ناوە.

لە کۆتایی ئـەو تـەوەرەدا دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم: کـە قسـەکردن لەسـەر ئـەوەی کـە بەشـێك لـە ڕەفتـار و گوفتـاری پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـە شـەرعێکی هەتاهەتایی دانانرێت، بابەتێکی نـامۆ و تـازە نییـە، بـەڵکو زانایـان سـەدان سـاڵ پـێش ئیستا و تا دەگاتە ئەو سەردەمەش باسی ئەو جۆرەیان کردووە، لەو زانا کۆنانـەی ئـەو بابەتەیان باس کردووە، زانای ناوداری مالیکی، پێشەوا قـەرافی (و: ٦٨٤ك)، کـە زۆر بـە ڕاشـکاوانە جیـاوازیی دەکـات لـەنێوان کارێـك کـە پێغەمبـەر وەکـو موبـەلیغێك، یـان ڕوونکەرەوەیەك بۆ دەقێکی قورئانی پیرۆز وەکو ڕوونکردنەوەی ناڕوونییـەك (المجمـل)، تایبــەتکردنی (التخصــيص) عامێــك، تەقییــدکردنی موتڵــەقێك، یــاخود باســکردنی پەرستشـێکە، یـان حـەڵاڵ و حەرامێکـە، یـان بابـەتێکی عەقیـدە و ڕەوشـتێکی بـەرزە، ئەوانە و هاوشێوەی ئەوانە، شەرع و ئایینن، هەتاهەتاین بـۆ هـەموو خەڵکێکـە تـا ڕۆژی دوایی و لە نێوان کارێك کە وەکو دادوەرێك ئەنجامی داوە، یاخود وەکو سـەرۆکی وڵات، ئەوانە تایبەتن بە سەردەمی خۆی قۆناغبەندین، هەر دادوەرێك و هەر سـەرۆکێك بـەپێی بەڵگە و وەسیقەکان و گەواهیدەر و ڕووداوەکان و بەرژەوەندیی ڕۆژگار و شـوێنی خـۆی بڕیار دەردەکات[1].لەو زانایانەش کە لـەو سـەردەمەدا بـە ڕوونـی باسـی ئـەو بابەتـەیان کردووە شێخ محەمەد سەعید ڕەمەزان ئەلبوتی (و: ٢٠١٣ز) بووە[2].

---

[1] بڕوانە: الإحكام في تمييز الفتاوي عن الأحكام (٩٩ـ ١٠٩).

[2] بڕوانە: قضايا ساخنة (٣٤، ٣٥).

## هەڵوەستەکردن لەسەر چەند هەڵوێستێکی د. شەحرور

لە کاتی خوێندنەوەم بۆ ئەم بابەتە، چەند لایەنێکی نادیارم بۆ بەدیار کەوت کە وەك وێستگەیەك وایە پێویست بە هەڵوەستەکردن و ڕاوەستانە لە سەری:

**یەکەم: بەهەڵەبردنی خوێنەر (المغالطة):**

د. شەحرور لە چەندین شوێندا خوێنەر بەهەڵەدا دەبات، ئەویش بە پێدانی کۆمەڵێك زانیاری نادروست، کە جێی داخە هەندێك لەو هەڵانە تێکگیرانە لەگەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، یەکێك لەو شوێنانە ئەوەیە کە دەڵێت: "مووسا (دروودی خوای لەسەر) تاکە ڕەسولی بەنی ئیسرائیل بوو"[1]، ئەو زانیاریە زۆر هەڵەیە و تێکدەگیرێ لەگەڵ قسەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِنْ بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ...﴾ (البقرة: ٨٧)، واتا: (بەڕاستی ئێمە پەڕتووکەکەمان (تەورات) دا بە مووسا، لە دوای ئەویشدا چەندین رەسولمان هەنارد و دامانە عیسای کوڕی مەریم چەندین موعجیزات..)، چونکە ئایەتەکە زۆر ڕوونە کە خوای گەورە چەندین ڕەسولی لە دوای پێغەمبەر مووسا (دروودی خوای لەسەر) و پێش پێغەمبەر عیسا (دروودی خوای لەسەر) ناردووە بۆ بەنی ئیسرائیل. لە لایەکی تریشەوە پێغەمبەر عیسا خوای گەورە بۆ بەنی ئیسرائیلی ڕەوانە کردووە بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە لە دەربارەی ئەودا دەفەرموێت: ﴿وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ...﴾ (آل عمران: ٤٩)، بۆیە نازانم ئایا د. شەحرور نیازی وایە جگە لە پێغەمبەر عیسا لە بەنی ئیسرائیل تەنها پێغەمبەر مووسا رەسولە، یان زۆر بەبێ ئاگایانە لە پێغەمبەر عیسا قسەکەی کردووە؟ بەهەر لایەك بێت هەر بەهەڵەبردنی خوێنەرە. ئەوە باسی پێغەمبەر هارون (دروودی خوای لەسەر) برای پێغەمبەر مووساش هەر ناکەم، چونکە ئیحتیمالێك

---

[1] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٠٣).

هەیە کە نەبیی بێت، هەرچەندە خوای گەورەش دەربارەی هـەردووکیان (مووسـا و هارون) دەفەرموویێت: ﴿فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (الشعراء: ١٦).

بەهەڵەبردنێکی دیکەی د. شـەحرور ئەوەیـە کـە وا لـە خوێنـەر دەگەیـەنێت کـە پێشەوا شافیعیە دروستکەری بیرۆکـەی بـەوەحیکردنی فـەرموودەی پێغەمبـەرە[1]، لەکاتێکدا پـێش پێشـەوا شـافیعی چـەندین کەسـی دیکـە لـە هـاوەڵان و تـابیعین و زانایـان قسـەی وایـان کـردووە، بـۆ نموونـە عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعود (و: ٣٢ك) ڕۆژێکیان ناوی هەندێك خەسـڵەتی هێنـا، فـەرمووی: خـودا لەعنـەتی لـێ کـردوون. ئافرەتێکیش، پێان دەگوت دایکی یەعقوب، هاتە لای پێی گوت: زانیومە قسەیەکی وات کـردووە، ئـیبن مەسـعودیش فـەرمووی: چـۆن لەعنـەت لـە کەسـێك ناکـەم کـە پێغەمبەر لە قورئاندا لەعنەتی لێکردوون؟ ئافرەتەکەش وتی: من چەند جار قورئانم هەمووی خوێندووەتەوە، کـوا لـە کوێـدا بـاس کـراوە؟ فـەرمووی: وایـە، ئـەی ئـەو ئایەتەت نەخوێندووەتەوە: ﴿وَمَا آتَـاكُمُ الرَّسُـولُ فَخُـذُوهُ وَمَـا نَهَـاكُمْ عَنْـهُ فَـانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)؟ ئافرەتەکەش وتـی: بـەڵێ. فـەرمووی: پێغەمبـەری خـودا ئـەم جـۆرە کارانەی قەدەغە کردووە[2]. ئەو هاوەڵە بەڕێزە پێش ئەوەی پێشەوا شافیعی لەدایك لەدایك بێت بە نزیکەی (١٢٠) ساڵ فەرمایشـتی پێغەمبـەری وەکـو قورئـان تەماشـا کردووە، بەو واتایەی کە هەردووکیان سروش و وەحیین.

### دووەم: سنووربەزاندن (المبالغة):

یـەك لـەو خووانـەی کـە د. شـەحرور هەیـەتی لـە نووسـینی ئـەم بابەتـەدا، سنووربەزاندنیەتی لە گوزارشتکردندا، بـۆ نموونـە کاتێـك دێـت باسـی ئـەو کەسـانە دەکـات کـە پێیانوایـە ڕێبـازی پێغەمبـەر هەتاهەتاییـە، دەڵێـت: پێیانوایـە کـە

---

[1] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٠٦).

[2] مسند الإمام أحمد، مسند المكثرين من الصحابة (٧/ ١٩٧، ١٩٨)، برقم (٤١٢٩)، قـال محققـه: إسـناده صحيح على شرط الشيخين.

"گوێرایەڵی پێغەمبەر واجبە لە هەموو شتێك كە لـە پێغەمبـەرەوە دەرچـووە بـەبێ ئیستیسنا"[1] . سنووربەزاندنەکەی پێموابێ زۆر ڕوونە، چونکە ئەو کار و فەرمانانەی کە دەریکردووە وەکو دادوەرێـك، یـان وەك سـەرۆکێك، شـەرع نییـە بـۆ خـەڵکێکی دیکە، بەڵکو هەرکەسە لە سەردەمی خۆیدا پابەندە بەو بڕیار و فەرمانە شەرعیانەی کە دادوەر و سەرۆکی ئەو سەردەم بڕیاری لێدەدەن، هـەروەها ئـەو قسـەیەی ئـەو ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شتانەی وەکو مرۆڤێکیش ئەنجامی داوە واجبە گوێڕایـەڵی بکرێت، لەکاتێکدا ئەوە زۆر دوورە لە ڕاستی.

یـەکێکی تـر لـە سـنووربەزاندنەکانی دکتـور ئەوەیـە، کاتێـك دەڵێـت: ئـەو تێگەیشتنەی ئەو هەیەتی بۆ ڕێبازی پێغەمبەر وا دەکات ئەو تێگەیشتنە کۆنەی کە باری سەرشانمانی قورس کردووە، ئەویش بە واجبکردنـی گوێڕایـەڵی پێغەمبـەر لـە سلوکە سروشتیە مرۆڤیەکەی، بەتاڵ ببێتەوە[2]، بەڵام ئەو قسەیەی هیچ بنەمایەکی ڕاسـتی بـۆ نییـە و بەوپـەڕی بـێ ئاگاییانـە دەدوێـت، چـونکە هـەر سەرچـاوەیەکی ئوسولی فیقهـ بخوێنینەوە تێدەگەین کە ئەو جـۆرە سـلوکانەی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) کە زانایان ناویان ناوە (جیبیللی)، هیچی نابێتە سەرچاوەی شـەرع و ئایین.

هـەروەها یـەکێکی تـر لـە سـنووربەزاندنەکانی ئەوەیـە، کاتێـك دەڵێـت: ئەگـەر شوێنکەوتنی نەبیی لە هەموو شتێك بوایە، دەبوایـە ئێمـە لـە ژمـارەی خێزانـەکانی شوێنی بکەوتباینە[3]، لەکاتێکدا کەسی نەخوێنـدەواریش دەزانێـت کـە ئـەو بابەتـە تایبەتە بە پێغەمبەری خودا.

---

١ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٥٥).

٢ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩٢).

٣ هەمان سەرچاوە (١٥٢).

**سێیەم: پابەند نەبوون بەو مەنهەجەی کە خۆی پێوە پابەند کردووە:**

دکتۆر شەحرور کۆمەڵێك بنچینەی بۆ خۆی داناوە، کردوویەتی بە بناغە بۆ توێژینەوە و نووسینەکانی، بەڵام لە کاتی ڕۆچوون و ڕۆیشتنی بۆ قوڵایی ناو بابەتەکەی، هەندێك قسە دەکات خوێنەر وا هەست ناکات ئەوە د. شەحروری جارانە، بەڵکو هەست بە د. شەحرورێکی تر دەکەی، بۆ نموونە دکتۆر پێی وایە حەرامکردن تەنها لە دەسەڵاتی خوای گەورەیە، هەمووشی ژمێردراوو و دیاریکراوە، کە ئەوانەن کە قورئانی پیرۆز بە وشەی (حَـرَّمَ) حوکمی لەسەر داون، ناوی حەرامەکان دەهێنێت و ژمارەی ئایەتەکانیش دەنووسێت و زۆر بە نەفەسێکی توونـد و یەکلاکەرەوە دەڵێت: غەیری ئەوانە هەمووی حەڵاڵن، بەڵام دەسەڵاتی تەشریعی (پەرلەمان) دەتوانێت ئەو حەڵاڵانە بگۆڕێت بە حوکمێکی تر بەپێی بەرژەوەندی ئەو سەردەمە، بەڵام کاتێك قسە دێتە سەر مارەکردنەوەی خێزانەکانی پێغەمبەری خودا لە دوای وەفاتی، دەڵێت: "خودا حەرامی کردووە مارە کردنەوەی خێزانەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)"[1]، لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز وشەی (حَـرَّمَ)ی بەکارنەهێناوە، بەڵکو وشەی (وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا)ی بەکارهێناوە کە فیعلی موزاریعی مەنهیە، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٥٣). نموونەیەکی تر لەو بابەتە: دکتۆر قەناعەتی وایە کە تەرادوف نییە لە زوبانی عەرەبیدا، دەڵێت: "مەنهەجی ئێمە دامەزراوە لەسەر ڕەدکردنەوەی تەرادف"[2]، بەڵام دوای (١٦) لاپەڕە کە باس دێتە سەر مانای وشەی (لِتُبَيِّنَ) لە ئایەتی ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ...﴾ (النحل: ٤٤)، دەڵێت: "بەیان مانای ئیعلانکردنە وەکو تەبلیغ وایە"[3]، حوکم دەدات بە تەرادوفی وشەی (بیان) لەگەڵ (إعلان) و (تبليغ).

---

١ هەمان سەرچاوە (١٥٠).

٢ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (٩١).

٣ هەمان سەرچاوە (١٠٧).

**چوارەم: قسەی گەورە گەورەی بێ بەڵگە:**

لە نووسینەکانیدا زۆر قسەی گەورە گەورە دەکات کە پێویستی بە بەڵگەی گەورە و بەهێز هەیە، بەڵام د. شەحرور زۆر ئازایانە قسەکان دەکات، باکی بەوە نییە بەڵگە هەیە لەسەر ئەو قسەیەی کە دەیکات یان نییە، بۆ نموونە دەڵێت: "مەنهیات و ئەوامر تایبەتمەندی ئیجتیهاد تێداکردنیان هەیە"[1]، لە جێگایەکی تردا دەڵێت: "غەیری حەرامکراوەکان ملکەچە بۆ ئیجتیهاد تێداکردنی بە گوێرەی پێویستی کۆمەڵگا"[2]، هەروەها دەڵێت: "ڕێبازی پێغەمبەر (السنة النبوية) هەمووی ئیجتیهاداتە"[3]، پاشان دەڵێت: "ئایەتی جیزیە و سورەتی تەوبە تایبەت بووە بە کۆمەڵگای ئەو کات"[4]، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "پێغەمبەر وەکو نەبیی مەعسوم نەبووە، بەڵکو وەکو ڕەسول"[5]، هەروەها دەڵێت: "هەتاهەتایی بوون سیفەتی ڕیسالەیە، بەڵام ئەو سیفەتە بە تەواوی غائیبە لە نبووەتدا"[6].

**پێنجەم: هەڵبژاردە بە ویست (الانتقائية):**

لە چەندین شوێندا ئەو بەڵگەیەی بە دڵی ئەوە دەیهێنێتەوە و دەیکاتە بەڵگە، ئەوەشی بە دڵی ئەو نییە و خزمەت بە بیر و بۆچوونەکانی ناکات خۆی لێ نەزان دەکات، بۆ نموونە: ئەو فەرموودەی پێغەمبەر دەهێنێتەوە کە دەفەرمووێت: "بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً"[7][8]، بەڵام ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)

---

[1] هەمان سەرچاوە (٨٦).

[2] هەمان سەرچاوە (١٠٦).

[3] هەمان سەرچاوە (١٤٢).

[4] هەمان سەرچاوە (٩٨).

٥ هەمان سەرچاوە (١١٠).

[6] هەمان سەرچاوە (١٤٧).

[7] صحيح البخاري، كتاب الأنبياء، باب ما ذكر عن بني إسرائيل ٣(/ ١٢٧٥)، برقم (٣٢٧٤).

[8] بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٠٥).

ناهێتەوە کە پێشتر باسم کردووە، کە دەفەرموێت: "نَضَّرَ اللَّـهُ امْـرءًا سَـمِعَ مَقَـالَتِي فَوَعَاهَا ثُمَّ أَدَّاهَا إِلَى مَنْ لَمْ يَسْمَعْهَا فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لَا فِقْهَ لَهُ وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَـنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ"، لەکاتێکدا مانای (أَدَّاهَا) هەر مانای (بَلِّغُوا)ە، بە بەڵگەی ئەوەی کـە لە ڕیوایەتەکی تردا هاتووە (فَبَلَّغَهَا)[1]. هەروەها هەر کاتێك ناوی پێغەمبەر بهێنێت سەڵاواتەکی بۆ دەنووسێ بە شێوەیەکی کورتکراوە لـە پـیتی (ص)دا، ئـەو کـارەی پێچەوانەی بیر و بۆچوونێتی، چونکە ئەو پێی وایە ئەو شـتانەی کـە پەیوەنـدی بـە نەبییەوە هەیە، لەگەڵ وەفاتی پێغەمبەر لەکار دەکەوێت، دیارە سەڵاوات لێـدانیش خوای گەورە بۆ محەمەدی نەبی داوای کردووە نەك بۆ محەمەدی ڕەسول، هەروەکو فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـوا صَـلُّوا عَلَيْـهِ وَسَـلِّمُوا تَسْـلِيمًا﴾ (الأحـزاب: ٥٦)، بـەڵام د. شـەحرور دەرچـەیەکی بـۆ خـۆی دۆزیوەتـەوە، ئـەویش ئەوەیـە، چـونکە بابـەتی زانسـتی و غـەیب پەیوەنـدی بـە محەمـەدی نـەبیی هەیـە و ئێسـتاش زانسـتی سـەردەم چـەندین کەشـفی زانسـتیی کردووە کە پێشتر لەو قورئانەی کە محەمەدی نەبیی گەیانـدبووی باسـکراوە، بۆیـە پەیوەنـدیمان بـە محەمـەدی نـەبیی لـەو ڕووە نەپچـڕاوە، بۆیـە سـەڵاواتی لەسـەر دەدەین[2].

**شەشەم: گەمەکردن بە وشەکان (التلاعب بالكلمات):**

بابەتێکی دیکـەی شـیاو بـە هەڵوەسـتەکردن لەسـەری ئەوەیـە کـە د. شـەحرور گەمەیەکی لێزانانە دەکات لە هێنان و بەکارهێنانی وشـەکان، بـۆ زیـاتر کاریگـەریی دروستکردن لەسـەر خوێنـەرانی، بـەبێ ڕەچـاوکردنی کـە تـا چـەندە ئـەو وشـەیەی بەکاری دێنێت لە جێگای خۆیـەتی و دەگونجێـت لەگـەڵ دەقـی ئـەو دەقانـەی کـە دەیانهێنێت، بۆ نموونە: کاتێك ڕاڤەی ئەو ئایەتە پیرۆزە دەکـات کـە خـوای گـەورە

---

[1] سنن ابن ماجه، افتتاح الكتاب، باب من بلغ علمًا (١/ ٨٤)، برقم (٢٣٠).

٢ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٠٥).

دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾ (النساء: ٨٣)، دەڵێت: "ئەو ئایەتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەڵێنجان (استنباط) لە کارەکانی نەبیی و وەلی ئەمرە.."[١]، لەکاتێکدا ئەو ئایەتە پیرۆزە باسی ڕەسول دەکات نەك نەبیی، بەڵام چونکە د. شەحرور پێویستی بەوەیە کە ئەوە بسەلمێنێت بۆ خوێنەر: کە ئەوە نەبییە ئیجتیهاد دەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا و مسوڵمانان، بە وشەی نەبیی ڕاڤەی ئایەتەکەمان بۆ دەکات. هەروەها کاتێك لەسەر ئەو ئایەتە ڕادەوەستێت کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (النور: ٥٦)، دەڵێت: خوای گەورە فەرمانی داوە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر لەو دوو دروشمەدا (الصلاة والزكاة)[٢]، لەکاتێکدا خوای گەورە بە شێوەیەکی ڕەها و موتڵەق باس لە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی دەکات، نەك تەنها لەو دوو شەعیرەیەدا، بەڵام چونکە د. شەحرور دەیەوێ ئەو پەیامە بداتە خوێنەرانی کە هەتاهەتایی ڕێبازی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تەنها لە دروشمەکانە وەکو: نوێژ و ڕۆژوو هاتووە، بە شێوەیەك وێنای ئایەتەکە دەکێشێت کە خزمەت بە بیر و بۆچوونەکانی بکات.

---

١ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١١٢).

٢ بڕوانە: السنة الرسولية والسنة النبوية (١٢١).

# کۆتایی

دوژمنایەتیکردنی ڕێبازی پێغەمبەر مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، هەر سەردەمە و بە ناو و ڕەنگێك و بە جۆر و چەشنێك بووە. ئەوەی کە د. محەمەد شەحرور بانگەشەی بۆ دەکات سەبارەت بە تێگەیشتن لە ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەوە تەواو جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی (ولیم کلیفورد William Kingdon Clifford)ە، کە بەڕێوەبەری پەیمانگای زانستی تاوانکردن بوو لە وڵاتی ئوسترالیا لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کە داوای دەکرد بە لێکردنەوەی قورئان و ڕێبازی پێغەمبەر و قەناعەتپێهینانی مسوڵمانان بەوەی ڕێبازەکەی تەنها ئیجتیهادێکی کەسییە.

پێش چەندین سەدەیە زانایانی پایەبەرز پۆلێنی ڕێبازی پێغەمبەریان کردووە بۆ قۆناغبەندی، کە لە بەشێکی کەم پێکدێت و هەتاهەتایی کە بەشە هەرە زۆرەکەیەتی، بەڵام ئەوەی کە د. شەحرور کردوویەتی تەواو پێچەوانەی ئەو پۆلێنکردنەی زانایانە، چونکە ئەو بەشێکی کەمی کردووەتە هەتاهەتایی، ناویشی ناوە (السنة الرسولية)، بەشە زۆرەکەشی کردووەتە قۆناغبەندی و ناوی ناوە (السنة النبوية).

پێغەمبەری خودا لە هیچ فەرموودەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە ڕێبازەکەم قۆناغبەندیە، یاخود دوو جۆر سونەتم هەیە: (السنة النبوية) و (السنة الرسولية)، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی وشەی (سُنّتي) و (هدي محمد)ی بەکارهێناوە. ئەو لێکۆڵینەوەی کە د. شەحرور کردویەتی:

١/ پڕە لە کەموکورتی و پێدانی زانیـاریی هەڵـە و سـنووربەزاندن لـە وێنـاکردنی بابەتەکان و پەیوەستنەبوون بەو مەنهەجەی بـۆ خـۆی دانـاوە و بانگەشـەی زۆر و گەورە بەبێ هێنانی بەڵگە.

٢/ بە نەفەسێکی پڕ لە ڕق و قینەوە بەرامبەر بە زانایان نووسراوە، بەتایبەتیش بەرامبەر پێشەوا شافیعی.

٣/ بێڕێزیی و سفرکردنی ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و شەونخونی زانایـانی چـەندین سەدەیە.

٤/ ڕێژەیەکی زۆر لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەو سەردەمەدا کـاری پێناکرێـت و نابێتە سەرچاوە بۆ شەریعەت، بەڵکو تەنها بۆ پەند لێ وەگـرتن و سەرچـاوەیەکە بـۆ زانـینی ئـەو مێـژووەی کـە لـەو سـەردەمدا ڕووی داوە، وەکـو ئایـەتی جیزیـە و سورەتی تەوبە و هەموو ئەو ئایەتانەی کە باسی ئەو ڕووداوانـە دەکـەن کـە بەسـەر پێغەمبەردا هاتوون.

# سەرچاوەکان


دوای قورئانی پیرۆز.

١ـ الإحكام في تمييز الفتاوي عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، شهاب الدين أبو العباس القرافي (ت ٦٨٤هـ)، اعتني به: عبد الفتاح أبو غدة، دار البشائر الإسلامية، بيروت ـ لبنان، ط٤، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٢ـ الإكليل في استنباط التنزيل، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ)، تحقيق: سيف الدين عبد القادر الكاتب، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

٣ـ البحر المحيط في أصول الفقه، بدر الدين محمد بن بهادر الزركشي (ت ٧٩٤هـ)، قام بتحريره: د. عبد الستار أبو غدة، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، الكويت، ط١، ١٤١٠هـ/ ١٩٩٠م.

٤ـ التأويل الحداثي للتراث ـ التقنيات والاستمدادات، إبراهيم عمر السكران، دار الحضارة، ط١، ١٤٣٥هـ/ ٢٠١٤م.

٥ـ التحرير والتنوير «تحرير المعني السديد وتنوير العقل الجديد من تفسير الكتاب المجيد»، محمد الطاهر بن محمد بن محمد الطاهر بن عاشور التونسي (ت ١٣٩٣هـ)، الدار التونسية ـ تونس، ١٩٨٤م.

٦ـ تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل آي القرآن)، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (ت ٣١٠هـ)، تحقيق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢٠هـ/٢٠٠٠ م.

٧ـ الجامع (ملحق بمصنف عبد الرزاق)، معمر بن أبي عمرو راشد الأزدي (ت ١٥٣هـ)، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، المجلس العلمي بباكستان، ط٢، ١٤٠٣هـ.

٨ـ حجيّة السنّة، د. عبد الغني عند الخالق، دار السعداوي، د. ط، ت.

٩ــ دسـتور الأخـلاق في القـرآن: د. محمـد عبـد الله دراز (ت ١٩٥٨م)، تعريـب وتحقيـق وتعليق: د. عبد الصبور شاهين، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ط١١، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

١٠ـ الرسالة، أبو عبد الله محمد بـن إدريـس بـن العبـاس بـن عثمـان بـن شـافع بـن عبـد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشـي المكـي (ت ٢٠٤هــ)، تحقيـق: أحمـد شـاكر، مكتبـة الحلبي ـ مصر، ط١، ١٣٥٨هـ/١٩٤٠م.

١١ــ السـنة الرسـولية والسـنة النبويـة ـ رؤيـة جديـدة، د. محمـد شـحرور، دار السـاقي ـ بيروت، ط٢، ٢٠١٣م.

١٢ـ سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بـن يزيـد القـزويني (ت ٢٧٣هــ)، تحقيـق: محمـد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية ـ فيصل عيسي البابي الحلبي، د. ط، ت.

١٣ـ شعب الإيمان، أبو بكر أحمد بن الحسين البيهقي (ت ٤٥٨ه)، تحقيق: محمد السعيد بسيوني زغلول، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١٠هـ.

١٤ـ صحيح البخاري، محمـد بـن إسماعيـل البخـاري (ت ٢٥٦هــ)، تحقيـق: د. مصـطفي ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة ـ بيروت، ط٣، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

١٥ـ صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج القشـيري النيسـابوري (ت ٢٦١هــ)، تحقيـق: محمـد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي ـ بيروت، د. ط، ت.

١٦ــ قضـايا سـاخنة، د. محمـد سـعيد رمضـان البـوطي (ت ٢٠١٣م)، دار الفـارابي للمعارف، د. ط.

١٧ـ كشف الأسرار عن أصول فخر الإسلام، عبد العزيز بن أحمـد البخـاري (ت ٧٣٠هــ)، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

١٨ـ مدخل لمعرفة الإسلام، د. يوسف القرضاوي، مكتبة وهبة ـ القـاهرة، ط١، ١٤١٦هــ/ ١٩٩٦م.

١٩ـ المستدرك على الصحيحين: أبـو عبـد الله الحـاكم محمـد بـن عبـد الله المعـروف بـابن البيع (ت ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبـد القـادر عطـا، دار الكتـب العلميـة، بـيروت ـ لبنـان، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩٠م.

٢٠ـ مسند الإمام أحمد، أحمد بن حنبل (ت ٢٤١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنـؤوط وآخـرون، مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٢١ـ معجم مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا (ت ٣٩٥هـ)، اعـتني بـه: د. محمد عوض مرعب وفاطمة محمد أصلان، دار إحياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

٢٢ـ المعجم الوسيط، إبراهيم مصطفى وأحمد حسـن الزيـات وحامـد عبـد القـادر ومحمـد علي النجار، المكتبة الإسلامية، استانبول ـ تركيا، د. ت، ط.

# گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر کۆکردنەوە و نووسینەوەی سونەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)
## (توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە)

**پ. ی. د. ئاراس محەمەد صالح**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی وەك بزاڤێکی فیکری و زانستی کە شوێنی کارکردنیان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییە، هەر لەبەر ئەوە بە ڕۆژهەڵاتناس ناودەبرێن، ڕۆژهەڵاتناسان نووسین و لێکۆڵینەوە دەکەن لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە لە هەموو بوارەکانی ئایین، مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب، کۆمەڵایەتی و زۆر بواری تر. ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسان هەندێکجار بۆ مەبەستی زانستیە، بەڵام زیاتر مەبەستی ئایینی و داگیرکاری و دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدایە. ڕۆژهەڵاتناسان کاتێك باسی عەقیدە و ئایینی ئیسلام دەکەن، زۆر کەم بێلایەنانە و بۆ مەبەستی زانستی توێژینەوەیان کردووە، زیاتر بۆ دروستکردن و شێواندنی ڕاستی و ناشیرینکردنی ڕووە بەرز و جوانەکانی ئیسلام بووە.

ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر بنەما و سەرچاوە سـەرەکیەکانی ئیسـلام وەك قورئـان و سونەت و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆریـان نووسـیوە، بـەڵام زۆربـەی ئـەو نووسینانە بە میتۆدی زانستی و بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی ئەنجام نەدراون، بەڵکو زیاتر بۆ دروستکردنی گومان و شاردنەوەی ڕاستییە ڕۆشنەکانی ئیسلام بووە و مەبەستی ئایینی و ئایدۆلۆژی لەپشتەوە بووە.

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـدەدات تیشـك بخاتـە سـەر ئـەو نووسـین و دانراوانـەی ڕۆژهەڵاتناسان دەربارەی کۆکردنەوە و نووسـینەوەی سـونەتی پێغەمبـەر (درוودی خوای لەسەر) ئەنجامیان داوە، لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە میتـۆدی ئـەو نووسـینانە دەگرێت و نازانستییان ئاشکرا دەکات، هەروەها هەوڵدەدات گومانی ڕۆژهەڵاتناسان ئاشـکرا بکـات دەربـارەی کۆکردنـەوە و نووسـینەوەی سـونەتی پێغەمبـەر، بـە پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن، وەڵامیان دەداتەوە.

## سەرەتـایەك دەربارەی هەوڵی ڕۆژهەڵاتنـاسان لەبارەی سونەتی پێغەمبەرەوە:

مێـژووی ڕۆژهەڵاتناسـی و کـاری ڕۆژهەڵاتناسـان وەك قوتابخانەیـەکی فیکـری خاوەن تایبەتمەندی و پاڵنەر و مەبەستی تایبەت، زۆر زەحمەتە توێژەرێك بتوانێت هـەموو ئـەو مێـژووە و نهـێنی و هـەنگاوەکانی ئـەم قوتابخانـە فیکریـە لـە توێژینەوەیەکی وەهادا باس بکـات. بێگومـان ڕۆژهەڵاتناسـی، وەك قوتابخانەیـەکی فیکری، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەموو کار و توانای خۆی چڕکردووەتەوە بـۆ نووسـین و لێکۆڵینـەوە و کۆکردنـەوەی کەلـەپووری گـەلانی ڕۆژهـەڵات و شرۆڤەکردنی بەپێی میتۆد و ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی خۆیـان، یـەکێك لـەو بوارانـەی جێگەی گرنگی و بایەخی ڕۆرژهەڵاتناسان بووە، بە درێژایی مێژووی ئەم قوتابخانـە فیکریە، ئیسلام بووە، کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی و سـونەتی پێغەمبـەری ئیسـلام (درוودی خـوای لەسـەر) بـووە بەتایبـەتی، لەبـەر گرنگـی و پێگـەی سـونەت لـە

ئیسلامدا و ئەو ڕووبەرە فراوانەی هەیەتی لەناو زانستە ئیسلامیەکاندا، زیاتر دەرگا بۆ ڕۆژهەڵاتناسان کراوەتەوە لێکۆڵینەوە و گومانی زیاتر لەسەر سونەت دروست بکەن و هەوڵ بدەن لە پێگە و بەهای، وەك سەرچاوەیەکی تەشریعی گرنگ، کەم بکەنەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕۆژهەڵاتناسی وەك بزووتنەوەیەکی فیکریی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەو بزووتنەوە ڕۆژهەڵاتناسییە کۆنە نییە، بەڵکو بەپێی قۆناغەکان گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە ڕووی واتای وشە و زاراوە و ئامانج و بواری کارکردنی، هەروەها سنووری ئەو پێناسەی تێپەڕاندووە کە لە کۆندا بۆی کراوە، بەڵکو زیاتر گەشەی کردووە و بواری کارکردن و ئامانجەکان و ئەو میکانیزمانەی بەکاری دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی، فراوان بووە. ڕۆژهەڵاتناسی لە سەردەمی ئەمڕۆدا قوتابخانە و زانست و سیاسەت و ئابوورییە. مەبەست لە ڕۆژهەڵات زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر ئیسلام، وەك عەقیدە و شارستانیەت و کەلەپووری نەتەوە. کە دەوترێت ڕۆژهەڵاتناسی، واتە: گرنگیدانی زانایانی ڕۆژئاوا بە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئیسلامەوە بە میتۆدی ئەو لێکۆڵەرانە و ئاڕاستەی فیکرییان و مەبەست و ئامانجەکانیان[1].

سەرەتای نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی سونەتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم، کاتێك ڕۆژهەڵاتناس (دی هەربلو: De Herbelot)[2] خاوەنی کتێبی (المكتبة الشرقية) کە بریتی بوو لە ئەنیسکلۆپیدیایەك لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە لە ساڵی (١٧٣٨ز) چاپ و بڵاوکراوەتەوە،

---

[1] الاستشراق، تعريفه، مدارسه، آثاره، د. محمد فاروق النبهان (١١ـ ١٢).

[2] دی هەربلو: De Herbelot: ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسیە، لە ساڵی ١٦٢٥ز لە پاریس لەدایکبووە، زمانی یۆنانی و فارسی و عەرەبی و تورکی و فەلسەفەی خوێندووە، لە دانراوەکانی (المكتبه الشرقيه)، لە ساڵی ١٦٩٥ز لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. موسوعة المستشرقين، عبد الرحمن بدوي (٦٠٣ـ ٦٠٥).

ناوبراو لەو کتێبەدا توێژینەوەیەکی لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نووسیوە، ئەم کارەی (هەربلو) سەرەتای نووسینی ڕۆژهەڵاتناسانە لەبارەی سونەتی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر). ئەم ڕۆژهەڵاتناسە پێی وایە هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەر کە لە کتێبەکانی (الموطأ، الدارمي، الدارقطني، البيهقي، السيوطي) لە (تەلمود) وەرگیراون، لە هەمان کاتدا زۆر سیفەتی نەشیاو دەداتە پاڵ پێغەمبەری خوا[1].

لە سەدەی هەژدەدا ڕۆژهەڵاتناسان بواری نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان دابەشکرد بە شێوەیەکی بابەتی، واتە کاری ڕۆژهەڵاتناسان تایبەتمەندی وەرگرت. لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا هەریەکە لە ڕۆژهەڵاتناسان (کایتانی ١٨٦٩ـ١٩٢٦ز: Caetani)[2] و (میور: ١٩٠٥ز: Muir)[3] و (شپرنگەر ١٨٩٣ز: Sprenger)[4] دەرکەوتن، کە گرنگییان بە مێژووی سونەت دەدا، لە نووسینەکانیاندا گومانیان لەسەر سەرچاوەی سونەت دروست دەکرد.

---

[1] بڕوانە: موقف الاستشراق من السيرة والسنة النبوية، د. أكرم ضياء العمري (٣٣- ٣٤).

[2] کایتاني ١٨٦٩- ١٩٢٦ز: Caetani: ڕۆژهەڵاتناسێکی ئیتالیە، لە ساڵی ١٨٦٩ز لەدایکبووە، شارەزای مێژووی ئیتالیا بووە. لە گرنگترین نووسینەکانی (حوليات الإسلام) لەبارەی مێژووی پێغەمبەر و موسڵمانەوە، گرنگی زۆری بە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئیسلامەوە داوە، لە ساڵی ١٩٣٥ز لە کەنەدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبدالرحمن بدوي (٤٩٣- ٤٩٤).

[3] میور: ١٩٠٥ز: Muir: ڕۆژهەڵاتناسێکی سکۆتلەندیە، لە ساڵی ١٨١٩ز لەدایکبووە، مافی خوێندووە، لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی جێگەی بایەخی بووە، لە دانراوەکانی: (سيرة النبي والتأريخ الإسلامي). لە ساڵی ١٩٠٥ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، نجيب العقيقي (١/ ٤٩٢).

[4] شپرنگەر ١٨٩٣ز: Sprenger: لە ساڵی ١٨١٣ز لەدایکبووە، خاوەنی ڕەگەزنامەی بەریتانی بووە، هەڵگری بڕوانامەی پزیشکی بووە، لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئیسلامەوە کردووە. لە نووسینەکانی (سيرة محمد) لێکۆڵینەوەی لەسەر (الإصابة في تميز الصحابة) کردووە، نووسین و لێکۆڵینەوەی زۆرە. لە ساڵی ١٨٩٣ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، محمد نجيب العقيقي (٢/ ٦٣١-٦٣٢).

لـه دواى ئـەو هەولانـە، ناسـراوترين ڕۆژهـەلاتناس کـە نووسـينى زۆرى لـەبارەى سونەتەوە هەيە، (گۆلد تسيهێر: ١٨٥٠ز - ١٩٢١ز= Ignaz Goldziher)[1] بووە، ئەم ڕۆژهەلاتناسە بەپێى ميتۆدى ڕەخنەى مێژوويى، لێکۆلينەوەى لەبارەى سـونەتەوە کـردووە، گومـان لەسـەر بيرۆکـەى گەشـەکردنى دەق و سـەنەد، لـە نـاو زانسـتە ئيسـلاميەکاندا دروسـت دەکـات. پێناسـەى سـونەت لاى تسـيهێر زۆر جيـاوازە لـە پێناسەى ڕاستى سونەت لاى مسولمانان، بە بۆچوونى (تسيهێر) سونەت بريتيە لـە دابونەريتى مسـولمانە پێشـينەکان، هـەر کـارێکى بـاش و دادگەرانـە لاى مسـولمانە پێشينەکان سەرەتايەکى هەيە لە کەلتوورى ئەواندا، ئەو کەلتوورە پيرۆز بووە لايان و وەك قـانونێکى پـيرۆزى ئـايين سـەيريان کـردووە و پاشـان سـونەت لەسـەر ئـەو کەلەپوورە دروستبووە، ئەم ڕۆژهەلاتناسە بڕواى بەوە نييە کە سونەت فەرموودە و کردەوە و تەقريرى پێغەمبەرە[2].

ڕۆژهــەلاتناس (گۆلــد تســيهێر) بــە مەبەســت بێــت يــان بــەهۆى نــەزانين و نەشارەزاييەوە بێت لە زمانى عەرەبيدا، سونەتى بە شێوە زمانەوانيەکـەى تەفسـير کـردووە، کـە سـونەت لـە ڕووى زمانەوانيـەوە بـە واتـاى داب و نـەريت و داهێنـانى نەريتێك دێت، هەروەکو پێغەمبەر (دروودى خواى لەسـەر) دەفـەرموێت: "مَـنْ سَـنّ فِي الإسلام سُنّةً حَسَنَةً فَعُمِلَ بِها بعْدَه كُتِب لَه مِثْلُ أجْر من عَمِلَ بِهَا ولا يَـنْقُصُ مِـنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ، ومَنْ سَنّ فِي الإسلام سُنّةً سَيِّئَةً فَعُمِلَ بِهَا بَعْـدَه كُتِـبَ عَلَيْـهِ مِثْـلُ وزر

---

[1]- گۆلد تسيهێر: ١٨٥٠ز-١٩٢١ز= Ignaz Goldziher: ڕۆژهەلاتناسێکى جولەکەى هەنگاريە، بە مامۆسـتاى ڕۆژهەلاتناسـان ناسـراوە، زۆر دژى ئيسـلامە و بەرهـەمى زۆرە، لـە زانکـۆى (بۆدابسـت) خوێندوويـەتى، سەردانى سوريا و فەلەستينى کـردووە، سـەردانى ميسـرى کـردووە و ئامـادەى وانـەى زاناکـانى ئەزهـەر بووە. لە گرنگترين نووسينەکانى: (العقيـدة والشـريعة في الإسـلام) (الحـديث في الإسـلام) (مـذاهب التفسـير الإسلامي) و (إخوان الصفا) و (المعتزلة والمترادفات العربيه) و (دراسـات عـن الـنبي)... هتـد، لـە سـالى ١٩٢١ز کۆچى دوايى کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، نجيب العقيقي (٣/ ٩٠٧- ٩٠٨).

[2] العقيدة والشريعة في الإسلام، اغنتاس غولدتسيهر، ترجمة: محمد يوسف موسى (٢٨٨) وما بعدها.

مـن عَمِـلَ بِهَـا ولا يَـنْقُصُ مـن أَوْزَارِهِـمْ شَـيْء"[١]، بـەڵام زاراوەكـان لـە نـاو زانسـتە ئیسلامیەكاندا واتە و چـەمكەكانیان دەگۆڕێـت و تـەنها لێكدانـەوەی زمانـەوانی بـۆ ناكرێت، بەڵكو دەبنە زاراوەی شەرعی و واتا و چەمكی تایبەت وەردەگرن.

لەدوای (گۆڵد تسیهێر) زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسان هەمان ڕێبازی ئەویان گرتووە و زۆر كەمیان ڕەخنەیان لە بۆچوونەكانی گرتووە، جگە لە ڕۆژهـەڵاتناس (هـۆرفتس: ١٩٣١ز= Horovitz)[٢] ڕای جیاوازە و ڕەخنە لە بۆچوونەكانی دەگرێت، بـەڵام هـەر یەكە لە (هـاملتۆن جیـب)[٣] و (وات)[٤] و (فنسـك)[٥] و (شـاخت)[١] هـەمان ڕێبـازی (تسیهێر)یان گرتووە و برەویان بە بۆچوونەكانی داوە[٢].

---

١ رواه مسلم، كتاب الزكاة، باب الحث على الصدقة ولو بشق تمرة، الرقم (١٠١٧).

٢ هۆرفتس: ١٩٣١ز= Horovitz: ڕۆژهەڵاتناسێكی ئەڵمانیـە، لـە سـاڵی ١٨٧٤ز لـەدایكبووە، لـە زانكـۆی بەرلین خوێندوویەتی و لە هەمان زانكۆ بووەتـە مامۆسـتای زمـانی عـەرەبی، نامـەی دكتۆراكـەی لەسـەر كتێبی (المغازی)ی الواقدي بووە، گرنگی زۆری بـە لێكۆڵینـەوەی قورئـانیی و ژیـانی پێغەمبـەر داوە. لـە دانراوەكانی (المباحث القرآنية) و (أسماء الأعلام اليهودية ومشـتقاتها في القـرآن) و (الجنـة في القـرآن)، لـە ساڵی ١٩٣١ز كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبد الرحمن بدوي (٦٢١ـ ٦٢٢).

٣ هـاملتۆن جیـب: ڕۆژهەڵاتناسـێكی بەریتانیـە، لـە سـاڵی ١٨٩٥ز لـە میسـر لـەدایكبووە، لـە زانكـۆی ئەدەنبەرە زمانی عەرەبی و سامی خوێنـدووە، بووەتـە مامۆسـتای زمـان و ئـەدەبی عـەرەبی و مێـژووی ئیسلامی لە زانكۆی لەندەن. لە دانراوەكانی: (فتوح العرب لآسيا الوسـطى)، (الأدب العربـي)، (المجـددين المصريين).. هتد. لە ساڵی ١٩٧١ز كۆچـی دوایـی كـردووە. بڕوانـە: موسـوعة المستشـرقين، عبـدالرحمن بدوي (١٧٤ـ١٧٦).

٤ وات: ولیام مونتگمری وات: ڕۆژهەڵاتناسـێكی بەریتانیـە، لـە سـاڵی ١٩٠٩ز لـە دایـك بـووە، مامۆسـتای زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامیەكان بووە لە زانكۆی (ئەدەنبەرە). لە دانراوەكانی: (الجبر والاختيـار في الإسلام)، (محمد في مكة)، (محمد في المدينة)، (محمد نبيا ورجل دولة)، (عوامل انتشار الإسلام)..هتد، لـە ساڵی ٢٠٠٦ز كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، نجيب العقيقي (٢/ ٥٥٤ـ٥٥٥).

٥ فنسـك: ئەرنـد جـان فنسـنك: ڕۆژهەڵاتناسـێكی هۆڵەندیـە، لـە سـاڵی ١٨٨٢ز لـەدایكبووە، هـەڵگری بڕوانامەی دكتـۆرا بـووە. لـە دانراوەكـانی: (محمـد واليهـود في المدينـة)، (معجـم مفهـرس لألفـاظ الحـديث

لە دوای ڕۆژهەڵاتناس (تسیهێر) و (شاخت) و (لامنس)،[3] لێکۆڵینەوەی زۆریان لەبارەی سونەتەوە کردووە. شاخت گومان دروست دەکات لەسەر دەقی فەرموودە (المتن) و سەنەدەکەی. شاخت گومانی وایە کە فەرموودە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا نووسراوەتەوە، هەروەها ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بڕوای وایە کە فەرموودەکان دروستکراون و سەنەدەکانیان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نووسراونەتەوە، بەڵام هەموو ئەو گومانانەی (شاخت) و هاوبۆچوونەکانی هیچ بنەمایەکی زانستیان نییە، بەڵکو بەڵگەن لەسەر بێئاگایی و نەزانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە زانستەکانی فەرموودە و هەموو ئەو میتۆد و پێوەرانەی زانایان (الجرح والتعديل) دایانناوە بۆ وەرگرتنی فەرموودە[4].

---

الشريف) و (مفتاح كنوز السنة). لە ساڵی ١٩٣٩ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، نجيب العقيقي (٢/ ٦٦٧).

[1] شاخت: جۆزیف شاخت Schach: ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانیە، لە ساڵی ١٩٠٢ز لەدایکبووە، پسپۆڕ بووە لە فیقهی ئیسلامیدا. لە کتێبەکانی: (بداية الفقه المحمدي). گومانی هەیە لەبارەی ڕاستی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (درووی خوای لێبێت)، شوێن بۆچوونەکانی مامۆستاکەی (تسیهێر) کەوتووە. لە کتێبەکانی (الدراسات المحمدية) و (أصول الفقه). لە ساڵی ١٩٦٩ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبدالرحمن بدوي (٣٦٦- ٣٣٩).

[2] موقف الاستشراق من السيرة والسنة النبوية، د. أكرم ضياء العمري (٣٤- ٣٥)، ومفتريات وأخطاء دائرة المعارف الإسلامية (الاستشراقية)، د. خالد عبد الله القاسم (١/ ٥٤٥) وما بعدها.

[3] هنری لامنس: Henri Lammens: ڕۆژهەڵاتناسی بەلجیکیە، زۆر دژی ئیسلامە، لە ساڵی (١٨٦٢ز) لە بەلجیکا لەدایکبووە، زمانی عەرەبی و یۆنانی خوێندووە، یەکەم کاری دانانی فەرهەنگێکی عەرەبی بووە، لە بەیروت ڕۆژنامەی (البشير)ی دەرکردووە، مامۆستای لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتیەکان بووە، لەبارەی مێژووی ئەمەویەکانەوە نووسیویەتی، گوتار و نووسینی زۆری هەیە و ناسراوە بە چەواشەکردن و گۆڕینی ڕاستیەکان. لە ساڵی (١٩٣٧ز) لە بەیروت کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبدالرحمن بدوي (٥٠٣- ٥٠٤).

[4] آراء المستشرق جوزيف شاخت حول حجية السنة النبوية من خلال كتابه (أصول الشريعة الإسلامية) رسالة مقدمة إلى كلية الدعوة: قسم الاستشراق: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، لدرجة الماجستير،

دەكرێت گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی سونەتەوە لە چەند خاڵێكدا كورت بكەینەوە، ئەوانیش:

**یەكەم/** دروستكردنی گومان لەبارەی پەیامی ئیسلامەوە كە سەرچاوەكەی خوای گەورەیە و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەوانەكراوی خودایە، هەروەها گومان دروستكردن لەسەر نیگا (الوحی) و هەوڵ دەدەن زۆر تەفسیری جیاوازی بۆ بكەن بە ئارەزووی خۆیان.

**دووەم/** دروستكردنی گومان لە ڕاستی و دروستی فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر): هەوڵدەدەن بە ئارەزووی خۆیان لێكدانەوەی بۆ بكەن وەك ئەوەی لەلایەن زانایانی مسوڵمانەوە ئەو فەرموودانە هەڵبەستراون.

**سێیەم/** دروستكردنی گومان لەبارەی سەند (الإسناد) و دەق (المتن)ی فەرموودەكان، كە گوایە لە سەدەی دووەم و سێیەمی كۆچی بەشێوەیەكی هەڕەمەكی لەلایەن زانا مسوڵمانەكانەوە دروستكراون.

**چوارەم/** گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر نووسینەوە و كۆكردنەوەی سونەت، ڕۆژهەڵاتناسان گومانی ئەوە دروست دەكەن، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی نەكردووە بە نووسینەوەی فەرموودەكانی لە ڕۆژگاری خۆیدا، كەواتە فەرموودەكانی گرنگ نین و بایەخیان نییە، هەروەها گومانی ئەوەیش دروست دەكەن كە كۆكردنەوەی سونەت لە سەدەی دووەم و سێیەمی كۆچییەوە دەستی پێكردووە.

**پێنجەم/** دروستكردنی گومان لەبارەی بەڵگەبوونی سونەت وەك سەرچاوەیەكی تەشریعی ئیسلامی.

---

محمد إبراهيم محمد نور عبد اللطيف الخليفة، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م، السعودية (٥٢) وما بعدها. والإستشراق والمستشرفون مالهم وما عليهم، د. مصطفي السباعي (٢٥ـ ٢٦).

لەم پێناوەشدا ڕۆژهەڵاتناسان هەموو ڕێگایەك بەكار دەهێنن بۆ گەیاندنی بۆچوون و گومانەكانیان، وەك دروستكردنی زانكۆ و كۆلێجی تایبەت و پەیمانگا و ناوەند و سەنتەری لێكۆڵینەوە، هەروەها چاپكردنی كتێب و دەركردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و پێگەی ئەلیكترۆنی و گرێدانی كۆنگرە و كۆڕی فیكری و دەركردنی ئینیسكلۆپیدیای گەورە بە زمانە زیندووەكانی جیهان[1].

## گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی نووسینەوە و كۆكردنەوەی سونەتەوە:

ڕۆژهەڵاتناسان دەربارەی كۆنەكردنەوەی سونەت (تدوین السنة) و نەنووسینەوەی لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)، لەهەمانكاتدا فەرمانكردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە نەنووسینەوەی فەرموودەكانی و ڕەتكردنەوەی هەموو نووسینێك جگە لە قورئانی پیرۆز، بابەتی زۆریان ووروژاندووە، بەتایبەتی دەڵێن: ئەگەر سونەت سەرچاوەی تەشریع بوایە و لەدوای قورئانی پیرۆز لە پلەی دووەمدا بوایە، چۆن پێغەمبەر گرنگی پێ نەئەدا و فەرمانی نەدەكرد بە نووسینەوەی لە ڕۆژگاری خۆیدا؟ بەڵام بە پێچەوانەوە كە فەرمانی نەكردووە بە نووسینەوە و پاراستنی، كەواتە گرنگی و بایەخی نەبووە بەلایەوە، هەروەها لە دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاوەڵەكانی ئەو كارەیان ئەنجام نەداوە، بەڵكو سونەتی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر بێت) لە سەدەی دووەم و سێیەمی كۆچیدا كۆكراوەتەوە و نووسراوەتەوە، لەهەمان كاتدا بەهۆی ململانێی سیاسی و ناتەبایی دەستە و گرووپەكانە (الفرق والملل)وە بزووتنەوەی هەڵبەستنی فەرموودە (حركة وضع الأحاديث) دروستبووە و دەیان و سەدان فەرموودەیان هەڵبەستووە. ئەمە بۆچوونی زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسانە كە لەسەر سونەتیان نووسیوە، بەتایبەتی (گۆلد تسیهێر) و ئەوانەی لە دوای ئەو هاتوون و

---

[1] بڕوانە: المستشرقون والسنة، د.یوسف الكتاني، مجلة الإحياء.

هەمان میتۆدی ئەویان گرتووە و زۆرێك لە بۆچوونەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسەیان دووبارە کردووەتەوە[1].

هەرچەندە ئەوە بڵاوە لەناو مسوڵمانان‌دا کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کۆنەکراونەتەوە بۆ ماوەی یەك سەدە، زانایان لە ڕێگەی لەبەرکردن و گێڕانەوە، فەرموودەیان وەرگرتووە، ئەم بۆچوونە پێنج سەدە بەردەوام بووە، هەتا ئیمامی (الخطیب البغدادي) دێت و هەموو ڕیوایەتەکان کۆدەکاتەوە و کتێبی (تقیید العلم) دادەنێت، ناڕاستی ئەو بۆچوونە هەڵدەوشێنێتەوە و ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هاوەڵانەوە فەرموودە نووسراوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو نەبووە لەناو هاوەڵاندا و پێغەمبەریش بە دەقێکی ڕاشکاو فەرمانی نەکردووە فەرموودەکان بنووسنەوە. ئەم بۆچوونەیش بە هەڵە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەو گێڕانانەوە بووە کە زانایانی فەرموودە باسیان کردووە لەبارەی کۆکردنەوەی سونەتەوە، لەو بارەیەوە وتوویانە: یەکەم کەس سونەتی کۆکردوەتەوە ئیمامی (الزهری: و ١٢٥ك)یە، هەروەها بۆچوونیان وابووە هەموو ئەوانەی کتێبیان لەبارەی سونەتەوە داناوە لە دوای ساڵی (١٤٣ك) بووە.

ئەم بۆچوونە لەبارەی کۆکردنەوەی سونەتەوە لای هەندێ لە زانایانی سونەتیش هەبووە، وەك (أبو طالب المکي، الإمام الذهبي، ابن حجر، المقریزي، هتد)، هەرچەندە ئەم زانایانە هەندێ نووسراوی ڕاستیان دەستکەوتووە کە لە سەردەمی هاوەڵان و تابیعیندا نووسراوەتەوە و فەرموودەیان لێ وەرگرتووە، بەڵام ئەو

---

[1] العقیدة والشریعة في الإسلام، اغنتاس غولد تسیهر، ترجمة: محمد یوسف موسی (٦٨ـ ٦٩)، أصول الفقه، جوزیف شاخت، ترجمة: إبراهیم یونس وحسن عثمان (٤٨) وما بعدها، والسنة ومکانتها في التشریع الإسلامي، د. مصطفی السباعي (٢٨٨) وما بعدها. والمستشرقون والسنة، د. سعد المرصفي (٢٤) وما بعدها.

بۆچــوونەیان هــەبووە کــە ئیمــامی زوهــری یەکــەم کــەس بــووە فــەرموودەی کۆکردووەتەوە، بەڵام ئیمامی خەتیبی بەغدادی دێت لـە کتـێبی (تقییـد العلـم) لـە بەشی یەکەمدا هەموو ئەو گێڕانانەوەی باس لە نادروستی و نووسینەوەی فەرمووده دەکەن کۆدەکاتەوە و تەخریج و تەحقیقیان دەکات[1]. لـە هـەمان کاتـدا لـە بەشـی دووەمدا ئەو گێڕانەوانەیش باس لە دروستی و نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرمووده دەکەن دەهێنێت و لێکۆڵینەوەی زانسـتی لەبارەیانـەوە دەکـات و ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتــەوە کــە فــەرمووده لــە ســەردەمی پێغەمبــەر (درووودی خــوای لەســەر) و هاوەڵانیشــدا نووســـراوەتەوە[2]. لـــە دوای کۆکردنـــەوە و لێکۆڵینـــەوەی ئـــەو فەرموودانەی ڕێگری لـە کۆکردنـەوە و نووسـینەوەی فـەرمووده دەکـەن، خـەتیبی بەغدادی هەموویانی بە لاواز داناوە، تەنها فەرموودەی: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قَالَ: "لَا تَكْتُبُوا عَنِّي ومَنْ كَتَبَ عَنِّي غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ، وحَدِّثُوا عَنِّي ولَا حرَجَ، ومَنْ كَذَبَ عَلَيَّ، قَالَ هَمَّامٌ: أَحْسِبُهُ قَالَ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ"[3] نـەبێت. ئـەم فەرموودەیـەش زانایـان وا (تـەئویل) و لێکدانەوەی بۆ دەکەن کە لە سەرەتای ئیسلامدا بووە، بـۆ ئـەوەی فـەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) لەگـەڵ قورئانـدا تێکـەڵ نـەبن، لەبـەر بـەربڵاوی نەخوێندەواری لەناو کۆمەڵگەی ئەوکاتەی مسـوڵمانانـدا، پێغەمبـەر (درووودی خـوای لەسەر) فەرموویەتی: جگە لە قورئان هیچ شتێکی تر لە منەوە مەنووسنەوە[4].

بەڵام لە هەمان کاتدا فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) هەیە بـاس لـە نووسـینەوەی فـەرمووده دەکـات لـە کاتێکدا پێغەمبـەر (درووودی خـوای

[1] بڕوانە: المستشرقون والسنة، د.یوسف الكتاني.

[2] بڕوانە: تقييد العلم، الخطيب البغدادي (١٧ـ ٤١)، (٧٣ـ ١٢٤).

[3] رواه مسلم، كتاب كتاب الزهد والرقائق، باب التثبت في الحديث وحكم كتابة العلم، الرقم (٥٣٢٦).

[4] بڕوانە: دراسات في الحديث النبوي وتأريخ تدوينه، الأعظمي (١/ ٧٦ـ ٩١).

لەسەر) لە ژیاندا بووە، وەك فەرموودەی: (عن أَبَي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، يَقُولُ: مَا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ـ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم ـ أَحَدٌ أَكْثَرَ حَدِيثًا عَنْهُ مِنِّي إِلَّا مَا كَانَ مِنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو فَإِنَّهُ كَانَ يَكْتُبُ وَلَا أَكْتُبُ (تَابَعَهُ مَعْمَرٌ عَنْ هَمَّامٍ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ)[١]. ئیبن حەجەر لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەدا دەڵێت: "پێغەمبەر ڕێگەی داوە بە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر کە فەرموودەکانی بنووسێتەوە لەکاتێدا عەبدوڵڵا داوای لێکردووە، ئەو فەرمانەی پێغەمبەر کە فەرموویەتی فەرموودەکانم مەنووسنەوە لە سەرەتای دابەزینی قورئاندا بووە، بۆ ئەوەی فەرموودەکان تێکەڵاوی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز نەبن"[٢]. هەموو ئەمانەیش بەهۆی بەربڵاوی نەخوێندەواریەوە بووە لەناو کۆمەڵی مسوڵمانانی ئەو سەردەمەی شاری مەککەدا.

هەروەها فەرموودەی: عن أَبُي هُرَيْرَةَ قَالَ: لَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ ـ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم ـ مَكَّةَ قَامَ فِي النَّاسِ فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ إِنَّ اللَّهَ حَبَسَ عَنْ مَكَّةَ الْفِيلَ وَسَلَّطَ عَلَيْهَا رَسُولَهُ وَالْمُؤْمِنِينَ فَإِنَّهَا لا تَحِلُّ لأَحَدٍ كَانَ قَبْلِي وَإِنَّهَا أُحِلَّتْ لِي سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ وَإِنَّهَا لا تَحِلُّ لأَحَدٍ بَعْدِي فَلا يُنَفَّرُ صَيْدُهَا وَلا يُخْتَلَي شَوْكُهَا وَلا تَحِلُّ سَاقِطَتُهَا إِلا لِمُنْشِدٍ، وَمَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُو بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ إِمَّا أَنْ يُفْدَي وَإِمَّا أَنْ يُقِيدَ فَقَالَ الْعَبَّاسُ: إِلَّا الْإِذْخِرَ فَإِنَّا نَجْعَلُهُ لِقُبُورِنَا وَبُيُوتِنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم ـ: "إِلا الإِذْخِرَ". فَقَامَ أَبُو شَاهٍ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ فَقَالَ: اكْتُبُوا لِي يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم ـ: "اكْتُبُوا لأَبِي شَاهٍ"[٣]. هەروەها فەرموودەی: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: كُنْتُ أَكْتُبُ كُلَّ شَيء أَسْمَعُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّه ـ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم ـ أُرِيدُ حِفْظَهُ، فَنَهَتْنِي قُرَيشٌ وَقَالُوا: تَكْتُبُ كُلَّ شَيء وَرَسُولُ

---

[١] رواه البخاري، كتاب العلم، باب كتابة العلم، الرقم (١١٣).

[٢] فتح الباري بشرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني (١/ ٢٧٤ـ ٢٧٥).

[٣] رواه البخاري، كتاب العلم، باب كتابة العلم، الرقم (١١٢)، وكتاب في اللقطة، باب كيف تعرف لقطة أهل مكة، الرقم (٢٤٣٤)، ومسلم، كتاب الحج، باب تحريم مكة وصيدها وخلاها وشجرها ولقطتها، إلا المنشد، الرقم (١٣٥٥).

اللَّهِ بَشَرٌ يتَكَلَّمُ فِي الْغَضبِ وَالرِّضا، فَأَمْسَكْتُ عَنِ الْكِتَابِ، فَذكَرْتُ ذَلكَ إِلى رَسُولِ اللَّهِ، فَأَوْمَأَ بِإِصْبَعِهِ إِلى فِيهِ، فَقَال: "اكْتُبْ فَوالَّذي نَفْسِي بِيَدِه مَا يخْرُجُ مِنْهُ إِلا حَقّ"[١].

هەروەها پرسیاری ئەبو جوحەیفە لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب: (عَنْ أَبِي جُحَيفَة قَالَ قُلْتُ لِعَلِي بْنِ أَبِي طالِبٍ هَلْ عِنْدَكُمْ كِتَابٌ؟، قَالَ لا إِلَّا كِتَابُ اللَّهِ أَوْ فَهْمٌ أُعْطِيهُ رَجُلٌ مُسْلِمٌ أَوْ مَا فِي هَذه الصَّحِيفَةِ، قَال: قُلْتُ: فَمَا فِي هَذهِ الصَّحِيفَةِ؟ قَال الْعَقْلُ وَفَكَاكُ الْأَسِيرِ ولا يقْتَلُ مُسْلِمٌ بِكَافر)[٢]. ئیبن حەجەر، لەبارەی ئەم فەرموودەوە دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە تێگەیشتن و حوکمی هەڵهێنجراوی قورئان بە نووسراو هەبووە لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)، هەروەها عەلی کوڕی ئەبو تالیب فەرموودەی پێغەمبەری نووسیوەتەوە، بێگومان ئەگەر ئەو کارە ڕێگەپێدراو نەبوایە عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئەو کارەی نەدەکرد"[٣].

هەموو ئەم فەرموودانە بەڵگەی ڕوون و ڕاشکاون کە نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا هەبووە، ئەو فەرموودەیەش کە ڕێگری دەکات لە نووسینەوەی فەرموودە، بۆ کات و بارودۆخێکی تایبەت بووە، کەواتە: لە ڕۆژگاری پێغەمبەرەوە نووسینەوەی سونەت دەستی پێکردووە، هەروەها هەموو ئەو نامانەی پێغەمبەر ناردویەتی بۆ پاشا و دەسەڵاتدارەکان بەڵگەی نووسینەوەی سونەتن لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)[٤].

---

[١] أخرجه أبو داود، كتاب العلم، باب في كتاب العلم، الرقم (٣٦٤٦)، وصححه الألباني في تخريجه على سنن أبي داود، وصححه في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم (١٥٣٢).

[٢] رواه البخاري، كتاب العلم، باب كتابة العلم، الرقم (١١١).

[٣] بڕوانە: فتح الباري بشرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (١/ ٢٧٠- ٢٧١).

[٤] بڕوانە: تقييد العلم، الخطيب البغدادي، ودراسات في الحديث النبوي، د. محمد مصطفى الأعظمي (١/ ٩٣) وما بعدها. وتدوين السنة النبوية نشأته وتطوره، د. محمد بن مطر الزهراني (٦٥) وما بعدها. والمستشرقون ومصادر التشريع الإسلامي، د. عجيل جاسم النشمي (٩١) وما بعدها.

**گومانی ڕۆژهەلاتناسان لەسەر کۆکردنەوەی سونەت لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا:**

ڕۆژهەلاتناسان بابەتی نەنووسینەوەی سونەتیان لە سەردەمی پێغەمبەردا و بوونی بەڵگەی فەرمووده لەسەر نەنووسینەوەی فەرموودەیان بەهەند وەرگرتووە و کردویانە بە بەڵگەی بۆچوونەکانیان، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاماژەیان بەو فەرموودانە نەکردووە کە بەڵگەی نووسینەوەی سونەتن لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، تەنها ئاماژەیان بەو فەرموودانە کردووە کە پشتگیری بۆچوونەکانی ئەوان دەکات و ڕێگەخۆشکەرن بۆ وروژاندنی گومان لەوبارەوە. ڕۆژهەلاتناسان هەموو گومانەکانی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە داڕێژاوە، ڕۆژهەلاتناس (موير: Muir)[1] دەڵێت: "هیچ کۆمەڵە نووسراوێکی باوەڕپێکراو لەبارەی سونەتەوە نەبووە، کە لە پێش ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە"[2]. ئەم بۆچوونەی (موير) جۆرێك لە بێئاگایی تێدایە، یان بە مەبەست خۆی بێئاگا کردووە لەو هەموو نووسراوانەی لەبارەی سونەتەوە نووسراونەتەوە و ڕەنگە کتێبی (الموطأ) ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس پێویستی بە ئاماژە پێکردن نەبێت یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی فەرموودە و پێش ئەو مێژووە نووسراوە، کە (موير) ئاماژەی پێکردووە.

ئیمامی مالیك لە ساڵی (٩٣ـ ١٧٩ك) کتێبی (الموطأ)ی لە ساڵی (١٤٣ك) نووسیوە. لە دوای ئەو هەوڵەی ئیمامی مالیك، لە شارەکانی مەککە و کوفە و بەغداد و بەصرە و دیمەشق دەستکرا بە کۆکردنەوەی فەرموودە، ئەو هەوڵانە بەردەوام بووە هەتا ڕۆژگاری عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی خەلیفەی ئەمەوی، کە لەنێوان ساڵانی (٩٩ك بۆ ١٠١ك) خەلیفە بووە، ئەم خەلیفەیە بە فەرمی نامەی

---

[1] موير: Muir: ڕۆژهەلاتناسێکی بەریتانیە، ساڵی ١٨١٩ز لە دایکبووە، مەسیحیەکی توندڕەو بووە دژی ئیسلام، لە نووسینەکانی: (المقدمة)، (حوليات الخلافة)، (مصادر السيرة) (الخلافة)... هتد. لە ساڵی ١٩٠٥ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبدالرحمن بدوي (٥٧٨ـ ٥٧٩).

[2] ينظر: تأريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين، د. حاكم عبيسان المطيري (١١١).

ناردووه بۆ هەموو ناوچە ئیسلامیەکان و داوای لە زانایان کردووە هەرچی فەرموودەی پێغەمبەریان لایە کۆی بکەنەوە و بینووسنەوە، لە دوای ئەو مێژووە نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرموودە زیاتر گەشەی کردووە و زۆر کتێبی فەرموودە نووسراوەتەوە، هەموو زانایان لەسەر ڕیزبەندی بابەتە فیقهیەکان دەستیان کردووە بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)[1].

لەکاتی ئێستادا، بەهۆی گەڕان و لێکۆڵینەوە لەبارەی دەستنووسەکان و لێکدانەوەیان و بەهۆی زۆری ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستی زانکۆ و پەیمانگاکانەوە، زیاتر لە (ملیۆن و نیوێك هەتا دوو ملیۆن) دەستنووس لەبارەی فەرموودە و سونەتی پێغەمبەرەوە دۆزراونەتەوە، مێژووی نووسینەوە ئەو دەستنووسانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی. ڕەنگە دەیان دەستنووسی تر هەبن لە کتێبخانەکاندا هەتا ئێستا چاوەڕێی دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە بن و تا ئێستا بەردەست نەکەوتبن، هەروەها دەبێت چەند دەستنووس لەبارەی فەرموودەوە لەناوچووبن لەکاتی هێرش و پەلامار و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هاتووە، یەکێك لەو پەلامارانەی هێرشی هۆلاکۆیە بۆ سەر بەغداد و لەناوبردنی هەموو کتێبخانە و شوێنەوارێکی زانستی ئەو شارە گرنگە لە ساڵی (٦٥٦ك)دا[2].

هەروەها هەریەکە لە ڕۆژهەڵاتناسان (گۆڵد تسیهێر و شاخت) دەڵێن: "هەموو ئەو فەرموودانەی لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا زۆر بڵاوبوون تایبەت بوون بە (ڕەوشت و زوهد و دنیانەویستی و باسی ڕۆژی قیامەت و سیاسەت)، باسی بابەتی فیقهیان تێدا نەبووە. فەرموودەکانی ئەحکام (فیقهیەکان) لە دوای ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە نووسراونەتەوە و زۆر زەحمەتە فەرموودەی ڕاستیان

---

[1] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. مصطفى السباعي (٦٣٥) وما بعدها.

[2] بڕوانە: تأريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين، د. حاكم عبيسان المطيري (١١٢) وما بعدها.

تێدا بێت. فەموودەکانی ئەحکام و سەنەدەکانیان دروستکراون و دراونەتە پاڵ کەسانی باڵا"[1]. ئەم بۆچوونە قسەیەکی بێ بنەما و ناڕاستە، یان لە بێئاگایەوە کراوە، یان بۆ چەواشەکردن و گومان دروستکردنە بۆ کەسانی سادە و بێ ئاگا لە نووسینەوە و کۆکردنەوەی سونەت و مێژووی زێڕینی زانایانی سونەتی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر).

لە دوای کۆچی پێغەمبەرەوە (درووودی خوای لەسەر) لە مەککەوە بۆ مەدینە، هەموو ئەحکامە فیقهیەکان دابەزیون و پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) و هاوەڵانی بە کردەیی هەموو فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەریان جێبەجێ کردووە، هەر لە نوێژەوە هەتا دەگاتە هەموو ئەرکانەکانی تری ئایین، هاوەڵانیش هەتا ساڵی (١٠٠ك) بە هەزاران بوون لە هەموو هەرێم و ناوچەکاندا، تێکەڵاوی خەڵك بوون و شوێنکەوتووانیش لەوانەوە هەموو حوکمە شەرعیەکانیان وەرگرتووە و جێبەجێیان کردووە. هەروەها ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس لە ساڵی (١٤٣ك)دا (الموطأ) داناوە و هەموو بابەتە فیقهیەکانی تێدایە و زۆرێك لە زانایان بە کتێبێکی فیقهی دادەنێن پێش ئەوەی کتێبی فەرموودە بێت، هەموو ئەمانەیش بەڵگەی ڕوونن لەسەر ناڕاستی و بێبنەمایی بۆچوونەکانی گۆڵد تسیهێر و شاخت و هاوڕاکانیان[2].

هەروەها ڕۆژهەڵاتناس (ڕۆبسن) دەڵێت: سەنەدی فەرموودە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا هەڵبەسترا (اختلاق)، پاشان درانە پاڵ کەسانی باڵای پێشین بۆ ئەوەی جێگای متمانە و بایەخ بن[3]. ئەم قسەیە زۆر بێبنەما و بێبایەخە و بێئاگایی زۆری تێدایە لەبارەی سەنەدی فەرموودەوە" هەروەکو پێشتر باسمانکرد، لە ڕۆژگاری

---

[1] بڕوانە: العقيدة والشريعة في الإسلام، اغنتاس غولد تسيهر (٤٠) وما بعدها، وأصول الفقه، جوزيف شاخت (٥٢) وما بعدها.

[2] بڕوانە: تأريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين، د. حاكم عبيسان المطيري (١٤٥) وما بعدها.

[3] بڕوانە: المستشرقون والحديث النبوي، الدكتور محمد بهاءالدين (١٠١ـ ١٠٢).

هاوەڵاندا فەرموودە نووسراوەتەوە، هەروەها زۆر لە قوتابی هاوەڵان لە هاوەڵانـەوە فـەرموودەیان وەرگرتـووە و نووسـیویانەتەوە، هـەموو بـە سـەنەد و گێڕانـەوەی ڕاستەوە، کە هـەر پێویسـتی بـە سـەنەد نییـە، لـە دوای ئـەوانیش ئیمـامی زوهـری (٥٠ــ١٢٣ك) فـەرموودەی کۆکردوەتـەوە و سـەدان زانـای گـەورە لەبەردەمیـدا خوێندویانەتـەوە و نوسـخەیان لەبـەر نووسـیوەتەوە، زیـاتر لـە هـەزار فـەرموودەی تێدایە بە سەنەدی ڕاستەوە لە پێغەمبەرەوە وەریانگرتووە[1].

یەکێکی تر لە گومانەکانی (گۆڵد تسیهێر) ئاماژە بەوە دەکات کە فەرموودەکانی پێغەمبـەر ناگەڕێنـەوە بـۆ ڕۆژگـاری پێغەمبـەر، بـەڵکو لـە سـەدەکانی تـردا هەڵبەستراون، یان قسەی پیاوە ناسراوەکانی ئیسلام بووە، هـەروەها بـاس لـەوە دەکـات کـە لـە ڕۆژگـاری دەوڵـەتی ئەمەویـدا، فـەرموودەی زۆر هەڵبەسـتراون و دەوڵـەتیش هاوکـار بـووە لـە هەڵبەسـتن دانـانی فـەرموودە بـۆ شـەرعیەتدان بـە کارەکانیان[2]. ئەم گومانەی (گۆڵد تسیهێر) هیچ بنەمایـەکی ڕاسـتی نییـە، چونکە هیچ فەرموودەیەك نییە لە کتێبەکانی فەرموودەدا شەرعیەت بدات بە کاری ناڕەوای دەسەڵاتداران، نە ئەمەویەکان و نە کەسانی تـر، بـەڵکو زۆربـەی فـەرموودەکان کـە باس لە دەسەڵاتدار دەکات داوای پاراستنی ئەمانەت و دادگەری دەکەن، لە هـەمان کاتدا هەڕەشەی توندن لەو حوکمڕانانەی بە ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان هەڵناسـن. هەروەها هیچ کەسێك لە بنەماڵەی ئەمەوی، یـان کەسـانێك لەوانـەوە نزیـك بـوون، نەناسـراون بـەوەی شـەرعیەتیان دابێـت بـە کـردەوەی نـاڕەوای دەسـەڵات، بـەڵکو هـەموو ئـەو فەرموودەناسـانەی لـە سـەردەمی ئەمەویـەکان و سـەردەمەکانی تـردا

---

[1] بڕوانە: تأريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين، د. حاكم عبيسان المطيري (١٥٤) وما بعدها.

[2] بڕوانە: العقيدة والشريعة في الإسلام، اغنتاس غولد تسيهر (٤٩) وما بعدها.

فەرموودەیان کۆکردووەتەوە، هەموو مەرجەکانی گێڕەرەوەی فەرموودەیان پێڕەو کردووە و زۆر توووند بوون لە وەرگرتن و قبوڵکردنی گێڕانەوەدا[1].

هەروەها لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا نامەی نارد بۆ قازی مەدینەی منەوەرە (أبوبكر بن حزم) داوای لێکردوە هەرچی فەرموودەی پێغەمبەریان لایە بینووسنەوە، چونکە ترسی ئەوەی هەبووە بە مردنی زانایان زانست (العلم) واتە: سونەتی پێغەمبەر لەناوبچێت، هەروەها داوای لێکردووە هەرچی فەرموودە لای (عمرة بنت عبدالرحمن الأنصارية) و (القاسم بن محمد بن أبی بكر) بینووسنەوە. هەروەها خەلیفە نامەی نارد بۆ هەموو کاربەدەستان و زانایانی هەرێمەکان هەرچی فەرموودەیان لایە بینووسنەوە. (ابوبكر بن حزم) هەندێ لە سونەتی نووسیبوە و هەرچی لای (عمرة بنت عبد الرحمن) و (القاسم بن محمد بن أبي بكر) هەبوو هەمووی نووسیوە، بەڵام نەیتوانی هەموو ئەو فەرموودانەی لە مەدینە بووە هەمووی بنوسێتەوە، بەڵکو لە دوای ئەو (الإمام محمد بن شهاب الزهري) ئەو کارە گرنگەی تەواوکردووە و فەرموودەکانی پێغەمبەری لە شاری مەدینەی منەوەرەدا نووسیوەتەوە[2]. ئەم فەرمانەی عومەر بۆ ئەو کەسانە و داواکردنی بە نووسینەوەی ئەو فەرموودانەی لایانبووە، ئاماژەن کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لای زانایان هەبووە و لە خوێندنگەکاندا خوێندراوە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بە سەنەد و مەتنەوە (السند والمتن) نەنووسراوەتەوە.

لە دوای ئیمامی زوهری، کاری نووسینەوەی سونەت زۆر گەشەی کرد، لە شاری مەککە ئیبن جورەیج (و: ١٥٠ك) و ئیبن ئیسحاق (و: ١٥١ك) فەرموودەیان نووسیوە. لە شاری مەدینە سەعیدی کوڕی ئەبی عەروبە (و: ١٥٦ك) و رەبیعی

---

[1] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. مصطفى السباعي (٣٤٣) وما بعدها.

[2] بڕوانە: دراسات في الحديث النبوي، د. محمد مصطفى الأعظمي (١/ ٢٠٤) وما بعدها.

کوڕی ئەبی صەبیح (و: ١٦٠ك) و مـالیکی کـوڕی ئەنـەس (و: ١٧٩ك) فـەرموودەیان نووسیەوە. لە شاری بەصرە حەممادی کوڕی سەلەمە (و: ١٦٧)، لە شـاری کوفـە، سوفیانی سەوری (و: ١٦١ك) فەرموودەیان نووسیەوە. لە وڵاتی شـام ئـەبو عـەمری ئـەوزاعی (و: ١٥٧ك) فـەرموودەی نووسـیەوە. هـەروەها لـە واسـیط هوشـەیم (و: ١٧٣ك) و لە خوراسان عەبدوڵلای کوڕی موبارەك (و: ١٨١ك)، لە یەمەن موعەممـەر (و: ١٥٤ك)، لە ڕەی جەریری کوڕی عەبدولحەمید (و: ١٨٨ك). هەروەها هەریەکە لە سوفیانی کوڕی عویەینە (و: ١٩٨ك) و لەیسی کوڕی سەعد (و: ١٧٥ك) و شـوعبەی کـوڕی حـەججاج (و:١٦٠ك). هـەموو ئەمانـە لـە یـەك سـەردەمدا فـەرموودەیان نووسیوەتەوە، لەم قۆناغەدا فەرموودەکانی پێغەمبـەر و وتـەی هـاوەڵان و فـەتوای شوێنکەوتووان کۆکرایەوە و لە شێوەی کۆباس (باب) لە کتێبدا تۆمارکران[1].

لە دوای سـەردەمی شـوێنکەوتووان، سـەردەمی زێـڕینی نووسـینەوەی سـونەت دێت، کە سەدەی سێهەمی کۆچیە، سەدەی سێیەمی کۆچی زۆر ئیمامی فـەرموودە دەرکەوتوون، لە پێشەوەی هەموویان ئیمام محەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخـاری (و: ٢٥٦ك) خاوەنی کتێبی بەنرخی (صحیح البخاری)، لەدوای ئەو ئیمام موسـلیمی کوڕی حەججاجی قوشەیری (و: ٢٦١ك) خـاوەنی (صـحیح مسـلم). لـە دوای ئـەوان ئەبو داوودی سجستانی (و: ٢٧٥ك) و نەسائی (و: ٣٠٣ك) و تـورمزی و ئـیبن ماجـە خاوەنی (سنن الأربعة) دێن. بە نووسینەوەی ئەم کتێبە بەنرخانەی سونەت، تـوانرا سونەتی پێغەمبـەر لـە لەناوچـوون ڕزگـار بکرێـت. هـەوڵ و هـەنگاوەکانی ئـەم زانـا گەورانە، لـە هـەمان کاتـدا ئـەو مـەرج و پێـوەرە زۆرانـەی دایاننـاوە بـۆ وەرگـرتنی فەرمووده، هەموو گومانی ڕۆژهەڵاتناسان و هاوبیرەکانی ڕەتدەکرێتەوە، کە گوایـە

---

[1] بروانه: المستشرقون ومصادر التشريع الإسلامي، د. عجيل جاسم النشمي (٩٤ـ ٩٥).

به فەرمانی خەلیفەکانی ئەمەوی و بۆ شەرعیەتدان بـە دەسـەڵاتەکانیان داوایـان لـە کەسانێك کردبێت فەرموودەیان بۆ هەڵبەستن[1].

ئەو زانایانەی فەرموودەیان دەنووسیەوە، زۆر گرنگیان بە وەرگرتنی فـەرموودە و جەختکردنـەوە لـە کەسـی گێـڕەرەوە دەکـردەوە، پاشـانیش کتێبـەکانیان نەدەخستە بەردەستی کەسێك متمانەی تەواویان پێنەبوایە. لە کاتی خوێندنـەوەی بۆ قوتابیەکانیان، چەند جارێك گوێیان لێدەگرتن (سماع)، بزانن بە ڕاسـتی و بـەبێ زیادوکەم و لەبەریانە، هەتا تەواو دڵنیا دەبوون لە لەبەرکردنی دەقی فەرموودەکە و سەنەدەکەی، ئەو کاتە ئیجازەی گێڕانەوەیان پێدەدان، بەڵام ئەو بۆچـوونەی بـاس لەوە دەکات کە نووسـینەوەی سـونەت لـە سـەردەمی دەوڵـەتی ئەمەویـدا دەسـتی پێکردووە، ئەوە بە مانای ئەوە نییـە پـێش ئـەو مێـژووە هـیچ هـەوڵێك نـەبووە بـۆ نووسینەوە و کۆکردنەوەی سونەت، بەڵکو لە سەردەمی دەسەڵاتی عومەری کـوڕی عەبدولعەزیزدا کە لە نێوان ساڵانی (٩٩ بۆ ١٠١ك) خەلیفەی دەوڵەتی ئەمەوی بووە، ئـەم خەلیفەیـە فـەرمانی دەرکـرد لـە ڕۆژگـاری خۆیـدا بـۆ هـەموو زانایـانی وڵاتـە مسـوڵمانەکان هەرچـی فـەرموودەی پێغەمبـەریان لەلایـە هـەمووی کۆبکەنـەوە و بینووسنەوە، ئەم کۆکردنەوەیە واتـە: کۆکردنـەوەی ڕەسمـی لەلایـەن دەوڵەتـەوە، واتە یەکەم کۆکردنـەوەی ڕەسمـی سـونەت لـە سـەردەمی دەوڵـەتی ئەمـەوی و بـە فەرمانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووە، هەموو هەوڵەکانی تر هەوڵی تاکە کەسی بوون و هیچ بنەمایەکی ڕەسمیان نەبووە[2].

---

[1] بڕوانە: المستشرقون ومصادر التشريع الإسلامي، د. عجيل جاسم النشمي (٩٤ـ ٩٥).

[2] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع الاسـلامي، د. مصـطفي السـباعي (١٠٢) ومـا بعـدها، والمستشـرقون ومصادر التشريع الإسلامي، د. عجيل جاسم النشمي (٩٤ـ ٩٥).

# کۆتایی

ڕۆژهەڵاتناسان و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆژگاری سەرهەڵدانیانەوە وەك بزووتنەوەیەکی فیکری و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئیسلامەوە، هەوڵی زۆریانداوە کە گومان لەسەر سەرچاوەکانی ئیسلام دروست بکەن، بەتایبەتی گرنگی زۆریان بە سونەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) داوە و نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان لەپێناوی گومان دروستکردن بووە لەبارەی سونەتەوە و کەمکردنەوەی بایەخی ئەم سەرچاوە سەرەکیەی ئیسلام بووە.

یەکێك لەو بوارانەی زۆر جێگەی بایەخی ڕۆژهەڵاتناسان بووە، چۆنیەتی نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بووە. ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە زۆر گومانیان لەو بوارەدا وروژاندووە و هەوڵیانداوە گومان لەسەر دەستپاکی و ئەمانەتپارێزی زانایانی فەرموودە دروست بکەن، هەموو ئەمانەیش لە پێناوی ئامانجە ڕۆژهەڵاتناسیەکانی خۆیاندا بووە. ڕۆژهەڵاتناسان باس لەوە دەکەن لە ڕۆژگاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و هاوەڵەکانی، فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نەنووسیوەتەوە، بەڵکو لەدوای ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە دەستکراوە بە کۆکردنەوەی سونەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەم بۆچوونە ڕاست نییە، بەڵکو لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) و لە کۆچی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) هەندێك لە هاوەڵان فەرموودەیان نووسیوەتەوە، وەك مالیکی کوڕی ئەنەس و کەسانی تریش.

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسان باس لەوە دەکەن، کە لە ڕۆژگاری دەوڵەتی ئەمەویدا بزووتنەوەی هەڵبەستنی فەرموودە دەرکەوتووە و فەرموودەیان بەناوی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) هەڵبەستووە بۆ پشتگیری خەلیفەکانی

ئەمەوی. هەموو ئەم بۆچوونانە هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە، بەڵکو خەلیفەی دادگەر و لە خواترسی وەك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە ڕۆژگاری خۆیدا فەرمانی دەرکردووە بۆ هەموو زانایانی جیهانی ئیسلامی هەرچی فەرموودەیان لایە کۆی بکەنەوە و بینووسنەوە، ئەوانیش زۆر بە ئەمانەتەوە بە هەموو مەرج و پێوەرەکانی وەرگرتنی فەرموودە ئەو ئەرکە قورسەیان ئەنجامداوە بۆ پاراستنی سونەتی پێغەمبەر لە لەناوچوون.

ڕۆژهەڵاتناسان گومانیان لەسەر فەرموودەی ئەحکام (بابەتە فیقهیەکان) دروستکردووە، باسیان لەوە کردووە فەرمودەکانی ئەحکام لە دوای ساڵی (١٥٠ك) کۆکراونەتەوە و فەرموودەی ڕاستیان زۆر کەم تێدایە، ئەم گومانە زۆر لاوازە و دەیان بەڵگەی بەهێز و کتێبە ناسراوەکەی ئەنەسی کوڕی مالیك (الموطأ) و زۆر کتێب و دەستنووسی تر ناڕاستی ئەو گومانە پوچەڵ دەکەنەوە.

فەرموودەی پێغەمبەر هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هاوەڵانەوە نووسراوەتەوە و لە ڕۆژگاری عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە فەرمانی کۆکردنەوە و نووسینەوەی فەرموودە دەرکراوە. لە هەردوو سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیەوە، کە سەردەمی زێڕینی کۆکردنەوەی سونەتە پرۆسەکە گەشەی کردووە و زۆر زانای گەورەی وەك ئیمامی بوخاری و موسلیم و چەندانی تر دەرکەوتن و فەرموودەیان کۆکردووەتەوە و لێکۆڵینەوەیان لە سەنەد و مەتنەکەی کردووە، پاشانیش بە درێژایی مێژووی ئیسلامی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و تەخریج و شرۆڤەکردنی فەرموودە درێژەی هەبووە و هەزاران زانای گەورە لەو بوارەدا دەرکەوتوون و خزمەتی زۆریان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر کردووە.

# سەرچاوەکان


١ـ آراء المستشرق جوزيف شاخت حول حجية السنة النبوية من خلال كتابه (أصول الشريعة الإسلامية) رسالة مقدمة إلى كلية الدعوة: قسم الاستشراق: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، لدرجة الماجستير، محمد إبراهيم محمد نور عبد اللطيف الخليفة، السعودية، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

٢ـ الإستشراق والمستشرقون مالهم وما عليهم، د. مصطفى السباعي، ط٤، دار السلام ـ القاهرة، ١٤٣٤هـ/ ٢٠١٣م.

٣ـ الاستشراق، تعريفه، مدارسه، آثاره، د. محمد فاروق النبهان، منشورات المنظمة الإسلامية للتربية والعلوم والثقافة- الرباط، ط١، ١٤٣٣هـ/ ٢٠١٢م.

٤ـ أصول الفقه، جوزيف شاخت، ترجمة: إبراهيم الخورشيد و د. إبراهيم يونس وحسن عثمان، ط١، دار الكتاب اللباني.

٥ـ تاريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين، د. حاكم عبيسان المطيري، ط١، الكويت، ٢٠٠٢م.

٦ـ تدوين السنة النبوية نشأته وتطوره، د. محمد بن مطر الزهراني، ط١، دار الهجرة ـ السعودية، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٦م.

٧ـ تقييد العلم، أبوبكر أحمد بن علي بن ثابت الخطيب البغدادي، التحقيق: سعد عبد الغفار علي، تقديم: د. محمد بن عمر بن سالم بازمول، ط١، دار الاستقامة ـ القاهرة، ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

٨ـ دراسات في الحديث النبوي وتاريخ تدوينه، د. محمد مصطفى الأعظمي، ط١، المكتب الإسلامي ـ دمشق، ١٤٠٠هـ-١٩٨٠م.

٩ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، محمد ناصر الدين الألباني، ط١، مكتبة المعارف ـ الرياض، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٥م.

١٠ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. مصطفى السباعي، ط١، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان، ١٤٣٠هـ/ ٢٠١٠م.

١١ـ سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث السجستاني، أبو داود، حكم على أحاديثه وآثاره وعلق عليه العلامة ناصر الدين الألباني، اعتنى به أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، ط١، مكتبة المعارف ـ الرياض، بدون تاريخ الطبع.

١٢ـ السيرة النبوية الصحيحة، د. أكرم ضياء العمري، ط٨، مكتبة العبيكان ــ الرياض، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

١٣ـ صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم البخاري، ترقيم وترتيب: محمد فؤاد عبد الباقي، تقديم: أحمد محمد شاكر، ط١، ، دار ابن الهيثم ـ القاهرة، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

١٤ـ صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج النيسابوري، تحقيق وتخريج: الشيخ خليل مأمون شيحا، ط١، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

١٥ـ العقيدة والشريعة في الإسلام، اغنتاس غولد تسيهر، ترجمة: محمد يوسف موسى، ط١، منشورات الجمل ـ بغداد وبيروت، ٢٠١٤م.

١٦ـ فتح الباري بشرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، التحقيق: عبدالعزيز بن عبد الله بن باز وعلي بن عبد العزيز الشبل ومحمد فؤاد عبدالباقي، ط١، دار السلام ـ الرياض، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

١٧ـ المستشرقون والحديث النبوي، محمد بهاء الدين، ط١، دار الفجر ودار النفائس ـ الأردن، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

١٨ـ المستشرقون والسنة، د. سعد المرصفي، ط١، مكتبة المنار الإسلامية ـ الكويت، ومؤسسة الريان ـ بيروت، بدون تاريخ النشر.

١٩ـ المستشرقون ومصادر التشريع الإسلامي، د. عجيل جاسم النشمي ، ط١، الكويت، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٢٠ـ مفتريات وأخطاء دائرة المعارف الإسلامية (الاستشراقية)، د. خالد عبد الله القاسم، ط١، دار الصميدعي ـ الرياض، ١٤٣١هـ/ ٢٠١٠م.

٢١ـ موسوعة المستشرقين، عبد الرحمن بدوي، ط٣، دار العلم للملايين، بيروت ــ لبنان، ١٩٩٣م.

٢٢ـ موسوعة المستشرقين، نجيب العقيقي، ط٣، دار المعارف ـ المصر، ١٩٦٤م.

٢٣ــ وقف الاستشراق من السيرة والسنة النبوية، د. أكرم ضياء العمري، ط١، دار أشبيليا ـ الرياض، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

**الدوريات**

٢٤ـ المستشرقون والسنة، د. يوسف الكتاني، مجلة الإحياء، العدد (١٧) ذو القعدة، ١٤٢١هـ/ فبراير ٢٠٠١م.

# هەڵوێستی سیکۆلارەکان لەسەر پشتنەبەستن
# بە فەرموودە لە ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزدا

**پ.ی.د. عیرفان ڕەشید شەریف**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان**

ڕوون و ئاشکرایە باوەڕبوون بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) بە گشتی و باوەڕبوون بە محەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا بە تایبەتی کە پێغەمبەر و ڕەسولی خوایە و، کۆتایی هێنەری زنجیرەی پیرۆزی پێغەمبەرایەتییە، یەکێکە لە خاڵەکانی بنچینەی بیروباوەڕی مسوڵمانان، بڕوابوون بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی لە کردار و گوفتاری بەڕێزی و بێدەنگبوونی لەسەر کارێك لەبەرچاوی کرابێت و ئاکارە خەلقی و ڕەوشتیەکانیدا خۆی دەبینێتەوە، هەر بۆیە مسوڵمانان لە چەرخی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) هەتا ئەمڕۆ سوننەتی شیرینی پێغەمبەریان بە سەرچاوەی دووەمی تەشریع داناوە و فەرموودەکانی پێغەمبەر ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆزن، هەروەك پەروەردگارمان دەفەرمووێت: ﴿بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤). کەواتە ڕوونکردنەوەی قورئان بۆ خەڵکی لە لایەنی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر) جگە لەوەی فەرمانی خوایە، لەهەمان کاتدا بڕیاردانی پەروەردگاریشە

لەسـەر جێگیرکردنـی سـوننەتی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) وەکـو سەرچاوەیەکی ڕاست و دروست لە دوای قورئانی پیرۆز کە مسوڵمانان دەستی پێوە بگرن، هەروەك فـەرمانی پـەروەردگارە لـە کـاتی کێشـە و ئاریشـەکاندا مسـوڵمانان ئـەبێ بگەڕێنـەوە بـۆ قورئـان و سـوننەتی شـیرین و تێگەیشـتنی کاربەدەسـتانی مسوڵمانی تێگەیشتوو لەو دوو سەرچاوە پیرۆزە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾ (النساء: ٥٩).

هـەر بۆیـە لـە چـەرخی هاوەڵانـەوە، تـا ئـەمڕۆ یـەکێك لـە پاڵپشـتە گرنگـەکانی ڕاڤـەکردنی قورئـانی پـیرۆز سـوننەتی شـیرینی پێغەمبـەر بـووە (دروودی خـوای لەسەر). ئەگەر تەماشای مەنهەجی هاوەڵان بکەن لە ڕاڤـەکردنی قورئـانی پـیرۆزدا، کە بە باشترین مەنهەج دادەنرێت و پێی دەوترێـت (أحسـن طـرق التفسـير)، دووەم خاڵی پشت پێبەستراو (تفسير القرآن بالسـنة)یـە، لـە هـەموو چـەرخەکاندا زانایـان پابەند بوون بەم خاڵە گرنگەوە، کەسیش نای لێ نەکردووە، بـەڵام لـە سـەد سـاڵی ڕابردوو، لە ژێر ناونیشانی جۆراو جۆر، کەسانێك کە بە خۆیان دەڵـێن (سـیکۆلار) و ئامانجیـان جیاکردنـەوەی ئایینـە لـە دەوڵـەت و قەتیسـکردنی قورئـان و سـوننەتی پێغەمبەرە لە سووچی مزگەوت وماڵەکاندا و بڕوایان بە حیکمەتی خـوا نییـە ــ بـە خەیاڵی خۆیـان ـ بـۆ کەمکردنـەوەی بـەهای ئـەو قورئانـە پـیرۆزە دەسـتیانکرد بـە ڕاڤەکردنی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز، بێ ئەوەی خاوەنی پسپۆڕی و شارەزایی بن، یان قاڵبووی زانستە شەرعیەکان بن بەبێ پشتبەستن و ئاوڕدانەوە لە سەرچاوە دروستەکانی وەکو سوننەت و ڕای هاوەڵان و زمانی عەرەبی، بە ڕاست و چـەپدا لـە ژێر کاریگەری نەفس و حەز و ئارەزووەکانیان جارێك ئایـەتێك تایبـەت دەکـەن کـە گشتییە و جارێکی دیکە ئایەتێکی گشـتی تایبـەت دەکـەن، ئایـەتێك بـۆ بۆنەیـەکی تایبەتە ئەوان لە بابەتی خۆی دەیترازێنن بە مەبەستی خۆیان و ... هتد.

**پشت نەبەستنی سیکۆلارەکان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە ڕاڤەکردنی قورئان و ڕەدکردنەوەی فەرموودە دروستەکان:**

لە وردبوونەوە و تێڕامان لە کتێب و نووسراوی سیکۆلارەکان تایبەت بە ڕاڤەکردنی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان، ئەوەی جێگای سەرنجە و تێبینی دەکرێت بریتییە لە خۆلادانی سیکۆلارەکان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و نەکردنیان بە بەڵگە لە ڕاڤەکانیان بۆ ئایەتەکانی قورئان، بە ئەنجەتی ئەوەی ئەم فەرموودانە ڕاڤەگەلێکی مێژوویین و نەگونجاون لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، بۆ نموونە لە ڕاڤەکردنی وشە قورئانیەکاندا، د. شەحرور ڕاڤەی وشەکانی: (الصور، الساعة، اللوح المحفوظ)ی بە شێوەیەکی هەڵە کردووە کە هیچ کەسێك پێش ئەو بەو شێوەیە نەیکردووە، پشتبەستوو بە چەند بنەمایەکی هەڵەی زمانەوانی کە بە هۆیانەوە دوور و نزیك هیچ پێگە و بەهایەك بۆ ئەو فەرموودانە دانانێت کە ئەو وشانە ڕاڤە دەکەن. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕاڤەی وشەی (الصور)ی کردووە بە: (قرن يُنفخ فيه)[1]، واتە: (کەڕەنایەکە و فووی پیا دەکرێت)، پاشان ڕاڤەی (الساعة)ی کردووە کە فەرموودەکان بە تەواتوری هاتوون لەسەری و بریتییە لە (ڕاوەستانی خەڵك لە خزمەت پەروەردگاردا)، بەڵام د. شەحرور پشتی لە هەموو ئەو فەرموودانە کردووە و هەریەکە لە وشەی (النفخ في الصور) و (قيام الساعة)ی بە (ململانێی ڕا دژەکانی مارکسی) لێکداوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئینکاری بوونی (عەرش) و (لوح المحفوظ) دەکات کە بوونیان بە قورئان و سوننەت چەسپاوە[2]. هەروەك ئینکاری بوونی بەهەشت و دۆزەخ دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە شەوی ئیسرا و میعراجدا هەردووکیانی بینیوە.

---

[1] أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٥/ ١٤٦).

[2] نقد الخطاب الديني (٢٠٥).

هەر لەسەر هەمان ڕێچکە و بیروباوەڕی د. شەحرور، د. نەصر حامید ئەبو زەید ئینکاری زۆرێك لەو ڕاستیانەی کردووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە فەرموودە دروستەکانی ڕاڤەی کردوون، وەکو: بوونی جنۆکە، شەیتانەکان، جادوو و حەسوودی[1]. سەبارەت بە قورئانی پیرۆزیش، د. نەصر ئەبو زەید ئینکاری ئەو ڕاستیە سەلمێنراوە ئەکات کە قورئان لە (لوح المحفوظ)دا بوونی نییە و بە بیروباوەڕێکی بێ بنەما و پڕوپووچ ناوزەدی دەکات[2].

سەرەڕای گوێنەدانی بە چەندین بەڵگەی دروست لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ئاوڕلێنەدانەوەیان، د. شەحرور دان نانێت بەوەی کە لەم ڕا و بۆچوونەیدا بە پێچەوانەی ئەو ڕێسا پەیڕەولێکراوانەی کە لە زانستی تەفسیردایە مامەڵەی کردووە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەم هەڵوێستەیدا پێشبینییەکی هەیە کە ئەوەش بۆچوونی زانای زمانەوان (ابن فارس)ە. هەر لە سەرەتای کتێبەکەیەوە ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە پابەندە بە پرۆگرامێکی زمانەوانی دیاریکراوەوە، ناوی چوار زانای شارەزا لە زمان هێناوە و بڕوای وایە کە ئەم چوار زانایە جێگای پشتپێبەستنن و سەرچاوەکانی لەم بابەتەدا کتێبی ئەو زانایانەن، پاش گەڕانەوە بۆ ئەو ڕایانەی کە بانگەشەیان بۆ دەکات و بەراوردکردنیان بە ڕای زانایان، ئەو ڕاستییە بەدەرکەوت کە هەموو بانگەشەکانی درۆ بوون، هەریەك لە زانای گەورە (ابن فارس) و زاناکانی دیکە بەرین لە تۆمەتەکانی[3].

---

[1] نقد الخطاب الديني (٢٠٥– ٢٠٧).

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] الكتاب والقرآن قراءة معاصرة (٢٣٦– ٢٣٧).

**ڕاڤەی ئایەتەکان**

لەو ڕاڤانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی کردووە، ڕاڤەی ئایەتی: ﴿غير المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ﴾ (الفاتحة: ٧)، کە مەبەست بە (المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ) جوولەکە و گاورن، سەرەڕای دروستی ئەم ڕاڤەیە بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بەڵام سیکۆلارەکان بەرپەرچی ئەم ڕاڤەیە دەدەنەوە، جارێك بە بیانووی نەگونجانی لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتمانی و جارێك لەبەر دژایەتیکردنی لەگەڵ بیرۆکەی یەکێتی ئایینەکان.

(أحمد المعطي حجازی) دەڵێت: "ئێمە دەزانین کە دەقە کۆنەکان تەنها وابەستەی کۆمەڵگا دێرینەکان نین، بەڵکو یاساکانی حوکم و پێگەی ئافرەت و مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی و پەیوەندی ئایین بە دەسەڵاتەوە لەم دەقانەدا تەنها بریتین لە گوزارشتکردن لە واقیعێکی دێرین کە ئێستا بوونی نییە و پێویستیشمان پێیان نییە. کاتێك هەندێ لە ڕاڤەکاران پێیان وایە کە (المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ) لە سوورەتی (الفاتحة)دا خاوەن ئایینەکانی دیکەن، سەردەمەکانیان ڕاڤەکردووە و گوزارشتیان لە ململانێکانی کردووە زیاتر لەوەی کە ڕاڤەی قورئان بکەن، بۆیە ئەوەی کە ئەرکە لەسەرمان پێداچوونەوەیە بەم ڕاڤەیەدا و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دۆخە نوێیەی کە تیایدا دەژین"[1].

(د. أحمد جمال أبو المجد) دەڵێت: "ئەو کەسانەی کە زیادەڕەوی و پێداگری دەکەن لەسەر جیاکردنەوەی ڕەها و گشتگیری ئیسلام و مسوڵمانان، بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز بێ بەڵگە و دەمکوتکراون، کە وەسفی پێغەمبەرانی پێش پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر) دەکات بە ئیسلام: ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا﴾ (آل عمران: ٦٧). هەروەها دەمکوتکراون بەو

[1] وەرگیراوە لە بابەتێکی ڕۆژنامەی (ئەهرام) لە بەرواری ١٣/ ٢/ ٢٠٠٢ز.

ڕاســتییەی کــە بریتییــە لــە یــەکێتی مرۆڤایــەتی و سەرچــاوەی هــەموو ئایینــە ئاسمانییەکان کە هەموویان یەك سەرچاوەیان هەیە".

دکتۆر محەمەد عیمارە ـ پێش گەڕانەوەی لە بیر و باوەڕی سیکۆلاری ـ ڕای بـەو شێوەیە بووە کە دابەشکردنی خـەڵکی بـۆ (بـاوەڕدار) و (بێبـاوەڕ) قەبوڵنـەکراوە، چـونکە ئـەو دابەشـکردنە پەیوەسـتە لـە چـەرخەکانی ناوەڕاسـت و سـەردەمی تـاریکی[1]. پاشـان دەڵێـت: "هـەر یـەکێك لـە ئـەهلی کیتـاب لـە شـوێنکەوتووانی شــەریعەتی پێغەمبــەران لــە هەڵوێســتەکردنیان لــە باوەڕهێنــان بــە پــەیامی پێغەمبەرانیان و باوەڕنـەکردنیان بـە پێغەمبـەری ئیسـلام (دروودی خـوای لەسـەر) سەرەڕای یەکتاپەرستی و بەندایەتیکردنیان، ئەم هەڵوێستەیان لە چوارچێوەی یەك ئاییندا نایانکاتە دەرەوە، ئەم هەڵوێستەیان بریتیە لە (لادانیان)، چـونکە جیـاوازی لە نێوان باوەڕبوون بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هەموو پێغەمبەران و لـە نێوان ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە پێغەمبەرێتی محەمەد (دروودی خوای لەسـەر) و پەیامەکەی نییە با یەکتاپەرست و خاوەن بەندایـەتی بـن، وێنـای جیـاوازیی نێـوان باوەڕی باوەڕدارێکی بێ خەوش لە داهێنان و باوەڕی ئەو کەسـەی کـە باوەڕەکـەی داهێنانی تێکەڵ بووە دەکات"[2].

**وەڵامی ئەم ڕاو بۆچوونە:**

**یەکـەم:** ئـەم ڕاڤەیـەی کـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) کردوویـەتی بـۆ (المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ) کە بریتین لە جوولەکە و گاور فەرموودەیەکی ڕاسـت و دروسـتە، عـەدی کـوڕی حاتــەم بـە مـەرفوعی گێڕاویەتیـەوە: "فـإن اليهـود هـم المغضوب عليهم، وإن النصارى ضلاّل"[3]. هەروەك ئەو، ڕای ئەوان ـ سـیکۆلارەکان

[1] تيارات اليقظة الإسلامية (٨٠).

[2] الإسلام والوحدة الوطنية (٥٠).

[3] أخرجه الترمذي في كتاب التفسير، باب: سورة الفاتحة (٥/ ٢٠٣)، حديث رقم (٢٩٥٣، ٢٩٥٤).

ـ پێچەوانەی ئەو ڕایەن کە تەواوی زانا باوەڕپێکراوەکان مکوڕن لەسەری، ئەویش بە هەندوەرگرتنی ڕاڤەکردنی قورئانە بە سوننەت، کە گرنگترین سەرچاوەی ڕاڤەی قورئانە لە پاش قورئانی پیرۆز، چونکە ڕاڤەی قورئان لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە لە پێناویدا پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) بۆ نێردراوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ (النحل: ٤٤). لە یاسایەکی تەفسیریشدا هاتووە: (إذا عرف التفسير من جهة النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فلا حاجة إلى قول من بعده)[1].

**دووەم:** بانگەشەی سیکۆلارەکان کە دەڵێن: تێگەیشتنە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە بڵاوەکان لەم سەردەمەدا بە جۆرێك گەشەیان کردووە کە ناتوانرێت وشەی (مسوڵمان) تەنها بە مسوڵمانان و شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام بوترێت و شوێنکەوتووانی خاوەن نامەکانی دیکەی لێ بکرێتە دەرەوە، چونکە ئەم هەڵوێستە پەرتەوازەییە و هەڕەشە لە یەکێتی نیشتمانی و سەقامگیری دەکات، پێچەوانەیە لەگەڵ چەمکە نوێکانی یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ! ! ئەم بانگەشەیە لە چەندین ڕووەوە پوچ و بێ بنەمایە، لەوانە:

١ـ پێشکەوتن و گەشەکردن لە شەریعەتدا بریتییە لە: خوێندنەوە بۆ ئەو دۆخ و پێشهاتانە کە بتوانرێت لەژێر یاسایەکی بەڵگەدار لە قورئاندا جێگای بکرێتەوە: ئەم گوتەیە بە هیچ جۆرێك لە ژێر چەمکی پێشکەوتندا خۆی نابینێتەوە، چونکە مسوڵمان و جوولەکە و گاور لەو پێشهاتانە نین کە پێویست بە بڕیاردان لەسەریان بکرێت زیاتر لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی دۆخ و باریان. تێگەیشتنی بیروباوەڕی بۆ وشەی (أهل الكتاب) ئاشکرا و زانراوە و هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بڕیاری لەسەر دراوە بەبێ ئەملاولا و خاترگرتنی کەس، قورئان بە ڕاشکاوانە دەفەرمووێت:

---

[1] الإيمان الكبير، ابن تيمية (٢٧١)، الفتاوى (٧/ ٢٨٦)، (١٣/ ٢٧)، فصول في أصول التفسير (٨٨)، وەرگیراو لە: قواعد التفسير (١/ ١٤٩).

﴿لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ﴾ (المائدة: ٧٣). بەڵکو هەر کەسێك گومانی لە کوفری کافر هەبێت ئەویش کافرە، کەسێك کە گومانی هەبێت لە کوفری کەسێك کە خوا بە کافر ناوی بردووە و بانگەشەی جێگیرکردنی ناوی (مسوڵمان)ی بۆ بکات ئەوە بیروباوەڕێکی ناپەسەندە و هەڕەشە لە باوەڕی باوەڕدار دەکات.

گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بە (أهل الکتاب)ەوە، لە چوارچێوەی ئـەو گۆڕانکاریانەیە کە بریتییە لە حوکمکردن بە یاساگەلێکی دەستکرد جگـە لـەو یاسـا شیرینەی کە خـوا ناردوویەتیـە خـوارەوە، ئەمـەش لـە چوارچـێوەی گەشـەکردن و پەرەپێداندا نییە هەروەك بانگەشەی بۆ دەکەن، گۆڕانکاریی لە یاسادا دروست نییە مەگەر یاسادانەر (المشرع) بڕیاری لەسەر بدات. لە کۆتایی سوورەتی (المائـدة) کـە لێوانلێوە لە یاسای تایبـەت بـە ئـەهلی کیتـاب و هـیچ یـەکێك لـەو یاسـایانە نەسـخ نەبوونەتەوە و تایبەتیش نەکراون، هەروەك ئـەو یاسـایانەی کـە تایبـەتن بـە (أهـل الکتاب)، هاوەڵان و هەر چوار خەلیفەی ڕاشیدین لە دوای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کاریان پێکردووە، ئیتر چ شتێکی نوێ پەیدابووە کە بخرێتە سـەر چـەمکی مسوڵمان و جوولەکە و گاور کە پێویسـت بـە لێکۆڵینـەوە و دەرکردنـی یاسا بکـات لەسەری؟

٢ـ کۆبوونەوەی جوولەکە و گاور و مسوڵمان لە یەك شاردا، بابەتێکی زینـدووە و مسوڵمانان لە کۆچی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) لە مەککەوە بۆ مەدینـە دۆخێك بـووە کـە تیایـدا ژیـاون و زۆر ئاسـایی بـووە، هـیچ کاتێـك سـەلامەتی ئـەو دەوڵەتە نوێیە و یەکێتی نیشتمانی لابردنی جیاوازیی ئایینەکان ناخوازێت.

٣ـــ جیاکردنـــەوەی (أهـــل الکتـــاب) و دڵنیـــابوون لـــە کوفریـــان، بـــە دڵ خۆشنەویستنیان، بەو واتایە نییە کە خراپ مامەڵەیان لەگـەڵ بکرێـت و لـە شـوێنی خۆیان سوکایەتیان پێ بکرێت و ڕاو بنرێن، هەروەك چۆن لە هـەر جیاکاریەکدا کـە

بەهۆی جیاوازیی لە ڕەنگ و ڕەگەز لە هەر شار و وڵاتێکدا ڕوودەدات، بەڵکو مافیان لەسەر ئیسلام هەیە، لەو مافانە:

١ـ پاراستنیان لە دەستدرێژیی دەرەکی.

٢ـ پاراستنیان لە ستەمی ناوخۆیی.

٣ـ قەدەغەی بردن و دەستدرێژیی لەسەر ماڵ و ناموسیان.

٤ـ ئازادی پێدانیان لە باوەڕبوون بە هەر ئایینێك.

٥ـ ئازادی کار و کەسابەت.

٦ـ یەکسانی لە مامەڵەی دارایی.

٧ـ ئازادی ڕۆشتن و مانەوە لە (دارالإسلام)دا[١].

## نەبوونی بەرنامە لە ڕاڤەکردنی قورئان بە سوننەت:

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕاڤەی سیکۆلارەکان بۆ قورئانی پیرۆز، ئەو ڕاستیە بەرچاو دەکەوێت کە پشتبەستنیان بە فەرموودە بۆ ڕاڤەی قورئان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، سەرەڕای بێ ئاگاییان لە ڕاڤەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بۆ ئایەتەکان، ئەمەش دەگەڕێنینەوە بۆ بڕیاردانیان لەسەر فەرموودەکان کە ڕاڤەگەلێکی مێژوویین. هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد، لەسەر ڕا و بۆچوونیان ئەو فەرموودانە گونجاو نین لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، ئەمەش دیارترین بناغەی کاریانە لە بەرامبەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بابەتی ڕاڤەکردنی قورئاندا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، هەندێ جار بە مەبەستی سەرخستنی ئامانجەکانیان لەم بیروبۆچوونەی خۆیان لە بەرامبەر فەرموودە لا دەدەن و هەندێ لە فەرموودەکان دەکەنە پاڵپشتی بۆچوونەکانیان[٢].

---

[١] حقوق الذميين في الشريعة (٣١).

[٢] التيار العلماني الحديث (٣٥٣).

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) ڕاڤەی (السبع المثاني) کردووە و فەرموویەتی بریتیە لە سوورەتی (الفاتحة) کە لە فەرموودەیەکی دروستدا هاتووە. (أبو سعيد المعلى) دەفەرموویت: (كُنْتُ أُصَلِّي فِي المَسْجِدِ، فَدَعَانِي رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فَلَمْ أُجِبْهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي كُنْتُ أُصَلِّي، فَقَالَ: "أَلَمْ يَقُلِ اللَّهُ: ﴿اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ (الأنفال: ٢٤)". ثُمَّ قَالَ لِي: "لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هِيَ أَعْظَمُ السُّوَرِ فِي القُرْآنِ، قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ مِنَ المَسْجِدِ"، ثُمَّ أَخَذَ بِيَدِي، فَلَمَّا أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ، قُلْتُ لَهُ: أَلَمْ تَقُلْ لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هِيَ أَعْظَمُ سُورَةٍ فِي القُرْآنِ؟، قَالَ: "(الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ) هِيَ السَّبْعُ المَثَانِي، وَالقُرْآنُ العَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ"[1]. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم بەڵگە دروستەشدا کەسێکی وەکو د. شەحرور بەبێ هیچ بەڵگەیەکی ڕوون ئەم ڕاڤەیە ڕەد دەکاتەوە و ڕاڤەیەکی نوێ بۆ (السبع المثاني) دەهێنێت و بە شێوەیەکی هەڵە و نادروست فەرموودەیەکی دیکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکاتە بەڵگە و دەڵێت: "لە کتێبی (مقاييس اللغة)دا هاتووە کە: (پیتەکانی ثاء، نون، ياء) یەك بناغە و بنچینەیان هەیە، ئەویش بریتیە لە دووبارەکردنەوەی هەر شتێك، یاخود بکرێتە دوو شتی یەك لە دوای یەکی جیاواز، هەروەك هاتووە: (مثناه) بریتیە لە: قەراغی لەغاوی ناودەمی وڵاغ، هەرشتێك کە بکرێتە دووان لە قەراغەکانیەوە دەکرێت، کەواتە (مثان)یش بریتیە لە قەراغەکان، کەواتە هەموو سوورەتێك (مثناه)ێکی هەیە، واتە: قەراغێك، واتای (المثاني) بریتیە لە (قەراغی سوورەتەکان) کە لە هەمان کاتدا دەستپێکی سوورەتەکانیش. ئا لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (خلاف الأولى)یە ناونانی (الفاتحة) بە (سبع المثاني)، چونکە (الفاتحة) حەوت ئایەتە لە یەك (دەست پێکدا) کە ئەویش بریتیە لە دەستپێکی قورئان، بەڵام (السبع المثاني) بریتیە لە حەوت ئایەت هەر یەکێك لەو حەوت ئایەتە دەستپێکێکە، واتە: حەوت ئایەتە لە هەمان

---

[1] رواه البخاري في كتاب التفسير، باب ما جاء في أم الكتاب، رقم (٤١١٤).

کاتیشدا حەوت دەستپێکە، سەرەنجام تەنها یەك گریمانە ماوە، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە قورئان تەنها یەك دانەیە، بەو پێیەش کە پێکهاتووە لە (١١٤) سورەت، وا پێویست دەکات کە (السبع المثاني) بریتی بێت لە حەوت دەستپێك بۆ سورەتەکان، هەر یەکێك لەوانە لە خودی خۆیدا ئایەتێکی جودایە، ئەگەر لە سەرەتای سورەتەکان ڕا بمێنین، ئەوا (السبع المثاني) تیا بەدی دەکەین، کە ئەوانیش بریتین لە: ١ـ (الم)، ٢ـ (المص)، ٣ـ (کهیعص)، ٤ـ (یس)، ٥ـ (طه)، ٦ـ (طسم)، ٧ـ (حم). ئەگەر کەسێك پرسیار بکات و بڵێت: (الر)، (المر)، (طس)، (ن)، (ق)، (ص) بریتین لە چی؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەمانە هەموویان چەند پیتێکن هەر یەکێك لەو پیتانە بەشێکن لە ئایەتێك، بە تەنها ئایەتێکی جودای تەواو نییە لە خودی خۆیدا، یەکەم ئایەت لە سورەتی (نون) بریتییە لە: ﴿ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ﴾، بەڵام ئایەتی یەکەم لە سورەتی (البقرة) بریتییە لە: (الم)، وە (عسق) بریتی نییە لە دەستپێکی سورەتێك، لەبەرئەوەی ئایەتی دووەمە لە سورەتی (الشوری)، یەکەم ئایەت بریتیە لە (حم). ئەگەر سەیری ژمارەی پیتەکان بکەین (دەنگە) هەبووەکان لەو حەوت ئایەتەی کە باسمان کردن، دەبینین پێکهاتوون لە (یازدە پیت) ـ دەنگ ـ، بەم شێوەیە: ١ـ ئەلیف، ٢ـ لام، ٣ـ میم، ٤ـ صاد، ٥ـ کاف، ٦ـ هاء، ٧ـ یاء، ٨ـ عەین، ٩ـ سین، ١٠ـ طاء، ١١ـ حاء. ئەگەر پیتەکانی دیکە وەربگرین ـ دەنگەکان ـ کە لە (الر) و (المر) و (طس) و (عسق) و (ن) و (ق) و (ص) هەن، کە سەرجەمیان لە خودی خۆیاندا وەکو سەرەتا ئایەتێکی جودا نین، تەنها یەك ئایەتی تێدایە کە وەکو سەرەتا نییە ئەویش بریتیە لە (عسق)، دەبینین سێ پیتی ـ دەنگی ـ تێدایە، کە لە حەوت ئایەتەکەی دەستپێکدا نین، ئەوانیش بریتین لە: ١ـ قاف، ٢ـ راء، ٣ـ نون.

لەم بنچینانەوە وشەی بنچینانەوە وشەی (قورئان) پێك دێت، چونکە وشەی قورئان لە (قرأ) وەرگیراوە، واتا (ق ر أ) بە واتای (کۆ)یە، هەروەك لە کتێبی

(المقاييس)دا هاتووه، هەروەها واتـای (ق ر ن)، کەواتـە وشـەی (قـراءة) کۆیـە کـە بـەراوردکاری و (إسـتقرائ)ی تێدایـە، ئەگـەر ئـەو سـێ پیتـە بخەینـە سـەر حـەوت دەستپێکەکە یازدە پیتەکە دەگرێتەوە، ئەوا هەمووی دەکاتە چواردە پیتی جیاواز، واتـە ٧ × ٢، ئەمـەش دووبـارە بریتیـە لـە (السـبع المثـاني). کەواتـە مەبەسـت بـە (جوامع الكلم) چییە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسـەر) فەرموویـەتی: "أعطیـت جوامـع الكلـم" (واختصـر لـي بكـلام اختصـارا)، کـە مەبەسـت لـەم دوو ڕسـتەیە ڕەوانبێژی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەدەردەخات.

دکتۆر شەحرور، دەڵێت: ڕستە لـە زمـانی عەرەبیـدا واتـە (دەنگـەکان)، هـەموو ڕستەکانی خـەڵکی بریتیـە لـە (دەنگـەکان). گەشـەکردنی زمانـەکانیش بریتیـە لـە گەشەکردنی دەنگیی، (السبع المثاني)یش تەنها بریتیە لە پیتەکان، کام دەنگە کـە بریتیە لـە (جوامـع الكلـم) کـە بریتیـە لـە (کورتکردنـەوەی وشـە و ڕسـتە)، ئەگـەر مەبەسـت بـە (جوامـع الكلـم) ڕەوانبێـژی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بێـت هەروەك هەندێکیان دەڵێن: (ئەوا ئێمە بـە دڵنیاییـەوە ئـەوەی لـێ وەردەگـرین کـە قورئان ڕەوانبێژی محەمەدە)، پێویستە بزانین کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەسەر ڕەوانبێژی خۆی مرۆڤ بووە، ڕەوانبێژیەکەی لەناو مرۆڤەکاندا ڕەوانبێژیـەکی جیاواز بووە جگە لەوەی خەڵکی بەم ڕەوانبێژیە ئاشنابوون، کاتێك ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ڕەوانبێژیەکەی پێش خەڵکی کەوتووە، ئەوا ڕێگە والا دەکەین بۆ تۆمەتبارێك کە وادەزانێت کـە قورئـان دانـراوی پێغەمبەرە، ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ﴾ (الكهف: ١١٠)[1].

**وەڵام:** لــەم بابەتــەدا د. شــەحرور کەوتووەتــە چــەندین هەڵــەی زمانــەوانی و بیروباوەڕی و بەرنامەییەوە:

---

[1] الكتاب والقرآن، محمد شحرور (٦٢).

**یەکەم: هەڵە زمانەوانیەکانی:**

١ـ بڕوای وایە کە (مثاني) بریتیە لە ئەمسەراوسەر، هەموو سورەتێکیش (مثناە) هەیە واتە ئەمسەراوسەر، بەڕای ئەو بێت دەبێت (المثاني) ئەمسەراوسەری سورەت بێـت، ئەمـەش هەڵـەی زمانەوانییـە، چـونکە هـەر شـتێك دووبـارە بێتـەوە نابێتـە ئەمسەراوسـەری ئـەو شـتە. دووانیـەتی بـە ڕەچـاوکردنی ژمارەیـە، یـان دووبارەبوونەوەیەك کـە لـە خـودی ژمارەکـەدا هەیـە، یـان هـەردووکیان پێکـەوەن، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ثَانِيَ اثْنَيْنِ﴾ (التوبة: ٤٠)، یان دەفەرمووێت: ﴿مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾ (النساء: ٣). دەوترێت: (ثنیته): واتە من بووم بە دووەمی ئەو شتە. (الثني): بە شتێك دەوترێت کە دووبارە بێتەوە، هەروەك پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسەر) دەفەرمووێت: "لا ثِنى في الصدقة"[1]، واتە: (لـە سـاڵێکدا دووجـار زەکـاتی تێدا وەرناگیرێت). شتیش لەسەر خـودی خـۆی دووبـارە دەبێتـەوە، هـەروەك خـوا دەفەرمووێت: ﴿يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ﴾ (هود: ٥)[2].

٢ـ د. شەحرور بڕوای وایە کە (مثاني) کۆی (مثناە)یە، بۆ ئـەوەی بیسـەلمێنێت کە بریتیە لە ئەمسەراوسەر، ئەمەش هەڵەیـەکی دیکەیـەتی، چـونکە تـاك (مفـرد)ی (مثـاني) بریتیـە لـە (مثنـى) نـەوەك (مثنـاە) بـە بەڵگـەی ئـەو فەرموودەیـەی کـە دەفەرمووێت: "صلاة الليل مثنى مثنى"[3]، واتە: (شەونوێژ دوو دووە).

٣ـ د. شـەحرور بـە پێچـەوانەی ڕای خۆیـەوە بڕیـار دەدات، کاتێـك کـە دەڵێـت: (مثـاني) بریتیـە لـە: ئەمسەراوسـەر، (أطـراف)یـش کۆیـە، وا دەخوازێـت کـە هـەر سـورەتێك دوو ئەمسەراوسـەری هـەبێت، بـۆ ئـەوەی هـەر سـەرێك دووبـارە بێتـەوە بەسەر لایەکەی (سەرەکەی) تردا، پاشان دەڵێت: "المثاني: إذًا أطراف السور، أي:

---

[1] أخرجه أبو عبيد في غريب الحديث (١/ ٩٨)، وابن الأثير في النهاية (١/ ٢٤٤)، والفائق (١/ ١٥٨).

[2] المفردات للراغب الأصفهاني (٨٣).

[3] رواه البخاري في صحيحه، باب ما جاء في الوتر، رقم (٩٩٠).

فواتحهـــا" واتـــه: (مثـــاني: بريتيـــه لـــه ئەمسەراوســـەری ســـورەتەکان، واتـــه: دەستپێکەکانی)، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی دیکەیەتی.

٤ـ د. شەحرور بڕوای وایە کە ڕستە بریتیە لە دەنگەکان، ئەم ڕایەش هیچ یەکێك لە شارەزایانی ڕێزمانی عەرەبی قەبوڵی ناکەن، چونکە لە ڕێزمانی عەرەبیـدا وانـەی سەرەتا کـە فێرخـواز دەیخوێنێـت، کەلامـە، کـەلامیش ـ ڕسـتە ـ پێناسـەکەی بـەو جۆرەیە: (هو القول المفيد المعني) واتە: هەڵگری واتایەکی سەربەخۆ بێت، ئـەوەتا زانای گەورە ئیبن مالیك لە ئەلفیەکەیدا دەڵێت:

كلامنا لفظ مفيد كاستقم          واسم وفعل ثم حرف الكلم[1]

**دووەم: هەڵەی بەرنامەیی:** هەڵەی بەرنامـەیی سـیکۆلارەکان لـە بابـەتی پشـت نەبەستن بە فەرموودە لە ڕاڤەکانیان بۆ ئایەتەکانی قورئان لە چوار خاڵدا دەخەینـە ڕوو:

١ـ کاراکردنی ئاوەز (عەقڵ) لە کارە غەیبیەکاندا، کـارە غەیبییـەکان لـەو بوارانـە نین کە مەنهەجی ئاوەزییان بەسەردا جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەم کارە غەیبیانە لە دەرەوەی ســنووری ئــاوەزن و تــەنها لــە ڕێگــای (نقـل)ەوە دەناســرێن. کەســی باوەڕداریش بۆ ئەوەی پێی بوترێت باوەڕدار مەرجە کە باوەڕی پێیـان هـەبێت. لـە فەرموودەیەکدا کە پێشەوا بوخاری گێڕاویەتیەوە لـە (أبـو سـعيد المعلـي) دەڵێـت: كُنْتُ أُصَلِّي فِي المَسْجِدِ، فَـدَعَانِي رَسُـولُ اللَّـهِ ـ صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ـ فَلَـمْ أُجِبْـهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي كُنْتُ أُصَلِّي، فَقَالَ: "أَلَمْ يَقُلِ اللَّهُ: ﴿اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾"، ثُمَّ قَالَ لِي: "لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هِيَ أَعْظَمُ السُّـوَرِ فِـي القُـرْآنِ، قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ مِنَ المَسْجِدِ"، ثُمَّ أَخَذَ بِيَدِي، فَلَمَّـا أَرَادَ أَنْ يَخْـرُجَ، قُلْـتُ لَـهُ: أَلَـمْ تَقُـلْ لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هِيَ أَعْظَمُ سُورَةٍ فِي القُرْآنِ؟ قَالَ: (الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ) هِـيَ السَّـبْعُ

[1] شرح ابن عقيل (١/ ١٣).

المَثَانِي، وَالقُرْآنُ العَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ"[1]، واته: (من له نوێژدا بووم پێغەمبەری خـوا (دروودی خوای لەسەر) بانگی کردم منیش وەڵامم نەدایەوە، پاشان وتم: بەڵێ ئـەی پێغەمبەری خوا من نوێژم دەکرد، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فـەرمووی: ئەی خوا نافەرمووێت: (اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ). پاشـان پێـی فەرمووم: پـێش ئـەوەی لـە مزگـەوت بڕۆیتـە دەرەوە سـورەتێکت فێـر دەکـەم کـە گەورەترین سورەتی قورئانە. پاشان دەستی گرتم، کاتێك کـە ویسـتی لـە مزگـەوت بڕواتە دەرەوە عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئەی نەتفەرموو: سـورەتێکت فێـر دەکـەم کـە گـەورەترین سـورەتی قورئانـە؟ پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) فەرمووی: (الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ ....) ئەو سورەتە (سبع المثاني)یە و ئەو قورئانە گەورەیە کە وەرمگرتووە).

٢ـ دژیەکبوونی ڕوون لە بەرنامەیانـدا هەیـە ـ مەبەسـتم بـێ بەرنامەییانـە ـ ئـیتر چۆن دەتوانن وەڵامی ئەو فەرموودە دروستانە بدەنەوە کە واتای (السـبع المثـاني) دەکەن کە بریتیە لـە (الفاتحـة)! پاشـان ڕاڤەیـەکی دیکـەی نـوێ دێنێتـە پێشـەوە لەسەر بناغەی فەرموودەیەکی تر کە دەفەرمووێت: "أعطيت جوامع الكلم واختصـر لـي الكـلام اختصـارًا"[2]. کەواتـە جیـاوازی چییە لـە نێـوان فـەرموودەی یەکـەم و دووەم، ئیتر شێوازی ڕەدکردنەوەی فەرموودەیەك و بە بەڵگەکردنی فەرموودەیەکی دیکە چییە کە هەردووکیان دوو فەرموودەی دروستن و خـاڵی هاوبەشـیان ڕاسـتی و دروستیە؟!

[1] رواه البخاري في كتاب التفسير، باب ما جاء في أم الكتاب، رقم (٤١١٤).

[2] رواه العسكري في الأمثال عن جعفر بن محمد عن أبيه مرسلًا بهذا اللفظ، لكن في سنده مـن لم يعـرف، ورواه الديلمي بلا سند عن ابن عباس رفعه بلفظ: أعطيت جوامع الكلام واختصـر الكـلام اختصـارًا، ورواه الشيخان لكن بلفظ بـ(جوامع الكلم)، بڕوانە: صحيح البخاري، باب المفاتيح في اليد (٩/ ٣٦)، رقـم الحـديث (٦٦١١)، وفي خبر أحمد (أوتيت فواتح الكلم وخواتمه وجوامعه).

٣ـ پێشخستنی ئاوەز بە سەر نەقڵدا: پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) ڕاسپێردراوە بە ڕوونکردنەوەی قورئان، ئیتر وشەی هیچ کەسێك لە دوای وتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نابێتە بەڵگە و بە درۆخستنەوەی هەر هەواڵێکیش کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕایگەیاندووە، بە درۆخستنەوەی هەواڵەکانی دیکەیەتی و بەرپەرچدانەوەی بێگوناهی (عصمة)ی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، کە بە سرووش جێگیر بووە.

٤ـ هۆکاری ناوهێنانی سورەتی (الفاتحة) بە (السبع المثاني) بریتیە لەوەی کە حەوت ئایەتە و دووبارە دەبێتەوە، واتە لە هەموو نوێژێکدا دووبارە دەبێتەوە، چونکە هەر نوێژێك کە لە دوو رکات کەمتر نییە، یان نیوەی نزایە و نیوەکەی دیکەی ستایشە، بەڵام ئەوەی کە د. شەحرور دەیڵێت هیچ واتایەکی (تثنية)ی تێدا نییە، ئەو ڕاڤەکانی خۆی ڕانواندووە بۆ ئەو دەرەنجامانەی کە دووبارە نین و ئایەتێکی تەواو پێکدەهێنن، سەرەڕای ئەوەی بۆی ڕوون نەکردووینەتەوە، مەرجی بوون بە ئایەتێکی تەواوی چییە و چ شتێکە ڕێگرە لەبەردەمیدا کە لە یەك کاتدا سەرێکی، یان بەشێکی ئایەتەکە بێت؟ پاشان دەڵێت حەوت ئایەتە و ڕاڤەی نەکردووە چۆن بووەتە دووان؟ یاخود ڕوونی نەکردووەتەوە هۆکاری ناونانی بە (مثاني) چییە؟ بۆ دەربازبوون لەم تەنگژە چاوەڕوانکراوەی سەراپای شیکردنەوە زمانەوانیەکانی ڕووخاندووە و دەستبەرداری ئەو بەرنامە زمانەوانیەی خۆی بووە، هەروەك دەڵێت: "هەموویان سەرجەم دەبنە (١٤) دەنگی جیاواز، واتە ٧ × ٢، بە مانای ئەوە کە لە دەوری مانای وشەی (مثاني) کە دووجار دووبارە بووەتەوە، واتە: دووجار دووبارەبوونەوەی (١٤) کە هەر شتێك دووان بوو شایانی دابەش بوونە، ئەمەش گەوجاندنی ئاوەزی خوێنەرە و دوورکەوتنەوەیە لە زانست".

### سـێیەم: هەڵە زانسـتییەکان:

بۆچوونەکانی د. شەحرور سەبارەت بە (السبع المثاني) بـەوە کۆتـایی دێت کـە ئەو پیتانـە ئـەو دەنگانـەن کـە زمـانی مرۆڤایـەتی لـێ پێکهـاتوون، لـەو ئایەتەشـدا منەتکردنی خوا بەسەر پێغەمبەرەوە دیارە کە لەناو پێغەمبەراندا تـەنها محەمـەدی تایبەتمەندکردووە بە (السبع المثاني)! ئەوەی جێگای سەرنج و پرسـیارە ئەوەیـە، خاڵی منەتکردنی خوا بەسـەر پێغەمبـەرەوە لـە چیدایە؟ کە بناغـەی دەنگـەکانی پێـداوە، لەکاتێکـدا هـەموو ڕەگـەزەکانی سـەر ڕووی زەوی تیایـدا بەشـدارن؟ هۆکارەکەشـی بەشـداربوونی هـەموو خەڵکییـە لـە ئـامێری دەنگـی و گـەروو و ژێ دەنگیـەکان، کـە سـەرەنجام ئـەوە دەبینرێتـەوە کـە هـەموویان لـە دەنگەکانـدا بەشدارن، پاشان هەر گەلێك ناوێکی تایبەت بە خۆیان بەسەر دەنگەکاندا بڕیوە. بۆ نموونە: (سین) لە زمانی عەرەبیدا بە (سین) ناوبراوە، لە ئینگلیزیدا (إس)... هتـد، ئـەم بۆچـوونەی د. شـەحرور ڕێناکـەوێت لەگـەڵ ئـەو منەتـەی کـە لـە ئایەتەکـەدا هاتووە.

## کارکردنی سـیکۆلارەکان بە فەرموودەی لاواز و بە بەڵگەکردنی لە ڕاڤەکردنی قورئان بە سـوننەت:

### چۆنیەتی کارکردنیان بە فەرموودەی لاواز

دکتۆر نەصر ئـەبو زەیـد، ئەسـەرێکی لاوازی هێنـاوە لـە ئـیبن عەبباسـەوە، بـۆ ڕاڤەکردنی ئایەتی: ﴿وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِـهِ﴾ (الرعـد: ١٣)، بـە مەبەسـتی بێنرخکردنـی ئـەو ڕاڤانـەی کـە لـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) و هاوەڵانەوە هاتوون، بە بیانووی ئەوەی دەستگرتن بەو ڕاڤانەوە دەسـتبارگرتنە بـۆ دواکەوتن و بەریەککەوتنی لەگـەڵ زانسـتدا، بـۆ نموونـە دەڵێـت: "ئـەوەی کـە لـەم تەفسیرانەدا هاتووە، گوایە وشەی (الرعد) فریشتەیەکە و هەور بەڕێ دەکات، ئەمـە

ڕاڤەیەکە لە چەند ڕێگایەکەوە گێڕدراوەتەوە"، پاشان باس لـە هەنـدێ لـەو ڕێگـای گێڕانەوانە دەکات، لەوانە: (ما أخرجه أحمد والترمـذي، وصـححه النسـائي عـن ابـن عباس قال: أقبلت اليهود إلى النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فقالوا: أخبرنا عن الرعد وما هو؟ قال: "ملك من ملائكة الله موكَّلٌ بِالسّحاب بيَـده مخـراق مـن نـار يزجـر بـه السحاب يسوقه حيث أمره الله"، قالوا: فمـا هـذا الصـوت نسـمع؟ قـال: "صـوته"، واتە: (جوولەکەکان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وتیان: پێمان بلێ (الرعد) چییە؟ پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمووی: فریشـتەیەکە لـە فریشتەکانی خوا، ڕاسپێردراوە بە هەور، قەمچی ئاگرینی بە دەسـتەوەیە و هـەوری پێ بەڕێ دەکات، بۆ هەر شوێنێك خوا فەرمانی پێ بکات دەیبات. وتیان: ئەی ئەم دەنگـە چـییە کـە دەیبیسـتین؟ فـەرمووی: دەنگەکەیـەتی). پاشـان دەڵێـت: "دەسـتگرتن بـەم ڕاڤـەوە، بـەو مانایـەی کـە تاکـە ڕاڤەیـەکی ڕاسـت بێـت و بگەڕێندرێتەوە بۆ دەسەڵاتی پێشینەکان سەردەکێشێت بـۆ گرێدانـەوەی دەلالـەتی دەق بە ئاسۆی ئاوەز و چوارچێوەی ڕووناکبیریـەوە تایبـەت بـە نـەوەی یەکـەم لـە مسوڵمانان، بەڵام ئەم گرێدانەوەیـە بەتـەواوی دژایـەتی ڕیشـەیی هەیـە لەگـەڵ ئـەو تێگەیشتنە جێگیرە لە ڕووناکبیری، لـەوەی کـە دەلالـەتی دەق سـنووری زەمـان و شوێن تێدەپەڕێنێت و وابەستەی زەمان و شوێن نابێت، تـەنها ڕازیبـوون بـە ڕاڤـەی نەوەی یەکەم بۆ دەق ـ بە کەمتەرخـەمی ڕۆڵـی ڕاڤـەکاری نـوێ لەسـەر گێڕانـەوەی پێشینەکان ـ سەردەکێشێت بۆ سەرەنجامێکی مەترسیدارتر لەوەی پێشوو لە ژیانی کۆمەڵگادا، سەرەنجام یان دەبێت خەڵکی دەستگرتوو بن بەم ڕاڤانـەوە بـەبێ لادان و پاشان بیگەڕێنینەوە بۆ (عەقیدە) و بیروبـاوەڕ، سـەرەنجامی ئەمـەش ڕازیبوونـە بەم (ڕاستییە ئەزەلیانە) بەو پێیەی کە ڕاستیگەلێکی کۆتایین، پاشان وازهێنان لـە مەنهەجی تاقیکاری (التجريب) لەوانەی دیاردە سروشـتی و مرۆییـەکان، ئەمـەش وا دەکات کە (زانست) بگۆڕدرێت بۆ (ئایین)، پاشان (ئایین)یش بگۆڕدرێت بۆ خورافـە

و شتی پڕوپوچ و پاشماوەیەك لە پاشماوەکانی ڕابردوو، هەردوو هەڵوێستەکە لە ئێستای ڕوناکبیریماندا بوونی هەیە و لە دەمەدەمەی (عەلمانی) و (پیاوانی ئایین)دا هەست بە پاشخانەکانی دەکەین"[1].

**وەڵام:**

١ـ د. نەصر حامد بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو فەرموودەیەی لە ئین عەبباسەوە هاتووە ڕاستە، بانگەشەی ئەوەش دەکات کە نەسائی بە ڕاستی زانیوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیە (لاوازە)، پێشەوا تورمزی ژمارە (٣١١٨) گێڕاویەتەوە و دەڵێت: "حسن غريب". پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە بە ژمارە (٢٤٨٣). نەسائی لە (سنن الكبرى، باب عشرة النساء)، ژمارە (٩٠٧٢) لەسەری بێدەنگ بووە و تەصحیحی نەکردووە. بێدەنگبوونی نەسائی نایکاتە فەرموودەیەکی ڕاست، چونکە بێدەنگبوونی نەکردووەتە مەرجی دروستیی فەرموودە.

**هۆکاری لاوازی فەرموودەکە:** هۆکارەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی هەموویان لە ڕێگای عەبدوڵڵای کوڕی وەلید، لە بەکیری کوڕی شیهاب، لە سەعیدی کوڕی جوبەیر، لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاویانەتەوە. دەربارەی بەکیری کوڕی شیهابیش، حافیزی ئیبن حەجەر دەڵێت: "**يقبل حديثه إذا توبع**"، واتە: (ئەگەر کەس شوێنی کەوتبێ فەرموودەی وەرگیراوە)، بەڵام لێرەدا کەس شوێنی نەکەوتووە، بەڵکو لێرەدا تەنها بووە و کەس شوێنی نەکەوتووە، کەواتە فەرموودەکە دەبێتە (مونکەر). هیچ بەڵگەیەکیش بۆ تەصحیحی ئەلبانی لەسەر فەرموودەکە نییە، چونکە ئەلبانی ئاوڕی لەم تاکبوونەی نەداوەتەوە و هیچ ڕێگایەکی دیکەشی بۆ فەرموودەکە نەهێناوە جگە لەم ڕێگایە[2].

---

[1] مفهوم النص (٢٢٢).

[2] السلسلة الصحيحة للألباني، رقم (١٧).

٢ـ بوونی فەرموودەیەك كە لە ڕاستێتی و واتاكەیدا ڕاجیایی هەبێت، لە ناو سەدان فەرموودەی دروست لە وشە و واتادا، ناكرێتە پاساوی زانستی و بابەتیی بۆ بەرزكردنەوەی متمانە لەسەر ئەم سەرچاوە گرنگە لە سەرچاوەكانی ڕاڤەی قورئان، ئەمە لە ڕووی زانستییەوە، لە ڕووی (عەقیدەیشەوە) ناوزەدكردنی فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە شتی پڕوپوچ، تەنها و تەنها گاڵتە پێكردن و بە ناڕاست زانینی ئایەتی قورئانە ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى﴾ (النجم: ٣) كە لە بناغەدا تەواو پێچەوانەی عەقیدەیە.

## تانەدان لە فەرموودەی ڕاست و ناوزەدكردنی بە دژبوون لەگەڵ قورئاندا

دكتۆر شەحرور هێرش دەكاتە سەر فیقهی ئیسلامی، ئەو فیقهەی كە شەحرور فەقیهەكانی ناناسێت و بە تیۆری سنووردراكردن ناوزەدی دەكات، پاشان كەوتۆتە هەڵەی زۆر ئاشكراوە ـ بە گومانی خۆی ـ فیقهی ئیسلامی سوكایەتی بە ژنان دەكات و لە پێگەیان كەم دەكاتەوە، هەروەك دەڵێت: "پیاو لە كۆمەڵگادا دەسەڵاتدار و زاڵە، ئیتر لێرەوە ڕاستیەكان ڕوون دەبنەوە كە ئیسلام تەنها بۆ پیاو هاتووە و ژن فیتنە و تاقیكاری پیاوانە، هەربۆیە دەبێت لەبەردەمیدا خۆی دابپۆشێت، هەربۆیە لە ئیسلامدا نەوتراوە پیاو فیتنە و تاقیكاری ژنانە دەبێت پیاو لەبەردەم ژندا خۆی دابپۆشێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پەیوەندیەكی هاوتەریب لە نێوان پیاو و ژندا هاتووە بە گوزارشتێكی زۆر ناوازە، كە دەڵێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ (البقرة: ١٨٧)، زیاتر لەمەش بەو پێیەی كە پیاوان پێویستیان بە ئافرەتان هەیە لە ژیانی دونیادا لە پێناو خزمەتكاری ناوماڵ و جووتبوون، هەربۆیە لەسەر ئافرەتانە كە بە تەواوی گوێڕایەڵی پیاوان بن، پشت بەستوو بە چەند فەرموودەیەك لەوانە:

١ـ "لو كنت آمرًا أحدًا أن يسجد لأحد لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها" (رواه ابن حبان (٩/ ٤٧٩)، رقم الحديث (٤١٧)، قال شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن). واتـه: (ئەگەر بگونجایە و دروست بووایە ئەمر بکەم بە کەسێك کڕنووش بۆ کەسێکی تـر ببات، ئەوا ئەمرم دەکرد بە ئافرەت کە کڕنووش بۆ پیاوەکەی ببات).

٢ـ "يَقْطَعُ الصَّلَاةَ الْمَرْأَةُ وَالْحِمَارُ وَالْكَلْبُ، وَيَقِي ذَلِكَ مِثْلُ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ" (رواه مسلم، كتاب الصلاة، رقـم (١١٦٧))، واتـه: (ژن و گوێدرێـژ و سـەگ نوێـژ دەبـڕن و بەتاڵی دەکەنەوە، بۆ خۆپاراستن لەمە با نوێژخوێن شتێك لەبەردەمیدا دابنێـت کـە بەرزییەکەی هێندەی ئەوە ببێت کە بە کۆتـایی کورتـانی سەرپشـتی وشـترەوەیە)، دیـارە مەبەسـتی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دانـانی سـوترەیە لـە کـاتی نوێژکردندا.

پاشان دەڵێت: "ئەو وتەیەی کە ڕانوێراوە دەربارەی ئافرەتـان: (ناقصـات عقـل وناقصات دين) پێویستە سەرلەنوێ چاوی پیا بخشێندرێتەوە"[1].

**وەڵام:**

ئەو فەرموودانـەی کـە هێناویەتیـەوە، وەکـو ڕەخنـە لـە سـوننەتی پێغەمبـەر و (دروودی خوای لەسەر) پێویستی بە هەڵوێستە لەسەرکردن و وەڵامدانەوە هەیە.

**سەبارەت بە فەرموودەی یەکەم:**

١ــ ئـەم فەرموودەیـە، خـۆی لـە خۆیـدا لـە ڕووی ڕێگـەکانی گێڕانەوەیـەوە بـە کۆمەڵێك گێڕانەوە هـاتووە، کـە جیـاوازن لـە یـەکتر، هەریەکـەیان هۆکـاری هـاتنی فەرموودەکە بۆ شتێك دەگێڕێتەوە کە جیاوازە لەوی تر.

ـ هەندێك لەوانە هۆکاری فەرموودەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کاتێك موعاز لـە شـام گەڕاوەتەوە کڕنووشی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بردووە و پێغەمبـەریش (دروودی خوای لەسەر) ئەم فەرموودەیەی فەرمووە.

---

[1] الكتاب والقرآن (٥٩٦)

ـ هەندێکی تر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە گوایە ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لەناو کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانیدا بووە و وشترێك هاتووە کڕنووشی بۆ بردووە و پاشان هاوەڵەکانی فەرموویانە: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆ کڕنووشت بۆ نەبەین لە کاتێکدا ئاژەڵ و ڕووەك کڕنووشت بۆ دەبەن؟ ئێمە لەوان لەپێشترین کە کڕنووشت بۆ ببەین، ئەویش لە وەڵامدا ئەم فەرموودەیەی فەرمووە[1].

ـ هەندێکی تر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە گوایە ئافرەتێك هاتووەتە لای پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) و لێی پرسیوە: ئەی پێغەمبەری خوا فلان کەس ئامۆزام هاتووەتە داوام، جا حەز دەکەم بزانم مافی پیاو بەسەر خێزانەکەیەوە چییە؟ ئەگەر زانیم دەتوانم جێبەجێی بکەم شووی پێ دەکەم، ئەگەریش بزانم ناتوانم جێبەجێی بکەم شوو ناکەم، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) وای فەرمووە[2].

٢ـ بەدەر لەوەی کە هۆکاری فەرموودەکە هەرچی بووبێت، دەقی فەرموودەکە خۆی بۆ خۆی دروستە و لە چەندین ڕێگەوە هاتووە و ڕێگەکانی یەکتر پشتڕاست دەکەنەوە.

٣ـ ئەگەر بە وردی سەرنجی دەقی فەرموودەکە بدەین، دەبینین پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرمووێت: "لو كنت آمرًا"، وشەی (لو) لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (حرف امتناع لامتناع)، واتە (لو) لە هەر ڕستەیەکدا بێت وەڵامەکەی هەرگیز نایەتە دی بەهۆی ئەوەی کە مەرجەکەی نایەتە دی. جا لێرەدا پیتی (لو) مانای فەرموودەکە وا لێ دەکات کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: (ناتوانم فەرمان بکەم بە ئافرەت کە کڕنووش بۆ پیاوەکەی بەرێت، چونکە دروست نییە کەس کڕنووش بۆ کەس ببات)[3].

---

[1] مجمع الزوائد ومنبع الفوائد (٨/ ٢٨٧)، ژمارە (١٤١٦٣) إسناده حسن، ڕەواندنەوەی گومانەکان (٩٥).

[2] سنن البيهقي، كتاب النكاح باب من تخلى لعبادة الله إذا لم تتق نفسه إلى النكاح (٧/ ٨٤) رقم (١٣٢٦٣)، ڕەواندنەوەی گومانەکان (٩٥).

[3] ڕەواندنەوەی گومانەکان (٩٦).

**فەرموودەی دووەم:**

ئـەم فەرموودەیـە لـە ڕووی (سـەنەد)ەوە هـیچ گرفتێکـی نییـە، بـەڵام لـە ڕووی ماناوە کێشەی هەیە، لەوانەیە ئەو کەسـەی کـە فەرموودەکـەی گێڕاوەتـەوە وەکـو پێویسـت لێـی تێنەگەیشـتبێت، یـان بـۆی لەبـەر نـەکرابێت، یـان حـوکمی ئـەو فەرموودەیـەی ئـەو بیسـتوویەتی هەڵوەشـێنرابێتەوە، بـەڵام ئـەو پێـی نـەزانیبێت، پاشان کە گێڕاویەتیەوە بە شێوەیەك گێڕاویەتیەوە هەڵەی تێ کەوتووە و یەکانگیر و دژ وەسـتاوەتەوە لەگـەڵ هەنـدێك فـەرموودەی تـردا، بۆیـە زانایـانی فـەرموودە گرنگییەکی تەواویشیان بەم لایەنە داوە و قسەی زۆریان لەسەر کردووە[1].

سـەبارەت بە تێبینییە تایبەتیەکانیش لەسەر ئەم فەرموودەیە لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو:

**یەکـەم:** ئـەم فەرموودەیـە یەکێکـە لـەو فەرموودانـەی کـە لەگـەڵ چـەندین فـەرموودەی دروسـتی تـردا لـەو بارەیـەوە یـەکانگیر و دژ دەوەسـتێتەوە، دایکـی ئیمانداران عائیشە (ڕەزای خوای لەسـەر) کاتێـك بیسـتوویەتی، زۆری پـێ نـاخۆش بووە و قسەی لەسەر کردووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر داوە، تەنانەت گلەیی کردووە لەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە و وایان بە گوێی خەڵکدا داوە کـە گوایـە ئـافرەت و گوێدرێژ و سەگ، نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە، فەرموویەتی: "شَبَّهْتُمُونَا بِالحُمُرِ وَالكِلاَبِ، وَاللَّهِ لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يُصَلِّي وَإِنِّي عَلَى السَّرِيرِ بَيْنَهُ وَبَيْنَ القِبْلَةِ مُضْطَجِعَةً، فَتَبْدُو لِي الحَاجَةُ، فَأَكْرَهُ أَنْ أَجْلِسَ، فَأُوذِيَ النَّبِيَّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ، فَأَنْسَلُّ مِنْ عِنْدِ رِجْلَيْهِ"[2]، واتە: (ئێمەتان بە گوێدرێـژ و سـەگ چـواندووە، سوێند بە خوا، پێغەمبەری خوام بینیوە (دروودی خوای لەسەر) نوێـژی کـردووە و

---

[1] ڕەواندنەوەی گومانەکان (١٠٠).

[2] رواه البخاري، كتاب أبواب سترة المصلي، باب من قال لا يقطع الصلاة شيء (١/ ١٩٢)، رقم الحديث (٤٩٢)، ومسلم، كتاب الصلاة، باب الاعتراض بين يدي المصلي (٢/ ٦٠)، رقم الحديث (١١٧١).

منیش لەسـەر جێگەکـەی خـۆم بـووم و لـە نێـوان ئـەو و قیبلـەدا ڕاکشـاوم، ئەگـەر پێویستم بە شتێك بوایە پێمناخۆش بوو هەستم و پێغەمبەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر) ئازار بدەم، بۆیە لـەلای قاچـەکانییەوە خـۆم دەکێشـایەوە و لـە جێگەکـەم دەهاتمە دەرەوە).

ـ لە فەرموودەیەکی تردا خـاتوو عائیشـە (ڕەزای خـوای لەسـەر) دەفـەرموویێت: "كُنْتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَيْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَرِجْلاَيَ فِي قِبْلَتِـهِ، فَـإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِـي، فَقَبَضْـتُ رِجْلَـيَّ، فَـإِذَا قَـامَ بَسَـطْتُهُمَا، قَالَـتْ: وَالبُيُـوتُ يَوْمَئِـذٍ لَـيْسَ فِيهَـا مَصَابِيحُ"[1]، واتە: (لەبەردەم پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر) دەنووستم ــ دیـارە مەبەسـتی ئـەو کاتانەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) شەونوێژی تیا دەکرد ـ قاچـەکانم دەکەوتـە بـەردەم قیبلەکـەی، ئەگـەر بیویسـتایە کڕنـووش ببـات دەسـتێکی دەدا لـە قاچـمەوە و ئاگـاداری دەکردمـەوە و قاچـەکانم هەڵدەکێشا، ئەگەر هەڵبستایەتەوە قاچەکانم درێژ دەکردەوە، ماڵـەکانیش ئەوکاتـە چرای تیا نەبوو تا پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) قاچـەکانی ببینێـت).

دیارە نووستنی خاتوو عائیشە (ڕەزای خـوای لەسـەر) بـەم شـێوەیە لەبـەر نوێـژی پێغەمبەردا (دروودی خـوای لەسـەر) لـە ناچـاریدا بـووە، چـونکە ژوورەکـەیان هـەر ئەوەندە بووە، ماڵەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) وابوون[2].

**دووەم:** لە نێوان خێزانەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسـەر) تـەنیا خـاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر) قسـەی لەسـەر ئـەم فەرموودەیـە نـەکردووە، بـەڵکو خێزانی تریشی هەبووە کـە قسـەی لەسـەر کـردووە، بـۆ نموونـە عەبـدوڵڵای کـوڕی شەداد دەڵێت: (حَدَّثَتْنِي مَيْمُونَـةُ زَوْجُ النَّبِـيِّ ـ صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ ـ، قَالَـتْ: كَـانَ رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يُصَلِّي وَأَنَا حِذَاءَهُ وَأَنَا حَائِضٌ وَرُبَّمَا أَصَابَنِي ثَوْبُهُ

[1] رواه البخاري، كتاب أبواب سترة المصلي، باب التطوع خلف المرأة (١/ ١٩٢)، رقم (٣٧٥).

[2] ڕەواندنەوەی گومانەکان (١٠٣).

إِذَا سَجَدَ)[1]، واتــه: (خـاتوو مەیموونـەی خێزانـی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر) پێی وتم: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) نوێژی دەکرد و منیش لە سـووڕی مانگانــەدا بـووم و لــه پاڵیـدا بـووم، هەنـدێکجار کـه کڕنووشـی ببردایـه پۆشاکەکانی بەرم دەکەوت). جا ئەگەر ئافرەت نوێژ ببڕێت ئایا چۆن ئـەم لـه پـاڵ پێغەمبەری خوادا (دروودی خـوای لەسـەر) بـووه و لـه سـووڕی مانگانەشـدا بـووه، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) نوێژەکەشی نەبڕیوە[2].

ـ هەروەها هەر چوار پێشەوا و سەرمەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامی (ئەبوحەنیفـه، مالیـك، شـافیعی و ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل)، بـه کـۆی دەنـگ ئـەم جـۆرە ڕاڤەکردنەیان بۆ فەرموودەکە ڕەتکردووەتەوە. موبارەکفوری لەم بارەیەوە دەڵێت: "وَقَالَ مَالِكٌ وَأَبُو حَنِيفَةَ وَالشَّافِعِيُّ رَضِيَ اللَّـهُ عَـنْهُمْ وَجُمْهُـورٌ مِـنَ السَّـلَفِ وَالْخَلَـفِ لا تَبْطُـلُ الصَّـلَاةُ بِمُـرُورِ شَـيْءٍ مِـنْ هَؤُلَـاءِ"[3]، واتـه: (ئیمـامی ئەبوحەنیفـه، مالیـك و شافیعی (ڕەزای خوایان لێ بێ)، هـەروەها زۆرینـەی زانایـانی پێشـین و پاشـینیش فەرموویانە: هیچ کام لەم شتانە (ئافرەت، سەگ، گوێدرێژ) نوێژ بەتاڵ ناکەنەوە).

کەواتە لێکدانەوەی دروست بۆ ئەم فەرموودانە خۆی لەم ڕایەدا دەبینێتەوە: کە ڕۆشتنی ئافرەت بە بەردەم نوێژخوێنـدا نوێژەکـەی ببڕێـت، یـان بـەتاڵی بکاتـەوە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە کە ئافرەت هەمیشە جێی سەرنجی پیاوە، جا ئەگەر بە بەر نوێژەکەیدا بڕوات ئەوا لەوانەیە سەرنجی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و کـەم تـا زۆر ئاگای لە نوێژەکەی نەمێنێت و بەمەش پاداشتی نوێژەکەی کەم دەکاتەوە، کەواتە:

---

[1] رواه البخاري، كتاب أبواب سترة المصلي، باب إذا صلى إلى فراش فيه حـائض (١/ ١٩٣)، رقـم الحـديث (٤٩٥ ـ ٤٩٦).

[2] ڕەواندنەوەی گومانەکان (١٠٤).

[3] تحفة الأحوذي (٢/ ٢٥٩).

مەبەست لە (قطع) لە فەرموودەکەدا بڕینی شێوە تەواوەکەیەتی (نفي الكمال)، نەك بەتاڵکردنەوە (نفي الصحة)[1].

وەڵامی ئەو وتەیەی د. شەحرور، کە دەڵێت گوتراوێك هەیە کە سەبارەت بە ژنان دەڵێت: (ناقصات العقل والدين)، خودی فەرموودەکە بەم جۆرەیە: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ، قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فِي أَضْحَى أَوْ فِطْرٍ إِلَى المُصَلَّى، فَمَرَّ عَلَى النِّسَاءِ، فَقَالَ: "يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ"، فَقُلْنَ: وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: "تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ، وَتَكْفُرْنَ العَشِيرَ، مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ"، قُلْنَ: وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: "أَلَيْسَ شَهَادَةُ المَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ" قُلْنَ: بَلَى، قَالَ: "فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا، أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ"، قُلْنَ: بَلَى، قَالَ: "فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا"[2].

لە ڕووی دروستیەوە ئەم فەرموودەیە دروستە و لە زۆربەی سەرچاوە دروستەکاندا هاتووە، واتای فەرموودەکە: (پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) لە ڕۆژی جەژنی قوربان یان ڕەمەزاندا بووە، ڕۆیشتووە بەرەو ئەو شوێنەی کە نوێژی جەژنەکانی لێدەکرا، بەلای ئافرەتەکاندا ڕۆشت و پێی فەرموون: ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێر و چاکە زۆر بکەن، چونکە وام نیشان دراوە کە ئێوە زۆرینەی ئەهلی ئاگر بن، ئافرەتەکان وتیان: لەبەرچی ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: لەبەرئەوەی ئێوە زۆرکات زمانتان بە شێوەی نەشیاو بەکاردەهێنن، قسەی بە خەڵك پێ دەڵێن، تانەی پێ لێ دەدەن، چاکە و شتی بەرامبەر لەبیر دەکەن، کەسێکم نەبینیوە کە خۆی دین و ژیریی ناتەواو بێت، بەڵام توانای بردنی بیر و ژیری پیاوێکی زۆر دانای هەبێت. وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ناتەواوی دین

[1] ڕەواندنەوەی گومانەکان (١٠٧، ١٠٨).

[2] رواه البخاري، كتاب الزكاة، باب الزكاة على الأقارب، رقم الحديث (١٣٩٣).

و ژیریمان له چییه‌وه‌یه؟ فـه‌رمووی: ئایا شـاهیدی ئافره‌تێـك بـه نیـوه‌ی شـاهیدی پیاوێك نییه؟ وتیان: به‌ڵێ، فه‌رمووی: ده ئه‌وه هی ئه‌وه‌یه کـه ژیریـی تـه‌واو نییـه، پاشـانیش فـه‌رمووی: ئـه‌ی کـه ده‌که‌وێتـه سـووڕی مانگانـه‌وه واز لـه نوێـژ و ڕۆژوو ناهێنێت؟ وتیان: به‌ڵێ، فه‌رمووی: ئه‌وه‌یش هی ئه‌وه‌یه که ئایینی ناته‌واوه).

ئه‌وه‌ی جێگای سه‌رنجه: هه‌ڵوێستی که‌سه نه‌زانه‌کانه له‌سه‌ر ئـه‌م فه‌رمووده‌یـه، وا ده‌زانن پێغه‌مبه‌ری خوا (دروودی خوای له‌سه‌ر) سووکایه‌تی به ژنـان کـردووه!! بـه‌ڵام بـه وردبوونـه‌وه لـه ڕاڤـه‌ی زانایـان بۆمـان ڕوون ده‌بێتـه‌وه کـه بۆچـوونی سیکۆلاره‌کان تـه‌واو پێچـه‌وانه‌یه. بـۆ ڕوونبوونـه‌وه‌ی ڕاسـتیه‌کان، پێویسـتیمان بـه چه‌ند سه‌رنجێکه له‌سه‌ر فه‌رمووده‌که:

**سه‌رنجی یه‌کـه‌م:** ئـه‌م فه‌رمووده‌یـه لـه ڕۆژی جه‌ژنـدا و لـه شـوێنی نوێـژکردنی جه‌ژنـدا گـوتراوه، کـه ڕۆژی گـه‌ردن ئـازادیی و لێبـورده‌یی و قسـه‌ی خۆشـه، شوێنه‌که‌ش شـوێنی په‌رسـتش و کڕنووشـبردن و خـوا لـه خـۆ ڕازیکردنـه، جـا ئایـا ده‌گونجێـت پێغه‌مبـه‌ری خـوا (دروودی خـوای له‌سـه‌ر) کـه خـوای گـه‌وره شـایه‌تی ڕه‌وشتبه‌رزیی و دڵنه‌رمی و به‌سۆزیی بۆ ده‌دات به‌رامبه‌ر به بـاوه‌ڕداران، لـه کـات و شوێنێکی ئاوادا ڕۆژی جه‌ژن و شوێنی نوێژی هه‌ڵبژاردبێت بۆ سووکایه‌تی پێکردنـی ئافره‌تان و بێهیواکردنیان و بـه کـه‌م نیشـاندانیان به‌رامبـه‌ر بـه پیـاوان؟! ئه‌مـه‌ش شتێکه هه‌رگیز له ڕه‌وشتی به‌رزی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره سه‌روه‌ره (دروودی خوای له‌سه‌ر) ناوه‌شێته‌وه[1].

**سه‌رنجی دووه‌م:** به‌کارهێنانی وشه‌ی (نقص) واته: (که‌می) له ژیریی و ئاییندا، مه‌به‌ست پێی که‌می ژماره و که‌ڕه‌ته، وه‌کو دوایی پێغه‌مبه‌ری خوا (دروودی خـوای له‌سه‌ر) خۆی ڕاڤه‌ی ده‌کات و ده‌فه‌رموێت: له شایه‌تیدا دوو ئافره‌ت به‌رانبه‌ر یـه‌ك پیـاوه، یـان لـه کـاتی سـووڕی مانگانـه‌دا کۆمـه‌ڵێك لـه نوێـژ و په‌رستشـه‌کانیان

---

[1] ڕه‌واندنه‌وه‌ی گومانه‌کان (٨٨) به ده‌ستکاریه‌وه.

دەفەوتێت، کە ئەمانە کەمییە لە ژمارە و حوکمدا، نەك سووکییە لە کەسایەتی و ناخدا، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان کەمیی ژمارە و حوکم لەگەڵ سووکی کەسایەتی و ناخ.

**سەرنجی سێیەم:** مەبەستی سەرەکی لە فەرموودەکە و هۆکاری بنەڕەتی قسەکان وەکو لە سەرەتاکەیدا بۆمان دەردەکەوێت، هەوڵدانە بۆ هەڵنانی ئافرەتان بۆ کاری چاکە و ئەنجامدانی پەرستشی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورپییانەی کە بەهۆی هەندێك تایبەتمەندیی جەستەیی ئافرەتەوە لە پەرستشەکانیدا ڕوو دەدات، هەروەها ئاگادارکردنەوە و دوورخستنەوەیانە لەو ئاکار و ڕەفتارە خراپانەی کە زیاتر ئافرەتان ئالوودە و تووشی دەبن، بە مەبەستی ئەوەی کە خۆیان چاکە بکەن، ئەمەش بەڵگەی دڵسۆزیی پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر) بەرامبەر بە ئافرەتان، نەك ڕقلێبوونەوە و بە سووك سەیرکردن، چونکە ئەگەر یەکێك ڕقی لە یەکێك بێت و بەسووك سەیری بکات، نایەت ئامۆژگاری بکات و سەرزەنشتی بکات، بەڵکو حەز دەکات لەیەك جێ سەدجار ملی بشکێ[1].

**سەرنجی چوارەم:** ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ڕێز و مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، کە دەبینین چۆن پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بەسەری کردوونەتەوە، بەتایبەتی بەر لە پیاوان لەو ڕۆژە پیرۆزەدا قسەی بۆ کردوون و ئامۆژگاری کردوون، لە بەرامبەریشدا ئافرەتان بوێرانە و ڕاشکاوانە پرسیار و بۆچوونەکانیان عەرزی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) کردووە و ئەویش چەند بە لوتف و سنگێکی فراوانەوە قسەکانی لێ قبوڵ کردوون و بۆچوونەکانی خۆی و حوکمە شەرعییەکانی بۆ ڕوون کردوونەتەوە.

**سەرنجی پێنجەم:** سەبارەت بەوەی کە فەرموودەکە ئاماژەی پێ دەکات کە شایەتی دوو ئافرەت بە پیاوێك دەچێت، ئەمە حوکمێکی ڕەها نییە، بەڵکو شایەتی

---

[1] ڕەواندنەوەی گومانەکان (٨٩- ٩٠).

ئافرەت بە پێی ئەو بوار و بابەتەی شایەتی تێدا دەدات دەگۆڕێت، لە هەندێك بواردا شایەتی ئافرەت هاوتای شایەتی پیاوە و لە هەندێك بواریشدا شایەتی ئافرەت لە شایەتی پیاو بەهێزترە، بەتایبەتی لەو بوارانەدا کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە، وەکو بابەتی: شیرخواردن، کچێنی ئافرەت، عیددە، نەسەب و چەند بابەتێکی هەستیاری دیکە، بەڵام ئەو بوارانەی کە پەیوەندیی بە ئافرەتەوە نییە وەکو: بواری بازرگانی و کڕین و فرۆشتن، ئەمانە چونکە ئەرکی ئافرەت نین، ئافرەت زۆر خەمی پێوە هەڵناگرێت، بۆیە دەکرێت زوو لەبیریشی بچێت، بۆیە خوای میهرەبان لەم جۆرە بوارانەدا شایەتی دوو ئافرەتی بە پیاوێك وەرگرتووە. یان هەندێك بابەتی تر هەیە، وەکو بابەتەکانی تاوانکردن و سزادان دەربارەی پیاوکوشتن و دزی و تاڵانکردن، لەم بوارانەدا ئیسلام وەکو ڕەچاوکردنێك بۆ هەستی ناسکی ئافرەت و پاراستنی تایبەتمەندییە دەروونی و جەستەییەکانی و نەشێواندنی ڕۆڵی پەروەردەکارانەی لە کۆمەڵدا، ئافرەتی لە ئەرکی شایەتیدان لەسەر ئەم جۆرە بابەت و ئاکارە نەشیاوو زبرانە پاراستووە و دووری خستووەتەوە[1].

---

[1] ڕەواندنەوەی گومانەکان (٩٢).

# کۆتایی

گشتگیری شەریعەتی پـیرۆزی ئیسـلام و گونجانـدنی قورئـانی پـیرۆز لـە هـەموو سەردەم و شوێنێکدا، کە جگە لە قورئانی پـیرۆز وەکـو دەسـتووریێکی بـێ خـەوش هـیچ بەرنامـە و یاسـایەکی دیکـە نییـە کـە بگونجێـت لەگـەڵ سـەردەم و شـوێندا، هەرچەند مرۆڤەکان لە هەوڵی دانانی یاسا و ڕێسـادا بـن، بـەڵام ڕووبـەڕووی لەکـە و کەمتەرخـەمی و لـەبیرکردنی چـەندین بابـەتی گـرنگ دەبێتـەوە، بـەڵام شـەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و قورئان، خاوەنی سیفەتی کەماڵ و بێ گرێ و گۆڵن.

هــەرگیز ناگونجێــت ئیســلام و ســیکۆلاریەت پێکــەوە کۆبکرێنــەوە، چــونکە ســیکۆلاریەت دژە بــە هــەموو ئایینــەکان بــە گشــتی و ئــایینی پــیرۆزی ئیســلام بەتایبـەتی. کـە دەڵـێین دژە، واتـە بـڕوای نییـە، کـە ئـایین و دیـنی خـوا حـاکم و دەسەڵاتدار بێت و کاروباری خـەڵکی لـەژێر ڕکێفـی ئـەو شـەریعەتە پـیرۆزەدا بێـت. ئەگەرچی کەسانێك بانگەشەی لێك نزیکبوونەوە بکەن لەژێر ناونیشانی (سـیکۆلاری ئیسلامی)، ئەم چەمکە هەروەکو چەمکی بەرامبەرە کە دەڵێت: (ئیلحادی ئیسلامی) کە هـەرگیز پێکـەوە کۆنابنـەوە. ئاڕاسـتەی سـیکۆلارەکان لـە ڕاڤـەکردنی قورئـانی پیرۆزدا بە نیەتێکی ڕاستگۆیانە نییە کە بیانەوێت ڕاستگۆیانە لە قورئان تێبگـەن و بەهۆیەوە هیدایەت وەربگرن، بەڵکو هەوڵەکانیان لەم بوارەدا هەوڵی (عەلمەنەکردنی ئیسلامە) واتە: خاڵی کردنەوەی قورئانە لە ناوەڕۆکەکەی.

پشت نەبەستنی سیکۆلارەکان بـە فـەرموودە لـە ڕاڤـەکردنی قورئـانی پـیرۆزدا، جگـە لـە کەمکردنـەوەی پێگـەی پێغەمبـەری سـەروەر (دروودی خـوای لەسـەر)،

ڕێگایەکی بەرفراوانە بۆ گومڕاکردنی کۆمەڵگا، کە شێوازی سیکۆلارەکان لە گومڕاکردندا لە ڕێگای ڕاڤەی قورئانەوە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- گشتگیرکردنی فەرمانێکی تایبەت.

ب - تایبەتکردنی فەرمانێکی گشتی.

ج - یاریکردن بە واتای دەقەکان.

د- درۆ و هەڵبەستنی وتەی ناڕەوا لە شیکردنەوەی وشەکاندا.

هـ - پاڵدانی چەندین وتە لە زانایان کە لەڕاستیدا ئەوان دوورن لەو ڕاو بۆچوونانە.

سەرەڕای ئاوڕنەدانەوەیان لە فەرموودە، لە ڕاگواستنی ڕاکاندا ئەمانەتی زانستی و ڕاگواستنی وەکو خۆی ڕەچاو ناکەن، بەڵکو زۆربەی جار شیکردنەوەکانیان لە دەرەوەی چوارچێوەی زانستی و سەرچاوەی ڕەسەنە.

بێنرخیی وتەی سیکۆلارەکان لەسەر ڕاڤەی قورئان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ یەکێك لە کارەکتەرەکانیان پسپۆڕی زانستە شەرعیەکان نین کە بە گشتی لەم سێ خاڵەدا نوغرۆ بوون و هۆکارێکیشن بۆ ئەوەی وتەکانیان هیچ بەهایەکی زانستی نەمێنێت:

أ- هیچ یەکێکیان پسپۆڕی زانستی تەفسیر نین.

ب - کەسیان مەرجەکانی ڕاڤەکاریان تێدا نییە.

ج - پەیوەندی توندوتۆڵیان بە ئایدیای مارکسیەت و شیوعیەت، چونکە لە نووسین و دەربڕینەکانیاندا هەمان چەمکی ئەوان دەڵێنەوە.

# سەرچاوەکان


١. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى، دار الكتب العلمية ـ بيروت.

٢. التيار العلماني الحديث وموقفه من تفسير القرآن الكريم، عرض ونقد، منى محمد بهي الدين الشافعي، دار اليسر، ط١، ١٤٢٩هـ.

٣. تيارات اليقظة الإسلامية، د. محمد عمارة، سلسلة الهلال، العدد (٢٨٠)، ١٩٨٢م.

٤. حقوق الذميين في الشريعة، د. حسين حامد حسان، طبعة مجمع فقهاء الشريعة بأريكا.

٥. السلسلة الصحيحة للألباني.

٦. سنن الترمذي، محمد بن عيسى بن سَوْرة الترمذي، تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر ومحمد فؤاد عبد الباقي، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي ـ مصر، ط٢، ١٣٩٥هـ/ ١٩٧٥م.

٧. سنن الكبرى للبيهقي، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، مكتبة دار الباز ـ مكة المكرمة، ١٤٠٤هـ.

٨. سنن النسائي الكبرى، تحقيق: د. عبدالغفار سليمان، سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١١هـ.

٩. شرح ابن عقيل على ألفية ابن مالك، ابن عقيل عبد الله بن عبد الرحمن العقيلي الهمداني المصري، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، دار التراث ـ القاهرة، ط٢٠، ١٤٠٠هـ.

١٠. صحيح ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ التميمي، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة ـ بيروت، ط١، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

١١. صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق: مصطفى ديب البغا، ط٣، دار اليمامة ـ بيروت، ١٤٠٧هـ.

١٢. غريب الحديث، أبو عُبيد القاسم بن سلاّم بن عبد الله الهروي البغدادي، تحقيق: د. محمد عبد المعيد خان، دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد ـ الدكن، ط١، ١٩٦٤م.

١٣. الفائق في غريب الحديث والأثر، أبو القاسم محمود بن عمرو بن أحمد الزمخشري، تحقيق: علي محمد البجاوي ـمحمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعرفة ـ لبنان.

١٤. الكتاب والقرآن قراءة معاصرة، د. محمد شحرور، ط٤، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ١٩٩٤م.

١٥. مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي، دار الفكر ـ بيروت، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

١٦. مجموع الفتاوى، أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني، تحقيق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف ـ المدينة النبوية، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

١٧. المسند، الإمام أحمد بن حنبل، ط٢، مؤسسة الرسالة، ١٤٢٠هـ.

١٨. المفردات في غريب القرآن، الراغب الأصفهاني، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان.

١٩. نقد الخطاب الديني، د. نصر حامد أبو زيد، ط١، مطبعة سينا للنشر، ١٩٩٢م.

٢٠. النهاية في غريب الحديث والأثر، أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد بن محمد بن عبدالكريم الشيباني الجزري ابن الأثير، تحقيق: طاهر أحمد الزاوى ـ محمود محمد الطناحي، المكتبة العلمية ـ بيروت.

٢١. ڕەواندنەوەی گومانەکان، د. خالد محمد صالح، چ١، ٢٠١٠م.

٢٢. ڕۆژنامەی (ئەهرام).

# هەڵسەنگاندنی فەرمووده بە پێی پێوەری عەقڵ

**د. کەمال محەمەد ئەبوبەکر**
**زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

یەکێك لە بەهرە گەورەکانی پەروەردگار بە سەر ئوممەتی ئیسلامەوە ئەوەیە، کە دوو سەرچاوەی گەورە و بەڕێزی بۆ داناوین کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر). بەردەوام ئوممەتی محەمەد (دروودی خوای لەسەر) هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە سەدە لە دوای سەدە هەردوو سەرچاوەی زوڵاڵی قورئان و سوننەتیان دەستاودەست کردووە بێ زیاد و کەم، بەڵام ناوەناوە هەندێ کەس و تاقم هەوڵیان داوە تێکە و دەلالەتی دەقەکانی قورئان و سوننەت بگۆڕن و لە واتای ڕاستەقینەی خۆیانی لادەن، تا کار بەوە گەیشت کە هەندێ کۆمەڵ و گرووپ بانگەشە بۆ ڕەتکردنەوەی دەقەکانی سوننەت بکەن بە بیانووی ئەوە کە لەگەڵ عەقڵدا تێکدەگیرێن!

شایانی باسە کە عەقڵ لە ئایینـدا بە گشتی و لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بەتایبەتی، پێگە و بایەخێکی گرنگی هەیە و هەموو پەیامە ئاسمانیەکان بۆ مرۆڤی خاوەن عەقڵ هاتوون و بەرپرسیاریێتی مرۆڤەکان لە ئاست ئەحکامەکانی دین بە عەقڵەوە بەستراوەتەوە. هیچ زانا و بیریارێکی ئیسلامی عەقڵ بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت ناکاتەوە، چونکە تەنانەت تێگەیشتن لە دەقە ئایینیەکان و هەڵێنجانی ئەحکامەکان و گەیاندنی ئەحکام و پەیامی ئایین و ڕوونکردنەوەی ئامانج و حیکمەت و مەبەستەکانی، پێویستیەکی حاشاهەڵنەگری بە عەقڵ هەیە.

جێی باسە هەرچەندە لەو بوارانەی باسکران ئەو ڕۆڵ و پێگە بەرزە بۆ عەقڵ دانراوە، ڕۆڵی عەقڵ لە هەندێ بواری تردا جێی ڕاجیای زانایان بووە، کە خۆی لە چەند پرسیارێکدا دەنوێنێت، لەوانەش: ئایا بڕیار و پرسە ئایینیەکان لەگەڵ عەقڵدا گونجاو و هاوئاهەنگن؟ ئایا دەقەکانی ئایین پرس و ئەحکامی ئەوتۆ لە خۆیان دەگرن، کە لە مەودای عەقڵدا نین، یان جیاوازن، یان لەگەڵ عەقڵدا تێکدەگیرێن، یان دژیەکن؟ دواجار ئایا لە ئەگەری تێکگیرانی عەقڵ لەگەڵ دەقەکانی وەحییدا، کامیان بڕیاردەرە و بەسەر ئەوی تریاندا پێش دەخرێت؟ ئەو پێوەرە زانستیانە چین کە پێوستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەتدا ڕەچاو بکرێن؟

دیارە هەریەك لەو وەڵام و ئەگەرانەی لە ناواخنی پرسیارەکاندا ئاماژەیان پێ کرا کاریگەرییان هەیە لەسەر خوێندنەوەی دەقەکانی سوننەت و تەفسیرکردنیان و قبوڵکردن، یان تەنانەت ڕەتکردنەوەشیان!

## چەمك و پێگەی عەقڵ:

### پێناسەی عەقڵ لە زماندا:

عەقڵ لە زمانی عەرەبیدا بە چەند واتایەکی جۆراوجۆر هاتووە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١. تێگەیشتن (الفَهْمُ) و ژیریی، کە پێچەوانەی نەزانی و گەمژەییە[1].

٢. ڕێگر: ئیبن فارس دەڵێت: "عەین و قاف و لام ئەسڵێکە و بە زۆری بە واتای ڕێگرتن لە شتێك دێت و وشەی (الْعَقْل) بە واتای ڕێگر لە گوفتار و ڕەفتاری ناشیرین[2].

٣. بەڕێز و بەهادار: ئیبن فارس دەڵێت: مەبەست لە گوتەی: "... فُلانَة عَقِيلة قَوْمِهَا، ...". واتە: فلانکەس ڕێزدار و باشترینی قەومەکەیەتی[3]. هەروەها بە ئافرەتی شکۆداریش گوتراوە (عَقِيلة)[4].

٤. کۆکردنەوە: يقال: (رَجُلُ عاقلٌ)، أي: جامع لأمره ورأيه. دەگوتریت پیاوێکی عاقڵە واتە: کۆکەرەوەی مەبەست و ڕای خۆیەتی[5].

٥. قەڵا و پەناگە. (الْمَلْجَأُ). لەو ڕووەوە کە ڕێگرە لە هێرشی دوژمنان[6].

---

١ بڕوانە: الصحاح للجوهري (٥/ ١٧٦٩)، ومقاييس اللغة لابن فارس (٤/ ٦٩).

٢ مقاييس اللغة (٤/ ٦٩).

٣ ئەم وشەیە پاڵ بدرێتە لای هەر جۆرە شتێك بۆ بەڕێزترین بەهادارترینی ئەو شتە بەکاردەهێنرێت، بۆیە کاتێ پاڵ دەدرێتە لای دەریا واتای مرواری دەگەیەنێت. هەمان سەرچاوەی پێشوو (٤/ ٧٢)، وأساس البلاغة للزمخشري (١/ ٦٧١).

٤ زانایانی زمانەوان گوتوویانە بۆیە بە ئافرەتی شکۆدار گوتراوە (عَقِيلة)، چونکە ڕێگرە لەوەی هاوزاکانی پێی بگەن لە پایەداری، یان لەبەرئەوەی لە پشتی پەردەیە و کەس پێی ناگات و نایبینێت. مقاييس اللغة (٤/ ٧٣).

٥ بڕوانە: تاج العروس للزبيدي (٣٠/ ٢١).

٦ ئیبن فاریس دەڵێت: "الْمَعْقِلُ والْعَقْلُ" بە واتای قەڵا دێت لەو ڕووەوە کە ڕێگرە لە هێرشی دوژمنان. مقاييس اللغة (٤/ ٦٩)، مادة: (عقل).

بەو پێیە عەقڵ لە زماندا بە واتای: دانایی و تێگەیشتن دێت، هەروەها بە واتای بەستنەوە و ڕێگرتن و قەڵا و پەناگە دێت و واتای ڕێزداری و بەهاداری خاوەنەکەشی دەگەیەنێت و بەپێی شوێن و کات عەقڵ هەموو ئەو ڕۆڵانە دەبینێت کە لە واتا جۆراوجۆرەکاندا هاتووە.

## پێناسەی عەقڵ لە زاراوەی زانایاندا:

هەندێ لە زانایان وتوویانە: ئەستەمە، لە ڕووی زاراوەییەوە، ماهیەتی عەقڵ ڕوون بکرێتەوە، ئیمامی جوەینی وتوویەتی: "جا ئەگەر پرسیار بکرێت ئایا عەقڵ چیە لای ئێوە؟ دەڵێین: قسەکردن دەربارەی عەقڵ سووك و سانا نییە". هۆکاری ئەو گرانیەی پێناسەی عەقڵیش بۆ جیاوازی زاراوەی زانایان دەگەڕێتەوە لە دیاریکردنی واتای عەقڵدا، چونکە وشەی عەقڵ وشەیەکی هاوبەشە لەنێوان ژمارەیەك واتای جۆراوجۆردا. ئیمامی غەزالیش لەوبارەیەوە دەڵێت: "جا ئەگەر پرسیار بکرێت ئایا پێناسەی عەقڵ چیە؟ بەتەما مەبە بە یەك پێناسە بیناسێنی، چونکە ئەوە سەرگەردانیە ..."[(١)].

وێڕای گرانیی پێناسەی عەقڵ، زانایان ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاوداو و چەندین پێناسەی زاراوەییان بۆ خستۆتەڕوو، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١ـ ئیمامی سەرخەسی پێناسەی عەقڵی بەم شێوەیە کردووە: "عەقڵ نورێکە لە سینەی مرۆڤدا، دڵ بە هۆیەوە درکی شتەکان دەکات لە کاتی تێڕوانین لە بەڵگەکاندا"[(٢)]. دواتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆی نموونەی بە چرا و چاو هێناوەتەوە، کە چۆن چاو بەهۆی ڕووناکی چراوە شتەکان دەبینێت. جا چۆن خودی چرا شتەکان نابینێت، بەڵکو تەنها ڕۆڵی ئەوەیە ئەو شتانە دەربخات کە لە حەواسەکان نادیارن، بەو شێوەیە دڵ بە تەوفیقی خوا بە هۆی عەقڵەوە درکی

---

١ وە دەڵێت: "فإذا اختلفت الاصطلاحات فيجب بالضرورة أن تختلف الحدود...". المستصفى (٢٠).

٢ أصول السرخسي (١/ ٣٤٦).

شتەكان دەكات. دواجار عەقڵ بریتیە لەو بژاردەیەی مرۆڤ بڕیارەكانی خۆی لەسەر بنیات دەنێت بۆ كردن یان نەكردنی شتێك لەو شتانەی حەواسەكان دركی ناكەن.

٢ـ عەقڵ لە لای قازی ئەبوبەكری باقیلانی بریتیە لە: "درككردنی هەندێ لە زانستە بەدیهیەكان وەك درككردنی ئیمكانی شتە مومكینەكان و درككردنی مەحاڵ بوونی شتە موستەحیلەكان"[١][٢].

٣ـ ئیمامی غەزالی لە بارەی پێناسەی عەقڵەوە دەڵێت: "عەقڵ خەسڵەتێكە بە هۆیەوە كەسی عاقڵ دەركی زانستەكان دەكات و توانای تێڕوانینی دەبێت لە شتە عەقڵیەكان"[٣].

بە تێڕوانین لە پێناسەكانی باقیلانی و غەزالی، دەبینین باقیلانی عەقڵی لە درككردنی هەندێ زانستی زەروریدا كورت هەڵێناوە، لەكاتێكدا غەزالی ئەوەی ڕەتكردۆتەوە و عەقڵی گشتگیر كردووە بە توانای درككردنی زانستەكان بە گشتی. بەو پێیە دەردەكەوێت، كە چەمكی عەقڵ بە هەموو ئەو زانینە پێناسە كراوە، كە لە ڕێگای تێفكرینی مرۆڤەوە بە دەست دەهێنرێن و هەندێ جار وشەی عەقڵ بە واتا چاوگ (مصدر)یەكەی بە كاردەهێنرێت، بە واتای خودی تێفكرین.

٤ـ هەندێ لە زانایان پێناسەی عەقڵیان بە زانین و كارپێكردن بەپێی زانینەوە كردوە[٤].

بە تێڕوانین لە كۆی پێناسەكان دەبینین عەقڵ بە چوار واتا دێت:

**یەكەمیان:** ئەو غەریزەیەی لە مرۆڤدایە و شتەكانی پێ درك دەكات، وەك نموونەی هێزی بینین لە چاودا و هێزی چەشتن لە زماندا، ئەو غەریزەیەشە

---

١ التقرير والتحبير لابن أمير الحاج (٢/ ١٦٢). هەروەها بڕوانە: البحر المحيط للزركشي (١/ ١١٨).

٢ قازی ئەبو یەعلای حەنبەلیش گوتوویەتی: "عەقڵ بریتیە لە جۆرێك لە زانستە زەروورییەكان". العدة في أصول الفقة (١/ ٨٨).

٣ المستصفى (٢٠).

٤ بڕوانە: المستصفى (٢٠)، والكافي شرح البزودي (١/ ١٧٠).

بەرپرسیارتی (تکلیف)ی پێوە بەستراوەتەوە و مرۆڤی پێ لە گیاندارەکانی تر جیا دەکرێتەوە.

**دووەمیان:** زانستە زەروریەکان، کە هەموو عاقڵان لە زانینیاندا هاوبەشن، وەك جیاکردنەوەی شتە گەربوو (ممکن)ەکان و شتە هەربوو (واجب)ەکان و شتە مەحاڵەکان.

**سێیەمیان:** زانستە زەروریی و نەزەرییەکان، کە بەهۆی تێفکرین و بەڵگەهێنانەوە درك دەکرێن، ئاستی مرۆڤەکان تێیدا جیاوازە.

**چوارەمیان:** کردەوە بە پێی زانین، چونکە عەقڵ خاوەنەکەی لە خراپە دەگێڕێتەوە لە چاکەدا دەیهێڵێتەوە.

بەو پێیە، پێناسەکردنی عەقڵ بە تەنها یەکێك لەو پێناسانەی سەرەوە کەموکوڕی تێدایە و پێویستە بە شێوەیەك پێناسە بکرێت کە زانیاری هەموو پێناسەکان لەخۆ بگرێت. لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوەی ئاخۆ عەقڵ درککردنی زانستەکانە بەگشتی، یان تەنها درککردنی بەشێك لە زانستە زەروریەکانە، ئەو پرسە یەکلا نەکراوەتەوە، بۆیە ڕای بەهێزتر لە نێو پێناسەکاندا ڕای سەرخەسیە، کە دەڵێت: (عەقڵ نورێکی خودایيە دەیخاتە ناو دڵی مرۆڤەوە کە بە هۆیەوە لە کاتی تێڕوانیندا درکی شتەکان دەکات). ئەوەش واتای ئەوەیە کە عەقڵ بەهرەیەکی خودایيە بە مرۆڤی بەخشیوە و بەو هۆیەوە لە گیانەوەرەکانی تری جودا کردووەتەوە.

تێبینی دەکرێت کە لە هیچ کام لە پێناسەکاندا عەقڵ بە جەوهەرێکی سەربەخۆ (مستقل) و جودا (مفارق) پێناسە نەکراوە، بە پێچەوانەی ڕای بەشێك لە فەیلەسوف و بەشێك لە موتەکەلیمەکان، کە بەو شێوەیە پێناسەی دەکەن، بەڵکو عەقڵ سیفەت و خەسڵەت (عرض)ێکی کەسی عاقڵە، بوونی سەربەخۆی نییە و بوونی بە کەسەکەوە وەستاوە.

**جیاوازی ئاستی عەقڵ لەنێوان مرۆڤەکاندا:**

بەپێی ڕای ئەو زانایانەی کە پێناسەی عەقڵیان لە زانین و درککردنی شتە زەرورییەکاندا کورتکردووەتەوە، وەك باقیلانی و باجی و ئەبو یەعلا، ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە خەڵکی بە گشتی لە ئاستی عەقڵدا یەکسانن، ئەوەش ڕای موعتەزیلەکان[1] و ئەشعەرییەکان[2] و فەیلەسوفەکانیشە، لە سەرووی هەمووشیانەوە دیکارت کە دەڵێت: "عەقڵ لە هەموو شتەکان دادگەرانەتر لە ناو خەڵکدا دابەشکراوە... تا دەگاتە ئەوەی ڕوونتر دەڵێت: بێگومان جیاوازیی ڕاوبۆچوونەکانمان لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە هەندێکمان لە هەندێکی ترمان عاقڵترین..."[3].

لەڕاستیدا ڕای ڕاست ئەوەیە کە عەقڵ دوو جۆرە، عەقڵی غەریزی، کە ئەمەیان خەڵکی تێیدا یەکسانن و عەقڵی کەسبی، کە ئاستی ئەو جۆرەیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، تەنانەت ئاستی عەقڵی کەسێکی دیاریکراویش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت[4]، وەك ئیمامی شاتیبی دەڵێت: هەرچەندە مرۆڤ پێی وا بێت کە دەربارەی پرسێك زانینی تەواوی بەدەست هێناوە، زۆر نابات تا هەست دەکات کە هەندێك شتی بۆ دەردەکەوێت کە پێشتر نەیزانیوە و هەرکەس لە خودی خۆیدا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت ئەوەش پەیوەندی بە جۆرێکی تایبەت لە زانینەوە نییە لە نێو زانینە زەروری و نەزەریەکاندا.

---

١ بڕوانە: ميزان الأصول في نتائج العقول للسمرقندي (١/ ٥٣٧)، والتحبير شرح التحرير (١/ ٢٦٨).

٢ ئەو هەڵوێستەشیان لەسەر بنچینەی پێناسەکەیان بۆ عەقڵ بنیاتناوە، کە دەڵێن: عەقڵ بریتییە لە درککردنی هەندێ لە زانستە بەدیهیەکان، بەڵام ڕای دروست ئەوەیە کە زانستە نەزەرییەکانیش دەگرێتەوە. مختصر التحرير شرح الكوكب المنير للفتوحي (١/ ٨٦).

٣ مقالة الطريقة، لرينيه ديكارت (٧٠).

٤ مختصر التحرير شرح الكوكب المنير للفتوحي (١/ ٨٧).

ئەبوسەعیدی خودری گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەریشمان (دروودی خوای لەسەر) لەو بارەیەوە دەربارەی ئافرەتان فەرموویەتی: "... ما رأيت من ناقصات عقل ودين، أذهب للب الرجل الحازم من إحداكن"[1]، واتا: (کەسم وەك یەکێك لە ئێوە نەبینیوە لە کەم عەقڵ و کەم دینەکان، ئەوەندە بە توانا بێت لە لەخشتەبردنی پیاوی دانادا). مەنتوقی ئەو فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە عەقڵ کەم دەکات، مەفهومەکەشی ئەوە دەگەیەنێت کە عەقڵ زیاد دەکات، ئەوەش بەڵگەیە لە سەر جیاوازی ئاستی عەقڵەکان، هەروەها لەو بارەوە دەستەواژەی (من أعقل الناس)، واتا: (کێ عاقڵترین کەسە؟) لە چەندین فەرموودەدا هاتووە[2] کە بەڵگەیە لە سەر ئەو ڕایە. ئیبن تەیمیەش دەڵێت: "ڕای بەهێزی جەماوەری زانایانی ئەهلی سوننە لەسەر ئەوەیە کە زانین و عەقڵ ئەگەری زیادبوون و کەمبوونیان هەیە"[3]. هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوەیە کە ناکۆکی و ڕاجیایی لە نێوان کەسەکاندا بەدی دەکرێت لە بڕیاردان لەسەر یەك پرسدا، کە نیشانەی جیاوازی کەسەکانە لە ئاستی عەقڵیاندا، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاستی عەقڵی کەسەکان وەکو یەك بوایە ئەو ناکۆکی و ڕاجیاییە لە نێوان کەسەکاندا ڕووی نەدەدا لە بڕیاردان لەسەر یەك پرسدا.

---

١ تەواوی فەرموودەکە: (قلن: وما نُقصان دينِنا وعقلِنا يا رسول الله؟ قال: "أليس شهادةُ المرأة مثل نصف شهادة الرجل؟"، قلن: بلي، قال: "فذلك من نقصان عقلها، أليس إذا حاضت لم تُصلِّ ولم تَصُمْ؟"، قلن: بلي، قال: "فذلك من نقصان دينها". صحيح البخاري (١/ ٦٨) فەرموودەی ژمارە (٣٠٤). لە ڕیوایەتی ئەبو سەعیدی خودری.

٢ بۆ نموونە: ئیبن عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر بێت) گێڕاویەتەوە: قال: "أفضل الناس أعقل الناس" قال ابن عباس رضي الله عنه: وذلكم نبيكم ـ صلى الله عليه وسلم ـ. بغية الباحث للهيثمي (٢/ ٨١٢): فەرموودەی ژمارە (٨٣٧). إتحاف المهرة للذهبي (٦/ ٢١)، والمطالب العالية للحافظ ابن حجر (١٣/ ٧١٧).

٣ بڕوانە: مجموع فتاوى ابن تيميه (١٠/ ٧٢١ـ ٧٢٢).

## پێگە و ڕۆڵی عەقڵ لە دەقە شەرعیەکاندا

### پێگەی عەقڵ لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا:

### ١ـ هاتنی عەقڵ بە داڕشتن (صیغە)ی کرداری (العقل):

لە قورئانی پیرۆزدا وشەی عەقڵ بە شێوەی چاوگ (مصدر) نەهاتووە، بەڵام لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا بە شێوەی کرداری (تعقلون) و (یعقلون)[١] و (یعقلها) و (نعقل) و (عقلوه)[٢]هاتووە، لە هەموو ئەو شوێنانەدا بە واتای خستنەگەڕی ژیریی و بیر و هۆش و کرداری درککردن و بیرکردنەوە و تێگەیشتن و پەندوەرگرتنە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَلِكَ يبَيِنُ اللَّهُ لَكُمْ آياتهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (البقرة: ٢٤٢)، واتە: (بەو شێوەیە خوا فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی لێی تیبگەن و ژیریتان بخەنەگەڕ).

### ٢ـ هاتنی واتای عەقڵ بە داڕشتن (صیغة)ی کرداری وشەی بیرکردنەوە (التفکر):

ئەم شێوازەش چەندین جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، بۆ نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَلِكَ يبَيِنُ اللَّهُ لكُمُ اللآياتِ لعَلَّكُم تَتَفَكَّرُونَ﴾ (البقرة: ٢١٩)،

---

[١] خوای گەورە لە سورەتی (البقرة)، ئایەتی (٢٤٢)دا دەفەرموێت: ﴿كَذلكَ يبَيِنُ اللَّهُ لكُمْ آياتهِ لعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾، واتا: (بەو شێوەیە خوا فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی لێی تیبگەن و ژیریتان بخەنە گەڕ). لە سورەتی (البقرة)، ئایەتی (١٧١)دا دەفەرموێت: ﴿صُمٌّ بُكْمٌ عُمْي فَهُمْ لا يعْقِلُونَ﴾، واتا: (بێباوەڕان کەڕوڵاڵ و کوێرن و سوود لە هەستەکانیان نابینن، بۆیە تێناگەن).

([٢]) خوای گەورە لە سورەتی (العنکبوت)، ئایەتی ژمارە (٤٣)دا دەفەرموێت: ﴿ومَا يعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ﴾، واتە: (ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی ئێمە بۆ خەڵکی دەیهێنینەوە، بەڵام تەنها زانایان لێی تێدەگەن)، لە سورەتی (الملك)، ئایەتی ژمارە (١٠)دا دەفەرموێت: ﴿وقَالُوا لوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾، لە سورەتی (البقرة)، ئایەتی ژمارە (٧٥)دا دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ يحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وهُمْ يعْلَمُونَ﴾، واتە: (ئایا ئێوە ـ ئەی گرۆی ئیمانداران ــ بەتەمان جولەکەکان باوەڕ بە ئاینەکەتان بێنن لەکاتێکدا کە دەستەیەك لەوان کەلامی خوا (تەورات)یان دەبیست، ئینجا لە دوای ئەوە کە تێیگەیشتبوون دەستکارییان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیانزانی ڕاستەکەی کامەیە؟).

واتا: (بەو شێوەیە خوا بەڵگە و ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە).(١)

**٣ـ هاوناو (مرادف)ەکانی وشەی عەقڵ لە قورئانی پیرۆزدا:**

واتای عەقڵ بە چەندین وشە و داڕشتنی جۆربەجۆری تر لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: بۆ نموونە وشەی (اللب): کە لە زمانی عەرەبیدا بە واتای کاکڵ و پوختە دێت، هەروەها بە واتای ئەو عەقڵە پوخت و بێ خەوشەش دێت کە لە دڵدا جێگیرە.(٢)

بەپێی بەدواداچوون، وشەی (اللب) هەموو جارەکان بە شێوازی کۆ هاتووە و لە هەموو شوێنەکانیش خاوەنەکەی ستایش کراوە، بۆ نموونە: خوای گەورە دەستکەوتنی باشترین پشك و بەش و درككردنی ئەحکام و حیکمەت و پەندوەرگرتن لە نیشانەکانی بە خاوەن عەقڵە بێ خەوشەکان (أولوا الألباب) بەستووەتەوە کە دەفەرموێت: ﴿يُؤتي الحِكمَةَ مَن يَشاءُ وَمن يؤت الحِكمَةَ فَقَد أُوتِيَ خيرًا كثيرًا وما يذَّكَّرُ إلا أولوا الألبابِ﴾ (البقرة: ٢٦٩)، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيلِ والنَّهَار لأيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ (آل عمران: ١٩٠)، واتە: (بێگومان لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و گۆڕانی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکرا هەیە بۆ خاوەن ئەلبابەکان).

---

(١) خوای گەورە لە سورەتی (الروم)، ئایەتی ژمارە (٨)یشدا دەفەرموێت: ﴿أَولَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ﴾، واتە: (ئایا ئەوانە لە ناخی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە)، لە سورەتی (سبأ)، ئایەتی ژمارە (٤٦)دا دەفەرموێت: ﴿أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا﴾، واتە: (پێیان بڵێ بەڕاستی من تەنها بە یەك شت ئامۆژگاری ئێوە دەکەم کە دوو دوو و یەك یەك لەبەر خوا هەڵسن پاشان بیر بکەنەوە).

٢ بڕوانە: أساس البلاغة (١/ ١٦٩)، ومقاييس اللغة لابن فارس (٥/ ١٦٠)، ولسان العرب لابن منظور (١/ ٧٢٩).

هەروەها وشەی (الحجر) کە لە زماندا بە واتای بەهێزیی و مەحکەمیی و ڕێگریی دێت[1]، لە قورئانی پیرۆزدا ئەو وشەیە بە واتای عەقڵ هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِذِي حِجْرٍ﴾ (الفجر: ٥)، واتا: (ئایا ئەوانە شایستەی سوێند پێخواردن نین بۆ کەسی خاوەن عەقڵ)[2].

هەروەها وشەی (القلب)یش چەند جارێك لە قورئانی پیرۆزدا بە واتای عەقڵ هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَلَمْ يسِيرُوا فِي الْأَرْض فَتَكُونَ لهُمْ قُلُوبٌ يعْقِلُونَ بِهَا أَو آذَانٌ يسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لا تَعْمَى الْأَبْصَارُ ولكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُور﴾ (الحج: ٤٦)، واتە: (ئایا ئەوانە بەسەر زەویدا نەگەڕاون تا بە دڵێکی هوشیارەوە بیرێك بکەنەوە بۆچی ئەو شار و وڵاتانە وێرانکران؟ بەڕاستی وەنەبێت چاوان کوێر بوو بن، بەڵکو ئەو دڵانە کوێرن کە لە سینەکاندان)[3].

هەروەها هەندێ لە زانایان وشەی (الحلم)یشیان بە هاوناو (مرادف)ی وشەی عەقڵ داناوە کە لە زماندا بە واتای هێوریی دێت[4]، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلامُهُمْ بِهَذَا أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ﴾ (الطور: ٣٢)، واتە: (ئاخۆ فام و ژیرییان فەرمانیان پێ دەدات (کە قسە و تۆمەتی ناڕەوا بدەنە پاڵ پێغەمبەر؟ نەخێر)، بەڵکو ئەوانە هەر خۆیان گەلێکی سەرکەش و یاخین)[5].

---

١ بڕوانە: تاج العروس للزبيدي (١٠/ ٥٣٥)، وفتح القدير للشوكاني (٥/ ٥٢٨).

٢ بڕوانە: فتح القدير للشوكاني (٥/ ٥٢٨). هەروەها وشەی (النهي): بە واتای عەقڵ دێت. بڕوانە: تاج العروس للزبيدي (٤٠/ ١٥٢).

خوای گەورە لە سورەتی (طه)، ئایەتی (١٢٨)دا دەفەرموێت: ﴿أَفَلَمْ يهْدِ لهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنَ الْقُرُونِ يمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذلِكَ لآياتٍ لِأُولِي النُّهَى﴾. زانایانی تەفسیر دەڵێن: (لأولي النُّهَى) واتە: بۆ خاوەن عەقڵان، چونکە ئەوانەن کە ئەهلی بیرکردنەوە و ئامۆژگاری و پەندوەرگرتنن. بڕوانە: تفسير الطبري (١٦/ ٨٦)، وزاد المسير لابن الجوزي (٣/ ١٦٢).

٣ بڕوانە: مفاتيح الغيب (التفسير الكبير) للرازي (٢٣/ ٢٣٤)، وتفسير القرطبي (١٢/ ٧٧).

٤ بڕوانە: البحر المحيط لأبي حيّان (٩/ ٥٧٤)، والتحرير والتنوير (٢٧/ ٦٤).

٥ بڕوانە: تفسير الطبري(١٦/ ٨٦)، وزاد المسير لابن الجوزي (٣/ ١٦٢)، وتفسير ابن كثير (٧/ ٤٣٦).

**پێگەی عەقڵ لە دەقەکانی سوننەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر):**

وشەی عەقڵ چەندین جار لە دەقـەکانی سـوننەتی پێغەمبـەردا (دروودی خـوای لەسەر) هاتووە، هەندێ جار بە ڕاشـکاوی و هەنـدێ جـاری تـر وەك وشـەی هاونـاو (مرادف) هاتووە. لە خوارەوە چەند نموونەیەکیان دەخەمە ڕوو:

١ـ فەرموودەی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) دەربـارەی ئافرەتـان: "مـا رأيت من ناقصات عقل ودين، أذهب للب الرجل الحازم، من إحداكن"[١]، واتە: (کەسم وەك یەکێك لە ئێوە نەبینیوە لە کەم عەقڵ و کەم دینەکان ئەوندە بەتوانا بێـت لـە لەخشتەبردنی پیاوی دانادا).

٢ـ جـابیری کـوڕی عەبـدوڵڵای ئەنصـاری (خـوا لێـی ڕازی بێـت) گـوتی: ڕۆژێـك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هاتە لامان فەرمووی: "إِنِّي رَأَيتُ فِي الْمَنَامِ كَأَنَّ جِبْرِيل عِنْدَ رَأْسِي ومِيكَائِيل عِنْدَ رِجْلِي يقُولُ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: اضْرِبْ لَهُ مَثَلًـا، فَقَال: اسْمَعْ سَمِعَتْ أُذُنُكَ واعْقِلْ عَقَل قَلْبُكَ إِنَّمَا مَثَلُكَ ومَثَلُ أُمَّتِكَ كَمَثَلِ مَلِكٍ اتَّخَـذَ دَارًا ثُمَّ بَنَي فِيهَا بَيتًا ثُمَّ جَعَل فِيهَا مَائِدَةً ثُمَّ بَعَثَ رَسُولًا يدْعُو النَّاسَ إِلى طَعَامِهِ فَمِنْهُمْ مَنْ أَجَابَ الرَّسُول ومِنْهُمْ مَـنْ تَرَكَـهُ..."[٢]، واتـە: (لـە خـەودا وا هاتـە پـێش چـاوم کـە جوبرائیل لە لای سـەرم بـوو، میکـائیلیش لـە لای پێیـەکانم بـوو، یـەکێکیان بـەوی تریانی گوت: نموونەیەکی بۆ بێنەوە، ئەویتریان گـوتی: گـوێ بگـرە و تێبگـە، خـوا یارمەتی گوێت بدات لە بیستن و یارمەتی دڵت بدات لە تێگەیشتن ...).

---

١ سبق تخريجه.

٢ ئیمامی تورمزی گێڕاویەتەوە، سنن الترمذي (٤/ ٤٤٢)، ژمارەی فەرموودە (٢٨٦٠)، ئینجا گوتوویەتی: "وقد رُوي هذا الحديث مِن غير وجه عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ بإسناد أصحّ مِن هذا... هـذا حـديث مُرْسَل، سعيد بن أبي هلال لم يدْرك جابر بن عبد الله".

٣ـ عائیشه (خوا لێی ڕازی بێـت) گـوتـی: جـاءت سَـهْلَة إلى رسـول الله ـ صـلى الله عليه وسلم ـ، فقالت: يا رسول الله إن سالمًا يدخُلُ علينا وقد عقَل مـا يعقِـلُ الرجـال، وعلِم ما يعلمُ الرجال، قال: "أرضِعِيه تَحرُمي عليه بذلك"[١]، واته: (سـەهله هـات بـۆ لای پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسـەر) گـوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا سـالیم دێته ناومـان و تێکـەڵمان دەبێـت لەکاتێکـدا ئـەوەی پیـاو تێیدەگـەن ئـەویش تێـی دەگات و ئەوەی پیاو دەیزانن ئەویش دەیزانێت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسـەر) فەرمووی: شیری پێ بدە لێی حەرام دەبێت).

٤ـ ئـەبوزەڕ گـوتـی، پێغەمبــەر (دروودی خـوای لەســەر) فــەرمووی: "لا عقـل كالتدبير، ولا ورع كالكفِّ، ولا حَسَب كحُسـن الخُلـق"[٢]، واتـه: (پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: هیچ عەقڵێك ناگات بە تەدبیر، هیچ وەرعێكیش ناگـات بـه خۆپاراستن، هیچ حەسەبێكیش ناگات بە ئاكارجوانی).

٥ـ عائیشه (خوا لێی ڕازی بێت) گوتـی: قال رسول الله ـ صـلى الله عليـه وسـلم ـ: "الدنيا دار مَن لا دار له، ومال مَن لا مال لـه، ولهـا يجمَـعُ مَـن لا عقـل لـه"[٣]، واتـه: (دونیا خانووی بێ ماڵە و سامانی بـێ سـامانە و کەسـێ مـاڵی بـۆ کۆدەکاتـەوە کـە عەقڵی نییە).

بە تێڕوانین لەو دەقانە و هاوشێوەکانی، بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی (عەقڵ) لـە بەشـێکی کەمیانـدا بـە واتـای عـەقڵ هـاتووە، وەك ئـەو غەریزەیـەی کـە درکـی شتەکانی پێ دەکرێت، لەکاتێکدا لە سەرجەم دەقەکانی تر واتای تێگەیشتن و زانین و بیرکردنەوە هاتووە.

---

١ ئیمامی نەسائی گێڕاویەتەوە: سنن النسائي (٦/ ١٠٥)، ژمارە (٣٣٢٢). ئەلبانی بـە دروسـتی دانـاوە: صـحيح وضعيف سنن النسائي (٧/ ٣٩٤).

٢ ئیمامی ئیبن ماجه گێڕاویەتەوە: سنن ابن ماجه (٢/ ١٤١٠)، ژمارە (٤٢١٨) . ئەلبانی بە لاوازی داناوە: صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٩/ ٢١٨).

٣ مسند أحمد رقم (٢٣٢٨٣). ئەلبانی بە لاوازی داناوە: ضعيف الترغيب والترهيب (٢/ ١٧١).

ئەوەی ڕابورد سەبارەت بە هاتنی وشەی (عەقڵ) بە ڕاشکاوی بوو، لە لایەکی ترەوە لە چەندین دەقی تردا عەقڵ بەناوی درککردن و تێڕوانین و دڵ و تێگەیشتن و تێفکرین و... هاتووە و کۆی ئەو واتایانە جەخت لەوە دەکەن کە عەقڵ هێزێکە ڕۆڵەکەی بریتیە لە درککردن و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی ساغ و دروست بۆ شتەکان.

## ڕۆڵ و بەکارهێنانی عەقڵ لە بوارەکانی ئاییندا:

لە سۆنگەی ئەوەوە کە خوای گەورە مرۆڤی بە مەبەستی خواپەرستی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و جێنشینایەتی لە زەویدا دروست کرد، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنێت خوای پەروەردگار عەقڵی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی هاوڕا لەگەڵ (وەحی)دا بیکاتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە. بوونی عەقڵ هێزی بیرکردنەوە لە مرۆڤدا توانای ئەوەی پێ بەخشیوە کە لە پەیامەکانی خوای گەورە تێبگات و زۆر لە نهێنیەکانی بوونەوەر بدۆزێتەوە و چەندین داهێنانی موعجیزەئاسا بێنێتە ئاراوە.

بەدرێژایی مێژووی ئیسلام هیچ زانا و بڕیارێکی ئیسلامی عەقڵی بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت نەکردووەتەوە، بەو زانایانەشەوە کە لە مێژوودا بە پشتیوانانی دەق و ڕکابەرانی عەقڵ ناسێنراون، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیروباوەڕی ئیمانی ناتوانێت لە عەقڵ بێنیاز بێت، چونکە تەنانەت تێگەیشتن لە دەقە ئایینیەکان و هەڵێنجانی ئەحکام لێیان و گەیاندنی پەیامی ئایین و ڕوونکردنەوەی ئامانج و حیکمەت و مەبەستەکانی ئایین پێویستیەکی حاشاهەڵنەگری بە عەقڵ هەیە، جگە لەوەش مادام پەیامەکانی ئایین بەتایبەتی ئاڕاستەی مرۆڤەکان کرابن چۆن دەکرێت دەقەکانی ئایین لە لایەن مرۆڤەوە قبوڵ بکرێن بێ ئەوەی لایەك بە لای عەقڵدا بکرێتەوە کە گرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندی مرۆڤەکانە؟!

هـــەر لـــەو ســـۆنگەیەوە دەبیـــنین ئامـــانجی بنـــەڕەتی گرووپـــە کەلامیـــە جۆربـەجۆرەکانیش لـە سـەرەتای دروسـتبوونیان بـریتی بـووە لـە تێگەیشـتن لـە بیروباوەڕ و سەلماندن و ئیسباتکردنی ڕاستیەکانی ئایین و بەرگری لێکردنینیان بـە هۆی بەڵگە عەقڵیەکانەوە. بەو پێیە دەکرێت ڕۆڵ و بـەکارهێنانی عـەقڵ لـە ئاییـندا لەم بوارانەی خوارەوە خۆی ببینێتەوە [١]:

**یەکەم:** ڕۆڵی عەقڵ لە بواری تێگەیشتنی واتای دەق و پرسە ئایینیەکان.

**دووەم:** ڕۆڵی عەقڵ لە بواری هەڵێنجانی ئەحکامەکان لە دەقە ئایینیەکان.

**سێیەم:** ڕۆڵی عەقڵ لە بواری گونجاندنی عەقڵ و نەقڵدا.

**چوارەم:** ڕۆڵی عەقڵ لە بواری گەیاندن و فێرکردنی ئەحکامەکانی ئاییندا.

**پێنجەم:** ڕۆڵی عەقڵ لە بواری بەرگریکردن لە بیروباوەڕ و بڕیار و ئەحکامـەکانی ئاییندا.

**شەشەم:** ڕۆڵی عەقڵ لە بواری سەلماندنی بیروباوەڕ و پرسە ئایینیەکاندا[٢].

ڕۆڵ بینینی عەقڵ لە بەشێك لەم تەوەرانە ئاماژەیـان پێکـرا جێگـای یەکـدەنگی زانایان و بیریارانە، بەڵام لە چەند بوارێکیاندا ناکۆکی ڕاجیایی زۆری لێ کەوتۆتەوە. ڕاجیایی زانایانیش دەربارەی ئەو تەوەرانەش خۆی لە چەند پرسیارێکدا دەنوێنێت، لەوانەش:

ئایا بوونی عەقڵ بەسە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و ناسینی خودا؟

ئایا بیروباوەڕی ئایینی وابەستەی بەڵگەی عەقڵیە و پێویستی پێیەتی؟

ئایا بڕیار و پرسە ئایینیەکان لەگەڵ عەقڵدا گونجاو و هاوئاهەنگن؟

ئایا ئایین پرس و ئەحکامی ئەوتۆ لەخۆی دەگرێت کە لـە مـەودای عەقڵـدا نـین، یان جیاوازن، یان لەگەڵ عەقڵدا دژیەکن؟

---

١ بڕوانە: العقل والدین (٢٣).

٢ بڕوانە: العقل والدین لمحمد جعفري (٢٤).

ئایا عەقڵ تەنها هێزێکی درککەرە و بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت، وەك لە چوار بوارە یەکەمەکانی پێشوودا باسکران، یان عەقڵ سەرچاوەیەکی سەربەخۆی مەعریفە و زانینە وەك وەحی؟[1]

ئایا ئەگەر عەقڵ وەك سەرچاوەیەکی سەربەخۆی مەعریفی دابنرێت، لە ئەگەری تێکگیرانی لەگەڵ (وەحی)دا کامیان بڕیاردەرە و بەسەر ئەوی تریاندا پێش دەخرێت؟ دیارە هەریەك لەو وەڵام و ئەگەرانەی لە ناواخنی پرسیارەکاندا ئاماژەیان پێ کرا لایەنگیری خۆی هەیە و لێرەدا کێشە لە نێوانیاندا دروست دەبێت لە خوێندنەوەی دەقی ئایینی و تەفسیرکردنی و قبوڵکردنی یان تەنانەت ڕەتکردنەوەشی!

هەر چەند پرسی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین، یان عەقڵ و وەحی، وەك پرسێکی بنەڕەتی لە چەرخەکانی دوایدا دەرکەوت، بەڵام ڕەگ و ڕیشاڵی لەمێژینەی قووڵی هەیە لە مێژووی مەعریفەدا. ئەو پرسە لە سەرەتادا لەسەر دەستی فەیلەسوفە ئیلاهیەکان[2] و فەیلەسوفانی مەسیحی ورووژێنراوە، هەر لە چەرخە سەرەتاییەکانی مەسیحیەتدا، دەتوانین بڵێین کە جیهانی مەسیحی بێشکەی لەدایکبوون و شوێنی چەکەرەکردن و سەوزبوونی ئەو پرسە بووە[3].

---

١ بڕوانە: هەمان سەرچاوە (٢٥).

٢ فەیلەسوفە ئیلاهیەکان: بریتین لە فەیلەسوفە ناودارەکانی یۆنان، سوکرات و پلاتۆن و ئەرستۆ و شوێنکەوتووانیان وەك فارابی و ئیبن سینا، کە فەلسەفەکەیان لەسەر بنچینەیەکی عەقڵی بنیاتناوە و بەرەنگاری فەلسەفەی مادیگەرایی بوونەوە و بە فەیلەسوف ئیلاهی ناوزەدکراون، چونکە بەڵگەی عەقڵیان هێناوەتەوە لەسەر پێویستی بوونەوەر بە پەروەردگارێکی ئەزەلی و کاربەجێ و بەتوانا، کە لە پشتی هۆکار و ئامانجەکانەوەیە و هۆکاری یەکەمی هۆکارەکانە، بەڵام بڕوایان وایە بوونەوەر ئەزەلیە و بڕوایان نییە بە ناو و سیفاتەکانی خوا و پەیامی پیغەمبەران و زیندووبوونەوە و پاداشت و سزا. بڕوانە: تهافت الفلاسفة (٦)، والمنقذ من الضلال للغزالي (١٣٥)، ودرء تعارض العقل والنقل لابن تيمية (٤/ ٦٦).

٣ بڕوانە: العقل والدين، سەرچاوەی پێشوو (٢٦).

## پێوەرە شەرعییەکان بۆ مامەڵەکردن گەڵ دەقە شەرعییەکاندا:

### پێوەرە گشتییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە شەرعییەکاندا:

بەردەوام ئوممەتی محەمەد (دروودی خوای لەسەر) هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، سەدە لە دوای سەدە، هەردوو سەرچاوەی زوڵاڵی قورئان و سوننەتیان دەستاودەست کردووە بێ زیاد و کەمی، بەڵام ناوەناوە هەندێ کەس و گرووپ هەوڵیان داوە دەلالەتی دەقەکانی قورئان و سوننەت بگۆڕن و لە واتای ڕاستەقینەی خۆیانی لادەن، تا کار بەوە گەیشت کە هەندێ تاقم و گرووپ بانگەشە بۆ ڕەتکردنەوەی دەقەکانی سوننەت بکەن بە بیانووی ئەوە کە لەگەڵ عەقڵدا تێکدەگیرێن! لەبەرئەو هۆیە زانایان چەند پێوەرێکیان دیاری کردووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت، کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن. بێگومان زانینی ئەو پێوەرە شەرعیانە بۆ تیگەیشتن لە قورئان و سوننەت بابەتێکی گرنگ و بایەخدارە و خاڵی زۆر لە خۆی دەگرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:

### یەکەم: تەسلیمبوون و پابەندبوونی ڕەها بۆ بڕیار و ئەحکامی دەقە شەرعیە ڕوونەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يأَيهَا ٱلَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وأَطيعُواْ ٱلرَّسُول وأُوْلِي ٱلأمر مِنكُمۡ﴾ (النساء: ٥٩)، واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشان گوێڕایەڵی فەرمانڕەواکانتان بن کە لە خۆتانن)، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ ولا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ ورَسُولُهُ أَمْرًا أَن يكُونَ لهُمُ الخِيرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾ (الأحزاب: ٣٦)، واتە: (کاتێ خوا و پێغەمبەری خوا بڕیار و فەرمانێك دەردەکەن هیچ ئیمانداریکی پیاو و ژن مافی

ئەوەیان نییە ئازاد بن لە ئاست جێبەجێکردن، یان نەکردنی ئەو بڕیارە، بەڵکو لەسەریان پێویستە ملکەچی فەرمان و بڕیارەکانی خوا و پێغەمبەر بن).

لە بارەی پێویستی ملکەچبوون و پابەندبوون بە فەرمانی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر بۆی هێناون دەستی پێوەبگرن). خوای گەورە هەڕەشە لەوانە دەکات کە سەرپێچی لە فەرمانەکانی پێغەمبەر دەکەن و بە تووشبوونی فیتنەیەك، یان کارەساتێکی مەزن دەیانترسێنێت، کە دەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣). ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: دەزانی فیتنە چیە؟ فیتنە هاوبەش پەیداکردنە بۆ خوا.

هەر لەو بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾ (النور: ٥١)، واتە: (تاکە هەڵوێستی ئیمانداران کاتێك بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی بەپێی فەرمانی خوا و پێغەمبەر دادوەرییان لە نێواندا بکرێت ئەوەیە کە بڵێن بیستمان و ملکەچ بووین، جا بە ڕاستی ئەوانەن ئیمانداری ڕاستەقینە). هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥)، واتە: (سوێند بە پەروەردگارت ئەی محەمەد باوەڕناهێنن تا تۆ نەکەنە دادوەر لەوەدا کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، هەروەها بە شێوەیەك ڕازی نەبن کە لە دەروونی خۆیان هەست بە هیچ دوودڵیەك نەکەن لەو حوکمە کە کردووتە لەنێوانیاندا و بەیەکجاری تەسلیم نەبن).

ئیبن تەیمیە دەڵێت: "خوای گەورە لە زیاتر لە (٣٠) شوێن فەرمانی کردووە بە ملکەچکردن بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ملکەچکردن بۆ پێغەمبەری

لەگەڵ ملکەچکردن بۆخۆی پێکەوە باسکردووە، هەروەها سەرپێچیکردنی فـەرمانی پێغەمبەری لەگەڵ سەرپێچی کردنی فەرمانی خۆی باس کردووە"[1].

زانایانی پێشین ئەو پێوەرەیان بە جوانترین شێوە بە کردەیی لە ژیانی خۆیانـدا جێبەجێ کردووە، ئەوەتا عومەر (خوا لێـی ڕازی بێـت) لەبـەردەم بـەردە ڕەشـەکە (الحجر الأسود) دەوەستێت و دەڵێت: "إِنِّي أَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ، لا تَضُرُّ ولا تَنْفَعُ، ولـوْلا أَنِّي رَأَيتُ النَّبِيَ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يقَبِّلُكَ مَـا قَبَّلْتُـكَ"[2]، واتـە: (مـن دەزانم تـۆ بەردێکی نە سوود دەبەخشی نە زیان دەگەیەنیت، ئەگـەر نەمبینییایـە پێغەمبـەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ماچی دەکردی، منیش ماچم نەدەکردی). واتـە ئەگـەر بە عەقڵی عومەر بوایە ئـەو بـڕوای وابـوو ئـەو بـەردە ڕەشـەش بەردێکـە نـە سـوود دەبەخشێ نە زیان دەگەیەنێت، بەڵام ئەو عەقڵی خۆی نەکردە حەکەم، بۆیە ماچی دەکرد، چونکە ملکەچ و تەسلیم بوو بۆ فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

**دووەم: بڕوابوون بەوەی دەقە شەرعییەکان هەموو ئایینیان لەخۆگرتووە:**

پێویستە بڕوایەکی پتـەومان هـەبێت بـەوەی کـە دەقـەکانی قورئـان و سـوننەت هـەموو بنـەما و بابەتـە سـەرەکی و ناسەرەکیەکانیشـی لـەخۆگرتووە، وەك خـوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَّا فَرَّطنَا فِي ٱلكِتَبِ مِن شَيء ثُمَّ إِلى رَبِّهِم يُحشَرُونَ﴾ (الأنعام: ٣٨)، دووبارە فەرموویەتی: ﴿ونَزَّلْنَا عَليكَ الكتَابَ تبْيانًا لِّكلِّ شَيء﴾ (النحـل: ٨٩)، هەروەها فەرموویەتی: ﴿اليوْمَ أَكْمَلْتُ لكُمْ دِينَكُمْ وأَتْمَمْتُ عَليكُمْ نِعْمَتِي ورَضِيتُ لكُمُ الإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣)، هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَـا كَـانَ حَـدِيثًا يفْتَـرَى ولكِـن تَصْدِيقَ الَذِي بَينَ يدَيهِ وتَفْصِيل كُلِّ شَيءٍ وهُدًى ورَحْمَةً﴾ (یوسف: ١١١). هەر بۆیـە کاتێ هەندێ لە یەهودیەکان بە سەلمانی فارسییان گوتبوو پێغەمبەرەکەتان فێـری

---

١ بڕوانە: الفتاوى الكبرى (٢/ ١٥٣).

٢ ئیمامی بوخاری گێڕاویەتەوە: صحيح البخاري (٢/ ١٤٩)، كتاب الحج، بـاب مـا ذكـر في الحجـر الأسـود، ژمارەی فەرموودە (١٥٩٧).

هەموو شتێکی کردوون تەنانەت چوونە سەر پێشاویش! ئەویش پێی گوتبوون: "أَجَلْ لقد نهانا أن نستقبل القبلة لغائط، أو بول، أو أن نستنجي باليمين..."[١]، واتە: (بەڵێ، بێگومان، پێغەمبەرمان نەهی لێکردووین کە چووینە سەر پێشاو ڕوو لە ئاڕاستەی قیبلە بکەین، هەروەها نەهی لێکردوون بە دەستی ڕاست خۆمان لە پیسایی پاکبکەینەوە). هەروەها پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلى الْبَيضَاءِ ليلُهَا كَنَهَارِهَا لا يزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلاّ هَالِكٌ"[٢]، واتە: (بێگومان لەسەر ئایین و ڕێبازێکی ڕۆشن جێمهێشتوون، شەو و ڕۆژی وەك یەك ڕووناکن، هەرچی لێی لادا بە هیلاك دەچێت)، کەواتە لەگەڵ بوونی دەقی شەرعیی قورئان و سوننەتی دروست و ڕووندا، بوار نییە بۆ ئیجتیهاد و قیاس و بەکارهێنانی عەقڵ.

**سێیەم: بڕوابوون بەوەی کە دەقەکانی وەحی پارێزراون:**

یەکێك لە نیعمەتە گەورەکانی پەروەردگار بە سەر ئوممەتی ئیسلامەوە ئەوەیە، کە دوو سەرچاوەی گەورە و بەڕێزی بۆ داناون کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) بۆ وەرگرتن و هەڵێنجانی ئەحکامەکانی ئایینەکەیان، لەکاتێکیشدا خوای گەورە ئەرکی پاراستنی کتێبە ئاسمانیەکانی پێشووی خستۆتە سەر شانی خۆیان، بەڵام ئەوان گۆڕیویانە و لێیان زیادکردووە و لێیان کەمکردووەتەوە، خوای گەورە بەڵێنی داوە بە زاتی خۆی سەرچاوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بپارێزێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وإِنَّا

---

١ ئیمامی موسلیم گێڕاویەتەوە: صحیح مسلم (١/ ٢٢٣)، کتاب الطهارة، باب الاستطابة، ژمارەی فەرموودە (٢٦٢).

٢ ئیمام ئیبن ماجە گێڕاویەتەوە، سنن ابن ماجة (١/١٦)، ژمارەی فەرموودە: (٤٣)، والمستدرك على الصحيحين للحاكم (١/ ١٧٥). ژمارەی فەرموودە: (٣٣١). شیخ ئەلبانی بە دروستی داناوە. صحيح ابن ماجة (١/ ١٣).

لهُ لحَافظُون﴾ (الحج: ٩)، بۆیه پێویسته باوەڕی پتەومان هەبێت بەوەی کە خـوای گـەورە قورئـانی پـیرۆزی پاراسـتووە، بـە وشـە (لفـظ) و واتـا (معـنی)، بـە ڕێگـای تەواتوریش پێمانگەیشتووە لە سەردەمی پێغەمبەرمانەوە (دروودی خـوای لەسـەر) نەوە دوای نەوە تا ئەمڕۆ نە لێی زیاد دەکرێ و نە لێی کەمدەکرێتەوە.

سـەبارەت بـە فـەرموودەکانی پێغەمبـەریش (دروودی خـوای لەسـەر)، لـەو سۆنگەیەوە، کە ڕۆڵی سـەرەکی پێغەمبـەرمان (دروودی خـوای لەسـەر) بریتیـە لـە ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆز، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وأَنزَلنَا إِليكَ ٱلـذِّكرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّل إِليهِم﴾ (النحل: ٤٤)، بۆیە بەو ئەندازەی پێویستە بۆ گەیانـدنی پەیامی پێغەمبەر و ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکانی دەقەکانی سوننەتیش پـارێزراون، چونکە بەو پێیە پاراستنی قورئان پاراستنی سوننەتیش دەگرێتەوە.

بـۆ پاراسـتنی فـەرموودەکانیش خـوای گـەورە کەسـانێکی فەراهـەمهێناوە لـە زانایانی فەرموودەناس، کە چەندین پێوەری زانستی ورد و هەستیاریان داناون و بە ئەندازەیەکی لە ڕادەبەدەر ئەك و ماندووبوونیان کێشاوە و شەونخونیان چەشـتووە بە مەبەستی پاراستن و خزمەتکردنی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

### چوارەم: کارکردن بە موحکەم و بڕوابوون بە موتەشابیهـ:

بێگومـان قورئـانی پـیرۆز بەشـێکی موحکەمـە و بەشـێکی موتەشـابیهە، خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُو الَذي أَنزَل عَليكَ الكِتَابَ مِنْهُ آياتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُـنّ أُمُّ الكِتَـابِ وأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَذينَ فِي قُلُـوبِهِمْ زَيـغٌ فَيتّبِعُـونَ مَـا تَشَـابَهَ مِنْـهُ ابْتِغَـاءَ الفِتْنَـةِ وابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ ومَا يعْلَـمُ تَأْوِيلَـهُ إِلاّ اللهُ والرّاسِـخُونَ فِـي العِلْـمِ يقُولُـونَ آمَنّـا بِـهِ﴾ (آل عمران: ٧).

هەروەها فەرموودەی پێغەمبەریش موحکەم و موتەشابیهی تێدایە، جا پێویستە لەسەرمان کار بە دەقە موحکەمەکان بکەین و بڕوامان بە دەقە موتەشابیهەکان هەبێت و واتای دەقە موتەشابیهەکان بگێڕینەوە بۆ لای دەقە موحکەمەکان[1].

**پێنجەم: پابەندبوون بە مەنهەجی زانایانی پێشین لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا:**

خوای گەورە ستایشی ئیماندارانی پێشووی کردووە[2] و پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر) چەرخی ئەوانی بە باشترین چەرخ داناوە[3]. وێڕای ئەوەش قورئانی پیرۆز بۆ سەر ئەوان و بە زمانی ئەوان هاتووەتە خوارەوە و ئاگاداری کات و شوێن و هۆی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز و هاتنی دەقەکانی سوننەت بوون و زۆربەی دەقەکان بۆ ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی ڕێبازی ژیانیان هاتوون! بۆیە جیا لە تێڕوانین لە پێشهاتە نوێیەکان، پێویستە ئێمەش بە پێی ڕێباز و پێوەر و تێگەیشتنی زانایانی پێشین لە دەقەکان تێبگەین، چونکە لە ڕووی شەرع و عەقڵ و لۆجیکەوە مەحاڵە ئێمە باشتر لە زانایانی پێشین لە دەقەکانی قورئان و سوننەت تێبگەین، یان بە تێگەیشتنێکی جیاواز لە دەقەکان تێبگەین کە ئەوان پەییان پێ نەبردووە، لەکاتێکدا ئەوان بە شێوەیەکی کردەیی مامەڵەیان لەگەڵ دەقەکاندا کردووە و لەگەڵیاندا ژیاون[4].

پێویستە ئاگاداری بیرۆکەیەکی داهێنراو بین دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا، ئەویش بریتیە لە بیرۆکەی دووبارە خوێندنەوەی دەقەکان (إعادة قراءة النص) کە زۆر جار سەردەکێشێت بۆ شێواندن و گۆڕین لە ئایینی خوادا، بەڵام

---

١ بڕوانە: الرد على الزنادقة والجهمية (ص: ١٩)، وفتح الباري لابن حجر (١٣/ ٣٥١). والمتشابه في متن الحديث لفتح الدين البيانوني ل٦٦.

٢ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿والسَّابِقُونَ الأَوَلُونَ مِنَ المُهَاجِرِينَ والأَنصَارِ﴾ سورة التوبة، الاية: (١٠٠).

٣ وەك فەرموویەتی: «خَيرُ النّاسِ قَرْنِي، ثُمّ الذينَ يَلُونَهُمْ...». البخاری (١٧١/٣)، ژمارە: (٢٦٥٢)، ومسلم (١٩٦٣/٤)، ژمارە: (٢٥٣٣).

٤ مجموع الفتاوى (١٧/ ٤١٥)، ومختصر الصواعق المرسلة (٥٣٥).

پێویسته لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە دابەزاندنی دەقەکان بۆ سەر پێشهاتە تازەکان ناچێتە ناو ئەو بازنەیەوە، چونکە بە درێژایی مێژوو هەر کاتێ ڕووداوێکی نوێ هاتبێتە پێش، زانایان بۆ دۆزینەوەی حوکمەکەی بەدوای بەڵگەدا گەڕاون لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا، بۆ ئەوەی بەسەر ڕووداوەکەدا دایبەزێنن، هەروەها بە دوای بابەتە هاووێنە (الأمثال) و هاوتا (النظائر)کانیاندا، گەڕاون بۆ گواستنەوەی حوکمەکەی بۆ پێشهاتە نوێیەکە، بەڵکو ئەوەی پێویستە ڕەتبکرێتەوە بریتیە لەوەی کە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقەکان بکرێت کە جیاوازە لەگەڵ میتۆد و تێگەیشتنی زانایانی پێشین و سەری کێشاوە بۆ ئەوەی واتای دەقەکان بگۆڕن و واتایەك بەسەر دەقەکاندا ببڕن کە لە وتەی خوای گەورە و پێغەمبەری پێشەوا (دروودی خوای لەسەر) دوورە، بۆ نموونە دووبارە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەقانەی دەربارەی سوو (ربا) و تۆڵە (قصاص) و ڕەجم و باقی حەدەکانی تر، بۆ ئەوەی حوکمەکەیان بگۆڕن و حوکمیکی تری غەیری ئەوەی لێ وەربگرن کە زانایانی پێشین لێیان وەرگرتووە، سەرچاوەی ئەوەش حاڵی نەبوونە، یان مەبەست چەواشەکردنی مسوڵمانانە.

**شەشەم: دژایەتی نەکردنی سونەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە قورئانی پیرۆز:**

واتە نابێت سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە هۆی کەلامی خواوە دژایەتی بکرێت، چونکە سونەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی کەلامی خوایە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيكَ ٱلذِّكرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيهِم﴾ (النحل: ٤٤)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الهَوَى إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣-٤). پێغەمبەری ئازیزیشمان (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "أَلا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ، ومِثْلَهُ مَعَهُ"[١].

---

١ سنن أبو داود (٤/ ٢٠٠)، ژمارە (٤٦٠٤). ئەلبانی بە دروستی داناوە: صحيح وضعيف سنن أبي داود (١٠/ ١٠٤).

### حەوتەم: کۆکردنەوەی هەموو دەقەکان دەربارەی بابەتێك:

ڕێباز (منهج)ی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بریتیە لە وەرگرتنی هەموو دەقەکان دەربـارەی بابـەتێك بـەتێکڕایی، چـونکە گەڕانـەوە بـۆ بەشـێك لـە دەقـەکان پشتگوێخستنی بەشێکی تریان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو مرۆڤ تووشی گومڕایی و سەرلێشێوان دەکات، بۆیـە خـوای گـەورە فـەرمانمان پـێ دەکـات بـۆ وەرگـرتنی حوکمی شەرعی بگەڕێنەوە بۆ لای زانایان، چونکە ئەو کارە لـە توانـای ئەواندایـە و ئەوان شایستەن لە دەقـەکان بـڕوانن و حـوکمی شـەرعیان لـێ هـەڵێنجن. بـە هـۆی پابەندنەبوون بـەو ڕێکـارە، وەرنـەگرتنی هـەموو دەقـەکان دەربـارەی پرسـێك، زۆر کۆمەڵ و گرووپ تووشی گومڕایی بوون، بۆ نموونە خەواریجەکان دەقەکانی تایبەت بـە هەڕەشـەیان وەرگرتـووە دەرهـەق بـە تاوانبـاران، بـەڵام دەقـەکانی تایبـەت بـە بەڵێنەکانیان پشتگوێ خستووە. بە پێچـەوانەی ئەوانـەوە مورجیئـەکان دەقـەکانی تایبەت بە بەڵێنەکانیان وەرگرتووە، بەڵام دەقەکانی تایبەت بە هەڕەشە و سـزایان پشـتگوێ خسـتووە، هـەروەها دەربـارەی سـیفاتەکانی خـوا نەفیکـەرانی سـیفات (نفاە)ەکـان جـەختیان لـە دەقـەکانی تایبـەت بـە بێگـەردی خـوا کردووەتـەوە، لەکاتێکدا دەقەکانی تایبەت بە جێگیرکردنی سیفەتەکانیان پشتگوێ خستووە. بـە پێچـەوانەی ئەوانیشـەوە کۆمـەڵێکی تـر دەقـەکانی تایبـەت بـە جێگیرکردنـی سیفەتەکانیان وەرگرتووە، بەڵام دەقەکانی تایبەت بە بێگـەردی خوایـان پشـتگوێ خستووە، بۆیە تووشی وێنەدانان (تمثیل) بوون بۆ خوا ـ سبحانە ـ لـەکاتێك ئـەهلی سوننەت و جەماعە هەموو دەقەکانیان بەیەکەوە وەرگرتووە[1].

---

١ بڕوانە: مختصر الفتاوي المصرية لابن تيمية (١/ ٢١٦)، والانتصار لأهل السنة، والحديث لعبد المحسن العباد (١٤٧).

**هەشتەم: ناسینی دەقی گشتی و تایبەت و، دەقی ڕەها و سنووردار:**

زانینی جۆرە جیاوازەکانی دەقەکان یەکێکە لە پێویستەکانی تێگەیشتن لە دەقەکان، چونکە بەشێك لە دەقەکان دەقی گشتی (عام)ن بەشێکیان تایبەت (خاص)ن. بەشێك لە دەقەکان دەقی ڕەها (مطلق)ن، بەشێکیان سنووردار (مقید). هەندێ لە دەقەکان ناسیخ و هەندێکیان مەنسوخن و هەندێ لە دەقەکان موحکەم و هەندێکی تریان موتەشابیهن، تەنها زانایانیش شارەزای ئەم جۆرانەن و لە یەکتریان جیا دەکەنەوە.

**نۆیەم: دژایەتی نەکردنی دەق بە هۆی عەقڵەوە:**

بێگومان هەر جۆرە دژایەتیکردنێکی دەق و ڕەتکردنەوەی بە هۆی عەقڵەوە لە گەورەترین هۆکارەکانی ڕوودانی پەرتەوازەییە لەنێوان مسوڵمانان و هۆکاری دەرکەوتنی بیدعە و سەرلێشێوانە، چونکە شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازە دژایەتی دەقەکانی قورئان و سوننەتیان کردووە بە هۆی عەقڵی خۆیانەوە، لەکاتێکدا خوای گەورە فەرمانی پێ کردوین بەڕەهایی و بێ قەید و شەرت ملکەچ و تەسلیمی دەقەکان بین و هەرگیز لەگەڵ عەقڵ و ئارەزوو بۆچوونی خۆمان بەرابەریان نەکەین.

بێگومان ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەوەیە: کە دەقی ڕاست لەگەڵ عەقڵی ساغ تێکناگیرێت. هەرکاتێك تێکگیران ڕوویدا، ئەوە یان لەبەر ئەوەیە دەقەکە ڕاست نییە، یان لەبەر ئەوەیە بەڵگە عەقڵیەکە دروست نییە. هەرکاتێکیش نەقڵ و عەقڵ ڕاست و دروست بن، ئەوە تێکگیران لە نێوانیاندا مەحاڵە[1]. بەپێی تێگەیشتنی سەلەف، دەقەکان بە عەقڵ دژایەتی ناکرێن و ڕەت ناکرێنەوە، ئەگەر عەقڵیش نەیتوانی درکی واتای دەقەکە بکات، ئەوا دەقەکە پێش عەقڵ دەخرێت، چونکە نەقڵی دروست (معصوم)ە و لە هەڵە پارێزراوە، بەڵام عەقڵەکان جیاوازن.

---

١ بڕوانە: درء تعارض العقل والنقل لابن تیمیة (٣/ ٣١٠).

زۆرجار زانایەك بابەتێك بـە هـۆی بەڵگـەی عەقڵیـەوە دەسـەلمێنێت، دواتـر هـەمان بابەتی سەلمێنراو بە بەڵگەیەكی تری عەقڵی پووچەڵ دەكاتەوە، بۆیە هەركاتێك بە ڕواڵـەت تـێكگیران لـەنێوان عـەقڵ و نەقڵدا ڕوویـدا، پێویسـتە نـەقڵ پـێش عـەقڵ بخرێت[1].

## دەیەم: پێشخستنی دەقـەكانی سـوننەت بەسـەر عەقڵدا ئەگـەر بـە ڕواڵـەت تێكگیران:

هەڵوێستی هاوەڵە بەڕێزەكان و زانایانی پێشین زۆرن كە بۆمان ڕوون دەكەنـەوە هەردەم دەقەكانی سونەتیان پێش عەقڵ خستووە و كاریان پێكـردووە، ئەگـەر بـە ڕواڵەت لەگـەڵ عـەقڵیش تـێكگیرابن، لەوانـە: ئـەوەی لەگـەڵ خەلیفـەی مسـوڵمانان ئەبوبـەكری سـدیق ڕوویـدا كاتێـك هـەواڵیان پێـدا دەربـارەی شـەوڕەوی پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر) و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان، ئاخۆ باوەڕی پێی هەیـە؟ لـەو بارەوە دایكی مسوڵمانان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: كاتێ شەوڕەوی بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) كرا و خـەڵكی كەوتنـە قسـە و باس دەربارەی ئەو ڕووداوە، جا هەندێ خەڵك كە پێشتر بڕوایان هێنـابوو لـە ئـایین هەڵگەڕانەوە و هەندێ لە بتپەرستەكان بە پەلە هاتن بۆ لای ئەبوبەكر، پێیان گوت: زانیوتـە كـە هاوەڵەكـەت ئیـدیعای ئـەوە دەكـات گوایـە شـەوڕەوی پێكـراوە بـۆ بەیتولمەقدیس، ئەبوبەكریش گوتی: "أو قَال ذَلكَ؟ قَالُوا: نَعَمْ، قَـال: لـئِنْ قَـال ذَلـكَ لقَدْ صدَقَ، قَالُوا: أَو تُصَدّقُهُ أَنّهُ ذَهَبَ اللّيلةَ إلى بَيتِ الْمَقْدِسِ وجَاءَ قَبـل أَنْ يصْـبِحَ؟ فَقَال: نَعَمْ، إِنّي لأصُدِّقُهُ فِي مَا هُو أَبْعَدُ مِنْ ذَلِكَ، أُصَدّقُهُ فِي خَبَر السّمَاءِ فِي غُدْوَةٍ أَوْ رَوْحَةٍ"[2]. واتا: (بە ڕاستی ئەوەی گوتووە؟ گوتیان بەڵێ، ئەویش گوتی: ئەگەر وای

١ بڕوانە: درء تعارض العقل والنقل، هەمان سەرچاوە (١/ ٨٣، ١٤٧).

٢ المستدرك على الصحيحين للحاكم (٣/ ٦٥)، رقم (٤٤٠٧)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ.

گوتبێ ئەوە بێگومان ڕاست دەکات. گوتیان: باوەڕی پێ دەکەی کە ئەو شەو چووەتە بەیتولمەقدیس و پێش بەیانیش گەڕاوەتەوە؟ گوتی: بەڵی من لەوەش بەولاوەتر بڕوای پێ دەکەم، من بڕوای پێ دەکەم لە بەیانیەکدا یان ئێوارەیەکدا لە ئاسمانەوە هەواڵی پێ دەگات)! جا لەوەوە ناوی بە ئەبوبەکری سدیق دەرکرد. ئەوەیە ملکەچبوون و تەسلیمبوون بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و لانانی عەقلێکی وا کە لەگەڵیدا تێك دەگیرێت.

کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: "بَينَمَا رَجُلٌ يسُوقُ بَقَرَةً لهُ، قَدْ حَمَل عَليهَا، الْتَفَتَتْ إِليهِ الْبَقَرَة فَقَالتْ: إِنِّي لمْ أُخْلقْ لِهَذَا، ولكِنِّي إِنَّمَا خُلِقْتُ لِلْحَرْثِ" فَقَال النَّاسُ: سُبْحَانَ اللهِ تَعَجُّبًا وفَزَعًا، أَبَقَرَة تَكَلَّمُ؟ فَقَال رَسُولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "فَإِنِّي أُومِنُ بِهِ وأَبُو بَكْرٍ، وعُمَرُ"[1]. واتە: (جارێکیان پیاوێك مانگایەکی خۆی لێدەخوڕی کە باری لێ نابوو، مانگاکە ئاوڕی لە خاوەنەکەی دایەوە و پێی گوت: من بۆ ئەوە دروست نەکراوم! بەڵکو بۆ جووتکردن دروستکراوم. جا خەڵکەکە کە گوێیان لەو بەسەرهاتە بوو لە ترس و سەرسامیەوە گوتیان: سوبحانەڵڵا مانگا قسە دەکات؟! ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: دەی ئێوە چی دەڵێن بیڵێن، بێگومان من بڕوام پێیەتی، هەروەها ئەبوبەکر و عومەریش بڕوایان پێیەتی).

---

١ صحيح البخاري، كتاب الأنبياء، باب لو كنت متخذا خليلا، رقم (٣٦٦٣)، وصحيح مسلم، كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل أبي بكر، رقم (٢٣٨٨) من حديث أبي هريرة.

**پێوەرە تایبەتیەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە شەرعیەکاندا:**

**یەکەم: تەئکیدبوون لە جێگیربوون (ثبوت)ی دەقەکانی سوننەت:**

ئەم پێوەرە تایبەتە بە دەقەکانی سوننەتەوە، چونکە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بۆمان دەگێڕدرێتەوە، دابەش دەکرێت بۆ سێ بەش: دروست (صحیح)، لاواز (ضعیف) و هەڵبەستراو (موضوع)، بۆیە پێویستە فەرموودەی دروست لە نادروست جیا بکرێتەوە پێش ئەوەی بیکەین بە بەڵگە. فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە ڕووی گواستنەوەیان دەکرێن بە دوو بەشەوە: موتەواتیر[1] و ئاحاد. زۆربەی سوننەتیش بە ڕێگای ئاحاد پێمان گەیشتووە، نەك بە تەواتور، بەڵام ئاحادیش لە سەر ڕای جەماوەری زانایان: کارپێکردنی واجیبە[2]. کەواتە پێویستە وەك سوننەتی موتەواتیر کار بە سوننەتی ئاحادیش بکەین و جیاوازیی نەکەین لە نێوانیاندا لە ڕووی قەبوڵکردنەوە، هەروەها پێویستە گوێ نەدرێت بەو گوتە داهێنراوەی کە لە سەردەمی موعتەزیلەکانەوە سەریهەڵداوە کە دەیانگوت: خەبەری ئاحاد لە بواری بیروباوەڕدا وەرناگرین، چونکە ئەو ڕایە پێچەوانەی ڕای جەماوەری ئەهلی سوننەت و جەماعەیە. هەر وەك ئیبن قەییم و مەقریزی باسیان کردووە کە هاوەڵە بەڕێزەکان هەرکات فەرموودەیەکیان بە دروستی پێ گەیشتبێت، کاریان پێ کردووە و جیاوازییان لە نێوان موتەواتیر و ئاحاددا نەکردووە[3].

---

١ موتەواتیر: گێڕانەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمەڵێکی زۆرەوە هەر لە سەرەتای سەنەدی فەرموودەکەوە تا کۆتاییەکەی، بە شێوەیەك کە عەقڵ بە مەحاڵی دانێت کە ئەمانە لەسەر درۆ ڕێککەوتن. بڕوانە: مقدمة ابن الصلاح: (٢٦٧)، ونخبة الفكر لابن حجر (٤/ ٧٢١).

٢ بڕوانە: البحر المحيط في أصول الفقه للزركشي (٥/ ٣٦).

٣ بڕوانە: الاعتصام للشاطبي (١/ ١٩٢).

**دووەم: زانینی هۆکارەکانی دابەزینی قورئان هاتنی فەرموودەکان:**

بێگومـان زانـینی هۆکارەکـانی دابـەزینی قورئـان (أسـباب النـزول) باشـترین یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان، چونکە بەو هۆیەوە شارەزایی پەیدا دەبێت بە کات و شوێن و دۆخی هاتنە خوارەوەی دەقەکان و واتاکانیان، بە هەمان شـێوە زانینی هۆکار و کات و شوێنی هـاتنی فـەرموودەکان (أسـباب الـورود)یش باشـترین یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشت لە واتا و مەبەستەکانیان[1].

**سێیەم: لەبەرچاوگرتنی ئاستی تێگەیشتنی خەڵك بۆ دەقەکان:**

پێویسـتە دۆخ و ئاسـتی کەسـەکان لەبەرچـاو بگیرێـت کـە دەقـەکانیان بـۆ لێکدەدرێتەوە، ئەگینا دوور نییە لە جیاتی سوود زیان بگەیەنێت و سەربکێشێت بۆ بەدرۆخستنەوەی دەقەکان! ئیبن تەیمیە دەڵێـت: "دەکرێـت زانـین و بڕوابـوون بـە پرسـە خەبەریـەکان واجـب بێـت لەسـەر هـەموو کەسـێك، دەشـگونجێت حـوکمی واجببوونیان لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێك، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت. لەوانەیە بڕوابوون بەو پرسانە پێویست نەبێت، بەڵکو سوننەت بێت، دەشگونجێ لە هەندێ دۆخدا سوننەت بێت و لە هەندێ دۆخی تردا سـوننەتیش نـەبێت، هـەر وەك سـوننەتە کردەییـەکان، دووریـش نییـە زانـینی هەنـدێك بابـەت بـۆ هەنـدێ کـەس زیانبەخش بێت، بۆیە نابێت بۆیان باس بکرێت[2]، وەك عەلی کوڕی ئەبو تایب (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: "حَدِّثُوا النَّاسَ بِمَا يَعْرِفُونَ وَدَعُوا مَا يُنْكِرُونَ، أَتُحِبُّـونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ" [3]، واتە: (قسەیەك بۆ خەڵك بکـەن لێـی تێبگـەن و واز لـەو

---

١ بڕوانە: اللمع في أسباب ورود الحديث للسيوطي (٢٨)، والبيان والتعريف في أسباب ورود الحديث الشريف (١/ ٣).

٢ بڕوانە: مجموع الفتاوى (٦/ ٥٦).

٣ صحيح البخاري (١/ ٣٧)، كتاب الإيمان، باب من خص بالعلم قوما دون قوم، رقم (١٢٧).

قسەیە بێنن کە لێی حاڵی نابن، ئایا پێتانخۆشە خوا و پێغەمبەری خوا بە درۆ بخرێنەوە؟). ئیبن مەسعودیش فەرموویەتی: "مَا مِنْ رَجُلٍ يحَدِّثُ قَوْمًا حَدِيثًا لا تَبْلُغُهُ عُقُولُهُمْ إِلّا كَانَ فِتْنَةَ لِبَعْضِهِمْ"[1]، واتە: (بێگومان هیچ کەسێ نییە قسەیەك بۆ خەڵكێك بكات كە لە ئاستی عەقڵیاندا نەبێت بە هۆیەوە هەندێكیان تووشی فیتنە نەبن). [2]

کەواتە مەرج نییە هەر شتێك بزانرێت بە هەرکەسێك بگوترێت، یان لە هەموو دۆخێکدا بگوترێت، مەرجیش نییە درككردن و تێگەیشتن لە هەر دەقێك لە توانای عەقڵی هەموو مرۆڤێكدا بێت، جا ئەگەر دەقێك لە توانای عەقڵی کەسانێکدا نەبێت کە قسەیان بۆ دەکرێت، پەیوەندیشی بە کردەوەوە نەبێت و حوکمێکی شەرعی لەخۆی نەگرتبێت، ئەوا لەبەر ڕەچاوکردنی حاڵی ئەو کەسانە دروستە بڵاو نەکرێتەوە[3].

## چوارەم: شارەزابوون لە زمانی عەرەبی:

دەقەکانی قورئان و سوننەت بە زمانی عەرەبی هاتوون، هیچ کەسێك بەبێ شارەزابوون لەم زمانە ناتوانێت لە مەبەستی دەقەکانی هەردوو وەحی تێبگات، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کاتێ زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانەکانی تر تێکەڵاو بوو زانایان کەوتنە دانانی فەرهەنگ بۆ وشە و زاراوەکانی قورئانی پیرۆز، بە مەبەستی پاراستنی واتاکانی. ئیبن تەیمیە دەڵێت: "مسوڵمانان پێویستیان بە دوو شتە،

---

١ صحيح مسلم (١/ ١١)، باب النهي عن الحديث بكل ما سمع، رقم (٥).

٢ بڕوانە: مجموع الفتاوى (٦/ ٥٦).

٣ لەو بارەشەوە ئیمامی شاطیبی دەڵێت: "إِنَّهُ ليسَ كُلُّ مَا يعْلَمُ مِمّا هُو حَقٌّ يطلبُ نَشْرُه، وإِنْ كَانَ مِنْ عِلْمِ الشّريعَة، ومِمّا يفِيدُ عِلْمًا بِالْأَحْكَامِ، بَلْ ذلِكَ ينْقَسِمُ، فَمِنْهُ مَا هُو مَطلُوبُ النّشْر، وهُو غَالِبُ عِلْمِ الشّريعَة، ومِنْهُ مَا لا يطلبُ نَشْرُه بِإِطلاقٍ، أَوْ لا يطلبُ نَشْرُه بِالنِّسْبَة إلى حَالٍ أَوْ وقْتٍ أَوْ شَخْصٍ". الموافقات (٥/ ١٦٧).

یەکێکیان: بریتییە لە زانینی مەبەستی خوا و پێغەمبەر لە وشەکانی قورئان و سوننەت، ئەوەش بە زانینی زمانی عەرەبی دەبێت کە قورئانی پێ دابەزیوە"[1].

بۆیە تێگەیشتنی دروست لە دەقە شەرعیەکان بە قورئان و سوننەتەوە ئەو تێگەیشتنەیە کە بە پێی دەلالاتی زمانی عەرەبی و سیاقی دەقەکە و هۆکاری دابەزین و هاتنی بێت، بە شێوەیەك کە دەقەکانی سوننەت لە ژێر ڕۆشنایی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و بنەما و ئامانجە گشتیەکانیدا بێت و بە لەبەرچاوگرتنی جیاکردنەوەی ئەو دەقانەی سوننەت کە وەك تەشریع هاتوون بە شێوەیەکی گشتی، یان تایبەت بوون بە دۆخ و کاتێکی دیاریکراوەوە.

## ڕەتکردنەوەی گومانی تێکگیرانی سوننەت لەگەڵ عەقڵدا:

### توانای عەقڵ سنووردارە

عەقڵی ڕووت خاوەن بیرکردنەوەیەکی خودیە و بڕیارەکانی سەربەخۆن جگە لەو بەڵگانەی لە خودی خۆیەوە دەرچووبن و ئەو پێوەرانەی کە خۆی دایناون، خاوەنی هیچ بەڵگەیەکی تر نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەگەر و دەرەنجامەکانی، بەو پێیە وەك گوتراوە (هو الدعوى وهو الحجّة، أو هو الخصم وهو الحكم)، واتە: (عەقڵ بۆخۆی داواکارە و هەر خۆشی شاهید و بەڵگەیە، یان بۆخۆی ڕکابەرە و هەرخۆشی دادوەرە)! لەسەر ئەو بنچینەیە، گەڕانی عەقڵ گەڕانێکی ڕەها و بێسنوورە بە دوای پرسەکاندا، بۆیە عەقڵ ناگاتە کۆتایی پرسێك تا پرسێکی تری لێ سەرهەڵدەدات و لێی نوێ دەبێتەوە و دەرەنجامی پرسێك لەگەڵ ئەویتریاندا تێکدەگیرێت، یەکێکیان ئەوی تریان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەو پێیە عەقڵی ڕووت بە تەنیا لە زنجیرەی شیوو و دۆڵی بێ بن و هەزاربەهەزاری بێ بڕانەوەی تێڕامان و بازنە و گێژاوی مشتومڕ و

---

١ مجموع الفتاوى (١٧/ ٣٥٣).

جەدەلی بێ کۆتاییدا دەخولێتەوە و تووشی دڵەڕاوکێ و گومان و دوودڵی دەکات و سەرگەردان دەبێت[1].

هەرچەندە عەقڵی ڕووت و ڕەها توانیویەتی لە گۆڕەپانی زانستە سروشتی و بیرکاریەکاندا هەندێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بە دۆزینەوەی کۆمەڵێك ڕاستی زانستی و دانانی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا لە بوارە جیاجیاکانی زانستیی، وەك بواری پزیشکی، ئەندایاری و فەلەکناسی و لە گۆڕەپانی بەشێك لە بوونەوەرە ماددی و شتە بەرهەستەکان ئەسپی خۆی تاوداوە، بەڵام کاتێك ویستی سەرکێشی بکات بۆ جیهانی میتافیزیکا و نابەرهەست، تووشی تێشکان سەرگەردانیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو، گەڕانی لە جیهانی ئەودیو ماددەدا بۆ درككردن و هەڵسەنگاندنی هەبووە، نابەرهەستەکان بە پێوەری شتە ماددیەکان ماندووبوونێکی بێ بەرهەم و کۆششێکی مایەپووچ بوو، زیاد لەوەش بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك لادانی فیکری و دژبەیەکی گومان و دڵەڕاوکێی لێکەوتەوە.

ئەرستۆ کە بە گەورەترین عەقڵی فەلسەفی دانراوە کاتێك ویستی لە بواری میتافیزیکا بە بیری ڕووت ئەسپی خۆی تاودا تووشی گەورەترین تێشکان و سەرگەردانی بوو، بۆیە تەنانەت شاگردەکانیشی دوای ئەوەی نەیانتوانی بەڵگە لەسەر بۆچوونەکانی بێننەوە لەو بوارەدا، وازیان لە بۆچوونەکانی مامۆستاکەشیان هێنا[2]. بەو شێوەیە نەوەك هەر ئەرستۆ، بەڵکو زۆربەی فەیلەسوفانی یۆنان کاتێ ویستیان بە عەقڵی ڕووتی خۆیان لە جیهانی میتافیزیکا بکۆڵنەوە، وەك توێژینەوە لە زاتی خودا و دەروون و ڕۆژی دوایی... تووشی هەمان هەڵە و سەرگەردانی بوون، توێژینەوەکانیان سەری کێشاوە بۆ ڕای دژ بەیەك و دەرەنجامی جیاواز و گومان و

---

١ بڕوانە: الحكم الشرعي بين العقل والنقل للغرياني (١٤٥).

٢ بڕوانە: المنقذ من الضلال للغزالي (٥٥).

دوودڵیی، زۆربەی ئەوانەشی لەو بوارەدا بە عەقڵی ڕووت لێکۆڵینەوەیان کردووە باشەکەیان ئەو کەسە بووە کە بە دەستی خاڵی گەڕابێتەوە[1].

هەر لەو ڕوانگەیەوە شەهرەستانی، لە فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنان سوکرات نەقڵ دەکات، کە دان بە بێتوانایی و دەستەوەستانی عەقڵ دەنێت لە بواری میتافیزیکادا و دەڵێت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ حەقیقەتی وەسفکردن و باسکردنی خوا، ئەوە دەبینین: کە عەقڵ و لۆجیك بێتوانایە لە ئاستی ڕوونکردنەوەی ماهیەتی وەسفیی و حەقیقەتی و ناونانی و درککردنی... بۆیە پێویستە لە ڕێگەی شوێنەوارەکانیەوە وەسفی بکەین و بیناسین[2].

هەمان ئەنجامیش بوو کە فەیلەسوفی یۆنانی بەناوبانگ تالیسی مەلتی پێی گەیشتووە کە وتوویەتی: "إن للعالم مبدعًا، لا تدرك صفته العقول من جهة هويته، وإنما يدرك من جهة آثاره، وهو الذي لا يعرف اسمه فضلًا عن هويته، إلا من نحو أفاعيله، وإبداعه، وتكوينه الأشياء، فلسنا ندرك له أسمًا من نحو ذاته، بل من نحو ذاتنا»[3]. واتا: (بوونەوەر داهێنەرێکی هەیە عەقڵەکان سیفەتەکانی دەرك ناکەن لە ڕووی چیەت و ماهیەتەوە، بەڵکو لە ڕووی شوێنەوارەکانیەوە درکی دەکەن، نەك هەر درکی ماهیەتی ناکەین، بەڵکو درکی ناوەکەشی ناکەین، مەگەر لە ڕووی کردارەکانی و بەدیهێنان و دروستکراوەکانیەوە، بۆیە ئێمە ناوێك لە ناوەکانیشی لە ڕووی زاتی خۆیەوە نازانین بەڵکو لە ڕووی پەیوەندی بە خۆمانەوە).

---

١ بڕوانە: الحكم الشرعي بين العقل والنقل للغرياني (١٤٧).

٢ ئەمەش دەقەکەیەتی: "إن الباري تعالي لم يزل هوية فقط، وهو جوهر فقط. وإذا رجعنا إلى حقيقة الوصف، والقول فيه وجدنا المنطق والعقل قاصرين عن اكتناه وصفه، وحقيقته، وتسميته، وإدراكه، لأن الحقائق كلها من تلقاء جوهره، فهو المدرك حقًا، والواصف لكل شيء وصفًا، والمسمى لكل موجود اسمًا، فكيف يقدر المسمى أن يسميه اسمًا؟ وكيف يقدر المحاط أن يحيط به وصفًا؟ فنرجع فنصفه من جهة آثاره وأفعاله...". الملل والنحل للشهرستاني (٢/ ١٤١ـ ١٤٢).

٣ الملل والنحل، هەمان سەرچاوە (٢/ ١١٩).

لەوەی ڕابورد بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە عەقڵی ڕووت لە ئاستی ناسینی خودا و درککردنی بوونەوەری نابەرهەست دەستەوەستان و سەرگەردانە، بەڵام لە بەرانبەردا عەقڵێك هەیە کە ڕێنمایی لە پەیامی پێغەمبەران وەرگرتووە و پشتی بە سروش (الوحی) بەستووە، عەقڵێکی سەرڕاست و ڕێڕوونە بە نووری هەق و هیدایەتدراوە بە ڕووناکی ئیمان و پارێزراوە لە سەرگەردانیی و گومڕایی. بەو پێیە بانگەشەی کەسانێك بۆ ئەوە کە عەقڵ بە تەنیا و بە سەربەخۆیی دەتوانێت درکی هەموو شتەکان بکات بە تەواوەتی و ئینکارکردنی هەر شتێك نەکەوێتە بەر چرا و تۆڕ و شەداوی عەقڵەوە، جگە لە سەرکێشیی و فێڵ و سەرلێشێواندن شتێکی تر نییە.

### هەستەکان و عەقڵ دەکەونە هەڵەوە

عەقڵی مرۆڤ نەوەك لە درککراوە نابەرهەستەکان، بەڵکو زۆرجار لە شتە بەرهەستەکانیشدا دەکەوێتە هەڵەوە، چونکە شتە بەرهەستەکانیش ئەگەر ژمارەیان بێ ئەندازە زۆر بێت، یان لە قەبارەدا یەکجار ورد و بچووك بن، ئەوا عەقڵ تەنها دەتوانێت بە ژمارە و ئەندازە وێنایان بکات، بەڵام ناکەونە ناو بازنە و چوارچێوەی توانای هەستەکانەوە. بۆ نموونە، مرۆڤ بڕوای بەوە هەیە و دڵنیایە کە بەردەوام گیانەوەر و ڕووەکەکان گەشە دەکەن و موو و خوری و نینۆك لە گیانەوەراندا دەجوڵێن، سێبەر بەردەوام لە جووڵەدایە، چونکە دواتر دوای ڕوودانی شوێنەوارەکانی ئەو گەشە و جووڵەیە دەبینێت، بەڵام هەستەکان ناتوانن جێبەجێ هاوکات لەگەڵ ڕوودانیدا درکیان بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە وردیی هێواشی جووڵەی ئەو گەشەیە لە سەرووی توانای هەستەوەرەکانی مرۆڤەکانە، چونکە ئەو جوڵەیە بەسەر هەموو چرکەساتەکاندا دابەش بووە بە شێوەیەك هیچ ساتێك تێناپەڕێت بێ گەشە و جوڵە، ئەوەش وا دەکات هەستەکان نەتوانن بەردەوام

بەداویانەوەبن، بۆیە دەبینیت کاتیٚ مرۆڤ سەیری سێبەر دەکات پێی وایە وەستاوە، بەڵام پاش کەمێك بۆی دەردەکەوێت کە بەهەڵەدا چووە، بە هەمان شێوە کاتیٚ سەیری چیاکان دەکات پێی وایە ناجولێن، بەڵام لەڕاستیدا بە خێرایی لە جولەدان. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَرَى الجِبَال تَحسَبُهَا جَامِدَة وهِي تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ صُنعَ اللَّهِ الَّذِيٓ أَتقَنَ كُلَّ شَيءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفعَلُونَ﴾ (النمل: ٨٨). جا ئەگەر عەقڵ لەتوانایدا نەبێت وێنای حەقیقەتی ئەو شتانە بکات کە بەرهەستن، چۆن دەتوانێت وێنای حەقیقەتی درککراوە عەقڵیەکان بکات؟! یان چۆن دەتوانیٚ قسە دەربارەی جیهانی نابەرهەست بکات و زاتی خودا و بابەتە غەیبییەکان بخاتە ژێر ڕکێفی بڕیارەکانی خۆیەوە بیٚ ئەوەی هیدایەت لە بڕیار و هەڵوێستی شەرع وەربگرێت؟

جگە لەوەش مرۆڤ لە کاتی تێڕوانینی بۆ هەر بابەتێك لە کاتی حوکمداندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری شارەزایی و تاقیکردنەوە و پێشبینیەکانی پێشووی بیٚ ئەوەی هەستی پیٚ بکات، بۆیە بەو هۆیەوە زۆرجار دەکەوێتە هەڵەوە. عەلی وەردی دەڵێت: عەقڵ لەسەر بنچینەی زانیاری و پێوانەکردن (قیاس)ی ڕابردوو بڕیار لەسەر شتە تازەکان دەدات، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەستەمە مرۆڤ لەسەر بنچینەیەکی نامۆ (غیر مألوف) بیر بکاتەوە، تەنانەت فەیلەسوفەکانیش، هەر ئەوەشە وای کردووە مرۆڤ لە زۆر ڕاستیە گەردوونیە گەورەکانیشدا بکەوێتە هەڵەوە، هەر بۆیەش ئێمە ناتوانین لە ماهیەتی خوا و ڕۆح و مادده و کات (زمان) و شوێن (مکان) تێبگەین، چونکە ناکەونە نێو بازنە و تۆڕی ئەو شتانەی پێیان ئاشناین، لەبەرئەوەی مێشکی ئێمە لە سنوور و بازنەی ئەو شتانەدا بیر دەکاتەوە کە لە ناویاندانین و دەورەیان داوین[١].

کێشەی عەقڵ لەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەیەوێت هەموو گەردوون بخاتە ژێر ڕکێفی ئەو پێوەرانەی لە ناویاندا دەژێت و دەورەی داون و ئەو پێوەرە ڕێژەییانە بە ڕەها و جێگیر دەزانێت، بۆ نموونە: ماوەیەکی زۆر عەقڵی مرۆڤایەتی لای بەدیهی بوو

---

[١] بڕوانە: مهزلة العقل البشري (٦٦).

که زەوی تەختە و جێگیرە، تا دواتر کۆبەرنیکۆس هات و گوتی خـۆر جـێگیرە و زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر عەقڵی مرۆڤایەتی بڕوای وابـوو کـە ڕۆژ جێگیرە تا دواتر دەرکەوت کە خۆریش لەگەڵ کۆمەڵەی خۆی لە خولگەیـەکی تایبەتـدا دەسوڕێتەوە[1].

### عەقڵ ونەقڵ تێك ناگیرێن

لە سۆنگەی ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلامی کۆتا پەیامی خوایە بۆ سەر زەوی و تـەنها بـۆ گـەلێك و سـەردەمێك نـەهاتووە، بـەڵکو ڕووی خیتـابی لـە هـەموو گـرۆی ئادەمیزادە و لە هـەموو سـەردەم و چـەرخەکاندا هەڵوێسـتێکی تایبـەت و نـاوازەی بەرانبەر عەقڵ وەرگرتووە. ئەو هەڵوێستەش هەر خـۆی لـەوەدا نابینێتـەوە کـە لـە بڕیار و ئەحکامەکانی شـەریعەتدا بنـەما و یاسـاکانی عـەقڵی مـرۆڤ بەرچـاو بگـیرێ، بەڵکو زیاد لەوە بایەخێکی زۆری پێ دراوە و بەها و پێگەیەکی بـەرزی بـۆ دانـراوە، ستایشی هزرین عەقڵ و عاقڵمەندان کراوە، ئەوەش بە ڕوونی لە دەقەکانی قورئـانی پـیرۆزدا دەبینرێـت و کـەم سـورەت هەیـە لـە سـورەتەکانی قورئـانی پـیرۆز هـانی مرۆڤەکان نەدات بۆ بەکارهێنانی هەستەکان و تێڕامان و بیرکردنەوە پەندوەرگرتن، یـان لۆمـەی مرۆڤـەکان نـەکات لەسـەر پشتگوێخسـتنی بەڵگـە عەقڵییـەکان و لاساییکردنەوە و بەدوکەوتنی کوێرانەی ئەم و ئەو.

دەقەکان دەربارەی هاندانی مرۆڤ بـۆ بـەکارهێنانی عـەقڵ گشـتگیرن بـۆ هـەموو بوارەکانی ژیانی ئادەمیزاد، هەر لە هەڵسوکەوت و هاتوچوونی لەسـەر زەویـەوە تـا دەگاتـە بیرکردنـەوە لـە زەوی و ئاسمـان و هەسـارەکان و ئـەوەی تێیاندایـە لـە دروستکراوە جۆربەجۆرەکان، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿أَفَـلا ينظُرُونَ إِلى الإِبِلِ كَيفَ خُلِقَت * وإِلى السَّمَاءِ كَيفَ رُفِعَت * وإِلى الجِبَالِ كَيفَ نُصِبَت

---

١ بڕوانە: مهزله العقل البشری، سەرچاوەی پێشوو (١٦٧).

* وإلي الأرضِ كَيفَ سُطِحَت﴾ (الغاشية: ١٧ـ ٢٠)، ئەو جۆرە ئایەتانەش بە شێوازی جۆربەجۆر هاتوون، کە نیشانەی بەرزیی ئاستی گرنگیپێدانی خوای گەورە دەردەخەن بە عەقڵ و تێڕامان و بیرکردنەوە. هەموو ئەو دەقانەش بوونەتە پاڵنەری زانایان کە بنەمایەکی گشتی دابڕێژن کە بریتیە لەوەی کە: (لا يجوز أن يتعارض العقل الصريح والسمع الصحيح وإنّما يظن تعارضهما)[1]، واتە: (بێگومان دەقی شەرعی ڕاست لەگەڵ عەقڵی ساغ تێکناگیرێت)، بەڵام دەگونجێت دەقە شەرعییەکان پرسی ئەوتۆ لە خۆیان بگرن کە عەقڵ پەییان پێنابات و لە ئاستیاندا سەرسامە، وەك ئیبن تەیمیە دەڵێت: "الشرع يخبر بمحارات العقول لا بمحالات العقول"[2]، واتە: (شەرع هەواڵدەدات بە شتێك کە عەقڵەکان تێیدا سەراسیمە بن، بەڵام شتی وای تێدا نییە کە عەقڵەکان بە مەحاڵی بزانن).

## شوبهەی ڕانواندنی سوننەت لەسەر عەقڵ

### سەرچاوەی شوبهەی ڕانواندنی سوننەت لەسەر عەقڵ

یەکێك لەو پیلانانەی کە ناحەزانی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گێڕاویانە بۆ گومان خستنە سەر سوننەت و ڕەتکردنەوەی، بریتیە لە هەڵسەنگاندنی سوننەت بەپێی پێوەری عەقڵ بۆ حوکمدان لەسەر قبوڵکردنی یان ڕەتکردنەوەی، جا هەر فەرموودەیەك لەگەڵ عەقڵی ئەواندا کۆك بووبێت وەریانگرتووە، هەر فەرموودەیەکیش لەگەڵ عەقڵی ئەواندا ناکۆك بووبێت ئەوا ڕەتیان کردووەتەوە با موتەواتیریش بووبێت. لەڕاستیدا ئەو میتۆدە لە مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)، هەر لە کۆنەوە ڕێبازی

---

١ درء تعارض العقل والنقل لابن تيمية (٣/ ٣١٠).

٢ هەمان سەرچاوە (٣/ ٥٤).

بێباوەڕ و گومڕا و بیدعەچیەکان بووە، وەك ئیبن قەیمی جەوزی[1] و ئین ئـەبولعیز و شاطیبي باسیان کردوە.

ئیبن ئەبولعیز دەڵێت: "هەر تاقمێك لە بیدعەچـیەکان دەقـەکانیان لەگـەڵ بیدعـە و بۆچوونی خۆیان پێکدەگرتن، جـا ئـەوەی لەگـەڵ عـەقڵی ئـەوان دەهاتـەوە دەیـانگوت موحکەمە و بە بەڵگەیان قەبوڵ بوو، ئـەوەش کـە لەگـەڵ عـەقڵی ئەوانـدا نەدەهاتـەوە، دەیانگوت موتەشابیهە و ڕەتیان دەکردەوە... ڕێبازی ئەهلی سـوننەت ئەوەیـە کـە لـە دەقی ڕاست لا نەدەن و بە عەقڵ و قسەی فلان و فیسار، هەڵینەسەنگێنن"[2].

ئیمامی شاطیبیش، لە میانی ڕەخنەگرتنی لە میتـۆدی بەڵگەهێنانـەوەی ئـەهلی بیدعە دەڵێت: "بیدعەچیەکان ئەو فەرموودانە ڕەت دەکەنەوە کە لەگەڵ مەبەست و بۆچوونەکانیان نایەتەوە، ئیدیعای ئەوە دەکـەن کـە پێچـەوانەی عەقڵـە و پێـوەر و پێداویستی بەڵگەی تێدا نییـە، بۆیـە پێویسـتە ڕەت بکرێتـەوە، کـاتێکیش بـەهۆی عەقڵیانەوە بەڵگەکانیان ڕەت کردەوە، ئەوا بابەتەکە دەگۆڕێت بۆ پرسی (التحسین والتقبـیح) بـە باشـدانان و بـە خراپـدانانی عـەقڵیی. پوختـە و سـەرەنجامی بۆچوونەکەشیان بریتیە لە حوکمکردن بە عەقڵ نەوەك شـەرع، ئـەوەش بنەمایەکـە لـەو بنەمایانـەی بیدعەچـیەکان کردوویانـە بـە پێـوەر لـە دینـدا و حوکمـەکانیانیان لەسەر بنیات دەنێن، بە شێوەیەك هەر کاتێك شـەرع لەگـەڵ بۆچـوونەکانیان هـاوڕا بوو قەبوڵی دەکەن و هەر کاتێ هاوڕا نەبوو ڕەتی دەکەنەوە"[3].

نوێ عەقڵگـەراکانیش لـە نموونـەی (محمـود أبـو ریـە)، (قاسـم أحمـد)، (سـعید العشماوي)، (محمد شحرور)، (إسماعیل منصور)، (جمال البنا) و (نصـر حامـد أبـو

---

١ ئیبن قەیم لە کتێبی (الصواعق المرسلة) (٣/ ٨٩٨)دا دەڵێت: "وبالجملة فمعارضة أمـر الرسـل وخـبرهم بالمعقولات إنما هي طریقة الكفار، فهم سلف للخلف بعدهم، فبئس السلف وبئس الخلف...".

٢ شرح العقیدة الطحاویة (٣٤١).

٣ الاعتصام (١/ ٢٩٤).

زید)، هەمان شوبهە و گومانیان لە پێشینەکانی خۆیان وەرگرتووە، جارێکی تر وەك میتۆد و پێوەرێك بەکاریان هێناوەتەوە بۆ قبولّکردن یان ڕەتکردنەوەی فەرموودەکان[1].

یەکێك لەو فەرموودانەی کە بەڵگەی پێ دەهێننەوە لەسەر ئەو بۆچوونەیان، ئەوەیە کە لە ئەبو هورەیرە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "إذا حُدِّثْتم عَنّي بحَديث تَعرِفُونَه ولا تُنكِرونَه، قُلتُه أو لم أقُلْهُ، فَصَدِّقُوا بِه، وإنّي أقول ما يعرَفُ ولا ينكَر، إذا حُدِّثْتم عَنّي بحَديث تُنكرون، لا تَعرفونه، فكذّبوا به، فإنّي لا أقول ما ينكَر، ولا يعرَف"[2]، واتە: (هەر کاتێك قسەیەکتان لە منەوە بۆ گێڕدرایەوە کە بە چاکتان زانی و بە نامۆتان نەدەزانی ـ گوتبێتم یان نەمگوتبێ ـ بڕوای پێ بکەن، چونکە من قسەی باش و ناسراو دەکەم و قسەی نامۆ ناکەم، هەر کاتێکیش قسەیەکتان لە منەوە بۆ گێڕدرایەوە کە بە نامۆتان زانی، بڕوای پێ مەکەن، چونکە من قسەیەك ناکەم نەناسرێ و نامۆ بێت). جا ئەو بەڵگەیە هەر لە کۆنەوە ئەو کەسانە هێناویانەتەوە کە فەرموودەکانیان بە گشتی ڕەتکردونەتەوە، لە نوێگەراکانیش (د. توفيق صدقى) و (جمال البنّا) و هاوڕاکانین بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی سوننەت بە بەڵگەیان هێناوەتەوە[3]. ئەوانە پێیان وایە ئەو فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕدرێتەوە بە پێوەر و تەرازووی عەقڵی خەڵك هەڵبسەنگێنرێت، جا ئەگەر خەڵك بە باشیان دانا ئەوە بە سوننەت دابنرێت با پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر)

---

١ بڕوانە: كتابات أعداء الإسلام ومناقشتها، عماد السيد محمد إسماعيل الشربينى (١/ ٢٣٢).

٢ سنن الدارقطني (٥/ ٣٧١)، كتاب في الأقضية والأحكام، باب كتاب عمر إلى أبي موسي الأشعري، رقمی: (٤٤٧٤) و (٤٤٧٥)، ئەلبانی بە لاوازی داناوە. سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيء في الأمّة (٣/ ٢٠٥).

٣ بڕوانە: كتابات أعداء الإسلام ومناقشتها، سەرچاوەی پێشوو (١/ ٢٣٢).

نەیگوتبێت، ئەوەش کە عەقڵی خەڵك بە باشیان دانەنا ئەوە قسەی پێغەمبەر نییە با موتەواتیریش بێت، لێرەدا حوکم و بڕیار بۆ عەقڵی خەڵکە نەوەك بۆ ئەو فەرموودەیە.

ئەو فەرموودەیەی نەیارانی سوننە کردوویانەتە بەڵگە بۆ ئەو مەبەستەی ڕابورد، لە چەند ڕێگەی جیاواز گێڕدراوەتەوە، کە هەموویان لاوازن! هیچیان بە بەڵگە ناشێن، نە بە تاك و نە بە کۆمەڵیش، زانایانی فەرموودەناسیش لاوازیی ئەو فەرموودەیان بە دووروودرێژی ڕوون کردووەتەوە[1]. نزیکترین ڕیوایەت لە ڕاستیەوە، کە نزیك لەو واتایەوە هاتبێت، وەك زانایانی فەرموودەناس دەڵێن، بریتیە لەو ڕیوایەتەی کە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) گێڕدراوەتەوە: "إذا سَمِعتُم الحَديث عنّي تعرفُه قُلوبكم، وتَلينُ له أشعارُكم وأبشارُكم، وتَرون أنّه مِنكم قَريب، فأنا أولاكم به، وإذا سَمِعتُم الحَديثَ عَنّي تُنكِرُة قُلوبُكم وتَنفَر أشعَاركم، وأبشاركم وتَرون أنّه مِنكُم بَعيد، فأنا أبعَدُكم مِنهُ"[2].

لە سەر ئەو گریمانەیەش کە ئەو ڕیوایەتە ڕاست بێت ئەو واتایەی لێ وەرناگیرێ کە عەقڵگەراکان لێیان وەرگرتووە، کە گومان دەبەن سوننەی نەبەوی بێ پێوانەکردنی لەگەڵ عەقڵدا بە بەڵگە دانانرێ، بەڵکو ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە یەکێك لە نیشانەکانی ڕاستی فەرموودە ئەوەیە کە بەپێی ئەحکامە جوانەکانی شەریعەت بێت و لەگەڵ بنەما گشتیە دیار و زانراوەکانیدا تێك نەگیرێت، ئەگەرنا ئەوە نیشانەی ناڕاستی فەرموودەکەیە، ئەو پێوەرەش پێوەرێکی چەسپاوە لە لای زانایانی فەرموودەناس.

نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە ڕا و بۆچوون و ئارەزووی خەڵك زۆر لە یەکتری جیاوازە، دەکرێ شتێك لە لای هەندێ کەس باش بێت، بەڵام بە بۆچوونی هەندێ

---

١ بڕوانە: مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة للسيوطي (٢٤)، والفوائد المجموعة للمعلمي (٢٨٠).

٢ أخرجه الإمام أحمد في المسند (٢٥/ ٤٥٦)، رقم (١٦٠٥٨). قال الهيثمي في مجمع الزوائد (١/ ١٤٩، ١٥٠): رجاله رجال الصحيح. ئەلبانی بە (حسن)ی داناوە. صحيح وضعيف الجامع الصغير (٢/ ١١٤).

کەسی تر ناشیرین و خراپ بێت. زۆر فەرمووده هەیە بە دڵی زۆر کەسە، لە بەرانبەردا بە دڵی زۆر کەسی تر نییە، بەو پێیە دەکرێ هەندێ دڵڕوونی یان بەدڵنەبوون لە جێی خۆی بێت و هەندێکی تر لە جێی خۆی نەبێ، بۆیە ناکرێ بە شێوەیەکی ڕەها ئەوە بکرێت بە پێوەر بۆ قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی فەرمووده، بەڵکو دەگونجێ وەك پاڵپشتێك دابنرێت بۆ دامەزرانی دڵی ئیمانداران لەسەر ڕاستی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بەرانبەر ئەو شوبهە و گومانانەی ناحەزانی ئایین دەیانەوێت بیخەنە دڵی مسوڵمانانەوە.

## چەند پرسیارێك دەربارەی ڕانواندنی سوننەت لەسەر عەقڵ:

هەرچەند لە تەوەرەیەکی پێشووتردا ڕوونمان کردەوە کە عەقڵی ساغ لەگەڵ دەقی ڕاست تێکناگیرێن، بەڵام بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پوچەڵیی شوبهەی پێویستی ڕانواندنی فەرموودەکان لەسەر عەقڵ وەك پێشمەرجێك بۆ وەرگرتنیان، پێویستە چەند پرسیارێك ئاڕاستەی خاوەنانی ئەو گوتەیە بکرێت. ئایا لە گریمانەی تێکگیرانی عەقڵ و نەقڵدا، کامیان شایستەترە بە پێشخستن؟ یان کامیان بڕیاردەرە بە سەر ئەوی تریاندا، عەقڵ یان نەقڵ؟ ئایا ئەوانەی بانگەشەی پێشخستنی عەقڵ دەکەن مەبەستیان کام عەقڵە، سنووری ئەو عەقڵە تا کوێیە؟ ئەو عەقڵە تا چ ئەندازەیەك یەکدەنگی لەسەرە؟ لە دوو بڕگەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: ئایا لە گریمانەی تێکگیرانی عەقڵ و نەقڵدا، کامیان شایستەترە بە پێشخستن؟**

ئەگەر بۆ سەرچاوە ئوسوڵیەکان بگەڕێینەوە، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێت، ئاخۆ عەقڵ بڕیاردەرە یان نەقڵ؟ چونکە لەلای زانا ئوسوڵیەکان زانینی ئەحکامەکان، زانینی بڕیار (الحكم) و بڕیاردەر (الحاكم) و بڕیار لەسەردراو (المحكوم

علیه) و بڕیار تێدادراو (المحکوم فیـه) دەگرێتـەوه[1]. زۆربـەی زانایـانی ئوسـوڵیش حوکمی شەرعیان به (خِطَاب الشَّارِعِ الْمُتَعَلِّق بِأَفْعَـالِ الْمُكَلَّفِـينَ)[2] پێناسـه کـردووه. بەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوه که غەیری خوا هیچ کەسـی تـر بڕیـاردەر نییـه بەسەر بەندەکانەوه، ئەوەش یەکدەنگی زانایانی لەسەره، جگه له موعتەزیلەکان که عەقڵیشیان کردووەته بڕیاردەر له میانەی تیۆری (التحسین والتقبیح العقلیان) واته: (به باشدانان و به خراپدانان له ڕێی عەقڵەوه).

هـەر بۆیـه زانایـان گوتـەی موعتەزیلـەکانیان ڕەت کردووەتـەوه و لـه بەرانبـەردا گوتوویانه: "أنه لا حاكم سوى الله، ولا حكم إلا ما حكم به"[3]، واته: (جگه له خوا هـیچ بڕیاردەرێکی تر نییه، هـیچ حـوکمێکی جگـه لـه حـوکمی ئـەو وەرناگیرێـت)، هـەروەها وتوویانه: "أَنَّ الْعَقْل لا يحَسِّنُ ولا يقَبِّحُ ولا يوجِـبُ شُـكْرَ الْمُـنْعِمِ وأَنَّـهُ لا حُكْـمَ قَبْـل وُرُودِ الشَّـرْع"[4]، واتـه: (عـەقڵ ناتوانێـت سـەربەخۆ بڕیـار بـدات لەسـەر باشـی یـان خراپـی شتەکان و عەقڵ به تەنها مرۆڤ بەرپرسـیار ناکـات بەرانبـەر سوپاسـگوزاری و پەرسـتنی خوای پەروەردگار، هیچ حوکم و بڕیارێکیش پێش هاتنی شەرع، بوونی نییه).

ئینجا خوای گەوره سنوورێکی دیاریکراوی بۆ عەقڵ داناوه له درککردنـی شـتەکاندا، که لەو سنوورەدا دەوەستێت و لێی تێناپەڕێت و توانای درککردنی هەموو شتەکانی پێ نەبەخشیوه، چونکه ئەگەر وابوایـه عیلمـی مـرۆڤ لەگـەڵ عیلمـی خـوا یەکسـان دەبـوو، ئـەوەش مەحاڵـه، چـونکه زانـراوه بێکۆتاییـەکانی خـوا و زانیارییـه سـنووردارەکانی مرۆڤـەکان ناچـنه نـاو یـەك تـەرازووەوه. ئـیبن خەلـدونیش دەڵێـت: "بێگومـان خـوا

---

[1] بڕوانه: مختصر التحرير شرح الكوكب المنير (١/ ٤٨٤).

٢ الإبهاج في شرح المنهاج للبيضاوي (١/ ٤٩)، والتقرير والتحبير على التحرير لابـن أمـير الحـاج (١/ ١٦٥). هەروەها بڕوانه: الإحكام في أصول الأحكـام للآمـدي (١/ ٩٥)، وأصـول الفقـه الـذي لا يسـع الفقيـه جهلـه لعياض السلمي (٢٧).

٣ الإحكام في أصول الأحكام للآمدي (١/ ٧٩)، وه بڕوانه: البحر المحيط في أصول الفقه (١/ ١٧٥).

٤ العدة في أصول الفقه (٢/ ٤٢٢)، والمستصفى (٤٥).

شارەزاترە بە بەرژەوەندی ئایینمان و ڕێگاکانی بەختەوەریمان، چونکە خوا ئاگاداری شتە نادیارەکانی ئەودیو هەستەکانمانیشە، لە کاتێکدا عەقڵ بێ توانا دەستەوەستانە لە درککردنی جیهانی ئەودیو سروشت، متمانەشت بەو لافلێدان (زعم)ەی فیکر نەبێت کە پێی وابێت زانیاری هەیە بە کۆی شتەکان و هۆکارەکانیان و...، بایەخ بەو گوتەیە مەدە و بزانە عەقڵ و زانینی مرۆڤ لەو بەشەی بوونەوەردا کورت هەڵاتووە کە لە سنووری هەستەکانیدایە و لێی تێپەڕ ناکات"[1]. شاطیبیش دەڵێت: "بێگومان بەرژەوەندییەکانی ئایین و دواڕۆژ، بە شەرع نەبێت نازانرێن، هەروەها بەرژەوەندییە دونیاییەکانیش لە هەموو ڕوویەکەوە بە عەقڵ درك ناکرێن، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) هات، ئەو هەموو ستەمکاریی و خراپەکاریی و لادان و سەرلێشێواویە زۆرەی دەرخست کە مرۆڤەکان تێی کەوتبوون، ئەگەر عەقڵ توانای درککردنی تەواوی بەرژەوەندییەکانی ژیانی دونیای هەبوایە، ئەوا شەرع تەنها ئەو شتانەی باس دەکرد کە پەیوەندییان بە ڕۆژی دواییەوە هەیە. هەر لەبەر بێ توانایی عەقڵە کە خوای گەورە پێش هاتنی پێغەمبەران عوزری داوە بە مرۆڤەکان لە نەزانی و سەرگەردانی، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رُسُلًا مُبَشِّرِينَ ومُنْذِرِينَ لِئَلاَّ يكُونَ لِلنَّاسِ عَلى اللَّهِ حُجَّة بَعْدَ الرُّسُلِ وكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ (النساء: ١٦٥). بەو پێیە شەرع بۆ ئەوە هاتووە کە بەرژەوەندییەکانی ژین و دین، دونیا و دواڕۆژ ڕوون بکاتەوە و مەحاڵە عەقڵەکان بەتەنیا بتوانن بە تەواوی دەرکی بەرژەوەندی و زیانەکانی ژیانی دونیا بکەن... هتد"[2].

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێویستە ئەوە پێش بخرێ کە شایستەی پێشخستنە کە ئەویش شەرعە، پێویستە ئەوەش دوا بخرێت کە شایستەی دواخستنە ئەویش تێڕوانینی عەقڵیە، چونکە ناکرێ ناتەواو پێش کامڵ و تەواو

---

١ المقدمة (٥٨٠).

٢ بڕوانە: قواعد الأحكام في مصالح الأنام (١/ ١٠)، والاعتصام للشاطبي (١/ ٦٣).

بخرێت، بەڵام مەبەست لەم پێشخستنەی شەرع کەمبایەخی عەقڵ نییە، بەڵکو وەك گوتراوە شەرع بخە لای ڕاستت و عەقڵ بخە لای چەپتەوە[1]. هەر کەس عەقڵ پێش شەرع بخات ئەوە خودی عەقڵی لەکەدار کردووە، چونکە خودی عەقڵ شایەتی بۆ زانایی و پێشەوایەتی وەحی داوە، جا ئەگەر عەقڵی پێش بخات ئەوا تانەی لە شاهیدیەکەی خۆی داوە، کەوابوو قسە و شاهیدیەکەی وەرناگیرێت، هەر کەس عەقڵ پێش شەرع بخات ئەوا تانەی لە شەرعیش داوە و ڕەتی کردووەتەوە[2].

## دووەم: ئایا ئەوانەی بانگەشەی پێشخستنی عەقڵ دەکەن مەبەستیان کام عەقڵە؟

دەربارەی وەڵامی ئەم پرسیارە (د. مصطفی السباعي) دەڵێت: "گریمان گوتمان تەحکیمکردنی عەقڵ لە وەرگرتنی فەرموودەکاندا ڕاستە، بەڵام لێرەدا پرسیار دەکەین: مەبەستتان کام عەقڵە کە دەتانەوێ بیکەین بە حەکەم و بڕیاردەر لە قبوڵکردنی فەرموودەکاندا؟ ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی فەیلەسوفەکانە؟ خۆ ئەوان لە نێوخۆیاندا زۆر جیاوازن، یەکێکیان ڕایەك دەرنابڕێت کە ئەوەی دوای خۆی هەڵی نەوەشێنێتەوە. ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی ئەدیبەکانە؟ بێگومان ئەوەی جێگای گرنگی پێدانی ئەوانە داڕشتنی هەستەکانیان و گێرانەوەی بەسەرهاتەکانە بە دەربڕینی ناسك و سەرنجڕاکێش. ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی زانایانی پزیشکیی، یان ئەندازیاریی، یان بیرکارییە، ئایا ئەوان پەیوەندیان بەو باسەوە چیە؟ ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی فەرموودەناسەکانە؟ خۆ عەقڵگەراکان بە ساکاری و سەرکێڵی تۆمەتباریان دەکەن! ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی فوقەهاکانە؟ خۆ ئەوانیش ڕێڕەو و بۆچوونیان جیاوازە و ئەمانیش لەلایەن

---

[1] بڕوانە: الاعتصام للشاطبي (٣/ ٢٩٢).

[2] بڕوانە: مختصر الصواعق المرسلة (١/ ١١٠).

عەقڵگەراکانەوە هەمان تۆمەتی فەرموودەناسەکانیان دەدرێتە پاڵ. ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی مولحیدەکانە؟ خۆ عەقڵی ئەوان تەنانەت درکی بوونی خواشی پێ ناکرێت و بیروباوەڕ لەلایان نەزانی و خورافاتە! ئایا مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی بڕوادارەکانە بە بوونی خوا؟ کەوایە کام مەزهەب و ڕێبازتان مەبەستە؟ ئەگەر مەبەست لەو عەقڵە عەقڵی ئەهلی سوننە و جەماعەیە، ئەوە موعتەزیلە و شیعە پێی ڕازی نین، ئەگەر مەبەستیش لەو عەقڵە عەقڵی موعتەزیلەکانە، یان عەقڵی شیعەکانە، ئەوە زۆرینەی مسوڵمانان پێی ڕازی نین، کەواتە کام عەقڵ دەبێتە پێوەر بۆ فەرموودەکان؟ بەو پێیە تەنانەت ڕێککەوتن لەسەر سروشتی ئەو عەقڵەش نییە کە دەتانەوێت بیکەن بە پێوەر و فەرموودەکانی پێ بەرابەر بکەن و لەسەری ڕانوێنن"[1].

ئیبن قەیم دەڵێت: "خۆ ئەگەر بڵێن فەرموودەکان لەسەر ئەو عەقڵە سەریحە ڕادەنوێنین کە هەموو خەڵکی لەسەری کۆکن، ئەوا بەو قسەیان تۆمەتێك پاڵ دەدەنە لای پێغەمبەران کە ئەوان لە هەموو کەس لەو تۆمەتە دوورترن، ئەو تۆمەتەش بریتیە لەوەی کە ئەو پەیامەی پێغەمبەران هێناویانە پێچەوانەی عەقڵی سەریحە! لەکاتێکدا کە ڕێبازی پێغەمبەر ڕێبازی بەڵگە و بورهانە، بە بەرزی و گەورەیی دەڕوانێتە عەقڵ و حیکمەت و سەرڕاستی"[2]. ئیبن خەلدونیش لەو بارەیەوە دەڵێت: "لەبەرئەوەی بیر و باوەڕەکان لە شەریعەتەوە وەرگیراون و لە زانایانی پێشینەوە بۆ ئێمە گوازراونەتەوە بێ ئەوەی لەسەر عەقڵ ڕانوێنرێن و گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، بۆیە پێویستە لەسەرمان پێش درککردنەکانی خۆمانی بخەین و تەنها متمانە بەو بکەین و نەیخەنە بەر تەرازووی عەقڵ بۆ بڕواپێکردنیان ئەگەر تێکیش بگەین، پێویستە بڕوامان پێی هەبێت وەك بیروباوەڕ و زانین، ئەگەر

---

[1] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع (٣٩، ٤٠).

[2] بڕوانە: مختصر الصواعق المرسلة (١/ ١١٢- ١١٣).

له شتێكیش تێنەگەیشتین بیگێڕینەوە لای خوا و لە عەقڵ جودای بكەینەوە"[1]. له شوێنێكی تـر دەڵێـت: "ئـەوەش واتـای لەكـەداركردن و ڕەتكردنـەوەی عـەقڵ و درككراوەكانی ناگەیەنێت، بەڵكو عەقڵ تەرازوویەكی دروستە و بڕیارەكانی یەقینین، درۆیـان تێـدا نییـە، بـەڵام بەتـەما مەبـە پرسـەكانی تەوحید و ڕۆژی دوایـی و پێغەمبەرایـەتی و ئیلاهیـات و هـەر شـتێكی تـری دەرەوەی تواناكـانی ئـەوی پـێ هەڵسەنگێنی، چونكە ئـەوە مەحاڵـە... هـەر كەسـێك عـەقڵ پـێش نـەقڵ بخـات لـە هاوشـێوەی ئـەو بابەتانـە، ئـەوە لـە كـەمحاڵی بـوون و پوكانـەوەی بۆچوونیەوەیەتی..."[2].

**هەڵوێستی فەرموودەناسان لە ئاست عەقڵدا:**

ئایـا ڕاسـتە فەرموودەناسـان عـەقڵیان پشـتگوێ خسـتووە لـە بەڕاسـتدانانی فەرموودەكاندا، وەك نەیارانی حوجیەتی سوننە بانگەشەی بۆ دەكەن. شـێخ (عبد الرحمن المعلمی) لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: نەخێر ئەوە ڕاست نییە، بـەڵكو لە چوار شـوێن و حاڵەتـدا ڕۆڵـی عـەقڵ ڕەچـاو كـراوە، یەكـەم: لـە كـاتی بیسـتن و وەرگرتندا، دووەم: لە كاتی (التحدیث) گەیاندن، سێیەم: لە كاتی حوكمدان بەسـەر ڕاویەكاندا و چوارەم: لەكاتی حوكمدان لەسەر فەرموودەكە[3].

**أ- ڕەچاوكردنی عەقڵ لە كاتی بیستن و هەڵگرتنیدا (عند السماع والتحمّل):**

ڕەچاوكردنی عەقڵ لە قەبوڵكردنی فەرموودە و ڕەتكردنەوەی لە كاتی هـەڵگرتن و بیسـتنیدا بـە ڕوونـی لـەوەوە دەردەكـەوێت كـە زانایـانی فـەرموودە وەرگـرتنی

---

١ المقدمة لابن خلدون (٥٤٨).

٢ سەرچاوەی پێشوو (٥٠٩).

٣ بڕوانە: الأنوار الكاشفة لما في كتاب أضواء على السنة من الزلل والتضليل والمجازفة (٦).

ڕیوایەتی منداڵیان بە پەیدابوونی هۆش و تەمیزیەوە بەستۆتەوە لە کاتی بیستن و وەرگرتنیدا، واتە: هەر کاتێك منداڵ توانیبێتی لە قسە تێبگات و وەڵام بداتەوە، هەڵگرتن و بیستنی ڕیوایەتی بە دروست دانراوە، جا تەمەنی هەرچەندێك بووبێت، پێنج ساڵ یان کەمتر، دوای باڵقبوونی ڕیوایەتەکەی گێڕابێتەوە. هەرکاتێك توانای تێگەیشتنی نەبووبێت و توانای وەڵامدانەوەی نەبووبێت، بیستنەکەی ئیعتیباری بۆ دانەنراوە، ئەگەر تەمەنی پەنجا ساڵیش بووبێت، وەك ئیبن سەڵاح دەڵێت[1]. کەواتە بوونی عەقڵ و تێگەیشتنی خیتاب و توانای جەواب، مەرجی دروستبوونی بیستن (سماع) بووە لای فەرموودەناسان.

هەر وەك چۆن ڕەچاوکردنی عەقڵ لە کاتی بیستندا بۆ حاڵی شاگردی بیسەر دروستە، بۆ شەیخی ڕاویش بە هەمان شێوە، بەو واتایەی شاگردەکانیش لە کاتی بیستندا بە دوای شێخێکی شایستەدا گەڕاون بۆ ئەوەی فەرموودەی لێ ببیستن، بۆیە پێش بیستن لێی ئەوەند پرسیاریان دەربارەی کردووە وەك خزمایەتی، ژنخوازیی لەگەڵدا ببەستن[2]. زۆر لە شاگردانی فەرموودە هیچیان لە کەسەوە وەرنەدەگرت و نەدەنووسی تا لە بارەیەوە پرسیاریان لەو زانایانە نەکردبا کە شارەزاییان هەبوو دەرباری حاڵی ڕاویەکان، کێ دروستە ڕیوایەتی لێ وەربگیرێت و کێ دروست نییە لێی وەربگیرێ. زۆر جاریش شاگردەکان شێخەکانیان تاقی دەکردەوە پێش ئەوەی ڕیوایەتیان لێ وەرگرن، جا هەندێ جار بە ئەنقەست سەنەدەکانی ڕیوایەتی خۆیانیان لێ هەڵدەگێڕانەوە و مەتنی غەیری خۆیانیان پێوە دەلکاند ئینجا پرسیاریان دەربارەوە لێیان دەکرد، ئاخۆ لە ڕیوایەتی ئەوانە؟ جا ئەگەر هەستیان پێ کردبا، ئەوا زەبت و بەهێزی حیفز و وردبینی و بەئاگایی

---

١ علوم الحديث لابن الصلاح (٩٧). هەروەها بڕوانە: فتح المغيث بشرح ألفية الحديث (١/ ٣٣٢).

٢ المراد بمراعاة العقل عند السماع، فحص التلميذ الواعي وانتباهه لحال الشيخ الراوي الذي يريد أن يتلقى عنه. بڕوانە: الكفاية في علم الرواية (٩٣).

شێخەکەیان بۆ ڕوون دەبوویەوە، ڕیوایەتیان لێ وەردەگرت، ئەگەر ڕیوایەتە هەڵگەڕاوەکانیشان بە سەردا تێپەڕیبا و دانیان پێدا هێنابا کە ڕیوایەتی ئەوانە، ئەوا وازیان لێ دەهێنان و ڕیوایەتیان لێ وەرنەدەگرتن[1].

**بـ. ڕەچاوکردنی عەقڵ لە کاتی وەرگرتنی فەرموودەدا:**

ئەوەش بە ڕوونی لەو مەرجانەوە دەردەکەوێت، کە بۆ وەرگرتنی فەرموودە بەڕاستدانانی بە مەرج گیراون، وەك مەرجی عەدالەت و زەبت (العدالة والضبط)[2]. لە مەرجەکانی عەدالەتیش دوای ئیسلام، باڵقبوون و عەقڵە، بەو پێیەش لەسەر ڕای دروست (القول الصحيح) ڕیوایەت لە نابالّق و لە شێت وەرناگیرێت[3]. ئیمامی شافیعی دەڵێت: لە زۆربەی فەرموودەکاندا بۆ زانینی ڕاستی و ناڕاستی فەرموودەکە، تەنها پشت بە ڕاستگۆیی و ناڕاستگۆیی ڕاوی دەبەسترێت، بەڵام لە کەمێك دۆخی تایبەتدا وانیە، بەڵکو پشت بە ڕاستی و ناڕاستی واتای خودی فەرموودەکە دەبەسترێت، لەسەر ئەو بنچینەیە کە فەرموودە گێڕدراوەکە بە جۆرێکە کە ناکرێ بەو شێوەیە بێت، یان فەرموودەکە لەگەڵ فەرموودەی تر تێکدەگیرێت، کە لەو جێگیرترە یان زیاتر لە ڕاستی دەچێت[4].

---

١ لە نموونەی ڕەچاوکردنی عەقڵ لە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی فەرموودەدا لە کاتی بیسندا: ما رواه الدارقطني في سننه، كتاب الحدود والديات وغيره (٣/ ١٧٥)، رقم (٢٦٦): عن سفيان بن عيينة قال: دخلت على الحجاج بن أرطاة وسمعت كلامه، فذكر شيئًا أنكرته، فلم أحمل عنه شيئًا، وقال يحيى بن سعيد القطان: رأيت الحجاج بن أرطاة بمكة، فلم أحمل عنه شيئًا.

٢ وأما الضبط فيعرف بمدى موافقته لأهل الحفظ، فإن وافقهم غالبًا، ولو أتى بأنقص لا يتغير به المعنى، أو في المعنى، فهو ضابط محتج بحديثه، وإن وافقهم نادرًا، وكثرت مخالفته لهم والزيادة عليهم فيما أتى به، فهو مخطئ مغفل، عديم الضبط، لا يحتج بحديثه. انظر: فتح المغيث للسخاوي (١/ ٣٠٧) وما بعدها، وتدريب الراوي (١/ ٣٠٠).

٣ بڕوانە: فتح المغيث للسخاوي (١/ ٣٠٧) وما بعدها، وتدريب الراوي للسيوطي (١/ ٤١٣).

٤ الرسالة للشافعي (٣٩٩).

**ج - ڕەچاوکردنی عەقڵ لە کاتی حوکمدان بە سەر ڕاویەکاندا:**

ئەو دیاردەیەش لە کتێبەکانی تەراجوم زۆر دەردەکەوێت، چونکە زۆرجار زانا گەورەکانی فەرمووده ڕاویەك بەهۆی تەنها یەك خەبەری مونکەرەوە برینداو (تجريح) دەکەن کە ئەو ڕاویە گێڕابێتیەوە. ئەو خەبەرەی نەکرێ ڕاست بێت، یان لە ڕاستی دوور بێت، بە (منكر) و (باطل) ناوزەد کراوە، ئەوەش لە تەراجومی لاوازەکان (الضعفاء) و کتێبەکانی (العلل والموضوعات) زۆر دەبینرێت[1].

**د- ڕەچاوکردنی عەقڵ لە کاتی حوکمدان بەسەر مەتنی فەرموودەکاندا:**

ئەوەش بە ڕوونی لەوەوە دەردەکەوێت، کە فەرموودەناسان تێکگیرانی فەرموودەیان لەگەڵ بەدیهیاتی عەقڵ بە یەکێك لە بەڵگەکانی هەڵبەسترانی فەرموودە داناوە[2]، بەڵام بە مەرجێك فەرموودەکە بواری تەئویلکردنی نەبێت. لێرەدا مەبەست لە عەقڵێکی سەرڕاست و ڕێنمایکراوە بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی جێگیری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەوەك عەقڵێك کە ئاوێتەی شەهەوات بووە و لە هیدایەتی خوا دوور کەوتۆتەوە، نەوەك عەقڵێك کە بە هۆی تاوان و شەهەواتی دونیاوە لە نوری خوا دوورکەوتووەتەوە، چونکە ئەو عەقڵە عەقڵێکی تاریکە و ناتوانێت هەق بناسێت، پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) کە فەرموویەتی: "إذا جاءَكُم عَنِّي حَديثٌ تَعرِفُونَهُ، ولا تُنكرونَه"[3]، مەبەستی عەقڵێکی سەرڕاست و ڕێنمایی کراو و هیدایەتدراوی ئیمانیە.

بەو پێیە دەردەکەوێت کە ڕانواندنی سوننەی نەبەوی لەسەر عەقڵ لە کاتی حوکمدان لەسەر دروستیی فەرموودە، ڕێسا (قاعدە)یەکی کارپێکراوە لە لای

---

[1] الأنوار الكاشفة، سەرچاوەی پێشوو (٧).

٢ بڕوانە: تدريب الراوي للسيوطي (١/ ٢٧٦).

٣ سبق تخريجه. بڕوانە: قواعد التحديث للقاسمي (١٦٥).

زانایان و فەرمووده‌ناسان، بە شێوەیەکی کرداریی کاریـان پـێ کـردووه، بـەڵام بـەو مەرجەی بواری تەئویلکردن نەمێنێت لە نێوان ڕواڵەتی فەرمووده‌کە و ئەوەی عەقڵ بە نامۆی دەزانێت لەو سنوورەی خوای گەورە بۆ عەقڵی داناوە، بـە شـێوەیەك کـە تەنها ئەو شتە بە جوان و چاك بزانێـت کـە شـەرع بـە جـوان و چـاکی دانـاوە، ئـەو شتەش بە ناشیرین و خراپ بزانێت کە شەرع بە خراپی داناوه[1].

## ڕەتکردنەوەی چەند گومانێك:

نـەیارانی سـوننەی نەبـەوی زۆر مەبەسـتیانە تانـە لـەو فەرموودانـە بـدەن و لەکەداریان بکەن کە فەرموودەی دروست (صحیح)ن، بەتایبەت ئەو فەرموودانە کـە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتوون، مەبەسـتیش لـە تـەرکیزکردنیان لەسـەر ئـەو دوو سەرچـاوەیە ئەوەیـە، کـە سـوننە بەشـێوەیەکی گشـتی ڕەتبکەنـەوە، مسوڵمانانی لـێ لادەن، چـونکە کتـێبی بوخـاری و موسـلیم بـە کـۆدەنگی زانایـانی ئیسـلام بـە ڕاسـترین سەرچـاوە دانـراون دوای قورئـانی پـیرۆز، چـونکە زانایـانی ئوممەت بـە وردی لـەو دوو سەرچـاوەیان کۆڵیوەتـەوە و هەڵیانسـەنگاندوون، بۆیـە تـەنها بـە بەرهـەمی دوو کـەس ئـەژمار نـاکرێن، بـەڵکو بـە بەرهـەمی مانـدووبوونی فەرمووده‌ناسان و زانایانی ئوممەتی ئیسلامی دادەنرێن.

لە باسی پێشوو بۆمان دەرکەوت کـە فەرمووده‌ناسـان، وەك چـۆن لـە سـەنەدی فەرمووده‌کانیان کۆڵیوەتەوە، بە هەمان شـێوە لـە مەتنەکانیشـیان کۆڵیوەتـەوە و پشتگوێیان نەخستوون، تەنانەت هەموو ئەو مەرجانەی بۆ دروستیی فـەرموودە بـە مەرجیان گرتوون لە عەدالەت و زەبت و نەپچڕان و ئیتیصالی سەنەد، بۆ دڵنیابوون بووە لەوەی کە ئەو فەرموودانە فەرموودەی پێغەمبەرن و لەوەوە بۆمان هـاتوون و

---

[1] بڕوانە: جامع بيان العلم وفضله (٢/ ١٧٣).

پێمان گەیشتوون، بەو پێیە ئەو مەرجانە کە بە ڕواڵەت تایبەت بە سەنەد دانراون لەڕاستیدا بە هەمان شێوەش پەیوەندییان بە مەتنەوە هەیە.

نەیارانی سوننەت عەقڵی خۆیان کردووەتە یەکەم پێوەر و کۆتا پێوەر بۆ حوکمدان لەسەر فەرموودەکان، ڕەتکردنەوەیان و بەهەڵەدانانی فەرمووودەناسان، دواجار بە هەڵەدانانی هەموو مسوڵمانان کە شوێنکەوتەی زانست و ڕێنمایی ئەو زانا بەڕێزانەن. نەیارانی سوننە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیان، کە بریتیە لە دوورخستنەوەی خەڵکی لە نووری نبوەت، دەمامکی خۆیان کردووە و چەند فەرموودەیەکیان کردووەتە بیانوو، کە گوایە پێچەوانەی عەقڵن و لەگەڵ ژیریدا تێکدەگیرێن. سروشتی ئەو فەرموودە جێگیرانەی کە لە لایەن نەیارانی سوننەی نەبەوی گومانیان لەسەر دروستکراوە بە مەبەستی لەکەدارکردنیان و لەکەدارکردنی ڕاویەکانیان لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و زانا و ناودارەکانی فەرموودە، هەموو بابەت و باس و تەوەرەکانی ئاینیان گرتووەتەوە، هەر لە بابەتەکانی بیروباوەڕ (عقائد)ەوە، تا دەگاتە پەرستشەکان (عبادات) و مامەڵەکان (معاملات) و بەسەرهاتی ژیان (سیره)... هتد، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر فەرموودەکانی تایبەت بە بیروباوەڕ و بنەماکانی ئاین دەکەنەوە، بەمەبەستی لاوازکردنی بیروباوەڕی مسوڵمانان و دروستکردنی گومان و دوودڵی لە دەرونیاندا. لەم باسەدا چەند نموونەیەکیان لێ دەخەینە ڕوو:

**فەرموودەی یەکەم: دەربارەی بینینی خوا:**

بەڵگەی زۆر و زەوەند هاتووە لە قورئانی پیرۆز و سوننەی نەبەوی و کۆدەنگی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەسەر ئەوەی کە باوەڕداران لە ڕۆژی دواییدا خوا دەبینن، بە بینینێك کە شایستەی خوا بێت، بە بێ دەورەدان و بێ دیاریکردنی چۆنیەتی، بۆ نموونە:

١ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ (القيامة: ٢٢ـ ٢٣)، ئیبن عەبباس و کۆمەڵێك لە تابیعیەکان و ئیمامی مالیك و شافیعی بەڵگەیان بەو ئایەتە هێناوەتەوە لەسەر بینینی خوا لە ڕۆژی دواییدا، بەهەمان شێوە زانایانی تەفسیر لە ئەهلی سوننە و جەماعە[١].

٢ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾ (یونس: ٢٦). (الحسنى): واتە: بەهەشت، وە (الزيادە): واتە: ڕوانین بۆ ڕووی پیرۆزی پەروەردگار، وەك پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر) ڕوونیکردووەتەوە[٢].

٣ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ﴾ (المطففين: ١٥)، واتە: بێگومان بێباوەڕان لەو ڕۆژەدا لە بینینی پەروەردگاریان بێ بەشن. جەماوەری زانایانی تەفسیر لەسەر ئەو ڕایەن کە واتای (محجوب)بوونی بێ باوەڕان لە پەروەردگار لەو ڕۆژەدا، بێبەشبوونیانە لە بینینی خوا[٣]. ئەو ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە باوەڕداران لە ڕۆژی قیامەتدا پەروەردگار دەبینن[٤]. ئەو واتایەش کۆکردنەوەیە لە نێوان ئایەتی ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ و

---

١ بڕوانە: شرح أصول الاعتقاد للالكائي (٢/ ٤٦٤)، وشرح العقيدة الطحاوية لابن أبي العز (١٥٣)، وتفسير القرآن العظيم لابن كثير (٣/ ٣٠٩).

٢ يدل عليه حديث صهيب، عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إذا دخل أهل الجنة الجنة، قال: يقول الله تعالى: تريدون شيئًا أزيدكم؟ قال: فيكشف الحجاب فما أعطوا شيئًا أحب إليهم من النظر إلى ربهم عز وجل. ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَي وَزِيَادَةٌ﴾ أخرجه مسلم في صحيحه، كتاب الإيمان، باب إثبات رؤية المؤمنين في الآخرة ربهم سبحانه وتعالي، برقم (١٨١)، والبيهقي في البعث والنشور (٢٦١)، رقم (٤٤٦). هەروەها بڕوانە: شرح أصول اعتقاد أهل السنة (٢/ ٢٥٥) وما بعدها، وحادي الأرواح (٢١٤ـ ٢١٥)، والجامع لأحكام القرآن (٨/ ٣٣٠)، وتفسير القرآن العظيم (٢/ ٤١٤)، وشرح العقيدة الطحاوية (١/ ٢٤٠).

٣ الجامع لأحكام القرآن (١٩/ ٢٦١). هەروەها بڕوانە: شرح أصول اعتقاد أهل السنة (٣/ ٥٠٦).

٤ ئیمامی شافیعی دەڵێت: "لما حجب قومًا بالسخط دلّ على أن قومًا يرونه بالرضا...". شرح أصول اعتقاد أهل السنة (٢/ ٥٠٦)، هەروەها بڕوانە: مناقب الشافعي للبيهقي (١/ ٤١٩).

ئایەتی: ﴿كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يوْمَئِذٍ لمَحْجُوبُونَ﴾، ئـەوەش واتایـەکی ڕاسـتە، چـونکە هەر وەك چۆن حیجاب بۆ بێباوەڕانە جیا لە باوەڕداران، لە بەرانبەریشـدا بیـنین بـۆ باوەڕدارانە جیا لە بێ باوەڕان[1].

**ب ـ بەڵگەکانی بینینی خوای گەورە لە سوننەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر):**

بەڵگەکانی بینینی خوا لە ڕۆژی دواییدا لە سوننەی نەبەوی زۆرن و گەیشتووەتە حەددی تەواتور، لەگەڵ ئەوەشـدا موعتەزیلـەکان بـە بیـانووی تێکگیرانیـان لەگـەڵ عەقڵ ڕەتیان کردوونەتەوە، بۆ نموونە:

١ـ جـەریری کـوڕی عەبـدوڵڵا گێڕاویەتـەوە: لـە شـەوێکی مانگەشـەو لـە شـەوی چواردەدا لە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دانیشتبووین، فەرمووی: "إنّكم سَترونَ ربَّكم كما تَرونَ هذا القَمرَ لا تُضامُّونَ في رُؤيتِه[2]، فإن استَطَعْتُم أن لا تُغلبـوا على صلاة قبل طُلوعِ الشمسِ وصلاة قبل غروبِ الشمسِ فافْعَلوا"[3]. لە ڕیوایـەتێکی

---

١ بڕوانە: فتح الباري (٨/ ٤٧٣) وما بعدها، رقم (٤٨٥٥).

٢ قوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: (لا تضامون فى رؤيته) فيه عدة أوجـه، منهـا: أحـدهما: "لا تُضَـامُّون"، أي لا ينضم بعضكم إلى بعض حال الرؤية لإشكاله وخفائه، والوجه الثانى والثالـث: "لا تضـارُّون بتشـديد الراء، أصله، أي لا يضركم أحد، ولا تضرُّوا أحـدًا، بمنازعـة ولا مجادلـة، ولا مضـايقة، لأن ذلـك كلـه إنمـا يتصور فى مَرْئىّ يُرى في حين واحد، أو جهة مخصوصة، أو قدر مقّدر وذلك كله فى حـق الله تعـالى محـال. والوجه الرابع: "لا تُضَامُون، أو لا تُضَاهُون" في رؤيته أي لا يُشبِّهُون ربكم بغـيره، والمضـاهاة المشـابهة. شرح السنة للبغوي (٢/ ٢٢٥)، وشرح الطحاوية (١٥٩)، وفتح الباري لابن حجر (١١/ ٤٤٦)، وشـرح صـحيح مسلم (٨٢/ ١٦).

٣ صحيح البخاري، كتاب التوحيد، باب قول الله تعالي "وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَـا نَـاظِرَةٌ" (١٣/ ٤٢٩، ٤٣٠)، رقم (٧٤٣٤)، وصحيح مسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب فضل صـلاتي الصـبح والعصـر والمحافظة عليهما (٣/ ١٤٣، ١٤٤)، رقم (٦٣٣) واللفظ للبخاري.

تردا: قال: قال النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إنكم سترون ربكم عيانًا»[1]. وعن أبي موسى الأشعري مرفوعًا: "جنّتان من فضّة آنيتُهما وما فيهما، وجنّتان من ذَهَب آنِيتُهما وما فيهما، وما بَين القَوم وبَين أن ينظُروا إلى ربِّهم إلاّ رِداءَ الكِبْرِياء على وجهِهِ في جنّةِ عَدْن"[2].

٢ـ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "إذا دخلَ أهلُ الجَنةِ الجنّةَ، يقولُ الله تعالى: تُريدونَ شيئًا أزيدُكم؟ فيقولونَ ألم تَبيضّ وجوهنا؟ ألم تُدخلنا الجنّةَ وتُنجنا من النار؟ قال فيكشفُ الحِجابَ فما أُعطُوا شيئًا أحبَّ إليهم من النظرِ إلى ربِّهم عزّ وجلّ". ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وزِيادَةٌ﴾[3].

سەرەڕای هاتنی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، کە بەشێکیان خرانە ڕوو، دەربارەی ئیسپاتکردنی ئەو پرسە، موعتەزیلەکان و زۆر لە گرووپە کەلامیەکانی وەك مورجیئە و خەواریج یەکدەنگن لەسەر نەفیکردنی بینینی خوا لە ڕۆژی دواییدا، ئەویش بەو بیانووەی کە گوایە بینینی خوای گەورە لەگەڵ عەقڵدا تێکدەگیرێت![4]. بەڵگەی سەرەکی موعتەزیلەکان بۆ ئەو نکوڵیکردنە بریتی بووە لە بەڵگەی عەقڵی، هەرچەند هەندێ بەڵگەی نەقڵیشیان هێناوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەك تەئویلیان کردووە کە لەگەڵ بنەمای یەکەمیان کە تەوحیدە بگونجێ، کە لەسەر بنچینەی نەفیکردنی سیفات

---

١ صحيح البخاری، كتاب التوحيد، باب قول الله تعالى: "وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ" (١٣/ ٤٣٠)، رقم (٧٤٣٥).

٢ صحيح البخاري، كتاب التوحيد، باب قول الله تعالى: "وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ" (١٣/ ٤٣٣)، رقم (٧٤٤٤)، ومسلم في كتاب الإيمان، باب إثبات رؤية المؤمنين في الآخرة ربهم سبحانه وتعالى (٢/ ١٩)، رقم (١٨٠) واللفظ لمسلم.

٣ سبق تخريجه.

٤ بڕوانە: الفرق بين الفرق (١٥٢، ٣٥١)، والانتصار في الرد على المعتزلة للعمراني (٢/ ٦٤١)، والاعتصام للشاطبی (٢/ ٥٧٠).

دامەزراوە[١]. قازی عەبدولجەبار، دەربارەی فەرموودەکانی بینینی خوا، دەڵێت: "ئەو بەڵگە نەقڵیانەی خۆیان پێ هەڵواسیوە سەبارەت بە بینینی خوا، زۆربەیان واتای جەبر و وێچواندن لەخۆیان دەگرن، پێویستە بڕوامان وابێ کە بەو شێوەیە لە پێغەمبەرەوە نەگێڕراونەتەوە..."[٢].

زانایان لە وەڵامی گومان و شوبهەکانی موعتەزیلە و شوێنکەوتووەکانیان سەبارەت بە ئینکارکردنی بینینی خوا، گوتوویانە ئەو فەرموودانەی بەڵگەن لەسەر بینینی خوا، لە کتێبەکانی فەرموودەدا هاتوون، بە صیحاح و سونەن و مەسانیدەوە، زانایانی فەرموودەناسی گەورە کۆیان کردوونەتەوە[٣]، کۆمەڵێکیش لە زانایان گوتوویانە کە ئەو فەرموودانە گەیشتوون بە پلەی تەواتور[٤]. حافزی ئیبن حەجەر دەڵێت: "جمع الدارقطني طرق الأحاديث الواردة في رؤية الله تعالى في الآخرة فزادت على العشرين، وتتبعها ابن قيم الجوزية في حادي الأرواح فبلغت الثلاثين، وأكثرها جياد، وأسند الدارقطني عن يحيى بن معين قال: "عندي سبعة عشر حديثًا في الرؤية صحاح"[٥].

بەو پێیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەڵوێستی عەقڵگەراکان بەرانبەر دەقەکان هەر ئەوە نییە کە دەڵێن فەرموودەی موتەواتیر کە بەڵگەی یەقینیە لە بابی عەقیدە کاری پێ دەکرێت، بەڵام فەرموودەی ئاحاد کاری پێ ناکرێت، چونکە یەقینی نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە عەقڵی خۆیان کردووەتە بنەما و پێوەر و لەسەرووی

---

١ بڕوانە: الانتصار، سەرچاوەی پێشوو (٢/ ٦٤١).

٢ كتابات أعداء الإسلام لعماد الشربيني، نقلا عن شرح الأصول (٧٦٩).

٣ وەك دارەقوتنی و ئەبو نەعیمی ئەسفەهانی و ئەبوبەکری ئاجوری. بڕوانە: بيان تلبيس الجهمية لابن تيمية (١/ ٣٤٨).

٤ لەوانە ئیبن تەیمیە، ئیبن قەییم و ئیبن کەسیر، بڕوانە: مجموع الفتاوى، وحادى الأرواح (٢١٩)، وتفسير القرآن العظيم (٢/ ١٦١).

٥ بڕوانە: فتح الباري (١٣/ ٤٤٣)، والمنهاج شرح مسلم للنووي (٢/ ٢٠)، رقمي (١٨٠، ١٨١).

هەموو دەقەكان دایاننناوە، ئەگینا بۆچ كار بەو فەرمووده موتەواتیرانـه ناكـەن، كـە دەربارەی جێگیربوونی بینینی خوا هاتوون؟! دوای ئەوە ئایا ئایەتـەكانی قورئـانی پیرۆز بەس نین بۆ ئیسپاتكردن و جێگیركردنی بینینی خوا؟ ئینجا فەرموودەكانیش گریمان ئاحادیش بن وەك پاڵپشتێك كاریان پێ ناكرێن بۆ ڕوونكردنەوەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز؟

**فـەرموودەی دووەم: فـەرموودەی قودسـی: "... یـا ابْـنَ آدَمَ مَرضْـتُ فَلَـمْ تَعُدْنِي...»:**

یەكێك لەو نموونانەش دەهێنرێنەوە لەسەر ئـەوە، كـە گوایـە تێكگیرانـی نێـوان دەق و عەقڵی تێدایە، ئەو فەرمووده قودسیەیە كـە دەفـەرموێت: "إِنّ اللهَ عَـزّ وجَـلّ يقُـولُ يـوْمَ الْقِيامَـةِ: يـا ابْـنَ آدَمَ مَرضْـتُ فَلَـمْ تَعُـدْنِي.. يـا ابْـنَ آدَمَ اسْـتَطْعَمْتُكَ فَلَـمْ تُطْعِمْنِي"[1]. هەنـدێ كـەس دەربـارەی ئـەو فەرموودەیـە گوتویانـە: ئـەم فەرموودەیـە لەگەڵ عەقڵدا تێكدەگیرێت، لەكاتێكدا فەرموودەكە ڕاستیشە، چونكە ناكرێ برسـێتی و نەخۆشی پاڵ بدرێتە لای خوا! پەنا بەخوا، بەڵام ئەم گوتەیە ڕاست نییە، چـونكە هـەر چەندە فەرموودەكە ڕاستە، ئەوەش ڕاستە كە ناكرێ برسـێتی، نەخۆشـی، هـیچ كـەم و كوڕیەك پاڵ بدرێتە لای خوا! بـەڵام فەرموودەكـە ئـەو واتایـەی لـێ وەرناگیرێـت، بـەو بەڵگەیە كە كۆتایی فەرموودەكە مەبەست لە سەرەتای فەرموودەكە ڕوون دەكاتەوە كە دەفەرموێت: "أَمَا عَلِمْتَ أَنّهُ اسْـتَطْعَمَكَ عَبْـدِي فُـلانٌ، فَلَـمْ تُطْعِمْـهُ؟ أَمَـا عَلِمْـتَ أَنّـكَ لَـوْ أَطْعَمْتَهُ لوجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِي"، واتـە: (ئایـا نـازانی كـە فلانـە بەنـدەم داوای خـۆراكی لـێ كردی، بەڵام خواردنت پێ نەبەخشـی، ئایـا نەتـدەزانی ئەگـەر خۆراكـت پێـی بەخشـیبا پاداشتەكەت لە لای من دەبینیەوە)، كەواتە لەڕاستیدا برسێتی و نەخۆشی پاڵ نەدراوە

---

[1] صحيح مسلم (٤/ ١٩٩٠)، باب فضل عيادة المريض، رقم (٢٥٦٩).

بۆ لای خوا، بەڵکو پاڵدراوە بۆ لای بەندەیەکی خوا[1]. جا ئەو جۆرە تێگەیشتنە بۆ ئـەو فەرموودەیە نموونەی تێگەیشتنی سەلەفە بۆ دەقەکان و ئـەوەی لـێ وەردەگیرێت کـە دەقەکان بە عەقڵ دژایەتی ناکرێن و ڕەت ناکرێنـەوە، ئەگـەر عـەقڵیش نـەیتوانی درکـی واتـای دەقەکـە بکـات ئـەوا دەقەکـە پـێش عـەقڵ دەخرێـت، چـونکە نـەقڵی دروسـت (معصوم)ە و لە هەڵە پارێزراوە، بەڵام عەقڵەکان جیاوازن.

**فەرموودەی سێیەم: فەرمموودەی مێش: "إذا وقع الذباب في إناء أحدكم...":**

قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: **"إذا وَقَعَ الذُبابُ في إناءِ أحَدِكُم فَليغمِسـهُ كلّـهُ ثـمّ لْيطرحْـهُ فـإن في إحـدى جَناحَيـهِ داء وفي الآخـر شـفاء"**[2]، واتـە: (کـاتێ مێشـێك دەکەوێتە ناو دەفرێکتان، کە شلەمەنی تێدایە، با مێشەکە بە تەواوی نقوم بکات ئینجا فڕێی بدات، چونکە لە باڵێکیانیدا دەرد هەیە و لە باڵەکەی تریدا شیفا). هەر لە کۆنـەوە کەسـانێك تانـەیان لـەو فەرموودەیـە داوە، بـە بیـانووی تێکگیرانـی لەگـەڵ عەقڵدا، لـە بەرانبـەردا زانایـان بەرپەرچـی ئـەو تۆمەتـەیان داوەتـەوە، ڕوونیـان کردۆتـەوە کـە کۆکردنەوەی دەرد و چارەسەر لە یەك شتدا پێچەوانەی عەقڵ نییە و لای خوای گـەورە زۆر ئاسانە و نموونەی هاوشێوەی هەیە، وەك چۆن ژەهـر و چارەسـەر لـە هەریـەك لـە هەنگ و ماردا کۆبۆتەوە[3].

---

[1] بڕوانە: كشف المشكل من حديث الصحيحين لابن الجوزي (٣/ ٥٧٨)، وشـرح النـووي علـى مسـلم (١٦/ ١٢٦).

٢ صحيح البخاري (٧/ ١٤٠)، كتاب الطب، باب إذا وقع الذباب في الإناء، رقم (٥٧٨٢) من حـديث عـن أبـي هريرة.

٣ بڕوانە: شرح السنة للبغوي (١١/ ٢٦١)، ودفاع عن السنة لمحمد بن محمد أبو شبهة (١٦٨ـ ١٨٩).

# کۆتـایی

عەقڵ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕۆڵ و بایەخێکی گـرنگ و بـاڵای هەیـە. تێگەیشـتن لـە دەقە ئایینیەکان و هەڵێنجانی ئەحکام و گەیاندنی پـەیامی ئـایین و ڕوونکردنـەوەی ئامـانج و مەبەسـتەکانی، پێویسـتیەکی حاشـاهەڵنەگری بـە عـەقڵ هەیـە. عـەقڵی ڕووت خـاوەن بیرکردنەوەیەکی خودیە، بڕیارەکانی سەربەخۆن. هەرچەندە عـەقڵی سـەربەخۆ توانیویـەتی لە گۆڕەپانی زانستە سروشتیەکاندا هەندێك سەرکەوتن بەدەست بێنێـت، بـەڵام لـە جیهـانی میتافیزیکا و نابەرهەست دەستەوەستان و سەرگەردانە. عەقڵی مرۆڤ نـەوەك لـە درككـراوە نابەرهەستەکان، بەڵکو زۆر جار لە شتە بەرهەستەکانیشدا دەکەوێتە هەڵـەوە، بۆیـە مەحاڵـە بتوانێت وێنای حەقیقەتی درككراوە نابەرهەست و مەعنەویەکان بکات.

بێ ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرە زانسـتیانەی کـە زانایـان دایاننـاون بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ دەقـە شـەرعیەکاندا، تێگەیشـتنێکی دروسـت دەسـتەبەر نابێـت بـۆ دەقـەکانی قورئـان و سوننەت. پابەندبوونی ڕەها بە ئەحکامی دەقـە شـەرعییە ڕوونـەکان پێـوەرێکی شـەرعییە، کـە زانایـانی پێشـین ئـەو پێوەرەیـان بـە جـوانترین شـێوە بـە کردەیـی لـە ژیـانی خۆیانـدا جێبەجێ کردووە.

دژایەتیکردنی دەقە شـەرعییەکان و ڕەتکردنـەوەیان بـە هـۆی عەقڵـەوە لـە گـەورەترین هۆکارەکانی ڕوودانی پەرتەوازەییە لە نێوان مسـوڵمانان، سەردەکێشـێت بـۆ سەرلێشـێوان و سەرگەردانی.

دەقی ڕاست لەگەڵ عەقڵی ساغدا تێکناگیرێت، هـەرکاتێك تـێکگیران ڕوویـدا، ئـەوە یـان لەبەرئەوەیە دەقەکە ڕاست نییە، یـان لەبەرئەوەیـە بەڵگـە عەقڵیەکـە دروسـت نییـە. نـەقڵی

جێگیر له هەڵە پارێزراوه، بەڵام عەقڵەکان دەکەونە هەڵەوه، بۆیه ئەگەر عەقڵ نەیتوانی درکی واتای دەقەکانی سونەت بکات یان بە ڕواڵەت تێکگیران، ئەوا پێویستە دەقەکان پێش بخرێن.

بیرۆکەی هەڵسەنگاندنی سوننەت بە پێی پێوەری عەقڵ هەر لە کۆنەوە ناحەزانی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دایانهێناوه بۆ گومان خستنەسەر سوننەت و ڕەتکردنەوەی. فەرموودەناسان عەقڵیان بە ڕەهایی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو عەقڵی سەرڕاست و ڕێنموونیکراویان لەبەرچاو گرتووه له کاتی بیستن و وەرگرتنی فەرموودە، لە کاتی گەیاندن و له کاتی حوکمدان بە سەر ڕاویەکان و مەتنی فەرموودەکانیشدا.

# سەرچاوەکان

القرآن الكريم.

١ـ الإبهاج في شرح المنهاج (منهاج الوصول للبيضاوي، ت ٦٨٥هـ)، تقي الدين أبو الحسن علي بن عبد الكافي بن علي بن تمام بن حامد بن يحيي السبكي (ت ٧٥٦هـ)، وولده تاج الدين أبو نصر عبد الوهاب (ت ٧٧١)، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٢ـ الإحكام في أصول الأحكام، سيف الدين، أبو الحسن، علي بن أبي علي بن محمد بن سالم، الثعلبي الآمدي (ت ٦٣١هـ)، ت: عبد الرزاق عفيفي، المكتب الإسلامي، بيروت ـ دمشق ـ لبنان: الطبعة والتأريخ: (بدون).

٣ـ أساس البلاغة، أبو القاسم محمود بن عمرو بن أحمد، الزمخشري (ت ٥٣٨هـ)، ت: محمد باسل عيون السود، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٩٩٨م.

٤ـ أصول السرخسي: شمس الأئمة، محمد بن أحمد بن أبيي سهل، السرخسي (ت ٤٨٣هـ)، دار المعرفة ـ بيروت، الطبعة والتأريخ: (بدون).

٥ـ إعلام الموقعين عن رب العالمين، شمس الدين، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، تحقيق: محمد عبد السلام إبراهيم، دار الكتب العلمية ـ بيروت، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩١م.

٦ـ البحر المحيط في أصول الفقه، بدر الدين، أبو عبد الله، محمد بن بهادر بن عبد الله الزركشي (ت ٧٩٤هـ)، دار الكتبي، ط١، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م.

٧ـ البيان والتعريف في أسباب ورود الحديث الشريف، إبراهيم بن محمد بن محمد كمال الدين ابن أحمد بن حسين الحُسَيْني الحنفي الدمشقيّ (ت ١١٢٠هـ)، المحقق: سيف الدين الكاتب، دار الكتاب العربي ـ بيروت، السنة (بدون).

٨ـ تاج العروس من جواهر القاموس: محمّد بن محمّد بن عبد الرزّاق الزَّبيدي (ت ١٢٠٥هـ)، ت: مجموعة من المحققين، دار الهداية.

٩ـ التحرير والتنوير: محمد الطاهر بن عاشور، دار سحنون للنشر والتوزيع، تونس: الطبعة: (بدون)، ١٩٩٧م.

١٠ـ التشابه في متن الحديث: لفتح الله البيانوني، مجلة البحوث الإسلامية، إسلام آباد، باكستان، العدد٢، المجلد٢، ٢٠٠٦م.

١١ـ التقرير والتحبير في شرح كتاب التحرير لشمس الدين، أبي عبد الله، محمد بن محمد بن محمد المعروف بابن أمير حاج (ت ٨٧٩هـ)، دار الكتب العلمية، ط٢، ١٤٠٣هـ/ ١٩٨٣م.

١٢ـ جامع البيان عن تأويل آي القرآن (تفسير الطبري): أبو جعفر محمد بن جرير الطبري (ت ٣١٠هـ)، تحقيق: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر ـ القاهرة، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

١٣ـ الجامع المختصر من السنن عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ (سنن الترمذي) للإمام الحافظ أبي عيسى محمد بن عيسى بن سورة الترمذي (ت ٢٧٩هـ)، تحقيق: أحمد محمد شاكر، وآخرين، مطبعة مصطفى البابي الحلبي ـ مصر، ط٢، ١٣٩٥هـ/ ١٩٧٥م.

١٤ـ الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه (صحيح البخاري)، الإمام أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري (ت ٢٥٦هـ)، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ

١٥ـ جامع بيان العلم وفضله: لأبي عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (ت ٤٦٣هـ)، تحقيق: أبو عبد الرحمن فواز أحمد زمرلي، مؤسسة الريان، دار ابن حزم، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

١٦ـ الجامع لأحكام القرآن: لابي عبد الله محمد بن أحمد القرطبي (ت ٦٧١هـ)، تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، دار الكتب المصرية ـ القاهرة، ط٢، ١٣٨٤هـ/ ١٩٦٤م.

١٧ـ الحكم الشرعي بين العقل والنقل: الصادق بن عبد الرحمن الغرياني، دار ابن حزم ـ بيروت، ٢٠٠٦م.

١٨ـ درء تعارض العقل والنقل، أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني، ت: محمد رشاد سالم، دار الكنوز الأدبية ـ الرياض، ١٣٩١هـ.

١٩ـ ديوان المبتدأ والخبر في تأريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر: عبد الرحمن بن محمد بن محمد، ابن خلدون (ت ٨٠٨هـ)، ت: خليل شحادة، دار الفكر ـ بيروت: ط٢، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨.

٢٠ـ زاد المسير في علم التفسير: لجمال الدين، أبي الفرج، عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي (ت ٥٩٧هـ)، تحقيق: عبد الرزاق المهدي، دار الكتاب العربي ـ بيروت، ط١، ١٤٢٢هـ.

٢١ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها: محمد بن ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف، الرياض ـ السعودية: ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

٢٢ـ السنة النبوية في كتابات أعداء الإسلام، عماد السيد الشربيني، دار اليقين ـ المدينة المنورة، ط٢، ٢٠٠٨م.

٢٣ـ سنن ابن ماجه: لأبي عبد الله محمد بن يزيد بن ماجه القزويني (٢٧٣هـ)، تحقيق: شعيب الارنؤوط وآخرين، دار الرسالة العالمية، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٢٤ـ سنن أبي داود: أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني (ت ٢٧٥هـ)، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، الطبعة والتأريخ: (بدون).

٢٥ـ سنن البيهقي الكبري: الحافظ أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (ت ٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنات: ط٣، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م .

٢٦ـ سنن الدارقطني: الحافظ علي بن عمر الدار قطني، وبهامشه التعليق المغني علي سنن الدارقطني لأبي الطيب محمد شمس الحق العظيم آبادي، تحقيق: شعيب الارنؤوط ومجموعة، مؤسسة الرسالة، بيروت ـ لبنان، ط١، ١٤٢٤هـ.

٢٧ـ سنن النسائي الصغري المعروفة (بالمجتبي): لأبي عبد الرحمن أحمد بن شعيب بن علي النسائي (ت ٣٠٣هـ)، تحقيق: عبد الفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية، حلب، ط٢، ١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م.

٢٨ـ الصحاح من تاج اللغة وصحاح العربية وأبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي (ت٣٩٨هـ)، دار العلم للملايين، بيروت، ط٤، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٢٩ـ صحيح وضعيف سنن ابن ماجة، محمد ناصر الدين الألباني (ت ١٤٢٠هـ)، مركز نور الإسلام لأبحاث القرآن والسنة بالإسكندرية.

٣٠ـ صحيح وضعيف سنن أبي داود: محمد ناصر الدين الألباني (ت ١٤٢٠هـ)، مركز نور الإسلام لأبحاث القرآن والسنة بالإسكندرية.

٣١ـ صحيح وضعيف سنن النسائي، محمد ناصر الدين الألباني (ت: ١٤٢٠هـ)، مركز نور الإسلام لأبحاث القرآن والسنة بالإسكندرية.

٣٢ـ الصواعق المرسلة في الرد على الجهمية والمعطلة: محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية، ت: علي بن محمد الدخيل الله، دار العاصمة، الرياض ـ المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٠٨هـ.

٣٣ـ ضعيف سنن الترمذي، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف ـ الرياض، ط١، ١٤٢٠هـ.

٣٤ـ العقل والدين في تصورات المستنيرين، محمد جعفري، ترجمه من الفارسية حيدر نجف، ط١، بيروت ٢٠١٠ م.

٣٥ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري: للحافظ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (ت٨٥٢هـ)، تحقيق: محب الدين الخطيب، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، الطبعة (بدون).

٣٦ـ فتح القدير الجامع بين فنّي الرواية والدراية من علم التفسير (تفسير الشوكاني)، محمد بن علي بن محمد الشوكاني (ت١٢٥٠هـ)، دار ابن كثير، دار الكلم الطيب، دمشق، بيروت: ط١، ١٤١٤هـ.

٣٧ـ القاموس المحيط، مجد الدين محمد بن يعقوب الفيروزآبادي (ت ٨١٧هـ)، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، مؤسسة الرسالة بيروت ـ لبنان: ط٨، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

٣٨ـ قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث، محمد جمال الدين بن محمد سعيد بن قاسم الحلاق القاسمي (ت ١٣٣٢هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٣٩ـ لسان العرب، جمال الدين، أبو الفضل، محمد بن مكرم بن علي بن منظور الأفريقي (ت ٧١١هـ)، دار صادر ـ بيروت، ط٣، ١٤١٤هـ.

٤٠ـ مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي، دار الفكر، بيروت: ١٤١٢هـ.

٤١ـ مجموع فتاوي شيخ الإسلام ابن تيمية، لشيخ الإسلام أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام الحراني (ت ٧٢٨هـ)، دار عالم الكتب ـ الرياض، الطبعة (بدون) ١٤١٢هـ.

٤٢ـ مختصر التحرير شرح الكوكب المنير، تقي الدين أبو البقاء و محمد بن أحمد بن عبد العزيز بن علي الفتوحي (ت ٩٧٢هـ)، ت: محمد الزحيلي ونزيه حماد، مكتبة العبيكان،ط٢، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٤٣ـ مختصر الصواعق المرسلة علي الجهمية والمعطلة، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١هـ)، اختصار: محمد بن محمد بن عبد الكريم بن رضوان البعلي شمس الدين، ابن الموصلي (ت ٧٧٤هـ)ن ت: سيد إبراهيم، دار الحديث، القاهرة ـ مصر، ط١، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

٤٤ـ فتح المغيث بشرح ألفية الحديث للعراقي، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد بن أبي بكر بن عثمان بن محمد السخاوي (ت ٩٠٢هـ)، ت: علي حسين علي، ت: مكتبة السنة ـ مصر، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٤٥ـ المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله محمد بن عبد الله الحاكم (ت ٤٠٥هـ)، مع تضمينات الإمام الذهبي في التلخيص، والميزان، والعراقي في أماليه، والمناوي في فيض القدير، تحقيق: حمدي الدمرداش، مكتبة الباز، مكة ـ الرياض، ط١، ٢٠٠٠م.

٤٦ـ المستصفى، أبو حامد، محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت ٥٠٥هـ)، تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٤٧ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله (صحيح مسلم)، الإمام أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري (ت ٢٦١هـ)،تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة والتأريخ: (بدون).

٤٨ـ المسند للإمام أبي عبد الله أحمد بن حنبل الشيباني (ت ٢٤١هـ)، مؤسسة قرطبة ـ مصر، الطبعة والسنة (بدون) .

٤٩ـ مقالة الطريقة، لرينيه ديكارت، تعريب: د. جميل صليبا، لبنان ـ بيروت، اللجنة اللبنانية لترجمة الروائع، ط٢، ١٩٧٠م.

٥٠ـ معرفة أنواع علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبوعمرو، تقي الدين ابن الصلاح (ت ٦٤٣هـ)، ت: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين الفحل، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

٥١ـ مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي، (ت ٩١١هـ)، الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة، ط٢، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩.

٥٢ـ مقاييس اللغة، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكرياء القزويني الرازي (ت٣٩٥)، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، الطبعة: (بدون) ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

٥٣ـ الملل والنحل، عبد الكريم الشهرستاني، مكتبة الانجلومصرية، القاهرة، ط٢.

٥٤ـ مهزلة العقل البشري، علي الوردي، دار الوراق، بيروت، ط١، ٢٠٠٨م.

٥٥ـ الموافقات، أبو إسحاق إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي (ت ٧٩٠هـ)، تحقيق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن عفان، ط١، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

# ڕەواندنەوەی گومانی نەیارانی فەرمووده لەمەڕ نەبوونی ڕۆڵی فەرمووده لە تەشریعدا

**د. کامیل عەزیز عەبدوڵڵا شارباژێڕی**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان**

فەرموودە دووەم سەرچاوەی تەشریعە لە ئیسلامدا، فەرموودە هی کەسێکە کە پەروەردگار لە وەسف و سەنایا دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣– ٤)، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هیچ شتێکی لە خۆیەوە نەوتووە، بەڵکو هەرچی فەرموویەتی وەحی بووە لەلایەن پەروەرگاریەوە، ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ کەسانێك کە بیر و هۆشیان سەلیم بێت و داخراو نەبێت، حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگریشە، هەر شتێکی فەرمووبێت وەکو ئایین پەروەردگار نیگای بۆ کردووە و ڕێپیشاندەری بووە، بۆیە بەڵگەنەویستە کە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونکردنەوەی قورئان بووە. لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (هەرچی لە پێغەمبەرەوە هات وەریبگرن و هەر شتێك ئەو قەدەغەی کرد، وازی لێ بێنن و وەریمەگرن). چەندین ئایەتی تر لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە بە گوێکردنی

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) واتە بە گوێکردنی خوای پەروەردگار، بەڵام نەیارانی فەرموودە ڕێچکەیەکی تریان دۆزیوەتەوە بۆ گومڕاکرنی خەڵك، دەیان فەرموودەی ڕاستیان بە لاواز لەقەڵەم داوە و بێ گوێدانە ئەو ڕێکارە شەرعی و زانستیانەی بۆ فەرموودە ڕەچاو کراوە، دڵنیاشبن زانایانی فەرموودەناس لە خۆیانەوە فەرموودەیان وەرنەگرتووە. نەیاران بازیان داوە بۆ شتی زەقتر، کە بەڵگەیە لە سەریان، کە نایانەوێت خزمەت بکەن، بەڵکو ئامانجیان لادانی موسڵمانانە لە ڕاستە شەقامی ئیسلام. زۆر شت هەیە کە باسی بکەین، کە پەرستشەکانیشیان لە موسڵمانان تێکداوە، بگرە قسە لە قورئانیش دەکەن کە بێ هۆ ئایەتەکان دابەزیون.

## نەیارانی سوننەت و مێژووی سەرهەڵدانیان:

### نەیارانی سوننەت کێن؟

کۆمەڵێکن بانگەواز بۆ ئەوە دەکەن کە تەنها قورئان بەسە بۆ ئەوەی موسڵمانان ئیعتمادی لەسەر بکەن و بیکەنە سەرچاوەی تەشریع و وەلانانی سەرچاوەی دووەمی تەشریعی ئیسلامی، کە فەرموودەکانی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر) و بانگەواز بۆ ئەوە دەکەن کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت هەموو شتێك لە قورئان وەربگرێت بێ گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی تەفسیر و هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان[1].

### ئەم ناوە لە کوێوە هاتووە:

ئەم ناوە کۆمەڵێك بەناو قورئانی (القرآنييون) دایانتاشیوە بۆ خۆیان، کە وەك تەوژمێکی ئیسلامی خۆیان ناساندووە، باوەڕیان وایە سەرچاوەی تەشریع تەنها قورئانە و بەس. هەندێکی تر ناوی قورئانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە کە گوایە زۆر

---

[1] الإبانة عن أصول الديانة، الأشعري (٥٣).

پابەندی قورئانن، قورئانیشیان وەك تاکە سەرچاوەی ئیسلام ناساندووە، ئەمانیش خەتێکی تریان دروست کردووە، یا ڕوونتر بڵێین تەوژمێکی تریان هەیە بەناوی (المناهضون)، کۆمەڵێکی تریان بەناوی (مسلمین حنفاء)، خۆیان بە قورئانی دەزانن و ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ مەزهەب و فیرەقێکی تر ئیسلام وەك خۆی جێبەجێ ناکەن غەیری ئەوان و ئەوان ڕەواترین کۆمەڵن کە هەوڵی سەرخستنی قورئان دەدەن و دەڵێن قورئانیی ڕاستەقینە ئێمەین. باوەڕیان وایە، بۆیە قورئان بە تاکە سەرچاوەی ئیسلام دەزانن، چونکە پەروەرگار بەڵێنی پاراستنی قورئانی داوە، بەڵام بەڵێنی پاراستنی سوننەتی نەداوە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، دەڵێن زانایانی فەرموودە جیاوازیەکی زۆریان هەیە لەسەر گێڕەرەوەکانی فەرموودە، بۆیە ناتوانین ئیعتیماد بخەینە سەر هیچیان، کە ئەم وتەیە دوورە لە ڕاستییەوە و لە شوێنی خۆیدا لە توێژینەوەکەدا قسەی لەسەر دەکەین[1].

## مێژووی سەرهەڵدانیان

کۆمەڵێك لە زانایان پێیانوایە کە ئەم فیکرەیە بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی خەواریج سەریهەڵداوە، کە دەیانووت نابێت ڕەجمی کەسێك بکرێت پیاو بێت، یا ژن کە زینای کردووە و زەواجی کردبێت پێشتر. مەسحکردنیش بەسەر خوفدا هیچ بنچینەیەکی شەرعی نییە لە ئیسلامدا. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێمە لەسەر مەنهەجی سەحیحین، پاڵپشت و بەڵگەمان ئەم ئایەتەی قورئانە، کە دەفەرموێ: ﴿فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ﴾ (المائدة: ٤٨)، واتە: (بە بەرنامەی خوا حوکم بکە و شوێن هەوا و هەوەس مەکەوە و دادوەربە). ئەم ئایەتەی تریش دەکەنە بەڵگە، کە دەفەرموێت: ﴿كِتَابٌ أُنْزِلَ إِلَيْكَ فَلا يَكُنْ فِي

---

[1] الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الإعتقاد، الجويني (٧٨).

صَدْرِكَ حَرَجٌ مِنْهُ لِتُنْذِرَ بِـهِ وَذِكْـرَى لِلْمُـؤْمِنِينَ﴾ (الأعـراف: ٢)، واتـە: (ئـەم قورئانـە دابەزیوەتە خوارەوە بۆ تۆ لەسەر دڵت گران نەبێت و خەڵکی پێ بێدار بکەرەوە).

ئەم فیکرەیە لـە کۆنـەوە، لـە سـەدەی دووی کۆچـییەوە سـەریهەڵداوە، پاشـان تەشــەنەیان کــرد لــە دوای دەرکــەوتنی فیکــرەی تەشــەیوع و ئــەو هەڵوێســتە دوژمنکارانەیان کە بڵاویان دەکردەوە دژی هاوەڵان، لەمەوە شیعە ئەیانوت جگە لە ئالوبــەیت هــیچ کەســێکی تــر نــە دەبێتــە خەلیفــەی موســڵمانان، نــە هــیچ فەرموودەیەکیشی لێ وەردەگیرێـت، کـە ئیشـی ئـەم نـەیارانی سـوننەتەش لـەوەدا یەکیان دەگرتەوە کە ئەوانیش ڕەفـزی فـەرموودەیان دەکـرد، بـەڵام لـە سـەرەتای سـەدەی سـێیەمی کۆچـییەوە ئەمانـە دەوریـان نـەما و ون بـوون، هـەتا کتێبـە مێژووییەکانیش ناویان سڕینەوە و تۆماریان نەکردوون، یا دەتوانین بڵـێین وا بنـەبڕ بوو بوون کە ناویان لە کتێبیشدا نەمابوو[1].

لـە دوای هـاتنی ئینگلیـز، کـە دەسـتی گەیشـتە زۆرێـك لـە وڵاتـانی ئیسـلامی، بەتایبەتی وڵاتی هیندستان، کـە ئینگلیـز زاڵ بـوو بەسـەریدا و دەسـتیگرت بەسـەر لایەنی سیاسی و ئابووری و عەسـکەریدا، هەوڵیشـیدا کـە بانگـەوازی ئیسـلامی لاواز بکات و ڕێگایەك بدۆزێتەوە کە موسڵمانان خـەریك بکـات بـە خۆیانـەوە و کۆمـەڵێك شت بورووژێنێت لەنێو موسـڵماناندا ببێتـە مایـەی گومـان و دوودڵـی. فیتنەیـەکیان بەرپاکرد، کە ئەویش ئەم فیتنەیەیە، کە کۆمـەڵێکی دروسـتکرد بانگـەواز بـۆ ئـەوە بکـەن کـە سەرچاوەی تەشـریعی ئیسـلامی تـەنها قورئانـە و بـەس. یەکـەم کـەس دروستیانکرد و ئیشیان لەسەر کرد، پیاوێك بوو بـەناوی (أحمـد خـان)، کـە ڕاڤـەی قورئــانی دەکــرد بــە پێــی ســەلیقە و عــەقڵی خــۆی، بــێ گوێدانــە هۆکــاری هاتنەخوارەوەی قورئان (سـبب النـزول)، مـەرجێکی تـەعجیزی دانـا بـۆ وەرگـرتنی فەرموودە، کە لە دواییدا وای لێهات چەند فەرموودەیـەکی کـەمی هێشـتەوە و وتـی

[1] الإنصاف فيما يجب اعتقاده ولا يجوز الجهل به، الباقلاني (٨٣– ٨٤).

ئەمانە سەحیحن و باقی فەرموودەی پێغەمبەری (درووودی خوای لەسەر) بە لاواز دانا[1].

لە دوای (أحمد خان) لە هیندستان (عبدالله جکرالوي) سەریهەڵدا لە پاکستان، وا خۆی دەردەخست کە خۆی سەرقاڵ کردووە بە توێژینەوەی زانستی فەرموودە، دوای ساڵ و نیوێك بۆ دوو ساڵ، وتی بۆم دەرکەوتووە هیچ فەرموودەیەك نییە گومانی تێدا نەبێت لە سەنەددا، بۆیە باشتر وایە ئیعتیمادی کوللی بکەینە سەر قورئان و فەرموودە واز لێ بێنین، پاشان دامەزراوەیەکی دروست کرد بانگەوازی بۆ ئەوە دەکرد کە سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامیی تەنها قورئانە، لەو بوارەدا کۆمەڵێك کتێبی زۆری بڵاوکردەوە.

لە دوای ئەویش، کەسێکی تر درێژەی بەم فیکرەیە دا بەناوی (أحمد الدین الآمرتسري)، کە ئەویش کۆمەڵەیەکی دامەزراند بەناوی (أمة مسلمة) و درێژەپێدەری فیکرەی ئەوە بوو، کە ئەیانوت سەرچاوەی تەشریع لە ئیسلامدا تەنها قورئانە.

لە دوای (أحمد الدین الآمرتسري) هەر لە پاکستان (أحمد برویز) دەرکەوت کە درێژەپێدەری ئەم فیکرەیە بوو، تا ئێستاش ئەم فیکرەیە بەربڵاوە لە هیندستان و پاکستان. لە دوای هیند و پاکستان، ئەم فیکرەیە گوازرایەوە بۆ میسر و عێراق و لیبیا و ئەندەنووسیا و مالیزیا، پاشان بۆ جیهانی ئیسلامی[2].

لە میسر، لە سەردەمی (محەمەد عەلی پاشا) ئەم فیکرەیە لە ساڵی (١٨٠٩ز) سەریهەڵدا، سەرەتا زانکۆی (ئەمریکی پڕۆتستانتی) لە قاهیرە بوونە هەڵگری ئەو فیکرەیە و بانگەوازیان بۆ دەکرد، لێرەوە دەرگا کرایەوە بۆ دەیان ڕۆژهەڵاتناس، کە دەهاتن بۆ میسر بۆ خوێندن لە کۆلێژی ئاداب و دارولعلوم، پاش خۆیان جیلێکیان دروستکرد کە تا ئێستاش بەردەوامە، ئەمانیش بوون بە سێ گرووپەوە:

---

[1] الله یتجلی في عصر العلم، نخبة من العلماء الأمریکیین، ترجمة: د. دمرداش (٥٧).

[2] برهان الفرقان، سیالکوتي (١٢٣).

١- گروپێکیان مولحید و بێباوەڕ بوون، لە ژێر پەردەی ئیسلامدا دەیانویست ئیسلام ناشیرین بکەن، پلان و بەرنامەیەکی توندوتۆڵیان هەبوو.

٢- گرووپی دووەمیان دەیانووت ئیسلام تەنها یەك سەرچاوەی تەشریعی هەیە کە قورئانە.

٣- گرووپی سێیەمیان ئینکاری بەشێك لە فەرموودەیان دەکرد و بەشەکەی تریشیان بەپێی ئارەزوو و عەقڵی خۆیان وەردەگرت.

سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە سەرچاوە و ڕەچەڵەکی نەیارانی سوننەت ئەمانە بوون: (خەواریج - شیعە - موعتەزیلە - ڕۆژهەڵاتناسەکان). ئەگەر سەیر بکەین لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو کەسەی کە زۆر سوور بوو لەسەر ڕەواجدان بەم فیکرەیە و بانگەوازی جیددی بۆ دەکرد (أحمد صبحي منصور) بوو، کە ئەمریکیەکان و زایۆنیەکان بە (موفەکیری ئیسلامی) ناویان دەبرد، کە لەڕاستیدا (فیتنەچی ئیسلامی) بوو. ئەحمەد صوبحی دەرچووی ئەزهەر بوو، هەر لە ئەزهەریش بووەتە مامۆستا، لە ساڵی (١٩٧٧ز)وە دەستیکردووە بە بانگەشەکردن بۆ ئەم فیکرەیە بە نووسین و کۆڕ و سیمینار، چەند کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە لەم بوارەدا، ڕۆڵێکی ناتەندروستی گێڕاوە لە ناو خوێندکاراندا، بۆیە زانکۆی ئەزهەر ساڵی (١٩٨٧ز) بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دەرکرد، بە تۆمەتی ئینکاری زۆرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و گاڵتەکردن بە زانایانی فەرموودەناس، بەتایبەت شەیخی بەناوبانگی فەرموودەناس (ئیمامی بوخاری)[1].

هەر لە میصر پیاوێکی تر دەرکەوت بەناوی (ڕەشاد خەلیفە)، کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ئەکرد، ئەویش چوو بۆ ئەمریکا، دەیوت سوننەت لەلایەن شەیتانەوەیە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێت نوێژ و ڕۆژوو و زەکات

[1] الفصول المهمة في معرفة أحوال الأئمة، ابن الصباغ (١/ ٦٦).

پیاچوونەوەی بۆ بکرێت و ڕاستبکرێنەوە. دوای ئەوە ئەحمەد صوبحی گەڕایەوە بۆ قاهیرە، بە شێوازێکی باشتر، بە عەقڵی خۆی، دەستی کردەوە بە بانگەواز بۆ ئینکاری و بەربەرەکانی سوننەت، دوای ئەوە بووە وانەبێژ لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە، پاشان ناوەندێکی دانا بەناوی (مەرکەزی ئیبن خەلدون) لە قاهیرە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرۆکایەتی ئەم مەرکەزەی دەکرد، کە ناوەندێکی گوماناوی بوو، ئیشی بۆ ئەمریکا و زایۆنیی دەکرد لە ژێر پەردەی ئیسلامدا، بۆ لێدانی ئیسلام. ئەوە بوو ساڵی (٢٠٠٠ز) پۆلیسی میسر ناوەندەکەی داخست، دوای داخستنی ناوەندەکە، ئەحمەد صوبحی گەڕایەوە بۆ ئەمریکا و بوو بە مامۆستا لە زانکۆی (هاردفارد) و ناوەندێکی دروستکرد بەناوی (المركز العالمي للقرآن الكريم) و لەگەڵ هەندێك کەسی تر لە واشنتۆن ناوەندێکی تریان دامەزراند لە ساڵی (٢٠٠٤ز) بەناوی (مركز التنوع الإسلامي). لە ساڵی (٢٠٠٥ز) لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی ئەمریکی ناوەندێکی تریان دانا بەناوی (مركز المواطنون من أجل السلام والتسامح)، پاشان هەر لە ساڵی (٢٠٠٥ز)دا ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی دامەزراند لە ئینتەرنێت بە ناوی (أهل القرآن)، کە لەو ماڵپەڕەدا فیکرەی ژەهراوی خۆی بڵاو دەکردەوە[1].

ئەوان باوەڕیان وایە کە سوننەی گوفتاری هیچ ئیعتیبارێکی نییە و جێبەجێ ناکرێت، تەنها سوننەی کرداری وەردەگیرێت، ئەوان ئەو ئایەتانە دەکەنە بەڵگە کە قورئان دەفەرموێت: ﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ﴾ (الأعراف: ١٨٥)، واتە: (بە چ گوفتارێکی تر دوای قورئان باوەڕ دێنن)، هەروەها دەڵێن (لا إيمان بحديث خارج القرآن)، واتە: باوەڕمان بە هیچ فەرموودەیەك نییە بێجگە لە قورئان. صوبحی مەنصور دەڵێت: قورئان هەموو شتێکی تەواو کردووە، وەك دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣)،

---

[1] فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة، الغزالي (١/ ٨٨).

واتە: (ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواوکردن و نیعمەتی تەواوی خۆمم بەسەردا ڕشتوون و ڕازیم کە ئیسلام بەرنامە و ئایینتان بێت).

دەڵێن دروستە ژنی موسڵمان شوو بکات بە یەهودی و مەسیحی و دەڵێن فتوحاتی ئیسلامی درۆیە و تەنها داگیرکەرێك بووە بۆ پەیداکردنی سەروەت و سامان. دەڵێن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەورەی پێغەمبەران نییە، چونکە قورئان دەفەرمویێت پێغەمبەران جیاوازییان نییە و دەڵێن لە بانگدا دروست نییە ناوی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بێنی، هەروەها دەڵێن نوێژ لە ڕۆژێکدا سێ نوێژە، نەك پێنج[1].

ئەم فیکرەیە ئینکاری ئیسرا و میعراجیش دەکات و دەڵێن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناتوانێت شەفاعەت بکا لە ڕۆژی دواییدا و دەیانوت کەعبە وەسەنیە و ئینکاری کێوی عەرەفەیان دەکرد و ڕەخنەیان دەگرت لەوەی لە نوێژدا ڕوو بکەیتە کەعبە و دەیانوت ئەو مانگەی واجبە تیایدا بە ڕۆژوو بیت شەعبانە و ڕەمەزان نییە. ئەمانە هەمووی ئەحمەد صوبحی مەنصور بزوێنەری بوو، کە ئەو کاتە لە ئەمریکاوە سەرۆکایەتی ئەو ڕەوتەی دەکرد.

پاشان شاڵاوێکی تر لە ساڵی (٢٠٠٧ز)دا بوونە پاڵپشت و پارێزەری ئەم ڕەوتە، کە پۆلیسی میصری پێنجیانی لێ دەستگیر کردن، کە ئەمانە بوون (عمر ثروت، عبد اللطيف سعيد، عبد الحميد عبد الرحمن، أحمد دهمش، أيمن عبدالحميد) و دایانن بە دادگا، بە تاوانی بەربەرەکانی سوننەت، دوو تاوانی تریش درانە پاڵیان لەگەڵ تاوانە سەرەکییەکە، ئەویش بڵاوکردنەوەی فیکرەی توندڕەوی ئایینی و فیتنە و بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ لەناو موسڵماناندا.

لە دوای ئەوانیش (محمد شحرور) لە کتێبی (تجفيف منابع الإرهاب)دا دەڵێت: "مرۆڤایەتی ئەمرۆ زۆر باشترە لە سەردەمی پەیامە خواییەکان، لەبەرئەوەی

---

[1] كفاح المسلمين في تحرير الهند، عبد المنعم نمر (١٣١).

مرۆڤایەتی ئەو کاتە پێویستی بە پەیامەکان بوو بۆ بەرزبوونەوە و پێشکەوتن لە جیهانی ئاژەڵی بۆ جیهانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئێمە نەخێر پێویستە لەسەرمان تێبگەین ئاستی مرۆڤدۆستی و ئەخلاقی لە مامەڵەی خەڵك لەگەڵ یەکتردا زۆر باشترە لە سەردەمانی پێشتر، تەنانەت لە سەردەمی پەیامەکانیش، بۆیە گریان بۆ سەردەمی پەیامەکان سوودی نییە، لەبەرئەوەی ئێمە لە ئاستێکی بەرزتر و پێشکەوتووتردایین لە ڕووی مەعریفەت و زانین و تەشریع و ڕەوشت و پەرستشدا"[1].

بێگومان ئەوەی شەحرور دەیڵێت سەردەمی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی دوا قۆناغی پەیامە ئاسمانییەکان بوو، بەو حیسابەی شەحرور بێ، لە ڕووی ڕەوشت و مامەڵەی خەڵك لەگەڵ یەکتر، ئەو سەردەمەی ئێستا زۆر باشترە لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵان!! ئەو سەردەمە زێڕینەی کە پەروەردەی دەستی پێغەمبەری خوا بوون (دروودی خوای لەسەر) سەردەمی ئێمە لەوان باشتربێ لە ڕووی ڕەوشتەوە!! نازانم شەحرور بە چ پێوەرێك ئەم بەراوردەی کردووە، کە ئەصڵەن ئەم بەراوردە زۆر نامەنتیقی و نالۆژیکییە؟!

لەمەش سەیرتر، شەحرور تەنها بە لایەنی مەعریفی و تەشریعی و ئەخلاقییەوە ناوەستێت، بەڵکو لایەنی دروشمەکانیش باس دەکات و دەڵێت ئەو لایەنەش هەر سەردەمی ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵان باشترە!! باسی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەجیش دەکات، کە سەردەمی ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) باشترە[2]. نازانین بە چ پێوەرێك باشترە؟ گوایە ئێمە خشوع و ملکەچیمان باشترە لە هی هاوەڵان، ئەو هاوەڵانەی خوای پەروەردگار لە سەرووی

---

[1] لمعة الإعتقاد الهادي إلى سبيل الرشاد، المقدسي (٤٩).

[2] تجفيف منابع الإرهاب، محمد شحرور (٢٦).

حەوت ئاسمانەوە باسی ئیمان و باوەڕ پتەویان دەکات، کە ئەمانە هەمووی خەڵك خەڵەتاندن و هەوڵدانێکە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام[1].

ئەگەر بمانەوێت وەڵامێکی بچووکی ئەم نەیارانە بدەینەوە، کە وتەکانیان ئەوەندە نالۆژیکین پێویست بە ڕەددانەوە ناکات، تەنها ئاگات لە هەڵەکانیان بێت یەکسەر وەڵامەکانیان دێتە پێش چاوت، چونکە شتانێك دەڵێن ڕەددانەوەیان خەڵکی زۆر زیرەك و پسپۆڕی ناوێ، بەهەرحاڵ ئەمەش هەندێك وەڵامی ڕاست و دروست:

کۆی ئەهلی ئیسلام باوەڕیان وایە، کە سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی قورئان و سوننەتە، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (هەرچی لە پێغەمبەرەوە هاتووە وەریبگرن و هەرچی ئەو ڕێگری لێکردووە وازی لێ بێنن). لە چەند شوێنێکی قورئاندا، لە دوای گوێڕایەڵی پەروەدگار گوێڕایەڵی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) بەدوایدا هاتووە، وەك لەم ئایەتەشدا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ (المائدة: ٩٢)، واتە: (گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن)، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ (النساء: ٨٠)، واتە: (هەر کەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکات، وەك ئەوە وایە گوێڕایەڵی خوای کردبێت و هەرکەسێك پشت هەڵبکات خۆی زەرەرمەند دەبێت، ئێمە تۆمان نەناردووە چاودێری خەڵك بکەی)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩)، واتە: (ئەی باوەڕداران گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانڕەواکانتان بن، هەر کێشەیەکتان بۆ دروست بوو

---

[1] مباحث في الحديث الشريف، علوي مالكي (١/ ١٤٤).

بگەڕێنەوە بۆ لای خـوا و پێغەمبەرەکـەی، ئەگـەر ئێـوە باوەڕتـان بـە خـوا و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەم جۆرە ڕەفتـارە باشـتر و جـوانترین ڕێگـە و ڕێبازە). هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَـاتَّبِعُونِي يُحْبِـبْكُمُ اللَّـهُ﴾ (آل عمران: ٣١)، واتە: (پێیان بڵێ ئەگەر ئێـوە خواتـان خـۆش دەوێـت شـوێن مـن بکەون، خواش خۆشی دەون). هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُـولَهُ فَقَـدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٧١)، واتە: (هەرکەسێك گوێڕایـەڵی خـوا و پێغەمبـەری خوا بێت، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە)[1].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی بیەوێت ئەم ڕێبازی ئیسلامە بگرێت و بـەش بەشـی نـەکات و ئـەو ئایینـە ڕاسـتە بگرێـت و لەسـەری بـڕوات و فێـڵ لـە خـۆی و خەڵکیش نەکات دەبێت لە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسـەر) دەرنەچێت، واتە: گوێڕایەڵی پێغەمبەر وەك گوێڕایەڵی خوا واجیبە، وەك ئەو چـەند ئایەتەی ئاماژەمان پێ کردن، کە ئەوە مشتێکە لە خەروارێك.

خۆ ئەگەر باسی زانایان بکەین لە کۆن و نوێدا، هەموویان قسەیان هەیـە لەسـەر ئەم بابەتە و دەیان کتێب و وتاریان لەسەر نووسیوە، کە ئاماژەیـان بـەوە کـردووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هیچ شتێکی لە خۆیەوە نەوتووە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣- ٤)، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر) هـیچ شـتێکی لـە خۆیـەوە نەفـەرمووە، بـەڵکو هەرچی فەرموویەتی وەحی پەروەدگار بووە).

نەیاران دەڵێن قورئان دەفەرموێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَـابِ مِـنْ شَـيْءٍ﴾ (الأنعـام: ٣٨)، واتـە: (هـیچ شـتێك نییـە لـە قورئانـدا باسمـان نـەکردبێت و پشـتگوێمان خستبێت). ئەم ئایەتەش دیسان دەکەنە بەڵگە: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْـكَ الْكِتَـابَ تِبْيَانًـا لِكُـلِّ شَيْءٍ﴾ (النحـل: ٨٩)، واتـە: (قورئانمـان نـاردووە تـا ببێتـە ڕوونکـەرەوەی هـەموو

[1] المختصر في أصول الدين، القاضي عبد الجبار (١/ ٩٩).

شتێك)، دەڵێن مادام قورئان ڕوونکەرەوەی هەموو شتێك بێت، هیچ پێویستییەکمان بـە فـەرمووده نییـە[1]. ئەمانـە بێئاگـان لـەوەی زۆر شـت لـە قورئانـدا ڕوون نەکراوەتەوە، تەنها فەرمان بە کردنی کراوە، بەبێ وردەکاری چۆنیەتی کردنی وەك (نوێژ، ڕۆژوو، حەج، زەکات)، ئەم پەرستشانە دەبێت بۆ هەموویان بگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکانی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) تا تەواوی وردەکاریـان لـەوەوە وەربگرین.

یەکێك لەو شـتانەی زۆر باسـی دەکـەن، حـەڵاڵکردنی عەرەقـە، تـەنها لـە کـاتی نوێژدا نەبێت. لای نەیارانی سوننەت عەرەق حەڵاڵە، تەنها لە کاتی نوێـژدا نـەبێت، دامەزراوەیـەکی توونسـی بـەناوی (الجمعیـة الدولیـة للمسـلمین القـرآنـیین) بـە سەرۆکایەتی (محمد الطالبي) توونسی، کە هەفتانە وتارێکی هەبوو بەناوی (التدبر في القرآن)، لە وتارێکیدا دەڵێت: نە ئایەتەکانی قورئان، نە فـەرموودە، نـە کتێبـەکانی تەفسیر، عارەقیان حەرام نەکردووە، تەنها ئاماژە بەوە کراوە کـە لـە کـاتی نوێـژدا لێی دوورکەونەوە، بۆیە کاتی نوێـژ حەرامـە و بـاقی کاتـەکانی تـر مـرۆڤ ئـازادە لـە خواردنەوەی. بەڵگەیان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقْرَبُـوا الصَّلاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ﴾ (النساء: ٤٣)، واتە: (ئەی ئیمانداران نوێژ ئەنجام مەدەن لە کاتی مەستی و سەرخۆشیدا، هەتا ئاگاتـان لـە نوێـژەکانتان بێت و بزانن چی دەڵێن)، دەڵێن کەوابوو بەپێی ئەم ئایەتـە، حەرامیەتەکـەی تـەنها کاتی نوێژە. ئەم ئایەتـەش دەکەنـە بەڵگەیـەکی تـر کـە پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَـافِعُ لِلنَّـاسِ وَإِثْمُهُمَـا أَكْبَـرُ مِـنْ نَفْعِهِمَا﴾ (البقرة: ٢١٩)، واتە: (ئەگـەر پرسـیاریان لـێ کـردی لـە حـوکمی عـارەق و قومـار، پێیـان بڵـێ هـەردووکیان تـاوانێکی گـەورەن و، سوودیشـیان هەیـە، بـەڵام زیانیان زۆرترە لە سوودیان). دەڵێن مادام ئایەتەکە دەفەرموێت سوودیشـی هەیـە،

[1] مطالع الأنظار في طوالع الأنوار، الأصفهاني (١١١).

کەوابوو حەرامیەتەکەی چەسپاو نییە، چونکە نەوتراوە حەرامە و مەیخۆنەوە، دەشڵێن ئەگەر خوای پەروەردگار بیفەرمووایە حەرامە، وشەی (حرّم)ی بەکاردەهێنا، چۆن خوای پەروەردگار لە باسی (مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز)دا وشەی (حرّم)ی بەکارهێناوە[1]. ئەم ئایەتەش دەکەنە بەڵگەیەکی تر، کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (المائدة: ٩٠). زانایان وشەی (فاجتنبوا)یان ڕاڤە کردووە بە حەرامیەتی چەسپاو، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ﴾ (النساء: ٣١)، واتە: (ئەگەر خۆتان بپارێزن لەو تاوانە گەورانە ئەوە خوای پەروەردگار لە تاوانەکانی ترتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە بەهەشتی بەرینی خۆیەوە). لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلا اللَّمَمَ﴾ (النجم ٣٢)، واتە: (ئەوانەی خۆیان دەپارێزن لە گوناهـ و تاوانە گەورەکان، لە گوفتار و کرداری بەد، جگە لە وردە گوناهەکان).

لەم فەرموودەیەشدا بە تەواوی باسی حەرامبوونی عەرەق دەکات، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "کل مسکر خمر وکل خمر حرام"[2]، واتە: (هەموو سەرخۆشکەرێك عەرەقە، هەموو عەرەقێکیش حەرامە)، کە ئەم فەرموودەیە زۆر بە ڕاشکاوی عەرەقی حەرام کردووە. عەرەق بە شێوەیەکی تەدریجی حەرام کرا، جاری یەکەم قورئان فەرمووی لە کاتی نوێژدا مەیخۆن، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، جاری دووەم پەروەردگار فەرمووی پیسە و لە کردەوەی شەیتانە و لێی دوور بکەونەوە[3].

---

[1] قرآنیی قوانین، غلام أحمد برویز (١/ ١١٢).

[2] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە (٣/ ١٥٨٨)، بە ژمارە (٢٠٠٣).

[3] نزهة الخواطر وبهجة المسامع والنواظر، الحسني (٢/ ٥٨).

## نزیكییان له كۆمەڵە لادەرەكانی پێشوو

سەرچاوە مێژووییەكان ئەوەمان پێ دەڵێن/ كە سەرچاوە و ڕەچەڵەكی نەیارانی سوننەت ئەمانە بوون: (خەواریج – شیعە – موعتەزیلە – ڕۆژهەڵاتناسەكان)، فیكرەی ئەمانەش زۆر نزیكە لە فیكرە و بیركردنەوەی خەواریج. لە هەندێ بیركردنەوە و تەصەوریاندا لە شیعە و ڕۆژهەڵاتناسەكانیش دەچن، كەوابوو دەتوانین بڵێین ئەم نەیارانە ئەم بەناو قورئانییانە درێژەپێدەری ڕێگەی ئەوانن، بەتایبەت خەواریج و ڕۆژهەڵاتناسەكان، كە پێشتر باسی هۆكار و مێژووی سەرهەڵدانیانمان كرد، لەگەڵ ئیش و كارە نادروستەكانیان، بۆیە ئێستا لێرە ناچینەوە سەر باسی ئەوان، تەنها هەندێك باسی خەواریج و ڕۆژهەڵاتناسەكان دەكەین، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوون بین و بەڵگەش بێت بۆ ئەو لێكچوواندنەمان كە باسمان كرد. یەكێك لە نیشانەكانی خەواریج بێ تەجرەبە بوون و كەم تەمەن بوون، واتە ئەزمونی كاریان كەم بوو، زۆر بەخێرایی و بێ بیركردنەوە و مەشۆرەت بڕیاریان دەدا و كورتبین و كاڵفام بوون، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت: "يأتي في آخر الزمان قومٌ حدثاء الأسنان سفهاء الأحلام يقولون من خير قول البرية يمرقون من الإسلام كما يرق السهم من الرمية"[1]. یەكێكی تر لە صیفاتیان كەم عەقڵێ، یا بڵێین عەقڵ بچووك بوون، وەك لە فەرموودەكەدا هاتووە، كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (سفهاء الأحلام). یەكێكی تر لە صیفاتیات شارەزاییەكی زۆر كەمیان هەبوو لە فیقهـ و ئیمانیان لە قوڕگیان بەرز نەدەبووەوە: "يقرؤون القرآن لا يجاوز تراقيهم"[2]. یەكێكی تر لە

---

[1] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی كردووە (٣/ ١٣٢١)، بە ژمارە (٣٤١٥)، موسلیمیش (٢/ ٧٤٦)، بەژمارە (١٠٦٦).

[2] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی كردووە (٩/ ٢٢)، بە ژمارە (٦٩٣٤)، ئیمامی موسلیمیش (٣/ ١١٦)، بە ژمارە (٢٤٣٧).

نیشانەکانی خەواریج، عیبادەت و وەرعیان هەبوو، بەڵام بەبێ زانست، هەر بە عەقڵ و تێگەیشتنی خۆیان دەیانکرد[1].

ئەمانە وەك خەواریج بانگەشەی ئـەوە دەکـەن کـە زۆر پابەنـدن بـە قورئانـەوە، بەڵام لەڕاستیشدا زۆرێك لـە کردەوەکانیـان دوورن لـە قورئانـەوە، کـە ئەمـەش وای کردووە سەریان لە خەڵکی عەوام تێکداوە و جێگەی سـەرنجن لـەناو موسـڵمانانداو ناکرێـت موسـڵمانان لێیـان بێـدەنگ بـن[2]. ئەگـەر سـەیر بکـەین لـە حـەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو کەسەی کە زۆر سوور بوو لەسەر ڕەواجـدان بـەم فیکرەیـە و بانگـەوازی جیـددی بـۆ ئـەکرد (أحمـد صـبحي منصـور) بـوو، کـە ئەمریکیەکان و زایۆنیەکان بە (موفەکیری ئیسلامی) ناویـان دەبـرد، کـە لەڕاسـتیدا دەستێکی ڕۆژهەڵاتناسانی جیهانی بوو بۆ ناو گەلانی موسڵمان و پاڵپشتێکی ماددی باشیش دەکرا، تا ئێستاش ئەم فیکرەیە نووسینەکانی ئەم پیاوەی بەسەردا زاڵـە و جێی باوەڕ و مەرجەعی فیکری ئەم کۆمەڵەیەیە.

## چەند نموونەیەك لە کاریگەرییەکانیان لەسەر دوورخستنەوەی موسڵمانان لە ئیسلام:

### گومانی یەکەم:

دەڵێن قورئـان کـافی و شـافییە، پێویسـتیمان بـە فـەرموودە نییـە. پێیـان وایـە قورئـان هـەموو شـتێکی باسـکردووە (جملـة وتفصـیلا)، هـیچ شـتێك لـە ئەحکامـە شەرعیەکان نییە کە باس نەکرابێت، پێویسـتیمان بـە سەرچـاوەیەکی تـر نییـە بـۆ تەشـریع وەك سـوننەت. بـۆ ئـەم قسـانەش بەڵگـەی قورئـان دەهێننـەوە کـە دەفەرموێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ٣٨)، واتە: (قورئـان هـیچ شتێکی نەهێشتۆتەوە کە باسی نەکردبێت). ئەم ئایەتەش دەکەنـە بەڵگەیـەکی تـر

---

[1] مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (٢٨/ ٥٨٠).

[2] مرقاة المصابيح شرح مشكاة المصابيح للملا علي القاري (١١/ ١٢٨).

کە دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (يوسف: ١١١)، واتە: (ئەم قورئانە قسەوباسی هەڵبەستراوی نییە، بەڵكو بە ڕاستدانەری كتێبەكانی پێش خۆیەتی (تەورات و ئینجیل)، ڕوونكەرەوە و جیاكەرەوەی هەموو شتێكە كە لە ئاییندا هەیە و ڕێنمایی و ڕەحمەتیشە بۆ كەسانێك كە باوەڕدەهێنن).

نەیاران پێیانوایە مادام قورئان ڕوونكەرەوە و جیاكەرەوەی هەموو شتێك بێت، هیچ پێویستیەكمان بە فەرموودە نییە. بەڵگەیەكی تر هەر بە قورئان دەهێننەوە كە پەروەردگار لە وەصفی قورئاندا دەفەرموێت: ﴿إِنْ هُوَ إِلا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ﴾ (یس: ٦٩)، واتە: (قورئان یادخەرەوە و ئاشكرا و ڕوونە)، دیسان ئەمە دەكەن بە بەڵگە، كە خوای پەروەرگار دەفەرموێت قورئان ئاشكرا و ڕوونە، چی پێویستیەكمان بە سەرچاوەی تر هەیە بۆ ڕوونكردنەوەی قورئان؟! دەڵێن كە قورئان دەفەرموێت: (ما فرطنا)، واتە: هیچ شتێك نەماوە لە گەورە و بچووك، لە هیچ شوێنێكی دونیا باس نەكرابێت، هیچ حوكمێك نییە لە باسی بیروباوەڕ، یا پەرستشەكان، یا بازرگانی و مامەڵە داراییەكان، ئیلا لە قورئاندا بە وردەكارییەوە باسكراوە، كەوابوو چی پێویستیەكی ترمان بە سەرچاوەی تر هەیە، ئەگەر سەرچاوەیەكی تر بۆ قورئان زیاد بكەین كە قورئان هەموو شتێكی باس كردبێت و هیچ شتێكی فەرامۆش نەكردبێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە شتێكمان بۆ ئایین زیاد كردووە كە پێویستی پێی نییە، چونكە ئیسلام لای خاوەنەكەیەوە كە (الله)یە بەتەواوی هاتووە و نابێت شتی كەسێك تێكەڵ بكەین كە وەك ئێمە مرۆڤە. گشتگیری قورئان و وردەكاری حوكمەكان، بەتایبەت لە كۆتایی سورەتی (یوسف)دا جوان ئەوەی ڕوون كردووەتەوە كە قورئان تەفاصیلی هەموو بابەتەكانی تیایە، كەوابوو هیچ پێویست نییە بگەڕێینەوە بۆ فەرموودە، بەتایبەت ئەو ئایەتانەی باسی (مبین، بینات)

دەکەن لە وەصفی قورئاندا، کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان هەموو شتێکی ڕوون کردووە و بۆ هیچ شتێك پێویستیمان بە سەرچاوەی تر نییە[1].

**بەرپەرچدانەوەی گومانی یەکەم:**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانە جەهلیان هەیە بەرامبەر بە قورئان و تێناگەن لە ئایەتەکان، یا دەیانەوێت تێنەگەن، یا تێدەگەن و دەیانەوێت سەر لە خەڵکی بشێوێنن، کە ئەمەیان زیاتر ڕێی تێدەچێت. ئوممەتی ئیسلامی کۆکن لەسەر ئەوەی کە قورئان بنەمای حوکمەکانی هێناوە و لە هەندێ شوێندا وردەکاری داوە، لە هەندێ شوێنی تردا وردەکاریەکانی جێهێشتووە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، تا لە ڕێگەی فەرموودەکانیەوە وردەکارییەکان بگەیەنێتە موسڵمانان. فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتووە (مجمل)ەکانی شیتەڵ و بەش بەش کردووە، ئەو حوکمانەی ڕوونکردووەتەوە کە لە قورئاندا تەفاصیلیان نەهاتووە. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەمرەکانی پەروەردگار جێبەجێ دەکات، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، واتە: (ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندی تا بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە ئەوەی بۆیان هاتووە بۆ ئەوەی تێبفکرن و بزانن)[2].

قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا بنەمای حوکمەکانی باس کردووە و نەچووەتە تەفاصیلەوە، کە ئەمەش حیکمەتی پەروەردگار دەردەخات، کە تەفاصیلی حوکمەکانی جێهێشتووە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بۆ ئەوەی موسڵمانان تێبگەن کە سوننەتیش سەرچاوەی دووەمی تەشریعی ئیسلامیە و ڕوونکەرەوەی (مجمل)ەکانی قورئانە، کە ئەم بیروبۆچوونەش بیروبۆچوونی زانایانی سەلەف و خەلەفی ئوممەتە، کە ئەمە واقیعی تەندروستی ئیسلامە. خۆ ئەگەر

---

[1] إبليس وآدم. أحمد برويز (ص١٢٤).

[2] الأحكام في أصول الأحكام. الآمدي (١٠١/١).

قورئان ورد و درشتی هەموو شتێکی باسکردووە، ئەی خۆ نوێژ کۆڵەکەی ئایینە و یەکێکە لە هەرە عیبادەتە گەورەکان، دەی خۆ لە قورئاندا وردەکاری نوێژ باس نەکراوە، کە نوێژ وردەکاری زۆری تێدایە کە بەناچاری پێویستیمان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیە بۆ ئەوەی بزانین چۆن نوێژەکانمان ئەنجام بدەین. زۆر عیبادەتی تریش، قورئان فەرمانی کردووە بە زەکات، بەڵام لە کوێی قورئاندا وردەکاری زەکات باسکراوە؟ دەبێت بەناچاری بگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکانی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر)، یا ڕۆژوو، دیسان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سوننەتی سەروەرمان بۆ وردەکاریەکانی ڕۆژوو، یا حەج، هەموو وردەکاریەکانی لە قورئاندا باس نەکراوە، قورئان تەنها فەرموویەتی حەج بکەن و هیچی تر باس نەکراوە. هەموو ئەو عیبادەتانەی باسمانکردن دەبێت بۆ وردەکاریەکانیان بگەڕێینەوە بۆ فەرموودەی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر)، ئەو پێغەمبەرەی پەروەردگار لە وەصفیدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣- ٤)، هیچ شتێکی لە هەوا و نەفسی خۆیەوە نەوتووە، هەرچی وتوویەتی وەحی بووە لەلایەن پەروەردگارەوە.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "صلوا كما رأيتموني أصلي"[(١)]، نوێژ بکەن وەك چۆن من نوێژ دەکەم. کەوابوو دەبێت وەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نوێژ بکەین، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەیفەرمووە نوێژ بکەن وەك چۆن لە قورئاندا هاتووە، فەرموویەتی وەك من نوێژ بکەن، چونکە ئاگادارە کە قورئان چۆنیەتی نوێژکردنی تێدا نییە[(٢)].

بەڵگەی بەهێزی نەیارانی سوننەت، ئەم ئایەتە دەهێننەوە کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ٣٨)، وا تەفسیری دەکەن

---

[١] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە (٧/ ٤٢٦)، (٤١٣٦)، موسلیمیش (١/٥٧٦)، (٣١٢).

[٢] أحكام القرآن، الجصاص (٢/ ٥٥).

کە قورئان ورد و درشتی هەموو شتێکی باسکردووە و پێویستیمان بە سوننەت نییە، بەڵام جمهوری موفەسیرین وای ڕاڤە ناکەن، بەڵکو دەڵێن: مەبەست لەم ئایەتە (لوح المحفوظ)ە، قورئان نییە، سیاقی ئایەتەکەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ (الأنعام: ٣٨)، واتە: (هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات، هیچ باڵندەیەك بە باڵەکانی نافڕێت، ئەوانیش ئوممەت و گەلێکن وەك ئێوە، دڵنیابن هیچ شتێك نییە پشتگوێمان خستبێت لە کتێبە تایبەتیەکەی (لوح المحفوظ)دا، لەوەودوا هەر هەموو ئەوانە کۆ دەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن و هەموو کەس مافی خۆی وەربگرێت، یا تۆڵەی ڕەوای لێ بسەنرێت).

قورئان دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٣)، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن و کار و کردەوەکانتان پوچەڵ مەکەنەوە). لەم ئایەتە ئەوە وەردەگیرێت هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر نەکات، کار و کردەوەی پوچەڵە و لێی وەرناگیرێت.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (هەر شتێك پێغەمبەر پێی ڕاگەیاندن لێی وەرگرن، هەر شتێکیش پێغەمبەر ڕێگری لێ کرد لێی دوور بکەونەوە).

پوختەی قسە ئەوەیە سوننەت سەرچاوەی دووەمی تەشریعە لای زانایانی ئیسلام، بەیان و ڕوونکەرەوەی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانە، کە قورئان وەك حیکمەتێك جێی هێشتووە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت و ڕێنموییمان بکات کە سوننەت سەرچاوەی دووەمی تەشریعە و لەوەوە وردەکاری (تفاصيل) شتەکان وەربگرن[1].

---

[1] أصول الدين، البغدادي (٢/ ٩٧).

**گومانی دووەم:**

سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەحی نییە، بەڵکو ئیجتیهاد و هەڵسوکەوتی مرۆڤە، چەندە ڕاستی هەڵئەگرێت ئەوەندەش هەڵە هەڵئەگرێت. پێیانوایە سوننەت وەحی نییە، کەوابوو دروستە بڵێین هەموو جارێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەیپێکاوە، لەبەرئەوەی (محمد)یش مرۆڤێکە وەك هەموو مرۆڤێکی تر، ئەوەی قابیلی هەڵە نییە تەنها وەحییە، تەنها قورئانیش بە وەحی دادەنرێت، کەوابوو مادام سوننەت وەحی نییە، ئێمەش مولزەم نین کە سەد لەسەد وەك قورئان جێبەجێی بکەین، سەرچاوەیەکیش نییە لە سەرچاوەکانی تەشریع. کە هەندێ شت لە سوننەتەوە دەبیستی، بۆت دەردەکەوێت کە سوننەت وەحی نییە و ئیجتیهادی پێغەمبەر بووە (دروودی خوای لەسەر).

دەڵێن: بەڵگەمان ئەوەیە کە لە مەسئەلەی (پێوەن — پرژاندنی تۆوی نێرەی خورما بەسەر مێیەکاندا) پرسیاریان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرد، فەرمووی: وازی لێ بێنن و مەیکەن. ئەوە بوو دوایی بەری نەگرت و خەڵکی زەرەری کرد. دووەم: هاتنەخوارەوەی جەیشی موسڵمانان لە شەڕی بەدر، پێغەمبەر شوێنێکی بۆ دیاری کردن، دوایی دەرکەوت کە ئەو شوێنە باش نەبووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆی دیاری کردبوون، ئەوەبوو سوپاکە لە شوێنێکی ترەوە دابەزین لەسەر ڕای هاوەڵێك، ڕای هاوەڵێك صەوابتر بوو. مەسەلەیەکی تر بەندیەکانی بەدر، ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لەسەر) شەرمی لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرد فەرمانی کرد نەیانکوشتن و فیدیەیان لێ وەرگرتن، دوایی قورئان دابەزی کە ئیجتیهادەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەیپێکابوو، ئیجتیهادی عومەر پێکابووی. مەسئەلەی چوارەم: لە سوڵحی حودەیبیەدا، صەحابیەکان بە قسەی پێغەمبەریان نەکرد بۆ حەیوان سەربڕین و

سەرچاکردن، وتیان: ئەگەر ئەمە تەنها ئیجتیهادە، دەکرێت قسەی ئێمە بێ و ئەگەر وەحییە، ئێمە قسەمان نییە، فەرمووی ئیجتیهادە[1].

**بەرپەرچدانەوەی گومانی دووەم:**

ئەم گومانەش کۆی زانایان لە سەلەف و خەلەف پێیانوایە سوننەت وەحییە، چونکە (لا ينطق عن الهوي)، هیچ شتێکی نەفەرمووە لە خۆیەوە، بەڵکو وەحی بۆ هاتووە، کۆدەنگی زانایانیش لە بۆش و بەتاڵیەوە نەهاتووە، بەهەرحاڵ بۆ ئەم گومانەیش چەند ڕاستییەك دەخەینە ڕوو:

یەکەم: دەقی یەکلاکەرەوەی پەروەردگار، کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣ ـ ٤)، کە پێشتر ڕاڤەمان کرد. لەم ئایەتەشدا پەروەردگار دەربارەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ * لاخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ * ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ * فَمَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ﴾ (الحاقة: ٤٤ ـ ٤٧)، واتە: بێباوەڕان و بتپەرستانی عەرەب لە مەککەدا هەر جارەو دەربارەی قورئانی پیرۆز قسەیەکیان دەکرد، جارێك دەیانووت ئەمە قسەی شاعیرە، جارێکی تر دەیانووت قسەی کاهینە، جارێکی تریش دەیانووت نەخێر ئەمە سیحرە و محەمەد بەدرۆوە دەڵێت لەلای خوداوە بۆم دێتە خوارەوە.. ئینجا خودای بەرزی بێ وێنە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (ئەگەر پێغەمبەر لە خۆیەوە هەندێك قسەی ڕێکبخستایە و بیدایەتە پاڵ ئێمە و بە قسەی ئێمە لە قەڵەمی بدایە، ئەوە بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان دەمانگرت، لەوەودا ڕەگی دڵی دەپچڕێنین و دەیمرێنین، ئەوسا هیچ کەسێك نییە لە ئێوە بەربەست و بەرگریی بکات لە ئێمە). کەوابوو ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هیچ شتێکی لە خۆیەوە نەوتووە.

---

[1] كتاب الإحتجاج، الطبرسي (١١٩).

دووەم: ئەو دەقانەی کە پەروەردگار بـە صـەریحی عیبـارە، بـە ڕوون و ئاشـکرا دەفەرموێت: هەرچی لە محەمەدەوەیە (دروودی خوای لەسەر) وەریبگرن و هەرچی ئەو ڕێگری لیٚ کردووە ئێوەش وازی لیٚ بێنن: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧). لەم ئایەتەی تریشدا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٣)، واتـە: (ئەی ئیمانداران گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خـوا بکـەن و کردەوەکانتـان پوچـەڵ مەکەنەوە)، پەروەردگار دوای ناوی پیرۆزی خۆی ناوی پێغەمبەری هێناوە (درودی خوای لەسەر)، فەرمانیشی کردووە چۆن گوێڕایـەڵی خـوا دەکـەن، ئـاوا گوێڕایـەڵی پێغەمبەری خواش بکەن (درودی خوای لەسەر)[1].

خوای پەروەردگار، ئیمانی دامەزراوی بەندەکانی بەستۆتەوە بە گوێڕایـەڵی بـۆ خوا و پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلاَ وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥)، واتە: (خوای پەروەردگار سوێند دەخوا بە زاتی خۆی بڕوای هیچ کەس تەواو نابیٚ هەتا تۆ، ئەی محەمەد، نەکەن بـە دادوەر و گوێڕایەڵ نەبن بۆ فەرمانەکانت و نابێت لەسەر دڵیان قورس بێت و ناڕەزایی دەربڕن بەرامبەر ئەوەی کە دادوەریت لەسـەر کـردوون، دەبێـت بەتـەواوی تەسـلیم بـن بـە فەرمانت). خوای پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ: دەبێت ملکەچیتان بـۆ فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە شێوازێك بێت بڵـێن (سمعنـا وأطعنـا) کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (النور: ٥١)، واتـە: (قسـەی ئیمانـداران کاتێك دەچنە بـەردەم خـوا و پێغەمبـەری خـوا بـۆ ئـەوەی حوکمیـان بکـەن، هـەر

---

[1] جامع بيان العلم وفضله،. ابن عبدالبر (١/ ٤٩).

ئەوەندەیان بۆ هەیە بلێن گوێڕایەڵین بۆ هەموو فەرمانێکی شەرع، هەر ئەوانەش سەرفراز و سەرکەوتوون).

سێیەم: کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە کە سوننەت وەحییە، بەتایبەت هاوەڵە ئازیزەکانی دەوری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە لە خزمەتیدا بوون و هەموو تەوجیهاتێکیان لەوەوە وەردەگرت[1]، وەك پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الأحزاب ٢١)، واتە: (بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواو و ڕێکوپێك هەیە تا چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازیی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا بە بەردەوامی ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بە یادی ئەو).

## وەڵامی ئەو نموونانەی کە هێناویانە لەسەر ئەوەی کە سوننەت وەحی نییە:

١- بابەتی پێوەندکردنی خورما (تلقیح)، ئەمە پەیوەندی بە خیبرەوە هەیە، هیچ پەیوەندیەکی بە وەحییەوە نییە، چونکە ئەمە کاروباری ڕۆژانەیە، ئەوەی شەرعە پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەرامەوە هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئیش و کاری ڕۆژانەوە هەبێت ئەوە ئەهلی خیبرە باشتر دەزانن.

٢- بۆ بابەتی دابەزینی سوپای موسڵمانان لە غەزای بەدر، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەسەر ئەو ڕایانەی گوێی لێی بوو و بینیبووی بڕیاری دا، پاشان هاوەڵان پێیانوت ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە وەحییە یا ئیجتیهادی خۆتە و نەخشەی شەڕە؟ فەرمووی: ڕای خۆمە و نەخشەی شەڕە و وای تێدەگەم، بۆیە هاوەڵەکانیش شوێنێکی باشتریان پێ وت ئینکاری نەکرد و ڕازی بوو، چونکە ئەمە وەحی نەبوو کاری ڕۆژانە بوو.

---

[1] دفاع عن الحديث النبوي الشريف وتفنيد شبهات خصومه، نخبة من العلماء (١٢٢).

٣- بابەتی بەندیەکانی بەدر لە بەینی ڕا و وەحیدا بوو، پاش مەشۆرەتیش بە ئیمامی ئەبوبەکر و عومەر هەریەکەو ڕایەکی جیاوازیان هەبوو، هەتا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ * لَوْلا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ * فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلالاً طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الأنفال: ٦٧- ٦٩)، واتە: (بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووە کە دیلی هەبێت، هەتا کاتێك چاك پایەدار و جێگیر دەبێت لە زەویدا، مەگەر کەلوپەل و شتومەکی دونیاتان دەوێت؟! لەکاتێکدا خوا سەرفرازیی ئەو جیهانی دەوێت و قیامەتی مەبەستە و خوا باڵادەست و دانایە، سەرکەوتن بە ئیماندارانی دەبەخشێت و دانایە لە تاقیکردنەوەیاندا، خۆ ئەگەر بڕیارێك لە لایەن خواوە پێش نەکەوتایە کە مرۆڤ هەتا پەیامی خوای پێنەگات خوا سزای نادات، لەسەر ئەو شتانەی کە وەرتان گرت لە بەرامبەر ئازادکردنی دیلەکانەوە، ئەوە سزایەکی زۆر گەورەتان تووش دەبوو، کەوابوو بخۆن لەو شتانەی دەستان کەوتووە، بە حەڵاڵێکی چاك و پاك، لە خوا بترسن و دیندار بن، چونکە بەڕاستی ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە).

ئەم مەسەلەیە سەرەتا ڕەئی بوو، پاشان وەحی یەکلایی کردەوە، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ کارێکی ئاوا گەورە چاوەڕێی وەحی دەکات، چونکە ئەمە ئایینە، ئەمە چارەنووسی مرۆڤ لە بەیندایە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر وتەی پێغەمبەر ڕێکی شەرع بوو ئەوە پەروەردگار بێدەنگ ئەبێت لێی، ئەگەر ڕێکی نەبوو، پەروەردگار یەکسەر دێتە دەنگ و وەحی دەنێرێت بۆ ڕاستکردنەوەی، بۆیە هەموو پابەندە ئایینیەکان وەحین[1].

کەوابوو وتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دوو جۆرن:

---

[1] دلائل النبوة ومعرفة أحوال صاحب الشريعة، البيهقي (١/ ٨٩).

أ- هەندێکیان پەیوەندی بە ئیش و کاری دونیاوە هەیە، وەك مرۆڤێك ئەوە پەیوەندیەکیان بە وەحییەوە نییە، ئەوە پەیوەندی بە شارەزایی و سەلیقە و تەجرەبەی ئەو کەسەوە هەیە، کە کارەکە ئەنجام دەدات، وەك پێوەندکردنی خورماکە، کە پێشتر باسمانکرد.

ب- دووەمیان وەك پێغەمبەرێك (دروودی خوای لەسەر) کە وەحی بۆ دێت، خوای پەروەردگار ڕێگە نادات بە هەڵە شتی بەسەردا تێپەڕببێت، ئەوە پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەرام و حوکمە شەرعیەکان و پەرستشەکانەوە هەیە، ئەوە هەمووی لە ڕێگەی وەحییەوەیە، چونکە لەمەیاندا ئەگەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئیجتیهادیشی کرد و نەیپێکا، پەروەردگار ناهێڵێت بە هەڵە بەسەریدا تێپەڕێت بە وەحی بۆی ڕاست دەکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵك ئایین بە هەڵە وەرنەگرێت[1].

## گومانی سێیەم:

سوننەت تەشریع نییە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە تەمەنی خۆیدا نەیفەرمووە سوننەت تەشریعە، سەرچاوەی تەشریعیش لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەنها قورئان بووە و، فەرمانی کردووە بە نووسینەوەی قورئان، بەڵام فەرمانی نەکردووە بە نووسینەوەی فەرموودە، تێگەیشتنی هاوەڵانیش هەروەك پێغەمبەر بووە.

دەڵێین لە سەردەمی تابیعینەوە سوننەت بووەتە تەشریع و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگری کردووە لەوەی سوننەت بنووسرێتەوە، وەك دەفەرموێت: "لا تَكْتُبُوا عَنِّي شَيْئًا إِلا الْقُرْآنَ وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي شَيْئًا غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ"[2]، واتە: (شت

---

[1] السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، مصطفى السباعي (٧٧).

[2] ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە کیتابی زوهد (١٢٩/١٨)، بە ژمارە (١٧٩٥)، ئیمامی ئەحمەد (٣/١٢)، بە ژمارە (١١١٠١)، ئیمامی حاکیم لە (المستدرك)دا هێناویەتی (١/ ١٩٧)، بە ژمارە (٣٨٥).

لەمنەوە مەنووسن جگە لە قورئان، هەر کەسێك شتی لە منەوە نووسیوە جگە لە قورئان با بیسڕێتەوە). گەورە هاوەڵانیش ڕێگرییان کردووە لە نووسینەوەی فەرموودە و عومەری کوڕی خەتتاب چەند کەسێکی لە هاوەڵان خستووەتە بەندیخانەوە، لەبەرئەوەی فەرموودەیان نووسیوەتەوە[1].

**بەرپەرچدانەوەی گومانی سێیەم:**

گرنگیدانی هاوەڵان بە پارێزگاریکردنی قورئان و نووسینەوەی لەبەرئەوە بووە کە قورئان سەرچاوەی یەکەمی تەشریعە و کەلامی (رب العالمين)ە، بۆیە پێویستە لە سوننەت زیاتر گرنگیی پێبدرێت و چاودێریی بکرێت. دووەمیش قورئان دیاریکراو (محدود) بووە، نووسینەوەی ئاسانتر بووە لە فەرموودە، بەڵام نووسینەوەی فەرموودە قورستر بووە، چونکە پەیوەندی بە وتە و کرداری پێغەمبەرەوە هەیە (دروودی خوای لەسەر)، کە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە لە ماوەی (٢٣) ساڵدا بنووسرێتەوە، هەروەها کەمی کەسانی خوێندەوار کە بەشی نووسینەوەی قورئان و فەرموودەی نەکردووە، بۆیە قورئان بە ئەولاتر دانراوە بۆ ئەوەی بنووسرێتەوە. خاڵێکی تر قورئان دەبێت وەك خۆی نەقڵ بکرێت بەبێ گۆڕینی تەنانەت یەك حەرەکەش، بەڵام بۆ فەرموودە دروستە بە مانا نەقڵ بکرێت، ئەمەش پێویستێتی نووسینەوەی قورئان پێش دەخات[2].

بۆ ئەو بەڵگەیەی هێناویانە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگری کردووە لە نووسینەوەی فەرموودە، کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە: "لا تَكْتُبُوا عَنِّي شَيْئًا إِلا الْقُرْآنَ وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي شَيْئًا غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ"(٣)، زانایان دەڵێن: مەبەستی پێغەمبەر ئەوەبووە، کە لەگەڵ قورئاندا تێکەڵی نەکەن و بۆ کاتێکی دیاریکراو

---

[1] فرقة أهل القرآن، غلام أحمد برويز، (٨٤).

[2] القرآنييون وشبهاتهم حول السنة، حسين إلهي نجش، (١٢٥).

[3] پێشتر تەخریج کراوە.

بـووه. پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) لـە زۆر شـوێنی تـردا ڕێگـەی داوە بـە نووسینەوی فەرمووده، وەك لـە وتـاری ڕزگـارکردنی مەککـەدا فـەرمووی: "إِنّ اللّـهَ حَبَسَ عَنْ مَكّةَ الْقَتْلَ، أَوِ الْفِيلَ، وَسَلّطَ عَلَيْهِمْ رَسُولَ اللّـهِ ـ صـلى الله عليـه وسـلم ـ وَالْمُؤْمِنِينَ، أَلا وَإِنّهَا لَمْ تَحِلّ لأَحَدٍ قَبْلِي وَلَمْ تَحِلّ لأَحَدٍ بَعْدِي، أَلا وَإِنّهَا حَلّتْ لِي سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، أَلا وَإِنّهَا سَاعَتِي هَذِهِ حَرَامٌ، لا يُخْتَلَى شَوْكُهَا وَلا يُعْضَدُ شَجَرُهَا وَلا تُلْتَقَطُ سَاقِطَتُهَا إِلا لِمُنْشِدٍ، فَمَنْ قُتِلَ فَهُوَ بِخَيْرِ النّظَرَيْنِ إِمّا أَنْ يُعْقَلَ وَإِمّا أَنْ يُقَادَ أَهْلُ الْقَتِيلِ". فَجَاءَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ، فَقَالَ: اكْتُبْ لِي يَا رَسُولَ اللّـهِ. فَقَالَ: "اكْتُبُوا لأَبِي فُلانٍ". فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ: إِلا الإِذْخِرَ يَا رَسُولَ اللّـهِ فَإِنّا نَجْعَلُهُ فِي بُيُوتِنَا وَقُبُورِنَا، فَقَالَ النّبِيّ ـ صلى الله عليـه وسـلم ـ: "إِلا الإِذْخِرَ إِلا الإِذْخِرَ"[1]، ئـەم فەرموودەیە باسی ئەو شتانە دەکات کە لە مەککەدا حـەرام بـوون، پاشـان پیاوێك هاتە خزمەتی لە ئەهلی یەمەن و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەم بۆ بنووسەرەوە، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمانی کـرد بـۆی بنووسـنەوە (اكْتُبُـوا لأَبِـي فُلانٍ)[2].

لە فەرموودەیەکی تردا، کە ئیمامی بوخاری ڕیوایـەتی کـردووە، ئـەبو هـورەیرە دەفەرموێت: هیچ کەسێکتان وەك من شارەزای حەدیسی پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسەر) نییەم بێجگە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمر نەبێت، ئەوەی ئەو دەینووسـی مـن نەمدەتوانی بینووسم (مَا كَانَ أَحَدٌ أَعْلَمَ بِحَدِيثِ رَسُولِ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ مِنِّي، إِلا مَا كَانَ مِنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، فَإِنَّهُ كَانَ يَكْتُبُ بِيَدِهِ وَيَعِيهِ بِقَلْبِهِ، وَكُنْتُ أَعِيهِ بِقَلْبِي وَلا أَكْتُبُ بِيَدِي، وَاسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فِي الْكِتَابَةِ عَنْـهُ فَأَذِنَ لَـهُ)[3]. هـەر لـە فەرموودەیـەکی تـردا پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـە

[1] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە: کتاب العلم (٣٠٩/١)، بە ژمارە (١١٢).

[2] فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة، أبو حامد محمد الغزالي، (١١٤).

[3] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە (١/ ٣١٣)، بەژمارە (١١٣).

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەفەرموێت: بنووسە سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، لە دەمم نایەتە دەرەوە تەنها حەق نەبێت "اكتب فوالذي نفسي بيده ما يخرج من فمي إلا الحق"[1]. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆر جیددی بووە لەسەر نووسینەوەی فەرموودە، تەنانەت لە نەخۆشی سەرەمەرگدا فەرمووی: "ائْتُونِي بِكِتَابٍ أَكْتُبْ لَكُمْ كِتَابًا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ أَبَدًا"[2] [3].

زانایان لەسەر ئەم مەسەلەی (إذن، منع)ە چەند ڕەئیەکیان هەیە:

١ـ ئەمە لە مەنسوخی سوننەیە، ڕێگرتنەکە لە نوسینەوەی فەرموودەی یەکەم بووە نەسخ بووەتەوە بەو فەرموودانەی کە ئیزنی نووسینەوەیان داوە، کە ئەم ڕەئیە ڕەئی جمهوری زانایانە.

٢ـ نەهییەکە بە موتڵەقی نەوتراوە، بەڵکو زانایان دەڵێن نەهیەکە بۆ ئەوە بوو کە قورئان و فەرموودە لەسەر یەك لەوحە نەنووسرێنەوە، بەڵام بە دوو لەوحەی جیاواز ڕێگەپێدراو بووە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ مِنْ بَعْدِي"[4].

٣ـ پڕوپاگەندەی ئەوەی کە کیباری صەحابە دژی ڕیوایەتی فەرموودە بوون و ئیمامی عومەر سێ لە صەحابییەکانی سجن کردووە لەسەر ڕیوایەتی فەرموودە، ئەم قسانە هیچ ئەصڵێکیان نییە و هیچ سەرچاوەیەکیش ئاماژەی پێنەکردوون. ڕاستیەکەی ئەوەیە هاوەڵان ترساون لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خوای

---

[1] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە (١/ ٣١٥)، بە ژمارە (١١٤).

[2] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە (١/ ٣٩)، بەژمارە (١١٤)، ئیمامی موسلیمیش (٥/ ٧٦)، بە ژمارە (٤٢٤٤).

[3] الكفاية في علم الرواية، الخطيب البغدادي (٢/ ٩٣).

[4] ئەبوداود ڕیوایەتی کردووە لە: كتاب العلم، باب كتابه العلم (٢/٦١١)، بە ژمارە (٣٦٢٩)، حاکیم (١/ ٩٠)، بەیهەقی (٦/ ٥٤١).

لەسەر) کە دەفەرمویێت: "مَنْ كَذَبَ عليَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدهُ مِنَ النَّارِ"[١]، ترساون لەوەی ئەگەر ببنە گێڕەرەوەی فەرمووده لە زۆری فەرموودەکان هەڵەت بکەن و ئەو فەرموودەیە بیانگرێتەوە. ئیبن حەزم لە کتێبی (الإحكام في أصول الأحكام)دا دەڵێت: "ئەم قسەیە هیچ سەنەدێکی ڕاستی نییە کە گوایە ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەم هاوەڵانەی بەند کردبێت"[٢].

## گومانی چوارەم:

دەڵێن: فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ سەردەمی خۆی گونجاو بوون لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئەو کاتەدا بە کەڵکی ئیشپێکردن و ئیش لەسەرکردن هاتوون، ئێستا بارودۆخێکی ترە و سەدان ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو سەردەمەدا، هەموو شتێك گۆڕاوە و دونیا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەچاو ئەو سەردەمەدا، بۆیە بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە نەگونجاوە و پێویستیمان پێی نییە، کەوایە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) واجب بووە لەسەر هاوەڵان بە حوکمی ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) ژیاون، بەڵام بۆ ئێمە واجب نییە[٣].

## بەرپەرچدانەوەی گومانی چوارەم:

ئەم گومانەیش لەسەر ئەوە کراوە کە ئەیانوت قورئان وەحی نییە، بۆیە ئەمانە (أسباب النزول)ی قورئانیش ڕەت دەکەنەوە، بۆ نموونە ئەحکامی (ظهار) لە سەرەتای سورەتی (المجادلة)، خۆ ئەم حوکمە تایبەت نییە بەو سەردەمەی ئایەتەکەی بۆ هاتووەتە خوارەوە، بەڵکو ئەمە گشتگیر دەکرێت بۆ هەموو سەردەمێك، وەك قاعیدەیەکی ئوصولیمان هەیە دەڵێت: (العبرة بعموم اللفظ لا

---

[١] ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە (٥٢/١)، بە ژمارە (١٠٦)، موسلیمیش (٩/١)، بە ژمارە (١).

[٢] دفاع عن السنة ورد شبة المستشرقين والكتاب المعاصرين، أبو شُهبة (١٤٢).

[٣] الكتاب والقرآن قراءة معاصرة، د.محمد شحرور (٧٣).

بخصوص السبب)، واته: عیبرەت و پەندوەرگرتن بە كۆی لەفزەكەیە، نەك تایبەت بێت بەو هۆكارەی كە ڕووی داوە. كەوابوو ڕاستە بۆ واقیعێكی دیاریكراوە، بەڵام گشتگیر دەكرێت بۆ هەموو سەردەمێك.

ئەگەر سوننەت تەنها بۆ سەردەمی پێغەمبەر بوایە (درودی خوای لەسەر)، ئەوە قورئان نەیدەفەرموو گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا بكەن، كە زۆرێك ئایەتی بەم شێوازەمان هەیە، خۆ قورئان نەیفەرمووە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بكەن تا ئەو كاتەی وەفات دەكات، قورئان هیچ كام لەم شتانەی تێدا نییە كە گوێڕایەڵی پێغەمبەری تایبەت كردبێت بە كات و سەردەمانێكی دیاریكراوەوە، بەڵكو گوێڕایەڵی پێغەمبەر واجبە تا كۆتایی دونیا، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (النور: ٥٦)، لە دوای دوو عیبادەتی گەورە یەكسەر دەفەرموێت گوێڕایەڵی پێغەمبەر بكەن. خۆ ئەگەر بڵێین گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) واجب نییە، فەرموودەكانی بۆ سەردەمی خۆی بوون كەوابوو دەبێت ئەو ئایەتانەش ڕەت بكەنەوە كە باسی گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەكەن، چونكە بە قسەی ئەوان بە وەفاتی هەموو سوننەتەكانی لەگەڵی وەفات دەكەن، چونكە ئەگەر فەرموودەكانی بۆ زەمانی خۆی بووبن ئیتاعەشی بۆ خۆی بووە، كەوابوو چی لەو هەموو ئایەتانە دەكەن كە باسی گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەكەن، یا ئەو ئایەتانەی باسی نیشانەكانی ئیمان دەكەن، یا ئەو ئایەتانەی باسی (أسوة حسنة) دەكەن؟ ئەمانە هەموویان دەكەونە ژێر پرسیارەوە گەر بە وتەی نەیاران بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمانە قسەی بێبەڵگە و نادروستن، قورئان و سوننەت دوو سەرچاوەی تەشریعی ئەم ئوممەتی ئیسلامەن تا كۆتایی دونیا[1].

---

[1] عقيدة ختم النبوة، أحمد سعد حمدان، رسالة ماجستير (٧١)، ودفاع عن السنة ورد شبه المستشرقين والكتاب المعاصرين، أبو شُهبة (١٢١).

## گومانی پێنجەم:

نــەیاران دەڵــێن خــوای پــەروەردگار بــەڵێنی داوە قورئــان بپارێزێــت، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، واتـە: (ئێمـە قورئانمان ناردووە و هەر ئێمەش دەیپارێزین)، بۆیە قورئان کەس ناتوانێت پیتێکی بگۆڕێت، نە زیاد و نە کەم، تا کۆتایی دونیا پـارێزراوە، بـەڵام پـەروەردگار بـەڵێنی نەداوە سوننەت بپارێزێ وەك نەیاران دەڵێن. پێیانوایـە هەنـدێ فـەرموودە کـە بـە مەعنا ڕیوایەت کراون ئەمە هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی فەرموودە بە ناتـەواوی بگاتـە دەسـتی ئێمـە و ئیشـکالمان بـۆ دروسـت بکـات، بۆیـە سـوننەت هیچـی لـەفزی لـە پێغەمبەرەوە نییە (دروودی خوای لەسەر)، هەر بۆیە یەکێك لـە نـەیارانی سـوننەت بەناوی (عبدالله جکرالوی) دەڵێ: دوای سەدان سـاڵ جێگـەی گاڵتەجاڕیـە کۆمـەڵێك قسە بهێنین بڵێین ئەمە سوننەتە و بیدەینە پاڵ (محمد).

وەعدی پەروەردگار بە پاراستنی قورئان و بەڵێننـەدانی بـە پاراسـتنی سـوننەت ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی سـوننەت بەشـێك نییـە لـە ئـایینی ئێمـە، خـۆ ئەگـەر بەشـێك بوایـە لـە ئـایین و سەرچـاوەی تەشـریع بوایـە بەڵێنیشـی دەدا سـوننەت بپارێزێت[1].

## بەرپەرچدانەوەی گومانی پێنجەم:

خوای پەروەدگار قورئانی دابەزاندووە بە لەفز و مەعنا، دروستیش نییە قورئـان ڕیوایەت بکرێت بە مەعنا، بۆیە پارێزگـاریکردنی حەتمییـە، بـەڵام سـوننەت وەحـی خوایـە بـۆ پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) لـە ئـەحکام و تەشـریعات، پاشـان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە کەلامی خۆی دەریبڕیوە. سوننەت کەلامی خوا نییە، بەڵکو وەحی خوایە، بۆیە زانایان ڕێگەیانداوە ڕیوایەت بکرێت بە مانا، تەبعەن

[1] مقام حديث، غلام أحمد برويز (٣٤)، والقرآن وكفى مصدراً للتشريع، أحمد صبحي منصور (٥٥).

به پێی یاسا و نیزامی خۆی، که سەرەکیترینیان: (شارەزابوونە لە زمانی عـەرەبی، شارەزابوونە بە موورادیفی لـەفزەکان و شـارەزابوون بـە هـەموو ئـەو واتایانـەی ئـەو وشەیە هەڵی دەگرێـت)، زۆرێـك شـتی تـر کـە لێـرە دەرفـەتی باسـکردنیمان نییـە. کەوابوو ئەو پێوەرانەی دانراون ئەگەر لە ڕاویدا هەبوون دروستە ڕیوایەتی فەرموودە بکات بـە مانـا، ئەگـەر بڵـێین بـە لـەفز نـەپارێزراوە ئـەوە دروسـتە، بـەڵام بـە مانـا ڕیوایەتەکان وردەکاری زۆری تێدا کراوە و پارێزراوە.

هەر لەسەر ئەم بابەتە، خـەتیبی بەغـدادی دەگێڕێتـەوە کـە دایکـی ئیمانـداران، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) بە عوروەی کوڕی زوبەیری وت: تۆ فـەرموودە لـە مـن وەربگرە و بینوسەرەوە. ڕۆیشت دەست بکات بە نووسینەوە، پاشان گەڕایەوە وتی شتێکم لە تۆ گوێ لێ بوو و کاتێك گەڕامەوە شـتێکی تـرم گـوێ لـێ بـوو، عائیشـە فەرمووی: ئایا لە مانایا جیاوازییان هەبوو؟ عوروە وتی: نەخێر. عائشـە فـەرمووی: کەوابوو کێشە نییە.

خۆ ئەگەر مەبەستی نەیاران ئەمەبێت کە سوننەت پارێزراو نییە، نە بە لـە فـز و نە بە مانا، ئەوە شتێکی بێ بنەمایە، چونکە کە قورئـان پـارێزرا و بـێ سـوننەتیش دەپارێزێـت، چـونکە سـوننەت بـەیان و ڕوونکردنـەوەی قورئانـە، وەك پـەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْـكَ الـذِّكْرَ لِتُبَـيِّنَ لِلنَّـاسِ مَـا نُـزِّلَ إِلَـيْهِمْ وَلَعَلَّهُـمْ يَتَفَكَّـرُونَ﴾ (النحـل: ٤٤). کـەوابوو سـوننەت پێویسـتیەکی حەتمییـە بـۆ قورئـان، واتـە کاتێـك قورئان پارێزراو بێت، سوننەتیش پارێزراو دەبێت[١].

---

[١] السنة الإسلامية بين إثبات الفاهمين ورفض الجاهلين، د. رؤوف شلبي (١١٩)، ورسالة الفرقان بين الحق والباطل، ابن تيمية (١/ ٨٣).

**گومانی شەشەم:**

گومـانی دروسـتکردن و گـۆڕینی شـێوازی پەرستشـەکان وەك (نوێـژ، بـانگ، تەڕاویح، نوێژی جەنازە، تایبەتمەندی "المسجد الأقصـي، المسـجد النبـوي، الحـرم المكي" زەکات، ڕۆژوو، عقوبەی عەرەقخۆر)، دەڵێن نوێژی تەڕاویح بیدعەیە. یەکێك لە بەناوبانگترین بانگخوازیان لە کتێبێکدا بە ناوی (إشاعة السنة)دا لـە بـەرگی (١٩) لاپەڕە (٢٩٣– ٢٩٥)دا نوسەرەکەی بەناوی (عبدالله الجکرالوی) دەڵێت: "إنها بدعـة وضلالة مفضية إلى النار"، واتە: زیادەیە لە ئاییندا و گومڕاییە، کردنی بۆ نـاو ئـاگر چوونە.

دەڵێن بانگ شتێکی زیادەیە و خەڵك ئیزعاجکردنە و پێویست ناکات ئەوەی نوێژ بکات کاتی نوێژی خۆی دەزانێت[1]. دەڵێن هیچ شوێنێك تایبەتمەندی نییە، نوێژ لە هەموو شوێنێك وەك یەك وایە و هیچ شوێنێك، هیچ مزگەوتێك ئیمتیـازی نییـە بڵـێن نوێژ ئەوەندە و ئەوەندە خێری زیاترە، وەك (المسـجد الأقصـى، المسـجد النبـوي، الحرم المكي)[2].

هەندێکیان پێیانوایە سێ نوێژ واجبە لـە ڕۆژێکـدا (بـەیانی، نیـوەڕۆ، خـەوتنان) واتە عەسر و مەغریبیان لاداوە، هەر نوێژێکیش دوو ڕکاتە، کاتێك نوێژ دادەبەسـتی لەجیاتی (الله أكبر) دەڵێن: ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾. دەڵێن نابێت لە ڕکـوع بـەرز بیتەوە، جەبێت یەکسەر بچـیتە سـوژدە، بـۆ هـەر ڕکاتێـك یـەك سـوژدە هەیـە، لـە سوژدەدا نوێژ تەواو دەبێت، واتە تەحیات و سەلامدانەوەیان وازلێهێنـاوە[3]. ئیمـام پێشیان ناکەوێت بۆ نوێژی جەماعەت، کاتێك خۆیان ئامادە دەکـەن بـۆ نوێـژ، ئـەم

---

[1] ترجمة القرآن بآيـات الفرقـان، عبـد الله جكرالـوى (٧/٤)، وبرهـان الفرقـان علـى صـلاة القـرآن، عبـد الله جكرالوى (١٣٦).

[2] برهان الفرقان، عبد الله جكرالوى (١٤٣).

[3] أحسن البيان فيما في صلاة القرآن، عنايت الله وزير آبادي (٣٠ – ٣١).

زیکره دەخوێنن (رب أدخلني مدخل صدق)، پاشان لە تەکبیرەی ئیحرامدا ئەمە دەخوێنن: ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾ و (٢٥) ئایەت دەخوێنن، لە ڕکوع و سوژدەکاندا چەندیان حەز لێ بوو ئایەت دەخوێنن[١].

زانایەکیان بەناوی (شیخ ثناء خواجة) پشتیوانی ئەم فیکرەیە دەکات[٢]، خواجە دەڵێت: ئەم دوو نوێژە چوار ڕکات بکەی بەسە. دەڵێت: ئەگەر دوو ڕکاتیش بە خشوع و ملکەچییەوە بکەی هەر دروستە. دەڵێت: پێویست ناکات ڕوو بکەیتە کەعبە، تۆ گفتوگۆ لەگەڵ خوا دەکەی ڕوو بکەیتە هەر شوێنێك ئاگای لێتە و دروستە. کۆمەڵێکی تریان بەناوی (المجملین) دەڵێن وشەی (صلاة) لە قورئاندا گشتگیرە و مەرج نییە هەر بە نوێژ ڕاڤە بکرێت، واتە شوێنکەوتنی یاسا و ڕێسا و دەستووری ئیسلام بە وردی و بە دیققەت. لە قورئاندا نەهاتووە کە پێغەمبەر لە (بیت المقدس) نوێژی کردبێت و پاشان گۆڕابێت بۆ مەککە، قورئان بە ڕوونی نەیفەرمووە ڕوو بکەنە کەعبە لە کاتی نوێژدا، کە قورئان دەفەرموێت ڕوو بکەنە کەعبە بۆ یەکڕیزی موسڵمانانە نەك نوێژ[٣]. دەڵێن: خەڵك خۆی سەرپشکە چۆن نوێژ دەکات، چونکە قورئان باسی چۆنیەتی نوێژی نەکردووە[٤].

ئەمانە زۆرێك لە قسەکانیان لە خەواریج دەچن کە (ابن حزم) باسی (أبي اسماعیل بطیخي) دەکات، لە خەواریجەکان دەڵێن تەنها دوو ڕکات نوێژ واجبە ڕکاتێك بەیانی و ڕکاتێك عیشا[٥]، بەڵگەکانیان زۆر لاوازن، یەکێك لە بەڵگەکانیان، بۆ نموونە، ئەم ئایەتە دەهێننەوە کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ

---

[١] صلاة القرآن كما علم القرآن (٢٧).

[٢] حجيت الحديث واتباع الرسول، ثناء الله خواجة (١٠).

[٣] تبويب القرآن، حشمت علي (٢/ ٦٠٥).

[٤] قورئانی فەیصەڵی، غلام أحمد برويز (٢/ ١٨).

[٥] الفصل في الملل والأهواء والنحل، ابن حزم (٤/ ١٨٩).

مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (فاطر: ١)، واته: (سوپاس و ستایش بۆ خوایە، کە بە دیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، فریشتەکانی کردووە بە فرستادەی خۆی کە خاوەنی چەندین باڵن، هەیانە دوو، یان سێ، یان چوار باڵە، لە دروستکردندا هەرچی بوێت زیادی دەکات، لە ژمارەی فریشتەکان، لە ئەستێرە و هەسارەکان، لە ئادەمیزاد و پەری ...هتد، بەڕاستی پەروەردگار دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە). کە ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندییەکی بە نوێژەوە نییە، باسی باڵی مەلائیکە و دەسەڵاتی پەروەرگار دەکات.

ئەمانە لە مەسەلەی زەکاتیشدا گرفتێکی گەورەیان هەیە، هەندێکیان پێیانوایە زەکات نیزام و یاسایەکی سەرمایەدارییە، هیچ پەیوەندییەکی بە قورئانەوە نییە، پێیانوایە زەکات بەم شێوازە دەردەکرێت کە خەڵکی بۆ نوێژی بەیانی لە مزگەوتی گەڕەکی خۆیان کۆببنەوە و یەك لەسەر دەی زەکاتی ئەو ڕۆژەی خۆیان بدەنە ئەمیری گەڕەك، ئەویش بیخاتە (بيت المال)ەوە[1].

بەناو زانایەکیان بەناوی (أحمد خواجة) دەڵێ: دەبێت لە داهاتی تاکە کەسیش زەکات دەربکرێت، ئەگەر ئەو کەسە ڕۆژانە کرێکاریش بکات دەبێت کە ئێوارە کرێکەی وەرگرت زەکاتەکەی لێ دەربکات، ئەگەر هەفتانە وەری گرت هەفتانە دەری بکات، خۆ ئەگەر مانگانە یا ساڵانە وەری گرت، ئەوە مانگانە یا ساڵانە دەری دەکات، بەبێ ئەوەی میقداری دیاریکراوی بۆ دابنێن، دەڵێن بە پێی حاڵەتی بژێوی کەسەکە دەگۆڕێت، وات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە[2]. لای بەناو زانایەکی تریان بەناوی (پەروێز) دەڵێت: یەك لەسەر دەی زەکات دەردەکرێت و دەدرێت بە دەوڵەت، نیصابی دیاریکراو نییە بۆ دەوڵەتیش بە پێی بارودۆخی بژێوی

---

[1] مسألة زكاة، إدارة بلاغ القرآن، نشر الإدارة نفسها (٢٤ – ٣٠).

[2] مطالعة حديث، سيد مقبول أحمد (١٧٢– ١٧٣).

ئـەو کەسـە لێـی وەردەگیرێـت، ئـەم ئایەتـە دەکەنـە دەلیـل کـە پـەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ﴾ (البقرة: ٢١٩).

لەسەر ڕۆژوو دەڵێن: (٩) ڕۆژ واجبە لـە (٢١)ی ڕەمەزانـەوە دەسـت پێـدەکات و کۆتایی دێت بە بەیانی ڕۆژی جەژن. دەڵێن: قورئان دەفەرمووێت (أياماً معدودات) کە (أيام) جەمعی (يوم)، یەکێکە لە صیغەکانی جەمعی (قلة)یە، کە لە (٣- ٩)یە[1].

لە سزای خواردنەوەی عەرەقـدا هەنـدێکیان دەڵـێن سـزای جەڵـدە، بـەڵام بـەبێ دیـاریکردنی ژمـارەی جەڵـدەکان. هەنـدێکی تریـان دەڵـێن: سـزای سەرزەنشـتییە. هەمووشیان پێیانوایە بـۆ زانیـی (محصـن: پیـاو یـا ژن کـە هاوسـەرگیری کردبێـت) ڕەجم نییە و پێیانوایە ڕەجم لە قورئاندا نییە (لا رجم في القرآن)[2].

**بەرپەرچدانەوەی گومانی شەشەم:**

خوێنەری بەڕێز بەرپەرچدانەوەی شوبهەی شەشەم هەر خـۆی گومانەکـە باسـی چـەند شـتێك دەکـات وەك: (نوێـژ، بـانگ، تـەراويح، نوێـژی مـردوو، تايبەتمەنـدی "مسـجد الأقصـي، المسـجد النبـوي، الحـرم المكـي"، زەکـات، ڕۆژوو، سـزای عەرەقخۆر)، بەڕاستی ئەمانە بە خوێندنەوەی گومانەکە وەڵامەکەیت بە ڕوونی دێتە پێش چاو، چونکە زۆر بە ڕوونی لە قورئان و فەرموودەدا باسـکراون و ئەبجـەدیاتی پەرستش و خووڕەوشـتی موسـڵمانن. جـا وەك لـە گومانەکـەدا نووسـیومانە ئەگـەر موسڵمان بەو شێوازەی ئەوان دەڵێن پەرستش و خواپەرستی بکـات، ببێگومـان لـە ئیسـلام دەردەچـێت و هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ئیسـلام و ئـايينی موسـڵمانانەوە نامێنێت، ئیتر بەڵێ ئەو کات دەتوانێت بە گوێی ئەوان بکـات و بـە پێـی ئـارەزووی خۆی چـۆن دینداریـەکی بوێـت، وەك پەیکـەرتاش دروسـتی بکـات و نـاوی لێبنێـت دینداری یا موسڵمانەتی، کە ئەمە نە ئایینداریە نە موسڵمانەتی.

---

[1] مطالعة حديث، سيد مقبول أحمد (١٦٦)، ومجلة البيان (٢) ، عدد يونيو ١٩٥١م.

[2] قورئانی فيصلی، غلام أحمد برويز (١/٢٤٤).

# کۆتایی

قورئان و سوننەت دوو سەرچاوەی سەرەکی تەشریعی ئیسلامن بەبێ گومان و دوودڵی. ئەو گومانانەی کە نەیارانی سوننەت دروستیان کردووە بێ بەڵگەن و هیچ پاڵپشتێکی شەرعی و زانستیان نییە. ئەوانەی ئەو گومانانە دەخەنە ڕوو حاقیدن بەرامبەر بە ئیسلام و هیچ دڵسۆزیەکیان لێ ناخوێنرێتەوە. زۆرێك ڕێگای چەوت دەگرنە بەر، کە فێڵزانانە کاری خۆیان دەکەن، ئەگەر موسڵمانان وریا نەبن دەخلیسکێنە ناو داوەکانیانەوە.

زانایانی فەرموودەناس زۆر وردەکارییان کردووە لە وەرگرتنی فەرموودە و ئەوەی تەنانەت درۆیەکی بەرامبەر ئاژەڵێکیش کردبێ فەرموودەیان لێ وەرنەگرتووە.

# سەرچاوەکان

دوای قورئانی پیرۆز

١ـ الإبانة عن أصول الديانـة، علـي بـن إسماعيـل الأشـعري، المكتبـة السـلفية – المدينـة المنورة، ١٩٩٨م.

٢ـ إبليس وآدم، غلام أحمد برويز، ط٣، مطبعة أشرف – لاهور، ١٩٧٣م.

٣ـ أحسن البيان فيما في صلاة القرآن، عنايـت الله وزيـر آبـادي، مطبعـة برقـي، دهلـي – الهند، ١٣٣٥هـ.

٤ـ أحكام القرآن، أحمد بن علي الرازى الجصاص، ط٢، مطبعـة – عبـدالرحمن محمـد – القاهرة، ١٩٩٩م.

٥ـ الإحكام في أصول الأحكام، سـيف الـدين علـي بـن أبـي علـي الآمـدي، ط١، مؤسسـة النور، ١٣٨٨هـ.

٦ـ الإرشـاد إلى قواطـع الأدلـة في أصـول الإعتقـاد، أبـو المعـالي عبـدالملك بـن عبـد الله الجويني، مطبعة السعادة – مصر، ١٩٥٠م.

٧ـ أصـول الـدين، عبـدالقادر بـن طـاهر البغـدادي، ط٢، دار الكتـب العلميـة – بـيروت، ١٩٨٠م.

٨ـ الإنصـاف فيمـا يجـب اعتقـاده ولا يجـوز الجهـل بـه، القاضـي أبـو بكـر بـن الطيـب الباقلاني، ط٢، مؤسسة الخانجي، ١٣٧١هـ.

٩ـ برهان الفرقان على صلاة القرآن، عبد الله جكرالوى، مطبعة إسلامية، ستيم – لاهـور، ١٩٠٥م.

١٠ـ برهان الفرقان، محمد فاضل سيالكوتي، مطبعة ستيم – سيالكوت، ١٩٢٩م.

١١ـ تبويب القرآن، حشمت علي، مطبعة إسلامية، ستيم – لاهور.

١٢ـ تجفيف منابع الإرهاب، محمد شحرور، مؤسسة الدراسات الفكرية المعاصرة، لبنان – بيروت، دوار الحازمية، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، ط ١، ٢٠٠٨م .

١٣ـ ترجمة القرآن بآيات الفرقان، عبد الله جكرالوى، مطبعة إسلامية، ستيم لاهور، ١٩٠٦م.

١٤ـ جامع بيان العلم وفضله، يوسف بن عبدالبر، دار الكتب العلمية – بيروت، ١٣٩٨هـ.

١٥ـ حجيت الحديث واتباع الرسول، ثناء الله خواجة.

١٦ـ دفاع عن الحديث النبوي الشريف وتفنيد شبهات خصومه، نخبة من العلماء، مطبعة الإمام – القاهرة.

١٧ـ دفاع عن السنة ورد شبه المستشرقين والكتاب المعاصرين، محمد بن محمد بن سويلم أبو شُهبة (ت: ١٤٠٣هـ)، مكتبة السنة، ط ١، ١٩٨٩م.

١٨ـ دلائل النبوة ومعرفة أحوال صاحب الشريعة، أحمد بن حسين البيهقي، مطابع دار النصر – القاهرة، ١٩٦٩م.

١٩ـ رسالة الفرقان بيت الحق والباطل، تقي الدين أحمد بن تيمية، مطبعة صبيح، ١٣٨٥هـ.

٢٠ـ السنة الإسلامية بين إثبات الفاهمين ورفض الجاهلين، د. رؤوف شلبي، ط١، مطبعة السعادة – القاهرة، ١٣٩٨هـ.

٢١ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. مصطفى السباعي، ط٢، المكتبة الإسلامي – بيروت، ١٩٧٦م.

٢٢ـ سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني الأزدي، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، دار الفكر، بدون رقم وسنة الطبع، ١٩٩٥م.

٢٣ـ سنن البيهقي الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي (ت: ٤٥٨)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز – مكة المكرمة، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م.

٢٤ـ صلاة القرآن كما علم القرآن.

٢٥ـ عقيدة ختم النبوة، أحمد سعد حمدان، رسالة ماجستير، فرع العقيدة، جامعة الملك عبد العزيز، مكة، ١٣٩٨هـ.

٢٦ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢هـ)، دار السلام – رياض، ومكتبة دار الفيحاء – دمشق، ط٣، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

٢٧ـ فرقة أهل القرآن، غلام أحمد برويز، المطبعة العلمية – لاهور، ١٩٩٢م.

٢٨ـ الفصل في الملل والأهواء والنحل، ابن حزم، مكتبة الخانجي – القاهرة.

٢٩ـ الفصول المهمة في معرفة أحوال الأئمة، علي بن محمد المشهور بابن الصباغ، مطبعة العدل – نجف، ١٩٩٨م.

٣٠ـ فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة، أبو حامد محمد الغزالي، ط١، الحلبي، ١٩٦١م.

٣١ـ القرآن وكفى مصدرًا للتشريع، أحمد صبحي منصور.

٣٢ـ قرآنيى قوانين، غلام أحمد برويز، ط٢، مطبعة علمي برنتنك – لاهور، ١٩٧٨م.

٣٣ـ القرآنيون وشبهاتهم حول السنة، خادم حسين إلهي نجش، جامعة أم القرى – الطائف، مكتبة الصديق، ٢٠٠٠م.

٣٤ـ قورئانى فهيصهلّى، غلام أحمد برويز، ط٣، مطبعة أشرف – لاهور، ١٣٧٣هـ.

٣٥ـ كتاب الإحتجاج، أحمد بن علي الطبرسي، تصحيح: السيد محمد باقر، مطابع النعمان – النجف، ١٩٦٦م.

٣٦ـ الكتاب والقرآن قراءة معاصرة، د. محمد شحرور، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، سورية – دمشق، ص.ب: ٩٢٢٣.

٣٧ـ كفاح المسلمين في تحرير الهند، د. عبد المنعم نمر، ط١، مكتبة وهبة – القاهرة، ١٣٨٤هـ.

٣٨ـ الكفاية في علم الرواية، أبو بكر أحمد بن علي المعروف بالخطيب البغدادي، ط٢، حيدر آباد – الهند، ١٣٩٠هـ.

٣٩ـ لمعة الإعتقاد الهادي إلى سبيل الرشاد، موفق الدين عبد الله بن أحمد المقدسي، ط٢، المطبعة السلفية.

٤٠ـ الله يتجلى في عصر العلم، نخبة من العلماء الأمريكيين، ترجمة: د. دمرداش، ط٣، مؤسسة الحلبي، ١٩٦٨م.

٤١ـ مباحث في الحديث الشريف، محمد بن سيد علوي مالكي، المكتبة الإمدادية – مكة، ١٣٩٤هـ.

٤٢ـ مجموع الفتاوى، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (ت: ٧٢٨هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية – المملكة العربية السعودية، بدون رقم الطبع.

٤٣ـ المختصر في أصول الدين، القاضي عبد الجبار جمع يحيى بن حسين، تحقيق: محمد عمارة، ضمن كتاب رسائل العدل والتوحيد (١/ ٩٩).

٤٤ـ مرقاة المصابيح شرح مشكاة المصابيح للملا علي القاري.

٤٥ـ مسألة زكاة، إدارة بلاغ القرآن نشر الإدارة نفسها.

٤٦ـ المستدرك على الصحيحين، الحافظ أبو عبد الله محمد بن عبد الله الحاكم النيسابوري، تحقيق وتخريج: الشيخ عبد الرزاق المهدي، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان، ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

٤٧ـ مسند الإمام أحمد، الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق: شعيب الأرنؤوط وآخرون، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ط٢، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٤٨ـ مطالع الأنظار في طوالع الأنوار، شمس الدين بن محمود الأصفهاني، الشركة العلمية دار سعادت – ايران، ١٣٠٥هـ.

٤٩ـ مطالعة حديث، سيد مقبول أحمد، ط٣، نشر مكتبة عباس، إله آباد – الهند، ١٩٥٢م.

٥٠ـ مقام حديث، غلام أحمد برويز، ط٣، مطبعة علمي برنتنك – لاهور، ١٩٧٦م.

٥١ـ نزهة الخواطر وبهجة المسامع والنواظر، عبد الحي بن فخر الدين الحسني، مطبعة: مجلس إدارة المعارف العثمانية، حيدر آباد دكن – الهند، ١٣٧٨هـ.

# ڕەتکردنەوەی فەرمووده
# لە نێوان تێنەگەیشتن و نەیارێتیدا

**دیاری ئەحمەد کاکە حمە**
**زانکۆی هەڵەبجە/ بەشی بنەماکانی ئایین**

ئاشکرایە کە قورئان سەرچاوەی یەکەمی بڕیاردانە لە ئایینی ئیسلامدا و (محەمەد) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕوونکردنەوە و شیکارکردنی ئەو پەیامەی پێسپێردراوە، کەوابوو مادام ڕاستەوخۆ قورئان دانەبەزێندراوە بۆ مرۆڤەکان، بەڵکو پێویستی بە شیکەرەوەیەك هەبووە، بڕیاریشە ئەو پەیامە کۆتا پەیام بێت بۆ سەر زەوی، ئایەتێك یاخود وتەیەکی خوای گەورەش نییە لەو قورئانەدا کە بفەرموێت کاری پێغەمبەر و وتەکانی تەنها بۆ سەردەمی خۆیەتی و دواتر کاریان پێناکرێت، چونکە دەستێوەردان تیایاندا ڕوو دەدات، ئەوا دەبێت وتە و ڕوونکردنەوەی ئەو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) بمێنێتەوە بۆ مرۆڤی گشت نەوەکان، چونکە ئەگەر ڕوونکردنەوەی پێغەمبەر پێویست نەبوایە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوا مرۆڤەکان بێبەش دەبوون لە تێگەیشتنی ئایین و ڕەوشتەکانی

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، لەکاتێکدا وتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەشێکی تەواوی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو پەیامە خواییەن.

بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستاماندا هەروەکو باوی ڕابردوو، وتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕووبەڕووی دژایەتیکردن و بە هەڵە پیشاندانی لەناو کۆمەڵگادا بووەتەوە لەلایەن دوژمنانەوە، بە هەڵە تێگەیشتن و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، لەلایەن کەسانی خۆبەدۆست زانیەوە، بۆیە لەم کاتەدا یەکێك لە باشترین کردەوە چاکەکان کە موسڵمان بیکات، خزمەتکردنی ئەو وتانەی پێغەمبەرمانە (دروودی خوای لەسەر).

## دەستپێك

ئێمەی موسڵمان خاوەنی پەیامێکی گەورەی وەکو قورئانین و بەرپرسیارین دەربارەی ئەم ئایینە، بۆیە پێویستە ئەم ئایینە چۆن گەیشتووەتە دەستی ئێمە ئاواش لە ئێمەوە بگات بە نەوەکانی دوای ئێمە، یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕوویکردووەتە ئەم ئایینە، لە ڕابردوو و ئێستاشدا، بابەتی "ڕەتکردنەوەی فەرموودەیە"، ئەم ڕەتکردنەوەش بەدەر لە دوژمنکاری دوژمنان، کەسانێکیش کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن پێی هەستاون، بەڵام ڕەتکردنەوەی فەرموودە بە چاولێکەری و بە ئاوەزی فڵان ناخوا، نابێت، دەبێت پێوەر و یاسا هەبێت بۆ زانینی "دروستی و نادروستی" فەرموودە، ئەمەش کاری زانایانی پسۆڕە، کە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی زانستی فەرموودەوە ئەو وتانەی کە ناڕاست و گومانـاوین و کراون بە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دیار بخەن و جیای بکەنەوە و موسڵمانانیان لێ ئاگادار بکەن، ئەمەش بەرگریکردنە لە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ئەرکی سەرشانی موسڵمانە و پاداشتی لە سەر وەردەگرێت.

بەڵام ئەم دۆخەی کە لە نێو موسڵماناندا دەگوزەرێ و هەیە، لە بەشبەشبوون و مشتومڕ و بێئاگایی و شارەزا نەبوون لە ئایینەکەیاندا و سەرەنجام ڕەتکردنەوەی

زۆرێك لە بابەتە جێگیرەکان و نەگەڕاندنەوەی پرسەکان بۆ لای خەڵکی شارەزا، بووەتە هۆکاری پیشاندانی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی ناشیرین. لەجیاتی ئەوەی بڕوای خەڵك بەهێز بکرێت دەربارەی ئاین، گومان دروست دەکرێت و ئەمەش پێچەوانەی ئایەتەکانی: ﴿وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ (الأنفال: ٤٦)، ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ﴾ (الأنبياء: ٤٣)، ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾ (النساء: ٨٣). بۆیە ناکرێ کەسانێك کە شارەزاییان نییە و لە ئاستی سەرەتادان بکەونە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵە فەرموودەیەك کە زانایانی (١٤) سەدە بە دروستیان زانیون، پاشان لای هەمووان ئاشکرایە کە بۆ هەر بوارێك دەبێت کەسانی پسپۆڕ بڕیار بدەن.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە سەردەمی خۆیدا، ئەرکەکانی بەشێوەی پسپۆڕی دەسپارد بە هاوەڵان، تەنانەت ئەگەر کەسێك گونجاو نەبوایە بۆ کارێك، ئەگەر داواشی بکردایە، کارەکەی پێ نەدەدا، ئەوەتا عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر (ڕەزای خوای لێ بێت) داوا دەکات ئەی پێغەمبەری خوا با من "بانگ بێژبم" بەڵام پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) داواکەی ڕەت دەکاتەوە، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر دەفەرموێت: "وَدِدْتُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ أَعْطَانِي النِّدَاءَ". قِيلَ: وَلِمَ ذَاكَ؟ قَالَ: "إِنَّهُمْ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ"[1]، واتە: (ئاواتم دەخواست کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) کاری بانگبێژیم پێبدات. وتیان: لەبەرچی پێتخوشە بانگبێژ بیت؟ فەرمووی: چونکە بانگبێژان گەردن بەرزترین کەسانن لە پاشەڕۆژدا). بەڵام پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمان بە بیلال دەکات بۆ بانگدان و دەفەرموێت: "يا بلالُ، قُمْ فنادِ بالصلاة"[2].

[1] ئیمامی"حاکم" بە فەرموودەی ژمارە (٦٣٥٠) گێڕاویەتیەوە.

[2] ئیمامی بوخاری بە ژمارە (٦٠٤) هێناویەتی.

هەروەها بۆ هەر یەکێك لە بابەتەکانی پـرس و ڕاوێـژ، ئەمانـەت، وتەبێـژی ڕەسمـی خـۆی، وەرگێڕانـی زمـان، پەیوەنـدی دەرەکـی و تـا دواتـر... کەسـی تایبـەت بـە بوارەکـەی دەستنیشـانکردووە و ئەرکـەکانی پێـداون و دەشـفەرموێت: "أعلَمُهـم بالحلال والحرام معاذُ بن جبل، وأفرَضُهم زيد بن ثابت، وأقرَؤُهم أُبَي بن كعب، ولكلِّ أمةٍ أمينٌ، وأمين هذه الأمة أبو عُبيدة بن الجرَّاح"[1].

دوای زانینی ئەم ڕاستیانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەبێت تـەنها کەسـی پسـپۆڕ بـە بـواری فـەرموودە قسـە بکـات، خـۆ ئەگـەر کەسـانی نەشـارەزا بکەونـە باسکردن و فەتوادان لە ئاییندا دەبێت چ سـەرگەردانی و پشـێوی و کەسـبەکەس و نەگەڕانەوە بۆ ئەهلی زانست و حساب بـۆ نـەکردنیان لـە نـاو موسـڵماناندا دروسـت ببێت؟ بۆیە نابێت کەسانی نەشـارەزا و کـەم ئاسـت دەربـارەی ئـەم بابەتانـە قسـە بکەن، بەڵام هەروەك چـۆن لـەم سـەردەمەدا بەشـێوەیەکی گشـتی ڕەخنـەگرتن لـە هـەموو پرسـێکدا زۆر بـووە، ئـاواش جورئـەت و بـوێری و قسـەکردنیش دەربـارەی خودی خوای گەورە و قورئان و پێغەمبەریش زۆر بـووە بـەبێ زانیـاری و پسـپۆڕی، پەنا بە خودا، لەکاتێکدا کەسێکی وەك پێشەوا ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێك پرسیاری مانای ﴿وَفَاكِهَةً وَأَبًّا﴾ی لێ دەپرسن، دەترسێ لەوەی ڕاڤەی ئایەتێك بەبێ زانیاری بکات، بۆیە دەفەرموێت: "أيُّ سَمَاءٍ تُظلُّنِي، وَأَيُّ أَرْضٍ تُقلُّنِي إِذَا قُلْتُ فِي كِتَابِ اللَّهِ مَا لا أَعْلَمُ"[2]، واتە: (چ بەشێکی ئاسمان سێبەرم بۆ بکـات و بتـوانم لەژێریـدا خـۆمبگرم و کـام بەشـەی زەوی هـەڵمبگرێت و لەسـەری بوەسـتم، کاتێك شتێك بڵێم لە قورئاندا کە نەیزانم!). یاخود زانایـەکی وەك پێشـەوا بوخـاری کـە دەفـەرموێت پـێش نووسـینی هەریـەك لـە فـەرموودەکانی (صـحیح الجـامع)

[1] ئیمامی تیرمیزی بە فەرموودەی ژمارە(٣٨١٥ )، ئیبن ماجە بە ژمارە (١٥٤)، ئیمامی ئەلبانی لـە کتێـی "صحیح سنن ابن ماجه" بە ژمارە (١٢٥) هێناویەتی.

[2] ئیبن ئەبی شەیبە، بە فەرموودەی ژمارە (٣٠١٠٣) هێناویەتی.

خومشۆردووه و دواتر دوو ڕكات نوێژم كـردووه ! ، ئـەی موسـڵمانی ئـەمڕۆ ئـەدەبی خۆی له بەرامبەر فەرموودەدا لەچیدا دەبینێتەوە ؟ !

ئاشكرایشه ئەو قسانەی ئەمڕۆ كه "ڕەتكەرەوانی فەرموودەوە" لەنێو سـەرجەم چین و توێژەكانی خەڵكیدا باسی دەكەن، بەتایبەت خەڵكی نەشارەزا له ئایین، لەم سەردەمی پڕ گومان و گرفتانەدا، بوونەته دوورخەرەوەی خەڵكی له ئـایین و زیـاتر سەرلێشێواویان دەكات، پاشان جێی سەرسوڕمانه هەندێ كەس هەیـه وەك ئـەوەی كه هیچ خەمی ئەم ئیسلامەی نـەبێت، گـرنگ نیـه بەلایـەوە كـه ئـەم جـۆره قسـەو باسانه چەنده ئاشوب لەنێو موسڵماناندا دروست دەكات! ناشلێین با ئەم بابەتانه له ئێستا باس نەكرێن هەروەك چۆن لـه سـەردەمی هاوەڵانـدا شـتانێك هـەبوون لەبـەر دروست نەبوونی فیتنه باسیان نـەدەكرا – دیـاره ئـەم قسـەیه نـەك لەبـەر ڕاسـتی شتەكانی ئەوان، بەڵكو وەكـو ئوسـلوب و شـێوەی حیكمـەتیان لـه كاركردنیـان بـۆ ئـاایینی خـــوای گـــەوره –، بۆیـــه هەڵمـــەتی دژایـــەتیكردنی ســـونەتیان چـــاك دەســتپێكردووه، پاشــان ئەگــەر ئێمــه لــه ئێســتادا ڕاپرســییەك بكــەین لــەنێوان موسڵماناندا كه ئایا فەرموودەكانی سەروەرمان (دروودی خوای لەسـەر) گـرفتی بـۆ ئایین و ئاییندارانی دروستكردووه، یاخود به پێچەوانەوە، بووەته سەرچاوەی زانست و ئاكار و بەها باڵاكان و بەختەوەری...؟

ئاشكرایه كه زۆرینەی موسڵمانان وەڵامی دووەم هەڵدەبژێرن، خۆ ئەگەر پرسیار له ناموسڵمانانیش بكرێت ئایـا نـەیاری ئێـوه بـۆ ئیسـلام و پەسـەندنەكردنی لەبـەر فەرموودەیه؟ بێگومان نابینین وەڵامەكەیان بەڵێ بێت ڕەتی ئیسلام بكەنەوه لەبـەر فەرموودە، چونكه سەرجەم وته و كردارەكـانی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) میهرەبانی و مرۆڤ دۆستییه.

زانایەكی گاوری وەك "مایكل هارت" له كتێبی (الخالدون المئة)دا، پێغەمبەرمان "محەمـەد" (دروودی خـوای لەسـەر) كـردووه بـه پێشـەنگی سـەرجەم سـەركرده

کاریگەر و ناودارەکانی جیهان، بۆیە لـە ڕەتکردنـەوەی فـەرموودەدا بێبەشـکردن و بەهرەمەندنـەبوونی سـەرجەم خـەڵکی دامـاوی موسـڵمانە لـە وتـە و ڕێنمـوونی سەرکردەکەیان، کە ئەمەش مەینەتی و نەهامەتیەکی دیکەیە بۆ ئێمـەی موسـڵمان، چونکە ئێستا موسڵمانان نە بە زانست و تەکنەلۆژیا بەناوبانگن و نە بـە بازرگـانی و ئاوەدانی، نە بە سۆز و بەزەیی و مـرۆڤ دۆسـتی لـەنێو خۆیـان... تـا دوایـی. تـەنها شتێك کە دڵمان پێی خۆشـە و سـەربەرزین پێـی، پێشـەواکەمانە – دیـارە جیـا لـە قورئـان–، ئێسـتاش پێمـان بڵـێن بەداخـەوە ئـەو پێشـەوا گـەورەتان هـیچ قسـە و کردارێك، یاخود زۆرینەی سونەتەکانی لە دوای خۆی نـەماوە، تـا چـاوی لێبکـەن و شانازیشی پێوە بکەن؟! لەکاتێکدا ئیعجاز و ڕەوشـتبەرزی و مـرۆڤ دۆسـتی... نێـو فەرموودەکانە لە ئەوروپادا سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت و موسڵمان دەبن!!

بۆیە زۆر گرنگە کارەکانمـان، یـاخود شـێوەی بیرکردنـەوەکانمان، نەبێتـە هـۆی سەرگەردانی وماڵوێرانی موسڵمانان، ئەو کەسەی کە دەیەوێت خزمـەت بـە ئـایینی ئیسلام بکات، دەبـێ کارەکـەی بـە خراپـە نەشـکێتەوە، ئـەو کەسەشـی حـەزی بـە خۆجیاکردنەوە و خۆدەرخستنە و بەردەوام حەزی لە گفتوگۆی بێ ئامانجە و قسـە جوینەوەیە بەبێ بەڵگە و بەبێ ترس لە خـوای گـەورە، ئـەوا ئـەو ئایەتـە پـیرۆزەی بیردەخەینەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيراً﴾ (النسـاء: ١١٥)، واتـە: (هەرکـەس دوژمنایـەتی لەگـەڵ پێغەمبـەردا بکـات و لـە فەرمانەکانی لابدات دوای ئەوەی کە ڕێگەی ڕاستی بۆ دەرکەوتووە و ناسـیوویەتی، کەچی ڕێگایەك بگرێتەبەر دوور لە ڕێگـەی ئیمانـداران، ئێمـە مۆڵـەتی دەدەیـنێ بـا بچێت ئەو ڕێگە پەسەندکراوەی خۆی بگرێتەبەر، بـەڵام لـە دوارۆژدا دەیخەینـە نـاو ئاگری دۆزەخەوە کە خراپترین سەرەنجام و کۆتاییە).

## گرنگترین هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی فەرمووده و چەند نموونەیەك لەبارەیانەوە:

ئاشـکرایه هۆکارەکـانی ڕەتکردنـەوەی فـەرمووده جۆراوجـۆرن و ناکرێـت لـە توێژینەوەیەکی کورت دا ئاماژە بە گشتیان بدرێت، بۆیە لێرەدا تەنها گرنگترینەکان باس دەکەین، کە بریتین لە:

### نەگونجانی فەرمووده لەگەڵ ژیریی - بە بۆچوونی ئەوان -:

بەشـێك لــە موسـڵمانانی ئــەم سـەردەمە و بەتایبـەت بـەناو نوێخوازەکـان، فەرموودەگەلێك ڕەت دەکەنـەوە و بەرپـەرچ دەدەنـەوە، بـە پاسـاوی نـەگونجانیان لەگەڵ ژیریی، بێ ئەوەی بزانن کـە ژیریـی یەکێکـە لـە هەسـتەوەرەکان و سـنووری دیـاریکراوە و ناکرێـت هــەر شـتێکی نـەپێکا پەسـەند نـەکرێت، چـونکە خـودای پەروەردگاری خاوەنی بوونەوەر و زانا و کاربەجێ، زانستی ڕەهای هەیە و دەکرێـت دەیان پرس و بابەت لە شەریعەتدا هەبێت و مرۆڤەکان بە ئاوەزی خۆیان پـەی پـێ نەبـەن، هـەروەك ئـیبن تەیمیـە دەڵێـت: "الإسـلام يـأتي بمحـارات العقـول ولا يـأتي بمحالات العقول"[1]، واته: (ئیسلام شتانێك باس دەکات کە ژیریی مرۆڤ سـەرگەردان ڕابمێنێت لە بەرامبەریاندا نەیانپێکێت، بەڵام هیچی نەهێناوە کە بە ژیریی و لۆژیکی پەسەند ئەستەم بێت). بۆیە ئاساییە لە ئاییندا شتانێك هەبێت کە بیر و تێگەیشتنی مرۆڤ تێیان نەگات، چـونکە ژیریـی مـرۆڤ کـۆڵ و بێتوانایـە لـە تێگەیشـتن و زانـینی بابەتە پەنهان و نادیارەکان.

دیــارە فــەرموودەی پێغەمبــەریش (دروودی خــوای لەســەر) سەرچـاوەیەکی سەرەکیە لە ئیسلامدا. هەندێك لەو فەرموودانە شتانێك باس دەکەن کە ژیریی مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەستەوسانە، بەڵام شتانی نەگونجاو و نەشیاو نین، بۆیە یـەکێك لـە کێشەی سەرەکی ئەو کەسانەی کە فەرموودە ڕەت دەکەنەوە، تێنەگەیشـتنیانە لـە

---

[1] بڕوانە: درء تعارض العقل والنقل (٥/ ٢٩٧).

فەرمووده، جا ئیتر تێنەگەیشتنەکە دەربارەی وشەیەکی فەرموودەکە بێت، یاخود بەشێوەیەکی گشتی خودی فەرموودەکە بێت، کە بە ئەقڵی ئەو گونجاو نییە ئەم فەرموودەیە ماناکەی ئاوابێت، بۆیە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بڕیاری نادروستیی فەرموودەکە بدات و وەرینەگرێت.

**لێرەدا پێش ئەوەی نموونە بهێنینەوە، پێویستە ئەوە بزانین کە:**

* ئایا کام ژیرییە پێوەرە لای ئەوان؟ ئایا هەموو کەسێك مافی بڕیاردانی هەیە، وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ دەبینرێت دژە فەرموودەکان، بە خوێندەوار و نەخوێندەواریانەوە، هەموویان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن لەسەر فەرمووده بدوێن؟

* پێویستە لەوە دڵنیابن کە زانست و لە خوا ترسان و دڵسۆزی بۆ ئایین و تێگەیشتن و ژیریی ئەوانەی ئەمڕۆ دژایەتی فەرموودە دەکەن، ناگات بە زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتە.

* ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو زانایانە هەموو ئەو فەرموودانەیان بینیوە، زۆر هەوڵی پاراستنی ئایینەکەیشیان داوە، ئەگەر بیانزانیبایە ئەو فەرموودانە کێشەیەکیان تێدایە، ئایا ئەوان پاکسازییان نەدەکرد؟ پاشان گەورەترین کارێك کە زانایانی ئوممەتی ئیسلامی کردبێتیان، بەتایبەت زانایانی فەرموودەناس، ئەوەیە کە زانستێکی تەواو و تێر و تەسەلیان دا‌ناوە، کە بەوپەڕی وردەکارییەوە فەرموودەکان ساغ دەکاتەوە تا دەگاتەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بەتایبەت هەردوو پێشەوایان: بوخاری و موسلیم، لە گێڕانەوەی فەرموودەکان، هەربۆیە "لیوبولد فایس" کە ناوی (محمد أسد)ی لەخۆی ناوە، لە ساڵی١٩٠٠م لە وڵاتی نەمسا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٢م لە ئیسپانیا وەفاتی کردووە، سەرەتا لەسەر ئایینی جولەکە بوو، دواتر موسڵمان بوو، یەکێك بووە لە بەهێزترینی کەسەکان کە خەڵکی ئەورووپای بەرەو ئیسلام ڕاکێشاوە لە سەدەی (٢٠)دا، بەشداریی جیهادی کردووە لەگەڵ (عومەر موختار)دا، سەبارەت بەم دوو پێشەوایە

دەڵێت: "بەڕاستی ئەو دوو پێشەوایە ئەوەی لە توانای مرۆڤدا بێت ئەنجامیانداوە، لە ڕانواندنی هەموو فەرموودەیەك بەپێی بنەماكانی فەرموودەناسی، بەشێوەیەك زۆر زۆر زیاتر لە سەرچاوە مێژووییە ئەوروپیەكان، كە لە بابەتە مێژووییەكانی ڕابردووی خۆیاندا بۆی دەگەڕێنەوە"[1].

**تێنەگەیشتن لە فەرموودەكە، دەكرێت بە كورتی بیگێڕینەوە بۆ چەند خاڵێك:**

١ـ نەبوونی زانست: گەر مرۆڤ زانستی هەبێت پێویستە كۆمەڵە یاسا و پێوەرێكی پێبێت تا بڵێت "ئەم فەرموودە و ئەو فەرموودە" لەبەر ئەم هۆیانە ڕەت دەكەمەوە! بەڵام نەیارانی فەرموودە لەم ڕۆژگارەدا، هەر وتە و قسەلۆكێك لەسەر دەقێك ببیستن كە تا ئێستا ئەوان وای تێنەگەیشتوون و شتی وایان دەربارەی نەبیستووە، یەكسەر دەكەونە لێدانی فەرموودەكە و دەیانەوێت ئەو قسەیە بكەن بە هی خۆیان، وا خۆیان نیشان دەدەن و باسی بابەتەكە دەكەن كە زۆر بلیمەت و خوێندەواربن و ئەمان هەستیان بە هەڵەیەكی گەورە كردووە كە زانایان ساڵەهای ساڵ نەیانزانییوە.

٢- جورئەت و بوێری دەربارەی ڕەتكردنەوە و شكاندنی سنوور و بابەتە ئایینیەكان، گەشتنە قەناعەتێكی وا كە ئەو كەسە بەبێ ئەوەی بترسێ و بڵێ بۆ دەبێت من شتێك ڕەتبكەمەوە تەنها لەبەر ئەوەی من وای تێدەگەم!، لەكاتێكدا خۆیشی دەزانێت كە ئەم نە مەرجەعە و نە زانایە، نە پسپۆڕە لەم بوارەدا، ناشڵێت بۆ من دەست ببەم بۆ ئەو بابەتانە كە ئەنجامەكەی زیانگەیاندنە بە ئایینی ئیسلام، لەكاتێكدا هەزاران زانای پێش ئێمە كاروباری كۆمەڵگایان بەم فەرموودانە بەڕێوە بردووە، زانستێكیشیان داناوە بۆ ناسینی فەرموودەی ڕاست. دەربارەی هەندێ

---

[1] بڕوانە: الإسلام على مفترق الطرق (٩٣- ٩٤).

قسەش، کە کراوە بە "فەرمووده" دەستەواژەکانی هەر یەك لە (موضوع، ضعیف، معلول، متروك...)یان بۆ داناون.

هەربۆیە دەبینین کاتێك لە سەردەمی هارونە ڕەشید، زەندیقێك شانازی بەوەوە دەکات کە چەندین وتەی هەڵبەستووە بەناوی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، هارونە ڕەشید دەیەوێت بیکوژێت، کابرا دەڵێت جا لە پاش چی دوای ئەوەی (١٠٠٠ تا٤٠٠٠) قسەم نووسیوە و کردوومە بە وتەی پێغەمبەر. هارونە ڕەشیدیش دەڵێت ئەی دوژمنی خوا، هەموو ئەو درۆیانەی کە کردوتن بە فەرموودە، هەریەك لە ئەبو ئیسحاقی فزاری و عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك، دانە دانە و پیت بە پیت جیای دەکەنەوە و دەری دەکەن لەوەی کە خەڵك بە فەرموودەیان بزانی[1]، بۆیە پێویستە واتێ نەگەین کە ئەم بەناو قورئانیانە بەرگری لە ئیسلام دەکەن و بوون بە پێشەنگ لە بەرگریکردن لە ئایین! ، بەڵکو ئەگەر زانایانی پێشین ئەم ئایینەیان بە گیان و ماڵیان نەپاراستایە، ئاوا بەم پارێزراویە نەدەگەیشتە دەستی ئێمە.

٣ـ هەبوونی گومان و کاریگەر بوون بە کەسانێك کە خۆیان بە "واقیعبین" دەزانن، بۆ نموونە، ڕۆژهەڵاتناسێك کە باسی ئایین دەکات، ئەو شتانەی کە لەگەڵ خۆیان گونجاوە بە باشی دەزانێت و هەندێکی دیکەی ڕەت دەکاتەوە، جارێك بەناوی ئەوەی ئەم فەرموودانە دژ و پێچەوانەن لەگەڵ ژیریدا، جارێك بەناوی ئەمەیان لەگەڵ لێبوردەیی و ڕۆحی ئیسلام یەکناگرێتەوە، جارێك بەناوی ئەوەیان لەگەڵ گەورەیی خوادا بەرامبەر ئەم مرۆڤە بچووکە هەر شیاو نیە، تا دواتر ... دەبینین کۆمەڵێك لە موسڵمانان شوێنی دەکەون و پێی سەرسام دەبن وەك ئەوەی کابرای ڕۆژهەڵاتناس شارەزاتر و دڵسۆزتر بێت بۆ ئایینەکەمان لە هەزاران زانای پێشینی ئەم ئوممەتە ! !

---

[1] بڕوانە: تذكرة الحفاظ (١/ ٢٠١).

٤ــ حــەزی ناوبــانگ دەرکــردن، زۆرجــار ئــەو قســە و بانگەشــەیەی خــەڵکانێك دەیکەن، خۆیشیان بڕوای تەواویان پێی نیـە، تـەنها دەیانـەوێت لـە ڕێـی بۆچـوونی جیاواز و شتانێك ئەگەرچی ڕەخنەگرتنیش بێت لە ئایین، خۆیان وا نیشان بدەن کە شتی جیاوازیان پێیە و نوێگەری دەکەن لە ئاییندا، وەکـو چـۆن (مصـطفی صـادق الرافعي) کە خاوەنی کتێبی (وحي القلم)ە دەڵێـت: "هەنـدێ لـە خـەڵکی دەیـەوێت نوێکردنەوە و تازەگەری لە ئایین و زمان و هەتا خۆر و مانگیشـدا بکـات، دەیـەوێت پێچەوانەی ئەوەی خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون کار بکات، ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە خەڵکەکە لە هەڵەدابن، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەیە کە بگوترێت فلانەکەس بۆچوون و شتی تـازەی پێیـە!"[1]. ئەمـەش بەڕاسـتی سـەرگەردانی و بێئاگابوونـە لـە قـەبر و قیامەت و بوغرابوون و ئاگا لەخۆ نەمانە لەم ژیانەدا!!

## چەند نموونەیەك لەو فەرموودانەی کە نەیارانی فەرموودە بەرپەرچی دەدەنەوە و گرفتە میتۆدی و دەرهاویشتەکانی:

### چەند نموونەیەك لەو فەرموودانەی کە نەیارانی فەرموودە ڕەتیان دەکەنەوە

زۆرێـك لـە نـەیارانی فـەرموودە گرفتیـان لەگـەڵ ئـەو فەرموودانـەدا هەیـە کـە دەربـارەی پــەنهان و نادیارەکـان (غیبیـات) دەدوێـن، دیـارە تێگەیشـتنی ئـەم فەرموودانە ئاسان نیە، بەتایبەت ئەگـەر پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) خـۆی ڕوونی نەکردبێتەوە، بۆیە ناکرێت مرۆڤی باوەڕدار بـە بیـانوی نـەگونجانیان لەگـەڵ ژیــری و تــەنها تێنەگەیشــتنی خــۆی ڕەتیــان بکاتــەوە، لەوانــەش بــە نموونــە فەرموودەکانی:

---

[1] بڕوانە: منهج قراءة التراث الإسلامي بين تأصيل العالمين وانتحال المبطلين (٢٥).

١- "إِنَّ فِي الجَنَّةِ لَشَجَرَةً يَسِيرُ الرَّاكِبُ فِي ظِلِّهَا مِائَةَ عَامٍ لاَ يَقْطَعُهَا" ئەنەسی کوڕی مالیك دەیگێڕێتەوە[1]. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (بەڕاستی بەهەشت درەختی وا گەورەی تێدایە، سوارێك (١٠٠) ساڵ بەژێر سێبەرەکەیدا دەڕوات هێشتا تێی نەپەڕاندووە، ئەوەندە دورودرێژە سێبەری ئەو درەختە).

٢- "اشْتَكَتِ النَّارُ إِلَى رَبِّهَا فَقَالَتْ: رَبِّ أَكَلَ بَعْضِي بَعْضًا، فَأَذِنَ لَهَا بِنَفَسَيْنِ: نَفَسٍ فِي الشِّتَاءِ وَنَفَسٍ فِي الصَّيْفِ، فَأَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنَ الحَرِّ، وَأَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنَ الزَّمْهَرِيرِ"، ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە[2]، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی ئاگری دۆزەخ گلەیی و بێزاری خۆی لە خزمەتی پەروەدگاردا کرد، وتی ئەی پەروەردگارم هەندێکم هەندێکمی خواردووە بەهۆی زۆری گەرماوە، جا مۆڵەتی دوو هەناسەم پێبدە، هەناسەیەك لە زستاندا و هەناسەیەکی تر لە هاویندا، بۆیە گەرمترین کاتی وەرزی هاوین هەناسەی ناوجەرگەی ئاگری جەهەننەمە و ساردترین کاتی زستان بەشی زەمهەریر و ساردەکەیەتی).

بەڵام ئەمڕۆ موسڵمانان ئەوەندەی بڕوایان بە بیردۆزێکی زانستی ناجێگیر هەیە، ئەوەندە بڕوایان بە بابەتە غەیبیەکان نیە. بڕوای وایە کە خۆر (٣٣٠٠٠٠) جار گەورەترە لە زەوی، چونکە زانست باسی کردووە، یاخود هەر شتێکی زانستی دیکە، دیارە ئەمە باشە، تەواوە و هەمووەمان قەبوڵمانە، بەڵام یەکێك لە هاوشێوەی ئەو فەرموودانەی کە باسمانکرد، بەلای هەندێك کەسەوە جێگەی گومانە، یاخود ئەمە ناچێتە عەقڵەوە، لەکاتێکدا فەرموودەکانیش بەپێی زانستی فەرموودە، ڕاست و دروستن. پێغەمبەری خوا کافران و سەرانی قورەیش نازناوی (أمین) ڕاستگۆی

١ پێشەوا بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (٣٢٥١) هێناویەتی.

٢ بوخاری، ژمارە (٣٢٦٠).

باوەڕپێکراویـــان پـــێ دابـــوو، کەچـــی بڕیـــاری ئـــەم موســـڵمانە! ڕەتکردنـــەوە و هەڵوەشاندنەوەی فەرموودەکەیە، بە بیانووی نەگونجاوێتی لەگەڵ عەقڵیدا!

٣- عەمری کوڕی مەیمون دەفەرموێت: (رَأَيْتُ فِي الجَاهِلِيَّـةِ قِـرْدَةً اجْتَمَـعَ عَلَيْهَـا قِرَدَةٌ، قَدْ زَنَتْ، فَرَجَمُوهَا، فَرَجَمْتُهَا مَعَهُمْ) واتە: (لەپێش هاتنی ئیسلامدا جارێکیـان بینیم مەیمونێك چەند مەیمونێکی تـر لێـی کۆبووبوونـەوە و بـەردەبارانیان دەکـرد، لەبەرئەوەی بەپێی یاسا و باوی خۆیان کارێکی نابەجێی کردبوو، کە جووت بووبـوو لەگەڵ مەیمونێکی تردا)[1]. دەڵێن چۆن شتی وا دەبێت؟ هەرگیز ژیریی ڕێگـە بەمـە نـادات، ئەمـە چ قسـەیەکە؟ چـۆن دەکـرێ لـەنێوان مـەیمون دا (أحکـام و حـدود) هەبێت؟ و قسەگەلێکی دیکە... کە لـە مـەجلیس و نێـو خەڵکدا باسـی دەکـەن بـە شێوەی گاڵتە و سوکایەتی! بەڵام گەر مرۆڤی ژیـر لـەم فەرموودەیـە وورد ببێتـەوە دەبینێت زۆر ڕاست و تەواوە، ویستی خوای گەورەیە کە ئەو شـتانە پیشـانی مـرۆڤ دەدات، چونکە خودای گەورە شتی ناوازەی لەو جـۆرە ڕووداوانـەی باسـکردووە لـە قورئاندا، لە کاتێکدا ئەو جۆرە مامەڵەیـە، لـە سروشـتی ئـەو گیانلەبەرانەشـدا نییـە وەکو دەفەرموێت: ﴿فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِـي الْـأَرْضِ لِيُرِيَـهُ كَيْـفَ يُـوَارِي سَـوْءَةَ أَخِيهِ قَالَ يَاوَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَـوْءَةَ أَخِـي فَأَصْـبَحَ مِـنَ النَّادِمِينَ﴾ (المائدة: ٣١). دیارە مامەڵەی قەلەڕەش لەنێو خۆیاندا بەو شێوەیە نیە! کەی قەلەڕەش مردووەکانیان لەگۆڕ دەنێن؟ ئایا دەکـرێ و دەتـوانین بڵـێین ئەمـە ڕاست نیە؟! بۆیە ئەگـەر بڕیـار بێـت ڕووداوی ڕەجـم و بـەردبارانکردنی مەیمونەکـە ڕەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەڵسـوکەوتێکی ئاسـایی سروشـتی ئـەو گیانلەبەرانـە نیـە، فەرموودەکـەش بـە نادروسـت هـەژمار بکرێـت، دەبێـت ڕووداوی ئایەتەکـەش ڕەتبکرێتەوە، ئەمەش پەنا بە خوا. کـەوابوو ئەمـە نیشـانەی تێنەگەیشـتنیانە لـەو فەرموودانەی کە ڕەتی دەکەنەوە.

---

[1] بوخاری، ژمارە (٣٨٤٩).

٤- عائیشه (ڕەزای خوای لیٚ بیٚت) دەفـەرمویٚت: كَـانَ النَّبـِيُّ ـ صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ ـ يَقُولُ فِي مَرَضِهِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ: "يَا عَائِشَةُ مَا أَزَالُ أَجِدُ أَلَمَ الطَّعَامِ الَّذِي أَكَلْتُ بِخَيْبَرَ، فَهَذَا أَوَانُ وَجَدْتُ انْقِطَاعَ أَبْهَرِي مِنْ ذَلِكَ السُّمِّ"[1]، واتـه: (پیٚغەمبـەری خـودا (دروودی خوای لەسەر) لـەو نەخۆشـییەی كـە وەفـاتیكرد تیایـدا، فـەرمووی: ئـەی عائیشـه ئیٚسـتاش هەسـت بـە ئـازار و شـویٚنەواری ئـەو خواردنـه دەكـەم كـە لـە "خەیبەر"دا خواردم، وەكو ئەوەی ئەو ژەهرە، شا دەماره خویٚنبەرەكانم ببڕیٚـت). دەڵیٚن ئەم فەرموودەیـە ڕاسـت نیـە و پیٚچـەوانەی ئایـەتی قورئانـە، ئـەوەتا خـوای گەورە دەفەرمویٚت: ﴿وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾، مادام خوای گەورە بڕیاری دابیٚـت كە پیٚغەمبەرەكەی بپاریٚزیٚـت ئـیتر ئـەو فەرموودەیـە چ مانایـەكی هەیـە؟ ئیٚمـەیش دەڵـیٚین: پاراسـتنی خـوای گـەورە بـۆ پیٚغەمبەرەكـەی (دروودی خـوای لەسـەر) پاراستنیبوو بۆ نەكوشتنی لـە كـاتی جەنگدا یـاخود كوشـتنی ڕووبـەڕوو، باشـترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە، كە ئەم ئایەتـە دابـەزی پیٚغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەر) بەو كەسانەی فەرموو كە حەزیان دەكـرد پاسـەوانیٚتی پیٚغەمبـەر بكـەن لـە شـاری مەدینـە، یـەكیٚك لـەو كەسـانە هـاوەڵی بـەڕیٚز، سـەعدی كـوڕی مالیـك بـوو، فەرمووی پیٚیان: "يا أيها الناس انصرفوا فقد عصمنا اللّه عزَّ وجلَّ"، ئەی خەڵكینە بگەڕیٚنەوە بۆ ماڵ و حاڵی خۆتان، بـەدڵنییاوە كـە خـوای گـەورە دەمانپاریٚزیٚـت[2]. چونكە پیٚغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پیٚویستی بـە پاریٚزگـاری لیٚكـردن هـەبوو، ئـەوەبوو لـە شـاری مەككـە، ئـەبو تالیـب و دواتـریش عەباسـی مـامی پشـتیوانی و بەرگری چاكیان لیٚدەكرد. دوای كۆچكردنیش پشتیوانان پاریٚزگاریان لیٚ دەكـرد لـە جولەكە و دووڕووەكان و سەرجەم قورەیش و دوژمنانی، دواتریش خوای گەورە بەم ئایەتە دڵنیایی تەواوی دا بە پیٚغەمبەر. بۆیە مەبەستی ئایەتەكە ئـەم لایەنانـە بـوو،

---

[1] بوخاری، ژماره (٤٤٢٨).

[2] بوخاری، ژماره (٢٨٨٥).

نەك ئازارە سروشتی و جەستەییەکان، چونکە پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) مرۆڤە، ئەوەتا لە جەنگی ئوحوددا ڕوومەتی موبارەکی خوێناوی دەکرێت و ددانی دەشکێنرێت، دەشفەرموێت: "لَقَدْ أُوذِيتُ فِي اللَّهِ وَمَا يُؤْذَى أَحَدٌ..."، واتە: (هیچ کەسێك بە ئەندازەی من ئازاری پێنەگەیشتووە لەپێناوی خوای گەورەدا...)[1].

٥- یەکێکی دیکە لەو فەرموودانەی کە ئەو بەناو قورئانیانە ڕەتی دەکەنەوە، فەرموودەی "سیحر"کردنە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە عائیشە دەفەرموێت: (سُحِرَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ حَتَّى إِنَّهُ لَيُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَفْعَلُ الشَّيْءَ وَمَا فَعَلَهُ، حَتَّى إِذَا كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ وَهُوَ عِنْدِي، دَعَا اللَّهَ وَدَعَاهُ، ثُمَّ قَالَ: "أَشَعَرْتِ يَا عَائِشَةُ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَفْتَانِي فِيمَا اسْتَفْتَيْتُهُ فِيهِ". قُلْتُ: وَمَا ذَاكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: "جَاءَنِي رَجُلاَنِ، فَجَلَسَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي، وَالآخَرُ عِنْدَ رِجْلَيَّ، ثُمَّ قَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ: مَا وَجَعُ الرَّجُلِ؟ قَالَ: مَطْبُوبٌ، قَالَ: وَمَنْ طَبَّهُ؟ قَالَ: لَبِيدُ بْنُ الأَعْصَمِ اليَهُودِيُّ مِنْ بَنِي زُرَيْقٍ، قَالَ: فِيمَا ذَا؟ قَالَ: فِي مُشْطٍ وَمُشَاطَةٍ وَجُفِّ طَلْعَةٍ ذَكَرٍ، قَالَ: فَأَيْنَ هُوَ؟ قَالَ: فِي بِئْرِ ذِي أَرْوَانَ". قَالَ: فَذَهَبَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فِي أُنَاسٍ مِنْ أَصْحَابِهِ إِلَى البِئْرِ، فَنَظَرَ إِلَيْهَا وَعَلَيْهَا نَخْلٌ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى عَائِشَةَ فَقَالَ: "وَاللَّهِ لَكَأَنَّ مَاءَهَا نُقَاعَةُ الحِنَّاءِ، وَلَكَأَنَّ نَخْلَهَا رُءُوسُ الشَّيَاطِينِ" قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَأَخْرَجْتَهُ؟ قَالَ: "لاَ، أَمَّا أَنَا فَقَدْ عَافَانِيَ اللَّهُ وَشَفَانِي، وَخَشِيتُ أَنْ أُثَوِّرَ عَلَى النَّاسِ مِنْهُ شَرًّا" وَأَمَرَ بِهَا فَدُفِنَتْ)[2]، واتە: (جادوو لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرا بە ئەندازەیەك کە جاری واهەبوو وایدەزانی کە کارێکی کردووە کەچی نەشیکردبوو، تا ئەوەبوو ڕۆژێکیان لە ماڵەکەی من بوو پاڕایەوە زۆر پاڕایەوە، پاشان فەرمووی: ئەی عائیشە، دەزانی کە خوای گەورە وەڵامی پاڕانەوەکەی دامەوە، چونکە پێغەمبەر داوای دەکرد کە خوای گەورە شیفای بدات و تێیشی

---

[1] ئیبن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (١٥١) هێناویەتی.

٢ بوخاری، ژمارە (٥٧٦٦).

بگەیەنێت هۆکاری ئەم ناڕەحەتیەی چیە؟ عائیشە دەڵێ: وتم چۆن؟ فەرمووی: دوو پیاو هاتن بۆ لام، یەکێکیان لای سەرمەوە دانیشت و ئەویتریان لای قاچمەوە، دواتر یەکیان بەویتریانی وت ئازار و ناڕەحەتی ئەم پیاوە چیە؟ وتی: جادووی لێکراوە، وتی: کێ لێیکردووە؟ وتی: لەبیدی کوڕی ئەعصەمی جولەکە لە هۆزی زورەیق، وتی: سیحرەکەی لەچی لێکراوە؟ وتی: بە شانەیەك و ئەو تاڵە مووەی کە جێدەمێنێت بە شانەکەوە و کیسی تۆوی دارخورما، وتی: ئەو سیحرە لە کوێ دانراوە؟ وتی: لەناو بیرێکی ئاودایە لە هۆزی زورەیق بەناوی "ژروان". دەفەرموێت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانی ڕۆیشتن بۆ سەر ئەو بیرە، بینیان خورمایەکی زۆری بەسەرەوە بوو، پاشان پێغەمبەر گەڕایەوە بۆ لای عائیشە، فەرمووی: سوێند بە خوا ئاوی ئەو بیرە ڕەنگی واگۆڕابوو دەتگوت خەنەی تێکراوە، خورماکانی سەریشی وەکو سەری شەیاتینی وابوو. عائیشە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا سیحرەکەت دەرکرد؟ فەرمووی: نەخێر، چونکە خوای گەورە منی ڕزگارکرد و چاکبوومەوە، ترسام دەرکردنی ئەو جادووە خەڵکی تووشی خراپە بکات. دواتر پێغەمبەر فەرمانیکرد بیرەکەیان پڕکردەوە). دەڵێن ئەم فەرموودەیە تێبینی و پرسیارگەلێکی زۆری تیایە و پێچەوانەی ئایەتەکانی قورئانە، لەم لایەنانەوە:

أ- دەڵێن جێگیربوونی فەرموودەی سیحرلێکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەبێتە ڕاست دەرچوونی قسەی کافرەکان، ئەوەبوو بێبڕواکان بە مسوڵمانەکانیان دەگوت ئێوە شوێن پیاوێك کەوتوون کە جادووی لێکراوە: ﴿إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾ (الفرقان: ٨). کەوابوو ئەو ڕووداوە ڕاست نیە ئەگەرچی لە سەحیحی بوخاریشدا هاتووە!

بەڵام دەڵێین: سادەترین "وەڵام" بۆ ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە ئەوەیە: خۆ ئەو کافر و بێبڕوایانە لە ئەنجامی ئەو حاڵەتەی کە بەسەر پێغەمبەردا (درودی خوای

لەسەر) هاتبوو ئەم قسەیان نەگوتبوو تا بڵێین خۆ قسەکەیان ڕاستە – پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەو کاتانەی کە سیحری لێکرابوو هەڵەی دەوت و ئاگای لەخۆی نەبوو –، بەڵکو ئەوە یەکێك بوو لە بوهتانەکانیان، ئەی ئەو کاتانەی کە پێیان دەگوت ساحیرە یاخود کاهینە، مانای ئەوە بوو کە سیحری دەزانی و فاڵگرتنەوەی بۆ کەس کردبوو؟ پاشان ئایەتی: ﴿إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾ تەنها لە دوو سورەتدا هاتووە لە قورئاندا، ئەوانیش: سورەتەکانی (الإسراء) و (الفرقان)ن، ئیمامی قورتوبی دەڵێت: "سورەتی (الإسراء) سەرجەم ئایەتەکانی "مەککین" جگە لە (٣) ئایەت نەبێت کە "مەدەنین"، ئەوانیش بریتین لە ئایەتەکانی: (٦٠، ٧٦، ٨٠)"[1]. پاشان دەربارەی سورەتی (الفرقان)یش دەڵێت: "سورەتی (الفرقان) هەمووی مەککییە لەسەر بۆچوونی زۆربەی زانایان"[2].

بۆیە دەڵێین: ئەم سورەتانە کە لە شاری مەککەی پیرۆزدا دابەزیبێتن چ پەیوەندییەکیان بە نەخۆشکەوتنی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) هەیە؟ چونکە ئەو کاتە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە شاری مەدینە بووە ڕووداوی سیحرلێکردنەکەی لەوێ ڕوویدا. بەڕاستی هەندێ قسە دەگوترێت جگە لە گومان دروستکردن و قسە ڕیزکردن بەدوای یەکدا هیچی تر نیە!.

پاشان خودی ئایەتەکەی قورئان خۆی بەرگریکردنە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾، واتە: (ستەمکارەکان دەیانوت ئێوە شوێن پیاوێکی جادوولێکراو کەوتوون)، ئەوانە ستەم دەکەن لەو قسەیاندا، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تووشی ئەو حاڵەتە نەبووە، خۆئەگەر ئەنجام و کاریگەری ئەو سیحرە بگەیشتایەتە ئەو ئەندازەیەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قسەی "هەڵەی"

---

[1] تەفسیری قورتوبی (٥/ ٥٤٦).

[2] تەفسیری قورتوبی (٧/ ٥).

بگوتایە، خوای گەورە پێش تووشبوون بەو قۆناغە، خۆی چارەسەری دەکرد، بەڵام خوای گەورە ویستی وانەبووە کە پێغەمبەرەکەی تووشی ناڕەحەتی لەو جۆرە ببێت، پاشان ئەگەر حاڵەتەکەی بەو جۆرە ببوایە خوای گەورە لە قورئاندا باسی دەکرد، هەر وەکو ئەوەی دوو سورەتی ناردە خوارەوە بۆ چارەسەرکردنی ناڕەحەتیەکەی، چونکە دوای ئەو نەخۆشیەش دابەزینی قورئان هەر بەردەوام بوو، ئەو کاتەشی کە سیحرەکەی لێکرا کاتی گەڕانەوەیان بوو لە ئاشتینامەی "حودەیبیە" ساڵی شەشی کۆچی.

ب ـ پاشان دەڵێن بڕگەیەکی دیکەی ئەو فەرموودە ئەوە نیشان دەدات کە سیحرەکە زاڵ بووە بەسەر پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)، بەڕادەیەك شتی لێ تێکچووە: (حَتَّى كَانَ يَرَى أَنَّهُ يَأْتِي النِّسَاءَ وَلاَ يَأْتِيهِنَّ)، واتە: (جاری وا هەبووە وایدەزانی کە لەگەڵ خێزانەکانی کۆبووەتەوە کەچی نەش چوو بووە لایان). بۆیە دەڵێن: ئەمانە لەگەڵ شکۆی پێغەمبەرایەتیەکەیدا ناگونجێن، کەوابوو ئەو فەرموودەیە ڕاست نیە.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا، ئیبن موفلیحی مەقدیسی دەڵێت: "وَكَانَ غَايَةَ هَذَا السِّحْرِ إِنَّمَا هُوَ فِي جَسَدِهِ وَظَاهِرِ جَوَارِحِهِ، لا عَلَى عَقْلِهِ وَقَلْبِهِ"[1]، واتە: (کاریگەریی ئەو سیحرە تەنها لەسەر جەستە و ئەندامەکانی بوو، نەك ئاوەزوو بیر و دڵی). پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەکو هەموو پێغەمبەرانی دیکە مرۆڤ بووە و تووشی ناڕەحەتی هاتووە، نەخۆشیش کەوتووە، بۆیە ئەویش کە سیحری لێکرا وەکو هەموو مرۆڤێك، کاریگەری لەسەر دروست بوو، بەڵام "کاریگەری لەسەر جەستەی نەك عەقڵی"، چونکە ئەقڵی جێگەی وەحییە و بڕگەی (حَتَّى كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ دَعَا وَدَعَا): تا ئەوەی ڕۆژێکیان زۆر ناڕەحەت بوو دوعایکرد و زۆر پاڕایەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاگای لە خۆی بووە بۆیە داوای لە خوای گەورە کردووە. ئیبن

---

[1] بڕوانە: الآداب الشرعية (٣/ ٨٦ ).

حەجەریش وادەڵێت[1]. بەهەمان شێوە قـازی عیـازیش وا دەڵێـت: "فَظَهَـرَ بِهَـذَا أَنَّ السِّحْرَ إِنَّمَا تَسَلَّطَ عَلَى جَسَدِهِ وَظَوَاهِرِ جَوَارِحِهِ لا عَلَى تَمْيِيزِهِ وَمُعْتَقَدِهِ": (بەڕاسـتی کاریگەری ئەو سیحرە تەنها لەسەر جەستە و ئەندامەکانی بوو نەك لەسەر هەست و بڕوای). ئەم ڕاستیەش لـە وتەکـەی خوشـکێکی خـودی لەبیـدی کـوڕی ئەعصـەمدا بەتەواوی دەردەکەوێ کە وتی: "إِنْ يَكُـنْ نَبِيًّـا فَسَـيُخْبَرُ، وَإِلا فَسَـيُذْهِلُهُ هَـذَا السِّـحْر حَتَّى يَذْهَب عَقْله": (ئەگەر پێغەمبەربێت ئەوە ئاگـادار دەکرێـت، خۆئەگـەریش نـا، ئەوە ئەو جادووە وای لێدەکات کە ژیریشی نەهێڵێ)[2].

کەوابوو ئەو سیحرە کاریگەری لەسەر جەستە و لەشی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کردبوو، نەك عەقڵی، چونکە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نەبیسـتراو نەگێڕدرایـەوە لـە هیچ هاوەڵێکەوە، کە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) کۆمەڵـە وتـە و بڕیـاریکی دابێت لەو کاتانەدا بەبێ ئاگاییانە، یاخود نەبیستراوە کە پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسەر) بەهۆی کاریگەری ئەو سیحرەوە لەو ماوەیـەدا ئاگـای لـە خـۆی نـەمابێت و نـەزانێت نوێـژی کـردووە یـان نـا؟ یـاخود نـەیتوانیبێت نوێـژی جەماعـەت بکـات و کەسێکی دیکە پێشنوێژی کردبێت بۆ موسڵمانان، تەنها لە کاتی نەخۆشی وەفاتیدا نەبێت، ئەگەر شتێکی لەو حاڵەتانەش ببوایە، دەبوایە هاوەڵێك بیگێڕایەتەوە.

پاشان لە بڕگەیەکی فەرموودەکەدا دەفەرموێت: "أَمَّا أَنَا فَقَدْ شَفَانِي اللَّهُ": (من خوای گەورە چارەسەری کردم)، ئەوە دەری دەخات کە ئەو حاڵەتە بریتی بووە لە جۆرێك نەخۆشی و دواتر خوای گەورە شیفای داوە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسـەر) بـەهۆی ئـەو سـیحرەوە تووشـی تێکـەڵبوونی عـەقڵی نـەبووە، لـە کـاتی ئاسایشیشدا وەکو سروشتی مرۆڤ، کە تووشی لەبیرچوون دەبێت، شتی بیر چـووە،

---

[1] بڕوانە: فتح الباري (١٠/ ٢٢٨).

[2] بڕوانە: فتح الباري (١٠/ ٢٢٧)، وذخـيرة العقبـى في شـرح المجتبـى (٣٢/ ٥٣)، وعـالم السـحر والشـعوذة (١٨٤).

چەند جارێك لە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژدا تووشی لەبیرچوونەوە بووە، ئەوەبوو جارێکیان بیری چووبوو کە لەشی گرانە ویستی پێشنوێژی بۆ موسڵمانان بکات، جبریل (علیه السلام) ئاگاداریکردەوە، ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ جَاءَ إِلَى الصَّلَاةِ فَلَمَّا كَبَّرَ انْصَرَفَ وَأَوْمَأَ إِلَيْهِمْ أَيْ كَمَا أَنْتُمْ ثُمَّ خَرَجَ ثُمَّ جَاءَ وَرَأْسُهُ يَقْطُرُ فَصَلَّى بِهِمْ فَلَمَّا انْصَرَفَ، قَالَ: "إِنِّي كُنْتُ جُنُبًا فَنَسِيتُ أَنْ أَغْتَسِلَ"، واتە: (پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە جارێکیدا کە هات بۆ نوێژ، نوێژی دابەست، هەرکە (أللّٰه أکبر)ی کرد لە نوێژەکە دەرچوو و بەئاماژە تێیگەیاندن کە لە شوێنی خۆتان بمێننەوە دواتر لە مزگەوت دەرچوو، پاشان گەڕایەوە، سەری ئاوی لێ دەتکا، نوێژەکەی تەواو کرد، کاتێ کە سەلامی نوێژی دایەوە فەرمووی من لەشم گران بوو و بیرم چووبوو کە خۆم بشۆم)[1]. ئەگەرچی پێشەوا تەحاوی دەڵێت: "ئەم بابەتە هەریەك لە ئەبو بەکرە و ئەنەس گێڕاویەتیانەوە، بەڵام لە زنجیرەی گێڕەرەوەکانیاندا قسە هەیە، پاشان دەڵێت واتای: (ثُمَّ دَخَلَ فِي الصَّلَاةِ عَلَى مَعْنَى...)، ئەوەی کە پێغەمبەر چووە نوێژەوە واتای ئەوەیە: کە خەریك بوو بچێتە ناو نوێژەکەوە، نەك نوێژی دابەستبێت"[2].

بۆیە ئەم حاڵەتانەشی بەسەرهاتووە بێ ئەوەی سیحریشی لێکرابێت، لەبیرچوونەوەش دژایەتی نیە لەگەڵ پێغەمبەرێتییەکەیدا و خۆیشی دەربارەی حاڵەتێکی وەکو بیرچوونەوە دەفەرموێت: "إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ، أَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ، فَإِذَا نَسِيتُ فَذَكِّرُونِي"[3]: (منیش مرۆڤم وەکو ئێوە، شتم بیر دەچێت وەکو ئێوە

---

١ دارەقوتنی بە ژمارە (١٣٦١ )، ئەبو داوود بە ژمارە (٢٢٨)، ئیبن ئەبی حاتەم بە ژمارە (٢٢٣٥) گێڕاویانەتەوە. ئیبن مولەقن لە کتێبی (البدر المنیر) (٤/ ٤٣٨) فەرموودەکە بە صەحیح دادەنێت، بەهەمان شێوە ئیمامی ئەلبانی بە صەحیحی داناوە لە کتێبی (صحیح وضعیف سنن أبي داود) ژمارە (٢٣٣).

٢ بڕوانە: شرح مشكل الآثار (٢/ ٨٧).

٣ بوخاری، ژمارە (٤٠١).

چۆن شتتان بیردەچێت، بۆیە کەشتێکم بیرچوو یادم بخەنەوە). دەشفەرموێت: "وَنَسِيَ آدَمُ فَنَسِيَتْ ذُرِّيَّتُهُ"[1]، واتە: (ئادەم شتی بیرچووەوە، بۆیە نەوەکانیشی شتیان بیر دەچێتەوە).

هەروەها ئیبن موفلیحی مەقدیسی دەڵێت: "هەندێ کەس دژایەتی ئەوە دەکەن کە بگوترێت پێغەمبەر سیحری لێکراوە، پێیانوایە کە ئەو ڕووداوە ناتەواوی نەنگی پێوەیە، یاخود دەڵێن دروستی ئەو ڕووداوە بڕوابوون بە شەرع ناهێڵێت، دیارە هەموو ئەمانە وتەگەلێکی ناتەواون، چونکە تووشبوون بە سیحریش وەکو هەریەك لە ئازار و نەخۆشی و ژەهراوییکردنەکەی وایە"[2].

هەروەها وتەی هەر یەك لە زانایان: ئیمامی جەصاص و ئەبوبەکری ئەصەم و جەمالەدینی قاسمی، کە دەڵێن فەرموودەی "سحر" لێکردنی ڕاست نیە مانای ئەوە نیە ئیتر دەبێت ئەم فەرموودەیە ڕەتبکرێتەوە، "لە کاتیکدا لەلای گەورە زانایانی دیکە دروستە"، چونکە چەندین فەرموودەمان هەیە زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی. جگە لەوەی ئەم زانا بەڕێزانەی ناومان هێنان لە ڕیزی ئەو کەسانەدا نین، کە بڕوایان بە فەرموودە نەبێت، بەڵکو ئەوان وایتێگەیشتبوون کە سیحرەکە کاریگەری لەسەر عەقڵی پێغەمبەر کردبێت و ئەمەش لەگەڵ پێگەی پارێزراوی ئەو ناگونجێت، بۆیە وەریان نەگرتووە.

٦- ڕەخنەگرتن لەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) باسی شێوازی ئاوابوونی خۆر و کڕنووشبردنی بۆ پەروەردگار دەکات، کە ئەبوزەڕ دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت: قَالَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ لِأَبِي ذَرٍّ حِينَ غَرَبَتِ الشَّمْسُ: "أَتَدْرِي أَيْنَ تَذْهَبُ؟"، قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: "فَإِنَّهَا تَذْهَبُ حَتَّى

[1] ئیمامی تیرمیزی بە ژمارە (٣٠٧٦)، حاکیم بە ژمارە (٢٠٤)، ئیبن حیببان بە ژمارە (٦١٦٧)، بەیهەقی بە ژمارە ( ٢٠٥١٩)، گێڕاویانەتەوە.

[2] بڕوانە: الآداب الشرعية (٣/ ٨٣).

تَسْجُدَ تَحْتَ العَرْشِ، فَتَسْتَأْذِنَ فَيُؤْذَنُ لَهَا وَيُوشِكُ أَنْ تَسْجُدَ، فَلاَ يُقْبَلَ مِنْهَا، وَتَسْتَأْذِنَ فَلاَ يُؤْذَنَ لَهَا يُقَالُ لَهَا: ارْجِعِي مِنْ حَيْثُ جِئْتِ، فَتَطْلُعُ مِنْ مَغْرِبِهَا، فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ العَزِيزِ العَلِيمِ﴾".[1] (جارێکیان پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) کە خۆر ئاوابوو بە ئەبوزەڕی فەرموو: ئەزانی خۆر ئەو کاتەی کە ون دەبێت، بۆ کوێ دەچێت؟ ئەویش فەرمووی خوا و پێغەمبەرەکەی شارەزاترن. پێغەمبەر فەرمووی: خۆر دەڕوات تا کڕنووش دەبات لە ژێر عەرشی خوای گەورەدا، پاشان مۆڵەت وەدەگرێت بۆ هەڵهاتنێکی تر و مۆڵەت دەدرێت، نزیکە کاتی ئەوە بێت کە بیەوێ کڕنووش ببات، بەڵام لێی وەرنەگیرێت و داوای هەڵهاتنێکی تر بکات، بەڵام مۆڵەتی نەدرێت، بۆیە پێی دەگوترێت: بگەڕێرەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە لێوەی هاتوویی ئەو کاتە خۆرهەڵدێت لە خۆرئاوابوونەوە، ئەم هەڵاتن و ئاوابوونەش وتەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێت: (خۆر بەرەو جێگای جێگیربوونی خۆی دەڕوات، ئەمەش ئەندازەگیری و کاری خوای بەهێزی خاوەن زانیارییە). دەڵێن: خۆر ئەو کاتەی کە لە شوێنێك ئاوا دەبێت لە شوێنێکی دیکە هەڵدێت، ئەم کارەشی بەردەوامە، بۆیە کاتێك نیە بڵێین خۆر بەگشتی دیار نەماوە و چووەتە جێگەیەکەوە کە هیچکام لە مرۆڤەکان نەیبینن، ئەم ڕاستیەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە هۆی هەبوونی ئەو هەمووە ئامێرە پێشکەوتووەوە دەزانرێت، کەواتە فەرموودەکە ناتەبایە لەگەڵ زانست.

دیارە ئەم قسەیە بە ڕواڵەت ڕاستە، بەڵام ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە لە پرسە نادیار و پەنهانەکان دەدوێت، دەکرێت تێگەیشتنی ڕواڵەتیانەی ئێمە بۆ فەرموودەکە هەڵەبێت نەك خودی فەرموودەکە، چونکە ئێمە نازانین ئەو شتەی کە ناو دەبرێت بە "ئاوابوون" لە زانستی خوای گەورەدا یانی چی؟ یاخود شێوەی کڕنووش و سەجدەبردنەکە چۆنە؟ بە بەڵگەی ئەوەی لە

---

[1] بوخاری، ژمارە (٣١٩٩).

قورئانیشدایە، خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ﴾ (الحج: ١٨)، واتە: (ئایا نازانیت و نابینیت کە ئەوەی لەناو ئاسمانەکان و لەناو زەویدا هەیە، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و چیاکان و دار و درەخت و حەیواناتیش و ...).

یاخود دەفەرموێت: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ (الإسراء: ٤٤)، واتە: (حەوت ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیەکیش کە تیایاندایە لە فریشتە و ئادەمیزاد و گشت دروستکراوەکانی تر، هەریەکە و بەشێوەیەك ناوی خودا بە بەرزی و دووری لە هەموو کەموکورتی و نەنگییەك دەهێنن، هیچ شتێکیش نیە لەو گەردوونەدا کە ناوی خودا بە بەرزی نەهێنێت، بەڵام ئەی بەندەکان ئێوە لەو شوکر و ستایشکردنەی ئەوان تێناگەن).

باشە ئەی بۆ ناپرسن شێوەی کڕنووشبردنی خۆر و مانگ دەبێت چۆن بێت؟ بۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمانبینی خۆر یاخود مانگ لار ببنەوە و خەڵك بیانبینێت کە ئەوە ئەو کاتانەیە کە کڕنووش دەبەن؟!! بۆیە کە باسی کڕنووشبردن دەکرێت نابێت شێوەیەی کڕنووشبردنی مرۆڤ بێت بە خەیاڵماندا، دەبێت ئەوەش بزانین مانای سجود لە (زاراوەدا)دا بە واتای " الخضوع" واتە: ملکەچی دێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی کە پێی دراوە، بۆیە ئەگەر باسی ڕەتکردنەوەی هەرشتێك بکرێت، کە ژیریی پەی پێ نەبات، دەبێت بە هەمان یاسا ئایەتەکانیش ڕەت بکرێنەوە! بۆ نموونە خوای گەورە لە قورئاندا وشەی "یوم" بۆ قیامەت بەکاردێنێت و دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ يَوْمًا عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ﴾ (الحج: ٤٧)، واتە: (تەنها ڕۆژێك لەلای خودای گەورە هێندەی هەزار ساڵی ئێوەیە کە دەیژمێرن)، یاخود دەفەرموێت: ﴿فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ (المعارج: ٤)، واتە: (لە ڕۆژێکدا کە درێژایی ئەو ڕۆژە بە ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە). دەکرێت ئێمە بڵێین

ئەو ڕۆژە هەمان ڕۆژی ئێمەیە؟ ئایە ئێمە چۆن لەوە تێبگەین کە تەنها ڕۆژێك بریتی بێت لە (١٠٠٠) ساڵ، یاخود (٥٠٠٠٠) ساڵ؟! بۆیە ئەگەر ئێمە گومان لە بابەتەکانی فەرمووده بکەین، دواتر دەقەکانی قورئانیش گومانی دەکەوێتە سەر! بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە پرسگەلێکی نهێنیین، گەر ئێمە تێیان نەگەین، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ڕەتیان بکەینەوە!! بۆیە ئەو دەقانەی کە دەربارەی پەنهانەکان دەدوێن، چ لە قورئاندا بن، یان فەرموودە، مادام خوای گەورە یاخود پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونکردنەوەی زیاتریان پێ نەداوە، باس لێکردنیان گومان و زەرەری ئیمانیی بەدواوەیە.

## چەن پێوەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە میتۆدیەکانی نەیارانی فەرموودە:

ڕوونکردنەوە و پێش چاو خستنی بەڵگە و بابەتەکان بە زانستیانە زۆر کات سوودی هەیە بۆ کەسانێك کە خوای گەورە ڕێنموونییان بکات، بۆیە لێرەدا چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو تا دۆستانی فەرموودە بەکاری بێنن لەگەڵ کەسی نەیار دەربارەی فەرموودە، ڕێنماییش بێت بۆ کەسانێك کە گومانێکیان بۆ درووست بووە دەربارە فەرموودە:

١- دڵنیابوون لە (درووستێتی و جێگیربوونی) فەرموودە (الصحة والثبوت)، پێش بەرگریکردن لێی، چونکە بەشێك لەو فەرموودانەی کە دەهێنرێنەوە لە لایەن نەیارانی فەرموودەوە و ڕەخنەی لێ دەگرن، فەرموودەی "لاواز و هەڵبەستراون".

٢- جیاکردنەوە لە نێوان ئەو فەرموودەیەی کە پێچەوانەی عەقڵە لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی کە پێوەرەکانی ژیریی مرۆڤ لێی تێناگات، چونکە زۆرێك لە غەیبیات ئاوەزی مرۆڤ پەی پێ نابات، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڕوادار پابەند بێت پێوەی.

٣- هەندێك لەو فەرموودانەی کە ڕەت دەکرێنەوە، هۆکارەکەی تێنەگەیشتنی ڕەت کارەکەیە، یاخود جێگیربوونی بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە لەلای، نەك

فەرموودەكە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئاوەزدا، كەوا بـوو دەبێـت جیـاوازیی بكرێـت لـە نێوان هەڵە تێگەیشتن و پێچەوانەبوونی لەگەڵ عەقڵدا، چونكە دەكرێت شتێك بەلای كەسێكەوە، لە كۆمەڵگەیەكدا هەڵە بێت، بـەڵام لـە كۆمەڵگایـەكی دیكـەدا ئاسـایی بێت، وەكو بە شوودانی كچ پێش گەیشتنی بە تەمەنی (١٨)ساڵی، یـاخود بابـەتی فرەژنیی، كە بەتایبەت ئێستا لە كۆمەڵگای خۆماندا مشتومڕیان زۆر لەسەرە.

٤ـ تێگەیشـتن و زانـینی مانـا و مەبەسـتی فـەرمووده گرنگـە، چـونكە زانایـانی فەرموودە ڕاڤەكەرانی هـەموو مانـا و مەبەسـتێكی فـەرموودەیان ڕوونكردووەتـەوە. واتـە دوای بەدواداچـوون بـۆ ئەسـڵی مەبەسـتی فەرموودەكـە، بـا بڕیـاری دەربـارە بدرێت، ئەویش لە لایەنی كەسی پسپۆڕ بە فەرموودەوە، چونكە هەنـدێكجار واتـای ڕواڵـەتی دەقەكـە نامۆیـە، بـەڵام زانایـان ڕوونیـان كردووەتـەوە كـە ئـەم واتایـە لـە فەرموودەكە مەبەست نیە و واتایەكی دیكەی لێ وەردەگیرێت.

٥ــ لـە كـاتی یەكنەگرتنـەوەی فەرموودەیـەكی (صـحیح) لەگـەڵ بابـەتێكی زانستییدا، دەبێت فەرموودەكە پێش بخرێت، چونكە زۆربەی بیرۆكـە زانسـتییەكان ناجێگیرن، ئەمڕۆ بەو شێوەیە زانراوە، دەكرێت لە داهاتوودا بیرۆكەكە گۆڕانكـاریی بە سەردا بێت و نموونەی ئەمەش ئێجگار زۆرە، بۆیە ئیبن تەیمیە دەڵێت: "ئـەوەی كـە لەلایـەن پێغەمبـەرەوە (دروودی خـوای لەسـەر) دەگوترێـت هـەمووی ڕاسـتە، هەندێك لە فەرموودە هەندەكـەی تـر تـەواو دەكـات و بـە تـەواوی گونجـاوە لەگـەڵ سروشتی دروستكراوەكاندا"[١].

٦ــ لـە كـاتی یەكنەگرتنـەوەی دوو فـەرموودەدا، پێویسـتە ڕەچـاوی یاسـای كۆكردنەوە و لادانی ناكۆكی نێوان بەڵگەكان بكرێت، چەندین نموونـەی لـەم جـۆرە هەیە زانایـان بـە ڕێگـەی گونجـاو و بـڕوا پێكـەر چارەسـەریان كـردووون[٢]. ئیمـامی

---

[١] بڕوانە: الرسالة العرشية (١/ ٣٥).

[٢] بڕوانە: كشف شبهات أعداء السنة (٣٥٩).

شافیعی دەڵێت: "لم نجد حديثَيْنِ مُختلفين إلا ولهما مَخرجٌ أو على أحدهما دلالةُ"[1]، واتە: (نەمبینیوە دوو فەرموودەی پێچەوانە بەیەك ئیلا هەریەكەیان ڕێگە و مەبەستی خۆی هەبووە، یاخود یەكیان بەڵگەبووە بۆ ئەوی تریان). ئبن خوزەیمە كە یەكێكە لە گەورە زانایانی فەرموودە دەڵێت: "هەست ناكەم دوو فەرموودە لە پێغەمبەرەوە گێڕدرابێتەوە بە سەنەدێكی دروست، دواتر دژبن لەگەڵ یەك، ئەگەر كەسێكیش دوو فەرموودەی دژ بەیەكی لەلایە بۆم بێنێت تا من گونجاوێتی لەنێوانیاندا دروست بكەم"[2]. هەریەك لە ئیمامی شافیعی و ئیبن قوتەیبەی دینەوەری و ئیبن فورەك و تەحاویش كتێبی سەربەخۆیان تایبەت بە ئیختلافی فەرموودە نووسیوە.

ئەمە چەند خاڵێك بوو كە گرنگە ئەهلی زانست ئاگای لێیان بێت، شتانی تریش هەن، بۆیە پێویستە كۆبكرێنەوە تاوەكو بەشێوەیەكی زانستیانە قسە لەگەڵ ئەو كەسانەدا بكرێت كە فەرموودە ڕەت دەكەنەوە.

### دەرهاویشتەكانی گومان دروستكردن لەسەر فەرموودە لە ڕووی ئایینداریيەوە:

ئاشكرایە كە زۆرێك لە یاساكانی ئایینی ئیسلام و ڕوونكردنەوەكان و درێژەی بابەتەكان، لە فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) وەرگیراون، بۆیە مەبەست لە بانگەوازی پەكخستنی فەرموودە، نەهێشتنی ئەو كۆمەڵە یاسا و ڕوونكردنەوانەیە تا ببێتە هۆكاری كەموكورتی دروستكردن بۆ ئایین و دواتریش گومڕاكردنی موسڵمانان و سەرلێشێواندنیان، چونكە لای گشت موسڵمانان زانراوە كە بێ پشتبەستن بە فەرموودە، چۆنیەتی و چەندێتی زۆرێك لە حوكمە گرنگەكانی شەریعەت تەنانەت پەرستشەكانیش نازانرێن، ئەمەش هەندێ لەو نموونانە:

---

[1] بڕوانە: الرسالة (٢١٦).

[2] بڕوانە: البحر المحيط في أصول الفقه (٨/ ١٦٧).

* ژمارەی ڕکاتەکانی نوێـژە فـەرزەکان، نوێـژی هـەینی و ژمـارەی ڕکاتـەکانی، وتـاری هــەینی و یاســاکانی، ئایـا دەکرێـت نوێـژی هــەینی فـەرزکرابێت، بــەڵام چۆنیەتیەکەی لەلای (نەوەکانی) دوای پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) نـەزانراو بێت؟ ئایا ئەم ناڕوونیە دواتر گومان و ڕەخنە بۆ سەر قورئـان دروسـت ناکـات، کـە گوایە ئیسلام ئایینێکە ڕوونکردنەوەی تەواوی بـۆ پەرسـتش و ئەحکامـەکانی خـۆی نەداوە؟

* پرسـی زەکـات، ئایـا زەکـات چـۆن دەربکرێـت و ئـەو سـامانانە کامانـەن کـە پێویستە زەکاتیان لێ دەربکرێت و ڕێژەی لـێ دەرکـەر و لـێ دەرکـراو و کاتەکـەی چەندە و چۆنە؟

* پاشـــان هەریـــەك لـــە دروشمـــەکانی وەکـــو: چـــۆنیەتی ڕۆژووگـــرتن و بەتاڵکـەرەوەکانی و حـەجکردن و پایـە و پێویسـتییەکانی، بابەتـەکانی "الحـدود" سنوور بە زاندنەکان، ڕوونکردنەوەی هەموو ئەمانە لە فەرموودەدا هاتوون.

* دەربارەی دزیکردن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّـارِقَةُ فَـاقْطَعُوا أَيْـدِيَهُمَا...﴾ (المائـدة: ٣٨)، واتـە: (دەسـتی دزی پیـاو و ئـافرەت بـبڕن)، تـەنها دەفەرموێت: دەستی دز ببڕن، ئیتر ئایا دەستەکە لە چ جێگەیەکدا ببڕدرێـت؟ ئایـا دەستی ڕاستی، یاخود چەپی بێت؟ ئەندازەی ئەو ماڵەی کە دەیدزێت چەنێك بێت؟ هیچ یەك لەمانە باس نەکراوە.

خۆ ئەگەر دەشڵێن ئەمانە شـتی (کـردارین) بۆیـە ئەوانـە بەڵگـەن و کاریـان پـێ دەکرێت، دەکرێت بپرسین:

یەکەم/ چ بەڵگە و یاسایەکیان پێیە بڵێ فەرموودە بەشە کردەییەکانی بەڵگەیە، بەڵام گوفتاریەکانی نا، ئەم جیاکاریە لە کوێوە هاتووە؟ ئارەزووی کێ ئەم بڕیارەی داوە؟!

دووەم/ مەگـەر ئـەو فەرموودانـەی کـە بابەتـە "کردەییـەکانیان" باسـکردووە و جێگیرکردووە هەر بە ڕیوایـەت نەگەیشـتوون بـە ئێمـە؟ بۆچـی ئـەوان بـە ڕاسـت و دروست ماونەتەوە، بەڵام گوفتاریەکان نا؟!

* پاشان لە بواری قەدەغەکردنەکاندا:

أ- حەرامکردن و قەدەغـەکردنی بـەکارهێنان و پۆشـینی ئـاڵتوون و ئاوریشـم بـۆ پیاوان.

ب - قەدەغەکردنی چێژوەرگرتن لە ئافرەتێك بۆ ماوەیەکی کاتی (المتعة).

ج - کۆبوونەوەی پیاو لەگەڵ هاوسەری لە کاتی بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزاندا.

د - قەدەغەکردنی خواردنی گۆشـتی هـەموو ئـەو گیانلەبەرانـەی کـە "کەڵبـە یـا نینۆکی" چەماوەیان هەیە.

هـ - حەرامێتی خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی.

و - حەرامێتی ڕیبای (فضل) لە پارەو خواردەمەنیدا و درێژەی باسی ڕیبا.

ز- حەرامێتی هەموو ئەو شتە تازانەی کە مرۆڤ بێهۆش و سەرخۆش دەکەن.

دیارە هەموو ئەمانە فەرمانی قەدەغـەبوونیان لـە فـەرموودەدا هـاتووە، قورئـان ڕوونی نەکردوونەتەوە، هەندێکیشیانی هەر باس نـەکردووە، زۆر بابـەتی دیکـەیش. ئەمە جگە لەوەی کۆدەنگی زانایان هەیە کە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان پێویستیان بــە ڕوونکردنــەوەی پێغەمبــەر (درودی خــوای لەســەر) هەیــە، خــوای گــەورە دەفـەرموێت: ﴿وأَنْزَلْنَـا إِلَيْـكَ الـذِّكْرَ لِتُبَـيِّنَ لِلنَّـاسِ مَـا نُـزِّلَ إِلَـيْهِمْ﴾، واتـە: (ئێمـە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاند تا بۆ خەڵکی ئـەوە ڕوون بکەیتـەوە کـە بۆیـان هێنراوەتـە خوارەوە، بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و تێبفکرن).

پێشەوا شافیعی دەڵێت: "وسُنَنُ رسول الله مع كتـاب الله وجهـان، أحـدهما نـص كتاب فاتّبَعَهُ رسول الله كما أنزل الله، والآخر جملة بَيّن رسول فيه عـن الله معنـى مـا

أراد بالجملة وأوضَحَ كيف فَرَضها عامّاً أو خاصا..."[1]، واتـه: سونەتی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ قورئاندا دوو شێوەیە:

یەکەمیان: ئەو دەقانەی کە ماناکەیان ڕوونە، ئەم جۆرەیان پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) تەنها شوێنی کەوتووە.

دووەمیان: ئەو ئایەتانەی کە بەشێوەیەکی کورتی باسی لە شتەکان کردووە، بۆیە پێغەمبەر ئەم جۆرەیانی ڕوونکردووەتەوە، ئەو ئایەتانەشی کە بەشێوەیەکی گشتی (عام) دواون، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تایبەتیکردوون.

هـەروەها ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: "إنَّ السُّنَّةَ تُفَسِّرُ الْكِتَابَ وَتُبَيِّنُهُ"، واتـە: (فـەرموودە شیکەرەوە و ڕوونکـەرەوەی قورئانـە)[2]. بۆیـە ئـەم کەسانە ئەگـەر مەبەستیان بە گەورە گرتنی قورئانە لە گەڕانەوەی هەموو شتەکان بۆ لای قورئـان، ئەوە با دڵنیابن لەوەی کە گەورەترین کێشە بەسـەر قورئانـدا دێـنن، چـونکە مـرۆڤ ناتوانێت بەبێ فەرموودە لە مەبەستەکانی قورئان تێبگات، پاشان بە ڕەتکردنەوەی فەرموودە گرفت لە تێگەیشتنی هەریـەك لـەم بابەتانـەدا دروست دەبێت و دەیـان ڕاجیایی و ناکۆکی دروست دەبێت لەسەریان.

بۆیـە لـە کـۆی هـەموو ئـەم شتانەی کـە باسمـانکرد دەردەکـەوێت زۆرێـك لـە ئاییـنداری ئێمـە بـە فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) چەسـپیوە، پێغەمبەریش خـوای گـەورە بـۆ ڕوونکردنـەوە و گەیانـدنی ئـەم ئایینـە ناردویـەتی، کەوابوو حساب نەکردن بۆ فەرموودە ئاڵۆزێتی و پشێوییەکی زۆر لە ئاییندا دروست دەکات.

---

[1] بڕوانە: الرسالة للشافعي (٩٠).

[2] بڕوانە: الجامع (٢٣٥٤)، والكفاية (١٤).

**بنەما سەرەکیەکانی نەیارانی فەرمووده و وەڵامدانەوەیان:**

**گرنگترین بابەتە قسە لەسەرکراوەکانی ڕتکەرەوانی فەرمووده**

ئەو بابەتە سەرەکیانەی کە ڕەتکەرەوانی فەرمووده قسەی لەسەر دەکەن و کردوویانن بە هۆکاری ڕەتکردنەوەی فەرمووده بریتین لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم/ بەهانەی ئەوەی کە تەنها قورئان بەسە و پێویستمان بە سونەت نییە.

دووەم/ تەنها فەرموودەی (موتەواتر) زانست دەبەخشێت و دەکرێت وەربگیرێت، بەڵام فەرموودەی (آحاد) لەبەر ئەوەی جێی گومانە وەرناگیرێت.

سێیەم/ دوری نێوان سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و نووسینەوەی فەرمووده و نەپارێزراوێتی فەرمووده وەکو قورئان.

چوارەم/ دژایەتی بەشێك لە فەرمووده لەگەڵ قورئاندا.

پێنجەم/ سەرزەنشتکردنی خوای گەورە لە قورئاندا بۆ پێغەمبەر نیشانەی وەرنەگرتنی قسە و کردەوەکانییەتی.

شەشەم/ ڕێگەنەدان بە نووسینەوەی فەرمووده لە سەرەتادا.

حەوتەم/ ڕەخنەگرتن لە گێڕەرەوانی فەرمووده وەکو ئەبوهورەیرە و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس...، دواتریش تۆمەت بۆ گێڕەرەوانی فەرمووده لە ڕووی دادگەری و توانای بیر و لەبەرکردنەوە.

هەشتەم/ بەهانەی دژایەتیکردنی فەرمووده لەگەڵ ژیریدا.

نۆیەم/ دژبوونەوەی سونەت لەگەڵ هەندێ بابەتدا کە زانست بەڕاست دەریخستون.

**وەڵامدانەوەی هەندێ لەو گومان و بابەتە قسە لەسەرکراوانە**

پشتیوان بەخوای گەورە لێرەدا وەڵامی هەندێك لەو ڕەخنانە دەدەینەوە کە نەیارانی فەرمووده بیستویانە کە ئەو فەرموودانە قسەیان لەسەرکراوە بۆیە ئەمانیش قسەی لەسەر دەکەن.

**دەربارەی خاڵی یەکەم:** ئەگەر پێیانوایە کە قورئان ﴿تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ﴾ و ڕوونکردنەوەی هەموو شتەکانی تیایە، دەڵێین کە گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فەرمانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هەر وتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (ئەی موسڵمانان ئەوەی پێغەمبەر پێتان ڕادەگەیەنێت جێبەجێی بکەن و هەرچیەکیش کە لێتانی قەدەغە دەکات و فەرمانتان پێدەکات نەیکەن ئەوە خۆتانی لێ لابدەن و مەیکەن). خوای گەورە خۆی ئیمانداران ڕێنوێنی دەکات کە گوێڕایەڵی تەواو ئەنجام بدەن بۆ نێردراوەکەی، جا ئەو گوێڕایەڵیکردنەش تایبەت نیە بە سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، بەڵکو فەرمانەکە هەتا ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەم ژیانەیە، بۆیە دەبێت سونەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دادوەری بکات لە ژیانی بڕواداراندا[1].

خۆ ئەگەر خوای گەورە خۆی ویستی نەبوایە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەو بابەتانەی ڕوون نەدەکردەوە کە لە قورئاندا درێژەیان باس نەکراوە، ڕێگەیشی بە پێغەمبەر نەدەدا باسیان بکات، چونکە ئەگەر وەك دەڵێین ئەو باسکردنە سەرچاوەیەکی دژ و پێچەوانەی قورئان بێت، دەبێتە هۆکاری سەرلێشێواندنی موسڵمانان، بۆیە توێژەر پرسیارێك دووبارە دەکاتەوە: ئەوان کە دەڵێین قورئان هەموو شتێکی باسکردووە! بە بەڵگەی ئایەتەکانی: (مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ) و (تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ)، ئەی بۆ بە ئایەتێك باسی ئەوەی نەکردووە کە وتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تەنها لە سەردەم و ژیانی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت، دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نابێت قسەکانی جێبەجێبکرێت، چونکە گۆڕانکاری و دەستتێوەردان تێیدا ڕوو دەدات، بۆ ئەم شتە

---

[1] بڕوانە: إعلام الموقعين عن رب العالمين (٢/ ٤٠١).

یەکلایی نەکراوەتەوە، خۆ خوای گەورە زانایە کە ئەم گرفتانە لەسەر فەرموودە ڕوو دەدەن؟!

پاشان پێشەوا شافیعی، دەربارەی ئایەتی ﴿تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ﴾ دەڵێت: "ڕوونکردنەوە "البيان" ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ چەند بنەمایەك کە چەندین پەلی لێدەبێتەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیە گشتییە و داگرندەی هەموو مەبەستە سەرەکیەکانە، هەیانە بڕیار و فەرزبوونی بە قورئان دراوە، بەڵام چۆنێتییەکەی لەسەر زمانی پێغەمبەر ڕوونکردووەتەوە، وەکو ژمارەی نوێژەکان، زەکات دان و کاتی دەرکردنی..."[1].

ئیمامی خەتتابی دەڵێت: "ڕوونکردنەوەکانی قورئان دەبێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم/ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لە خودی ئایەتەکەدا زۆر بە ڕوونی باسکراوە.

دووەم/ ڕوونکردنەوەیەکی نادیار، یاخود کەم کە لە خوێندنەوەی ئایەتەکە هەندێ مەبەستی تێدەگەیت، بۆیە ئەوەی کە لەم جۆرەیە درێژەی ڕوونکردنەوەکەی سپێردراوە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، هەر ئەوەش مەبەستی ئایەتەکەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِتُبينَ للناس ما نُنزلَ إليهم ...﴾"[2].

بەڵێ زانایانی پێش ئێمە ئەوە نەبێت مانای ئەم ئایەتانەیان نەزانیبێت، یاخود قورئانیان بە کەم و کورت هاتبێتە پێش چاو، بۆیە پەنایان بردبێتە بەر فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تا ببێتە سەرچاوەیەکی دیکە نەخێر، چونکە ئەوان دەیانزانی کە ناردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی قورئانە، بۆیە پێشەوا بەیزاویش دەربارەی (تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ) دەڵێت: "(لِكُلِّ شَيْءٍ) بۆ هەموو شتێکی بابەتەکانی ئایین بە دوور و درێژی، یاخود بە کورتی، بەڵام هاوڕێ لەگەڵ گەڕانەوە بۆ سونەتی پێغەمبەر (درودی خوای

---

[1] بڕوانە: الرسالة (٢١).

[2] بڕوانە: معالم السنن للخطابي (١/ ٨).

لەسەر)"[1]. ئیمامی ئالوسی دەڵێت: "پەڕاوی خوای گەورە کە ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی تیایە، لەو ڕووەوەیە ڕاستەوخۆ هەندێ شتی باسکردووە، ڕەوانەکردنی هەندێك پرسی تر بۆ ڕوونکردنەوەی سونەت"[2].

هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەم شێوەیە لە قورئان و وتەی پێغەمبەر تێگەیشتبوون، بۆ نموونە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، ئەو کاتەی کە فەرمووی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "لعنَ اللهُ الواشماتِ والمُستَوشِماتِ"[3]. ئەم وتەیە گەیشتە ئافرەتێك لە نەوەی ئوم یەعقوب، کە ئافرەتێکی قورئان خوێن بوو، ئەم ئافرەتە هات بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، وتی: قسەیەکی تۆ گەیشتووە بە من، کە تۆ وتووتە ئەو کەسانەی خاڵ دەکوتن نەفرین لێکراون. عەبدوڵڵا فەرمووی چۆن نەفرین نەکەم لەم جۆرە کەسانە لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەفرینی لێ کردوون و کاری خراپی ئەوان لە قورئاندا باسکراوە. ئەوجا ئافرەتەکە گوتی: من قورئانم لەمسەر بۆ ئەوسەر خوێندۆتەوە باسی لەو جۆرەم نەبینیوە. دواتر عەبدوڵڵا فەرمووی: دیارە کە قورئانت خوێندووەتەوە و ئەم ئایەتەشت بینیوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾: (ئەوەی کە پێغەمبەر فەرمانتان پێدەدات وەریبگرن و جێبەجێی بکەن، ئەوەشی قەدەغەی دەکات لێتان لێی دووربکەونەوە).

بە هەمان وەڵام، عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزید فەرمانی کرد بە پیاوێك کە لە (ئیحرام)دا بوو و پۆشاکەکانی لەبەردا بوو، پێی وت کە پۆشاکەی لاببات و پۆشاکی ئیحرام بپۆشێت. پیاوەکە وتی: ئایەتێکم بۆ بێنە لە پەڕتووکی خوای گەورەدا کە

---

[1] بڕوانە: أنوار التنزيل وأسرار التأويل (٣ / ٢٣٧).

[2] بڕوانە: روح المعاني (١٤/ ٢٤١).

[3] بوخاری، ژمارە (٥٩٣١).

باس لەم بابەتە بکات تا پۆشاکەکەم لاببەم. ئـەویش ئـەم ئایەتـەی بـۆ خوێنـدەوە ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا...﴾[1]. هـەمان وەڵامـیش لـە ئیمامی شافعییەوە هەیە کە کاتێك کەسێك لـە ئیحرامـدا زەردەواڵەیـەك دەکوژێـت، فەرمووی: هیچ کەفارەتێکی ناکەوێتە سەر، دواتر کەسـەکە گـوتی: ئـەم بابەتـە لـە کـوێی قورئانـدا هەیـە، ئیمـام فـەرمووی: خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا...﴾. بۆیە ئەو ئایەتانەی کە ئـەوان دەیکەنـە بەڵگەی ئەوەی کە تەنها قورئان بەسە، لێی تێنەگەیشتوون[2].

**دووەم: تەنها وەرگرتنی فەرموودەی (موتەواتیر) و ڕەتکردنـەوەی (ئاحـاد):**

سەرەتا دەڵێم لـە زیـادە قسـەکردنە ئـەمڕۆ کـە ئێمـە دەربـارەی بـە بەڵگـە بـوونی فەرموودە قسە دەکەین و دەنووسین لە کاتێکدا ماوەی (١٤) سەدەیە لە نێو گشـت مسوڵمانانـدا فەرموودە سەرچاوەی دووەمی ئەم ئیسلامەیە. ئەم کۆمەڵە لە نەیارانی فەرموودە بۆ ئەوەی کارەکەیان سەربگرێت و کەسانێکیش بڕوایان پێبکەن هـاتوون بانگەشەی کارکردن بـە فـەرموودەی موتـەواتیر دەکـەن، چـونکە نـاتوانن بەگشـتی ڕەتی فەرموودە بکەنەوە، لە کاتێکدا ژمارەی فەرموودە موتەواتیرەکان زۆر کەمن و لـە ئەنجامـدا وەك ئەوەیـە کـۆی فـەرموودە ڕەت بکەنـەوە، بۆیـە ئێمـە دەڵـێن: بانگەشـەی ڕەتکردنـەوەی فـەرموودەی (آحـاد) بـە بەڵگـەی ئـەوەی تـەنها گومـان دەبەخشن و زانستی یەکلاکەرەوە نابەخشن ناڕەوایە لە چەن لایەنێکەوە:

**یەکـەم/** پـۆلێنکردنی فـەرموودە بـۆ موتـەواتیر و ئاحـاد پشـت دەبەسـتێت بـە سەیرکردنی ژمارەی گێڕەرەوانی فـەرموودە، گـەرنا لـە خـودی خۆیـدا ئـەم پۆلێنـە بـوونی نیـە و فـەرمان بـە بـڕوادار کـراوە شـوێنکەوتەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای

[1] بڕوانە: الشريعة (٦٠٠)، والإبانة (٨٢).

[2] بڕوانە: تثبيت حجية السنة ونقض أصول المنكرين (٧٨- ٧٩).

لەسەر) بێت، چ بەڵگەیەك یان یاسایەك هەیە بڵێ بابەتە "عەمەلیەكان" یاخود فەرموودەی "موتەواتیر" بەڵگەن، بەڵام بوارە گوفتاریەكان یاخود فەرموودە ئاحادەكان نابنە بەڵگە؟!

**دووەم/** ئەو فەرموودانەی كە ئایەتەكانیان ڕوونكردووەتەوە زۆربەیان ئاحادن، لەهەمانكاتدا بە كۆدەنگی زانایان ئەو ڕوونكردنەوانە بە پێویست هەژمار كراون و وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەی كە ئێوە دەڵێن قورئان ڕوونكردنەوەی هەموو شتێكی تیایە، دەبوو ئەم پرسە گرنگانەی ڕوونكردبایەوە و جێی نەهێشتایە بۆ فەرموودەگەلێك كە بە ڕێگەی ئاحاد دەگەن بە ئێمە، گەر ئەم فەرموودانە بەڵگە نەبونایە، چونكە پەروەردگار زانایە بەوەی ڕووی داوە و ڕوو دەدات.

**سێیەم/** فەرموودەی ئاحاد بەڵگەیە لە ڕووی سروشتی ئایینەوە، چونكە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بابەتە بنەڕەتیەكانی ئاییندا وەكو بانگەوازكردن بۆ ئایینی خوای گەورە "یەك" كەسی كردووە بە نێردراوی خۆی، هەر لە پێغەمبەرانەوە هەتا كەسێكی ئاسایی كە بانگەوازی خەڵكی دەكەن بۆ دینداری، واتە یەك كەس بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە كۆی ئایین بە خەڵكی بگەیەنێت، دەی چۆن گەیاندنی كۆی ئایین لەلایەن كەسێكەوە ڕەوایە، بەڵام گەیاندنی تەنها بابەتێكی لاوەكی ڕەوا نیە؟!

**چوارەم/** بە هەڵگۆزینی بڕیارە شەرعیەكان دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە بەڵگەی زەننی لە فیقهدا وەردەگیرێت و هیچ زانایەك نەیوتووە هەر بەڵگەیەك یەكلاكەرەوە نەبێت لە فیقهدا وەرناگیرێت، چونكە ئەگەر ئەم قسەیە بكرێت دەبێت زۆربەی ئایەتەكانی قورئانیش وەلابنرێن، لەبەر ئەوەی واتایان ناكۆكی لەسەرەو بڕاوە نین، بۆ نموونە (لمس) بەواتای دەست لێدانە یان سەرجێیی؟ (قُرء) بەواتای سوڕی مانگانەیە یان پاكبوونەوە لێی... و دەیان نموونەی دیكە، هەر ڕایەك وەربگریت

دەتوانی بڵێیت ئەمە لای من ڕای بەهێزە، بەڵام ناتوانیت بڵێت جێی گومان و ناکۆکی نیە و بڕاوەتەوە.

**دەربارەی خاڵی سێیەمیش:** کە دەڵێن بۆیە فەرمووده ڕەت دەکەینەوە لەبەر دووری نێوان ئێمە و پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، لەم ماوە زۆرەشدا کەسانێکی زۆر دەستیان خستۆتە ناو فەرموودە و شێواندوویانە، بۆیە تەنها دەبێت کار بە قورئان بکرێت. دەڵێین: ئەم قسەیە ڕاست نیە بەپێی مەبەستەکەی ئەوان، لەبەر ئەوەی:

**یەکەم/** تەنها کێشەی ئەوان دور و نزیکی کاتیان نیە بۆ وەرگرتن و وەرنەگرتن، یاخود دروستی و نادروستی فەرموودە، چونکە ئەوەتا:

أ- تابیعی بەڕێز ئەیوبی سەختیانی کە لە ساڵی (٦٨ك) لەدایکبووە، دەفەرموێت: "هەرکات قسەت بۆ کەسێك کرد بە سونەت، بەڵام ئەو گوتی واز لە سونەت بێنەو بە قورئان بدوێت بۆمان، چاك بزانن کە ئەو کەسە گومڕاو گومڕاکەرە"[1]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر لەو ساڵانەی سەرەتاوە کەسانی دوژمن بە فەرموودە بوونیان هەبووە، هەروەکو چۆن دژایەتی خودی پێغەمبەر کراوە ئاواش دژایەتی قسەکانی کراوە.

ب- ئیمامی شافیعی کە لە ساڵی (٢٠٤ك) دا وەفاتی کردووە لە کتێبی (الأم)دا، لە کتێبی (جماع العلم)دا ناونیشانێکی هێناوە بەناوی (باسی گێڕانەوەی وتەی ئەو کۆمەڵەی کە فەرموودەکان بە گشتی ڕەتدەکەنەوە)[2]، کە ئەو لەوکاتەدا وەڵامی قسەی ئەو کەسانەی داوەتەوە، کە بڕوایان بە فەرموودە نیە.

ج- ئیمامی بەیهەقی کە ساڵی (٤٥٨ك) وەفاتی کردووە، فەرموودەیەك لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە دەگێڕێتەوە، کە پیاوێك بە عیمران دەڵێت: ئەی باوکی

---

[1] بڕوانە: سير أعلام النبلاء (٤/ ٤٧٢).

[2] بڕوانە: الأم (٧/ ٢٨٧)، وجماع العلم (١/ ٤).

نوجەید، ئێوە فەرموودەگەلێکمان بۆ دەگێڕنەوە کە بابەتی لەوشێوەیە لە قورئاندا بوونی نیە. بۆیە عیمران تووڕە دەبێت، بە کابرا دەڵێت: تۆ قورئانت خوێندووەتەوە؟ پیاوەکە دەڵێت: بەڵێ. عیمرانی کوڕی حوصەین دەڵێت: لە چ جێگەی قورئاندا بینیوتە کە بفەرموێت نوێژی عیشا (٤) ڕکات و مەغریب (٣) و بەیانی (٢) و نیوەڕۆ (٤) و عەصر (٤) بێت؟ پیاوەکە دەڵێت: نەمبینیوە. دواتر عیمران دەفەرموێت: ئەی ئەم دیاریکردنە لە کێوە وەرگیراوە؟ ئایا ئەم چۆنیەتییانە لە ئێمەوە وەرتان نەگرتووە؟ ئێمەش لە پێغەمبەرەوە وەرمان گرتووە؟ پاشان فەرمووی: دەربارە زەکاتدانی پارە لە هەر (٤٠) درهەمێك یەك درهەم دەدرێت، زەکاتی مەڕومالأت لە هەر (٤٠) سەرێك یەك سەر دەدرێت، بەهەمان شێوە زەکاتی وشتر، ئایا هەریەك لەمانەی باسمکرد، لە قورئاندا باسی کراوە؟ پیاوەکە گوتی: نەخێر! پاشان باوکی نوجەید فەرمووی: لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ (الحج: ٢٩)، واتە: (سوڕانەوە بکەن بە دەوری ماڵی خوای گەورەدا)، ئایا لە قورئاندا باسی (٧) جار سوڕانەوە دەکات؟ باسی ئەوە دەکات کە دوو ڕکات نوێژ بکەیت لە پشتی "مقام إبراهم"وە؟ ئەمانەتان لە کێوە وەرگرتووە؟ ئایا لە ئێمەوە وەرتاننەگرتووە؟ ئێمەش لە پێغەمبەری خواوە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ. دواتر عیمران گوتی ئایا هەریەك لەم شتانە لە قورئاندا قەدەغەبوونیان باسکراوە؟: (وَلا جَلَبَ)، واتە: (ئەو کەسەی کە تێخوڕین و هەڵنان بۆ ئەسپی پێشبڕکێ دەکات)، (وَلا جَنَبَ)، واتە: (ئەو کەسەی کە ئەسپێك نزیك دەکاتەوە لە کەسی پێشبڕکێ کارەوە بۆ ئەوەی کە ئەسپەکەی هیلاك بوو ئەمی تریان بەکار بێنێت)، (ولا شِغَارَ فِي الْإِسْلامِ)، واتە: (ئەوەی دوو کەس خوشکەکانی خۆیان بدەن بە یەك و هیچ مارەییان نەبێت)؟ ئەو پیاوە گوتی: نەخێر، پاشان

عیمران گوتی: دەی بزانە کە خوای گـەورە لـە قورئانـدا دەفـەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا...﴾، بۆیـە ئێمـە شـتانێکمان لـە پێغەمبـەری خـواوە وەرگرتـووە کـە ئێـوە هـیچ زانیارییـەکتان دەربـارەی نیـە ئەگـەر سـونەت نەبوایە[1].

هەروەها ئیبن موبارەك کە لە ساڵی (١٨١ك) وەفاتی کردووە، لە کتـێبی (الزهـد والرقائق)، (باب في لزوم السنّة)دا هێناویەتی. لە هەریەك ئەم شوێنانەشـدا هـاتووە: ئیبن ئەبی عاصیم، لە کتێبی "السنة" و محەمەدی کوڕی نەصری مروزی لە کتـێبی "تعظيم قدر الصلاة"[2]. ئیمامی تەبەرانی و ئەبو داوود، هێناویانە[3].

پاشـان وەك لـە زانسـتەکانی (الرجـال) و (الجـرح والتعـديل) و فەرموودەناسـیدا ئامـاژەی پێـدراوە زنجیرەگـەلێکی گێڕانـەوە هەیـە کـە پێیـان وتـراوە "زنجـیرەی ئاڵتونی"، بۆ نموونە ئەگەر فەرموودەیەك ئەم پێشەوایانە بیگێڕنـەوە: شـافیعی لـە مالیك، ئەویش لە نافیع، ئەویش لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر – با مـاوەیش لـەنێوان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و نووسینەوەی ئەم فـەرموودەدا هـەبێت، یـاخود ئاحاد بن – تەواوی زانایانی موسڵمان و مێژوونووسان یەك تۆمەتیان نەداوەتە پـاڵ هیچ کام لەم پیاوانە و بەدرێژایی تەمەنیان نەبیسـتراوە ناڕاسـتیان وتبێـت، کەواتـە بەدەر لە خۆشەویستی بۆ فەرموودە و بەرگریکردن لێـی ئەگـەر تـەنها بـە پێـوەری ماددی و لۆژیکی و ژیری بڕیار بدەین، ئەوا بـە چ پێوەرێـك دەبێـت گومـانی لەسـەر دروست بکەین و ڕەتی بکەینەوە؟!

---

[1] بڕوانە: دلائل النبوة (١/ ٢٥).

[2] بڕوانە: الزهد والرقائق (٢/ ٢٣)، والسنة (٨١٥)، وتعظيم قدر الصلاة (١٠٨).

[3] تەبەرانی، ژمارە (٥٤٧)، ئەبو داود، ژمارە (١٥٦١).

بۆیە لەم بەڵگانەوە بۆمان دەرەکەوێت کە ئەم دژە سونەتانە، هەر لەو سەردەمانەوە هەستاون بە ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی فەرموودە، لەکاتێکدا نێوانی ئەمان و سەرچاوەی فەرموودە زۆر نزیکیش بووە، پاشان لە بەرامبەر ئەو زانایانەشدا وەستاون و قسەیان کردووە کە خزمەتی تەواو و گەورەی ئایینیان کردووە، لەکاتێکدا ئەو زانایانە هیچ کاتێ نەیانویستووە وتەیەك کە هی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەبێت بیدەنە پاڵی. کەوابوو ئەمانە کێشەیان لەگەڵ کات و دروست و نادروستی فەرموودەدا نیە، بەڵکو بابەتەکە بریتییە لە دژایەتیکردن و دوورخستنەوەی خەڵك لە فەرموودە.

## کۆتایی

خزمەتکردنی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەلایەن هەزاران زانای گەورەوە نیشانەی پاراستنی وتەکانی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) لەلایەن خوای گەورەوە. زانستی فەرموودە "تەنها پێوەرێکە" بۆ دروستی و نادروستی فەرموودە بۆیە وتەی هەرکەس پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەو زانستەدا دەربارەی هەر فەرموودەیەك ڕەتکراوەیە و بێ بنەمایە.

بێدەنگبوونی ڕەخنەگرانی فەرموودە لە قورئان لە ئێستادا مەبەست لێی گومان نەکەوتنە سەریانە لەلایەن موسڵمانانەوە، ئەگینا چۆن دژ بە فەرموودە کار دەکەن ئاواش لەگەڵ قورئاندا مامەڵە دەکەن. لەئێستادا "گومانی" خۆرئاواییەکان دەربارەی فەرموودە زۆر خزاوەتە نێو موسڵمانانەوە، بۆیە دەبێت وریابن نەبن بە هەڵگر و بڵاوەپێکەری ئەو گومانانە و سادە و ساویلکە نەبن.

هەستی "بوێری لە ڕوووەستانەوەی" پیرۆزییە ئایینیەکاندا لەنێو موسڵماناندا زۆر بووە!، بۆیە دەبێت ئەم بوێریە لە ئاستی شکاندن و بەزاندنی سنوورەکانی خوای گەورە دابێت.

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز


١ـ الإبانة الكبرى، أبو عبد الله عبيد الله بن محمد بن محمد بن حمدان العُكْبَري المعروف بابن بَطَّة العكبري (ت: ٣٨٧هـ)، المحقق: رضا معطي، وعثمان الأثيوبي، ويوسف الوابل، والوليد بن سيف النصر، وحمد التويجري، دار الراية للنشر والتوزيع – الرياض، بدون ذكر سنة الطبع.

٢ـ الآداب الشرعية والمنح المرعية، محمد بن مفلح بن محمد بن مفرج، أبو عبد الله، شمس الدين المقدسي الرامينى ثم الصالحي الحنبلي (ت: ٧٦٣هـ)، عالم الكتب، بدون سنة الطبع.

٣ـ الإسلام على مفترق الطرق، مُحَمَّدْ أَسَدْ، تَرْجَمَة: د. عُمَر فَرُّوخ، دار العلم للملايين، بدون ذكر سنة الطبع ومكان الطبع.

٤ـ إعلام الموقعين عن رب العالمين، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (ت: ٧٥١هـ)، تحقيق: محمد عبد السلام إبراهيم، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٤١١هـ/ ١٩٩١م.

٥ـ الأم، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت: ٢٠٤هـ)، دار المعرفة – بيروت، بدون طبعة، ١٤١٠هـ/ ١٩٩٠م.

٦ـ أنوار التنزيل وأسرار التأويل، ناصر الدين أبو سعيد عبد الله بن عمر بن محمد الشيرازي البيضاوي (ت: ٦٨٥هـ)، المحقق: محمد عبد الرحمن المرعشلي، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط١، ١٤١٨هـ.

٧ـ البحر المحيط في أصول الفقه، أبو عبد الله بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي (ت: ٧٩٤هـ)، دار الكتبي، ط١، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م.

٨ـ البدر المنير في تخريج الأحاديث والأثار الواقعة في الشرح الكبير، ابن الملقن سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري (ت: ٨٠٤هـ)، المحقق: مصطفى أبو الغيط وعبد الله بن سليمان وياسر بن كمال، دار الهجرة للنشر والتوزيع – الرياض – السعودية، ط١، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

٩ـ تثبيت حجية السنة ونقض أصول المنكرين، أحمد بن يوسف السيد، مركز تكوين للدراسات والأبحاث – المملكة العربية السعودية، ط ١، ٢٠١٧م.

١٠ـ تذكرة الحفاظ، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي (ت: ٧٤٨هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ط ١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

١١ـ تعظيم قدر الصلاة، أبو عبد الله محمد بن نصر بن الحجاج المَرْوَزِي (ت: ٢٩٤هـ)، المحقق: د. عبد الرحمن عبد الجبار الفريوائي، مكتبة الدار – المدينة المنورة، ط ١، ١٤٠٦م.

١٢ـ الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، تحيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط ١، ١٤٢٢هـ.

١٣ـ جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (ت: ٤٦٣هـ)، تحقيق: أبي الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي – المملكة العربية السعودية، ط ١، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٤م.

١٤ـ الجامع لأحكام القرآن، أبو عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، راجعه وعلق عليه: د. محمد إبراهيم الخفناوي، خرج أحاديثه: د. محمود حامد عثمان، دار الحديث – القاهرة، ٢٠٠٢م.

١٥ـ جماع العلم، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت: ٢٠٤هـ)، دار الأثار، ط ١، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م.

١٦ـ درء تعارض العقل والنقل، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (ت: ٧٢٨هـ)، تحقيق: د. محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية – المملكة العربية السعودية، ط ٢، ١٤١١هـ/ ١٩٩١م.

١٧ـ دلائل النبوة ومعرفة أحوال صاحب الشريعة، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت: ٤٥٨هـ)، دار الكتب العلمية – بيروت، ط ١، ١٤٠٥هـ.

١٨- الرسالة العرشية، تقي الدين أبو العَباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (ت : ٧٢٨هـ)، المطبعة السلفية، القاهرة – مصر، ط١، ١٣٩٩هـ.

١٩- الرسالة، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت: ٢٠٤هـ)، المحقق: أحمد شاكر، مكتبه الحلبي – مصر، ط١، ١٣٥٨هـ/ ١٩٤٠م.

٢٠- روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، شهاب الدين محمود بن عبد الله الحسيني الألوسي (ت: ١٢٧٠هـ)، المحقق: علي عبد الباري عطية، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٤١٥هـ.

٢١- الزهد والرقائق لابن المبارك (يليه «مَا رَوَاهُ نُعَيْمُ بْنُ حَمَّادٍ فِي نُسْخَتِهِ زَائِدًا عَلَى مَا رَوَاهُ الْمَرْوَزِيُّ عَنِ ابْنِ الْمُبَارَكِ فِي كِتَابِ الزُّهْدِ»)، أبو عبد الرحمن عبد الله بن المبارك بن واضح الحنظلي، التركي ثم المرْوزي (ت: ١٨١هـ)، المحقق: حبيب الرحمن الأعظمي، دار الكتب العلمية – بيروت، بدون ذكر سنة الطبع.

٢٢- السنة، أبو بكر بن أبي عاصم وهو أحمد بن عمرو بن الضحاك بن مخلد الشيباني (ت: ٢٨٧هـ)، المحقق: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي – بيروت، ط١، ١٤٠٠م.

٢٣- سنن ابن ماجه، ابن ماجة أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، (ت: ٢٧٣هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية – فيصل عيسى البابي الحلبي، بدون سنة الطبع.

٢٤- سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (ت: ٢٧٥هـ)، المحقق: شعَيب الأرنؤوط – محَمَّد كامِل قره بللي، دار الرسالة العالمية، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٢٥- سنن الترمذي، محمد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (ت: ٢٧٩هـ)، المحقق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي – بيروت، ١٩٩٨م.

٢٦ـ السنن الكبرى، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت: ٤٥٨هـ)، المحقق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنات، ط٣، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٢٧ـ سير أعلام النبلاء، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي (ت: ٧٤٨هـ)، دار الحديث – القاهرة، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م.

٢٨ـ شرح سنن النسائي المسمى «ذخيرة العقبى في شرح المجتبى»، محمد بن علي بن آدم بن موسى الإثيوبي الوَلَّوِي، دار المعراج الدولية للنشر– دار آل بروم للنشر والتوزيع، ط١، بدون سنة الطبع.

٢٩ـ شرح مشكل الآثار، أبو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة بن عبد الملك بن سلمة الأزدي الحجري المصري المعروف بالطحاوي (ت: ٣٢١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤١٥هـ/ ١٤٩٤م.

٣٠ـ الشريعة، أبو بكر محمد بن الحسين بن عبد الله الآجُرِّيُّ البغدادي (ت: ٣٦٠هـ)، المحقق: د. عبد الله بن عمر بن سليمان الدميجي، دار الوطن، الرياض – السعودية، ط٢، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٣١ـ صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (ت: ٣٥٤هـ)، المحقق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة – بيروت، ط٢، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م.

٣٢ـ صحيح وضعيف سنن ابن ماجة، محمد ناصر الدين الألباني (ت: ١٤٢٠هـ)، مصدر الكتاب: برنامج منظومة التحقيقات الحديثية – المجاني – من إنتاج مركز نور الإسلام لأبحاث القرآن والسنة بالإسكندرية.

٣٣ـ صحيح وضعيف سنن أبي داود، محمد ناصر الدين الألباني (ت: ١٤٢٠هـ)، مصدر الكتاب: برنامج منظومة التحقيقات الحديثية – المجاني – من إنتاج مركز نور الإسلام لأبحاث القرآن والسنة بالإسكندرية، قام بإعادة فهرسته وتنسيقه: أحمد عبد الله عضو في ملتقى أهل الحديث.

٣٤ـ عالم السحر والشعوزة، عمر سليمان الأشقر، دار النفائس، ط٣، ١٩٩٧م.

٣٥- فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي، قام بإخراجه وصححه وأشرف على طبعه: محب الدين الخطيب، عليه تعليقات العلامة: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، دار المعرفة – بيروت، ١٣٧٩هـ.

٣٦- الكفاية في علم الرواية، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت: ٤٦٣هـ)، المحقق: أبو عبدالله السورقي، إبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية – المدينة المنورة، بدون ذكر سنة الطبع.

٣٧- المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد النيسابوري المعروف بابن البيع (ت: ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، بدون سنة الطبع ومكان الطبع .

٣٨- المصنف في الأحاديث والآثار، أبو بكر بن أبي شيبة، عبد الله بن محمد بن إبراهيم بن عثمان بن خواستي العبسي (ت: ٢٣٥هـ)، المحقق: كمال يوسف الحوت، مكتبة الرشد – الرياض، ط١، ١٤٠٩م.

٣٩- معالم السنن، وهو شرح سنن أبي داود، أبو سليمان حمد بن محمد بن إبراهيم بن الخطاب البستي المعروف بالخطابي (ت: ٣٨٨هـ)، المطبعة العلمية – حلب، ط١، ١٣٥١هـ/ ١٩٣٢م.

٤٠- المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم الطبراني (ت: ٣٦٠هـ)، المحقق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة ابن تيمية – القاهرة، ط٢، بدون ذكر سنة الطبع.

٤١- منهج قراءة التراث الإسلامي بين تأصيل العالمين وانتحال المبطلين، أبو جميل الحسن العلمي، دار الكلمة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣م.

# دیدی مەلای گەورە بۆ فەرموودە شیعرەکانی بە نموونە

**کامەران جەمال محەمەد، پ. د. جەواد فەقێ عەلی**
**زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردەی ئایینی، بەشی یاسا**

بنەماڵەی جەلی، وەك حاجی قادری کۆیی لە نامەیەکدا کە لە ئەستەنبوڵەوە بۆ (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی) ناردووە دەڵێت:

**بە غەیری جەددی ئێوە کیهەدانا          لە کوردستان ئەساسی عیلمی دانا**[1]

بنەماڵەیەکە دەیان زانا و کەڵەپیاوی ناوداری بە میللەتی کورد بەخشیوە، لەم توێژینەوەیەدا کورتە باسێك دەربارەی ڕا و دیدی کەسێك لەو بنەماڵەیە پێشکەش دەکرێت، ئەو کەسەی ئەگەر تەنها ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی لە دوای خۆی بەجێ هێشتبایە دەبوو هەموو لایەك شانازی پێوە بکردایە:

**هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم          عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**
**دەبێ من کەیفی چیم بە دونیا بێ          قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوابێ**[1]

---

[1] دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا (٢٤٤).

مـەلای گـەورە ئـەو کەسـەیە هـەموو چـرکەکانی ژیـانی خـۆی بـۆ خزمـەتی میللەتەکەی تەرخانکردووە هەر لە خەمی ئەو میللەتەش سەری نایەوە، جیهانی ئەو کەسایەتیە دەریایەکی بێکەنارە. ئێمە لێرەدا هـەوڵ دەدەیـن تیشـك بخەینـە سـەر شیعرەکانی کە چەمکی ئایینیی هەڵدەگرن و دیدی ئەو زاتە دەربارەی فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بخەینـە ڕوو، بـۆ ئـەوەی بـزانین تـا چـەند ئـەم کەڵـەپیاوە لـە خـەمی میللەتەکەیـدا بـووە و ویسـتوویەتی ڕێگانیشـاندەر بێـت بـۆ سـەرفرازی و دواڕۆژی ڕوونـاك بـۆی. زۆر کـەس کـە شـیعرەکانی مـەلای گـەورە دەخوێنێتەوە بەتایبەتی ئەو بەیتەی کە دەڵێت:

**رواه الدارقطني حدثنا الترمذي......**

**پاکی لەدەست ئێمەدا لەواپۆر تاکو دەرزی**[٢]

واهەسـت دەکـات مـەلای گـەورە هەڵوێسـتێکی نـەرێنی بەرامبـەر فـەرموودەی پێغەمبەر هەیە و ئەو داوا دەکات کورد خۆیان خەریك نەکەن بە فێربوونی ئیسلام و زانستی فەرموودە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا هەڵوێستی مەلای گەورە بەرامبەر فەرموودە هەڵوێستێکی نەرێنیە؟، ئایا مەبەسـتی مەلای گەورە لە ئاشکراکردنی پایەی هەندێ فـەرموودە چیە؟ ئایا مـەلای گـەورە نیشـانەکانی دواڕۆژ وەك هاتنــە خــوارەوەی عیسـا و مەهــدی و دەجـال ڕەت دەکاتەوە؟ ئەمانەو چەند پرسیارێکی دی تەوەری ئەم توێژینەوەیەیە.

---

[١] دیاری جەنابی مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (١).

[٢] هەمان سەرچاوە (٤٥).

**چەمکە ئاینییەکان لە شیعری مەلای گەورەدا :**

مــەلای گــەورە لــە نێــو شــیعرەکانیدا زۆر چــەمکی ئــایینی بــەکارهێناوە و وادەردەکــەوێت ئــەو زاتــە شــیعری وەك ئامرازێــك بــۆ گۆڕانکــاری لــە کۆمەڵگــەدا بەکارهێناوە، بۆیە ویستویەتی خەڵك تێڕوانینێکی نوێیان هەبێت تەنانەت بۆ چەمکە ئایینیەکانیش. وادیارە لـە سـەردەمی مـەلای گـەورە ئـایین و چـەمکە ئایینییـەکان لەلایەن هەندێ لە شێخ و مەلاکانەوە قۆستراوەتەوە بۆ هەڵخەڵەتاندن و فێڵکردن لە خــەڵك، بۆیــە هــاواری مــەلای گــەورە هــاوارە بــۆ تێگەیشــتنێکی نــوێ بــۆ ئــایین و چـەمکەکانی، بێگومـان مـەلای گـەورە لـەم شۆڕشـەی کـە دەسـتی پێکـردووە کـە دەکرێت ناوی بنـێین: شۆڕشـی (خوێندنـەوەی نـوێ بـۆ دەقـەکانی ئـایین)، بۆمـان دەردەکەوێت مەلای گەورە بە چاوی ڕێـز و سەرسـوڕمانەوە سـەیری بیرمەنـدەکانی جیهانی ئیسلامی کردووە، لەوانە: جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و ڕەشـید ڕەزا و... لە زانایانی کوردیش وەك مەولانا خالید و زاناکانی بنەماڵـەی جـەلیزادە و حەیدەرییەکان و موفتییەکانی هەولێر و زانایانی پارچەکانی تری کوردستان.

لە خوارەوە هەندێ لەو چەمکە ئایینییانـە دەخەینـە ڕوو کـە مـەلای گـەورە لـە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کردوون:

**یەکەم: لە بابەتی ناسینی خودا و خوداپەرستی:** لەم بارەیـەوە مـەلای گـەورە ئاماژەی بۆ چەند بابەتێك کردووە لەوانە:

١ـ خـوا خـاوەن لوتفـە و دروسـتکەری هـەموو بوونـەوەرە و هـەموو سـیفەتێکی جوانی تیایدا کۆبووەتەوە، لەم بارەیەوە مەلای گەورە دەڵێت:

**بۆیە ئومێد ئەکەم لە لوطفی خودا**

**خالقی مانگ و ڕۆژ و شەو**[١]

---

[١] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (١٩١)، گوڵبژێرێك لە دیوانی جەنابی مـلا محەمـەدی کۆیی و پیرەمێردی سابڵاغ و حاجی قادری کۆیی (٣).

وا دەردەکەوێت مەلای گەورە لەم بەیتەدا ئاماژە بۆ فەرموودەیەکی خودا دەکات کە دەفەرمووێت: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ﴾ (الأنعام: ١).

هەروەها دەربارەی سیفاتی خوا دەڵێت:

**بەچی ئەگەڕێ بە کێ ئەکرێ ئیدارە**

**لە بۆکێ دێتە تعداد و ژمارە**

لێرەدا مەلای گەورە ئاماژە بۆ فەرموودەی خودا: ﴿وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (النحل: ١٨) دەکات.

هەروەها دەربارەی هەندێك سیفەتی تر مەلای گەورە دەڵێت:

**بە غیرەز قدرتی داواری جبار**

**بەغیرەز پادشای خلاق و قهار[1]**

(جبار، خلاق، قهار) سێ سیفەتن لە سیفەتەکانی خودای گەورە کە لە فەرموودەکانی خوای گەورە: ﴿الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ﴾ (الحشر: ٢٣) و ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْخَلاقُ الْعَلِيمُ﴾ (الحجر: ٨٦) و ﴿سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ (الزمر: ٤) دا هاتوون.

هەروەها لە قەسیدەی شیوەن بۆ (سعد زغلول) دەڵێت:

**رەبّی هەر تو خاوەن ئەمری**

**ئەوی زیندووبێ غەیری تۆ ئەمرێ[2]**

چەمکی خاوەن فەرمانی خوای مەزن لە زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆز هاتووە لەوانە: ﴿قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾ (آل عمران: ١٠٤)، هەروەها چەمکی خوا زیندووە و هەر بە زیندویی دەمێنێتەوە لە چەند ئایەتێکی تردا هاتووە لەوانە: ﴿هُوَ الْحَيُّ

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٢٢).

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٦٢).

﴿الْقَيُّومُ﴾ (البقرة: ٢٥٥)، هەروەها هەموو زیندوویەك دەمرێ، لە فـەرموودەی خـودا: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾ (العنكبوت: ٥٧) هاتووە.

هەروەها دەڵێت:

**ئەوەی لای ئێوە داواری أمورن**

**لەبەردەستی خوا کەمتر لە مورن**

**کەسێ ایمانی بە خوا و قودرەتی بێ**

**چلون ئەو اعتقادەی دەچێتە قلبی**[1]

٢- تەنها خوداوەند تاکەکان و میللەتان دەکاتە خاوەن دەسەڵات، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**کوردەکانیش بکاتە صاحب جاه**

**سنة الله في الذين خلوا**

لێرە دەردەکەوێت مەلای گەورە بەڵگەی بە ئایەتی قورئان هێناوەتەوە، چـونکە (سنة الله في الذين خلوا) لە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆز لە بابەتی باسـی نەتـەوەکانی پێش ئیسلام هاتووە، هەردوو ئایەتەکەش لە سـورەتی (الأحـزاب)ە، یەکـەمیان لـە ئایەتی ژمارە (٣٨) دەفەرموێت: ﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَكَـانَ أَمْـرُ اللَّـهِ قَدَرًا مَقْدُورًا﴾، دووەم لە ئایەتی ژمارە (٦٢) دەڵێت: ﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَـوْا مِـنْ قَبْلُ﴾. جگە لەوەی لە چەند ئایەتێکی تر بە شێوازی: ﴿وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الأحزاب: ٦٢)، ﴿فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ﴾ (فاطر: ٤٣)، ﴿وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ (فاطر: ٤٣)، ﴿سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ﴾ (غافر: ٨٥)، هەروەها: ﴿سُنَّةَ مَنْ قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنْ رُسُلِنَا وَلا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا﴾ (الإسـراء: ٧٧)، ﴿قَـدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ﴾ (آل عمران: ١٣٧).

---

[1] گوڵبژێرێك، سەرچاوەی پێشوو (٢٧).

٣ ـ توانای خودا بێسنووره، لەم بارەیەوە مەلای گەورە لە قەسیدەی ئومێد و خواستنی دوای چاکبوونەوە دەڵێت:

**بە نەزەر تۆ خودایە ئاسانە**

**باز و شاهین هەڵێن لە ترسی کەو**[(١)]

واتە لە دەسەڵاتی خوادایە شتی پێچەوانەی باو ڕوو بدات، وەك ئەوەی باز و شاهین کە دوژمنی کەون و کەو لە دەستیان هەڵدێت، ئەوان لە دەست کەو هەڵبێن.

هەروەها دەڵێت:

**چارە چیە خوایە تۆ دەزانی**

**خۆت عالمی ظاهر و نیهانی**

لێرەدا مەلای گەورە ئاماژە بۆ دوو سیفاتی تری خودای مەزن دەکات کە لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە وەك: ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ﴾ (الأنعام: ٧٣).

هەروەها لە قەسیدەی (هەناسە هەڵکێشان و پاڕانەوە)دا دەڵێت:

**لطفی توە ملجەئو پەناهم**

**ڕوحمێکی بە کورد بکە ئیلاهم**[(٢)]

٤ـ خواپەرستی پێویستی بە زانست و تێگەیشتن هەیە: لە قەسیدەی ئاهونالە بۆ ژیانەوەی میللەت دەڵێت:

**حەسودن بۆیە بازاڕیان کەسادە**

**نەزانن بۆیە تاعەتیان فەسادە**[(٣)]

---

[١] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٥٥).

[٢] سەرچاوەی پێشوو (١٠)، گوڵبژێرێك، سەرچاوەی پێشوو (٥).

[٣] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (١٦).

لێرەدا مەلای گەورە دەریدەخات ئەنجامی حەسودی بێت بازاڕی دەبێت و نەزانین دەبێتە هۆی قەبوڵ نەبوونی عیبادەت و خواپەرستی، واتە خواپەرستی پێویستی بە تێگەیشتنی ئایین هەیە.

٥ـ مرۆڤ دەبێت تەنها لە خوا بترسێت، لەم بارەیەوە مەلای گەورە دەڵێت:

**نەکەن خەوفێ نەکەن ترسێ لە هیچ کەس**

**بە غیرەز پادشای داواری أقدس**

مەبەستی لە داواری أقدس، واتە خوا کە سێبەرە بۆ هەموو خەڵکی، هەموو نهێنیەك دەزانێ و پاك و بێگەردە، خوا لە قورئاندا لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿هُوَ اللَّهُ الَّذِي لا إِلَهَ إِلا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ﴾ (الحشر: ٢٣). هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ (الفاتحة: ٣).

٦ـ دەیەوێت لە رێگای ئەم بەیتانەوە بیروڕای خەڵکی بهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست:

ئەگەر موڵکە هەمووی موڵکی خودایە    ئەگەر شێخە ئەگەر قطبە هەبایە

بابەتی موڵك هەمووی موڵکی خودایە، لە قورئانی پیرۆزدا لە زۆر ئایەتدا ئاماژەی پێکراوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (الجاثية: ٢٧). قوتب کە زۆرجار لە شیعرەکانی مەلای گەورە دێت، بە مانا غەوسە، واتە ئەو کەسەی جێگای تێڕوانینی خوای گەورە لە ناو هەموو بوونەوەر لە هەموو سەردەمێك و هەر ئەوە لەسەر دڵی فریشتە ئیسرافیلە، دەکرێت بڵێین بەرزترین پلەی سۆفیگەریە وەك سەرچاوە و چاوگی ڕێبازی سۆفیگەری دەژمێردرێت[1]، هەروەها مەلای گەورە ئاماژە بۆ ئیرادەی خوا دەکات و دەڵێت:

[1] معجم مصطلحات الاشارات الصوفية، عبدالرزاق القاشاني (٢٠، ٢٣٤)، قاموسی ڕستە، مەلا مەحمودی گەلاڵی (٢١٣٦ ).

**ئیرادەی قدرەتی خوای من تەواوە**
**چ حاجەتمان بە شێخ رای کراوە**

ئیرادە و قودرەت، واتە ویست و هێز و توانا کە دوو سیفەتی خوای گەورەن و خودا وەسفی خۆی پێکردووە، وەك دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَحَاطَ اللَّهُ بِهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا﴾ (الفتح: ٢١).

**دووەم : تێڕوانینی مەلای گەورە بۆ سۆفیگەری و شێخایەتی و بڕوابوونی خەڵك پێیان:**

لێرەدا مەلای گەورە ئەسپی خۆی تاوداوە و بڕواناکەین کەس توانیبێتی پێی بگات. لە خوارەوە هەندێ لەو چەمکانەی مەلای گەورە ئاماژەی پێکردوون دەخەینە ڕوو:

١ـ شۆڕش دژی بەکارهێنانی ئایین بۆ دەستکەوتی کەسی:

واپێدەچێت لە سەردەمی مەلای گەورەدا لەلایەن زۆربەی شێخەکانەوە، ئایین قۆزتراوەتەوە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی، بۆیە دوورناکەوینەوە لە ڕاستی گەر بڵێین مەلای گەورە شۆڕشێکی دژی قۆستنەوەی ئایین ڕاگەیاندووە و ویستوویەتی میللەت هۆشیار بکاتەوە لەو چەواشەکارییانەی کە لەلایەن هەندێك لە شێخەکانی سەردەمی مەلای گەورەوە ئەنجامدراوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مەلای گەورە دژی سۆفیگەری بووبێت لە ئیسلامدا، بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە مەلای گەورە لە شیعرەکانیدا بە مەولانا خالیدیدا هەڵداوە و داوای لێکردووە سەر بەرز بکاتەوە و بنواڕێ چۆن دەروێش و مریدەکانی سەردەمی ئەو لە ئایین دوورکەوتوونەتەوە و لەلایەن شێخەکانەوە فریو دراون، هەروەکو دەڵێت:

**خالیدی شارەزووری سەر لە قەبرێ بێنە دەر**
**تەماشاکە قەومی تو چ دەردێکیان هاتە سەر**[1]

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٤٦).

هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە لەگەڵ کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عومەری زیائەدین نەقشبەندی و سەیدەکانی بەرزنجە[1]، بۆ نموونە دەربارەی شێخ عومەر دەڵێت:

**شێخ عومەر زاتێکی منەوەر بوو**

**خادمی شەرع و عیلمی ئەنوەر بوو**

**شێخێکی عالی و نەفەس پاك بوو**

**تا بڵێی شێخەکی گەلێك چاك بوو[2]**

لە قەسیدەی ئاهوناڵە بۆ ژیانەوەی میللەت، مەلای گەورە بە زمانی گازندە ئامێز ڕوو لە مەلاکان دەکات و دەڵێت:

**مەلاکانیش لە حەقیان زۆر خەیانن**

**ئەوانیش هەر دەڵێی گەوج و نەزانن**

لێرەدا دەکرێت بڵێین وشەی (خەیان) کە لەسەر کێشی (فعّالٌ) خەیان وشەیەکی کوردی وەرگێراوە واتە: بە ڕواڵەت دۆستی ناڕاست، خوداش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ (الحج: ٣٨).

٢ـ قازانجی شێخەکان، وادەردەکەوێت هەڵسوکەوتی شێخەکانی سەردەمی مەلای گەورە زۆر مەلای گەورەیان قەڵس کردووە و گەیاندوویەتیە ئەو قەناعەتە هۆی یەکەمی دواکەوتنی میللەتی کورد و دوورکەوتنەوەی لە ئایینی ئیسلام، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە شێخەکان و هەڵسوکەوتی چەواشەکارییان. هەر بۆیە لە قەسیدەی — قازانجی شێخەکان — مەلای گەورە دەڵێت:

---

[1] صفحات من حياه الملا محمد الكويي، مەغدید حاجی، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کوردی، ژمارە (١٤)، بۆ ساڵی ١٩٨٧ (٢٦٩ــ ٢٧٠).

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٢٣).

**هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ**

**ئومێدی زندەگانیت پێ نەمینێ**[1]

٣- ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی خەڵکی عەوام بە شێخەکان: مەلای گەورە بۆ ئـەم مەبەستە دەڵێت:

**ئەڵێن باران بە ئەمری شێخ ئەبارێ**

**بە ئەمری کن فکان وەك أمری باری**[2]

مەبەست لە ئەمری باری: فەرمانی خودایـە کـە لـە قورئـان باسـکراوە لـە چـەند ئایەتێکدا، لەوانە: ﴿سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ (مريم: ٣٥).

خلاصە کافەیی زەڕراتی عالەم

**چ افلاك و چ أملاك چ انجم**[3]

**بە ئەمری حەزرەتی پیرە دەوامی**

**حەیات و موت و تەرتیب و نیظامی**

**مەلا گەر بێت بڵێ نابێ وەهابێ**

**ئەڵێن ئەو فاسقە بۆتە وەهابی**[4]

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (١٢)، گوڵبـژێرێك، سەرچـاوەی پێشوو (٧ — ٨).

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (١٩) .

[3] أنجم جمعی نجم: مەبەستی ئەستێرەکانە .

[4] وەهـابی: ئـەو قوتابخانـە ئاینییەیـە کـە زیـاتر بایـەخ بـە دەق دەدات و تـا دەق هـەبێت ئـاوڕ لـە هـیچ بەڵگەیەکی تر ناداتەوە، لەسەر دەستی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب هاتۆتە کایەوە، ئێستا لە وڵاتـانی وەك سعودیە و ئوردن بەربڵاوە و بە سەلەفی ناوزەند دەکرێن، بين السلفية والصوفية، زاهد يحيـى الزرقـي (٧- ١٤).

**سێیەم: باسکردنی یارانی پێغەمبەر لە شیعرەکانی:**

لەم بابەتە مەلای گەورە دەڵێت:

**صحابی ڕەش کەوا قەبری دیارە**

**مەسافەی سێ سعات دووری لە شارە**[1]

مەبەست مسافەی سێ سەعات دوور لەم شارە، مەبەست دۆڵی ئەسحابانە کە لەو دیوی چیایی باواجیەوە بەپێ سێ کاتژمێر ڕێ لە کۆیەوە دوورە، هەروەها دەڵێت:

**صحابەی مصطفی گەر ترسەنۆك بان**

**چ ایشیان بو لە کوردستان و ئێران**[2]

**چوارەم: ئایین و دونیا پێکەوە بەندن:** مرۆڤ چۆن هەوڵ بۆ ئایین دەدات ئاواش دەبێت هەوڵ بۆ دونیاش بدات:

**ئەوەی دونیای نەبێ دینی ضعیفە...**

**مەلا بێ یان شێخ[3] یان خەلیفە[4]**

مداری دین و دونیا هەر غنایە بلێ – الفقر فخری – افترایە[5]

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەم وتەیەیە کە هەندێك کەس بە فەرموودەی پێغەمبەریان داناوە، ئەم بۆچوونە ڕاست نییە، لە تەوەری داهاتوو – إن شاء الله – بەدرێژی باسی دەکەین.

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (١١) .

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (١٦)، گوڵبژێرێك، سەرچاوەی پێشوو (١١).

[3] شێخ: ڕابەری ئاینیی تەریقەت.

[4] خەلیفە: جێگری ڕابەری ئاینی تەریقەت.

[5] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (١٧)، گوڵبژێرێك، سەرچاوەی پێشوو (١٢).

**پێنجەم: گازندەکردن لە مەلاکان کە بایەخ بە زانستە پراکتیکییەکان نادەن:**

لەم بوارەدا مەلای گەورە دەڵێت :

**مەلای نادان بە عینوانی شەریعەت[١]**

**حەرامی[٢]کرد لە تو عیلمی تەبیعەت[٣]**

**مەلا ئەگەر مەلا با میللەت بۆ وای لێ دەهات**

**ئەوروپایی چی دەکرد لەسەر قطعەی ڕۆژهەڵات[٤]**

بۆ ئەم مەبەستەش مەلای گەورە هەڵدەستێ بە دەرخستنی واقیعی هەندێ کۆلکە مەلا کە بەناوی ئایینەوە خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن و دەڵێت:

**مەلا و شێخەکان بێ دین و بەدخوون**

**ألا انهم هم المفسدون**

لێرە مەلای گەورە ئەم بەشەی بەیتەکەی لە ئایەتی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە، ئەم جۆرە وەرگرتنەش پێی دەوترێت (اقتباس) (وەرگرتن) خودا دەفەرموێت: ﴿أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لا يَشْعُرُونَ﴾ (البقرة: ١٢)، هەروەها دەڵێت:

**مامۆستای فەقیر لارێ دەنوارێ**

**بۆ کوتکە ماستی شەرعی دەگۆڕێ[٥]**

---

[١] شەریعەت: لێرەدا مەبەست لە شەریعەت هەموو حوکمە شەرعیەکانە کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر و سەرچاوەکانی دیکە حوکمی شەرعیان لێهەڵدەهێنجرێت و وەرگیراوە. المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية، د. مستەفا زەڵمی (١٤) .

[٢] حەرام: داوای وازهێنان لە کارێك بەشێوەیەکی یەکجاری کە دەبێت موسڵمان خۆی لێ دووربخاتەوە، چونکە هەر کەسێك هەڵسێت بەو گوناهە، گوناهی دەگاتێ و سزا دەدرێت و هەرکەسێك لێی دووربکەوێتەوە پاداشت دەکرێت. اصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد، مستەفا زەڵمی (٢٥٧).

[٣] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (١٨).

[٤] هەمان سەرچاوە (٥٨).

[٥] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٤٧).

**شەشەم : باسکردنی سوودی عیلم و مەعریفەت:**

مەلای گەورە ڕاستی و سوودی عیلم و مەعریفەت بۆ میللەتەکەی ڕوون دەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکات و دەڵێت:

**بە عیلمی کیمیا و قوەتی نور**

**بە طیارە و بە زەبلین و بە واپور[1]**

**چلون قطبی فەقیریان پیێ نیشان کرد**

**پڕۆژەی شێخ ئەفەندیشیان عەیان کرد[2]**

**حەوتەم: ئاوڕدانەوە لە مێژوو:** لە شیعرەکانی داوا دەکات وانە لە مێژوو وەرگرین و زۆرجار شکۆمەندییەکانی میللەتی کورد بیر نەوەکان دێنێتەوە وەك لە قەسیدەی (من یەخەی خۆم بۆیە دادڕم) دەڵێت:

**وادەزانن کە کوردو گەلی زیندوون**

**من ئەبینم عەلەل عموم مردوون**

**وا وەژێر کەوتوون بەبێ دەسەڵات**

**ڕەبی ئەو قەومە بۆچی وای لیێ هات**

**پاش سلطان صلاحی ئەیوبی[3]**

**زۆر نەچوو کەوتنە دەوری منکوبی[1]**

---

[1] زەبلین: بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن (منطاد) واتە (بالۆن)، واپوڕ: واتە پاپۆڕ.

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٢١– ٢٢).

[3] سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی: بەناوبانگترین شاکانی ئەیوبی ناسراوە، ناوی (ئەبو موزەفەر کوڕی ئەیوب کوڕی شادی)، ڕۆڵی سەرەکی بینیووە لە ڕووداوەکانی ساڵانی (٥٦٧ك – ١١٧١ز) تا (٥٨٩ك – ١١٩٣ز)، مەزنترین سەرکردەی جیهانی ئیسلامی بووە لە وەستانەوە بە ڕووی هێرشی خاچپەرستەکان. لە ساڵی ٥٨٩ك لە تەمەنی ٥٧ ساڵی کۆچی دوایی کردووە، لە دوای خۆی ١٧ کوڕ و یەك کچی لەپاش جێماوە، سەروەت و سامانەکەشی کە لەدوای خۆی جێی هێشتووە تەنها یەك دینار و ٤٠ دەرهەم بووە. الکامل في التأریخ، ئیبن ئەسیر، ساغکردنەوەی: عمر عبدالسلام تدمری (١٠/ ١١٩).

**هەشتەم: ڕاستکردنەوەی دەستەواژەکان:**

مەلای گەورە زۆر جەخت لەسەر ڕاستکردنەوەی دەستەواژەکان دەکات، لە قەسیدەی (بۆ ئاگاداری و هۆشیاری لاوان) دەڵێت:

**عیلمی طبیعەت عیلمی خودایە**

**قالە و قەوەلە[٢] گشتی هەبایە**

**عیلمی حکایەت گەر کەڵکی هەبا**

**دەبایە دونیا هەمووی بۆمە با**

**ئێمە پابەندی وەهم و خەیاڵین**

**ئێمە خەریکی کەری دەجاڵین[٣]**

لە ڕاستیدا کێشەی دەجاڵ کێشەیەکی قووڵە، پێش ئیسلامەتی لە ئایینی جولەکەش ئاماژەی بۆ کراوە و لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش ئاماژەی بۆ کراوە، لە تەوەری داهاتوودا بە درێژی باس دەکرێت.

**نۆیەم: بەکارهێنانی چەمکی ئایینی بۆ مەبەستی تر:**

لەم بوارەدا مەلای گەورە چەند وردەکاریەکی جوانی هەیە وەك لە قەسیدەی (شۆخی کوردی) دەڵێت:

**بە شەو دیتم لە دەرگای خۆی و فەرمووی**

**فسبحان الذي أسرى بعبده[١]**

---

[١] مەنکوبی: ژێرکەوتوویی.

[٢] مەبەستی مەلای گەورە هاندانی لاوی کوردە بۆ ڕووکردنە زانستی پراکتیکی – سروشتی –، دەیەوێت بڵێت هێندە خەریکی زانستی تیۆری – مرۆڤایەتی مەبن – لە بەرامبەر ئەو زانستە زانستێکی تر هەیە و زۆر پێویستە، ئەویش زانستی پراکتیکیە.

[٣] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٢٤)، گوڵبژێرێك، سەرچاوەی پێشوو (٢١).

هەروەها دەڵێت:

**ئەگەر بێت و تەوەجوەکاتە[٢] قەلبم**

**بەیەکدەم دەبمە شێخی سهرە وەردی[٣]**

**لە باسی کۆیەش دەڵێت:**

**هەواکەی خۆشە ئاوی صاف خۆشی**

**بە عەینی جنة[٤]الخلدة لە عەردی[٥]**

**قۆلتێك لە دەوری بابەگوڕگوڕ[٦]**

---

[١] لێرەدا مەلای گەورە بەشێکی لە ئایەتی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە و خواستویەتیەوە بەمەبەست، خوا لە قورئان لە باسی شەوڕەوی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرمووێت: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا﴾، واتە: (پاك و مونەزەهـ و بێ عەیب و بێ هاوەڵ و هاوشانە ئەو خودایە بە دەسەڵاتەی کە لە بەشێکی شەودا شەوڕەوی بە بەندەی خۆی کرد). خولاصەی تەفسیری ڕەوان، مەلا مەحمودی گەلاڵی، سەرچاوەی پێشوو (٥٩٠).

[٢] توجّە: توجە بکاتە قەلبم: واتە ڕوو لە دڵم بکات، توجە بۆ متاوەعەیە لە هەردوو لا دەبێت. قاموسی ڕستە، مەلا مەحمودی گەلاڵی، سەرچاوەی پێشوو (٤/ ٢٩٣٩).

[٣] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٤٩). شێخی سەهرەوەردی: ناوی شیهابەدین یەحیا کوڕی حەبەشە لە (٥٤٩ك– ١١٥٤ز) لە سەهرەوەرد لەدایکبووە لە زۆربەی شارەکانی ئێران وەك مەراغە و ئازەربایجان خوێندویەتی. لە (٥٨٧ك– ١١٩١ز) لە قەڵای حەلەب کوژرا. دیارە مەبەستی مەلای گەورە لێرە ئەوەیە وەك ئیمامی سەهرەوەردی دەبمە شەهیدی ئەو ڕێگایەی مەبەستمە. السهرودی، شهاب الدين السهروردي المقتول (حياته، آثاره، أدبه، فلسفته)، د. قيس كاظم الجنابي (٩– ١٨)، المنجد في اللغة والأعلام، لويس معلوف اليسوعي (٣٦٩) .

[٤] جنة الخلد: واتە بەهەشتێ کە مردنی تیادا نییە خوا لە قورئان باسی ئەو بەهەشتە دەکات و دەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَذَلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ الْخُلْدِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ﴾ (الفرقان: ١٥).

[٥] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٥٠).

[٦] باباگوڕگوڕ: کێڵگەیەکی نەوتی بەناوبانگە لە شاری کەرکوك، هەندێك بیروڕاش هەیە بەلای ئەوەدا دەچن کە کاتی خۆی جێگایەکی پیرۆزی ئاینی بووە. هوية كركوك الثقافية الإدارية، محمد عەلی قەرەداغی (٢٠٠– ٢٠٢).

**نایدەم بە منارەی ئیمام دور[1]**
**بستێ لە وڵات و ملکی کوردی**
**نایدەم بە هەزار سەهرەوەری[2]**

هەروەها دەستەواژەی ئەلحەد و گۆڕی بەکارهێناوە لە کاتی نەفرەتکردن لەو کەسانەی ڕێگایان لە میللەت گۆڕی:

**ئەوی ڕێگای لە کوردەکان گۆڕی**
**لەعنەتی خوا لە ئەلحەد[3] و گۆڕی**

هەروەها چەمکی (جەهالەت و مەعریفەت)ی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**جەهالەت بڕوا دەوری عیرفانە[4]**
**کۆنە باب بمرێ نۆرەی کورانە**

هەروەها بەکارهێنانی زاراوەکانی سۆفیگەری وەك قوتب:

**چلۆن قطبی فەقیریان بێ نیشان کرد**
**ڕیا و تەزویری شێخیشیان عەیان کرد [5]**

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٥٣). ئیمام دور: واتە ئیمام محەمەد دوری کە گۆڕەکەی و منارەکەی لە قەزای دوری سەر بە پارێزگای سەلاحەددینە، کە هەموو شتێکی لەبەردەستە.

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٥٤)، سەهرەوەری: شارێکە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە لە سەدەی (١٠) دانیشتوانەکەی کورد بوون تەتەرەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وێرانیان کرد. وا پێدەچێت یەکێك لە شارە ڕەنگینەکانی ئێران بووبێت و زۆر مرۆڤی زانا و دانای لێ هەڵکەوتووە. السهروردی، د. قیس کاظم (١٠).

[3] ئەلحەد و گۆڕی: واتە گۆڕیچە گۆڕی.

[4] عرفان: شتێکە بە یەکێك لە هەستەکان بزانرێ و دەرکی پێ بکرێت.

[5] گوڵبژێرێك، سەرچاوەی پێشوو (٢٣، ٢٥). واتە: چلون دووڕوویی و گرژی شێخیان ئاشکرا کرد.

هەروەها لە قەسیدەی (ئەم خاکە) دەڵێت:

**لەسەر ئەم کورەی ئەرزە[1] ئێوە ئەرزەل الناسن[2]**

**ئەمەش گەلیٚ غەریبە ئێستاش خۆتان ناناسن[3]**

هەروەها دەربارەی (سعد زغلول) دەڵێت:

**بە وەفاتی زەعیمی بیٚ هەمتا**

**دوورنیە گەر بڵێم عەرەب فەوتا**

**نەکوو تەنها وەزیری[4] مصری بوو**

**بەڵکو حەقەن عەزیزی مصری بوو[5]**

**نحسی أکبر لە جانبی[6] غەربی**

**سەری هێنا دەریٚ خودا چ دەبیٚ[7]**

---

[1] کورەی ئەرزی: گۆی زەوی.

[2] ئەرزەل الناس: کەمترین کەس لە مرۆڤەکان.

[3] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٥٦).

[4] دەکرێت ئاماژە بێت بۆ پێغەمبەر یوسف، کە دەبێتە وەزیر یاخود بۆ هارونی برای پێغەمبەر موسا (سەلامی خوایان لەسەر) کە وەزیری برای بووە وەك لە قورئان دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَا مَعَهُ أَخَاهُ هَارُونَ وَزِيرًا﴾ (الفرقان: ٣٥).

[5] ئاماژەیە بۆ سەرکردەی میسری سەردەمی یوسف پێغەمبەر (سەلامی خوایان لەسەر) لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کراوە: ﴿قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا﴾ (یوسف: ٧٨)، دەشفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ﴾ (یوسف: ٨٨).

[6] ئاماژەیە بۆ فەرموودەی خوا: ﴿وَمَا كُنْتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ﴾ (القصص: ٤٤).

[7] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٦١– ٦٢).

هەروەها لە قەسیدەی (لالّ بم بۆ نەتەوەی کورد) دەلّێت:

**ئەوەندە قەومێکی بیّ حیس[1] و دەمارە**

**ئەوەی هاتە سەری سجدەی[2] لەبۆ برد**

**کە ڕویان کردە تەکیە و خانەقایان**

**تەوەلایان[3] لە عیلمی مەدرەسان کرد**

**بە تەپلّ و دەمبەك کەشکۆلّ و ڕشتە**

**بە تەسبیح و وەکاز[4] و سولّ و دووگرد**

**هەموویان بوونە دەروێش و گەڕیدە**

**ڕەزیل و مەندە مۆڕ و ڕووت و ڕەنگ زەرد[5]**

## دیدی مەلای گەورە بۆ فەرموودە لە ڕوانگەی شیعرەکانیەوە

دوای خوێندنەوەیەکی ورد بۆ شیعرەکانی مەلای گەورە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە مەلای گەورە دەربارەی فەرموودە چەند شتێکی وروژاندووە، کە بریتین لەمانە:

١- ڕەتکردنەوەی وتەی (الفقر فخری) ئەو دەلّێت:

**مداری دین و دونیا هەر غنایە**

**بلّیّ الفقر فخری افترایە[6]**

---

[1] بیّ حیس واتە بیّ هەست.

[2] سەجدە: سەرنانە سەر زەوی و سوجدە بردن واتە ملکەچی و ناوچەوان خستنە سەر زەوی.

[3] تەولایان: واتە وازلێهێنان و فەرامۆشیان کرد.

[4] وکاز: لێرەدا بەواتای گۆچان بەکارهاتووە.

[5] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، سەرچاوەی پێشوو (٦٥).

[6] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (١٧).

٢– ئاخاوتن لەسەر دوو کتێبی فەرمووده کە سونەنی تورموزی و داره قوتنیـە، ئەو دەڵێت:

**رواه الدارقطني حدثنا الترمذي**

**پاکی لەدەست ئێمە دا لە واپۆر تاکو دەرزی[١]**

لەجێگایەکی تریش باسی فەرمووده دەکات و دەڵێت:

**کەداکی چاك نەبێ سێسەد حديثي نەبی**

**چلۆن تأثيري دەبێ وەك پف لە پەتك و سندان[٢]**

لە چەند شوێنێکی تریش ئاماژە بە فەرمووده دەکات، وەك دەڵێت:

**بەعیلم و عەقڵ و هۆش و فیکر و عیرفان**

**بە قەولی مصطفی و ئایەتی قورئان[٣]**

٣ـ کە باسی نیشـانەکانی دواڕۆژ دەکـات ئامـاژە بـۆ هاتنـە خـوارەوەی عیسـا و هاتنی مەهدی و دەجال دەکات. شێوەی باسکردنەکە وامـان تێدەگەیـەنێ ئـەو زۆر بایەخیان پێناداو زۆر بەڕاستیان نازانێت، ئەو دەڵێت:

**عیسا لە ئاسمان مهدی لەناو بیر**

**ئیشمان شلۆقە یاران چ تدبیر**

**نە ئەو دێتە خوار نە ئەم دێتە دەر**

**دەجالیش زۆرن گشتی سواری کەر[٤]**

هەروەها لە شوێنێکی دی دەڵێت:

**ئێمە پابەندی وەهم و خەیاڵین**

---

١ دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی ( ٤٥).

٢ هەمان سەرچاوە (٤٢).

٣ هەمان سەرچاوە (٢١).

٤ هەمان سەرچاوە (٤٠).

## ئێمە خەریکی کەری دەجالێین[1]

ئەم هەڵوێستانەی مەلای گەورە چەند پرسیارێك دەخاتە ڕوو کە خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبینن:

١ـ ئایا مەلای گەورە چۆن فەرموودەی هەڵسەنگاندووە؟

٢ـ مەبەستی مەلای گەورە لە "پاکی لەدەست ئێمەدا" چیە؟

٣ـ ڕای مەلای گەورە دەربارەی کتێبەکانی فەرموودە چیە؟

٤ـ ئایا مەلای گەورە بڕوای بە دابەزینی عیسا و هاتنی مەهدی و دەجال هەبووە؟

٥ـ ڕای مەلای گەورە دەربارەی کارکردن بە فەرموودە چیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلێکی دی، لە چەند خاڵێکدا وردەکاریەکان دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: ئەو فەرموودانەی مەلای گەورە ڕەتیان دەکاتەوە:**

مەلای گەورە لە شیعرەکانی تەنها دەقی وتەیەکی هێناوەتەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێ هەڵبەستراوە ئەو وتەیەش: (الفقر فخری)یە، ئێمە دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت بەڕاستی ئەمە فەرموودە نیە و ئەم وتەیە لە زۆر کتێب هاتووە بۆ نموونە وەك ئەمانەی خوارەوە:

١ـ المقاصد الحسنة: شمس الدين أبو الخير محمد بن عبدالله بن محمد السخاوي (و: ٩٠٢ك)[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە (٣٤).

[2] المقاصد الحسنة في بيان كثير من الأحاديث المشتهرة، السخاوي (١/ ٤٨، ٧٦٢).

٢ـ تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي: محمد عبدالرحمن بن عبد الرحيم المباركفوري (و: ١٣٥٣ك)[١].

٣ـ التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير: أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني[٢].

٤ـ روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني: شهاب الدين محمود الآلوسي[٣].

٥ـ العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم: ابن الوزير محمد بن ابراهيم بن علي بن المرتضى بن مفضل الحسني القاصمي[٤].

٦ـ معجم المناهي اللفظية وفوائد في الألفاظ: بكر بن عبدالله أبو زيد محمد بن عبدالله بن بكر بن عثمان بن يحيى بن غيهب بن محمد (و: ١٤٢٩ك)[٥].

٧ـ غرائب القرآن ورغائب الفرقان: نظام الدين الحسني بن محمد بن حسين القمي النيسابوري (و: ٨٥٠ك)[٦].

٨ـ حاشية الشهاب على تفسير البيضاوي (عناية القاضي وكفاية الراضي على تفسير البيضاوي): شهاب الدين أحمد بن محمد بن عمر الخفاجي المصري الحنفي (و: ١٠٦٩ك)[٧].

---

١ تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، المباركفوري (٧/ ١٧).

٢ التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير، ابن حجر (٢/ ٢٤١).

٣ روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، الآلوسي (١٥/ ٣٨٢).

٤ العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، الحسني (٨/ ١٩٤).

٥ معجم المناهي اللفظية وفوائد في الألفاظ، أبو زيد (١/ ٤١٦).

٦ غرائب القرآن ورغائب الفرقان، النيسابوري (٦/ ٢٨٤).

٧ حاشية الشهاب على تفسير البيضاويي (عناية القاضي وكفاية الراضي على تفسير البيضاوي)، شهاب الدين الحنفي (٤/ ٣٣٥).

٩- روح البيـان: اسماعيـل حقـي بـن مصـطفى الإسـتانبولي الحنفـي الخلـوتي (و: ١١٢٧ك)[١].

١٠- البحر المديد في تفسير القرآن المجيد: أبو العباس أحمد بن محمد بن المهدي بن عجيبة الحسني الأبجري الفاسي الصوفي (و: ١٢٢٤ك)[٢].

١١- تفسير حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن: محمد أمـين بـن عبـد الله الأرمي العلوي الهرري الشافعي[٣].

١٢- الأربعون حديثا في حق الفقراء أهل الصفة (مخطوط): صدر الـدين أبـو طـاهر السـلفي أحمـد بـن محمـد بـن أحمـد بـن محمـد بـن ابـراهيم سـلفة الأصـبهاني (و: ٥٧٦ك)[٤].

١٣- مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح: علي بن (سلطان) محمـد أبـو الحسـن نور الدين الملا الهروي القاري (و: ١٠١٤ك)[٥].

١٤- الكوثر الجاري إلى رياض أحاديث البخاري: أحمد بن اسماعيل بن عثمـان بـن محمد الكوراني الشافعي ثم الحنفي (و: ٨٩٣ك)[٦].

١٥- البدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشـرح الكـبير: ابـن الملقـن سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي[٧].

هەر هەموو ئەو سەرچاوانەی ئاماژەمان پێکرد جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە ئـەم وتەیـە فـەرموودە نیـە و دەڵـێن هەڵبەسـتراوە و پوچـە و درۆیـە، هـیچ

---

[١] روح البيان، الخلوتي (٦/ ٤٧٨)، (٧/ ٣٣٤، ٤٠٠)، (٨/ ٢٦)، (٩/ ٣٢٨، ٤٢١، ٤٣٢).

[٢] البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، أبو العباس الهرري (١/ ٤٣٠)، (٣/ ٤٣٠)، (٣/ ٣٨٢).

[٣] تفسير حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن، محمد الأمين الهرري الشافعي (٢٤/ ٣٨٨).

[٤] الأربعون حديثا في حق الفقراء أهل الصفة، صدر الدين أبو طاهر السلفي (١/ ١).

[٥] مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، الملا علي القاري (٨/ ٣١٦١، ٣٢٨٣).

[٦] الكوثر الجاري الى رياض أحاديث البخاري، أحمد بن إسماعيل الكوراني (٩/ ١٠٦).

[٧] البدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشرح الكبير، ابن الملقن (٥/ ٣١١)، (١٤/ ٢٤٣).

سەرچاوەیەك نیە بەڕاستی بزانێت تـەنها نەیسـابوری لـە تەفسـیرەکەی وەك بەڵگـە هێناویەتیەوە بیَ ئەوەی کۆمێنتی هەبێت[١]. ئیسماعیل حەقیش دەڵیَ: "ڕاستە بـە مانا، نەك بە وشە و دەربڕین"[٢].

لە خوێندنەوەی ڕای زانایـان، بۆمـان دەردەکـەوێت ئەوانـەی شـارەزای زانسـتی فەرموودەن، ئەم وتەیە ڕەت دەکەنەوە لەکاتێکدا هەندیَ لـەو زانایانـەی تەفسـیری قورئانیان کردووە و سەر بە قوتابخانەی سۆفیگەرین، بە ئاشـکرا ڕەتـی ناکەنـەوە، هەندیَ جار وەك بەڵگەیەك و فەرموودەیەك ئاماژەی پیَ دەکەن.

**دووەم: باسکردنی دوو کتێبی (سنن الترمذي، سنن الدارقطني):**

وەك ئاماژەمان کرد مەلای گەورە لەم بەیتە شیعرەی خوارەوە باسـی ئـەم دوو کتێبەی فەرموودە دەکات و دەڵێت:

**رواه الدارقطني حدثنا الترمذي**

**پاکی لەدەست ئێمەدا لە واپۆر تاکو دەرزی[٣]**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بـۆ ئـەوە بکـەین ئـەم دوو کتێبـەی فـەرموودە جێگـای بڕوای موسڵمانانن و زانایان زۆر جار ئەو فەرموودانەی لـەم دوو کتێبـەدا هەیـە وەك بەڵگـەی فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەیخەنـە ڕوو، تەنانـەت کتێبی ئیمامی تیرمیزی بە سەرچاوەی فەرموودەی بـاش (حسـن)[٤] دەژمێردرێت، هــەروەها ســونەنی دارەقــوتنیش جێگــای بــڕوای زانایانــە و زۆر جــار زانایــان

---

[١] غرائب القرآن ورغائب الفرقان، نظام الدين النيسابوري (٥/ ٥٣٥، ٥٩٩).

[٢] روح البيان، الخلوتي (٩/ ٤٣٢).

[٣] روح البيان، الخلوتي (٩/ ٤٣٢).

[٤] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (٤٥).

فەرموودەکانی ناو ئەم کتێبەش وەك بەڵگە بۆ فەرموودە دەهێننەوە[1]. تەنانەت زۆر لە زانایان ئاماژە بۆ باڵادەستی دارەقوتنی دەکەن لە زانستی جەرح و تەعدیل و پوختی دانراوەکانی و فراوانی ڕیوایەتەکانی[2]. ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە ئایا بۆ مەلای گەورە بەو شێوەیە دەربارەی ئەم دوو کتێبە دواوە؟ هەر ئەو لە بەیتێکی تریش دەڵێت:

**کە دایکی چاکی نەبێ سێسەد حدیثی نەبی**

**چلۆن تأثیری دەبێ وەك پف لەپەتکو سندان[3]**

ئایا ئەو بە چاوی کەم سەرنج دەداتە فەرموودە؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، هەرگیز مەلای گەورە بە چاوی سووك تەماشای فەرموودە و کتێبی فەرموودەش ناکات، بەڵگەش لەسەر ئەمە هەر وتەی خۆیەتی کە دەڵێت:

**بە عیلم و عەقڵ و هۆش و فکر و عیرفان**

**بە قەولی مصطفی و ئایەتی قورئان[4]**

واتە ئەو قەولی مصطفی، کە مەبەست لێی پێغەمبەر محەمەدە (دروودی خوای لەسەر) وەك ئایەتی قورئان و سەرچاوەی فیکر و هۆش دەژمێرێت و جێگای بایەخی ئەوە، ئەمە جگە لەوەی مەلای گەورە لە تەفسیرەکەی و کتێبەکانی —

---

[1] مصطلح الحديث، محمد بن صالح بن عثيمين (٥٣)، وعلوم الحديث ومصطلحه، عرض ودراسة، د. صبحي ابراهيم الصالح (٤٠٠).

[2] لەوانە دانەری کتێبەکانی:

أـ الباعث على انكار البدع والحوادث، أبي شامة (١/ ٧٦).

ب ـ شرح ألفية العراقي، العراقي (٢٥/ ١٥).

ج ـ الرد الأمين على كتب عمر أمة الإسلام ورد السهام والقول المبين، شريف مراد أبو عمرو (٥٧).

د ـ التفسير المظهري، المظهري، لە زیاتر لە ٧٠ جێگا.

هـ ـ مع الإثني عشرية في الأصول والفروع، السالوس (١٢٠، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٤٧، ٥٨٩، ٦٦٤).

[3] البداية والنهاية، ابن كثير الدمشقي (١١/ ٣١٧).

[4] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (٤٢).

بەتایبەت کتێبە ئوسوڵیەکانی – وەك: (المصقول في علم الأصول) زۆر بە ڕاشکاوی فەرموودە بە سەرچاوەی دووەم لە سەرچاوەکانی تەشریع دەژمێرێت و دەڵێت: "فەرموودە وەك قورئان وایە و ئاشکرایە و بەڵگەیە بۆ هەموو حوکمە شەرعییەکان"[1].

مەلای گەورە کاتێ دەڵێت: سێسەد حدیثی نەبی ڕەنگدانەوەی نابێت لە پەروەردە، کە دایکی منداڵەکە بەخۆی پەروەردەی ڕێك نەبێت، پەروەردەی دایکەکە بنەمایەکی پراکتیکیە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مەلای گەورە لە ڕۆڵی فەرموودە کەم بکاتەوە، بەڵکو دەڵێت شتی پراکتیکی ڕەنگدانەوەی زۆرترە لە شتی تیۆری، کاتێکیش دەڵێت:

**رواه الدارقطني حدثنا الترمذي**

**پاکی لەدەست ئێمەدا لەواپۆر تا دەرزی**[2]

مەبەستی بەکەم زانینی ئەو کتێبانەی فەرموودە نیە، چونکە مەلای گەورە لە هیچ نووسراو و دانراوەکانی تریدا، بەکەم سەرنجی نەداوەتە کتێبەکانی فەرموودە. لە شیعرەکانی دەردەکەوێت ئەو زۆر پێغەمبەری خۆشویستووە و داوا لە میللەتەکەی دەکات ڕێچکەی ئەو بەر نەدەن، بێگومان یەکێ یەکێکی خۆش بوێ فەرموودەکانیشی خۆش دەوێ و پشتگوێیان ناخات. خۆشەویستی پێغەمبەر واتە خۆشەویستی فەرموودە، بۆیە ئەو داوامان لێدەکات بگەڕێینەوە بۆ ڕاستی ئاینی ئیسلام کە لای ئەو بریتیە لە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، وەك دەڵێت:

**وەرن ئومەتی خیر البریة**

**لە پاش تقدیمی اخلاص و تحیة**

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢١).

[2] المصقول في علم الأصول، مەلا محەمەد جەلیزادە (٢١٨).

به عیلم و عقل و هۆش و فیکر و عیرفان

به قولی مصطفی و ئایەتی قورئان[1]

واته ئەو فەرموودەی پێغەمبەر دەکاته پێوەر بۆ دەرخستنی ڕاستی و دروستی چەمکە ئایینیەکان، هەروەك لە کتێبی عەقیدەی ئیسلامی شوکری خوا دەکات لەسەر ناردنی پێغەمبەر محەمەد و دەڵێت: "هەزار هەزار شوکری خودا که ئەو زاته گەوره موحتەرەمەی کرده خاتم الأنبیاء والرسل"[2].

ئێمە وای بۆ دەچین مەلای گەوره له کاتی دانانی ئەم قەسیدەیه لە حاڵەتێکی تووڕەی بووه لەو مەلایانەی کە تەنها خۆیان خەریك کردووه بە خوێندن و خوێندنەوەی کتێبه ئاینیەکان و ئاگاداری حاڵی میللەت نەبوون، چی بەسەرهاتووه و هەرچی هەیبووه لەدەستی داوه و مەلاش تا ئەو کاتەش هەر کتێبی ئیبن نەباتەی میسری لە وتاری هەینی دەخوێننەوه. کاتێ کە ئەو دەڵێت:

رواه الدارقطني حدثنا الترمذي

پاکی لەدەست ئێمەدا لەواپۆر تا دەرزی[3]

مەبەستی دوژمنایەتی و بەکەمزانینی کتێبەکانی فەرموودە نیه، بەڵکو دەیەوێت بە میللەتەکەی بڵێ هۆشیار بنەوە ژیان تەنها بریتی نیە لە خوێندنەوەی کتێبی ئایینی، بەڵکو ژیان پێویستی بە زانستە، بە گۆڕانە، بە شتی پراکتیکیە، سەرنج بدەنە ژیانی میللەتان، بزانن گەیشتنە کوێ و ئێوەش لە کوێن؟ بۆیە مەلای گەوره دەیەوێت میللەتەکەی لەگەڵ زانستی پراکتیکی ئاشت بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (٤٥).

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (٢١).

[3] مەلای گەوره، عەقیدەی ئیسلامی، لێکۆڵینەوەی: پ.د. جەمال محەمەد باجەلان، گۆڤاری زانکۆی کۆیه، ژماره: ٢٤، ل: ١٧.

سەردەمی ئەو واباو بووە زانستە پراکتیکەکان زانستی شەیتان و شەیتان پەرستانە، بۆیە دەڵێت:

**عیلمی طبیعەت عیلمی**

**خودایە قالە و قەوەلە گشتی هەبایە**

دیارە مەلای گەورە بۆیە وا دەڵێت، چونکە لەسەردەمی ئەو موسڵمانان ڕوویان لە زانستە پراکتیکەکان وەرگێڕابوو تەنها خەریکی زانستە تیوریەکان بوون، لەڕاستیدا لە دوای کەوتنی پایەختی زانست و ئەدەب (بەغدا) لە ساڵی (٦٥٦ك) موسڵمانان زۆر بەدەگمەن شتی ناوازەیان هێناوەتە دی، بەڵکو هەر خەریکی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی نووسراوەکانی زانایانی پێشوو بوون، دەرگای (اجتهاد) داخرا[1]. سەردەمی مەلای گەورە بووەتە سەردەمی قالە و قەوەلە بێ ئەوەی شتێکی نوێ و ناوازە بهێنرێتە کایەوە، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە دێ کە مەلای گەورە زۆر خەمی لە حاڵەتی نەخوێندەواری میللەتەکەی خواردووە بۆیە دەڵێت:

**هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم**

**عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**

**فەقیر و جاهیل و نەخوێندەوارن**

**لەلای نەوعی بەشەر بێ قەدرو خوارن**

**لە عیلم و مەعریفەت ڕوتن بە کولی**

**خەیاڵی خاوە لایان فکری مللی**[2]

دیارە ئەو بەشێکی زۆری ئەو دواکەوتن و فەقیری و جەهل و نەخوێندەوارییە دەخاتە ئەستۆی مەلایەکان، بۆیە دەڵێت:

**مەلای نادان بە عینوانی شەریعەت**

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (٤٥).

[2] تأريخ التشريع الإسلامي، د. مناع بن خليل القطان (٢٤).

حەرامی کرد لە تۆ علمی طبیعەت[1]

**سێیەم: ئەو فەرموودانەی کە باسی نیشانەکانی دوارۆژ (یوم القیامة) دەکەن:**

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد مەلای گەورە لە چەند بەیتێك ئاماژەی بە هەندێ نیشانەی دوارۆژ وەك: (هاتنەخوارەوەی عیسا، هاتنی دەجال و مەهدی) کردووە و دەڵێت:

**عیسا لە ئاسمان مهدی لەناو بیر**

**ئیشمان شلۆقە یاران چ تدبیر[2]**

هەروەها دەربارەی دەجالیش دەڵێت:

**ئێمە پابەندی وەهم و خەیاڵین**

**ئێمە خەریکی کەری دەجاڵین[3]**

دەربارەی هاتنی مەهدی و دەجالیش ئەم وتەیەی هەیە:

نە ئەو دێتە خوار نە ئەم دێتە دەر        دەجالیش زۆرن گشتی سواری کەر[4]

ئایا مەبەستی مەلای گەورە چیە لە ئاماژە کردن بەو نیشانانە؟ گومان لەوەدا نیە مەلای گەورە بڕوای بە دوارۆژ هەبووە و نیشانەکانیشی قبوڵ بووە، بەڵام ئەو هەموو ڕوایەتە زۆرانەی دەربارەی ڕاڤەکردنی ئەو نیشانانە وای لە مەلای گەورە

---

[1] هەمان سەرچاوە (١٠).

[2] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی (١٧).

[3] هەمان سەرچاوە (٤٠).

[4] هەمان سەرچاوە (٣٤).

کردووە وەڕسبونی خۆی نیشان بدات، چونکە دیارە ئەو ڕیوایەتانەی لە کتێبەکان، بەتایبەتی کتێبەکانی (الترغیب والترهیب) هاتووە زۆر شتی جولەکەکانی کەوتۆتە ناو، بۆیە مەلای گەورە داوا دەکات ئەوەندە خۆمان بەو ڕیوایەتانەوە خەریك نەکەین، چونکە ئەو خۆخەریککردنە وای کردووە زۆر شتی سەرەکی ژیانمان بیر بچێتەوە و فەرامۆشی بکەین. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دی کاتێك کە دەڵێت:

**نە ئەو دێتە خوار نە ئەم دێتە دەر**

**دەجالیش زۆرن گشتی سواری کەر[١]**

ئەوە دەردەخات کە ئەو بڕوای وانەبێ عیسا بێتە خوار و مەهدی و دەجالیش بێن، چونکە ئەو دەڵێت:

**ئێمە پابەندی وەهم و خەیاڵین**

**ئێمە خەریکی کەری دەجاڵین[٢]**

لێرەدا بەڕاستی تووشی گرفتێك دەبین لەو بۆچوونەی مەلای گەورە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەفسیرەکەی دەبینین بە ڕاشکاوی مەهدی و عیسا و دەجال بە خەیاڵ ناو دەبات و دەڵێت: "نازانم تاکەی ئەم خەیاڵاتە لەناو ئێمەدا دەوام دەکات"[٣]. زۆر جاریش پاساوی هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە فەرموودەیە و دەڵێت: "حەدیسی ڕیوایەتی واحد کە مخالەفەی قواعد وە ئوصولی مقرر بێ لای ئیمام ئەبو حنیفە (رحمە اللە) قبوڵ نیە مەگەر بگاتە دەرەجەی تەواتور"[٤].

---

[١] هەمان سەرچاوە (٤٠).

[٢] هەمان سەرچاوە (٤٠).

[٣] هەمان سەرچاوە (٣٤).

[٤] تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (٩/ ٣٤، ٨٣).

زۆربەی ئەو فەرموودانەی ڕەتیان دەکاتەوە بە بیانووی ئەوە ڕەتیان دەکاتەوە کە گوایە ڕیوایەتی کەعب و سەدین[1].

وەك ئاماژەمان بۆ کرد، قەڵسی مەلای گەورە لەو بارودۆخەی موسڵمانان — بەتایبەتی کە میللەتەکەی — تیا دەژیا وای لێکردووە بڵێت: با مەهدی هەر لەناو بیربێ، عیسا تا ئاسمان شەق ئەبێ نەیەتە خوارێ، یا الله بۆ زەعیمێ موجەدیدێ ئەو عالەمە زیندی کاتەوە لەو بیرو قەبری زیللەت و جەهلە بیانهێنێتە دەرێ"[2].

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو بابەتە لەو شتانەیە کە پێویستە لە ئایین بزانرێت و کاری پێبکرێت یان نا؟ چونکە گەر لەوانە بێت ئەوە دەبێت بڵێین مەلای گەورە لێرە کۆڵی داوە و نیشانەی نەپێکاوە[3]. لەڕاستیدا ئەو مەسەلەی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر عیسا بۆ ئاسمان ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ شێوەی هاتنە خوارەوەی هەیە، لەڕاستیشدا بابەتی دەجال و مەهدیش لە فەرموودەدا هاتووە، نەك قورئان، واتە لەو شتانە نیە کە زانینی بەپێویست زانرابێت لە ئایین. خۆ ئەو تەنها کەسیش نیە ڕای نێگەتیڤی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، ئەوەتا لە سەردەمی خۆمان (عززەددین بلیق[4] و حەسەن تورابی و مامۆستا ناصری سوبحانی، ئەو فەرموودانە ڕەت دەکەنەوە[5]، پێشتریش محەمەد عەبدە و محەمەد ڕەشید ڕەزا، ڕای خۆیان هەبووە لەسەری. ئەوەتا محەمەد عەبدە وشەی (أنزلنا) لە قورئان بە مانای دەرچوون لێك دەداتەوە لە ئایەتی: (وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ)، دەڵێت: (أنزلنا) بە مانای دەرچوونە و دابەزینی عیساش، واتە: دەرکەوتنی ڕاستی

---

[1] تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (١٠/ ٦٠٩)، محمد بن عبد الله الجلي وجهوده العلمية، د. جواد فقى علي (٢٩٣) پەراوێز.

[2] تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (٩/ ١٦٨).

[3] هەمان سەرچاوە (١٠/ ٦٠٩).

[4] عەقیدەی ئیسلامی، مەلای گەورە (٢٣).

[5] موازين القران والسنة للأحاديث الصحيحة والضعيفة والموضوعة، عز الدين بليق (٧٧).

عیسا و بەرپابوونی ئیسلام و سەرکەوتنی، دەرکەوتنی ڕاستی عیسا (کە خوا نیە) بۆ دیانەکان"[1].

هەروەها محەمەد ڕەشید ڕەزا دەربارەی هاتنە خوارەوەی عیسا دەڵێت دوو بۆچوون هەیە:

١- دەوترێ فەرموودەکە فەرموودەی تاکە (ئاحادە) و لە چەمکی بڕوا کار بە فەرموودەی تاك ناکرێت.

٢- تەئویلکردنی بەوەی دابەزینی عیسا، واتە: سەرکەوتنی ڕۆحیەتی یا نهێنی پەیامەکەی.

بۆیە محەمەد عەبدە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ﴾ (آل عمران: ٥٥) دەڵێت: "ئەم مردنە مردنی ئاساییە و ئەوەی بەرز بووەتەوە تەنها ڕۆحی عیسایە"[2].

لەڕاستیدا مەلای گەورە بە قەڵەمێکی ڕەخنەگرانە سەرنج دەداتە هەندێ فەرموودە و بەڕاشکاوی هەندێکیان ڕەت دەکاتەوە، وەك ڕەتکردنەوەی ڕای حاکیم لە ڕیوایەتی دەربارەی پێغەمەر سولەیمان کە پەپوسلێمانە ئاو لە قوڵایی ژێر زەوی دەبینێت و ئەو ڕای وایە ئەم ڕیوایەتە دژە لەگەڵ عیبارەتی قورئان، هەروەها ڕیوایەتی کەعب دەربارەی پێغەمبەر سولەیمان کە ویستویەتی بچێتە یەمەن و لەسەر مەدینە تێپەڕیوە و چەند ڕۆژێك لە مەککە ماوەتەوە و هەموو ڕۆژێك (٥) هەزار مانگا و (٥) هەزار حوشتر و (٢٠) هەزار مەڕی کردووەتە قوربانی[3]. هەروەها ڕیوایەتی (سدی) دەربارەی داود ڕەت دەکاتەوە، بگرە ڕیوایەتی بوخاری[4] ڕەت

---

[1] محمد رشيد رضا، کۆمەڵێ نووسەر (مجلة المنار) (٥/ ١٣٥).

[2] آراء محمد رشيد رضا العقائدية في أشراط الساعة الكبرى وآثارها النظرية، مشاري سعيد المطرفي، نامەی ماستەرە، کۆلێجی شەریعە – زانکۆی ئال و بەیت – ئوردن (٢٩٦).

[3] تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (٧/ ٧٤).

[4] هەمان سەرچاوە (٨/ ١٦٤)، (٤/ ١٨٣، ١٩٠).

دەکاتەوە کە دەڵێت: "نەبییەك لە ئەنبیا لە غەزا دوعای کرد و ڕۆژی بۆ حەپس کرا"[١].

دیارە ئەو هەندێ پرەنسیپی هەیە بۆ قبوڵکردنی فەرموودە، لەوانە:

١ـ هیچ فەرموودەیەکی ڕاست لە پێغەمبەرەوە نەقڵ نەکراوە دەربارەی خزر و ئیلیاس و عیسا و دەڵێت: "خوا ئەزانێت چیان بەسەر هاتووە زهنی خۆتان بەو نەقالانە مشغوڵ مەکەن"[٢].

٢ـ پێیوایە ڕەخنەگرانی فەرموودە بایەخی پێویستیان بە ڕەخنەی فەرموودەکانی (مناقب) نەداوەو ئەو دەڵێت: "ذاتا نقاداني حديث اعتنايان بەنقدي أحاديثی مناقب نەکردیە، فضل لە حکاياتي قصاصان"، بۆیە دەڵێت: "گوێ مەدە حیکایەتی وەهبی کوڕی منبە با ئەحمەدیش نەقڵی بکا"[٣]. هەروەها لە جێگایەکی دی دەڵێت: "من بڕواییم هەیە بە بوخاری و مسلم أما لە أحکامی شرعیە، لە أحکامی کەون و ایجاد متوقفم علی الاقل ئەبێ تأویل بکرێ"[٤]. واتە: ئەو، ئەو فەرموودانەی دەربارەی ئەحکامی شەرعین بێ گفتوگۆ وەریاندەگرێت، بەڵام کاتێ دێتە سەر ئەو فەرموودانەی کە باسی کەون و ایجاد دەکات، هەڵوێستەی هەیە و پێی خۆشە تەئویلیان بکات.

لەڕاستیدا مەلای گەورە زۆر ڕەخنە لە نەقڵکەرانی فەرموودە دەگرێت، بەتایبەتی کەعبی ئەحبارو وەهبی کوڕی مونەبیە[٥]. بەڕاشکاوی دەڵێت: "سبحان الله نقال چەند بێ محاکەمەن، عەمەلی مؤمن چۆن سواری مؤمن دەبێ لە دونیا،

---

[١] صحيح البخاري، كتاب بدء الوحي، باب: قول النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: أحلت لكم الغنائم، ژمارە: (٣١٢٤).

[٢] تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (٨/ ١٦٤).

[٣] هەمان سەرچاوە (٦/ ٨١).

[٤] هەمان سەرچاوە (٥/ ٤٧).

[٥] هەمان سەرچاوە (٥/ ٤٨٨)، (٦/ ٨٠).

یاخود کافر چۆن سواری عملی خۆی دەبێ لە دونیا"[1]. لە کۆتاییش تەسلیم دەبێت و دەڵێت: "بڵێم چی مقابەلەی ئیمامی ئەحمەد و بوخاری و موسلم و ئەبو داود و تیرمیزی ناکرێت"[2].

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین ئەگەرچی هەندێك لە زانایان فەرموودەی عیسا و دەجال و مەهدی بە فەرموودەی موتەواتیر لەقەڵەم دەدەن[3]، لەڕاستیدا نابێت ئەوەندە بە هەستیارانە سەرنج بدەینە سەر باسکردنی عیسا و مەهدی و دەجال، گەر فەرموودەکانیش ڕاست بن. لەم ڕۆژگارەدا ڕەخنەگرتن گەیشتووەتە ئاستێك تەنانەت باس لە ڕاستی و دروستی هەندێ فەرموودەی سەحیحی بوخاری و موسلیمیش دەکەن، هەندێ دەنگ هەیە دەڵێت لەوانەیە هەندێ فەرموودەی ناو ئەو کتێبانەش ڕاست و دروست نەبن، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین باسی یەکێك لە زانایانی هاوچەرخ بکەین، کە مامۆستا ناسری سوبحانییە، کە چەند ڕا و بیروبۆچوونێکی تایبەت بە خۆی هەیە لەم بوارەدا، وەك:

١- لە ڕووی حوجیەتەوە ئەو جۆرە فەرموودانەی کە زانایانی (محقق) ناویان ناون (خبر الآحاد)، جیایی کردوونەتەوە لە جۆری (متواتر) و پێیوایە بۆ بابەتی بنەماکانی (اعتقادیات) و بابەتە پەرستشەکان (العبادات) قورئانی پیرۆز ڕوومالّی کردوون و دەکرێت پشت بە فەرموودەی (متواتر)یش ببەستریت[4].

٢- سەبارەت بە مەرجەکانی (مەتن)ی فەرموودە: هەوڵی زانایانی پێشینی فەرموودەناسی، بەرز نرخاندووە، بەڵام سەرنجیشی لەسەر ئەو مەرجانە هەبووە و پێی وابووە مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتی گوێی پێنەدراوە کە ئەویش: (بەراوردکردنی

---

[1] هەمان سەرچاوە (٦/ ٥٦).

[2] تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (٣/ ٣٠٩).

[3] شرح العقيدة الطحاوية، ابن أبي العز الحنفي (٤٩٩)، الإحتجاج بالأثر على من أنكر المهدي المنتظر، التويجري (٤٥).

[4] پێگەی فەرموودە و حوجییەتی سوننەت لای عەللامە ناصر سوبحانی، د. عومەر عبد العزيز (٣٥).

دەقی ڕیوایەتە لەگەڵ قورئانی پـیرۆزدا) و ڕەدکردنـەوەی ئـەو ڕیوایەتانـەی کـە بـە جۆرێك لـە جۆرەکـان، پێچـەوانەی دەقێکـی قورئـانی پـیرۆزن، هەرچـەند لـە ڕووی سەنەدیشەوە قسە لەسەر ڕاویەکان نەبێت[1].

٣ـ زیادکردنی مەرجێك بۆ (راوی) لە سەنەدی فەرموودەدا: مامۆسـتا ناسـر پێـی وابووە کە دەبوایە لەگەڵ هەردوو مەرجی (عدل) و (ضبط) کـە زانایـانی فـەرموودە وەك دوو فیلتــەری بنــەڕەتی بــۆ ڕاوی دایــان نــاون و مــەرجێکی تریــان دابنایــە کــە ئەوەیە: (راوی)ی فەرموودە نابێت لـەو کەسـانە بووبێـت کـە هاتوچـۆی لای مـیر و سوڵتان و والیەکانی کردووە، مەگەر سەلما بێت کە بەمەبەستی چاکسازیی، یان بـۆ ئامۆژگاری چووەتە لایان[2].

٤ـ داوا دەکـات لەبابـەتی زانسـتی (جـەرح و تەعـدیل)دا پـەیڕەوی لـە ڕێبـازی توندگیرەکان بکەن، ئەوانـەی کـە مـەرجی توونـدوتۆڵیان هەیـە، نـەك شـلگیرەکان، ئەوانەی کە لە دانانی مەرجەکاندا دەستیان دانەگرتووە[3].

٥ـ لە بەشێکی یاداشـتنامەکەیدا هەڵەیـەکی بـاو ڕاسـت دەکاتـەوە، کـە زانایـانی پاش پێشـەوایان (بوخـاری و موسـلیم) سـەبارەت بـە دوو کتـێبی هـەردووکیان کـە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەی فەرموودەن و ناویان ناون (الجامع الصحیح)، وتوویانە ئوممەت ئیجماعی هەیە کە (أصح کتـابین بعـد کتـاب الله)ن، واتـە: دروسـتترین دوو کتێبن پاش قورئان. دەڵێت: "ڕاست نیە و خـودی دوو پێشـەواکە خۆیـان بەرامبـەر یەکتر وایان نەزانیوە. زانایانی پاش ئەوانیش هاودەنگ نەبوون کە هەرچییان تێدایە لە جۆری (سەحیح)ن"[4].

---

[1] هەمان سەرچاوە (٣٩ـ ٤٠).

[2] پێگەی فەرموودە و حوجییەتی سوننەت لای عەللامە ناصر سوبحانی، د. عومەر عبدالعزیز (٤١).

[3] پێگەی فەرموودە و حوجییەتی سوننەت لای عەللامە ناصر سوبحانی، د. عومەر عبدالعزیز (٤٩).

[4] ئـەوەی ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت ئەوەیـە کـە خـودی پێشـەوایان (بوخـاری و موسـلیم) لەسـەر مەنهەجیەتی کۆکردنەوەی فەرموودە و مەرجەکان یەك ڕا نەبوون، بۆیە لە هەندێك ڕیوایەتـدا هـاودەنگن،

له کۆتایدا دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ مەلای گەورە دەربارەی هاتنە خوارەوەی عیسا و هاتنی دەجال و مەهدی چەند هەوڵێکی هەیە لەوانە:

١- بە لاوازکردنی فەرموودەکان گەر بکرێ[1].

٢- تەئویلکردنی مەلای گەورە بۆ ئەو فەرموودانەی باسی هاتنی عیسا و مەهدی و دەجال دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە تەئویلی هەندێ لە نیشانەکانی دوارۆژ دەکات: ئاگری عەدەن ئاگری دووبەرەکی ئینگلیزەکان بوو کە لە عەدەنەوە بەرەو ئاسیا هات و جەنگی جیهانی یەکەمی لێ کەوتەوە و بووە هۆی کۆبوونەوەی خەڵکی لە وڵاتی شام، هەروەکو بووە هۆی شکستی موسڵمانان. لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێت: "دەجال ئەو کەسانەن کە ئایینیان فرۆشتووە، هەرکەسێ تۆوی دووبەرەکی لەناو خەڵکی بڵاوبکاتەوە ئەوە ئەو دەجالە"، دەربارەی مەهدیش دەڵێت: "ئەوەی دەربارەی مەهدی لە حیکایەتی حیکایەت خوانان دەیبیستی ئەوە مەحاڵە و نایەتە دی، هیچ کات تاکێك دەست بەسەر هەموو دونیادا ناگرێت، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە ئەگەر کەسێ بیتوانیایە دەست بەسەر هەموو دونیادا بگرێت ئەوە پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر) دەبوو، ئەو لەگەڵ ئەو هەموو توانا و هێز و هاوکاری خودا و جەنگاوەرە ئازایانە، نەیتوانی هەموو دونیا بگرێت، بەڵکو هەر لە ناوچەیەکی دیاریکراو دەسەڵاتی بەرپابوو".

دەربارەی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر عیساش بۆ ئاسمان، دەڵێت: "عیسا لە کوێیە؟ کەس نازانێت دوای بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان چی لێهات و لە کوێیە ئێستا". هەروەها دەڵێت: "زۆربەی ئەو ڕیوایەتانەی باسی ئەم بابەتانە دەکەن

---

کە پێیان دەگوترێت (متفق علیە)، لە هەندێکیشیاندا (موسلیم) ڕیوایەتە لاخراوەکانی (بوخاری) هێناوەتەوە، ئەوانەن کە پێیاندەگوترێت (ما انفرد به مسلم). پێگەی فەرموودە و حوجییەتی سوننەت لای عەللامە ناصر سوبحانی، د. عومەر عبدالعزیز (٤٩- ٥١).

[1] محمد بن عبد الله الجلي وجهوده العلمية، د. جواد فقي علي (٢٩٣) پەراوێز.

ڕیوایەتی کەعبی ئەحبار و وەهبی کوڕی مونەبیهن، لە ڕێگای ئەم نەقالانەوە موسڵمانان تووشی ئەم سەرئێشانە هاتوون"[1].

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی سەرەوە دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە مەلای گەورە بڕوایەکی زۆر بتەوی بە فەرموودەی ڕاست و دروست هەبووە، لە کتێبی عەقیدەی ئیسلامیدا دەڵێ: "خۆلاسە ئەوەی بە دروستی لە پێغەمبەر بە ئێمە گەیشتبێ — السمع والطاعة — قبوڵی دەکەین و ئیمانی پێ دەهێنین"[2]. واتە هەرشتێ فەرمایشتی دروستی پێغەمبەری لەسەر بێت جێگای قبوڵە و گفتوگۆی ناکەین، بەڵام ئەگەر جێگای گومان بوو ئەو کاتە بۆمان هەیە ڕەتی بکەینەوە، یان تأویلی بکەین، بۆیە لە زۆر شوێندا فەرموودەی تێ هەڵکێشی هۆنراوەکانی کردووە، بۆ نمونە لە هۆنراوەی (هاواری ئیسلام) دا دەڵێت:

پێغەمبەر ئەیکرد ڕۆژی حەفتا جار      لە خزمەت خودا تۆبە و ئیستیغفار

ئەمەشی لەم فەرموودەوە وەرگرتووە: قال أبو هريرة ـ رضي الله عنه ـ سمعت رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يقول: "والله إني لأستغفر الله وأتوب إليه في اليوم أكثر من سبعين مرة"[3]. ئەگەر باوەڕی بە فەرموودە نەبوایە ڕەدی دەکردەوە نەک بیگێڕێتەوە و باسی بکات.

---

[1] عەقیدەی ئیسلامی، مەلای گەورە (٦ ـ ٧).

[2] عەقیدەی ئیسلامی، مەلای گەورە (٤٠).

[3] صحيح البخاري، كتاب الدعوات، باب استغفار النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في اليوم والليلة، ژمارە (٦٣٠٧).

# کۆتایی

مەلای گەورە لە شیعرەکانی جەخت لەسەر ناسینی خوا دەکاتەوە بەشێوەیەکی ڕاست و گونجاو بە زاتی ئەو، لە خوێندنەوەی شیعرەکانی بۆمان دەردەکەوێ ئەو زۆر بایەخ بە بەڵگە عەقڵیەکان دەدات و ڕێگای خواپەرستی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست فێری میللەتەکەی دەکات. مەلای گەورە بەدەر لە هەموو مەلایەکانی سەردەمی خۆی، زۆر بە ڕاشکاوانە ڕای خۆی دەربارەی سۆفیگەری و شێخایەتی دەخاتە ڕوو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو سۆفیگەرییەی لە کوردستان باوە، دوورکەوتنەوەیە لە ڕێبازی سۆفیگەری ڕاستی ئیسلام، هەروەها میللەتەکی هۆشیار دەکاتەوە کە شوێنکەوتنی ئەو کەسانەی سۆفیگەرییان قۆستووەتەوە و کردوویانەتە ئامراز بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و فێڵکردن لە خەڵك، زیان بە ئایینی ئیسلام و میللەتی کورد دەگەیەنێت، بۆیە بە ئاشکرا دەڵێت:

هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ ئومیدی زندەگانیت پێ نەمینی.

مەلای گەورە تەنها یەك وتەی وەك بەڵگە لە شیعرەکانی هێناوە ئەویش (الفقر فخری)ە و دەڵێت: ئیفترایە. ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەمە فەرموودە نیە و هەڵبەستراوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت بۆچوونی مەلای گەورە ڕاستە و ئەو ڕیوایەتە ڕاست و دروست نیە، تەنها هەندێ لەو کەسانەی تەفسیری قورئانیان کردووە و سەر بە قوتابخانەی تەفسیری سۆفیگەرین، وەك بەڵگە دەیهێننەوە، بەڵام کاتێ دەچیتە سەر زانستی جەرح و تعدیل دەردەکەوێت ئەو وتەیە ڕاست نیە و فەرموودە نیە.

مەبەستی مەلای گەورە لە باسکردنی دوو کتێبی (سونەنی تیرمیزی و دارەقوتنی) دەربڕینی هەستی ناڕەزاییە لەسەر هەڵسوکەوتی مەلایانی سەردەمی

خۆی، کە پشتیان کردبووە کاروباری موسڵمانان و هەر خەریکی زانستەکان و ڕیوایەتی لاوازی فەرموودە بوون، چونکە مەلای گەورە، مەلا بە ئامرازی گۆڕان دەزانێ و داوا دەکات حاڵی موسڵمانان بگۆڕن و بیانگەڕێننەوە سەر ڕێچکەی ئیسلام و بایەخ بە زانستی پراکتیکی بدەن، چونکە علمی طبیعەت لای ئەو عیلمی خودایە. مەلای گەورە زۆر پێغەمبەر محەمەدی خۆشویستووە و بایەخی بە فەرموودەکانی داوە و بە دووەم سەرچاوەی ئاینی ئیسلامی داناوە.

لە بابەتی نیشانەکانی دوارۆژ بەتایبەتی ئەو فەرموودانەی باسی هاتنەخواری عیسا و هاتنی مەهدی و دەجال دەکات، ئەو ڕای وایە: ئەم فەرموودانە لەو ئاستەدا نین بکرێنە بەڵگە، بەتایبەتی ئەو هەموو ڕیوایەتە خەیاڵیانەی دەربارەی ئەم زاتانە وتراوە زۆری ڕاست نیە، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت مەلای گەورە وەك محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا هەوڵدەدات ئەم فەرموودانە بە لاواز لەقەڵەم بدات، یاخود تەئویلیان بکات. جا لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لە بابەتە سەرەکیەکانی بیروباوەڕ نین، واتە لەو شتانە نین کە زانینیان لە پێویستێکانی ئایین بێت، دەکرێت ڕای مەلای گەورە وەربگیرێت، مادام ئەو بەڕەهایی ئەو فەرموودانە ڕەت ناکاتەوە.

# سەرچاوەکان

دوای قورئانی پیرۆز.

١ـ أبو القاسم شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي الدمشقي المعروف بأبي شامة (ت: ٦٦٥هـ) تحقيق: عثمان أحمد عنبر، ط١، دار الهدى – القاهرة، ١٣٩٨هـ/ ١٩٧٨م.

٢ـ الإحتجاج بالأثر على من أنكر المهدي المنتظر، حمود بن عبد الله بن حمود بن عبد الرحمن التويجري، ط١، الرئاسة العامة للإدارات البحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد، الرياض – السعودية، ١٤٠٣هـ/ ١٩٨٣م.

٣ـ آراء محمد رشيد رضا العقائدية في أشراط الساعة الكبرى وآثارها النظرية، مشاري سعيد المطرفي، رسالة ماجستير، كلية الشريعة، جامعة آل البيت – الأردن، مكتبة الإمام الذهبي، ط ١، ١٤٣٥هـ/ ٢٠١٤م.

٤ـ الأربعون حديثا في حق الفقراء أهل الصفة (مخطوط)، صدر الدين أبو طاهر السلفي أحمد بن محمد بن أحمد بن محمد بن ابراهيم سلفه الأصبهاني.

٥ـ أصول الفقة الاسلامي في نسيجة الجديد، د. مصطفي الزلمي، ط١، ٢٠١٤م.

٦ـ البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، أبو العباس أحمد بن محمد الهرري بن عجيبة الحسني الفاسي الصوفي، تحقيق: أحمد عبدالله القرشي، الناشر: د. حسن عباس زكي – القاهرة، ط٢، ٢٠٠٢م.

٧ـ البداية والنهاية، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي (ت: ٧٧٤هـ)، دار الفكر، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٦م.

٨ـ البدر المنير في تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الشرح الكبير، ابن الملقن سراج الدين أبو الحفص عمر بن علي الشافعي، تحقيق: مصطفى أبو الغيط، ط١، دار الهجرة، الرياض – السعودية.

٩ـ بين السلفية والصوفية، زاهد يحيى الزرقي، ط١، مطبعة الحوادث – بغداد، ١٤١٠هـ/١٩٩٠م.

١٠- پێگەی فەرمووده و حوجییەتی سوننەت لای عەللامە ناصر سوبحانی، د. عمر عبد العزیز: چ١، ناوەندی سارا – سلێمانی، ٢٠١٧ز.

١١- تأريخ التشريع الاسلامي، د. مناع بن خليل القطان (ت: ١٤٢٠هـ)، مكتبة وهبة، ط٥، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

١٢- تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، المباركفوري محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم، دار الكتب العلمية – بيروت.

١٣- التفسير المظهري، محمد ثناء الله المظهري، تحقيق: غلام نبي التونسي، مكتبة الرشدية – باكستان، ١٤١٢هـ.

١٤- تفسير حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن، محمد الأمين بن عبدالله الأرمي العلوي الهرري الشافعي، إشراف ومراجعة: د. هاشم محمد علي بن حسين مهدي، ط١، دار طوق النجاة، بيروت – لبنان، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

١٥- التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٨٩م.

١٦ـ تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی – عێراق، ١٤٣٠ك/ ٢٠٠٩ز.

١٧- جغرافية العالم الإسلامي، صلاح الدين علي شامي – زين الدين عبدالمقصود، منشأة المعارف، الأسكندرية – مصر.

١٨- حاشية الشهاب على تفسير البيضاوي (عناية القاضي وكفاية الراضي على تفسير البيضاوي)، شهاب الدين أحمد بن محمد بن عمر الخفاجي المصري الحنفي، دار صادر – بيروت.

١٩ـ خلاصەی تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا محمودی گەلاڵی، دار المعرفة، بيروت – لبنان، ١٤٣٤ك/ ٢٠١٣ز.

٢٠- دیاری جەنابی مەلا محمدی کۆی، مـەلا محمـدی کـۆیی، چ٤، چـاپخانەی هـەولێر، ١٩٦٩ز/ ٢٥٨١ك.

٢١- دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حمید میران – م. کـەریم شـارەزا، انتشـاراتی کوردستان– سنه، چ١، ١٣٩٠ك.

٢٢- الرد الأمين على كتب عمر أمة الإسلام ورد السهام والقول المـبين، شـريف مـراد أبـو عمرو، الموقع الرسمي للمكتبة الشاملة: www.shamela.ws.

٢٣- روح البيان، إسماعيل حقي بن مصطفى الاستانبولي الحنفي الخلـوتي، دار الفكـر – بيروت.

٢٤- روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، شهاب الدين محمود الآلوسـي، دار الفكر – بيروت، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م.

٢٥- السهروردي، شهاب الدين السهروردي المقتـول (حياتـة، آثـاره، أدبـه، فلسـفته)، د. قيس كاظم الجنابي، مطبعة تموز – دمشق، ط١، ٢٠١٥م.

٢٦- شرح العقيدة الطحاوية، صدر الدين محمد علاء الدين علـي بـن محمـد بـن أبـي العـز الحنفي الأذرعي الصـالحي الدمشـقي، تحقيـق: جماعـة مـن العلمـاء، دار السـلام، مطبوعـات المكتب الإسلامي، ط١، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

٢٧- شرح ألفية العراقـي، أبـو الفضـل زيـن الـدين عبـدالرحيم العراقـي، الموقـع الرسمـي للمكتبة الشاملة: www.shamela.ws.

٢٨- صفحات من حياة الملا محمـد الكـوي، مغديـد حـاجي، توێژینەوەیەکـە لـە گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق – دەسـتەی کـوردی – ژمـارە (١٢) سـاڵی: ١٩٨٥ز و ژمـارە (١٤) ساڵی: ١٩٨٧ز – چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا – عێراق.

٢٩ــ علـوم الحـديث ومصـطلحه – عـرض ودراسـة، د. صـبحي ابـراهيم الصـالح (ت: ١٤٠٧هـ)، دار العلم للملايين – بيروت، ط١٥، ١٩٨٤م.

٣٠- العواصم والقواصم في الذب عـن سـنة أبـي القاسـم، محمـد بـن إبـراهيم بـن علـي بـن المرتضى بن المفضل الحسني، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسـالة – بـيروت، ط٣، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.

٣١ـ عەقیدەی ئیسلامی، مەلای گەورە، لێكۆڵینەوەی: پ. د. جەمال محەمەد باجلان، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە: ٢٤ لە سبتەمبەری ٢٠١٢ز.

٣٢ـ غرائب القرآن ورغائب الفرقان، نظام الدين الحسني بن محمد بن حسين القمي النيسابوري، تحقيق: الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٤١٦هـ.

٣٣ـ فتاوى د. حسام الدين بن موسى بن محمد بن عفانة، د. حسام الدين عفانة، المكتبة الشاملة.

.http// yasaloonak.net

٣٤ـ قاموسی ڕستە، مەلا محمودی گەلاڵی، دار المعرفة، بیروت – لبنان، ١٤٣١ك/ ٢٠١٠ز.

٣٥ـ الكامل في التأريخ، ابن أثير أبو الحسن عز الدين علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم الشيباني، تحقيق: عمر عبدالسلام، دار الكتب العربي، ط١، ١٩٩٧م.

٣٦ـ الكوثر الجاري الى رياض أحاديث البخاري، أحمد بن اسماعيل بن عثمان بن محمد الكوراني الشافعي ثم الحنفي، تحقيق: الشيخ أحمد عزو عناية، ط١، دار احياء التراث العربي، بيروت – لبنان، ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

٣٧ـ گوڵبژێرێك لە دیوانی جەنابی ملا محمدی كۆی و پیرەمێردی سابڵاغی و حاجی قادری كویی، سیدیان، انتشارات – مهاباد، ١٣٢٢ك.

٣٨ـ مجلة المنار، محمد رشيد رضا، ط٢،، مصر، ١٨٩٨م.

٣٩ـ محمد بن عبداللة الجلي وجهودة العلمية، د. جواد فقى علي، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ط١، ٢٠٠٦م.

٤٠ـ المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية، د. مصطفي الزلمي، ط١، ٢٠١٤م، خانەی ئیحسان.

٤١ـ مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، علي بن سلطان محمد أبو الحسن نور الدين الملا الهروي القاري، ط١، دار الفكر، بيروت – لبنان، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠٢م.

٤٢ـ مصطلح الحديث، محمد بن صالح بن عثيمين (ت: ١٤٢١هـ)، مكتبة العلم – القاهرة، ط١، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.

٤٣ـ المصقول في علم الأصول، مەلا محەمەد جەلیزادە، لێکۆڵینەوەی: د. فائز ئەبوبەکر قادر، تێزی دکتۆرایە – زانکۆی سەلاحەدین، ١٤٢٠ك/ ٢٠٠٩ز.

٤٤ـ مع الإثنى عشرية في الأصول والفروع، علي بن أحمد السالوس، ط٧، دار الفضيلة – الرياض، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

٤٥ـ معجم المناهي اللفظية وفوائد في الألفاظ، بكر بن عبدالله أبو زيد بن محمد بن عبدالله بن بكر بن عثمان بن يحيى بن غيهب بن محمد، ط٢، دار العاصمة – الرياض.

٤٦ـ معجم مصطلحات الإشارات الصوفية، عبد الرزاق القاشاني، تحقيق: سعيد عبد الفتاح، المطبعة المصرية، ٢٠٠٤م.

٤٧ـ المقاصد الحسنة في بيان كثير من الأحاديث المشتهرة، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الله بن محمد السخاوي، تحقيق: محمد عثمان الخشب، دار الكتاب العربي– بيروت، ط١، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٢م.

٤٨ـ المنجد في اللغة والأعلام، لويس معلوف اليسوعي، بيروت – لبنان.

٤٩ـ موازين القرآن والسنة للأحاديث الصحيحة والضعيفة والموضوعة، عزالدين بليق، دار الفتح الجديد للنشر، ١٩٨٢م.

٥٠ـ هوية كركوك الثقافية والإدارية، محمد علي قرداغي، ط٢، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٧ز.

# پێگەی فەرموودە و
# وەرگرتنی نەك فەرامۆش و لەبیرکردنی

**د. ڕەسول حەسەن ڕەسول موسەکی**
**زانکۆی هەڵەبجە**

بۆ بەرگریی لە فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، ئەم توێژینەوە ئەخەمە بەردەم خوێنەران بە هیوای سوود و کەڵکی بۆیان و بەرگریی لەو هێرشە ناڕەوایەی دژە سوننەت ئەنجامیان داوە لە وەرنەگرتن و ڕەدکردنەوەی فەرموودە شیرینەکان و کارپێنەکردنی لەلایەن ئەو جۆرە بیروبۆچوونانەی لە هەندێ شوێن و جێگە بەدی دەکرێن. پشت بە خوای گەورە ئەم توێژینەوەم بەرگرییەکە لە فەرموودە شیرینەکان و کارپێکردن و وەرگرتنی وەك سەرچاوەی دووەم لە دانانی ئەحکامەکانی شەرعدا، چونکە بەرگریی لە فەرموودە، بەرگرییە لە قورئان، هەروەك بە پێچەوانەشەوە زۆر ڕاستە، بەرگریی لە قورئان بەرگرییە لە فەرموودە.

چونكه فـەرموودەكانی بەڵگـەن بـۆ بـاوەڕداران و ئـەوی خـوا و پێغەمبەرەكـەی هەڵی دەبژێرن، هەر ئەوەیە بۆ شوێنكەوتن و وەرگرتن، وەك لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالًا مُبِينًا﴾ (الأحزاب: ٣٦). لەبەرئـەوە گوێڕایـەڵی و فەرمانبـەرداری پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسەر)، فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی خوای گەورەیە بە بەڵگەی ئەم ئایەتـە پـیرۆزە كە دەفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ (النساء: ٨٠). لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر باوەڕداران هەرچی لە قورئـانی پیرۆز و فەرموودەی دروستدا هاتبێت و فەرمانكرابێت، وەریبگرن و كاری پێ بكەن، نەك پشتگوێخستنی و لەبیركردنی، بۆیە خوای گەورە لە ئایەتێكی تـردا فـەرمانمان پێ دەكات بە گوێڕایەڵی و وەرگرتنی هەر فـەرمانێك كـە لـە نێردراوەكەیـەوە بێـت، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧)، واتە: (ئەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) پێیدان وەریبگرن و ئەوەشی قەدەغەی لێكردن وازی لێبێنن و لێی دووربكەونەوە).

## پاڵپشتی قورئان بۆ گوێڕایەڵی فەرموودەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)

قورئـانی پـیرۆز ئەصـڵ و بنـەمای یەكەمـە لـە ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلامدا و فـەرموودەش بنـەمای دووەمـە، پێگـە و پایـەی فـەرموودە بـۆ قورئـان ڕوون و ئاشكرایە، كە بۆ باسكردنی گشتییەكان و تایبەتمەندكردنە دەكات و ڕوونكردنەوە و شەرحی نادیار و ناڕوونەكانە، ئاشكراكردنی ئاڵۆزەكـانی و بەسـتنەوەی ڕەهاكـانی، وردكردنەوەی درشتەكانی، هەر لە سەردەمی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) و هاوەڵان و تابیعین و دوای ئەوان و زانا و پێشەواكان هـیچ كامیـان گرفتیـان نـەبووە لەگـەڵ كـاركردن و پێگـەی فـەرموودەدا، بۆیـە ئیمـامی شـەوكانی دەڵێـت:

"جێگیربوونی فەرموودە و کارپێکردنی و سەربەخۆیی لە دانانی حوکمەکان (تشريع الأحكام) پێویستی یەکی ئایینیە، کەس پێچەوانەی ئەمە نییە، مەگەر کەسێك کە بەشی نەبێت لە ئیسلام".[1] هەر لەبەر گرنگی فەرموودەیە، عەلی کوڕی مەدینی دەڵێت: "عەبدوڕەحمانی کوڕی مەهدی وتوویەتی: مرۆڤی باوەڕدار پێویستیبوونی بە فەرموودە لە لا گرنگترە، وەك پێویستیبوونی بە نان و ئاو، چونکە فەرموودە، ڕوونکردنەوە و تەفسیری قورئانە"[2].

کەس پێچەوانەی کارکردن بە فەرموودە نییە، تەنها خەواریج و شیعە نەبێت، بەو مەرجانەی لای ئەوان وەرگیراوە. موعتەزیلەکانیش بە حوکمی عەقڵیان بە سەر فەرموودەدا، پشتگوێیانخستووە. جا ئا ئەوانە دەستیانگرتووە بە تێگەشتنی ڕواڵەت و ڕووکەشیان لە قورئان و پشتگوێخستنی فەرموودە و خۆیان گومڕابوون و خەڵکیش گومڕا دەکەن و لایانداوە لە ڕێگەی ڕاست، چونکە قورئانی پیرۆز شوێن و پێگەی فەرموودەی نێردراوەکەی کە پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر) جێگیر دەکات و دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (آل عمران: ٣١). خۆشەویستی خوداش بەستراوە بە شوێنکەوتن و خۆشەویستی پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لەسەر). لەبەر ڕۆشنایی ئەم فەرموودەیە: عَنْ أَنَسٍ ـ رَضِيَ اللّه عَنْهُ ـ، عَنِ النَّبِيِّ ـ صَلَّى اللّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ قال: "لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أكونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ"[3]. بۆیە وەك شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرە نازدارە (دروودی خوای لەسەر) و هەڵگری ڕێباز و بانگەوازەکەی بە پێویستی دەزانین لەسەر شانی خۆمان بەرگریی لێ بکەین و خۆمانی فیدا بکەین، سەرنج بدەین لەم فەرموودە، وەك ئیبن

[1] بڕوانە: إرشاد الفحول للشوكاني (٢٩).

[2] الكفاية في علم الرواية (١٦).

[3] صحيح البخاري (١/ ١٢)، (١٥)، وصحيح مسلم (١/ ٦٧)، (٤٤).

بـەتتالٚ و قـازی عـەیاز دەڵـێن: خۆشەویسـتی (سـێ) بەشـە، هـەر سـێ بەشـە خۆشەویسـتیەکە لـە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) کۆووەتـەوە بـەم شێوەیە:

١ـ خۆشەویستی گەورەیی و ڕێز، وەك خۆشەویستی باوك.

٢ـ خۆشەویستی سۆز و بەزەیی، وەك خۆشەویستی منداڵ.

٣ـ خۆشەویستی هاوبەش و چاکە، وەك خۆشەویستی خەڵکی تر بە گشتی.

بۆیە هـەر سـێ خۆشەویسـتیەکەی تێـدا کۆبووەتـەوە، چـونکە خۆشەویسـتی و شـوێنکەوتنی ڕاسـتەقینەی ڕێبـازە پیرۆزەکـەی پێویسـتی بـە گیانبەخشـین و گیانفیدایی هەیە. هەر لەم ڕوانگەوە بەرگریی لە فەرموودە شیرینەکان، بەرگرییە لە خودی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، بەرگرییە لە ڕێبازەکەی و بەرگرییە لە ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلام. بە پێچـەوانەی ئەوانـەی لـەم ڕۆژگـارەدا پەیـدابوون و دژایەتی فەرموودە شیرینەکان دەکەن و خۆیـان دادەنـێن کـە بـەرگریی لـە ئیسـلام دەکەن، بەڵام بە خۆیان بزانن یان نەزانن، بە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ، ئەوانـە دەچن بە گژ ئیسلامدا و دژایەتی قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری خوا دەکەن (دروودی خوای لەسەر)، چونکە خوای گەورە خۆشەویستی خۆی بۆ بەنـدەکانی بەسـتووە و گرێداوە بە شوێنکەوتنی نێردراوەکەی تا خوا بەندەکانی خۆی خۆش بوێت و لێیان خۆش ببێت، فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەرە نازدارەکەی (دروودی خوای لەسەر) و گوێڕایەڵی ئەو گوێڕایەڵی خوایە، وەك خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿مَـنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَما أَرْسَلْناكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً﴾ (النسـاء: ٨٠)، واتە: (هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر بێـت، ئـەوە گوێڕایـەڵی خـوای کـردووە، هـەر کەسیش پشت هەڵبکات، ئـەوە ئێمـە تۆمـان نـەناردووە بـە پارێزگـاری و چـاودێری کردەوەکانیان). لە ئایەتێکی تـردا دەفـەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ

كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩). گەر سەرنج لەم ئایەتە قورئانیە پیرۆزە بدەین: یەکەم: بانگەواز بۆ باوەڕداران. دووەم: ئاگادارکردنەوەیان بە گوێڕایەڵی. سێیەم: گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) بەرامبەر کێو (مقابلة) کراوە و پێکەوە هاتووە لە ئایەتەکەدا. چوارەم: بۆ دڵنیابوون لە ڕوودانی هەر کێشە و گرفتێك فەرمان کراوە بگێڕدرێتەوە بۆ لای خوا و نێردراوەکەی دووبارە بووەتەوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا. پێنجەم: مەرج و ئەگەر، بۆ گوێڕایەڵیەکە، ئەگەر ئێوە باوەڕدارن بە خوا و پاشەڕۆژ.... بۆیە کەسی باوەڕداری ژیر، یەکسەر تەسلیم دەبێت و سەرپێچی ناکات لە وەرگرتنی فەرموودە دروست و شیرینەکانی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەر)، چونکە ئەوەی لێ وەردەگیرێت و دەخوێنرێتەوە، هەر باوەڕدارێك بەو شێوەیە گوێڕایەڵ نەبێت، ئەوە باوەڕدار نییە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی، خوای گەورە بمانپارێزێت.

ئەگەر بچینە خزمەت ئایەتێکی تر، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧). لێرەدا بە ڕوون و ئاشکرا خوای گەورە فەرمانی فەرمووە بە وەرگرتنی هەرشتێ پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) بیدات و فەرمانمان پێ بکات. دورکەوتنەوە لە هەر شتێکیش قەدەغەی بکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانی خوایە، کە وابەستەیە بە گوێڕایەڵی نێردراوەکەی، لە ئەرێ و نەرێ و هەرچی بفەرمووێت بە کردن و نەکردن...، فەرموویەتی: (لە خوا بترسن گوێڕایەڵی خوا بن، ئەگەر وانەکەن خوای گەورە بە توندی تۆڵە دەستێنێت. ئەی مسوڵمانی ژیر و باوەڕدار تێبگە....)[1].

---

[1] تفسير الإمام الشافعي (٢/ ٦٢٢).

هەر لەم ڕوانگەوە بڕوانە بۆ فەرموودەی پێغەمبەری سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) تا باوەڕدار ئامادەبێت گوێڕایەڵی بکات و فەرموودەکانی وەربگرێت، چونکە قورئانی پیرۆزی بۆ سەر دابەزیوە و فەرمانیشی پێ کراوە بە ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵکی تا بزانن چیان بۆ سەر دابەزیوە و بەهیوای ئەوەی تێڕامێنن و بیر بکەنەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النّحل: ٤٤). جا ئەگەر شتەکە وابێت وەك دژە فەرموودە گومان دەبەن، کەڵك و سودی ئەم فەرمانە خواییە بە پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) بە ڕوونکردنەوەی قورئان دەبێت چی بێت؟[1].

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: "هیچ شتێك نییە لە قورئاندا ڕوون نەکرابێتەوە، بەڵکو ڕوونکراوەتەوە بۆمان، بەڵام هەندێك تێگەیشتنیان کورتە لە زانین و هەستپێکردنی، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿... لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ... ﴾"[2]. لەبەرئەوە بەشێك لە زانایان دەڵێن: "فەرموودە تەفسیر و ڕوونکردنەوەی قورئانە، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "من هیچ شتێك حەڵاڵ ناکەم مەگەر خوا لە کیتابەکەیدا حەڵاڵی کردبێت و هیچ شتێکیش حەرام ناکەم ئەوە نەبێت کە خوا لە کتابەکەیدا حەرامی کردووە"[3].

پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە کردوویەتی و بەوەش فەرمانی کردووە، چونکە خوا فەرزی کردووە لەسەری کە شوێنی ئەو (وەحییە) سروشە بکەوێت کە بۆی کراوە، ئێمەش شایەتی دەدەین بەو شوێنکەوتنەی، بەڵام ئەگەر لە شتێکدا وەحی نەبوو، ئەوە هەر بەو وەحییە فەرزی

---

[1] التوضيح الشرح الجامع الصحيح، ابن الملقن (١/ ٤٣).

[2] مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة (٢٧).

[3] مصنّف عبد الرّزاق الصّنعاني (٤/ ٥٣٣)، (٨٧٦٦)، ومسند الإمام الشافعي (٢٩).

کــردووه کـــه شـــوێنی فـــەرموودەکانی بکـــەوین، شـــوێنکەوتن و وەرگـــرتنی فەرموودەکانی، شوێنکەوتن و وەرگرتنی فەرموودەی خوایە و وەك ئەوەی فەرمانی خوای وەرگرتبێـت، وەك لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا دەفـەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشـر: ٧)، واتـە: (هەرچـی پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) پێیـدان، وەری بگـرن و ئـەوەی قەدەغـەی لێکـردن، وازی لێبهێـنن). ئەمـەش بـە فـەرموودەی سـەروەرمان نێـردراوی خـوا (دروودی خـوای لەسەر)، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئایەتە پیرۆزە و تێگەیشتنی لە ئایەتەکە وەك خۆی، فەرموویەتی: "... فَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَاجْتَنِبُوهُ، وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُم"[1]: (ئەگـەر قەدەغـەم کـردن لـە شـتێك، لێـی دووربکەونـەوە، ئەگـەر فەرمانیشم پێکردن بە کارێك، پێی هەڵسن بە پێـی توانـا). قەدەغەکـە بـواری تێـدا نیە، بەڵام فەرمانی کردنەکە، بە پێی توانایە، بـۆ نموونـە: فـەرمان کـراوە نوێـژ بـە پێوە بکرێت، بەڵام ناتوانێت با بە دانیشتنەوە بیکات، هەروەها ڕۆژوو کە نـەیتوانی روخصەتی شەرعی هەیە، دەستنوێژگرتن بە ئاو، ئەگەر ئـاو نـەبوو، یـان نـەیتوانی تەیەموم بکات. ئەگەر توانی حەج بکات، نەیتوانی لەسەری نیە. ئیمامی موسلیم، لە صەحیحەکەیدا ئەم فەرموودەمان بۆ دەگێڕێتەوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێ بێت) کە: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ڕۆژێك وتاری بۆ خوێندینەوە و فەرمووی: "ئـەی خەڵکینـە، خـوای گـەورە حـەجی لەسـەر فـەرز کـردوون، حـەج بکەن". پیاوێك هەستا و وتی: هەمووساڵێك ئەی پێغەمبەری خودا؟ بێ دەنگ بوو، تا سێ جـار کـابرا وتیـەوە. پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمووی: "ئەگەر بڵێم: بەڵێ، واجـب دەبێـت، ئێـوەش نـاتوانن!"، پاشـان فـەرمووی: "وازم لێبێنن، یان پرسیارم لێ مەکەن لەوەی وازم لێهێناوە بۆ ئێوە، بەڵکو گەلانی پـێش ئێوە بەوە لەناوچوون: زۆر پرسیارکردنیان و جیاوازییان لەسەر پێغەمبەرەکانیان".

[1] صحيح البخاري (٢٤/ ٨٢)، (٧٢٨٨).

ئینجا ئەو فەرموودەی فەرموو کە لەسەرەوە باسمانکرد"[1]. کەواتە: لێرەدا شتێکی تری گەورە بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە: کە فەرمووی: ئەگەر بڵێم: بەڵێ، واجب دەبێت. ئەوەش پلە و پایەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەریدەخات، لە دانان و تەشریعی حوکم لای خوای گەورە.

لەو ئایەتە پیرۆزەدا کە ئاماژەمان پێکرد: ﴿وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾، بە واجبی نابێت قەدەغەکراوەکان ئەنجام بدرێن، وەك خراپەکاری و داوێنپیسی و دزیی و ستەم و بێباوەڕی و هەتا دوایی لە قەدەغەکراوەکان، بەڵام فەرمانی کردنەکە بە پێی توانایە و قەدەغەکردنەکە ئیلزامییە بە وازهێنان و دووركەوتنەوە[2].

ئیمامی بەیهەقی وتوویەتی: "ئەگەر ئەم وشە دروست بێ و مەبەست بێ بەو نیگایەی بۆی هاتووە، ئەوا دوو جۆرە: یەکیان نیگاکە دەخوێنرێتەوە، ئەویتریشیان نیگاکە ناخوێنرێتەوە. ئەو نیگایەی دەخوێنرێتەوە (قورئانە)، ئەو نیگایەی ناخوێنرێتەوە (فەرموودەیە)"[3]. لەبەر ئەوە فەرموودە سەرچاوەی دووەمە، ئەگەر بۆ هەرشتێك لە قورئاندا دەستمان نەکەوت دەگەڕێینەوە خزمەت فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، وەك چۆن خەلیفە و جێنشین، ئیمامی ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێ بێت) کردی: داپیرەیەك هات بۆ لای و داوای میراتی کرد، ئیمامی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: لە کتابی خوادا هیچت نییە، لە فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هیچ نازانم، بگەڕێرەوە تا پرسیار دەکەم لە خەڵکی.. کاتێ پرسی لە خەڵکی، موغەیرەی کوڕی شوعبە فەرمووی: ئامادەی دانیشتنی پێغەمبەری خودا بووم (دروودی خوای لەسەر) شەش یەکی پێدا. ئیمامی ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێ بیت)

---

[1] صحيح مسلم باب فرض الحج مرة في العمر (٤/ ١٠٢)، (٣٣٢١).

[2] تفسير القرآن الكريم، محمد المنتصر بالله بن محمد الزمزمي الكتاني الإدريسي الحسني (٣/ ٢٧).

[3] دفاع عن السنة ورد شبة المستشرقين (١٩).

فـەرمووی: هـیچ کەسـی تـرت لەگەڵدایـە؟ محەمـەدی کـوڕی مەسـلەمەی ئەنصـاری هەڵسا و هـەمان شـتی ئـەوەی وت، کـە ئـەو وتـی. بۆیـە هـەر ئـەو کاتـە خەلیفـە و جێنشین جێبەجێی کرد[1].

لـە سـەعیدی کـوڕی موسـەیبەوە (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) ڕیوایـەت کـراوە کـە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "خوێن لەسەر کەس و کارو خزمە، ئافرەت، میرات لە خوێنی مردووەکەی نابات، تاوەکو (ضحّاك)ی کوڕی سوفیان هەواڵی پێدا کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بۆی نوسیووە کە خێزانی ئەشیەمی چەبابی میرات بەرێ لە مێردەکەی، ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) لەو ڕەئیە و بڕیارەی خـۆی پەشـیمان بوویـەوە و کـاری بـەو فـەرمودە و ڕیواتە کرد[2].

ئەبو داود دەگێڕێتەوە لە (طاوس)، کە ئیمامی عومـەر (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) فەرموویـەتی: "لەبـەر خـوا بیرتـان دەخەمـەوە، کەسـێکتان شـتێکی بیسـتبێت لـە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، لەسەر منداڵی کۆرپەلە (جنین)؟ حەملی کوڕی مالیکی کوڕی نابغـە هەڵسـا و وتـی: مـن لـە نێـوان دوو جاریـەدا بـووم، واتـە هەویەی یەك بوون، یەکیان لەوی تری دا بە شتێکی قورس، سـکەکەی لـەبار چـوو، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) حوکمیدا بەسەریدا بـە خوێنێـك. ئیمـامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەگەر ئەوەمان نەبیستایە حوکمان ئەدا بە شتێ جگە لەوە، خەریك بوو حوکمی تێدا بدەین بە ڕەئی خۆمان.. [3].

---

[1] سنن الترمذي، باب ما جاء في ميراث الجدّة (٣/ ٤٩١)، (٢١٠١)، ومفتاح الجنّة في الاحتجاج بالسـنّة (٢٨)، ودفاع عن السنة (١٩).

[2] مسند أحمد (٣/ ٤٥٢)، (١٥٧٨٤)، ومفتاح الجنّة في الاحتجاج بالسنّة (٢٨).

[3] بڕوانە: معرفة السنن والآثار للبيهقي (٦/ ٢٥٢)، ومفاتح الجنة في الاحتجاج بالسنة، جلال الدين السـيوطي (٢٩).

ئیمامی بەیهەقی دەڵێت: ئیمامی شافیعی فەرمووی: ئیمامی عومەر گەڕایەوە لەوەی خەریك بوو حوكم تێیدا بدات، بەو فەرموودەی لە (ضحّاك)ی بیست، تەنانەت پێچەوانەی حوكمی خۆشی بوو. هەواڵی پێدرا لە بارەی منداڵی ناو سك و كۆرپەلە، ئەگەر نەیبیستایە حوكمی بە جگە لەوە دەكرد. فەرمووی: خەریك بوو حوكمی تێدا بدەین بە ڕەئی خۆمان.[1] ئەمەش بە ڕوون و ئاشكرا دەریدەخات پابەندی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لەسەر) بە وەرگرتنی فەرموودە و كارپێكردنی، لە هەموو ئەو بڕیارانەدا كە حوكمی تێدا دراوە و دەقێكی ئاشكرای قورئانی لەسەر نەبووە، گەڕاونەتەوە بۆ خزمەت فەرموودە شیرینەكانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر).

بەڵام لە هەندێ كاتدا فەرموودە سەربەخۆ دەبێت لە تەشریعدا: وەك حەرامكردنی كۆكردنەوە لە نێوان خێزان و پوریدا، حەرامكردنی باقی خزمەكان بە شیردان جگە لەوەی بە قورئان دەقی لە سەرە، لكاندنیان بەوانەی مەحرەمن بە نەسەب، حەرامكردنی هەموو كەڵبەدارێك لە دڕندەكان و چڕنوكدار لە باڵندەكان، حەڵاڵكردنی مردووی دەریا، قەزا و حوكم بە سوێند لەگەڵ شاهید، جگە لەمانە و زیاتر لە ئەحكام كە فەرموودە زیادی كردووە لەسەر قورئان[2].

پێگەی فەرموودە و كارپێكردنی بە دەلیل و بەڵگە لە قورئانی پیرۆز چەسپاوە، چونكە قورئانی پیرۆز پێویستی كردووە لە سەر موسڵمانان بە بەڵگەی بڕاوە و چەسپاو، كە دووەم سەرچاوەیە بۆ تەشریع لە هەڵێنجانی حوكمە شەرعییەكاندا، لەم بارەوە ئیمامی شافیعی دەڵێت: "كیتابی خوا كە قورئانی پیرۆزە شایەتی دەدات بۆ فەرموودە بەو ئیعتیبارە".

[1] مفاتح الجنة في الإحتجاج بالسّنة (٢٩).

[2] الموافقات في أصول الشريعة والأحكام (٤/١٠)، والسّنة النّبوية المصدر الثاني للتّشريع (٦).

ئەگـەر تەماشـای بەرنامـە و دەقـی قورئـان بکـەین، چـەندین شـێوە و میتـۆد (مەنهەج)ی ڕونکردووەتەوە لە کارپێکردن و پێگـەی فـەرمووده، چـەندین  هۆکـاری دڵنیایی هێناوە لـە شـوێنکەوتەیی و گوێڕایـەڵی پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسەر)، هەروەك بە پێچەوانەشەوە چەندین دەستەواژەی جۆراوجـۆر بـەکارهاتووە لە قورئانی پیرۆزدا وەك هەڕەشە و ئاگادارکردنەوە و ترساندنی ئەوانەی سەرپێچـی و دەرچوون دەکەن لە فەرمانەکانی پێغەمبەر و (دروودی خـوای لەسـەر) و تەسـلیم نەبوون بۆ حوکم و بڕیارەکانی[1].

دیارترینی ئەو هۆکارانە: یەکەم: چەندین ئایەت لە قورئانی پیرۆز دەیچەسپێنێت کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە خواوە ڕایدەگەیەنێت، لەوانە: خودا دەفەرمویێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣– ٤)، واتە: (نێردراوەکەمان لە خۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو سروش و نیگایە بـۆی دێـت لەلایـەن خواوە). قـازی ئەبولبـەقاء قسـەی خـۆی هەیـە لـەبارەی ئـەم ئایەتـەوە و دەڵێـت: "قورئان و سوننەت یەك دەگرن لەو بارەوە هەردووکیان (وەحی) سروشی دابەزیون بـە بەڵگـەی ئـەو ئایەتـەی پێشـوو"[2]، بـەڵام ئیمـامی ئـیبن حـەزم تەئکیـدی ئەمـە دەکاتەوە و دەڵێت:  بە دروستی بۆمان دەردەکەوێت لـەم ئایەتـەی پێشـووەوە کـە وەحی لە لایەن خوداوە بۆ پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) دەکرێـت بـە دوو بەشەوە:

یەکەمیان: وەحی خوێندراوە و دابەزیوو و موعجیزە، کە قورئانە.

---

[1] مكانة السنة في التشريع الإسلامي، محمد لقمان السلفي (٤٥).

[2] قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث للعلاّمة القاسمي (٥٩).

دووەمیـان: وەحـی ڕیوایـەت و وەرگـیراو و نەخوێنـدراوە و مـوعجیز نییـە. ئـەو هەواڵە هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لەسەر) کـە ڕوونکردنـەوە بـە فەرمانی خودا بۆ ئەو مەبەستە[1].

ئایەتێکی تر لە قورئـانی پـیرۆز ئەیچەسـپێنێت کـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خوای لەسـەر)، لـە خـواوە ڕایدەگەیـەنێت، وەك تەفسـیر و ڕوونکردنـەوە، ئـەوەش ئایەتی: ﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ (النحل: ٤٤)، یان ئایـەتی: ﴿وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَـا لَـمْ تَكُـنْ تَعْلَـمُ وَكَـانَ فَضْـلُ اللَّـهِ عَلَيْـكَ عَظِيمًا﴾ (النساء: ١١٣). ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەش ئاماژەیـە بـەوە کـە خـوای گـەورە چەسپاندوویەتی کیتاب و حیکمەتی دابەزانـدووە بـە سـەر پێغەمبەرەکـەی (درودی خوای لەسەر)، هەروەك ئایەتی (١٢٩، ١٥١)ی سورەتی (البقرة) و ئایـەتی (١٦٤)ی سورەتی (آل عمران) و ئایەتی (٣٤)ی سورەتی (الأحـزاب) و ئایـەتی (٢) سـورەتی (الجمعة).

پێشـینانی ئـەم ئوممەتـە تەئکیـدیان کردووەتـەوە کـە (کیتـاب) جگـە لـەوەی (حیکمەت)ە، مەبەست لە کیتاب: قورئانە. حیکمەتیش: فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە[2]. ئایەتی: ﴿وَمَآ آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَـانتَهُواْ﴾ (الحشـر: ٧) پابەندی زیاتری مسڵمان و باوەڕدارە بە فەرموودەی پێغەمبـەری خـوداوە (دروودی خـوای لەسـەر). کەواتـە: بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە ئاگـادار و بەرچاوڕۆشـن بێـت لـە هەڕەشەی خوای گەورە بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵی فەرموودە ناکەن و لێـی دەردەچـن. خوای گەورە بە هەڕەشەئامێز هەموو کەس ئاگادار دەکاتەوە بە ئایـەتی: ﴿فَلْيَحْـذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣)، واتە:

---

[1] الإحكام في أصول الأحكام، لابن حزم (٨٧).

[2] جامع بيان العلم لابن عبد البر (١/ ١٧)، والسنة النبوية المصدر الثاني للتشريع (٨).

(با ئاگادار بن و حەزەر کەن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر دەکەن، لەوەی تووشی فیتنە و بەڵا بن، یان تووشی سزایەکی توونـد ببن).

لەم بەشەدا زیاتر مەبەستمان بوو بە ئایەتـە پیرۆزەکـانی قورئـان ئـەو گومانانـە بڕەوێنینـەوە، تـا کەسـانێك نەبنـە دەمڕاسـتی ئـەم بیروبۆچـوونە خـوار و خـێچ و سەرلێشـێواوییە...! یـان نەبنـە هۆکـاری سەرلێشـێواندنی کـەمێك لـە گەنجـەکان، ئەوانە یان دەبێت لەو بیروبۆچوونە وازبێنن، یان دەبێت دان بنێن بە هەڵەی خۆیـان و بەناوی ئیسلامەوە شتی وا نەڵێن، یان دەبێت بڵێن: هەندێك ئایەت وەردەگرین کە باوەڕیان پێیەتی، یان هەندێکی تر وەرناگرین کە لە بەرژەوەندی ئەوان و فیکـرە و بیروبۆچوونەکەیان نییە! کە ئەوەش لەگەڵ بیروباوەڕی موسڵماندا ناگونجێت.

لە فەرموودە پیرۆز و شیرینەکانیش، ئـەم جـۆرە وەڵامانـە زۆرە بـۆ ئـەو جـۆرە کەسانە، لەوانە: وەڵامی گومانی نەبوونی (حەدد) لەسـەر مـەی خـۆر، دەڵـێن: وەك دزیی باس نەکراوە لە قورئاندا. لەکاتێکدا زانایان و پێشەوایان ڕوونیان کردووەتەوە کە زۆرێك لەو باس و حوکمانە کە بە ڕوونی باس نەکراوە لـە قورئانـدا، پێغەمبـەری خودا (دروودی خوای لەسەر) باسی فەرمووە و ڕوونی کردووەتەوە. لەوانە: حەددی مەشروب خۆر. تەنانەت ئەم ئایەتە پیرۆزەش کە لەسەر حەددی دزیی هاتووە بەبێ ڕوونکردنەوەی چەندێتی و چۆنێتی ناتوانرێت جێبـەجێ بکرێـت...! خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّـهِ﴾ (المائدة: ٣٨)،واتە: (دز لە پیاو و ژن کاتێ دزییان کرد، هەردوو دەستیان ببڕن، لە پاداشتی ئەوەی کردوویانە، سزایەك لەلایەن خوداوە بۆیان دانـراوە). ئایـا قورئـانی پیرۆز ئاماژەی پێکردووە چۆن ببڕێت و لە کوێدا ببڕێـت؟ یـان چـەندێتی و چـۆنێتی دزییەکە و ئەندازەکەی...؟ ئایا مەبەست لە دەست کوێیە، کە لەم ئایەتـە پـیرۆزدا هـاتووە؟ هـەموو ئەمانـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) ڕوونـی کردووەتەوە، کـە نێـردراوی خوایـە و قورئـان بـۆ سـەر ئـەو دابـەزیوە و لـە خـواوە

فەرمانی پێکراوە بە ڕوونکردنەوەی، نەك وەك ئەوانەی ڕازی نین بە فەرموودەی ئەو نێردراوە نازدارە (دروودی خوای لەسەر)، چونکە بە (لەپی دەست) دەڵێن: دەست. بە مەچەك دەڵێن: دەست. بە قۆڵ دەڵێن: دەست. شانیش لەسەر دەست حیسابە. ئەمە هەمووی لە زمانەوانی و زاراوە شەرعدا ناوی دەستە و پێی دەڵێن: دەست...! بۆ نموونە: ئەگەر لە شانیدا دەستی دزێکمان بڕی بەپێی زمانەوانی ئەوە هەڵەمان کردووە، چونکە فەرموودەی شیرینی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بەیانی کردووە بۆمان، کە بڕینی دەستی دز لە مەچەکدا دەبێت، نەك قۆڵ و شان[1].

لەبەر ئەوە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) گوێڕایەڵی خوایە. ئەوە پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر)، وەك موعجیزەیەك پێش هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر هەواڵی ئەوەی داوەو فەرمویەتی: "لا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ يَأْتِيهِ الْأَمْرُ مِنْ أَمْرِي مِمَّا أَمَرْتُ بِهِ أَوْ نَهَيْتُ عَنْهُ فَيَقُولُ: مَا نَدْرِي، مَا وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللَّهِ اتَّبَعْنَاهُ"[2]، واتە: (کەس لە ئێوە ئەوە نەکات، لەسەر لا ڕانی دانیشێت، یان شوێنی بەرز و حەوانەوەی، قسەی زل بکات و فەرمانی منی بێتە لا لەوەی کە فەرمانم پێکراوە، یان لەوەی قەدەغەم لێکراوە، ئەو بڵێت: نازانم هەرچی لە کیتابی خوا دەستمان بکەوێت شوێنی دەکەوین و تەواو). یانی واز لە فەرموودەکەی بهێنرێت بەو بەهانانە، ئەوە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ڕازی نییە. ئەم فەرموودە سەحیح و دروستە و هەڕەشەئامێزە بۆ ئەو جۆرە کەس و جۆرە فیکرانەی تووشی لادان بوون (خوا پەنامان بدات). ئەریکە: بە

---

[1] السُنة قبل التدوين، محمد عجاج الخطيب (٢٦).

[2] مسند الإمام الشافعي (١/ ١٥١)، ومسند الإمام أحمد (٣٩/ ٣٠٢)، (٢٣٨٧٥).

دانیشتن لەسەر لاڕان و سمت دێت. ئیمامی شافیعی واتای کردووە: بە شوێن و جێگەی بەرز لە مانەوە و حەوانەوە[1].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ (الجمعة: ٢)، وەك چۆنیەتی پاکوخاوێنی، نوێژ، زەکات، ڕۆژوو، حەج، حەڵاڵ و حەرام لە کڕین و فرۆشتن، خواردن و خواردنەوە، ژن و ژنخوازی، ئەمانەو زۆر شتی تر، کە فەرموودە ڕوونی کردووەتەوە و خەڵکی فێرکردووە، وەك ئەو ئایەتە پیرۆزەی پێشەوە ئاماژەی پێ دەکات و فەرمانی پێ کردووە، بۆ نموونە: ئیمامی شافیعی وتوویەتی: "خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ...﴾ (المائدة: ٦) ڕوونکردنەوەی دەستنوێژ، شۆردنی ئەندامەکانی دەستنوێژ، چەندێتی و چۆنیەتی ئەوە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ڕوونی کردووەتەوە"[2]. کاتێکیش فەرموویەتی: "وَيْلٌ لِلْأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ"[3] بەڵگەیە کە قاچ دەشۆرێت و مەسح ناکرێت، دەشبێت تەواو پاژنەپێ بشۆرێت، بە وشکی نەمێنێت، ئەگینا ئەو هەڕەشە دەیگرێتەوە، بۆیە ئیمامی شافیعی وتوویەتی: "خوای گەورە باسی کیتابی کردووە کە قورئانە، باسی حیکمەتی کردووە کە فەرموودەیە، بیستوومە لە ئەهلی عیلم و زانایان بە قورئان، کە فەرموویانە (الحكمه) سوننەتی پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر)...". ئیبن کەسیر وتوویەتی: "وقوله تعالى: (وَيُعَلِّمُهُمُ الكِتَابَ) يعني القرآنَ، (وَالحِكْمَةَ) يعني السنة.[4] وقاله الحسنُ وقتادة ومقاتلُ بنُ حيان وأبو مالك"[5]. بۆیە تەصەوری

---

[1] مسند الإمام الشافعي (١/ ١٥١).

[2] الجامع لأحكام القرآن (تفسير القرطبي) (٦/ ٨١).

[3] صحيح مسلم (١/ ٢١٣)، (٢٤٠).

[4] تفسير ابن كثير (١/ ٤٦٤).

[5] مسند الإمام أحمد بن حنبل (١/ ١٢).

ئیسـلام مەکـە بـەبێ سـوننەت، لـە ئیسـلام تێناگـەیت بـەبێ فـەرمووده. ئیسـلام وەرناگیرێـت بـەبێ سـوننەت، چـونکە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) فەرموویـەتی: "أَلا إِنِّـي أُوتِيـتُ الْكِتَـابَ وَمِثْلَـهُ مَعَـهُ، أَلا إِنِّـي أُوتِيـتُ الْقُـرْآنَ وَمِثْلَـهُ مَعَـهُ،...."[١]. فەرموویـەتی: ئاگـاداربن مـن قورئـانم پێـدراوە و بـە قـەد وێنـەی قورئانیش، کە فەرموودەیە لە گەڵیدا... کەواتە فەرموودە هەر ئەو حیکمەتەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَاذْكُـرْنَ مَـا يُتْلَـى فِـي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّـهِ وَالْحِكْمَـةِ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ لَطِيفًـا خَـبِيرًا﴾ (الأحـزاب: ٣٤)، بۆیـە ئیمـامی شـافیعی وتوویـەتی: "ئیجمـاع و یـەك دەنگـی زانایـان لەسـەر ئەوەیـە کـە (الحكمـة) لـە کیتـابی خـوا هـاتووە، بریتییـە لـە سـونەت و فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) و هـیچ جیـاوازیی لـە نێـوان زانایـانی سـەلەفدا نییـە، لـە پێویستی و گوێڕایـەڵی و کـارکردن بـە فـەرموودە و پێگـە و وەرگـرتنی بـە مـەرجی دروستی فەرموودەکە"[٢].

لە حەسانی کوڕی عەگیەوە، وتوویەتی: "جبریل (سـەلامی خـوای لـێ بێـت) بـە سوننەت بۆ سەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دابەزیوە، وەك چۆن دابەزیوە و هاتووە بە قورئان، فێری کردووە هەروەك چۆن فێری قورئانی کردووە"[٣]. پیاوێك بـە (مطـرّف)ی کـوڕی عەبـدوڵڵای وت: قسـەمان بـۆ مەکـە، بـەوە نـەبێت کـە لـە قورئاندایە! (مطرّف) وتی: "سوێند بە خوا ئێمە نامانەوێت بەدیلی قورئـان، بـەڵکو ئەوەمان ئەوێت، زاناتری لە ئێمە بە قورئان"[٤]. ئیمامی بەیهەقی بە سەنەدی خۆی لە ئەیوبی سەختیانیەوە دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: "ئەگەر قسـەتکرد بـۆ کەسـێ بـە

---

[١] مسند الإمام أحمد (٢٨/ ٤١٠)، (١٧١٧٣).

[٢] شرح صحيح مسلم، أبو الأشبال المنصوري (٦/ ٦٦).

[٣] المراسيل لأبي داود (٣٦١)، (٥٣٦)، والكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي (١٢).

[٤] مفتاح الجنّة في الإحتجاج بالسّنة للسّيوطي (٣٦).

سوننه و فەرمووده و ئەو وتی: واز لەوە بێنە و هەواڵمان پێ بده لە قورئانەوە، بزانە ئەوە گومڕایە"[١].

پێویستە لەسەر شانی موسڵمانان گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا بن (دروودی خوای لەسەر)، کە واجبە و بەردەوامە، چونکە ئەم بابەتە جێگیر بووە و کاری پێ دەکرێت، لەبەر ئەوەی بە فەرمووده و ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان جێگیر بووە، بە ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩). یان ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٣). یان ئایەتی: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ (النساء: ٨٠)[٢].

## بەرپەرچدانەوەی ئەو گومان و دوودڵیانەی بەرەوڕووی فەرمووده دەکرێنەوە:

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە فەرمووده سەرچاوەی دووەمی تەشریعە بۆ حوکمەکان و گرنگی خۆی هەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەر لەبەر ئەوە کەسانێك ناحەزن بە ئیسلام و دژایەتی خۆیان دەربڕیوە بۆ فەرمووده، هەروەك چۆن دژایەتی قورئانی پیرۆزیانکردووە کە سەرچاوەی یەکەمی تەشریعە. پیشاندان و ڕانمانی فەرمووده بۆ قورئان: ئەم فەرمووده دروستکراوە: "إِنَّ الْحَدِيثَ سَيَفْشُو عَنِّي فَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُوَافِقُ الْقُرْآنَ فَهُوَ عَنِّي وَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُخَالِفُ الْقُرْآنَ فَلَيْسَ عَنِّي"[٣]. ئەوانە ڕیوایەتیان کردووە کە ڕایان وایە سوننە سەربەخۆ نیە لە تەشریعی حوکمدا، هەندێك لە زانایان وتوویانە: پچڕاوە، هەندێکی تر بە لاواز دایان ناوە.

---

[١] الإعتبار في النّاسخ والمنسوخ من الآثار، لأبي بكر الهمداني، زين الدين (٢٧).

[٢] بڕوانە: حجيّة خبر الآحاد في العقائد والأحكام، فرحانة بنت علي شويتة (٤).

[٣] معرفة السنن والآثار (١/ ١١٧).

زانایان و پێشەوایانی فەرمووده ڕوونیان کردووەتەوە کە ئەمە هەڵبەستراوە بە دەم پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، دەرچووان لە ئایین دروستیان کردووە و دایانناوە بۆ ئەوەی بگەنە ئامانج و مەبەستی خراپی خۆیان، لە پشتگوێخستنی فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، چونکە پێچەوانەی کیتابی خوایە کە قورئانی پیرۆزە، لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَمَآ آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُواْ﴾ (الحشر: ٧). دەشفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: ٨٠)، بۆیە دەبینین بەم ئایەتانە ئەو فەرموودە دروستکراوە ڕەت دەبێتەوە...[1].

لەڕاستیدا هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان و شوێنکەوتووانیان هەوڵیانداوە بۆ خوێندن و زیندووکردنەوەی بانگەوازەکەی خۆیان کە دروستکردنی گومان و دوودڵی بووە، بەڵام خوای گەورە ئایینەکەی پاراستووە و کەسانی بۆ هەڵبژاردووە بەرگریی بکەن و حەق و ڕاستی لە شوێنی خۆیدا ڕابگرن و فێڵ و تەڵەکەی ئەوانەش بەتاڵ بکەنەوە، فەرموودەی خوایە: ﴿يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلا أَنْ يُتِمَّ نُوره وَلَوْ كَرِه الْكَافِرُونَ﴾ (التوبة: ٣٢)[2]. هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و (ڕەزای خوا لەوانیش بێت) زۆر گرنگییانداوە بە فەرموودە لەبەر گرنگی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پلە و پایەی لە قورئانی پیرۆز، هەربۆیە هاوەڵان زۆر سووربوون لەسەر فەرموودە وەك سووربوونیان لەسەر قورئان، بە وشە و لەفزی خۆی و واتا و مانای تەواو تێی گەیشتوون و لەبەریان کردووە، هەرچی لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) ڕوویداوە وەریانگرتووە و فەرموودەکانیشان لەبەر کردووە[3].

---

[1] إرشاد الفحول للشوكاني (٢٩).

[2] بڕوانە: السنة النبوية وأثرها في اختلاف الفقهاء (٥)، ودفاع عن السنة وردّ شبة المستشرقين (١٧).

[3] دفاع عن السنة ورد شبة المستشرقين والكتاب المعاصرين، محمد بن محمد أبو شهبة (١٩).

نـەیاران، هەنـدێ جـار ڕووبـەڕووبووە و هەنـدێجار بـە ناڕاسـتەوخۆ ویسـتوویانە ئامانجی خراپیان بپێکن، لەو ڕێگەوە هـەوڵیان داوە، وەك چـۆن ئێسـتا زۆر گومـان بڵاودەکەنەوە و دروستی دەکەن بەرامبـەر بـە فـەرموودە بـۆ وەرنـەگرتنی و کـارپێ نـەکردنی، بـەوەش دەتـوانن تانـە بـدەن لـە سەرچـاوەی دووەمـی تەشـریع، کـاتێ موسڵمان و باوەڕدار وازی لە پێگە و کارپێکردنی فەرموودە هێناو پشتگوێی خست و لەبیر خۆی بردەوە، لەم ڕێگەوە دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام دەتـوانن سـەرکەون بەسەر باوەڕداراندا و لەخشتەیان بەرن، بەڵام تا باوەڕداران پابەند بن بـە قورئـان و فەرموودەوە هەوڵ و کۆششی بێباوەڕان بێهـودە دەبێـت، چـونکە پلانـی ناحـەزانی ئیسـلام پوچـەڵ دەبێتـەوە و ئـەم ڕێگـەی گرتوویانەتەبـەر بـۆ لێـدانی ئیسـلام و موسڵمانان هەرەسدێنێت، جـا بـۆ ئـەوەی سـەرکەون لـە مـەرام و بـیری ناپاکیـان، هـاتوون چـەندین گومانیـان دروسـتکردووە بـۆ بـاوەڕداران و هـەر لـە قورئـان و فەرموودەدا...! لەو گومانانە:

– **گومانی یەکەمیان:** دەڵێن: ئەم ئایەتە: ﴿مَا فَرَّطْنَـا فِـي الْكِتَـابِ مِـنْ شَـيْءٍ﴾ (النساء: ٣٨)، واتە: (هیچمان جێنەهێشتووە و هەموومان باسکردووە لەو کیتابە کە قورئانی پیرۆزە)، یان ئایەتی: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَـةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (الأنعام: ٨٩). دەڵـێن: ئەمـە دەلالـەت دەکـات لەسـەر ئـەوەی کیتاب هەموو شتێکی تێدایە، ئەگەر وانەبێت شتی لـێ دەرچـووە و بـەیان نـەبووە، ئەگەر واشبێت مەحاڵە و شتی پێچەوانە دێتەجێ کە شتی وا نابێت.

**وەڵامی گومانی یەکەم:** قورئانی پـیرۆز هـەمو بنچـینە و ئوصـوڵی حوکمـەکانی تێدایـە، هەنـدێکی بەڕاشـکاوی وصـەراحەت و هەنـدێکی تـری بـۆ پێغەمبەرەکـەی (دروودی خـوای لەسـەر)، لەبـەر ئـەوەی خـوای گـەورە نێردراوەکـەی نـاردووە بـۆ ڕوونکردنەوەی ئەحکامی ئایینەکەی و بە واجب و پێویسـتی گێـڕاوە شـوێنکەوتنی، کەواتە: جیاوازییەك نییە لەوەی سوننەت و فـەرموودە بەڵگـە بێـت، یـان لـە نێـوان

ئەوەی هاتووە لە قورئانی پیرۆز و بەیانی هەموو شتی تێدا بێت، کە فەرموودەش بەشێکە لە وەحی (نیگا) بیگرێتەوە[1]. لە حەسەنی بەصریەوە ڕیوایەت کراوە کە عیمرانی کوڕی حوصەین (ڕەزای خوای لەسەر) ئەم هاوەڵە بەڕێزە دانیشتووە و هاوەڵ و هاوڕێیانی لە دەوری دانیشتوون. یەکێك لەو کۆمەڵە دەڵێت: بە قورئان نەبێت قسەمان بۆ مەککە. فەرمووی: نزیکبەرەوە، کە نزیکبوویەوە، فەرمووی: ئەگەر تۆ و هاوەڵانت بەرەو ڕووی قورئان بکەینەوە، ئایا تۆ نوێژی نیوەڕۆ دەبینی چوار ڕکات و نوێژی عەصر چوار و شێوان سێ ڕکات و لە دوانیاندا قورئان بخوێنی بە دەنگی بەرز؟ ئەگەر تۆ و هاوەڵانت بنێرینە لای قورئان، سووڕانەوە و تەوافت دەست دەکەوێت حەوت جار و هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە حەوت جار؟ پاشان فەرمووی: ئەی خەڵکینە لێمان وەرگرن، ئەگینا ئەگەر وا نەکەن گومڕا دەبن[2].

کەواتە: هەموو ئەو فەرز و واجبانەی لە قورئانی پیرۆزدا بە کورتی هاتوون، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بەیانی کردوون و تەفصیلی پێداوون و ڕوونی کردوونەتەوە، ئەگینا کەس نەیدەزانی و حاڵی نەدەبوو...! بۆ نموونە: هەر نوێژکردن و چۆنیتی و خوێندنی قورئان و نوێژدابەستن و ڕکوع و سجود و تەحییات، تا سەلامدانەوە... یان زەکاتدان، چەندێتی و چۆنیتی و ئەندازە و جۆرەکانی و هتد... هەروەها چۆنێتی حەجکردن و درێژە و تەفصیلاتی، ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بەیانی نەکردایە و ڕوونی نەکردایەتەوە کێ دەیزانی...؟ هەروەها باقی شتەکانی تر لە باسی نیکاح و تەڵاق و کڕین و فرۆشتن بەگشتی...؟ کەواتە: ئەی گومانداران بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لەبەر ئەوەی هەر ئەوەش فەرموودەی خوایە، فەرموویەتی و فەرمانی پێکردووە بە ڕوونکردنەوە و بەیانی قورئانی پیرۆز بۆ خەڵکی... هەر

[1] السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي (١٥٥).

[2] الكفاية في علم الرواية للخطيب البغدادي (١٥).

قورئانه فەرموویەتی: گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، گوێڕایەڵی خوایە. بۆیە: هیچ لە بەردەمیاندا نامێنێتەوە تەنها تەسلیم بوون نەبێت، ئەگەر ئیماندارن.

ئیمامی شافیعی لە بارەی ئەم دوو ئایەتەوە وتوویەتی: "﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤) و ئایەتی (٨٩) لە هەمان سورەت: ﴿...وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ...﴾ ڕوونکردنەوە، ناوێکی کۆکەرەوەیە، بۆ کۆبوونەوەی بنچینەکان (أصول) کە چەند فەرعێکی لێ بووەتەوە، ئەم ڕوونکردنەوەش لە چەند ڕوویەکەوە دەبێت، لەوانە:

١- ڕوونکردنەوەیە بۆ بەندەکان، وەك کۆی فەرزەکان کە لەسەریانە لە نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج و حەرامکردنی خراپەکاری ئاشکرا و پەنهانی.

٢- جێگیرکردنی فەرزەکان بە قورئان و چۆنێتی لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر)، وەك: ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ و تەفصیلات و درێژەی زەکات، لە پێدان و وەرگرتنی.

٣- ڕوونکردنەوەکان و بەیانکردنی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کردوویەتی بە سوننەت کە لە کیتابی خوادا دەقی ئەو حوکمەی تێدا نییە، بەڵام بەو کیتابە کە قورئانی پیرۆزە فەرزی کردووە تاعەت و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) و قبولکردنی حوکمەکە، کە هەر کەس وەریبگرێت و قبوڵی بکات، ئەوە فەرزی خوای وەرگرتووە و قبوڵی کردووە"[1].

٤- ئەوەیەکە خوا فەرزیکردووە لەسەر بەندەکانی کۆشش و ئیجتیهاد و هەوڵدان، بەوەش تاقیکردنەوەی ئەو کۆششە دێتە جێ، لەوەی خوا فەرزی کردووە لەسەر بەندەکانی. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوە لە حوکمەکان، بریتییە لە (ئیجتهادی

---

[1] السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي (١٥٦).

موجتەهیـد)، واتــە: خــوای گــەورە ڕێگــەی داوە زانایــان ئیجتیهــاد بکــەن بــۆ ڕوونکردنەوەی حوکمە شەرعییەکان"[1].

پاشان دەڵێت: "هەرکەس فەرزەکان وەربگرێت لە کیتابەکەی خوا کـە قورئـانی پیرۆزە، ئەوە فـەرموودەی پێغەمبەرەکەشـی وەردەگـرێ، لەبـەر ئـەوەی تاعـەت و گویڕایــەڵی فــەرزکراوە لەســەر بەنــدەکانی خــوا و دەســتگرتن بــە حوکمــەکانی پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر)، دەستگرتنە بە حوکمی خوا"[2].

کەواتە ئەم جیاکارییە لە نێوان حـوکم و فەرمانـەکانی خـوا و پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر)، بۆچـی و لـە پێنـاو چـی؟ هـەڵگری ئـەو جـۆرە فیکـر و بۆچوونانە کە گومان بڵاو دەکەنەوە، یان لە ئایین تێنەگەیشتوون، یان خۆیان گێـل دەکەن، یـان ئـەوە ئیشـیانە و هـەوڵی بـۆ دەدەن کـە بڵاوکردنـەوەی گومانەیـە بـۆ بـاوەڕداران، بـەلای خۆیانـەوە وا دادەنـێن خـوا شـتێکی بوێـت و پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر) شـتێکی تـری بوێـت، یـان بـۆ شـتێکی تـر هاتبێـت، یـان فــەرموودە بانگــەواز بــۆ لای غــەیری بەرنامەکــەی خــوا بێــت...! کــە ئەمــەش بیروبۆچـوون و بـاوەڕی بـاوەڕدار نییـە. ئەگـەر بیروبـاوەڕی تـەواویان هەبوایـە بـەو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) بـەو چـاوە تەماشـایان نـەدەکرد و دەیانناسـی و فــەرموودەکانیان وەردەگــرت، یــان بــاوەڕی تــەواویان هەبوایــە بــە قورئــان لەبــەر گوێڕایەڵی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان کە فەرمانی کردووە بە گوێڕایـەڵی وەرگـرتنی فەرموودە و حوکمەکانی تەسلیم دەبوون... بۆیە ئـەم گومانەشـیان لەسـەر خۆیـان دەکەوێت و دەبێتەوە بەڵگە بەسەریانەوە نەك بە دەستیانەوە، لەسەر خۆیـان نـەك بۆ خۆیان...!

---

[1] الرسالة للإمام الشافعي (٢٢).

[2] الرّسالة للإمام الشافعي (٣٣).

– **گومانی دووەمیان:** دەڵێن: خوای گەورە کەفالەتی پاراستنی قورئانی پیرۆزی کردووە، بەڵام هی فـەرموودەی نـەکردوە، ئەگـەر بەڵگـە بوایـە وەك قورئـان، ئـەوا کەفالەتی پاراستنی فەرموودەشی دەکرد، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩).

**وەڵامـی گومـانی دووەم:** ئـەوەی خـوای گـەورە وەعـدی داوە بـە پاراسـتنی زیکرەکەی، کورت ناکرێتەوە لەسەر قورئان بە تەنها، بەڵکو مەبەست پێی شـەرعی خوایە و ئایینەکەیەتی کە بە نێـردراو و خۆشەویسـتەکەی خۆیـدا ناردوویـەتی، ئـەو واتا و مەبەستە گشتی ترە لەوەی مەبەست هەر پاراستنی قورئان و سوننەت بێـت، بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْـلَ الـذِّكْرِ إِنْ كُنْـتُمْ لا تَعْلَمُـونَ﴾ (النحـل: ٤٣). ئـەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە کە زانایان و ئەهلی عیلم و خواناسان بە (ئەهلی زیکر) ناویان هاتووە، گومانی تێدا نیە کە خوای گەورە فەرموودەشی پاراستووە هـەروەك چۆن قورئانی پیرۆزی پاراستووە، ئەوەش بەو هۆکارانەی بۆی ئامادە کردووە، لە زانایان و پێشەوایانی ئەهلی فەرموودەو شارەزا بە بواری پاراستنی زانستی فەرموودە، ئەم پارێزگاری و پاراستنەش لە ڕێگەی لیکۆڵینەوە لە زانستی فـەرموودە و گێڕانـەوە و ڕیوایـەتکردنی بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت و جیاکردنـەوەی ناڕاسـت و لاواز و هەڵبەستراو لە فەرموودەی سـەحیح و دروسـت، بۆیـە بـە سـەدان و هـەزاران زانـا و پێشەوا لەم پێنـاوەدا تەمـەنی خۆیـان سـەرفکردووە و گیانیـان بـەختکردووە. وەك دەبینین چەندین کتێب و دانـراو لـە فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر)، کە زانایان و پێشەوایانی زانستی فەرموودە بە ئەنجامیان گەیاندووە[1].

– **گومانی سـێهەم:** دەڵـێن: ئەگـەر فـەرموودە بەڵگـە بوایـە، پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی دەکرد بە نووسینەوەی، لە دوای خۆی هـاوەڵان و تابیعینیش کاریان بۆ کۆکردنەوەی دەکرد، چونکە دەبـووە پاراسـتنی لـە گـۆڕین و

---

[1] الإحكام لابن حزم (١/ ١٢١)، والسّنة ومكانتها في التّشريع (١٥٧).

هەڵـە و لەبیرچـوون و زیـادە و کـەموکوڕی، بـەو شـێوە گەیشـتن و پاراسـتنی بـۆ موسڵمانان دەبـووە بەڵگـەی چەسـپاو، نـەك گومانـاوی، چـونکە گومـان کـاری پـێ ناکرێت، وەك لە ئایەتی قورئاندا هاتووە: ﴿وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ (الإسـراء: ٣٦) و ئایـەتی: ﴿إِنْ تَتَّبِعُـونَ إِلا الظَّـنَّ وَإِنْ أَنْـتُمْ إِلا تَخْرُصُـونَ﴾ (الأنعـام: ١٤٨)[١]. دەڵـێن: دڵنیـایی و جێگیربـوون پەیـدا نابێـت بـە نووسـینەوە و پاراسـتنی نـەبێت، هەروەك قورئان، بەڵکو ئەوەی سابت و جـێگیرە پێغەمبـەری خـوا (درووودی خـوای لەسەر)، قەدەغەی نووسینەوەی کردووە و فەرمانی داوە بە ڕەشکردنەوەی ئەوەی نووسراوە، هاوەڵان و تـابعین بـە هـەمان شـێوە ئەمـەیانکردووە و نموونـەش زۆرن، بۆیە نووسینەوە و کۆکردنەوەی دواکـەوتووە و لەبـەر ئەمـە هەڵـە و کـەموکووڕی و لەبیرچـوونی بەسـەردا هـاتوە، گۆڕان و شـێواندنی کەوتووەتـە نـاو، ئەمـە گومـان دروست دەکات بۆ ئەوەی پشتی پێ نەبەسترێت بۆ حوکمە شەرعییەکان...!

**وەڵامـی گومـانی سـێیەم:** فـەرمان نـەکردنی پێغەمبـەری خـوا (درووودی خـوای لەسەر) بە نووسینـەوە و قەدەغەکردنی وەك هاتووە و وارد بووە، بەڵگە نیە لەسـەر بە بەڵگە نەبوونی فەرموودە، بەڵکو لـەو کاتـەدا لەبـەر کـەمی نووسـەرانی سـروش، بەرژەوەندی و مەسڵەحەت وابووە تەنها گرنگی بدرێت بە قورئان و پەلە بکرێـت بـۆ نووسینەوە و پاراستنی و تێکەڵ نەبوونی بە شتی تر. قەدەغەکردنی نووسـینەوەی فەرموودەش لەبەر ئەم مەسڵەحەت و بەرژەوەندییە بووە، نەوەکو گرنگیش بـدرێت بە فەرموودە، وەك قورئان بنووسرێتەوە و خەڵکی قورئان پشتگوێ بخەن، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها نەبووە، بـەڵکو هـەر لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـوا (درووودی خوای لەسەر) کەسانێك هەبوون لە هاوەڵان فەرموودەی پێغەمبەریان نووسیوەتەوە بە ئیـزن و ئیجـازەی پێغەمبـەری خـوا (درووودی خـوای لەسـەر)، وەك صـەحیفەی: عەمری کوڕی عاص (ڕەزای خوایان لێ بێت). لەبەر ئەوە بەڵگەی فەرموودە کـورت

---

[١] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع (١٥٣).

هەڵنەهێنراوە و نەبەستراوە بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی بەتەنها، ئەگەرنا قورئانی پیرۆزیش کۆکردنەوە و نووسینەوەی یەکەم کراون لە سەردەمی خەلیفە و جێنشینی یەکەم ئیمامی ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێ بێت) دواتر کۆکردنەوە و نووسینەوەی دوایی لە سەردەمی ئیمامی عوسمان، خەلیفە و جێنشینی سێیەم ئەنجامدرا. زۆر لە گەیشتن و کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان بە ڕێگەی ڕیوایەت و سەنەد وەرگیراون و نووسراونەتەوە، بۆیە پێموایە: ئەم ڕێگەی گومانە بە فەرموودە و ڕیوایەت و سەنەد خاڵێکی سەرەتایە بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە دواتر بێنە سەر قورئان و تانەی لێ بدەن، پەنا بەخوا.

هەروەك ئێستاش هەندێ لەو جۆرە کەسانە بوونیان هەیە لەم سەردەمەدا، کەواتە: ئەگەر ئەم پیلانەیان سەربگری بۆ فەرموودە، ئەوا دواتر دوور نیە دەست بە پیلانی دووەمیان بکەن کە تانەدان و گومان خستنە ناو دڵی باوەڕدارانە بەرامبەر بە قورئانی پیرۆز، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر موسڵمانان و باوەڕداران بە گشتی و زانایان بەتایبەتی گرنگی زۆر بدەن بەم جۆرە بابەتانە و بەرگریی بکەن لە هەر دوو سەرچاوەی تەشریع کە قورئانی پیرۆز و فەرموودەیە، چونکە وەك وتمان: ئەگەر تەنها نووسینەوە مەرج بوایە بۆ کردنی بە بەڵگە، قورئانیش دەگرێتەوە، بۆیە یەکێکی تر لەو هۆکارانە بۆ بەڵگە بۆ فەرموودە، تەواتورە: واتە: گێڕانەوە و وەرگرتنە بە ڕێگەیەك کە مەحاڵ بێت و دوور بێت لەوەی درۆی تێدا بکرێت. یەکێکی تر: عەدالەت و دادپەروەریە. یەکێکی تر: متمانە و شوێنی باوەڕە. یەکێکی تر لەوانە: وەرگرتن و حیفز و لەبەرکردنە، کە ئەم ڕێگەیە زۆر بەهێز بووە لەو سەردەمەدا، چونکە وەك نووسینەوە وا بووە لە سینەدا، بەتایبەت لەناو عەرەبدا کە ناسراون بە بەهێزی لەبەرکردن و حیفزیان، کە شتی سەرسوڕهێنەریان هەیە، لەوانە: لەبەرکردنی ئەو شتەی دەیبیسن بە یەکەمجار، هەرچەند دور و درێژ بووبێت، یان هەر چۆن بووبێت، بە یەکەم جار لەبەریانکردووە و وەریانگرتووە،

لەوانە: لە هاوەڵان زۆریان بووە هەموو قورئانی پیرۆزیان وەرگرتووە و لەبەریان کردووە و کاریان پێ کردووە، هەروەك چۆن فەرموودەکانیان وەرگرتووە و لەبەریانکردووە و کاریان پێکردووە، بۆیە دەڵێن: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (ڕەزای خوایان لێ بێت) قەصیدەکەی عومەری کوڕی ئەبی ڕەبیعەی لەبەر کردووە لە یەك دانیشتندا...[1]. لە بلیمەتی و زیرەکی و زانینی بەهێزیاندا توانیویانە: کە فەرموودە وتراوە و بیستراوەکە لەیەك دانیشتن و مەجلیسدا وەری بگرن و لەبەری بکەن، بێ ئەوەی پیتێك و حەرفێکی بگۆڕێ یان لەبیریان بچێ بەبێ کەم و زیاد[2]. بۆیە زیاد لەم هەموو ڕێگایانە بۆ وەرگرتنی فەرموودە، بە دڵنیایی و متمانەی تەواو و باوەڕ پێکراوەوە وەرگیراوە و گواستراوەتەوە، لەگەڵ لەبەرکردن و حیفزی تەواو، وەك باسمانکرد، لە سەردەمی هاوەڵان تا کۆتایی سەدەی یەکەم، کە ئیمامی زوهری (ڕەزای خوای لێ بێت) بە فەرمانی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ڕەزای خوای لێ بێت)، دەستی کرد بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەمەش لەکاتێکدا دەستە پێکرد کە زنجیرەی لەبەرکردن و پاراستن و پەیوەست بوون، بەردەوامی هەبووە و نەپچڕاوە، هیچ گومان و دوودڵیەك ڕووی تێنەکردبوون، زیاد لەوەش زانایان و پێشەوایانی فەرموودەناسی کەوتنە پاڵفتە و لەبێژنگدانی هەموو فەرموودەکان بەو مەرجانەی باسکراون، کە هیچ دوودڵی و گومان ناهێڵێتەوە بۆ ناحەزانی ئیسلام. هەر فەرموودەیەکیش لەو مەرجانە دەرنەچووبایە، وەرنەدەگیراو کاری پێ نەدەکراو ڕەدیان دەکردەوە و بە هەڵبەستراو و لاواز دادەنرا، بۆیە دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام دانیان پێدا دەنێن و ئیعتراف دەکەن و دەڵێن: ئەم وەرگرتن و ڕیوایەت و سەنەدە تەنها لە ئیسلامدا هەیە و وێنەی نیە...

---

[1] جامع بيان العلم (١/ ٦٩) بە دەستکارییەوە.

[2] السنة ومكانتها فى التشريع (١٥٨) بە دەستکاریەوە.

– **گومانی چوارەم:** دەڵێن: ئەوەتا فەرمووده له پێغەمبەرەوه (دروودی خوای لەسەر)، وارد بووه که خۆی فەرمویەتی: "إِنَّ الْحَدِيثَ سَيَفْشُو عَنِّي فَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُوَافِقُ الْقُرْآنَ فَهُوَ عَنِّي وَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُخَالِفُ الْقُرْآنَ فَلَيْسَ عَنِّي"[1]، بە پێی ئەمە مادام قورئان هەیه فەرمووده نابێته بەڵگه، لەوانە: "إِذَا حُدِّثْتُمْ عَنِّي حَدِيثًا تَعْرِفُونَهُ، وَلا تُنْكِرُونَهُ، فَصَدِّقُوا بِهِ قُلْتُهُ، أَوْ لَمْ أَقُلْهُ، فَإِنِّي أَقُولُ مَا يُعْرَفُ، وَلا يُنْكَرُ، وَإِذَا حُدِّثْتُمْ عَنِّي حَدِيثًا تُنْكِرُونَهُ وَلا تَعْرِفُونَهُ، فَكَذِّبُوهُ، فَإِنِّي لا أَقُولُ مَا يُنْكَرُ"[2]. ئەم ڕیوایەته ئەوه دەگەیەنێت پێویسته فەرمووده ڕانوینرێ بۆ سەر قورئان...[3]. و لەوانە: "إِنِّي وَاللَّهِ لا يُمْسِكُ النَّاسُ عَلَيَّ بِشَيْءٍ، إِنِّي لا أُحِلُّ إِلا مَا أَحَلَّ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ، وَلا أُحَرِّمُ إِلا مَا حَرَّمَ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ، يَا فَاطِمَةُ بِنْتَ رَسُولِ اللَّهِ، يَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللَّهِ، اعْمَلا لِمَا عِنْدَ اللَّهِ، فَإِنِّي لا أُغْنِي عَنْكُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا"[4].

**وەڵامی گومانی چوارەم:** فەرمووده و ڕیوایەتی یەکەم: "إِنَّ الْحَدِيثَ سَيَفْشُو عَنِّي فَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُوَافِقُ الْقُرْآنَ فَهُوَ عَنِّي..."[5]. ئەم ڕیوایەته پچڕاوه، هەر وەك ئیمامی شافیعی فەرموویەتی له کیتابی (الرسالة)دا، مەبەست پێی خالیدی کوڕی ئەبی کەریمه بێت، که حاڵی نەناسراوه و هیچ لەبارەوه جێگیر نەبووه[6]. ئیمامی بەیهەقی دەڵێت: "ئەم ڕیوایەته له هەموو ڕووەکانەوه هێناومه که لاوازه، وەك له کتێبەکەم (المدخل) باسم کردوه. ئەو خالیده نەناسراوه و ئەبو جەعفەریش هاوەڵی پێغەمبەر نیه. ئیمامی شافعیش دەفەرموێت: هیچ فەرموودەیەك پێچەوانەی قورئان

---

[1] معرفة السنن والآثار (١/ ١١٧).

[2] شرح مشكل الآثار للطحاوي (١٥/ ٣٤٧).

[3] معرفة السنن والآثار للبيهقي (١/ ١١٧)، وقال البيهقي: قَدْ رُوِيَ مِنْ أَوْجُهٍ أُخَرَ كُلِّهَا ضَعِيفٌ.

[4] معرفة السنن والآثار (٣/ ٢٢٢)، (٤٣٤٧).

[5] معرفة السنن والآثار (١/ ١١٧).

[6] مشارق الأنوار الوهاجة ومطالع الأسرار البهاجة في شرح سنن الإمام ابن ماجه، محمد بن علي بن آدم بن موسى (١/ ٣١٧).

نابێت، بەڵكو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕوونی دەكاتەوە لە واتا و مەبەستی پێویست: لە تایبەت و گشتی و ناسیخ و مەنسوخ، پاشان خەڵكی ئیلزام دەكات بە فەرموودە بە فەرزی خوا كە ئایەتی پیرۆزە، جا هەركەس وەریگرت لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) لە خوای وەرگرتووە، بۆیە: زۆربەی زاناكان ئەم ڕیوایەتە بە لاواز و پچڕاو دەزانن، كە ناكرێت بكرێت بە گومان بۆ سەر حوجیەت و بەڵگەی فەرموودە[1].

ئیبن حەزم لەبارەی یەكێك لە ڕاوی ئەو ڕیوایەتانە دەڵێت: "قسەی وەرناگیرێت و تاوانبارە بە درۆ و بە زندیق ناسراوە"[2]. ئیمامی بەیهەقیش بە هەمان شێوە وتوویەتی: "ئەم فەرموودەیە لە ڕانمانی بۆ سەر قورئان بەتاڵە و ڕاست نیە، بەڵكو پێچەوانە دەبێتەوە بۆ سەر خۆی، بە بەتاڵبوونەوەی بە قورئان كە بەڵگەیە لەسەر ڕانمانی فەرموودە بۆ سەر قورئان"[3].

ئەمە كە زانایانە فەرموودە وتوویانە، زیاد لەوەش عەبدولڕەحمانی كوڕی مەهدی ئەڵێ: ئەمە لەدەستكیسە و دانراوی خەواریج و زندیقەكانە، چونكە زۆر فەرموودە هەیە حوكمی تێدایە و ئەحكامی لەخۆ گرتووە كە لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵكو وەریشگیراون و كاریان پێ كراوە بە كۆدەنگی زانایان.

كورتەی باس: زانایان لەسەر ئەوە كۆدەنگن، كە فەرموودەی دروست (صحيح) پێچەوانەی كیتابی خوا ناكات و نابێت. ئەم ڕیوایەتانەی لەو بارەوە وارد بوون كە كراونەتە گومان هیچ كامیان فەرموودەی دروست نین: یان لاوازن، یان پچڕاون، یان (مرسل)ن، یان هەڵبەستراون، چونكە قورئانی پیرۆز فەرمانی تێدایە بە گوێڕایەڵی و وەرگرتنی فەرموودە و كارپێكردنی، ئەوەش فەرز كراوە و فەرمانی پێكراوە لە لایەن

---

[1] بڕوانە: الرسالة للشافعي (٢٢٥)، ومعرفة السنن والآثار، للبيهقي (١/ ٦٩) (١٣/ ١٥٢)، ومفتاح الجنة (٦)، والسنة ومكانتها في التشريع (١٦١).

[2] الإحكام لابن حزم (٢/ ٧٦).

[3] مفتاح الجنة (٦)، والسنة ومكانتها في التشريع (١٦١).

خوای گەورە بە ئایەتی: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ (النساء: ٨٠) و ئایەتی: ﴿وَمَآ آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُواْ﴾ (الحشر: ٧). بۆ جێبەجیکردنی ئەم ئایەتە بڕوانە بۆ ئەم فەرموودە شیرینە، لێرەوە بۆت دەردەکەوێت پەیوەندی نێوان قورئانی پیرۆز و فەرموودە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، فەرموویەتی: "فَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَاجْتَنِبُوهُ وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ "[1]. فەرمانمان پێکراوە نوێژ بە پێوە بکەین، هەر کەس نەیتوانی بە دانیشتنەوە بیکات، هەروەها دەستنوێژگرتن ئەگەر عوزر و بیانووی بوو تەیەموم دەکات، ڕۆژوو ئەگەر درێژە و ڕوونکردنەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) نەبوایە، کێ دەیزانی؟ حەجکردنی ماڵی خوا فەرزە و واجبە، بەڵام ئەگەر کەسێك نەیتوانی، یان عوزر و بیانووی بوو، ئەو فەرزەی لەسەر لادەچێت تا ئەو کاتەی ئەو عوزر و بیانووانەی لا دەچێت[2].

یان بۆ کێشەکەی کە لە فەرموودەی سەحیح و دروستدا هاتووە بە درێژی، کە هاتنە خزمەتی فەرمووی: "... لأَقْضِيَنَّ بَيْنَكُمَا بِكِتَابِ اللهِ...."[3]. پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، خۆی حوکمی کرد و دای بەسەریاندا و نیسبەتی دا بۆ لای حوکمی خوا و ئەوەی کە کیتابی خوا لە خۆی گرتووە کە فەرموودەیە، کەواتە: هەروەك حوکمی خوا وایە، چونکە بە ئایەتی: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: ٨٠) هەر کەس گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکات (دروودی خوای لەسەر)، ئەوە گوێڕایەڵی خوای کردووە.

---

[1] صحيح البخاري (٩/ ٩٤)، (٧٢٨٨).

[2] تفسير القرآن الكريم للكتاني (٢٧/ ٣).

[3] صحيح البخاري (٣/ ٢٤١)، (٢٦٩٦)، وصحيح مسلم (٣/ ١٣٢٤).

# سەرچاوەکان

القرآن الكريم

١ـ إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، لمحمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (ت: ١٢٥٠هـ)، تحقيق: الشيخ أحمد عزو عناية، دمشق – كفر بطنا، قدم له: الشيخ خليل الميس والدكتور ولي الدين صالح فرفور – دار الكتاب العربي، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م.

٢ـ الإحكام في أصول الأحكام، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي الظاهري (ت: ٤٥٦هـ)، دار الحديث – القاهرة، ط١، ١٤٠٤هـ.

٣ـ الاعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار، أبو بكر محمد بن موسى بن عثمان الحازمي الهمداني، زين الدين (ت: ٥٨٤هـ)، دائرة المعارف العثمانية – حيدر آباد، الدكن، ط٢، ١٣٥٩هـ.

٤ـ تفسير القرآن الكريم، محمد المنتصر بالله بن محمد الزمزمي الكتاني الإدريسي الحسني (ت: ١٤١٩هـ)، مصدر الكتاب: دروس صوتية قام بتفريغها موقع الشبكة الإسلامية.

٥ـ تفسير القرآن العظيم، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت: ٧٧٤هـ)، تحقيق: سامي بن محمد سلامة، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٦ـ تفسير الإمام الشافعي، الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت: ٢٠٤هـ).

٧ـ التوضيح لشرح الجامع الصحيح، ابن الملقن سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري (ت: ٨٠٤هـ)، ت: دار الفلاح للبحث العلمي وتحقيق التراث، دار النوادر، دمشق ـ سوريا، ط١، ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

٨ـ جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (ت: ٤٦٣هـ)، دراسة وتحقيق: أبو عبد الرحمن فواز أحمد زمرلي، مؤسسة

الريان – دار ابن حزم، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م. جمع وتحقيق ودراسة: د. أحمد بن مصطفى الفرَّان (رسالة دكتوراه) – دار التدمرية – المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م.

٩- الجامع لأحكام القرآن، أبو عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري الخزرجي شمس الدين القرطبي (ت: ٦٧١ هـ)، تحقق: هشام سمير البخاري، دار عالم الكتب، الرياض – المملكة العربية السعودية، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

١٠- حجية خبر الآحاد في العقائد والأحكام، فرحانة بنت علي شويتة، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة.

١١- حجية السنة النبوية ومكانتها في التشريع الإسلامي، عبد القادر بن حبيب الله السندي، الجامعة الإسلامية – المدينة المنورة، ط٨، العدد الثاني، رمضان ١٣٩٥هـ/ سبتمبر ١٩٧٥م.

١٢- دفاع عن السُنَّة ورد شبه المُسْتَشْرِقِينَ والكتاب المعاصرين، محمد بن محمد بن سويلم، أبو شُهبة (ت: ١٤٠٣هـ)، مجمع البحوث الإسلامية – القاهرة، ط٢، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٥م.

١٣- الرسالة، للإمام الشافعي أبي عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت: ٢٠٤هـ)، تحقيق: أحمد شاكر، مكتبة الحلبي – مصر، ط١، ١٣٥٨هـ/١٩٤٠م.

١٤- السنة قبل التدوين، محمد عجاج بن محمد تميم بن صالح بن عبد الله الخطيب، رسالة ماجستير من كلية دار العلوم بجامعة القاهرة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان.

١٥- السُّنّةُ النبويةُ وأثرُها في اختلافِ الفقهاء، إعداد: علي بن نايف الشحود، الباحث في القرآن والسنَّة، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

١٦- السنة النبوية المصدر الثاني للتشريع الإسلامي ومكانتها من حيث الاحتجاج والعمل، د. محمد عبد الله أبو بكر باجعمان. ط٢، ١٤٠٣هـ.

١٧- الشَّافِي فِيْ شَرْح مُسْنَد الشَّافِعي لابْنِ الأثِيرْ، مجد الدين أبو السعادات المبارك بن محمد بن محمد ابن عبد الكريم الشيباني الجزري ابن الأثير (ت: ٦٠٦هـ)، تحقيق،

أحمد بن سليمان – أبي تميم يَاسر بن إبراهيم، مَكتَبةَ الرُّشْدِ، الرياض – المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

١٨ـ شرح مشكل الآثار، أبو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة بن عبد الملك بن سلمة الأزدي الحجري المصري المعروف بالطحاوي (ت: ٣٢١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤١٥هـ/ ١٤٩٤م.

١٩ـ (صحيح البخاري) الجامع الصحيح المختصر، تأليف: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي.

٢٠ـ قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث، محمد جمال الدين بن محمد سعيد بن قاسم الحلاق القاسمي (ت: ١٣٣٢هـ)، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

٢١ـ الكفاية في علم الرواية، أحمد بن علي بن ثابت أبو بكر الخطيب البغدادي، تحقيق: أبو عبد الله السورقي، إبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية – المدينة المنورة.

٢٢ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت: ٢٦١ هـ)، تحقيق: مجموعة من المحققين، دار الجيل – بيروت، ط: ١٣٣٤.

٢٣ـ مسند أحمد بن حنبل، أحمد بن حنبل أبو عبد الله الشيباني، تحقيق: مكتب البحوث بجمعية المكنز – جمعية المكنز الإسلامي. ط١، ١٤٣١هـ/ ٢٠١٠م.

٢٤ـ مُسْند الشَّافِعِي، حبر الأمة وَإِمَام الْأَئِمَّة، الإِمَام أبي عبد الله مُحَمَّد بن إِدْرِيس الشَّافِعِي رَضِي الله عَنهُ، صححت هَذِة النُّسْخَة على النُّسْخَة المطبوعة، فِي مطبعة بولاق الأميرية وَالنُّسْخَة المطبوعة فِي بِلاد الْهِنْد، دَار الْكتب العلمية – بيروت – لبنان .

٢٥ــ معرفة السنن والآثار، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت: ٤٥٨هـ)، تحقيق: عبد المعطي أمين قلعجي، جامعة الدراسات الإسلامية (كراتشي – باكستان)، دار قتيبة (دمشق – بيروت)، دار الوعي (حلب – دمشق)، دار الوفاء (المنصورة – القاهرة)، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩١م.

٢٦ـ معرفة السنن والآثار، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (ت: ٤٥٨)، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية – بيروت.

٢٧ـ مشارق الأنوار الوهاجة ومطالع الأسرار البهاجة في شرح سنن الإمام ابن ماجه، محمد بن علي بن آدم بن موسى، دار المغني، الرياض – المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م.

٢٨ـ المصنف، أبو بكر عبد الرزاق بن همام بن نافع الحميري اليماني الصنعاني (ت: ٢١١هـ)، تحقق: حبيب الرحمن الأعظمي، المجلس العلمي – الهند، المكتب الإسلامي – بيروت.

٢٩ـ مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت: ٩١١هـ)، الجامعة الإسلامية – المدينة المنورة، ط٣، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٣٠ـ الموافقات في أصول الفقه، إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي (ت: ٧٩٠هـ)، تحقيق: عبد الله دراز، دار المعرفة – بيروت. الناشر: دار ابن كثير، اليمامة – بيروت، ط٣، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م. تحقيق: د. مصطفى ديب البغا أستاذ الحديث وعلومه في كلية الشريعة – جامعة دمشق.

# ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان
# لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ فەرموودەکان

**د. ناصح کەریم عەبدوڵڵا/ زانکۆی هەڵەبجە**
**ئارام عەلی مەجید/ زانکۆی سلێمانی**

پرۆژەی ڕۆژهەڵاتناسان لە شێواندنی چەمکە ئیسلامیەکان چەندین ڕوو لەخۆ دەگرێت و لە زیاتر لە مەیدانێکدا خۆی دەبینێتەوە، یەکێك لە مەیدانە سەرەکیەکانیش: پەیوەندی ڕۆژهەڵاتناسانە بە فەرموودەکانی پیغەمبەری ئیسلامەوە (درودی خوای لەسەر). لەڕاستیدا هەریەك لە زانایانی فەرموودەناسان و رۆژهەڵاتناسان لە بواری توێژینەوەی فەرموودەدا بە دوای وەڵامی یەك پرسیاردا گەڕاون کە ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەو فەرموودانەی کە ڕیوایەتکراون ڕاست و دروستن و فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلامن، یاخود بە نزیکەی دوو سەدە دواتر دروستکراون؟ لەم ڕووەوە هەردوولا بەچاوی ڕەخنەوە دەڕواننە گێڕانەوەکان، بەڵام هەریەك لەم دوو گرووپە ڕێبازێکی جودا، تا ئەندازەیەك دژبەیەکیان، پەیڕەو کردووە بۆ گەیشتن بە ڕاست و دروستی فەرموودەکان و ڕێبازی توێژینەوە و ئامانجەکانی کنەکردنیان لەم بوارەدا جیاواز بووە.

لەم توێژینەوەیـەدا ئێمـە دەمانـەوێت زۆرتـرین ڕۆشـنایی بخەینـە سـەر ڕێبـاز و ئالیەتی توێژینەوەی فەرموودە لای ڕۆژهەڵاتناسان و ئەوە نیشـانی خوێنـەر بـدەین کە تا چەند ڕۆژهەڵاتناسان توانیویانە ڕێبازێکی توێژینەوەی سەرکەوتوو بگرنەبەر و تا چەندیش توانیویانە لـەو ڕێبـازەدا بێلایەنانـە توێژینـەوە لەسـەر فـەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد (دروودی خوای لەسەر) بکەن.

ئایا تا چەند ڕۆژهەڵاتناسان توانیویانە ڕێبازێکی توێژینەوەی دروسـت بگرنەبـەر لە پشکنین و گەڕان بە دوای ڕاست و دروستی فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەگەڕێینەوە بۆ دوو توێـژەری بـەناوبانگ لـە ناو ڕۆژهەڵاتناساندا، کە ئەوانیش هەردوو ڕۆژهەڵاتناس ئیگناز گۆلـدزهێر ( Ignaz Goldziher) (1921 -1850ز) و جۆزیف شاخت ( Joseph Achacht) (1902- 1969ز)ە، کە دوو ڕۆژهەڵاتناسی دیار و بەرچاون و پێشڕەو بـوون لـە دروسـتکردنی گومـان و ڕەتکردنـەوەی فـەرموودە لـە ڕۆژئـاوادا. گۆڵـد زهێـر لـە ڕووی ئاینییـەوە کەسێکی جولەکە بووە، ئەو بە باوکی توێژینەوەی فەرموودە دادەنرێت لە ڕۆژئاوادا و لــە دوای بڵاوبوونــەوەی یەکــەم کتــێبی بــەناوی: (توێژینــەوەی ئیســلامیی) (Muhammedanische Studien- Muslim Studies) کە دوو بەرگـە و بەتایبەت لە بەرگی دووهەمـدا گۆڵـد زهێـر قسـە لەسـەر فـەرموودە دەکـات. ئـەم پەڕاوە بۆ یەکەمجار لە سـاڵی (١٨٩٠ز) بڵاوکرایـەوە و پاشـان زانکـۆ ڕۆژئاواییـەکان بیریـان لـەوەکردەوە توێژینـەوەی فـەرموودە (Hadith Studies) بکـەن بـە بابـەتێکی سـەرەکی لـە زانکۆکانـدا، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا، وەك کیزیـل ئامـاژەی پێدەدات، بەر لە گۆڵد زهێر، کەسایەتی دیاری بواری ئەدەبی گوستا وەیڵ (١٨٠٨– ١٨٨٩ز) باسـی لـەوە کـردووە لـە کتێبەکەیـدا بـەناوی ( Geschichte der Chaliphen)، کە پێویستە تەواوی فەرموودەکانی نێو کتێبەکـەی بوخـاری ڕەد

بکرێنەوە[1]. واتە ڕاستە گۆڵد زهێر بۆ یەکەمین جار بە توێژینەوەیەکی تەواوەوە دێتە مەیدان لەم بوارەدا، بەڵام بەر لەویش کەسانیتر هەبوو کە هەمان دەرئەنجامی توێژینەوەکەی ئەویان باسکردووە، بەڵام بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد.

هەروەها جۆزیف شاخت لە پەڕاوی (بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی) ( The Origins of Muhammadan Jurisprudence) کە لە ساڵی (١٩٥٠ن)دا بڵاوکراوەتەوە زۆرتر گرنگی بەوە دەدات کە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا چۆن و بە چ شێوەیەك فەرموودە و یاساکانی ئیسلام سەریانهەڵداوە و دواتر چوار مەزهەبی سەرەکی گەشەیان کردووە؟[2] هاوکات هەر سەبارەت بەم دوو ڕۆژهەڵاتناسە ئەلشەهری ئاماژەی بەوەداوە کە ئەم دوو نووسەرە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی بیر و تێگەیشتنی خوێنەران و توێژەرانی ڕۆژئاوا لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام[3].

گرنگیدان بەم دوو ڕۆژهەڵاتناسە و بەتایبەت نووسراوەکانیان لەسەر فەرموودە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵاتناسان هەمیشە و هەردەم لەنێو بازنەی بیرکردنەوەی ئەم دوو ڕۆژهەڵاتناسەدا سووڕاونەتەوە و شتێکی دیار و بەرچاو جیاوازیان نەوتووە. ڕا و بۆچوونی ئەم دوو ڕۆژهەڵاتناسە تاوەکو ئێستاش جێگەی بایەخن لای ئارەزوومەندانی توێژینەوەی فەرموودە لە ڕۆژئاوادا، پاشان لە دوای بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکانی ئەم دوو رۆژهەڵاتناسە، کەم تا زۆر موسڵمانانیش دەکەونە ژێر کاریگەری تێڕوانینەکانیانەوە و ڕا و بۆچوونەکانی ئەم دوو کەسایەتییە دەبن بە ڕەوتێکی دیار و بەرچاو، بەتایبەت لە هیندستان و پاشان جیهانی ئیسلامییدا.

---

1. Fatma Kızıl, The Views of Orientalists on the Hadith Literature, (2013) Accessed in http://www.lastprophet.info/the-views-of-orientalists-on-the-hadith-literature.

2. Joseph Schacht, The origins of Muhammadan jurisprudence, (London: Oxford University Press, 1979),

3. Mohammed Salem Alshehri, Western Works and Views on Hadith: Beginnings, Nature, and Impact, Marmara Üniversitesi İlâhiyat Fakültesi Dergisi, Cilt-Sayı 46, (Nisan 2014), 203.

**بابەتیبوون (الموضوعیة) لای ڕۆژهەڵاتناسان:**

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو لە ڕەفتاری ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە سوننەت، دڵۆپێکە لە دەریای (دانەپاڵ – الاسقاط) و یاریکردن بە دەقەکان و ونکردنی ڕاستیەکان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە و هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە سوننەت (گوفتاریی و کرداریی). گرنگە هەموان ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەو دەنگ و دەنگۆیانەی ئەمڕۆ لەسەر سوننەت هەیە – بە ڕەهایی – شتێکی نامۆ نیە و درێژەپێدەری بۆچوونەکانی قورەیشە بەرامبەر پێغەمبەری ئەکرەم (دروودی خوای لەسەر) و وتنەوەی ئەو قسانەیە کە پێشتر هەندێ لە گرووپە لادەرەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی سەبارەت بە فەرموودە و هاوەڵانی پێغەمبەر و پیاوانی فەرموودە کردوویانە و دواتریش ڕۆژهەڵاتناسان لە جەنگی فیکریاندا پشتیان پێبەستووە و لە ڕووی فیکرییەوە ئاسەواری خۆی بەجێهیشتووە. بێگومان لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان فرە ئامانج و فرە ڕەهەندن و هەر یەکەیان ویستوویەتی لە کەلێنیکەوە دزە بکات و خزمەت بە دەزگا تەبشیری و تەنسیرییەکان بکات، ئەمەش لە ڕێی تانەدان و ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و قورئان و پەیامبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر) و هەر بابەتێك پەیوەندی بەو سیانەوە هەبێت. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا تویژەران دەیانەوێت قسەی لە سەر بکەن، زۆر بە کورتی، هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسانە دەربارەی سوننەت لە چەند ڕوویەکەوە، لەوانە:

– هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسان لە سەنەدی فەرموودە.

– هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسان لە مەتنی فەرموودە.

لێرەدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسان بە شێوازێکی زۆر وردو شاراوە دیدو بۆچوونەکانیان دەخەنەڕوو کە زۆرجار خوێنەر تووشی سەرسام بوون دەکەن و وای لێدەکەن هەست بە ئامانجە پڕ مەترسیەکانیان نەکات، زۆر جاریش پشت بە فەرموودەی لاواز دەبەستن لە

بەڵگەهێنانـەوەدا، بـۆ نموونـە: گۆسـتاف لۆبـۆن کـە بـە ڕۆژهەڵاتناسـێکی بـە ویـژدان ناسراوە، دەربارەی نیمچە دورگەی عەرەب دەڵێت: "سەرچاوە و شوێنی ئـەو دەوڵەتـە فراوانەیـە کـە خەلیفـەکانی موحەمـەد دایانمەزرانـد".[1] لێـرەدا لۆبـۆن دەیـەوێت ئـەوە بسەلمێنێت کـە پێغەمبـەری ئیسـلام (دروودی خـوای لەسـەر) هـیچ ڕۆڵێکـی نـەبووە لـە بونیادنـان و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ئیسـلامی. ئـەم بۆچـوونەش هـەڵقوڵاوی تێـڕوانین و ئاڕاسـتەیەکی ڕۆژئـاوایی کڵێسـایی سـیکۆلارە کـە دەڵێـت: "دع مـا لله لله ومـا لقیصـر لقیصر". [2] هەروەها دەڵێت: "موحەمەد لەگەڵ مامی جارێك گەشتیان کـرد بـۆ سـوریا و هەر لەوێ لەگەڵ قەشەیەکی نەستوری ئاشنایەتی پەیدا کـرد و لـەو قەشـەوە زانسـتی تەوراتی وەرگـرت".[3] مەبەسـتی لۆبـۆن ئاماژەیـە بـۆ ئـەو ڕیوایەتـەی ئـیبن هیشـام لـە (سیرە)کەیدا هێناویەتی، بەڵام پاش گەڕانەوەمان بۆ لای ئیبن هیشام، دەبینین نـاوبراو ئـــەم ڕووداوەی بـــە ســـیغەی (تضـــعیف وتمـــریض – لاواز و نـــەخۆش) هێنـــاوە و دەستەواژەی (وەك دەڵـێن) و (پێیانوایـە) هەشـت جـار دووبـارە دەکاتـەوە[4]. ئیمـامی تیرمیـزیش بـە سـەرهاتی بوحـەیرا دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت: "ئـەم فەرموودەیـە (حسـن غریب)ە و لە سەنەکەیدا (عبدالرحمن بن غزوان) هەیە کە ئیمامی زەهەبی لـە بارەیـەوە دەڵێـت: (منـاکیر)ی هەیـە"[5]. ئـیبن سەیدولناسـیش دەڵێـت: "مـەتنی ئـەم ڕیوایەتـە (نکارة)ی تیدایە"[6]. لـە لایـەکی تـر ڕۆژهەڵاتناسـان زۆرینـەی جـار نابابەتیانـە مامەڵـە دەکەن و دەقەکان دەشێوێنن و زۆرجاریش پشت بە ڕیوایات و بەڵگەی لاواز دەبەستن.

---

[1] حضارة العرب، غوستاف لوبون، ترجمة: عادل زعيتر (٤٠).

[2] ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، الندوي (١١٢)، مسألة صلب المسيح بين الحقيقة والإفتراء، أحمد ديدات (٣٠) نقلا عن: إنجيل متى (٢٢/ ٢١)، أصلح الأديان للإنسانية عقيدة وشريعة، أحمد بن عبد الغفور عطار (٨٩).

[3] غوستاف لوبون، سەرچاوەی پێشوو (١٠٢– ١٠٣).

[4] السيرة النبوية، ابن هشام (١/ ٣٢٩– ٣٣٠).

[5] سنن الترمذي (٦/ ١٤).

[6] عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، ابن سيد الناس (١/ ٥٥).

**دانه پاڵ ( الإسقاط ) لای ڕۆژهەڵاتناسان:**

دانەپاڵ (Projection) فێڵێکی دەروونییە و پوختەکەی ئەوەیە کەسێك شکستی خۆی یان کەموکوڕیەکانی، یان ترس و بیمی شاراوەی کە دانیان پێدا نانێت، بداتە پاڵ کەسانی تر، یان شتەکان، یان بێ چانسی. ئەمەش بە مەبەستی خۆدەربازکردن، یان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئازارەکانی دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە تاوان و بێزاری و ڕەخنەی کۆمەڵگە.[1] ئەم چەمکە ڕاستەوخۆ ڕۆژهەڵاتناسان دەگرێتەوە و دەکرێت بە سەر ئەواندا جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەوان دەیانەوێت خۆیان بدزنەوە لە چەندین ڕاستی پەیوەندیدار بە ئاییني کڵێسا – نەك ئاییني یەکخواپەرستی عیسا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) – و ئینجیلەکان و چەندین بابەتی تریش، لەولاشەوە کەموڕیەکانی ئاینەکەی خۆیان بە تاوانبارکردنی ئیسلام، وەك ئایین و قورئان و پێغەمبەر، داپۆشن. بێگومان ئەو هەموو گومان و شێواندن و قسە هەڵبەستراوانەی کە ئاڕاستەی ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و مێژووی ئیسلامی دەکرێت لە لایەن دەزگا ڕۆژهەڵاتناسیەکانەوە، ئامانج لێیان ئەوەیە موسڵمانان هەڵوێستی ئەو تاوانبارە بەرگریکارەیان هەبێت کە بە هەموو توانایەکیەوە بەرگری لە خۆی دەکات، تا لە هەڵمەتەکانی سەرکۆنە (إدانة) پارێزراو بێت.

ڕۆژهەڵاتناسان کە لە پێکهاتەی جولەکە و گاورن، هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ قسەکردن لە سەر ئەم بابەتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئیسلامەوە هەیە:

١. ئیسلام داهێنراوێکی ئاییني عیسایە (دروودی خوای لەسەر).

٢. قورئان داهێنراوی موحەمەدە (دروودی خوای لەسەر) و خۆی دایناوە.

٣. دژایەتی نێوان ئایەتەکانی قورئان.

٤. ئیسلام ئاینێکە دژی زانست دەوەستێتەوە.

٥. ئیسلام مافی ژنی نەداوە.

---

[1] أصول علم النفس، احمد عزت راجح (٤٦٥).

٦. ئایینی ئیسلام به شمشێر بڵاوبووەتەوە .

٧. پێغەمبەری ئیسلام پەرکەمی لەگەڵدا بووە.

٨. سوننەت دەستهەڵبەستی هاوەڵانە و دەرهاویشتەی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکانە.

ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەك لە پرۆسەی (دانەپاڵ) دەخەینەڕوو، کە تایبەتە بە (کتێبی پیرۆز)، تا بزانین ڕۆژهەڵاتناسان چۆن کەموکوڕیەکانی ئەو کتێبە دەشارنەوە بە پەنابردن بۆ دروستکردنی گومان لەسەر قورئان و فەرموودە گوفتاری و ڕەفتاریەکانی پێغەمبەر:

– (فرنس گرێس) کە نووسەرێکی ئیسپانیە، دەربارەی کتێبی پیرۆز دەڵێت: "تویژینەوە و بەدواداچوونە زانستیەکان بە بەڵگەی بەهێز ئەوەیان سەلماندووە کە هەشتا ئیسحاح لە کۆی هەشتا و نۆ ئیسحاح، بێجگە کۆپی و وێنەیەکی (کریشنە) و (بوزا) شتێکی تر نیە".[1]

– پرۆفیسۆر (ڕۆدەلف سیادیڵ) کە زانایەکی پرۆتستانتی و مامۆستایە لە زانکۆکانی ئەڵمانیا لە کتێبەکەیدا (ئەفسانەی بوزا) دەڵێت: "لە کۆی ئەو بیست و هەشت ئیسحاحەی کە ئینجیلی (مەتا) پێکدەهێنن، تەنها دوو ئیسحاحیان خاڵیە لە سروت و گۆرانیە ئایینیەکانی ئایینی هیندۆسی، واتە بیست و شەش ئیسحاحیان ڕاستەوخۆ یان لە ژێر کاریگەری سروتە ئایینیەکانی هیندۆسیدا نووسراونەتەوە. لە ئینجیلی (مەرقیس)ش کە لە شازدە ئیسحاح پێکدێت، تەنها هەردوو ئیسحاحی حەوت و دوازدە وەرگیراو نین. ئینجیلی (لۆقا)ش کە لە بیست و چوار ئیسحاح پێکهاتووە، تەنها ئیسحاحەکانی دوازدە و شازدە و بیست دزراو و دەستهەڵبەست نین. سەبارەت بە ئینجیلی (یۆحەننا)ش ئەوا تەنها هەر یەك لە ئیسحاحەکانی دەیەم و حەڤدەهەم وەرگیراو نین"[2].

---

[1] الإسقاط في مناهج المستشرقين، شوقي أبو خليل (٢١)، ئەویش لە: تبدد أوهام قسيس (١٣١).

[2] شوقي أبو خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٧١).

– زانای پرۆتستانی و مێژوونووسی ئایینەکان (هایبڵ)، جەخت لەسەر هەمان بۆچوونەکانی (رۆدەلف سیادیڵ) دەکاتەوە و زیاتر لە سی و شەش دەقی کتێبی پیرۆز دەخاتە ڕوو، کە لە سەرچاوە بتپەرستیەکانەوە وەرگیراون.[1]

– پرۆفیسۆر (بێرنهاد سیپێس) کە شارەزا و پسپۆڕە لە ناسینەوەی زمان و نووسینە سەنکریتییەکان و نووسینی بزماری، دان بەوەدا دەنێت کە زۆربەی هەرەزۆری (پەندەکانی) ناو ئینجیلەکان، کۆپی و هەڵقولاوی پەندو قسەی پێشینانی هیندۆسی و ئاشووری و سۆمەریەکانن، بەتایبەت زنجیرەی ئەو پەندانەی کە لە ئیسحاحی پازدەهەمی ئینجیلی لۆقادا هاتوون[2].

– هاوکات (هیلشەر)یش، کە زانایەکی لاهوتی پرۆتستانتیە و بە ڕەگەز ئەڵمانیە، زیاتر لە بیست ساڵ بەدواداچوونی کردووە بۆ ژیانی (پۆڵس) و لە دواجار بەو ئەنجامە گەیشتووە کە کاری پێغەمبەران و نووسینی ئینجیلەکان، ساختە و درۆ و دەلەسە و شتی بێسەروبەرە، کە پیاوانی کڵێسا لە دوای ساڵی (١٤٥)ی زاینی ئەنجامیانداوە[3].

– لەلایەکیتریشەوە (ئینسکلۆپیدیای فەڕەنسی)ش ڕایەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە تێکڕای سەرچاوە گاوریەکان کاری (پۆڵس – شائول)ە، یان کاری شوێنکەوتووانی، ئەو ناوانەش (یۆحەننا، مەرقیس، مەتا، لۆقا، و هتد) ناوانێکی ساختە و خوازراون و هیچکام لەوانە ناوی ڕاستەقینە نیە.[4]

---

[1] شوقي أبو خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە. هەروەها: موقف الاستشراق من السُنَّة والسيرة النبوية، أكرم بن ضياء العمري (٧٣) و دواتر.

[2] شوقي أبو خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٧١).

[3] شوقي أبو خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٧٥)، دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية، سعود بن عبد العزيز الخلف (٣٥٢– ٣٥٤).

[4] شوقي أبو خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو (٢٥)، سعود بن عبد العزيز الخلف، سەرچاوەی پێشوو (٣٦٠)، ئەویش لە ئینجلی مەتا (٥/ ١٠).

## ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەنەدی فەرموودەکان

لە ئایینی ئیسلامدا فەرموودەکانی پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر) بە دووەم سەرچاوە دادەنرێت لە دوای قورئانی پیرۆز لە بونیادی بنەما و یاساکانی شەریعەتدا. (سَنَد)یش پێوەرێکە بۆ جوداکردنەوەی فەرموودەی ڕاست (صحيح) لە فەرموودەی هەڵبەستراو (موضوع)، بۆ جیاکردنەوەی فەرموودەی بەهێز (قوي) لە لاواز (ضعيف). شارەزایی دەربارەی زنجیرەی گێڕەرەوەکان (سند) جێگەی گرنگییەکی زۆرە لەلای ئەو کەسانەی کە دەربارەی پیاوانی فەرموودە زانیارییان هەبێت. ڕەخنەگرتن لە سەنەد یەکەم هەنگاوی ڕێبازی توێژینەوەیە لە ئەدەبیاتی فەرموودەدا، بۆیە ئەگەر ڕەخنە لە سەنەد گیرا، چیدی پێویست بە ڕەخنەگرتن ناکات لە دەق (متن)[1]. لەم ڕووەوە سوفیانی سەوری دەڵێت: "ئیسناد چەکی ئیمانداره، ئەگەر ئیمانداران چەکیان پێ نەبوو ئیتر بە چی شەڕ دەکەن"[2]. هاوکات بنەمایەکی شەرعیش هەیە کە دەڵێت: "هەرشتێك لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ بونیادنرا، ئەوا بۆخۆی بەتاڵە – ما بني على باطل فهو باطل". [3]

لەڕاستیدا، زانایانی موسڵمانی فەرموودەناس بۆ ڕاستی و دروستی فەرموودەکان، بە چەند پێوەرێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی فەرموودە، بەر لە هەموو شتێك گرنگییان داوە بە سەنەد، پاشان دەق. لە بەرامبەردا، وەك هاسەر ئەیاز ئاماژەی بۆ دەکات، ڕۆژهەڵاتناسان بە هەبوونی ئامانجی خۆیان بۆ هەڵسەنگاندنی فەرموودە، زۆرترین گرنگییان داوە بە دەق[4]. پاشان بەهۆی

١ منهج النقد في علوم الحديث، د. نور الدين عتر (٣٤٤– ٣٤٥).

٢ عتر، هەمان سەرچاوەی پێشوو (٣٤٥).

٣ الحماية الجنائية للحق في أصل البراءة، عبد المنعم الشيباني (٣١٨).

4 Hacer Ayaz, The Differences in Historical Methodology between Juynboll and Motzki Related to Hadith. Erzincan Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, 9 (1), 41-46, (2015), 42.

تێنەگەیشتن، یان خۆتێنەگەیاندن لە دەق، هەوڵی ڕەتکردنەوەی سەنەدیان داوە و پێیان وایە کە سەنەد شتێکی دروستکراوە بۆ بە ڕاستدانانی دەق.

لە سەرەتادا، هەریەك لە گۆڵد زهێر و شاخت، پێیانوایە کە نزیکەی دوو سەدە دوای وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام زانایانی موسڵمان هەستاون بە دروستکردنی فەرموودە و پاشان بۆ دروستێتی فەرموودەکانیش سەنەدیان دروستکردووە، بۆ نموونە، گۆڵد زهێر دەڵێت: "کاتێك عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان ویستوویەتی کە خەڵکی لە حەجکردن بۆ شاری مەککە بوەستێنێت، ویستوویەتی لەبری کەعبە خەڵکی بە دەوری (قبة الصخرة)دا تەواف بکەن، بۆ ئەم کارەش (ابن شهاب الزهری) هەستاوە بە دروستکردنی فەرموودەی: "لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجد الرسول ـ صلي الله عليه وسلم ـ، ومسجد الأقصي"، تاوەکو خەڵکی شام لەبری چوونیان بۆ حەج بۆ شاری مەککە بچن بۆ بەیتولمەقدیس. پاشان دەرکەوت بۆیان کە ئەم فەرموودەیە زۆر زیادەڕەوی پێوە دیارە، بۆیە دواتر فەرامۆشکراو فەرموودەیەکی پەیوەستکراوی تر بەم بابەتەوە دروستکرا کە دەڵێت: (تەنها نوێژێك لە بەیتولمەقدیس باشترە لە هەزار نوێژ لە شوێنەکانی تر)، تەنانەت باشترە لە نوێژکردن لە مەککە یان مەدینەش، پاشان کە بینرا عەبدولمەلیك سەرکەوتوو بوو لەوەی وا لە خەڵکی بکات بەلایانەوە یەکسان بێت حەج بکەن بۆ بەیتولموقەدەس یاخود مەککە، ئیتر خەڵکی هەرگیز ماندوو نەدەبوون لە دروستکردنی فەرموودە بۆ ئەوەی پیرۆزی بدەن بە نزرگەکانی سوریا و یەکسانیان بکەن لەگەڵ شوێنە پیرۆزەکانی حیجاز.[1] "

گۆڵد زهێر لەم بەسەرهاتەدا تەنها پشتی بە کتێبی (تأريخ اليعقوبی) بەستووە. ڕاستیەکەش ئەوەیە کە یەعقوبی (و: ٢٩٢ك) ئەم گێڕانەوەی باسکردووە لە

---

[1] Ignaz Goldziher, Muslim Studies (Muhammedanische Studien). Vol. II. Engl. translation by Barber and Stern, (George Allen & Unwin Ltd: Great Britain, 1971), 44-45.

کتێبەکەیدا بە ناوی "تأريخ اليعقوبی"[1]، بەڵام ئەوەی کە لە خوێنەرە ڕۆژئاواییەکان شاراوەیە ڕاستییەکی گرنگە لەم ڕووداوەدا، کە ئەویش ئەوەیە: گۆڵد زهێر هاتووەتە وڵاتانی وەکو عێراق و شام و جەزیرەی عەرەبی و میسر گەڕاوە و بە وردی خوێندنەوەی لەسەر ئیسلام کردووە و زۆر باش لەو ڕاستییە گەیشتووە کە ناکۆکییەکی قووڵی مێژوویی درێژخایەن لەنێوانی سوننە و شیعەدا هەیە و بە شێوەیەکی گشتی بە نەیاری یەکتر هەژمار دەکرێن، واتا بەڵگەهێنانەوەیان لەسەر یەکتر بەتەنها نابێتە وەڵامێکی زانستی باوەڕپێکراو. (أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي) مێژوونووس و جوگرافیازانێکی موسڵمانی شیعە بووە و لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی زاینی و لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسییەکاندا ژیاوە[2].

ئەو گێڕانەوەیەی کە گۆڵد زهێر کردوویەتی بە بەڵگە، تەنها لە مێژووی یەعقوبیدا هاتووە و سەرچاوەکان هیچ گێڕانەوەیەکی لەو شێوەیەیان تێدا نییە، ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین سەرچاوەی تری پێش یەعقوبی، ئەم فەرموودەیان باسکردووە و هیچ ئاماژەیەکی لەو شێوەی تێدا نییە کە یەعقوبی و پاشان گۆڵد زهێر باسی دەکەن و پێیانوایە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەو سەردەمەدا پیاوانی فەرموودە خۆیان فەرموودەیان هەڵبەستووە. ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین فەرموودەی تر هەیە باس لە پیرۆزی و گەورەیی (بيت المقدس) دەکەن و سەنەدەکانیان ناگەڕێنەوە بۆ شامییەکان و بەڵکو بەپێچەوانەوە حیجازییەکان گێڕەرەوەی ئەو فەرموودانەن. بۆ نموونە، فەرموودەی: "لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجد الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ، ومسجد الأقصى"، هەریەکە لە بوخاری[3] و موسلیم[1] لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە،

١ تاريخ اليعقوبي، أحمد اليعقوبي (٢/ ١٧٧– ١٧٨).

٢ الأعلام، الزركلي (١/ ٩٥).

٣ صحيح البخاري (٢/ ٦٠)، ژمارە (١١٨٨).

هاوكات حافیز ئیبن حەجەر لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەدا دەڵێت: "لەم فەرموودەدا گەورەیی ئەم مزگەوتانە نیشاندراون و تایبەتمەندییان پێدراوە، لەبەر ئەوەی مزگەوتێکی وەکو ئەقصا مزگەوتی پێغەمبەران و ڕووگەی یەکەمی گەلانی پێشین و جێگەی حەجکردنیان بووە و لەسەر تەقوا و خواپەرستی بونیادنراوە".[٢]

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە هەریەك لە گۆڵد زهێر و شاخت پێداگری لەسەر دەکەن، کە ئیبن شیهابی زوهری خۆی فەرموودەی دروستکردووە و نووسیویەتییەوە، ئەوەیە کە پاڵپشتی ئەم قسەیە لەو دەقەوە وەرگیراوە کە (ابن عبد البر) لە مالیکی کوڕی ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: "أول من دوّن العلم ابن شهاب الزهري"[٣]. گۆڵد زهێر و شاخت ئەم دەقەیان وەرگێڕاوە بە مانای (أول من كتب العلم (الحديث) كان ابن شهاب الزهري). وەك دەبینرێت جیاوازییان نەکردووە لەنێوان وشەکانی (دون) لەگەڵ (کتب). هەر بۆیە لێکدانەوەیەکی هەڵەیان بۆ ئەم دەقە کردووە و وایان نیشانداوە کە مێژووی نووسینەوەی فەرموودە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زوهری و لە کۆتایی سەدەی یەکەم و سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بووە، بۆیە گرنگە کە خوێندنەوەی ئەو دەقە لەسەر ئەو بنەمایە بکرێت کە یەکەم کەس کە تەدوین و تەصنیفی فەرموودە کۆکراوەکانی پێشووی کردووە ئیبن شیهابی زوهری بووە.[٤]

لەلایەکیترەوە ڕۆژهەڵاتناسان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە لەپێشینەیی ئیبن شیهابی زوهری لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی سوننەتدا. هەندێك ڕۆژهەڵاتناسی وەکو (مویر)، ئەو گێڕانەوەیان وەرگرتووە کە ئاماژە دەدات بە

---

١ صحيح مسلم (٢/ ١٠١٤)، ژمارە (١٣٩٧).

٢ العسقلاني (٣/ ٦٥)، (١٣٧٩).

٣ السنن الصغرى للبيهقي (١/ ١٢).

٤ السنة النبوية في كتابات أعداء الإسلام مناقشتها والرد عليها، الشربينى (٤١٦).

لەپێشینەیی زوهری لـە نووسـینەوەی سـوننەتدا، بـەڵام لـە سـەرنجێکیدا پێـداگری لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێت: "هیچ کۆمەڵە نووسراوێکی باوەڕپێکراومـان نییـە لـە پێش ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچییەوە"[1]. هەروەها (غیـوم) دەڵێـت: "ئـەم گێڕانەوەیە بە دروستکراو دادەنرێت"[2]. بەهەمان شـێوە ماکنسـن ڕوس سـتێلهۆرن ئامـاژە دەدات بـە وتـەی غیـوم و هەنـدێکیتر و گومانـەکانیان لەسـەر دروسـتی گێڕانەوەکە دەخاتە ڕوو[3]. بەڵام گۆڵد زهێر و شاخت زۆر لـەوان پـەرگیرتر و زیـاتر دەڕۆن. شاخت دەڵێت: "بۆ زانینی ئامانجەکانی ئەم گێڕانـەوە دروسـتکراوە بڕوانـە ئەوەی گۆڵد زهێر لە کتێبی (Muslim Studies)، میرزا کازم بەگیش لە کتێبی (الرسالة الآسيوية)دا نووسیویانە"[4]. لە شوێنێکیتردا شاخت دەڵێـت: "گێڕانـەوە و فەرموودە فیقهییەکان زۆر گرانە بتوانرێت تـەنها دانەیـەکیان بـە دروسـت دابنرێـت، چونکە دەماودەم لە خەڵکـەوە وەرگـیراون، لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی دووەمـی کۆچـی و دواتـر نووسـراونەتەوە"[5]. لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم وتانـەدا، دەگەینـە ئـەو ئەنجامەی کە شاخت لای وایە سوننەت لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعـەزیز و لەلایەن ئیبن شیهاب نووسراوەتەوە، هەرچی گێڕانەوەشە لەم بارەوە هـەمووی درۆ و دروستکراون، بەڵکو لە دوای ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە دەسـتکرا بـە نووسینەوەیان.[6]

---

1 William Muir, The life of Mahomet: from original sources. )Smith, Elder 1861) I/xxx-xxxi.
2 A. Guillaume, Where was Al-Masyid Al-Aqsa? (Al-Andalus: Madrid 1953), 19.
3 Mackensen, Ruth Stellhorn, "Arabic Books and Libraries in the Umaiyad Period." The American Journal of Semitic Languages and Literatures 52, no. 4 (1936), 248.
4 Schacht, The Origins of, (1979), Footnote 3.
5 Schacht, The Origins of, (1979), 149; Joseph Schacht, An Introduction to Islamic Law. (Oxford: Clarendon Press 1982), 34.
٦ دراسات في الحديث النبوي وتأريخ تدوينه، الأعظمي (٧٢).

بەهەمان شێوە شاخت ڕای وایە هەرچەندە (إسناد) گرنکترین هەرەمی بەشی فەرموودە پێکدەهێنێت، هاوکات ویست و ئارەزوویەکی بەهێز هەبووە بۆ دروستکردن و گەشەپێدانی، تاوەکو دواتر بتوانرێت بڕوای پێبکرێت و بکرێتە بنەمای بڕوابوون بە فەرموودەکان لە زۆرینەی بابەتە شەرعییەکاندا، بۆیە شتێکی زانراوە کە ئیسناد لە بنچینەیەکی سادەی سەرەتاییەوە دەستی پێکردووە و گەیشتووە بە پلەیەکی تۆکمە و تەواو لە دەمی کۆکردنەوەی فەرموودەدا لە نیوەی دووەمی سەدەی سێهەمی کۆچی[1]. بەپێچەوانەی ڕا و بۆچوونەکانی شاخت، ئیسناد سەرەتایەکی دوورتری هەیەو هەر لە بناغەدا بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی ناسینی فەرموودە دەستنیشان کراوە، بەڵکو بەر لە سەردەمی کۆکردنەوەی فەرموودەش، تەنانەت قوتابیانی زانستە شەرعییەکان هەرگیز بەبێ ئیسنادێکی باوەڕپێکراو فەرموودەیەکیان لە مامۆستاو شێخەکەیانەوە وەرنەگرتووەو بەڕاستیان نەزانیوە. هەر لەم بارەیەوە ئیمام مالیك وتوویەتی: "ئیسناد بەشێکی ئاینە و ئەگەر ئیسناد نەبوایە ئەوا خەڵکی هەرچییەکیان بویستایە دەیان وت"[2]. لەلایەکیترەوە دەبنین شاخت بۆ توێژینەوەکانی هەمیشە پشتی بە پەڕاوەکانی (الموطأ للإمام مالك)، (الأم للإمام الشافعي) بەستووە. ئەمە لەکاتێکدایە  کە ئەمانە پەڕاوی فیقهین. توێژینەوەی ئەم پەڕاوە فیقهییانەش بەس نین بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر زانستی فەرموودە و گەشەپێدانی ئەم زانستە.

لە جێگەیەکیتردا شاخت ئاماژە بەوە دەکات گەڕان و کنەکردن بەدوای ئیسناددا دوابەدوای ئەو ئاژاوەیە (فتنة) دەستی پێکردووە کە لە دوای کوشتنی وەلیدی کوڕی یەزید هەڵگیرسا لە کۆتایی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان، لەساڵی (١٢٦ك)[3]. بەپێی لێکدانەوەکانی شاخت ئەوە ئەو ئاژاوەیە نەبوو کە لە سەردەمی خەلیفەی

---

1 Schacht, The Origins of, (1979), 163.

٢ تیسر مصطلح الحدیث، محمود الطحان (١٤١).

3 Schacht, The Origins of, (1979), 36.

سێیەم عوسمانی کوڕی عەفان هەڵگیرسا، بەڵکو ئەو ئاژاوەیە بوو کە لە سەردەمی وەلیدی کوڕی یەزید بوو. وشەی (ئاژاوە) کە شاخت لە ئیبن سیرین وەریگرتووە و ئەو جۆرە لێکدانەوەی بۆ کردووە ئەوەیە کە ئیبن سیرین دەڵێت: "پێشتر هیچ کەس پرسیاری لەبارەی ئیسنادەوە نەدەکرد، پاش ئەوەی (ئاژاوە) سەریهەڵدا پرسیار دەکرا کە ناوی پیاوانی فەرموودەمان پێ بڵێت، لەم ڕووەوە فەرموودە لە ئەهلی سوننە وەردەگیراو فەرموودە لە ئەهلی بیدعە وەرنەدەگیرا".[1]

شاخت لە پەراوێزی ئەم گێڕانەوەیەی ئیبن سیرین بەبێ ئاماژەدان بە لاپەڕەی سەرچاوەکان، بەم شێوەیە سەرچاوەکانی هێناوە: "موسلیم، پێشەکی: باب بیان أن الإسناد من الدين، تیرمزی، لە کۆتایدا، بەبێ ئاماژەدان بە زەمەن و کاتەکە لە (الدارمي)دا، پێشەکی: باب في الحديث عن الثقات"[2]. لەم پەراوێزەوە شاخت ویستوویەتی ئەوە نیشان بدات کە هەریەکە لە موسلیم و تیرمزی بە ڕوونی باسی کات و ساتی ئەو ئاژاوەیان کردووە، بەڵام (الدارمي) ئاماژەی بە کات و زەمەنی ئاژاوەکە نەکردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نە لەم سێ سەرچاوە و نە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا ئیبن سیرین هیچ ڕوونکردنەوەیەکی وردی لەسەر ئەم فیتنە و ئاژاوەیە نەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە (أكرم العُمري) ئەو دەستەواژەیە و کاتی ئاژاوەکە دیاری دەکات، کە ئیبن سیرین هێناویەتی و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئاژاوەی کوشتنی عوسمانی کوڕی عەففان، ئەمەش بە لێکدانەوەی چەند دەقێکی خودی ئیبن سیرین کە لە چەند شوێنێکی تردا هاتووە[3]. لەلایەکیتریشەوە سەرباری ئەوەی وشەی (فتنة) لەلای زانایانی موسڵمان زۆرتر و زیاتر بۆ ئەو ئاژاوەیە بەکارهاتووە کە پێشەوا عوسمانی کوڕی عەفانی تێدا شەهید کرا، هاوکات دەتوانین

١ بحوث في تأريخ السنة المشرفة، أكرم ضياء العُمَري (٤٤).

2 Schacht, The Origins of, (1979), 36.

٣ العُمَري، هەمان سەرچاوەی پێشوو (٤٤– ٤٥).

ئەو ڕا و بۆچوونەی شاخت و گۆڵد زهێر و ڕۆژهەڵاتناسەکان بەم خاڵانـەی خـوارەوە پوچەڵ بکەینەوە:

– ئاژاوەی وەلیدی کوڕی یەزید لە ساڵی (١٢٦ك) ڕوویداوە کە ئەمەش ١٦ ساڵ لە دوای مردنـی ئـیبن سـیرین دێـت، کـە لـە سـاڵی (١١٠ك) وەفـاتی کـردووە، بۆیـە ئەستەمە ڕاستی ئەم بۆچوونە بسەلمێنرێت[1].

– لەنێو دەقەکەدا دەستەواژەی (فلما وقعت الفتنة) هاتووە و وشەی (وقعت) بە مانای (ڕوویدا) لە ڕابردوودا دێت، نەوەك باس لە داهاتوو بکات.

– لە سەردەمی گەورە تابیعینـدا سـاغکردنەوەی سـەنەد گەشـتووەتە لوتکـە و زانایـانی وەکـو (عـروة بـن الـزبیر) (٢٣– ٩٤ك)، (حسـن البصـری) (٢١– ١١٠ك) و (محمد بن سیرین) (٣٣– ١١٠ك) ڕۆڵی گـەورەیان هـەبووە لـەم سـاغکردنەوەیەدا[2]، هەموو ئەم کەسایەتییانەش پێش ساڵی (١١٠ك) ژیاون.

سەرباری ئەوەی لەبنەڕەتدا هەموو لق و بەشێکی زانسـتی ڕێبـازی توێژینـەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕێبازەکـانی توێژینـەوەی فـەرموودەش بـۆ خۆیـان هـەڵگری چـەند تایبەتمەندییـەکی خۆیـانن و جـودان لـە ڕێبازەکـانی تـری وەکـو ڕێبـازی توێژینەوەی ئوصوڵ، فیقهـ و تەفسیر، بـەڵام وەك دەبینرێـت گرفتـەکانی ڕێبـازی توێژینـەوەی ڕۆژهەڵاتناسـان و بەتایبـەت شـاخت و گۆڵـد زهێـر، لـە لێکۆڵینـەوەی سـەنەدی فـەرموودەدا، ئەوەیـە کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـتیان بـە پـەڕاوە فیقهیـەکان بەسـتووە، وەکـو پـەڕاوی (الموطأ)ی مـالیکی کـوڕی ئەنـەس و (أم)ی ئیمـامی شـافیعی، وەکـو پێشـتریش ئامازەمـان پێـداوە. ئاشـکرایە ڕێبـازی ئوصوڵییەکان و فەقیهەکانیش تایبەتمەندی خۆیـان هەیـە و بـەپێی گرنگـی بابەتـە فیقهییەکان زۆرجاران ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکرێت:

---

١ الأعلام، الزركلي (٣/ ١٤٩).

٢ صور من حياة الصحابيات، عبد الرحمن رأفت الباشا (٣٨، ٩٥، ١٢٤).

– پشتگوێخستن، یان بڕینی بەشێکی سەنەد و گرنگیدان بە خستنەڕووی دەق، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی فیقهـ و ئوصولڵ.

– بڕینی سەنەد بە تەواوی بەهەمان شێوە تایبەتمەندییەکی ترە، کە تەواو ناکۆکە لەگەڵ ڕێبازی فەرموودەناسیدا و توێژینەوەی سەنەددا.

– تێکەڵکردنی دەقەکانی (سُنّة) و (سيرة) پێکەوە بەهەمان شێوە تایبەتمەندی پەڕاوە فقهییەکانە.

– گۆڕانکاری لە دەقە فیقهییەکاندا بەپێی گۆڕینی کات گونجاو و ڕێگەپێدراوە، "لا ينكر تغير الأحكام بتغير الأزمان"[1]. بەپێچەوانەوە لە ڕێبازی توێژینەوەی سەنەدی فەرموودەکاندا هەرگیز ڕێگەی پێنادرێت.

– بابەتە فیقهی و ئوصولّییەکان چەند بنەمایەکی گشتگیر و گشتین، کە حوکمی بابەتە تایبەتەکانیان لەژێردا جێدەبێتەوە. بەپێچەوانەوە پەڕاوەکانی فەرموودە گشتگیر نین و زۆریش تایبەتمەندن بە کات و بابەت و ڕووداوەکانەوە.[2]

– وەك هەریەك لە پەڕاوە دەستووری و یاساییەکان، بە هەمان شێوە پەڕاوە فیقهیی و ئوصولّییەکان گرنگییان داوە بە کورت و پوختی دەقەکان، بەجۆرێك زۆرترین مەبەست و مانا لە کەمترین دەقدا جێگەی ببێتەوە[3]. بەپێچەوانەوە پەڕاوەکانی فەرموودە و ڕێبازی توێژینەوە لەم بوارەدا گرنگی بە سەنەد دەدەن کە ڕەنگە ئەو سەنەدە چەند دێڕێکی زۆر بێت و دەقی فەرموودەکە تەنها چەند وشەیەکی کەم بێت.

بەم پێیە هەڵەیەکی نەشیاوە بۆ ڕۆژهەڵاتناسان ئەم لایەنە گرنگانەی ڕێبازی توێژینەوەی سەنەدی فەرموودەیان فەرامۆش کردووە و بگرە بەپێچەوانەوە بۆ توێژینەوەی سەنەد سەرچاوە فیقهییەکانیان بەکارهێناوە و بەتەواوەتی پشتیان

١ الفقه الإسلامي في ثوبه الجديد، الزرقا (٢/ ٩٤١– ٩٤٢).

٢ الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية، محمد صدقي الغزي (١٥).

٣ الغزي، هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٤– ١٥).

پێ بەستوون و ئەمەش وەهای کردووە نەگەن بە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروست لەبارەی سەنەدی فەرموودەکانەوە، بەڵکو بە ئاستەمیان زانیوە تەنها سەنەدێکی ڕاست و دروست هەبێت بگاتەوە بە پێغەمبەری ئیسلام، هەر بۆیە لە چەندین شوێندا بۆ قسەکردن لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیی، جۆزیف شاخت پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە زۆر بە ئاستەم دەبینرێت فەرموودەیەك هەبێت ڕاست و دروست (صحیح) بێت لەو فەرموودانەی کە کراون بە بنەمای شەرعی و یاسایی لە ئیسلامدا، بەڵکو لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەم بەدواوە، ترادیشنالیستەکان (Traditionists) خۆیان ئەم فەرموودانەیان خستۆتە نێو زنجیرەیەکی گێڕانەوەی لێکدانەبڕاو تاوەکو هیچ گومانێك هەڵنەگرێت. [1]

هەریەك لە ئیگناز گۆڵد زهێر و جۆزیف شاخت بەتایبەت، چەندین ڕۆژهەڵاتناسی تری وەکو جوینبۆڵ، هۆرۆڤیتز، وێنسنك و وات لە توێژینەوەکانیاندا لەسەر فەرموودە، بەشێوەیەکی گشتی، گەیشتوون بەم خاڵانەی خوارەوە:

١. زۆربەی فەرموودەکان پشتبەستوون تەنها بە گێڕانەوەی زارەکی ( Mere Oral Transmission)، پاشان بەم شێوە زارەکییە پرۆسەی تۆمارکردنی فەرموودەکان دەستی پێکردووە.

٢. ژمارەی ئەو فەرموودانەی لە ئەمڕۆدا بەردەستن زۆر زیاترن لەو فەرموودانەی کە لە سەرەتای کۆکردنەوەی فەرموودەدا تۆمارکراون.

٣. ئەو فەرموودانەی کە لە هاوەڵانی گەنجەوە گێڕراونەتەوە ژمارەیان زۆر زیاترە لەو فەرموودانەی کە هاوەڵانی بەتەمەن گێڕاویانەتەوە.

٤. زۆرینەی فەرموودەکان لەگەڵ یەکتر ناکۆکو دژ یەکن.

---

[1] Schacht, An Introduction, (1982), 34.

٥. ڕەخنەگرتن لە زنجیرەی گێڕەرەوەکانی فەرموودە (سند) لەسەر حسابی گوێپێنەدانی ئەگەرەکانی ساختەکاری دەق بووە، واتە: فەرموودەناسان گرنگییان بە ڕاست و دروستی زنجیرەی گێڕەرەوەکانی داوە و دەقیان فەرامۆش کردووە.(١)

دەکرێت لێرەدا بە کورتی وەڵامی ئەم پێنج خاڵەی سەرەوە بخەینە بەردەستی خوێنەر و لە چەند خاڵێکدا تیشک بخەینە سەر لایەنە ڕاستییەکان و گومانەکان بڕەوێنینەوە، بەم شێوەیە:

أ. لەڕاستیدا بەشێك لە فەرموودەکان لەلایەنی هاوەڵانەوە نووسراونەتەوە، ئەو نووسراوانەش ناوبراون بە (صحيفة) کە دواتر لەلایەنی ئەم کەسانەوە بۆ فێرخوازانی فەرموودە خوێندراونەتەوە. کەواتە مێژووی نووسینەوەی بەشێك لە فەرموودەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاوەڵان و پاشان شوێنکەوتووان (تابعين)، هاوکات بەشێکیش دواتر و لەڕێی گێڕانەوەی زارەکییەوە نووسراونەتەوە، بۆیە دەستەواژەی (تەنها گێڕانەوەی زارەکی) بۆ زۆرینەی فەرموودەکان نادروستە.

ب. دوای کۆکردنەوەی فەرموودە بە چەند قۆناغ و چەند پێوەرێکی وردی زانایانی موسڵمان، شتانێکی تر دروست نەبوون بەناوی فەرموودەی دروست (صحيح).

ج. ئەوە شتێکی ڕاست و دروستە کە هاوەڵانی گەنج زیاتر لە هاوەڵانی پیر و بەتەمەن ژمارەیەکی زۆر زیاتر فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، چونکە هاوەڵانی پیر هەر لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام زووتر وەفاتیان کردووە و زۆر نەژیاون، بۆیە نەیاتوانیوە زۆرینەی ئەو فەرموودانە بگێڕینەوە کە لە پێغەمبەریان بیستووە. بەپێچەوانەوە هاوەڵانی گەنج، وەکو ئەبو هورەیرە، ئیبن عەبباس و چەندانی تر، ساڵانێکی زیاتر ژیاون لە دوای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بەم هۆیەوە، دەبینرێت ژمارەیەکی زۆر فەرموودە لە هاوەڵانی گەنجەوە ڕیوایەت کراون. هاوکات

---

[1] Noorudheen K., Authenticity of Hadith Literature: With Special Reference to Orientalist's Views, (Darul Huda Islamic University. Kerala, India 2013), 7-8.

تۆماس رۆبینسنیش (Thomas Robinson)، کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانییە، گوتوویەتی کە ترادیشتالیستەکان (المتمسکون بالتقالید) نەیانتوانیوە لەخۆیانەوە فەرموودە هەڵبەستن.[1]

د. گرنگترین پێوەری زانایانی فەرموودە ئەوەیە ڕاست و دروستی سەنەد و مەتن لە ئەدەبیاتی فەرموودەدا دوو بەشی زۆر گرنگی پێکەوەبەستراون، چونکە ڕەخنەگرتن لە سەنەد ڕەخنەگرتنیشە لە مەتن. هاوکات چەندین مەتنیش هەبووە کە زانایان قسەو ڕەخنەیان لەسەری هەبووە.

دیسان هەریەك لە ئیگناز گۆڵد زهێرو جۆزیف شاخت پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە دوای چەند سەدەیەك لە وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام و لەسەروبەندی نووسین و پێکهێنانی شەریعەتی ئیسلامدا، زانا موسڵمانەکان بۆ نووسینەوەی بنەما شەرعییەکان تەنها پشتیان بە فەرموودە نەبەستووە، بەڵکو عەقڵ و ژیری خۆیان و هەندێکجار یاسا ڕۆمانییەکانیش پشتیان پێ بەستراوە[2]، بەڵام پاتریشیا کرۆن بڕوای وایە کە بەڵگەکانی پشت بەستنی شەریعەتی ئیسلامی بە یاساکانی ڕۆمان زۆر نادروست و لاوازن[3]. هاوکات دەبینین زۆربەی بنەما شەرعییەکانی ئیسلام هەمیشە پاڵپشت کراون بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و پاشان فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری ئیسلام، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ چەند بنەمایەکی کەمیش پشت بە کۆدەنگی زانایان و قیاس و چەند پێوەرێکیتر بەستراوە، بەڵام ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو بنەمایەی لەسەر ئەم پێوەرانە دادەنرێت نابێ ناکۆك بێت لەگەڵ قورئان و فەرموودەکاندا و لە کاتی نەبوونی دەقی ڕوون و ڕاشکاودا پەنا بۆ ئەم پێوەرانە

---

[1] Noorudheen, Authenticity of Hadith (2013), 8.
[2] Goldziher, Muslim Studies (1971), 20-21, 209.
[3] Patricia Crone, Roman, Provincial and Islamic Law, (Cambridge: Cambridge University Press
2002), 3.

دەبــڕێن، کەواتــە ئەگــەر لــەم چوارچێوەیەشــدا یاســایەکی ڕۆمــانی، یــان هــەر نەتەوەیەکی تر سوودی لێوەرگیرابێت، هیچ گرفتێك دروست ناکات.

لەگــەڵ بــوونی تــەواوی ئــەو وەڵامانــەی ســەرەوە، هاوکــات پرســیارێکی زۆر جەوهەری دێتە پێش: ئایا ئەگەر دروستکردن و هەڵبەستنی فـەرموودەکان لـەو دوو سەدەیەدا هێندە ئاسان و سادە بووە، بۆ پێویستی کردووە کۆکەرەوانی فەرموودە چـەندین مـانگ و سـاڵ و دەیـەیان بـە گـەڕان و کنـەکردن بـەدوای فەرموودەکانـدا بەسەربردووە، وەکو گۆڵد زهێر و شاختیش دان بەم ڕاستییەدا دەنێن؟ بۆ نموونـە، سەعیدی کوڕی موسـەیب (١٣– ٩٤ك) چـەندین ڕۆژ و شـەو گـەڕاوە بـۆ وەرگـرتنی تەنها یەك فەرموودە[1]. کەواتە ئەگەر هەڵبەستن و بە سەحیحکردنی فـەرموودەکان هێندە سانا بوونایە، ئەوا بێگومان کۆکەرەوانی فەرموودە خۆیان دەیانتوانی زۆرێك لە فەرموودەکان هەڵبەستن و هێندەش خۆیان ماندوو نەکـەن، چـونکە لـەم ڕووەوە هەڵبژاردنێکی ئاسانتریان لەبەردەست دەبوو.

لەلایـەکیترەوە ئـەوە ڕوونـە کـە پرسـیارکردن لـە سـەنەدی فـەرموودەکان هـەر لـە سەردەمی هاوەڵان و پاشان شوێنکەوتووان – تابعین –وە سەریهەڵداوە و بۆ راسـت و دروستی فەرموودەکان پرسیار لەبارەی کەسایەتی زنجـیرەی گێڕەرەوەکانـەوە کـراوە، بەڵام هەمیشە دەستە و گرووپێکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتناسەکان هـەوڵیان داوە پێـداگری لەسەر ئەوە بکـەن کـە سـەرهەڵدانی پرسـیارکردن دەربـارەی سـەنەد چـەند سـەدەیەك دوای وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام بووە. بەمەش دەیانەوێت بگەن بەو دەرئەنجامەی کـە ئاستەمە دوای نزیکەی سێ سەدە و تـەنها بەشـێوەی زارەکـی سـەنەدی فـەرموودەکان بە ڕاست و دروستی پێکەوە گرێ بدرێنەوە، تا دەگەن بـە پێغەمبـەری ئیسـلام. ئیگنـاز گۆڵد زهێر و جۆزیف شـاخت دیـارترینی ئـەو ڕۆژهەڵاتناسـانەن کـە لـەم بـوارەدا هـەوڵی دیار و بەرچاویان داوە.[2]

---

١ تأريخ الإسلام، الذهبي (٤/ ٢٢٢).

2 Goldziher, Muslim Studies, (1971), 22; Schacht, An Introduction, (1982), 34.

## ڕێبازی ڕۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ( متن )ی فەرموودەکان

شان بەشانی قسەکردنیان لەسەر بابەتەکانی قورئان و بیروباوەڕی و مێژووی ئیسلامی، ڕۆژهەڵاتناسان فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامیان کردووەتە ئامانج و لەسەری دوواون. هەوڵیان داوە گومان لەسەر فەرموودە دروست بکەن، ئەمەش بە چەند هەنگاوێك، لەوانە:

**هەنگاوی یەکەم:** ڕۆژهەڵاتناس گۆڵد زهێر پێیوایە کە زۆربەی زۆری فەرموودەکان دەرەنجامی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامە لە سەدەکانی یەکەم و دووەمی کۆچی[1]. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تۆمەتە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

١. دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر) سەلمێنەری ئەوەن کە پێش وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام، ئاینی ئیسلام گەیشتە قۆناغی تەواوبوون و سەرجەم پایە سیاسی و تەشریعی و کۆمەڵایەتیەکانی جێگیربوون بەو فەرمانە خودایەی کە دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلامَ دِينًا﴾ (المائدة: ٣). پێغەمبەری خوداش دەفەرموێت: "قد تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها، لا يزيغ عنها بعدي إلا هالك، من يعش منكم فسيرى اختلافا كثيرا، فعليكم بما عرفتم من سنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين"[2].

٢. بەڵگەیەکی تری پوچەڵکەرەوەی بۆچوونەکەی گۆڵد زهێر و دەرخستنی ئەو ڕاستییە کە ئیسلام بە تەواوی گەیشتبووە قۆناغی (پێگەیشتنی تەواو – النضج الكامل) ئەوەیە کە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت)

---

[1] العقيدة والشريعة، اجناس جولدتسيهر (٤٩– ٥٠).

[2] مسند أحمد (٤/ ١٢٦)، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح بطرقه وشواهده وهذا إسناد حسن، ابن ماجة (١/ ١٦)، وقال الألباني: حديث صحيح.

توانی فەرمانڕەوایەتی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك فارس و ڕۆم بکات، چاکتر و دروستتر لە بەڕێوەبردنی فارس و ڕۆمەکان بۆ خۆیان. لێرەدا دەپرسین: ئاخۆ ئەگەر ئیسلام کامڵ نەبوو بوو، ئایا عومەر چۆن توانی ئارامی و دادپەروەری و بەختەوەری و سەقامگیری بەرپا بکات لەو دوو ئیمپراتۆرە پانو بەرینەدا، بە شێوەیەك کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێشتر نەیاندیبوو[1]؟

٣. بەڵگەنەویستە کە قورئان و سوننەت چەندین یاسای گشتگیر و پرەنسیپی گشتییان لەخۆ گرتووە، کە گونجاوە بۆ هەموو سەردەمێك و گشت پارچەیەکی ئەم سەرزەمینە. زانایان و بیرمەندانی ئیسلام بە درێژایی مێژووی ئیسلام سوودیان لەو یاسا و پرەنسیپانە بینیەوە بۆ هەڵهێنجانی حوکمی هەر بابەتێکی تازە و لەناکاو. ئەم هەڵهێجنراوانەش فەرموودە نین و هیچکام لە زانایانی ئیسلام نەیانوتووە ئەمە فەرموودەیە. ئیسلام کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای گشتی لەخۆ گرتووە و گونجاوە بۆ هەموو سات و گشت جێگایەك، وەك ئاماژەمان پێدا، کەواتە هیچ پێویست بەوە ناکات موسڵمانان کۆمەڵێك فەرموودە هەڵبەستن بۆ گۆڕانکارییە نوێیەکانی ژیانیان.

٤. هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرجەم ناوچەکان بڵاوبوونەوە و پەیامی ئیسلامیان بەو شوێنانە گەیاندووە، خەڵکەکەش ئیسلامیان وەك بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکار و ڕەوشت قەبوڵ بووە و لەگەڵ ئەوەی ناوچەکان دوور و چوونیەك نەبوون، بەڵام جیاوازیەك بەدیناکرێت لە نێوان پەرستش و ئاکار و ڕەوشتی موسڵمانێك لە باشووری ئەفەریقا و موسڵمانێك لە باکووری چین. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەگەر ئیسلام دەرەنجامی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، وەك جۆڵدزهێر دەڵێت، ئاخۆ چۆن نوێژ

---

[1] السنة ومكانتها في التشريع، مصطفي السباعي (٢٢٠) و لاپەڕەکانی دواتر.

و ڕۆژوو و زەکات و... هتد، ئەم ناوچانە سەرباری دوورییان چوونیەکە و جیاوازیی تێدا بەدی ناکرێت، وەك ئەسڵ و بنەڕەت؟[١]

**هەنگاوی دووەم:** ڕۆژهەڵاتناسان پێیانوایە کە فەرموودە دوای دوو سەدە لە کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر) هەڵبەستراوە و دروستکراوە. لێرەدا ئاماژە بە ڕای هەریەك لە کارل برۆکلمان و جۆزیف شاخت و ئیگناز گۆڵد زهێر دەدەین، ڕۆژهەڵاتناس کارل برۆکلمان دەڵێت: زۆربەی ئەو فەرمودانەی وەك سوننەت باسیان لێوە دەکرێت، دوای دوو سەدە لە سەرهەڵدانی ئیسلام دروستکراون و وەدەرکەوتوون[٢]. هەر چەندە لە توێژبەندی پێشوو ئاماژەمان بەم خاڵە کرد، بەڵام بە پێویستی دەزانین لێرەدا تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەم خاڵە، چونکە ڕۆژهەڵاتناسان ئەم خاڵە زۆر گەورە دەکەن، بە شێوەیەك توانیویانە کار لەسەر هەندێ لە موسڵمانانیش بکەن، بەتایبەت گرووپی (بەناو قورئانیەکان).

لەڕاستیدا موسڵمانان بە چەند سەدەیەك پێش ڕۆژهەڵاتناسان، دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە چەندین قسە لەسەر زمانی پێغەمبەری ئیسلام هەڵبەستراون و ناوی (فەرموودە)یان لێنراوە و بە هەموو پێوەرێکی ئایینی و زانستی ناکرێت ئەو جۆرە قسە هەڵبەستراوانە بدرێنە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام و ناوی فەرموودەی ڕاست و دروستیان لێ بنرێت. دەتوانین بڵێین: بوونی (فەرموودە هەڵبەستراوەکان) یەکەمین پاڵنەری زانایان بوو بۆ پاککردنەوەی فەرموودەی دروست لە هەڵبەستراو و درۆ بە هەموو ڕێگایەکی زانستی و دروست. لەبەر ئەوەی فەرموودە دەرەنجامی (هەڵبەستن) نەبووە و نیە و شتێکی لەناکاو و نائاسییە، دەبینین زانایانی ئیسلام بەشێوەیەکی زانستییانە، باسیان لە سەرهەڵدان و سەرەتاکانی (هەڵبەستن)

---

[١] موقف المدرسة العقلية من السنة النبوية، الصادق الأمين (٢/ ٤٥– ٤٧).

[٢] تأريخ الشعوب الإسلامية، كارل بروكلمان، ترجمة: نبيه أمين فارس ومنير البعلبكي (١/ ٧١).

کردووە و سەرباری جیاوازیی ڕاوبۆچوونیان لە دیاریکردنی سەرهەڵدانی (هەڵبەستن) کـە هەنـدێکیان پێیانوایـە هەڵبەسـتن لـە دوای شـەهیدکردنی خەلیفـەی سـێیەم عوسمـانی کـوری عـەففان (خـوا لێـی ڕازی بێـت) سـەریهەڵداوە، هەندێکیشـیان دەیبەستنەوە بە سەردەمی ناکۆکیەکانی نێوان پێشەوا عەلی و موعاویە (خوا لێیان ڕازی بێت). پشتبەست بەو قسەی ئیبن سیرین کە دەڵێت: "موسڵمانان بە گشتی و زانایـان بەتایبـەتی، پرسـیاری سـەنەدی فـەرموودەیان نـەدەکرد تـا سـەرهەڵدانی نـاکۆکی و ئاشـوبی نێـوان موسـڵمانان، جـا ئـەو کـات هەرکـەس فـەرموودەی بگێڕایەتـەوە پێیـان دەوت: ئـادەی ئـەو کەسـانەمان پـێ بڵـێ کـە فـەرموودەت لێوەرگرتووە، ئیتر لێرەوە گوێ دەگیرا لە ئـەهلی سـوننەت و فـەرموودەیان لێـوەر دەگیرا. تەماشـای بیدعەچـی و لادەرەکـان دەکـراو فـەرموودەیان ڕەتدەکرایـەوە و وەرنەدەگیرا"[1]. هەندێکیش پێیانوایە سەرەتای (هەڵبەستن) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٤١ك).[2]

پاشان دەبێت ئەو ڕاستیەش بخەینەڕوو، کە فاکتەرەکانی (هەڵبەسـتن) بـە دەم پیغەمبـەری ئیسـلامەوە زۆرن، لەوانـە: فاکتـەرە سیاسـی و ململانـێ حزبیـەکان، حیکایەتخوانەکان، نەیارانی ئیسلام، بەتایبەت ئەوانەی دزەیان کردبـووە نـاو ڕیـزی موسـڵمانانەوە و موسـڵمان نـەبووبوون، زیندیقـەکان و دونیاویسـتەکان، بـەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیـە: ئـاخۆ زانایـان و فەرموودەناسـان بـێ هەڵویسـت بـوون بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە (واتە فەرموودە هەڵبەستن)، یـان هەڵوێسـتی جـدیان هەبووە؟

لێرەدا گەر بمانەوێت هەڵوێستی زانایان و فەرموودەناسـان بـزانین سـەبارەت بـە درۆزنـەکان و فـەرموودە هەڵبەسـتەکان (الوضـاعین)، ئـەوا چـەندین توێژینـەوەمان

---

[1] صحيح مسلم (١/ ٥١).

[2] الحديث والمحدثون، محمد أبو زهو (٤٨٠).

پێویستە، بۆیە لێرەدا وەڵامەکانمان کورت دەکەینەوە و دەڵێین: زانایان و فەرمووودەناسان لە بارەی فەرمووودە هەڵبەستراوەکانەوە دوواون و زۆر بە توونـدی بە گژی ئەو کەسانەدا چوونەتەوە کە فەرمووودەیان هەڵبەستووە. گومانیش لەوەدانیە کە تۆمەتەکانی ڕۆژهەڵاتناسان بەتایبەت گۆڵد زهێر و شاخت، دوورە لە هەموو پێوەرێکی ئەکادیمیی و زانستی، گەرنا مێژووی خواناسی و ڕاستگۆی پیاوانی سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی شاراوە نیە و پاشانیش فەرمووودەناسان و موسڵمانان بەردەوام نەفرەتیان لەو کەسانە کردووە کە فەرمووودەیان هەڵبەستووە.

لە لایەکی ترەوە خولەفای ڕاشیدین بێ شاهید فەرمووودەیان لە کەس وەرنەگرتووە با هاوەڵی پێغەمبەری خوداش بوو بێت. لە لایەکی تریشەوە پێدەچێت گۆڵد زهێر پشت ئەستوور بێت بە قسەی (عبدالكريم بن أبي العوجاء) کە یەکێکە لەوانەی بە قسەی خۆی هەزاران فەرمووودەی هەڵبەستوە و زۆرێکیش قسەکەی دەگێڕنەوە کە لە کاتی لەسێدارەدانی وتوویەتی: قوڕ بە سەرتان چیم لێ دەکەن لێم بکەن، بە خوا هەزاران فەرمووودەم هەڵبەستووە کە حەڵاڵم تیادا حەرامکردووە و حەرامم تیادا حەڵاڵ کردووە، بەڵام ئەوانەش ئەم قسەیە دەگێڕنەوە وەك (لا تقربوا الصلاة)، وەڵامە جەرگبڕەکەی هارونە ڕەشید بۆ ئەم کەسە نالێین کاتێ وتی: "ئای قوڕ بە سەرت ئەی دوژمی خودا! ئەی پیاوانی وەك ئەبو ئیسحاقی فەزاری و عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك نابینی وەك موو لە ماست درۆکانت دەردەخەن و پیت بە پیت دەریان دەهێنن؟"[1]

گۆڵد زهێریش پێی وایە فەرمووودە هەڵبەستراوەکان تەنها کاری پیاوانی سەدەکانی دوایی نیە، بەڵکو پیاوانی کۆنی ئیسلام هەندێکیان هەڵبەستووە و مۆرکی هەڵبەستنی پێوە دیارە. گۆڵد زهێر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی فەرمووودەی "لا تُشَدُّ الرِّحَالُ إلا إِلَى ثَلاثَةِ مَسَاجِدَ: الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِي هَذَا

[1] المستشرقون والحديث النبوي، محمد بهاء الدين (٧٦).

وَالْمَسْجِدِ الْأَقْصَي"[1]، دەکاتە بەڵگە، گوایە لە سەردەمی ململانێی نێوان عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان و عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر، ئەم فەرموودەیە لە لایەن زوهریەوە بە فەرمانی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان هەڵبەستراوە، بۆ ئەوەی خەڵکی لەبری سەردانی (کعبە)ی پیرۆز، سەردانی (قبة الصخرة) بکەن لە فەڵەستین.[2] ئەم بۆچوونەی گۆڵد زهێر دەرەنجامێکی نازاستییە و لە چەند پێوەرێکەوە پوچەڵ دەکرێتەوە:

**پێوەری یەکەم:** ئەم بۆچوونەی گۆڵد زهێر کۆپی هەمان بۆچوونی هەندێ لە زانایانی شیعەیە بەرامبەر زوهری، کاتێك تاوانباری دەکەن بەوەی نزیك بووە لە دەسەڵاتداران و پشتگیری کردوون و چاوپۆشی لە ستەمکاریەکانیان کردووە. بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم قسانەش (ابن الوزیر) بە بەڵگەی بەهێز و گومانڕەوێن ڕاستی پەیوەندی نێوان زوهری و دەسەڵاتدارانی ئەمەوی باس دەکات، (ابن الوزیر) دەڵێت: "زەمکردنی زوهری بەوەی لە دەسەڵاتداران نزیك بووە، ئەوە دەخوازێت زەمی زۆرینەی زۆری پیاوچاکان و زانایان بکرێت لەوانەی تێکەڵاوی دەسەڵاتداران و پاشاکانیان کردووە، چونکە کەمینەیەکی زۆر کەم دووربوون لە دەسەڵاتداران[3].

پاشان (ابن الوزیر) چەند نموونەیەك لەمبارەیەوە دەهێنێتەوە وەك تێکەڵاوی یوسف پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ عەزیزی میسر، تێکەڵاوی و سەردانیکردنی حەسەنی کوڕی عەلی بۆ لای موعاویە و وەرگرتنی دیاری لێی، سەردانیکردن و تێکەڵاوی زانایانی وەکو شافیعی و ئەبو یوسف و موحەمەدی کوڕی حەسەن بۆ لای هارونە رەشید[4]. دوای ئەمانە (ابن الوزیر) بەرگریی لە زوهری

---

[1] صحیح مسلم (١/ ١٠١٣)، سنن الترمذي (١/ ٤٣٠).

[2] العقیده والشریعه، گولد زیهر (٤٩– ٥٠)، وەرگێڕانی عەرەبی.

[3] العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، ابن الوزیر (٨/ ١٨٧– ١٨٩).

[4] هەمان سەرچاوە (٨/ ٢٠٧– ٢١١).

دەکات و دەڵێت: "ئەو قسەیەی هەندێ لە ڕابەرانی شیعە دەیکەن و دەڵێن: زوهری پشتگیری بەنی ئوممەیەی کردووە و لەگەڵیان بووە، ئەمە لە دوو ڕووەوە نادروستە:

– رووی یەکەم: زوهری ڕاستی نەشاردووەتەوە و وتوویەتی و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترساوە، ئەوەتا زوهری خۆی دەڵێت: ڕۆژێك لای وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بووم، ئایەتی ﴿وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (النور: ١١) خوێندەوە، پاشان پێی وتم: سەرۆك و گەورە و هەڵبەستی بوختانی عائیشە عەلی بووە، منیش وتم نەخێر ڕاست نیە، چونکە من خۆم لە سەعیدی کوڕی موسەییب و عورووەی کوری زوبەیر و عەلقەمەی کوڕی وەقاص و خەڵکانی ترم بیستووە، هەمووشیان لە عائیشەیان بیستووە وتوویەتی: سەرۆك و گەورە و هەڵبەستی بوختانی من عەبدوڵڵای کوڕی سەلول بووە. ئیبن حەجەریش لەمبارەیەوە دەڵێت: "وادیارە هەندێ لە بێ خێران و دوژمنانی ئەهلی سوننەت ویستوویانە بەم درۆیە بۆ زوهری لە بەنی ئومەیە نزیك ببنەوە، هەر بۆیە ویستوویانە ئەم قسەیەی عائیشە بەلارێدا بەرن و بشێوێنن، بەڵام زوهری خوا پاداشتی خێری بداتەوە ڕاستی مەسەلەکەی ڕوون کردووەتەوە".[1]

– ڕووی دووەم: زوهری حەقبێژ بووە و بە ئاشکرا زەمی وەلیدی کوری یەزیدی کردووە لای هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك و داوای لەسەرکار لابردنی وەلیدی کردووە.[2]

**پێوەری دووەم:** هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی ئەمە ناسەلمینێت، پاشان ئەم ڕووداوەی گۆڵد زهێر باسی لێوە دەکات و زوهری پێ تاوانبار دەکات پووچەڵە، چونکە ئەمە کوفرە و عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان چۆن کارێکی وا دەکات؟ ئەگەر

---

[1] فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر (٧/ ٤٣٧).

[2] العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، ابن الوزير (٨/ ١٩٢– ١٩٣).

عەبدولمەلیك كارێكی لەم جۆرەی بكردایە ئەوا نەیارەكانی لێی بێدەنگ نەدەبوون و لە ناو ئەو چەندین ڕەخنەیەی لە ناوبراویان گرتووە، ئەمەشیان باس دەكرد.

**پێوەری سێیەم:** دەپرسین ئایا زوهری ئەو پلەوپایەی هەبووە تا بتوانێت فەرموودە هەڵبەسێت؟ ئایا لە توانای زوهری و هەركەسێكی تردا هەیە حەجیماڵی خوا هەڵوەشێنێتەوە و جێگرەوەی دابنێت، لەكاتێكدا حەج وەك یەكێك لە پایەكانی ئیسلام بە ئایەتی قورئان و فەرموودەی (صحیح)ی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرز كراوە؟ ئایا ئەم كارەی زوهری چۆن بە سەر زانایانی ئەو سەردەمەدا تێپەڕیوە؟ چۆن هاوەڵان و شوێنكەوتووان لەم كارەی زوهری بێدەنگ بوون؟

**پێوەری چوارەم:** لە ڕووی مێژوویشەوە سەروبەری ئەم بابەتە نادروستە، چونكە مێژوونووسانی ئیسلام ڕای جیاوازیان لەسەر لە دایكبوونی زوهری هەیە، كە لە نێوان ساڵی (٥٠– ٥٨ك) لەدایكبووە. ڕای دروستیش ئەوەیە كە لە ساڵی (٥١ك) لەدایكبووە، لە ساڵی (٨٢ك) گەیشتووە بە عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان و بینیویەتی[1]. لەبەر ئەوە ئەم بەسەرهاتەی گۆڵد زهێر باسی لێوە دەكات سەراپای بێ بنەمایە و مێژوویش پاڵپشتی لەم بۆچوونە ناكات، چونكە یەعقوبی كە سەرچاوەی قسەكانی گۆڵد زهێرە، ئەم بەسەرهاتەی هێناوە بێ سەنەد. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كردووە یەعقوبی خۆی كەسێكی شیعە مەزهەبە و نەیارێكی سەرسەختی بەنی ئومەیە و بەنی عەبباس بووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك گێڕانەوەكەی یەعقوبی ئاماژەی بەوە نەكردووە كە عەبدولمەلیك فەرمانی بە زوهری كردبێت كە فەرموودەیەك هەڵبەسێت، ئەمەش دەقی قسەكەی یەعقوبیە وەك خۆی، كە دەڵێت: "ومنع عبد الملك أهل الشام من الحج، وذلك أن ابن الزبير كان يأخذهم، إذا حجوا، بالبيعة، فلما رأى عبد الملك ذلك منعهم من الخروج إلى مكة، فضج الناس،

[1] زانیاری زیاتر لە: تاريخ خليفة بن خياط، خليفة بن خياط الشيباني (٢١٨)، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، ابن خلكان (٤/ ١٧٨)، تاريخ الإسلام، الذهبي (٥/ ٣٢٦).

وقالوا: تمنعنا من حج بيت الله الحرام، وهو فرض من الله علينا؟ فقال لهم: هذا ابن شهاب الزهري يحدثكم أن رسول الله قال: لا تشد الرجال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجدي، ومسجد بيت المقدس". [1]

له ڕووی مەتنیشەوە ئەمە لەڕاستییەوە دوورە، چونکە بە قسەی جۆڵدزهێر بێت – وەك لە بەسەرهاتەکەدا ئەڵێت – گوایە عەبدولمەلیك ڕێگری لە خەڵك دەکرد لە حەجی کەعبە، چونکە ئیبن زوبەیر دەستی بەسەریاندا دەگرت و دەیکردنە بارمتە، ئەمەش ئەگەر وابێت ئەوا لە نێوان ساڵەکانی (٦٥– ٧٣ك) بووە، چونکە ئیبن زوبەیر ساڵی (٧٣ك) کوژراوە، زوهریش ساڵی (٨٢ك) چاوی بە عەبدولمەلیك کەوتووە، جا ئایا ئەمە لە کوێی ژیری و زانستدا جێی دەبێتەوە کە زوهری ئەم فەرموودەیەی بۆ عەبدولمەلیك دانابێت لەکاتێکدا هێشتا یەکتریان نەدیوە. [2]

**پێوەری پێنجەم:** لەلایەکی ترەوە، فەرموودەی (لا تشد الرحال...) لە چەندین ڕێگای ترەوە ڕیوایەت کراوە، بێجگە ڕێگای زوهری و مامۆستاکانی، بۆ نموونە، بوخاری لە ئەبو سەعیدی خودریەوە دەیگێڕێتەوە لە ڕێی جیاواز لە ڕێگەی گێڕانەوەکەی زوهری. هاوکات موسلیم دەیگێڕیتەوە لە سێ ڕێگاوە، یەکێکیان لە زوهریەوەیە و دوانەکەی تر لە خەڵکی ترەوەیە. کەواتە تەنها زوهری ئەم فەرموودەی نەگێڕاوەتەوە وەك گۆڵد زهێر پاڵپشتی ڕاو بۆچوونەکانی پێکردووە.

بەهەمان شێوەی گۆڵد زهێر، (جۆزیف شاخت)یش پێیوایە، فەرموودەناسان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن بە سەر قوتابخانە فیقهیەکاندا، پەنایان بردووەتەبەر هەڵبەستنی فەرموودە و کۆمەڵێك سەنەدیان ڕێکخستووە. قوتابخانە فیقهیەکانیش بە توندی ڕووبەڕووی ئەم (ڕەوتە فەرموودەییە) بوونەتەوە و بەرپەرچیان داونەتەوە. [3] بۆ وەڵامی ئەم گومانەی شاخت دەڵێین:

---

[1] تأريخ اليعقوبي، اليعقوبي (١/ ٢١٤).

[2] سير أعلام النبلاء، الذهبي (٣/ ٣٧٩).

[3] Schacht, An Introductions, (1982), 55.

**یەکەم:** دیارە شاخت وەك هەر ڕۆژئاواییەکی تر فۆڕمێکی ڕۆژئاوایی هەڵبژاردووە بۆ توێژینەوەی زانایان و هەڵسەنگاندنیان و بە پێوەرێکی ڕۆژئاوایی مادیگەرایی لە زانایان دەڕوانێت و هیچ بایەخێك بە لایەنی ڕۆحی و غەیبی نادات، لەبەر ئەمە ناوبراو زانایانی ئیسلامی، چ فوقەها و چ فەرموودەناسانی، وەك خۆیان نەناسیوە، کە چەندە بۆ خوا سوڵحاوبوون و خۆشەویستیان بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی بێ وێنە بووە. لەلایەکی ترەوە، زۆربەی زۆری زانایانی ئیسلام، بەتایبەت فوقەها و فەرموودەناسان، دوور بوون لە دووبەرەکی و بابەتە سیاسییەکان.

**دووەم:** بەڵگەیەکی تری بەهێز بۆ وەڵامدانەوەی شاخت، بەسەرهاتی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە، کاتێ سوور بوو لەسەر بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەوەی کە (قورئان مەخلوق نیە)، ئەگەر فەرموودە هەڵبەستن دەرەنجامی ململانێی فوقەها و فەرموودەناسان بوایە، وەك شاخت پێداگری لەسەر دەکات، ئەوا زۆر بە ئاسانی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموودەیەکی هەڵدەبەست وەك پاڵپشتێك بۆ بۆچوونەکانی خۆی. ئەگەر پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل توانای شتێکی لەم جۆرەی نەبوو، خۆ خولەفاکانی بەنی عەبباس کە سوپایەکیان هەبوو لە پیاوانی موعتەزیلە، دەیانتوانی فەرموودەیەك هەڵبەستن بۆ سەلماندنی (خەلقی قورئان) و پاڵپشتی بۆچوونەکەیان پێ دەکرد، بەڵام هیچ کام لەم دوو هەڵوێستە ڕووی نەداوە.(١)

لەلایەکی ترەوە، بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆچوونی دەستتێوەردانی ئەمەویەکان لە هەڵبەستنی فەرموودەدا، دەپرسین: کامەیە ئەو فەرموودانەی کە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە هەڵیانبەستووە، یان فەرمانیان بە هەڵبەستنی کردووە؟ پێشتر باسی هەڵوێستی زوهریمان کرد کە چۆن گۆڵد زهێر پێی وایە کە فەرموودەی هەڵبەستووە بۆ بەنی ئومەیە. لە لایەکی ترەوە زانایانی ئیسلام و فەرموودەناسان بەتایبەت،

---

١ المستشرقون والحديث النبوي، محمد بهاء الدين، (١٥٤).

هیچ فەرموودەیەکیان بیّ سەنەد وەنەگرتووە. هاوکات سەنەدەکانی فەرموودە سەحیحەکان کە پارێزراوە لە کتێبەکانی فەرموودەدا، بە هیچ شێوەیەك ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەو هەزاران سەنەدە ناوی یەکێك لە خەلیفەکانی بەنو ئومەیە وەك عەبدولمەلیك یان وەلید یان یەزید و کاربەدەستەکانیان وەك حەججاج و خالید کوڕی عەبدوڵڵای قەسری لەو سەنەدانەدا نیە. ئەگەر ئومەویەکان فەرمانیان بە هەڵبەستنی فەرموودە کردووە، کامەیە بەڵگەی مێژووی و زانستی بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە.[1]

## کۆتایی

بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە دروستکردنی گومان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە لەسەر فەرموودەکان بە گشتی، ئامانجدار و بەمەبەست بووە، بەتایبەت پشتبەستنی هەردوو ڕۆژهەڵاتناسان، ئیگناز گۆڵد زهێر و جۆزیف شاخت بە بەڵگەی لاواز و لێکدانەوەی گوماناوی، هەروەها بێئاگابوون، یان خۆدزینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان لە هەوڵ و کۆششی فەرموودەناسان لە خزمەتکردنی فەرموودەدا، بەتایبەت بایەخدانیان بە ڕەخنەگرتن لە سەنەد و مەتن و پیاوانی فەرموودە لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی و سەرەتای سەدەی دووەم و پشتگوێخستنی میتۆدەکانی زانایانی فەرموودەناس بەتەواوەتی لەلایەنی ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەوە، کە ئەگەر لانی کەم پێوەری سەرەکی نەبن، نەدەبوو بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێن، بۆ نموونە: میتۆدی ڕەخنەگرتن لای فەرموودەناسان، دڵنیابوون (التثبت)ە، پێش حوکمدان بە سەر فەرموودەدا، لە ڕووی وەرگرتن، یان ڕەتکردنەوە.

---

[1] السنة ومكانتها في التشريع، مصطفي السباعي، (٢٣٠).

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز.

١ـ الإسقاط في مناهج المستشرقين، شوقي أبو خليل، دار الفكر المعاصر – بيروت، ١٩٩٥م.

٢ـ أصول علم النفس، أحمد عزت راجح، ط٧، دار الكاتب العربي، ١٩٧٠م.

٣ـ الأعلام، خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس الزركلي، ط٥، دار العلم للملايين، ٢٠٠٢م.

٤ـ بحوث في تاريخ السنة المشرفة، أكرم ضياء العُمَري، ط٥، مكتبة العلوم والحكم – المدينة المنورة، ١٩٨٤م.

٥ـ تأريخ الإسلام، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد الذهبي، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، ط٢، مؤسسة الرسالة، ١٩٨٥م.

٦ـ تأريخ الشعوب الإسلامية، كارل بروكلمان، ترجمة: نبيه أمين فارس ومنير البعلبكي، ط٨، بيروت، ١٩٩٥م.

٧ـ تأريخ اليعقوبي، أحمد اليعقوبي، تدقيق: عبد الأمير مهنا، بيروت – شركة الأعلمي، ٢٠١٠م.

٨ـ تأريخ خليفة بن خياط، خليفة بن خياط الشيباني، تحقيق: د. أكرم ضياء العمري، دار القلم، ط٢، مؤسسة الرسالة – دمشق، بيروت، ١٣٩٧هـ.

٩ـ تيسر مصطلح الحديث، محمود الطحان، مركز الصدى للدراسات، الإسكندرية – مصر، ١٤١٥هـ.

١٠ـ الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه: صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ١٤٢٢هـ.

١١ـ الحديث والمحدثون، محمد محمد أبو زهو، دار الفكر العربي – القاهرة، ط٢، ١٣٧٨هـ.

١٢ـ حضارة العرب، غوستاف لوبون، ترجمة: عادل زعيتر، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة – مصر، ٢٠١٣م.

١٣ـ الحماية الجنائية للحق في أصل البراءة، عبد المنعم الشيباني، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٦م.

١٤ـ الخصال المكفرة للذنوب، شمس الدين، محمد بن أحمد الخطيب الشربيني، تحقيق: حسام الدين بن موسى محمد بن عفانة، القدس – فلسطين، ٢٠٠٢م.

١٥ـ دراسات في الحديث النبوي وتأريخ تدوينه، محمد مصطفى الأعظمي، المكتب الإسلامي – بيروت، ١٩٨٠م.

١٦ـ السنة النبوية في كتابات أعداء الإسلام مناقشتها والرد عليها، عماد السيد محمد إسماعيل الشربينى، ٢٠٠٢م.

١٧ـ السنة ومكانتها في التشريع، مصطفى بن حسني السباعي، المكتب الإسلامي، دار الوراق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠م.

١٨ـ سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد ابن ماجة، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية – عيسى البابي الحلبي، بلا تاريخ.

١٩ـ سنن الترمذي، محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي، تحقيق: بشار عواد معروف، ط٢، دار الجيل – بيروت، دار الغرب الإسلامي، بيروت – لبنان، ١٩٩٨م.

٢٠ـ السنن الصغير للبيهقي، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي، المحقق: عبد المعطي أمين قلعجي، جامعة الدراسات الإسلامية، كراتشي – باكستان، ١٩٨٩م.

٢١ـ سير أعلام النبلاء، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد الذهبي، دار الحديث – القاهرة، ٢٠٠٦م.

٢٢ـ السيرة النبوية، عبد الملك بن هشام، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد، دار الجيل – بيروت، ١٤١١هـ.

٢٣ـ صور من حياة الصحابيات، عبد الرحمن رأفت الباشا، دار الأدب الإسلامي، ١٩٩٧م.

٢٤ـ العقيدة والشريعة، اجناس جولدتسيهر، ترجمة: محمد يوسف موسي، علي حسن عبدالقادر، عبدالعزيز عبدالحق، ط٢، دار الكتب الحديثة – مصر، ٢٠٠٩م.

٢٥ـ العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، محمد بن إبراهيم أبو عبد الله، ابن الوزير، حققه وضبط نصه وخرج أحاديثه وعلّق عليه: شعيب الأرناؤوط، ط٣، مؤسسة الرسالة – بيروت، ١٩٩٤م.

٢٦ـ عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، ابن سيد الناس، محمد بن محمد، تعليق: إبراهيم محمد رمضان، دار القلم، بيروت – لبنان، ١٩٩٣م.

٢٧ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار المعرفة، بيروت – لبنان، ١٣٧٩هـ.

٢٨ـ الفقه الإسلامي في ثوبه الجديد (١) المدخل الفقهي العام، مصطفى أحمد الزرقا، ط٢، دار القلم – دمشق، ٢٠٠٤م.

٢٩ـ المستشرقون والحديث النبوي، محمد بهاء الدين، دار الفجر – عمان، ١٩٩٩م.

٣٠ـ مسند أحمد، أحمد بن حنبل، تحقيق: شعيب الارناؤوط، عالم الكتب، بيروت – لبنان، ١٩٩٨م.

٣١ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ـ صلي الله عليه وسلم ـ، مسلم بن الحجاج النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي – بيروت، بلا تاريخ.

٣٢ـ منهج النقد في علوم الحديث، د. نور الدين عتر، دار الفكر، دمشق – سورية، ١٩٨١م.

٣٣ـ موقف المدرسة العقلية من السنة النبوية (٢)، الصادق الأمين، ط١، شركة الرياض للتوزيع والنشر، ١٩٩٨م.

٣٤ـ الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية، الشيخ الدكتور محمد صدقي بن أحمد بن محمد آل بورنو أبو الحارث الغزي، ط٤، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ١٩٩٦م.

٣٥ـ وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر – بيروت، ١٩٧١م.

## References

36. Alshehri, Mohammed Salem, Western Works and Views on Hadith: Beginnings, Nature, and Impact. Marmara Üniversitesi İlâhiyat Fakültesi Dergisi, Cilt-Sayı 46, (Nisan 2014), ISSN 1302-4973,

37. Ayaz, Hacer, The Differences in Historical Methodology between Juynboll and Motzki Related to Hadith. Erzincan Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, 9(1), (2015): 41-46.

38. Crone, Patricia, Roman, Provincial and Islamic Law. Cambridge: Cambridge University Press, 2002.

39. Goldziher, Ignaz, Muslim Studies (Muhammedanische Studien). Vol. II. Engl. translation by Barber and Stern, George Allen & Unwin Ltd: Great Britain, 1971.

40. Guillaume, A., Where was Al-Masyid Al-Aqsa? Al-Andalus: Madrid, 1953.

41. Kızıl, Fatma, The Views of Orientalists on the Hadith Literature. 2013, Accessed in http://www.lastprophet.info/the-views-of-orientalists-on-the-hadith-literature

42. Muir, William, The life of Mahomet: from original sources. Smith, Elder, 1861.

43. Noorudheen, K., Authenticity of Hadith Literature: With Special Reference to Orientalist's Views. Darul Huda Islamic University. Kerala, India, 2013.

44. Mackensen, Ruth Stellhorn. "Arabic Books and Libraries in the Umaiyad Period." The American Journal of Semitic Languages and Literatures 52, no. 4 (1936): 245-253.

45. Schacht, Joseph, The Origins of Muhammadan Jurisprudence. London: Oxford University Press, 1979.

46. Schacht, Joseph, An Introduction to Islamic Law. Oxford: Clarendon Press, 1982.

# هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکان دەربارەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)
## (توێژینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەییە)

**د. بەهمەن صالح محەمەد/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردە**

**وانەبێژ لە کۆلیجی گۆیژە بۆ دیراساتی ئاینی**

**د. شیلان عەلی حمە سوور/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان**

ڕۆژهەڵاتناسە سەرەتاییەکان ئەوانە بوون کە دەرچووی دێر و کەنیسەکانی ڕۆژئاوا بوون، کە لە سەرەتای کاریانەوە پیشەی سەرەکییان بریتی بووە لە دژایەتیکردنێکی ڕەهای ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی، بۆیە ئەم سروشت و کارانە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرهەم و نووسینەکانیادا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە چەندین نووسەری ئەو سەردەمەیان، دەستیان دایە ئەو جۆرە نووسینانە، لە نموونەی ڕۆژهەڵاتناس یوحەنا دیمەشقی (٦٥٧– ٧٤٩ز) و تیوفانس کونفسور (٧١٨– ٨٥٢ز) و ڕۆجەر بیکۆن (١٢٢٠– ١٢٩٢ز) و چەندینی تریان، کە نووسینەکانیان پڕاوپڕ بوو لە دژایەتی و ڕق و کینە و تاڕادەیەکی زۆریش دووربوون لە سەرەتاکانی میتۆدە زانستییەکان.

کاتێکیش کە بەرهەم و بۆچوونی گرووپە لادەرەکانی ناو ئیسلام پەرەی سەند و گەیشتە ڕۆژئاوا، بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو شێوەیە لە خوێندنەوەی ئایینی ئیسلام، بەتایبەتی لە دروستکردنی گومان لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر) و کردیانە باشترین و نزیکترین ڕێگا کە بتوانن لێوەی ڕەخنە لە خودی ئایینەکە و پەیامبەرەکەی بگرن. هەرچەندە ئێمە نامانەوێت بە شێوازێکی گشتگیری بڕیار لەسەر سەرجەم ئەو نووسینە ڕۆژئاواییانە بدەین، چونکە هەندێك لەوانەش – ئەگەرچی کەمیش بووبن – بەشێوەیەکی دوور لە دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بەشی یەکەمیانە کە زۆرینەیانن و دەتوانین بڵێین زۆرینەی ئەو ڕەخنانەی کە لەبارەی فەرموودەوە لە ئاینی ئیسلام دەگیرێن هەڵقوڵاوی ئەو جۆرە ڕیتمەی ڕۆژهەڵاتناسین، کە وەك ئاماژەمان پێدا ئەوانیش پاڵپشت بە بیروبۆچوونە دەستە و گرووپە لادەرەکانی ناو موسڵمانان توانیویانە تاڕادەیەك گومان و ڕاڕایی بۆ هەندێك لە خوێنەرانیان دروست بکەن و بیکەنە هەنگاوێك لەپێناو لاوازکردنی متمانە بەم ئایینە.

## گرنگیدانی ڕۆژهەڵاتناسان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)

## ناساندنی فەرموودە:

پێش ئەوەی کە بچینە ناو بابەتی گومانی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر)، پێویستە کە خودی فەرموودەکانی بناسێنین – ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر کورتیش بێت –، تاوەکو لەو ناساندنەوە گرنگی فەرموودەکان لە ئایینی ئیسلامدا ڕوون بکەینەوە و لەو دەروازەیەشەوە بچینە ناو ئەو پاڵنەرانەی کە هۆکاری گرنگیدانی ڕۆژهەڵاتناسان بوون بە فەرموودە:

فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر): هـەموو ئـەو وتـە و کـردار و گوزارشانە (التقرير) و خاسیەتانە دەگرێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسـەر) هەیبووە، یاخود ئەنجامی داون[1]، کە دەکرێت بەکورتی هەر بەشێك لەوانـە ئامـاژە پێ بدەین:

١ـ لە نموونەی وتەکانی: کارەکان بە نیەتن: "إنما الأعمال بالنيات"[2].

٢ـ کردارەکـانیش: چـۆنێتی ئەنجامـدانی نوێـژ و هـەروەها چـۆنێتی ئەنجامـدانی حەجە لە سووڕانەوە بە دەوری کەعبە و وەستان لە عەرەفە و هاویشتنی بەردەکانە لە کاتی حەجدا[3].

٣ـ گوزارشی (التقرير): گوزارش ئەوەیە کە موسڵمانەکان کارێکیان ئەنجامدابێت کە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)یان باس کردبێت، لێی بێدەنگ بـووە، وەك ئەوەی کە کاتێك هەندێك لە هاوەڵەکانی ناردووە بۆ بەنی قوڕەیزە و پێی فەرموون: "لا يُصَلِّيَنَّ أَحَدٌ العَصْرَ إِلا فِي بَنِي قُرَيْظَةَ"[4]، واتە: (نوێژی عەسر مەکەن لـە بـەنی قوڕەیزە نەبێت)، کە هەنـدێکیان لـە ڕێگـا کاتێـك نوێـژی عەسـریان بەسـەردا هـات نوێژەکـەیان کـرد، هەندێکیشـیان نوێژەکـەیان بـردە بـەنی قـوڕەیزە، ئـەوە بـوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕەخنەی لە هیچ لایـەکیان نـەگرت و ئیقـراری لـە ڕاستی هەردوولا کرد.

٤ــ خاسـیەتەکان: خاسـیەتی جەسـتەیی و ڕەوشـتی (الخلقـي و الخُلقـي) دەگرێتەوە، وەك لە خاسیەتی جەستەییدا هاتووە، کە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ لَـيْسَ بِالطَّوِيـلِ البَـائِنِ، وَلاَ بِالقَصِـيرِ، وَلَـيْسَ بِـالأَبْيَضِ الأَمْهَـقِ، وَلَـيْسَ

---

[1] بڕوانە: الوسيط في علوم ومصطلح الحديث، أبو شُهبة، (١٥)، علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي إبراهيم الصالح، (٣).

[2] صحيح البخاري، (٩).

[3] بڕوانە: دراسة في مصطلح الحديث، إبراهيم النعمة، (٢٠).

[4] صحيح البخاري، (٢/ ١٥)، صحيح ابن حبان، (١١/ ١٩).

بِالْآدَمِ، وَلَيْسَ بِالْجَعْدِ القَطَطِ، وَلاَ بِالسَّبْطِ)[١]، واته: (پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) نە زۆر درێژ و نە کورتیش بووە، نە زۆر سپی بووە و نە زۆر ئەسمەر بووە، قژیشی لوول نەبووە و زۆریش نەرم نەبووە و درێژبووەوە نەبووە).

لە خاسیەتی ڕەوشتیدا هاتووە کە: (مَا خُيِّرَ النَّبِيُّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلا اخْتَارَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَأْثَمْ، فَإِذَا كَانَ الإِثْمُ كَانَ أَبْعَدَهُمَا مِنْهُ، وَاللَّهِ مَا انْتَقَمَ لِنَفْسِهِ فِي شَيْءٍ يُؤْتَى إِلَيْهِ قَطُّ، حَتَّى تُنْتَهَكَ حُرُمَاتُ اللَّهِ، فَيَنْتَقِمُ لِلَّهِ)[٢]، واتە: (هەرکاتێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) سەرپشك کرابێت لە نێوان دوو کاری قورس و ئاساندا هەمیشە ئاسانەکەی هەڵبژاردووە، بە مەرجێك تاوان نەبووبێت، بەڵام ئەگەر تاوان بوایە، دورترین کەس بووە لێوەی، هەرگیز لەبەر خۆیشی تۆڵەی لە کەس نەکردووەتەوە، مەگەر تیایدا سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی پەروەردگار کرابێت و لەبەر خاتری خوا تۆڵەی کردبێتەوە)[٣].

کەواتە فەرموودە نەك تەنها سەرچاوەیەکی زانیاری بێت بۆ شارەزا بوون لە ئیسلام، بەڵکو بەشێکی سەرەکیە لە ئایینی ئیسلام و بەرجەستەکارێکی ژیان و کەسایەتی پێغەمبەرەکەی و جێبەجێکارێکی کرداری ئەو فەرمان و ڕێنماییانەیە کە لە قورئاندا فەرمانی پێ کراوە.

---

[١] صحيح البخاري، (٧/ ١٦١)، صحيح مسلم، (٤/ ١٨٢٤).

[٢] صحيح البخاري، (٨/ ١٠٦٤٨٤)، صحيح مسلم، (٤/ ١٨١٣)، واللفظ للبخاري.

[٣] بڕوانە: دراسة في مصطلح الحديث، إبراهيم النعمة، (٢٠، ٢١).

**هۆكاری گرنگیدانی ڕۆژهەڵاتناسان بە فەرموودەكانی پێغەمبەر :**

وەك ئاماژەمان پێدا لە ئایینی ئیسلامدا فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گرنگییەكی گەورەی هەیە و بە سەرچاوەی دووەم دێت لە دوای قورئانی پیرۆز، كە یاسا و ڕێساكانی لێوەردەگیرێت و پرۆگرامێكی فراوانە لە ژیانی كۆمەڵگا و تاكی موسڵماندا، دەكرێت بوترێت كە ڕاڤەكارێكی دروستی قورئان و بەرجەستەكارێكی خودی ئایینی ئیسلامیشە و ئاستەمە كە بتوانرێت قورئان بە شێوەیەكی ڕاستی و دروستیەكەی جێبەجێ و ڕاڤە بكرێت بەبێ ئاگابوون لە فەرموودەكانی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر)، لەبەر ئەم ڕۆڵە كاریگەرەیە كە لە چەندین ئایەتدا ئاماژە بە گرنگی فەرموودە دراوە، وەك: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ (النساء: ٥٩) و ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: ٨٠)، واتە: (ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر بكات ئەوا گوێڕایەڵی خوای كردووە)، هەروەها كە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾، واتە: (ئەگەر ناكۆكی و دووبەرەكیتان بوو بیگەڕێننەوە بۆ لای خودا و بۆ لای پەیامبەرەكەی)، كە لە كاتی ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەبەست پێی گەڕاندنەوە بۆ قورئان و خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بووە و لە دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەڕانەوە بووە بۆ فەرموودەكانی، بەمەش پەیوەندی نێوان قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پەیوەندییەك بووە كە هەرگیز جێی دابڕان لە یەكتری ناهێڵێتەوە، لەبەر ئەمەش بووە، كە موسڵمانان هەمیشە گرنگی گەورەیان پێداوە و ئایینەكەیان لێوە وەرگرتووە[1].

---

[1] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، محمود عبد الحليم، (٢٦٧– ٢٧٤)، والإستشراق، زقزوق، (١٠٥).

دواتر ڕۆژهەڵاتناسەکانیش لەو خوێندنەوە و بەدواداچوونەی بۆ ئەم ئایینەیان کرد درکیان بەو پێگە و گرنگییەی فەرموودەکان دەکرد کە لە ژیانی موسڵماناندا هەیەتی، بۆیە زۆر ئاساییە کە ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەیان بە ڕق و کینە مامەڵەیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا کردووە و کاریان لەسەر هەڵوەشانەوەی شەریعەتی ئیسلام کردووە و گومان لەسەر سەرچاوەکانی ئەو ئاینە دروست بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن و بەکەم سەیری بکەن، هەتاوەکو کارێکی وا بکەن جارێکی تر موسڵمانان بیر لە گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە نەکەن، بۆیە ئەو گومانانە بوونە پێویستیەکی گرنگ و لە پێشینەی کارەکانیان، چونکە لە ڕێی ڕەخنە و گومان دروستکردن لەسەر هەڵوەشانەوەی فەرموودەکان، کارکردن لەسەر سەرچاوە یەکەمەکەش ئاسانتر دەبێت کە خودی قورئانە[1]، کەواتە گرنگی پێدانیان بە فەرموودە هێندەی پەیوەندی بە سڕینەوە و لەناوبردنی خەسڵەتە ئاینداریەکە بوو پەیوەندی بە لایەنە زانستی و ئەکادیمیەکە نەبوو[2].

لەلایەکی ترەوە، خودی کەسایەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئاوێنەیەکە کە سەرجەم ئیسلامی لێوە دەبینرێت و ڕۆژهەڵاتناسەکان پاش ئەوەی کە لەوەدا بێ ئومێد بوون کە بتوانن گومان لە قورئان دروست بکەن، یاخود وەڵامی ئاڵنگاریەکانی (تحدي) بدەنەوە، دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ گومان دروستکردن لە کەسایەتی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) لە ڕێی فەرموودەکانیەوە. کەواتە ئاینی ئیسلام بەبێ فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) ئایینێکی کەم و کورتە، ئەمەش هۆکاری دروستبوونی ئەو هەستە بووە لەلایەن بەرامبەرەکانیەوە، کە زۆرێك لەوانە ڕۆژهەڵاتناس بوون، کە هەولی لێدان و گومان دروستکردن بدەن لەسەر ئەو پایە گەورە و گرنگەی ئیسلام.

---

[1] بڕوانە: المستشرق شاخت، الأعظمي، (١/ ٦٣– ٦٧).

[2] بڕوانە: الحركة الاستشراقية، د. رياض هاشم، (١١١).

**نموونەی هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لە بواری فەرموودەكاندا كاریان كردووە:**

وەك لە پێشەكی ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا، هەر لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە بە شێوە و جۆری جیاواز گرنگی بە ئایینی ئیسلام و كەسایەتی پێغەمبەرەكەی (دروودی خوای لەسەر) لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەكانەوە دراوە، بەڵام تەرخانكردنی بابەت و توێژینەوەی تایبەت لەبارەی فەرموودەوە تەمەنێكی زۆری نیە و دەگەڕێتەوە كۆتاییەكانی سەدەی حەڤدەهەم. كاتێكیش دەست كرا بە كاركردن لەسەر ئەم لایەنە، چەندین چالاكی گرنگ و گەورەی گرتەوە، وەك: بڵاوكردنەوە و چاپكردنی زۆرێك لە كتێبە بەناوبانگەكانی ئەم بوارە و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ژیانی زانا بەناوبانگەكانی، هەندێ جاریش فەرهەنگی فەهرەستدار بۆ كتێبەكانی ئەو بوارە[1].

لە كۆتاییەكانی سەدەی حەڤدە هەربەلۆ (1635- 1695ز De Herbelot) كە ڕۆژهەڵاتناسێكی فەڕەنسی بوو، لە (١٧٣٨ز) توێژینەوەیەكی بڵاوكرایەوە لەسەر "فەرموودە و چیرۆك و هەواڵی بیستراوی فەرموودەكانی پێغەمبەر"[2]. لە دوای هەربەلۆ هەوڵەكانی ڕۆژهەڵاتناسی نەمسایی ئەلویس شبرنگر ( Alois 1813- 1893ز Sprenger) دێت، كە لە ساڵانی (١٨٦١– ١٨٦٥ز) كتێبێكی سێ بەرگی بەناوی "leben und lehre des Mohamed"، واتە: (ژیانی محەمەد و ڕێنماییەكانی)، كە لە سەرەتای بەشی سێیەمیدا بەشێكی باسەكەی بۆ فەرموودە تەرخان كردووە[3]. دواتریش كارەكانی ڕۆژهەڵاتناسی مەجەڕی "ئیگناس گولد زیهێر (١٨٥٠– ١٩٢١ز) دێت، كە ئەویش لە دووتوێی كتێبێكدا بوو بەناوی

---

[1] بڕوانە: المستشرقون، العقيقي، (٣/ ٥٤٦).

[2] بڕوانە: موقف الاستشراق، العمري، (٧٠).

[3] Alois Sprenger, 1851. Digitized, 2007, Muir, The life of Mohammad, p.introduction. xxxiv ، موسوعة المستشرقين، عبد الرحمن بدوي، (٢٨– ٣١).

"لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکان" (Muslim Studies)، کە بەشی یەکەمی لە ساڵی (١٨٨٩ن) دەرچوو، بابەتی پەیوەست بە فەرموودە لە بەشی دووەمیدا بوو، کە بووە سەرمەشقێك بۆ بە دواهاتنی زنجیرەیەك بابەتی تری گرنگ سەبارەت بە فەرموودە کە هەتا ئێستاش بەردەوامە، کە وەکو ئەعزەمی دەڵێت: "ئەم کتێبە لە ناوەندە ڕۆژهەڵاتیەکاندا وەکو ئینجیلێکی پیرۆزی لێ هاتووە و ڕۆژهەڵاتناسانی دوای ئەو هەمیشە شوێنی دەکەون"[1]، هەروەها لە ساڵی (١٩١٠ن)دا کتێبێکی تری بەناوی "Introduction to Islamic theology"، کە تیایدا وێناکردنێکی گشتی لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە دەخاتە ڕوو، کە لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا لە ژێر ناونیشانی"Development of law" توێژینەوەیەکی فراوانی لەبارەی گەشەکردنی شەریعەتەوە کردووە و باسێکی گشتی لەسەر مێژووی ئیسلام و فەرموودە، هەروەها مێژووی گەشەکردنی شەریعەتی ئیسلامی کردووە[2].

لە دوای گولد زیهێریش، کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس لەم بوارەدا نووسیویانە، وەکو: کارل هنریج بیکر (١٨٧٦-١٩٣٣ن) کە لە ساڵی (١٩١٣ن)دا کتێبێکی بەناونیشانی "فەرموودە لە فیقهی ئیسلامیدا" و لە (١٩١٤ن)دا کتێبێکی تری بە ناونیشانی "لە یاساکانی ئیسلامیدا" بڵاوبووەوە، هەروەها یوهان فوك (Fuck) لە ساڵی (١٩٣٥ن) کتێبێکی بەناوی "فەرموودە" و لە (١٩٣٨ن)دا کتێبێکی تری بەناوی "فەرموودەکانی بوخاری" و لە (١٩٣٩ن) کتێبێك بەناوی "پلە و پایەی فەرموودەناسەکان لە ئیسلامدا" بڵاوبووەوە، ئەمە جگە لە نووسین و بابەتی جیاوازی تر لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامەوە (دروودی خوای لەسەر)[3].

---

[1] بڕوانە: دراسات في الحديث النبوي، المقدمة.

[2] Goldziher, Introduction to Islamic theology,P: 31-67 ,

[3] بڕوانە: المستشرقون، العقيقي، (٢/ ٤١٨- ٤١٩، ٤٦٣)، وموسوعة المستشرقين، بدوي، (١١٣).

یەکێکی تر لەو ڕۆژهەڵاتناسانە "سنوك هـورجرونجی"ە (١٨٥٧- ١٩٣٦ز)، کـە ئەمیش کۆمەڵێك بابەت و لێکۆڵینەوەی لەو بوارەدا هەیە و یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لـە بنـەما فیقهیـەکانی ئیسـلامی و فـەرموودە و ڕاڤـەکردنی قورئـانی پیرۆزدا، بابەتی جیاجیاشی لەو بوارانەدا نووسیوە[1].

ڕۆژهەڵاتناسێکی تر کە لە بواری فەرموودە و گرنگی پێدانیدا دەرکەوت: ونسـنك أ.ج (١٨٨٢- ١٩٣٩ز) هۆڵەندیـە، کـە لـە (١٩١٦ز)دا ڕایگەیانـد کـە هـەوڵی دانـانی فەرهەنگێکی فەهرەستی دەدات بۆ ئەو وشانەی لە شەش دانراوەکـانی فـەرموودەدا (الصحاح الستة) هـاتووە، کـە لـەو پڕۆژەیـەدا پشـتی بـە (٣٨) لێکۆڵـەر لـە ناوچـە جیاجیاکانی جیهان بەسـت، لـە (١٩٣٦ز) بەشـی یەکـەمی ئـەو بەرهەمـە دەرچـوو، دواتر سەرجەم بەشەکانی تری دەرچوو، لە پاڵ ئەمەشدا و بـۆ ئاسـانی دۆزینـەوەی بابەتەکان ناوەڕۆکێکی بۆ دروست کرد و لەلایەن (فؤاد عبدالباقي)ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی[2].

ڕۆژهەڵاتناسێکی تر کە لەم بوارەدا کاری کردووە: جیمس روبسونە ( Robson J.) کە لەدایکبووی (١٨٩٠ز)ە، چەند بابـەتێکی لـە بـواری فـەرموودەدا نووسـیوە، لەوانـە: بابـەتێك بـەناوی "فـەرموودە ڕاسـتەکانی موسـلیم" لـە سـاڵی (١٩٤٩ز) و "کەرەستەکانی فەرموودە" و "فەرموودە ڕێکخستن و فەهرەستکردنی" و "بنەمای دووەمـی ئیسـلام" لـە سـاڵی (١٩٥١ز) چـاپ کـراوە و "دەروازەیـەك بـۆ زانسـتی فەرموودە" و "سەنەد لە فەرموودەکاندا"، کە لە (١٩٥٣- ١٩٥٤ز) چاپکراوە. ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێکی بواری فەرموودە، وەك: "فەرموودەکانی ئەبو داود (٢٧٥هـ/ ٨٨٨م)" و "محمـد عیسـی الترمـذي (٢٧٩هـ/ ٨٩٢م)"[3] و کتـێبی

---

[1] Snouck Hurgronje, C. Orientalism and Islam, 1985. Snouck Hurgronje, C. Some of my Experiences, 1941. المستشرقون، العقيقي، (٢/ ٣١٥- ٣١٦).

[2] بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبد الرحمن بدوي، (٤١٧).

[3] بڕوانە: سنن أبي داود، الغلاف، وسنن الترمذي، الغلاف.

"ئـيبن ئيسـحاق و ئيسـناد"[١]، بـەڵام ئـەم ڕۆژهەڵاتناسـە بەشـێوەیەكی بەرچـاو كاریگەرە بە بۆچوونەكانی شـاخت و نـەیتوانیوە وەك ئـەوەی پێویسـتە لـە بابەتـە فەرموودەییەكان بگات و بۆچوونی جیاواز لەوانی پێشووی هەبێت[٢].

ڕۆژهەڵاتناسێكی تری بەناوبانگ، كـە گرنگـی بـە بـواری فـەرموودە داوە: داڤیـد صمویل مەرجیلیۆسـە(D. S. Margoliouth ) (ز١٨٥٨ –١٩٤٠)، كـە ئـەمیش كتێبێكی بـەناوی "داب و نـەریتی موسـڵمانان" (On Moslem Tradition)، هەروەها كتێبێكی تر بـە نـاوی "Mohammadanism" نووسـیوە. كۆمـەڵێك كتێب و سیمیناری تری لە بارەی ئیسلامەوە پێشكەش كردووە، كە بابەتـەكانی بـە شێوەیەكی گشـتی بـە گیـانێكی دەمارگیرانـەی نازانسـتیانە نووسـیوە بەشـێوەیەك ببێتە هۆی توڕەبوونی نـەك تـەنها موسـڵمانەكان، بـەڵكو بەشـێكی زۆری نووسـەرە ڕۆژهەڵاتیەكانیش[٣].

ڕۆژهەڵاتناسێكی تر ئەلفرد جیومی (١٨٨٨– ١٩٦٢ز) بەریتانی بوو، كە ئەمیش یەكێكە لەو نووسەرە ڕۆژئاواییانەی كـە گرنگـی بـە بـواری فـەرموودە داوە، كتـێبی "دەروازەیەك بۆ زانستی فـەرموودە" و "بابەتـە سـونەتیەكانی ئیسـلامی" ( The traditions of islam) و ( AlfredGuillaume, The traditions of Islam: an introduction1924)، كە لەمەی دواییشـدا باسـی فـەرموودەكانی پێغەمبەری ئیسلامی (درووی خوای لەسەر) كردوە، بەڵام ئەمیش بە تەواوی پشتی بە بیروبۆچوونەكانی ئیگناس گولد زیهێر بەستووە و شتێكی تازەی نەهێناوە[٤].

---

[١] بڕوانە: المستشرقون، العقيقي، (٢/ ١٢٤– ١٢٥) (٣/ ٥٤٩).

[٢] بڕوانە: دراسات في الحديث النبوي، الأعظمي، المقدمة.

[٣] بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبد الرحمن بدوي، (٥٤٦)، المستشرقون، العقيقي، (٣/ ٥٤٨).

[٤] بڕوانە: دراسات في الحديث النبوي، المقدمة، الأعظمي.

یەکێکی تر لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە لە بواری فەرموودەدا دەرکەوتووە و کاری تێدا کردووە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی جوزیف شاختە ( -1902)(SJosef Schacht 1969ز)، کە توانی بیردۆزەیەکی تازە بهێنێت کە لەسەر بنەمای فیقهی ئیسلامی داڕشتبوو، بۆیە دەوترێت کە ئەم ڕۆژهەڵاتناسە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە و گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆی پێی نەگەیشتوون، ئەو بۆچوونانەشی لەڕێی کۆمەڵێك کتێب و وتار و دەرکراوی جیاوازەوە بڵاوکردەوە و هەر لەم بوارەشدا کتێبێکی بەناوی "دەروازەیەك بۆ فیقهی ئیسلامی" (Introduction to Islamic Law) نووسی. بەناوبانگترین کارێك لەم بوارەدا ئەنجامی دا دەرکردنی کتێبێك بوو بەناوی "بنەماکانی فیقهی ئیسلام" (The Origins of Muhammadan Jurisprudence)[1]، زیاتر لە (١٠)ساڵی تەمەنی لە کتێبی ناوبراودا بەسەربردووە، کە لە دوای بڵاوبوونەوەی بووە ئینجیلێکی تر لەلای ڕۆژهەڵاتناسەکان[2]. هەرچەندە کتێبی زۆر لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە لەبارەی فەرموودەوە نووسراوە، بەڵام لە ماوەی سێ چارەکە سەدەدا هیچ کتێبێك ئاستی ڕەنگدانەوە و گرنگیپێدانی لە ناوەندە ڕۆژهەڵاتیەکاندا نەگەیشتووەتە ئاستی ئەم دوو کتێبەی کە ئاماژەمان پێدان[3].

---

[1] Wakin,Remembering Joseph, p:1 schacht, islamisches religiöses, s:167: ،Maghen,islamic ,p:180,277 ، المستشرق شاخت، الأعظمي، (١/ ٦٧).

[2] بڕوانە: المستشرقون والحديث النبوي، د. محمد بهاء الدين، (١٨– ١٩).

[3] بڕوانە: دراسات في الحديث النبوي، المقدمة، الأعظمي.

**نموونەی هەندێك لەو گومانانەی كە لەسەر فەرمووده لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەكانەوه وروژێنراوە:**

وەك ئاماژەمان پێدا ئەگەر ڕەخنە و گومان لەسەر فەرمووده لەلای ڕۆژهەڵاتناسەكان، مێژوویەكی كۆنی نەبێت بە بەراورد بە بابەت و زانستەكانی تری ئایینی ئیسلام، بەڵام لە ڕوانین بە ناو مێژووی ئیسلامیدا، دەبینین كە ئەو جۆرە هێرشانە پێشتر هەبووه و ڕۆژهەڵاتناسەكان تازەكەرەوەی ئەو گومانانە بوون، كە گرووپ و دەستە لە ڕێ دەرچووەكانی ناو مێژووی ئیسلامی لە كۆنەوە دایانهێناوە نەك خۆیان داهێنەر بن، بۆیە خاوەنی ئەو بیرۆكانە مەبەستیانە كە ئیسلامی ڕاست و دروست بڕوخێنن كە بریتیە لە پەیوەندگیری تەواوی نێوان قورئان و فەرمووده[١].

زۆرینەی ئەو ڕۆژهەڵاتانە كە ئەو لێكۆڵینەوەیەیان ئەنجام داوە مەبەستیان گەیشتن بە مەبەستێكی زانستی نەبووه، بەڵكو مەبەستی تێكدان و ڕووخانیان بووە، كە لە پێناویدا جۆرەها ڕێوشوێنی گومڕاكەر و سەرلێشێوێنەر، هەروەها گواستنەوەی ئەو گێڕانەوانەوە و بۆچوونە ڕیزپەڕانەیان بەكارهێناوە كە هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە[٢]، كە ئەم هاوسۆزیەیان زۆرجار بە ئاشكرا دەربڕیوە و نەیانشاردووەتەوە، وەك ئەوەی كە گولد زیهێر باس لە بۆچوونی موعتەزیلە سەبارەت بە فەرمووده دەكات و بە شان و باڵیاندا هەڵدەدات و پێی وایە كە ئەوان لە ئاوها بۆچوونێكدا كە عەقڵی خۆیان دەكەنە سەنگی مەحەك، بۆچوونێكی تەواوە و پێویستە پشتگیری لەو شێوە بۆچوونانە بكرێت لە دژی كەسانی وشك، كە لەو بوارەدا كاریان كردووە[٣].

ڕەخنەگرتنی ڕۆژهەڵاتناسان لە فەرمووده لە دوای دەستەوەستانیان بوو لەو ڕەخنەگرتنانەی كە لە سەرچاوەی یەكەمی ئیسلام كە قورئانی پیرۆزە دەیانگرت، لەگەڵ بەردەوامبوونیان لە هەوڵەكانیان كە ڕەخنە و گومان دروستكردن بوو لە

---

[١] بڕوانە: السنة النبوية، الجندي، (٤).

[٢] بڕوانە: الإستشراق ومناهجه، الساموك، (٥٧– ٥٨).

[3] Goldziher, Ignaz, Introduction to Islamic, 1940: PP 176- 173

سەرچاوەی یەکەم، گومانەکانیشیان لە فەرمووده بە چەند جۆر و شێوازی جیاجیا بوو[1]، لە سەرچاوەکانی فەرموودەوە و هەوڵدان بۆ لەکەدارکردنی گێڕەوەکانی (الرواة) دەستیان پێ دەکرد هەتا ناوەڕۆك و سەنەدەکان و تەنانەت کتێبەکانی فەرموودەش، بۆیە بەجۆرەها شێوە و ڕێگای جیاواز دەستیان دایە دروستکردنی ئەو گومانانە. لێرەدا گرنگترین ئەو شێواز و جۆرە گومانانە ئاماژە پێ دەدەین کە لەبارەی فەرموودەوە وروژاندوویانە:

**یەکەم: هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی شکۆ و بەهای فەرموودە لە ئایینی ئیسلامدا:**

بەشێوەیەك کە گومانی سەرچاوەبوونی فەرموودە لەلای هەندێك لە موسڵمانانیش بکەن و بوترێت تەنها قورئان بەسە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و جێبەجێکردنی[2]، کە ڕۆژهەڵاتناسان کاری زۆریان لەسەر ئەم بۆچوونە کردووە و ئەو جۆرە گومانانەیان زۆر وروژاندووە. هەر بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی شاخت دەڵێت: ئەوەی کە دەکرێت بدرێتە پاڵ محەمەد، تەنها بریتیە لە قورئان، هەروەها دیفید مەرجیلیۆس (١٨٥٨– ١٩٤٠ز) دەڵێت، کە پێغەمبەر جگە لە قورئان هیچ فەرمان و ڕێنماییەکی جێنەهێشتووە[3]. ئەم جۆرە گومانانەش کاریگەری لە بەشێك لە خەڵکانی نێو موسڵمانانیش هەبووە و زۆرجار لە گوتە و ڕەفتارەکانیاندا ڕەنگیشی داوەتەوە، هەروەك ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلامیش (دروودی خوای لەسەر) ئاماژەی پێداوە کە وەختە لەناوتاندا کەسانێك دەربکەون و بڵێن ئێمە قورئانمان بەسە و هەرچی تیادا حەڵاڵ بوو ئەوە لامان حەڵاڵە و هەرچی تیایدا حەرام بوو ئەوە لامان حەرامە[4]. کە ئەمە یەکێکە لە نەشیاوترین گومان و

---

[1] بڕوانە: الإستشراق، زقزوق، (١٠٦).

[2] بڕوانە: السنة النبوية، الجندي، (٥).

[3] D. S. Margoliouth, “Mohammadanism” 1911, p:62.

[4] مسند أحمد بن حنبل (٢٨/ ٤١٠).

سەرلێشــواوترینیان، ئــەویش لەبەرئــەوەی خــودی قورئــان لــە چــەندین شــوێندا پێویســتبوونی گەڕانــەوە بــۆ لای پێغەمبــەر (دروودی خــوای لەســەر) دەکــات، کــە ئەمەش، لە دوای کۆچی دواییکردنی، مەبەست پێی گەڕانەوەیە بۆ فــەرموودەکانی، وەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد.

هەروەها ئەگەر ئەو فەرموودانەش نەبێت خودی دەقە قورئانیــەکان بــە نــاڕوونی دەمێننەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە قورئان بەشێوەیەکی کورت و گشتی زۆرێك لە فەرمان و کاروبارە ئایینی و دنیاییەکانی ئامــاژە پێــداوە و درێــژەی ئــەو مامەڵانــەی باس نــەکردوە و لــە فــەرموودەدا ڕوون کراوەتــەوە، ڕوونکردنــەوەکانی پێغەمبــەری ئیســلامیش (دروودی خــوای لەســەر) ئــەو بابەتانــە دەگرێتــەخۆ کــە لــە قورئانــدا بەشێوەیەکی گشتی باسیان لێوە کراوە[1]، وەك ئەوەی کە پێشەوا شــافیعی باســی کردووە لەوەی کە قورئان ئاماژەی داوە بــە واجــب بــوونی نوێــژ و زەکــات و حــەج، بەڵام لە فەرموودەدا و لەسەر زمــانی پێغەمبــەردا (دروودی خــوای لەســەر) ژمــارەی نوێژەکان و کاتەکانی و شــێوەکەی و ژمــارەی ڕکاتــەکانی دیــاری کــراوە، بەهــەمان شێوە زەکاتیش چەندێتیەکەی و چۆنێتی و کاتەکەی دیاریکراوە، هــەروەها چــۆنێتی ئەنجامدانی حەجیش، هەر لە فەرموودەدا دیاریی کردووە، لە چەندین جێگای تــردا ئەم جۆرە باس و حوکمانە هەیە کە لەڕێی فەرموودەوە چارەسەر دەکرێن[2].

هــەروەها فــەرموودە ڕوونکــەرەوەی قورئانــە، لــە ڕووی ئــەوەی کــە زۆرجــار فەرمانێکی گشتگیر تایبەت دەکات، وەك ئەوەی میراتیی تایبەت دەکات بە هاودینی و کوشتنی میرات لێگیراو لەلایەن میراتگرەوە، دەکات بــە ڕێگــر لــە میراتگریــی. لــە فەرموودەدا هەندێ فەرمانی جیاواز هاتووە کە لە قورئاندا بوونی نیە، وەك میراتــی

---

[1] بڕوانە: السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، محمود عبد الحليم، (٢٨).

[2] بڕوانە: تفسير الإمام الشافعي، الشافعي، (٥٣، ٢٠٥)، السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، محمود عبد الحليم، (٢٩).

باپیره و مەرجی بوونی شایەت لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا و قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ کچ و پورەکەیدا پێکەوە و لە یەککاتدا[1]. هەروەها گرنگی فەرموودە وای کردووە کە لە سەرجەم ئاییندا دیار و دانپێدانراوەکانی ناو ئیسلام ببێتە بەڵگەی دوای قورئان و لێیەوە فەرمانە شەرعییەکان هەڵبهێنجرێت[2]. کەواتە گومان دروستکردن بۆ فەرموودە لێدانێکی ترە کە لە سەرجەم هەوڵ و تێکۆشانە زانستییەکانی سەرجەم زانایانی موسڵمان بەدرێژایی مێژوو دەدرێت، ئەمیش وەك هەنگاوێك لەپێناو دورکەوتنەوەی تاکی موسڵمان لەو پرۆگرامە دروستەی کە خودی قورئان دەیەوێت تاکەکانی لەسەر پەروەردە بن.

**دووەم: فەرموودەکان دەرئەنجامی گەشەکردنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئایینی ئیسلامن:**

یەکەم ڕۆژهەڵاتناسێك کە دەستی کرد بە هەوڵدانێکی زۆر و فراوان لەم بوارەدا – کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا – گولد زیهێر بوو، کە پێی وایە بەشێکی زۆری فەرموودەکان لە دەرئەنجامی گەشەکردنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئایینی ئیسلام لە سەدەکانی یەکەم و دووەمەوە دروست بووە و بەپێی سەردەم و پێداویستییە سیاسییەکان هەر یەکێك لەو لایەنانەی کە لە مەیدانەکەدا بوون بەڵگەیان بۆ شەرعیبوونی خۆیان دروست دەکرد و دەیانخستە پاڵ پەیامبەری ئیسلام[3]. لە شوێنێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فەرموودەکان سەدەیەك لە دوای مردنی محەمەد (دروودی خوای لەسەر) نووسراوەتەوە،[4] کە دواتر ڕۆژهەڵاتناسەکانی تری

---

[1] بڕوانە: معجم افتراءات، زناتي، (٦٤).

[2] بڕوانە: الاستشراق والمستشرقون، الجراد، (٢٠٥).

[3] بڕوانە: الاستشراق، زقزوق، (١٠٦– ١٠٧).

[4] بڕوانە: موقف الاستشراق، العمري، (٧١)، معجم افتراءات، زناتي، (٦٦).

وەك دوزی (١٨٢٠– ١٨٨٣ز) و شـبرنجریش (١٨١٣– ١٨٩٣ز) و ویـل دیـورانتیش (١٨٨٥– ١٩٨١ز) ئەو شێوە بۆچوونانەیان دەربڕیوە[١].

دیارە وروژاندنی ئەم گومانانە مەبەست لێی ئەوەیە، کە وا لـە خوێنـەر بگەیـەنن ئەو فەرموودانە پێگە و بەهای سروشی (الوحي الإلهي) نیـە کـە بکرێتـە بەشـیك لـە ئایین، بەڵکو وتەی لایەن و گرووپە جیاوازەکانی ناو ئیسلامن، کە لە دوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەرکەوتن و بە مەبەستی جێگیرکردنی دەسـەڵات و پایـەی خۆیان دروستیان کردووە، کە ئەمە بێگومـان نـەزانیی، یـاخود ڕاسـتر وایـە بڵـێین، خۆنەزانکردن و خۆ لە گێلی دانـە لـەو هـەموو هـەوڵ و تێکۆشـانە بەردەوامـەی کـە لەلایەنی زانایانی بواری فەرمووده لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام کراوە، کـە تەنانـەت دەیـەکی ئـەو هەوڵانـە لـەلای ئـەوان لـە پێنـاوی ڕاسـتێتی کتێبـە پیرۆزەکانیشـیان نـەکراوە[٢]، ئـەمیش لـەپێناو مەبەسـتێکی ڕۆژهەڵاتناسـی دیـاری کـراوی خۆیانـدا، کـە هـەوڵیان بـۆ داوە، هێنـدەی بۆیـان دەکرێـت لـە شـکۆداری فەرموودە کەم بکەنەوە، بەڵام دیارە ئەوەش کارێکی ئاسان نیە، چونکە خودی ئەو مێژووەی کە بواری فەرموودە پیایدا تێپەڕیوە، وەڵامدەری ئەو جۆرە گومانانەیە.

ڕاستە کە لە سەرەتادا هەندێك لە هاوەڵان فەرموودەیان نەدەنووسی، ئەویش لە ترسی ئەوەی کە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا لێیان تێکەڵ نەبێت، بەڵام ئەوە ڕاست نیە کە سەرەتای نووسینەوەی فەرموودە بگەڕێنرێتەوە سەدەی دووهەم، ئەمیش لەبەر ئەوەی کە هەر لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) فەرموودە نووسراوەتەوە و فەرمانیشی بە نووسینەوەی کردووە، وەك ئەوەی کە لـە "صـحيح البخاری"دا هاتووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانی بە نووسـینەوەی

---

[١] بڕوانە: موسوعة المستشرقين، عبـد الـرحمن بـدوي، (٢٨– ٢٩،٢٥٩)، قصـة الحضـارة، ديورانـت، (٢١/ ١٤٣)، والسنة النبوية، الجندي، (١١).

[٢] بڕوانە: الاستشراق، السباعي، (٢٨).

فەرمووده كردووه[1] و هاوەڵی خۆی عەبدوڵڵای كوڕی عـەمری كـوڕی عـاص باسـی ئەوە دەكات كـە كاتێـك هـەموو شـتێكی لـە بـارەی پێغەمبـەرەوە (دروودی خـوای لەسەر) نووسیوە چواردەورەكەی ڕەخنەیان لێ گرتـووە و وتوویانـە كـە پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر) مرۆڤە و جار جار لە تووڕەیی و لە كاتی خۆشـیدا قسـەیەك دەكات تۆ هەمووی دەنووسـی؟ كـاتێكیش كـە ئـەو پرسـەی بردووەتـە لای خـودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "أكتب فوالذي نفسي بيده لا يخرج منه إلا حق"[2]، واتا: (ئەوەی دەیڵێم بینووسـەرەوە، سـوێند بـەوەی نەفسـی مـنی بەدەستە هیچ لە دەممەوە دەرناچێت جگە لە ڕاستێتی)، بۆیـە تـەنها لەلایـەن ئـەم هاوەڵە و لە سـەدەی یەكـەمی كۆچیدا نزیكـەی هـەزار فـەرموودە نووسـراوەتەوە، هەروەها هاوەڵانی تری وەك جابری كـوڕی عەبـدوڵڵا و عـەلی كـوڕی ئـەبو تالیـب و سەمرەی كوڕی جوندوب گرنگیان بە پاراستنی فـەرموودەكانی پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر) داوە و هـەر لـە ژیانیـدا فـەرموودەكانیان نووسـیوەتەوە لای خۆیـان پاراستوویانە[3]، ئەمە جگە لەوەی كە هەر لە ساڵی (٣٥ك) و دوای ڕوودانی فیتنە و ئاشـووب، هـاوەڵان كەوتنـە دڵنیاكردنـەوە و بەشـوێندا كـەوتنی فـەرموودەكان و هەوڵدانی تەواوەتی بۆ دڵنیابوون لـەو كەسـانەی كـە فـەرموودە دەگێڕنـەوە، هـەتا تێكەڵ بە وتەی ئاسایی نەكرێت[4].

ئەوەی زیاتر بێ بنەمابوونی ئەم گومانە دەردەخات ئەوەیـە زۆربـەی زۆری ئـەو فەرموودانەی كە ڕاستن و لەلایەن زانایانی فەرموودەوە دیار و دانپیـانراون خـاوەنی ڕەسەنایەتیەكی وەهان كە هۆكاری وتنی ئەو فەرموودانە (أسـباب ورود الأحاديـث)

---

[1] بڕوانە: البخاري (٢٤).

[2] بڕوانە: سنن الدارمي، (١/ ٤٢٩)، وسنن أبي داود (٣/ ٣١٨)، موسوعة الألباني (٣/ ١١٣٧).

[3] بڕوانە: الاستشراق، العاني (١٢٢)، والاستشراق ومناهجه، الساموك (٦٠).

[4] بڕوانە: معجم افتراءات، زناتي (٦٧).

دیاری کراوە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێك پەیوەندی هـەبووە بـە خـودی ئەو سەردەمەی کە پێغەمبەری ئیسلامی تیادا ژیاوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەنـدێك لەو فەرموودانە مێژووەکەی بە ڕوونی دیارە کە دەگەڕێتەوە کاتی دابـەزینی ئایەتـە قورئانیەکان و پەیوەندی تەواو لە نێوانیاندایـە[1]، ئـیتر چـۆن گونجـاوە کـە بـوونی فەرموودەکان بگەڕێندرێتەوە بۆ سەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچی؟!

پرسیارێکی تریش کە لەم جۆرە بۆچـوونانەدا پێیانوایـە ئـەو فەرموودانـە وتـەی خودی پێغەمبەر نین و بەهای سروشی نیە ئەوەیە، کـە ئەگـەر فـەرموودەی خـودی پێغەمبەر نەبن و لەلایەن هاوەڵەکانیەوە وترابن، ئایـا ئـەو نووسـین و دەسـتەواژە و لێدوانانەی کە لەلایەن هاوەڵەکانەوە وتراون، کێ دەبێتە خاوەنی؟ کە لێرەدا ئەگەر بکەوینـە لـۆجیکێکی بەراوردکاریانـەوە، دەبیـنین کـە جیاوازییـەکی زۆر لـە نێـوان فـەرموودە و وتـەکانی هاوەڵانـدا هەیـە، لـە ڕووی داڕشـتن و بـەکارهێنانی زمـان و شێوازەوە. فەرموودەکان کـە لـە ڕووی زمانـەوانی و داڕشـتنەوە ناوازەیـە،[2] وەکـو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خۆی دەفەرموێت: "بُعِثْتُ بِجَوَامِعِ الْكَلِمِ"[3]، واتە: (کۆکەرەوەی وتەکانم پێدراوە). هەرخۆی لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: "ألا وإنـي أوتيت القرآن ومثله معه"[4]، واتە: (من قورئانم پێدراوە و هاوشێوەکەشیم پێدراوە) کە مەبەست پێی فەرموودەیە" کە ئەگەر بە وردی بەراوردیان لەگەڵ ئەو وتە و وتار و ڕاڤە قورئانیانیانەی کە لەلایەن هاوەڵانەوە پێمانگەیشـتوون بکـەین، ڕاسـتی ئـەو جیاوازیانـــە زۆر بـــە ڕوونـــی دەردەکـــەوێت[5] و سروشـــی بـــوونی فـــەرموودەکان دەسەلمێت.

[1] بڕوانە: أسباب ورود الحديث، السيوطي، (٢١– ٢٨).

[2] Zaheer, 6 Oriantalist and Hadith, Editorial

[3] صحيح البخاري، (٤/ ٥٤)، صحيح مسلم، (١/ ٣٧١).

[4] مسند الطبراني، (٢/ ١٣٧)، المسند، أحمد بن حنبل، (١/ ١٢).

[5] Zaheer, 6 Oriantalist and Hadith, Editorial

**سێیەم: گومان دروستکردن لەسەر ئەو کەسایەتیانەی کە لە گێڕانەوەی فەرموودەدا "الاسناد" جێگای متمانە و باوەڕن:**

زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسان بەو مەبەستەی کە ویستوویانە کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، لە پێناو ناشیرینکردن و لەکەدارکردنی ئەو کەسایەتیانەی کە لەناو زنجیرەی گێڕانەوەکاندا ناویان هاتووە، کە چەندانی وەك گولید زیهێر و شبرنجر (١٨١٣– ١٨٩٣م) و وموير (١٨١٩– ١٩٠٥م) و کایتانی (١٨٦٩– ١٩٢٦ز)، جوزيف شاخت و هوروفنتس (١٨٧٤–١٩٣١ز)، لەو بوارەدا هەوڵی دروستکردنی گومانیان لەسەر زنجیرەی گێڕانەوەکان (الإسناد) داوە[1]، کە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە هەندێك لەو گومانانە بدەین:

گولید زیهێر دەیەوێت تۆمەت و گومان بخاتە سەر محەمەدی کوڕی شیهابی زوهری (٥٠ ـ ١٢٤ك)، کە کەسایەتیەکی دیار و گرنگی ناو زنجیرەی گێڕانەوەکانی فەرموودەیە و کۆڕای زانایانی بواری فەرموودە دانیان بە دینداری و پاکی و ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەکانیدا ناوە، بە کەسێکی دروستکەری فەرموودەی ناوزەد بکات، وتەیەکی زوهری دەهێنێت کە تیایدا وتوویەتی "إن هؤلاء الأمراء أكرهونا على كتابة الأحاديث"، کە مەبەست پێی لێرە ئەوەیە کە میرەکان زۆریان لێ دەکردین کە فەرموودەکان بنووسینەوە، بەڵام کاتێك کە گولید زیهێر وەری دەگێڕێت ئەلف و لامی سەر " الأحاديث" لا دەبات و دەیکات بە " أحاديث" کە واتاکەی دەبێت بەوەی کە میرەکان زۆریان لێ کردون کە فەرموودە دابنێن، واتە فەرموودەیان بۆ میر و دەسەڵاتدار داناوە!![2]، لەم وەرگێڕانە ناڕاستەوەش دەست

---

[1] بڕوانە: موقف الإستشراق، العمري، (٧٣)، دراسات في الحديث النبوي، الأعظمي، (٣٩٢)، والرد علي مزاعم المستشرقين، د. عبد الله، (١٥).

[2] بڕوانە: السنة النبوية، الجندي (١٧).

دەكات بە داڕشتنی بیردۆزەیەك لەسەر ئـەوەی کـە پێشـەوا زوهـری بکاتـە کەسـێك لەپێناوی ڕەزامەندبوونی میر و دەسەڵاتداراندا فەرموودەی دانابێت! .

لە شوێنێکی تردا دەیەوێت بەوە تۆمەتباری زوهری بکات کە گوایە فەرموودەی: "لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلا إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ: المَسْجِدِ الحَرَامِ، وَمَسْجِدِ الرَّسُولِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ، وَمَسْجِدِ الأَقْصَى"[1]، واتـە: (نابێـت گەشـتی تایبـەتکراو بـۆ هـیچ مزگەوتێك بکرێت جگە لە مزگەوتەکانی حەرام و مزگەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و مزگەوتی ئەقصا)، بۆ بەرژەوەندی ئەمەویەکان دروست کردبێـت. هـەموو بەڵگەکەشـی ئەوەیـە کـە زوهـری هاوسـەردەمی خەلیفـەی ئەمـەوی عەبدولمـەلیکی کـوڕی مـەروان (٦٥- ٨٦ك) بـووە و ئـەو فەرموودەیـەش لـە زوهریـەوە گێڕدراوەتەوە[2]، کە ئەمەش ئەوپەڕی بێویژدانیـە کـە ئاوهـا تۆمـەتێك بدرێتـە پـاڵ کەسێکی وەکو زوهری، کە هەر خودی زیهێر پایەی ڕاستگۆیی و هەوڵی بـەردەوامی ئەو کەسایەتیە دەزانێت لە بواری زانستی فەرموودەدا، نـەك ئەوەنـدە، بـەڵکو ئـەو فەرموودەیەی کە زیهێر ئاماژەی پێـداوە تـەنها لـە گێڕانـەوەی زوهریـدا نـەهاتووە، بەڵکو لە هەر شەش کتێبـە سـەحیحەکەدا هـاتووە و لـە سـێ ڕێگـای جیاوازیشـەوە گێڕدراوەتەوە، کە بوخاری لە ڕێگای ئەبو سەعیدی خـودری، موسـلیمیش بـە سـێ ڕێگای جیاواز گێڕاوێتیەوە کە تەنها یەکێکیان گێڕانەوەی زوهریە و دوانەکەی تریان لـە ڕێگـای ئـەبو سـەعیدی خـودری و ئـەبو هورەیرەوەیـە. ئـەم فەرموودەیـە گێڕانەوەیەکی ڕاستە و کۆڕای زانایـانی سـونەی لەسـەرە و تـەنها تایبـەت نیـە بـەو ڕێگەیەوە کە زیهێر باسی لێوە کردووە[3]. لەمانەوە ڕادەی نامتمانەیی لە گێڕانـەوە

[1] صحيح، البخاري (٦٠)، صحيح مسلم (١٠١٤).

[2] بڕوانە: معجم افتراءات، زناتي (٦٩).

[3] بڕوانە: السنة، السباعي (٢٤٥).

و وەرگێڕانــەکان لای ئــەو ڕۆژهەڵاتناســە دەردەخــات، لــەپێناوی نــاوزەدکردنی کەسایەتی ناوبراو.

هــەروەها ڕۆژهەڵاتناســی فەڕەنســی هنــری لامــانس ( Henri Lammens) (1862- 1937)ز)، نــەك ڕەخنــە لــە هــاوەڵێکی دیــاریکراوە، بــەڵکو ســەرجەم هاوەڵــە پێشین و نزیکەکانی وەك ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و عائیشە و فاتیمە و حەفصە و سەرجەمیان دەداتە بەر قەڵەمی ڕەخنــە و تۆمــەتی جیــاواز جیــاواز[1]، هەتاوەکو یەکێك لەوانە لە تێڕوانینی خوێنەرەوە بە باشی نەمێنن، کە پاشتر ئەمــە وادەکــات گومــان بخرێتــە ســەر ســەرجەم ئــەو گێڕانەوانــەی کــە لــە فەرموودەکانــدا هاتوون، چــونکە هەریــەك لەوانــە بــە پایەیــەکی گرنگــی زنجــیرە گێڕانــەوەکانی نــاو فەرموودە ناسراون.

بەهەمان شێوە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "جوزیف شاخت" تۆمەتی نادەستپاکی و ناڕاستگۆیی دەداتــە پــاڵ ســەرجەم زانــا موســڵمانەکانی ســێ ســەدەی یەکــەم، کــە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە و فەرمانە فیقهیەکانیش بە کۆمەڵێك فەرمانی هەڵبەستراو لەلایەن زانا موسڵمانەکانەوە دادەنێت، کــە دەگەڕێنــەوە بــۆ کۆمــەڵێك فــەرموودەی هەڵبەستراو و ناڕاست، کە زنجیرەیەك لە گێڕانەوەی نادروستیان بۆ داناون[2]. لــەوە زیــاتریش ڕۆژهەڵاتناســێکی وەك جــوین بــۆڵ زنجــیرە گێڕانــەوەکانی بــە بــیردۆزەی "پیلانگێڕی ناڕاست و مەبەستدار" لەقەڵەم دەدات[3] .

ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە ئەو ڕاستیە باش دەزانن کە باسکردن لە زانســتی فــەرموودە باسکردنە لە وردترین و زانستیترین کاری زانایانی موسڵمانان، کە زۆرجــار تەنانــەت لەلایــەن خــودی ڕۆژئاواییەکانــەوە بــاس کــراوە، وەك ئــەوەی شــبرنجر دەڵێــت: لــە

---

[1] بروانە: المنهاج، الديب (٣٦٩)، موسوعة المستشرقين، بدوي (٥٠٣).
[2] بروانە: الاستشراق ومناهجە، الساموك، (٥٧)، افتراءات المستشرقين، المطعمي، (٥٨).
[3] Alshehri, Western Works and Views on Hadith,2014,p:207

ئێستاشدا هیچ گەلێکی هاوچەرخ نیە لە (علم الرجال)دا هێندەی موسڵمانان ورد و کارامە بووبێت، کە ئەم زانستە باس لە ژیان و بارودۆخی ٥٠٠ ) هەزار لە کەسایەتیەکان دەکات، هەروەکو موریس بۆکای (١٩٢٠– ١٩٩٨ز) فەڕەنسیش هەمان شایەتی دەربارەی خەریکبوونی موسڵمانان بە نووسینەوەی فەرموودە دەدات و دەڵێت: ئەوان خەمی قورس و لەپێشینەیان لە نووسینەوەی فەرموودەدا بریتی بوو لە وردی و چەسپاندنی ئەو زانیارییانەی کە تایبەت بووە بە سەرجەم ڕووداوەکان و وتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ناوی سەرجەم ئەو کەسانەیان هێناوە کە وتەکان و کردارەکانی ئەویان گێڕاوەتەوە هەتا دەگاتە خودی ئەوانەی کە فەرموودەکان و زانیارییەکانیان لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خۆیەوە گێڕاوەتەوە، ئەویش لەپێناو دەرخستنی بارودۆخ و ژیانی سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە زنجیرەی گێڕانەوەکەدا ناویان دێت و لادانی ئەو کەسانە کە شایەتی باشی و ڕاستگۆییان بۆ نەدراوە، یاخود بەڵگەیەك لە لاوازبوونیان لە گێڕانەوەیاندا لەسەر دروست بووە[1]. چەندین کتێبی وەك "الضعفاء والمتركون"ی (أبو عبد الرحمن أحمد النسائي، ت: ٣٠٣هـ) و "الضعفاء الكبير"ی (أبو جعفر العقيلي، ت: ٣٢٢هـ) و کتێبی "تأريخ أسماء الضعفاء والكذابين"، کە لەلایەن (عمر بن أحمد بن شاهين، ت: ٣٨٥هـ) لەم بوارەدا لەلایەن زانا موسڵمانەکانەوە دانراوە، کە تایبەتن بە ژیانی ئەو کەسایەتیانەی کە لە زنجیرەی گێڕانەوەکانی فەرموودەدا ناویان هاتووە و بەڵام کەسانی متمانەپێکراو نەبوون، ئەویش لە پێناوی تێکەڵنەبوونیان بە کەسایەتییە متمانەدار و باوەڕپێکراوەکانی ئەم بوارە.

کەواتە بوونی گومانێکی لەو شێوەیە لەبەرامبەر زانستێکی ئاوا بێوێنە کە کاری لەسەر جیاکردنەوەی فەرموودەی ڕاست و ناڕاست کردبێت و چەندان زانای بەتوانا لەم بوارەدا کاریان کردبێت، هەروەها چەندان دانراوی پڕ زانیاری لەسەر ژیانی

---

[1] بڕوانە: المستشرقون والسنة، النملة، (١٩– ٢٠).

سەرجەم ئەوانە دانرابێت، کە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، دەبێتە گومانێکی لاواز کە دەکرێت بڵێین وروژێنەرانی ئەم گومانە یا زۆر نەزان و بێ ئاگان لە سەرجەم ئەو هەوڵە زانستیانەی کە لەو بوارەدا دراوە و ئاماژەمان پێدان، یاخود بە ئاگان، بەڵام مەبەستیان بە گومڕابردنی خوێنەرێکە کە بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە.

## چوارەم: گومان دروستکردن لە دەقی فەرموودەکان (متون الأحاديث):

لەم برگەیەدا باس لەو هەوڵە ڕۆژهەڵاتناسییە دەکەین کە بە مەبەستی گوماندروستکردن لەسەر دەق و ناوەڕۆکی فەرموودەکان داویانە بەشێوازی جۆراو جۆر وەك گومانخستنە سەر فەرموودە ڕاست و دروستەکان، وێناکردنیان وەك ئەوەی گوتەی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) نەبێت، یاخود دەقی فەرموودەیەکیان بەو شێوەیە ڕاڤەکردووە کە لەگەڵ بیروبۆچوون و حەزەکانی خۆیاندا گونجاو بێت. زۆرجار ئاماژەیان بەوە داوە کە لەو فەرموودانەدا ڕەچاوی ئەگەری هەڵبەستنی فەرموودە بەدەم پێغەمبەری خواوە نەکراوە[1]، بۆ نموونە شاخت دەڵێت: "قورسە کە یەك فەرموودەی ڕاست هەبێت کە بتوانین بڵێین فەرموودەی پێغەمبەرە لە خودی ئەوەوە گێڕدراوەتەوە"[2]. مویریش پێی وایە کە فەرموودەکان بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی ناوی پێغەمبەر و پڕوپاگەندەکردن بۆ چەمکە ئاینیەکان دروستکراون[3].

ئێمە لێرەدا مەبەستمان نیە کە بڵێین بەهیچ شێوەیەك فەرموودە بەدەم پێغەمبەری ئیسلامەوە هەڵنەبەستراوە، بەڵکو دەمانەوێت ڕاستیەکان وەك ئەوەی هەیە بوترێت نەك وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت تاوەکو نەکەوینە هەمان ئەو هەڵانەی کە هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان بەناوی لێکۆڵینەوەی زانستیەوە تێی

---

[1] Noorudheen, Authenticity of Hadith, p:v

[2] بڕوانە: المستشرق شاخت، الأعظمي، (٦٩).

[3] Noorudheen, Authenticity of Hadith, p:27

کەوتوون کە لەم بوارەدا تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاندووە و بەوپەڕی ڕەهاییەوە حوکمیان بەسەر فەرموودەکاندا داوە و تەنانەت دانیان بە ڕاستی و دروستی فەرموودە ڕاستەکانیشدا نەناوە. هەندێکجار گومانی ڕاستی دەخەنە سەر هەندێك لەو دەقانەی کە ڕاستیان لە زۆرینەی سەرچاوەکانی فەرموودەدا چەسپاوە، بۆ نموونە فەرموودەی: "من كذب علي متعمدًا فليتبوأ مقعده من النار"[1]، واتە: (هەرکەسێك درۆ بەدەم منەوە بکات با جێگایەك لە ئاگری دۆزەخ بۆخۆی بگرێت). هەرچەندە ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی موتەواتیرە و نزیکەی (٢٠٠) هاوەڵ لە زیاتر لە (٤٠٠) ڕێگاوە گێڕاویانەتەوە، بەڵام لە هەوڵی گومانکاری ڕۆژهەڵاتناسیدا ئەو فەرموودەیەیان بە فەرموودەیەکی ناڕاست لە قەڵەم داوە. بەهەمان شێوە فەرموودەی: "بُنِيَ الْإِسْلامُ عَلَى خَمْسٍ، شَهَادَةِ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، ..."[2] لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی فنسنکەوە (١٨٨٢–١٩٣٩ز) وا وێنا کراوە کە لە دوای تێکەڵبوون بە جیهانی مەسیحیەکان لە شام و کاریگەربوونی موسڵمانان پێیان ئەو فەرموودەیە دروست کراوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە بابەتی گفتدان (شهادة) و هاوپەیوەستیەکانی هەر لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلامدا (دروودی خوای لەسەر) موسڵمانەکان بەردەوام پابەندبوون پێوەی و ئەنجامیان داوە[3] پایەی یەکەمی ئاینەکەیانە.

وەك ئاماژەمان پێدا ڕاستە کە فەرموودەیەکی زۆر بەدەم پێغەمبەری ئیسلامەوە هەڵبەستراوە کە ئەمەش ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێکی شاراوە و نەزانراو نەبووە لەلایەن زانایانی بواری فەرموودەوە، بەڵکو چەندین کتێب و دانراو لەو بوارەدا نووسراوە هەتاوەکو جیا بکرێنەوە لە فەرموودە ڕاستەکان. چەندین کتێبی وەك کتێبەکانی:

---

[1] صحيح، البخاري، (٣٣)، وصحيح مسلم، (١٠).

[2] صحيح البخاري، (١١)، وصحيح مسلم، (٤٥).

[3] بڕوانە: موقف الإستشراق، العمري، (٧٥).

"كتــاب الأباطيــل"ى (حســين بــن إبــراهيم الجــوزقي، ٣٠٦– ٣٨٨هــ) و "تــذكرة الموضوعات"ى (محمد بن طاهر المقدسي) ناسراو بە (ابن القيسراني، ٤٤٨– ٥٠٧ﻫ) و "الموضوعات الكبرى"ى (أبي الفرج ابن الجوزي، ٥١٩– ٥٩٧هـ)[١] نموونەيەكن لەو كتێبە زۆر و زەوەنانەی کە لەو بوارەدا نووسراون.

یاخود ئەگەر بڕوانینە ئەو سەرچاوانەی لە بواری فەرموودەدا دانـراوە، دەبیـنین لە پاش پاڵفتەکردنیان و لابردنی هەزاران فەرموودەی تر، کە گومانیان لە ڕاسـتی و دروستی هەبووە، ئینجا ڕاستەکانیان لە کتێبەکانیاندا چەسپاندووە، هەر بۆ نموونـە بوخاری لە کۆی زیاتر لە نیو ملیۆن فەرموودە، لە پاش ئـەوەی کـە بەدواداچـوونی ورد و تەواوی بۆ سەرجەمیان کردووە و سەرجەم ئەوانەی کە تەنانەت گومانیش لـە ڕاسـتی و دروسـتیاندا هەیـە لایـبردون و تـەنها نزیکـەی (٧٢٣٥) فـەرموودەی لـە کتێبەکەی (صحيح البخاری)دا چەسپاندوە، کـە ئەگـەر فـەرموودە دوبارەکـانی لـێ دەربکرێت کەمتر لە (٤) هەزار فەرموودە دەمێنێتەوە[٢]، هـەروەها موسـلیمیش لـە (٣٠٠) هــەزار فــەرموودە نزیکــەی (٧٣٠٠) فــەرموودەی لــە (صــحيح مســلم)دا چەسـپاندووە. هـەر بۆیـە ڕۆژهەڵاتناسـێکی وەك ئیـدوار بـروی فەڕەنسـی دەڵێـت: "فەرموودەناسـەکان کۆمـەڵێك مـەرجی زۆر قورسـیان لـە پێنـاوی جیاکردنـەوەی فـەرموودەی ڕاسـت لـە ناڕاسـت دانـاوە و سـنووری پتـەویان لەنێوانیانـدا دروسـت کردووە"[٣].

هـەر سـەبارەت بـە دەقـی فـەرموودەکان، هەنـدێکجار فـەرموودەی لاواز یـاخود دروستکراو بەدەم پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) دەهێـنن و وەك ڕاسـتیەکی

---

[١] بڕوانە: البدر المنير، ابن الملقن، (١/ ٢٨٦)، ودراسة في مصطلح الحديث، النعمة، (١٩٤– ١٩٥).

[٢] بڕوانە: قصة الحضارة، ديورانت (٢١/ ١٤٥)، والإستشراق، زقزوق (١١٠).

[٣] بڕوانە: تأريخ الحضارات، (٣/ ١١٧).

حاشا هەڵنەگر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، وەك ڕووداوی (الغرانیق)[1]، لەبەر گونجانی لەگەڵ بیروبۆچوونە گوماناویێکانیان هەندێك ڕۆژهەڵاتناسی وەك کارل برۆکلمان و مونتیگمری وات (١٩٠٦– ٢٠٠٦ز) وەك ڕاستیەکی بواری فەرموودە و ژیانی پێغەمبەری ئیسلام تۆماریان کردوە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی بواری ڕاڤەی قورئان و فەرموودە وەك: ئیبن خوزەیمە (٨٣٨– ٩٢٤ز) و بەیهەقی (٩٩٤– ١٠٦٦ز) و ئەحمەد ڕازی (؟– ١٢٣٣ز) و قورتوبی (؟– ١٢٧٣ز) و شەوکانی (١٧٦٠– ١٨٣٤ز) و چەندانی تر بە ڕووداوێکی دروستکراویان داناوە و بوونی ڕووداوی لەو جۆرەیان لە ژیانی پێغەمبەری خوادا ڕەت کردووەتەوە[2]. بەو شێوەیەش کە دەربڕینی سازش بێت بۆ پەرستراوەکانی قورەیش، لە هیچ لە شەش کتێبە دانپیانراوەکانی سنە (الصحاح الستة)دا نەهاتووە[3].

لەلایەکی تر هەندێ جار ڕۆژهەڵاتناسان هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) بۆ خوێنەر نەگواستووەتەوە وەك ئەوەی کە ڕاست و دروستە، بەڵکو بەپێی گونجان لەگەڵ ئەوەی خۆیان ویستوویانە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، وەك ئەوەی کە کارل برۆکلمان (١٨٦٨– ١٩٥٦ز) لە کتێبی "Geschichte der islamischen, S:18" لە باسی ئەو فەرموودەیەدا کە پیاوە دەشتەکیەکە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەڵێت: (اللهم ارحمني

---

[1] الغرانیق: ڕووداوێکی هەڵبەستراوە، تیایدا ئەوە دەردەخات کە گوایە پێغەمبەری خوا ویستبێتی کەمێك سازش لەسەر یەکتاپەرستی بکات. السیره النبویه، بهمن صالح، (١٦٨– ١٧٠).

[2] بڕوانە: موقف الإستشراق، العمري (٧٥)، السيرة النبوية، بهمن صالح (١١٦).

[3] بڕوانە: تحفة الأحوذي، المباركفوري (٣/١٣٦– ١٣٨)، کە لە بەرواری ٣٠/ ٤/ ٢٠١٢ لە وڵاتی ئەڵمانیا خودی ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووی هارتمت بوزین کرد کە یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسە دیارەکانی ئەم سەردەمە و نووسەرێکی بواری ڕۆژهەڵاتناسیە لە ئەڵمانیا، هیچ وەڵامێکی بۆی نەبوو. بڕوانە: السيرة النبوية، بهمن صالح، هامش (١٧٠).

محمداً ولا ترحم معنا أحدا)[1]، واتا: (خوایه ڕەحم به خۆم و به محەمەد بکه و ڕەحم به کەسی تر مەکه)، تەنها ئەو دەقه دەگوازێتەوه و تەواوکەری فەرموودەکه باس ناکات که پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەڵامی دەداتەوه و پێی دەڵێت: که بۆچی ڕەحمی خوات کورت کردەوه له خۆم و خۆتدا. ئەم شێوه نووسینەش دیاره که له پێناوی ئەوەی هەرچی پێیان دەکرێت یاری به تێگەیشتن له دەقەکه بکرێت و بەو شێوەیه بیگەیەنێته خوێنەر که پێغەمبەر (درووی خوای لەسەر) له وتەیەك بێدەنگ بووبێت که خۆویستی و جۆرێك له ڕق و کینەی بەرامبەر خەڵکیدا تێدایه.

[1] مسند أحمد بن حنبل (١٦/ ٣١٦)، سنن ابن ماجة (١/ ١٧٦).

# کۆتایی

زۆرینەی کار و میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ دەقەکان بەپێی ویست و ئامانجی خۆیان ئاستی جێگیریی و ناجێگیریی فەرموودەکانیان دەستنیشان کردووە، نەك بەپێی دەرئەنجامێکی بێلایەن و زانستی، بۆیە لای ئەوان ئەو بابەتانەی کە ڕاست و ڕەسەنن بریتین لە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نۆ خێزان – یا زیاتری – هەبووە، تەمەنی عائیشەی خێزانی نۆ ساڵ بووە، کە بووەتە خێزانی، پێغەمبەر لە چەندین شەڕدا بەشداری کردووە، کوشتاری جولەکەکانی بەنی قورەیزەی کردووە، ڕێی بە هاوەڵەکانی داوە کە غەنیمەی شەڕ کۆبکەنەوە، کە ئەمانە هەمووی لە سەرچاوەکانی فەرموودەدا هاتوون و بەڕاست و ڕەسەنیان داناون و هیچ نکوڵیان لێ نەکردووە، لە کاتێکدا سەرجەم سەرچاوەی ئەم زانیارییانەش ئەو کتێب و سەرچاوانەن کە ژیان و فەرموودەکانی پێغەمبەریان (درودی خوای لەسەر) تێدایە و لە لایەن هەمان ئەو هاوەڵانەوە گێڕدراونەتەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر چی بنەمایەك ئەم زانیارییانەیان بە ڕاست و ڕەسەن داناوە و ئەوانی تریشیان بە ناڕاست و دروستکراو لە قەڵەم داوە، کە ئەم پرسیارەش لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە بێ وەڵامە و زۆرینەی کات خۆیان لەو پرەنسیپە ڕەخنەیە گەورە و گرنگانەی فەرموودە نەداوە کە لەلایەن زانایانی لێکۆڵەر لەو بوارەدا دانراوە.

لەلای ئەوان هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم، وەك ئەو سەرچاوانەی تر، مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن کە جێی گومانن، دواجاریش هەندێك لە گێڕەرەوەکانی ناو فەرموودە بە ڕەسەن و لەهەمان کاتدا بە ناڕەسەن و فەرموودە دروستکەر لە قەڵەم دراون، بۆ نموونە گێڕدراوەکانی ئەبو هورەیرە بەگشتی بە باوەڕپێنەکراو دانراوە، بەڵام کاتێك هەمان کەس باس لەوە دەکات کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نەیهێشتووە فەرموودەکانی بنووسرێتەوە، گێڕانەوەکەی دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و تەنانەت بیردۆزەشی لەسەر بنیات دەنێن[1].

[1] Zaheer, 6 Oriantalist and Hadith, Editorial

# سەرچاوەكان

القرآن الكريم.

١ـ الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، محمد بن حبان بـن أحمـد البُسـتي (ت: ٣٥٤هـ/ ٩٦٥م)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، ط١، مؤسسة الرسالة – بيروت، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

٢ـ أسباب ورود الحديث أو اللمع في أسباب الحديث، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكـر السيوطي (ت: ٩١١هـ/ ١٥٠٥م)، تحقيـق: يحيـى إسماعيـل أحمـد، ط١، دار الكتـب العلميـة، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٣ـ الإستشراق و الدراسات الإسلامية، عبد القهار داود عبـد الله العـاني، ط١، دار الفرقـان – عمان، ١٤٢١هـ/٢٠٠١م.

٤ــ الإستشـراق والخلفيـة الفكريـة للصـراع الحضـاري، محمـود حمـدي زقـزوق، قطـر، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٥ـ افتراءات المستشرقين على الإسلام عرض ونقد، المطعمي، عبد العظـيم ابـراهيم، ط١، مكتبة وهبة – القاهرة، ١٩٩٢م.

٦ـ البدر المنير في تخريج الأحاديث والأثار الواقعة في الشـرح الكـبير، ابـن الملقـن، سـراج الدين أبو حفص عمر بن علي بـن أحمـد الشـافعي المصـري (ت: ٨٠٤هــ/ ١٤٠١م)، تحقيـق: مصطفى أبو الغيط وعبد الله بن سليمان وياسر بن كمال، ط١، دار الهجـرة للنشـر والتوزيـع، الرياض – السعودية، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

٧ـ تأريخ أسماء الضعفاء والكذابين، ابن شاهين، أبو حفص عمـر بـن أحمـد بـن عثمـان بن أحمد بن محمد بن أيـوب بـن أزداذ البغـدادي (ت٣٨٥هــ/ ٩٩٥م)، تحقيـق: عبـد الـرحيم محمد أحمد القشقري، ط١، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٨ـ تأريخ الحضـارات العـام – القـرون الوسـطي –، إدوار بـروي، ج٣، إشـراف: مـوريس كروزيه، عويدات للنشر والطباعة – بيروت، ٢٠٠٣م.

٩ـ تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، أبو العلا محمد بن عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفوري (ت: ١٣٥٣هـ/ ١٩٣٤م)، اعتنى بها: علي محمد معوض وعادل أحمد عبد الموجود، ط١، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

١٠ـ دراسة في مصطلح الحديث، إبراهيم النعمة، ط١، شركة معمل ومطبعة الزهراء الحديثة المحدودة – موصل، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٤م.

١١ـ الرد على مزاعم المستشرقين، أجناد جولد تسهير و يوسف شاخت و من يؤيدهما من المستغربين، د. عبد الله عبد الرحمن الخطيب.

١٢ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. محمد مصطفي السباعي، ط١، دار الوراق، المكتب الاسلامي، ٢٠٠٠م.

١٣. سنن ابن ماجة، ابن ماجة، أبو عبد الله بن يزيد القزويني (٢٠٧– ٢٧٥هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، المكتبة العلمية – بيروت، د.ت.

١٤ـ سنن أبي داود، أبو داود، سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (ت: ٢٧٥هـ/ ٨٨٨م)، تحقيق: محمد محيى الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا – بيروت.

١٥ـ صحيح البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم البخاري (ت: ٢٥٦هـ/ ٨٦٩م)، ترقيم وترتيب: محمد فُؤاد عبدالباقي، ط١، القاهرة، دار ابن الهيثم، ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م، وطبعة أخرى لدار طوق النجاة، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م.

١٦ـ صحيح مسلم، مسلم، أبي الحسين مُسلم بن الحجاج القُشيري النيسابوري (ت: ٢٦١هـ/ ٨٧٤م)، ترقيم ووضع الفهارس: محمد بن نزار تميم وهيثم بن نزار تميم، ط١، دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م، وطبعة أخرى لدار إحياء التراث العربي – بيروت، د.ت.

١٧ـ الضعفاء الكبير، العقيلي، أبو جعفر محمد بن عمرو بن موسى بن حماد المكي (ت: ٣٢٢هـ/ ٩٣٤م)، تحقيق: عبد المعطي أمين قلعجي، ط١، دار المكتبة العلمية – بيروت، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

١٨ـ الضعفاء والمتروكون، النسائي، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني (ت: ٣٠٣هـ/ ٩١٥م)، ط١، تحقيق: محمود إبراهيم زايد، دار الوعي – حلب، ١٣٩٦هـ/ ١٩٧٦م.

١٩ـ علوم الحديث ومصطلحه – عرضٌ ودراسة، د. صبحي إبراهيم الصالح، ط٥، دار العلم للملايين، بيروت – لبنان، ١٩٨٤م.

٢٠ـ المستشرق شاخت والسنة النبوية، مناهج المستشرقين في الدراسات العربية الإسلامية، محمد مصطفى الأعظمي، مجلة صدرت من قبل المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، مكتبة التربية في اطار الاحتفاء بالقرن الخامس عشر الهجري، ج١.

٢١ـ المستشرقون والحديث النبوي، د. محمد بهاء الدين، دار الفجر ودار النفاس، ١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م.

٢٢ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (ت: ٢٤١هـ/ ٨٥٥م)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط – عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، مؤسسة الرسالة، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

٢٣ـ مسند الدارمي المعروف بـ(سنن الدارمي)، أبو محمد عبد الله بن عبد الرحمن بن الفضل بن بَهرام بن عبد الصمد التميمي السمرقندي (ت: ٢٥٥هـ/ ٨٦٨م)، تحقيق: حسين سليم أسد الداراني، ط١، دار المغني للنشر والتوزيع – المملكة العربية السعودية، ١٤١٢هـ/ ٢٠٠٠م.

٢٤ـ مسند الشاميين، الطبراني، سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم (ت: ٣٦٠هـ/ ٩٧٠م)، تحقيق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مؤسسة الرسالة – بيروت، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٤م.

٢٥ـ موسوعة العلامة الإمام مجدد العصر محمد ناصر الدين الألباني، الألباني، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم الأشقودري (ت١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م)، إعداد: شادي بن محمد بن سالم آل نعمان، ط١، مركز النعمان للبحوث والدراسات الإسلامية وتحقيق التراث والترجمة، صنعاء – اليمن، ١٤٣١هـ/ ٢٠١٠م.

٢٦- موسوعة قصة الحضارة، ول، ديورانت، ج٢١ – الحضارة الاسلامية، ترجمة: محمد بدران، إشراف: د. سعيد اللحام، دار نوبليس، ٢٠٠٨م.

٢٧- موقف الإستشراق من السنة والسيرة، أكرم ضياء العمري، الجامعة الإسلامية – المدينة المنورة، د.ت.

٢٨- الوسيط في علوم ومصطلح الحديث، محمد بن محمد بن سويلم أبو شُهبة، دار الفكر العربي، د.ت.

٢٩- السيرة النبوية في كتابات المستشرقين الألمان، بهمن صالح محمد، أطروحة غير منشورة، مقدمة إلى مجلس كلية التربية، جامعة بغداد، ٢٠١٣م.

30. Alfred, Guillaume. The traditions of Islam: an introduction to the study of the hadith literature" 1924, Literary Licensing, LLC, 2013.

31. Alshehri, Mohammed Salem. Western Works and Views on Hadith: Beginnings, Nature, and Impact. Marmara Üniversitesi İlâhiyat Fakültesi Dergisi . Cilt-Sayı 46, Nisan ISSN 1302-4973, DOI: 10.15371/MUIFD.2014465975 (2014).

32. Brocklman, Carl. Geschichte der islamischen Völker und Staaten, R.Oldenbourg, München – Berlin, 1939.

33. Goldziher,Ignac. Introduction to Islamic theology, translated by: Andras and Ruth Hamori, Princeton, New Jersey, United Kingdom,1981.

34. Margoliouth,D.S. Mohammadanism", Home University of Modern World, 1st printed (1911) reprint (1928).

35. On Moslem Traditon", The Muslim World, 2 (1912).

36. Muir,William,K.C.S.I. The life of Mohammad from original sources, A new and revised by

T.H.WEIR, B.D, M.R.A.S , Edinburgh: John Grant , 1v . bridge, 1923, p.introduction.1xxxiv.

37. Noorudheen: K, Authenticity of Hadith Literature: with Special Reference to Orientalist's Views, Darul Huda Islamic University, Kerala, India, 2013.

38. Schacht, Joseph. An Introduction to Islamic Law, Oxford: Clarendon, (1964).

39. Schacht, Joseph. The Origins of Muhammadan Jurisprudence, Oxford University Press, 1967.

40. Snouck Hurgronje, C. Orientalism and Islam: The Letters of C. Snouck Hurgronje to Th. Noldeke from the Tübingen.

41. Snouck Hurgronje, C. University Library. Published by P.S. van Koningsveld. Leiden, Faculty of Theology, 1985.

42. Snouck Hurgronje, C. Some of my Experiences with the Muftis of Mecca." In Jaarverslagen 1934–1940 van het Oostersch -Instituut Leiden. Leiden, 1941.

43. Sprenger, Alois. The Life of Mohammad, from Original Sources. Presbyterian Mission Press, 1851.Original from, Oxford University.Digitized, Nov 22, 2007.

44. Zaheer, Sayed Iqbal, The Science of Hadith, 6 Orientalists and Hadith, Young Muslim Digest,

Editorial, 2006.

45. Zeev Maghen. Islamic law and society,vol 10,Brile 2003.

# بناغەی مەقاصیدی بۆ دادگەریی و پراکتیزەکردنی سەردەمیانە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەدا
## دیراسەیەکی ڕیشەیی بابەتییانەیە

**د. هاشم عومەر ئەحمەد**
**زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی یاسا**

دادگەری پێویستیەکی کەسی ئادەمیانەیە لە هەموو کات و شوێنێکدا کە خوا فەراهەمی کردووە بۆ ئادەمیزاد بەبێ جیاوازی لە ڕەنگ و ڕەگەز و هۆز و تایفەیەکەیەوە، چونکە هەموو چەمکەکانی مافی مرۆڤ و کەرامەت و ڕێزگرتنی تاك و برایەتی و یەکسانی هاوکاری کۆمەڵی و گشت مانا جوانەکانی دیکەی مرۆڤانە، هیچ پێگە و مانایەکی واتاداری نابێت بەبێ دادگەری و جێبەجێکردنی، بەڵکو تەنها وشانێکی بێ مانا و وشکی بێ ناوەڕۆك دەبن و تەنها بۆ چەواشەکاری خەڵك بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت ئێمە لەم سەردەمەدا ئەمە بە ڕوونی دەبینین کە بەها و پێگەی دادگەری لاواز بووە و کاری پێ ناکرێت، چما ئەگەر پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ئاینییەوە هەبێت.

**ماناى بناغەى مەقاصیدى:**

وشەى بناغە لە فەرهەنگى زمانى عەرەبیدا بە ماناى بنچینە و بنەڕەتى شتەكان دێت، وەك دەڵێن: بنەڕەتى خانوو، واتە ئەو بناغەیەى كە پایە و دیوار و سەقفى لەسەر بونیادنراوە[1]. ئەم چەمكەش بۆ ماناى بناغە گونجاوە لەگەڵ بابەتەكەدا.

**پێناسەى بناغە لە زاراوەدا:** بونیاتنانى شتێكە لەسەر بنەما و بنەڕەتێكى تیۆرى بۆ چەمك و دەستەواژەكان بە پشتبەستن بە بەڵگە.

**پێناسەى مەقاصید لە ڕووى زمانەوانیەوە:** چەند مانایەكى هەیە، لەوانە: داواكردنى شتێك و گەشتن پێى، یان نێوانى دوو كار، بۆ نموونە نێوانى دوور و نزیكى و میانڕەوى لە كاردا، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ﴾ (لقمان: ١٩). یان بە ماناى ڕاوەستاویى لەسەر ڕێگایەكى دروست، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُالسَّبِيلِ﴾ (النحل: ٩)، واتە: (ئەو ڕێگا ڕاستە مەبەستتان بێت كە لار و وێرى تیادا نییە)[2].

**پێناسەى مەقاصید لە ڕووى زاراوەییەوە:** زانایانەوە بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕیوە و چەندین پێناسەى بۆ كراوە بەهۆى ئەوەى كە سەرەتا ئەم زانستە جیانەكرابوویەوە وەكو زانستێكى سەربەخۆ، بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو، بەتایبەت پێناسە سەردەمییەكان بۆ مەقاصید:

١ـ مەبەستى شەرع لە دروستكراوەكانیدا پێنج شتە، ئەوانیش پارێزگاریكردنە لە ئایین و گیان و ئەقڵ و وەچە وماڵیانە، هەر شتێكیش پارێزگارى ئەم پێنج

---

[1] بڕوانە (أس) لە: ابن منظور، (٦/ ٦– ٧)، والمصباح المنير في غريب الشرح الكبير، الفيومي، (١/ ١٤).

[2] بڕوانە (قصد) لە: الصحاح، الجوهري، (٨٨٣). ابن منظور، (٣/ ٣٥٣– ٣٥٤). ومختار الصحاح، الرازي، (٢٢٤). والمعجم الوسيط، (٢/ ٧٣٨).

بنەمایانە لەخۆ بگرێت ئەوە بەرژەوەندییە، هەر شتێکیش ببێتە هۆی لەناوبردنی ئەم پێنج بنەمایانە ئەوە خراپەیە و لادانی و پاڵپێوەنانی بەرژەوەندییە....[1].

٢- مەبەست لە مەقاصیدی شەریعە: ئەو ئامانج و نهێنیانەیە کە خودا دایناوە لە هەر حوکمێك لە حوکمەکاندا[2].

٣- ئەو مانا و ئامانجە دیار و بینراوانەی شەریعەتە لە هەموو ئەحکامەکاندا یان لە زۆربەیاندا، یان بریتیە لە ئامانج و مەبەستی شەریعەت و ئەو نهێنیانەی کە خودا دایناوە لە هەر حوکمێك لە ئەحکامەکانیدا[3].

پاش دیراسەکردن و تێبینیکردنی چەندین پێناسە لەسەر مەقاصید دەکرێت بڵێین کە بریتییە لەو: مانا و حیکمەتە بینراو دیارانەی ئەحکامە شەرعییەکان کە خودا مەبەستی بووە بێتە دی لە تەشریعاتەکانیدا کە بەدیهێنانی بەرژەوەندی[4] دروستە بۆ بەندەکانی لە هەردوو جیهاندا.

**بناغەی مەقاصدی:** بونیاتی هزر و وێنایەکی ڕێبازی مەقصەدییە بۆ تێگەشتن لە دەق و دابەزاندنی ئەحکامە پراکتیزییەکان و کارکردنە بۆ ڕێبازێکی ڕیشەیی مەقصەدی لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقەکان و هەڵێنجاندن و وەبەرهێنانی بنەما و تیۆرە گشتییەکانەوە.

---

[1] المستصفى من علم الأصول، الغزالي، (١٧٤).

[2] مقاصد الشريعة الإسلامية ومكارمها، علال الفاسي، (٧).

[3] أصول الفقه الإسلامي، وهبة الزحيلي، (٢/ ١٠١٧).

[4] مەبەست لە بەرژەوەندی: وەسفێکە بۆ کارێك کە بەهۆیەوە چاکیی و گونجاوی بەدەست دەهێنین، واتە سوودی تیادایە ئەو کارە هەموو کات یان زۆر کات لەلای زۆربەی یان تاکەکانی. مقاصد الشريعة الإسلامية، ابن عاشور، (٢/ ١١٤).

## پێناسەی دادگەریی و هاوشێوەکانی:

**لە زمانەوانیدا:** دادگەریی مەبەست و ئامانجی کارە و پێچەوانەی ستەم و زوڵمە، بە مانای ئەوەی لە دەروونـدا بە ڕاوەسـتاو و جـێگیر دانرابێـت، واتـە ڕێکـی و ڕاوەستاوی لە کاروباردا و ناوێنی لەنێوان زیادەڕەوی و کورتڕەویدا[1].

**لە زاراوەدا:** پێناسەیەکی زۆر بۆ ئەم وشەکراوە ئەویش بەهۆی ئەو بەرفراوانییە هزری و گرنگیەیەی کە هەیەتی لە بزاڤ و ڕەوتی ژیاندا لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

أ- ئیمامی عەلی پێناسـەی داد دەکـات و دەڵێـت: دانـانی کارەکـان لـە شـوێن و جێگەی خۆیاندا[2].

ب - بریتیە لە ڕاوەستاوی لەسەر ڕێگای ڕاست ئەویش بە دوورکەوتنەوە لە کاری قەدەغەکراو لە ئاییندا[3].

ج- بریتیە لە کارێکی ناوینی لەنێوان دوو لایەنەی زیادڕەوی و کەمڕەویدا[4].

د- بەکارهێنانی کارەکانە لە شوێن و کات و ڕوو و لایەن و بڕی خۆیدا بەبێ زیاد و کەمی و پێشخستن و دواخستنێك[5].

### هاوشێوەکانی دادگەریی:

أ- قسط: لە زمانی عەرەبیدا بە چەند مانا هـاتووە، لەوانـە: دادگـەریی و بـەش و پشك وستەم و تەرازوو، لە بنچینەدا بە دوو مانا دێت، ئەوانیش: دادگـەری و سـتەم کـە دوو وشـەی دژ یـەکن[6]، هـەروەك خـوا دەفـەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَـا مَعَهُـمُ الْكِتَـابَ

---

[1] بڕوانە: (عدل) لە: العین، الفراهیدي، (٢/ ٤٠)، وابن منظور، (٢/ ٣٩٦).

[2] نهج البلاغة، محمد عبده، (٤/ ١٠٢).

[3] التوقیف علی مهمات التعاریف، المناوي، (٢٣٧).

[4] التعریفات، الجرجاني، (١٤٧).

[5] تهذیب الأخلاق، الجاحظ، (٢٨).

[6] بڕوانە (قسط) لە: الفراهیدي، (٥/ ٧١)، والفیومي، (٢/ ٥٠٣)، ومعجم لغة الفقهاء، قلعجي، (٣٦٣).

وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ (الحديد: ٢٥)، و ﴿وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ﴾ (الجن: ١٤).

– له زاراوەدا: ئیمامی قورتوبی دەڵێت: "دادگەرییەکە نە بە کەم زانین و نە ستەمی تێدایە وەك تەرازووی دونیا"[1].

– یاخود پشکێکە بە دادپەروەرانە، یان بەشی کەسێکی دیکە ببات بە ستەم[2].

ب ـ الحق (ڕاستی): بەو ڕاستیە جێگیرە دەوترێت کە ناکرێت نکولی لێبکرێت و پێچەوانە و دژی ناڕاستی و پوچییە و بە وتە و کردارێکی دادپەروەرانە دەوترێت و پێدانی مافە بە خاوەنەکانیان[3]. ئەم وشە هاوشێوەی دادگەرییە، لە قورئانیشدا بەو مانا هاتووە: ﴿وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ﴾ (البقرة: ٢١٣).

له زاراوەدا: چەندین پێناسەی جیاواز کراوە لە کۆن لەم سەردەمەدا بۆ حەق لەوانە:

– بڕیارێکی گونجاوە بۆ کەتوار و واقیع، دەربڕینە بۆ وتە و بیروباوەڕ و ئایین و ڕێبازەکان، چونکە ئەوانە لەخۆ دەگرێت و دژی پوچی و ناڕاستییە.[4]

– ناوەند و پێگەیەکی شەرعییە کە دەکرێت لێیەوە خاوەنی حەقەکە و جگە لەویش سوودی لێ ببینن[5].

– ئەوەیە کە شەرع بەخشیویەتە خەڵك بەگشتی وەك یەك، هەریەکەشیانی پابەنکردووە بەڕێزگرتنی و سنوورنەبەزاندنی ئەوەی کە هی کەسانی دیکەیە[1].

---

[1] الجامع لأحكام القرآن، القرطبي، (١١/ ٢٩٤).

[2] المناوى، (٢٧١).

[3] بڕوانە (ح ق ق) لە: الفراهيدى، (٣/ ٦)، وابن منظور، (١٠/ ٤٩– ٥٣)، والفيومي، (١/ ١٤٣).

[4] شرح العقائد النسفية، التفتازاني، (١٢).

[5] الالتزامات في ضوء المنطق والفلسفة، الزلمي، (٩٦).

**فەرمووده لە زاراوەدا:**

ئەوەیە کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لـە وتـە، یـان کـردار، یان ڕێگەپێدان، یان سیفەت، هەتاوەکو بێدەنگی و ئارامی و جوڵەکانیشی لە کـاتی بەئاگایی و نووستنیدا.[٢]

## گرنگیی و پێگەی دادگەریی

لە ئیسلامدا دادگەری پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش بـە هـۆی ئـەوەی کـە ئیسلام کۆتا ئـایینی ئاسمـانیی گشـتگیرتر و جیهـانگیرترینی ئایینەکانـە کـە گشـت لایەنەکانی ژیانی لەخۆ گرتووە، دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا هەنـدێك لـەو پێگە و گرنگیانە باس دەکەین:

**١ـ دادگەریی مەبەستێکی شەرعی و پێویستییەکی ئاینیە:**

دادگەری مەبەسـتێکە لـە مەبەسـتە سـەرەکییەکانی سیسـتەمی مرۆڤایـەتی کـە خودای گەورە لەپێناویدا پەیامبەر و پەڕتووکی بۆ نـاردوون تـاوەکو لـەنێو خۆیانـدا پراکتیزەی بکەن، خودا دەفەرموێت: ﴿لَقَـدْ أَرْسَـلْنَا رُسُـلَنَا بِالْبَيِّنَـاتِ وَأَنْزَلْنَـا مَعَهُـمُ الْكِتَـابَ وَالْمِيـزَانَ لِيَقُـومَ النَّـاسُ بِالْقِسْـطِ﴾ (الحديـد:٢٥). هــەر ئەمەشــە خــودا جێبەجێکردنەکەی لە واقیعدا پەیوەست کردووە بە باوەڕەوە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ﴾ (النساء:١٣٥) و ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ (المائدة: ٨). لەبەر ئەم پێگەیەشیەتی کە خودا دادگـەریـی واجب کردووە لە ڕووی ئایینیەوە لەسەر بەنـدەکانی کـە لـە نـاو خۆیانـدا پـەیڕەوی

---

[١] حاکمیَّــة الحــق وضــرورته في ســعي الإنســان، https://www.basaer-online.com، ڕۆژی سەردان: ٢٠١٨/١/٦ز.

[٢] فتح المغيث بشرح ألفية الحديث للعراقي، السخاوي، (١/ ٢٢)، وتحرير علوم الحديث، الجديع، (١/ ١٧).

بکەن و ستەم لەگەڵ یەکدی نەکەن[1]، خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ (النساء: ٥٨).

**٢ـ دادگەریی پێویستیەکی مرۆڤایەتی و ژیانییە:**

دادگەریی سیفەتێکە کە خودا فەرمانی کردووە و هانی مرۆڤایەتی داوە بۆ جێبەجێکردنی تاوەکو ژیان وماڵیان پارێزراو بێت و خوڕەوشت و بالاییان بەرز ڕاگرن، خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٩٠). هەر ئەم سیفەتەشە وا دەکات ژیانی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی ڕاوەستاو و چاکخواز و جێگیر بێت، دەبێتە بنەما و بناغەیەکی پتەویش بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداری و بنچینەیەکی تەواویش بۆ یەکگرتوویی و پەیوەستی و هاریکاری بە وەفایی لەناو کۆمەڵدا. لەم بارەشەوە یەکێك لە زاناکان کە باس لە پایە و بنەماکانی سەقامگیری و چاکسازی و ڕێکخراوەیی و خۆشگوزەرانی بارودۆخی دونیا و دەکات و پێی وایە شەش شت بنەمای سەرەکین بۆ ئەوانەی باسمان کرد یەکێکیان (دادگەرییەکی گشتگیر) واتە دادگەرییەك کە هەموو جومگەکانی مرۆڤایەتی لەخۆگرتبێت، لەو بوارەشدا دەڵێت: "بنەمای سێیەممان بریتیە لە: دادگەرییەکی گشتگیر، کە هۆگری و پێکەوەیی دەبەخشێت و دەبێتە هۆی گوێڕایەڵی، وڵات ئاوەدان دەکاتەوە و سامان و ماڵ گەشە دەکات و نەوە و وەچە زۆر دەبێت و دەسەڵاتیش لە ئاسایش و ئارامیدا دەبێت، هورموزان کاتێك ئیمامی عومەر دەبینێت خەوی لێکەوتووە دەڵێت: دادگەر بویت ئارام وئاسایشت هەبوو خەوت لێکەوت"[2].

---

[1] بڕوانە: مقصد العدل في حياة الصحابة، بحث منشور في مجلة المدونة، (١٥٦).

[2] أدب الدنيا والدين، الماوردي، (١١١، ١١٦).

بەپێچەوانەوە، نەبوونی دادگەریی دەبێتە هۆی وێرانکاری و بڵاوبوونەوەی ستەم و ترس و تۆقاندن و گەندەڵی لە هەموو بوارەکاندا و کاڵبونەوەی ئایین و دواجاریش لەناوچوون و خراپەکاری لەسەر زەویدا، خودا دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ الْقُرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِمْ مَوْعِدًا﴾ (الكهف: ٥٩): (چەندین گوندمان لەناوبرد کاتێك ستەمیان کرد)، پەیامبەریش (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "سیان لەناوبەرن، سیان ڕزگارکەرن، سیان کەفارەتن، سیانیش پلەن.... سیانە ڕزگارکەرەکە: دادگەریی لە تووڕەیی و ڕازیبوندا، ناوینی لەنێوان هەژاری و دەوڵەمەندیدا و ترس لە خودا لە نهێنی و ئاشکرادا،..."[1]. هەر لەسەر گرنگیەکەی، زانایان دەڵێن: دادگەریی ترازووی خوایە دایناوە بۆ بەندەکانی و دانراوە بۆ ڕاستی و ماف، ئەوجا پێچەوانەی ترازووی خوا مەبنەوە و دژی دەسەڵاتیشی مەبن و لە دادگەریدا پشت بە دوو سیفەت ببەستن: کەمی چاوچنۆکی و زۆری وەرع و لەخواترسان[2].

## ٣- پێغەمبەران فەرمانپێکراون بە جێبەجێکردنی دادگەریی:

یەکێك لە هەرە مەسەلە گرنگەکان کە پەیوەستە بە پێگە و گرنگیی دادگەریی، ئەوەیە کە پێغەمبەران نێردراون بۆ جێبەجێکردنی دادگەریی لەناو کۆمەڵەی خەڵکدا، ئەمەش وەك فەرمانی ئیلاهی کاریان بۆ کردووە و بەدەم فەرمانی خواوە ڕۆشتوون، خوا دەفەرموێت: ﴿فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ (الشورى: ١٥)، لێرەدا دەکرێت سەرنجێك بدەینە سەرەتا و کۆتایی ئایەتەکە، دەبینین پەیوەندییەکی

---

[1] المعجم الأوسط، الطبراني، بَابُ الميم، من اسمه محمد، (٦/ ٤٧)، رقم (٥٧٥٤)، وقال الألباني: حسن لغيره: صحيح الترغيب والترهيب، (٣١٢/١)، رقم (٤٥٣).

[2] الماوردي، سەرچاوەی پێشوو، (١١٦).

ئاشكرا لەنێوانیان هەیە، لە سەرەتایدا خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەکات بە ڕاوەستاوی ﴿وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾ و لە کۆتایدا بە ﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ﴾ دادگەریی بکەم لەنێوانتاندا – تەواو دەبێت، لە ڕاڤەیدا هاتووە کە فەرمانم پێکراوە بە فەرمانی گەیاندن و شەرعی خوا بۆ ئەوەی دادگەریی بکەم لەنێوانتاندا[1]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشەی (ڕاوەستاو) مانای دادگەرییکردنی تێدایە، لە پێناسەکانیشدا باسمانکردووە کە وشەی دادگەریی مانای ڕاوەستاوی لەخۆ دەگرێت، هەر بۆیەش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم شێوازە ڕەوانبێژییە ئیعجازییەی خوا بەوە ڕوون دەکاتەوە کە فەرمانی ڕاوەستاوییەکە فەرمانکردنە بە دادگەریی لەنێوان خەڵکدا لە هەموو بوارەکاندا بەبێ جیاوازی لەنێوان گەورە و بچووك، یان تایبەتمەندکردنی کەسانێك و دوورخستنەوەی کەسانێکی تر بەبێ هۆ، بەڵکو پارێزگاریکردن لە هەموان و یەکسانبوونیان لە بەرامبەر شەرعی خوادا[2].

### ٤ـ دادگەریی بناغە و بونیاتی هەردوو جیهانی بینراو و غەیبە[3]:

دادگەریی بە کۆڵەکە و بنچینەی جیهان و بوون دادەنرێت، چونکە بێ ئەم بناغەیە مەحاڵە ڕەوتی ژیانەکان بەردەوام بێت، هەر بۆیەش خودای گەورە لە چەندین دەقدا باس لە بوون و پەیڕەوی دادگەرییمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی تێبگەین کە چەند گرنگە و مانای بەردەوامیەتی ژیانی کامەرانی پێوە بەندە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾، هەروەها بناغەشە بۆ دادگاییەکی دادگەرانە لە جیهانەکەی دیکەدا، وەکو خوا دەفەرموێت: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا

---

[1] المحرر الوجيز في تفسير كتاب العزيز، ابن عطية، (٥/ ٣٠).

[2] بڕوانە: البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، ابن عجيبة، (٥/ ٢٠٤).

[3] بڕوانە: العدل مقصد الشرع الأعظم وتجليات في أصول التشريع وقواعده، مونة، (٧١– ٧٢).

بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ﴾ (الأنبياء: ٤٧)، واته: (ئێمه پێوەر و تەرازووەکانی دادپەروەری لە ڕۆژی قیامەتدا دادەنێین، جا هیچ کەس بەهیچ شێوەیەك ستەمی لێناکرێت، ئەگەر بەقەدەر تۆوە خەرتەلەیەك... دەیهێنێتە مەیدان جا ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە ئاوا بە وردی حساب و لێپرسینەوە ئەنجام دەدەین)[1]، لەپێش ئەمانەشدا دادگەریی بە بناغەیەکی تۆکمە و تەواو دادەنرێت بۆ بوون و ژیانێکی بەردەوامی شەرەفمەندانە و دادپەروەرانە بۆ مرۆڤەکان، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾، ڕێباز و ڕێگای خوا لەم کەونەدا لەسەر بناغەی دادگەریی وەستاوە، بۆیە زانایانیش دەڵێن: "خەڵکان کۆکن و جیاوازییان نیە لەسەر ئەوەی کە ستەم داهاتوویەکی خراپ و پێنەگەیشتووی دەبێت و داهاتووی دادیش سەرکەوتوو و پێگەشتوو تەندروست دەبێت، بۆیە گێڕاویانەتەوە دەڵێن: خوا دەوڵەتێکی دادگەر سەردەخات ئەگەر کافریش بێت و دەوڵەتێکی ستەمکاریش سەرناخات ئەگەر ئیمانداریش بێت"[2].

ئەمانە و چەندین گرنگی دیکە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە مەسەلەی دادگەریی گرنگیەکی زۆر و پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵدا، بەو پێیەی یاسایە بۆ چارەسەرکردنی هەژاری و بنەمایە بۆ یەکسانی و پێویستیە بۆ ڕێزی تاك و مافەکانی و پاراستنیان، بۆیە دەکرێت بڵێین پێویستیەکی ژیانە بەبێ دادگەریی ژیان و کۆمەڵگە ڕاوەستاو نابێت، بەڵکو دەبێتە کۆمەڵەیەك کە ستەم و کوشتن و گەندەڵی تیایدا بڵاوببێتەوە.

---

[1] تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان، أمین، (٣٢٦).

[2] الحسبة في الإسلام، ابن تيمية، (٧).

## بەڵگەکانی بناغەی مەقصەدی دادگەریی و فەرمانپێکردنی

### بەڵگەکانی بناغەی مەقصەدی دادگەریی

بەڵگانێکی دەقیمان لەبەردەستە تاوەکو ببێتە بەڵگە لەسەر بوونی بناغەیەکی دادگەریی پتەو و بەهایەکی باڵا و گونجاو و ببێتە بنەمایەك و مەقصەدێکی ڕەسەن و بنچینەیی لە مەقاصید و بنەما شەرعیەکانی ئیسلام، ئەم بەڵگانەش خۆی دەبینێتەوە لە قورئان و فەرموودەدا:

**یەکەم: دەقی قورئان:**

لێرەدا ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە هەندێك لە دەقەکان بکەین کە باسی دادگەریی دەکات، لەوانەش:

١ـ خوا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلايَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ (المائدة: ٨).

٢ـ خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ (النساء: ٥٨).

٣ـ خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٩٠).

٤ـ خوا دەفەرموێت: ﴿فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ (الشورى: ١٥).

٥ـ خوا دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ (الأعراف: ٢٩).

**دووەم: لە فەرموودەدا:**

فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، جا وتەیی یان کرداری، یان ڕێگەپێدانی بێت، فەرموودانێکی زۆر هەیە لەبارەی دادگەرییەوە، کە لێرەدا ئەو بوارە نیە هەمووی باس بکەین، بۆیە هەندێکی کەم لەو فەرموودانە وەك گوڵبژێرێك لە گوڵزاری فەرموودەکان باس دەکەین:

١- پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "دادپەروەرەکان لای خودان لەسەر مینبەرانێکن لە نوور... ئەوانەش ئەوانەن دادگەرییان کردووە لە فەرمانەکانیان وماڵیان و هەر شتێك سەرپەرشتکاری بووبن و گرتبێتیانە دەست"[١].

٢- نوعمانی کوڕی بەشیر (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "دادگەربن لەنێوان کوڕەکانتاندا، دادگەربن لەنێوان کوڕەکانتاندا"[٢].

٣- عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: "پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە دابەشکردنی لە نێوان خێزانەکانیدا بکردایە دادگەرانە دەبوو"[٣].

٤- دەگێڕنەوە جارێکیان وشتری بەڕائی کوڕی عازب دەچێتە باخی کەسێکی دیکەوە و خراپی دەکات، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) بڕیار دەدات خاوەن

---

١ موسلیم ڕیوایەتی کردووە، (٣/ ١٤٥٨).

٢ ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە، (٥/ ٤٠٣)، ئەلبانی لە (صحیح سنن أبی داود)دا تەصحیحی کردووە، (٥/ ٤٠٣)، ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە، مسند الكوفيين، مسند النعمان بن بشير، (٣٠/٣٧٣) (١٨٤٢٢).

٣ تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە، باب ما جاء في التسوية بين الضرائر، (٢/٤٣٧) (١١٤٠)، ئیبن ماجە ڕیوایەتی کردووە، (١/ ٢٠٠٩)، أبواب النكاح، باب القسمة بين النساء، (٣/١٤٤)، ر(١٩٧١).

باخـــەکان بـــە ڕۆژ باخـــەکانیان بپـــارێزن و خـــاوەن مـــەڕ و ماڵاتـــەکانیش بـــە شـــەو ئاژەڵەکانیان بپارێزن تاوەکو زیان و زەرەر بە خەڵکی نەدەن[1].

ئەگەر سـەیری ئـەم فەرموودانـە – دەیـان فـەرموودەی دیکـەش – بـە هـەردوو بەشـەکەیەوە، چ وتـە پرشـنگدارەکانی پێغەمبـەر و کـرداره جوانـەکانی بکـەین، دەبینین هەر هـەموویان چەسـپاندن و پتـەوکردنی ڕۆح و بـەهای بـاڵای مەقصـەدی دادگەرییە لە ناو گیان و ڕۆحـی هـاوەڵان و موسـڵماناندا و جەختکردنەوەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە دادگـەریی گـرنگترین مەقاصـیدەکانی شـەریعەتی ئیسـلامە، ئـەوەش دەبینین کەدادگەریی هاوتەریبە و پەیوەستە و چووەتە نێو گشت بوار و لایەنەکانی ژیانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، چ لە ماڵـەوە، یـان وەك ئیمامێـك، یان وەك قازیەك، یان وەك سەرۆكێك بووبێت.

## فەرمانکردن بە دادگەریی

دەقە شەرعییەکان لە چەندین شوێندا فەرمانمان پێ دەکەن بـە جێبـەجێکردنی دادگەریی، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی پابەندبین بـەم کـارە مەزنـەوە بـۆ مرۆڤایەتی، هەروەها پیاهەڵدانی ئەو کەسانەی کردووە کـە هەڵدەسـتن بـەم کـارە، چونکە پێویستە کەسـانێك هەسـتن بـەم کـارە و پاداشـت بدرێنـەوە لەسـەری، لـەو دەقانەش:

١ـ خوا دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ﴾، واتـە: (بەڕاسـتی خـوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چـاکەکاری و یارمەتیـدان و بەخشـندەیی)[2]، ئـەو دادگەرییەی لێرەدا خوا فەرمانی پێکردووە دادگەریی لە مافی خوا و مـافی بەنـدەکان

---

[1] ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە لە سونەنەکەیدا، کتاب البیـوع، بـاب المواشـی تفسـد زرع قـوم، (٥/ ٤٢١)، ر(٣٥٦٩)، ئەلبانی لە (صحیح سنن أبی داود)دا تەصحیحی کردووە، (٢/ ٣٩٠).

[2] أمین، سەرچاوەی پێشوو، (٢٧٧).

لەخۆدەگرێت، دادگەریش لێرەدا پێدانی گشت مافە بەردەستەکانە، ئەویش بەوەی بەندەکان هەچ مافێك و واجبێکیان لەسەر بێت لەبارەی مافە دارایی و جەستەیی، یان هەردووکیانەوە لە ماف خوا و بەندەکان دەبێت بیدەن و دەستەبەری بکەن بۆ خاوەن مافەکان[1].

٢ـ خوا دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ﴾ (النساء: ١٣٥)، واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەری بن و شایەتی بۆ خوا بدەن)[2].

٣ـ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "دادپەروەرەکان لای خوان لەسەر مینبەرانێکن لە نوور.... ئەوانەش ئەوانەن دادگەرییان کردووە لە فەرمانەکانیان ومالّیان و هەر شتێك سەرپەرشتکاری بووبن و گرتبێتیانە دەست".

٤ـ ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەڵێت: "حەوت کۆمەڵە لە ژێر سێبەری عەرشی خوادان، ڕۆژێکە هیچ سێبەرێك نیە تەنها سێبەری ئەو نەبێت: ئیمامێکی دادپەروەر..."[3].

٥ـ نوعمانی کوری بەشیر لەسەر مینبەرەوە وتی: باوکم بەخششێکی پێبەخشیبوم، عومرەی کچی ڕەواحە ـ دایکی ـ وتی من ڕازی نابم تاوەکو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شایەتی لەسەر نەدات، باوکی هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وتی: من بەخششێکم داوە بە کوڕێکم لە عومرەی کچی ڕەواحە، ئەویش فەرمانی پێکردم کە تۆ ئەی پێغەمبەر شایەت بێت لەسەری، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: مندالّەکانی دیکەشت هەمان بەخششت پێداون،

---

[1] تیسیر الکریم الرحمن في تفسیر کلام المنان، السعدي، (٤٤٧).

[2] أمین، سەرچاوەی پێشوو، (١٠٠).

[3] بوخاری ڕیوایەتی کردووە، کتاب الزکاة، باب الصدقة بالیمین، (٢/ ٥١٧)، ر(١٣٥٧).

وتی: نەخێر، فەرمووی: تەقوای خوا بکەن و دادپەروەر بن لـەنێوان منداڵەکانتانـدا. نوعمان وتی: باوکم گەڕایەوە و بەخششەکەی گەڕاندەوە[1].

ئەمانەو چەندین بەڵگەی دیکەی قورئان و سوننەت هەن کـە بناغەیـەکی پتـەو و دروسـتن بـۆ دادگـەریی و فـەرمانکردن پێـی لەلایـەن کۆمـەڵ و تاکـەکان تـاوەکو دادگەریی ببێتە ڕێبازێکی بنچینەیی بۆ ژیان و بوون و داهاتوو.

## فەرموودەکانی پێغەمبەر وەك بناغەیەکی مەقاصدی بۆ دادگەریی:

### جۆر و بوارەکانی دادگەریی و پراکتیزەکردنی وەك بناغەیەکی مەقاصیدی لە سۆنگەی ژیانی پێغەمبەرەوە

خـودای گــەورە محەمــەدی (دروودی خــوای لەســەر) هەڵبــژاردووە لــە نێــو ئادەمیزادەکانـدا و کردویەتییـە پێغەمبـەر و ڕێنمـوون و ڕەحمـەت بۆیـان، تـاوەکو ڕێنیشاندەر و سەرمەشقیان بێت لە کار و کردەوەیاندا و ئایینیان بـۆ ڕاڤـە و بـەیان بکات، بۆیـە پابەنـدبوون و گوێڕایـەڵی واجـب و پێویسـت بـووە لەسـەر خـەڵکی بـە فەرمانی خوا و گوێڕایەڵی بۆی گوێڕایەڵییە بۆ خودا، وەك خـوا دەفـەرموێت: ﴿مَـنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَـا أَرْسَـلْنَاكَ عَلَـيْهِمْ حَفِـيظًا﴾ (النسـاء: ٨٠)، ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّـلَ وَعَلَـيْكُمْ مَـا حُمِّلْـتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُـولِ إِلا الْـبَلاغُ الْمُـبِينُ﴾ (النـور: ٥٤)، لـە بەرامبـەر ئەمەشدا ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەکات تووشی سـزا و خەشمی خـوا دەبێتـەوە وەك خـوا دەفـەرموێت: ﴿لا تَجْعَلُـوا دُعَـاءَ الرَّسُـولِ بَيْـنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنْكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْـذَرِ الَّـذِينَ يُخَـالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣)، لەم ڕوانگەوەیە کە

[1] بوخاری ڕیوایەتی کردووە، كتاب الهبة وفضلها، باب الإشهاد في الهبة، (٢/ ٩١٤)، ر (٢٤٤٧).

دەڵێین ژیان و ژینی پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەبێـت ببێتـە سەرچـاوە و بناغە بۆ پەیڕەوی دادگەریی.

ئەگەر بە وردی سەیرێکی ژین و ژیانە پڕ مانا و پڕشـنگدار و کـردەوە و وتـە بـە بەها و باڵاکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر) بکـەین، هـەموویان پڕاوپـڕ بـریتی بوون لە جێگیرکردن و پتەوکردنی بەها باڵاکانی دادگەریی لە نێو هەست و گیـان و دیدگای کۆمەڵی هاوەڵان و تاکەکانیشیاندا و جەختکردنەوە بووە لەسەر ئەوەی کە دادگەریی بنەما و مەقصـەدێکی گرنگـی مەبەسـتەکانی شـەریعەتە، بۆیـەش ئەگـەر ڕاڤەیەکی وردی ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکەین دەبیـنین دادگـەریی پەیوەست بووە و چووەتە نێو گشت لایەنەکانی ژیانییەوە، بۆیـە لێـرەدا پێویسـتە هەندێك لـەو بـوار و لایەنـە بـاس بکـەین، کـە لێوانلێـو ڕەنگـی داوەتـەوە لـە ژیـانی پێغەمبەردا (دروودی خـوای لەسـەر) و جێبـەجێیکردووە و بووەتـە تەشـریعیش بـۆ هاوەڵان و باوەڕداران لە دوای خۆی، چونکە یەکێك لە هەرە بەرژەوەندییە پێویست و گرنگـەکان بـۆ مـرۆڤ بریتیـە لـە دادگـەریی، کـە ئەمـەش تەرازوویەکـە بـۆ بەدەستخسـتنی چـاکە و دورکەوتنـەوە لـە خراپـەوە بـە سیسـتەمێکی گشـتیش دادەنرێت بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵ، بەبێ بوونی دادگەریی پشـێوی و گێرەشـێوێنی و کوشـتن ڕوو دەدات و دەبێتـە خراپـەکاری و داڕمـانی سیسـتەمی حـوکم و ژیـانی کۆمەڵ.

## بناغەی مەقاصیدی بۆ تێگەی کۆمەڵایەتی و بوارەکەی:

جۆرێك لە جۆرەکانی دادگەریی کە لە پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) ڕەنگی داوەتەوە و لە هەوێنی ژیانیدا بـووە و وەك بناغەیـەکی مەقاصـیدی ژیـانیش کـاری لەسەر کردووە بۆ ئەوەی خەڵك بەگشتی و باوەڕدارانیش بەتایبەتی پەیڕەوی بکەن: بواری بناغە مەقصەدیەکە بووە بە تێگەوپێگەی کۆمەڵایەتی، ئەویش بریتی بووە لە

دادگەریی لە دابەشکردنی سامان و سەروەت و فەراهەمکردنی بواری کار و پیشە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ و پێدانی ماف بە خاوەن ماف و کارمەند و کرێکارەکان و هاوکاری و پاڵپشتیکردنی هەژار و کەمدەرامەتەکانە بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ فەراهەم بکات لە کۆمەڵدا[1]، جێبەجێکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانیش لە ژیانی خۆیدا پێش پێغەمبەرایەتی و دوای پێغەمبەرایەتی ڕەنگی داوەتەوە کە ئەمەش کاریگەریی گرنگی هەبوو لە ژیانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر)، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەوە ناسراو بووە کە ڕاستگۆ و چاکخواز و خاوەن ئاکاری بەرز و چەندین سیفاتی باڵای هەبووە کە لە هەموو ڕوویەکەوە گەیشتووەتە ئەوپەڕی مرۆڤایەتی. پێویستە دادگەریی کۆمەڵایەتی لەسەر چەند بنەمایەکی مەقاصیدی بونیاد بنرێت لەوانەش یەکسانی و هاریکاری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، لێرەشدا چەند نموونەیەکی دادگەریی وەك بناغەیەکی مەقاصیدی لە ژیانی پێغەمبەردا باس دەکەین:

### ١- مەقصەدی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی:

یەکێکە لە بنەما گشتییە مەقاصیدییەکان کە ئیسلام فەرمانی پێکردووە و چەسپاندوویەتی و لە ژیانی پێغەمبەریشدا ئەم بنەمایە ڕەنگی داوەتەوە و هاوەڵانی لەسەر ڕاهێناوە. یەکێك لەو نموونانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بناغەی مەقاصیدی داناوە بۆ دادگەریی کۆمەڵایەتی، ئەویش ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بوو لەنێوان هۆزەکانی قوڕەیشدا کاتێك کە جیاوازی و دووبەرەکی کەوتبووە نێوانیان لەسەر ئەوەی کێ بەردە ڕەشەکە دابنێت لە شوێنی خۆیدا، تا کار گەیشتە ئەوەی کە زەنگی شەڕکردن لێ بدەن، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە دادگەریی و دانایی خۆی کارەکەی بۆ جێبەجێکردن و داوای کرد کراسێکی بۆ بێنن و بەردەکە

---

[1] بڕوانە: العدل الإجتماعي في الإسلام، الحسيني، (١٦).

بخەنە ناوی و هەر یەك كەس لە هۆزێكیش لایەكی كراسەكە بگرێت و بەردەكەیان هەڵگرت و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خستیە شوێنی خۆی[1]، بەم كارە دادگەرانەشی بەردی بناغەی هاوكاری و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی دامەزراند.

## ٢ـ گەڕانەوەی ماف بۆ ستەملێكراو:

یەكێك لە گرنگترین بناغەكانی دادگەریی پارێزگاریكردنە لە ماف و كەرامەتی خەڵك بەتایبەت زوڵملێكراوان، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە سەرەتای ژیانیەوە تا كۆتایی مەبەستی بووە كەس ستەمی لێنەكرێت لە ژێر هیچ ناو و نیشانێكدا بێت، بۆیەش دەبینین پێغەمبەری خودا بەشداریی چەندین كاری چاكخوازی و یارمەتیدانی ستەملێكراوانی كردووە پێش پێغەمبەری و دوای بوون بە پێغەمبەریشی، وەكو: بەشداریكردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە پەیماننامەی (فضول)دا لە ماڵی عەبدوڵڵای كوڕی جەدعان، كە گەڕانەوەی ماف و سەرخستنی زوڵملێكراو بوو، هەرچەندە ئەم پەیماننامە پێش پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوو، بەڵام بەهۆی ئەو گرنگییەوە كە هەیبوو دوای بە پێغەمبەربوونیشی پشتگیریی دەكات وەك دەفەرموێت: "لا حلف في الإسلام، وأيما حلف كان في الجاهلية لم يزده الإسلام إلا شدة"[2]، دەڵێت ئەگەر جارێكی دیكەش بانگبكرێمەوە لە ئیسلامدا وەڵام دەدەمەوە، وەكو دەفەرموێت: "لقد شهدت في دار عبد الله بن جدعان حلفا ما أحب أن لي به حمر النعم، ولو أدعي به في الإسلام لأجبت"[3].

---

[1] البداية والنهاية، ابن كثير، (١/ ٢٨٠– ٢٨١).

[2] موسلیم ڕیوایەتی كردووە، كتاب فضائل الصحابة، باب مؤاخاة النبي بين أصحابه ـ رضي الله تعالى عنهم ـ (٤/ ١٩٦١)، ر (٢٥٣٠).

[3] بەیهەقی ڕیوایەتی كردووە، سنن البيهقي الكبرى، كتاب قسم الفيء والغنيمة، باب إعطاء الفيء على الديوان ومن يقع به البداية، (٦/ ٥٩٦)، ر (١٣٠٨٠).

### ٣- بناغەی یەکسانی و ڕێزگرتن و هاریکاریی کۆمەڵایەتی:

بەڕێزترین بوونەوەر لەم بوونەدا ئادەمیزادە، کە خودا بە باشترین شێوە و شێواز دروستی کردووە و ژیریی پێداوە و ڕێنوینی کردووە بەرزی کردووەتەوە بەسەر بوونەوەرەکانی دیکەدا و وەکو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ (الإسراء: ٧٠)، ئەم ڕێزەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئادەمییەکان هەموویان نەوەی یەك کەسن، هیچ کەسیان لەوی دیکەیان بەرزتر و زیاتر نییە، ئیسلامیش وەك دوا ئایین بنەماکانی لەسەر یەکسانی و ڕێزگرتنی تاکەکان و مافەکانیان بونیاد ناوە و جەختیشی لێدەکاتەوە، هەر ئەمەشە ئیسلام تەکلیف و فەرمان بە هەموان دەکات بەبێ جیاوازیی لە ڕەنگ و هۆز و تیرە و...، ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "الناس كأسنان المشط"[1]. لە فەرموودەی دیکەدا دەفەرموێت: "إن الله عز وجل قد أذهب عنكم عيبة الجاهلية و فخرها بالآباء، ومؤمن تقي، وفاجر شقي، أنتم بنو آدم، وآدم من تراب"[2].

لەم سۆنگەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هیچ کات خۆی جیانەکردووەتەوە لە هاوەڵانی، بەڵکو وەك یەکێك لەوان مامەڵەی کردووە و بەشداربووە لە خۆشی و ناخۆشیاندا و هاوکار و هەماهەنگ بووە لە کارەکانیاندا و هەمیشە ویستوویەتی ئەم بناغانە لە کرداردا ڕەنگ بداتەوە و بیکەنە بنچەیەکی سەرەکی بۆ دادگەریی لەبری ڕقوقین و تۆڵە و خۆ بەگەورە زانین .....، وەك عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "كنا يوم بدر كل ثلاثة علي بعير،

---

[1] (القضاعي) ڕیوایەتی کردووە، مسند الشهاب، (١/ ١٤٥)، ر(١٩٥).

[2] ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە، کتاب الأدب، باب التفاخر بالأحساب، (٧/ ٤٣٨)، ر (٥١١٦)، تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە، أبواب المناقب عن رسول الله، باب في فضل الشام واليمن، (٦/ ٢٢٨)، ر (٣٩٥٥)، تیرمزی دەڵێت: وهذا حديث حسن، واللفظ لأبي داود.

كان أبو لبابة وعلي بن أبي طالب زميلي رسول الله ـ صلي الله عليه وسلم ـ. قال: وكانت عُقْبَة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: فقالا نحن نمشي عنك، فقال: "ما أنتما بأقوى مني، ولا أنا بأغنى عن الأجر منكما"[1]، واته: (ڕۆژی بەدر هەر سێ کەس و لەسەر وشترێك بوون، ئەبو لوبابە و عەلی کوڕی ئەبو تالیب هاوسەفەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوون، لە سواربوونی یەك وشتردا، هەچ کاتێکیش سەرەی پێغەمبەر بهاتایە بۆ دابەزین لەسەر وشترەکە دەیانوت ئێمە دادەبەزین و بە پێ دەڕۆین و تۆش لەسەر وشترەکەبە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی کەستان ئەوەندەی من بەهێز نین بۆ ڕۆشتن بە پێ، بەڵکو من لە ئێوە بەهێزترم، ئێوە ئەگەر پاداشتان دەوێت منیش دەمەوێت و پێویستم پێیەتی و لەسەر وشترەکە دادەبەزم کاتێك سەرەی خۆم هات)[2]. ئەمە یەکێکە لە شاکار و هەڵسوکەوتە جوان و باڵاکانی بناغەی دادگەریی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە پێی خۆش نەبووە خۆی جیاکاتەوە لە هاوەڵانی، بەڵکو بە پێویستی زانیوە، کە لەگەڵیاندا هاوبەشی ڕێگا و زەحمەت و ناڕەحەتیەکانیان بێت، ئەمەش یەکسانی و هاریکاریی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەردەخات لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و کردوویەتیە بناغەیەکی مەقاصیدی بۆ کاری موسڵمانان لە بواری دادگەریی کۆمەڵایەتیدا.

ئەمانەو چەندین نموونە و بەڵگەی دیکە لەو بوارەدا کە هەموویان بەڵگە و تەشریعن بۆ ئێمە تاوەکو بتوانین بیکەینە بناغەیەکی کردەیی بۆ دادگەریی لەم سەردەمەماندا نەك دوورکەوتنەوە لەو مەقاصیدە جوانانە بە بیانووی جیاواز.

---

[1] ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە: مسند المكثرين من الصحابة، مسند عبد الله بن مسعود (٧/ ١٧)، ر (٣٩٠١)، حاكم ڕیوایەتی کردووە: المستدرك على الصحيحين، كتاب المغازي والسرايا (٣/ ٢٣)، ر (٤٢٩٩): هذا حديث صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه.

[2] بڕوانە: المفاتيح في شرح المصابيح، المظهري (٣٨٦).

**بناغەی مەقاصیدی بۆ پتەوکردنی بنەماکانی خێزان و خێزانداریی:**

فــەرموودەکانی پێغەمبــەر (دروودی خــوای لەســەر) و ئــەزموون و کــار و کردەوەکانی ژیانی ئەوەمان پێ دەڵێت کە مەبەست لە شەریعەت و جێبەجێکردنی بەدەستهێنان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە بۆ خەڵك و دوورخستنەوەی خراپەیە لێیان، بەو پێیەشی کە بونیاد و بنچینەی کۆمەڵایەتی لەخێزانەوە دەستپێدەکات، بۆیە مەسەلەی خێزان و خێزانداری لە ئیسلامدا بەها و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و فەزایەکی فراوان لە ئەحکامەکانی شەریعەتیش باسی دەکات، زۆربەی ئەم ئەحکامانە پەیوەستن بە مەقاصیدەکانی شەریعەتەوە و لەپێناویدا دانراون، ئەمەش وەك باسمان کرد لە ڕێگەی کردەوە و وتەکانی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بناغەیان بۆ دانراوە، لەویشەوە سەرچاوەی تەشریعیان وەرگرتووە بۆ هەموو خێزانەکان و بۆ هەموو کات و شوێن و ژینگەیەك دەگونجێت، لەبەر گرنگی ئەم بابەتە پێویست دەکات چەند تەوەرێك بخەینە ڕوو، ئەوانیش بریتین لە:

**١- بناغەی مەقاصیدی بۆ دادگەریی پارێزگاری و پارێزبەندی بۆ خێزان و خێزانداریی:**

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئەو هەموو کار و مەشغەڵەتەی کە هەیبوو چ وەك پێغەمبەرێك، یان سەرۆکێك، یان سەرکردەیەکی سەربازیی، بەڵام هیچ کات دادگەریی خێزانی لەبیر نەکردبوو ئەویش لەسەر بناغەی مەقصەدی پارێزگاریکردن لە خێزان و فەزای خێزانداری، بەو پێیەی پارێزگاریکردن لە خێزان لە پێویستی و زەروریاتەکانی ژیانە بۆ بەردەوامی، بۆیە پێویستە بپارێزرێت و چاودێری لێبکرێت و گرنگی خۆی پێ بدرێت. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هیچ کات ئەم هەست و پاڵنەرە ناخییەی ئادەمیزادی وەلا نەناوە و دایپۆشێت بێ چارەسەر، بەڵکو بەردەوام ڕێگای گونجاو شیاوی بۆ دۆزیوەتەوە و موسڵمانانی

هانداوە ئەو ڕێگایانە بگرنەبەر، ئەویش بریتی بووە لە دادگەریی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ و دانانی بناغەیەکی مەقاصیدی بۆ خێزانداری لەسەر بنەمای پارێزبەندی و پاکڕاگری بۆ تاکەکان وەك دەفەرموێت: "یامعشر الشباب من استطاع الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء"[1]، دەشفەرموێت: "ثَلاَثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللَّهِ عَوْنُهُمْ: المُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَالمُكَاتَبُ الَّذِي يُرِيدُ الأَدَاءَ، وَالنَّاكِحُ الَّذِي يُرِيدُ العَفَافَ"[2]، ئەمەش بریتی بووە لەوەی کە گەنجەکانی کۆمەڵ هان بدات بۆ ئەوەی مەقصەدی (بوون) کۆتایی نەیەت، بەڵکو بەردەوامیەتی هەبێت ئەویش بەهۆی هاوسەرگیرییەوە هەروەك لە فەموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: "تَنَاكَحُوا تَكْثُرُوا فَإِنِّي أُبَاهِي بِكُمُ الأَمَمَ يوْمَ الْقِيامَةِ"[3]، چونکە گەر خێزان و بنەما و سودەکانی- کە بریتین لە: منداڵ، شکاندنی شەهوەت، بەڕێکردنی ماڵ، زۆری عەشرەت، هەوڵدان بۆ بەڕێکردنی کاروباری خێزانەکان[4]- بوونی نەبوو دادگەریی خێزانیش بوونی نابێت، بۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) جەختی کردووەتە سەر خێزانی تۆکمە و دادگەر و پارێزراو.

**٢- دادگەریی لەنێوان منداڵ و خێزانەکاندا:**

یەکێکی دیکەش لە بناغەکانی دادگەریی خێزانی پێکهاتووە لە دادگەریی لە نێوان منداڵ و خێزانەکان، دادگەریی پێویستە بوونی هەبێت لە هەموو لایەنەکانی

---

[1] بوخاری ریوایەتی کردووە: كتاب النكاح، باب من لم يستطع الباءة فليصم (٥/ ١٩٥٠)، ر (٤٧٧٩).

[2] تیرمزی ریوایەتی کردووە: أبواب فضائل الجهاد عن رسول الله، باب ما جاء في المجاهد والناكح والمكاتب وعون الله إياهم (٣/ ٢٣٦)، ر (١٦٥٥)، وقال الترمذي هذا حديث حسن، ئەلبانی تەصحیحی کردووە: الألباني، صحيح سنن الترمذي (٢/ ٢٣٦).

[3] بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە (٧/ ١٢٥)، ر (١٣٤٥٧)، ئەلبانی دەڵێت: بەکۆی ڕێگاکانی فەرموودەکە لای من صەحیحە: سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها (٤/ ٣٨٥- ٣٨٨).

[4] بڕوانە: الغزالي (٢/ ٣٥) وما بعدها.

ژیـانی خێزانیـدا، چـونکە مانـەوەی خێـزان و منـداڵ بـەوەوە بەنـدە. یـەکێك لـە بەخششەکانی خوا بۆ بەنـدەکانی بەخشـینی منداڵـە پێیـان، کـە جـوانی و دڵگـیری ژیانن وەك خوا دەفەرموێت: ﴿المَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ (الكهف: ٤٦)، کـە دایکان و باوکان لەگەڵ پەروەردەکردنیاندا هەموو ئومێدێکی خۆیانیان پێوەگرێداون و بە توێشووی داهاتووی خۆیانیانی دەزانن. لەم ڕوانگەشەوەیە کە ئیسـلام گرنگـی زۆری داوە بە منداڵ و ماف و پەروەردەکردنیان، بەوشێوەی دادگەریی لەنێوانیانـدا جێبەجێبکرێت و مافەکانیان نەخورێت لەلایەن باوانیانەوە و نابێت جیاوازی بکرێـت لەنێوان کوڕ و کچ، یان کوڕەکاندا یان کچەکاندا.

ئاشکرایە بوونی دادگەریی و جێبەجێکردنی پێویستە و زەرورە لە سەرجەم بوار و لایەنـەکانی خانەوادەییـدا لـە لایـەن سەرپەرشـتیاری خانـەوادەوە، بـەڵام لەسـەر بونیادێکی مەقاصیدی کە پارێزگاری بکات لە هاوسەنگی و هاوکێشەی بـوون، نـەك بە شێوازێکی دیکە، چونکە ئەگەری پەرچـەکرداری خراپـی دەبێـت بـۆ خانـەوادە و کۆمەڵ و بوونی ئادەمیزاد دەکەوێتە ترسـەوە و بـەرەو تیاچـوون دەچـێت[1]، بۆیـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بناغـەی مەقاصـیدی دانـاوە بـۆ ئـەم بـوارە تـا پەیڕەوی بکـەین و ژیـانی منـداڵ و نـەوەکانمان نەخەینـە مەترسـیەوە و یـەکێك لـە مەقاصیدەکانی شەریعەتیش لەدەست نەدەین، بۆیە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جەخت لە دادگەریی و بناغەکەی دەکاتەوە تاوەکو نەفس و شەیتان لەو درزەوە کەلێن نەخەنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری و خێزان و منداڵەوە، وەك نوعمان دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویـەتی: "اعـدلوا بـين أبنائكم. اعـدلوا بـين أبنـائكم. اعـدلوا بـين أبنـائكم"[2]، هـەروەها نوعمـان دەڵێـت:

[1] بڕوانە: رعاية النسل ومقصد الاستخلاف في الإجتهاد الأصولي، كروم، (١٩٨- ١٩٩).

[2] ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردووە: مسـند الكـوفيين، حـديث النعمـان بـن بشـير عـن الـنبي، (٣٠/ ٣٩٣)، ر (١٨٤٥٢)، ئەلبانی تەصحیحی کردووە: غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام، (١٦٨).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "قاربوا بين أبنائكم" يعنى سووا بينهم[1]، دەشفەرموێت: "اعدلوا بين أولادِكُم فى العطيَّةِ"[2]. لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چۆنیەتی پێدانی بەخشش و دیاری بۆ منداڵەکانمان بۆ باس دەکات، دەفەرموێت: "اعْدِلُوا بَيْنَ أَوْلادِكُمْ فِي النَّحْلِ كَمَا تُحِبُّونَ أَنْ يَعْدِلُوا بَيْنَكُمْ فِي الْبِرِّ، وَاللُّطْفِ"[3].

هەروەها لەبارەی دادگەریی خێزانەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دادگەرترین کەس بووە لەگەڵ خیزانەکانیدا، بۆیە بە کردارەکانی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە پێویستە بناغەیەکی مەقاصیدی هەبێت بۆ دادگەریی لەنێوان خێزانەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی چەند خێزانێکیان هەیە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە کاتی سەفەرەکانیشیدا بناغەیەکی دانا بوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، ئەم مامەڵەیە بوو بووە بناغەیەکی مەقاصیدی بۆ دادگەریی لە نێوانیاندا، وەکو عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) لەبارەی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: "كان رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ إذا أراد سفرا أقرع بين نسائه فأيتهن خرج سهمها خرج بها معه وكان يقسم لكل امرأة منهن يومها وليلتها" غير أن سودة بنت زمعة وهبت يومها وليلتها لعائشة زوج النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ تبتغي بذلك رضا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ[4]، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر مەقصەدی دادگەریی جێبەجێ

---

[1] ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە: مسند الكوفيين، حديث النعمان بن بشير عن النبي، (٣٠/ ٣٩٣)، ر (١٨٤٥١)، قال المحقق: حديث صحيح.

[2] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: كتاب الهبة وفضلها، باب الهبة للولد وإذا أعطى بعض ولده شيئا، (٢/ ٩١٣).

[3] بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە: كتاب الهبات، باب ما يستدل به على أن أمره بالتسوية بينهم في العطية، (٦/ ٢٩٥)، ر (١٢٠٠٣).

[4] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: كتاب الشهادات، باب القرعة في المشكلات، (٢/ ٩٥٥)، ر (٢٥٤٢).

نەکەین لە بەرامبەردا سزای خوا ئامادەیە بۆ ئەو کەسانە، وەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "من كانت له امرأتان، فمال إلى إحداهما جاء يوم القيامة وشقه مائل"[1]، بۆیە نابێت بەشێوازێکی نادادگەرانە هاوسەر مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ خێزانەکانی بکات، ئەگەر کێشە و ئاریشەی خێزانیش ڕوویدا، دەبێت دادپەروەرانە مەسەلەکە چارەسەر بکات، وەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەمەمان بە بناغەیەکی مەقاصیدی بۆ ڕوون دەکاتەوە لە چوارچێوەی ژیانی و مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکانیدا، وەك ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە دەڵێت: (كان النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ عند بعض نسائه فأرسلت إحدى أمهات المؤمنين بصحفة فيها طعام فضربت التي النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في بيتها يد الخادم فسقطت الصحفة فانفلقت فجمع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فلق الصفحة ثم جعل يجمع فيها الطعام الذي كان في الصحفة ويقول: "غارت أمكم". ثم حبس لخادم حتى أتي بصحفة من عند التي هو في بيتها فدفع الصحفة الصحيحة إلى التي كسرت صحفتها وأمسك المكسورة في بيت التي كسرت)[2]، ئەم کردەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کار و کردەوەکانی دیکەشی کە تەشریعن بۆ ئێمە ئەوەمان پێدەڵێن کە پێویستە بنەما گشتیە مەقاصیدیەکان لە هاوسەنگی و خۆشبەختی و کامەرانی خێزاندا پەیڕەو بکەین و بیکەینە بناغەیەك بۆ کار و بەڕێکردنی کاروباری خێزانی لە ژیانماندا.

---

[1] ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە: كتاب النكاح، باب في القسم بين النساء، (٣/ ٤٦٩)، ر (٢١٣٣)، ئەلبانی لە (صحيح سنن أبى داود)دا تەصحیحی کردووە، (١/ ٥٩٣).

[2] بوخاری ریوایەتی کردووە: كتاب النكاح، باب الغيرة، (٥/ ٢٠٠٣)، ر (٤٩٢٧).

## بناغەی مەقاصیدی بۆ کاربەدەستی و قەزاوەت و فەتوا[(١)]

لەڕاستیدا قەزاوەت و جێبەجێکردنی سنوورەکانی خوا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ کۆمەڵەی ئادەمی و تاکەکان، چونکە پێشکەوتن خۆشبەختی و گەشەی کۆمەڵ پەیوەندە بە بوونی دادگا و قەزاوەت و دادوەرییەوە، بە بوونی ئەمانە لە هەر کۆمەڵێکدا ئارامی و ئاسایش و دادگەریی و خۆشگوزەرانی بڵاودەبێتەوە، هەموو خاوەن مافێکیش مافی خۆی وەردەگرێتەوە، ستەمکاریش لە دەرچوونی لە سنووری خۆی دەوەستێنرێت، ئەمەش وایکردووە کە ئیسلام فەرمان بکات بە جێبەجێکردنی دادگەریی و چاکە بەسەر خەڵکدا نەك بەتەنها موسڵمان[(٢)]، بۆیە لێرەدا واپێویست دەکات کە لە خۆمان بپرسین ئایا ئێمە تا چەند پێویستە دادگەریی جێبەجێ بکەین لەناوماندا؟، ئەو دادگەرییەی کە خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەیانەوێت و پێویستە ئێمە قەزاوەت و فەرمانی پێ بکەین دەبێت چۆن بێت و لەپێناو چیدا بێت؟

لێرەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەمەی بۆ ڕوونکردوینەتەوە و بناغەیەکی مەقاصیدی کارکردنمان بە دادگەریی بۆ دادەنێت و دەفەرموێت: "ألا كلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته فالأمير الذي على الناس راع وهو مسئول عن رعيته والرجل راع على أهل بيته وهو مسئول عنهم والمرأة راعية على بيت بعلها وولده وهي مسئولة عنهم والعبد راع على مال سيده وهو مسئول عنه، ألا فكلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته"[(٣)]، لەم فەرموودەوە بەهاترین بناغەی مەقاصیدی بەدی دەکرێت، ئەویش پارێزگاریکردنە لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ لە لایەن

---

[١] پێناسەی قەزاوەت: الإِخْبَارُ عَنْ حُكْمٍ شَرْعِيٍّ عَلَى سَبِيلِ الإِلْزَامِ، الحطاب. مواهب الجليل في شرح مختصر خليل، (٦/ ٨٦).

[٢] بڕوانە: العدل في القرآن الكريم – دراسة موضوعية، أحمد، (١٢).

[٣] موسليم ڕیوایەتی کردووە: كتاب الإمارة، باب فضيلة الإمام وعقوبة الجائر، (٣/ ١٤٥٩)، ر (١٨٢٩).

فــــەرمانڕەوا و کاربەدەســـــتانەوە و چەســــپاندنی دادپەروەریـــــە لـــــە ڕێگـــــەی دادگەرییەوە[1]. لە فەرموودەیەکی دیکە دەفەرموێت: "ما من عبد يسترعيه الله رعية يمـوت يـوم يمـوت وهـو غـاش لرعيتـه، إلا حـرم الله عليـه الجنـة"[2]. هــەروەهــا دەفەرموێت: "ما من أمير يلي أمر المسلمين، ثم لا يجهد لهم وينصح، إلا لم يدخل معهم الجنة"[3]. لە تێگەشتمان بۆ ئەم فەرموودانە ئەو بەڵگەمان دەستدەکەوێت کە ڕووی قسەکان بـۆ فـەرمانڕەوا و قـازی و کاربەدەسـتانی میللەتـە کـە دەبێـت لـە تێگەشتنی مەقاصیدیەوە دادگەریی پـەیڕەو بکـەن و پابەنـدبن پێـوەی ئـەویش بـە دورکەوتنەوە لە فێڵ و غەش و پارێزگاریکردن لە ئایین و گیان و ماڵ و ژیان و ژیری خەڵك و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن و مامەڵەی دروست و نەرمیان لەگـەڵ بکـەن و هەموویان بە یەك چاو سەیر بکرێن و بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆیـەش زانایـان لێـرەدا ئـەوە دەخەنـە ڕوو کـە دادگـەریی واجبـە و پێویسـتە فـەرمانڕەوا جێبەجێی بکات، نەك دەوڵەمەند و بەرپرسان و خزمانی لـە خـۆی نزیـك بکاتـەوە و زیاتری خۆش بوون لە هەژار و بێدەسەڵاتەکان، چونکە دواڕۆژی چونە نێو دۆزەخـە و ناچێتە بەهەشتەوە[4]، هەر لەوبارەشەوە دەفەرموێ: "لعمل العادل في رعيته يوما واحدا أفضل مـن عبـادة العابـد في أهلـه مائـة عـام، أو خمسـين عامـا"[5]. ئەمانـە و چەندین فەرموودەی دیکە کە بنەمای دادگەریی دادەنێن و پتەو و جێگیری دەکەن.

---

[1] بڕوانە: إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري، القسطلاني، (١٠/ ٢١٦).

[2] موسلیم ڕیوایەتی کردووە: كتاب الإمارة، باب فضيلة الإمام وعقوبة الجائر، (٣/ ١٤٦٠)، ر (١٨٢٩).

[3] موسلیم ڕیوایەتی کردووە: كتاب الإمارة، باب فضيلة الإمام وعقوبة الجائر، (٣/ ١٤٦٠)، ر (١٤٢).

[4] بڕوانە: المنهاج شرح صحيح مسلم، النووي، (٢/ ١٦٥)، وشرح رياض الصالحين للنـووي، العثـيمين، (٣/ ٦٢٧) وما بعدها.

[5] بغية الباحث عن زوائد مسند الحارث، ابن أبي أسامة، كتاب الإمارة، بـاب مـا جـاء في العـدل، (٢/ ٦٢٦)، ر(٥٩٧).

هەر لەم بابەتەشدا پێویستە قسە لەسەر چۆنیەتی مامەڵە و دادگەریی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بکەین کە بە سیفەتی قازی کاری کردووە لەبارەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵەوە و قەزاوەتی بۆ کردوون لەسەر بناغەی مەقاصیدی بۆ نموونە:

– پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) قەزاوەت دەکات لە کێشەیەکدا کە ڕوویداوە، دەگێڕنەوە کە وشتری بەڕاو دەچێتە باخی پیاوێکی دیکەوە و تێکوپێکی دەدات، پێغەمبەریش بڕیار دەدات خاوەن باخەکان بە ڕۆژ باخەکانیان بپارێزن و خاوەن مەڕ و ماڵاتەکانیش بە شەو ئاژەڵەکانیان بپارێزن تاوەکو زیان و زەرەر بە خەڵکی نەدەن: "أن ناقة للبراء بن عازب دخلت حائط رجل فأفسدته فقضى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ على أهل الأموال حفظها بالنهار، وعلى أهل المواشي حفظها بالليل"[١]، ئەمەش بناغەیەکی جێگیری دیکەی دادگەریی دەردەخات کاتێك کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەك قازیەك بەشدار بووە لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵکدا.

– ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت: "بينما رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يقسم قسما أقبل رجل فأكب عليه، فطعنه رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ بعرجون كان معه، فجرح بوجهه، فقال له رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : تعال، فاستقد، فقال: بل عفوت يا رسول الله"[٢]. ئەم کار و قەزاوەتەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەوپەڕی دادگەریی و لێبوردەیی و باش کردەیی لەگەڵ هاوەڵانی پیشان دەدات، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) داوا دەکات لەو هاوەڵەی کە بە تووڵە دارەکە لێیدابوو مافەکەی وەرگرێتەوە، ئەمەیە جوانترین مەقصەد لە دادگەریی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە دەیەوێت پێمان بڵێت ڕاستکردنەوەی بێ

[١] پێشتر تەخریج کراوە.

[٢] ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە: كتاب الديات، باب القود من الضربة، وقص الأمير من نفسه، (٦/ ٥٩٣)، ر (٤٥٣٦)، ئەلبانی لە (ضعيف سنن أبي داود)دا تەضعیفی کردووە، (٣٧٥– ٣٧٦).

ئاكاری و ناتەندروستی بە لێدان نابێت، بەڵكو بە كردەوە و وتە و گفتی جوان دەبێت[1].

– پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەك قازی و كاربەدەستێكی دادپەروەر و پێشەوایەك بەهیچ شێوەیەك سڵی نەكردووە لە جێبەجێكردنی دادگەریی لە فەرمانەكانیدا و لەسەر بنەمای خزمایەتی و هۆزایەتی و خێڵەكێتی فەرمانەكانی جێبەجێ نەكردووە، بەڵكو لەلای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هیچ كەسێك بەرزتر و گەورەتر نەبووە لە ئاست فەرموودە و دەقەكانی خوا و پێغەمبەردا، هەمووی بە یەكسانی سەیر كردوون و لە كاتی قەزاوەتی و كاربەدەستیشیدا جیاوازیی نەكردووە لەسەر بنەمای خزمایەتی و نزیكی لێیەوە، بۆیە كاتێك هەندێك هاوەڵ دەیانەوێت پاكانە و داوای لێبوردن و لێخۆشبوون بۆ ئافرەتێكی خاوەن پلە و پایەی كۆمەڵایەتی بكەن و ڕزگاری بكەن لەو سزایەی كە بۆی دانراوە لە بەرامبەر ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەم ساتەدا هەڵوێستێك و وێنایەك پیشان دەدات كە گەورەیی دادگەریی ئەم پێغەمبەرە دادپەروەرە بەرجەستە دەكات لە ڕێگەی بڕیاردان و جێبەجێكردنی دادگەرییەوە لەسەر بنەما و بناغەی مەقاصیدی، بە بڕیار و قەزاوەتی یەكسانیانە و بەدیهێنانی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵدا، جا دەوڵەمەند بێت، یان هەژار، بەهێز بێت، یان بێ هێز، دەسەڵاتدار بێت یان بێ دەسەڵات....، ئەمە كارەی پێغەمبەر تەنها توورەیی نەبوو لەپێناو كاروباری كەسییدا، بەڵكو لەپێناو جێبەجێكردنی شەریعەتی خوا بوو[2]، وەك دایكی ئیمانداران عائیشە (خوای لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە دەڵێت: "أن قريشا أهمهم شأن المرأة المخزومية التي سرقت فقالوا: ومن يكلم فيها رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ؟ فقالوا: ومن يجترئ علية إلا أسامة ابن زيد حب رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ، فكلمة أسامة.

---

[1] بڕوانە: شرح سنن النسائي المشهور بـ (ذخيرة العقبى في شرح المجتبى)، الإثيوبي، (٣٦/ ٩٢).

[2] بڕوانە: الكوكب الوهاج شرح صحيح مسلم (المسمَّى: الكوكب الوهَّاج والرَّوض البَهَّاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج)، الهرري (١٨/ ٤٢١– ٤٢٢)، والعثيمين، المصدر السابق (٣/ ٦٢٢).

فقال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : "أتشفع في حد من حدود الله؟". ثم قام فاختطب، ثم قال: "إنما أهلك الذين قبلكم أنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد وأيم الله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها"[١]، واته: (قورەیشییەکان دەیانویست شەفاعەت بۆ ئافرەتێك بکەن دزی کردووە و ناودار بووە، بەڵام پێغەمبەر ئەمەی قبوڵ نەکرد و چووە سەر مینبەر و وتارێکی بۆ دان و پێی وتن شەفاعەتکردن لە سنووری خوا جێی قبوڵکردن نییە. هەر کاتێك هەژار و لاوازێکتان دزی بکات، سنوور جێبەجێ دەکەن و ئەگەر دەسەڵاتدارێکیشتان دزی بکات، لێی دەگەڕێن و سنوور جێبەجێ ناکەن بەسەریدا، ئەوانەی پێش ئێوە ئەم کارانە لەناوی بردن و سوێندی بە خوا خوارد و فەرمووی: ئەگەر کچەکەی خۆشم دزی بکات، دەستی دەبڕمەوە).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسمانکرد لە پێشتردا دەڵێین: فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بناغانێکی مەقاصدی تەواو و تەندروستن بۆ بونیادنانی دادگەریی و هانمان دەدات بۆ پراکتیزەکردنی، چونکە ئەو فەرموودانە تەنها بۆ کەسانێك و کاتانێك نەبوون و ئێستا ئێمە پەیڕەو و جێبەجێی نەکەین لەم سەردەمەدا، بەڵکو ئەوانە ڕووناکی و پرشنگن و ڕێنمونی و ڕێنیشاندەرمانن بۆ داهاتوویەکی دیار و بەرەو ڕێگایەکی ڕاستمان دەبەن، ئەمەشە وا دەکات موسڵمان هەمیشە پاڵنەرێکی هەبێت بۆ ئەوەی بگاتە بەها و نەریتە باڵاکان و بەدی بهێنێت، دادگەرییش بەشێکە لەو بەها و نەریت و ئاکارە بەرزانەی کە هەر کەس بەدەستی هێنا، ئەوا دەگاتە پلەیەکی باڵا و بەرزی ئەخلاقی و بەشێك لەو ڕووناکییەی دەست کەوتووە کە لە فەرموودەکاندا هەیە و دواڕۆژێکی ڕوون و بەختەوەر و کامەرانیش چاوەڕێیەتی، ئەمەش بێ پابەندبوون نایەتە دی.

---

[١] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: کتاب الأنبیاء، باب (أم حسبت أن أصحاب الکهف والرقیم) (٣/ ١٢٨٢)، ر (٣٢٨٨).

**دادگەریی.. پراکتیزەکردنی سەردەمیانە و پەیوەندی بە مەقاصیدی شەریعەتەوە:**

یـەکێك لـە هـەرە بەخششـە جـوان و نـاوازە و گـەورەکانی خـوا بـۆ ئـادەمیزاد، ئازادکردنیەتی لە بەکارهێنانی ڕێگا و هۆکارەکانی پەیوەست بە پارێزگـاریکردن لـە کۆی لایەنەکانی ژیان و بەردەوامیەتی لە هـەموو سـەردەم و شـوێن و کاتێکـدا، بـە مەرجێك بەپێچەوانەی مرۆڤایەتیـەوە بەکارنـەهێنرێت، دادگـەرییش کـە یەکێکـە لـە مەبەستەکانی پارێزگاریکردن لە ژیانی خەڵك، پێویستە وەك ئەوەی خـوا دەیـەوێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و تێگەشتنمان بۆ ئەو چەمکە هەبێت نەك هـەر کەسـە و بـە ویستی خۆی، بۆیە یەکێك لەو گرفت و کێشانەی ئەمڕۆ هەمانە، چۆنیەتی تێگەشتنە لەو چەمکە، کـە هـەر کۆمەڵـە و تـیرە و پـارت و کەسـانێك، لێکدانـەوەی جیـاواز و تێـڕوانینی تایبـەتی خۆیـان هەیـە بـۆی، ئەمـەش بـەهۆی نـەتوانینی بـەراوردکرن و جێبەجێکردنی دەقەکانە لە واقیعدا[1]، واتە بەلای ئەوانەوە، واقیع شتێکی دەوێت و دەقـەکانی شـەریعەتی تایبـەت بـە دادگـەریی، شـتێکی دیکـەی دەوێـت، ئەمـەش سەردەکێشێت بـۆ ململانێـی دەق و واقیعـی ژیـانی خـەڵك، دواجـار لـەو نێوەنـدەدا فەرموودەکان بەپێی ویستی تاکی دەگۆڕێت و کاری پێدەکرێت، ئەمەش دووبەرەکی و ئاڵۆزی بونیاد دەنێت، نەك دادگەریی و ئاشتەوایی.

ئا لێرەوەیە کە پێویست دەکات دوو شـت لـە یـەك جـودا بکەینـەوە، یـەکێکیان هۆکار و ڕێگاکانـە و ئـەوی دیکـەش فـەهمی مەقاصـیدی دەقـە، زۆر پێویسـتە ئـەم دووانە لـە یەکـدی جـودا بکەینـەوە، بـۆ ئـەوەی دەقـە دادگەرییـەکان لـە ڕوانگـەی مەقاصیدەوە بناغەی بۆ داڕێژین، بەتایبەت لەم سەردەمەدا بۆ ئەوەی هەم خەڵك و هـەم دەقـەکانیش کـار و ئـیش و پێگـە و شـوێنی خۆیـان بـزانن، هـەم لەسـەر

[1] مەبەست لە واقیع لێرەدا، کار و کردەوە مرۆڤییەکانە، کە پێویست دەکات حوکمی شـەرعیان لـەبارەوە دابەزێنرێت و بەرەو ئەو ئاڕاستەیان ببات کە بـۆی دانـراوە لـە حوکمەکانـدا. خلافـة الإنسـان بـين الـوحي والعقل، النجار، (١٢٠).

بەرچاوڕوونی دەقی و کەتوارییەوە حوکمەکان بدرێت، بۆیـە لێـرەدا چـەند بناغـە و وێنایەکی مەقاصیدی بۆ دادگەریی دەخەینە ڕوو و تاوتوێیـان دەکـەین، بـۆ ئـەوەی حوکمە شەرعییەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی سەردەمیانەدا، مامەڵـە لەگـەڵ پێشهات و شتە نوێکاندا بکات، لەوانەش:

**یەکەم: بناغەی بەرژەوەندی لە شەریعەتدا وەك مەقصەدێك بۆ دادگەریی:**

بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵ لە هەموو کات و شوێنێك و لە هەموو فەرمان و نەهیەکانی شەریعەتدا بوونی هەیـە و ئیعتیبـاری بـۆ دانـراوە، چـونکە مەبەسـت لـە فەرمانەکانی شەریعەت بەدەستهێنانی سوود و چاکەیە، مەبەست لە نەهیەکانیشی، لادان و لابردنی خراپە و بێسوودەکانە. ئاشکرایە کە لادان و پاڵنانی خراپـە لەسـەر کۆمـەڵ، بەرژەوەنـدییانی تێدایـە، هـەروەك چـۆن بەدەسـهێنانی سـوود و چـاکە بەرژەوەندییە، چونکە شەریعەت کە بەرژوەندییـەکانی تـاك و کۆمـەڵی پاراسـتووە، دادگەرییە و دادگەرییش شەریعەتە، لەو بـارەوە ئـیبن تەیمیـە دەڵێـت: "شـەریعەت دادگەرییە و دادگەریش شەریعەتە، ئـەوەی حـوکمی دادگەرانـە بکـات، حـوکمی بـە شەرع کردووە، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەوەی دەیڵـێن دەیدەنـە پـاڵ شـەریعەت بـەبێ ئەوەی لە شەریعەتدا هـەبێ، ئـەوەی دەیڵـێن یـان لـە نـەزانی، یـان لـە هەڵـە، یـان بەئەنقەست، یان هەڵبەستراوە بەناوی شەریعەتەوە – کە دادگـەریی تێـدا نییـە –، ئەوەش شەریعەتێکی گۆڕاوە کە دەبێت ئەو کەسانە سزا بدرێن لـە سـەری، چـونکە ئەوە ئەو شەریعەتە دابەزێنراوە نییـە کـە جبریـل هێناوییـە لەلایـەن خـواوە بـۆ دوا پێغەمبەر، چونکە شەریعەتی دابەزێنراو هەمووی دادگەرییە و ستەم و نـەزانی تێـدا نییە، خوا دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ (المائدة: ٤٢)، دەشـفەرموێت: ﴿وأَنِ احْكُمْ بَيْـنَهُمْ بِمَـا أَنْـزَلَ اللَّـهُ﴾ (المائـدة: ٤٩). ئــەوەی خــوا دایبەزانــدووە دادپەروەرییــە و دادپــەروەریش ئــەوەی کــە خــوا

دایبەزاندووە، خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ﴾ (النساء: ١٠٥). ئەوەی خوا پیشانی پێغەمبەری داوە دادگەرییە"[١].

چونکە کاتێك قسە لەسەر ئەم شەریعەتە دەکەین واتە شەریعەتێکی هەتاهەتایی و دانەبڕاو، کە لەگەڵ ژیانی تاکەکاندا بوونی هەیە، دەگونجێت لەگەڵ هەموو سەردەم و شوێن و کاتێکدا، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە بوونی شەریعەتێکی ئاوەها لەگەڵ سنوورداری دەقەکانیدا و زۆری کێشە و ململانێ و ڕووداو و پێشهاتە نوێکانیشدا، بەردەوامیەتی بەردەوامە بە بوونی مەقاصیدەکانی شەریعەت و پارێزگاری لێکردنیانەوە، کە ئەمەش پارێزگاریکردنە لە ئاینەکە نەوە دوای نەوە، ئەوەشە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە چەندین فەرموودەدا باس لەوانە دەکات کە هەڵگری ڕاستی پاراستنی ئەم ئاینەن بە متمانە و جێگیری دەمێننەوە، وەك دەفەرموێت: "لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق، لا يضرهم من خذلهم، حتى يأتي أمر الله وهم كذلك"[٢]، ئەویش بەهۆی بوونی ئەقڵیەتێکی مەقاصیدی بۆ دەقەکان، کە بتوانێت لە دەقەکان وەك خۆی تێبگات، نەك بە ویستی خۆی، بۆیە دەڵێین دەبێت خوێندنەوەیەکی مەقاصیدیانە بکرێت بۆ دادگەریی[٣]. ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت کە دەبێت پەیڕەوەی ڕێباز و وتەکانی کارئاسان و شلگیرەکان بکەین لە پێناو بەرژەوەندیی تاکی و کۆمەڵیدا لەسەر بنەمای پاراستنی مەقاصیدەکان، بەڵکو دەڵێین بەرژەوەندی دانپیانراو لە ڕووی شەرعەوە، بەتەنها نابێتە بەڵگەیەکی سەرەکی و سەربەخۆ تا بیکەینە بناغەیەکی سەربەخۆ بۆ دادگەریی، بەڵکو لە کۆی جوزئیاتی بەڵگە تەفصیلیەکانی قورئان و فەرموودەوە

---

[١] مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٣٥/ ٣٦٦).

[٢] موسلیم ڕیوایەتی کردووە: كتاب الإمارة، باب قوله: لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق (٣/ ١٥٢٣)، ر (١٩٢٠).

[٣] بڕوانە: أهمية المقاصد في الشريعة الإسلامية وأثرها في فهم النص واستنباط الحكم، الجندي (٦).

پێكدێت و دانی پیا دەنرێت، كە ئەویش وەستاوە لەسەر پارێزگاریكردن لە پێنج گشتیەكانی شەریعەت، بۆیە ناكرێ لە ڕووی ئەقڵیەوە بەرژەوەندیی دژ و پێچەوانەی مەدلولات و سەلمێنراوەكانی خۆی بێت، لەكاتێكدا كە بەرژەوەندی بووەتە بەڵگە و بورهان لە ڕێگەی ئەو دەقە جوزئیانەوە[1]. بۆیە بەرژوەندی گونجاو بۆ دادگەریی دەبێت لەگەڵ مەقاصیدەكانی شەریعەتدا یەكانگیر بێت و پێچەوانە و دژی نەبێت، كاتێك كە ویستمان جێبەجێی بكەین لەم سەردەمەدا، وەك چۆن ئەم بەرژەوەندییەی ڕەچاو كردووە و بەهەندی وەرگرتووە، وەك لەم فەرموودەدا كە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "يا عائشة لولا أن قومك حديثو عهد بشرك لهدمت الكعبة فألزقتها بالأرض وجعلت لها بابين بابا شرقيا وبابا غربيا وزدت فيها ستة أذرع من الحجر فإن قريشا اقتصرتها حيث بنت الكعبة"[2]. ئەگەر پێچەوانە، یان دژ بوو لەگەڵ دەقەكان و یەكانگیر نەبوو، ئەوا ئیعتیبار بۆ ئەو بەرژەوەندییە دانانرێت، لە بونیادی ئەو قسانەی كرا، دەڵێین دەبێت لە دادگەریدا ڕەچاوی بەرژەوندییە دانپیانراوەكانی شەریعەت بكرێت لە هەموو سەردەمێكدا لەپێناو گەشتن بە دادگەرییەكی ڕاست و دروست و گونجاو لەگەڵ واقیع و دەقدا و مەبەستەكان بێنێتە دی.

**دووەم: بناغەی ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی وەك مەقصەدێك بۆ دادگەریی:**

ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی بە یەكێك لە گرنگترین پایەكانی دادگەریی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەبێ ئەم ئاشتەواییە هیچ كۆمەڵگەیەكی سەردەمیانە ناتوانێت بە ئاشتی و تەبایی بژێت، چونكە لەمڕۆدا جیهان بووەتە كۆمەڵگەیەكی گشتگیری فرە ئایدیا و

[1] بڕوانە: ضوابط المصلحة في الشريعة الإسلامية، البوطي (١١٥)، والوعي المقاصدي قراءة معاصرة للعمل بمقاصد الشريعة في مناحي الحياة، القحطاني (٨٢).

[2] موسليم ڕیوایەتی كردووە: كتاب الحج، باب نقض الكعبة وبنائها (٢/ ٩٦٩)، ر (١٣٣٣).

نەتەوە و هزر و ئایین و کۆمەڵگە مۆدێرنەکانیش بێ بەش نین لەم فرەییە، بۆیە وا پێویست دەکات موسڵمانەکانیش لەم چوارچێوەیەدا کار بکەن و خۆیان نەدزنەوە لەو واقیعەی کە تیایدان و ناتەبا و دژ نەبن لەگەڵیدا – بەڵام گونجاو لەگەڵ یەکلابووەکانی ئاییندا –، ئەگینا کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و توندی ناواقیعی و داخراو بەرهەم دێت، کە ئەرکی بانگەواز و خەیریەتەکەی لەدەست دەدات، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على أذاهم، أعظم أجرا من الذي لا يخالطهم ولا يصبر على أذاهم"[1]. ئەم تێڕوانینە پاك و دادگەرانە بووە کە وایکرد پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەشدار بێت لە دانانەوەی بەردە ڕەشەکەدا، لەکاتێکدا خەریك بوو شیرازەی کۆمەڵەی مەککە لەدەست دەردەچوو بەرەو شەڕێکی نادیار.

ئەم بناغەیەش لە ژیان و فەرموودەی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) هەڵێنجراوە و وەرگیراوە لە مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە ناو مەککە. کاتێکیش کە کۆچ دەکات لە مەککەوە بۆ مەدینە، کە لە هەردوو کۆمەڵگەکەدا لەگەڵ جیاوازی لە هزر و ئایدیاکانیشدا، بەڵام سەروەرمان (درودی خوای لەسەر) بەهیچ شێوەیەك نەیویستوە ئاشتەوایی کۆمەڵگەی مەککە و مەدینە تێك بچێت، لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە خۆی و هاوەڵان تووشی دەبوون، چونکە خۆی بە خاوەنی کۆمەڵگەکە دەزانی و لە خەسڵەتی موسڵمانیش نییە دادگەر نەبێت لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا هەرچەندەش بیروڕاشیان جیاواز بێت، هەر وەك ئەبو مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "حُوسِبَ رَجُلٌ مِمَّنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَلَمْ يُوجَدْ لَهُ مِنَ الخَيْرِ شَيْءٌ إِلاَّ أَنَّهُ كَانَ رَجُلاً مُوسِرًا، وَكَانَ يُخَالِطُ النَّاسَ، وَكَانَ يَأْمُرُ غِلْمَانَهُ أَنْ يَتَجَاوَزُوا عَنِ الْمُعْسِرِ، فَقَالَ

[1] ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە: مسند المكثرين من الصحابة، مسند عبد الله بن عمر (٩/ ٦٤)، ر (٥٠٢٢)، ئەلباني دەڵێت فەرموودەکە (صحيح)ە. صحيح الجامع الصغير وزيادته (٢/ ١١٢٩)، ر (٦٦٥١).

اللَّـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ: نَحْـنُ أَحَـقُّ بِـذَلِكَ مِنْـهُ، تَجَـاوَزُوا عَنْـهُ"[1]. كەواتـە ئێمـە ئـەمڕۆ لـەم سـەردەمەدا زیـاتر پێویسـتمان بـە ئاشـتەواییە لەگـەڵ خـەڵك و تاكـەكانی كۆمەڵدا تـاوەكو گوێمـان لـێ بگـرن ئـەوەی پێمانـە پێیـان ببەخشـین بـە جـوانی، نـەك بەشێوەیەكی ناشیرین و ببێتە هـۆی دووركەوتنـەوە لـە ئیسـلام، ئـەوەتا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) كاتێك یەكێك لە هاوەڵەكانی دەنارد بۆ هەندێ لە كارەكانی، دەیفـەرموو: "بشـروا ولا تنفـروا، ویسـروا ولا تعسـروا"[2]، بـە پێچـەوانەوە، دواتـر ئیسـلام ناشـیرین دەبێـت بـە كـردەوە نادادگـەرەكانی ئێمـە و بـەرپرس دەبـین لـە دەرەنجامەكانی لە دواڕۆژدا، چونكە نەمانتوانی پارێزگاری لە مەقاصیدەكان بكەین بەهۆی نادادگەریمانـەوە. ئـەم جێبـەجێكردنی فەرموودانـە، قـۆرخ نەكراوەتـە سـەر هاوەڵان، بەڵكو بـۆ دوای ئـەوان و ئێمـە و دوای ئێمـەش دەبێـت و واجبـە هـەمووی كاری پێ بكات لە كاتی مامەڵەكردنی لەگەڵ خەڵكدا.

**سـێیەم: بناغـەی میـانڕەوی و لێبـوردەی و ئاسـانكاری تەندروسـت وەك مەقصەدێك بۆ دادگەریی:**

مەبەست لە میانڕەوی: نێوەندی و هاوتاییە لـەنێوان دوو لایـەنی بەرامبـەر یـەك یـان دژیـەك، بەوشـێوەی كـە تـەنها یـەكێكیان كاریگـەر نـەبن و ئـەوەی بەرامبـەر دەربكرێت، بەوشـێوەی هـیچ لایـەكیان لـەوی دیكـە زیـاتر لـە مـافی خـۆی نـەبات و خۆسەپێن بێت بەسەر لایەنەكەی دیكەوە[3].

---

[1] تیرمزی ڕیوایەتی كردووە: أبواب البیوع، باب ما جاء في إنظار المعسر والرفـق بـه (٢/ ٥٩٠)، ر (١٣٠٧)، دەڵێت: فەرموودەكە (حسن صحیح)ە.

[2] موسلیم ڕیوایەتی كردووە: كتـاب الجهـاد والسـیر، بـاب في الأمـر بالتیسـیر وتـرك التـنفیر (٣/ ١٣٥٨)، ر (١٧٣٢).

[3] كلمات في الوسطیة الإسلامیة ومعالمها، القرضاوي (١٣).

مەبەست لە ئاسانکاری: توانایی و وزەی مرۆڤەکانە بۆ ئەوەی بتوانن پابەندبن بە فەرمان و تەکلیفەکانەوە بەبێ زەحمەت و ناڕەحەتی و زۆرلەخۆکردن[1].

ئایینی پاکی ئیسلام هەر لە سەرەتای بانگەواز و لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) تا ئێستا و ڕۆژی دوایش، کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاکاری هەیە پێی دەناسرێتەوە، لەوانە: میانڕەوی و ڕاوەستاوی و لێبوردەیی و ئاسانکاری. ئەمانە خەسڵەتانێکی گشتی ئەم ئایینەن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم خەسڵەتانە ڕێباز و ڕێچکەی ئیسلامن، خوای گەورە دایناوە و جێگیری کردووە لەم شەریعەتەدا، هەروەها خەسڵەتانێکی گشتین لە ئەحکامە بنەڕەتی و نائاسایی و لەناکاوەکاندا و هیچ تەکلیفێك لە دەقەکانیدا نییە کە نەتوانرێت جێبەجێبکرێت، بۆیە خوا هیچ کات مەبەستی نەبووە تەکلیفێك بکات کە نەتوانرێت جێبەجێبکرێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام هانی تەمەڵی و بێ کرداری بدات و گوێنەداتە عیبادەت و مامەڵەکانی خەڵك، بەڵکو مەبەست لێی میانڕەوییە لە کارەکاندا و پابەندبوونە پێوەی بەبێ زیادەڕەوی و کەموکورتی تیایدا، ئەمەیە ئەو مەنهەجە میانڕەوەی کە ئیسلام هەڵی گرتووە، ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەبارەی ئەو ئایەتەی قورئانەوە کە باس لە میانڕەوی دەکات: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ (البقرة: ١٤٣)، ڕاڤەی کردووە بە دادگەریی و دەفەرموێت: "والوسط العدل"[2]، ئەمەیە کە دەڵێین پێویستە دادگەریی لەسەر بناغەیەکی تەندروستی مەقاصیدی بونیاد بنرێت، بۆ ئەوەی لێبوردەیی و گەورەیی ئەم ئایینە ڕوون ببێتەوە بە کردار.

---

[1] القواعد والضوابط الفقهية المتضمنة للتيسير، العبد اللطيف (١/ ٤٤).

[2] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: كتاب التفسير، باب (وكذلك جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهداء على الناس)، (٤/ ١٦٣١)، ر (٤٢٢٧).

فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) لـە سـەرجەم ئـەم بوارانـەدا هێندە زۆرە، کە هەر هەمووی بەڵگەن لەسەر میانڕەوی و لێبـوردەیی و ڕەحمـەتی ئیسـلام، فەرمانیشـی بـە هاوەڵەکانیشـی دەکـرد کـە پابەنـدبن بـە کارئاسـانی و لێبوردەیی لەگەڵ خەڵکدا و دووربکەونەوە لە توندی و بیر تەسکی[1]، بەڵام ئەوەی پێویستە بۆ تاکی موسڵمان، یان بانگخواز، پابەندبوونیەتی پێـوەی بـۆ بـەدیهێنانی دادگەریی تەواوەتی لە ژیانی خەڵکدا و دەکرێـت ئـەو فەرموودانـە بکرێـت بـە سـێ بەشەوە:

**یەکەم: فەرموودەکانی ئاسانکاریی:**

– پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "خوای گەورە هەموو خـاوەن مافێـك مـافی خـۆی پێـداوە.... و ئـایینی دانـاوە و کردوویەتیـە ئـایینێکی ئاسـان و لێبوردەی فراوان و تەسکی نەکردووەتەوە"[2].

– پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەفـەرموێت: "ئاسـانکار بـن و قورسـکار مەبن، مژدەدەر بن و دوورخەرەوە مەبن"[3].

– عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەر هەڵبژاردنی کردبایە لەنێوان دوو کاردا، کامیـان ئاسـانتر بـووە ئـەوی گرتـووە و کاری پێکردووە، ئەگەر تاوان نەبوایە...[4].

---

[1] القحطاني، سەرچاوەی پێشوو، (٦٦– ٦٧).

[2] تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە: باب العين، عكرمة عن ابن عباس، (١١/ ٢١٣)، ر (١١٥٣٢).

[3] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: كتاب العلم، باب ما كان النبي يتخولهم بالموعظة والعلم كي لا ينفروا (١/ ٣٨)، ر (٦٩).

[4] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: كتاب الأدب، باب قول النبي ـ صلي بالله عليه وسلم ـ (يسروا ولا تعسروا)، (٥/ ٢٢٦٩)، ر (٥٧٧٥).

– هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إن الله لم يبعثني معنتا، ولا متعنتا، ولكن بعثني معلما ميسرا"[1]، دەشفەرموێت: "رحم الله رجلا سمحا إذا باع وإذا اشترى وإذا اقتضى"[2].

– پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: "هەر کەس نوێژی کرد بۆ خەڵك، با سووکی بکات، زوو تەواو ببێت، چونکە نەخۆش و لاواز و خاوەن پێداویستی تیادایە"[3].

**دووەم: فەرموودەکانی لێبوردەیی:**

– "إني لم أبعث باليهودية ولا بالنصرانية ولكني بعثت بالحنيفية السمحة"[4].

– "أحب الدين إلى الله الحنيفة السمحة"[5].

– "من سره أن ينجيه الله من كرب يوم القيامة فلينفس عن معسر أو يضع عنه"[6].

– "اسْمَحْ يُسْمَحْ لَكَ"[1].

---

[1] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: کتاب الطلاق، باب بيان أن تخيير امرأته لا يكون طلاقا إلا بالنية، (٢/ ١١٠٤)، ر (١٤٧٨).

[2] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: کتاب البيوع، باب السهولة والسماحة في الشراء والبيع، (٢/ ٧٣٠)، ر (١٩٧٠).

[3] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: کتاب العلم، باب الغضب في الموعظة، (١/ ٤٦)، ر (٩٠).

[4] ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە: مسند الأنصار، حديث أبي أمامة الباهلي، (٣٦/ ٦٢٣)، ر (٢٢٢٩١)، ئەلبانی دەڵێت: بەکۆی ڕێگاکانی فەرمودەکە صەحیحە. سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، (٦/ ١٠٢٢)، ر (٢٩٢٤).

[5] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: کتاب الإيمان، باب الدين يسر، (١/ ٢٢)، ر (٥٧٧٥).

[6] موسلیم ڕیوایەتی کردووە: کتاب المساقاة، باب فضل إنظار المعسر، (٣/ ١١٩٦)، ر (١٥٦٣).

**سێیەم: فەرموودەکانی میانڕەوی:**

– "هلك المتنطعون"[2]، سێ جار پێغەمبەر دووبارەی کردووەتەوە.

– ".. ولا أنا إلا أن يتغمدني الله برحمة سددوا وقاربوا واغدوا وروحوا وشئ من الدلجة والقصد القصد تبلغوا"[3].

– "أيها الناس، إياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين"[4].

لێبوردەیی و میانڕەوی و ئاسانکاری بە گرنگترین ڕواڵەتەکانی سۆز و میهر و ڕەحمەتی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر)، بۆیە فەرموودەکان زۆرن و ئەمانە و چەندین فەرموودەی دیکە هەن بەڵگەن لەسەر دانانی بناغەیەکی پتەوی مەقاصیدی بۆ دادگەریی لەسەر ئەو بنەمایانە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم سیفاتانە نابێت بەبێ کۆمەڵێك مەرجی زانستی کاری پێ بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی زیادەڕەوی تیایدا.

لەو فەرموودانەدا دەبینین کە چەندە پێغەمبەر سوور بووە لەسەر دادگەریی لە کارەکاندا و هاوەڵانیشی فێرکردووە بۆ ئەوەی ئیسلام وەك ئایینێکی تۆکمە و ڕاوەستاو ڕابگرن و ئەو میانڕەوییەشی هەیەتی بەردەوامیەتی هەبێت، بۆیە دەبێت بزانین ئیسلام میانڕەوە لەنێوان مادیەکی ڕوخێنەر و ئایدیاییەکی خەیاڵی، تاکڕەوییەکی خۆسەپێن و گرووپیەکی شکێنەر و ئەقڵانیەتێکی سارد و سۆزداریەکی

---

[1] ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە: مسند بني هاشم، مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب (٤/ ١٠٣)، ر (٢٢٣٣)، ئەلبانی دەڵێت: فەرموودەکە صەحیحە. صحيح الجامع الصغير وزيادته، الألباني، (١/ ٢٢٩)، ر (٩٨٢).

[2] موسلیم ڕیوایەتی کردووە: كتاب العلم، باب هلك المتنطعون (٤/ ٢٠٥٥)، ر (٢٦٧٠).

[3] بوخاری ڕیوایەتی کردووە: كتاب الرقاق، باب القصد والمداومة على العمل (٥/ ٢٣٧٣)، ر (٦٠٩٨).

[4] ئیبن ماجە ڕیوایەتی کردووە: أبواب المناسك، باب قدر حصى الرمي (٤/ ٢٢٨)، ر (٣٠٢٩)، ئەلبانی لە (صحيح سنن ابن ماجه)دا تەصحیحی کردووە (٣/ ٤٩).

وشـك نامـەنتيقی، ئيسـلام دووره لەمانـەوه، بـەڵكو ميـانڕەوی و لێبوردەييەكـەی سەرچاوەی گرتووه لە فەرموودەی خواوه كە دەفـەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ (البقـرة: ١٤٣). هەندێك لە پێشينان وتوويانە كە ئايينی خوا لە نێوان ئەوانەدايـە كـە ڕۆچـوون زۆر تێدا و ئەوانەشی كە دووركەوتوونەتەوه لێی[1]، واتە سيفەتی ميـانڕەوی لـە بڕيـار و ئەحكامەكانيدا هەيە بۆ بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵ.

لێرەدا پێويستە ئاماژە بە مەسەلەی پێويستی جێبەجێكردنی دادگـەريی بكـەين لەسەر بناغەی ئاسانی و ميانڕەوی ئايينی ئيسلام، بەتايبـەت لـەم سـەردەمەدا، بـۆ نموونە: موسڵمانبوونی ئافرەت و مانەوەی هاوسەرەكەی لەسـەر ئـايينی پێشـووی، ئەمە مەسەلەيەكی گرنگە، بەتايبەت بۆ ئەوانەی لە ئەوروپا دەژين، لێـرەدا ناچـينە سەر ئەو ڕا و بيروبۆچوونە جياوازانەی كە هەيە لەو بارەوه، بەڵكو تـەنها فەتوايەكی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتوا و توێژينەوه[2] دەخەينە ڕوو بە كورتی، كە لە بڕياری ژمارە (٣١) (٣/ ٨)دا هاتووه لەوبارەوه، پاش تاوتوێكردنی بابەتەكە و هێنانـەوەی بەڵگە بە نادروستی مانەوەی ئافرەت ئەگـەر هاوسـەرەكەی موسـڵمان نـەبوو، بۆيـە پێويستە لە يەكتر جياببنەوه تاوەكو موسڵمان دەبێـت، بـەڵام سـەير لەوەدايـە كـە خۆشيان پێيانوايە ئەم فەتوايە نادادگەرانەيە و ڕەچاوی بارودۆخ و زۆر شـتی ديكـە نەكراوه، بۆيە لە كۆتايی قسەكانياندا چەند پاساوێك دێننەوه بۆ مانـەوەی ئـافرەت لەگەڵ هاوسەرەكەيدا كە هێشتا موسڵمان نەبووه بـە بيـانووی ڕاوبۆچـوونی جيـاواز لەو بارەوه، لەسەر چەند بناغەيەكی جياواز، لەوانە:

[1] مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين، ابن قيم الجوزية (٢/ ٣٧٠).

[2] المجلس الأوروبي للإفتاء والبحوث، القرارات والفتاوى، جمعها ونسقها: عبدالله بن يوسـف الجـديع، القـرار رقم (٣١) (٣/ ٨): ٧٨- ٧٩.

١- دەڵێن دەکرێت بمێنێتەوە لەگەڵیدا ئەگەر بینی لە داهاتوودا ئەگەری گۆڕان و موسڵمانبوونی هاوسەرەکەی هەیە و ترسی لەدەستدانی ئایینەکەی نییە.

٢- بۆ ئەوەی ئافرەتانی دیکە لە ئیسلام ڕا نەکەن و هەڵبێن بەو بیانوویەی کە خێزانەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە.

٣- پشتبەستن بە قەزاوەتی ئیمامی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان موسڵمان نەبوون، (هەڵبژاردنی پێدا بوون لەوەی دەتوانن واز لە مێردەکانیان بهێنن، یان لەگەڵیان بمێننەوە)، وەك ئیمامی عومەر دەڵێ: "أَنْ خَيِّرُوهَا فَإِنْ شَاءَتْ فَارَقَتْهُ، وَإِنْ شَاءَتْ قَرَّتْ عِنْدَه"[1].

٤- پشتیان بەستووە بە ڕای ئیمامی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت)، کە دەڵێت: (ئەگەر ئافرەتی نەصرانی و هاوسەرەکەی یەهودی بوو، یان نەصرانی ئەوانە مافیان بەسەر یەکەوە هەیە، چونکە پەیمانێکیان هەیە بەیەکەوە): "إِذَا أَسْلَمَتِ النَّصْرَانِيَّةُ امْرَأَةُ الْيَهُودِيِّ، أَوِ النَّصْرَانِيِّ كَانَ أَحَقَّ بِبُضْعِهَا لِأَنَّ لَهُ عَهْدًا"[2].

بۆیە لێرەدا دەڵێین پێویستە دادگەرانە مامەڵە بکرێت لەم بابەتەدا لەسەر بنەمای ئاسانکاری و مژدەدان و پارێزگاریکردن لە ئایین و ڕاونەنان و وەدەرنەنانی خەڵکانێك کە دەیانەوێت موسڵمان بن، یان پێویستیان بە گوێگرتنە لە موسڵمان تاوەکو شارەزا بن لە ئایینی ئیسلام، ئەمە دادگەریی ئیسلامە، نەك ترساندن و دوورخستنەوەی خەڵکی لە ئایینی ئیسلام، لە ئەنجامدا دروستە ئەمانە پێکەوە بمێننەوە و لە یەك جیا نەبنەوە[3].

---

[1] المصنف، كتاب أهل الكتاب، الصنعاني(٦/ ٨٣)، ر (١٠٠٨٣).

[2] المصنف في الأحاديث والآثار، ابن أبي شيبة، كتاب الطلاق (٤/ ١٠٦)، ر (١٨٣٠٧).

[3] مشاهد من المقاصد، بن بيه (٢٠١- ٢٠٤).

**چوارەم: بناغەی خۆشەویستی و پێکەوەیی و ئینتیمابوونی تەندروست وەك مەقصەدێك بۆ دادگەریی:**

لەم سەردەمەدا پرۆژەی چاکسازی و پێکەوەیی لەنێو کۆمەڵدا، بەتایبەت لەنێو وڵاتە ئیسلامیەکاندا زیاتر گەشەی کردووە، ئەویش بە هۆی ئەو کێشە و گرفت و بارە ناجێگیرە سیاسی و ئابوورییەوە کە ئەو وڵاتانە پیایدا تێدەپەڕن، جا لە ئەنجامی ئەمانەدا، یان دەبێت چاوەڕێ بکەین وڵاتانی دیکەی جیهانگیری بۆمان هاوردە بکەن و وەك چۆن شتومەکە بەسەرچووەکانیان هاوردە دەکەن بۆمان و باشی خراپییەکەی وەربگرین، ئەو کاتیش هیچ ئینتیمایەك نە بۆ ئایین نە بۆ نیشتمان نامێنێت و دەتوێینەوە لەنێو کەلتوور و هاوردەکانی ئەواندا، یان دەبێت خۆمان خاوەنی بیرۆکە و پرۆژەی نوێ بین و سەرچاوەی گرتبێت لە بیرە مەقاصدیەکەوە و دادگەریی ئیسلامی تیادا بەرجەستە کردبێت، چونکە ئەم قۆناغە زۆر ترسناکە و سەختە بەدەر لە بیرە مەقاصیدییەکە بتوانین هەنگاوی دوور مەدا بنێین بۆ هەڵساندنەوەی ڕابوونی ئیسلامی و بەرپەرچدانەوەیەکی دروستی ئەو فیکرە هاوردانە بۆ نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەم بوارەدا مالیك بین نەبی دەڵێت: "دروست نییە و ناکرێت کەسێك چارەسەر و ڕێباز دابنێت و بێئاگا بێت لە پێگە و مەکانەتی نەتەوەکەی، بەڵکو دەبێت هەست و نەست و عاتیفە و وتە و هەنگاوەکانی گونجاوبێت لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە نەتەوەکەی تیادایە، یان دەبێت چارەسەرەکان لە ڕۆژهەڵات، یان لە ڕۆژئاواوە هاوردە بکەین، بەمەش توانا و وزەکان لەناودەچێت و نەخۆشیەکەش زیاد دەکات و پەرەدەستێنێت، چونکە هەر چاولێکەریەك لەم مەیدانەدا نەزانی و خۆکوشتنە"[1]. ئەگەر بمانەوێت ئینتیما بگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵ و شارستانیەت دروست بکەینەوە لەم سەردەمەدا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی ئایین و ئەوەی پێغەمبەر باسی کردووە پابەند بین

---

[1] القحطاني، سەرچاوەی پێشوو (٢١٤).

پێوەی، چونکە بێ ئەوە مەحاڵە دروست ببینەوە هەروەك مێژووش ئەمەمان نیشان دەدات، ئیبن خەلدونیش هەمان تێڕوانینی هەبووە بۆ سەرکەوتنی شارستانیەتەکان، بەتایبەت کاتێك قسە لەسەر عەرەب دەکات لە بەشی بیست و حەوتەمی کتێبەکەیدا و دەڵێت: "عەرەب دەسەڵات و موڵك بەدەست ناهێنن مەگەر بە سروشت و مۆرکی ئایینیەکەوە نەبێت"[1]، کەواتە هەر نەتەوەیەك دەیەوێت پێشەنگ و خاوەنی شارستانیەتی خۆی بێت، دەبێت دەستبگرێت بە بنەماکانی ئایینەوە، هەر لەوبارەشەوە مالیك بن نەبی دەڵێت: "شارستانیەتەکان سەرهەڵنادەن – وەك تێبینی کراوە – بەبێ بیروباوەڕێکی ئایینی"[2]. ئەگەر بمانەوێت ئەم ڕۆحە ئینتماییە زیندوو بکەینەوە، پێویستە خۆشەویستی و پێکەوەیی و تەعاروف بکەینە هەوێن و سەرچاوە بۆ کارەکانمان لەم سەردەمەدا تاوەکو بونیادی متمانە بگەڕێنینەوە بۆ پراکتیزەکردنی ئیسلام لەناو تاکەکاندا، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣). پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾ (آل عمران: ١٥٩)، واتە: (ئەی محەمەد بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بوویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر تووڕە و بێبەزەیی بویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد)[3]. ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ئینتمابوون دەبێت لە خۆشەویستی و پێکەوەییەوە سەرچاوەی گرتبێت، نەك لە ڕق و قین و تووڕەییەوە، ئەوەتا پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت:

---

[1] مقدمة ابن خلدون، ابن خلدون، ت: عبد الله محمد الدرويش (١/ ٢٨٩).

[2] القحطاني، سەرچاوەی پێشوو (٢١٧).

[3] أمين، سەرچاوەی پێشوو (٧١).

"ئەگــەر کەســێك براکــەی خــۆی خۆشویســت، بــا پێــی ڕابگەیــەنێت کــە تــۆم خۆشدەوێت"[1]. ئا لێرەوەیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بونیادی مەقاصیدی دادەنێت بۆ دادگەریی تاوەکو دڵەکان بکرێنەوە و ویژدان و ئەقڵەکانیش بــە هــەموو جۆر و ڕەنگەکانەوە بێنەوە ڕێگە ڕاستەکەی پێغەمبەر. هەر لــە دیدگایــەکی تــرەوە سەرچاوەیەکی دیکــەمان نیشــان دەدات و پێمــان دەڵێــت: "ناچــنە بەهەشــتەوە تــا ئیمانتان نەبێت، ئیمانتان نییە تاوەکو یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا شــتێکتان پــێ نیشان بدەم ئەگەر کردتتان یەکتریتان خۆش دەوێت؟ سڵاو لــە یــەکتری بکــەن"[2]. هــەروەها لــە چــەندین فــەرموودەدا پێغەمبــەر (دروودی خــوای لەســەر) جــەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی ئەم هەستە و بڵاوبوونەوی لەنێو خەڵکدا، دەفەرموێت: "ما تحابّ رجُلان في الله تعالى إلا كان أفْضـلُهما أشـد حبـاً لصـاحبِه"[3]، دەشـفەرموێت: "إن الله يقول يوم القيامة: أين المتحابُّون بجلالي، اليوم أظِلهم في ظِّلي يوم لا ظـل إلا ظلـي"[4]، بۆیــە ئــەوەی پێغەمبــەر پێمــان دەڵێــت گــەورەترین ڕێچــکە و ڕێبــازە بــۆ پراکتیزەکردن لەم ژینگەی کە ئێمەی تێکــەوتووە، بۆیــە پێویســتە خۆشــەویســتی و تەبابیــەکی ڕاســتەقینە لەســەر ئاســتی تــاك و خێــزان و کۆمەڵگــە و دەســەڵات بڵاوبێتەوە، کــە زاڵ بێــت بەســەر هــەموو ڕق و قــین و دووبــەرەکی و پــاوەنخوازی و

[1] صحيح الأدب المفرد، البخاري، بَابُ إِذَا أَحَبَّ الرَّجُلُ أخاه فليُعلمه (٢٠٤)، ئـەبو داود ڕیوایـەتی کـردووە: كتاب الأدب، باب إخبار الرجل الرجل بمحبته إياه (٧/ ٤٤٤)، ر (٥١٢٤).

[2] موسلیم ڕیوایەتی کردووە: كتاب الإيمان، باب بيان أنه لا يدخل الجنة إلا المؤمنون وأن محبـة المـؤمنين من الإيمان (١/ ٧٤)، ر (٥٤).

[3] حاکیم ڕیوایهتی کردووه: كتاب البر والصلة (٤/ ١٨٩)، ر (٧٣٢٣). وأمـا حـديث عبـد الله بـن عمـرو هـذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه.

[4] موسـلیم ڕیوایــەتی کــردووە: كتــاب الــبر والصــلة والآداب، بــاب في فضــل الحــب في الله (٤/ ١٩٨٨)، ر (٢٥٦٦).

دووركەوتنەوە لە یەكدی لـە نێـو كۆمەڵدا، ئەمـەش گـەورەترین مەسـلەك و ڕێگـا و ڕێبازی مەقاصیدییە كە جێبەجێ بكرێت لەم سەردەمەدا.

چەندین نموونەی واقیعییانەی دیكە هەن لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگـەڵ پرۆسەی و بنەمای دادگەریی لەسەر بنەمای مەقاصیدی كە پێویستە ڕەچاو بكـرێن لــە كــاتی حــوكم و فەرمانەمانــدا، چــونكە ئــەوەی بڕیــار لــە زۆربــەی چــەمك و تێگەشتنەكان دەدات پەیوەنییەكانی مـرۆڤ و پەیوەسـتبوونەكانیەتی بـە ژینگـەوە، كە دەكرێت ئەمە كاریگەریی هەبێت لەبیركردنـەوە و جـۆری نەفسـیەت و هەسـت و نەستەكانیشـی، جگـە لـە ئامـادەگی بـۆ وەرگـرتن و خۆگونجانـدنی لەگـەڵ ئـەوانی دیكـەدا، هـەتاوەكو شـوێن و جێگاكـان كاریگـەرییان دەبێـت لەسـەر بیركردنـەوە و خۆگونجاندن و كرانەوەیان بەرامبەر ئەوانی دیكەدا، بۆیە هەندێك ناوچە بیری توند ئاژووی و هەندێكی دیكە بیری میانڕەوی و هەندێكی دی بەشێوەیەكی دیكە، كەواتە پێویستە ئێمە ڕەچاوی بناغەی مەقاصیدی بكەین بۆ دادگەریی و نابێت لەسەر یەك شێوازی فیقهی بێت لە ئەحكامەكاندا.

## كۆتایی

زۆرینــەی دەقــەكانی فــەرموودە لــە زۆربــەی ڕووەوە چــەندین باســی گــرنگ و پێویستی مرۆڤایـەتی لەسـەر بناغـەی مەقاصـیدی لـەخۆگرتووە، كـە پێویسـتە لـە جێگیركردنــی شــەریعەتی خــوا و ئەحكامەكانــدا ڕەچــاو بكرێــت. فــەرموودە ڕوونكردنـەوەی مەبەسـت و دیـدگاكانی قورئـان و مەقاصـیدەكانیەتی، ئـەو لایەنـە مەقاصیدیانەی قورئان كە بە پوختی باسی لێوە دەكات، هەمان كارە كە فەرموودە دەریـدەخات و جـەختی لێـدەكات و درێـژەی پێـدەدات، ئـەویش بـەهۆی ئـەو پەیوەندییە توندەی كە لەنێوانیاندا هەیە بۆ ڕوونكردنەوە و دەرخستنی مەقاصـید و حیكمەتەكانی و سەرچاوەی دووەمی ئەحكامی شەرعییە.

بیرکردنەوەی مەقاصیدی و جێبەجێکردنی پێویستیەکی شەرعی و زەرورەتێکی شارستانی و سەردەمیانەیە – هەر لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە مەقاصیدەکانی شەریعەت ڕەچاوکراوە – بەتایبەت لەم ساتەوەختەدا، کە لەکاتێکداین مەیدانەکە پڕ بووە لە بیرکردنەوەی نامۆ و ناواقیعییانە بۆ ئایینی ئیسلام، بەتایبەت بۆ مەسەلەی دادگەریی لە ئیسلامدا کە پێویستە بناغەیەکی مەقصەدی تۆکمەی بۆ دابنرێت. پێویستە جارێکی دیکە چاوپیاخشاندنەوە بکرێت بە بازنەی مەقاصیددا و قۆرخ نەکرێت لە چەند لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو سەرجەم لایەنەکانی مەعریفەی مرۆڤی و ئیسلامی بگرێتەخۆ بە گەڕانەوە بۆ فەرموودەکان و جێبەجێکردنیان لەسەر ئەو بنەمایانەی باسکران. پێویستە ئاسانکاری و میانڕەوی وەك بناغەیەك دابنرێت بۆ دادگەریی لەم سەردەمەدا، ئەگەر ئەمە پێشتر پێویست بووبێت ئەوا لەم سەردەمەدا زۆر زیاتر پێویستە، بەتایبەت لەم سەردەمە جەنجاڵ و پڕ لە کێشە و مادیەدا کە زەحمەتە دادگەریی ئەنجام بدرێت بەبێ ئاسانکاری و میانڕەوی، بەڵام بە پابەندبوون بە بنەما سەرەکیەکانەوە.

مەبەست لە ئاسانکاری و میانڕەوی لەم بابەتەدا مانای پاساوهێنانەوە نییە بۆ ئەو واقیعەی تیایداین، یان خۆبەدەستەوەدان و ڕازیکردنی ڕۆژئاوا، یان کەسانی دیکە بێت، یان حەڵاڵکردن و حەرامکردن بێت، یان گۆڕینی حوکمە کۆنکرێتیەکان بێت بە پاساوی ئاسانکاریی، ئەمانە هەموویان هەڵوێستێکی ڕەتکراوەن و جێیان نابێتەوە.

# سەرچاوەكان

پاش قورئانی پیرۆز.

١ـ إحياء علوم الدين، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي، دار المعرفة – بيروت.

٢ـ أدب الدنيا والدين، أبو الحسن علي بن محمد الماوردي، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٩٨٧م.

٣ـ إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري، أحمد بن محمد القسطلاني، المطبعة الكبرى الأميرية – مصر، ط٧، ١٣٢٣هـ.

٤ـ أصول الفقه الإسلامي، وهبة الزحيلي، دار الفكر – دمشق، ط١، ١٩٨٦م.

٥ـ الإلتزامات في ضوء المنطق والفلسفة، مصطفى إبراهيم الزلمي، نشر إحسان، ط١، ٢٠١٤م.

٦ـ أهمية المقاصد في الشريعة الإسلامية وأثرها في فهم النص واستنباط الحكم، سميح عبد الوهاب الجندي، ط١، ٢٠٠٨م.

٧ـ البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، ابن عجيبة أبو العباس أحمد بن محمد، ت: أحمد عبد الله القرشي رسلان، الناشر: د. حسن عباس زكي – القاهرة، ط، ١٤١٩ هـ..

٨ـ البداية والنهاية، ابن كثير أبو الفداء إسماعيل بن عمر، ت: مصطفى عبد الواحد، دار المعرفة – بيروت، ١٩٧٦م.

٩ـ بغية الباحث عن زوائد مسند الحارث، ابن أبي أسامة، الحارث بن محمد، المنتقي: أبو الحسن نور الدين علي الهيثمي، ت: د. حسين أحمد الباكري، مركز خدمة السنة والسيرة النبوية – المدينة المنورة، ط١، ١٩٩٢م.

١٠ـ تحرير علوم الحديث، عبد الله بن يوسف الجديع، مؤسسة – بيروت، ط١، ٢٠٠٣م.

١١ـ التعريفات، علي بن محمد الجرجاني، ت: جماعة من العلماء، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٩٨٣م.

١٢ـ تهذيب الأخلاق، أبو عثمان عمرو بن بحر الجاحظ، تع: إبراهيم بن محمد، دار الصحابة للتراث – طنطا، ط١، ١٩٨٩م.

١٣ـ التوقيف على مهمات التعاريف، زين الدين محمد المناوي، عالم الكتب – القاهرة، ط١، ١٩٩٠م.

١٤ـ تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، عبد الرحمن ناصر السعدي، ت: عبد الرحمن بن معلا، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠٠م.

١٥ـ تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان، بورهان محمد أمین، پێداچوونەوەی: لیژنەیەك، چ٢.

١٦ـ الجامع الصحيح المختصر، محمد بن إسماعيل البخاري، ت: مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة – بيروت، ط٣، /١٩٨٧م.

١٧ـ الجامع الكبير (سنن الترمذي)، محمد بن عيسى الترمذي، ت: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي – بيروت، ١٩٩٨م.

١٨ـ الجامع لأحكام القرآن، أبو عبد الله محمد بن أحمد القرطبي، ت: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، دار الكتب المصرية – القاهرة، ط٢، ١٩٦٤م.

١٩ـ حاكميَّة الحق وضرورته في سعي الإنسان، https://www.basaer-online.com.

٢٠ـ الحسبة في الإسلام، ابن تيمية أحمد بن عبدالحليم الحراني، دار الكتب العلمية – بيروت.

٢١ـ خلافة الإنسان بين الوحي والعقل، عبد المجيد النجار، المعهد العالمي للفكر الإسلامي – الولايات المتحدة الامريكية، ط٢، ١٩٩٣م.

٢٢ـ رعاية النسل ومقصد الإستخلاف في الإجتهاد الأصولي، أحمد كروم، مجلة (الإحياء) تصدر عن الرابطة المحمدية للعلماء – المغرب، عدد: ٣٦، ماي ٢٠١٢م.

٢٣ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف – الرياض، ط١، ١٩٩٥م.

٢٤ـ سنن ابن ماجه، ابن ماجه أبو عبد الله محمد بن يزيد، ت: شعيب الأرناؤوط وآخرون، دار الرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩م.

٢٥ـ سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني، ت: شعَيب الأرنؤوط – محَمَّد كامِل قره بللي، دار الرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩م.

٢٦- سنن البيهقي الكبرى، أحمد بن الحسين البيهقي، ت: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية – بيروت، ط٢، ٢٠٠٣م.

٢٧- شرح العقائد النسفية، سعد الدين التفتازاني، ت: أحمد حجازي السقا، مكتبة الكليات الأزهرية – القاهرة، ط١، ١٩٨٧م.

٢٨- شرح رياض الصالحين للنووي، محمد بن صالح العثيمين، دار الوطن – الرياض، ١٤٢٦هـ.

٢٩- شرح سنن النسائي المشهور بـ(ذخيرة العقبى في شرح المجتبى)، محمد بن علي الإثيوبي، دار آل بروم، ط١، ٢٠٠٣م.

٣٠- الصحاح، إسماعيل بن حماد الجوهري، اعتنى به: خليل مأمون شيحا، دار المعرفة – بيروت، ط١، ٢٠٠٥م.

٣١- صحيح الأدب المفرد، محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق وتعليق: محمد ناصر الدين الألباني، دار الصديق، ط٤/١٩٩٧م.

٣٢- صحيح الترغيب والترهيب، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف – الرياض، ط١، ٢٠٠٠م.

٣٣- صحيح الجامع الصغير وزيادته، محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي.

٣٤- صحيح سنن ابن ماجه، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف – الرياض، ط١، ١٩٩٧م.

٣٥- صحيح سنن أبي داود، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف – الرياض، ط١/ ١٩٩٨م.

٣٦- ضعيف الجامع الصغير وزيادته، محمد ناصر الدين الألباني، الإشراف: زهير الشاويش، المكتب الإسلامي.

٣٧- ضعيف سنن أبي داود، محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف – الرياض، ط١، ١٩٩٨م.

٣٨- ضوابط المصلحة في الشريعة الإسلامية، محمد سعيد رمضان البوطي، مؤسسة الرسالة.

٣٩ـ العدل الاجتماعي في الإسلام، السيد عبد الرزاق كمونة الحسيني، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات – بيروت، ط١، ١٩٨١م.

٤٠ـ العدل في القرآن الكريم دراسة موضوعية، أحمد محمود عيدان، مجلة العلوم الإسلامية، العدد ٨/ ١٤٣٢هـ: ١٢.

٤١ـ العدل مقصد الشرع الأعظم وتجليات في أصول التشريع وقواعده، عمر مونة، مجلة روافد للبحوث والدراسات، جامعة غرداية، عدد تجريبي، ٢٠١٦م.

٤٢ـ غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام، محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي – بيروت، ط٣، ١٤٠٥هـ.

٤٣ـ فتح المغيث بشرح ألفية الحديث للعراقي، شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن السخاوي، ت: علي حسين علي، مكتبة السنة – مصر، ط١، ٢٠٠٣م.

٤٤ـ القرارات والفتاوى، المجلس الأوروبي للإفتاء والبحوث، جمعها ونسقها: عبد الله بن يوسف الجديع، ط١، ٢٠١٣م.

٤٥ـ القواعد والضوابط الفقهية المتضمنة للتيسير، عبد الرحمن بن صالح العبد اللطيف، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية، المدينة المنورة – المملكة العربية السعودية، ط١، ٢٠٠٣م.

٤٦ـ كلمات في الوسطية الإسلامية ومعالمها، يوسف القرضاوي، دار الشروق – مصر، ط٣، ٢٠١١م.

٤٧ـ الكوكب الوهاج شرح صحيح مسلم المسمَّى: الكوكب الوهَّاج والرَّوض البَهَّاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج، محمد الأمين بن عبد الله الهرري، مراجعة: لجنة من العلماء، دار المنهاج ودار طوق النجاة، ط١، ٢٠٠٩م.

٤٨ـ كتاب العين، أبو عبد الرحمن الخليل بن أحمد الفراهيدي، ت: مهدي المخزومي، إبراهيم السامرائي، دار ومكتبة الهلال.

٤٩ـ لسان العرب، ابن منظور محمد بن مكرم بن على، دار صادر – بيروت، ط٣، ١٤١٤هـ.

٥٠ـ مجموع الفتاوى، ابن تيمية أحمد بن عبدالحليم، ت: عبد الرحمن بن محمد، مجمع الملك فهد – السعودية، ١٩٩٥م.

٥١ـ المحرر الوجيز في تفسير كتاب العزيز، ابن عطية أبو محمد عبد الحق بن غالب الأندلسي، ت: عبد السلام عبد الشافي محمد، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٤٢٢هـ.

٥٢ـ مختار الصحاح، محمد بن أبي بكر الرازي، ت: محمود خاطر، مكتبة لبنان ناشرون – بيروت، ط: ١٩٩٥م.

٥٣ـ مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين، ابن قيم الجوزية، محمد بن أبي بكر، ت: محمد المعتصم بالله البغدادي، دار الكتاب العربي – بيروت، ط٣، ١٩٩٦م.

٥٤ـ المستدرك على الصحيحين، محمد بن عبد الله بن محمد الحاكم، ت: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٩٩٠م.

٥٥ـ المستصفى من علم الأصول، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي، ت: محمد عبد السلام، دار الكتب العلمية – بيروت، ط ١، ١٩٩٣م.

٥٦ـ مسند الشهاب، محمد بن سلامة القضاعي، ت: حمدي عبد المجيد السلفي، مؤسسة الرسالة – بيروت، ط٢، ١٩٨٦م.

٥٧ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله، مسلم بن الحجاج النيسابورى، ت: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي – بيروت.

٥٨ـ مسندأحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل، ت: شعيب الأرنؤوط وآخرون، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠١م.

٥٩ـ مشاهد من المقاصد، عبد الله المحفوظ بن بيه، دار الوجوه – السعودية، ط٢، ٢٠١٢م.

٦٠ـ المصباح المنير في غريب الشرح الكبير، أحمد بن محمد بن علي الفيومي، المكتبة العلمية – بيروت.

٦١ـ المصنف في الأحاديث والآثار، ابن أبي شيبه عبد الله بن محمد،ت: كمال يوسف الحوت، مكتبة الرشد – الرياض، ط١، ١٤٠٩هـ.

٦٢ـ المصنف، أبو بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني، ت: حبيب الرحمن الأعظمي، المجلس العلمي – الهند، المكتب الإسلامي – بيروت، ط٢، ١٤٠٣هـ.

٦٣ـ المعجم الأوسط، سليمان بن أحمد الطبراني، ت: طارق بن عوض الله، عبد المحسن بن إبراهيم، دار الحرمين – القاهرة.

٦٤ـ المعجم الكبير، سليمان بن أحمد الطبراني، ت: حمدي عبد المجيد، مكتبة ابن تيمية – القاهرة، ط٢.

٦٥ـ المعجم الوسيط، ناصر سيد أحمد وآخرون، دار احياء التراث العربي – بيروت، ط١، ٢٠٠٨، م: ٢/ ٧٣٨.

٦٦ـ معجم لغة الفقهاء، محمد رواس القلعجي وحامد صادق قنيبي، دار النفائس – عمان، ط٢، ١٩٨٨م.

٦٧ـ المفاتيح في شرح المصابيح، الحسين بن محمود بن الحسن المظهري، ت: لجنة مختصة من المحققين بإشراف نور الدين طالب، إدارة الثقافة الإسلامية – وزارة الأوقاف الكويتية، ط١، ٢٠١٢م.

٦٨ـ مقاصد الشريعة الإسلامية ومكارمها، علال الفاسي، دار الغرب الإسلامي – بيروت، ط٥، ١٩٩٣م.

٦٩ـ مقاصد الشريعة الإسلامية، محمد الطاهر ابن عاشور، ت: محمد الحبيب ابن الخوجة، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية – قطر، ٢٠٠٤م.

٧٠ـ مقدمة ابن خلدون، ابن خلدون ولي الدين عبد الرحمن، ت: عبد الله محمد الدرويش، دار يعرب – دمشق، ط١، ٢٠٠٤م.

٧١ـ مقصد العدل في حياة الصحابة، حماد محمد منصور، بحث منشور في مجلة المدونة، عدد: ٩–١٠، تشرين الأول/ ٢١٠٦م.

٧٢ـ المنهاج شرح صحيح مسلم، محيي الدين يحيى بن شرف النووي، دارإحياء التراث العربي – بيروت، ط٢، ١٣٩٢هـ.

٧٣ـ مواهب الجليل في شرح مختصر خليل، أبو عبد الله محمد بن محمد الحطاب، دار الفكر – بيروت، ط٣، ١٩٩٢م.

٧٤ـ نهج البلاغة، محمد عبده، تجميع الشريف الرضي، دار المعرفة – بيروت.

٧٥ـ الوعي المقاصدي قراءة معاصرة للعمل بمقاصد الشريعة في مناحي الحياة، محمد مسفر القحطاني، الشبكة العربية للأبحاث والنشر – بيروت، ط٢، ٢٠١٣م.

# پێگەی فەرمووده لە زانستی کەلامدا

**عابد ئەحمەد پشدەری**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان**

زانستی کەلام بە یەکێك لە کایە مەعریفییە گرنگەکانی نێو هزری ئیسلامی دادەنرێت، لە ڕێگەی دەقە پیرۆزەکان و بەڵگە عەقڵیەکانەوە کار دەکات بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی ئیسلامی و شیکردنەوەی وردەکاریەکانی و ڕەواندنەوەی گومانەکان، هاوکات سەلماندنی تەبایی لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا. ئەم زانستە بیر و هزری زۆرێك لە زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی بەخۆیەوە سەر قاڵکردووە و مەودایەکی زۆری لە توێژینەوەکانیان داگیر کردووە. موعتەزیلە بە یەکەم قوتابخانە دادەنرێت کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دانانی بنەما سەرەکییەکانی ئەم زانستە و پەرەپێدانی لە ڕووی میتۆد و بابەت و فراوانکردنی توێژینەوەدا، بەڵام زیادەڕەویکردنیان لە بەکارهێنانی عەقڵ وایکرد چەندین قوتابخانەی دیکە سەرهەڵبدات وەك: ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان، ئەم دوو قوتابخانەیە هەمیشە هەوڵیانداوە نێوەندگیری لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا بکەن و تا ڕادەیەکی باشیش ئەم

هاوسەنگیەیان پاراستووە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە، زۆربەی قوتابخانە کەلامیەکان بەوە تۆمەتبارکراون وەك پێویست نەگەڕاونەتەوە بۆ دەقە پیرۆزەکان، بەتایبەت فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) لە ڕاڤە و شیکردنەوەی مەسەلە بیروباوەڕییەکاندا، بەڵکو زۆرتر ئاڕاستە عەقڵانیەکە زاڵبووە بەسەریاندا.

لەگەڵ هەبوونی چەندین ئاڕاستە و قوتابخانەی کەلامیی جیاواز لە مێژووی هزری ئیسلامیدا، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تەنها دیدو بۆچوونی ئەو زانایانە دەخاتەڕوو کە لە بنەڕەتدا سەر بە یەکێك لە سێ قوتابخانە کەلامیەکەی هەر یەك لە موعتەزیلە و ئەشعەریی و ماتوریدی بوون، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها ئەم سێ قوتابخانەیە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەهلی سوننە دەکەن، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆربەی تۆمەتەکان ئاڕاستەی زانایانی ئەم سێ قوتابخانەیە کراون.

## دەروازە:

بەڵگەی نەقلی بە هەر سێ بەشە جیاوازەکەیەوە (قورئان و فەرموودە و ئیجماع)[1]، بە گرنگترین سەرچاوەی مەعریفی هزری ئیسلامی هەژمار دەکرێت، چونکە زۆرێك لە پرسە ئاینییەکانی پەیوەندیدار بە بوونی خودا و سیفەتەکانی و کۆمەڵێك پرس و بابەتی دیکەی بیروباوەڕ لە ڕێگەی بەڵگەی نەقلییەوە چەسپاون و دواتر عەقڵ وەك پاڵپشتێك بەکارهاتووە. زانایانی کەلامیش وەك توێژێکی گرنگی نێو هزری ئیسلامی بە بایەخەوە قسە و گفتوگۆیان لەسەر دەقەکانی ئەم سێ سەرچاوەیە کردووە و لە توێژینەوە کەلامییە جۆربەجۆرەکانی خۆیاندا بەکاریانهێناوە و پشتیان پێ بەستووە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت قسەی لەسەر

---

[1] بڕوانە: المعتمد، أبو الحسين البصري (٢/ ٩٠٩)، الإنصاف، الباقلاني (٩٦)، ميزان الأصول، السمرقندي (٧٦).

بکەین بۆچوونی زانایانی کەلامە دەربارەی فەرمووده وەك بەشێکی گرنگی بەڵگەی نەقڵی، بەڵام بەرلەوە پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بکەین کە وەك دەروازەیەك وایە بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی کەلامییەکان سەبارەت بە فەرمووده.

**یەکەم:** بەسەرنجدان لە زانستی کەلام و ئەو ڕۆڵەی گێڕاویەتی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم زانستە هەمیشە کاری لەسەر پرسە ئیمانییەکان کردووە کە لە ڕێگەی دەقە شەرعییەکانەوە چەسپاون، بەو مانایەی خاڵی دەستپێکی ئەم زانستە قسەکردنە دەبارەی کۆی ئەو بابەتانەی دەق ڕۆڵی هەبووە لە سەلماندیان، دواتر عەقڵ بەکارهاتووە بۆ بەرگریکردن و ڕەواندنەوەی گومانەکان. پێناسە جۆراوجۆرەکانی زانستی کەلامیش باشترین گەواهین لەسەر ئەم بۆچوونە[1]، بۆ نموونە: ئیبن خەلدون (٨٠٨ك) دەڵێت: "بابەتی زانستی کەلام لێکۆڵینەوەیە لە بیروباوەڕە ئیمانیەکان، کە بە شەرع جێگیر بوون"[2]، کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی زانستی کەلام جیا دەکاتەوە لە فەلسەفە خاڵی دەستپێکە، هەر چەندە ئەم دوو زانستە عەقڵ وەك ئامرازی لێکۆڵینەوە بەکاردێنن، بەڵام فەیلەسوف جگە لە بڕیارەکانی عەقڵ، پابەندی هیچ شتێکی تر نابێت، ئەمە لەکاتێکدایە موتەکەلیم داکۆکی لە بیروباوەڕێك دەکات کە شەرع بڕیاری لێداوە[3].

**دووەم:** زانستی کەلام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بە سێ بەش (ئیلاهیات – نبوات – سمعيات)[4]. لە بەشی یەکەم و دووەمدا زانایانی کەلام لەگەڵ کەسانێك دیالۆگیان کردووە کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە بەڵگەی نەقڵی نەبووە، بۆیە بە ناچاری پەنایان بۆ عەقڵ بردووە و بە زمانی ئەو سەردەمە بەرگرییان لە

---

[1] بڕوانە: المواقف، الإيجي (٧).

[2] بڕوانە: المقدمة، ابن خلدون (٤٣).

[3] بڕوانە: الفرق الإسلامية، د. علي عبد الفتاح المغربي (١١٤– ١١٧)، المدخل إلى دراسة علم الكلام، د. حسن الشافعي (٢٢).

[4] بڕوانە: دراسات في العقيدة وعلم الكلام، د. مختار عطا الله (١٦– ١٧).

بۆچوونەکانی خۆیـان کـردووە و وەڵامـی گومانـەکانیان داوەتـەوە[1]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا هیچ کات کەلامزانەکان نەقڵیان پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو لە زۆر بابەتی هەستیاردا گەڕاونەتەوە بۆ نەقڵ، بۆ نموونە: بابەتێکی وەك: بوونی خودا، زۆرێك لە بەڵگە بەهێزەکانی لە نەقڵەوە وەرگیراون[2].

**سێیەم:** بەشی سێیەمی زانستی کـەلام (سمعیـات)ە، هـەروەك لـە نێوەکەیـەوە دەردەکـەوێت، تـەنها بەڵگـەی نـەقڵی تیایـدا باڵادەسـتە و کـاری پێـدەکرێت، بـە پێچەوانەوە، عەقڵ لەم بەشەدا هـیچ ڕۆڵێکـی نیـە تـەنها پشـتیوانیکردن نـەبێت لـە دەرەنجامەکانی نەقڵ[3].

**چـوارەم:** هەنـدێکجار نـەبوونی بەڵگـەی نـەقڵی لـە هەنـدێ بابەتـدا وایکـردووە زانایـانی کـەلام پەناببەنـە بـەر عـەقڵ، بـۆ نموونـە بابـەتی (طبیعیـات)، کـە وەك دەروازەیەك وایـە بـۆ (ئیلاهیـات)، هـیچ بەڵگەیـەکی نـەقڵیمان نیـە لـەو بارەیـەوە، چونکە خودی ئەم مەسەلەیە لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) جێی باس و خواس نەبووە و نەوروژێنراوە.

**پێنجەم:** تەواوی ئەو فەرموودانەی زانایانی کەلام کاریـان پێنـەکردوون، بـریتین لـەو فەرموودانـەی دەربـارەی کۆمەڵـە سـیفاتێکی خـودا هـاتوون کـە جۆرێـك لـە لێکچوواندن و بڕیاردانی بەرجەسـتەکردنیان تێدایـە بـۆ خـودا، ئەمـەش دژە لەگـەڵ دەقە ڕاشکاو و یەقینەکانی قورئان، وەك ئایەتی: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ (الشـوری: ١١)، هەربۆیە موتەکەلیمەکان بە ناچاری پەنایان بردووەتەبـەر تـەئویلی دەقـەکان، نەك ڕەتکردنەوەیان بە شێوەیەکی ڕەها[4].

---

[1] بڕوانە: تمهید لدراسة علم الكلام، د. عبد الحمید مدكور (٨٧).

[2] لەوانە: دلیل الجواز والتخصیص، برهان الأحوال المتضادة، دلیل العلیة، دلیل النظر في أحوال العالم.

[3] بڕوانە: دراسات في العقیدة وعلم الكلام، د. مختار عطا الله (١٧).

[4] بڕوانە: الكفایة، الصابوني (٨٤)، البدایة (٤٨)، الحاوي القدسي في الفروع، الغزنوي (١/ ٣٨).

## پێگەی فەرمووده لە زانستی کەلامدا/ لایەنی تیۆری:

فەرموودەی پێغەمبەر بنەمای دووەمە لە بنەما سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلام و سەرچاوەیەکی گرنگی تەشریعدانانە، لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ڕوونکردنەوەی دەقەکانی قورئان و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی چەمکە کێشە لە سەرەکانی، ئەمە جگە لەوەی تەواوی سەرچاوە مەعریفییەکانی تری نێو هزری ئیسلامی هەڵقوڵاوی قورئان و فەرموودەن. فەرمووده لە خودی خۆیدا یەکێکە لە بەڵگە بەهێز و باوەڕپێکراوەکان، چونکە وەحی خودایە بۆ پێغەمبەر[1] (دروودی خوای لەسەر)، ئەم ڕاستییەش کۆدەنگی تەواوی زانایانی لەسەرە، لەم بارەوە ئیبن حەزم (٤٥٦ك) دەڵێت: "مسوڵمانان هاوڕان لەسەر بێباوەڕدانانی ئەو کەسانەی نکوڵی لە فەرمووده دەکەن و تەنها کار بە قورئان دەکەن"[2]، بەڵام ئەوەی جێگەی ناکۆکی و مشتومڕی زانایانە شێوازی گێڕانەوەی فەرموودەیە، ئایا ئەو کەسانەی فەرموودەیان گێڕاوەتەوە جێگەی متمانەن؟ هاوکات فەرموودەیەك بە چەند ڕێگە گێڕدراوەتەوە؟ هەروەها چەند کەس گێڕاویانەتەوە؟[3] ئەمە جگە لە چەند بابەتێکی دیکەی تایبەت بە بواری فەرموودەناسی، بۆیە لێرەوە زانایان کاریان لەسەر پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی فەرمووده کردووە بەپێی چەند پێوەرێکی زانستی.

---

[1] بڕوانە: الحاوي القدسي، الغزنوي (١/ ٣٦).

[2] بڕوانە: الإحكام في أصول الأحكام، ابن حزم (١/ ١٠٤).

[3] بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤١٩).

## جۆرەکانی فەرموودە:

زانایـــانی فـــەرموودەناس و ئوســـوڵی و کەلامزانـــەکانی هـــەردوو قوتابخانـــەی موعتەزیلـە و ئەشـعەرییەکان، فـەرموودە پـۆلێن دەکـەن بـۆ دوو بەشـی سـەرەکی: (موتەواتیر – ئاحاد)[1]. لەلای فەرموودەناسەکان ئاحاد دەکرێت بـە چـەند بەشـێك (مەشـهوور – عـەزیز – غـەریب)[2]. هەنـدێك لـە زانایـان، بەشـێکی تریشـیان زیـاد کردووە بۆ ئاحاد، بەنێوی (المستفیض) موسـتەفیز[3]، بـەڵام زانایـانی کـەلام هـیچ گرنگییەکیان بە دابەشکردن و جۆرەکانی ئاحاد نەداوە، چونکە هەموویان هاوبەشن لە سیفەتی ئاحادیەتدا، هەربۆیە هیچ جۆرە کاریگەرییەك دروست ناکات.

پۆلێنکردنی فەرموودە بـۆ موتـەواتیر و ئاحـاد دیـارترین و بڵاوتـرین پۆلێنـە بـۆ فـــەرموودە لـــەلای ئەشـــعەرییەکان و موعتەزیلـــە و ئوســـوڵییەکان، بـــەڵام لـــەلای ماتوریدییـەکان فـەرموودە دەکرێـت بـە سـێ بەشـەوە: (موتـەواتیر – مەشـهوور – ئاحاد)[4]، واتە فەرموودەی (مەشهوور) بە بەشێکی سـەربەخۆ ئـەژمار دەکـەن، بـە پێچەوانەی ئەشعەرییەکان و موعتەزیلە و فەرموودەزانەکان کە پێیانوایـە مەشـهوور بەشـێکە لـە ئاحـاد، بـەڵام پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بـەوە بکـەین کـە هەنـدێك لـە ئەشـعەرییەکانیش وەك ئـەبو ئیسـحاقی ئیسـفەراینی (٤١٨ك)[5] و عەبـدولقاهیری بەغدادی (٤٢٩ك)[6] فەرموودەی (موسـتەفین) یـان بـە بەشـێکی سـەربەخۆ ئـەژمار کردووە، واتە بەم جۆرە پۆلێنی فەرموودەیان کردووە: (موتەواتیر – موسـتەفیز – ئاحاد)، هاوکات پێیانوایە ئەم جۆرە یەقینی نەزەری دەگەیەنێت و وەك موتـەواتیر

---

[1] بڕوانە: أصول الدین، البغدادي (١٢)، شرح الأصول الخمسة، القاضي عبد الجبار (٧٥٦– ٧٥٧).

[2] بڕوانە: الباعث الحثیث، ابن کثیر (١٣٩– ١٤١)، نزهة النظر، ابن حجر (١٨– ٢٥).

[3] بڕوانە: نزهة النظر، ابن حجر (١٨– ٢٥).

[4] بڕوانە: میزان الأصول، السمرقندي (٤٢٢)، الحاوي القدسي، الغزنوي (١/ ٣٨).

٥ بڕوانە: البحر المحیط، الزرکشي (٤/ ٢٤٩).

٦ بڕوانە: أصول الدین، البغدادي (١٢).

کاری پێدەکرێت. ئەم بۆچوونەش لە نێوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ بۆچوونی ماتوریدییەکان، تەنها جیاوازی نێو نەبێت، بەجۆرێك لای ئەوان پێی دەوترێت مەشهوور هەرچی ئەمانیش بە موستەفیز نێوزەدی دەکەن، بەڵام زۆربەی ئەشعەرییەکان وەك: ئیبن فەورەك (٤٠٦ك)[١] و جوەینی (٤٧٨ك)[٢] و ئامەدی (٦٣١ك) و ئیبن حاجیب (٦٤٦ك)[٣] ئەم بۆچوونەیان پەسەند نەکردووە و ڕەتیان کردووەتەوە، چونکە پێیانوایە فەرموودەی موستەفیز لقێکە لە ئاحاد و ناکرێت وەك بەشێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

### یەکەم: فەرموودەی موتەواتیر و کارپێکردنی

**پێناسە:** زانایانی کەلام و ئوسوڵ بە زۆر شێواز پێناسەی فەرموودەی موتەواتیریان کردووە، بەڵام هەموویان لە یەکەوە نزیکن و یەك واتا دەبەخشن، ئەویش ئەوەیە کە (ئەو کەسانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە ژمارەیان ئەوەندە زۆرە ناگونجێت درۆ بکەن)[٤].

### کارپێکردنی فەرموودەی موتەواتیر لە بواری بیروباوەڕدا:

تەواوی موسڵمانان هاوڕان لەسەر ئەوەی فەرموودەی موتەواتیر بەڵگەیەکی بەهێزە و دەکرێت شان بەشانی قورئان پشتی پێ ببەسرێت[٥]، هەروەها سەرجەم قوتابخانە کەلامییەکانی موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی فەرموودەی موتەواتیر یەقین دەبەخشێت و لە تەواوی بوارە

---

١ بڕوانە: بيان مشكل الحديث، ابن فورك (٤٢).

٢ بڕوانە: البرهان، الجويني (١/ ٥٨٤).

٣ بڕوانە: البحر المحيط، الزركشي (٤/ ٢٤٩).

٤ بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤٢٣).

٥ بڕوانە: الإحكام، ابن حزم (١/ ١٤).

عەقیـدەیی و فیقهییەکانـدا کـاری پێـدەکرێت. قوتابخانـەی موعتەزیلـە هـەر لـە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵیـداوە جیـاوازی لـە نێـوان فـەرموودەی موتـەواتیر و ئاحاد بکات، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردووەتـەوە کـە تـەنها موتـەواتیر وەك بەڵگەیەکی ڕاست و دروست و باوەڕپێکراو کاری پێدەکرێت. تەنانەت واسڵی کـوڕی عەتا (١٣١ك) کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچیدا کۆچی کردووە بە یەکـەمین کـەس دادەنرێـت، کـە جیـاوازیی نێـوان خەبـەری ئاحـاد و موتەواتـەری کـردوە. جاحیزیش بەم جۆرە وەسفی واسڵ دەکات و دەڵێـت: ئـەو یەکـەم کـەس بـووە کـە خـەڵکی فێـری شـێوازی گێڕانـەوەی خەبـەر کـردووە و ڕاسـت و ناڕاسـتی لەیـەك جیاکردووەتەوە، هـەروەها واسـڵی کـوڕی عـەتا یەکـەم کـەس بـووە کـە وتوویـەتی خەبـەر دوو جـۆری هەیـە: تایبـەت و گشـتی[1]. هـەر چـەندە جـاحیز لـەم دەقـەدا ڕاشکاوانە جیـاوازیکردنی نێـوان موتـەواتیر و ئاحـادی نەداوەتـە پـاڵ واسـڵ، بـەڵام هەموو ئاماژە و لێکدانەوەکان ئەوە دەگەیەنن کە مەبەستیان موتەواتیرە نەك کۆی فـەرموودە، چـونکە گـرنگترین بابـەت لـە مەسـەلەی خەبـەردا ڕاسـتی و دروسـتی و شێوازی گێڕانەوەیە.

لەلایـەکی تـرەوە واسـڵی کـوڕی عـەتا بـەم جـۆرە پۆلێنبەنـدی سەرچـاوە مەعریفییەکانی هزری ئیسلامی دەکات (قورئان، خەبەرێك کە کۆدەنگی لەسەر بێت، عەقڵ، کۆدەنگی زانایان)[2]. سـەرەڕای ئـەوەی واسـڵ بەشـێوەیەکی گشـتی باسـی خەبـەر دەکـات و جیـاوازی ناکـات لـە نێـوان خەبـەرێك کـە کـۆدەنگی لەسـەر بێـت بەگشتی، یاخود ئەو خەبەرەی لـە پێغەمبـەرەوە گێڕدراوەتـەوە بەتایبـەتی، بـەڵام پێدەچـێت مەبەسـتی مانـای یەکـەم بێـت، چـونکە ئـەو کاتـە خەبـەر دەبێتـە سەرچاوەیەکی مەعریفی گشتی، لە هەردوو حاڵەتەکەدا فـەرموودە لـە ژێـر چـەمکی

[1] بڕوانە: الأوائل، أبو هلال العسكري (٣٧٤).

[2] الأوائل، أبو هلال العسكري (٣٧٤)، فضل الإعتزال، القاضي عبد الجبار (٢٣٤).

خەبەردا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام دواتر قازی عەبدولجەبار دەقێکی زۆر گرنگ لە واسڵی کوڕی عەتا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "هەر هەواڵێك گومانی کۆبوونەوەی تێدا نەبێت لەسەر درۆ، ئەوە بەڵگەیە، بەپێچەوانەوە ڕەتدەکرێتەوە"[1]. بەشی یەکەمی ئەم دەقە ئەوە دەگەیەنێت هەر خەبەرێك کۆدەنگی لەسەر بێت، یاخود بۆ بەڵگەهێناوە و پشت پێ بەستن بشێت دەکرێت کاری پێبکرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم دەقەش وشەی تەواتور لەخۆ ناگرێت، بەڵام ئەو سیفەتانەی باسی کردووە لە سنووری تەواتور دەرناچێت.

دواتر نەززام (٢٣١ك) لە جیاتی زاراوەی خەبەر، نەقڵ بەکاردێنێت و دەڵێت: "بڕیارە شەرعییەکان بە یەکێك لەم سێ سەرچاوەیە دەناسرێن: عەقڵ، قورئان، نەقڵێك کۆدەنگی لەسەر بێت"[2]. بەڵام دواتر قازی عەبدولجەبار (٤١٥ك) بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و بە دیاریکراوی زاراوەی فەرموودە بەکاردێنێت لە جیاتی خەبەر و نەقڵ، لەم بارەیەوە دەڵێت بەڵگەکان چوار جۆرن: (عەقڵ، قورئان، فەرموودە، کۆڕای زانایان)[3].

تەنانەت قازی عەبدولجەبار زۆر هەوڵی داوە هزری موعتەزیلە لە سەنگەری بەرگریکردن لە فەرموودە دەربخات، زۆر بەرگریشی لە بۆچوونی هاوڕێکانی کردووە، بەتایبەت لە کتێبی (فضل الاعتزال)، بەجۆرێك تەوەرێکی ئەم کتێبەی تەرخانکردووە بۆ موناقەشەکردنی ئەو کەسانەی پێیانوایە موعتەزیلە بە هیچ جۆرێك پابەندنەبوون بە فەرموودەوە و بە ئەهلی سوننە و جەماعەت هەژمار ناکرێن. قازی عەبدولجەبار دوای ئەوەی تۆمەتی ئەو کەسانە دەخاتە ڕوو، دەڵێت:

---

[1] فضل الإعتزال، القاضي عبد الجبار (٢٣٤).

[2] البحر المحيط، الزركشي (٤/ ٤٤١).

[3] شرح الأصول الخمسة، القاضي عبد الجبار (٨٤).

"ئەوانەی پابەندی سوننەت و جەماعەتن، هاوەڵانی ئێمەن نەك ئەوان"[1]، هەروەها لە جێگەیەکی تردا دەڵێت: "ئەوانەی کتێبەکانی ئێمە دەخوێننەوە بابزان دەستگرتن بە سوننەتەوە ڕێبازی ئێمەیە"[2]. بۆچوونی جاحزیش (٢٥٥ك) زۆر نزیکە لە بۆچوونەکەی قازی، چونکە ئەو پێیوایە حەڵاڵ و حەرام لە ڕێگەی ئەم چەند سەرچاوەیە دەستنیشان دەکرێت: (قورئان، فەرموودەیەك کۆدەنگی لەسەر بێت، عەقڵ)[3].

ئەبولحوسەینی خەیاتیش (٣٠٠ك) جارێکیتر جەخت لەسەر بۆچوونی هاوڕێکانی دەکاتەوە سەبارەت بە کارپێکردنی فەرموودەی موتەواتیر لە بوارە جیاوازەکاندا[4]. هەرچەندە زانایانی موعتەزیلە لەم دەقانەی ڕابردوودا نێوی فەرموودەی موتەواتیریان نەهێناوە، بەڵام هەمیشە جەختیان لەسەر قبوڵکردنی خەبەرێك، یاخود فەرموودەیەك کردووەتەوە کە کۆدەنگی لەسەر بێت، نەك خەبەر بە شێوەیەکی گشتی. بەهەمان شێوەی موعتەزیلە، ئەشعەرییەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی فەرموودەی موتەواتیر کاری پێدەکرێت لە تەواوی بوارەکاندا، لەم بارەیەوە چەندین دەقی جۆراو جۆریان هەیە کە تەعبیر لەم بۆچوونە دەکات. هەر لە ئەبولحەسەنی ئەشعەری (٣٢٣ك)یەوە تا دەگاتە نێودارترین زاناکانی نێو ئەو قوتابخانەیە. ئەشعەری جگە لەوەی زۆر جەختی لەسەر پێگەی فەرموودە کردووەتەوە بەشێوەیەکی گشتی، زۆر گرنگیشی داوە بە وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی گومانیان دروستکردووە لەسەر بەڵگەبوونی فەرموودەی موتەواتیر،

---

[1] فضل الإعتزال، القاضي عبد الجبار (١١٦).

[2] فضل الإعتزال، القاضي عبد الجبار (١٥٦).

[3] المختار من رسائل الجاحظ، الجاحظ (٢/ ٢٥١).

[4] بڕوانە: الانتصار، الخياط (١٣٣).

تەنانەت دانراوی تایبەتی هەبووە لەو بارەیەوە و وەڵامی گومانەکانی ئیبن ڕاوەندی داوەتەوە[1].

باقلانیش (٤٠٣ك) لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەشعەری ڕۆیشتووە و لە کتێبی (التمهید)دا بابێکی تەرخانکردووە بۆ قسەکردن لەسەر فەرموودەی موتەواتیر و گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی ناکرێت ئەو ڕێژەیە لە خەڵك کە ئەو فەرموودە دەگێڕنەوە، درۆ بکەن[2]. عەبدولقاهیری بەغدادیش دەڵێت: "فەرموودەی موتەواتیر یەقینی زەروری دەگەیەنێت"[3]. جووەینیش پێیوایە هەر کەسێك نکوڵی لە فەرموودەی موتەواتیر بکات، وەك ئەوە وایە نکوڵی لە شتێکی بەڵگەنەویست بکات[4].

فەخرەدینی ڕازیش (٦٠٦ك) زۆر لەسەر ئەم بابەتە دوواوە و وەڵامی تەواوی ئەو گومانانەی داوەتەوە کە سەبارەت بە بەڵگەبوونی موتەواتیر دروستکراون[5]. ماتوریدییەکانیش هەمان بۆچوونی موعتەزیلە و ئەشعەرییەکانیان هەیە سەبارەت بە فەرموودەی موتەواتیر و کارپێکردنی لە بواری بیروباوەڕ و پەرستشدا[6]. لەسەر ئاستی پراکتیکیش کەلامزانەکانی هەر سێ قوتابخانەکە، فەرموودەی موتەواتیریان بەکارهێناوە و کاریان پێکردووە.

[1] بڕوانە: تبین كذب المفتري، ابن عساكر (١٣٥).

[2] بڕوانە: التمهيد، الباقلاني (١٦٢– ١٦٣).

[3] بڕوانە: أصول الدين، البغدادي (١٢).

[4] بڕوانە: الإرشاد، الجويني (٤١٢).

[5] بڕوانە: نهاية العقول، الرازي (٢٩٢).

[6] بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤٢٣)، الحاوي القدسي، الغزنوي (١/ ٣٨).

**دووەم: فەرموودەی مەشهوور و کارپێکردنی:**

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، تەنها ماتوریدییەکان ئەم دابەشکردنەیان کردووە بۆ فەرموودە، بۆیە لێرەدا تەنها بۆچوونی ئەوان دەخەینە ڕوو، ئەوانیش بەم جۆرە پێناسەی فەرموودەی مەشهوور دەکەن کە: لە سەرەتاوە ئاحاد بووە، بەڵام دواتر لە سەدەی دووەم و سێیەمدا لە نێو زانایان بڵاوبووەتەوە و کۆمەڵێك گێڕاویانەتەوە کە چاوەڕێی ئەوەیان لێناکرێت درۆ بکەن[1].

لەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە فەرموودەی مەشهوور لە سەردەمی هاوەڵاندا نەگەیشتووەتە ڕادەی تەواتور، بەڵکو دواتر ئەو پلەیەی بەدەستهێناوە.

ماتوریدییەکان دەربارەی کارپێکردنی فەرموودەی مەشهوور بوون بەدوو ئاراستەی جیاواز:

**یەکەم**: ئەم ئاڕاستەیە پێیانوایە فەرموودەی مەشهوور جۆرێك لە دڵنیایی دەگەیەنێت، دیارترین ئەو کەسانەی ئەم ئاڕاستەیان هەڵبژاردووە لە نێو مەزهەبی ماتوریدیدا، قازی ئەبو زەیدی دەبوسی (٤٣٠ك) و جەمالەدینی غەزنەوی (٥٩٣ك)[2].

(٥٩٣ك)[2].

**دووەم**: زۆربەی ماتوریدییەکان ڕایان وایە، فەرموودەی مەشهوور جێگەی باوەڕە و کاری پێدەکرێت، لەبەر ئەوەی زانایان پەسەندیان کردووە، هەر ئەمەش هۆکاری قبوڵکردنیەتی، واتە بڕیاری کارکردن بەم جۆرە فەرموودەیە وەك بڕیاری کارکردن وایە بە کۆدەنگی زانایان[3].

لەسەر ئاستی پراکتیکیش، ماتوریدییەکان بایەخێکی زۆریان بە فەرموودەی مەشهوور داوە و لە چەسپاندنی زۆرێك لە بابەتە کەلامییەکان پشتیان پێ

---

[1] بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤٢٨– ٤٢٩)، الحاوي القدسي، الغزنوي (١/ ٣٨).

[2] بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤٢٨– ٤٢٩)، الحاوي القدسي، الغزنوي (١/ ٣٨).

[3] بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤٢٩)، أصول الدين، البزدوي (٨٨– ٨٩).

بەستووە، بگرە زۆر بەرگریشیان لێکردووە. ئەبو یوسری بەزدەوی (٤٩٣ك) لە وەڵامی ئەو کەسانەی ڕەخنە لە فەرموودەی بینینی خودا دەگرن و دەڵێن ئاحادە و ناکرێت ببێتە بەڵگە بۆ ئەم بابەتە، دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە مەشهوورە، فەرموودەی مەشهووریش بەلای ئێمەوە وەك موتەواتیر وایە"[١]. تەنانەت لە جێگەیەکی تردا دەڵێت: "بە هیچ شێوەیەك ناکرێت فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕەتبکرێتەوە تەنانەت ئەگەر لە بازنەی ئاحادیشدا بێت، چونکە گریمانەی ڕاستیەتی تێدایە"[٢].

**سێیەم: فەرموودەی ئاحاد و کارپێکردنی:**

لێکۆڵینەوە لەسەر فەرموودەی ئاحاد لە کۆن و نوێدا بایەخی زۆری پێدراوە و هەمیشە جێگەی مشتومڕ بووە لە نێوان ئەو کەسانەی وەك بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو کاریان پێکردووە لە بابەتی بیروباوەڕ و بڕیارەکاندا و ئەو لایەنانەش کە جیاوازی نێوان بیروباوەڕ و پەرستشیان کردووە.

**پێناسە:** فەرموودەی ئاحاد بریتییە لەو فەرموودەیەی نەگەیشتبێتە ڕادەی تەواتور، یاخود نێوبانگی دەرنەکردبێت و کۆڕای زانایانیشی لەسەر نەبێت، ئینجا جیاوازی نیە ئەو کەسانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە دوو کەس بن، یان سێ کەس، یان زیاتر[٣].

---

١ أصول الدين، البزدوي (٨٨- ٨٩).

٢ أصول الدين، البزدوي (٨٨- ٨٩).

٣ بڕوانە: ميزان الأصول، السمرقندي (٤٣١).

**کارپێکردنی فەرموودەی ئاحاد لە بواری بیروباوەڕدا:**

بەر لەوەی باس لە کارپێکردنی فەرموودەی ئاحاد بکەین لەلای زانایانی کەلام، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین، ئەویش ئەوەیە ئایا فەرموودەی ئاحاد چی دەگەیەنێت؟ گومان، یاخود یەقین؟ لەڕاستیدا ئەم بابەتە وەك دەروازەیەك وایە بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی زانایانی کەلام سەبارەت بە بەڵگەبوونی فەرموودەی ئاحاد، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین بواری کارکردنی ئەم جۆرە فەرموودەیە دیاریی بکەین.

**زانایانی کەلام لەم بارەیەوە بوون بە چوار ئاڕاستەی جیاواز:**

**یەکەم:** پێیانوایە فەرموودەی ئاحاد بەشێوەیەکی ڕەها یەقین دەگەیەنێت، بەبێ بوونی هیچ پاڵپشتیەك، ئیمامی جووەینی ئەم بۆچوونە دەداتە پاڵ حەشەویەکانی نێو مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد[1]، بەڵام ئامەدیی بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەم بۆچوونە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێك لە زاهیرییەکان و خودی ئیمامی ئەحمەد لە یەکێك لە گێڕانەوەکاندا[2].

**دووەم:** ئەمانەش پێیانوایە فەرموودەی ئاحاد تەنها گومان دەگەیەنێت، بۆیە جیاوازی نیە پاڵپشتی هەبێت یاخود نا؟ زانایان پەسەندیان کردبێت یان نا؟ لە هەموو دۆخێکدا لە پلەی گومان تێناپەڕێت، ئەمەش بۆچوونی زۆربەی موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان و ژمارەیەك لە ئوسوڵی و فەرموودەزانەکانە.

ئەبولحوسەینی خەیات کە یەکێکە لە زاناکانی موعتەزیلە بەم شێوەیە وێنای مەزهەبەکەی خۆی دەکات لە بارەی فەرموودەی ئاحادەوە و دەڵێت: "بۆچوونی ئێمە لە بارەی خەبەری ئاحاد، کە کەسانی دادپەروەر گێڕابیانەتەوە ئەوەیە، یەقین

---

[1] بڕوانە: البرهان، الجويني (١/ ٦٠٦).

[2] بڕوانە: الإحكام، الآمدي (٢/ ٤٩– ٥٠).

نابەخشێت"[1]. هەریەك لە ئەبو عەلی جوبائی (٣٠٣ك)[2] و ئەبولقاسمی بەڵخی (٣١٩ك)[3] و حاكمی جەشمی (٤٩٤ ك)[4] و قازی عەبدولجەبار[5] و زۆربەی موعتەزیلە، ئەم بۆچوونەیان پەسەند كردووە، تەنها نەزام نەبێت، كە پێیوایە خەبەری ئاحاد یەقین دەبەخشێت لە كاتی هەبوونی پاڵپشتی دا[6].

زۆربەی ئەشعەرییەكانیش بەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیشتوون كە خەبەری ئاحاد لە گومان بەولاوە هیچی تر ناگەیەنێت، تەنانەت ئیمامی غەزالی (٥٠٥ك) پێیوایە ئەمە شتێكی زانراو و بەڵگەنەویستە[7]. هەروەها باقیلانی[8] و ئیبن فەورك[9] و عەبدولقاهیری بەغدادی[10] و جووەینی[11] و ڕازی[12] و تەفتازانی (٧٩٢ك)[13] لەسەر ئەم بۆچوونەن.

لە فەرموودەزانەكانیش كە كاریگەربوون بە زانستی كەلام و هەمان بۆچوونیان هەیە: خەتابی (٣٨٨ك)[14] و بەیهەقی (٤٥٨ك)[15] و خەتیبی بەغدادی

---

[1] الانتصار، الخياط (٩٠).

[2] بڕوانە: المغني، القاضي عبد الجبار (٢٠/ ٢٦٢).

[3] بڕوانە: قبول الأخبار، البلخي (٧).

[4] بڕوانە: الحاكم الجشمي ومنهجه في تفسير القرآن، د. عدنان زرزور (٢٥٩).

[5] بڕوانە: المغني، القاضي عبد الجبار (١٣/ ٤٣٠)، (١٧/ ٣٨٢- ٣٨٤).

[6] بڕوانە: المغني، القاضي عبد الجبار (١٥/ ٣٩٢).

[7] بڕوانە: المستصفى، الغزالي (١/ ١٤٥).

[8] بڕوانە: التمهيد، الباقلاني (١٦٣- ١٦٤).

[9] بڕوانە: مشكل الحديث وبيانه، ابن فورك (٥).

[10] بڕوانە: أصول الدين، البغدادي (٢٢).

[11] بڕوانە: الإرشاد، الجويني (١٦١).

[12] بڕوانە: المطالب العالية، الرازي (٩/ ٢٠٣- ٢١٤).

[13] بڕوانە: شرح المقاصد، التفتازاني (٥٠، ٥٣، ٦١).

[14] بڕوانە: الأسماء والصفات، البيهقي (٣٣٥- ٣٣٦).

[15] بڕوانە: الأسماء والصفات، البيهقي (٣٣٥- ٣٣٦).

(٤٦٣ك)[1] و ئـیبن ئەسـیر (٦٠٦ك)[2] و نـەوەوی (٦٧٦ك)[3]، هـەروەها زۆرێـك لـە ئوسولّیەکان ئەم ئاڕاستەیەیان گرتووە.

**سێیەم:** ئەم گرووپەش لەگەڵ ئەوەدان فەرموودەی ئاحاد بەشێوەیەکی ڕەها نە گومان دەگەیەنێت نە یەقین، واتە ناکرێت بەشـێوەیەکی گشـتی بڕیـار لەسـەر ئـەم بەشەی فەرموودە بدرێت، بەڵکو وتوویانە هەرکاتێك فەرموودەی ئاحاد پاڵپشتیەکی هەبوو کـە گریمانـەی گومـانی نەدەهێشـت، ئـەو کاتـە دەگاتـە ڕادەی یـەقین. ئـەم بۆچـوونەش وەڵامێکـە بـۆ تـەواوی ئـەو زانایانـەی بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە فەرموودەی ئاحاد بە کۆی دەنگ لە هیچ حاڵەتێکدا ناگاتە پلـەی یـەقین. دیـارترین ئەو کەسانەش کە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن لە نێو موعتەزیلەدا نەززامە[4]، ئەو پێیوایە خەبەری ئاحـاد، یـەقینی زەروری دەگەیـەنێت لەگـەڵ هـەبوونی هۆکـارێکی بـەهێزدا. هــەروەها ئەبولحوســەینی بەســری (٤٣٦ك) بــاس لــەوە دەکــات، کــە ژمارەیەکی زۆر لە موعتەزیلە لەگەڵ قبوڵکردنی خەبەری ئاحاددان لە کاتی هەبوونی پاڵپشتدا، وەك کۆدەنگی موسڵمانان لەسەر دروستیەتی ئـەو فەرموودەیـە[5]. ئـەبو هــــاشمی جوبــــائی (٣٢٣ك) و ئـــــەبو عەبـــدوڵڵای بەســـری (٣٦٩ك) و قـــازی عەبدولجەباریش هەمان بۆچوونیان هەیـە. کەواتـە دەتـوانین بڵـێین پێـنج کـەس لـە گەورە زانایانی قوتابخانەی موعتەزیلە لەگەڵ کارپێکردنی فەرموودەی ئاحاددان بـە مەرجی هەبوونی پاڵپشتێکی بەهێز.

بەهەمان شێوەی موعتەزیلـە دەتـوانین لـەنێو ئەشـعەرییەکانیش کۆمـەڵێك لـەو زانایانە دەستنیشان بکەین کە ئەم ڕایـەیان هەڵبـژاردووە، لەوانـە: ئـیبن فـەورەك و

---

[1] بڕوانە: الكفاية في علم الرواية، الخطيب البغدادي (٥٠).

[2] بڕوانە: جامع الأصول، ابن الأثير (١/ ١٢٥).

[3] بڕوانە: التقريب المطبوع مع تدريب الراوي، النووي (١/ ١٣٢).

[4] بڕوانە: المغني، القاضي عبد الجبار (١٥/ ٣٩٢)، المعتمد، أبو الحسين البصري (٢/ ٥٦٧).

[5] بڕوانە: المعتمد، أبو الحسين البصري (٢/ ٥٥٥).

ئەبو ئیسحاقی ئیسفەڕاینی[1] و عەبدولقاهیری بەغدادی لەگەڵ ئەوەدان کە خەبەری موستەفیز هاوشێوەی خەبەری موتەواتیرە، تەنها لەوەدا جیاوازە کە موستەفیز یەقینی نەزەری دەگەیەنێت نەك زەروری[2]. لەلای بەغدادی زۆرێك لە فەرموودە لە ژێر چەمکی موستەفیزدا جێگەی دەبێتەوە، لەوانە: خەبەری ئاحاد کە کۆدەنگی لەسەر بێت، هەروەها ئەو خەبەرەی لە سەرەتاوە ئاحاد بووە و دواتر بە ڕێگەی جیاواز گێڕدراوەتەوە، ئەم بۆچوونەی بەغدادیش زۆر نزیکە لە بۆچوونی ماتوریدییەکان سەبارەت بە فەرموودەی مەشهوور. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك لە کەلامزانەکانی ئەشعەرییەکان وتوویانە فەرموودەکانی بوخاری و موسلیم یەقین دەگەیەنن، چونکە زۆربەی زۆری زانایان هاوڕان لەسەر پەسەندکردنی فەرموودەکانی ئەم دوو سەرچاوەیە. هەروەها ئامەدی[3] و ئیبن حاجیب[4] و زەرکەشی (٧٩٤ك)[5] و تەفتازانی و ئیجی (٧٥٦ك) و سەید شەریفی جورجانی (٨١٦ك)[6] لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەدان کە دەڵێت: فەرموودەی ئاحاد دەگاتەی پلەی یەقین ئەگەر پاڵپشتی هەبێت.

دوای نێو هێنانی ئەو هەموو زانایە، کە لە هەردوو بواری کەلام و ئوسوڵی فیقهدا دەستی باڵایان هەبووە، جارێکیتر بانگەشەی کۆدەنگی لەسەر قبوڵ نەکردنی فەرموودەی ئاحاد لە بواری بیروباوەڕدا بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتدەکرێتەوە و دەتوانین بڵێین ئەم بابەتە جێگەی ناکۆکییە نەك کۆدەنگی. ئەبولموزەفەری سەمعانیش (٤٨٩ك) دەڵێت: "زۆربەی زانایانی فەرموودەناس پێیانوایە خەبەری

---

[1] بڕوانە: البحر المحيط، الزركشي (٤/ ٢٤٩).

[2] بڕوانە: أصول الدين، البغدادي (١٢).

[3] بڕوانە: الإحكام، الآمدي (٢/ ٥٠).

[4] بڕوانە: شرح مختصر ابن الحاجب، الإيجي (٢/ ٥٥– ٥٦).

[5] بڕوانە: البحر المحيط، الزركشي (٤/ ٢٦٥).

[6] بڕوانە: شرح الإيجي على مختصر ابن الحاجب، مع حاشيتي التفتازاني والجرجاني (٢/ ٥٥– ٥٦).

ئاحـــاد ئەگـــەر کەســـێکی دادپـــەروەر گێڕابیەتـــەوە جێگـــەی متمانەیـــە و کـــاری پێدەکرێت"[1]، بەڵام ئـیبن تەیمییـە (٧٢٩ك) زۆر لـەوە زیـاتر دەڕوات، کاتێـك ئـەم بۆچوونە دەداتـە پـاڵ جمهـوری موسـڵمانان لـە هـاوەڵانی ئـەبو حەنیفـە و مالیـك و شـافیعی و ئەحمـەد، دواتـر دەڵێـت: "ئەمـە ڕای فەرموودەناسـەکان و زۆربـەی ئەشعەرییەکانە"[2]. گرنگی ئەم بۆچوونەش لەوەدایە، کە زۆرێك لـەو فەرموودانـەی لە بوخاری و موسـلیمدا هـاتوون هـەر چـەندە بـە چـەمکی کـەلامی ئاحـادن، بـەڵام دەشێ لە بواری عەقیدەدا کاریان پێ بکرێت. ئەمـەش وادەکـات بـواری کـارکردنی فەرموودە لە مەسـەلە بیروباوەڕییەکانـدا زۆر فـراوان بێـت، بەتایبـەت ئەگـەر سـەیر بکەین ئەو فەرموودانەی دەربارەی بیرو باوەڕ هاتوون لەم دوو سەرچاوەیەدا، زۆرێك لەو بابەتانە دەگرێتەوە کە زانایانی کەلام توێژینەوەیان تێدا کردووە.

**چـوارەم:** ئـەم ئاڕاسـتەیە پێیوایـە خەبـەری ئاحـاد نـە یـەقین و نـە گومـان دەبەخشێت. سەرەخسی (٤٩٠ك) ئەم بۆچوونەی باس کردووە، بەڵام نەیداوەتە پاڵ هیچ گرووپ و لایەنێکی دیاریکراو[3].

سەبارەت بە کـارپێکردنی فـەرموودەی ئاحـاد لـە بـواری بیروبـاوەڕدا، دەکرێـت بڵێین: زۆربەی زانایانی قوتابخانە کەلامییەکان هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی فـەرموودەی ئاحاد گەر هیچ پاڵپشتیەکی نەبێت، لەم بوارەدا پەسەندکراو نیە و کاری پێناکرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە: ئەم فەرموودەیە جگە لە گومـان هـیچ یـەقینێکی تێـدا نیـە، سـەلماندنی مەسـەلە بیروباوەڕییـەکانیش دەبێـت لەسـەر بنـەمای بەڵگـەی یـەقینی قورئان و فەرموودە بێت نەك گومان، بۆیە هەر دەقێك نەگاتـە یـەقین لـەم بـوارەدا کاری پێناکرێت.

---

[1] بڕوانە: صون المنطق والكلام عن فني المنطق والكلام، السيوطي (١٦٠).

[2] بڕوانە: المسودة، ابن تيمية (٢١٤).

[3] بڕوانە: أصول السرخسي، السرخسي (١/ ٣٢١).

**موعتەزیلە:**

گەر لە موعتەزیلەوە دەست پێ بکەین ئەوا دەبینین کە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی فەرموودەی ئاحاد لە بواری عەقیدەدا قبوڵکراو نیە، ئەم بۆچونەش هەڵقوڵاوی ئەو بابەتەی پێشووە کە وتوویانە ئاحاد تەنها گومان دەگەیەنێت و ناگاتە پلەی یەقین، مەسەلەکانی عەقیدەش پێویستیان بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە هەیە نەك گوماناوی.

١. حاکمی جەشمی دەڵێت: "ناکرێت پشت بە فەرموودەی ئاحاد ببەستین لە بوارێکدا کە پێویستی بە یەقین بێت". لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ﴾ (البقرة: ٧٩)، دەڵێت: "دروست نیە هەموو گێڕانەوەیەك پەسەند بکرێت، بەڵکو پێویستە جیاوازیی لە نێوان ڕاست و هەڵەدا بکرێت، لەم سۆنگەیەشەوە دروست نیە ئەو فەرموودە ئاحادانەی موشەبیهەکان دەیگێڕنەوە پەسەند بکرێن"[1].

٢. ئەبولقاسمی بەڵخیش هەندێك لەو بوارانەی دەستنیشانکردووە کە کار بە فەرموودەی ئاحاد ناکرێت تیایدا، لەوانە: ئەو بنەما ئایینییانەی کۆدەنگییان لەسەرە، هەروەها ئەو شتە گشتییانەش کە زۆربەی خەڵك پێویستیان پێیەتی[2].

٣. قازی عەبدولجەباریش کە یەکێکە لە گەورە مونەزیرەکانی موعتەزیلە، لە زۆرێك لە کتێبەکانیدا پێداگری دەکات لەسەر پەسەندنەکردنی فەرموودەی ئاحاد لە مەسەلە عەقائیدییەکاندا، ئەویش بە پاساوی ئەوەی ئەو کەسانەی ئەو فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە، دەشێت هەڵە بکەن، یاخود دەکرێت لە خودی

---

[1] بڕوانە: الحاكم الجشمي ومنهجه، د. عدنان زرزور (٢٥٨– ٢٦٣).

[2] بڕوانە: قبو الأخبار، البلخي (٣).

فەرموودەکەدا گۆڕانکاریی و لەبیرچوونەوە و هەڵە ڕوویدابێت، هەر بۆیە لە بواری (تەوحید و عەدل و بنەماکاندا) کاری پێناکرێت[1].

لە بواری پراکتیکیشدا وەك چەسپاندنی ئەم یاسایە، قازی عەبدولجەبار تەواوی ئەو فەرموودانەی ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان لەسەر بینینی خودا لە دواڕۆژدا کردوویانن بە بەڵگە، دەڵێت: "هەموو ئەم فەرموودانە ئاحادن و لە بابەتێکی واهەستیاردا کاریان پێناکرێت، چونکە ئەو کەسانەی ئەم فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە دەشێت هەڵە، یان درۆ بکەن، ئەمەش لە بنەما سەرەکیەکانی ئاییندا قبوڵکراو نیە"[2].

## ئەشعەرییەکان:

هەرچەندە پێشەوا ئەشعەری لەسەر ئاستی تیۆری دەقێکی وای نیە کە ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی ئاشکرا بکات، بەلاّم وا پێدەچێت جیاوازیی نێوان فەرموودەی موتەواتیر و ئاحادی نەکردبێت، بگرە پێداگری دەکات لەسەر پەسەندکردنی تەواوی ئەو فەرموودانەی کەسانی متمانەپێکراو گێڕاویانەتەوە بەبێ جیاوازیی[3].

لەسەر ئاستی پراکتیکیش، پێشەوا ئەشعەری کۆمەڵێکی زۆر لەو فەرموودانە بە بەڵگە دێنێتەوە، بە چەشنێك بۆ سەلماندنی بۆچوونە کەلامییەکانی، کەم باس لە کتێبی (الإبانة)دا هەیە کە کۆمەڵێك فەرموودەی باس نەکردبێت، ئەشعەری هێندە پشتی بە فەرموودە بەستووە، کاتێك (الإبانة) دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت کتێبێکی فەرموودە بێ نەك کەلام. زۆرێکیش لەو فەرموودانەی باسی کردوون بە

---

[1] بڕوانە: المغني، القاضي عبد الجبار (٤/ ٢٢٥)، فضل الاعتزال (١٥١، ١٥٦، ١٥٨، ١٩٥).

[2] بڕوانە: المغني، القاضي عبد الجبار (٤/ ٢٢٥).

[3] بڕوانە: الإبانة، الأشعري (٢٧).

چەمکی کەلامی لە چوارچێوەی ئاحاد دەرناچن[1]، بەڵام ئەم بۆچوونە لەلای باقیلانی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، چونکە ئەو پێیوایە فەرموودەی ئاحاد یەقین ناگەیەنێت، هەربۆیە لە بواری عەقیدەدا کاری پێناکرێت[2]. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، دەڵێت: "خەبەری ئاحاد ئەگەر تەواوی موسڵمانان بە لایانەوە قبوڵکراو بێت، ئەوا کاری پێدەکرێت"[3]. هاوکات لە زۆر شوێندا پشت بە فەرموودەی ئاحاد دەبەستێت، بەتایبەت لە کتێبی (الإنصاف)دا[4].

عەبدولقاهیری بەغدادیش هەمان بۆچوونی باقیلانی هەیە، بەڵام ئەوەی بەغدادی جیادەکاتەوە لە باقیلانی ئەوەیە کە بواری ئەو فەرموودانەی فراوانکردووە کە لە بیروباوەڕدا کاریان پێدەکرێت، لە ژێر نێوی (موستەفیز) و زۆرێك لە فەرموودەی ئاحادی لە ژێر ئەم چەمکەدا کۆکردۆتەوەو دەڵێت: یەقینی نەزەری دەگەیەنێت[5]، بەڵام لەسەر دەستی جووەینی، مەزهەبی ئەشعەریی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت و تەواو لە مەزهەبی موعتەزیلە نزیك دەبێتەوە و دەڵێت: "خەبەری ئاحاد یەقین ناگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر کۆدەنگیش هەبێ لەسەر ئەو فەرموودەیە ئەوە وەرناگیرێت"[6].

دواتر مەزهەبی ئەشعەری لەسەر ئەوە جێگیر دەبێت کە خەبەری ئاحاد لە بواری عەقیدەدا پشتی پێنابەسرێت، هەریەك لە غەزالی[7] و ئامەدی[8] و تەفتازانی[1] و

---

[1] بڕوانە: الإبانة، الأشعري (١٧، ١٨، ١٩، ٢٦، ٣٣، ٥٣، ١٠٤، ١١١، ١٩٦، ٢٢٥، ٢٤٦، ٢٤٧).

[2] بڕوانە: التمهيد، الباقلاني (١٦٤).

[3] التمهيد، الباقلاني (١٦٦).

[4] بڕوانە: الانصاف، الباقلاني (٢٠، ٣٠، ٤٣، ٤٩، ٥٥، ٦٠، ٦٩، ٧١، ٨٤).

[5] بڕوانە: أصول الدين، البغدادي (١٣، ٢٢).

[6] الإرشاد، الجويني (١٦١)، الشامل (١٠٠)، العقيدة النظامية (٥٧).

[7] بڕوانە: المستصفى، الغزالي (١٤٥).

[8] بڕوانە: غاية المرام، الآمدي (٣٦٨– ٣٧١).

ئیجی[2]، پشتگیریی لەم ڕایە دەکەن. فەخرەدینی ڕازیش بە دیارترین کەسی نێو مەزهەبی ئەشعەری دادەنرێت لە ڕەتکردنەوەی فەرموودەی ئاحاددا، تەنانەت بەڕادەیەك داکۆکی لەم بابەتە کردووە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئوسوڵییەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك ناکرێت پەنا ببرێت بۆ فەرموودەی ئاحاد لە بواری بیروباوەڕدا.

## ماتوریدییەکان

تەواوی کەلامزانەکانی قوتابخانەی ماتوریدیش هاوڕان لەهەمبەر کارنەکردن بە فەرموودەی ئاحاد لە بواری عەقیدەدا، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بابەتە عەقائیدییەکان پێویستیان بە بەڵگەی یەقین هەیە و ئاحادیش تەنها گومان دەگەیەنێت، هەربۆیە کەلامزانەکان پشتیان پێنەبەستووە[3].

دوای خستنەڕووی بۆچوونی کەلامییەکان دەربارەی فەرموودەی ئاحاد لەسەر ئاستی تیۆری، دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

**یەکەم**: زانایانی کەلام بە شێوەیەکی ڕەها فەرموودەیان پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو لە سێ بەشەکەی فەرموودە تەنها کێشەیان لەگەڵ ئاحاد هەیە، بەڵام لەوەشدا هەموویان کۆکنین لەسەر ڕەتکردنەوەی، بەڵکو زۆرێکیان لە قوتابخانە جیاوازەکان ئەم جۆرە فەرموودەیان قبوڵکردووە کاتێك پاڵپشتێکی هەبووبێت، بۆیە ناکرێت زانایانی کەلام بەوە تۆمەتبار بکرێن کە بە کۆی دەنگ و بەشێوەیەکی ڕەها فەرموودەی ئاحادیان ڕەتکردووەتەوە. تەنانەت ئەو زانایانەش کە پشتیان

---

[1] بڕوانە: شرح المقاصد، التفتازاني (٥/ ٥٠، ٥٣، ٦٥، ١٣٦).

[2] بڕوانە: المواقف، الإيجي (٣٦١).

[3] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ١٣١)، تلخيص الأدلة، الصفار (٦٨١– ٦٨٢)، التمهيد، اللامشي (٥٩)، ميزان الأصول، السمرقندي (٤٤٨)، بذل النظر، الأسمندي (٣٩٣).

پێنەبەستووە، لەبەر ئەوە نەبووە کە فەرموودەی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە ناکرێت بابەتێکی هەستیاری وەك بیروباوەڕ لەسەر بنەمای گومان بونیاد بنرێت، ئەمەش تەنها بۆچوونی کەلامزانەکان نیە، بەڵکو زۆربەی ئوسوڵییەکان و بەشێك لە فەرموودەزانەکانیش هەمان بۆچوونیانیان هەیە، بگرە زۆرێك لە حەنبەلیەکانیش وتوویانە فەرموودەی ئاحاد بەشێوەیەکی ڕەها کاری پێناکرێت، بەڵکو پێویستی بە پاڵپشت هەیە.

**دووەم**: تەواوی ئەو فەرموودانەی کەلامییەکان بەنێوی ئاحادەوە ڕەتیان کردوونەتەوە، تەنها لە بواری (لێکچوواندن و جەستە)دایە، نەك لە کۆی بابەتەکانی بیروباوەڕدا، بۆ نموونە ئەو فەرموودانەی بڕیاردانی دەست و قاچ و ئەندامەکانی دیکەیان تێدایە بۆ پەروەردگار، لەلایەن کەلامزانەکانەوە ڕەتکراونەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە فەرموودانە دژ دەوەستنەوە لەگەڵ زۆرێك لە ئایەتە موحکەمەکانی قورئانی پیرۆز، هەربۆیە ناکرێت ئایەتی قورئان وەلا بنرێت و کار بە فەرموودەی ئاحاد بکرێت[1]، بەڵام ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە زۆرێك لە کەلامزانەکانی نێو قوتابخانەی ئەشعەری و ماتوریدی لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی، ئەو فەرموودانەیان قبوڵکردووە و کاریان پێکردووە[2].

**سێیەم**: لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە لێرەدا لە یادمان نەچێت، ئەویش بابەتی بەرگرییکردن و داکۆکیکردنە لە مەزهەب و بنەما عەقڵییەکانی، ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد و بابەتییانە بکەین بۆ قوتابخانە جیاوازەکانی زانستی کەلام، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەلامزانەکان هەمیشە ویستوویانە سەرسەختانە بەرگریی لە مەزهەبەکەی خۆیان بکەن و برەوی

---

[1] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ١٣١)، تلخيص الأدلة، الصفار (٦٧٨)، لباب الكلام، الأسمندي (٧٠، ٨٠).

[2] بڕوانە: الكفاية، الصابوني (٨٤)، البداية (٤٨)، الحاوي القدسي، الغزنوي (١/ ١٣).

پێبدەن، بۆیە هەر دەقێکی شەرعی لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی ئەو مەزهەبەدا کۆك نەبوبێت ڕەتکراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە هەندێکجار فەرموودەی موتەواتیریش ڕەتبکرێتەوە، چونکە بەلایانەوە دژ بووە لەگەڵ مەزهەبەکەیاندا، لە بەرامبەریشدا زۆر جار پەنایان بۆ فەرموودەی زۆر لاواز بگرە زۆر بێ بنەما و هەڵبەستراویش بردووە، کاتێك بینیویانە ئەو فەرموودەیە لە بەرژەوەندی مەزهەبەکەیاندایە.

**چوارەم:** وەك پاڵپشتییەك بۆ قسەی پێشوو، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە چەندین بابەت هەیە بە فەرموودەی موتەواتیر چەسپاون، بەڵام موعتەزیلە لەبەر ئەوەی لەگەڵ بنەماکانی مەزهەبدا ناگونجێت تەئویلیانکردووە و هەندێکجار ڕەتیانکردووەتەوە، بینینی خودا یەکێکە لەو بابەتانەی بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە چەسپاوە، ئەو فەرموودانەش باسی بینینی خودا دەکەن، بیست بۆ سی هاوەڵ گێڕاویانەتەوە،(1) کە لە بازنەی موتەواتیری مەعنەویدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام موعتەزیلە تەواوی ئەو فەرموودانەیان ڕەتکردووەتەوە، یاخود تەئویلیان کردووە، لەبەر ئەوەی پێیانوایە تەنها شتێك دەبینرێت کە جەستەی هەبێت، لەبەر ئەوەی ناگونجێت پەروەردگار جەستەی هەبێت، کەوابوو بۆیە وتوویانە خودا نابینرێت، چونکە پێچەوانەی یەکێك لە بنەما عەقڵیەکانی مەزهەبە، نەك شتێکی دی(2). هەروەها بابەتی تکاکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە دوارۆژدا و موعجیزە و کەراماتی ئەولیا، یەکێکی دیکەن لەو مەسەلانەی دژایەتیان هەیە لەگەڵ مەزهەبی موعتەزیلە، هەربۆیە پەنایان بردووەتە بەر تەئویلکردنی ئەو فەرموودانەی دەبارەی هەریەك لەم بابەتانە هاتوون.

موعتەزیلە تەنها لە بواری بیروباوەڕدا ئەم کارەیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو لەبەر هەمان هۆکار فەرموودەی دیکەشیان ڕەتکردووەتەوە کە بەهیچ شێوەیەك

---

(1) بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ٤٠٠)، البداية، الصابوني (٧٧).

(2) بڕوانە: المختصر في أصول الدين، القاضي عبد الجبار (١/ ٢٢٠)، المجموع المحيط بالتكليف (١/ ٢٠٦).

پەیوەندییان بە بواری باوەڕەوە نیە[1]، بەڵام لـە بەرامبـەردا هەنـدێك لـە كەلامزانـە دیارەكانی موعتەزیلە پـەنایان بـۆ چـەندین فـەرموودەی هەڵبەسـتراو و لاواز بـردوە بەمەستی برەودان بە بنەماكانی مەزهەب، بۆ نموونە كەسێكی نێوداری وەك قـازی عەبدولجەبار چەند وتەیـەك وەك فـەرموودە دەگێڕێتـەوە كـە بـاس لـە پێـداگووتنی واسڵی كوڕی عەتا دەكات، كە هیچ بنەمایەكیان نیە، لەوانە: (يَكـونُ فِي أُمَّـتي رَجُـلٌ يُقالُ لَهُ واصلُ بنُ عَطا يَفصلُ بَينَ الحقِّ والباطِلِ)[2]، لە گێڕانەوەیەكی تـردا دەڵێـت: (واصلُ وما واصلُ، يَصِلُ اللهُ بِهِ الدينَ)[3]. دواتر قازی عەبدولجەبار ئـەم پێداگووتنـە گشتگیر دەكات بۆ تەواوی موعتەزیلە و دەڵێت پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر)، فەرموویـەتی: (سـتَفْتَرِق أُمَّـتي عَلـى بِضـعٍ وَسَـبْعينَ فرقَـةً، أَبَرُّهـا وأَتقاهـا الفِئَـةُ المُعتَزِلَةُ)[4]، لە وتەیەكی تردا هاتووە: (مَنْ اعْتَزَلَ مِنَ الشَّرِّ سَقَطَ فِي الخَيْـرِ)[5]. بـەم جۆرە داكۆكیكردن لە مەزهەب و بنەماكانی، ڕۆڵێكی زۆری گێڕاوە لە بەڕاسـتدانانی فەرموودە و ڕەتكردنەوەی لەیەك كاتدا، بۆیە لێرەدا بە مـافی خۆمـانی دەزانـین كـە پرسیار بكەین ئەو عەقڵانیەتەی مەزهەبی موعتەزیلەی لەسەر دامـەزراوە چـۆن ئـەو هـەموو فـەرموودە بەهێزانـەیان ڕەتكردووەتـەوە لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ مەزهەبـدا نـاگونجێن، بـەڵام لەلایـەكی تـرەوە پشـتیان بـە كۆمـەڵێك دەقـی لاواز و بـێ بنـەما بەستووە بۆ پشتگیریكردن لـە مەزهـەب و بۆچـوونەكانی خۆیـان، ئایا لـەم كاتـەدا عەقڵانیەت بۆ بوونی نەبوو؟ لە ئەگەری بەڕاستدانانی ئەو دەقانەش كـە موعتەزیلـە پشتیان پێ بەستوون، ئەوا بە پێی بنەماكانی خۆیان لە سنووری ئاحاد دەرناچن و ناكرێت كاریان پێبكرێت.

---

[1] بڕوانە: الحيوان، الجاحظ (٢/ ٥٥).

[2] بڕوانە: فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (٢٣٤).

[3] بڕوانە: فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (٢٤٠).

[4] بڕوانە: فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (١٦٦).

[5] بڕوانە: فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (١٦٦).

## پێگەی فەرمووده لە زانستی کەلامدا/ لایەنی پراکتیکی:

لە تەوەری یەکەمدا بۆچوونی زانایانی کەلاممان سەبارەت بە بەکارهێنان و کارپێکردنی فەرمووده لە توێژینەوە کەلامییەکاندا خستەڕوو، هاوکات ئاماژەمان بەوەدا، کە لە سێ بەشە سەرەکییەکەی فەرمووده زانایان تەنها لە بەرامبەر فەرموودەی ئاحاد بۆچوونی جیاوازیان هەبووە، بەڵام لە دوو بەشەکەی تردا: موتەواتیر و مەشهوور، بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوڕا بوون لەسەر تەوزیفکردنیان لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵام هەموو ئەو بۆچوونانە قسەی تیۆری بوون و پێویستیان بە پشتڕاستکردنەوە هەیە، کە خۆی لە بواری پراکتیکیدا دەبینێتەوە تاوەکو بزانین کەلامزانەکان بە کردەیی گەڕاونەتەوە بۆ فەرمووده یاخود نا؟

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد زانستی کەلام لە سێ بەش پێکدێت (ئیلاهیات – نبوات – سمعیات)، هەر یەکێك لەم بەشانەی کەلام کۆمەڵێك بابەت و مەسەلەی جیاواز لەخۆدەگرێت و زانایانی کەلامیش لە هەموو ئەم بوارانەدا فەرموودەیان وەك بەڵگەیەکی بەهێز و متمانەپێکراو بەکارهێناوە.

### ئیلاهیات:

زاراوەی ئیلاهیات لە زانستی کەلامدا بە کۆی ئەو بابەتانە دەوترێت کە باس لە ناسین و بوونی خودا و سیفاتە جۆراوجۆرەکانی دەکات، هەرچەندە زۆرێك لە بابەتەکانی ئیلاهیات لە ڕێگەی عەقڵەوە چەسپاون، بەڵام ئەو مەسەلانەش کەم نین کە نەقڵ قسەی تێدا کردووە و یەکلایی کردوونەتەوە، بۆ نموونە: یەکێك لەو بابەتانەی کەلامییەکان لە سەرەتای زانستی کەلامدا جەختی لەسەر دەکەنەوە بریتییە لە پێویستی نەزەری عەقڵی، واتە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، نەك قبوڵکردنی تەقلید و پاشکۆیەتی، هەروەها بابەتی ناسینی خودا کە لە دیدی کەلامزانەکانەوە یەکەم ئەرکە لەسەر مرۆڤ، بۆ سەلماندنی ئەم دوو بابەتە گرنگە،

زانایان جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە بۆ دەقە پیرۆزەکانی قورئان، چونە کەلامزانەکان کاتێك باسی ئەم دوو تەوەرە دەکەن، دەگەڕێنەوە بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە باس لە تێڕامان و وردبوونەوە لە گەردوون و بوونـەوەرە جۆراوجۆرەکـانی دەکـەن، هەروەها بوونی خودا و سیفات و نێوەکانی، یـەکێکی دیکـەن لـەو بابەتانـەی دەقـە پیرۆزەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە یەکلاییکردنەوەیان، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها قسە لەسەر ئەو بابەتانە دەکەین کە لە ڕێگەی فەرموودەوە چەسپاون، نـەك کـۆی بابەتەکان.

**یەکەم: بینینی خودا:**

بینینی خودا لە ڕۆژی دواییدا، یەکێکـە لـە بابەتـە گـرنگ و هەسـتیارەکانی نێـو زانستی کەلام و مشتومڕێکی زۆری دەربارە کراوە، تەنانەت بەشێکی زۆر لە دانراوە کەلامییەکانیش بۆ ئەم بابەتە تـەرخانکراون. ئـەم بابەتـە پەیوەندییـەکی تۆکمـەی هەیـە بـە مەسـەلەی تـەنزیهی خـودا لـە جەسـتە، بۆیـە تـەواوی ئـەو گرووپانـەی جەستەیان بۆ خودا بڕیار داوە هیچ کێشـەیەکیان نیـە لـە بڕیـاردان لەسـەر بینـینی خودا، بەڵام کێشەی ڕاستەقینە ڕووبەڕووی ئەو زانایانە دەبێتەوە کە جەستە و تەن ڕەتدەکەنەوە و هاوکات بینینی خوداش بە دروست دەزانن.

زانایانی کەلام لەبارەی بینینی خوداوە بوون بە دوو ئاڕاستەی جیاوازەوە:

١. پێیانوایە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت خودا ببینرێت، ئەمەش بۆچوونی هەریـەك لە موعتەزیلە و شیعەی ئیمامی و زەیدییەکانە[1].

٢. هەرچی ئاڕاستەی دووەمیشە کە بریتین لە ئەشعەرییەکان و ماتوریدییـەکان، کۆکن لەسەر ئەوەی خودا دەبینرێت و بڕواداران لە دواڕۆژا دەتوانن خودا ببیـنن[1].

---

[1] بڕوانە: المختصر، القاضي عبدالجبار (١/ ٢١٠)، كشف المراد، ابن المطهر الحلي (٢٧٤)، العدل والتوحيد ونفي التشبيه، القاسم الرسي (١/ ١٣٢– ١٣٣).

هەریەك لەم گرووپ و ئاڕاستە جیاوازانەش، پەنایان بۆ بەڵگەی جیاواز و جۆراوجۆر بردووە. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە زۆرێك لە کەلامزانە دیارەکان لەم بابەتەدا تەنها پشتیان بە بەڵگەی نەقڵی بەستووە و نەگەڕاونەتەوە بۆ عەقڵ. بۆ نموونە ئەبو مەنسوری ماتوریدی (٣٣٣ك) دامەزرێنەی قوتابخانەی ماتوریدی، بە هەموو شێوەیەك بەکارهێنانی عەقڵ لەم بابەتەدا ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو بۆچوونی وایە ئەم بابەتە لە توانای عەقڵدا نیە و پەی پێنابات، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بڕیارەکانی نەقڵ[٢]. نورەدینی سابونی (٥٨٠ك) هۆکاری پەنابردنی ئیمامی ماتوریدی بۆ بەڵگەی نەقڵی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: "شێخ ئەبو مەنسوری ماتوریدی لەم بابەتەدا تەنها بەڵگەی نەقڵی پەسەند کردووە، لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی خێرایە بۆ قایلکردنی نەیاران و تێگەیاندی خەڵکی سادە"[٣]. ئەم بۆچوونەی ماتوریدیش کاریگەری تەواوی لەسەر شوێنکەوتووەکانی هەبووە، بۆیە تەواوی مونەزیرەکانی ئەم قوتابخانەیە هەر چەندە باوەڕیان بە بەڵگەی عەقڵیش هەبووە لەم بوارەدا و بەکاریان هێناوە، بەڵام سەرەتا بەشێوەیەکی زۆر ورد کاریان لەسەر بەڵگە نەقڵییەکان کردووە و پێشیان خستووە بە سەر عەقڵدا[٤].

تەنانەت ئەم بۆچوونەی ماتوریدی کاریگەریی لەسەر هەندێك لە کەلامزانە دیارەکانی نێو مەزهەبی ئەشعەریش هەبووە، شەهرستانی (٥٤٨ك) دوای ئەوەی هەوڵی داوە لە ڕێگەی عەقڵەوە بینینی خودا بسەلمێنێت و وەڵامی ئەو گومانانە بداتەوە کە لەسەر بەڵگەی عەقڵی لەم بابەتەدا وروژێنراون، دەڵێت: "باشتر وایە

---

[١] بڕوانە: الإنصاف، الباقلاني (١١٧– ١١٨)، التمهيد، النسفي (٣٨)، تلخيص الأدلة، الصفار (٧٩٥)، لباب الكلام، الأسمندي (٩٠).

[٢] بڕوانە: التوحيد، الماتريدي (١٤٦).

[٣] الكفاية، الصابوني (١٦٠).

[٤] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ٤٠٠)، الكفاية، الصابوني (١٦٠).

ئەم بابەتە لە چوارچێوەی دەقەکاندا بهێڵرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت"[1]. بەڵام کاتێك فەخرەدینی ڕازی دێت، دان بەوەدا دەنێت، کە بەڵگەی عەقڵی لەم مەسەلەیەدا بەهێز نیە[2]، هاوکات لە کتێبی (الأربعين في أصول الدين) ڕاشکاوانە دەڵێت: "لەم بوارەدا ناتوانین پشت بە بەڵگەی عەقڵی ببەستین، چونکە ئەوەندە ڕەخنەی ئاڕاستەکراوە، کە ناتوانین بەرپەرچیان بدەینەوە"[3]. بۆیە لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکەی ماتوریدی و دەڵێت: "بۆچوونی ئێمە لەم بابەتەدا هەمان بۆچوونی شێخ ئەبو مەنسوری ماتوریدیە، کە پێمانوایە لە سەلماندنی بینینی خودا پشت بە بەڵگەی عەقڵی نابەستین، بەڵکو پەنا دەبەینەبەر دەقی قورئان و فەرموودە"[4].

ئەو بەڵگە نەقڵییانەی کەلامزانەکان پشتیان پێبەستووە لەم بوارەدا جگە لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، کۆمەڵێك فەرموودەی پێغەمبەرە کە باس لە بینینی خودا دەکەن لە ڕۆژی دواییدا، لەوانە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ يَومَ القِيامَةِ كَما تَرَوْنَ القَمَرَ لا تُضامُّونَ في رُؤْيَتِهِ..."[5]. ئەمە نموونەیەکە لەو فەرموودانەی تەواوی کەلامزانەکانی قوتابخانەی ماتوریدی و ئەشعەرییەکان و حەنبەلیەکان قبوڵیانکردووە و بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاریانهێناوە. ئەمە جگە لەوەی پشتیان بە چەندین فەرموودەی دیکەش بەستووە لەم بابەتەدا.

---

[1] نهاية الإقدام، الشهرستاني (٣٦٩).

[2] بڕوانە: المحصل، الرازي (١٨٩).

[3] الأربعين، الرازي (١/ ٢٧٧).

[4] الأربعين، الرازي (١/ ٢٧٧)

[5] بڕوانە: صحيح البخاري، كتاب مواقيت الصلاة، باب فضل صلاة العصر (١/ ١١٥)، ژمارەی فەرمودە: (٥٥٤).

## دووەم: بەرییکردنی خودا لە شوێن و ڕوو:

بابەتی بەرییکردنی خودا لە شوێن و ڕوو، یەکێکە لەو بابەتانەی لە زانستی کەلامدا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە، هەرچەندە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی هیچ کاتێك نەبووە خودا بوونی نەبووبێت، بەڵام لەوەدا جیاوازییان هەیە کە ئایا خودا لە شوێنێکی دیاری کراوە؟ ئایا ڕوویەکی تایبەتی هەیە؟ یاخود لە گریمانەی بوونی ڕوودا، لە ئاسمانە یاخود بڵندترە؟ زانایان لەم بارەوە بوون بە دوو ئاڕاستەوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بە بۆچوونی ئەو گرووپانە دەکەین کە شوێن و ڕوو دەرهەق بە زاتی خودا ڕەتدەکەنەوە، ئەوانیش بریتین لە: زانایانی قوتابخانەی موعتەزیلە[١]، ئەشعەرییەکان[٢]، ماتوریدی[٣] و دوایینەکانی شیعە[٤]. هەموو ئەم گرووپانە لەگەڵ ئەوەدان کە خودا جێگەیەکی دیاریکراوی نیە و هیچ ڕوویەك نایگرێتە خۆی، چونکە پێش بەدیهێنانی ئەم شتانە خودا هەبووە، بە دروستکردنی شوێن و ڕوو، گۆڕانکاریی بە سەردا نایەت. بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە زانایانی کەلام چەندین بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی جۆراوجۆریان باس کردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی کەلامزانەکان لەم مەسەلەیەدا سەرەتا گەڕاونەتەوە بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودە، دواتر عەقڵییان بەکارهێناوە. فەخرەدینی ڕازی کە بەوە تۆمەتبار دەکرێت لە بوارە کەلامییەکاندا زیاتر گرنگی بە عەقڵ داوە، لەم بوارەدا زیاتر لە حەڤدە بەڵگەی قورئانیی هێناوەتەوە لە کتێبی (أساس التقديس)دا[٥]، دواتر چەند فەرموودەیەکیشی باسکردوە، ئینجا پەنای بۆ عەقڵ بردووە. ئەو فەرموودانەی (ڕازی) پشتی پێبەستوون بریتین لە[٦]:

---

١ بڕوانە: شرح الأصول الخمسة، القاضي عبدالجبار (٢١٣، ٢٣٢).

٢ بڕوانە: مشكل الحديث وبيانه، ابن فورك (٧٦– ٧٧)، التمهيد، الباقلاني (٢٦٠– ٢٦٢).

٣ بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ١٨٤)، الكفاية، الصابوني (٧٥)، أصول الدين، البزدوي (٤٠).

٤ بڕوانە: كشف المراد، ابن المطهر الحلي (٢٧٤).

٥ بڕوانە: أساس التقديس، الرازي (٣٠– ٤٤).

٦ بڕوانە: أساس التقديس، الرازي (٣٠– ٤٤).

أ. ئەو فەرموودەیەی عیمرانی کوڕی حوصەین، پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرد و وتی هەواڵمان پێبدە سەبارەت بە سەرەتای ئەم گەردوونە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: "كانَ اللهُ وَلَمْ يَكُنْ مَعَهُ شَيءٌ". ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خودا شوێنی نیە، چونکە ئەگەر هەیبایە ئەوا لەگەڵ بوونی خۆی شوێنیش دەبوو.

ب. فەرموودەی دووەم دەگێڕنەوە کە پرسیار کرا لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر): (أَيْنَ كانَ رَبُّنا؟)، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) لە وەڵامدا فەرمووی: "كانَ فِي عَماءٍ لَيْسَ تَحْتَهُ ماءٌ، وَلا فَوْقَهُ هَواءٌ".

هەرچەندە ئەم دوو فەرموودەیە ئاحادن، بەڵام زانایانی کەلام کاریان پێکردووە، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیەکە زانایانی کەلام هیچ کات بەشێوەیەکی ڕەها فەرموودەیان ڕەتنەکردووەتەوە. دوای باسکردنی بەڵگە نەقڵییەکان و شیکردنەوەیان، فەخرەدینی ڕازی دەڵێت: "قورئان و فەرموودە بەڵگەی زۆریان تێدایە لەسەر تەنزیهی خودا لە شوێن و ڕوو"[1].

## سەمعیات

ئەم زاراوەیە لە زانستی کەلامدا هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی بەڵگەی نەقڵییەوە چەسپاون و عەقڵ هیچ ڕۆڵێکی وای نیە تەنها پشتگیریکردن نەبێت. کەواتە هەر نێونیشانی ئەم بەشەی زانستی کەلام، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە بەڵگەی نەقڵی لە نێویشیاندا فەرموودە، پێگەیەکی بەرچاوی هەیە. لەم بەشەدا تەنها قسە لەسەر ئەو بابەتانە دەکەین کە کەلامزانەکان لە ڕێگەی فەرموودەوە قسەیان لەسەر کردووە.

[1] بڕوانە: أساس التقديس، الرازي (٣٠– ٤٤).

### أ. سزای نێو گۆڕ:

کۆمـەڵی زانایـان لـە قوتابخانـە جیاوازەکـانی موعتەزیلـە[1] و ئەشـعەریی[2] و ماتوریدییەکان،[3] کۆکن لەسەر بوونی سزای نێـو گـۆڕ بـۆ بێبـاوەڕان و تاوانبـاران، هەرچەندە موعتەزیلەش وەك تەواوی قوتابخانەکانی دیکە باوەڕیان بە بوونی سزای نێو گۆڕ هەیە، بەڵام زۆرێك لە کەلامزانەکانی ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان بـەوە تۆمەتباریان دەکەن کە باوەڕیان بەم مەسەلەیە نیە[4]، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بـۆ دەقەکانی خۆیان، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تۆمەتە هـیچ بنەمایـەکی نیـە، بــەڵکو تــەنها هــەوڵێك بــووە بــۆ ناشــیرینکردن و لەکــەدارکردنیان لەلایــەن نەیارەکانیانەوە[5].

زانایانی کەلام بـۆ سـەلماندنی ئـەم بابەتـە، کۆمـەڵێك بەڵگـەی نـەقڵی قورئـان و فـەرموودەیان باسـکردووە، لەوانـە: ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەر) کە باسی خۆپاککردنەوە دەکات لە میز و دەفەرموێت: "اِسْتَنْزِهُوا مِنَ البَوْلِ فَإِنَّ عامَّةَ عَذابِ القَبْرِ مِنْه"[6]. هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جارێکیان بـە لای گۆڕێکـدا تێدەپـەڕی فـەرمووی: "إِنَّهُمـا لَيُعَـذَّبانِ، وَمـا يُعَـذَّبانِ بِكَـبيرَةٍ، أَمَّـا أَحَـدُهُما فَكـانَ لا يَسْـتَنْزِه مِـنَ البَـوْلَ، والآخَـرُ كـانَ يَمْشـي بِالنَّميمـةِ»[7]. ئـەم دوو فەرموودەیــە نموونەیــەکن لــەو فەرموودانــەی زانایــانی کــەلام لــەم بــوارەدا

---

[1] بڕوانە: الفائق في أصول الدين، الملاحمي (٥٣٩)، شرح الأصول الخمسة، القاضي عبد الجبار (٧١٨).

[2] بڕوانە: الإبانة، الأشعري (٢٤٧– ٢٤٩)، الإرشاد، الجويني (٣٧٥)، أصول الدين، البغدادي (١٣١).

[3] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (٢/ ٧٩٣)، الكفاية، الصابوني (٣٧١).

[4] بڕوانە: الإبانة، الأشعري (٢٤٧)، الكفاية، الصابوني (٣٧١).

[5] بڕوانە: فضل الاعتزال، القاضي عبد الجبار (٢٠١– ٢٠٢).

[6] بڕوانە: سـنن الـدارقطني، كتـاب الطهـارة، بـاب نجاسـة البـول والأمـر بـالتنزه منـه (١/ ٢٣٢)، ژمـارەی فەرموودە: (٤٦٤).

[7] بڕوانە: مسند الإمام أحمد (٢/ ٤٧٣)، ژمارەی فەرموودە: (١٩٨٠).

بەکاریانهێناوە. ئەبولموعینی نەسەفی (٥٠٨ك) کە بە کەسی دووەمی نێو مەزهەبی ماتوریدی دادەنرێت، دوای باسکردنی ئەم فەرموودانە، دەڵێت: "ئەو خەبەر و فەرموودانەی دەربارەی سزای نێو گۆڕ هاتوون، گەیشتوونەتە ڕێژەی نێوبانگ دەرکردن، هەر خەبەرێکیش بگاتە ئەو ڕادەیە، یەقینی نەزەری دەگەیەنێت"[1].

تەنانەت ئەو گومانانەش کە وروژێنراون لەسەر چۆنیەتی سزای نێو گۆڕ، نەسەفی جارێکی دیکە هەر بە بەڵگەی فەرموودە وەڵامیان دەداتەوە، بۆ نموونە ئەبولحوسەینی ساڵحی (٤٣٦ك) و کۆمەڵێك لە کەڕامییەکان پێیانوایە دەکرێت مرۆڤ لەنێو گۆڕدا سزا بدرێت بەبێ زیندووکردنەوە، بەڵام نەسەفی ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە بە پشتبەستن بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە بە عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێت: "كَيْفَ حالُكَ يا عُمَرُ إِذا أَتاكَ فَتَّنا القَبرِ؟ فقال عمر ــ رضي الله عنه ـ: أَوَ يَكُونُ مَعي عَقْلي؟". نەسەفی دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عەقڵ بوونی نیە بەبێ ژیان، کەواتە کاتێك مرۆڤ سزا دەدرێت کە ژیانی تێدا بێت"[2].

**ب. تکاکردن (الشفاعه):**

تکاکردنی پێغەمبەر لە دوارۆژدا، یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی لە ڕێگەی دەقەکانی قورئان و فەرموودەوە چەسپاوە و عەقڵیش پشتگیری لە ئەنجامدانی ئەم کارە دەکات. زانایانی هەر سێ مەزهەبی موعتەزیلە و ئەشعەری و ماتوریدیی یەکدەنگن لەسەر تکاکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە دوارۆژدا، بەڵام لەوەدا ناکۆکن کە ئایا تکاکردن بۆ کێیە و کێ دەگرێتەوە؟ تەواوی ئوممەت یاخود تایبەتە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو؟ ئەم خاڵە جێگەی ناکۆکییە.

---

[1] تبصرة الأدلة، النسفي (٢/ ٧٩٣).

[2] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ٧٦٤).

أ. موعتەزیلە پێیانوایە تکاکردن تایبەتە بەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە، بەڵام دواتر لێی پەشیمان بوونەتەوە، بۆیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە و دواتریش پەشیمان نەبوونەوە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشیان، کۆمەڵێك بەڵگەی نەقڵی باس دەکەن[1].

ب. ئەشعەری و ماتوریدییەکان، جگە لەوەی باوەڕیان بە تکاکردن هەیە، لەگەڵ ئەوەدان کە ناکرێت تایبەت بکرێت بە گرووپێکی دیاریکراوەوە، وەك ئەوەی موعتەزیلە وتوویانە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بازنەی تکاکردن ئەوەندە فراوانە، کە خاوەن گوناهی گەورە و بچووك دەگرێتەوە[2].

تەنانەت ماتوریدییەکان مەسەلەی شەفاعەت دەبەستنەوە بە بابەتی ئەنجامدەری تاوانی گەورەوە (مرتكب الكبيرة)، چونکە دەڵێن: ئەگەر خودا بە بەزەیی خۆی لە ئەنجامدەری تاوانی گەورە خۆش ببێت، دەکرێت بەهۆی تکاکردنی پێغەمبەریشەوە (دروودی خوای لەسەر) ئەم لێخۆشبوونە بێتە دی[3].

بۆ چەسپاندنی بابەتی تکاکردن لە دوارۆژدا، جارێکی دیکە زانایانی کەلام دەگەڕێنەوە بۆ بەڵگەی نەقڵی قورئان و فەرموودە. یەکێك لەو فەرموودانەی کەلامزانەکان وەك بەڵگە بەکاریانهێناوە و لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە گێڕدراوەتەوە، بریتییە لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێت: "شَفاعَتي لِأَهْلِ الكَبائِرِ مِنْ أُمَّتي"[4]. هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "شَفاعَتي لِمَن قالَ لا إله إلا الله خالِصًا أو قال مُخْلِصًا»[5]. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: "شَفاعَتي لِمَن لَمْ يُشرِكْ باللهِ

---

[1] بڕوانە: الفائق في أصول الدين، الملاحمي (٥٤٥).

[2] بڕوانە: الإبانة، الأشعري (٢٤١)، أصول الدين، البغدادي (٢٤٤).

[3] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (١/ ٧٨٢).

[4] بڕوانە: سنن أبي داود، كتاب السنة، باب الشفاعة (٧/ ١١٩)، ژمارەی فەرموودە: (٤٧٤٩).

[5] أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب العلم، باب الحرص على الحديث (١/ ٣١)، ژمارەی فەرموودە: (٩٩).

شَيئًا"[١]، هەروەها دەفەرموێت: "أَنا سَيِّدُ وُلْدِ آدَمَ يَوْمَ القِيامَةِ، وَأَوَّلُ مَنْ يَنْشَقُّ عَنهُ القَبْرُ، وَأَوَّلُ شافِعٍ وَأَوَّلُ مُشَفَّعٍ"[٢].

لە وەڵامی موعتەزیلەشدا کە دەڵێن: ئەم فەرموودانە دروست نین، یاخود ئاحادن[٣]، جارێکی دیکە کەلامزانەکان ڕێگەی نەقڵ دەگرنەبەر و بۆچوونەکانی موعتەزیلە ڕەتدەکەنەوە لە دوو لایەنەوە:

**یەکەم:** ئەم فەرموودانە بە ڕێگەی جیاواز و دەربڕینی جۆرار و جۆرەوە هاتوون، بەجۆرێك گەیشتوونەتە ئەندازەی نێوبانگ دەرکردن و تەواتور[٤]، ئەمەش هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ تانە لێدان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین فەرموودەی دیکەمان هەیە کە باس لە ڕزگاربوونی جۆرەها کەس دەکەن لە دۆزەخ، بەهۆی تکاکردنی پێغەمبەرانەوە.

**دووەم:** ئەو فەرمودانەی موعتەزیلە کردوویانە بە بەڵگە لەسەر مانەوەی ئەو کەسانەی تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە لە دۆزەخدا، جارێکیتر زانایانی کەلام بە بەڵگەی فەرموودە وەڵامیان دەدەنەوە و دەڵێن: ئەو هەڕەشانە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تاوان ئەنجام دەدەن و بەلایانەوە حەڵاڵە[٥]، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێت: "مَن قالَ لا إله إلا الله دَخَلَ الجَنَّةَ، قال: فقلت: يا رسولَ اللهِ وإِنْ زَنى وإِن سَرِقَ، وإِنَّهُ رَدَّدَ ذلِكَ حَتّى قالَ في الثانية أو الثالثة: نَعَمْ وَرَغْمَ أَنْفِ أَبي الدَّرْداءِ"[٦].

---

[١] أخرجه ابن حبان في صحيحه، كتاب التاريخ، باب الحوض والشفاعة (١٤/ ٣٧٦)، ژمارەی فەرموودە: (٦٤٦٣).

[٢] بڕوانە: صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب تفضيل نبينا على جميع الخلائق (٤/ ١٧٨٢)، ژمارەی فەرموودە: (٢٢٧٨).

[٣] بڕوانە: شرح الأصول الخمسة، القاضي عبد الجبار (٦٨٠).

[٤] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (٢/ ٧٩٣)، الكفاية، الصابوني (٣٤٤)، البداية (١٤٥).

[٥] بڕوانە: تبصرة الأدلة، النسفي (٢/ ٧٩٣).

[٦] مسند الإمام الأحمد، صحيفة همام بن منبه (٨/ ٣٨٧)، ژمارەی فەرموودە: (٨٦٦٧).

**د. میزان**

یەكێكی دی لەو مەسەلە كەلامیانەی لە ڕێگەی بەڵگەی نەقلّیەوە چەسپاوە، بریتییە لە (میزان) واتە: كێشانە و پێوانەكردنی كار و كردەوەكانی مرۆڤ لە دواڕۆژدا. نورەدینی سابونی لە پێناسەی (میزان)دا دەڵێت: "میزان بریتییە لەو شتەی ئەندازەی كردەوەكانی پێدەزانرێت و دیاریی دەكرێت، عەقڵ توانای زانینی چۆنیەتی ئەو پێوانەیەی نیە، هەروەها میزانی دواڕۆژ بەراورد ناكرێت بە میزانی دونیا"[1]. ئەو فەرموودانەی كەلامزانەكان وەك بەڵگە بەكاریان هێناوە بۆ چەسپاندنی میزان لە ڕۆژی دوایدا بریتین لەم چەند فەرموودەیە:

أ. پێغەمبەر لە وەسفی ڕەوشتی جواندا دەفەرموێت: "أَثْقَلُ شَيءٍ في الميزانِ حُسْنُ الخُلقِ"[2].

ب. هەروەها لە فەرموودەیەكی دیكەدا دەفەرموێت: "لَوْ جِيئَ بِالسَّموات وَالأَراضِينَ، ووضِعَتْ في كَفَّةِ، وَجيئَ بلا إله إلا الله، ووُضِعَ في كَفَّةٍ لَرَجَحَتْهُنَّ وَنَقَصَتْهُنَّ"[3].

ئەم مەسەلانەی باسمانكرد، نموونەیەكن لەو بابەتە كەلامیانەی لە ڕێگەی فەرموودەوە چەسپاون، چەندین نموونەی دیكەش هەیە، وەك: بابەتی نێوەكانی خودا و سیفەتەكانی، ئازادی مرۆڤ لە كار و كردەوەكانیدا، موعجیزەی پێغەمبەران و كەراماتی پیاوچاكان... بەڵام لە توێژینەوەیەكی ئاوادا ناتوانین ئاماژە بە هەموویان بكەین.

---

[1] الكفاية، الصابوني.

[2] بڕوانە: صحيح ابن حبان، كتاب البر والإحسان، باب حسن الخلق (٢/ ٢٣٠)، ژمارەی فەرموودە: (٤٨١).

[3] بڕوانە: المستدرك على الصحيحين، كتاب الإيمان، حديث سمرة بن جندب (١/ ١١٢)، ژمارەی فەرموودە: (١٥٤).

# کۆتایی

بەڵگەی نەقڵی بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە دوو پایە سەرەکییەکەی زانستی کەلام و زانایان هەمیشە هەوڵیان داوە شانبەشانی عەقڵ سوودی لێوە بگرن لە توێژینەوە کەلامییەکاندا، لەم نێوەندەشدا فەرموودە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە یەکلاییکردنەوە و چەسپاندنی زۆرێك لە مەسەلە کەلامییەکان. تۆمەتبارکردنی زانایانی کەلام بە پشتگوێخستنی فەرموودە، زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە کراوە بە مەبەستی ناشیرینکردنی ئەم زانستە. قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی فەرموودە لەلایەن زانایانی کەلام، ئەوەندەی پەیوەندەی بە گونجان و نەگونجانی ئەو فەرموودانە بووە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی مەزهەب، ئەوەندە پەیوەندی بە خودی فەرموودەکەوە نەبووە، جا ئەگەر موتەواتیر بووبێت، یان ئاحاد. بە واتایەکی دی، هەر فەرموودەیەك لەگەڵ بنەماکانی مەزهەبدا دژایەتی نەبووبێت، ئەوا قبوڵیانکردووە هەرچەندە ئەو فەرموودەیە ئاحادیش بووبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە، هەر فەرموودەیەك نەگونجابێت لەگەڵ بنەماکاندا، ئەوا چانسی قبوڵکردنی نەبووە، تەنانەت ئەگەر لە پلەی موتەواتەریشدا بووبێت.

بانگەشەکردنی ئەوەی فەرموودەی ئاحاد بە کۆدەنگی زانایان ڕەتکراوەتەوە لەبەر ئەوەی یەقین ناگەیەنێت بنەمایەکی دروستی نیە، هەروەك ئاماژەمان بە بۆچونی چەندین زانای دیاری قوتابخانە جیاوازەکان کرد کە وتوویانە فەرموودەی ئاحاد لە کاتی هەبوونی پاڵپشتدا دەگاتە ڕادەی دڵنیایی و دەکرێت لە بوارە جیاوازەکاندا کاری پێبکرێت. لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەم و بارودۆخەی کەلامزانەکان تیایدا ژیاون، فاکتەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنێکی بابەتیانە و ڕاستەقینە لە بۆچوونی ئەوان لە هەمبەر زۆرێك لە بابەتە کەلامییەکان، بۆیە ناکرێت ئەم خاڵە نادیدە بگیرێت.

# سەرچاوەكان


١ـ الإبانة عن أصول الديانة، علي بان إسماعيل الأشعري، تحقيق: د. فوقية حسن محمود، دار الأنصار – القاهرة، ط١، ١٣٩٧هـ/ ١٩٧٧م.

٢ـ الإحسان في ترتيب صحيح ابن حبان، شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة – بيروت، ط٢، ١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م.

٣ـ الإحكام في أصول الأحكام، الآمدي، دار الحديث، بدون تاريخ.

٤ـ الإحكام في أصول الأحكام، علي بن أحمد ابن حزم، دار الحديث، ط١، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٥ـ الإرشاد، عبد الملك بن عبد الله الجويني، تحقيق: د. محمد يوسف موسى، علي عبد المنعم عبد الحميد، مكتبة الخانجي – القاهرة، ١٣٦٩هـ/ ١٩٥٠م.

٦ـ أساس التقديس، محمد بن عمر الرازي تحقيق، د. أحمد حجازي السقا، مكتبة الكليات الأزهرية – القاهرة، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م.

٧ـ أصول الدين، أبو منصور عبد القاهر بن طاهر البغدادي، مطبعة الدولة – إستانبول، ط١، ١٣٤٦هـ/ ١٩٢٨م.

٨ـ أصول الدين، أحمد بن محمود الغزنوي تحقيق: د. عمر وفيق الداعوق، دار البشائر الإسلامية – بيروت، ط١، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.

٩ـ أصول الدين، محمد بن محمد البزدوي، تحقيق: د. هانز بيتر لنس، المكتبة الأزهرية للتراث، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م.

١٠ـ أصول السرخسي، أحمد بن أبي سهل السرخسي، تحقيق: أبو الوفاء التفتازاني، دار الكتاب العربي – بيروت، ط١، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

١١ـ الانتصار والرد على ابن الراوندي الملحد، أبو الحسين عبد الرحيم بن محمد الخياط، تحقيق: د. نيبرج، مكتبة الكليات الأزهرية، ١٩٨٧م/ ١٤٠٧هـ.

١٢ـ الإنصاف فيما يجب اعتقاده ولا يجوز الجهل به، محمد الطيب الباقلاني، تحقيق: محمد زاهد الكوثري، مكتبة الخانجي، ط١، ١٣١٤هـ/ ١٩٩٣م.

١٣ـ الأوائل، حسن بن عبد الله العسكري، دار البشير – طنطا، ط١، ١٤٠٨هـ.

١٤ـ البحر المحيط في أصول الفقه، محمد بن عبد الله الزركشي، دار الصفوة، ط٢، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٢م.

١٥ـ البداية من الكفاية، أحمد بن محمود الصابوني، تحقيق: د. فتح الله خليف، دار المعارف، ١٩٦٩م.

٦١ـ بذل النظر في أصول الفقه، الأسمندي محمد بن عبد الحميد، تحقيق، د. محمد زكي عبد البر، مكتبة التراث – القاهرة، ط١، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.

١٧ـ تبصرة الأدلة في أصول الدين، ميمون بن محمد النسفي، تحقيق: كلود سلامة، المعهد العلمي الفرنسي للدراسات العربية – دمشق، ط١، ١٩٩٣م.

١٨ـ تلخيص الأدلة لقواعد التوحيد، الإمام الزاهد أبو إسحق الصفار، تحقيق: د. عبد الله محمد عبد الله إسماعيل، المكتبة الأزهرية، ط١، ١٤٣٢هـ/ ٢٠١٢م.

١٩ـ التمهيد لقواعد التوحيد، محمود بن زيد اللامشي، تحقيق: عبد المجيد تركي، دار الغرب الإسلامي، ط١، ١٩٩٥م.

٢٠ـ التمهيد، محمد الطيب الباقلاني، تحقيق: محمود محمد الخضيري ومحمد عبدالهادي أبور ريدة، دار الفكر العربي، ١٣٦٦هـ/ ١٩٤٧م.

٢١ـ حاشية على شرح الإيجي لمختصر ابن الحاجب، علي بن محمد الجرجاني، دار الكتب العلمية – بيروت، ط٢، ١٤٠٣هـ/ ١٩٨٣م.

٢٢ـ الحاكم الجشمي ومنهجه في تفسير القرآن، د. عدنان زرزور، مؤسسة الرسالة – بيروت.

٢٣ـ الحاوي القدسي في فروع الفقه الحنفي، أحمد بن محمود الغزنوي، تحقيق: د. صالح العلي، دار النوادر – سورية، ط١، ١٤٣٢هـ/ ٢٠١١م.

٢٤ـ الحيوان، عمرو بن بحر الجاحظ، تحقيق: د. عبد السلام هارون، دار الجيل – بيروت، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٦م.

٢٥ـ سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث، تحقيق: شعيب الأرنؤوط – محمد كامل قره بللي، دار الرسالة العالمية، ط١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م.

٢٦- سنن الدارقطني، علي بن أحمد الدارقطني، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، وآخرون، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٤م.

٢٧- الشامل، عبد الملك بن عبد الله الجويني، تحقيق: د. علي سامي النشار وآخرون، مكتبة منشأة المعارف – الإسكندرية، ١٩٦٩م.

٢٨- شرح الأصول الخمسة، القاضي عبد الجبار أحمد، تحقيق: د. عبد الكريم عثمان، مكتبة وهبة – القاهرة، ط٣، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٦م.

٢٩- شرح المقاصد، مسعود بن عمر التفتازاني، تحقيق: د. عبد الرحمن عميرة، عالم الكتب – بيروت، ط٢، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

٣٠- صحيح البخاري، محمد بن إبراهيم البخاري، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ .

٣١- العقيدة النظامية، عبد الملك بن عبد الله الجويني، تحقيق: محمد زاهد الكوثري مطبعة الأنوار، ١٣٦٧هـ/ ١٩٤٨م.

٣٢- غاية المرام في علم الكلام، تحقيق: د. حسن محمود عبد اللطيف الشافعي، المجس الأعلى للشئون الإسلامية، لجنة إحياء التراث الإسلامي – القاهرة، ١٣٩١هـ/ ١٩٧١م.

٣٣- فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة، القاضي عبد الجبار أحمد، تحقيق: فؤاد السيد، الدار التونسية للنشر – تونس، ١٩٧٤م.

٣٤- قبول الأخبار ومعرفة الرجال، أبو القاسم البلخي، تحقيق: أبو عمر والحسيني بن عمر بن عبد الرحيم، دار الكتب العلمية.

٣٥- الكفاية من الهداية، أحمد بن محمود الصابوني، تحقيق: أ. د. محمد آروتشي، دار ابن حزم، ط١، ١٤٣٥هـ/ ٢٠١٤م.

٣٦- لباب الكلام، الأسمندي محمد بن عبد الحميد، تحقيق: د. محمد سعيد أوزروارلي، مركز البحوث الإسلامية – إستانبول، ١٤٢٦هـ/ ٢٠٠٥م.

٣٧- محصل أفكار المتقدمين والمتأخرين، محمد بن عمر الرازي، راجعه: طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الكليات الأزهرية.

٣٨ـ المدخل إلى دراسة علم الكلام، د. حسن الشافعي، مكتبة وهبة – القاهرة، ط٤، ١٤٣٤هـ/ ٢٠١٣م.

٣٩ـ المستصفى من علم الأصول، محمد بن محمد الغزالي، تحقيق: محمد عبد السلام الشافي، دار الكتب العلمية، ط١، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٤٠ـ مسند الإمام أحمد بن حنبل، أحمد بن حنبلو تحقيق: أحمد محمد شاكر، دار الحديث، القاهرة، ط١، ١٤١٦هـ/ ١٩٩٥م.

٤١ـ مشكل الحديث وبيانه، محمد بن الحسن ابن فورك، تحقيق: موسى محمد علي، دار الكتب الحديثة، ١٩٧٩م.

٤٢ـ المطالب العالية من العلم الإلهي، محمد بن عمر الرازي، تحقيق: د. أحمد حجازي السقا، دار الكتاب العربي – بيروت، ط١، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

٤٣ـ المعتمد في أصول الفقه، أبو الحسين محمد بن علي البصري، تحقيق: د. عبد الحميد علي بن أبي زنيد، مكتبة العلوم والحكم، ط١، ١٤١٠هـ .

٤٤ـ المغني، القاضي عبد الجبار أحمد، تحقيق: نخبة من العلماء، ومراجعة: د. إبراهيم مدكور، إشراف: د. طه حسين، الدار المصرية للتأليف والترجمة، مطبعة عيسى الباب الحلبي، ١٣٨٥هـ/ ١٩٦٥م.

٤٥ـ مقدمة ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد ابن خلدون، دار الشعب، بدون تأريخ.

٤٦ـ المنية والأمل، أحمد بن يحيى ابن المرتضى، جمعه أحمد بن يحيى المرتضى، تحقيق: د. عصام الدين محمد، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٥م.

٤٧ـ المواقف في علم الكلام، عبد الرحمن بن أحمد الإيجي، مكتبة الماتبي – القاهرة، بدون تأريخ.

٤٨ـ ميزان الأصول في نتائج العقول، محمد بن أحمد السمرقندي، تحقيق: د. محمد زكي عبد البر، مكتبة دار التراث – القاهرة، ط٢، ١٤١٨هـ/ ١٩٩٧م.

٤٩ـ نزهة النظر في شرح نخبة الفكر، أحمد بن علي ابن حجر العسقلاني، المكتبة العلمية – المدينة المنورة، بدون تاريخ.

# سوننەتی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر)
# گەورەترین سەرچاوە بۆ ئەتەکێت
## کتێبی "الأدب المفرد"ی ئیمامی بوخاری وەك نموونەیەك

د. عادل محەمەد عەلی شێخانی
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان

وشەی ئەتەکێت: کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسیە و بە مانای (Ticket) واتە: (کارت) کە مەبەست لێی کارتی چوونە نێو کۆمەڵگای ڕاقییە دێت، چونکە وەك دەڵێن ئەم کارە لە نەریتی (لویسی چواردەهەم)ی شای فەڕەنسا بووە بۆ شێوازی داوەتکردنی میوانەکانی، چونکە دەیویست کۆشکی شاهانەی بکاتە پێشەنگ و نموونەی هەموو کۆشك و تەلارە شاهانەکانی ئەوروپا[1]. بەم پێیە ئەم وشەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٨)ی زاینی.

لەم سەردەمەدا ئەتەکێت بووەتە هونەرێکی گرنگ و وەکو زانستێك تەماشا دەکرێت و بە ڕێکخەری هەموو پەیوەندیە مرۆییەکان و پێوەری ژیانی شارستانی و پەیوەندی مرۆیی بەرز و ڕۆشنبیرانە و جوان مامەڵە کردن دادەنرێت. بەشێوەیەك زۆرێك لە توێژەران بە زانستی ئاداب و ئاکار و هونەری ژیانی ڕاقی و زەوقی جوان و

---

[1] الإتكيت علم ولياقة، نادية ضاهر.

هاوچەرخانە پێناسەی دەکەن[1]. ئەمڕۆش چەندین کتێبی لەسەر نووسراوە و ڕۆژانە لـە هـەموو جیهانـدا بـۆ پـەیڕەوکردنی ئـەو ئەتەکێتانـە چـەندین خـول و سـیمینار دەگێڕدرێت و لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کراوە بە پرۆگرامی خوێندن و پـۆل بـە پـۆل نەوەکانی لەسەر پەروەردە دەکرێت. هاوکات سنووری ئەتەکێت هێندە فراوان بووە کـە هـەموو چـینەکانی کۆمـەڵگای گرتووەتـەوە و بووەتـە کۆمەڵـە ڕێوڕەسـم و پرۆتۆکۆڵێك کە دەبێت سەرکردە و پاشـا و وەزیرەکـان لـە پەیوەندییـە نێوخـۆی و نێودەوڵەتیەکاندا بەکاری بهێنن، وێڕای ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ ئـەو ئەتەکێتانـە هـەموو بڕگەکانی ژیانیان گرتووەتەوە لە ئاخاوتن و سـڵاوکردن و گـوێگرتن و نـانخواردن و هەڵسان و دانیشتن و تەنانەت ڕاخستنی سفرە و خوان و قاپ و چـەتاڵ و کەوچـك و پۆشینی جلوبەرگ و هەموو هەڵسان و دانیشتنێکدا.

لێرەدا – بە ویستی خودا – تیشك دەخەینە سـەر کتێبێـك کـە زیـاتر لـە (١٣) سەدەیە نووسراوە و بە شێوەیەکی زۆر فراوان ئاماژەی بە زۆربـەی زۆری ئەتەکێتـە مرۆییە بەرزەکان کردووە لە ژێر ڕۆشنایی کردار و گوفتاری بەرزی پەیامبەری نازدار "محەمەد" (دروودی خوای لەسەر)، تا بزانین پەیامداری نـازدار، لـە سـوننەتەکەیدا چـۆن جـوانترین و نـاوازەترین ئاکـاری بـەرز و هونـەری مامەڵـەکردنی داڕێـژاوە و نموونـەییترین کەسـێتی بـۆ موسـڵمان دروسـت دەکـات، بـە شـێوەیەك کـە هـەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بە جوانترین شێوە دیاری کردووە.

لە سوننەتی پەیامبەردا، موسڵمان نموونـەی، ئاکـاری بـەرز و مامەڵـەی جـوان و هەستی پـاك و دڵـی بێگـەرد و میهرەبـان و شـیکپۆش و بۆنخـۆش و پـاكوخـاوێن و سـەرنجڕاکیش و بـە سـەلیقە و هونەرمەنـدە لـە پەیوەندییـە مرۆییەکانـدا. چـی لـە سنووری ماڵ و خێزان و کەسە نزیکەکاندا بێت، یاخود لەگـەڵ هـاوڕێ و دراوسـێ و شوێنی کار و ناوبازاڕ و ڕێگاوبانـدا بێـت، تەنانـەت ئەتـەکێتی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ

---

[1] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو (١٢)، ذوقيات لإناقة السلوك والروح، خالد منيف (١/ ٢٠١٥).

گیانداران و ژینگەشدا فەرامۆش نەکردووە.. ئەمە وێڕای ئەتەکێتی پاکوخاوێنی و خۆشۆرین و چۆنێتیی لەبەرکردنی جلوبەرگ و هەڵبژاردنی ڕەنگەکان و خۆڕازاندنەوە بەشێوەیەکی زۆر نایاب، هەروەها ئادابەکانی نانخواردن و ئاوخواردنەوە و سەرخوان، لەو ئەتەکێتە بەرزانەن کە سەروەرمان فێری کردووین.

## بوخاری و کتێبی "الأدب المفرد"[١]

خاوەنی ئەم کتێبە، پێشەوا محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موغیرەی کوڕی بەردیزبەیە، ڕۆژی هەینی دوای نوێژی هەینی ١٣ی شەوالی ساڵی ١٩٤ی کۆچی لەدایکبووە و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی ساڵی (٢٥٦ك) لە دوای نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە لە تەمەنی (٦٢) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستاکانی خۆی لە پێشەوا ئەحمەد و ئیسحاق و عەلی کوڕی مەدینی و ئیبن ئەبی شەیبە و قوتەیبەی کوڕی سەعید و عەبدوڵڵای کوڕی مونیر و موسەددەد و موحەمەدی کوڕی جەعفەری بوندار، شایەدییان داوە بە بێوێنەیی بوخاری چ جای قوتابییەکانی و زانایانی دی!

هەریەك لە پێشەوایان: ئەبو ئیسحاقی ئیسفرائینی و نەوەوی و ئیبنوسەلاح و ئیبنوتەیمییە و زەهەبی و ئیبنوحەجەر و زۆرێکی دی، کۆدەنگی هەموو زانایانی فەرموودە لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەگێڕنەوە لەسەر (صحة)ی هەموو فەرموودەکانی هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم.

ژیاننامەی بوخاری زۆری لەسەر نووسراوە و لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە[٢].

---

[١] بڕوانە توێژینەوەی (الأدب المفرد للامام البخاري تعريفه وجهود العلماء نحوه. د. خالد بن مرغوب) مجلة الحديث، ٩/شعبان/١٤٣٦.

[٢] بۆ ژیانی بوخاری بڕوانە: تأريخ مدينة السلام للخطيب البغدادي (١/ ٢٠١٥)، (٢/ ٣٢٢)، سير أعلام النبلاء، الذهبي (١٢/ ٣٩١)، هدي الساري (٤٩٣)، تغليق التعليق (٥/ ٣٨٤)، هەردووکیان لە نووسراوی: ابن حجر العسقلاني.

**ناوی کتێب:**

ئەم کتێبـەی "الأدب المفـرد" بـە دووەمـین کتـێبی دادەنرێـت لـە فـەرموودەدا، هەرچـەندە بـەم نـاوەوە ناسـراوە، بـەڵام ڕاسـتتر وایـە کـە وشـەی (المفـرد) وەك پاشگرێك لەلایەن زانایانەوە خراوەتە پاڵ تا جیابکرێتەوە لـە "کتـاب الأدب"ی کـە یەکێکە لە کتێبەکانی نێو "صـحیح البخـاري"، بۆیـە باشـتر وایـە بووترێـت "کتـاب الأدب للبخاري"، چونکە بەناوی (الأدب المفرد) نەسەلماوە لـە خـودی بوخـاری، یـا نوسخە دەستنووسەکانی.

**جیاوازی نێوان ئەم کتێبـە و کتـێبی (الأدب)، کـە کتـێبی ژمـارە (٧٨)ە لـە سەحیحەکەیدا.**

کۆی فـەرموودەکانی (الأدب المفـرد) بـە ئاسـارەوە (١٣٢٢) فەرموودەیـە، بـە پێی ژمارەبەندی مامۆستا (محمـد فـؤاد عبـد البـاقی)، کـۆی بابەتـەکانیش (٦٤٤) بابە، بەڵام کتێبی (الأدب)ی سەحیحەکەی تەنها (٢٥٦) فەرموودەیە و بابـەکانیش تـەنها (١٢٨) بابـە، لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ئـەم دوو کتێبـە جیـاوازن و (الأدب المفرد) زیاتر لە دوو هێندەی (کتاب الأدب)ی نێو سەحیحی بوخاریە، لێرەدا گرنگی ئەم کتێبە دەردەکەوێت، وێڕای ئەوەی کە زۆرێك لە زانایان بە کتێبێکی زۆر بە سوود ناوی دەبەن، لەوانە: (ابن حجر و کناني و عبـدالرحمن المعلمـي)[1]. وێـڕای گرنگی تایبەتی ئەم کتێبە کە دواتر باسی دەکەین.

**گرنگی کتێبی (الأدب المفرد) لەنێو کتێبەکانی فەرموودەدا لە بابەتی ئەتەکێتدا**

گرنگی کتێبی (الأدب المفرد) لەوەدایە کە زۆر لە مێژەوە نووسراوە و پێش ئـەو کتێبە نووسراوێکی سەربەخۆی فراوان نەبووە لە بواری سلوك و ئاکـاری مرۆیـی بـە

---

[1] بڕوانە: فتح الباری (١٠/ ٤٠٠)، پێشەکی (عبد الـرحمن المعلمـی) بـۆ کتـێبی: آثـار العلامـة المعلمـي، فضل الله الصمد (٢٥/ ٣٠٩).

شـێوەیەكی گشـتی، تـەنها كتێبێـك كـە پـێش كتـێبی (الأدب المفـرد)ی بوخـاری نووسرابێت، كتێبی (الأدب)ی (أبو بكر ابن أبي شيبة)یە، كە مامۆستای بوخارییـە، هەرچەندە ئەم كتێبە پێش كتێبی (الأدب المفرد) نووسراوە، بـەڵام ئـەو شـۆرەت و ناوبانگەی نییە، چونكە زۆر درەنگ دوای ئەو چاپ كـراوە و لـە ڕووی فراوانیشـەوە ئەبوابــەكانی كـــەمترن و تـــەنها (٩٠) بابـــە و (٤٢١) فـــەرموودە و ئەســـەری لەخۆگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم كتێبە گرنگی خۆی هەیە و كۆمەڵێ فـەرموودەی لەخۆگرتووە كە لە كتێبی (الأدب المفرد)دا نین.

هەرچەندە لە نێو كتێبەكانی فەرموودەدا، لەو بەش و (أجزاء)انەی لە سەرەتای سـەردەمی تۆمـاركردن و تـەدوینی فـەرموودەدا دانـراون، فـەرموودەكانی ئـەدەب هـەبووە و كتـێبی (الموطـأ)ی ئیمـامی مـالیكیش كـە پـێش صـەحیحی بوخـاریش دانراوە، لە كتێبی (الجامع)دا ئاماژەی بە فەرموودەكانی ئاداب كـردووە، هـەروەها كتێبەكانی دوای صەحیحی بوخاری و (الأدب المفرد)یش لـە كتێبێكـی سـەربەخۆدا كـە (كتـاب الأدب)ە ئاماژەیـان پێكـردووە، بـەڵام هـەڵێنجانی (٦٤٤) ناونیشـان و هەڵبـژاردنیان زۆر بـەوردی بـۆ بابـەتێكی ئـاوا، دەستپێشـخەریەكی گەورەیـە بـۆ سـەردەمێك كـە بـە سـەرەتای نووسـین و دانـانی كتێـب دادەنرێـت، هـەروەها لـە (صحيح)ەكەشدا ئاماژەی بە هەندێ (باب) كردووە كە لە كتێبەكانی تردا نیە، وەك لە (كتاب اللباس)دا دەڵێت: (باب التلبيد)، یاخود (بـاب الفـرق)، (بـاب الامتشـاط)، (باب الطيب في الرأس واللحية)..[1].

[1] التلبيد: كۆكردنەوەی قژ بە شتێك وەك كەتیرە، هاوشێوەی جێڵی ئێستا كە بۆ ڕەقبـوون و ڕاوەسـتانی قژ بەكاردێت. الفرق: لەتكردنی قژ لە ناوەڕاستەوە بۆ دوو پارچە.

**پێگەی کتێبی (الأدب المفرد) و پلەی فەرموودەکانی:**

هەرچەندە پێشەوا بوخاری ئەو مەرجەی کە بۆ سەحیحەکەی داناوە بۆ ئەم کتێبەی دانەناوە، بەڵام ئەم کتێبە کۆمەڵێك فەرموودەی زۆری لەخۆگرتووە، کە زۆربەی هەرە زۆریان سەحیحن. ئەو فەرموودانەش کە لەم کتێبەدا هاتوون (٢٨٦) فەرموودەیان لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتوون. (٤٦) فەرموودەش تەنها لە بوخاری و (١٢١) فەرموودەش تەنها لە موسلیم و کۆی هەمووی دەکاتە (٣١٥) فەرموودە و کە ئەمیش (چواریەکی کتێبەکەیە)، باقی فەرموودەکانیش یا (صحیح)ن یا (حسن)، فەرموودەی (ضعیف)ی زۆر کەم تێدایە و هەموویان بە ڕای فەرموودەناسان قابیلی (تەحسین)ە بەکۆی (شواهد)ەکان و فەرموودەی (موضوع)یان (منکر)ی تێدا نیە.

فەرموودەی (بئس مطية الرجل)یش کە شێخی ئەلبانی بە (شاذ) یا (منکر)ی دەزانێت تەنها لە ڕووی سەنەدەوە ئەو حوکمەی بەسەردا داوە. ئەگینا لە ڕووی مەتنەوە (ثابت) و (صحيح)ە.

**ئەو توێژینەوە زانستییانەی لەسەر کتێبی (الأدب المفرد) نووسراون:**

١- مضامين التربية الإجتماعية في السنة النبوية من خلال كتاب الأدب المفرد للإمام البخاري، تێزی ماستەر لە زانکۆی ئیسلامی لە (المدينة المنورة): (علي مصطفى علي).

٢- مضامين التربية الغذائية المستنبطة من كتاب الأدب المفرد للإمام البخاري وتطبيقاتها التربوية في الأسرة والمدرسة (ماجستير)، لەلایەن: ماجد بن مساعد الأحمدي.

٣- فقه الدعوة الى الله من خلال كتاب الأدب المفرد للإمام البخاري، تێزی دکتۆرا، لەلایەن: عمرو بن طه السقاف، زانکۆی (أم القرى).

٤– زوائد كتاب الأدب المفرد على الكتب السنة، تێزی ماستەر: صالح إسماعيل الحاج محمد، زانكۆی (أم القرى).

٥– منهج الإمام البخاري في كتابه الأدب المفرد، ماستەر، لەلايەن: مضير بن سليمان، زانكۆی (المدينة العالمية)– ماليزيا.

وێڕای گرنگيدانی كۆمەڵێك لە زانايان بە تەحقيق و ڕاڤە و ڕێكخستنی كتێبی (الأدب المفرد)، لە ناودارترينيان (صحيح وضعيف الأدب المفرد)ی شێخی ئەلبانييە.

## گرنگی مێژووی پێشكەوتنی بوخاری لە دانانی ئەم كتێبەدا:

وێڕای ئەوەی بوخاری دانەر (مصنف)ێكی هێندە بەرز و بڵند بووە كە سەدان كەس ڕاڤەی ئەو كتێبە گەورەيان كردووە كە (صحيح)ی پێشەوا بوخارييە و بە گەورەترين ديوان لە دەواوينی سوننەتی پەيامبەر دادەنرێت، بەڵكو دەيان كتێبيشی تەنها لە باس و ڕاڤەی (تەراجوم) و سەرباسی بە باتەكانی بوخاری نووسراوە و گوتراوە (فقه البخاري في تراجمه).

ئەم كتێبەش يەكێكە لە شاكارەكانی بوخاری لە ڕووی (تەبويب) ناونيشان دانان و هەڵێنجانی (٦٤٤) ناونيشان لە فەرموودەكانی پەيامبەرەوە، كە هەرچەندە پلەی هەمووبان ناگاتە فەرموودەكانی نێو (صحيح)، بەڵام هيچ فەرموودەيەكی (موضوع)ی تێدا نيە و لەوانەشيان كە لاوازن بەو شێوەيەن كە باسمانكرد. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، دانانی بوخارييە بۆ كتێبێك پێش بيركردنەوەی ڕۆژئاوا بە دانانی سەرەتايەك بۆ ئاداب و ئاكاری بەرز و ئەتەكێتی جوان بە زياتر لە (١٠) سەدە! ! بوخاريش جگە لە (صحيح)ەكەی (أدب)ی بە گرنگترين بوار زانيوە، كە كتێبێكی سەربەخۆی تێدا بنووسێت و بە پشتبەستن بە ئاكار و كردار و ئاداب و ئەتەكێتی بەرزترين مرۆڤ و باشترين و جوانترين پێشەنگ، كە خودا بە ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (القلم: ٤) وەسفی دەكات.

بوخـــاری لـــەم کتێبـــەدا ڕووی جـــوان و گەشـــی ســـوننەتی بـــەرزی پەیامبـــەر دەردەخـــات، کـــە بـــۆ هـــەتا هەتایـــە باشـــترین و بـــەرزترین و ڕاقـــیترین پێشـــەنگ و سەرمەشق و  نموونەی بەرزە. ئەمە وێڕای جوانی پۆلێنکردنی بوخـاری بـۆ ئـاداب و ئەتەکێتـە یـەك بـەدوای یەکـەکان بـە پێـی گرنگییـان، ئـەم کـارەی بوخـاریش زۆر گەورەیە بۆ پەروەردەکردنی باوەڕدار لەسەر جوانترین ئاداب و ئاکار و مامەڵـە، کـە ئەگەر جێبەجێیان بکات، ئـەوا جـوانترین و مـەزنترین نموونـەی مرۆڤایـەتی نمـایش دەکـات و مرۆڤـی موسـڵمانی بـاوەڕدار وەك بـاڵاترین نموونـە بـە هـەموو جیهـان دەناسێنێت.

یەکێك لە جوانییەکانی پێشەوا بوخاریش کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆی کـاری بەم ئادابانە کردووە و نموونەیەکی جوان بووە، ئەم وەسفەیە کە (ابن أبي حاتم) لە حوسـەینی کـوڕی محەمـەدی سـەمەرقەندی بیسـتووە، کـە گوتوویـەتی: "پێشـەوا بوخـاری سـێ ئاکـاری تایبـەتی هـەبووە وێـڕای ئاکـارە جوانـەکانی دی، ئـەویش: کەمدوویی، چاونەبڕینە ماڵی خەڵك، بوخاری کاروباری خەڵکی فـەرامۆش کـردووە و تەنها سەرقاڵی عیلم بووە"[1]. هەر خۆشی دەڵێت: "تکام وایە لە خودا، کـە لەسـەر غەیبەتکردنی کەس لێپرسینەوەم لەگەڵ نەکات"، "أرجو أن ألقي الله ولا يحاسـبني أني أغتبت إنسانا"[2]. هەروەها دەڵێت: "لە ژیانمدا نە کەوەرم خواردووە، نە پیازی کاڵ، لێیان پرسیوە بۆ؟ گوتوویەتی: پێمخۆش نەبووە  کـەس بـە بـۆنی ناخۆشـیان ئازار بـدەم"[3]. ئەمـەش ئاماژەیـە بـە گرنگیـدانی پێشـەوا بوخـاری بـە ئەتـەکێت و زەوقی جوان و جواناسی و جوانویستی، وەکو پەیامبـەری ئـازیز دەفـەرموێ: "إن

---

[1] سير أعلام النبلاء (١٢/ ٤٤٨).

[2] سەرچاوەی پێشوو (١٢/ ٤٣٩).

[3] هەمان سەرچاوە (١٢/ ٤٤٥).

الله جميـل يحـب الجمـال"[1]. جێگـای سەرنجیشـە کـە پێشـەوا بوخـاری وێـڕای فــەرموودەکانی پەیامبــەر، ئاکــار و ڕەفتــاری هاوەڵانیشــی بــاس کــردووە، کــە ڕەنگدانەوەی سوننەتی پەیامبەرە لە ژیانیاندا، هەروەك مەحوی شاعیر دەڵێت:

**بە نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون**

**غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەم پێغەمبەرستانە ! !**

## گرنگترین بابەتەکانی ئەتەکێت لە سوننەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) کتێبی (الأدب المفرد) بە نموونە

### ئەتەکێتی مامەڵە لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا

پێشەوا بوخاری لە کتێبەکەیدا (٤٢) بابی دیاریی کردووە کـە (٤٦) فـەرموودە لەخۆدەگرێت، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە پەیامبـەر لـە سـوننەتەکەیدا زۆر بـە ڕوونی گوزارشتی لە جوانترین و بەرزترین ئاکار و ڕەفتاری بەرز کردووە، بە کردار و گوفتاری بەرزی، تەنها ئەو فەرموودانەی کە لەم کتێبەدا هاتوون زیاتر لە (١٠٠٠) فەرموودەن، هەربۆیە لێرەدا تەنها ئاماژە بەو ئادابانە دەکەین کە پێشـەوا بوخـاری لە فەرموودەکانەوە وەریگرتوون، هەموو ئەم ناونیشانانەش کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، زۆربەی هەرە زۆریان دەقاودەق لە تەبویب و تەراجومـەکانی بوخارییـەوە وەرمگرتووە و وەکو خۆی دامنـاوە، بـەڵام نەمویسـت دەقـە عەرەبییـەکان دابنـێم، چـونکە بـەو شـێوەیە توێژینەوەکـە زۆر درێـژ دەبـووەوە، پێشـەوا بوخـاریش ئـەو بابەتانــەی بــێ تەکــەللوف و زۆرلــەخۆکردن لــە فــەرموودە و ڕیوایەتەکانــەوە وەرگرتووە.

[1] صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب تحريم الكبر وبيانـه، فـەرموودەی ژمـارە ١٤٧ لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسعودەوە.

**یەکەم : باوك و دایك:**

سەرەتا ئاماژە بە فەزڵ و مافی هەردوولا (باوك و دایك) دەكات و دواتر بەتایبەت دایك، گرنگترین ئەو ناونیشان و ئەتەكێتانەی كە پێشەوا بوخاری لە فەرموودەكانەوە وەریگرتوون و دایناون ئەمانەن:

١- چاكە لەگەڵ دایك.

٢- چاك مامەڵەكردن لەگەڵ باوك.

٣- چاك مامەڵەكردن لەگەڵ باوك ئەگەر ستەمكاریش بوو.

٤- قسەكردن و ئاخاوتن بە نەرمی لەگەڵیاندا.

٥- چۆنیەتی پاداشتی ماندووبوونی دایك و باوك.

٦- تاوانی خراپ مامەڵەكردن لەگەڵیاندا.

٧- گوێڕایەڵی دایك و باوك تەنها لە خراپەدا نەبێت.

٨- چاكە لەگەڵ باوكی بتپەرستدا.

٩- پێشكەشكردنی ئیسلام بۆ دایكێكی گاور - بەشێوەیەكی جوان -.

١٠- چاكە لەگەڵ دایك و باوك دوای مردنیان.

١١- نابێت باوك بەناوی خۆیەوە بانگ بكرێت.

١٢- نابێت پێش دانیشتنی باوك مرۆڤ دابنیشێت.

١٣- نابێت لە پێش باوكیەوە بڕوات بە ڕێگادا.

**دووەم: جوان مامەڵەكردن لەگەڵ خێزان و منداڵان بە گشتی و كچان بەتایبەتی:**

هەڵبەت پەیامبەری میهرەبان و خەڵاتی میهر و بەرزی خودایی بۆ هەموو جیهان، زۆر میهرەبان و بە بەزەیی بووە لەگەڵ خێزان و منداڵانی خۆیدا و گرنگی تایبەتیشی داوە بە كچان و زۆر بە ناسكی و نەرمی مامەڵەی لەگەڵ كردوون و ئافرەتی وەك ڕەمزی جوانی و ناسكی داناوە و زۆر هانی مسوڵمانانی داوە بۆ جوان مامەڵەكردن لەگەڵیاندا. گرنگترین بابەتەكانی ئەم تەوەرەش بریتین لە:

١– مامەڵـەی بـاش لەگـەڵ خێـزان و نـانخواردن لەگەڵیـدا، پەیامبـەر نموونـەی باشترین هاوسەر بووە.

٢– پایە و گەورەیی پەروەردەکردنی (٢) کچۆڵە.

٣– پایە و پاداشتی پەروەردەکردنی (٣) خوشك.

٤– فەزڵی بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو کچەی گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی.

٥– یاریکردن لەگەڵ منداڵ و هەڵگرتنیان بە کۆڵ و لەباوەش گرتنیان.

٦– منداڵ گلێنەی چاوی دایك و باوکە.

٧– دەبێت دایکان بەخشندە و میهرەبان بن.

٨– ماچـکردنی منـداڵ وەك شـێوازێکی بەخشـینی سـۆز و خۆشەویسـتی و پەروەردەکردن.

٩– توڕەبوونی پەیامبەر لەو کەسانەی منداڵەکانیان ماچ ناکەن.

١٠– ئەدەبی باوك و چاك مامەڵەکردنی لەگەڵ منداڵەکەیدا.

١١– یەکسانی و دادوەری دایك و باوك لە خەڵاتکردنی منداڵەکانیاندا.

١٢– بە میهرەبانی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا.

١٣– میهرەبانی سیفەتی خودایـە و لـە (١٠٠) بـەش (٩٩) بەشـی بـۆ خـۆی داناوە.

١٤– منداڵ لەباوەشکردن و ماچکردن و دەستهێنان بە سەریاندا و بۆنکردنیان، کە ئاماژەیە بە ئەوپەڕی نزیکبوونەوە.

١٥– یاریکردن و قسەی خۆش لەگەڵ منداڵدا.

**سێیەم: ئەتەکێت و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا:**

١– جوان مامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێ.

٢– گرنگیدان بە مافی دراوسێ و ڕەچاوکردنی حەوانەوە و ئاسایش.

٣- گرنگیدان و جوان مامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێی ناموسڵمان پێش موسڵمانەکان.

٤- ناردنی دیاریی بۆ دراوسێ نزیکەکان و هاندانی ناردنی دیاریی بۆ دراوسێ.

٥- گەورەیی تاوانی داخستنی دەرگای یارمەتی بە ڕووی دراوسێدا.

٦- ئاگاداربوون لە برسێتی و تینوێتی و کێشە و گرفتی دراوسێ.

٧- دراوسێی باش یەکێکە لە سێکوچکەی بەختەوەری لە دونیادا.

٨- ئازارنەدانی دراوسێ.

٩- جوان مامەڵەکردن لەگەڵ باش و خراپدا بێ جیاوازیی.

**چوارەم: ئەتەکێتی پەیوەندییە مرۆییەکان:**

گرنگترین بابەتەکانی ئەم تەوەرەش بریتیە لە:

١- مۆڵەت خواستن بۆ چوونە ژوورەوە و سەردان.

٢- ئادابەکانی میوانداریی و سەردان.

٣- سەردانی نەخۆش و شێوازی قسە لەگەڵ کردنی و شوێنی دانیشتن لای نەخۆش.

٤- هیوابەخشین بە نەخۆش و نزای خێر بۆی.

٥- ڕێزگرتن لە میوان و خزمەتکردنی لەلایەن خودی خاوەنماڵەوە.

٦- خەڵاتکردنی میوان لە یەکەم شەودا بە خواردنێکی تایبەت.

٧- نەچوونە ژووروە بۆ ژووری دایکوباوک و خوشك و برا بەبێ پرس و مۆڵەت خواستن.

## ئەتەکێتە گشتییەکان:

**یەکەم : زمانی جەستە:**

ئاماژەکردنی پێشەوا بوخاری و گرنگیدان بەم بوارە با ئەو ناوەشی لێنەنابێت، پێشکەوتنێکی گەورە و تۆمارکردنی خاڵێکی زۆر گرنگە لە مێژووی زانستی پێشەوا بوخاریدا، ئەوەش لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە: کە زۆر پێویستە زیاتر گرنگی بە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بدەین و بیکەینە چرا و پێشەنگ و ڕێنیشاندەرمان، بێگومان وەکو پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا﴾ (النور: ٥٤) بە پێچەوانەشەوە (وإن تعصوه تضلوا). گرنگترین ئاماژەکانیش بۆ ئەم بابەتە بریتیە لە:

١ – خەندەی سەر لێو و ئاوانەبوونی هەرگیز لەسەر لێوانی پەیامبەر و دانانی بە خێر و سەدەقە و عیبادەت.

٢ – سڵاوکردن و هونەر و ئادابەکانی.

٣ – ئاوڕدانەوە و تەماشاکردن بە هەموو لاشە.

٤ – هێمنی و لەسەرخۆیی لە هەموو کارەکاندا.

٥ – ئادابی قسەکردن واتە ئەتەکێتی گفتوگۆ.

**دووەم: ئادابەکانی کۆڕ و مەجلیس:**

١ – سڵاوکردن و بەیانی باش و ئێوارە باش کردن.

٢ – چۆڵکردنی جێگا و ڕێزگرتن لە ئامادەبووان بە جوانی پێشوازیکردن و جێگاکردنەوە.

٣ – دانیشتن لە شوێنی گونجاو و لە شوێنی بۆشاییدا.

٤ – ئەگەر کەسێك لە کۆڕێك هەڵسا و گەڕایەوە ئەوا جێگاکەی نابێت بگیرێت.

٥ – نابێت بە سەر کەسدا باز بدرێت و بە سەر ملی کەسدا بڕۆیت.

٦ – نابێت بە نێوانی دوو کەسدا بڕۆیت، یان دابنیشیت بەبێ مۆڵەت خواستن.

٧- نابێت لەناو مەجلیسدا تف بکرێت.

٨- نابێت لەسەر ڕێگای گشتی دابنیشین، تەنها کاتی زەرورەت و ناچاری نەبێت.

٩- ئەگەر بە ناچاری لەسەر ڕێگای گشتی دانیشتین، دەبێت مافی ئەو ڕێگایە بدەین کە بریتیە لە:

ا- چاوپۆشی. ب- نەبوونە مایەی ئازار. ج- فەرمان بە چاکە. د- قەدەغە لە خراپە. و- ڕێنماییکردنی نەشارەزا. هـ- وەڵامدانەوەی پرسیار.

١٠- ئەگەر کەسێك لە مەجلیسێك هەستا، نابێت کەسێکی دی جێگەی بگرێت.

١١- نابێت کەس لە جێگای خۆی هەڵبسێنرێ و کەسێکی دی لێجێگیر بکرێت.

١٢- پەیامبەر کاتێك قسەی لەگەڵ کەسێك کردبایە بە هەموو شێوەیەك ڕووی تێدەکرد و گرنگی پێدەدا.

١٣- هەرگیز نابێت گوێ بۆ قسەی کەسێك هەڵخەین بێ پرسی خۆیان.

١٤- لە جوانی موسڵمان ئەوەیە کە مافی بەسەر شتێکەوە نەبێت کە پەیوەندی بە ئەوەوە نیە.

١٥- خۆپاراستن لە قسەکردن بە چرپە و جیابوونەوە لە کۆڕ و مەجلیس.

**سێیەم: پاك و خاوێنی و زەوقی جوان و گرنگیدان بە کاروباری ناوماڵ:**

١- گرنگیدان بە سیواك و بۆنی خۆشی دەم و ددان.

٢- شۆرینی دەست دوای نانخواردن و لابردنی چەوری پێش خەوتن.

٣- پارێزگاریکردن لە پاك و خاوێنی و جوان ڕاگرتنی لاشە، بە نینۆك کردن و لابردنی مووی بن باڵ و داوێن و کورتکردنەوەی سمێڵ، تا مرۆڤ بە جوانترین و ڕێکوپێکترین و بۆنخۆشترین شێوە دەربکەوێت.

٤- بۆنی خۆش و بەکارهێنانی، بەتایبەت بۆ ڕۆژی هەینی.

٥- خۆشۆرین هەموو هەفتەیەك، بۆ ئامادەبوونی نوێژی هەینی بە پاك و خاوێنی.

٦- باوێشك نەدان لە مەجلیسدا و دەستگرتن بەدەمەوە بۆ ڕێزگرتن لێی.

٧- (تلبید) چەورکردنی قژ بە ماددەیەکی وەکو کەتیرە (جێڵ) بۆ ڕاوەستانی قژ[1].

٨- داپۆشینی دەفر و قاپوقاچاغ لە شەودا.

٩- کوژاندنەوەی ئاگر و داخستنی دەرگا لە شەودا.

١٠- تەکاندنی جێگای نوستن و پارێزگاری پاك و خاوێنی.

## چوارەم: ئەتەکێتی گشتی:

١- هونەری گوێگرتن و قسەنەبڕین بە بەرامبەر.

٢- پاراستنی ژینگە و پاك و خاوێنی ڕێگاوبان.

٣- تووڕە نەبوون و کۆنترۆڵکردنی خود لە کاتی تووڕەبووندا[2].

٤- ڕێزگرتنی گەورە و بەزەیی بە بچووکدا.

٥- بەزەیی هاتنەوە بە گیانداراندا و بەفەڕ و پیرۆز زانینیان.

٦- گەشبینی و ناونان بە ناوی گەشبین و دوورکەوتنەوە لە ناوی ڕەشبین و گۆڕینی بۆ ناوی گەشبین و هیوابەخش.

٧- هێمنی و لەسەرخۆیی لە مامەڵەکردندا.

٨- دەربڕینی خۆشەویستی بۆ کەسانی دەوروبەر.

---

[1] وەك بەکارهێنانی جێڵ و کرێمی قژی ئێستا.

[2] ئەمڕۆ بەشێك لە زانستی بەڕێوەبردنە بەناوی (إدارة الغضب) کە پەیامبەر زۆر گرنگی پێداوە و سێ جار دووبارەی دەکاتەوە بۆ هاوەڵێك (لا تغضب) وێڕای چەندین ڕێنمایی نەبەوی بۆ کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی و مامەڵەکردن لەگەڵ توڕەییدا.

٩- خۆشەویستی سروشت و نەوتنی وشەی نەشیاو بە (با).

١٠- داپۆشینی عەیبی مسوڵمان و چاوپۆشی لە هەڵەکانیان.

١١- هاندانی خەڵك بۆ فێربوونی شیعری جوان و خۆپاراستن لە وشەی ناشیرین.

١٢- بە سادەیی ژیان و زۆر گرنگینەدان بە کۆشك و تەلار و خانوبەرە[1].

١٣- هونەری نامە نووسین و ئەتەکێتەکانی.

١٤- ئەتەکێتی دوعا و نزا و پاڕانەوە لەگەڵ خوداوەنددا، کە لە (الأدب المفرد)دا کۆمەڵێك بابی تایبەتی بۆ دیاریی کراوە، کە ئەویش لوتکەی ئەدەب و ئەتەکێتی جوانە، تا بزانین چۆن لەگەڵ خودای گەورەدا مامەڵە دەکەین و چۆن و بە چی شێوەیەك نزاکانمان بەرز دەکەینەوە بۆ دیوانی کردگار، هاوکات چی دەڵێین و دوعا بۆ کێ دەکەین، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دوعای بۆ غەیری مسوڵمانیش کردووە و داوای هیدایەتی بۆ کردوون[2]، لەویشەوە هاوەڵان فێر بوون کە نزای تەمەندرێژی و دەوڵەمەندی و ماڵ و منداڵ بۆ جولەکە و گاوریش بکەن.

---

[1] ئەمڕۆ هونەری سادە ژیان بانگەشەی بۆ دەکرێت بۆ ئەم سەردەمی تەکنەلۆجیا و جەنجاڵییە بە باشترین چارەسەر دادەنرێت، بەڵام پەیامبەرمان پێش (١٤٠٠) ساڵ ئاماژەی پێ کردووە. بڕوانە: فن البساگە، دومنیك لورو.

[2] تەماشای ڕیوایەتی ژمارە (١١١٢) بکە کە عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی بە غوڵامێکی گاور دەڵێت: "إن رحمة الله وبركاته على المؤمنين، لكن أطال الله حياتك، وأكثر مالك وولدك". رش البرد شرح الأدب المفرد (٥٩٤) باب كيف يدعو للذمي. هەروەها ڕیوایەتی ژمارە (١١١٣)، ئیبن عەبباس دەفەرمووێت: "لو قال لي فرعون: بارك الله فيك، قلت: وفيك وفرعون قد مات". هەروەها فەرموودەی (١١١٤) کە جولەکە دەهاتن بۆ لای پێغەمبەر، دەپژمین تا دوعایان بۆ بکات پێیان بڵێت: (یرحمکم الله): ئەویش دەیگوت: (يهديكم الله ويصلح بالكم). هەموو فەرموودەکانیش صەحیحن. هەمان سەرچاوە (٥٩٥).

# کۆتایی

فراوانــی فــەرموودەکانی پێغەمبــەر (دروودی خــوای لەســەر) و ڕاســتی وتــەی هاوەڵان کە دەیانفەرموو پێغەمبەر بۆ هەموو خێرێـك بـانگی کـردووین و لـە هـەموو شەڕێك ئاگـاداری کـردووین پـێش ئـەوەی ئـەم دونیایـە بـەجێبهێڵێت. پێشـکەوتنی زانایانی ئیسلام لە هەموو زانستە مرۆییەکاندا دیـارە، کـە هـەموو بوارەکـانی ژیـانی مرۆڤ ڕێکدەخات، هەروەها گەورەیی پێشەوا بوخاری و گرنگیدانی بە بوارێکی گرنگ کە بواری ئاکار و ڕەوشت و ئەتەکێتە.

جێبــەجێکردنی ســونەتی پێغەمبــەر (دروودی خــوای لەســەر) دەبێتــە مایــەی بەختەوەری و دڵنیایی و خۆشگوزەرانی لە دونیا و قیامەتدا، هیچ پێشەنگێك باشتر نیە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ ئەوەی موسڵمانان بیکەنە پێشـەنگ لـە هەموو بوارەکانی ژیاندا ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الأحزاب: ٢١).

باشـترین پێـوەر بـۆ گەیشـتن بـە بـەرزی و بڵنـدی مرۆیـی و نموونـەی کامـڵ لـە هەڵسوکەوت و ئاکاردا جێبەجێکردنی ڕەفتاری پەیامبەرە (دروودی خوای لەسەر).

داوا لە هەموو توێژەران دەکەم بۆ ناسین و ناساندنی ئاداب و ئاکار و ئەتـەکێتی پەیامبەری سەروەرمان سەیرێکی ئـەم کتێبانـە بکـەن لـە کتێبـەکانی فـەرموودەدا: (كتاب العلم، كتاب الاستئذان، كتاب البر والصلة، كتاب الجمعة، كتاب الأشربة، كتاب الأطعمة، كتاب اللباس والزينة، كتـاب النكـاح، كتـاب العقيقـة، كتـاب المرضـى)، تـا سەرسامبن بە ئاکاری بەرزی ئەو پەیامبەرە ! ! مرۆڤێك نەرمتر لە ئاوریشـم، هێمـنتر لە شەونم، ناسکتر لە گوڵ، میهرەبانتر لە دایك، پاکتر لـە بـاران، ئـارامتر لـە خـۆر! شەوقی دەڵێت: وَإِذا رَحِمْتَ فَأَنتَ أُمٌّ أَوْ أَبٌ هَذانِ فِي الدُّنْيا هُمَا الرُّحَمَاءُ

وەنەبێت بمەوێت لـە توێژینەوەیـەکی کورتـدا پەیامبـەر بناسـێنم، یـان لـە دوای سەدان ئەدیب و شـاعیر و نووسـەر، کـە لەمـەڕ ئـەو نـازدارەیـان نووسـیوە وەسـفی

بکەم! هەرگیز.. وەلیّ، دەمەوێت لە کلاوڕۆژنەیەکەوە ئاماژە بە خۆری نبووەت بکەم، لە جۆگەلەیەکی بچووکەوە بتانبەمە سەر دەریای بێسنووری ئەو مرۆڤە گەورەیە! پێغەمبەرێك کە ئیدی دوای ئەو، پێویستت بە کەس نییە! چرایەك بۆ هەموو ڕێگاکانی بەختەوەری، ڕۆشنایی بێت، بە مانای وشە (رحمة للعالمین) بێت!

گەر دەتانەوێت لەگەڵ منداڵاندا بیناسن و بیکەنە ڕابەری مامۆستایانی باخچەی منداڵان، لە حەسەن و حوسەین و ئومامەی کچی زەینەب بپرسن..

ئەگەر دەتانەوێت بیکەنە سەرمەشقی مامۆستایانی بنەڕەتی، ئەوا لە ئەنەس و ئیبن عەباس و زەیدی کوڕی سابت بپرسن..

ئەگەر دەتانەوێت پێشەنگ و ڕابەری مامۆستایانی ئامادەیی بێت، لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و ئوسامە و ئوبەی کوڕی کەعب و موعاز بپرسن..

ئەگەر دەتانەوێت بیکەنە مامۆستای مامۆستایانی زانکۆ، لە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی بپرسن..

ئەگەر دەتانەوێت بزانن باوکایەتی یانی چی؟! لە فاتیمە بپرسن.. ئەگەر دەتانەوێت بزانن هاوسەری نموونەیی چۆنە؟! لە خەدیجە و عائیشە و سەودە و زەینەب و تێکڕایی خێزانەکانی بپرسن! ئەگەر دەتانەوێت سەرمەشقی جوانی و قەشەنگی و پاکوخاوێنی و شیکپۆشی پەیدا بکەن، وەرنە خزمەتی سوننەتە جوانەکانی، کە نەك تەنها بە وتە، بەڵکو بە کردار بۆتان دەسەلمێنێت، کەچی تۆپەگوڵێکی بۆنخۆش و گوڵاوپرژێنێکە ئەو ڕەسولی خودایە!

ئەگەر ئافرەتان پێشەنگێکیان دەوێت، بۆ ئەوەی نموونەی پاکی و بۆنخۆشی و جوانی بن، با بچنە خزمەتی عائیشە و ئوم سەلەمە و ئوم سولەیم و ئافرەتانی ئەنصار، تا بزانن چۆن ئەو پێغەمبەرە نازدارە، ئافرەتانی کردووە بە هاودەمی میسك و عەبیر، چۆن فێری کردوون، کە هەمیشە گوڵاوی عەنبەربۆی نێو ماڵ و هەواری خۆیان بن!

# سەرچاوەکان

١ـ الأتكيت علم ولياقة، نادية ضاهر، بدون تأريخ، دار أكاديميا، بيروت – لبنان، ٢٠١١م.

٢ـ الأدب، أبو بكر ابن أبي شيبة، ت: د. محمد رضا القهوجي، دار البشائر الإسلامية – بيروت.

٣ـ الأدب المفرد للإمام البخاري تعريفه وجهود العلماء نحوه، د. خالد بن مرغوب، مجلة الحديث، ٩شعبان/ ١٤٣٦هـ.

٤ـ تأريخ مدينة السلام، الخطيب البغدادي، ت: بشار عواد، دار الغرب، ط١، ٢٠١٥م.

٥ـ تقريض العلامة عبد الرحمن المعلمي على كتاب فضل الله الصمد "آثار العلامة المعلمي"، عالم الفوائد – مكة، ط١، ١٤٣٤هـ .

٦ـ تغليق التعليق على صحيح البخاري، دراسة وتحقيق: سعيد القزقي، المكتب الإسلامي – بيروت، ط١، ١٩٨٥م.

٧ـ رش البرد شرح الأدب المفرد، محمد لقمان السلفي، دار الداعي– الرياض، ط١، ١٤٢٨هـ .

٨ـ ذوقيات، ذوقيات لإناقة السلوك والروح، خالد منيف، ط١، ٢٠١٥م.

٩ـ السلسلة الصحيحة، مكتبة المعارف – الرياض، ط١، ١٩٩٥م.

١٠ـ سير أعلام النبلاء، الذهبي، تحقيق: شعيب الأرناؤوط وآخرين، مؤسسة الرسالة – بيروت، ط١١، ١٩٩٦م.

١١ـ صحيح البخاري، دار السلام، الرياض، ط١، ١٩٩٩م.

١٢ـ صحيح مسلم، دارالسلام – الرياض، ط١، ١٩٩٩م.

١٣ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن حجر العسقلاني، دار طيبة – الرياض.

١٤ـ فن البساطة، دومنيك لورو، دار العبيكان – الرياض.

١٥ـ هدي الساري مقدمة فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن حجر العسقلاني، دار طيبة – الرياض.

# خوێندنەوەیەکی دروست بۆ دیدی
# مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بەرامبەر بە فەرموودە

**پەیام جافر عەلی مەحمود**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان**

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، زانا و پێشەنگ و بانگخوازی وڵاتی ئێرانە، هەرکەسێك ناوی ئەم مامۆستایەی بەرگوێ کەوتبێت، هەست بە خەباتێکی بێوچان و ڕێبوارێکی ماندوونەناس و پیاوێکی بوێر و ئازا، لە مەیدانی خواناسی دەکات و تێگەشتنی ئەو بۆ ئایین، تێگەشتنێکی گشتگیر و هەمەلایەنە بووە. ژیانی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە پڕە لە ڕاستگویی بۆ ئایین و خاك و خەڵك، خۆشەویستی ئەو بۆ خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ڕادەیەك لە ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە، توانیویەتی لەو پێناوەدا گەورەترین قوربانی بدات.

مامۆستا ئەحمەد یەکێك بووە لەوانەی شەیدای کاروانی خواناسی بووە، هەردەم هەوڵی خۆی خستووەتەگەڕ تاکو خزمەت بە چینی هەژار و بێنەوایان بکات، هەمیشە ئەو چرا ئاسا شەوەزەنگ و تاریکەکانی بۆ دەوروبەری ڕووناك کردووەتەوە، قوتابیەکانی فێری وانەی خۆشەویستی و تەبایی و ڕێزگرتن و

وەفاداری و پێکەوەژیان کردووە، کە دۆست و دوژمـنی گـەواهی ئـەو ڕاسـتییەی بـۆ دەدەن. مامۆستای موفتی زادە بە کارە گەورەکانی دەوروبەری سەرسـام کـردووە، ئەو خاوەنی فیکر و بیروبۆچوونێکی فراوان بووە، هەمیشە دیدگای ڕۆشن بـووە بـۆ گەیاندنی پەیامی خوا لەسەر زەوی. گرێدانی ئایین و سیاسەت لای موفتی زادە لـە خەسڵەتە دیارەکانی ئەو بـووە، ئەمـەش مانـای تێگەشـتنی تـەواوی ئـەو بـووە بـۆ ئـایین، هـەروەها بانگـەواز و کـارکردنی شـەو و ڕۆژی ئـەو بـۆ تێگەشـتن لـە مانـا و مەفهومی قورئان و سوننەت بە جۆرێك تێکەڵ بە کەسایەتی ئەو بوو بـوو، بـە هـیچ جۆرێك لێی جیا نەبووەوە.

## ژیاننامەی، کەسی، زانستی، سیاسی:

### ناو و ڕەچەڵەك و ساڵ و زێدی لەدایکبوونی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە

مامۆستا ئەحمەد کوڕی مەلا مەحمودی موفتییە، کوڕی عەللامە مەلا عەبدوڵڵای مەلا مەحمودی دشەییە[1]. لە مـانگی کـانوونی دووەمـی سـاڵی (١٩٣٣ز) لـە شـاری سنەی پایتەختی کوردستانی ڕوژهەڵات لە بنەماڵەیەکی ئاینی خاوەن زانستی ناودار بە ناوی (موفتی) لەدایکبووە[2].

### قۆناغەکانی خوێندنی

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لە سەرەتای تەمەنیـەوە عـەودالّی زانسـتخوازی دەبێت، ماوەیـەك لای مـەلا مـەحمودی بـاوکی و مـەلا ئەحمـەدی حـەواری نەسـەب خوێندوویەتی، هەر بۆ ئەو مەبەستە لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا بۆ ماوەی چەند مانگێك چووەتە شـاری مـەریوان. دواتـر بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ (١٩٤٩– ١٩٥١ز) چـووەتە

[1] دشە: گوندێکی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە، نزیك شاری پاوە.

[2] کـاك ئەحمـەدی مـوفتی زادە، صـلاح الـدین محمد بهـاء الـدین (٨– ١٧)، کـاك ئەحمـەد دەریایـەك لـە خۆشەویستی، عومەر عبدالعزیز (١٢– ٢١).

باشوری کوردستان، سەرقاڵی خوێندن دەبێت و لە زانستە شەرعییەکان شارەزا دەبێت، بۆ ماوەی مانگێك لە مزگەوتی (بن تەبەق)ی[1] شاری سلێمانی لای دکتۆر مستەفای زەڵمی خوێندوویەتی، پاشان چووەتە گوندی عەبابەیلێ و شارۆچکەکانی هەڵەبجە و بیارە، پاشان ساڵی (١٩٥١ز) لە شارۆچکەی تەوێڵەی هەورامان گیرساوەتەوە و لای مامۆستا مەلا محەمەدی خورماڵ، کوڕی مامۆستا مەلا بەهای بیارە خوێندوویەتی، ماوەیەکیش لە شارۆچکەی بیارەی هەورامان لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کتێبی (جمع الجوامع)ی لە زانستی (أصول الفقه)دا خوێندووە. لە کۆتایی ساڵی (١٩٥١ز) لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای بانەیی، چووەتە ناوچەی پشدەری باشووری کوردستان، هەر لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە شاری سنە و لە هەمان ساڵ لە مزگەوتی (دار الإحسان)ی شاری سنە دەستی کردووە بە وانە وتنەوە بە فەقێیان، لە کاتێکدا تەمەنی (١٨– ١٩) ساڵ بووە.

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە دووجار هاوسەرگیری ئەنجام داوە، جاری یەکەم جیابوونەوەی لێ کەوتووەتەوە و منداڵ لە نێوانیاندا نەبووە. جاری دووەم کە پاش گەڕانەوەی دەکات بۆ سنە، هاوسەرگیری دووەم ئەنجام دەدات، لە کاتی لەدایکبوونی کوڕەکەی (حمە ژیان) لە ساڵی (١٩٧١ز) خێزانی گیان دەسپێریت، دوای ئەو هاوسەرگیری نەکردووە.

لە ساڵی (١٩٥٦ز) باوکی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە (مەلا مەحمود) مامۆستای فیقهی شافیعی بووە لە زانکۆی تاران، مامۆستا ئەحمەدیش چووەتە تاران و کەم کەم توانای زانستی دەرکەوتووە و بووەتە مامۆستای فیقهی شافیعی، لە کۆلێژی (ئیلاهیات)ی هەمان زانکۆ[2].

---

[1] ناسراوە بە مزگەوتی (هەرمن).

[2] کاك ئەحمەد دەریایەك لە خۆشەویستی، عومەر عبدالعزیز (١٢– ٢١)، کاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەروەت عبدالله (١٧– ١١٠).

**چالاکی سیاسی:**

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ چالاکیە زانستییەکانی، لە هەمان کات لە تاران دەستی کردووە بە چالاکی سیاسی دژی ڕژێمی شای ئێران، لەگەڵ هەردوو مامی (محەمەد صدیق موفتی زادە، عەبدولڕەحمان موفتی زادە) و کەسانی دیکە، لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا بە ناوی (بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد) چالاکی کردووە، بۆیە دەزگای (ساواك) لەسەر کار لایان بردووە.

لە ساڵی (١٩٥٩ تا ١٩٦٣ز) لە شاری تاران، لەگەڵ مەلا صدیق و د. عەبدولڕەحمانی مامی ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکردووە و لە ڕادیۆی کوردی تارانیش بەرنامەی بە زمانی کوردی پێشکەش کردووە. مامۆستا ئەحمەد لەو ڕۆژنامەیەدا دەیان وتاری ئایینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بە بایەخی نووسیوە. لەبەر هەستی نەتەوایەتی، ساڵی (١٩٦٢ز) لە تاران بووەتە بەرپرسی کۆمیتەی تارانی (حیزبی دیموکراتی ئێران) و بەرپرسی دۆسیەی حیزبی ناوبراو بووە لەگەڵ تورکیا، لە هەمان کات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی لە دەفتەرخانەیەکی (ئەسنادی)[1] فەرمی شاری تاران، کاری ڕۆژانەی دەکرد، پاش دوو ساڵ لە چالاکی چڕوپڕ، مامۆستا ئەحمەد لەگەڵ (١٢٠) چالاکوانی تری کورد دەسگیر کرا، لە ماوەی ئەو زیندانیکرنەیدا ئاڵوگۆڕێکی فیکری گەورە بە سەریدا دێت[2].

**مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە وەك زانایەکی ئایینی**

شانبەشانی چالاکی سیاسی، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە وەك زانایەکی پایەبەرزی وڵاتی ئێران دەردەکەویت، هەربۆیە لە ساڵی (١٩٦٣ز) دەگەڕێتەوە بۆ (سنە) وەك بانگخوازێکی ئیسلامی و کەسایەتیەکی ناوداری ئایینی کار دەکات،

---

[1] ئەسناد: واتە نوسینگەی کرین و فرۆشتنی خانوبەرە.

[2] کاك ئەحمەد دەریایەك لە خۆشەویستی، عومەر عبدالعزیز (١٢– ٢١).

www.ikhwanwiki.com

زۆرینەی خەڵکی بۆ مەسەلە ئایینی و فیقهیەکان دەهاتن بۆ لای، بیروبۆچوونی ئەو لە بارەی بابەتە فیقهیەکانەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاواز بوو، بیروبۆچوونی وەك موجتەهید و زانایەکی ئاییني ڕۆشنفکر وەردەگیرا، بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە و ڕۆشن و ڕاشکاو، قسەی دەکرد و حوکمی دەردەکرد[1].

سالی (١٩٧٦ز) دەبێتە حاکمی شەرعی کوردستان (دادوەری گشتی)، تا کاتی سەرکەوتنی شۆرشی ئێران، دەبێتە موفتی کوردستان. لە هاوینی (١٩٧٨ز)دا ژمارەیەك لە چالاکوانی ئیسلامی شاری مەریوان لەوانە مامۆستایان (ئیبراهیم مەردۆخی – عەلی ڕەحمانی – عەبدوڵلا ئێرانی... هتد) بە ڕاوێژی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە دامەزراوەیەکی ئیسلامی بە ناوی (مەدرەسەی قورئان)یان دامەزراند، بە مەبەستی پەروەردەکردنی لاوان[2].

## ئایین و سیاسەت لای مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە:

ماموستا ئەحمەدی موفتی زادە هەروەك ڕێبەرێکی ڕۆحی سوننەکان بوو، لە هەمان کاتدا بە کەسێکی شۆڕشگێر و پارێزەر لە مافەکانی گەلی کورد ناسرابوو، هەربۆیە ڕۆژی (١٩٧٩/٥/٨ز) مامۆستا ئەحمەد بانگەشەیەکی بڵاوکردەوە، داوای گرێدانی کۆنگرەیەکی کوردستانی لە شاری سنە کرد، کە بە کۆنگرەی خودمختاری سنە ناسرا، کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە (١٩٧٩/٦/١ز) گرێدرا.

لە ڕۆژانی ڕاپەرینی گەلانی ئێراندا ساڵی (١٩٧٩ز) مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە وەك ڕابەرێکی ئاییني و میللی شان بە شانی مەدرەسەی قورئان و

---

[1] ئەزموونی مەعنەوی کاك ئەحمەدی موفتی زادە، مودریك عەلی عارف (١٦).

[2] کاك ئەحمەد دەریایەك لە خۆشەویستی، عومەر عبدالعزیز (١٢– ٢١).

www.ikhwanwiki.com

شاگردەکانی لەگەڵ ڕابەری شیعەکان خومەینی لە پێشەوەی گشت چالاکی و تێکۆشانێکدا بوو، کە لە ڕۆژانی کۆتایی حوکمڕانی (محەمەد ڕەزا شا)دا ئەنجام درا.

سەرەتای ساڵی (١٩٨٠ز)، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بە یاوەری کۆمەڵێك لە مامۆستایانی هاوڕێی ئاوارەی شاری کرماشان بوون، ساڵی (١٩٨١ز) ناوی (مەدرەسەی قورئان)یان گۆڕی بە (مکتب قورئان).

لە (١/٤/١٩٨١ بۆ ٣/٤/١٩٨١ز) مامۆستا ئەحمەد، بە هاوکاری مامۆستا (مەولەی عەبدولعەزین)[1] و مامۆستا (ناصری سوبحانی) و بەشداری سەدان زانای سوننەی کورد، کۆنگرەی یەکەمی (شورای مەرکەزی سوننەت)ی لە تاران گرێ دا، کە ناسراوە بە (کۆنگرەی شورای شمس). لە ساڵی داهاتوو لە (٥ و ٦/٨/١٩٨٢ز)، کۆنگرەی دووەمی (شوورای شمس) لە کرماشان گرێ درا، بە دوایدا سەدان کەس لە ئەندامانی (مکتب قورئان) دەستگیر کران. لە (٢٩/٨/١٩٨٢ز)، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لە تاران دەستگیر کرا. لە ڕۆژی (١٠/٨/١٩٩٢ز) پاش ئەشکەنجەیەکی زۆری دەروونی و جەستەیی لە زیندان ئازاد کرا. دوای شەش مانگ لە ئازادبوونی لە (١٨/٢/١٩٩٣ز) لە تاران ماڵئاوایی کرد[2].

---

[1] مەولەوی عبدالعزیز مەلا زادە: لە ساڵی (١٢٩٥) کۆچی هەتاوی لەدایکبووە. لە ساڵی(١٣٦٦) کۆچی هەتاویدا کۆچی دوایی کردووە. پوختەیەك لە ژیاننامەی پێشەوایان، هەردی صابر (٢٥١).

[2] کاك ئەحمەدی موفتی زادە، صلاح الدین محمد بهاء الدین (٨– ١٧)، کاك ئەحمەد دەریایەك لە خۆشەویستی، عومەر عبدالعزیز (١٢– ٢١)، کاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەروەت عبدالله (١٧– ١١٠)، ئەزموونی مەعنەوی کاك ئەحمەدی موفتی زادە، مودریك عەلی عارف (١١– ٢٥).

موقع: ئینتەرنیت: پێنجشەممە: ١٧/نیسان/٢٠١٤

http://www.islamist-movements.com/2461
www.ikhwanwiki.com/index.php?title
www.islamist-movements.com/2461

**خۆشەویستی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر):**

عەشق و خۆشەویستی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەشێوەیەك بوو کە بە تەواوی ڕەنگی دابویەوە لە کردار و گوفتاریدا، واتە سەراپای ژیانی لێوانلێو بوو لە خۆشەویستی بۆ ئەو زاتە، بۆیە هیچ کاتێك هەستی بە ماندووبوون نەدەکرد، بۆ ساتێکیش وچانی نەدەدا. هەمیشە کاری دەکرد بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەژار و چەوساوەکان، بۆ دەرخستن و ڕاستی ئەم قسانەش بەسەربردنی دە ساڵی ژیانیەتی لە زینداندا، بە دوور لە هاوڕێیان و خۆشەویستان و دۆستانی، بوونی لێبوردەییەکی بێ وێنەش، کە سەرتاپای ژیانی مامۆستا ئەحمەدی تەنی بوو، بەرامبەر بەو کەسانەی زوڵمیان لێکرد و ئازاری مەعنەوی و جەستەییاندا.

یەکێك لەو نموونە جوانانەی کە خۆشەویستی مامۆستا ئەحمەد بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەردەخات، کە بە ئەدەبێکی رۆحی و مەعنەوی شاعیرانە دەڵێت:

**کونجی قەفەزی سەرانسەر مەینەت مەفاڕونەوە پەڕانپەر جەننەت**

**ئاخ چەنێ وەشەن گیانبەخشی گیانان ئەمرت شەواوم کەرو چریا خان**

**جە گیان ئازیز بەیو پەرسۆم حاڵ گیانی بی حاڵم بارۆوە وە حال**[1]

واتە کونج و بنمیچی قەفەسی زیندانێك کە سەرانسەری پڕە لە مەینەت و ناڕەحەتی، کە خوام لەگەڵ بێت و یادی ئەو زاتە لە دڵمدا بجۆشێ و دڵم بە مەحەببەتی بخرۆشێ، نایگۆڕمەوە بە ئەمپەڕو ئەوپەڕی بەهەشت، ئەگەر هەست بەو دۆستایەتی و نزیکی یادی خوا نەکەم، ئای چەنێك خۆشە کە ئەمر و فەرمانی گیانبەخشی گیانەکان (خوای گەورە) شەوە تار و تاریکەکانی ناو کونج و گۆشەی زیندانم بکاتە چراخان، دواتر لە خەونێکدا و لە گیانی ئازیزەوە – وا دیارە مەبەستی خەو بینینە بە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، کە سڵاوی خوای بۆ هێنابێ و هەواڵی پرسیبێ – کە ئەمە لە شوێنی تردا ئاماژەی پێ کردووە، وەك

---

[1] دیارێی بۆ یاران، ئەحمەدی موفتی زادە (٥، ٦).

پەیخامێك بێت و هەواڵێكی پێ بێت و ئەحواڵ پرسیم بكات، ئیدی بەو هەواڵپرسینە، گیانی بێ حاڵ و برستم بهێنێتەوە حاڵ و وەجد بمگرێ و ببوژێمەوە و جارێكی دیكە بژێمەوە و ئیحیام بكاتەوە[1]. دواتر لە درێژەی هەمان شێعردا دەڵێت:

**چەن وەشەن پەردەی دوری وە لادان وە دیداری گیان صەد گیان وە با دان**

**ئازیز گیان! بویەر وە زوانی ویمان بی ئەدەبیم كەرد: پەنەم واتی گیان**

**ئاخر (یحییكم) ئامان عنوانت ئەرنە گیان چێشەن؟ صەد گیان قوربانت[2]**

واتە: ئای كە چەنێك خۆشە پەردەی دوری لابدرێت، ئیدی ئەو كاتە بۆ دیداری گیان (مەبەستی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، نەك گیانێك بەڵكو سەد گیان بە (با) بدرێت و بكرێتە قوربانی ئەو گیانە، پاشان دەڵێت: ئازیز گیان لێم ببورە كە بە زمانی خۆمان پێم وتیت گیان، چونكە تۆ لە گیان شیرینتر و ئازیزتری، ئاخر چونكە تۆ لە قورئاندا بە (یحییكم) ناوت هاتووە و باسكراوە، واتە ئەو كەسەی زیندووتان دەكاتەوە و ژیانی دووبارەتان پێدەبەخشێتەوە، وەگەرنا (گیان) چیە؟! بەڵكو سەد گیان بە قوربانت بێت[3]. دواتر دێتە سەر باسی ئەو خەڵات و نیعمەتەی كە بە هۆی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) پێی گەشتووە، جاریكی تر هەستی شەیدایانەی خۆی بەیان دەكات و دەڵێت:

**ئەگەر ودمی هەناسەی تۆ نەبایە ئەمن چی بووم مەگەر هەر خوا بزانی**

**لە تۆوە گەییوە سەرمایەی حەیاتم تروسكەیەكی دەرون تامی ژیانێ**

لە من بۆ من لە من فەرزو نزیكتر هەزار گیانم لە ڕێت ئەر بۆنە گیانی[4]

---

[1] ئەزموونی مەعنەویی كاك ئەحمەدی موفتی زادە، مودریك عەلی عارف (٦١, ٦٢).

[2] دیارێی بۆ یاران، ئەحمەدی موفتی زادە (٥، ٦).

[3] ئەزموونی مەعنەویی كاك ئەحمەدی موفتی زادە، مودریك عەلی عارف (٦٣).

[4] دیاریی بۆ یاران، ئەحمەدی موفتی زادە (١).

**خوێندنەوەیەك بۆ دیدی موفتی زادە بۆ فەرموودە لە ژێر ڕۆشنایی زانستی فەرموودەدا :**

تێڕوانینی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بۆ فەرموودە تێڕوانینێکی هاوسەنگ (متوسط) بوو، هەروەك لە کاسێتی ژمارە (١٩٢) بە ناوی (نیاز بە سنت لفظي وعملي با توجه بە کفایت (قرآن – تصوف، عرفان)، لە شەرحی ئایەتی ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ (الأنعام: ٣٨)، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاڕاستەی کراوە: ئایا پێویستمان بە سوننەت هەیە؟ ئەگەر هەیە مەرجی بەینی سوننەتی کرداری و گوفتاری چییە؟ پاشان دەڵێت: موسڵمان نسبەت بە سوننەت چ کرداری و چ ڕەفتاری، بە درێژایی مێژوویی ئەم چواردە سەدە، سێ شێوازی دیاریکراو جیا لە یەك بوونی هەبووە، کە ئێستەش ئەم سێ شێوازە هەن: شێوازی (إفراط)، شێوازی (تفریط)، شێوازەکەی تریان دروست و هاوسەنگە (متوسط)ە، کە قورئان هەمان ئەو شێوازەی بۆ ئێمە دیاریی کردووە، لێرەدا ئەم سێ شێوازەمان کردووە بە سێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم: شێوازی (إفراط) زێدەڕۆیی:**

مامۆستا موفتی زادە دەڵێت: شێوازی (إفراط) لە دەستگرتن بە سوننەتا ئەوەیە هەندێك بێ حەدو مەرج هەرچی ڕیوایەت کراوە لە زمانی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر)، بێ ئەوەی کە بنەماترین مەرج لە قبوڵی سوننەتا ڕەچاو بکەن، قبوڵی دەکەن[1].

[1] مەرجی قبوڵ بوونی فەرموودەش لای زانایانی فەرموودە ئەوەیە، ئەم مەرجانەی تێدا بێت: (فَهُوَ الْحَدِيثُ الْمُسْنَدُ الَّذِي يَتَّصِلُ إِسْنَادُهُ بِنَقْلِ الْعَدْلِ الضَّابِطِ عَنِ الْعَدْلِ الضَّابِطِ إِلَى مُنْتَهَاهُ، وَلَا يَكُونُ شَاذًّا، وَلَا مُعَلَّلًا). مقدمة ابن الصلاح، معرفة أنواع علوم الحديث (١١)، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي (١/ ٦٠).

دەڵێت: زۆر لە بابەت قبوڵ کراوە بە ناو سوننەت، کە دروست کراوە، هیچ پەیوەندی بە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) نییە و فەرمایشتی ئەو نییە، پەیوەندی بە کاری ئەوەوە نەبووە، بەڵکو تیایەتی کە دروست کراوە، کاریگەری شوێنەواری دوژمنانی ئیسلام، دوژمنانیٚ ئاگایانە بابەتگەلێکیان دروست کردووە بە زمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خستویانەتە دەم خەڵکی، ئەو بەشە لە موسڵمان کە (إفراط) زیادەڕەوییان کردووە لە وەرگرتنی سوننەتا ئەو فەرموودانەیان هێناوە لە چەندین کتێب کۆیان کردووەتەوە و کردوویانەتە بەڵگە بۆ خۆیان، بۆ بۆچوونی فیقهی و غەیرە فیقهی، هەتا لە مەسەلەی عەقیدەتیشدا. لە ناو هەندێك لە موسڵمانان زاراوەی سوننەتیان لەمەش زیاتر کردووە، قسەی زۆرێك لە کەسایەتی ئسلامیان بە ناو سوننەت ناسیوەو کاری پیٚ دەکەن[1].

پاشان زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: بەڕاستی ئەوانە وا زیادەڕەوی دەکەن لە دەستگرتن بە فەرموودە، زۆر شت هەیە ئەگەر قەرار بیٚ ئەوانە بە فەرموودە بزانین، ئەساسی ئیسلام ژێرەو بان دەکات. هەندێك لە فەرموودە لە بارەی صیفاتی موسەلەمی خوای (تعالی) باس دەکات، پێچەوانەی ئەوەیە کە لە موسەلەماتی کتابا هاتووە[2]، نە موسەلەماتی کتاب بە مانای قورئان، بەڵکو کتاب بە مانای گشتی لە

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[2] "إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمَّا قَضَى خَلْقَهُ اسْتَلْقَى فَوَضَعَ إِحْدَى رِجْلَيْهِ عَلَى الْأُخْرَى، وَقَالَ: لَا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِي أَنْ يَفْعَلَ هَذَا"، فَقَالَ أَبُو سَعِيدٍ: لَا جَرَمَ، وَاللهِ لَا أَفْعَلُهُ أَبَدًا. رواه الطبراني في المعجم الكبير (١٩/ ١٣)، الرقم (١٨)، والبيهقي في الأسماء والصفات، الرقم (٢/ ١٩٨– ١٩٩)، (٧٦١)، وقال: "هذا حديث منكر ولم أكتبه إلا من هذا الوجه..."، وفليح بن سليمان مع كونه من شرط البخاري ومسلم، فلم يُخرجا حديثه هذا في الصحيح، وهو عند بعض الحفاظ غير مُحتَج بهِ. وذكره الهيثمي في المجمع، الرقم (٨/ ١٠٠)، (١٣١٨٢)، وقال: رواه الطبراني عن مشايخ ثلاثة جعفر بن سليمان النوفلي وأحمد بن رشدين المصري وأحمد ابن داود المكي، فأحمد بن رشدين ضعيف، والاثنان لم أعرفهما، والحديث أورده الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة، (٢/ ١٧٧– ١٨٠) الرقم (٧٥٥)، وقال: الحديث يستشم منه رائحة اليهودية الذين يزعمون أن الله تبارك وتعالى بعد أن فرغ من خلق السموات والأرض استراح – تعالى الله عما يقول

ئادەمەوە تا محەمەد. تەواوی پێغەمبەران تەئکید لە ئوصوڵێ لە ئوصوڵی عەقائید بووە، بەڵام لە فەرموودە هەیە موخالفی ئەوانە، یان لە ناو فەرموودەدا هەیە کە لە بنچینەدا پەیامەکە هەڵدەوەشێنێ، ئەگەر قەرار بێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) شتی وای وتبێ، پێچەوانەی وەزیفەی پەیامەکەی ئەنجام داوە، یان لە ناو فەرموودە دا هەیە ئەصالەت لە قورئان ئەسێنی، قورئان مەشکوك دەکات[1]، یان قورئان دەکات بە بەشتێك بەشەر نەتوانێ لێیی حاڵی بێت[2].

دەشڵێت: ئەوان بێن صەلاحیاتی ئەوەیان هەبێت لە قورئان حاڵی بن، کەسی تر لێی حاڵی نەبێت، بەڵام قورئان بیرمان دەخاتەوە و دەفەرمووێت (ئاوا ناردومانە بتوانن فکری لێ بکەنەوە و لێیی حاڵی بن)[3]، یا پلەی حاڵی بوون کەم و زۆری هەیە، هەر کەس زمانی عەرەبی فەسیح بزانێت، تا حەدێك لێی حاڵی دەبێ، تا عەرەبی فەسیح باشتر بزانن سنوری تێگەشتن باشتر دەبێ، تا زانیاری زیاتر بێ، سنووری سودوەرگرتن لە قورئان باشترە دەبێ.. لە ناو ڕیوایەتدا کەسانێك هەن زیادەڕەوی دەکەن لە دەستگرتن بە سوننەوە، چ لە زمانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) یان لە زمانی کەسایەتی ئیسلامی، هەرچی گەشتوەتە دەستیان قبوڵیان کردووە و کاری پێ دەکەن، زۆر شت دەبینین کە لە بنچینەوە لەگەڵ فرە فرەی بەدیهی ئیسلامی ناگونجی و جیاوازە، کە ئەمەش نابێ قبوڵ بکرێت.. شتێك لەگەڵ بەدیهیاتی ئیسلام ناگونجێ و ئاشکرایە بەڵگە هێنانەوەی زۆری ناوێت، بەتاڵە و نابێ قبوڵ بکرێت[4].

---

الظالمون علوا كبيرًا – وهذا المعنى يكاد يكون صريحا في الحديث فإن الاستلقاء لا يكون إلا من أجل الراحة، سبحانه وتعالى عن ذلك.

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەد موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[2] بڕوانە: سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة، الألباني.

[3] ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (يوسف: ٢).

[4] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

**بەشی دووەم: شێوازی تفریط (کەمتەرخەم):**

مامۆستا موفتی زادە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم شێوازە دەدات و دەڵێت: مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کارکردن بە قورئان کافیە، زۆر شت دەوترێت و دەڵێن، پێچەوانەی ئەوەیە کە لە خودی قورئان هاتووە، وا دەگەیەنن ئیتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکانی قورئان پێوەری قورئان بەسە و هیچ پێویست بە سوننە نیە، بە تەواوی سوننە لە ئیعتیبار دەخەن، کە زانای ئیسلام بێ دەستگرتن بە سوننە بە وەسیلەی قورئان بتوانن ژیانی خۆیان ئیدارە بکەن، ئەمەش (تفریط) و نادروستە.

دەشڵێت: لە شکۆ و پلە و پایەی سوننەتدا دوبارە (یەك) بەڵگە بەسە، قورئان ئەفەرمووێت بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەزیفەی ڕوونکردنەوەمان سپاردووە بە تۆ، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆر شتی فەرمووە لە عیبارەتی قورئان نییە، ئەگەر بچینە صەدری یەکەمی ئیسلام، قەرار بێ ئەم مەوزوعی نسبەت بە سوننەت دروست بێ بڵێین قورئان کافیە و پێویست بە هیچ لە فەرمایشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نییە[1].. لەو کاتەدا ئەفەرموێت برایەتی (إخاء) لە ناو مسوڵمانانا دەبێ کاری پێ بکرێت، هەر فەقیرێك ببێتە برا بەشی دەوڵەمەندێك، ئەم بابەتە چۆن دەبێت، ئەگەر قەرار بێ ئەم فیکرە بەتاڵەی ئەهلی (تفریط) نیسبەت بە سوننە هەیانە قبوڵ بکەین، بڵێین قورئان بەسە و هەرچی لە سوننە ڕەدکەینەوە (حسبنا کتاب الله)، بەو مانا هەڵە بڵێین سوننە قبوڵ ناکەین، واتە سوننە مەردودە، دەبێ بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بڵێین بە قسەت ناکەین، خۆ قورئان نەیوتووە (إخاو) لە بنەڕەتدا وشەیەکیش لەم بارەو لە قورئان وجودی نییە، بە تەئکید موخالەفەتمان دەکرد، ئەگەر فیکرەمان ئەم فیکرە بێ، موخالەفەتمان دەکرد و بە قسەی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) نەدەکرد و

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

فـره لـه موسـڵمانان بـه قسـەی پێغەمبـەریان (دروودی خـوای لەسـەر) نـەکرد لـه (أمور)ێکا، که قورئان سەخت سەرزەنشتی کردون، لـه حاڵێکـا قورئـان باسـی ئـەو (أمور)ی نەکردووه، تەنها ئەو (أمور)ه جۆر بووه لەگەڵ (موازن)ی قورئاندا.

لەمـەش گـرنگتر، وەخـتێ مسـوڵمانان هیجرەتیـان کـرد بـۆ مەدینـه، پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسـەر) دەسـتووری فـەرموو کـه ڕوو لـه کەعبـه بچـەرخێن بـەرەو (مسجد الأقصى)، تا موسڵمانان له مەککه بوون وا نوێژیان دەکرد، که بکرێت هـەم ڕوو له کەعبه بکەن هەم ڕوو لـه (مسـجد الأقصـى)، واتـا بـڕۆن لـه تـەرەف جنـوبی کەعبەوه بوەستن هەم ڕوو لـه (مسـجد الحـرام) و هـەم ڕوو (مسـجد الأقصـى)، کـه هاتنه مەدینه، مەدینه دەکەوێته بەینی (مسجد الحرام) و (مسجد الأقصـى)، ئەگـەر ڕوو له (مسجد الحرام) بکەن تەقریبـەن نـەك تـەواو خـەتی ڕاسـت بکێشـیت، بـەڵکو مقدارێك (انكسار)ی تیایه، گەر ڕوو له (مسجد الأقصى) بکەن تەقریبەن پشتیان لـه (مسجد الحرام) دەبێت، گەر ڕوو لـه (مسـجد الحـرام) بکـەن تەقریبـەن پشـتتان لـه مسجد الأقصى دەبێت[1].. لەو کاتەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستووری دا ڕوو له (مسجد الأقصى) بکەن، واته دەبێت کۆچ کردن هەمه لایەنه بێت، هـەموو شتیان بەجێهێشتووه، هەرچی خۆشەویست بـووه لـه دڵیانـدا بەجێیانهێشـتووه لـه ماڵ له کەس... هتد، تەنها جێگەیەك له زەمانی حەزرەتی ئیبراهیم تا ئەو ڕۆژانەی نەفامی بەر له ئیسلام، خۆشەویستی تەواوی میللەتی عەرەب و قیبلەیان بوو، بریتی بوو له (مسجد الحرام)، حیکمەتی ئیسلام دەبێ ئەم تەعەلوقەش بگۆڕێت، هەر چەن (مسجد الحرام) زۆر بەڕێزه، قیبله بووه بەر له هیجرەت، هەرچـەند یەکـەمین خانـه بووه که بۆ خەڵك دروسـت کـراو، نـەك بـۆ ئەشـراف و خۆبەزلزانـەکان... هەرچـەن یادگـاری یەکـەمین بزووتنـەوەی یەکتاپەرسـتی ڕەفـا و ڕۆشـن بـه هـۆی حـەزرەتی ئیبراهیم دروست کـراوه، بـه بـوونی ئـەو ڕێـزه زۆرەی هەیـەتی، ئیمـان دەبێـت لـه

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زاده، ژماره (١٩٢)، تراك (١).

هەرچی کۆت و بەندە پاك بێتەوە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستوور دەدات دڵ لە کەعبە هەڵ بکەن، ڕوو بکەنە (مسجد الأقصی).. گەر مەوزوعی کیفایەت بە قورئان ئا بەم جۆرە هەندێك دەڵێن وا تەفسیری بکەن، دەبێ بە قسەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەکەن، بڵێن بە چ بەڵگەیەك چەند ساڵ لە مەککە ڕوو لە کەعبە نوێژمان کردووە، ئێستا لە مەدینە دەڵێ ڕوو لە (مسجد الأقصی) بکەن و ڕوو لە کەعبە وەرچەرخێنین، خۆ قورئان شتی وای نەوتووە، لە ناو مسوڵماناندا کەسی زەعیف هەبووە ئاوا لێکدانەوەی هەبوو، هەرچی بە ئارەزوویان بوو بە گوێیان دەکرد و قبوڵیان دەکرد، هەرچی بە ئارەزوویان نەبوو موخالەفەتیان دەکرد، تا دوای ماوەیەك مسوڵمانان لە هەرچی کۆت بوو پاك بوونەوە، پاشان قورئان دەستووری دا فەرمووی ڕوو لە (مسجد الحرام) بکەن[1].

ڕوو لە مسجد الأقصی مەسەلە بوو، یەکەم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستووری فەرموو ڕوو لە (مسجد الأقصی) بکەن بە عینوانی تەشریعی خوایی، کە لە قورئان ئەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلا لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ﴾ (البقرة: ١٤٣). ئەفەرموێ بۆ ئەوە ئەم کارەمان کرد کە لە ڕووی کرداریەوە دەرکەوێت کێ پەیڕەوی ڕەسولە و کێ بەرەو دوا دەگەڕێتەوە ﴿مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ﴾ بە بان پشتی پاژنە دەگەڕێتەوە بەرەو دوا، ئاوا ناودەبرێن ئەوانەی بە قسەی پێغەمبەریان (دروودی خوای لەسەر) نەکرد.. ﴿وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ﴾ (البقرة: ١٤٣).. بەڕاستی تەکلیفی قورس بوو دوای ئەوە هەرچی شتە پشتگوێ بخەن، بڵێ کەعبەش پشت گوێ بخەن، بۆ ئەوانەی هیدایەتی خوایان وەرگرتووە ئاسانە، بەڵام بۆ ئەوانەی ئیمانی بەهێز نییە تەکلیفی زۆر قورسە، هەرچی شتە پشتگوێیان خستووە، ئەمەش پشتگوێ بخەن.. ئەوەندە قورس بوو، لە ئەنجامدا هەندێك

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

ڕێگەی ئیمانیان گرتبوو خەریك بوو ڕێگەی ئیمان ون كەن، بەلام خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ﴾، بۆ ئەوە نەبوو ئیمانی ئێوە لە كیس بات، بەڵكو بۆ ئەوە ئیمانتان زیاد بكات، چونكە ئیمان دوو جۆرە: ئیمانێ كە واقیعەن حوكم دەكات بەسەر تانووپۆی فیكری ئینسانا بە سەر (عواطف)یا، (احساس)یا، (شعور)یا، (وجدان)یا، نە ئێمانێك سەرسەری و نەگیرساو، ئەم تەجرەبە تاڵە ئەم دوو ئیمانە لەیەك جیا دەكاتەوە.. ئەمەش بەرژەوەندی جامیعەی ئیسلامیە، بەهێز و لاواز لە یەك جیابێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا (گۆڕینی قیبلە) لە ئایەتیش باس نەكراوە[1].

هەروەها دەڵێت: یەكێ لە بەلاگەلێ كە لە سەرووی عورف و عادەتە، قورس بوو، ئەویش بازی كوفر و ئیسلام بوو، بۆ ئەوە نەبوو ئیمان كزەكان لە بەین بچێت، بۆ ئەوە ئیمان بەهێز و كزەكان لە یەك جیاببێتەوە. لەلایەكی تر ڕوونی دەكاتەوە كە ئەوەنە مەسەلەی گرنگە، كە مەسەلەی ئەوەیە یاری بە ئیمان كردن، بە بوونی ئەوە مسوڵمان لەگەڵ واقیع چیان كرد، وایان نەكرد بڵێن قورئان بەسە بۆ ئێمە، بەڵكو ڕاستگۆیانە ﴿منْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: ٨٠)، جیاوازیی ناكات ڕۆشنكەرەوە (مبيين) كە پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، خوا دەستووری پێ داوە هەمان ئەو پێوەرانە كە خوا دیاری كردووە ڕێگەی ئیسلام بۆ ئێمە ڕووناك بكات، ئەمەش ڕوونكردنەوەیە كە ئێمە ڕوو بچەرخێنین لە (مسجد الحرام)ەوە بۆ (مسجد الأقصی)، مسوڵمانان بە گیان و دڵ قبوڵیان كرد.

پاشان دەڵێت: ئەم یەك فەقەرە (توضيح)یە بەسە بۆ ئەمە كە دەركەوێت ئەم جۆرە مەوزوعگیریە (تفریط)یە لە بەرامبەر سوننەت، ئەمیش هەر مەردودە، كە بەڕاستی ئەو كەسانە وا ئەڵێن بیانگێڕینەوە بۆ مێژووی سەرەتای ئیسلام، داخۆ نیسبەت بە فەرمایشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چی دەڵێن، هەر وا دەڵێن

---

[1] بەرهەمی تۆماركراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

(حسبنا كتاب الله)، قورئان كافيه، بەڵام مانای کافی بوون چۆنه؟ ئەوەیە (موازن)ی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤایەتی بە گشتی لە قورئاندا ڕوونکراوەتەوە، بەڵام وردەکارییەکان (جزئی)یات ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو سپاردوویەتی بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

له کۆتایدا باسی ئەوە دەکات کە مەرج نییە هەموو ڕوونکردنەوەیەکی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕۆشن بێت، بەڵکو ئەویش بە هەمان شێوە ڕوونکردنەوەی دەوێت، پاشان دەڵێت: زۆرێك لەو ڕوونکردنەوانەی بۆ فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کراوە، هەروەك شتە بنچینەییە گشتیەکان وایە ڕوونکردنەوەی دەوێت، واتە ڕوونکردنەوە بۆ شتە (جزئی)یەکان نەکراوە، دوبارە ڕوونکردنەوەی دەوێت، کە ئەویش کاری (مجتهدین)ە لە لایەن شوورا و (اجماع)وە دەبێت، یان ڕاستەوخۆ هەر لە (موازن)ی قورئان سوود وەربگرن.. مەوزوعی دروست ئەوەبوو له بەینی ئەم دوو دانە مەوزوعە، سوننەت بە عینوانی ڕوونکەرەوە قبوڵ بکەین بەو کەیفیەتە کە قورئان دیاریی کردووە و پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر) دەستووری داوە، هەر کاتێك شتێك بە ناو سوننەت گەشتە دەستت، بەراوردی بکە لەگەڵ قورئاندا، ئەگەر جۆر نەبوو قبوڵی مەکە، قسەی خائن گەلە یا گەوج گەلە[1].

**بەشی سێیەم: شێوازی نێوەندگیر (متوسط):**

پاش باسکردنی ئەو دوو ڕێگایە، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە دێتە سەر شێوازی سێیەم کە بە شێوازی دروست و (نێوەندگیر) ناوی دەبات، دەڵێ: شێوازی دروست و (متوسط) لە بەینی ئەم دوانە ئەوەیە: نە بەو جۆرە بێ حەدد و مەرج کار بکات بە سوننەت، هەرچی پێی وترا سوننەت و هەرچی بە ناو فەرموودەوە ڕیوایەت

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

کرا بێت قبولّ بکات، نه بەو جۆرەش سوننەت بە تەواوی لە ئیعتیبار بخات[1]..
ئەمانە مەرجێکیان هەیە بۆ ئەوە کە بتوانیت سوننەت قبولّ بکەن، یان قبولّی نەکەن و ڕەدی بکەنەوە، کە ئەوە ئەساسیترین مەرجە، ئەویش عیبارەتە لە جۆربوون لەگەڵ قورئاندا.. قورئان کاری ڕوونکردنەوە (تەبیین)ی سپاردووە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، هەرچی بنەما و پێوەرە بنچینەییەکانیش، کە بنەمای عەقیدەتی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و چەندین مەسەلەی تری پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکان دیاریکراوە کە لە قورئاندا هاتووە، بەڵام ئەمانە جۆری زۆرن، ڕۆشن نەکراوەتەوە و لە قورئاندا، جوزئیاتی نەوتراوە، بەڵکو سپێردراوە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، چ بە ڕۆشنکردنەوەی گوفتار یان کرداری.. ئەو پێوانە (موازن)ە کە لە قورئاندا هاتووە ڕۆشن بکاتەوە بۆ مسوڵمانان، کە ئەوە وا سەحیح و مەعقولە، لە دەستگرتن بە سوننەت ئەوەیە بەم جۆرە بێت.. بە کۆی ئەم بەرخوردە دروستە، ئەوەیە ئەو فەرموودە جۆر بێت لەگەڵ قورئاندا، ئێمە لە پێشا پێوانە و پێوەری سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوەی بنچینەی ئیسلام بە قورئان ئەزانین، ئەو حوجەتە و ئەصڵیە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە تەنها مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە نەبووە ئەو مەرجەی دانابێت بۆ وەرگرتنی فەرموودە، بەڵکو لەناو زانایانی پێشووشدا هەبووە کاری بەم مەرجە کردووە، بە یەکێك لە مەرجەکانی داناوە بۆ قبوڵکردنی فەرموودە، هەروەك ئیبن قەییمی جەوزی لە کتێبی (المنار المنيف في الصحيح والضعيف) باسی کردووە، کاریشی پێ کردووە[2]. لێرەدا بە تەواوی دەردەکەوێت کە مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایە و بە دروستی دەزانێت بۆ کارکردن بە سوننەت.

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[2] سەیری ئەو کتێبە بکرێت (١/ ٨٠).

پاشان دەڵێت: هەرچی بەناو سوننەت بە دەستمان گەیشت چ پەیوەست بە گوفتار چ پەیوەست بە کردار دەبێ بەراوردی بکەین لەگەڵ قورئاندا، بەراوردی بکەین لەگەڵ قورئاندا بۆ ئەوەی بزانین عەینی ئەوە هەیە لە قورئاندا؟ نەخێر، بەڵکو بزانین ئەو پێوەرە گشتیە لە قورئان بەیان کراوە، ئەم فەرموودە جۆرە لە گەڵیدا[1].

دواتر دێت بە چەند نموونەیەك ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: قورئان دەستوور دەدات بە موسڵمانان نوێژ بکەن و ئاماژە بە کاتەکانی دەکات لە چەندین شوێنی جیاوازدا.. سوننەت، چ بە گوفتار و چ بە کردار بە ئێمە دەڵێت: نوێژی بەیانی دوو ڕکاتە، نیوەڕۆ چوار ڕکاتە، عصر چوار ڕکاتە، مەغریب سێ ڕکاتە، عیشا چوار ڕکاتە[2]. لانی کەمی نوێژێکە ئەبێت مسوڵمان بیکات، لەم نوێژانە زیاتر موستەحەباتی تر هەیە، موستەحەبات، چ ڕەواتب لەگەڵ نۆیژە وەختدارەکان (مؤكد – غير مؤكد)، چ ئەوانە غەیر ڕەواتبن وەك: نۆیژی جەژن، نوێژی (ضحى)، یان نوێژی تر بە بۆنەی ڕووداوی جۆراوجۆر پێش دێت.. ئێمە کاتێك لە سوننەتدا لەبارەی ئەم نوێژانەوە شتێك دەبینین و لە قورئاندا باسکراوە، واتە (جۆرە) لەگەڵ قورئاندا، واتە خودی نوێژ لە قورئاندا دەستووری پێ دراوە و لە قورئاندا وتراوە و کاتی دیاریی کراوی هەیە و ئاماژە بە چەندین کاتی جیاوازی نوێژ کراوە.. کاتێك پێوەرە گشتییەکان لە قورئاندا هەیە، ئەمە کە لە سوننەت هەیە، دەبینین هیچ

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[2] بە پێی ئەم فەرموودە: عن عائشة ـ رضي الله عنها ـ، زوج النَّبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قالت: "كان أول ما افترض على رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ركعتان ركعتان إلا المغرب، فإنها كانت ثلاثًا، ثم أتم الله الظهر والعصر والعشاء الآخرة أربعًا في الحضر، وأقر الصلاة على فرضها الأول في السفر". أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الصَّلاة، باب كيف فُرضت الصلاة في الإِسراء (١/ ٧٩)، الرقم (٣٥٠)، ومسلم في صحيحه، كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة المُسافرين وقصرها (١/ ٤٧٨)، الرقم (٦٨٥)، وأحمد في مسنده، مسند الصديقة عائشة بنت الصديق ـ رضي الله عنها ـ، (٤٣/ ٣٥٧)، الرقم (٢٦٣٣٨).

جۆره دژایەتی نییە. ئەمە بە عینوانی ڕوونکەرەوەی ئەو داوایەی کە قورئان دەستووری داوە ئەناسین... قورئان دەستوور دەدات بە ئێمە نوێژ بکەین، ئەو (قید)انەش کە ئاماژەمان پێ کرد بۆی زیاد دەکات، بەلاَم ڕوونی ناکاتەوە چۆن بێت، واتە وردەکارییەکانی (جزئی)یاتی نەوتراوە[1].

ڕوونکەرەوەی ئەم داوایە بەو جۆرە قورئان بە پێغەمبەر دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ﴾ (النحل: ٤٤)، ئەو عیبارەتە بریتییە لەو کردارەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەنجامی داوە، ئەو گوفتارەشی لەو بارەدا فەرموویە، ئێمە تەکلیفی خۆمان لە بارەی نوێژ ئەوەیە کە بەم شێوە ئەنجام بدرێت، ئەزانین ئەبێ بەم کەیفیەتە بێ نۆیژکردن، ئەوە لانی کەمی نوێژەکانە، کە ئەو پێنج فەرزەیە، بەو ڕکاتانەی کە دیاری کراوە، بەو تایبەتمەندییەی کە گەشتۆتە دەستمان و چۆنیەتی شێوەی (قیام، رکوع، سجود... هتد) ئەم ئەندازە لە سوننەت بەدەست دێنین، بە عینوانی ئەمە کە سوننەت ڕوونکەرەوەی قورئانە و تەکلیفێ کە قورئان داوای کردووە، سوننەت بە گوفتار و بە کردار ڕوونی کردووەتەوە بۆ ئێمە، دەبێ ئەو تەکالیفە بەو جۆرە بێت و بەو شێوە ئەنجام بدرێت کە قورئان وتوویەتی.

لە شتەکانی تریش هەر بەو شێوەیە، مەبەستمان لە (تبیین) ئەمەیە، واتە پێوەرە ئەصڵی و گشتیەکە لە قورئان هەبێت و وترابێت، ئەو وەختە سوننەت بەیانی کردبێ. نموونە بۆ ئەمە دەهێنێتەوە و دەڵێت: برایەتی (إخاء)، یاسای ئابووری کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە کۆمەڵگەی مەدینە بانگەشەی بۆ دەکات و دەستوور دەدات، هەڵیدەسەنگێنین دەبێ بزانین هاوڕایە لەگەڵ قورئاندا یان نا، دەبینین هاوڕایە، بەوە باسی (إخاء) کرا بێ لە قورئاندا؟ نەخێر.. لە قورئاندا بۆ ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگەی ئیسلامی چەند دەستوورێکی داوە

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

دەبینین (إخاء) وێنەیەکە لەوانە، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە زۆرە کە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەیە لە ناوبچێت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەم وێنەیەی بە سەحیح زانیوە هەر فەقیرێك ببێتە برا بەشی دەوڵەمەندێك، دەبینین جۆرە لەگەڵ قورئاندا[1].. ئەوانە وا بابەتی نێوەندگیر و دروستیان نیسبەت بە فەرموودە هەیە، یەکەمین مەرج بۆ کارکردن بە فەرموودە بە دروست دەزانن، ئەوەیە تەتبیقی بکەین لەگەڵ قورئانا، ئەگەر هاوڕا بوو بە عینوانی (مبیین) ڕونکەرەوە، قبوڵمانە و دەستی پێوە دەگرین و کاری پێ دەکەین، ئەگەر هاوڕا نەبوو، واتا پێچەوانەی ئەوەیە کە قورئان وتوویەتی، واتە (موازن)ی قورئان شتێکە و ئەم شتێکە، ئەوە قبوڵ ناکریت و لەکاردەخریت[2]، بۆ نموونە: تەماشا دەکەین قورئان لە بارەی موهاجیر و ئەنصار چەند شتێك دەفەرمووێت و کۆمەڵی خاسیەتیان باس دەکات، بەوەی کۆمەڵێکن لە باشترین مرۆڤ، باشترینن لە ئوممەت، بەوەی شاهیدگەل و شەهیدگەل بۆ نیشاندانی سورەتی نموونەی ڕەفتاری لە ئەو پێوەر و (موازن)ەی کە ئیسلام باسی دەکات.. تەماشا دەکەین قورئان ئاوا باس لە موهاجیر و ئەنصار دەکات وەصفیان دەکات (خوا لەوان ڕازیە و ئەوانیش لە خوا ڕازین)[3].. گەر فەرموودەیەك بێنین نەفرین بێ لە موهاجیر و ئەنصار، دەزانین لەگەڵ قورئان ناگونجێ، ئیتر پێویست نییە بکەوینە شوێن ڕێگایەك کە بۆ بەدواداچوونی (فەرموودە) دانراوە، کە یەکەمجار جۆر نەبوو، ئیتر شەرتی تر زیادەیە، مادام جۆر نییە ئیتر وازی لێ بێنە.

لێرەدا دێتە سەر باسی ئەوە، کە مەرج نیە هەموو جۆربوونێکی فەرموودە لەگەڵ قورئان دروست بێت و دەڵێت: ئەو ڕێگایانەی کە پێشەوایانی فەرموودە بۆ

---

[1] خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەی برایەتی ئیسلامیەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ﴾ (الحجرات: ١٠).

[2] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[3] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

بەدواداچـوونی فـەرمووده دیارییـان کـردووه، بـۆ کاتێکـە کـە یەکـەم فەرموودەکـە ئیعتیباری بووێت، واتـە جـۆر بێـت لەگـەڵ قورئانـد، ئـەو کـات بـە دواداچـوونی بـۆ دەکرێت، چونکە پێویست ناکات هەر شتێ جۆربێت لەگەڵ قورئاندا دروست بێت.

بۆ نموونە: فەرموودەیەك ڕیوایەت دەکرێت نوێـژی چێشـتنگا (ضـحی) واجبـە، ئەمـە لەگـەڵ مـوازنی قورئانـدا دەگونجێـت، کـە جۆربـوو مانـای وانییـە دروسـتە، دەگونجێ نادروست بێت کە زانیمان لەگەڵ (موازن) دەگونجێ ئـەو کـات دەکەوینـە بەدواداچوون بۆ خودی فەرموودەکە.. چۆن هەڵیسـەنگێنین بـزانین دروسـتە و ئـەم ڕیوایەتـە دەگاتـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر)، ئـەو فەرموویـەتی یـان نـا.. لەکاتێکدا مەرجی یەکەم، کە جۆربوونە لەگەڵ قورئاندا بەجێهات و نەتیجە (مثبـت) بوو، ئەو کات نۆرەی شەرتی تر دێت، ئەگەر لەگەڵ شەرتی یەکەم جۆر نەبوو ئـیتر کاری پێ ناکرێت و بەتاڵە.. ئەم نـەوعی بابـەتی نیسـبەت بـە سـوننە مەوزوعگیریـە پەسـەنددیدە، کـە موناسـب لەگـەڵ ئـەوە وا قورئـان ئەفـەرمووێت، کـە وەزیفـەی ڕۆشـنکردنەوەی داوە بـە پێغەمبـەر (درووی خـوای لەسـەر)، گونجاویشـە لەگـەڵ موسـەلەمات لەگـەڵ خـودی فـەرمووده، ئـیتر پێویسـت نییـە بڵـێین فـەرمووده وتوویەتی، کاتێ کە قورئان ئەو وەزیفـەی دیـاریکردووه بـۆ سـوننەت، ئـیتر قەزیـە ڕۆشنە[1].

مامۆسـتا ئەحمـەدی مـوفتی زاده قسـەکانی کۆدەکاتـەوە لـەم چـەند دێـڕەدا و دەڵێت: ئەگەر ئەو فەرموودە جۆربوو لەگەڵ قورئاندا دەست بکە بـە لێکۆڵینـەوه و بەدواداچوون، وەختێ لـە ڕووی پێـوەری بەدواداچـوونی فـەرمووده هـاوڕا بـوو کـە قابیلی ئیعتیبارە بەپێی بابەت دەگۆڕدرێت لە بـەعزێ بابـەتا هەنـدێك شـت یـەقینی پێویستە، وەك بابەتی عەقائیدی، ئەگەر لە یەقین زەڕەیەك زەعیفتر بوو، ئیتر هـیچ

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

ئەرزشی نییە، لە هەندێك بابەتدا گومانی بەهێزی تیادا بوو کافیـە، وەك مەسـەلەی کرداری، ئەگەر لەو حەددا بوو قبوڵی بکە، ئەگەر لەوە زەعیفتر بوو ڕەدی بکەوە[1].

بابەتی دروست و پاك نیسبەت بە سوننەت ئەمەیە کە ئاوا زۆر شتم وت، لە ناوی ئەم بابەتە زۆر شت هەیە، وەك بابەتی: (نوێژ – إخاء (برایەتی) – قیبلە)، ئـەزانین پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زیاد لەمە بە سورەتی قورئان پیٚ وەحـی کـراوە، بابەتی تری پێی تەعلیم دراوە، بەڵام نە بە عینوانی مەتنی قورئان کـە لـە قورئانـدا باسکراوە، بەڵکو ئەوانەی فەرمووە کە لە لایەن خـواوە دەسـتووری پـیٚ دراوە، لـە لایەن خواوە دەستووری پیٚ دراوە و ڕوونکردنەوەی بۆ ئێمە کـردووە، کـە ئەمـەش ئەبێت وابێت و وابێت.. گەر وابێـت لەڕاسـتیدا ئەوەیـە بەشـێك لـە وەحـی بگـرین و بەشـێك لـە وەحـی بـەتاڵ بـزانین، وەخـتیٚ بڵـێین ئـەوە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەر) فەرموویەتی نامانەوێت، بەشێك لەوانە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی ئیجتیهادی خۆی نەبووە، بەڵکو بەعزێکی ئیجتیهاد و رەئی بووە، بەڵام قیسمەتگەلێکی هەر وەحی بووە، نەك وەحی لە ڕێگەی قورئانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ترەوە بیٚ حساب وەحی بۆ هاتووە[2].

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە تەواوی دید و بۆچوونی خـۆی لـەم چـەند دێـڕە چـڕ دەکاتـەوە و دەڵێـت: ئەمــە بابــەتی دروســت ئیســلامییە، ئــەهلی ســوننەت عەقیدەیان نیسبەت بە سوننەت ئاوایە، بەم کەیفیەتە سوننەتیان قبوڵە، لەڕاستیدا بابەتی نێوەندگیر و پاکە، نە لەبەر ئەوە خۆم پەیڕەوی سـوننەت دەکـەم، نـەخێر، ئەگەر کەسێکیش لە دوورەوە قەزاوەت بکـات و بڵـێن پێغەمبـەرێك تەشـریعێکی لـە لایەن خواوە هێناوە شتگەلێك لـە زمـانی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) نـەقڵ کردووە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تەشریعە، تەکلیفی پـەیڕەوان چییە؟ هـەر دەبێتـە

---

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[2] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

ئەم حەددە (متوسط)ە، نە ئەوە هەرچی ڕیوایەت کرا قبوڵ بکەن، نە ئەوە هەرچی ڕیوایەت کرا ڕەدی بکەنەوە، ئەمەش حەدی (متوسط)ە، لە هەموو شتێکا حەدی (متوسط) مەعقولە، ئیحتیمالی ئینحیراف لە (إفراط) و (تفريط) هەیە، بەڵام لە (متوسط) نییە[1].

هەربۆیە کارکردن بە فەرموودە و شارەزایی مامۆستا موفتی زادە لە بواری فەرموودەناسیدا، لە قسەکانی (د. عومەر عبدالعزیز)دا دەردەکەوێت و دەڵێت: تایبەتمەندیەکی زانستی کاك ئەحمەد – کە خۆم هەستم پێ دەکرد – ئەوەبوو کە تێگەشتنێکی مەقاصیدی هەبوو لە ئیسلام، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە واتای دەقەکانی قورئان و فەرموودەی دەکرد، هەر ئەوەش وای کردبوو کە تەفسیری جیاواز بۆ هەندێك لە ئایەتی قورئان بکات، یان بە ڕا و ئیجتیهادی خۆی ژمارەیەك ڕیوایەت ڕەد بکاتەوە، کە بە فەلسەفەی تەشریع و حیکمەتی شارعی حەکیم و کرۆکی ئایین ناخۆن، بۆ نموونە: پێی وابوو ئەو ڕیوایەتانەی وشەی (لعنة)یان تێدایە بەرامبەر موسڵمانیك کە گوناهی بچووك دەکات، نابێت دروست (صحيح) بن، هەر چەند لە ڕووی سەنەدیشەوە زانایانی فەرموودە لە ڕیزی (صحاح) دایاننابن، چونکە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ناوەشێتەوە کە لەعنەت بکات لە موسڵمان – کە مانای بێبەشکردنیەتی لە ڕەحمەتی خوا – لەسەر شتێك کە ناچێتە ڕیزی (کبائر) و گوناهە گەورەکان، لەوەشدا نموونەی بە ڕیوایەتی: "لَعَنَ اللَّـهُ الوَاصِلَةَ وَالمُسْتَوْصِلَةَ، وَالوَاشِمَةَ وَالمُسْتَوْشِمَةَ"[2]... هتد دەهێنایەوە و دەیفەرموو: چۆن دەگونجێت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆی بفەرموێت: "لَيسَ المُؤمِنُ

[1] بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە (١٩٢)، تراك (١).

[2] أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب اللباس، باب المستوشمة، رقم (٥٩٤٧، ٥٩٤٨)، ومسلم في صحيحه، كتاب اللباس والزينة، باب تحريم فعل الواصلة والمستوصلة، رقم (٥٥٣٦).

بالطَّعَان وَلا اللعَان، وَلا الفَاحِشِ، ولا البَذِيء)[1]، بەڵام لەو لاوە هەر خۆی لەسەر هەڵکێشانی موویەکی دەموچاو، یان کوتانی خاڵێك داوا بکات لە خوا کە موسڵمانێك لە ڕەحمی خۆی مەحروم کات[2]؟!.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بەدەر لەوەی بۆچوونێکی هاوسەنگی هەبووە لەبارەی فەرموودەوە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەیدا خاوەن میتۆد و مەنهەجێکی تایبەت بووە بە خۆیەوە، بە ڕەچاوکردنی پێوەری جۆربوونی ئەو فەرموودە لەگەڵ قورئاندا، بەڵام کەسی[3] وا هەبووە بە هەڵە تەفسیری بۆ قسەکانی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە کردووە و پێچەوانەی بۆچوونی ئەو لێکدانەوەی بۆ قسەکانی کردووە و وەك لە قسەیەکی (محمد عبدالله عبدالسل) هاتووە و دەڵێت: ئەحمەدی موفتی زادە بڕوای وا بووە ئەو فەرموودانەی کە هەیە سەحیح نییە، لەبەر ئەوە پێویست دەکات بەدواداچوونی نوێیان بۆ بکرێت. دەشڵێت: موفتی زادە لە پەیامەکەیدا بانگی خەڵکی دەکات و دەڵێت: کار بە فەرموودە مەکەن و فەتوای لەسەر مەکەن هەتا بەراوردی نەکەن لەگەڵ قورئاندا، ئەگەر جۆربوو قبوڵی بکەن، ئەگەر جۆرنەبوو قبوڵی مەکەن، ئەوە کارێکی ترسناکە و ئیشی ئێوە نییە، هەر لەبەر ئەوە بووە هانی شوێنکەوتووانی داوە کە خوێندنەوە بۆ فەرموودە نەکەن. (عبدالسل) دەڵێت: ئەو بڕوای وابووە نابێ فەرموودە بکرێتە بەڵگە و بڕوای بە هیچ فەرموودەیەك نەبووە، تەنانەت فەرموودە سەحیحەکانیش، جگە لەو ڕێژە کەمەی کە موفتی زادە خۆی بە سەحیحی زانیوە[4].

---

[1] أخرجه البخاري في الأدب المفرد، باب من دعا اللَّه أنْ يحسن خلقه، رقم (٣١٢)، والترمذي في سننه، باب ما جاء في اللَّعنة، رقم (١٩٧٧).

[2] کاك ئەحمەد دەریایەك لە خوشەویستی، عومەر عبدالعزیز (٦١– ٦٢).

[3] لە سایتی www.eltwhed.om، لەسەر زمانی (محمد عبد الله عبدالسل) بڵاوکراوەتەوە.

[4] عنوان: هل تعرفون أن أحمد موفتي زادة الذي عرف بأنة مجاهد كبير وزعيم لأهل السنة في إيران، محمد عبد الله عبد السل (١/ ٢/ ٢٠٠٨) www.eltwhed.om

لێرەدا هەست دەکرێت کە زیادەڕەوەیەکی زۆر بەرامبەر بە کەسایەتی موفتی زادە کراوە لەسەر خوێندنەوەی ئەو بۆ فەرموودە، کە ئەوەش بی ئینصافیە بەرامبەر بە ئەو، بەتایبەتی ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵ کە گوایە ئەو کاری بە فەرموودە نەکردووە، ئەگەر سەرنج لە قسەکانی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بدەین، کە لە پێشەوە باسمان کردووە، زۆر پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو قسانەی کە (عبدالسل) دەیکات و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو قسەدا هاوڕا نییە، بڵێت: قورئان کافیە و پێویستمان بە فەرموودە نییە، ئەمە لە دور و نزیك لەگەڵ بۆچوونی مامۆستا موفتی زادە یەك ناگرێتەوە. بەدەر لەو باسەی کە توێژەر هێناویەتی لەسەر بۆچوونی مامۆستا موفتی زادە لەسەر فەرموودە، لێرەدا قسەیەکی مامۆستا (ناصری سوبحانی) هەیە کە لەسەر زاری کاك مەنصوری برای مامۆستا ناصرەوە وەرگیراوە، دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "ساڵێ پاش شۆڕش لەگەڵ برای شەهیدم کاکە ناصر چوینە خزمەتی کاك ئەحمەد، هەندێك قسە و باسی زانستی چوو بە نێوانیاندا، کاکە ناصر عەرزی کاك ئەحمەدی کرد: پێم باشە کەمێك زیاتر موتالەعەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکەیت. ئەویش فەرمووی بە چاوان بە چاوان"[1].

هەروەها پاڵپشت بۆ ئەو ڕایەی کە مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە کاری بە فەرموودە کردووە، دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لە ساڵی (١٩٥٩– ١٩٦٣ز) ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (کوردستان) بووە، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا دەیان مەقالەی هەبووە، کە بە سەدان لاپەڕە دەخەملێنرێت، بابەتەکانی ئەم مەقالانە بریتی بوون لە بابەتی ئاینی کە لە باسی (نوێژ، حەج، ئەخلاق و بەها باڵاکان و سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیسلامی) لەگەڵ دەیان مەقالەی ئەدەبی... هتد. لە

[1] ژیاننامەی زانای گەورەی کوردستان مامۆستا ناصری سبحانی، عبد الله عبد العزیز عبدی (٨٩).

زنجیرەی وتاری ئابووری لە ئیسلامدا لە ژمارە (١٠٤- ١٥٤) کە (١٦) وتاری ئەوی لەخۆگرتووە، لەو وتارانەدا لە (دە) شوێندا فەرموودەی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) بە بەڵگە هێناوەتەوە"[1].

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مامۆستا موفتی زادە زۆر بە باشی کاری بۆ تێگەشتن و کارکردن بە فەرموودە کردووە، ئەم دوو نمونەی کە باسمان کردن، پالپشتن بۆ قسەکانی خۆی و سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، لە هەمان کاتدا پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانەن کە ڕووبەڕووی کراوەتەوە.

١- لە قسەکەی مامۆستا (ناصر) دەردەکەوێت کە مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بڕوای تەواوی بە تێگەشتن و کارکردن بە سوننەت هەبووە.

٢- تێگەشتن و لێکدانەوەی مامۆستا ئەحمەد، تێگەیشتنێکی مەقاصیدی بووە، هەروەك دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز باسی دەکات، بۆیە زۆر ئاسایی بووە ڕەدی فەرموودەی سەحیحی کردووەتەوە بە فەرموودەی پلەی کەمتر لە ئەو، بە پێی ئەو میتۆد و مەنهەجەی کە خۆی بڕوای پێی بووە، بە ڕەچاوکردنی پێوەری جۆر بوونی ئەو فەرموودە لەگەڵ قورئاندا.

٣- پێوەری مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بۆ وەرگرتنی (فەرموودە) ئەوەیە جۆر بێ لەگەڵ قورئاندا، ئەگەر جۆر نەبووبێت لەگەڵ قورئاندا، کاری پێ نەکردووە، تەنانەت کارکردن بەم مەرجە لە لایەن زانایانی پێشووش هەبووە، وەك لە توێژینەوەکەدا باسکراوە.

٤- پێوەری جۆربوونی فەرموودە لەگەڵ قورئاندا لای ئەو سەرەکی بووە، پاشان کاری لە سەر پێوەری زانایانی فەرموودە کردووە.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزیان: پێنجشەممە: ١/ ٣/ ٢٠١٨ کاتژمێر: ١٠ سەرلەبەیانی.

٥- بڕوا نەبوونی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بە هەردوو ڕێبازی (إفراط - تفريط) و هەڵبژاردنی لایەنی دروست و هاوسەنگ، کە بە لایەنی (متوسط) ناودەبرێت بۆ تێگەشتن لە سوننە.

٦- بە هەڵە تەفسیرکردنی بۆچوونی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بەرامبەر فەرموودە، بەوەی بڕوای بە کارکردن بە فەرموودە نەبووبێت، کە ئەمەش ناڕاستی زۆری تیادا دەبینرێت، وەك لە توێژینەوەکەدا باس کراوە .

٧- ئەو بڕوای وابووە هەندێك شت پێویستی بە یەقینە، وەك بابەتی عەقائیدی، ئەگەر لە یەقین زەعیفتر بوو ئیتر هیچ بەهای نییە، لە هەندێك بابەتدا گومانی بەهێزی تیادا بوو کافیە، وەك مەسەلەی کرداری.

## کۆتایی

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە یەکێکە لە زانا ناودارەکانی کوردستان و ئێران، خاوەنی بۆچوون و میتۆی خۆی بووە لە تێگەشتنی بۆ فەرموودە. بەدەر لەو مەرجانەی زانایان دایانناوە بۆ کارکردن بە فەرموودە، مەرجی سەرەکی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە بۆ قبوڵکرنی فەرموودە، ئەوەیە دەبێت جۆر بێت لەگەڵ قورئاندا ئەو کات کاری پێ کردووە، واتە ئەگەر مەرجی جۆر بوونی تیادا نەبووبێت کاری پێ نەکردووە، ئەگەرچی فەرموودەکە سەحیحیش بووبێت، لێرەدا دوو لایەن بۆ ئێمە دەردەکەوێت، لایەنێکیان ئەوەیە: ئێمە کاتێك گومانێکی زۆرمان لە بارەی فەرموودەیەك بۆ دروست دەبێت و زۆر بە ئاشکرایی دژایەتی قورئانی تیادا دەبینین، دەتوانین هەڵوێستەی لەسەر بکەین، بەدواداچوونێکی وردتری بۆ بکەین، یان ڕاستەوخۆ تەسلیمی ئیجتیهادی ئەو زانایانە ببین کە بەدواداچوونیان بۆ فەرموودە کردووە.

ئەو قسەی لەسەر مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە کراوە، بەوەی کاری بە فەرموودە نەکردووە، زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، هەروەك لە شوێنی خۆی باسمان کرد، چونکە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو قسانەی کە مامۆستا موفتی زادە کردوویەتی لەسەر فەرموودە.

پاش ئەو تێڕوانینەی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە کردوویەتی بۆ فەرموودە، لە چوارچێوەی ئەو مەرجەی کە داینـاوە بۆ وەرگرتنی و بەو تێگەشتنە نیوەندگیرییەی کە هەیبووە، تا ڕادەیەك فیکری مەقاصیدی وەك میتود (منهج)ێکی تایبەت بەخۆی بوونی هەبووە، لە کۆتاییدا وەك کەسێکی نێوەندگیر لەو نێوەندەدا دەرکەوێت، نەك وەك کەسێك دورەپەرێز بووبێت لە کارکردن بە فەرموودە. دژ وەستانەوەی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ هەردوو شێوازی (إفراط – تفریط)، کە بە دوو ڕێبازی نادروستی بینیوە، سەبارەت بە تێگەشتن لە سوننە.

# سەرچاوەکان

بعد القرآن الكريم.

١- ئەزموونی مەعنەوی کاك ئەحمەدی موفتی زادە، مودریك عەلی عارف، چاپەمەنی زانا، چ١، ٢٠١٦ز.

٢- الأسماء والصفات، أحمد بن الحسين بن علي بن موسي البيهقي، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: عبد الله بن محمد الحاشدي، قدم له: فضيلة الشيخ مقبل بن هادي الوادعي، مكتبة السوادي - جدة، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م.

٣- بەرهەمی تۆمارکراو، مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، ژمارە ١٩٢، تراك: ١، بەناوی (نیاز به سنت لفظي و عملي با توجه به كفايت قرآن - تصوف، عرفان).

٤- تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، حققه: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة.

٥- پوختەیەك لە ژياننامەی پێشەوايان، هەردی صابر، نوسینگەی تەفسیر، چ١، ٢٠١٣ز.

٦- الجامع الكبير، محمد بن عيسي بن سورة الترمذي، المحقق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي - بيروت، ١٩٩٨م.

٧- دیاریی بۆ یاران، ئەحمەدی موفتی زادە، چ١، ١٣٨٦ك.

٨- ژياننامەی زانای گەورەی کوردستان مامۆستا ناصری سبحانی، عبد الله عبد العزیز عبدی، چ١، ٢٠٠٨ز.

٩- سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة، محمد ناصرالدين الألباني، مكتبة المعارف للنشر والتوضيع - الرياض.

١٠- صحيح البخاري، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وسننه وأيامه، أبو عبدالله محمد بن إسماعيل البخاري، المحقق: محمد زهير بن

ناصر الناصر، دار طوق النجاة (مصورة عن السلطانية بإضافة ترقيم، ترقيم محمد فؤاد عبد الباقي)، ط١، ١٤٢٢هـ.

١١– صحيح مسلم، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ، أبو الحسن مسلم بن الحجاج النيسابوري القشيري، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء والتراث العربي – بيروت.

١٢– صحيح الأدب المفرد، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة البخاري، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، دار الصديق للنشر والتوزيع، ط٤، ١٩٩٧م.

١٣– كاك ئەحمەدى موفتى زادە، صلاح الدين محمد بهاو الدين، چاپخانەی گەنج (سلێمانی)، چ١، ٢٠١٧ز.

١٤– كاك ئەحمەد دەریایەك لە خۆشەویستی، عومەر عبد العزیز، ناوەندی سارا (سلێمانی)، چ١، ٢٠١٧ز.

١٥– كاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەروەت عبدالله، چاپەمەنی سیما، چ١، ٢٠١٠ز.

١٦– مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، أبو الحسن نور الدين علي بن أبي بكر بن سليمان الهيثمي، المحقق: حسام الدين القدسي، مكتبة القدسي – القاهرة، ١٩٩٤م.

١٧– مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال الشيباني، المحقق: شعيب الأرنؤوط – عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، ط١، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠١م.

١٨– المعجم الكبير، سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي الطبراني، المحقق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، مكتبة ابن تيمية – القاهرة، ط٢.

١٩– معرفة أنواع علوم الحديث، ويُعرف بمقدمة ابن الصلاح، عثمان بن عبد الرحمن، المحقق: نور الدين عتر، دار الفكر– سوريا، دار الفكر المعاصر– بيروت، ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م.

٢٠– المنار المنيف في الصحيح والضعيف، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد ابن قيم الجوزية، المحقق: عبد الفتاح أبو غدة، مكتبة المطبوعات الإسلامية – حلب، ط١، ١٩٧٠م.

## پێگەی ئەلەکترۆنی:

٢١- ٢٠١٤ http://www.islamist-movements.com/2

٢٢- www.ikhwanwiki.com/index.php?title

٢٣- www.islamist-movements.com/2461

٢٤- عنوان هل تعرفون أن أحمد موفتي زادة الذي عرف بأنة مجاهد كبير وزعيم لأهل السنة في إيران، محمد عبد الله عبدالسل، ١/ ٢/ ٢٠٠٨ www.eltwhed.om

## چاوپێکەوتن:

٢٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز، پێنجشەممە: ١/ ٣/ ٢٠١٨ کاتژمێر: ١٠ی سەرلەبەیانی.

# بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان لەلای زانایانی کۆن و هاوچەرخ

**لوقمان صەمەد خضر**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان**

بابەتی بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان یەکێکە لەو بابەتە زۆر هەستیار و گرنگانەی کە پێویستە زۆر بە وریایی و بە شێوازێکی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و تیشکی بخرێتە سەر، چونکە ئەم بابەتە لە ئێستادا و لە لایەن توێژەران و بەشێکی نووسەر و کەسانی شارەزا و ناشارەزا بە ئایین و زانستە ئیسلامیەکان قسەی لەسەر دەکرێت و هەر کەسە و بۆ ئامانج و مەبەستی خۆی بەکاری دەهێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەوانەی لەم بابەتەدا قسە دەکەن، دابەشبوون بە سەر چەند فیرقە و کۆمەڵەیەکی جیاوازەوە، کۆمەڵێکیان ئەم بابەتە زۆر بە گرنگ و گەورە دەزانن و تاوەکو زۆربەی کات دەگاتە ئاستی زیادەڕەوی و سنوور تێپەڕاندن، زۆرێك لەم کەسانە ئەم بابەتە وەك هۆکارێك و وەسیلەیەك بەکاردەهێنن بۆ تانەدان لە سوننەت و ڕەتکرنەوەی بەشێکی زۆری سوننەت بە بیانووی دژبوون و

(تناقض) بوونی لەگەڵ قورئاندا — بە بۆچوونی ئەوان —، ئەمانەش زیاتر ئەو کۆمەڵەیەن کە پێیاندەوترێت قورئانیەکان و قادیانیەکان و هتد..، ئینجا لێرەوە کۆمەڵەی دووەم کە بەشی هەرەزۆری زانایانی پێشوون بەتایبەتی زانایانی فەرموودە، ئەم بابەتەیان بەرتەسك کردووەتەوە و گرنگی کەمتریان پێداوە و پێیانوابووە ئەم بابەتە مەبەست لێی تانەدان و ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر)، بۆیە ئەوان دژایەتی ئەم بابەتەیان کردووە و بە خراپیان زانیووە، بۆیە هەوڵیانداوە ئەم بابەتە دابخەن و قسەی تیانەکەن بۆ ئەوەی ناحەزانی سوننەت بە خراپ بەکاری نەهێنن.

لێرەوە بۆچوونی سێیەم سەریهەڵداوە کە پێیان وابووە ئەم بابەتە دەبێت وەك خۆیی ببینرێت و بەرجستە بکرێت لە بواری چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕیوایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان قورئان و فەرموودە.

## دەروازەیەك بۆ زانینی مانا و مەبەست بە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان:

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتەی کەوا دەمانەوێت باسی لێوە بکەین، سەرەتا پێویستە دەستبکەین بە ڕوونکردنەوەی ئەو مانا و مەبەستانەی ئەو بابەتەی بۆ بەکارهاتووە.

(عرض) واتە: نمایشکردن و پیشاندان، کە خودی وشەکە عەرەبیە و ئێمەش وشەی (بەراوردمان) بۆ بەکارهێناوە لە زمانی کوردیدا، چونکە زیاتر مانادارترە و ئەو مەبەستەی ئێمە دەمانەوێت دەیپێکێت، بۆیە ئێمەش هەر زیاتر وشەی بەراوردەکەمان بەکارهێناوە لەبری نمایشکردن، یان پیشاندان، یاخود هەر وشەیەکی تری کوردی نزیك لەم وشانە، کە ماناکەیان نزیکە لە مانای وشەی (العرض)ی عەرەبی.

بابـەتی بـەراوردکردنی فـەرموودە بـە قورئـان، بابـەتێکی ئـاڵۆزە و فـرە مانـا و مەبەستە، هەر فیرقەیەکیش بۆ مانا و مەبەستی خۆیان بـەکاریان هێنـاوە، بۆیـەش دەبینین زانایان لە کۆن و نوێشدا ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە و یەکدەنگ نین لەسـەر مانـا و مەبەسـتێکی دیـاریکراو بـۆ ئـەم بابەتـە، چـونکە هـەر گرووپە و هەوڵیداوە بە گوێرەی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی بەکاری بهێنێت.

هەندێك لە زانایـان بـەراوردکردنی فـەرموودە بـە قورئـان و بابـەتی موخالەفـەی ڕیوایات بۆ قورئان بەها و واتا دەزانن و پێیان وایە یەك شتن، بۆیە وتوویانە: بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئـان هـیچ کێشـەیەکی نیـە و باسـێکی پێویسـتە بـۆ زانینی ڕاست و دروستی ڕیوایەت و فەرموودەکان و پێویستە بـەکاربهێنرێت، بـەلای ئەوانەوە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، واتە: گێڕانـەوەی ڕیوایـەت، حەدیسـە ئاحادەکـان بەتایبـەتی ئەوانـەی کێشـەیان تیایـە بـۆ سـەر قورئـان پـێش ئـەوەی حوکمیان لەسەر بدرێت بە سەحیحی یان لاوازیـی. ئەمـەش بۆچـوونی فوقەهاکانـە، وەك حەنەفیەکان و ئیمامی مالیك و ئیمامی شاتیبی و هتد.

ئەم کۆمەڵەیە دەڵێن زانایانی فەرموودە خۆیان وتوویانە یەکێك لـە نیشـانەکانی ناسـینەوەی ڕیوایـەت و فـەرموودەی هەڵبەسـتراو بریتیـە لـە دژایـەتیکردن و پێچەوانەبوونی لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، وەك پێشەوا ئیبن قـەیمی جـەوزی دەڵێـت: "ومِنْهَـا: مُخَالفَـةُ الْحَـدِيث صَـرِيحَ الْقُـرْآنِ"[1]. بۆیـە ئاسـایە هـەر کاتێـك ڕیوایـەتێك پێچەوانە بوو بە قورئان ڕەت بکرێتـەوە و بـە فـەرموودە هـەژمار نـەکرێت، چـونکە ناگونجێت قورئان و فەرموودەی دروست پێچەوانە و دژ بەیەك بن.

کۆمـەڵێکی تـر لـە زانایـان بەلایانـەوە وایـە کـەوا مەبەسـت بـە بـەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، بریتیە لە گێڕانەوەی کـۆی ڕیوایـەت و فـەرموودەکان بـۆ لای قورئان و دۆزینەوەی مانا و واتای فەرموودەکان لە قورئاندا و ئەگەر هاتوو بنـەما و

[1] المنار المنيف، ابن القيم (٨٠).

بنچینەکەی لە قورئاندا هەبوو و موافیقی قورئان بوو، ئەوە فەرموودەیە و قەبوڵ دەکرێت و کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوە فەرموودە نیە و وەرناگیرێت و کاری پێناکرێت، ئەمەش بۆچوونی ئەو کەسانەیە کەوا بانگەشەی تەنها ئیکتیفا کردن بە قورئان دەکەن و پێیانوایە فەرموودە ناتوانێت هیچ حوکمێکی نوێ بکات کە لە قورئاندا نەهاتبێت، ئەوان دەڵێن دەبێت بۆ هەموو شتێك تەنها بۆ قورئان بگەڕێینەوە[1]، ئەم جۆرە بۆچوونە کۆنە و ئیمامی شافیعی لە پەڕتووکی "الرسالة"دا باسی ئەمانەی کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە فەرموودەناسەکان دژایەتی بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان بکەن، چونکە ئەم جۆرە کەسانە و گرووپانەی ئیمامی شافیعی باسیکردوون و موناقەشەی لەگەڵ کردوون، بە خراپ ئەم بابەتانەیان بەکارهێناوە و هەوڵیانداوە لەم ڕێگەیەوە تانە لە سوننەت بدەن، تەنانەت کەمێك لە فوقەهاکانی حەنەفیش زیادەڕەویان کردووە لەم بابەتەدا و لە سنووری خۆیدا تێیانپەڕاندووە[2].

ئەو زانایانەی پشتگیری بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان دەکەن، بوون بە دوو بەشەوە، هەندێکیان پێیانوایە تەنها ئەو فەرموودانەی کێشەیان تێدایە دەبێت بەراورد بکرێن بە قورئان، هەندێکیشیان پێیانوایە نەخێر دەبێت هەموو فەرموودەیەك پێش کارپێکردنی و حوکمدان لەسەری، بەراورد بکرێت بە قورئانی پیرۆز و هیچ فەرموودەیەك بەبێ گەڕانەوە بۆ قورئان وەرناگیرێت و کاری پێناکرێت.

ئەم هەموو تێگەیشتنە جیاوازە و فرە بۆچوونیە لە بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، وایکردوە زانایان دیدگای جیاوازیان هەبێت بۆ ئەم باسە و هەریەکە و بە جۆر و شێوازێك ڕاڤە و شەرحی بکات و قسەی لە بارەوە بکات و لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکەدا حوکمیشی لەسەر بدات و قسەی لەسەر

---

[1] القرآنيون وشبهاتهم حول السنة، خادم حسين (٩٢- ٩٣).

[2] أبو حنيفة، محمد أبو زهرة (٣٢١- ٣٢٢).

بكات، به وەرگرتن یاخود به ڕەتکردنەوە، بۆیه لێرەوە پێویسته جیاوازیی بکەین له نێوان بەکارهێنەرانی ئەم بابەته و ئەوە بزانین که هەموو زانایان و توێژەران بەیەك مەبەست بابەتی بەراوردکردنی فەرمووده به قورئانیان بەکارنەهێناوه و ئەم بابەتەیش یەك واتای دیاریکراو و ستانداردی نەبووە، بۆیه ناتوانین بەبێ گەڕانەوه بۆ لای بێژەر و بەکارهێنەرەکەی له واتا و مەبەستی بەکارهێنانەکەی تێبگەین، چونکه لای هەندێك له زانایان ئەم باسه یەکسانه به باسی موخالەفەی سوننەت بۆ قورئان و لای هەندێکیش واتای گێڕانەوەی فەرمووده کێشه لەسەرەکانه بۆ لای قورئان و لای هەندێکیشیان بریتیه له پێویستیەتی بەراوردکردنی هەموو فەرموودەکان به قورئانی پیرۆز.

ئەگەر بگەڕێینەوه بۆ لای زانایانی کۆن و سەرنجی قسەکانیان بدەین لەسەر ئەم بابەته، بۆمان دەردەکەوێت که ئەوان کاتێك باسی ئەم بابەتەیان کردووه زیاتر مەبەستیان پێی بەراوردکردنی هەموو فەرموودەکان بووه، بەتایبەتی فەرمووده ئاحادەکان بۆ سەر قورئان و له وەڵامدانەوەیان و موناقەشەکردنیان بۆ ئەو کەسانەی ئەم بۆچوونەیان هەبووه به ڕوونی ئەمه دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوه، بۆیه له ئێستادا زیاتر مانای بەراوردکردنی فەرمووده به قورئان، بۆ نمایشکردن و خستنەڕووی کۆی ڕیوایەت و فەرموودەکان به قورئان بەکاردەهێنرێت.

لێرەوه دەتوانین بڵێین بەراوردکردنی فەرمووده به قورئان، واته گێڕانەوەی فەرموودەکان بۆ لای قورئان و حوکم نەدان به ڕاستی و دروستی هیچ فەرموودەیەك، هەر چەنده له ڕووی سەنەدەوه هیچ کێشەیەکیشی نەبێت پێش گێڕانەوەی بۆ لای قورئان و دۆزینەوەی بنچینه و ئەصڵی ئەم فەرموودەیه له ئوصوڵیات و ناواخنی قورئانی پیرۆز، ئەگەر هاتوو ئەم فەرموودەیه کۆك بوو له گەڵ قورئان ئەوه به سەحیح و ڕاست هەژمار دەکرێت، ئەگەر مانا و ئەصڵیشی له قورئاندا نەبوو، ئەوه به فەرمووده هەژمار ناکرێت و نابێت کاری پێبکرێت و

بـەكاربهێنرێت، چـونكە نابێـت فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوا یـەك نـەبێت لەگـەڵ قورئاندا و بنچینەكەی لە قورئاندا نـەهاتبێت و باسـنەكرابێت، خـوای گـەورە خـۆی فەرموویەتی: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ﴾ (النحل: ٨٩).

بەراوردكردنی فەرمووده بە قورئان، واتە كردنی قورئان بە سەنتەر و گێڕانەوەی هەموو ڕیوایـات و فـەرموودەكان بـۆ لای قورئـان بـۆ زانـینی ڕاسـتی و دروسـتیان و بڕیاردان لەسـەریان، چـونكە قورئـان لـە ڕووی جێگیربـوون و سـابت بوونـەوە هـیچ كێشە و گۆمانێكی تێدا نیـە و هـەمووی قەتعییـە و بـە موتـەواتیری هـاتووە، بـەڵام فـەرموودەی ئاحـاد هـەمووی بـە ڕێگـەی (ظـني) ڕیوایـەت كـراوە و پێویسـتی بـە بەدواداچوون و تێڕامان هەیە و دەبێـت بـەراورد بكرێـت بـە قورئـان، ئەگـەر لەگـەڵ ئوصـول و بنچـینە قورئانیەكانـدا یـەكی نەگرتـەوە، ئـەوە نابێـت وەربگیرێـت و بـە فەرموودەی سەحیح هەژمار بكرێت، چونكە پەیامبەر خۆی فەرموویەتی: "عەرضی ڕیوایات و فەرموودەكان بكەن بۆ سەر قورئان، ئەگەر لەگەڵ قورئاندا ڕێك و موافیق بوو ئەوە لە منەوەیە و ئەگەر لەگەڵ قورئاندا موافیق نەبوو و دژ بوو لەگەڵی، ئـەوە فەرمایشت و قسەی من نیە"[1]، ئەم ڕیوایـەت و گێڕانەوەیـەی ئـەبو یوسـف پشـتی پێبەستووە لاوازە و سەحیح نیە، لـە بابەتـەكانی داهـاتوو بـە تـەواوی باسـی لێـوە دەكەین، پشتیوان بە خوا.

هەنـدێك لـە خـەواریج و موعتەزیلـەكان و بەشـێكی زۆری شـیعەش ئـەم بابـەتی بەراوردكردنی فەرمووده بە قورئانیـان بـەكارهێناوە بـۆ ڕەتكردنـەوە و تانـەدان لـە هەرچی زیادەیەك لە ئەحكام و فیقهی ئیسلامیدایە بـە نـاوی ئـەوەی كـە ئەمـە دژە لەگەڵ قورئان و لە قورئاندا نەهاتووە و باسی لێنەكراوە و زیادەیە لەسەر قورئان و قەبوڵناكرێت و دەبێت فـەرموودە مـوافیقی قورئـان بێـت و شـتی زیـاد لـە قورئـانی تیانەبێت، ئەمەیان كردووە بە بەهانەیەك بـۆ ڕەتكردنـەوەی زۆرێـك لـەو ئـەحكام و

---

[1] الرّد على سير الأوزاعي، أبو يوسف (٢٤– ٢٥).

یاسـایانەی کـە لـە قورئانـدا نـەهاتوون و سـوننەت باسـی لێـوەکردوون، ئـەوان بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان بەم واتایە بەکاردێنن کە سوننەت ئەبێت هاومانا و مەبەست بێت لەگەڵ قورئاندا و هیچ شـتێك لەسـەر قورئانـدا زیـاد نـەکات و بـاس نەکات، ئەگەرنا ئەو کاتەی بەراوردی ئەم فەرموودەیە دەکەین بـە قورئـانی پـیرۆز، پێچەوانەی قورئانی پیرۆز دەبێت و وەرناگیرێت[1].

بە هەمان شێوەی خەواریج و موعتەزیلە و شیعە، ئەو کەسانەی لەم سەردەمەدا بانگەشـەی قورئـانی بـوون دەکـەن و کـە نـاودەبرێن بـە "قورئانیـەکان"، هـەمان بۆچوونیان هەیە و ئەم بابەتی بەراوردکردنی فـەرموودە بـە قورئانـە بـەکاردێنن بـۆ ڕەتکردنەوە و تانەدان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، چونکە بـە گوتـەی ئـەوان، بەشـی زۆری فـەرموودەکان پێچـەوانە و دژن لەگـەڵ قورئـانی پیرۆزدا و یەکناگرنەوە لەگەڵیدا و ناکۆکن لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا[2].

بە کورتی، بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، بە سێ مانا و مەبەسـتی جیـاواز بەکارهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بە لای زانایانی فەرموودەناسەوە بەراوردکردنی فـەرموودە بـە قورئـان، بریتیە لە بـەراوردکردنی هـەموو ڕیوایـەت و فەرموودەیـەك بـە قورئـانی پـیرۆز، بـۆ زانینی ڕاستی و دروستییان، ئەمەش بە بۆچوونی فەرموودەناسەکان کارێکی هەڵە و مەترسـیدارە و لەلایـەن نـەیارانی سـوننەتەوە وروژێنـراوە، بـۆ ئـەوەی ئینکـاری سـوننەتی پێبکرێـت. فەرموودەناسـەکان دەڵـێن: هـیچ کـات فـەرموودەی سـەحیح موخالیفی قورئـان نابێـت، ئەگـەر فەرموودەیـەك هـەبوو دژ بـە قورئـان بـوو، ئـەوە نیشانەی ناڕاستی فەرموودەکەیە، بـەڵام پێویسـتیش ناکـات هـەموو فەرموودەیـەك بەراورد بکرێت بە قورئـان، چـونکە جـاری واهەیـە فەرموودەیـەك حوکمێـك جـێگیر

---

[1] الحديث النبوي بين الرواية والدراية، جعفر السبحاني (٥٠– ٥١).

[2] السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، السباعي (١٧٦).

دەكات كە لە قورئانی پیرۆزدا بوونی نیە، یان حوكمێكی گشتی قورئان تایبەت دەكات، یان ڕوونكردنەوەی زیاتر دەدات لەسەر بابەتێكی قورئان، بۆیە ناكرێت بەناوی بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان، تانە بدرێت لە فەرموودەكان و ئەو حوكمانەی بە فەرموودە جێگیر بوون.

**دووەم:** فوقەهاكانی مەزهەبی حەنەفی و هەروەها ئیمامی مالیك و ئیمامی شاتیبی پێیانوایە بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان، بابەتێكی دروستە و ماناكەشی ڕوونە، بەو واتایەی پێویستە پێش ئەوەی بڕیاری دروستی و ڕاستی هەر ڕیوایەتێك بدرێت، بگەڕێینەوە بۆ قورئان و بزانین ئەم بابەتە چۆنە لە قورئانی پیرۆزدا، چونكە قورئان جێگیرە و فەرموودە ئاحادەكان (ظني)ن و لە كاتی بوونی كێشە و دژایەتی لە نێوانیاندا ئەوە قورئان و دەلالەتەكانی پێش دەخرێن و كاریان پێدەكرێت، سەرەتا ئەمە ئەصڵی بابەتەكە بوو، بەڵام دوایی لەلایەن فوقەهاكانەوە – بەتایبەتی حەنەفیەكان –، ئەم بابەتە زیاتر پەرەی سەندو بابەتی زیادكردن لەسەر دەق (الزيادة على النّص) هاتە ناو ئەم بابەتەوە، پرسیارەكەش ئەوە بوو ئایا فەرموودە ئاحادەكان دەتوانن حوكمە گشتیەكانی قورئان تایبەت بكەن؟ یاخود فەرموودە ئاحادەكان دەتوانن حوكمە ڕەهاكانی قورئان كۆت و بەند بكەن؟ یان فەرموودەكان دەتوانن نەسخی قورئان بكەنەوە؟ ئەم بابەتانەش هەمووی هاتنە ناو بابەتی بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان، بۆیە فوقەهاكان زیاتر گرنگییان پێداو زانایانی فەرموودەش زیاتر دژایەتیان كرد[1].

**سێیەم:** ناحەز و دژایەتیكەرانی سوننەت و بانگەشەكارانی ئیكتیفاكردن بە قورئان، ئەم بابەتەیان بەكارهێناوە و بەكاردێنن بۆ ڕەتكردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری فەرموودەكان، بە بۆچوونی ئەوان هەر ڕیوایەتێك لەگەڵ قورئان موافیق نەبێت و لە قورئاندا بوونی نەبێت، ئەوە وەرناگیرێت و ڕەت دەكرێتەوە، چونكە قورئان

---

[1] الموفقات، الشاطبي (٣/ ١٦– ٢٠)، إشكالية التعامل مع السنة النبوية، د. طه جابر العلواني (١٧٣).

حاکمە و  هەرچی فەرموودە هەیە دەبێت لە ژێر هەژموونی قورئاندا بێت و موافیقی قورئان بێت، ئەوان بۆیە ئەم بانگەشەیە دەکەن دواتر دەڵێن مادام فەرموودەکان هەر هەمان مانا و واتای قورئان دەبەخشن، ئەوە تەنها قورئانمان بەسە و پێویستمان بە سوننەت نیە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی وای لە زانایانی فەرموودە و هەندێ زانای تر کردووە ئەم بابەتە لە بنچینەوە ڕەتبکەنەوە و دژایەتی بکەن.

## بۆچوونی زانایانی کۆن لەسەر بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان

ئێمە لە سەرەتاوە ئەوەمان ڕوونکردەوە کەوا بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان لای هاوەڵان و شوێنکەوتووان بەو مانایە بەکارنەهێنراوە کە دواتر کۆمەڵێك کەس بەکاریان هێناوە و کردوویانەتە بیانوویەك بۆ ڕەتکردنەوەی فەرموودە، بەڵکو لای ئەوان ئەم بابەتە یەکسان بووە بە بابەتی موخالەفەی فەرموودە بۆ قورئان، کە ناکرێت فەرموودەیەك هەبێت پێچەوانە و دژ بێت لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، چونکە هەردووکیان لە یەك سەرچاوەوە هاتوون، ئەوان لە کاتی بوونی کێشە و ناکۆکی لەسەر ڕیوایەتێك، یان فەرموودەیەك، بەکاریان هێناوە، نەك بە بەردەوامی و لە هەموو کاتەکاندا.

ئێمە لێرەوە هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر ئەم بابەتە لە لای هاوەڵان و فەرموودەناسان و فوقەهاکان و زانایانی تر، بۆ ئەوەی هەڵوێست و بۆچوونیان لەسەر ئەم بابەتە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان چۆن ئەم بابەتەیان باسکردووە.

## بۆچوونی هاوەڵان لەسەر بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان:

هاوەڵان کە ڕاستەوخۆ لە خزمـەتی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـوون و فەرمایشتیان لێوەرگرتووە و بیستوویانە و پاراستوویانە، دواتریش گێڕاویانەتـەوە، بەشێکی کەمی هاوەڵان فەرموودەی زۆریـان لـە پێغەمبـەری خـواوە گێڕاوەتـەوە و ئەوانی تر بە ڕێژەیەکی کەمتر و هەندێکیشان هـەر نەیانگێڕاوەتـەوە و لـەم بـوارەدا کاریان نەکردووە. ئەو هاوەڵانەی کەوا فەرموودەیان گێڕاوەتەوە ئەگـەر ڕاسـتەوخۆ گوێیـان لـە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) نـەبووبێت و لـە کەسـی تـرەوە بیسـتبێتیان، ئـەوە هـەوڵی دڵنیـابوون و پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم فـەرموودە و گێڕانەوەیان داوە بە چەند ڕێگا و پێوەرێك، یەکێك لـەم پێـوەر و ڕێگایانانـە بـریتی بووە لە موخالەفەنەکردنی ڕیوایەتەکە بۆ قورئان و بەراوردکردنی بە قورئانی پیرۆز، ئەگـەر ڕیوایەتەکـە دژایـەتی، یـان پێچـەوانەی قورئـان بوایـە و هـیچ تـەئویلێکی هەڵنەگرتایە، ئەوە ڕەتیان دەکردەوە و بە فەرموودە هەژماریان نەدەکرد[1]. بۆ ئەم کارەی هاوڵانیش نموونە زۆرن، کە هاوەڵان فەرموویانە ئەم ڕیوایـەت و گێڕانەوەیـە دژە لەگـەڵ قورئـان و ڕەتیـان کردووەتـەوە، یـان شـێوازی ڕاسـتی و دروسـتی ڕیوایەتەکەیان ڕونکردووەتەوە، وەك ئەوەی دایکی ئیمانداران عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر)، دەربارەی فەرموودەکەی ئیمـامی عومـەر و عەبـدوڵڵای کـوڕی، دەربـارەی سزادانی مردووان بەهۆی گریانی زیندووانەوە، فەرموویەتی ئەمـە موخالیفـە لەگـەڵ قورئانی پیرۆز و ئایەتی ﴿ولا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ (الأنعام: ١٦٤)[2].

بەهەمان شێوە لـە بابـەتی نەفەقـەی ئـافرەتی تەڵاقـدراو بـە یـەکجارەکی، ئایا نەفەقەی هەیە لەسەر مێردەکەی یان نا؟ بۆیە بە گوێرەی ڕیوایەتی فاتیمەی کچـی قەیس بێت ئەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نە شـوێنی نیشـتەجێبوون و نـە

---

[1] جهود الصحابة في التثبت من الحديث الشريف، د. محمد كالو (٣٤).

[2] صحيح البخاري، كتاب الجنائز (٣/ ١٨٠- ١٨١).

نەفەقەی بۆ دانەناوە، بەڵام پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب فەرمووی ئەم ڕیوایەتە پێچەوانە و موخالیفی قورئانە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ ولا يخْرُجْنَ إِلا أَنْ يأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَينَةٍ﴾ (الطلاق: ١)[1]. ئەمەش بەڵگەیە کەوا هاوەڵان ڕیوایەتی پێچەوانە و ناکۆك لەگەڵ قورئانیان وەرنەگرتووە[2].

لەمەی کە باسمانکرد، بۆمان دەردەکەوێت هاوەڵان یەکێك لە پێوەرە سەرەکیەکانیان بۆ دڵنیابوون لە ڕیوایات، بریتی بووە لە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان و گەڕانەوەیە بۆ لای قورئانی پیرۆز، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی کە ناکرێت فەرموودە دژایەتی قورئانی پیرۆز بکات، چونکە هەردووکیان سەرچاوەیان یەکێکە و بوونی موخالەفە و دژایەتی، نیشانەی لاوازی و نادروستی ڕیواتەکە دەگەیەنێت، چونکە قورئان قەتعیە لە ڕووی سابت بوون و هاتنی بە ڕێگەی موتەواتیر، بەڵام فەرموودەکان وانین و لە ڕووی گێرانەوەوە قەتعی نین، بۆیە قورئان وەك مەرجەعی سەرەکی و سەرچاوەی یەکەم تەماشا دەکرێت و دەبێت ڕیوایەتەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ لای قورئانی پیرۆز، ئەم میتۆدە لای هاوەڵان لە کاتی بوون ڕاجیایی و کێشە لەسەر ڕیوایەتەکان بەکارهاتووە، نەك هەمیشە و بەردەوام هەرچی ڕیوایەت و فەرموودە هەبووبێت بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانی پیرۆز، بۆیە ئەم میتۆدە لەلای هاوەڵەکان ڕاستە بنچینە و ئەساسی هەیە، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا بووە و لە حاڵەتی بوونی کێشە، یان دژایەتیەکی دیاری ڕیوایەتێك لەگەڵ قورئاندا، بەکارهاتووە.

---

[1] صحيح مسلم، باب المطلقة ثلاثا لا نفقة لها (٢/ ١١١٤).

[2] مقاييس نقد متون السنة، الدميني (٦٣).

**بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان لەلای زانایانی فەرموودەناس:**

فەرموودەناسەکان دەستێکی باڵایان هەیە لە گێڕانەوە و پاراستن و حوکمدان لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەوان سوارچاکی ئەم مەیدانەن. فەرموودەناسەکان زۆرترین هەوڵیانداوە و زۆرترین پێوەر و بنەمایان داناوە بۆ جیاکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و جیاکردنەوەی جۆرەکانی فەرموودە و ناسینی فەرموودە گێڕەوەکان و بڕیاردان لەسەر شیاو بوون و نەشیاو بوونیان بۆ گێڕانەوەی فەرموودە.

زانایانی فەرموودەناس بۆ پرۆسەی ناسینەوە و جیاکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر، چەند پێوەرێکیان داناوە، کە بەشێکیان تایبەتن بە لایەنی مەتن و خوودی شتە ڕیوایەتکراوەکە، یەکێك لە پێوەرەکانیان بریتیە لە دژ نەبوونی مەتنی فەرموودەکە لەگەڵ قورئانی پیرۆز و نەبوونی هیچ ناکۆکیەك لە نێوانیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا فەرموودەناسەکان زۆر بە توندی بەرامبەر بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان وەستاونەتەوە و پێیان وابووە ئەمە بیانوو و هۆکارێکە بۆ ڕەتکردنەوە بەشێکی زۆری فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەوان هەر زوو درکیان بەوە کرد کەوا ناحەزانی فەرموودە زۆر بە جیددی دەیانەوێت لە ژێر ناوی ئەم بابەتەوە تانە لە کۆی فەرموودەکان بدەن و ڕەتیان بکەنەوە، بۆیە ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئەم بابەتەیان ڕەتکردەوەو ئەو ڕیوایەتانەش کەوا هاتوون لەسەر ئەم بابەتە، فەرموودەناسەکان بە هەڵبەستراو و لاواز ناویان بردوون و ڕەتیان کردوونەتەوە.

فەرموودەناسەکان ئەو ڕیوایەتانەیان ڕەتکردوونەتەوە کەوا نەیارانی سوننە پشتیان پێبەستوون بۆ ڕەوایەتیدان بە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان و دواتر بەکارهێنانی ئەو بابەتە بۆ تانەدان و ڕەتکردنەوەی فەرموودەکان. ئەگەر سەیری ئەو ڕیوایەتانە بکەین کە دەربارەی ئەم بابەتەدا هاتوون، هەروەها حوکمی

فەرموودەناسەکان لەسەریان، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بابەتە بە تەواوی ڕەت کراوەیە لای فەرمووده‌ناسەکان، بۆ نموونە ئەو ڕیوایەتەی دەڵێت: "إذا حُدثتُم عَني حديثًا فَاعْرِضُوهُ عَلى كِتَابِ الله تَعالَى، إنْ وَافَقَ فَاقْبلُوهُ، وَانْ خَالَفَ فَرُدُوه"[1]، یان "إنَّ الْحَدِيث سَيفْشُو عَنِّي، فَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُوافِقُ الْقُرْآنَ فَهُو عَنِّي، ومَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُخَالِفُ الْقُرْآنَ فَلَيْسَ مِنِّي"[2]. فەرمووده‌ناسەکان ئەم ڕیوایەتانە و کۆی هاوشێوەکانی، بە هەڵبەستراو و لاواز دادەنێن و وەریان ناگرن، بەڵکو بە پێچەوانەی خودی قورئانیشی دادەنێن. عەبدولڕەحمان کوڕی مەهدی وتوویەتی: "ئەم ڕیوایەتانە زەندیق و خەواریجەکان دایانناون"[3]. ئیمامی شافیعی وتوویەتی: "هیچ کەسێکی باوەڕپێکراو نە بە کەم و نە بە زۆر، فەرمووده‌ی ئاوەهای ڕیوایەت نەکردووە، بەڵکو ئەمە لە پیاوێکی نەناسراوەوە هاتووە، ئێمەش ڕیوایەتی بەم شێوەیە قەبوڵناکەین"[4]. پێشەوا ئیبن جەوزی دەڵێت لە یەحیای کوڕی مەعینەوە هاتووە کە وتوویەتی: "ئەم ڕیوایەتانە زەندیق و بێ دینەکان دایانناون"[5]. ئیمامی عەجلونی لە بارەی ئەم ڕیوایەتانەوە وتوویەتی: "ئەم ڕیوایەتانە لە خراپترین درۆکانن و پێچەوانەکەیان ڕاستە"[6]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا فەرمووده‌ناسەکان دژایەتی ئەم بابەتەیان کردووە و ڕەتیان کردووەتەوە.

جگە لەوەی زانایانی فەرمووده ڕەتی ئەو ڕیوایەتانەی باسی بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان دەکەن و بە لاواز و هەڵبەستراو هەژماریان دەکەن، کۆمەڵێك فەرمووده‌ش دەکەن بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە پێویست ناکات بەراوردی فەرمووده بە

---

[1] الموضوعات، الصغاني (٧٦).

[2] مفتاح الجنة، السيوطي (٢٢).

[3] جامع بيان العلم وفضله، ابن عبد البر (٢/ ١١٨٩).

[4] الرسالة، الشافعي (٢٢٢).

[5] الموضوعات، ابن الجوزي (١/ ٢٥٨).

[6] كشف الخفا، العجلوني (٢/ ٥٢٠).

قورئان بکرێت، وەك فەرموودەکەی میقدامی کوڕی مەعدی کەریب کە دەگێرێتـەوە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: "يُوشِكُ الرَّجُلُ مُتَّكِئًا عَلى أَرِيكَتِـهِ يُحَـدَّث بِحَـدِيث مِـنْ حَدِيثِي فَيقُولُ: بَيْنَنَا وبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللَّهِ عَزَّ وجَلَّ، فمَا وجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَلالٍ اسْتَحْلَلْنَاهُ، ومَا وجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَرَامٍ حَرَّمْنَاهُ، أَلا وإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللَّـهِ مِثْـلُ مَـا حَـرَّمَ الله"[1]. بەمجۆرە فەرموودەناسەکان پێیانوایە بابەتی بەراوردکردنی فـەرموودە بـە قورئـان، هەوڵدانێکە بۆ تانەدان و ڕەتکردنـەوەی فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر). کۆمـەڵێك کـەس و ناحـەز و نـەیاری سـوننەت دەیانـەوێت لـەم ڕێگایـەوە دژایـەتی سـوننەت بکـەن و بـەبیانووی نـەبوونی ئـەم فەرموودانـە لـە قورئانـدا و موخالەفـەی قورئـان، لـەم ڕێگەیەشـەوە بەشـێکی زۆری فـەرموودە ڕەتبکەنـەوە، چـونکە بـە بۆچـوونی فەرموودەناسـەکان، ئەوانـەی ئـەم بابەتـە دەوروژێـنن، ئـەو کەسانەن کە بانگەشـەی تـەنها پێویسـتبوون و ئیکتیفـاکردن بـە قورئـان دەکـەن و پێیانوایـە ئێمـە پێویسـتمان بـە فـەرموودە نیـە و قورئانمـان بەسـە، ئەگـەرنا فەرموودەناسەکان بۆخۆیان لە کـاتی حوکمـدان لەسـەر فـەرموودەکان پشـتیان بـە قورئان بەستووە و هـەر ڕیوایـەت و گێرانەوەیـەك پێچـەوانە بوبێـت لەگـەڵ قورئـان ڕەتیان کردووەتەوە، بۆ ئەمەش نموونـە زۆرن، وەك ئـەوەی ئیمـامی ئـیبن جـەوزی دەربارەی ڕیوایەتی کە دەڵێت: "منداڵی زینا ناچێتە بەهەشتەوە"، وتوویـەتی: ئـەم فەرموودەیە پێچەوانەی قورئانە کە خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلا تَـزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ (الأنعام: ١٦٤)[2]. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە فەرموودەناسەکان

---

[1] مسند أحمد (٢٤/ ٤١٠٤)، بـرقم (١٧١٧٤). سـنن أبـي داود، بـاب لـزوم السـنة (٧/ ١٣)، بـرقم (٤٦٠٤)، وقال محقق الكتاب عبد القادر الأرناؤوط: سنده صحيح. سنن الترمـذي، بـاب مـا نهـي عنـه أنْ يقـال عنـد حـديث الـنّبي (٤/ ٣٣٥)، بـرقم (٢٦٦٤). سـنن ابـن ماجـه (١/ ٩). ئیمـامی خـەتتابی دەڵێـت: ئـەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویست بە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان ناکرێت و ئـەوەی لـە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) سابت بوو بەڵگە و حوجەیە. معالم السنن، الخطابي (٣/ ١٣٥).

[2] الموضوعات، ابن الجوزي (٣/ ١١١).

لـه كـاتی حوكمـدان لەسـەر فـەرمووده و ڕیوایەتـەكان قورئانیـان فـەرامۆش نـەكردووە[1]، بـەڵام فەرموودەناسـەكان ترسـی ئـەوەیان هـەبوو ئـەم بابەتـە بەكاربهێنرێت بۆ ڕەتكردنەوەی بەشێكی زۆری فـەرموودەكانی پێغەمبـەر (درוودی خوای لەسەر)، كە ئەمەش دوایی ڕوویدا و كۆمـەڵێك هەڵسـان بـە بانگەشـەكردن و هەوڵدان بۆ ڕەتكردنەوەی فەرموودەكان بە بیانووی جۆراوجۆر و یەكێك لە بیانوو و شوبهەكانیان بریتی بوو لە بابەتی بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئانی پیرۆز.

## بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئان لەلای شەرعزانەكان (فوقەهاكان):

بابـەتی بـەراوردكردنی فـەرموودە بـە قورئـان لـەلای بەشـێكی شـەرعزانەكان، بابـەتێكی گرنگـی پێـدراوە و بـاس و خواسـی زۆری لێـوەكراوە، بەتایبـەتی لـەلای حەنەفیەكان، ئەوان بەلایانەوە وایە كە پێویستە ڕیوایـەت و فـەرموودەكان بـەراورد بكرێن بە قورئانی پیرۆز بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستییان، ئەمەش لای ئیمـامی ئەبو حەنیفە شتێكی ئاشكرایە و نكوڵی لێناكرێت. ئیبن عەبدولبەڕ دەڵێت: "زۆرێـك لە زانایانی فەرموودە تانەیان لە ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە داوە، چـونكە فـەرموودەی ئاحادی زۆر كەسی عەدلی ڕەت كردووەتەوە، چونكە ئەبو حەنیفە ئەو فەرموودانەی عەرز دەكردنە سەر فـەرموودەكانی لای خـۆی و ماناكـانی قورئـانی پـیرۆز، ئـەوەی لەوە نەبوایە ڕەتی دەكردەوە و ناوی دەنا شاز"[2]. ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێت، كـەوا ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە ڕەتـی فـەرموودەی كردووەتـەوە ئەگـەر پێچـەوانەی ماناكانی قورئان بووبێت، ئـیتر بـە ڕاسـتەوخۆ یـان بـە ڕێگـەی دەرهێنـانی عیلـەتی حوكمەكان (علل الأحكام)، ئەم جۆرەشی لە فەرموودە بە "شاذ" ناوبردووە[3].

---

[1] مقاييس نقد متون السنة، الدميني (١٢٠- ١٣٠).

[2] الانتقاء في فضائل الثلاثة الأئمة الفقهاء، ابن عبد البر (١٤٩).

[3] أبو حنيفة، أبو زهرة (٣٢١).

بەهەمان شـێوەی ئیمـام ئـەبو حەنیفـە، ئیمـام ئـەبو یوسـفیش بەلایـەوە وایـە، پێویستە بەراوردی ریوایات بکرێت بە قورئان لە کاتی بوونی تێکگیران و ناڕوونی لە ڕیوایەتێکی ئاحادی غەیرە مەشـهوور. پێشـەوا ئـەبو یوسـف پشـتی بەسـتووە بـەو ڕیوایەتە لاوازەی پێشتر باسمانکرد (إِنَّ الْحَدِيثَ سَيَفْشُو عَنِّي، فَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُوافِقُ الْقُرْآنَ فَهُو عَنِّي، وَمَا أَتَاكُمْ عَنِّي يُخَالِفُ الْقُرْآنَ فَلَيْسَ مِنِّي)[1]. بۆیـە ئـەم بابەتـە لای فوقەهاکانی مەزهەبی حەنەفی شتێکی ئاشـکرا و دیـارە، ئەمـەش یەکێکـە لـە بنـەما سەرەکیەکان لای ئەوان، بۆ نەقـدی مـەتنی فـەرموودە و کـاری پێدەکـەن. ئیمـامی سەرەخسی هەمان بۆچوون ڕوون دەکاتەوە و بەڵگەشی بۆ دەهێنێتەوە بە هەنـدێك لـەو ڕیوایەتانـەی پێشـتر باسمـانکردن و بەڵگـەی عەقڵیشـی بـۆ دەهێنێتـەوە: "بـە كێشان و میزانكـردن لـە نێـوان قورئـان و فـەرموودەدا لـە لایـەنی سـابت بوونـەوە، چونکە قورئان سابتە و ڕیوایەتی ئاحاد ئەگەری سابت نەبوون ڕووی تێدەکات (ولأنّ الكتابَ مُتيقَن بِهِ وَفي اتصاِل الخَبرِ الوَاحِدِ بِرَسول الله ـ صَلى الله عليـهِ وَسَـلَم ـ شُـبْهَة فعند تعذر الأخذ بهما لابد من أن يؤخذ بالمتيقن ويترك ما فيه شبهة، والعام والخاص في هذا سواء لما بينا أنّ العام موجـب للحكـم فيمـا يتناولـه قطعًـا كالخـاص، وكـذلك النّص والظاهر سواء، لأنّ المتن من الكتاب متيقن بِهِ ومتنُ الحديثِ لا ينفك عن شبهة لاحتمال النّقل بالمعنى ثم قوام المعنى بالمتن فإنّما يشتغل بالترجيح من حيث المتن أولا إلى أنْ يجيء إلى المعنى ولا شك أنّ الكتاب يترجح باعتبار النقل المتواتر في المتن على خبر الواحد فكانت مخالفة الخبر للكتاب دليلاً ظاهرًا على الزيافة فيهِ..)[2].

بۆیە حەنەفیـەکان بینـا لەسـەر ئەمـە چـەندین فـەرموودەیان ڕەتکردووەتـەوە، لەوانــە فــەرموودەی دەســتنوێژ شــۆردنەوە لــە دەســتدان لــە ئەنــدامی نێرینــە، فەرموودەی فاتیمەی کچی قەیس لەبارەی نەبوونی نەفەقە بۆ ئافرەتی تەڵاقـدراوی

---

[1] الرّد علي سير الأوزاعي، أبو يوسف (٢٤– ٢٥).

[2] أصول السرخسي، السرخسي (١/ ٣٦٤– ٣٦٥).

سێ بە سێ، فەرموودەی حوکمدان بە شایەتێك و سوێندخواردن، چونکە ئەمانە پێچەوانەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزن بەلای حەنەفیەکانەوە[1]. دواتر ئیمامی سەرەخسی باسی گرنگی ئەم بابەتی بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئانە دەکات و دەڵێت: "لەم دوو جۆرە نەقدگرتنە لە فەرموودە، زانستی زۆر هەیە و پاراستنی ئایینە، چونکە سەرچاوەی بیدعە و ئارەزووبازی سەریهەڵداوە لە وازهێنان لە بەراوردکردنی فەرموودەی ئاحاد بە قورئان و فەرموودەی مەشهوور، هەندێك کەس ئەم فەرموودە ئاحادانەیان کردووە بە ئەصڵ و بنچینە لەگەڵ بوونی گومانی ڕاستی پەیوەندی بوونی ئەو فەرموودانە بە پێغەمبەری خوا و لەگەڵ ئەوەش یەقین نابەخشن، دواتر قورئان و فەرموودەی مەشهووریان تەئویل کردوون بۆ سەریان و تابیعیان کردووە بە مەتبوع و ئەساس و بنچینەیان کردووە بە شتێکی نایەقین، بۆیە کەوتنە ناو هەوا و ئارەزووەوە ..."[2]. هەروەها ئەو ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە فەرموودەی ئاحاد ڕەتدەکەنەوە، پێیوایە باشترین چارەسەر بریتیە لە گەڕانەوە و بە سەنتەرکردنی قورئان و فەرموودە مەشهوورەکان لە کاتی بوونی ناکۆکی و کێشە لە ڕیوایەتە ئاحادەکان: "وإنّما سواء السبيل ما ذهب إليه علماؤنا رحمهم الله من إنزال كل حجة منزلتها فإنّهم جعلوا الكتاب والسنة المشهورة أصلاً ثم خرجوا عليهما ما فيه بعض الشبهة وهو المروي بطريق الآحاد مما لم يشتهر، فما كان منه موافقا للمشهور قبلوه وما لم يجدوا في الكتاب ولا في السنة المشهورة له ذكرا قبلوه أيضا وأوجبوا العمل به، وما كان مخالفا لهما ردوه على أن العمل بالكتاب والسنة أوجب من العمل بالغريب بخلافه وما لم يجدوه في شيء من الأخبار وصاروا حينئذ إلى القياس في معرفة حكمه لتحقق الحاجة إليه)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لای

[1] هەمان سەرچاوە (١/ ٣٦٥).

[2] أصول السرخسي (١/ ٣٦٧).

حەنەفیەکان لە کاتی بوونی گومان و کێشە لە ڕیوایەتی ئاحاددا ئـەوە دەیگێڕنـەوە و بەراوردی دەکەن بە قورئان و فەرموودەی مەشهووری[1].

ئیمامی مالیك و مالیکیـەکانیش بۆچـوونیان نزیکـە لـە بۆچـوونی حەنەفیـەکان، ئەمەش دوای تێڕامان و سـەیرکردنی مەزهـەب و بۆچـوونەکانیان، ئەمـە لـە خـودی بۆچونەکانی ئیمامی مالیکیش دەردەکەوێت، کە بەلایانەوە وایـە دەبێـت بـەراوردی فەرموودە بە قورئان بکرێت و ئەوانیش زۆربـەی کـات ڕووکەشـی (ظـاهر)ی قورئـان پێش دەخەن بەسەر فەرموودەی ئاحاددا، بەتایبەتی ئەگەر بەڵگەیـەکی تـر نـەبێت پشـتگیری فـەرموودە ئاحادەکـە بکـات وەك کـاروکردەوەی خـەڵکی مەدینـە، یـان ئیجماع، یان قیاس[2]، بۆیەش ئیمامی مالیك ئەو فەرموودەیەی ڕەتکردووەتەوە کە دەفەرموێت: "ئەگەر سەگ دەمی دا لە قاپێك ئەوە حەوت جار بیشـۆن جارێك بـە گڵ"[3]، ئیمامی مالیك پێی وایە ئەم فەرموودەیە دژە لەگـەڵ ئـەو ئایەتـەی قورئـان کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الْجَوارِحِ مُكَلِّبِينَ﴾ (المائدة: ٤)، چونکە ئەگەر ئـەو شتەی سەگ ڕاوی کردووە حەڵاڵ بێت کەواتە خـودی سـەگەکەش پاکـە[4]. لێـرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا مالیکیەکانیش بەهەمان شێوەی حەنەفیـەکان پشـتگیری ئەم بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانە دەکەن، بەڵام بە ڕێژەیـەکی کـەمتر لە حەنەفیەکان[5].

ئەگەر بێینە سەر بۆچوونی شافیعی و حەنبەلیەکان ئەوە ئـەوان بـە پێچـەوانەی حەنەفی و مالکیەکانن لەم باسـەدا، بەتایبـەتی حەنبەلیـەکان دژایـەتی تـەواوی ئـەم بابەتە دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە، بەلای ئەوانەوە فەرموودەی ئاحـاد پێشـدەخرێت

---

١ أصول السرخسي (١/ ٣٦٧).

٢ مالك حياته وعصره– آرائه وفقهه، أبو زهرة (٣٠٨– ٣٠٩).

٣ صحيح البخاري، باب الماء الذي يغسل به شعر الإنسان، (١/ ٤٥)، برقم (١٧٢)، صحيح مسلم (١/ ١٦٢).

٤ أصول الفقه، محمد أبو زهرة (١٦٠).

٥ ابن حنبل حياته وعصره– آرائه وفقهه، أبو زهرة (٢٤٢).

بەسەر زاهیری قورئاندا و فـەرموودەکان تەخصیصـی حوکمـە گشـتیەکانی قورئـان دەکەن، هەروەها شافیعیەکانیش ئەم بابەتە بە باش نابینن، بۆیە ئیمامی شـافیعی ئەوانەی زاهیری قورئان بەسـەر فـەرموودە پێشـدەخەن کارەکـەیان بـە جـەهل نـاو دەبـات، چـونکە خـوای گـەورە بـۆی ڕوونکردووینەتـەوە کـە سـوننەتی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) پێویستە لەسەر ئێمە شوێنی بکـەوین: (وأنّ قـول مـن قـال تعرض السنة على القرآن فإنْ وافقت ظاهره وإلا استعملنا ظاهر القرآن وتركنا الحديث جهل لما وصفت فأبان الله لنا أنّ سنن رسوله فرض علينا بأنْ ننتهي إليها لا أنْ لنـا معها من الأمر شيئًا إلاّ التسليم لها واتباعها ولا أنها تعرض على قياس ولا على شيء غيرها وأنّ كل ما سواها من قول الأدميين تبع له)[1].

حەنبەلیەکانیش بەهەمان شێوە دژایەتی ئەم بیرۆکەی بەراوردکردنی فـەرموودە بـە قورئانـە دەکـەن و بـەلای ئەوانـەوە سـوننەت حاکمـە بەسـەر قورئانـدا و ڕوونکەرەوەی موجمەلەکانیەتی[2]. بۆیە ئیبن قەیمی جەوزی زۆر بە توندی وەڵامی ئەوانەی داوەتەوە کەوا زاهیری قورئان پێشدەخەن بەسەر فەرموودەدا، یان دەڵـێن ئەوەی لە قورئاندا نەبوو پێویست نیە: (ولو كان كل مـا أوجبتـه السـنة ولم يوجبـه القرآن نسخًا له لبطلت أكثر سنن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ودفع في صدورها وأعجازها. وقال القائل: هذه زيادة على ما في كتاب الله فلا تقبل ولا يعمل بهـا، وهـذا بعينه هو الذي أخبر رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أنّه سيقع وحـذر منـه كمـا في السنن من حديث المقدام بن معدي كرب...)[3].

---

[1] اختلاف الحديث، الشافعي (٤٨٤).

[2] ابن حنبل، أبو زهرة (٢٤٣).

[3] إعلام الموقعين، ابن القيم (٢/ ٢٢٠).

## بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان لەلای ئیمامی شاتیبی:

ئیمامی شاتیبی یەکێکە لەو زانا ئوصولیە گەورانەی کەوا قسـەی جیـددی هەیـە لەسـەر بابـەتی بـەراوردکردنی فـەرمووده بـە قورئـان و لـە پەڕتووکـە بەپێزەکـەی (الموافقات)دا لە باسی سوننەتدا ئەو بابەتەی باسکردووە، ئیمامی شاتیبی پێیوایـە ئوصولڵ و بنەمایی هەموو سوننەت لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، هەروەها ئەو پێیوایـە پلە و ڕوتبەی سوننەت لە دوای پلەی قورئانەوەیە. شاتیبی چەند بەڵگەیـەکیش بـۆ ئەمە دەخاتە ڕوو، لەوانە قورئان قەتعیە و بێگومانە لە لایەنی سابت بوونەوە، بەڵام ڕیوایات جێگەی گومانن لە ڕووی گێڕانەوەدا، هەروەها سوننەت یان بەیانی قورئـان دەکات یان شتێکی زیاتر دێنێت، ئەگەر بەیانی قورئان بێـت، ئـەوە پلـەی دووەمـی هەیە، چونکە لە نەمانی (مبين) ئەوە بەیانیش نامێنێـت، بـەڵام لـە نـەمانی بەیانـدا (مبين) پـەکی ناکەوێت.. (أنّ السنة إما بيان للكتـاب أو زيـادة علـي ذلـك، فـإنْ كـان بيانا فهو ثان علي المبين في الاعتبار، إذ يلـزم مـن سـقوط المـبين سـقوط البيـان ولا يلزم من سقوط البيان سقوط المبين، وما شأنه هذا فهو أولي في التقدم، وإنْ لم يكـن بيانا فلا يعتبر إلا بعد أنْ لا يوجد في الكتاب وذلك دليل علي تقدم اعتبار الكتـاب)[1].

(عبد الغني عبد الخالق) لە پەڕتووکی (حجية السنة) وەڵامی ئـەم قسـە و بەڵگانـەی شاتیبی داوەتەوە و وتوویەتـی: "والجواب: أن نقول له: ما المراد من سـقوط المـبين في قولك: إذ يلزم من سقوط المبين سقوط البيان ولا يلزم مـن سـقوط البيـان سـقوط المبين؟ إنْ كان مرادك نسخه بوحي آخر، قلنا: فهذا الوحي هـو الـذي أسـقط البيـان أيضًا مباشرة، لا بواسطة اسقاط المبين... وإنْ أردتَ بسقوطه عدم وروده في القرآن: فلا نسلم أنه يلزم من ذلك سقوط البيان، وعدم اعتباره إذا ورد مشـتملاً علـي الحكـم وتفاصيله. كل ما في الأمر أنه لا يقال له: بيان، وهذا لا ضير فيه.."[2].

---

[1] الموافقات، الشاطبي (٤/ ٣٦٦).

[2] حجية السنة، عبد الغني عبد الخالق (٤٩١).

هەروەها شاتیبی بەڵگەی هێناوەتەوە بەو فەرموودە و ڕیوایەتانەی باس لە پێشخستنی قورئان دەکەن بە سەر سوننەتدا، وەك فەرموودەکەی موعازی کوری جەبەل لە باسی چۆنیەتی حوکمداندا، سەرەتا بە قورئان و ئینجا بە سوننەت و ئینجا بە ئیجتیهاد و بۆچوونی خۆی. لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیەی موعازی کوڕی جەبەل، زۆربەی زانایانی حەدیس بە لاوازیان داناوە، ئیبن جەوزی وتوویەتی: "هَـذا حَدِيثٌ لا يصح وإنْ كان الفقهاء كلهم يذكرونه فِي كتبهم ويعتمدون عليه ولعمري إنْ كان معناه صحيحًا إنما ثبوته لا يعرف لأن الْحَارث بْن عمرو مجهول وأصحاب مُعَاذ من أهْل حمص لا يعرفون وما هَـذا طريقه فلا وجه لثبوته"[1]. هەروەها هەردوو فەرموودەناسان محەمەد ناصرەددینی ئەلبانی و شوعەیب ئەرنائووت بە لاوازیان داناوە[2].

پێشەوا شاتیبی زۆر بەرگری دەکات لەو بۆچوونەی کەوا ئوصوڵی هەموو سوننەت لە قورئاندا هەیە و پێیوایە دەبێت هەموو ڕیوایەت و فەرموودەیەك لە ئوصوڵ و کولیاتی قورئانەوە سەرچاوە بگرێت، ئەمەش بە چەند ڕێگایەك دەبێت لەوانە پشتگیریکردنی فەرموودە بە گەڕانەوە بۆ قورئان، وەك ئەوەی ئیبن مەسعود کردوویەتی لە نەفرەتکردن لە خاڵ کوتان و برۆ هەڵگرتن و پشتگیری کردنە ئەمە بابەتە بە ئایەتی: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧). یان ئەوەی کە سوننەتەکە بەیانی قورئان دەکات، یان حوکمە گشتیەکانی تایبەت دەکات، وەك چۆنیەتی نوێژکردن و حەجکردن.. هتد[3].

---

[1] العلل المتناهية في الأحديث الواهية، ابن الجوزي (٢/ ٢٧٣).

[2] صحيح وضعيف سنن الترمذي، الألباني (٣/ ٣٢٧)، سنن أبي داود (٥/ ٤٤٤).

[3] الموافقات، الشاطبي (٤/ ٣٨٠- ٣٨٨).

ئیمامی شاتیبی هەمان ڕێچکەی حەنەفیەکان و ئیمامی مالیکی بەلاوە پەسەندە، کەوا پێویستە بەراوردی فەرموودە بکرێت بە قورئان، ئەو ڕیوایەتانەش کە باسی بەراوردی فەرموودە بە قورئان دەکەن بەلای شاتبیەوە قەبوڵکراون و ماناکەیان ڕاست و دروستە، هەرچەندە لە ڕووی سەنەدیشەوە لاوازن، چونکە هیچ کات فەرموودە نابێت دژی قورئان بێت، بۆیە ئەو دەڵێت ئەم ڕێچکەیەی حەنەفی و ئیمامی مالیك، نموونەی زۆری هەیە لە لای سەلەفی سالح و پێشینان. شاتیبی نموونەی زۆری هێناون لەلای سەلەفی سالح و ئیمامی مالیك، کە پشتیان بەم بابەتە بەستووە، دواتر دەڵێت ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەم بابەتە ئەصڵ و سەرچاوەی هەیە و قەبوڵکراوە[1].

ئەوەی کە پێویستە لێرەوە بیڵێین، ئیمامی شاتیبی جیاواز لەوانەی کە بانگەشەی ئەم بابەتە دەکەن و وەك هۆکار و ئامرازێك بۆ ڕەتکردنەوەی سوننەت بەکاری دەهێنن. شاتیبی بە پێچەوانەوە زۆر بەرگری لە حوجیەت و پلەی بەرزی سوننەت دەکات، پێیوایە بەبێ بوونی سوننەت ناتوانین مانا و مەبەستی زۆرێك لە ئایەتەکان بزانین و زۆرێك لە ئەحکامەکانیش بە ناڕوونی دەمێننەوە، بۆیە ڕەخنەی توندیش لەوانە دەگرێت کە سوننەت ڕەتدەکەنەوە و کاری پێناکەن[2].

پێشەوا شاتیبی هەرچەندە پێیوایە ئوصوڵ و بنەمای فەرموودەکان لە قورئاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئینکاری حوجیەتی سوننەتی نەکردووە، بەڵکو بەڵگەشی هێناوەتەوە لەسەر پێویستیەتی شوێنکەوتن و ئیستدلالکردن پێی، بۆیە دەڵێت: "فإنّ الله قد قال في كتابه: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾، وقال: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ في مواضع كثيرة، وتكراره يدل على عموم الطاعة بما أتي به مما في الكتاب ومما ليس فيه مما هو من سنته، وقال:

---

[1] الموافقات، الشاطبي (٣/ ١٦- ٢٠).

[2] الموافقات، الشاطبي (٤/ ٣٧٥- ٣٧٦).

﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ وقال: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ إلى ما أشبه ذلك"[1].

هەرچەندە قورس و گرانە ئوصولْ و بنچینەی هەموو فەرموودەکان لە قورئانی پیرۆز بدۆزرێتەوە و دەربهێنرێت، وەك ئەوەی ئیمامی شاتیبی بانگەشەی دەکات، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە هەرچی فەرموودەیەك لە قورئاندا نەبوو ڕەتبکرێتەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەحکام بە سوننەت و فەرموودە سابت بووە نەك بە قورئان، بۆیە هەندێك لە زانایان فەرموویانە فەرموودە دەکرێتە سێ بەشەوە بەنیسبەت قورئانەوە، بەشی یەکەم ئەو فەرموودانەن کە موافیق و هاوواتان لەگەڵ قورئاندا، ئەم جۆرە واجبە کاری پێبکرێت، بەشی دووەمیش ئەو فەرموودانەن کە شتێکی زیاد لە قورئانیان تیایە ئەمانەش دەدرێنە پاڵ قورئان و کار پێکردنیان واجبە، جۆری سێیەمیش ئەو فەرموودە و ڕیوایەتانەن کە دژ و پێچەوانەن لەگەڵ قورئاندا، ئەوانەش کاریان پێناکرێت و بە فەرموودە هەژمار ناکرێن[2].

## بۆچوون و هەڵوێستی هاوچەرخان لەسەر بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان

بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان لە نێوان هاوچەرخاندا، بابەتێکی گەرم و گوڕە و قسە و باسی زۆری لەسەر دەکرێت و لە لایەن زانایان و توێژەران قسە و باسی لێوە دەکرێت، بە گوێرەی ئەوەی من لێکۆڵینەوەم لەسەر کردووە، ئەو توێژەرە هاوچەرخانەی قسە و باس دەکەن لەسەر ئەم بابەتە، ئەوانیش لە سێ کۆمەڵە دەرناچن و بە سەر سێ بۆچوون دابەشبوون، گرووپێکیان بە هەموو شێوەیەك ئەم بابەتە ڕەتدەکەنەوە و بە هۆکار و ئامرازێکی دادەنێن بۆ تانەدان و ڕەتکردنەوەی بەشێکی زۆری فەرموودە ئاحادەکان، کە بە هۆیانەوە بەشێکی زۆری

---

[1] الموافقات، الشاطبي (١/ ٦٥).

[2] الإحكام في أصول الأحكام، ابن حزم (٢/ ٢٠٩).

ئەحكامەكان سابت بوون، ئەمانەش زیاتر تەیاری سەلەفیەكان و زانایانی فەرموودەن لەم سەردەمە. كۆمەڵە و گرووپی دووەمیش ئەوانەن كە بۆچوونێكی موحافیزكارانەیان هەیە بۆ ئەم بابەتە، نە بەتەواوەتی ڕەتی دەكەنەوە و نە بەیەكجاریش قەبوڵی دەكەن، بەڵكو هەوڵدەدەن تەبەنی بكەن، بەلام بەشێوەیەكی ڕەها نا، بەڵكو لە ئاستێكی دیریكراودا، وەك ئەبو زوهرە و دكتۆر یوسف قەرزاوی و دكتۆر تەها جابیر عەلوانی و هتد... كۆمەڵە و گرووپی سێیەمیش ئەوانەن كەوا ئەم بابەتی بەراوردكردنی فەرموودە بە قورئانە بەكاردەهێنن بۆ ڕەتكردنەوەی هەموو سوننەت و پێیانوایە ئەو فەرموودەیەی لە قورئاندا نەبێت قەبوڵكراو نیە و كاری پێناكرێت، ئەمانەش بەزۆری ئەو كەسانەن كەوا بەناو قورئانین، یان نزیك لەوانن، وەك ئەندازیار عەدنان ڕیفاعی و جەمال بەننا و... هتد... ئەمانە هەوڵدەدەن ئەم بابەتە بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان بەكاربهێنن بۆ ڕەتكردنەوەی سوننەت، بە بیانووی نەبوونیان و دژایەتیان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا. زانا و توێژەرە هاوچەرخەكان بەسەر ئەم سێ گرووپە دابەشبوون، بۆیە ئێمە لێرەوە هەندێك لەو زانایانە بە نموونە وەردەگرین و بۆچوون و بەڵگەكانیان دەخەین ڕوو لەسەر ئەم بابەتە و چۆنیەتی تەعامولكردن و تێگەشتنیان بۆ ئەم بابەتە دەخەینە بەر سەرنج و لێكۆڵینەوە، ئەمەش بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە و زانینی هەڵوێستی زانا و توێژەرانی هاوچەرخە لەسەر ئەم بابەتە.

**دكتۆر تەها جابیر عەلوانی**

یەكێك لەو زانا و بیرمەندانەی زۆر بەجدی قسەی لەسەر ئەم بابەتە هەیە ، دكتۆر تەها جابیر عەلوانیە. ئەو پێیوایە كە ئەم بابەتە وەكو ئەصڵ و بنچینەكەی زۆر بابەتێكی دروست و پێویستە، بەلام بەهۆی خراپ تەتبیقكردن و بەكارهێنانی لە لایەن هەندێك گرووپ و فیرقەی وەك خەواریج و موعتەزیلە و كەسانی تر، عەلوانی پێیوایە بەهۆی ئەم خراپ بەكارهێنان و تەتبیقكردنەی بەشێكی زۆری زانایان

بەتایبەتی زانایانی فەرموودەناس (موحەدیسەکان) لەم بابەتە سڵەمینەتەوە و حەزەریان لێکردووە و بە یەکجاری ئەم بابەتەیان ڕەتکردووەتەوە و تانەیان لێداوە[1].

دکتۆر عەلوانی بۆ باسکردن و ساغکردنەوەی ئەم بابەتە پشتی بەستووە بە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی زانایان و توێژەرانی مەزهەبە جیاوازەکان و زانایانی فەرموودە. دکتۆر عەلوانی بۆچوونی حەنەفیەکان و ئیمامی مالیك و موحەدیسەکان و ئیمامی شاتبیشی هێناوە و باسی لێکردوون و بەڵگەکانیانی باسکردوون، عەلوانیش بۆچوونی هاوشێوەی ئیمامی شاتیبی و ئەوانەیە کە پێیانوایە بنەمای هەموو سوننەت لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، بۆیە دکتۆر عەلوانی بۆ سەلماندنی ئەوە پشت بە قسەکانی ئیمامی شافیعی دەبەستێت کە لە پەڕتووکی (الرسالة) فەرموویەتی: "ئەگەر خوای گەورە فەرزی کردبێت لەسەر پێغەمبەرەکەی شوێنی قورئان بکەوێت، ئەوە سوننەت نابێت موخالیفی قورئان بکات، دەبێت سوننەتیش شوێنکەوتەی قورئان بێت، یان وەك قورئان بێت، یان ڕوونکەرەوەی مانا و مەبەستەکانی خوایە، لە هەموو حاڵەتێکدا سوننەت شوێنکەوتەی قورئانە"[2]. هەرچەندە دکتۆر عەلوانی هەوڵیداوە پشت بەم قسەیەی شافیعی ببەستێت بۆ پشتگیریکردنی بۆچوونەکەی، بەڵام پێشەوا شافیعی لە چەندان شوێن لە پەڕتووکی (الرسالة)دا باسی پێویستی و واجبیەتی دەستگرتن و حوجیەتی سوننەی کردووە و سەربەخۆبوونی سوننەتی لە داڕشتنی حوکمەکاندا سەلماندووە، بۆیە دەڵێت: "كل ما سنّ رسول الله مما ليس فيه كتاب وفيما كتبنا في كتابنا من ذكر ما من الله به على العباد من تعلم الكتاب والحكمة دليل على أنّ الحكمة سنة رسول الله مع ما ذكرنا مما افترض الله على خلقه من طاعة رسوله، وبين من موضعه الذي وضعه الله به من دينه

[1] إشكالية التعامل مع السنة النبوية، العلواني (١٧٣).

[2] الرسالة، الشافعي (٢٢٢).

الدليل على أن البيان في الفرائض المنصوصة في كتاب الله من أحد هذه الوجوه: منها ما أتى الكتاب على غاية البيان فيه فلم يحتج مع التنزيل فيه إلى غيره، ومنها ما أتى على غاية البيان في فرضه وافترض طاعة رسوله فبين رسول الله عن الله كيف فرضه وعلى من فرضه ومتي يزول بعضه ويثبت ويجب، ومنها ما بينه عن سنة نبيه بلا نص كتاب وكل شيء منها بيان في الكتاب الله فكل من قبل عن الله فرائضه في كتابه قبل عن رسول الله سنتة بفرض الله طاعة رسول له على خلقه وأن ينتهوا إلى حكمه ومن قبل عن رسول الله فمن الله قبل لما افترض الله من طاعته فيجمع القبول لما في كتاب الله ولسنة رسول الله القبول لكل واحد منهما عن الله.."[1].

دكتۆر عەلوانی پێیوایە موحەدیسەکان پێیان وابووە ئەم بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانە مەترسیدارە و لە کۆتایدا سەردەکێشێت و بەکاردەهێنرێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو فەرموودەکان و بانگەشەکردن بۆ تەنها پشتبەستن بە قورئانی پیرۆز، کە ئەمەش بۆچوونی کۆمەڵە خەڵکێکی بێ دین و دەرچوون لە کۆدەنگی زانایانی ئیسلام[2]. بۆ ئەمەش دکتۆر عەلوانی پشتی بە قسەکانی ئیمامی خەتتابی و ئیمامی ئیبن قەیمی جەوزی بەستووە، هەروەها بە بۆچوونی دکتۆر عەلوانی هۆکاری سەرەکی ڕەتکردنەوەی بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان لە لایەن فەرموودەناسەکانەوە، دوو هۆکاری سەرەکین:

یەکەم: بەکارهێنانی ئەم بابەتە لە لایەن خەواریج و موعتەزیلەکانەوە بۆ دژایەتیکردنی سوننەت، ئەمەش وای لە زانایانی فەرموودە کردووە ئەم بابەتە لە ئەصڵ و ئەساسەوە ڕەت بکەنەوە، بۆ ڕێگەگرتن لەوانەی دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە تانە لە سوننەت بدەن، بۆیە فەرموودەناسەکان نەیانتوانیوە تەوزیفی ئەم بابەتە

---

[1] الرسالة، الشافعي (١٣).

[2] إشكالية التعامل مع السنة النبوية، العلواني (١٧٣).

بکــەن و بەشــێوەیەکی گونجــاو مامەڵــەی لەگــەڵ بکــەن و بــەکاری بهێــنن بــۆ خزمەتکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

دووەم: تێکەڵکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ بابەتی زیادکردن لەسەر دەق (الزیادة علی النص) بەتایبەتی لە لایەن ئەهلی ڕەئی و فوقەهاکانەوە، بابەتی زیادکردن لەسەر دەق (الزیادة علی النص) و بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان تێکەڵکران و ئەمەش جۆرێك لە ناڕوونی دروستکرد لەسەر ئەم بابەتە[1].

بە بۆچوونی دکتۆر عەلوانی، ئەگەر ئەم دوو هۆکارە نەبوایە ئەوە بۆچوونی موحەدیسەکانیش ئەوەندە توند نەدەبوو لەسەر ئەم بابەتە، بۆیە عەلوانی بەلایەوە وایە خودی بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، بابەتێکە هیچ نادروستیەکی تێدا نیە و بابەتێکی ساغ و سەلیمە و لە سەردەمی هاوەڵانەوە دەستی پێکردووە و کارێکی تازە و داهێنراو (بیدعة) نیە، بەڵام ئەوان – واتە هاوەڵان – کاریان نەکردووە بەم پێوەرە وەك ئەوەی مەبدەئێکی بنچینەی ئەساسی بێت، بەڵکو ئەمە یاسا و حوکمێکە لە کاتی بوونی کێشە و ناکۆکی گەڕاونەتەوە بۆ لای، یان لە کاتی بوونی گومان لەسەر ڕاستی و دروستی فەرموودەیەك.

ئەمە پوختەی بۆچوونی دکتۆر تەها جابیر عەلوانییە لەسەر بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانی پیرۆز، ئەو پێیوایە خودی فیکرە و بیرۆکەکە هیچ کێشەیەکی نیە، بەڵام بەهۆی جوان ڕوون نەکردنەوە و خراپ بەکارهێنان و تێکەڵکردنی لەگەڵ بابەتی تر لە لایەن هەندێك گرووپ و فیرقەوە، زانایانی فەرموودەناس ئەم بابەتەیان لەلا پەسەند نەبووە و ڕەتیان کردووەتەوە، ئەگەرنا ئەصڵی بابەتەکە ڕاست و دروستە و هیچ کێشەیەکی نیە و بەڵکو بگرە بابەتێکی زۆر زەرور و پێویستیشە.

---

[1] إشكالية التعامل مع السنة النبوية، العلواني (١٧٣).

**ئەندازیار/ عەدنان ڕیفاعی:**

یەکێك لەو توێژەرانەی کەوا بەشێوەیەکی زۆر و لە ڕادەبەدەر بانگەشـە بـۆ ئـەم بابەتە دەکات و تەبەنی دەکات بریتیە لە ئەندازیار عەدنان ڕیفاعیی، ئەو پێیوایە بۆ ڕزگاربوون لەم هەموو ڕیوایەت و فەرموودەیەی کە بـاس دەکرێـت و جیاکردنـەوەی ڕاست و هەڵە لە یەکتری لە بواری ڕیوایەت و فەرموودەدا، ئەوە پێویستمان بـە دوو پێوەر و ڕوانگە هەیە بۆ جیاکردنەوەی فەرموودەکان، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: ڕوانگە و پێوەری قورئانی پیرۆز، چونکە سـوننەت باشـترین و چـاکترین ڕوونکەرەوە و شەرحی حوکمە گشتیەکانی قورئانە و ناکرێت سوننەتی ڕاست بەهیچ شێوەیەك دژ و پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ (النحل: ٤٤).

دووەم: ڕوانگە و پێـوەری زمانـەوانی بـۆ فـەرموودەکان، بـە دوورکەوتنـەوە لـە هەموو ئەو شتانەی کـەوا دواتـر تووشـی ئـەو ڕیوایەتانـە بـووە، چـونکە بـە قسـەی ئەندازیار عـەدنان ڕیفـاعی، فـەرموودەکان بـەو شـێوەیەی لـە دەمـی پێغەمبـەرەوە (دروودی خوای لەسەر) هاتوونەتە دەرەوە، نەگەیشتوونەتە ئێمە[1].

بە بۆچـوونی ئەنـدازیار عـەدنان ڕیفـاعی دەبێـت هـەموو فـەرموودەکان بـەراورد بکرێن بە قورئانی پیرۆز بۆ زانینی ڕاستی و دروستییان، ئەو پێیوایە کۆی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕوویان لە فەرموودەکان کردووە بە هۆی پشتگوێخسـتنی ئـەم پێـوەرە زانسـییانە بـووە بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ سـوننەتدا، ئەگـەربێتو زانایـان و فەرموودەناسەکان ئەم بنەما و پێوەرەیـان تـەتبیق بکردایـە، تووشـی ئـەم هـەموو ڕیوایەت و گێڕدراوە لاواز و هەڵبەستراوانە نەدەبووین، کە ئێستا تووشیان بووین.

ئەنـدازیار عـەدنان ڕیفـاعی لـە پـەڕتووکی (الحـق الـذي لا یریـدون)، باسـی چـەندان فەرموودە دەکات، کە – بە بۆچوونی ئەو – پێچەوانەن لەگەڵ ئـەم دوو پێـوەرەی ئـەو

---

[1] الحق الذي لا یریدون، الرفاعي (٢٢).

باسـی کـردوون، ئینجـا ئـەو فەرموودانـە ڕەت دەکاتـەوە و بـە فـەرموودەی ڕاسـت دایاننانێـت، کـە خۆشـی وتـەنی زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە سـەحیحی بوخـاری و موسلیمدان. ئەو پێیوایە بەهۆی گوێنەدان بە ئەم پێوەر و بنەمایانە، چەندان ڕیوایەت و فەرموودەی دژ بەیەك و بە قورئان ڕیوایەتکراون، کە پێویستە سوننەتیان لێ پـاك بکرێتـەوە و دووبـارە چـاویان پێدابخشـێنرێتەوە. زۆرێـك لـەو ڕیوایـەت و فەرموودانـە، ئەنـدازیار عـەدنان ڕیفـاعی باسـی کـردوون، تـەوفیقکردنیان ئاسـانە و زانایـان باسـیان کردوون و وەڵامیان دراوەتـەوە، بـەڵام هەندێکیشـیان پێویسـتیان بـە هەڵوەستەکردنی جیددی هەیە لەسەریان، کە ئەمەش کاری زانایان و پسپۆڕانە، بـۆ ئـەوەی هـیچ بوارێك نەهێڵدرێتەوە بۆ تانەدان لە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

جگە لەوەی باسمانکرد، پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین زۆربەی ئەم توێژەرانـە، کە بەمشێوەیە قسە لەسـەر سـوننەت دەکـەن و ناحـەزن پێـی و بـە دوای کـەمترین بیانوو دەگەڕێن بۆ هێرشکردنە سەری و دروستکردنی گومان لەسەری، هیچ زانا نین بە زانستە شەرعییەکان و لە خزمەت زانا و کەسانی شارەزا زانستە شـەرعییەکانیان نەخوێندووە و لە هیچ کۆلیج و زانکۆیەکیش زانستە ئیسـلامیەکانیان نەخوێنـدووە، بـەڵکو تـەنها ڕۆشـنبیریەکی ڕووکەشـیان هەیـە و قاڵنەبوونەتـەوە لـە زانسـتە ئیسـلامیەکان، بۆیـە لـە کـاتی بـوونی کـەمترین نـاڕوونی و قورسـی لـە تێگەشـتنی فەرموودەیەك، یەکسەر پەنا دەبەنـە بـەر ڕەتکردنـەوە و تانـەدان لـە فەرموودەکـە بەبێ گوێدانە یاسا و بنەماکانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەقە شەرعیەکان لە کـاتی بوونی ناکۆکی، بەتایبەتی بێئاگان لە بابەتی (التعارض والترجیح). ئەندازیار عەدنان ڕیفاعی شارەزایەکی تەواوی لە بواری زانستە ئیسلامیەکان نیە – بەتایبەتی زانستی فەرموودە –، ئەو پسپۆڕیی تەواوی لە بـوارێکی تردایـە، کـە ئـەویش ئەندازیارییـە، بۆیـە کەوتووەتـە نـاو ئـەو هەڵانـە و بەشـێکی زۆری فـەرموودە ڕەتدەکاتـەوە، بەتایبەتی کۆمەڵێك فەرموودەی سەحیح کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتوون.

**دکتۆر ئیسماعیل عەبدولسەتتار مەیمەنی:**

یەکێك لەو زانا و توێژەرە سەردەمیانەی کە قسەی لەسەر ئەم بابەتە کردووە، دکتۆر ئیسماعیل مەیمەنییە، کە پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی کیتاب و سوننەتی کۆلێجی بانگەواز و بنەماکانی ئایینی زانکۆی ئومولقورِا لە سعودیە، دکتۆر ئیسماعیل توێژینەوەیەکی نووسیوە لە ژێر ناونیشانی (شبهة عرض السنة علي القرآن – عرض ونقد –) لە نزیکەی سەد و پێنج لاپەڕەدا. ئەو بەلایەوە وایە ئەم بابەتە بابەتێکی دروستکراوە بۆ لێدان و کەمکردنەوەی پلە و پایەی بەرزی سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و هەولێکە بۆ تانەدان و گومان خستنە سەر فەرموودە ئاحادەکان و نەهێشتی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و دژایەتیکردنی لە ژێر ئەم بابەتەوە و هاوشێوەکانی.

دکتۆر ئیسماعیل لەسەرەتای توێژینەکەیەوە پێناسەی سوننەت دەکات و باسی بەڵگەبوون و حوجیەتەکەی دەکات لە ڕووی قورئان و سوننەت و سەلماندنی ئەوەی کەوا قورئان وەحی و سروشە، ئینجا پەیوەندی نێوان قورئان و سوننەت ڕووندەکاتەوە، پاشان دێتە سەر باسکردن و سەرهەڵدانی سەرەتای ئەم بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانە، پاشان وەڵامی ئەو بەڵگانە دەداتەوە کە بانگەشەکارانی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان باسیانکردوون، بۆ پشتگیریکردنی دروستی بۆچوونەکەیان، ئینجا هەولیداوە ئەو بەڵگانە وەڵامبداتەوە و هەموو گومانەکان بڕەوێنێتەوە، هەروەها باسی ئەوەشی کردووە، کە ئەم بابەتە لەلای شیعەکان گرنگی زۆری هەیە و ئەوان زۆر جەختیان لەسەری کردووەتەوە.

بۆ سەلماندنی حوجیەتی سوننەت، دکتۆر ئیسماعیل کۆمەڵێك بەڵگە دەهێنێتەوە لە قورئان و سوننەت و وتەی زانایان لەوانە: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِكْرَ لِتُبَيِنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٤٤)، هەروەها ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ

وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء: ٥٩)، یاخود ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الاحزاب: ٢١). هەروەها بە دەیان ئایەتی تریش کە بەڵگەن لەسەر واجبیەتی گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و شوێنکەوتنی فەرمایشتە پیرۆزەکانی.

لە فەرموودەشدا بەڵگەی بەو فەرموودەیە هێناوەتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: "يُوشِكُ الرَّجُلُ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ يُحَدَّثُ بِحَدِيثٍ مِنْ حَدِيثِي فَيَقُولُ: بَيْنَنَا وبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللَّهِ عَزَّ وجَلَّ، فمَا وجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَلالٍ اسْتَحْلَلْنَاهُ، ومَا وجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَرَامٍ حَرَّمْنَاهُ، أَلا وإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللَّهِ مِثْلُ مَا حَرَّمَ اللهُ"[1]. هەروەها پشتی بە وتە و کۆدەنگی زانایان بەستووە لەسەر پێویستیەتی و حوجیەتی سوننەت لە هەموو بوارەکاندا و ڕەتکردنەوەی گومان و ڕەخنەکان لەسەر فەرموودەکان[2].

بەکورتی، دکتۆر ئیسماعیل مەیمەنی بە پشتبەستن بەو ئایەت و فەرموودانەی باس لە حوجیەتی سوننەت دەکەن و هەڕەشەی وەلانانی سوننەت دەکەن، پشتی بەستووە و بەڵگەی هێناوەتەوە بۆ حوجیەتی سوننەت و نادروستی بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، هەروەها ئەو بەهۆی کۆمەڵێك بەڵگە و وتەی زانایان باس لە سەربەخۆیی سوننەت دەکات لە لایەنی تەشریع و سابتکردنی حوکمی تازە کەوا لە قورئاندا باسنەکراون، هەمان پۆلێنی زانایانی پێشین باسدەکات کە سوننەت بە نیسبەت قورئانەوە سێ جۆرە، بەشێکی ئەوەی کە لە قورئاندا هەیە، بەشێکی تری کە ڕوونکەرەوەی قورئانە، بەشێکیشی کە ئەحکامی

---

[1] مسند أحمد (٢٤/ ٤١٠٤)، برقم (١٧١٧٤). سنن أبي داود، باب لزوم السنة (٧/ ١٣)، برقم (٤٦٠٤)، وقال محقق الكتاب عبد القادر الأرناؤوط: سنده صحيح. سنن الترمذي، باب ما نهي عنه أن يقال عند حديث النبي (٤/ ٣٣٥)، برقم (٢٦٦٤). سنن ابن ماجه (١/ ٩).

[2] شبهة عرض السنة علي القرآن، د. إسماعيل الميمني (٢٣).

نویێ بەیان دەکات کە لە قورئاندا باسنەکراوە، بەهەمان شێوە لە ڕێگەی قورئان و فەرموودە و قسەی زانایان هەوڵیداوە ڕەخنە لە بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان بگرێت و کۆی گومان و قسەی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان هەیە و پشتگیری دەکەن، ڕەت بکاتەوە[1].

هەروەها ئەو لە ڕێگەی هێنان و گواستنەوەی وتەی فەرموودەناساندا قسەی لەسەر هەموو ئەو ڕیوایەتانەی باس لە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان دەکەن کردووە و پێیوایە هەموو ڕیوایەتەکان و گێڕانەوەکان و هەڵبەستراو و لاوازن و هیچیان بنەمایەکی ڕاستیان نیە، بەڵکو پێچەوانەکەیان لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، هەروەها وەڵامی ئەو ئایەت و فەرموودانەشی داوەتەوە کەوا زانا و توێژەران بەکاریان هێناون بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ دروستی و ڕاستیەتی بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانی پیرۆز لە ڕێگەی باسکردنی وتە و تەفسیری موفەسیرەکان بۆ ئەو ئایەتانە.

دکتۆر ئیسماعیل دەڵێت ئەم حەرەکە و بزووتنەوە ناحەز و دژ بە سوننەتانە، مێژووەکەیان کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدەی دووەمی کۆچی کە لەوێوە کۆمەڵێك ویستوویانە و هەوڵی تانەدان لە فەرموودەیان داوە و زانایان وەڵامیان داونەتەوە. دکتۆر ئیسماعیل پێیوایە وروژاندنی ئەم بابەتانە نیەت و دەستی خراپی لە پشتەوەیە و دەیانەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی گومان لەسەر فەرموودەکان هەوڵی گومان دروستکردن و دوورخستنەوەی کۆی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بدەن لە ژیانی موسڵمانان و دواتر بە ئاسانی لایەنی دینداری و موسڵمانەتیان لەبەرچاو بخەن.

---

[1] شبهة عرض السنة علي القرآن – عرض ونقد –، د. إسماعيل الميمني.

**ڕوونکردنەوەی بۆچوونی ڕاست و دروست بۆ بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان:**

دوای ئەوەی باسی مانا و مەبەست بە بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئانمان کرد، هەروەها بۆچوونی بەشێك لە هاوەڵان و فەرموودەناس و شەرعزانەکان (فوقەهاکان) و بەشێك لە زانایانی ترمان لە کۆن و نوێدا باسکرد، ئێستا کاتی ئەوەیە سەرنج و بۆچوون و قسەی بەهێزو راجیح لەم بابەتەدا بخەینەڕوو.

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین ئەم قسە توندانەی زانایانی فەرموودەناس لەسەر بابەتی بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان، بەرەنجامی تێگەیشتنی ئەوانە بۆ ئەم بابەتە، ئەوان پێیانوایە ئەم بابەتە مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو فەرموودە ئاحادانەیە کەوا لە قورئاندا باسنەکراون، لەکاتێکدا بەشی زۆری ئەحکام بە فەرموودەی ئاحاد جێگیر بوون کە لە قورئاندا نەهاتوون، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ڕەتکردنەوەی بەشێکی زۆری فەرمووده و ئەحکامە وەرگیراوەکان لە فەرمووده..

بەڵام ئەم تێگەیشتنە ورد و دەقیق نیە، چونکە فوقەهاکانی مەزهەبی حەنەفی و مەزهەبی ئیمامی مالیکیش فەرمووده ڕەتناکەنەوە، بەڵکو بەتەواوی پشت بە فەرمووده دەبەستن و ئەحکامی لێوەردەگرن، لەکاتێکدا کە ئەوانیش ئەم پێوەرە بەکاردەهێنن بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ فەرموودەدا، ئەم بۆچوونەی فەرموودەناسەکان ڕاستە بۆ ناحەزانی سوننە لە کۆن و نوێدا، کەم بابەتانەو هاوشێوەکانی دەکەن بە بیانوو بۆ ڕەتکردنەوەی سوننەت، بۆیە ئەو ڕەتکردنەوەیەی فەرموودەناسەکان بۆ ڕێگرییکردن بووە لە ناحەز و دوژمنانی سوننەت.

لەڕاستیدا ئەو زانا و شەرعزانە ڕاستەقینانەی کە داوای بەراوردکردنی فەرمووده بە قورئان دەکەن چ لە حەنەفیەکان و چ ئەوانەی ئەم سەردەمەش، ئەم بابەتە ناکەن بە هۆکارێك بۆ ڕەتکرنەوەی فەرمووده و ئیکتیفاکردن بە قورئان، بەڵکو ئەوان دەڵێن قورئان و فەرموودەی موتەواتیر و مەشهوور، ئەصڵ و بنچینەن و کێشەیان لەسەر نیە، بەڵام کێشەکە لە هەندێك فەرمووده و ڕیوایەتی ئاحادە، کە پێچەوانەوەی قورئانن و ناتوانرێت لەگەڵ دەقە قورئانیەکاندا تەوافوقیان پێ بکرێت، بۆیە لەم کاتەدا پێویستە

دەقە قورئانیەکان پێش بخرێن بەسەر فەرموودە ئاحادەکاندا، چونکە قورئان قەتعیە و ڕیوایات جێی گومانن لە ڕووی گێڕانەوەدا، ئەمە واتای تەواوی بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئانە لای زۆرێك لەو زانا و فەقیهانەی بانگەشەی بۆ دەکەن و پشتگیریی دەکەن[1]. ئەمەش کەوا هەندێك گرووپ و ناحەز بە سوننەت ئەم بابەتە بەکاردێنن بۆ تانەدان لە سوننەت و بانگەشەکردن بۆ ئیکتیفاکردن بە قورئانی پیرۆز، ئەوە زانایانی ئیسلام لێیان بەرین و هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئەم سەردەمەش وەڵامیان داونەتەوە و حوجیەتبوونی سوننەتیان سەلماندووە و باسیان لە گرنگی سوننەت کردووە بۆ هەموو لایەنەکانی ئیسلام، وەك بیروباوەڕ و ئەخلاق و ئەحکامە فیقهیەکان و.... هتد.

بێگومان هەموو ئەو ڕیوایەتانەی باس لە پێویستی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان دەکەن، لاوازن و هیچیان لە ڕێگەیەکی دروستەوە نەهاتوون و فەرموودەناسەکان هەموو ڕیوایەتەکانیان ڕەتکردووەتەوە. شەرعزانەکان بەتایبەتی حەنەفیەکان، ئەم پێوەرەیان بەکارهێناوە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیوایەتدا، بەهەمان شێوەش ئیمامی مالیك لە زۆر شوێندا بەکاری هێناوە، دواتریش ئیمامی شاتیبی زۆرتر قسەی لەسەر ئەم بابەتە کردووە و پێیوایە ئوصولی سوننەت لە قورئانی پیرۆزدا هەیە و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەم ئوصوڵە قورئانیانە و ئینجا حوکم لەسەر ڕیوایەتەکان بدەین. بە بۆچوونی بەندە، ئەم بابەتە ئەگەر وەك خۆی و لە کات و شوێنی گونجاودا، واتە لە کاتی بوونی کێشە لەسەر ڕیوایەتێك، کێشە دروستناکات و بەڵکو پێوەرێکی گرنگە بۆ زانینی دروستی و ڕاستی هەندێك لەو ڕیوایەتانەی کێشەیان لەسەرە، هەروەها پێویستە زانایان و ئەهلی فەرموودە بەتایبەتی گومانەکان بڕەوێننەوە لەسەر ئەم پێوەرە و لە کات و شوێنی پێویست بەکاری بێنن، بۆ ئەوەی هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم دوژمنان و ناحەزانی سوننەتدا نەهێڵنەوە کە تیایدا گومان دروستبکەن.

---

[1] مقاييس نقد متون السنة، الدميني (٣٠٠– ٣٠٤).

# کۆتایی

بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان، بابەتێکی گرنگ و بەسوودە بۆ بواری مامەڵەکردن و حوکمدان لەسەر ڕیوایەت و فەرموودەکان لە کاتی بوونی کێشە و مشتومڕ لەسەر ڕیوایەتەکان، بەو مەرجەی ئەم بابەتە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت بەبێ زیادەڕەوی و کەمڕەوی. بەشێکی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە کاتی بوونی کێشە و ڕاجیایی لەسەر ڕیوایەت و فەرموودەکاندا، بەم بنەمایەیان بەکارهێناوە، ئەمەش وەك ئەوەی ئەم بابەتە بنەمایەکە بۆ کاتی بوونی کێشە و ناکۆکی نەك ئەوەی بنەمایەکی مولزەم بێت و پێویست بێت بەردەوام بەکاربهێنرێت، بۆ ئەمەش چەندین نموونە هەیە کە هاوەڵان ئەم پێوەرەیان بەکارهێناوە.

بەشێك لە ناحەزان و دوژمنانی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەوڵیانداوە ئەم بابەتە لە ڕێگە و مەساری ڕاستی خۆیدا لابدەن و بەکاری بهێنن بۆ بانگەشەکردن و داوا کردن بۆ ئیکتیفاکردن بە قورئانی پیرۆز و وازهێنان لە سوننەت. فەرموودەناسەکان دژایەتی ئەم میتۆدەیان کردووە بەهۆی ئەوەی کەسانێك بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست و بە مەبەستی دژایەتیکردنی کۆی فەرموودەکان بەکاریان هێناوە، بۆیە زانایانی فەرموودەش ئەم بابەتەیان بە تەواوی ڕەتکردووەتەوە و تانەیان لێداوە. زانایانی مەزهەبی حەنەفی و ئیمامی مالیك و ئیمامی شاتیبی و بەشێکی تری زانایانیش، ئەم میتۆدەیان بەکارهێناوە و داوای بەکارهێنانی ئەم پێوەرەیان کردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیوایەت و فەرموودەکاندا. بابەتی بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان لەلایەن هەندێك لە زانایان و فوقەهاکان تێکەڵکراوە لەگەڵ بابەتی زیادکرن لەسەر دەق (الزيادة على النص)، کە ئەمەش بووەتە هۆی ناڕۆشنبوون و ئاڵۆزتربوونی ئەم بابە.

## سەرچاوەکان


١- ابن حنبل حياته وعصره – آرائه وفقهه، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، د.ط.

٢- أبو حنيفة، حياته وعصره – آرائه وفقهه، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، ط٢، ١٩٤٧م.

٣ـ الإحكام في أصول الأحكام، علي بن أحمد بن سعيد ابن حزم، دار الحديث – القاهرة، ط١، ١٤٠٤هـ.

٤ـ اختلاف الحديث، محمد بن إدريس الشافعي، ت: عامر أحمد، مؤسسة الكتب الثقافية، ط١، ١٩٨٥م.

٥- إشكالية التعامل مع السنة النبوية، د. طه جابر العلواني، المعهد العالمي للفكر الاسلامي – الولايات المتحدة الامريكية، ط١، ٢٠١٤م.

٦- أصول الفقه، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، ط١، ١٩٥٨م.

٧- إعلام الموقعين عن رب العالمين، محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن القيم، ت: محمد عبد السلام إبراهيم، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٩٩١م.

٨- الانتقاء في فضائل الثلاثة الائمة الفقهاء مالك والشافعي وأبي حنيفة – رضي الله عنهم –، أبو عمر يوسف بن عبد الله ابن عبدالبر، دار الكتب العلمية – بيروت.

٩- الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله – صلي الله عليه وسلم – وسننه وأيامه، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم البخاري، ت: محمد زهير بن ناصر، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ.

١٠- جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله ابن عبدالبر، ت: أبو الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي – السعودية، ط١، ١٩٩٤م.

١١ـ حجية السنة، د. عبد الغني عبد الخالق، المعهد العالمي للفكر الإسلامي. دار السعداوي. د.ط.

١٢ـ الحديث النبوي بين الرواية والدراية، السبحاني، مكتبة التوحيد – قم، ط١، ١٣١٩هـ.

١٣- الرد علي سير الأوزاعي، أبو يوسف يعقوب بن إبراهيم، ت: أبو الوفا الأفغاني – رضوان محمد، ط١.

١٤- الرسالة، محمد بن إدريس الشافعي، ت: رفعت فوزي عبد المطلب، دار الوفاء – المنصورة، ط١، ٢٠٠١م.

١٥- السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. مصطفى السباعي، المكتب الإسلامي– دمشق، ط٣، ١٩٨٢م.

١٦- سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد ابن ماجه، ت: شعيب الأرناؤوط وآخرون، دار الرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩م.

١٧- سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير، ت: شعيب الأرناؤوط – محَمَّد كامل قره بللي، دار الرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩م.

١٨- سنن الترمذي، محمد بن عيسى الترمذي، ت: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي – بيروت، ١٩٩٨م.

١٩- الشافعي، حياته وعصره – آرائه وفقهه، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، ط٢، ١٩٧٨م.

٢٠- شبهة عرض السنّة علي القرآن (عرض ونقد)، د. إسماعيل عبد الستار الميمني، بحث منشور علي الانترنيت.

٢١- العلل المتناهية في الأحاديث الواهية، عبد الرحمن بن علي ابن الجوزي، ت: ارشاد الحق الأثري، إدارة العلوم الأثرية – فيصل آباد، ط٢، ١٩٨١م.

٢٢- كشف الخفاء ومزيل الإلباس، إسماعيل بن محمد العجلوني، ت: عبد الحميد بن أحمد، ط١، ٢٠٠١م.

٢٣- مالك، حياته وعصره – آرائه وفقهه، محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، ط٢، ١٩٥٢م.

٢٤- مسند الإمام أحمد بن حنبل، أحمد بن حنبل، ت: شعيب الأرناؤوط وآخرون، مؤسسة الرسالة – بيروت، ط٢، ١٩٩١م.

٢٥ـ المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله، مسلم بن الحجاج، ت: مجموعة من المحققين، دار الجيل – بيروت، ١٣٣٤هـ.

٢٦ـ معالم السنن، حمد بن محمد بن إبراهيم الخطابي، المطبعة العلمية – حلب، ط١، ١٩٣٢م.

٢٧ـ مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، الجامعة الإسلامية – المدينة المنورة، ط٣، ١٩٨٩م.

٢٨ـ مقاييس نقد متون السنة، د. مسفر بن غرم الله الدميني، ط١، ١٩٨٤م، طبعة خاصة بالمؤلف.

٢٩ـ المنار المنيف في الصحيح والضعيف، ت: عبد الفتاح أبو غدة، مكتبة المطبوعات الإسلامية – حلب، ط١، ١٩٧٠م.

٣٠ـ الموافقات، إبراهيم بن موسي الشاطبي، ت: محمد مرابي، مؤسسة الرسالة ناشرون – دمشق، ط١، ٢٠١٣م.

٣١ـ الموضوعات، عبد الرحمن بن علي ابن الجوزي، ت: عبد الرحمن محمد عثمان، المكتبة السلفية – المدينة المنورة، ط١، ١٩٦٦م.

# نووسینەوەی فەرموودەکان لەنێوان
# ڕێگری و ڕێگە پێدانی پەیامبەردا ( دروودی خوای لەسەر )


**عەدنان ساڵح ئیبراهیم**


به تێڕوانین لەو گومانانەی بڵاو دەکرێتەوە لەسەر سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بارەی تێکگیران و ژمارەی فەرموودەکان و ڕاویەکان، بۆتە شتێکی چەسپاو و پێویست بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر سەرهەڵدانی نووسینەوەی فەرموودەکان و قۆناغەکانی کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی.

ڕاست و دروستە کە زۆربەی بڕیارە شەرعییەکان بەتایبەتیش باسە فەرعیەکان، لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەڵدەقوڵێت، بۆیە بە پێویستمزانی وردبینییەك بکەم لە باسی نووسینەوەی فەرموودەکان و سوننەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کە باسێکە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە زووەوە زۆر تانە و تەشەرییان لێ داوە.

## فەرموودەکانی ڕێگری لە نووسینەوەی فەرمووده:

هەندێك لەو فەرموودانەی باس لە ڕێگری نووسینەوەی فەرموودەکان دەکات لەلایەن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). لەناو خەڵك وا بڵاوبووەتەوە کە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) زیاتر لە سەدەیەك گواستراوەتەوە بەبێ نووسینەوە، ئەم گومانە بەردەوام بوو نزیکەی پێنج سەدەی لەدوای یەك، تا دەرکەوتنی (الخطیب البغدادي)[1] و نووسینی پەڕتووکی (تقیید العلم) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گومانەوە و وەڵامدانەوەی زانستی بۆ ئەم بابەتە، بەڵام ئەم بۆچوونە بەردەوام بوو و کاریگەری هەبوو لەسەر بەشێك لە فەرموودەناسان وەکو (أبو طالب المکي[2]، الإمام الذهبي[3]، الحافظ ابن حجر العسقلاني[4] و هەندێکی تر لە زانایان)[5]. ئەمە بەردەوام بوو تاکو ڕۆژهەڵاتناسەکان دەستیانکرد بە گومان دروست کردن بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، بۆیە زۆرترین بێڕێزییان کرد بەرامبەر نووسینەوەی فەرموودەکان، بۆ نموونە بۆچوونی (موير) وایە و دەڵێت: هیچ پەڕتووکێکی کۆکراوە جێی متمانە نیە و نەبووە لە پێش نیوەی سەدەی دووەم.

---

[1] أحمد بن علي بن ثابت البغدادي، أبو بكر، مولده في (غزية) – بصيغة التصغير – منتصف الطريق بين الكوفة ومكة، ومنشأه ووفاته ببغداد (٣٩٢– ٤٦٣هـ). الأعلام للزركلي (١/ ١٧٢).

[2] محمد بن علي بن عطية الحارثي، أبو طالب: واعظ زاهد، فقيه، من أهل الجبل (بين بغداد وواسط) نشأ واشتهر بمكة، وتوفي ببغداد (٣٨٦هـ). الأعلام للزركلي (٦/ ٢٧٤).

[3] محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز الذهبي، حافظ، مؤرخ، علامة محقق. تركمانيّ الأصل، من أهل ميافارقين، مولده ووفاته في دمشق (٦٧٣– ٧٤٨هـ). الأعلام للزركلي (٥/ ٣٢٦).

[4] أحمد بن علي بن محمد بن محمد بن علي بن محمود بن أحمد بن أحمد بن الكناني العسقلاني ثم المصري الشافعي (٧٧٣– ٨٥٢هـ). ذيل طبقات الحفاظ للسيوطي (١/ ٢٥١).

[5] بڕوانە: النهاية في غريب الحديث، ابن الأثير، لسان العرب، ابن منظور، قاموس المحيط، فيروزآبادي، تاج العروس، الزبيدي.

ئیبن حەجەر بۆچوونی وایە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە سەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتووان ڕێکخراو و کۆکراوە نەبووە، بەهۆی دوو هۆکار:

١- لە سەرەتادا قەدەغە کراوە لە هاوەڵەکان نووسینەوەی فەرموودەکان، وەکو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ترسی تێکەڵبوونی لەگەڵ قورئان.

٢- بەهێزیی زاکیرەیان و پێ لەبەرکردنیان، زۆربەیان دەستی نووسینیان نەبووە. سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێکخراوەیی فەرموودەکان و ڕێککاری هاتە کایەوە لە سەردەمی کۆتایی شوێنکەوتووان، لەو کاتەی زانایان بڵاوبوونەوە لە شارەکان و زۆربوونی داهێنراوە ڕوخێنەرەکان لە پەیامی خوا لەلایەن خەواریجەکان و ڕەوافیزەکان و قەدەرییەکان. یەکەم کەس هەڵساوە بە کۆکردنەوەی فەرموودەکان (الربیع بن صبیح) و (سیعد بن أبی عروبة) و هەندێکیتر بوون. لە پەڕتووکەکانیان فەرموودەکانیان بەش بەش و باس باس کرد، تاکو سەرەتای سەردەمی تەبەقەی سێیەم، ئەوان بوون هەڵسان بە کۆکردنەوەی ئەو وەرەقانەی فەرموودەیان تێدا نووسرابوویەوە و لە دیوانێك لە نێوان دوو بەرگدا کۆیان کردەوە و پارێزگارییان لێ کرد لە بەزایەچوونیان.

زەهەبی دەڵێت: لە سەردەمی تەبەقەی چوارەم - مەبەستی سەدەی دووەمی هیجریە - زانایان و پێشەوایانی سەلەف هەڵسان بە دروستکردنی دیوان، بۆ کۆکردنەوە فەرموودەکان تێیدا لەنێوان دوو بەرگدا. لە سەردەمی (هارون الرشید) نووسینەوە و کۆکردنەوە زۆر بوو، لە زۆربەی زانستەکان بووە هۆی ئەوەی زانایان پشت ببەستن بە پەڕتووکەکان، بەڵام سەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتووان وا نەبوو، زانست لە سینەدا بوو، سینەیان خەزێنە بوو بۆ زانست (ڕەزای خوایان لەسەر بێت). ئەگەر بە وردی سەیری وتەکانی ئەم زانایانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت هەڵەتێگەیشتنێك هەیە لە باسەکە، بەتایبەتی لە وشەکانی (تدوین، تصنیف، تألیف)یان بەکارهێناوە، کە ئەمانە لە ڕووی زمانەوانی و بەکارهێنانیان،

ئەوەمان پێ دەبەخشن، کە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك وەرەقەی نووسراو لە نێوان دوو بەرگدا، نەوەك بڵێین فەرموودەکان نەنووسراونەتەوە لە پێشدا.

هەروەها (د. محمد عجاج الخطيب)[1] لە زانایانی سەردەم، دەڵێت: "صەحیفەی هەممامی کوڕی مونەبیهـ[2] گرنگییەکی مێژوویی زۆری بۆ کۆکردنەوە و زوو نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و بەڵگەیەکی بەهێزە، کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە زووەوە نووسراونەتەوە، ئەم هەڵەیە ڕاست دەکاتەوە، کە دەڵێن سەرەتای سەرهەڵدانی نووسینەوەی فەرموودەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی (٢ك).

هەروەها (د. نور الدين عتر)[3] دەڵێت: نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ڕێکخراوەیی لەنێوان سالانی (١٢٠– ١٣٠ك) هەبووە، بە بەڵگەی ئەم پەڕتووکانە نووسراوبوون و لەبەردەستدا بوون، کە ئەمانەن:

١– جامع هشام بن حسان (ت: ١٤٨ك).

٢– جامع ابن جريج (ت: ١٥٠ك).

٣– جامع معمر بن راشد (ت: ١٥٤).

٤– جامع سفيان الثوري (ت: ١٦١).

چەندان بەڵگەی تر هەن کە دەیسەلمێنن نووسینەوەی فەرموودەکان هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تاکو سەردەمی زێڕینی پێشەوایان بوخاری و موسلیمدا بوون.

---

[1] أصول الحديث ومصطلحه (١٣٠).

[2] هەممامی کوڕی مونەبیهـ یەکێکە لە قوتابییە دیارەکانی ئەبو هورەیرە لە ساڵی (٤٠ك) لەدایکبووە، زۆربەی فەرموودە نووسراوەکانی لە ئەبو هورەیرە وەرگرتووە، ئەم پەڕتووکە لەلایەن (د. محمد عبيد الله) دۆزراوەتەوە، لە دوو دەستنووس (مخطوطة) لە دیمەشق و بەرلین.

[3] منهج النقد في علوم الحديث (٤٦٤).

(جولدسـهیر) باسـێکی تایبـەتی کـردووە لـە لێکۆڵینـەوەکانی سـەبارەت بـە نووسـینەوەی فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خـوا لەلاپـەڕە (١٠– ١٢)، کۆمـەڵێك لـە بەسەرهات باس دەکات کە ئاماژەن بـۆ هەنـدێك لـەم دەستنووسـانەی لـە زەمـەنی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) نووسـراون، بـەڵام دواتـر دەکەوێتـە شێواندنیان و گومان بۆ دروستکردنیان[1].

تێگەیشـتنی هەڵـە لـە کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتنی فـەرموودەکان لەلایـەن فەرموودەناسان، جیاوازیی هەیە لە نێوان (الكتابة) واتە نووسـین و (التـدوین) واتـە کۆکردنـەوە و (التصـنیف) واتـە ڕێکخسـتن، بۆیـە زانایـەکی وەکـو (Mingana) دەڵێت: نووسینەوەی فەرموودە و تۆمارکردنی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی کۆچی، کـە لەلایـەن بەشـێك لەوانـەی فـەرموودەیان بـە ڕێگـا تەقلیدیـەوە کۆکردۆتـەوە، لـە (مجـامع)[2]دا، بـەڵام زانایـان ڕاوبۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە لـەم بارەیەوە، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار:

١– ترسان لـەوەی وتـار و وشـەکانی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) وەکو سەنگی خۆی بەرز و شکۆدار هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکرێت لـەو پەڕتووکانـەی کە فەرموودەکانی تێدا نووسراوە پلەی زانستی و مەعریفی خۆیان لەدەست بـدەن، وەکو وتەی ئاسایی خەڵك سەیر بکرێن[3].

٢– قەدەغـەکردنی نووسـینەوەی فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەر) لـە سـەرەتادا، بـەهۆی ئـەوەی تێکـەڵ نـەبێت لەگـەڵ قورئـان و تـێکگیران

---

[1] علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي إبراهيم الصالح (٣٤).

[2] وشـەی (مجـامع) لـە (مخطوطـات)دا بـەکاردێت بـۆ ئـەو بابەتگەلـەی کـە بەیەکـەوە کۆدەکرێنـەوە لـە پەڕتووکێدا کە ڕەنگە پەیوەندیشیان بە یەکەوە نەبێت.

[3] التوثيق المبكر، ك دلزار (٢٢٥).

دروست نەبێت لە نێوان دەقەکان، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی وردو پێویست ئەنجام نەدرابوو بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودە[1].

٣- ترسان لە گومڕابوونی خەڵك، یاخود شوێن پێ هەڵگرتنی خەڵکانی پێشوو، لە نووسینەوەی پەڕتووکە ئاینییەکان و شێواندنیان[2].

هەروەها شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزا و شوێنکەوتووانی بۆچوونیان وایە بەڵگەکانی قەدەغەکردنی نووسینەوە لە دوایی ڕێگەدان بە نووسینەوە هاتووە[3].

بەڵگەکانی بیردۆزی قەدەغەکردنی نووسینەوەی فەرموودەکان لە بەشی پێشوودا، ئاماژەمان کرد بە هەندێك لەم تێگەیشتنە هەڵەیەی کە دەڵێت نزیکەی سەدەیەك گواستنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە سەرزارەکی بووە، دواتر دەستکراوە بە کۆکردنەوەی، بۆیە چەند بنەمایەك هەن کە هەڵگرانی ئەم بیردۆزەیە نکۆڵی لێ دەکەن، پاڵپشتی بۆ بیردۆزەکەیان، هەندێك زاراوەیان ئاماژەیان پێ کردووە، بەڵام بەهەڵەداچوونێك هەیە لە واتاکانیان لە ڕووی زمانەوانی و بەکارهێنانیان وەکو وشەکانی (صحيفة، نسخة، دفتر، لوح)، هەر یەکێك لەم زاراوانە و هاوشێوەکانی، مانا و مەغزای تایبەتی خۆیان هەیە و هەبووە، بۆ نموونە وشەی (الصحيفة) وا لێکدراوەتەوە کە مانای یەك پەڕە دەگەیەنێت، بەڵام کاتێك باسی (الصحيفة الصادقة) دەکرێت، نووسراوی دەستی هاوەڵی بەڕێز عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصە، کە نزیکەی (٥٠٠) تا (١٠٠٠) فەرموودەی تێدا نووسراوە و دەڵێت هەموویانم لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) گوێ لێ بووە، نێوانی من و کەسێکی تر نەبووە[4].

---

[1] تقييد العلم، الخطيب البغدادي (ص٥٧).

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە (٢١٥).

[4] السنة قبل تنوين (٣/ ٢٤٦).

**بنەماكان ئەمانەن:**

١– قەدەغـەكردنی نووسـینەوەی فـەرموودەكان لەلایـەن خـودی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر).

٢– سووتاندنی هەندێك لەم پەڕتووكانەی فەرموودەكانی تێدا نووسراوەتەوە.

٣– تێنەگەیشتنی تەواو بۆ هەندێك لە زاراوەكان و وتەی زانایان وەكو صەحیفە و نوسخە و دەفتەر و لەوح... هتد.

٤– تێڕوانینی جیاواز بۆ سەردەمی نەفامی و سەردەمی حوكمڕانی ئەمەوییەكان و ڕەخنـەگرتنێكی بـێ بنـەما و هێرشـكردنە سـەر هـەردوو سـەردەمی نـەفامی و ئەمەوییەكان، وا گومان دەبەن كە سەردەمی نەفامی پێش هاتنی ئیسلام سەردەمی تـاریكی و پاشـاگەردانی بـووە، دوور بـووە لـە هـەموو بزوێنـەرێكی ڕۆشـەنبیری و كۆمەڵایەتی، بەڵام كاتێك سەیری پەڕتووكی (فتوح البلدان)[1] بكەین چەندین كەسی باس كردووە لەوانەی خوێندنەوە و نووسینەوەیان زانیوە لەم سەردەمەدا[2].

ئەمـە بەدەرلـەوەی كـە مەككـە بنكەیـەكی بازرگـانی و ئـایینی بـووە لـە سـاڵی (٣٥٠ز)، ئاساییە ئامـاژە بێـت بـۆ كۆكـەرەوەی ڕۆشـنبیران و بیرمەنـدان، هـەروەها لەگەڵ هەبوونی چەندان دەقی ئایینی لـە تـەورات و ئینجیـل و پەڕتوكـەكانی (أهـل الحنفیة والصابئة)[3].

سـەبارەت بـە سـەردەمی ئەمەوییـەكان بەداخـەوە بەشـێك لـە مێژوونووسـان و زانایان بە هۆكاری سیاسی، دژ بوونە بە دەستكەوتەكانی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە زانایەكی وەكو (جاحظ) دەڵێت، دەوڵەتی عەبباسییەكان فارسـییە و خوراسـانییە،

[1] البلاذري (٣/ ٥٨٠).

[2] دلائل التوثيق المبكر للسنة والحديث، د. امتياز أحمد (٢٣٨).

[3] بڕوانە: مقدمة ابن خلدون، فتوح البلدان، العقد الفريد.

بەڵام دەوڵـەتی ئەمەوییـەکان عەرەبییـە و دەشـتەکییە و خێڵەکییـە[1]. ئاشکراشـە بەشـێك لــە فەرموودەناســان و زانایــان لــە ســەردەمی عەبباســییەکان ئــازار و ئەشکەنجەدران، وەکو پێشەوا ئەبو حەنیفە زیندانی کرا، پێشەوا مالیك جەلدەی لێ درا، وە چەندانی تر لە زانایان و لە خواترسەکان.

لێـرەدا پرسـیارێك بکرێـت: (ئایـا قەدەغـەکردنی فـەرموودەکان لـە سـەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕێگەپێدراو بووە، یاخود قەدەغـەکراو بـووە؟ لـە وەڵامدا دەتوانین بڵێین: تێکگیرانێك بـە دی دەکرێـت لـە فـەرموودەکان، بۆیـە ئـەم پەڕتووکانە لـەم بارەیـەوە نووسـراون، بـەراوردی فـەرموودەکانیان کـردووە، بـەڵام ئەمەی گرنگە لەم باسە یاساکانی فەرموودەناسانە لە بڕیاردان لەسەر فەرموودەکان و هۆی دابەزینی فەرموودەکان.

ئێمـەش بەڵگـەکانی هـەردوو بۆچـوونەکە دەخەینـەڕوو و هەڵسـەنگاندنیان بـۆ دەکەین، ئەو هاوەڵانەی زۆرتر باس دەکـرێن کـە پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسەر) قەدەغەی کردوون لە نووسینەوەی فەرموودەکان، فەرموودەکانیان دروست و تەواون بریتین لە (أبو سعيد الخـدري)[2] و (أبـو هريـرة)[3] و (زيـد بـن ثابـت)[4] و (معاذ بن جبل)[5] (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموودەکان ئەمانەن:

---

[1] رسائل الجاحظ المحفوظة بدار الكتب المصرية، تحت رقم (٢٨٥٥) والتي نشرت بكتـاب صـدر عـام ١٩٤٦ بعنوان (رأى أبي عثمان عمرو بن بحر الجاحظ في معاوية والأمويين).

[2] سعد بْن مالك بْن سنان بْن عبيد بْن ثعلبة بْن الأبجر، وهو مشهور بكنيته، من مشـهوري الصـحابة وفضـلائهم، وهو من المكثرين من الرواية عنه، روى عنه من الصحابة: جابر، وزيد بن ثابت، وابن عباس، وأنس، وابـن عمـر، وابن الزبير. المتوفى (٧٤هـ) يَوْم الجمعة، ودفن بالبقيع. أسد الغابة، ابن الأثير (٢/ ٢١٣).

[3] عَبْدُ الرَّحْمَنِ بنُ صَخْرٍ، الإِمَامُ،الحَافِظُ، صَاحِبُ رَسُوْلِ اللهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – أَبُو هُرَيْـرَةَ الدَّوْسِـيُّ، اليَمَانِيُّ، سَيِّدُ الحُفَّاظِ الأَثْبَاتِ. (ت: ٥٧هـ). سير أعلام النبلاء، الذهبي (٢/ ٥٧٨).

[4] معاذ بنُ جَبَلِ بنِ عَمْرِو بنِ أَوْسٍ الأَنْصَارِيُّ الخَزْرَجِيُّ، المَدَنِيُّ، البَدْرِيُّ، شَهِدَ العَقَبَةَ شَابّاً أَمْرَدَ، أعلم الأمـة بالحلال والحرام (ت: ١٨هـ) عن عمر ٣٨ سنة. سير أعلام النبلاء، الذهبي (١/ ٤٤٣).

[5] صحيح مسلم (٤/ ٢٢٩٨)، رقم الحديث (٣٠٠٤).

١. عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ قَالَ: " لا تَكْتُبُوا عَنِّي، وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ، وَحَدِّثُوا عَنِّي، وَلا حَرَجَ، وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ – قَالَ هَمَّامٌ: أَحْسِبُهُ قَالَ – مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ"[٤].

لەم فەرموودەیەدا ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی وتەکانی من مەنووسنەوە، هەرشتێکتان بێجگە لە قورئان نووسیوەتەوە بیسڕنەوە... هتد. قورتوبی دەڵێ: "قەدەغەکردنی نووسینەوەی فەرموودەکان لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودری، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوەڵان واز لە پێ لەبەرکردن نەهێنن و پشت ببەستن بە پەڕتووك و نووسراوەکان"[١].

٢. عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: كُنَّا قُعُودًا نَكْتُبُ مَا نَسْمَعُ مِنَ النَّبِيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فَخَرَجَ عَلَيْنَا، فَقَالَ: "مَا هَذَا تَكْتُبُونَ؟" فَقُلْنَا: مَا نَسْمَعُ مِنْكَ، فَقَالَ: "أَكِتَابٌ مَعَ كِتَابِ اللهِ؟" فَقُلْنَا: مَا نَسْمَعُ، فَقَالَ: "أَكِتَابٌ غَيْرُ كِتَابِ اللهِ امْحِضُوا كِتَابَ اللهِ، وَأَخْلِصُوهُ". قَالَ: فَجَمَعْنَا مَا كَتَبْنَا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، ثُمَّ أَحْرَقْنَاهُ بِالنَّارِ، قُلْنَا: أَيْ رَسُولَ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ أَنَتَحَدَّثُ عَنْكَ؟ قَالَ: "نَعَمْ تَحَدَّثُوا عَنِّي وَلا حَرَجَ، وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَه مِنَ النَّارِ". قَالَ: فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ أَنَتَحَدَّثُ عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ؟ قَالَ: "عَمْ، تَحَدَّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا حَرَجَ، فَإِنَّكُمْ لا تَحَدَّثُونَ عَنْهُمْ بِشَيْءٍ إِلا وَقَدْ كَانَ فِيهِمْ أَعْجَبَ مِنْهُ"[٢].

ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئێمە خەریکی نووسینەوەی فەرموودەکان بووین کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەسەر ئێمەدا خوێندبوویەوە، کاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەیری کردین فەرمووی ئەوە چی دەنووسنەوە؟ گوتمان:

---

[١] المفهم لما اشكل من تلخيص مسلم (٣/ ٣٥٩).

[٢] مسند أحمد (١٧/ ١٥٦)، رقم الحديث (١١٠٩٢).

ئەوەی لە تۆمان بیستووە. فەرمووی: پەڕتووکێك هاوشان دەکەن لەگەڵ پەڕتووکی خـودا! ! گوتمـان: تـەنها ئەوانـەی بیسـتوومانە. دووبـارە فـەرمووی: پـەڕتووکێك هاوشان دەکەن لەگـەڵ پـەڕتووکی خـودا! ! پاکبکەنـەوە پـەڕتووکی خـودا. دواتـر فەرمووده نووسراوەکانمان کۆکردەوە و لەناومان بردن بە سـووتان.. ئـیبن کەسـیر دەڵێت: "ڕێگری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ ئەوە بووە کە لە یەك پەڕاو و شـوێندا قورئـان و فـەرموودەکان بەیەکـەوە نەنووسـرێنەوە و کۆنەکرێنـەوە، تـاکو تێکەڵاوی دروست نەبێت بۆ خوێنەر"[1].

٣. عَنْ الْمُطَّلِبِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ: دَخَلَ زَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ عَلَى مُعَاوِيَةَ، فَحَدَّثَـهُ حَـدِيثًا، فَأَمَرَ إِنْسَانًا أَنْ يَكْتُبَ، فَقَالَ زَيْدٌ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ نَهَى أَنْ نَكْتُبَ شَيْئًا مِنْ حَدِيثِهِ، فَمَحَاهُ[2].

موطەلیبی کوڕی عەبدوڵلا دەڵێت: زەیدی کوڕی سـابیت هـات بـۆ لای موعاویـە، فەرموودەیەکی بۆ خوێندەوە، موعاویەش فەرمانی بە کەسێك کرد بۆی بنوسێتەوە، بـەڵام زەیـد فـەرمووی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) قەدەغـەی کـردووە فەرموودەکان بنوسرێنەوە، بۆیە فەرموودەکە سڕایەوە.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بەسەرهاتە بکەین، زیاتر لە بیروبۆچـوونی هاوەڵێـك دەچێت بۆ باسەکە، بەتایبەتیش کە ئەم هاوەڵە یەکێکە لە نووسـەرانی قورئـان لـە سـەردەمی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر)، یـەکێکیش لەوانـەی کۆکـەرەوەی قورئـانن لـە سـەردەمی پێشـەوا ئەبوبـەکر، بەتایبـەتیش کـە باسمـان کـردووە لـە سـەنەدەکەیدا، هـەروەها لـەنێوان خـۆی و پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) لـە فەرموودەکەیدا پچڕان هەیە، ئەوەش زانایان و فەرموودەناسان دەڵێن کار بە وتە و کرداری هاوەڵان دەکرێت، بە سێ مەرج:

---

[1] جامع الأصول في أحاديث الرسول (٨/ ٣٢).

[2] سەرچاوەی پێشوو (٣٥/ ٤٥٦) رقم الحديث ٢١٥٧٨.

أـ دژایەتی دەقێکی قورئان و سوننە نەکات.

ب ـ دەبێت یەکێك بێت لە زیرەکەکان و بلیمەتەکانی هاوەڵان.

ج ـ نابێت تێکگیران هەبێت لەگەڵ وتە و کرداری هاوەڵێکی تر.

بۆیە دەتوانین بڵێین هێز و تین نادادتە باسەکە، کە ڕێگری کردنە لە نووسینەوەی فەرموودەکان لەلایەن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەتایبەتی لە شوێنێکی تر ئەم بەسەرهاتە فەرموودەکەی (وقف)ەو وەستاوە لەسەر هاوەڵێك[1].

٤. قَالَ إِسْحَاقُ: أَخْبَرَنَا عَطَاءُ بْنُ مُسْلِمٍ الْحَلَبِيُّ قَالَ: قُلْتُ لِعَمْرِو بْنِ قَيْسٍ الْمُلائِـيِّ: اكْتُبْ لِي هَذَا الْحَدِيثَ فَقَالَ: لا، إِنَّ إِبْرَاهِيمَ النَّخَعِيَّ قَالَ: لا تَكْتُبُـوا فَتَتَّكِلُـوا، ثُـمَّ قَـالَ إِبْرَاهِيمُ: قَالَ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ ـ رَضِيَ الله عَنْهُ ـ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ وَنَحْنُ نَكْتُبُ شَيْئًا مِنَ الْحَدِيثِ، فَقَالَ: "مَا هَذَا يَا مُعَاذُ؟" قُلْنَا: سَمِعْنَاهُ مِنْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ . قَالَ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "يَكْفِيكُمْ هَذَا الْقُرْآنُ مِمَّا سِوَاهُ، فَمَا كَتَبْنَا شَيْئًا بَعْدُ"[2].

لەم فەرموودەیەدا ئیبراهیمی نەخەعی دەڵێت: موعازی کوڕی جەبەل دەیگوت: ڕۆژێکیان ئێمە هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) دەنووسیەوە، ئەویش فەرمووی: ئەوە چی دەکەی ئەی موعاز؟ گوتمان: ئەوانەی لە ئێوەمان بیستووە دەیاننوسینەوە، فەرمووی: قورئان بەسە بۆ ئێوە، دواتر ئێمە شتێکی ترمان نەنووسیەوە و وازمان هێنا.

٥. هەروەها فەرموودە هاتووە لەلایەن (عبد الله بن عباس) و (عبد الله بن عمر) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) لەسەر ئەم باسە بە باشی دانەناوە بە نووسینەوەی فەرموودەکان، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ وَابْنِ عُمَرَ قَالا: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّـهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – مَعْصُوبًا رَأْسُهُ، فَرَقِيَ الْمِنْبَـرَ فَقَـالَ: "مَـا هَـذِهِ الْكُتُـبُ الَّتِـي

---

[1] بڕوانە: مسند الدارمي (١/ ١٩١).

[2] المطالب العالية بزوائد المسانيد الثمانية، ابن حجر العسقلاني (٣/ ١٠٨) PDF.

يَبْلُغُنِي أَنَّكُمْ تَكْتُبُونَهَا، أَكِتَابٌ مَعَ كِتَابِ اللَّهِ؟ يُوشِكُ أَنْ يَغْضَبَ اللَّهُ لِكِتَابِهِ، فَيُسْرَى عَلَيْهِ لَيْلًا، فَلا يَتْرُكُ فِي وَرَقَةٍ وَلا فِي قَلْبٍ مِنْهُ حَرْفًا إِلا ذَهَبَ بِهِ". فَقَالَ بَعْضُ مَنْ حَضَرَ الْمَجْلِسَ: فَكَيْفَ يَا رَسُولَ اللَّهِ بِالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ؟ قَالَ: "مَنْ أَرَادَ اللَّهَ بِهِ خَيْرًا أَبْقَى فِي قَلْبِهِ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ"[1]. فيه عيسى بن ميمون الواسطي وهو متروك وقد وثقه حماد بن سلمة. وأخرجه الطبراني في الأوسط وقال: لَمْ يَرْوِ هَذَا الْحَدِيثَ عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ إِلا عِيسَى بْنُ مَيْمُونٍ، تَفَرَّدَ بِهِ: شَيْبَانُ[2].

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەڵێن جارێکیان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتە لامان، سەری موبارەکی پێچابوو، سەرکەوتە سەر مینبەر و فەرمووی پێم گەیشتووە کە ئێوە پەڕتووکانێك هەن دەیاننوسنەوە و تۆماریان دەکەن، ئایا داوای پەڕتووکێك دەکەن لەگەڵ قورئاندا...!

بەڵام ئەوەی گرنگە و پێویستە بۆ ئەم بۆچوونە ئاستی فەرموودەکان و قسە و باسە لەسەریان، بێگومان هەڵسەنگاندنیان لە ڕووی سەنەد و دەقەوە و تێگەیشتنی زانایان بۆ دەقەکان دەبێتە هۆی سەنگی ئەم بۆچوونە.

١ـ فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودری لە دوو ڕێگاوە هاتووە:

أ– ڕێگای (همام) لە (زید بن أسلم): زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم فەرموودەیە، ئیبن حەجەر دەڵێت: "هەندێکیان دەڵێن مەعلولە، بەڵام ڕاستیەکەی وەستاوە لەسەر ئەبو سەعید، ئەمەشیان بۆچوونی بوخاری و هەندێکی ترە[3]. ئەبو داود دەڵێت: "فەرموودەیەکی مونکیرە، هەمام هەڵەی کردووە، ئەم فەرموودەیە

---

[1] المطالب العالية بزوائد المسانيد الثمانية، ابن حجر العسقلاني (٣/ ١٠٨) PDF.

[2] المعجم الأوسط/ سليمان بن أحمد أبو القاسم الطبراني (٧/ ٢٨٧)، رقم الحديث (٧٥١٤).

[3] مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، أبو الحسن نور الدين الهيثمي، بتحرير الحافظين الجليلين: العراقي وابن حجر (١/ ١٨٩).

وتـــەی ئـــەبو ســـەعیدی خودرییـــە، نـــەوەك پێغەمبـــەری خـــوا (دروودی خـــوای لەسەر)"[1]،[2].

ب- ڕێگای دووەمی فەرموودەکان لەلایەن (عبدالرحمن بن زید بن أسلم عن أبیه)یە، هیچکام لە فەرموودەکان ڕاست و دروست نین، زاناکان کۆدەنگیان هەیە لەسەری، بۆ نموونە:

- ئەبو یەعلای موصیلی دەڵێت: "گوێم لە یەحیای کوڕی مەعین بوو دەیگوت: نەوەی زەیدی کوڕی ئەسلەم هیچیان لانیە، فەرموودەیان لێ وەرناگیرێت[3].
- بوخاری دەڵێت: "عەلی ئیبن مەدینی، عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی زۆر زۆر بە لاوازی داناوە[4].
- ئیبن حیببان دەڵێت: "هیچ شتێکی لە فەرموودەکان لا نیە و پەسەند نیە"[5].

٢ـ فەرموودەی ئەبو هوریرە لە دوو ڕێگادا هاتووە:

أ- ڕێگای (عن عبد الرحمن بن زید بن أسلم عن أمیة عن عطاء بن یسار عن أبي هریرة): لە فەرموودەی ڕابردوودا باسی (عبد الرحمن بن زید)مان کرد و ڕای زانایان لەسەری، کە چۆنە و چەندە لاوازە و فەرموودەی لێ وەرناگیرێت.

ب- ڕێگای (علي بن سهیل عن أبیه)[6]: زەهەبی دەڵێت ئەم فەرموودەیە مونکەرە، واتە فەرموودە نیە، کاری پێناکرێت.

٣ـ فەرموودەی (زید بن پابت):

---

[1] فتح المنان شرح وتحقیق المسند الجامع للدارمي.

[2] تحفة الأشراف بمعرفة الأطراف، یوسف بن عبد الرحمن المزي (٣/ ٤٠٨).

[3] میزان الاعتدال في نقد الرجال، شمس الدین الذهبي (٢/ ٥٦٤) .

[4] هەمان سەرچاوە.

[5] تذکرة الحفاظ (أطراف أحادیث کتاب المجروحین لابن حبان)، ابن القیسراني (١/ ١٨).

[6] تقیید العلم، الخطیب البغدادي (١٨).

ئەم فەرموودەیەش لە ڕێگای (المطلب عبد الله بن ...) هاتووە: ڕێگای (المطلب بن عبد الله) کە فەرموودەناسەکان قسەیەکی زۆریان هەیە لەسەری، بوخاری دەڵێت: "نەمزانیوە (مطلب بن حنطبي) لە هیچ هاوەڵێك فەرموودەی گێڕابێتەوە و گوێی لێ بووبێت"[1].

ئەبو حاتیم[2] دەڵێت: "بە گشتی فەرموودەکانی (مطلب بن حنطب بن عبد الله) پچڕانی تێدایە لە ڕاویەکان، هیچ یەکێك لە هاوەڵانی نەبینیوە".

٤ ـ فەرموودەی (معاذ بن جبل):

زانایان قسەو باسی زۆریان لەسەر ئەم فەرموودەیەش هەیە: ئیبن حەجەر[3] دەڵێت: "پچڕان هەیە لەنێوان ئیبراهیمی نەخەعی و موعازی کوڕی جەبەل". بوصەیری[4] دەڵێت: "ئەم فەرموودەیە پچڕانی تێدایە".

هەروەها زانایان قسە و باسیان زۆر هەیە لەسەر (عطاء بن مسلم الخفاف)، زیاتر بۆ ئەوە دەچن کە لاواز بێت و تووشی تێکەڵاوی بوو بێت لە فەرموودەکاندا. عوقەیلی[5] دەڵێت: "بەدواداچوون بۆ فەرموودەکانی ناکرێت، هەر بەوەش دەناسرێتەوە". بوخاری[6] دەڵێت: "ناوێکی تریش هەیە بەناوی (عطاء بن مسلم) نایناسم".

ئیبن حیببان دەڵێت: "خەڵکی شامە، پیاوێکی باش بوو، نووسراوەکانی فەوتان، دواتر تێکەڵکردنی دروست بوو لە فەرموودەکانی، هەڵەکانی زۆر بوون و

---

١ جامع التحصيل في أحكام المراسيل، خليل بن كيكلدي بن عبد الله الدمشقي العلائي (١/ ٢٨١).

٢ سەرچاوەی پێشوو، بە کورتی.

٣ المطَالبُ العَاليَةُ بِزَوَائِدِ المسَانيد الثّمَانيَةِ، ابن حجر العسقلاني (١٢/ ٦١٠).

٤ اتحاف الخيرة االمهرة بزوائد المسانيد العشرة، أبو العباس البوصيري الكناني (١/ ٢٤٤).

٥ الضعفاء الكبير، العقيلي (٣/ ٤٠٥).

٦ التأريخ الكبير، أبو عبد الله البخاري (٦/ ٤٧٦).

متمانەی زانایانی لە دەستداو قـەبووڵ نـەبوو لایـان، مەگـەر فـەرموودەکانی لەگـەڵ خاوەن متمانەکان وەردەگیران"[١].

بەڵێ خەتیبی بەغدادی، لە پەڕتووکەکـەی دوو فەصـلی تـەرخانکردووە و چـەند ڕیوایەتێکی لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان گێڕاوەتەوە، بە چـەند ڕێگایـەکی جیـاواز، بـەڵام زۆربـەی ڕیوایەتـەکان لاوازن، بۆیـە شـێخ عەبـدولرەحمان مـوعللا تـاوتوێی ڕیوایەتـەکانیان دەکـات و باسـی لاوازیـەکانیان دەکـات، دواتـر دەڵێـت: "ئەگـەر ڕیوایەتـــەکان ڕاســـت و دروســـت بـــان، ئـــەوە بەڵگـــەبوون بـــۆ نووســـینەوەی فەرموودەکان"[٢].

ئەگـــەر لەســـەر بنـــەماکانی: (جێگیربـــوونی دەق – تێگەیشـــتن لـــە دەق – کارپێکردنی دەق) لێکۆڵینەوە بکەین لە بیردۆزەی ڕێگەپێـدانی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ نووسینەوەی فەرموودەکان، ئەوە قۆناغی یەکەم لە بنەماکان کـە جێگیربـوونی دەقـە لـە فـەرموودەکان لاوازن، تـەنها فـەرموودەی ئـەبو سـەعیدی خودری نەبێت، ئەویش لە تێگەیشـتن لـە دەقەکـە بۆمـان دەردەکەوێـت پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) مەبەستی قەدەغەکردنی یەکجارەکی نـەبووە، وەك زانایـان باسیان کردووە، ترس بووە لە تێکەڵبوون لەگەڵ قورئان، بەتایبەتی ئەو سـەردەمە قورئانی پیرۆز بە تەواوی دانەبەزی بوو. کاتێکیش سەیری هەڵسوکەوتی هـاوەڵان و شوێنکەوتووان دەکەین لەگەڵ ئەم دەقانە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەشـێکی زۆر لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان تێگەیشتوون لـە مەبەسـتی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەر)، باشترین بەڵگەشمان قۆناغەکانی نووسینەوەی فەرموودەکانە، کـە زانایـان دەڵێن بە گشتی بە پێنج قۆناغدا تێپەڕیوە:

أ‌- لە ڕۆژگاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

---

[١] المجروحين، ابن حبان (٢/ ١٣١).

[٢] تدوين السنة، مطر الزهراني (٦٧)، الشاملة.

ب ـ له ڕۆژگاری جێنشینەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر).

ج ـ له ڕۆژگاری شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان.

د ـ نیو سەدەی سێیەمی کۆچی، سەردەمی خاوەنی شەش کتێبە سەحیحەکان.

هـ ـ دوای سەدەی سێیەمی کۆچی، ڕۆژگاری پێشەوایان ئیبن خوزەیمەی نەیسابوری (و: ٣١٨ك)، ئەبو حاتەمی ئیبن حیببان (و: ٣٥٤ك)، ئەبو قاسیم سولەیمانی تەبەری (و: ٣٦٠ك) و عەلی کوڕی عومەری دارەقوتنی (و: ٣٨٥ك)[١].

## فەرموودەکانی ڕێگە پێدان بە نووسینەوەی فەرموودە:

دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ مانەوەی زانیاری لەلایەن مرۆڤەکان، بریتین لە زاخاوی مێشك و نووسین، بەردەوام توێژینەوە کراوە ئاخۆ کامەیان باشترە بۆ پارێزگاریکردن له زانیارییەکان، لەگەڵ هاتنی، ئیسلام گرنگی دا بە خوێندنەوە و پێویستیەکانی. له قورئاندا له چەند شوێنێك وشەکانی (کتاب – کتابة – قرطاس – قلم – مداد – صحف) بێجگە لەوانەش هاتووە و باسکراوە، بۆیە ئاساییە ئەوانەی هەڵگری بیردۆزەی هەبوون و زوو نووسینەوەی فەرموودەکانن، چەندین بەڵگەیان هەبێت له فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بۆیە ئێمەش هەندێك لەم فەرموودانە باس دەکەین:

١. عن أَبِي هُرَيْرَةَ – في قصة فتح مكة – أن رجلاً من أهل اليمن طلب من النبي كتابة الخطبة التي ألقاها في فتح مكة، فقال: فَجَاءَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ فَقَالَ اكْتُبْ لِي يَا رَسُولَ الله. فَقَالَ: "اكْتُبُوا لأَبِي فُلانٍ". فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ: إلا الْإِذْخِرَ يَا رَسُولَ اللهِ، فَإِنَّا نَجْعَلُهُ فِي بُيُوتِنَا وَقُبُورِنَا. فَقَالَ النَّبِيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: "إلا الْإِذْخِرَ

---

١ بڕوانه: تدوين السنة النبوية وتطور التصنيف والتأليف فيها عبر القرون عرض تأريخي موجز، سيد عبد الماجد الغوري.

إِلا الْإِذْخِرَ". قَالَ أَبُو عَبْد اللهِ: يُقَالُ يُقَادُ بِالْقَاف، فَقِيلَ لِأَبِي عَبْدِ اللهِ: أَيُّ شَيْءٍ كَتَبَ لَهُ؟ قَالَ: كَتَبَ لَهُ هَذِهِ الْخُطْبَةَ[1].

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وتارێك پێشکەش دەکات، کەسێك لە خەڵکی یەمەن داوا دەکات ئەم وتارەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆی بنووسرێتەوە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمان دەکات: بنووسنەوە بۆ باوکی فلان[2]. پرسیاریان لە پێشەوا بوخاری کرد چی بوو نووسیانەوە بۆی؟ گوتی ئەم وتارە بوو.

٢. عن عبد الله بن عمرو، قال: كنت أكتب كل شيء أسمعه من رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ، أريد حفظه، فنهتني قريش، فقالوا: إنك تكتب كل شيء تسمعه من رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ، ورسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ بشر يتكلم في الغضب والرضا، فأمسكت عن الكتاب، فذكرت ذلك لرسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ . فقال: "اكتب فوالذي نفسي بيده ما خرج مني إلا حق"[3].

لەم فەرموودەیەدا بە ئاشکراو بە ڕاشکاوی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەمر دەفەرمووێت کە فەرموودەکانی بنووسرێنەوە لە هەموو کاتێکدا. نەوەوی دەڵێت: "ئەم فەرموودانەی باسی لێوە دەکرێت، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگەی نەداوە فەرموودەکانی بنووسنەوە، وەڵامدانەوەیان بەوە دەدرێتەوە کە (نسخ) بوینەوە، بە فەرموودەی ڕێگەپێدان، یاخود ترسان هەبووە لە تێکەڵبوون لەگەڵ قورئان، کاتێك قورئان بڵاوبوویەوە و ناسرا، ترسەکەش نەما،

---

[1] صحيح البخاري (١/٣٣)، رقم (١١٢).

[2] له (صحيح مسلم)دا به فەرموودەی ژمارە (٤٤٧) هاتووە، ئەو کەسە ناوی (أبو شاه) بووە.

[3] مسند الإمام أحمد بن حنبل، رقم الحديث (١١/ ٥٧)، (٦٥١٠).

یاخود ڕێگرییەکی توونـد هەبووە بۆ کەسانێك، کە پـێ لەبـەرکردنیان بـەهێز بـووە، بەڵام ڕێگە نەدراوە بە کەسانێك کە پێ لەبەرکردنیان لاواز بووە[1].

بەڵێ دەتـوانین بڵـێین ئـەم بۆچـوونەی نـەوەوی پێکاویـەتی، بـۆ نموونـە کاتێـك سەیری هاوەڵێکی بەڕێز، زیدی کوڕی سابیت دەکرێت ئاساییە بۆ ئەو نووسینەوەی فەرموودەکان بەهۆی ئەوەی لە فەرموودەی ڕاسـت و دروسـتدا هـاتووە دەڵێـت بـە ماوەیـەکی کـەم فێـری زمـانی سـریانی بـووم و دواتـر مـن نووسـراوی پێغەمبـەرم (دروودی خوای لەسـەر) بـۆ ئـەوان ئاڕاسـتە دەکـرد و نووسـراوەکانی ئەوانیشـم بـۆ پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەخوێنـدەوە و ئـەو فەرموودەیـەی بـاس لـەوە دەکات ڕێگریی کراوە لە زەیدی کوڕی سابت فەرموودە بنووسێتەوە لاواز و بێهیزە، وەکو لە پێشەوە ڕوونمان کردووەتەوە.

هەمان فـەرموودە ئیمـامی حـاکیم باسـی کـردووە و هێناویـەتی، بـەڵام دەڵێـت: "واتە ڕاویەکانی ئەم فەرموودەیە هەموویان جێگای بـاوەڕن، تـەنیا وەلیـدی کـوڕی وەلیدی شامی نەبێت. ئەو وەلیدی کوڕی عەبدوڵڵایە، کەواتـه ئەگـەر ئـەو بـێ ئـەوا لەلای ئیمامی موسلیم جێگای متمانەیە"[2].

له موسنەدی پێشەوا ئەحمەددا هاتووه دەڵێت: "پێشەوا حاکیم بەهەڵەدا چووە کە دەڵێـت ئـەم وەلیـدە (وەلیـدی کـوڕی بـاوکی وەلیـدی شـامیە) و لـە ڕاویـەکانی (موسلیم)ە، ئێمە ڕاویەکمان نیە بەم ناوەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕاوی پەسەند کراو بێت لای پێشـەوا موسـلیم. ئـەم وەلیـدە کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی بـاوکی موغیسـی عەبدەرییە، هـەر وەکـو جـێگیر و سـابت بـووە لای ڕیوایەتەکـەی ئـەبو داود باسـی نەسەبی کردووە بە تەواوی. ئەو وەلیدەی موسلیم ڕیوایەتی کردووە، وەلیدی کوڕی

---

[1] عمدة القاريء شرح صحيح البخاري، بدرالدين العيني (٢/ ١٩٧).

[2] المستدرك على الصحيحين (١/ ١٨٧)، رقم الحديث (٣٥٩).

باوکی وەلیدی مەدەنی قورەیشیە ناوی (مولی عمر)، دەڵێن ناوی عوسمانە و باوکی کوڕی وەلید ناوی عوسمانە، نەوەك عەبدوڵلا"[1].

هەروەها ئەم فەرموودەیە ئیسنادی ڕێك و تەواوە و (عبید الله بن الاخنس) لەلای ئیبن حیببان لە متمانەپێکراوەکانە، بەڵام دەڵێت: زۆر جار هەڵە دەکات، بەڵام ئیمامی ئەحمەد و ئیبن موعین و ئەبو داود و نەسائی بە کەسێکی جێگای متمانەی فەرموودەناسانیان داناوە، هەروەها ئیبن جونەید دەڵێت: ئیبن موعین دەڵێت: شتێکی ئەوتۆی لەسەر باسنەکراوە و ئیبن حیببان زۆر توونده لە باسی (الجرح). زانایان وەڵامیان داوەتەوە لەو کاتەدا بەتایبەتی ئەگەر ئیمامی حاکیم بە تەنیا بێت لە بڕیاردان لەسەر ئەو کەسەیە"[2]. هەروەها وەلیدی شامی نییە کە ئیبن حیببان بۆی چووە، بەڵکو وەلیدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ئەبو موغیسە، وەکو لە ڕیوایەتەکەی پێشەوا ئەبو داوددا هاتووە[3].

٣. حَدَّثَنَا عَمْرٌو، قَالَ: أَخْبَرَنِي وَهْبُ بْنُ مُنَبِّهٍ، عَنْ أَخِيهِ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ، يَقُولُ: "مَا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - أَحَدٌ أَكْثَرَ حَدِيثًا عَنْهُ مِنِّي، إِلا مَا كَانَ مِنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، فَإِنَّهُ كَانَ يَكْتُبُ وَلاَ أَكْتُبُ"[4]. واتە: ئەبو هورەیرە دەڵێت کەس لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموودەیان لە من زیاتر نەگێڕاوەتەوە، تەنیا عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص نەبێت، کە ئەو فەرموودەکانی دەنووسیەوە و من نەمدەنووسیەوە.

هەروەها لە (مسند أحمد)دا هاتووە بە ئیسنادێکی سەحیح[5].

---

١ مسند الإمام أحمد بن حنبل (١١/ ٥٧)، رقم الحديث (٦٥١٠).

٢ كتابة الحديث بين النهي والإذن، أحمد بن محمد بن عبدالله الحميِّد (٣٩).

٣ صحيح وضعيف سنن أبي داود، ناصر الدين الألباني (١/ ٢)، رقم الحديث (٣٦٤٦).

٤ صحيح البخاري (١/ ٣٤).

٥ مسند أحمد، ت: أحمد شاكر (٧/ ١٩٦).

هەروەها لە (معاني الآثار)دا هاتووە[1].

هەروەها لە (المحدث الفاصل)دا هاتووە بە چەند ڕێگایەك[2].

هەروەها لە (تقييد العلم)دا هاتووە[3].

هەر چواریان لە ئیبن ئیسحاقەوە، ئەویش لە عەمری کوڕی شوعەیب، ئەویش لە موجاهید. موغیرەش لە ئەبو هورەیرە گێڕاوەتەوە، لەگەڵ زیادەکەی بەشێك لە فەرموودەکە: (ئەو دەینووسی بەدەستی و تێدەگەیشت بە دڵی، من بە دڵ تێدەگەیشتم، بەڵام بەدەست نەمدەنووسی، داوامان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرد بۆ نووسینەوەی فەرموودەکان، ڕێگای پێدام و لاری نەبووە.

ڕێگای فەرموودەی (عبد الأعلى و إبراهيم بن المغيرة)، باسی موجاهیدی تێدا نییە و بەو جۆرە ئیسنادەکەی (حسن)ە. ئەگەر ئیبن ئیسحاق مودەلەسیش بێت، لەنێوانیان کەسێك هەبێت، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێت گوێم لێ بووە لە گێڕانەوەی ئیبراهیمی کوڕی سەعد[4].

زەهەبی دەڵێت: ئیبراهیمی کوڕی سەعد ئەو ڕاستگۆ و متمانەپێکراو بووە، خاوەنی فەرموودەکان بووە، ئیمامی ئەحمەد متمانەی پێ کردووە و دەڵێت وەکیع ماوەیەك وازی لە فەرموودەکانی ئیبراهیمی کوڕی سەعد هێنا، بەڵام دواتر دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی فەرموودەکانی. یەحیای کوڕی مەعین دەڵێت: متمانەپێکراوە و فەرموودەکانی بەڵگەن، دەشڵێت لەلای من لە ئیبن ئیسحاق باشترە و جێگیرترە، جێگای باوەڕە.

---

[1] شرح معانی الآثار، أبو جعفر الطحاوي (٤/ ٣٢٠).

[2] المحدث الفاصل، الرامهرمزي (١/ ٣٦٨).

[3] تقييد العلم، الخطيب البغدادي (٨٢، ٨٣، ٨٤)، PDF.

[4] كتابة الحديث بين النهي والإذن، أحمد بن محمد بن عبدالله الحميِّد (٤٠). سير أعلام النبلاء، الذهبي (٨/ ٣٠٥).

٤. عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ، قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ فَقَالَ: "تَحَدَّثُوا وَلْيَتَبَوَّأْ مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مَقْعَدَه مِنْ جَهَنَّمَ"، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّا نَسْمَعُ مِنْكَ أَشْيَاءَ فَنَكْتُبُهَا، فَقَالَ: "اكْتُبُوا وَلَا حَرَجَ"[1].

واته: ڕافیعی کوڕی خەدیج دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هات بۆ لای ئێمە، فەرمووی: فەرموودەکانی من باس بکەن و هەر کەسێك درۆ بە زوبانی منەوە بکات، ئەوە شوێنێك بۆ ئەو ئامادەکراوە لە دۆزەخ، گوتم ئەی پێغەمبەر ئێمە هەندێك شتمان لە تۆ گوێبیست دەبین بینووسینەوە؟ فەرمووی: بینووسنەوە گلەیتان لەسەر نابێت.

ڕامهورموزی ئەم فەرموودەیەی هێناوە لە ڕێگای ئیبن موهەفا[2]. ئیبن عەدی ئەم فەرموودەیەی هێناوە لە ڕێگای محەمەدی کوڕی عەمری کوڕی حەنان[3]. هەر پێنجیان لە بەقیە، لە ئیبن سەوبان، لە ئەبو مودریك، لە عەبایەی کوڕی ڕیفاعە، لە ڕافیعی کوڕی خەدیج. ئەم فەرموودەیە بەم ئیسنادە ڕاویەکانی هەموویان جێگای باوەڕ و متمانەن. بەقیەی کوڕی وەلید ئەگەر نادیاریەکیش هەیە لە ڕیوایەتەکەی، بەڵام بە ئاشکرا دیارە بیستوویەتی لە عەبایەی کوڕی ڕافیع، بەڵام ئەبو مودریك نەناسراوە مەگەر ئەوە نەبێ کە زەهەبی گواستوویەتیەوە لە دارەقوتنی گووتویەتی: وازیلێهێنراوە[4]. بەڵام ئەوەی شایانی باسە بگوترێت، زۆربەی ئەوانەی نازناویان ئەبو مودریك لە ڕاویەکان جێگای متمانە و باوەڕپێکراون لەلایەن فەرموودەناسان و زانایان، وەکو کەسیری کوڕی مودریکی ئەشجەعی، ئەبو مودریك،

---

[1] المعجم الكبير للطبراني، ت: حمدي سلفي (٤/ ٢٧٦).

[2] المحدث الفاصل، ت: محمد حجاج الخطيب (١/ ٣٦٩).

[3] الكامل لابن عدي، ت: عادل علي (١/ ٩٧).

[4] كتابة الحديث بين النهي والإباحة (٤٣).

ئـەبو مودریـك ئەلنەخـەعی ئـەلكوفی پیـاوێكی چـاكە، ڕاسـتگۆیە، جێـی متمانەیـە، هەروەها مونیب ئەلئەزدی و ئەبو مودریك ئەلقوڕەشی،... هتد[1].

هـەروەها فەرموودەیـەك هـاتووە لـە سـەحیحی موسـلیمدا كـە پاڵپشـتی و هێـز دەداتە فەرموودەی ڕابردوو، كە ڕافیعی كوڕی خەدیج هەندێك فەرموودەی لایـە كـە لە پێستە نووسرابوون.

٥. عنْ نَافِعِ بْنِ جُبَيْـرٍ، أَنَّ مَـرْوَانَ بْـنَ الْحَكَـمِ، خَطَـبَ النَّـاسَ، فَـذَكَرَ مَكَّـةَ وَأَهْلَهَـا وَحُرْمَتَهَا، وَلَمْ يَذْكُرِ الْمَدِينَةَ وَأَهْلَهَا وَحُرْمَتَهَا، فَنَـادَاهُ رَافِـعُ بْـنُ خَـدِيجٍ، فَقَـالَ: مَـا لِـي أَسْمَعُكَ ذَكَرْتَ مَكَّةَ وَأَهْلَهَا وَحُرْمَتَهَا، وَلَـمْ تَـذْكُرِ الْمَدِينَـةَ وَأَهْلَهَـا وَحُرْمَتَهَـا، وَقَـدْ حَـرَّمَ رَسُولُ اللهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ مَا بَيْنَ لابَتَيْهَا، وَذَلِكَ عِنْـدَنَا فِـي أَدِيـمٍ خَـوْلانِيّ إِنْ شِئْتَ أَقْرَأْتُكَهُ، قَالَ: فَسَكَتَ مَرْوَانُ، ثُمَّ قَالَ: قَدْ سَمِعْتُ بَعْضَ ذَلِكَ"[2].

لەم فەرموودەیەدا مەروانی كوڕی حەكەم باسی گەورەیی شعاری مەككە دەكات، بەڵام باسی شاری مەدینە ناكات، بۆیە نافیعی كوڕی خـەدیج پێـی دەڵـێ: هۆكـاری چیە باسی گەورەیی شاری مەككەت كرد، بـەڵام باسـی گـەورەیی شـاری مەدینـەت نەكرد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) باسی گەورەیی شاری مەدینەشی كردووە لەلای ڕۆژئاواوە تاكو ڕۆژهەڵات، بەڵگەشم بۆ وتەكانم دەستنووسـێكە لـە پێسـتێكی پاككراوەی خەوەلانی، ئەگەر حەز ئەكەی بۆت ئەخوێنمەوە، مـەروان بێـدەنگ بـوو گوتی بەڵێ گوێم لە بەشێكیان بووە[3].

---

[1] بڕوانە: مسند أحمد، ت: أحمد شاكر (١/ ٢٤٠)، عُمْدة القـاري (٢/ ١٦٨)، جـامع المسـانيد والسـنن، ابـن كثير (٨/ ٢٣٦)، تلقيح مفهوم أهل الأثر في عيون تاريخ السير، ابن الجوزي (١/ ٦٧).

[2] صحيح مسلم، رقم (٢/ ٩٩١)، (١٣٦١).

[3] ئەو كات ئەو جۆرە پێستە باشترین جۆری بـووە بـۆ تۆمـاركردن و نووسـین تێیـدا. خـەوەلانی گونـدێك بووە لە نزیك دیمەشق لەناوچووە و نەماوە، گۆڕی ئەبو موسلیمی خەوەلانی لێیە.

٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْمُؤَمَّلِ، عَنْ عَطَاءٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ : "قَيِّدِ الْعِلْمَ" قُلْتُ: وَمَا تَقْيِيدُه؟ قَالَ: "الْكِتَابُ"[1].

لەم فەرموودەیەشدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دوای ئـەوەی عەبـدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص پرسیاری لێ دەکات: ئایا فـەرموودەکان تۆمـار بکـەم و پارێزگاریان لێ بکـەم، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمووی بـەڵێ. گـوتی چۆن؟ فەرمووی بیاننووسەوە.

ئیمامی حـاکیم گێڕاویەتـەوە لـە ئەحمـەدی کـوڕی سـەهل لـە محەمـەدی کـوڕی صـالحی کـوڕی حـەبیب[2]. ئـیبن عەبدولبـەڕیش ئـەم فەرموودەیـەی هێنـاوە لـە محەمەدی کوڕی سینجەر، ئەویش لە سەعیدی کوڕی سولەیمان.[3]

خەطیبی بەغدادیش لە سێ ڕێگاوە ئەم فەرموودەیەی هێناوە:

أ– ئیبن ئەبی مولەیکە ڕیوایەتی کردووە لە ڕێگای محەمـەدی کـوڕی یـەعقوب و ئەبو سەعیدی صەیرەفی.

ب– ئەبوبەکری محەمەدی کوڕی سولەیمانی واسیتی باغەندی.

ج– ئیبن صاعیدی، لە محەمەدی کوڕی یەزیدی ئادەمی.

هـەموویان لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی موئـەمیل. جێگـای ئامـاژە پێکردنـە، زانایـان قسەیان هەیە لەسەری، لە نێوان متمانە و لاوازی، بەڵام ئەلبانی دەڵێت: "زۆرێك لە زانایان متمانەیان پێ کردووە، وا دیارە لاوازیەکی لەلایەنی هێز و بیرەوەیـە نـەوەك خودی کەسایەتی، ئیبن حەجەر لە کۆتایی باسـکردنیدا دەڵێـت ئـەبو عەبـدوڵڵا کـە مەبەستی زەهەبیە، دەڵێت: دەرخکردنی باش نـەبووە، بـەڵام نـەمانزانیوە لەکـەدار

[1] المعجم الأوسط للطبراني، ت: طارق بن عوض وعبد المحسن (١/ ٢٠٩)، رقم (٨٤٨).
[2] المستدرك على الصحيحين، (١/ ١٨٨)، رقم الحديث (٣٦٢).
[3] جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر النمري القرطبي، (١/ ٣١٧).

کرابێت لەلایەنی دادپەروەریەکەی، بۆیە فەرموودەکە بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی (صحیح لغیره)"[١].

٧. عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ، قَالَ: قُلْتُ لِعَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ: هَلْ عِنْدَكُمْ كِتَابٌ؟ قَالَ: "لاَ، إِلا كِتَابُ اللَّهِ، أَوْ فَهْمٌ أُعْطِيَهُ رَجُلٌ مُسْلِمٌ، أَوْ مَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ. قَالَ: قُلْتُ: فَمَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ؟ قَالَ: العَقْلُ، وَفَكَاكُ الأَسِيرِ، وَلاَ يُقْتَلُ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ"[٢].

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کاتێك پرسیار لە گەورەمان عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەکرێت، لە وەڵامدا دەڵێت بەڵێ لەگەڵ هەبوونی قورئان ئەم (الصحیفة)[٣] هەیە کە چەندان باس و بڕیاری شەرعی لەخۆگرتووە. لە سەحیحی بوخاریدا زیاتر لە جارێك ئەم فەرموودەیەی بە ڕێگای جیاواز لە گەورەمان عەلی کوڕی ئەبو تالیب گێڕاوەتەوە و باسی زیاتری تێدا کراوە.

٨. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: لَمَّا اشْتَدَّ بِالنَّبِيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ وَجَعُهُ قَالَ: "ائْتُونِي بِكِتَابٍ أَكْتُبْ لَكُمْ كِتَابًا لاَ تَضِلُّوا بَعْدَهُ". قَالَ عُمَرُ إِنَّ النَّبِيَّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ غَلَبَهُ الوَجَعُ، وَعِنْدَنَا كِتَابُ اللَّهِ حَسْبُنَا. فَاخْتَلَفُوا وَكَثُرَ اللَّغَطُ، قَالَ: "قُومُوا عَنِّي، وَلاَ يَنْبَغِي عِنْدِي التَّنَازُعُ". فَخَرَجَ ابْنُ عَبَّاسٍ يَقُولُ: "إِنَّ الرَّزِيَّةَ كُلَّ الرَّزِيَّةِ، مَا حَالَ بَيْنَ رَسُولِ اللَّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ وَبَيْنَ كِتَابِهِ"[٤].

---

١ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، ناصر الدين الألباني، (٥/ ٤٢)، رقم الحديث (٢٠٢٦).

٢ صحيح البخاري، (١/ ٣٣)، باب كتابة العلم، رقم الحديث (١١١).

٣ زاراوەی (الصحیفة) بەرامبەر بووە لەگەڵ پەڕتووك، واتە کۆکردنەوە و نووسینەوەی چەندان فەرموودە لە نێوان دوو بەرگدا. لە قورئاندا لە ٨ شوێن وشەی (صحف) بەکارهاتووە. پێش هاتنی ئیسلامیش ئەم وشەیە بەو مانایە بەکارهاتووە، بۆ نموونە صەحیفەی هەمامی کوڕی مونەبیهـ و عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، کە لە نێوان (١٣٨) تا (١٠٠٠) فەرموودەیان لەخۆگرتبوو. دلائل التوثيق المبكر للسنة والحديث، د. أمتياز أحمد (٢٤٨).

٤ صحيح البخاري (١/ ٣٤)، رقم الحديث (١١٤).

ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بۆ پێداگری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ نووسینەوەی فەرموودەکان و سوننەتەکانی. ئاشکرایە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەبەستی بووە وەصیەتەکەیان بۆ بنووسێ بۆ ئەوەی لە دوای خۆی تووشی هەڵدێران نەبن، بەڵام ویستی خودا وابوو کە ئەو وتانەی مەبەستی بوو بینوسێت نەنووسرانەوە.

## کۆتایی

نووسراوەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ لایەنەکانی بەرامبەر، چ سیاسی بێت یاخود شەرعی، بەڵگەن لەسەر نووسینەوەی فەرموودەکان لە ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). ئەو فەرموودانەی باس لە قەدەغەکردنی نووسینەوەی فەرموودەکان دەکەن، زۆر کەمن، لەناویشیاندا تەنها فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودری ڕاست و دروستە، ئەویش بەشێکی کەم لە زانایان قسەیان هەیە دەربارەی (وقف و رفع)ی. فەرموودەکان لە جۆری (مرفوع) و (موقوف) و (مقطوع) زۆرن لەبارەی ڕێگەپێدانی نووسینەوەی فەرموودەکان.

فەرموودەکان پارێزگارییان لێ کراوە، هەم لە سینە و هەم نووسینەوە، بەڵام ڕێکخراو و تۆکمە نەبووینە وەکو قورئان. ئەوانەی ڕەخنە دەگرن لەبارەی دواکەوتنی نووسینەوەی فەرموودەکان بە هەڵەدا چوون لە زاراوە و وشەی (الکتابة) و (التدوین). گرنگیدانی هاوەڵان بە گەیاندنی سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر ئەوەمان پێ دەڵێت: کە چەندین صوحوف و نووسراو هەبووە لەبەر دەستیاندا، بۆ نموونە (صحيفة الصادقة).

# سەرچاوەکان


١ـ اتحاف الخيرة االمهرة بزوائد المسانيد العشرة، أبو العباس البوصيري الكناني، المحقق: دار المشكاة للبحث العلمي بإشراف أبو تميم ياسر بن إبراهيم، دار الوطن للنشر – الرياض.

٢ـ التأريخ الكبير، أبو عبد الله البخاري، ط: دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد – الدكن.

٣ـ تحفة الأشراف بمعرفة الأطراف، يوسف بن عبد الرحمن المزي، المحقق: عبد الصمد شرف الدين، طبعة: المكتب الإسلامي، والدار القيّمة.

٤ـ تدوين السنة النبوية نشأته وتطوره من القرن الأول إلى نهاية القرن التاسع الهجري، دار الهجرة للنشر والتوزيع – الرياض.

٥ـ تذكرة الحفاظ (أطراف أحاديث كتاب المجروحين لابن حبان)، ابن القيسراني، تحقيق: حمدي عبد المجيد السلفي، دار الصميعي – الرياض.

٦ـ تقييد العلم، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي، تحقيق: يوسف العش، إحياء السنة النبوية – بيروت.

٧ـ جامع التحصيل في أحكام المراسيل، المحقق: حمدي عبد المجيد السلفي، الناشر: عالم الكتب – بيروت.

٨ـ جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبي الأشبال الزهيري، الناشر: دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية.

٩ـ دلائل التوثيق المبكر للسنة والحديث، د. إمتياز أحمد، عميد كلية المعارف الإسلامية بجامعة كراتشي، نقله الى العربية: د. عبدالمعطي أمين قلعجي، ط١، القاهرة.

١٠ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة وشئ من فقهها وفوائدها، ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف – الرياض، ط١.

١١ـ سنن الدارمي، تحقيق: حسين سليم أسد الدار اني، دار المغني للنشر والتوزيع – المملكة العربية السعودية.

١٢ـ سير أعلام النبلاء، الذهبي، المحقق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة.

١٣- شرح معانى الآثار، أبو جعفر الطحاوي.

١٤- صحيح البخاري، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر.

١٥- صحيح البخاري، تحقيق: الشيخ أحمد شاكر.

١٦- صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي – بيروت.

١٧- صحيح وضعيف سنن أبي داود، ناصر الدين الألباني.

١٨- الضعفاء الكبير، أبو جعفر العقيلي المكي، المحقق: عبد المعطي أمين قلعجي، دار المكتبة العلمية – بيروت.

١٩- علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي إبراهيم الصالح، دار العلم للملايين – بيروت.

٢٠- فتح البخاري، قام بإخراجه وصححه وأشرف على طبعه: محب الدين الخطيب، الناشر: دار المعرفة – بيروت.

٢١- كتابة الحديث بين النهي والإذن، أحمد بن محمد بن عبدالله الحميِّد.

٢٢- المجروحين، محمد بن حبان أبو حاتم الدارمي، المحقق: محمود إبراهيم زايد، دار الوعي – حلب.

٢٣- مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، أبو الحسن نور الدين الهيثمي، بتحرير الحافظين الجليلين: العراقي وابن حجر.

٢٤ المحدث الفاصل، الرامهرمزي، تحقيق: د. محمد عجاج الخطيب.

٢٥- المستدرك على الصحيحين، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا.

٢٦- مسند أحمد، المحقق: شعيب الأرنؤوط – عادل مرشد، وآخرون، مؤسسة الرسالة.

٢٧ المطالب العالية بزوائد المسانيد الثمانية، ابن حجر العسقلاني، المحقق: حبيب عبد الرحمن الأعظمي، دار المعرفة، بيروت – لبنان، PDF.

٢٨- المعجم الأوسط، سليمان بن أحمد أبو القاسم الطبراني، المحقق: طارق بن عوض الله بن محمد، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين – القاهرة.

٢٩- ميزان الاعتدال في نقد الرجال، شمس الدين الذهبي، تحقيق: علي محمد البجاوي، دار المعرفة – بيروت.

# تەوەری سێیەم

# ئیعجازی زانستی لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا ( دروودی خوای لەسەر )

# سوننەت و زانستی سەردەم
# وەڵامێك بۆ ڕەتكەرانی سوننەت

**پ.د. عیماد محەمەد كەریم**

**د. حەسەن محەمەد ڕۆستەم**

**زانكۆی گەرمیان/ كۆلێجی پەروەردە**

گومان لەوەدا نییە كە سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سەرچاوەی دووەمی شەرعە و ڕاڤەكاری قورئانی پیرۆزە، جێگای هەڵێنجاندن و وەرگرتنی حوكمە شەرعیەكانە، خولیا و جێبایەخی هاوەڵان و شوێنكەوتووان و ئیمامەكان و كەڵەزانایانە، كە چەندین زانستی بێ وێنەیان بۆ خزمەتكردن و پاراستن و پاكڕاگرتنی داهێناوە، بەشێوەیەك كە سەلمێنەری زانستیی ئیسلام و بنەما و یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەكانیەتی، هەروەها مایەی شانازی موسڵمانان و جێگای متمانەی دڵەكانیانە، هەربۆیە لەگەڵ قورئانی پیرۆز لە ناخیاندا جێگیر بووە، عەقڵ و ویژدانیشیان پێی ڕووناك و ئاوەدان بووەتەوە.

لە سەردەمی ئەمڕۆ و لە ژێر كاریگەریی ڕۆژهەڵاتناساندا، بانگەشەی وەلانانی سوننەت لە وڵاتی هیند و تا ڕادەیەك لە میسر و هەندێ ڕەنگدانەوە لە شوێنەكانی تردا بڵاوبویەوە، بە كۆمەڵێك دروشم و بیانوو و گومانی جۆراو جۆرەوە، یەكێك لەو بانگەشانە بانگەشەی "دەبێ سوننەت ڕەتبكەینەوە، چونكە فەرموودەی زۆری تێدایە، دژی زانستی سەردەمە".

## پەیوەندی نێوان ئیسلام و زانست:

ئیسلام ئایینی بەڵگەیە: ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (البقرة: ١١١)، واتە: (دەسا ئەگەر ڕاستبێژن لە بۆچوونەکانتاندا بەڵگەکانتان بهێنن).. ئایینی زانست و پێشکەوتنە، دژی جەهل و نەفامی و سەرگەردانی و کوێرەوەرییە، ئەوەتا یەکەم ئایەت کە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمان بە خوێندن دەکات: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ (العلق: ١)، واتە: (بخوێنە بە ناو و پشتیوانی پەروەردگارت کە خولقێنەری هەموو شتێکە). زانست بە هۆکاری بەرزکردنەوەی پلەوپایەی مرۆڤ لای خوا دادەنێت: ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ (المجادلة: ١١)، واتە: (خوا پلەو پایەی بڕواداران بەرز دەکاتەوە، ئەوانەش زانستیان پێدراوە پلەگەلێ بەسەر باوەڕدارەکاندا بەرز دەکاتەوە). فەرمان و ڕێنمایی ئیماندارانیش دەکات، بۆ ئەوەی داوای زیادکردن و پەرەدان بە زانست لە خوای گەورە بکەن: ﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ (طه: ١١٤)، واتە: (بڵێ پەروەردگارم زانست و زانیاریم زیاد بکە).. زانستیشی کردووە بە میراتی پێغەمبەران و هۆکاری ڕێ ئاسانکردن بۆ بەهەشت، لەم بارەیەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إن العلماء ورثة الأنبياء"[1]، واتە: (بەدڵنیاییەوە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن)، دەشفەرموێت: "مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ"[2]، واتە: (هەر کەسێك بۆ دەستخستنی زانستێك ڕێگایەك بگرێتە بەر، خوا ڕێگای چونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات).

---

[1] بڕوانە: سنن أبی داود (٣/ ٣٥٤)، ژمارەی فەرموودە: (٣٦٤٣)، ئەلبانی بە سەحیحی داناوە، بوخاریش بە تەعلیقکراویی ڕیوایەتی کردووە. بڕوانە: صحیح البخاری، باب العلم قبل القول والعمل (١/ ٢٤).

[2] بڕوانە: صحیح مسلم (١/ ٣٧)، ژمارەی فەرموودە: (٧٠٢٨).

ئیسلام لە پێشکەوتنی زانستی ناترسێت، چونکە ئەو زاتەی بوونەوەری خولقاندووە، هەر ئەو خاوەنی ئیسلامە، لەبەر ئەوە مەحاڵە کتێبی بینراو (بوونەوەر) و کتێبی خوێندراو (قورئان)، کە دوو شتن و لە یەك سەرچاوەوە هاتوون، پێچەوانەی یەکدی بن، بەڵکو پاڵپشت و ئاشنای یەکترن. گومان لەوەدا نییە زیادبوونی زانست هۆکاری پەرەسەندنی باوەڕە، ئەگەر مرۆڤ لە سەر سەلیقە و فیترەتی پاك بێ، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ (فاطر: ٢٨)، واتە: (بەڕاستی هەر زاناکانن کە لە خوا ئەترسن و سەری نەوازشی بۆ دادەنوێنن)، چونکە هەر ئەوان وەك پێویست دەزانن ئەو زاتەیە چ خاوەن دەسەڵاتێکە، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا﴾ (الإسراء: ١٠٧)، واتە: (بەدڵنیاییەوە ئەوانەی لە پێش قورئان زانست و زانیاریان بۆ هاتووە، چاك دەزانن، کە لە لایەن خواوە هاتووە، لەبەر ئەوە هەرکات بۆیان بخوێندرێتەوە باوەڕی پێدێنن و کوڕنووش دەبەن). لەم سۆنگەیەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێین زانست سڕێنەری ئایین نییە، وەك لە خەڵکانێك دەبیسترێت، بگرە سەلمێنەر و بەهێزکەریەتی.

لەبەر ئەو باسەی سەرەوە، ئیسلام هەموو دەرگاکانی زانستی نەك بەس والا کردووە، بەڵکو بە ئەرکی داناوە لەسەر ئیمانداران، پێغەمبەری ئیسلام دەفەرمووێت: "العلم فريضة على كل مسلم"[1]، واتە: (زانست دەستخستن ئەرکی هەموو موسڵمانێکە). بە هەمان شێوە قەدەغەیە موجتەهید شوێن کەوتە و موقەلیدی موجتەهیدێکی تر بێت، بگرە دەبێت خۆی ئیجتیهاد بکات[2] و حوکم و چارەسەر بدۆزێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە مەودای ئیجتیهاد هەموو بوارەکانی ژیان

---

[1] بڕوانە: سنن ابن ماجة (١/ ٨٨)، ژمارەی فەرموودە: (٢٢٤)، ئەلبانی دەڵێ: بەم لەفزە فەرموودەیەکی دروستە.

[2] بڕوانە: المسودة (٤٦٨).

دەگرێتەوە و لەسەر بوارێکی تایبەت قەتیس نەکراوە، ئەمەش هۆکار و پاڵنەرە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و نوێبوونەوە.

بەڵێ زانست دەریایەکی بێپەی و بێ سنوورە، بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ زانستی خوای گەورەدا، ئەم بەشێکی کەمە و ئەو ڕەهایە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش، خوای پەروەردگار زانست و تێگەیشتنی مرۆڤەکان هەر لە ئادەمەوە تا ڕۆژی دوایی بە کەمێك وەسف دەکات و دەفەرموویێت: ﴿وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (الإسراء: ٨٥)، واتە: (ئەوەی کە دەیزانن زۆر کەمە)، لەبەر ئەوە نابێ مرۆڤ لەم ئاستە زانستییە، یان لە هەر ئاستێکی تر، کە پێی دەگات، گومڕا و لەخۆبایی ببێت، چونکە ﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ (یوسف: ٧٦)، واتە: (لە سەرووی هەموو زانایەکەوە زاناتر هەیە). ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە، جیهان زۆر لەوە گەورەترە کە بیری لێ دەکەینەوە، هێشتا ئەوەی کە زانراوە هەر هیچ نییە، لە چاوی ئەوەی کە نەزانراوە، ئەوەی کە دەیبینین، هەر هیچ نییە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە نایبینین[1]. لە لایەکی تریشەوە پێویستە لەگەڵ هەر داهێنانێك و دۆزینەوەی هەر بیردۆزەیەك، لە باتی پیشاندانی یاخیبوون و کوفرانی نیعمەت سوپاس و ستایشی خوا بکەین، کە ئەم بوونەوەرەی بۆ موسەخەر کردووین، بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستمان پیشان بدات: ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ (الحج: ٥٤)، واتە: (دەبا ئەوانەش کە زانیارییەکی کەڵك بەخشیان پێدراوە چاك بزانن، کە

---

[1] زۆرجار بێباوەڕەکان دەڵێن: ئێمە باوەڕمان بە زانست هەیە، هەرچی زانست باسی نەکات باوەڕمان پێی نییە!!، لەڕاستیدا ئەمە قسەکردنە بە ناوی زانستەوە، زانست لەگەڵیدا نییە، بگرە زانست دەریخست کە وتەیەکی بێبنامەیە، چونکە ملیۆنەها شت هەیە زانست بە دووری نازانێت و هێشتا پەی پێنەبردووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش شتی نوێمان بۆ دەسەلمێنێت، کە تا دوێنێ بە مەحاڵمان دەزانی، لەبەر ئەوە پێویستە بڵێین: ئێمە تەنها باوەڕمان بە هەست هەیە، هەر شتێك هەستی پێنەکەین باوەڕمان پێی نییە!!، ئەمەش بەڵگەنەویستە کە لە لۆژیکەوە دوورە.

قورئان ڕاست و دروستە، ئینجا باوەڕی پێبهێنن، دڵەکانیشیان تەسلیمی ببێ، بێگومان خوا ڕێنوێنی ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان هێناوە، بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست).

ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەنجامێکی تاقیگە، یان بیردۆزەیەك هاتە ئاراوە، بە ڕواڵەت پێچەوانەی دەقێکی شەرعی بوو، ئیتر چ قورئان بێت یان فەرموودەیەکی دروست، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێین کێشەیەك لە تاقیگەکەدا هەیە، بیردۆزەکەش لە بەردەمی ڕاستیدا خۆی پێناگیرێت، مێژووی نوێ لەسەر ئەم ڕاستییە باشترین گەواهیدەرە، تەماشاکەن چەند بیردۆزە پوچەڵ کرایەوە؟، پاش ئەوەی هەموو دامەزراوە و سەنتەرە زانستییەکان بە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگریان دەزانی، بە شێوەیەك هەندێك لە زانایانی ئیسلامییش کەوتنە ژێر کاریگەریان و چۆکیان دادا[1]، ئەوە هەر باسی نەیارانی ئیسلام مەکە!!، خوای پەروەردگار لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا * فَأَعْرِضْ عَنْ مَنْ تَوَلَّى عَنْ ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا * ذَلِكَ مَبْلَغُهُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى﴾ (النجم: ٢٨- ٣٠)، واتە: (ئەوان هیچ زانیارییەکیان بە وتەکەیان نییە، بەڵکو هەر دوای گومانی ناڕەوا و پووچ دەکەون، لەکاتێکدا گومانیش مرۆڤ لە ڕاستی بێنیاز ناکات و جێی ڕاستی ناگرێتەوە، جا کەوابوو پشت هەڵکە لەوەی ڕووی لە قورئانی ئێمە وەرچەرخاندووە، جگە لە ژیانی ئەم دونیایەش هیچی تری ناوێت، ئەوە ئەوپەڕی زانیارییانە، کە دونیایان بە سەر ئاخیرەتدا هەڵبژاردووە!!، بێگومان پەروەردگاری تۆ بە حاڵی ئەو کەسەی لە ڕێگای خوا لایداوە زاناترە، هەر ئەویش بە حاڵی ئەو کەسەی کە ڕێگای ڕاستی هەڵبژاردووە زاناترە). بەڵێ عیلمی ڕاست و دروستی حاشاهەڵنەگری نەگۆڕ عیلمی خودا و شەریعەتی خودایە: ﴿إِنَّمَا الْعِلْمُ عِنْدَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ وَلَكِنِّي

---

[1] بڕوانە: القرآنیون وشبهاتهم حول السنة (١٨٦) و لاپەڕەکانی دواییش.

أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ﴾ (الأحقاف: ٢٣)، واته: (به ڕاستی زانیاریی لای خوایه، تەنها ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنم کە پێم وتراوە، بەڵام من ئێوە لە بارەی ناردنی پێغەمبەرانەوە بە گەلێکی نەزان دەزانم)، هەروەها لە ئایەتی ژمارە حەوت لە سورەتی (الروم)یش دەفەرموێت: ﴿يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ﴾، واته: (ڕووکەشێك لە ژیانی ئەم دونیایە دەزانن، کە چی لە ئاخیرەت بێ ئاگا و غافڵن).

بەڵێ ئیشکالیەتی ئەم جۆرە کەسانە لەوەدایە کە بە خێرایی بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن، بە ناتەواوی، تەنها لە گۆشەیەکەوە تەماشای ڕاستیەکان دەکەن، وا دەزانن کە بەو شێوەیە ئایین بەتاڵ دەبیتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر بێین و تەماشای واقیع بکەین، بە ورد و درشتیەوە، بە ئەنجامێك دەگەین کە پێچەوانەی مەرامی ئەوانە[1].

---

[1] بڕوانە: الإسلام يتحدى (٤٥).

## ڕاستی بانگەشەی دژایەتی هەندێك فەرموودەی دروست لەگەڵ زانستی سەردەمدا:

### * مێژووی سەرهەڵدانی بانگەشەکە:

بانگەشەی ڕەتکردنەوەی سوننەت بەگشتی، یان هەندێکی، ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام ئەم بانگەشەیە کە جێگای باسەکەمانە، لە هیندستان سەری هەڵداوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، پاشان تەشەنەی بۆ پاکستان و میسریش کرد، پاشانیش دەنگۆ و سەدای کەم تا زۆر شوێنەکانی تریشی گرتەوە[1].

### * ناوەڕۆکی بانگەشەکە:

کۆمەڵێك فەرموودەی دروست بەر لێشاوی ئەم بانگەشەیە کەوتوون، لێرەدا بوارمان نییە، یەکە یەکەی ئەو فەرموودانە بهێنین و باسیان بکەین، لەبەر ئەوە بە باشی دەزانین دوو نموونە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەمانەوە دەتوانین هەڵسەنگاندنێك بۆ نموونەکانی تر بکەین، وەك دەڵێن مشتێك نموونەی خەروارێکە. سەرەتا فەرموودەی جێ باس دەخەینە ڕوو، پاشان بۆچوونی بانگەشەکە، پاشانیش وەڵامی پێویست بۆی:

فەرموودەی یەکەم: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەربارەی ئاوی زەمزەم دەفەرمووێت: "إنها مباركة إنها طعام طعم"(٢)، واتە: (زەمزەم پیرۆزە و خۆراکە بۆ برسی)، لە ڕێگایەکی ترەوە دەفەرمووێت: "... وشفاو سقم"، واتە: (... وە شیفایە لە نەخۆشی)[3].

---

[1] بڕوانە: القرآنيون وشبهات حول السنة (١٠٠) و لاپەڕەکانی پاشتریش.

[2] بڕوانە: صحيح مسلم (١٥٢/٧)، ژمارەی فەرموودە: (٦٥١٣).

[3] بڕوانە: مسند البزار (٢/ ٨٦)، ئەصلی ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی موسلیمدایە، بڕوانە پەراوێزی پێشوو.

**ناوەڕۆکی گومانەکە:** گوایە ئاوی زەمزەم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاوەکانی تردا نییە، ئەمیش وەکو ئەوان لە دوو گەردیلەی هایدرۆجین و یەك گەردیلەی ئۆکسجین پێکهاتووە، بگرە بۆ خواردن ناشیت، چونکە زەرنیخی تیادایە، کە ژەهراوییە و بۆ تەندروستی مرۆڤ مەترسیدارە[1].

**وەڵامی گومانەکە:**

ئەم گومانە دوو لقە، وەڵامی لقی یەکەم:

أ ـ گومان لەوەدا نییە، کە ئاو سەرچاوەی ژیانە، بەڵام ئاوەکان لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، بۆ نموونە: ئاو هەیە بۆ خواردن گونجاوە، هەشە ناشێت، ئەوانەش کە گونجاون، لە یەك ئاستدا نین، بگرە بە چەند پێوەرێك بە سەر چەند بەشێکەوە دابەش دەکرێن، یەکێك لەو پێوەرانە: دەوڵەمەندیی ئاوە لە کانزاکاندا، توێژنەوەیەکی زانستی بۆمان دەردەخات، کە پێکهاتەی ئاوەکان جیاوازییان لە ڕووی کانزاییەوە هەیە، ئەمەش بەندە بە شوێنی ئاوەکە و پێکهاتەکانییەوە[2].

ب ـ ئاوەکان بە ڕێژەی جیاواز کانزایان تێدایە، ڕێژەی بوونی کانزاکانیش کاریگەرییان لەسەر تەندروستی مرۆڤ بە ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بۆ نموونە بەرزبوونەوەی کالیسیۆم ئێسکەکان لە پووکانەوە دەپارێزێت، بۆیە ڕێژەیان لە ئاوەکەدا دەبێت بەرز بێت[3].

---

[1] بڕوانە: وهم الإعجاز ( ١٩٥)، تلوث مياه زمزم بالزرنيخ، مەقالەیەکە بە دەنگ و ڕەنگ لە سەر سایتی بی بی سی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە: www.bbc.co.com.

[2] بڕوانە: Huang, X., Xu, Y., and Karato, S. (2005) Water content in the transition zone from electrical conductivity of wadsleyite and ringwoodite. Nature 434, 746-749.

[3] بڕوانە: Garzon, P., and Eisenberg, M. J. (1998) Variation in the mineral content of commercially available bottled waters: implications for health and disease. The American journal of medicine 105, 125-130

ت ـ ئەو ئاوانەی کە دەوڵەمەندن بە بیکاربۆناتی سۆدیۆم، کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی نەخۆشیەکانی دڵ و بۆریەکانی خوێن هەیە، چونکە بڕی گشتی و ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا کەم دەکەنەوە[1].

ج ـ توێژینەوەیەکی تر دەریدەخات، کە ئاوی زەمزەم لە هەبوونی کانزاکاندا لە ئاوە زۆر دەوڵەمەندەکانە[2].

ح ـ توێژەری هەمان سەرچاوە پێی وایە، کە تفتی ئاوی زەمزەم هۆکارە بۆ چارەسەری نەخۆشی[3].

خ ـ توێژینەوەیەکی تر بۆمان دەسەلمێنێت، کە ئاوی زەمزەم لە ڕووی خۆراکییەوە جیاوازە لەگەڵ ئاوی ئاساییدا، توێژەر لە تاقیکردنەوەیەکدا لەسەر دوو گرووپ لە مشکی سویس وێبستر (Swiss-Webster)دا، گرووپێکیان تەنها ئاوی زەمزەمی پێ دەدا، ئەوەی تریشیان ئاوی ئاسایی، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت، کە جیاوازی هەیە لە نێوان نەوەی هەردوو گرووپەکەدا، ئەوانەی ئاوی زەمزەمیان دەخواردەوە لە هەستکردن و وەڵامدانەوەی دەماریدا ( sensory motor reflexes) چالاکتر بوون، لە ڕووی کێشیشەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کێشی ئەمان زیاتر بووە[4].

---

١ بڕوانە: Schoppen, S., Perez-Granados, A. M., Carbajal, A., Oubina, P., Sanchez-Muniz, F. J., Gomez-Gerique, J. A., and Vaquero, M. P. (2004) A sodium-rich carbonated mineral water reduces cardiovascular risk in postmenopausal women. The Journal of nutrition 134, 1058-1063.

٢ بڕوانە: Shomar, B. (2012) Zamzam water: concentration of trace elements and other characteristics. Chemosphere 86, 600-605.

٣ بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

٤ بڕوانە: Abu-Taweel, G. M. (2017) Effects of perinatal exposure to Zamzam water on the teratological studies of the mice offspring. Saudi journal of biological sciences 24, 892-900.

د- سەرچاوەیەکی تر بۆمان دەسەلمێنێت، کە لە ڕووی فیزیکیشەوە، ئاوی زەمزەم جیاوازی هەیە[1].

ز - ئاوی زەمزەمی تفت وەك ڕادیۆپرۆتێکتەر بە بەراورد لەگەڵ ئاوی ئاساییدا توانای زیاتری دژە ئۆکساندنی هەیە[2].

ئەمە و دەیان تاقیکردنەوە و توێژینەوەی تر و هەزاران بگرە ملیۆنان ئەزموونی واقیعی، کە دەیسەلمێنن ئاوی زەمزەم لە گەڵ ئاوەکانی تردا جیاوازی هەیە، لە ئەنجامیشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زانستی سەردەم دەرخەری ڕاستی فەرموودە دروستەکانی پێغەمبەرە، سەبارەت بە ئاوی زەمزم.

ئەڵبەتە مرۆڤی موسڵمان یەقینی بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیە، ئەم جۆرە بانگەشە و گومانانە باوەڕیان لەق ناکات، چونکە دەزانن، کە: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣- ٤)، واتە: (قسە و گوفتاری (پێغەمبەر) لە ڕووی هەوا و هەوەسەوە نییە، ئەوەش کە دەیڵێت جگە لە وەحی هیچی تر نییە)، ئەم جۆرە هەوڵ و وەڵامدانەوەش بۆ بتەوکردن و سەقامگیرکردنی دڵی کەسانێکە کە ئەگەری بەرکەوتنیان هەیە.

وەڵامی دووەمین لق: کە گوایە ئاوی زەمزەم زەرنیخی تیادایە و بۆ خواردن ناشێت[3]:

---

[1] بڕوانە: Zayadi, R. A., and Bakar, F. A. (2017) Comparative study on the performance of Au/F-TiO2 photocatalyst synthesized from Zamzam water and distilled water under blue light irradiation. Journal of Photochemistry and Photobiology A: Chemistry 346, 338-350

[2] بڕوانە: Keramati Yazdi, F., Shabestani Monfared, A., Tashakkorian, H., Mahmoudzadeh, A., and Borzoueisileh, S. (2017) Radioprotective effect of Zamzam (alkaline) water: A cytogenetic study. Journal of environmental radioactivity 167, 166-169.

[3] بڕوانە: وهم الإعجاز (١٩٥)، تلوث مياه زمزم بالزرنيخ، گوتارێکە بە دەنگ و ڕەنگ لە سەر سایتی بی بی سی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە: www.bbc.co.com.

أ- زەڕنیخ بە ڕێژەی پێویست لە پێکهاتەی شتەکاندا هەیە، تەنانەت لە لەشی مرۆڤیشدا.

ب - توێژینەوەیەکی زانستیی دەریخستووە، کە ڕێژەی زەڕنیخ لە سیرەمی خوێندا (٤ مایکرۆگرامە لە لیترێکدا)[١]، بە شێوەیەك ئەگەر مرۆڤێك کێشی (٧٠ کگم) بێت، ئەوا نزیکی (١٠ ملگم) زەڕنیخ لە لەشیدا هەیە.

ت - زەڕنیخ بە ڕێژەی دیاریکراو وەك دەرمان بەکاردێت، بۆ نموونە: دەرمانی (Trisenox)، کە بەکاردێت بۆ چارەسەری شێرپەنجەی خوێن و لە وڵاتی ئەمریکا بەرهەم دەهێنرێت، زەڕنیخ یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی[٢].

ج - زەڕنیخ بەکاردێت بۆ چارەسەری شێرپەنجەی خوێن (Leukemia) [٣].

سەبارەت بە ئاوی زەمزەم، نامۆ نییە ئەگەر ڕێژەیەکی کەم زەڕنیخی تیادا بێت، بەڵام نامۆیە ئەگەر ڕێژەی هەبوونی ڕادەی دیاریکراوی تێپەڕاندبێت، کە زۆربەی توێژەران هاوڕان لەسەری، ئەمانیش دەڵێن (٥٠) مایکرۆگرام بەرەو سەرەوە کاریگەریی لەسەر تووشبوون بە شێرپەنجە هەیە، هەرچەندە ڕێکخراوی جیهانی تەندروستی ڕێژەی (١٠) مایکرۆگرامی داناوە[٤].

---

[١] بڕوانە: Iyengar, V., and Woittiez, J. (1988) Trace elements in human clinical specimens: evaluation of literature data to identify reference values. Clinical chemistry 34, 474-481.

[٢] بڕوانە: http://www.trisenox.com.

[٣] بڕوانە: Zhang, P. (2017) On arsenic trioxide in the clinical treatment of acute promyelocytic leukemia. Leukemia research reports 7, 29-32.

[٤] بڕوانە: Quansah, R., Armah, F. A., Essumang, D. K., Luginaah, I., Clarke, E., Marfoh, K., Cobbina, S. J., Nketiah-Amponsah, E., Namujju, P. B., Obiri, S., and Dzodzomenyo, M. (2015) Association of arsenic with adverse pregnancy outcomes/infant mortality: a systematic review and meta-analysis. Environmental health perspectives 123, 412-421.

دیاره پاش گەڕانێکی زۆر دەرکەوت بۆ توێژەران  کە توێژینەوە لە بابەتی بوونی زەرنیخ و کاریگەرییەکانی لە ئاوی زەمزەمدا زۆر کەمە، توێژینەوەیەك کە بتوانین پشتی پێ ببەستین توێژنەوەیەکە بە ناونیشانی ( Zamzam water: Concentration of trace elements and other characteristics)، کە توێژەر باسم شۆمار لە گۆڤاری (Chemosphere)دا بڵاویکردووەتەوە، تیایدا دەرکەوت بۆ توێژەر، کە ڕێژەی زەرنیخ لە ئاوی زەمزەمدا لە نێوان (١٨– ٢٧) مایکرۆگرامە لە لیترێکدا، بەڵام ئیشکالییەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە توێژەر سامپڵەکانی لە حاجییان و لە بازاڕدا کۆکردووەتەوە، لەبەر ئەوە وەك خۆی دەڵێت ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر لەو باوەڕەدایە کە ئاوی زەمزەم توانای چارەسەریی تێدایە[١].

هەروەها هیچ توێژینەوەیەکمان بەرچاو نەکەوت، کە بیسەلمێنێت ئاوی زەمزەم هۆکارە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە، لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە کە ئەم ئاوە دەخۆنەوە، لە هەموو جیهاندا.

**فەرموودەی دووەم:** ئەبو هوریرە (ڕەزای خوای لەسەر) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "إذا وقع الذباب في شراب أحدكم فليغمسه ثم لينزعه، فإن في إحدى جناحيه داء والأخرى شفاء"[٢]، واتە: (ئەگەر مێش کەوتە نێو قاپی هەر کەسێکتانەوە با هەمووی لە قاپەکەدا نوقم بکات و پاشان فڕێی بدات، چونکە لە باڵێکی دەرد هەیە و لە ئەویتر شیفا). لە ڕیوایەتی ئەبو داوددا زیادەیەك هەیە، ئەویش: "وإنه يتقي بجناحه الذي فيه الداء"[٣]، واتە: (بەو باڵەی خۆی دەپارێزێت کە نەخۆشیەکەی تیادایە).

---

١ بڕوانە: Shomar, B. (2012) Zamzam water: concentration of trace elements and other characteristics. Chemosphere 86, 600-605.

٢ بڕوانە: صحيح البخاري (٣/ ١٢٠٦)، ژمارەی فەرموودە: (٣١٤٢).

٣ بڕوانە: سنن أبي داود (٣/ ٤٣٠)، ژمارەی فەرموودە: (٣٨٤٦).

**ناوەڕۆکی گومانەکە:** ڕەتکردنی ئەم فەرموودەیە، بە بیانوی نەگونجانی لەگەڵ زانستی سەردەمدا، چونکە مێش هەڵگری میکرۆبە، ئیتر چۆن دەرمانی پێیە؟، بگرە چۆن خوا دەرمان و نەخۆشی لە یەك شتدا دروست دەکات؟، ئایا مێش عەقڵی هەیە تا باڵێکی پێش بخات و ئەویتر دوابخات؟، هەروەها ئەگەر مێش دژەزیندە (ئەنتیبایۆتیك)ی پێبێ بۆچی زانایان ئەو فاکتەرەی لێ وەرناگرن؟[1].

**وەڵامی گومانەکە:**

ئەم گومانە پێنج لقی لێ دەبێتەوە:

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە قابیلی ڕەتکردنەوە نییە، چونکە فەرموودەیەکی دروستە، گومان نە لە مەتنەکەیدا هەیە و نە لە سەنەدەکەی، هیچ جۆرە دژایەتیەکردنێکی عەقڵ و زانستیشی تیادا نییە، بگرە یەکێکە لە بەڵگەکانی پێغەمبەراتی، وەك پاشان بۆمان دەردەکەوێت.

**دووەم:** ئەگەری بوونی دوو شتی دژ بە یەك، وەك: دەرد و دەرمان، لە یەك شوێن یان لە یەك شتدا لە حوکمی عەقڵدا مەحاڵ نییە و کارێکی مومکینە، ئەوەتا مار هەم ژەهری پێیە و هەم تریاق، خاوەنی گومانەکانیش پێش هەموو کەس دەزانن ئەنتیبایۆتیك لە چی وەردەگیرێت، باشیش دەزانن چەند بوونەوەر هەیە کە سیفاتی دژ بە یەکیان تێدایە!.

**سێیەم:** ئایا مێش عەقڵی هەیە؟، دەڵێین نەخێر، بەڵام خوای پەروەدگار غەریزەی پێداون، بە شێوەیەك بتوانن بەرژەوەندییەکانیان بە دەست بهێنن و لە زەرەر و زیانەکانیش خۆیان بپارێزن، ئەوەی تەماشای ژیانی مێرووله و مێشهەنگ و گیانلەبەرەکانی تر بکات شتی سەیر و سەمەرەی وا دەبینێت، کە سەرسامکەرە و

---

[1] بڕوانە: السنة المطهرة (١٧٢– ١٧٣)، دفاع عن السنة (١٦٩)، وهم الإعجاز العلمي (١٦٢– ١٦٤).

پێشتر تەسەوری نەدەکرد، کەواتە ئەم پرسیارە جێگای خۆی نییە و نەدەبوو بکرابایە.

**چوارەم:** ئەم فەرموودەیە دوو زانیاری تیادایە، یەکەم: بوونی نەخۆشی (واتە: میکرۆبەکان کە هۆکاری نەخۆشین)، ئەمەیان زانستی سەردەم سەلماندوویەتی و ئەوانیش گەواهی لەسەر دەدەن. باشە ئەمە جێگەی سەرنج نییە؟، لەو کاتەدا کە نە تاقیگە و نە ئامێر هەبووە، چۆن ئەو زاتە پیرۆزە زانیویەتی مێش نەخۆشی پێوەیە؟ یان هەر بۆچی ئەم باسە دەکات و شوێنکەوتووانی تووشی موجازەفە دەکات؟، ئەگەر لە ڕاستی زانیاریەکە دڵنیا نەبێت!، مومکینە بووترێت هەموو کەس زانیویەتی کە مێش پیسە، بەڵێ ئەوە زانراوە، بەڵام هۆکار بێت بۆ نەخۆشی، یان نەخۆشی پێبێت ئەم بابەتە ئاسان نییە و پێویستی بە تاقیگە هەیە، ئەمەش بوونی نەبووە!.

دووەم زانیاری: بوونی دەرمان، کە لێرەدا جێگای سەرسوڕمانیی و دوودڵی ڕەتکەرانە، بەڵام زانستی سەردەم پەردەی سەر چاوانی لادا و ڕاستی ئەم بابەتەی دەرخست، ئەوەتا توێژینەوەیەك کە لەساڵی (٢٠١٤) لە گۆڤاری (Asian pacific Journal of Cancer Prevention)دا بڵاوکراوەتەوە، سەلماندی کە مادەی (Cecropin) کە لە مێشی ماڵاندا جوداکراوەتەوە، توانای لەناوبردنی شێرپەنجەخانەی جگەری مرۆڤی (Human Hepatocellular Carcinoma) هەیە[1]. هەمان ئەنجام لە توێژینەوەیەکی تردا سەلماوە، تیایدا هاتووە، کە (defesin، diptericin،AMPS cecropin) لە هەناوی مێشی

[1] بڕوانە: Jin, X. B., Wang, Y. J., Liang, L. L., Pu, Q. H., Shen, J., Lu, X. M., Chu, F. J., and Zhu, J. Y. (2014) Cecropin suppresses human hepatocellular carcinoma BEL- 7402 cell growth and survival in vivo without side-toxicity. Asian Pacific journal of cancer prevention : APJCP 15, 5433-5436.

ماڵاندا هەیە و توانای دژە بەکتریای هەیە[1]. هەروەها لە توێژنەوەیەکی تردا توانرا پرۆتینێکی دژە بەکتریا و دژە کەڕوو لە مێشی ماڵاندا جیابکرێتەوە[2]. کۆمەڵە زانایەکیش لە وڵاتی پۆڵەندا توانیان ئەوە بسەلمێنن، کە پێکهاتەی چەوری (Cuticular) و چەوری ناوەوەی مێشی ماڵان توانای چالاکیی دژە میکرۆبیان هەیە[3]. دکتۆر موعتەز ئەلمەرزوقیش دەڵێت: دەکرێ وشەی (جناح) بە (جانب) ڕاڤە بکرێت، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاء مِنْ غَيْرِ سُوءٍ﴾ (طه: ٢٢). (جناح) لەم ئایەتەدا بە واتای (لا) دێت[4]، ئەمەش بۆچوونێکی وردە، دەکرێ بایەخی پێبدرێت و وشەی (جناح) تەنها بە باڵ لێکنەدەینەوە.

لە کۆتاییدا بە گونجاوی دەزانین لێرەدا پرسیارێکی ئاسایی بکەین، ئایا چ پێگەیەکی زانستی سەلماندوویەتی کە مێش دژە میکرۆبی پێ نییە؟!

**پێنجەم:** بۆچی مێش نابێتە سەرچاوەی دژە میکرۆب؟، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: لێرەدا گرنگە بووترێت، کە فەرموودەکە باس لەوە ناکات، کە مێش بکەن بە سەرچاوەی ئەنتیبایۆتیک، تەنها چارەسەرێکمان بۆ دیاری دەکات بۆ دەربازبوون لە مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشی، توێژینەوەکانی سەرەوە و هەوڵی تریش

---

[1] بڕوانە: Joyner, C., Mills, M. K., and Nayduch, D. (2013) Pseudomonas aeruginosa in Musca domestica L.: temporospatial examination of bacteria population dynamics and house fly antimicrobial responses. PloS one 8, e79224.

[2] بڕوانە: Guo, G., Tao, R., Li, Y., Ma, H., Xiu, J., Fu, P., and Wu, J. (2017) Identification and characterization of a novel antimicrobial protein from the housefly Musca domestica. Biochemical and biophysical research communications 490, 746-.

[3] بڕوانە: Golebiowski, M., Cerkowniak, M., Urbanek, A., Dawgul, M., Kamysz, W., Bogus, M. I., Sosnowska, D., and Stepnowski, P. (2014) Antimicrobial activity of untypical lipid compounds in the cuticular and internal lipids of four fly species. Journal of applied microbiology 116, 269-287.

[4] بڕوانە: الجديد في الإعجاز العلمي في حديث الذبابة، مجدي عبد الشافي، وەرگیراوە لە سایتی: http://www.55a.net/firas/arabic/?page=show_det&id=1048

ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە دژە بەکتیریا لە مێشدا هەیە، بە پێچەوانەش هیچ کەس نەیسەلماندووە، کە ئەو ماددانەی تێدا نییە. ئەمەش دەرگایەکی کراوەیە بۆ توێژینەوەی زیاتر.

**تێبینیەکی گرنگ:** بەڵگەنەویستە کە ئیسلام ئایینی پاك و خاوێنییە، لەبەرئەوە پێویستی کردووە لەسەر ئیمانداران کە خواردن و خواردنەوەیان لە پیسی بەتایبەتی مێش و غەیرە مێشیش بپارێزن، نابێ لەم فەرموودەیەش ئەوە تێبگەین کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێویستی کردووە لەسەر موسڵمان ئەو کارە بکات، بەڵکو فەرمانەکە لێرەدا بۆ ڕێنمایی و ئیرشادە[1]، کەواتە ئەوەی نەفسی ڕێی پێنادات ئەو کارە بکات، سەرپشکە دەتوانێت خواردنەوەکە بڕێژێت، بەڵام ئەم ڕێنماییە لە کاتی زەرووڕەتدا سوودەکەی دەردەکەوێت، کاتێك مرۆڤ لە شوێن و جێگایەك بێت و جگە لەو خواردنە کە مێشەکەی تێدەکەوێت هیچی تری پێ نەبێت، یان هەژارە و هەر ئەوەی هەیە، ئایا بیڕێژێت و موحتاج بێت باشە؟ یان ئەو ڕێنماییە جێبەجێ بکات و دڵنیا بێت لە نەمانی زەرەرەکەی و پێویستی خۆی فەراهەم بکات باشە؟، وەڵامی خاوەنی فیترەتی پاك ڕوون و دیارە.

بە کورتی بۆمان دەرکەوت کە ئەو دەنگۆیە قسەیەکی پووچ و بێ بنەمایە، فەرموودەکەش وەکو وتمان بەڵگەیەکی بەهێزە لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی.

ئەمە مەنهەج و ڕێبازی ڕەتکەرانە، ئیدعای شوێنکەوتنی زانست دەکەن، کەچی لە هەموو کەس زیاتر لە ڕێبازی زانستییەوە دوورن، تەماشاکەن لەگەڵ هەوڵی شێواندنی فەرموودە دروستەکاندا، گوێ لە زانست و شێواز و ڕێگای زانستیی ناگرن، لە پاڵ ئەمەشدا دەکەونە پڕوپاگەندە و چەواشەکاری بە ڕیزکردنی کۆمەڵێك فەرموودەی هەڵبەستراو و ڕەتکراو (موضوع)، بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە ئەمە سوننەتە و خوێنەر بگەیەننە ئەو باوەڕە کە مافی خۆیەتی ڕەتبکرێتەوە، بۆ نموونە،

---

[1] بڕوانە: فتح الباري، ابن حجر العسقلاني (١٠/ ٢٥٠).

لــەم بابەتــە كــە جێــی باســە كۆمــەڵێك فــەرموودەی هەڵبەســتراو (موضــوع) زەقدەكەنەوە، وەك[1]:

– (ربيع أمتي العنب والبطيخ)، واتە: (بـەهاری ئوممەتەكـەم تـریٛ و كاڵـەك یـان شوتییە)، ئەم فەرموودەیە دانراو و هەڵبەستراوە (موضوع)ە[2].

– (التين يقطـع البواسـير..)، واتـە: (هـەنجیر شـیفایە بـۆ مایەسـیری)، ئـەمیش هەڵبەستراوە[3].

– (العدس يرقق القلب)، واتە: (نیسك دڵ نەرم دەكات)، ئەمیش بێبنەمایە[4].

– (الباذنجان شفاء من كل داء)، واتە: (باینجان شیفایە بۆ هەموو نەخۆشییەك)، ئەمیش ئەصڵی نییە[5].

– (الهريسة تشد الظهـر)، واتـە: (هەریسـە پشـت دەگرێـت و بـەهێزی دەكـات)، ئەمیش بیٛ ئەساسە[6].

ئەم كارە دوورە لە ڕێبازی زانستی و لە خانەی پڕوپاگەندە پۆلێن دەكرێـت، بـە دڵنیاییشەوە ڕوو لە نووری خوا ناگرێت، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُـورَ اللَّـهِ بِـأَفْوَاهِهِمْ وَيَـأْبَى اللَّـهُ إِلَّـا أَنْ يُـتِمَّ نُـورَهُ﴾ (التوبـة: ٣٢)، واتـە: (دەیانەویٛ بە قاڵەی دەمیان نوور و ڕۆشـنایی خـوا (ئـایینی ئیسـلام) بكوژێننـەوە، خواش ئەیەویٛ نوور و ڕۆشنایی ئایینی خۆی تەواو بكـات و بـە پایـانی بگەیـەنێت و سەریبخات)، دیارە ئەگەر خوا ویستی لەسەر هەر شتێك بێت هەر ئەوە دەبێت.

---

[1] بڕوانە: وهم الإعجاز العلمي (١١٠– ١١١).

[2] بڕوانە: الموضوعات، ابن الجوزي (٢/ ٢٨٧).

[3] بڕوانە: الفتح السماوي (٣/ ١١٠٨).

[4] بڕوانە: الموضوعات، ابن الجوزي (٢/ ٢٩٥)، الأسرار المرفوعة (٤٥٨)، اللآليء المصنوعة (٢/ ١٧٩).

[5] بڕوانە: الموضوعات، ابن الجوزي (٢/ ٣٠١).

[6] بڕوانە: الموضوعات، ابن الجوزي (٢/ ٣٠١)، اللآليء المصنوعة (٢/ ١٧٩).

### * هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بانگەشەکە:

پاش لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوە و گەڕان بەدووی ڕەگ و ڕیشەی بانگەشەکە و تێڕامان لە ژیانی خاوەنەکانی، دەرکەوت بۆ توێژەران، کە هۆکارەکانی کورت دەبنەوە لەم خاڵانەی لای خوارەوە[1]:

١. کەمیی زانست لە بارەی سوننەت و ڕێگاکانی و ڕیوایەتەکانی، بەتایبەتی ئەو فەرموودانەی کە ناوەڕۆکەکانیان بابەتی زانستین.

٢. خێرا کردن لە بڕیاری ڕەتکردنەوە، بە بێ ڕەچاوکردنی ڕێبازی زانستیی، کە پێویست دەکات لەسەر توێژەر هەموو ڕەهەندەکانی بابەتی جێ باس پێشچاو بخات، ئەوجا حوکم بە ئەرێنی یان نەرێنی بدات.

٣. تەماشاکردنی هەندێك بیردۆزە وەك ڕاستییەکی زانستی حاشا هەڵنەگر، کەچی پاش ماوەیەك دەرکەوتن کە تەنها بیروبۆچوونێکن و هیچی تر.

٤. سەرسام بوون بە داهێنانە زانستیەکان، کە دەکرێت هەندێکیان بە ڕواڵەت پێچەوانەی فەرموودەیەك بن، یان زیاتر، ئیتر لە هەموو ڕوویەکەوە بێت، یان تەنها لە ڕوویەکەوە، ئەمەش وایلێکردن، بەبێ تێڕامان و وردبوونەوە لە ڕاستی جیاوازیەکە هانا بۆ ڕەتکردنەوە بەرن.

٥. دانانی زانست بە بەهانەیەك بۆ لێدانی سوننەت، چونکە ئەوانە باش دەزانن، کە سوننەت قەڵغان و شووڕای قورئانە، ئەگەر ئەو ڕووخا لێدانی ئەمیش ئاسان دەبێت.

---

[1] بۆ ڕاستی هۆکارەکان بڕوانە: القرآنيون وشبهات حول السنة (١٠٠)، الرد على من ينكر السنة (١٣) و لاپەڕەکانی دواتریش، السنة ومكانتها في التشريع، الباب الثاني، دفاع عن السنة: القسم الثاني، الأنوار الكاشفة، خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر لەو هۆکارانە بەرجەستە دەکات، التوراة والإنجيل والقرآن والعلم (٢٨٢) و لاپەڕەکانی دواتریش، السنة المفترى عليها (٢٧٩) و لاپەڕەکانی دواتریش، ظلمات أبي رية: خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەو ڕاستیانە دەردەخات، وهم الإعجاز، ئەم کتێبە نمونەیە بۆ بۆچوونی نەیارانی سوننەت و بەرجستەکاری هۆکارەکانە.

٦. کەوتنە ژێر کاریگەری شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ڕێبازی تـەجریبی کرچوکاڵ و پێنەگەیشتوو، بەبێ پەنابردن بۆ ڕێبازی تاقیکردنەوەی ڕەسەن و پەسـەند و پشـت قایم کردن بە بڕیار و ڕاسپاردەی سەنتەرە باوەڕپێکراوەکان لەم بارەیەوە.

٧. جێبـەجێ کردنـی پـلان و داوای دەسـتی پشـت پـەردە، ئەڵبەتـە باشـترین و کاریگەرترین ئامراز لەم سەردەمەدا لێدانە بەناوی زانسـتەوە، ئەگەرچـی کارەکـەش زانستیی نەبێت.

٨. هۆکاری خۆڕسکی تایبەت بە کەسی ڕەتکەرەوە، کـە زۆرجـاری وا هەیـە لـە فەرموودەیەك تێناگات، یان دەرکی پێناکات، یان عەقڵی پەی پێنابات، لەبەر ئـەوە ئاسانترین شت بەلایەوە ڕەتکردنەوەیە.

٩. کـۆنیی نـاوەڕۆکی فەرموودەیـەك بـە لایانـەوە شـایەنی ڕەتکردنەوەیـە، بـە بەهانەی بوونی چارەسەری نوێ و ئـامرازی نـوێ، ئەگەرچـی هەڵکـەوت و ئـەزموون سـوود و کـارایی ئـەو بابەتـەیان سـەلماندبێت، بەشـێوەیەك کاریگەرییەکـەی لـە چارەسەرە نوێکە ئەگەر زیاتر نـەبێت کـەمتر نییـە، لـە لایـەکی تـرەوە ئـەم جـۆرە فەرموودانە ڕێگر نین، لە بەکارهێنانی چارەسەری نوێدا.

١٠. لاسـاییکردنەوە و شـوێنکەوتنی هەنـدێ بیروبۆچـوونی نادروسـت و پێنەگەیشتوو دەربارەی هەندێ فەرموودە، بە بێگوێ دانـە دەربـڕی بۆچـوونەکە و پاشخانە فکرییەکەی و هۆکار و مەرامەکانی.

سـەیر لەوەدایـە ئەوانـەی خۆیـان بـە قورئـانیی لـە قەڵـەم دەدەن، خـودی ئـەم هەڵوێست و مامەڵەیە، کە لەگـەڵ سوننەتدا دەیکـەن، لەگـەڵ قورئـانی پیرۆزیشـدا پەیڕەوی دەکەن، ئەوەتا چەندین ئایەت بـە شـێوەیەکی دوور لـە عـورفی زمانـەوانی عـەرەبی و سـیاقی قورئـان تـەئویل دەکـەن، بگـرە جـاری واش هەیـە، ڕاسـتەوخۆ ڕەتیان دەکەنەوە، تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ ماددیەت و ڕێبازی تەجریبیدا گونجـاو نین.

## زانستی سەردەم پشتیوان و سەلمێنەری سوننەتە:

سوننەت شاخێکی بڵند و بەرزە، خشەی مێروولە کاری تێناکات، حەق و ڕاستیە، سروشتی ڕاستیش جێگیریی و بەرقەراریی و بەردەوامییە، قەدەری خوایە و ڕەتکردن و لەقکردنیی لە توانای کەسدا نیە، چونکە خۆی بەڵێنی بە پاراستنی قورئان داوە، پاراستنی قورئانیش واتای پاراستنیی سوننەتیش دەگەیەنێت، چونکە هەردووکیان لازم و مەلزومی یەکترن، لەبەر ئەوە خوای پەروەردگار هەموو سەربازەکانی خۆی خستووەتە کار بۆ پاراستنی، یەکێك لە سەربازەکانیشی زانستی سەردەمە، کە گەواهیدەرە بۆ ڕاستی دەیەها فەرموودە، هێشتا ئەم کاروانە لە هەنگاوی یەکەمدایە. بۆ سەلماندنی قسەی سەرەوە دوو فەرموودە، وەك نموونە دەخەینە بەر باس، بە پێی ئەم لقانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إن الشمس والقمر آيتان من آيات الله، لا ينخسفان لموت أحد ولا لحياته، فإذا رأيتم ذلك فادعوا الله، وكبروا وصلوا وتصدقوا"[١]، واتە: (خۆر و مانگ دوو دیاردەی گەردوونین، بەڵگەن لەسەر دەسەڵات و توانای خوا، گیرانی هەردووکیان پەیوەندبیان نە بە مردنی کەسەوە هەیە و نە بە ژیانی، ئەگەر ئەوەتان بینی وەك سوپاسبژێرێك لە خوا بپاڕێنەوە و الله أكبر و نوێژ و خێر و چاکە بکەن).

کاتێك کە ئیبراهیمی کوڕی پەیامبەری ئازیز وەفاتی کرد، لەهەمان ڕۆژدا خۆرگیران ڕوویدا[٢]، خەڵك وایانزانی کە ئەم خۆرگیرانە بۆ وەفاتی ئەو بووە، چونکە وا باو بوو لای عەرەب و غەیرە عەرەبیش خۆرگیران یان بۆ وەفاتی گەورەیەك ڕوو دەدات، یان بۆ لەدایکبوونی، لێرەدا پەیامبەر بە هەڵی زانی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، بە خەڵکی ڕاگەیاند کە ئەو دیاردەیە پەیوەست نیە بە ژیان و

---

[١] بڕوانە: صحيح البخاري (١/ ٣٥٤)، ژمارەی فەرمووده: (٩٩٧).

[٢] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو (١/ ٣٥٤)، ژمارەی فەرمووده: (٩٩٦).

مردنی کەسەوە، ئـەو بـیرو تێگەیشـتنەش تـەنها ئەفسـانەیە و هـیچ ڕاسـتیەکی لـە ئەرزی واقعدا نییە. ئەمەش بەسە وەك بەڵگەیەکی ڕەسەن کە ئەو قسـەیە ڕاسـت و ڕەوایـە، لـە عـەقڵێکی زانسـتیی منـەوەر و ڕووناکبوو بـە وەحـی خـوا سەرچـاوەی گرتووە، بە پێچەوانەوە ئەگـەر ئـەو زاتـە پەیامبـەری خـوا نەبوایـە، ئـەوا باشـترین سوودی لەم هەڵکەوتە وەردەگرت، چونکە ئەمە باشترین هەلە بۆ خەڵەفاندنی خەڵك و خۆسەپاندن بە سەریاندا، وەك پیشەی هەلپەرستەکان.

**دووەم:** پێغەمبەر (درووددی خوای لەسەر) دەفـەرموێت: "لا تقـوم السـاعة حتـى يكثر المال، ويفيض حتى يخرج الرجل بزكاة ماله فلا يجد أحـدًا يقبلـها منـه وحتـى تعود أرض العرب مروجاً وأنهارًا"[1]، واتە: (ڕۆژی دوایی نایەت تاوەکو ماڵ و سامان زۆر زۆر دەبێت، بە شێوەیەك پیاو زەکات دەردەکـات کەسـی چـنگ ناکـەوێت لێـی وەربگرێـت، تــاوەکو ئــەرزی عــەرەبیش وەك جــاران بــاخ و ســەوزایی و چــەم و ڕووبارەکانی نەگەڕێنەوە). ئەم فەرموودەیە دوو شتی گرنگ لەخۆدەگرێت:

– کاتی خۆی دوورگەی عەرەب باخ و سەوزایی و چـەم و ڕووبـاری تیـادا بـووە، وەك لە توێژینەوەیـەکی زانسـتیدا هـاتووە، کـە ئـاش پـارتن و چـەند زانایـەکی تـر ئەنجامیانداوە، کە دوورگەی عەرەبی زۆر تەڕتر و سەوزتر بووە، بە بەراوردکردن لە گەڵ سەردەمی نوێدا[2].

– ئـەم ئـەرزە دەگەڕێتـەوە وەك جـاران، ئەمـەش کـارێکی مومکینـە، ئامـاژە زانستییەکانیش دژی نین.

---

[1] بڕوانە: صحيح مسلم (٣/ ٨٤)، ژمارەی فەرموودە: (٢٣٨٦).

[2] بڕوانـە: Jennings, R. P., Singarayer, J., Stone, E. J., Krebs-Kanzow, U., Khon, V., Nisancioglu, K. H., Pfeiffer, M., Zhang, X., Parker, A., Parton, A., Groucutt, H. S., White, T. S., Drake, N. A., and Petraglia, M. D. (2015) The greening of Arabia: Multiple opportunities for human occupation of the Arabian Peninsula during the Late Pleistocene inferred from an ensemble of climate model simulations. Quaternary International 382, 181-199.

بەڕاستی سەرسامکەرە، زانیاریەك زانستی سەردەم پێی نەگەیشتبێت لە دە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا نەبێت[1]، چۆن مرۆڤێك – نەخوێندەواریش بێت – پێش هەزار و چوار سەد ساڵ پەی پێ دەبات، ئەگەر وەحی و سروش نەبێت و خودای پەروەردگار فێری نەکردن بێت؟

بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت لە میانەی ئەو دوو نموونەیە و دەیان نموونەی تر، کە زانست پاڵپشت و سەلمێنەری سوننەتی پێغەمبەرە و دەرخەری بێ ئەرزشیی و بێ بایەخیی گومان و پلانەکانە، بێگومان زانست تا چەند پێشکەوێت فەرموودە بڵندتر و پرشنگدارتر دەبێت.

**تێبینیەکی گرنگ:** ئایا دەکرێ زانست ببێت بە پێوەرێك لە پێوەرەکانی حوکمدان بە سەر فەرموودەدا، بە شێوەیەك فەرموودەی لاوازی پێ بەهێز بکرێت و فەرموودەی دروستی پێ لاواز بکرێت؟، بە گشتی ئەم بابەتە شایەنی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەرکی پێ بکەین، دەبێ بزانین کە مەحاڵە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) شتێك بڵێت و پەیوەندی بە وەحییەوە هەبێت و پێچەوانەی زانست بێت، ئەگەر شتێکی وا بە زاهیری ڕوویدا، ئەوا بێگومان هەڵەیەك لە بابەتە زانستیەکەدا هەیە یان ئەو زانیارییە کۆتایی نییە، یان هەڵە تێگەیشتنێك لە فەرموودەکەدا هەیە، چونکە ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ (النجم: ٣– ٤)، واتە: (ئەو لە خۆوە و بە ئارەزوو قسان ناکات، ئەوەی کە دەیڵێت تەنها سروش و وەحیی خودایە)، پاشان فەرموودە لە ڕووی گێڕانەوەوە، یان موتەواتیرە یان ئاحادە، موتەواتیر دەکەوێتە ژێر حوکمی باسی سەرەوە، چونکە حوکمی بڕانەوە (قطع) دەگەیەنێت و گومان (ظن) ڕووی تێناکات[2]. ئەوەش کە

---

[1] بڕوانە: الإعجاز العلمي في السنة النبوية (٥٤٠).

[2] بڕوانە: نزهة النظر (٤٠– ٤١)، تيسير مصطلح الحديث (١٠– ١١).

ئاحادە، دەكرێ دروست (صحيح) یان پەسەند (حسن) یان لاواز (ضـعیف) بێـت[1].

بۆ جوداكردنەوەی ئەم سێ جۆرە لـە یـەكتر، فەرموودەناسـان ئـەم مەرجانـەی لای خوارەوەیان داناوە[2]:

١. (اتصال السند)، واتە: نەبچڕانی زەنجیرەی سەنەد تاوەكو كۆتاییەكەی.

٢. (عدالة الراوي)، ئەم مەرجە پەیوەندی بە ئاكار و سلوك و كەسایەتی ڕاویەوە هەیە، كە دەبێ لەكە و خەوش ڕووی تێنەكات لەم بارەیەوە.

٣. (تمـام ضـبط الـراوي)، واتــە: ڕاوی دەبــێ لەبــەركردن و خوێنــدنی بــۆ فەرموودەكە موحكەم و تۆكمە بێت.

٤. (أن لا يكون شاذًا)، كاتێك فەرموودەكە شاز دەبێت، كە گێڕانەوەی جێباوەڕ (ثقة) جیاواز بێت لەگەڵ گێڕانەوەی جێباوەڕ (ثقة)تردا.

٥. (أن لا يكون معلولاً)، كاتێك فەرموودەكـە نـەخۆش دەبێـت، كـە هۆكـارێكی شاراوەی تیادا بدۆزرێتەوە، كە كاریگەری هـەبێت لەسـەر دروسـتیەكەی، ئـیتر ئـەو هۆكارە لە مەتن بێت یان لە سەنەددا.

ئەگەر هەموو ئەم مەرجانە لە هەر فەرموودەیەكدا بێتەدی، ئەوا فەرموودەیـەكی دروستە، ئەگەر (ضبط)ی ڕاوی وەك پیاوانی دروست نەبوو ئـەوا پەسـەندە، ئەگـەر یەكێك یان زیاتر لەو خاڵانە نەبوو، ئەوا فەرموودەكە لاواز دەبێت[3].

بۆ كاریگەری زانست لەم ڕووەوە ئێمە سێ سەرنجمان هەیە:

یەكەم: دەكرێ زانست ناوەڕۆكی فەرموودەی لاواز بەهێز بكات، چـونكە زانایـان دەفەرموون: فەرموودەی لاواز ئیحتمالی دروستیی تیادایە[4]، كەواتە زانست دەبێتە

---

[1] بڕوانە: تدريب الراوي (٦٢)، تيسير مصطلح الحديث (١٢، ١٧، ٢٣، ٣٢).

[2] بڕوانە: تدريب الراوي (٦٣) و لاپەڕەكانی دواییش، تيسير مصطلح الحديث (١٧).

[3] بڕوانە: تيسير مصطلح الحديث (٢٤، ٣٢).

[4] بڕوانە: النكت (٤٠٩).

قەرینەیەك بۆ بەهێزكردنی ئەو ئیحتیماله، (د. شرف القضاة) لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەكرێ لە ڕووی تیۆرییەوە زانست ڕۆڵی هۆكاری لاوازكەر (علة قادحة) ببینێت، هەروەها دەكرێ فەرموودەی لاواز بەهێز بكات و بەهێزیش بەهێزتر بكات"[1].

دووەم: سەبارەت بە فەرموودەی پەسەند، زانست ڕۆڵی هەیە بۆ بەرزكردنەوەی، چونكە لێرەشدا وەك قەرینە كاریگەری هەیە.

سێیەم: سەبارەت بە جیاوازی زانایان لە بە دروست زانینی فەرموودەیەك، پێمانوایە زانست ڕۆڵی یەكلاكەرەوە دەبینێت، ئەگەر ناوەڕۆكەكەی بابەتێكی زانستی بێت.

ئەڵبەتە ئەم بابەتە بابەتێكی هەستیار و گرنگە، پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زیاتر هەیە، لێرەدا هەر ئەوەندە دەرفەت هەیە.

---

[1] بڕوانە: هل يتعارض الحديث الصحيح مع القرآن والعلم (٢٥).

# کۆتایی

ئایینی ئیسلام ئایینی عیلم و زانستە، هەردوو سەرچاوە سـەرەکیەکەی، قورئـان و سـوننەت لـە یـەك سەرچـاوەن، هـەردووکیان سروشـی خـوای پـەروەردگارن، مەحاڵیشە لە یەك جودا بکرێنەوە، پێشکەوتنی زانستیش ڕەونەق و بەهای زیاتریان پێ دەبەخشێت. بانگەشەی دەستگرتن بە قورئان و دەستبەرداری سوننەت، واتای لێدانی قورئانە پێش سوننەت، مەبەستی باڵاشی شێواندنی ئیسلامە، چونکە بـەبێ سوننەت قورئان ڕاڤە ناکرێت، بەتایبەت ئایەتە حوکمیەکان، بە پێچەوانەوە دەرگای هەرکێ بۆ خۆی واڵا دەبێت، چیم پـێ باشـە دەبێـت بـە یاسـا، بێگومـان ئەمـەش جەوهەری ئایین لەناودەبات.

زانست وەك زانست پشتیوان و سەلمێنەری سوننەتە، نەك پێچەوانە، لەبەر ئەوە بە دەرکەوتنی ڕاستییە زانستیەکان سوننەت زیاتر و زیاتر دەچەسـپێ و سـەقامگیر دەبێت، مەحاڵە ڕۆژێك بێت زانست تیایدا پێچەوانەی سوننەتی دروست بێت، لەبـەر ئەوەی هەردووکیان لە یەك زاتی حەکیم و داناوە سەرچاوەیان گرتووە، مومکین نیە کاری دانای ڕەها تێگیران و خەلەلی تیادا بێت. هەموو ئەو دەنگۆ و گومانانـە کـە بڵاودەکرێنـەوە، گوایـە فـەرموودە هەیـە پێچـەوانەی زانسـتە، لـە بـەردەمی لێکۆڵینەوەی زانستیدا دەپووکێنەوە و ئەرزش لە کیس دەدەن، چونکە پشت بـە هیچ بنەمایەکی زانستییەوە نابەستن و لە سنووری گومان و پڕوپاگەندە تێناپـەڕن، لێخن کراون بە ئیشکالیات، کە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکـەین، بـەم شـێوەی لای خوارەوە:

ئەکرێ زانایانی فەرموودە سوود لە زانستی سـەردەم وەربگـرن وەك قەرینەیـەك بۆ حوکمدان بە سەر هەدنێك لەو فەرموودانەی کە ناوەڕۆکیان زانست ئـامێزە، ئـەم بابەتەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، بۆ دیاریکردنی ڕێکاری پێویست بۆ سوودوەرگرتن لە زانست لەم بارەیەوە.

# سەرچاوەکان

١- الأسرار المرفوعة في الأخبار الموضوعة المعروف بالموضوعات الكبرى، نور الدين علي بن محمد بن سلطان المعروف بملا علي القاري (ت: ١٠١٤هـ)، تحقيق: محمد الصباغ، دار الأمانة – مؤسسة الرسالة/ بيروت، ١٣٩١هـ/ ١٩٧١م.

٢- الإسلام يتحدى، وحيد الدين خان، ترجمة ظفر الدين خان، د.ط، د.ت.

٣- الإعجاز العلمي في السنة النبوية، د. زغلول النجار، دار نهضة مصر – القاهرة، ط٥، ٢٠١٢م.

٤- الأنوار الكاشفة لما في كتاب الأضواء على السنة من الزلل والتضليل والمجازفة، عبد الرحمن بن يحيى المعلمي اليماني، عالم الكتب – بيروت، ١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م.

٥- تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، عبد الرحن بن أبي بكر السيوطي (ت: ٩١١هـ)، تحقيق: عبد الوهاب عبد اللطيف، مكتبة الرياض الحديثة – الرياض، د.ط، د.ت.

٦- تلوث مياه زمزم بالزرنيخ، مەقالەیەکە بە دەنگ و ڕەنگ لە سەر سایتی بی بی سی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە: www.bbc.co.com.

٧- التوراة والإنجيل والقرآن والعلم، موريس بوكاي، ترجمة: الشيخ حسن خالد، المكتب الإسلامي – بيروت، ط٣، ١٤١١هـ/ ١٩٩٠م.

٨- تيسير مصطلح الحديث، د. محمود الطحان، مكتبة المعارف – الرياض، ط٧، د.ت.

٩- دفاع عن السنة ورد شبه المستشرقين والكتاب المعاصرين، د. محمد محمد أبو شهبة، مطبعة المصحف الشريف – الأزهر، ط٢، د.ت.

١٠- الرد على من ينكر السنة، الشيخ صلاح نجيب الدق، شبكة الألوكة: www.alukah.net.

١١- الزرنيخ، أ.د. جابر سالم القحطاني، مجلة الرياض، العدد (١٣٨٦٧)، ١٢/ ٦/ ٢٠٠٦.

١٢- السنة المطهرة والتحديات، د. نور الدين عتر، مجلة مركز بحوث السنة والسيرة، جامعة قطر، العدد (٣)، ١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م.

١٣ـ السنة المفترى عليها، سالم علي البهنساوي، دار الوفاء – المنصورة، دار البحوث العلمية – الكويت، ط٣، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٩م.

١٤ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د. مصطفى السباعي، المكتب الإسلامي – بيروت، دار الوراق، ط٢، د.ت.

١٥ـ سنن ابن ماجة، محمد بن يزيد أبو عبد الله القزويني (ت: ٢٨٣هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار الفكر – بيروت، د.ط، د.ت.

١٦ـ سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث السجستاني (ت: ٢٧٥هـ)، دار الكتاب العربي – بيروت، د.ط، د.ت.

١٧ـ صحيح البخاري (الجامع الصحيح المختصر)، محمد بن إسماعيل البخاري (ت: ٢٥٦هـ)، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، اليمامة – بيروت، ط٣، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.

١٨ـ صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، لأبي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت: ٢٦١هـ)، دار الجيل – بيروت، دار الآفاق الجديدة – بيروت، د.ط، د.ت.

١٩ـ ظلمات أبي رية أمام أضواء السنة المحمدية، محمد عبد الرزاق حمزة، المطبعة السلفية ومكتبتها – القاهرة، د.ط، ١٣٧٨هـ.

٢٠ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، لأبي الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢)، دار المعرفة – بيروت، ١٣٧٩هـ.

٢١ـ الفتح السماوي بتخريج أحاديث القاضي البيضاوي، زين الدين عبد الرؤوف بن تاج الدين المناوي (١٠٣١هـ)، تحقيق: أحمد مجتبى، دار العاصمة – الرياض، د.ط، د.ت.

٢٢ـ القرآنيون وشبهاتهم حول السنة، خادم حسين إلهي بخش، مكتبة الصديق – الطائف، ط٢، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م.

٢٣ـ اللآليء المصنوعة في الأحاديث الموضوعة، جلال الدين السيوطي (٩١١هـ)، دار الكتب العلمية – بيروت، د.ط، د.ت.

٢٤- المسودة في أصول الفقه، عبد السلام (ت: ٦٧٩هـ) وعبد الحليم (ت: ٦٨٢هـ) وأحمد بن عبد الحليم (ت: ٧٢٨هـ) آل تيمية، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد، دار المدني – القاهرة، د.ط، د.ت.

٢٥- مسند البزار (البحر الزخار)، لأبي بكر أحمد بن عمرو البصري البزار (ت: ٢٩٢هـ)، المنشور على موقع المكتبة الشاملة: http://www.alsunnah.com.

٢٦- الموضوعات، لأبي الفرج عبد الرحمن بن علي بن الجوزي (٥٩٧هـ)، تحقيق: عبد الرحمن محمد عثمان، المكتبة السلفية – المدينة المنورة، ط١، ١٣٨٦هـ/ ١٩٦٦م.

٢٧- هل يتعارض الحديث الصحيح مع القران والعلم، د. شرف القضاة، بحث معضد من الجامعة الأردنية، ٢٠١٠م.

٢٨- نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر، أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد ابن أحمد بن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢هـ)، تحقيق: عبد الله بن ضيف الله الرحيلي، مطبعة السفير – الرياض، ط١، ١٤٢٢هـ.

٢٩- النكت على كتاب ابن الصلاح، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢هـ)، تحقيق: ربيع بن هادي عمير المدخلي، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية – المدينة المنورة، ط١، ١٤٠٤هـ/ ١٩٨٤م.

٣٠- وهم الإعجاز العلمي، د. خالد منتصر، دار العين – القاهرة، ط١، ٢٠٠٥م.

31. Huang، X.، Xu، Y.، and Karato، S. (2005) Water content in the transition zone from electrical conductivity of wadsleyite and ringwoodite. Nature 434، 746-749

32. Garzon، P.، and Eisenberg، M. J. (1998) Variation in the mineral content of commercially available bottled waters: implications for health and disease. The American journal of medicine 105، 125-130

33. Schoppen، S.، Perez-Granados، A. M.، Carbajal، A.، Oubina، P.، Sanchez-Muniz، F. J.، Gomez-Gerique، J. A.، and Vaquero، M. P. (2004) A sodium-rich carbonated mineral water reduces cardiovascular risk in postmenopausal women. The Journal of nutrition 134، 1058-1063

34. Shomar، B. (2012) Zamzam water: concentration of trace elements and other characteristics. Chemosphere 86، 600-605

35. Abu-Taweel، G. M. (2017) Effects of perinatal exposure to Zamzam water on the teratological studies of the mice offspring. Saudi journal of biological sciences 24، 892-900

36. Zayadi، R. A.، and Bakar، F. A. (2017) Comparative study on the performance of Au/F-TiO2 photocatalyst synthesized from Zamzam water and distilled water under blue light irradiation. Journal of Photochemistry and Photobiology A: Chemistry 346، 338-350

37. Keramati Yazdi، F.، Shabestani Monfared، A.، Tashakkorian، H.، Mahmoudzadeh، A.، and Borzoueisileh، S. (2017) Radioprotective effect of Zamzam (alkaline) water: A cytogenetic study. Journal of environmental radioactivity 167، 166-169

38. Iyengar، V.، and Woittiez، J. (1988) Trace elements in human clinical specimens: evaluation of literature data to identify reference values. Clinical chemistry 34، 474-481

39. Zhang، P. (2017) On arsenic trioxide in the clinical treatment of acute promyelocytic leukemia. Leukemia research reports 7، 29-32

40. Quansah، R.، Armah، F. A.، Essumang، D. K.، Luginaah، I.، Clarke، E.، Marfoh، K.، Cobbina، S. J.، Nketiah-Amponsah، E.، Namujju، P. B.، Obiri، S.، and Dzodzomenyo، M. (2015) Association of arsenic with adverse pregnancy outcomes/infant mortality: a systematic review and meta-analysis. Environmental health perspectives 123، 412-421

41. Jin، X. B.، Wang، Y. J.، Liang، L. L.، Pu، Q. H.، Shen، J.، Lu، X. M.، Chu، F. J.، and Zhu، J. Y. (2014) Cecropin suppresses human hepatocellular carcinoma BEL- 7402 cell growth and survival in vivo without side-toxicity. Asian Pacific journal of cancer prevention : APJCP 15، 5433-5436

42. Joyner، C.، Mills، M. K.، and Nayduch، D. (2013) Pseudomonas aeruginosa in Musca domestica L.: temporospatial

examination of bacteria population dynamics and house fly antimicrobial responses. PloS one 8، e79224

43. Guo، G.، Tao، R.، Li، Y.، Ma، H.، Xiu، J.، Fu، P.، and Wu، J. (2017) Identification and characterization of a novel antimicrobial protein from the housefly Musca domestica. Biochemical and biophysical research communications 490، 746-752

44. Golebiowski، M.، Cerkowniak، M.، Urbanek، A.، Dawgul، M.، Kamysz، W.، Bogus، M. I.، Sosnowska، D.، and Stepnowski، P. (2014) Antimicrobial activity of untypical lipid compounds in the cuticular and internal lipids of four fly species. Journal of applied microbiology 116، 269-287

45. Jennings، R. P.، Singarayer، J.، Stone، E. J.، Krebs-Kanzow، U.، Khon، V.، Nisancioglu، K. H.، Pfeiffer، M.، Zhang، X.، Parker، A.، Parton، A.، Groucutt، H. S.، White، T. S.، Drake، N. A.، and Petraglia، M. D. (2015) The greening of Arabia: Multiple opportunities for human occupation of the Arabian Peninsula during the Late Pleistocene inferred from an ensemble of climate model simulations. Quaternary International 382، 181-199.

# ئیعجازی زانستی له سوننەتدا
# ئێستا و ئومێدەکان

**د. کاوه فەرەج سەعدون**

**پزیشك و توێژەر له بواری ئیعجازی زانستی له قورئان و سوننەتدا**

سوننەتی پیرۆز بریتییە لە سەرچاوەی دووەمی ئیسلام و بریتییە لەو پەیوەندییە بەهێزەی نەوەکانی ئوممەتی ئیسلام دەبەستێتەوە بە پێغەمبەر و ڕابەرەکەیانەوە، سوننەتی پیرۆز پلەی دووەمی هەیە دوای قورئانی پیرۆز و وەك ئەویش جۆرێکە لە وەحی (نیگای) خودایی و ئیلهامی نبووەت بۆ پێغەمبەرەکەی و ڕێنمویی پەروەردگارە بۆ مرۆڤەکان، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "...ألا إِنّي أُوتِيتُ القرآنَ وَمِثلَه"[1]، واتە: (من قورئان و هاوشێوەی قورئانیشم پێدراوە، کە سوننەتە پیرۆزەکەیەتی)، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان هاوشێوەی قورئان دەستی پێوەبگرن و گوێڕایەڵی بن[2].

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەتدا فەرمانی پێکردووین کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکەین و سوننەتەکەی جێبەجێ بکەین:

---

[1] رواه أبوداود: ٤٦٠٤، والترمذي: ٢٦٦٦، وابن ماجة: ١٢، وأحمد: ١٦٧٢٢، وهو حديث صحيح.

[2] بڕوانە: الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. زغلول النجار. الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. أحمد شوقي إبراهيم.

﴿وَأَطِيعُوا اللهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا، فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّما عَلَى رَسُولِنَا البَلاغُ المُبِين﴾ (المائدة: ٩٢)، ﴿وَأَطِيعُوا اللهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُون﴾ (آل عمران: ١٣٢)، ﴿يَأَيُّهَا الَّذيْنَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لله وَلِلرَّسُول إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ (الأنفال: ٢٤)، ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا، وَاتَّقُوا اللهَ إِنَّ اللهَ شَدِيْدُ العِقَاب﴾ (الحشر: ٧). ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر دەکەن، واتە شوێن سوننەتەکەی ناکەون شوێنیان دۆزەخە بە دەقی ئەم ئایەتە و چەندین ئایەتی تریش: ﴿وَمَنْ يُّطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِيْنَ فِيْهَا وَذَلِكَ الفَوْزُ العَظِيم، وَمَنْ يَّعْصِ اللهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَاراً خَالِداً فِيْهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِيْن﴾ (النساء: ١٣– ١٤). ئاشکرایە کە گوێڕایەڵی پەروەردگار بە گوێڕایەڵی قورئان و جێبەجێکردنی دەبێت، لێرەدا دەپرسین: ئەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە چی دەبێت؟ بێگومان بە شوێنکەوتنی سوننەتەکەی دەبێت، نابێت بڵێین گوێڕایەڵی پێغەمبەریش بە گوێڕایەڵی قورئان جێبەجێ دەبێت کە پەیامەکەیەتی، چونکە پەروەردگار لەو ئایەتانەدا گوێڕایەڵی بۆ خودای جیاکردووەتەوە لە گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەرەکەی، کەواتە دەبێت گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنمان بۆ دوو فەرمانی جیاوازبێت، کە فەرمانی خودا بریتییە لە قورئانە پیرۆزەکەی و فەرمانی پێغەمبەریش لە فەرموودەکانی و سوننەتەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تەواوکەر و ڕوونکەرەوەی قورئانیشە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَنَزَّلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِم وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُون﴾ (النحل: ٤٤) واتە: (ئێمە قورئانمان بۆت دابەزاندووە بۆ ئەوەی تۆ ئەوەی بۆیان نێردراوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە).

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا (درودی خوای لەسەر) هاتووە: "...فَعَلَيْكُم بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الخُلَفاء الرّاشِدينَ المَهدِيِّيْن، عَضّوا عَلَيها بِالنَّواجِذ..."[1]، واتە: (ئێوە

---

[1] رواه أبو داود: ٤٦٠٧، والترمذي: ٢٦٧٦، وأحمد: ١٦٦٩٢، وابن ماجة: ٤٤٤٢ وهو حديث صحيح.

دەسـتبگرن بـە سـوننەتی منـەوە و سـوننەتی جێنشـینە ڕاشـیدە ڕێنمـویی کراوەکانەوە). لە ئاماژەیـەکی موعجیزەئاسـادا پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) ئاماژەی بەوە داوە کە لە داهاتوودا کەسانێك پەیدا دەبن کـە سـوننەت فـەرامۆش دەکەن و دەڵێن تەنها باوەڕ بە قورئان دێنین کە دەفەرموێت: "يُوشكُ الرَّجل مُتَّكِئاً عَلى أريكَتِهِ يُحَدِّثُ بِحَديثٍ من حَديثي فَيَقول بَيْنَنا وَبَيْنَكُم كِتاب اللهِ عَزَّوَجَل مَا وَجَدْنا فيْهِ مِنْ حَلال اسْتَحْلَلْناه وَما وَجَدْنا فِيه مِنْ حَرام حَرَّمْناه ألا وَإن مَاحَرَّمَ رَسُول اللهِ مِثْلَ مَا حَرَّم الله"[1]، واتـە: (نزیکـە لـە داهـاتوودا کەسـانێك پەیـدا بـبن کـە لەسـەر شوێنەکانیان پاڵیانداوەتەوە و فەرموودەیەك لە فەرموودەکانی مـن بـاس دەکـەن و دەڵێن: لەنێوان ئێمە و ئێـوەدا تـەنها کتـێبی پـەروەردگار هەیـە کـە هـەر حـەڵاڵ و حەرامێکی تێدابێت پەیڕەوی دەکەین، بەڵام بزانن ئەوەی کە پێغەمبەریش حەرامی کردبێـت (لـە فەرموودەکانیـدا) وەك ئـەوە وایـە کـە خـودا حـەرامی کـردووە). هـەرکاتێکیش موسـوڵمانان دەسـتبگرن بـە قورئـان و سـوننەت پێکـەوە، بـەهیچ شێوەیەك گومڕانابن، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "تَرَكْتُ فِـيْكُم أمْرَين لَنْ تَضلُوا مَا تَمَسَّكْتُم بِهِما كِتاب اللهِ وَسُنَّةَ نَبِيّه"[2]، واتە: (من دوو شتم تێدا بەجێهێشتوون کە ئەگەر دەستیان پێوەبگرن هـەرگیز گومڕانـابن، کـە پـەرتووکی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی)[3].

لەلایەکی ترەوە پەروەردگار بە زانستی فراوانی خۆی کە ڕابـوردوو و داهـاتووش دەگرێتەوە زانیویەتی کە لە داهاتوودا سەردەمێك دێتە پێش کە مرۆڤەکان لە ڕووی زانستییەوە پێشکەوتنی گەورە بەدەست دێنن و دەرگـای نهێنییـەکانی گـەردوون و

---

[1] رواه الترمذي: ٢٦٥٥، وأبو داود: ٤٦٠٥، وابن ماجـة: ١٢– ١٣، وأحمـد: ١٧١٩٨، والـدارمي: ٥٨٨ وهـو حديث صحيح.

[2] رواه مالك في الموطأ: ١٦٧٤، والدارقطني: ٤٦٠٣، والحاكم: ٣١٧– ٣١٨ وصححه ووافقه الذهبي.

[3] بڕوانە: الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. زغلول النجار. الإعجاز العلمي في السنة النبويـة، أ.د. أحمـد شوقي إبراهيم.

دروستکراوەکان دەکەنەوە و وردەکارییی یاسا گەردوونییەکان پەی پێدەبەن کە ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئێمەیە، هەربۆیە لە پەیامە پیرۆزەکەیدا (کە دوایین پەیامە بۆ مرۆڤەکان تا ڕۆژی دوایی) چەندین ئاماژەی زانستی ناوازەی هێناوە بۆ دروستکراوەکان و یاسا گەردوونییەکان بە وردەکارییەکی ئەوتۆ کە مەحاڵە مرۆڤێك پێش ١٤٠٠ساڵ ئەم وردەکارییانەی زانیبێتی، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ (فصلت: ٥٣)، واتە: (ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەر و لە خودی خۆیشیاندا، ئەمەیش بۆ ئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون ببێتەوە و دڵنیا ببن کە دەسەڵاتی پەروەردگار و پەیامە نێردراوەکەی حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نییە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێك؟! زانایان ناوی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بەکاردێنن بۆ ئەم بابەتە.

ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا یەکێکە لە ئاشکراترین ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن کە محەمەد (دروودی خوای لەسەر) نێردراوی خودا و کۆتاییینی پێغەمبەرانە، چونکە ئەو پێشدەستییە زانستییەی لە فەرموودەکاندا هەیە پێش ١٤٠٠ساڵ لە ژینگە و سەردەمێکدا کە کلیلی هیچ زانست و مەعریفەیەکیان نەبووە سەرەڕای نەخوێندەواریی خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەموو ئەو گومانانە ڕەتدەکەنەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم زانستەی لە خەڵکانی ترەوە وەرگرتبێت و بەشێوەیەك کە هیچ گومانی تێدا نەبێت دەیسەلمێنێت کە تاکە سەرچاوەیەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم زانستەی لێوە وەرگرتبێت پەروەردگاری دروستکەری جیهانیانە.

## دەربارەی زاراوەی ئیعجازی زانستی:

### مانای زمانەوانی:

لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا سەرچاوەی زاراوەی ئیعجاز لە وشەی (عجز)ەوە هاتووە، بە مانای لاوازی و بێتوانایی[1]. پەروەردگار وتەی قابیلی کوڕی ئادەممان بۆ دەگێڕێتەوە: ﴿قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَـذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ﴾ (المائدة: ٣١) واتە: (وتی تیاچوون بۆ من بیروهۆشم ئەوەندە لاوازە کە نەمتوانی وەکو ئەو قەلەڕەشە بکەم و لاشەی براکەم داپۆشم لە ژێر زەویدا).

### موعجیزە لە پێناسەی زانایاندا:

بەشێوەیەکی گشتی وتوویانە بریتییە لەو دیاردە و ڕووداوە نائاساییانەی پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەکانی ئەنجام دەدات و بەرامبەرکێی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەی پێکراوە کە لە توانایاندا نییە هاوشێوەی بهێنن، لە (شرح العقيدة الطحاوية)دا کە لە ئیبن تەیمیەوە وەریگرتووە هاتووە: هەموو لە ئاسایی بەدەرێك دەگرێتەوە و لە لای زانایانی پێشینی وەك ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و جگە لە ئەویش، بە بەڵگەکان، یان نیشانەکان (الآيات) ناوبراوە[2].

لەپێشتردا وشەی (إعجاز) و (معجزة) باو نەبووە لە بەکارهێناندا، بەڵکو لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (الآية) لە زیاد لە ٨٠ شوێندا هاتووە بە مانای ئەو نیشانە

---

[1] بڕوانە فەرهەنگەکانی: لسان العرب لابن منظور، تاج العروس في شرح القاموس للزبيدي، الصحاح للجوهري، معجم مقاييس اللغة لابن فارس، مفردات غريب القرآن للأصفهاني: وشەی (عجز).

[2] بڕوانە: شرح العقيدة الطحاوية، علي بن محمد بن أبي العز الدمشقي. مجموعة الفتاوي لشيخ الإسلام ابن تيمية.

ئاشكرایەی ڕاستی وتەكانی پێغەمبەر دەردەخات و هاندەرە بۆ باوەڕهێنان بە پەروەردگار، هەروەها (الآیات) بەم مانایە لەم زیاتر هاتووە و بەڵگە (البیّنة) بەم مانایە ١٢ جار و بەڵگەكان (بیّنات) ٤٠ جار و (برهان– بەڵگە یان سەلمێنەر) لە دوو شوێندا هاتووە، بەكارهێنانی زاراوەی (موعجیزە یان ئیعجاز) بۆ قورئانی پیرۆز تەنها لە كۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی كۆچیدا لەلایەن زانایانەوە دەستپێكرد و لە كتێبەكانیاندا هاتووە[1]. بەڵام سەبارەت بە لەئاسایی بەدەرەكان لە سوننەتدا، زانایانی سوننەت زاراوەی نیشانەكانی پێغەمبەرایەتی (علامات النبوة)یان بۆ بەكارهێناوە، وەك لە بابەكانی (صحیح البخاري)دا هاتووە[2]. پاشان زاراوەی بەڵگەكانی پێغەمبەرایەتی (دلائل النبوة) كە دوو كتێب بەم ناونیشانە لەلایەن (أبو نعیم الأصفهاني) و (البیهقي) نووسران، ئەویش لەبەرئەوەیە كە ئەم لە ئاسایی بەدەرانە بەڵگەیەكی ئاشكران لەسەر پێغەمبەرایەتی، چونكە تەنها پەروەردگار دەتوانێت ئەو شتە ئاساییە جێگیرانەی ڕۆژانە بشكێنێت، چونكە دروستكەریانە، ئەم بەڵگانەش دەرخەری ڕاستی ناردنی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر) لەلایەن خوداوە.

زۆرێك لە زانایان جیاوازییان نەكردووە لەنێوان موعجیزە و بەڵگەكان وەك ئیبن حەجەری عەسقەلانی. دوای ئەوەی لە سەرەتای شەرحی (باب علامات النبوة في الإسلام)ی (صحیح البخاري)دا دەڵێت: "موعجیزە تایبەتترە لە بەڵگە، چونكە پێویستە موعجیزە مەرجی بەرامبەركێی تێدابێت لە پێغەمبەرەكەوە بۆ ئەوانەی باوەڕی پێ ناهێنن، یان بە درۆی دەخەنەوە و مەرجیشە بەرامبەركێكە بە شتێك بێت لەوانەی بە عادەت مرۆڤەكان ناتوانن هاوشێوەی بهێنن"، بەڵام دواتر كە لە ڕاڤەی ئەو بابەی بوخاری بەردەوام دەبێت زۆر فەرموودەی تری هێناوە كە لە

---

[1] بڕوانە: الإعجاز العلمي في السنة النبویة، أ.د. صالح بن أحمد رضا (١٨– ٣٧).

[2] بڕوانە: صحیح البخاري.

ئاسایی بەدەرە، بەڵام مەرجی تەحەددای تێدا نییە و بەهەمان شێوەش ناوینـاون موعجیزات[1].

لە زانا نوێکانیش (د. ضیاء الدین عتر) هەمان رێڕەوی گرتووە لە کتێبی (المعجزة الخالدة)دا، کاتێك لە سەرەتادا جیاوازیی کردووە لەنێوان موعجیزات و بەڵگەکان، موعجیزەی بەوە پێناسەکردووە کە: کارێکە پەروەردگار لەسەر دەستی پێغەمبەر دەیکات کە لەسەروو توانای مرۆڤەکانەوەیە و یاساکانی سروشت تێدەپەڕێنێت و پێغەمبەر بەرامبەرکێی خەڵکی پێدەکات و کەس ناتوانێت بەرامبەری بوەستێتەوە. دواتر هاتووە پۆلێنی موعجیزەکانی کردووە بۆ: هەستپێکراو و عەقڵی. لەناو موعجیزە هەستییەکاندا (بەپێچەوانەی پێناسەکەی خۆیەوە) هەموو کارە لەئاسایی بەدەرەکانی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) بە موعجیزە داناوە وەك: زیادکردنی خۆراك و تەسبیحاتی بەرد و...تاد، کە ئەمانە بۆ بەرامبەرکێی هاوەڵەکان ئەنجامنەدراون، بەڵکو بۆ دامەزراندنی باوەڕیان بووە[2].

بەپێی پێناسە کۆنەکەی موعجیزە، زۆرێك لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی نابن بە موعجیزە، چونکە مەرجی بەرامبەرکێ لەخۆناگرن، بۆیە پێویستیمان بەپێناسەیەکی نوێ و گشتگیر هەیە بۆ موعجیزە، بەتایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، بۆیە من ئەو پێناسەیە بەگونجاو دەزانم کە (أ.د. صالح بن أحمد رضا) لە کتێبی (الإعجاز العلمي في السنة النبوية)دا هێناویەتی، دەڵێت: "موعجیزە کارێکە، یان ڕووداوێکە، پەروەردگار لەسەر دەستی پێغەمبەرەکەی، یا زانستێکە لە وتەکانیدا دەریدەخات، هیچ کەسێك لە سەردەمی ئەودا نەیتوانیوە هاوشێوەی بهێنێت و دەبێتە بەڵگە لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی، چونکە لەسەروو توانای مرۆڤەکانەوەیە"، ئەم پێناسەیەش دەبێتە کۆکەرەوەی هەموو ڕووەکانی ئیعجاز لە قورئان و سوننەتدا[3].

---

[1] بڕوانە: فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني (٦/ ٦٧٢).

[2] بڕوانە: المعجزة الخالدة، د. حسن ضياء الدين عتر (٥٠- ٥٩).

[3] بڕوانە: الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. صالح بن أحمد رضا (١٨- ٣٧).

بەم شێوەیە هەموو ئەوانەی بە  بەڵگەی پێغەمبەرایەتی و نیشانەکانی دانـراون، بێگومـان بـریتین لـە مـوعجیزە، چـونکە ئـەم لـە ئاسـایی بەدەرانـە مەبەسـت پێـی سـەلماندنی پێغەمبەرایـەتی محەمـەد (دروودی خـوای لەسـەر) بـووە، پـەروەردگار ئەنجامیداون بۆ دامەزرانـدنی تـەواوەتی بیروبـاوەڕی بـاوەڕداران، کاتێك پێغەمبـەر (دروودی خـــوای لەســـەر) چـــەندین مـــوعجیزەی نیشـــانی هاوەڵەکانیـــداوە، وەك زیادبوونی خـۆراك و ئـاو، گریـانی قەدەکـە، سـاڕێژکردنی بـرینی هاوەڵـەکان، دوعـا گیراوەکـانی، تەسـبیحاتی بـەرد لەبەردەسـتیدا و چـەندینی تـر، مەبەسـت پێـی بەرامبەرکێ نەبووە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، چونکە ئەوان خۆیان ئیمانداربوون، بـەڵکو تەنها دەرخسـتنی پێغەمبەرایـەتی و دامەزرانـدنی باوەڕیـان بـووە، چـونکە لەمـەوە دەردەکەوێت کە بکەری ئەم موعجیزانە تەنها پەروەردگارە و ئەم کارانە لە سروشت و توانـای مرۆڤەکانـدا نییـە. هـەروەها زیـادکردنی دەسـتەواژەی (لـە سـەردەمی پێغەمبەردا کەس نەیتوانیوە هاوشێوەی بهێنێت) ئیعجازی زانستیش لـەخۆدەگرێت کە لە قورئان و سوننەتدا ئاماژەکانی هـاتوون، چـونکە ئـەو ئامـاژە زانسـتییانە لـە سەردەمی وەحیی دا کەس نەیزانیون، وردە وردە بە تێپەڕبوونی کات و زیـادبوونی زانستی مرۆڤەکان ئەم ڕاستییانە دۆزرانەوە و ئاشکرابوون.

سـەبارەت بـە ئیعجـازی زانسـتیش لـە سـوننەتدا، کـە بەشـێکە لـە بەڵگـەی پێغەمبەرایـەتی، دەتـوانین بـەوە پێناسـەی بکـەین کـە: (بـریتین لـەو ئامـاژە زانستییانەی پێغەمبەر دەربارەی گەردوون و دروستکراوەکان و مرۆڤ داوێتی و تەنها دوای تێپـەڕبوونی سـەدان سـاڵ ڕاسـتییەکانیان بـۆ مرۆڤـەکان دەرکـەوتووە)، کـە دووبارە دەڵێین ئەمانیش بەهەمان شێوە موعجیزەن، چونکە ئەم هەواڵانە لەسەروو توانا و زانیاریی مرۆڤەکانی سەردەمی پێغەمبەرەوە بووە[1].

---

[1] بڕوانە: مدخل إلى دراسة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة النبوية المطهرة، أ.د. زغلول النجار.

## چەند نموونەیەکی ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا:

### ١- کۆتایی پشتەسەر سەنتەری نووستن و بەخەبەر بوونە:

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاتووە: "يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ إِذَا هُوَ نَامَ ثَلاثَ عُقَدٍ، يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ، فَإِنِ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ، وَإِلاَّ أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلانَ" (متفق عليه)، واتە: (کاتێك ئێوە دەخەون شەیتان سێ گرێ دەدات لە ناوچەی کۆتایی سەر لە پشتەوە، کە بە هەریەکێکیاندا دەکێشێت و دەڵێت بنوو، چونکە شەوگار درێژە و زۆری ماوە، کاتێك بەخەبەر دێت ئەگەر یادی خودا بکات گرێیەك دەکرێتەوە، کاتێك دەستنوێژ دەگرێت گرێیەکی تر دەکرێتەوە و کاتێکیش نوێژ دەکات گرێکەی تریش دەکرێتەوە و چالاکانە و بە دەروونێکی دروستەوە ڕۆژ دەکاتەوە، ئەگەر وانەکات بە دەروونێکی تێکچوو و تەمەڵیەوە ڕۆژ دەکاتەوە).

لێرەدا ئەم فەرموودە پیرۆزە ئاماژە بەوە دەدات کە شەیتان کار لە کۆتایی پشتەسەری مرۆڤ دەکات و بەمە دەبێتە هۆی سستکردنی و خەواڵووکردنی بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی شەونوێژ و نوێژی بەیانی، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە کۆتایی سەر و سەرەتای مل لەپشتەوە شوێنی کۆنترۆڵکردنی نووستنە لە مرۆڤدا، چونکە شەیتان لەڕێی کاریگەریی لەسەر ئەم ناوچەیە، مرۆڤەکان خەواڵوو و ناچالاك دەکات، ئەم ڕاستییە زانستی توێکاری ئەم سەردەمە سەلماندوویەتی، کە دەرکەوتنی ئەم ڕاستییە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە وەحی پشتگیریی کراوە و لەلایەن پەروەردگارەوە نێردراوە[(١)].

سەبارەت بە مانای ئەم کارتێکردن و گرێدانە لە ناوچەی کۆتایی پشتەسەر، هەندێك لە زانایانی ڕاڤەی فەرموودە وتوویانە کە ئەمە کارتێکردنێك و گرێدانێکی حەقیقییە، کە لەلایەن شەیتانەوە ئەنجامدەدرێت و وەك کاری جادووگەرەکان وایە، لەوانە نەوەوی لە (شرح صحيح مسلم) و ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباري شرح صحيح البخاري) کە دەڵێت: "بەدەستی خۆی دەکێشێت بەو گرێیانەی لە کۆتایی پشتەسەری داوە بەمەبەستی توندکردنی گرێکان و کاریگەریی تەواو لەو ناوچەیە[(٢)].

**ئاماژەی زانستیی فەرموودەکە:**

لێرەدا ئەوەی مایەی سەرنجە، ئاماژەی فەرموودەکەیە بۆ ئەوەی کاریگەریی شەیتان لەسەر ئەم ناوچەی کۆتایی پشتەسەرە دەبێت، بەتایبەتی بۆ خەواڵووکردنی مرۆڤەکان و باسی هەموو سەری نەکردووە، بەڵکو تەنها ئەم ناوچەیەی تایبەتمەند کردووە بەم کاریگەرییە. ئەگەر لە ڕووی زانستییەوە لێکۆڵینەوە بکەین بۆ کۆنترۆڵی نووستن و بەخەبەرهاتن لە مرۆڤدا، دەبینین زانایانی توێکاریی و فیسیۆلۆجی دوای دۆزینەوەی زۆربەی فرمانەکانی سیستەم و ئەندامەکانی لەش بۆیان دەرکەوتووە کە سەرەکیترین ئەو سەنتەرانەی کۆنترۆڵی نووستن و بەخەبەرهاتن دەکەن دەکەونە بەشی ناوەڕاست و دواوەی قەدی مێشك

[1]http://m.quran-m.com/index.php/%D%٨A%٧D%٨٤%٩D%٨B%٧D%٨A٨-%D٨٨%٩-%D%٨A%٧D%٨٤%٩D%٨AD%D٨%٩A%D%٨A%٧D%٨A-٢٠١١-١٦٢٤/٩ قافية الرأس مركز النوم واليقضة.html٠٦-١٧-٠٩-٠٩-٥١

[٢] بڕوانە: فتح الباري شرح صحيح البخاري، هەروەها: صحيح مسلم بشرح الإمام النووي.

(Brain Stem)، بەتایبەتی لە ناوچەکانی (Pons & Medulla)، شوێنی ئەم ناوچانە لە کۆتایی پشتەسەر دەکەوێتە دواوە، واتە لە کۆتایی سەر لە پشتەوە و سەرەتای مل لە دواوە، وەك ئەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئاماژەی پێداوە، چەند ناوچەیەکی تایبەتمەندی وەك: پێکهاتەی تۆڕیی (التشكيل الشبكي (Reticular Formation) و ناوچەی (Raphe Nuclei) و ( Nucleus solitarius) چالاکانە دەبنە هۆی دروستکردنی سووڕی نووستن و بەخەبەربوون لە مرۆڤدا[١]. ئەوەی زیاتر کاری ئەم ناوچانەی سەلماند لە ڕووی زانستییەوە ئەوەبوو لە کاتی ڕوودانی زیان و برینداریی لەم ناوچانەدا تێبینی ئەوەکرا کە کەسی بریندار دووچاری نەمانی ئاگاهی و بێهۆشیی دەبێت[٢].

لێرەوە لەوە تێدەگەین کە بۆچی لە کاتی نووستندا شەیتان کاریگەریی فیعلی لەسەر ئەم ناوچەیە دروستدەکات کە کۆتایی پشتەسەری مرۆڤە، چونکە ئەم جێگەیە و سەنتەرەکانی قەدی مێشکە لەناو سەرەتای بڕبڕەی پشتدا کە کۆنترۆڵی

---

1 Guyton Textbook of Medical Physiology – Arthur C. Guytoln, John E. Hall – Elsenier Saunders – Eleventh Edition- 2006 – Pages: 739-741.

-Essentials of Medical Physiology – Prema& K Sembulingam – Jaypee – Fifth Edition – 2010 – Pages: 863-866, 891-894.

2 www.psych.fullerton.edu/mwhite/306pdf/306%20brain%20mechanisms%20and%20sleep.pdf

http://thebrain.mcgill.ca/flash/a/a_11/a_11_cr/a_11_cr_cyc/a_11_cr_cyc.html: THE BRAIN STRUCTURESTHAT WAKE YOU UP AND PUT YOU TO SLEEP.

-https://www.ninds.nih.gov/Disorders/Patient-Caregiver-Education/Understanding-Sleep

- https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/19689306: Mechanisms of sleep-wake cycle modulation. - https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3482689/Traumatic Brain Injury and Sleep Disorders.

نووستن و ئاگاهی لە مرۆڤدا دەکەن و لە کاتی کارتێکردنیدا دەبێتە هۆی بەخەبەرنەهاتنەوەی مرۆڤەکە، چونکە لە ڕووی زانستییەوە ئەوە دەرکەوتووە کە هەتاوەکو ئەم ناوچانە چالاك بن مرۆڤ خەوی لێناکەوێت و بەئاگادەبێت، هەربۆیە شەیتان (٣) گرێ لەم ناوچەیە دەدات و نایەڵێت مرۆڤ چالاك ببێتەوە و خەوی قورس دەبێت و شەونوێژ و نوێژی بەیانی لەکیس دەدات ﴿يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ﴾.




## ٢- لە حەرام کراوەکاندا چارەسەر نییە:

لە سوننەتدا هاتووە: "إِنَّ اللهَ لَم يَجْعَل شِفاءَ أُمَّتي فِيما حَرَّمَ عَلَيها"[١]، واتە: (خودا شیفا و چارەسەری ئوممەتی منی لەو شتانەدا دانەناوە کە حەرامی کردووە لەسەریان)، واتە بەشێوەیەکی گشتی ئەو شتانەی لە شەریعەتی ئیسلامدا حەرامکراون مایەی شیفا نین. هەروەها دروست نییە بە شتی حەرام چارەسەری خۆمان بکەین، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إِنَّ اللهَ خَلَقَ الدّاءَ والدَّواء، فتداووا، ولا تتداووا بحرام"[٢]، واتە: (خودا دەرد و دەرمانیشی بۆ دروستکردووە، ئێوەش بەدوای دەرماندا بگەڕێن، بەڵام چارەسەر بە شتی حەرام مەکەن). هەروەها دەفەرموێت: "إِنَّ اللهَ أَنْزَلَ الداءَ وَالدواء، وَجَعلَ لِكُلِّ داءٍ دَواءً،

---

[١] رواه أبو داود وأبو يعلي والبزار، وصححه ابن حبان.

[٢] رواه الطبراني: بإسناد رجاله ثقات كما في مجمع الزوائد.

فَتَداوَوا وَلا تَداوَوا بِحَرام"[1]، واته: (خودا دەرد و دەرمانی دابەزاندووە و بۆ هەموو دەردێکیش دەرمانی داناوە، ئێوەش چارەسەر بکەن، بەڵام بە شتی حەرام چارەسەر مەکەن).

خوای گەورە نەخۆشی و دەرمانەکەشی دروست کردووە و ئێمەش فەرمانمان پێکراوە بە دوای ڕێگە چارەکاندا بگەڕێین، کە بێگومان بوونیان هەیە و لە خواردن و خواردنەوەی حەڵاڵیشدا دەستدەکەون ئەگەر بیدۆزینەوە، بەڵام پێدەچێت لە کاتی ونیی ڕێگەچارە حەڵاڵەکەدا، ناچار ببین هەندێك خواردن و خواردنەوە و ماددەی حەرامکراو بەکاربێنین لە چارەسەرەکانماندا، بەڵام دەبێت بە ڕێژەی پێویستی خۆی بێت و زیادەڕەوی تێدا نەکرێت، لەگەڵ ئەوەی وا هەستدەکرێت دەستەوسانی ئێمەی مرۆڤ بێت کە ڕێگەچارەی ڕاستەقینە حەڵاڵەکەمان درك پێنەکردبێت.

لەم بابەتەدا ئێمە تیشك دەخەینەسەر مەی و ماددە کحولیەکان، کە لە قورئان و فەرموودەدا بەتایبەتی حەرامکراوە و لەمبارەیەوە چەندین فەرموودە هەیە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕێگەینەداوە تەنانەت بۆ چارەسەریش بەکاربهێنرێت، کاتێك هاوەڵێك بەناوی (طارق بن سويد) داوای لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کرد کە ڕێگەی بدات مەی دروستبکات و ئەویش ڕێگری لێکرد، هاوەڵەکەش وتی: من بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دروستی دەکەم، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: "إِنَّه لَيسَ بِدَواء وَلكنَّهُ داء"[2]، واتە: (مەی چارەسەر نییە، بەڵکو مایەی نەخۆشییە). چەند ساڵێك پێشتر دەوترا خواردنەوەی مەی بە بڕێکی کەم ڕۆژانە مرۆڤ لە هەندێك نەخۆشی دەپارێزێت، بەتایبەتی جەڵتەی دڵ، بەڵام ئێستا لە سەدەی (٢١)دا نوێترین توێژینەوە زانستییەکان ئەمەیان

[1] رواه أبو داود: (٣٣٥٨)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة برقم: (٦٠٣٣).

[2] رواه مسلم: (٣٦٤٩)، وابن ماجة: (٣٤٨٣)، وأحمد: (١٨٧٧٣، ١٨٨٤٦، ٢٢٥١٣).

پووچەڵ کردووەتـەوە و دەڵـێن تەنانـەت کـەمترین ڕێـژەی مـەی ڕۆژانـە مەترسـی تووشبوون بە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەتی شـێرپەنجە، چـەند قـات زیـاد دەکات[1].

بەکارهێنانی هەر ڕێگەیەك لە ڕێگەچارەکانی پزیشکی، دەبێت دوای توێژینەوەی زانستی بێت، چاکە و خراپەی ئەو ماددانە لێی بکۆڵرێتـەوە و کـاتێکیش بـەکاردێت دەبێت سوودەکانی ڕاستەقینەبن و زیانەکانی زۆر کەم بن، ئەگینا ئەو کاتە هیچمان بە هیچ نەکردووە، بـەڵام کاتێـك زەروور بـوو، بێگومـان لەگـەڵ زیانـە زۆرەکانیشـی ناچـارین بـەکاری بهێـنین، بـۆ نموونـە: دەرمانـە ژەهراوییـەکانی نەخۆشـییەکانی شـێرپەنجە، کـە پێشـتر پێیـان دەوتـرا: Cytotoxic drugs واتـە: دەرمـانی ژەهراویکەری خانـە! بـەڵام ئێسـتا پێیـان دەوترێـت: Chemo therapy واتـە: چارەسەری کیمیایی.

(هیچ بڕێك لە کحول سەلامەت نییە)، ئەمە ناونیشانی توێژینەویەکی پزیشکییە، کـە لـە مـانگی نیسـانی سـاڵی (٢٠١٤ز)دا بڵاوکراوەتـەوە، لەلایـەن ( Laura A. Stokowskin، RN، MS ) ئەنجامدراوە، کە تێیدا هـاتووە[2]: (خواردنـەوەی بەرپرس –Responsible drinking) کە بریتییە لە خواردنەوەی بڕێکی کـەم لە مەی لە چەند کاتێکی دیـاریکراودا، بووەتـە ویـردی سـەر زمـانی سـەدەی (٢١)، بەڵام کاتێك باس لە بوونی بە هۆکـاری شـێرپەنجە دەکرێـت، هـیچ بڕێـك لـە کحـول سـەلامەت نییـە[3]، ئەمـە دەرەنجـامی ڕاپـۆرتی جیهـانیی شـێرپەنجە ( World

---

[1] بابەتی: (ئایا مەی لە جەڵتەی دڵ دەمانپارێزێت)، د. دیاری أحمد إسماعیل، گۆڤـاری (هـەیڤ)، ژمـارە ٣٥، ٢٠١٤.

[2] https://www.medscape.com/viewarticle/824237_5 : No Amount of Alcohol Is Safe - Laura A. Stokowski, RN, MS Disclosures April 30, 2014: www.archive.healthycaribbean.org/newsletters/may-2014/No-Alcohol-Is-Safe.pdf

[3] Rehm J, Shield K. Alcohol consumption. In: Stewart BW, Wild CB, eds. World Cancer Report 2014 Lyon-France: International Agency forResearch on Cancer; 2014.

(Cancer Report - WCR) بوو، كە لە لایەن ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) – دەزگای نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە لەسەر شێرپەنجە (IARC) بڵاوكرایەوە، هەر لەلایەن (IARC) لە ساڵی (١٩٨٨ن)دا ڕاگەیەنراوە كە كحول ماددەیەكی تووشكەری شێرپەنجەیە (carcinogenic)[1].

مەترسی مەی خواردنەوە، پەیوەندی بە قەبارەی ژەمەكانەوە هەیە، تا كحول زیاتر بخورێتەوە مەترسییەكان زیاتر دەبن، پەیوەندی نێوان شێرپەنجە و كحول خواردنەوە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆیە لە هەندێ جۆری شێرپەنجەدا، وەك شێرپەنجەی دەم و قورگ و قوڕقوڕاگە و سورێنچك و كۆڵۆن و ڕێكە و جگەر و مەمك، هەروەها پەنكریاس و لیوكیمیا و شێرپەنجەی ملی منداڵدان و دەرچە و زێی كۆئەندامی زاووزێی مێینە و پێست، كە بە ڕێژەیەكی كەمتر پەیوەندی ژەمەكانی خواردنەوەی كحول لەگەڵ ئەم شێرپەنجانە و شێرپەنجەكانی میزەڵدان و گەدە و سییەكان دۆزراوەتەوە[2].

## ئایا ڕاستە خواردنەوەی ڕێژەیەكی كەمی كحول نابێتە هۆی توشبوون بە شێرپەنجە؟:

لە كۆی توێژینەوەیەك (Meta-analysis) كە (٢٢٢) توێژینەوەی لە خۆگرتووە: (١٥٢٠٠٠) بەشداربووی لەخۆگرتبوو، (٩٢٠٠٠) كەسیان بە ڕێژەیەكی كەم كحولیان خواردبووەوە و شێرپەنجەیان هەبوو، بەڵام (٦٠٠٠٠) كەسیان نەیانخواردبووەوە و شێرپەنجەیان هەبووە، بینرا كە ئەوانەی بە كەمیش دەخۆنەوە، مەترسی تووشبوونیان هەیە بە شێرپەنجەی دەم و گەروو و سورێنچك

---

[1] Alcohol drinking. IARC Working Group, Lyon, 13-20 October 1987. IARC Monogr Eval Carcinog Risks Hum. 1988;44:1-378.

[2] Rehm J, Shield K. Alcohol consumption. In: Stewart BW, Wild CB, eds. World Cancer Report 2014 Lyon-France: International Agency forResearch on Cancer; 2014.

و مەمك[1]. لەو کۆتوێژینەوەیەدا دەرکەوتووە: ساڵی (٢٠٠٤ز) لەسەر ئاستی جیهان (٥٠٠٠) حاڵەتی مردن تۆمارکراوە بە هۆکاری شێرپەنجەی دەم و قورگ، (٢٤٠٠٠) حاڵەتیش بەهۆی شێرپەنجەی سوورێنچکەوە، (٥٠٠٠) حاڵەتیش بەهۆی شێرپەنجەی مەمکەوە، کە هۆکانیان گەڕێندراوەتەوە بۆ خواردنەوەی ڕێژەیەکی کەمی کحول.

خواردنەوەی کحول بەلای کەمەوە ١٥ ماددەی شێرپەنجەکەری تێدایە، لەوانە: ئەسیت ئەڵدیهاید Acetaldehyde، ئەکریلەماید Acrylamide، ئەفلادۆکسینەکان Afladoxins، زەرنیخ Arsenic، بەنزین Benzene، کادمیۆم Cadmium، ئیسانۆڵ Ethanol، کاربۆناتی ئەسیل Ethyl Carbonate، فۆرماڵدیهاید Formaldehyde، و قورقوشم Lead[2].

ترسناکترین و شێرپەنجەکەرترین ماددەش لە مەیدا ئەسیت ئەڵدیهایدە، کاتێك ئەو ماددانە بەر ناوپۆشی گەروو و ناو دەم وقورقوڕاگە و سورێنچك دەکەون – بەتایبەتیش بەهۆی بەرزی چڕی ئەسیت ئەڵدیهایدەوە – دەبێتە هۆی ئەستووربوونی ناوپۆشەکەیان (hyperproliferation)، تەنانەت ژەمێکی کەمی کحولیش کە ڕاستەوخۆ بەر ئەو ناوپۆشە دەکەوێت، مەترسی تووشبوونی شێرپەنجە زیاد دەکات تیایاندا[3].

---

1 Bagnardi V, Rota M, Botteri E, et al. Light alcohol drinking and cancer: a meta-analysi. Ann Oncol. 2013; 24:301-308.

2 Lachenmeier DW, Przbylski MC, Rehm J. Comparative risk assessment of carcinogens in alcoholic beverages using the margin of exposure approach. Int J Cancer. 2012;131:E995-E1003.

- Seitz HK, Becker P. Alcohol metabolism and cancer risk. Alcohol Res Health. 2007;30:38-41, 44-47.

3Homann N, Kärkkäinen P, Koivisto T, Nosova T, Jokelainen K, Salaspuro; M. Effects of acetaldehyde on cell regeneration and differentiation of the upper gastrointestinal tractmucosa. J Natl Cancer Inst. 1997;89:1692-1697.

**٣- ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر کە کلێنچکە (عجب الذنب)ی کردووە بە بنچینەی دروستبوونی مرۆڤ:**

لە چەند فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) باسی کلێنچکەی کردووە، کە بەشێکی گرنگی لەشی مرۆڤە و, بە بەردی بناغەی دروستبوونی کۆرپەلەی مرۆڤی داناوە، بە ڕوونی باسی ئەوەی کردووە کە مرۆڤ لەمەوە دروست دەبێت، وەك لە فەرموودەکانی:

- "كُلُّ ابْنِ آدَمَ يَأْكُلُه التُّراب إلاّ عَجْبَ الذَّنَب، مِنْهُ خُلِقَ وَمِنْهُ يُركّب" (رواه مسلم)، واتە: (هەموو بەشێکی مرۆڤ گڵ دەیخوات و دەیڕزێنێت تەنها بەشێکی ئێسکی کلێنچکە نەبێت کە هەرگیز زەوی ناتوانێت بیفەوتێنێت، لەم ئێسکەوە ئادەمیزاد دروستبووە و هەر لەمیشەوە زیندوو دەبێتەوە).

- "كُلّ ابْنِ آدَم تأْكُلُ الأرضُ إلاّ عَجْب الذَنَب مِنْه خُلِقَ وفيه يُرَكّب" (رواه أبوداود)، واتە: (هەموو مرۆڤێك زەوی دەیخوات و دەیڕزێنێت تەنها بەشێکی ئێسکی کلێنچکە نەبێت، لەم ئێسکەوە دروست بووە و هەر لەمیشەوە زیندوو دەبێتەوە).

ئەم فەرموودانە چەند ئاماژەیەکی زانستیی زۆر نوێی تێدایە کە کۆرپەلەی مرۆڤ لەم کلێنچکەوە دروست دەبێت، یەکەم شتێك کە لە کۆرپەلەکەدا دروستبوونی تەواو دەبێت بریتیە لەم کلکە، کە پاشان مرۆڤ و هەموو ئەندام و شانەکانی لێوە دروست دەبێت.

زانایانی زمانی عەرەبی سەبارەت بە (عَجْب الذَّنَب) دەڵێن: "هو العظم الذي في أسفل الصلب عند العجز"[1]، واتە: (بریتییە لەو ئێسکەی کە لە کۆتایی بڕبڕەی پشتدا هەیە، واتە ئێسکی کلێنچکە). ئەم ئێسکە لە ئاژەڵانیشدا هەیە و کلك دروست دەکات، فەرموودەکە وشەی (الذَّنَب)ی بەکارهێناوە بە مانای (کلك)، کە

---

[1] بڕوانە: فەرهەنگی (لسان العرب): ماددەی (عجب).

ئەوە دەگەیەنێت کۆرپەلەی مرۆڤ پێشتر کلکی هەبووە و لە دواییدا دەپووکێتەوە.
لەم فەرموودانەدا چەند ئاماژەیەکی زانستیی نوێ تێدەگەین:

١. مرۆڤ کلکی هەبووە.

٢. کۆرپەلەی مرۆڤ لەم کلێنچکەوە دروست دەبێت.

٣. شوێنی دروستبوونی کۆرپەلە لە کۆتایی ئەم کلکەدایە.

٤. ئەم شوێنە بریتیە لە ئێسك.

٥. کۆتایی ئەم کلکە زۆر بچووکە (بڕوانە وشەی (حَبَّة خَردَل) کە لە فەرموودەکاندا بەکارهاتووە).

٦. یەکەم شتێك کە لە کۆرپەلەکەدا دروستبوونی تەواو دەبێت بریتییە لەم کلکە، کە پاشان مرۆڤ و هەموو ئەندام و شانەکانی لێوە دروست دەبێت.

**کلێنچکە لە زانستی کۆرپەلەزانیدا (شریتی سەرەتایی):**

تازەترین توێژینەوەی زانستی کۆرپەلەزانی ڕوونی کردووەتەوە، کە کلێنچکەی مرۆڤ لە سەرەتادا بریتییە لە ئەندامێکی بچووك پێی دەوترێت: هێڵی سەرەتایی، یان شریتی سەرەتایی (Primitive Streak)، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم شریتە سەرەتاییەی کۆرپەلە، چینەکانی لەش و ئەندامەکانی کۆرپەلە و کۆئەندامی دەماری کۆرپەلەکە پێکدێنێت، دوایی ئەم شریتە سەرەتاییە هیچ شوێنەوارێکی نامێنێت جگە لە جێماوەیەك نەبێت، کە لە مرۆڤی پێگەیشتوودا پێی دەڵێن ئێسکی کلێنچکە (Coccyx)[1].

---

[1] THE DEVELOPING HUMAN- CLINICALLY ORIENTED EMBRYOLOGY - Keith L. Moore, T.V.N. Persaud, Mark G. Torchia, Elsevier, TENTH EDITION- INTERNATIONAL EDITION- 2016 - Pages: 52-58.
- Langmann's Medical Embryology - T.W.Sadler - Lippincott Williams & Wilkins - 10th Edition - 2006- Pages: 55-63.
-http://www.med.umich.edu/lrc/coursepages/m1/embryology/embryo/05embryonicperiod. htm : Anatomy- University of Michigan Medical School - Embryonic Period (3-8 weeks).
- http://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/primitive-streak.

## پێکهاتنی شریتی سەرەتایی:

لــە چــواردەهەمین ڕۆژی گەشــەکردنی کۆرپەلــەدا، دوو خەپلەکــەی کۆرپەلــە درێژدەبنــەوە هــەتا شــێوەیەکی هــەرمێی وەردەگــرن، ســەرەپانەکەی بەشــی پێشــەوەیەتی، بــەڵام بەشــە کۆتاییەکــەی باریــك دەبێــتەوە، خانــەکانی چــینی ئیکتــۆدێرمی دەرەوە لــە ناوچــەی کۆتاییــدا چــالاك دەبــن و ســەرەنجام دەبنــە پێکهێنــەری شــریتی ســەرەتایی (Primitive Streak)، بــۆ یەکــەمجار لــە پانزەهەمین ڕۆژی دوای پیتاندنی هێلکەکەدا دەردەکەوێت و پێکهـاتووە لـە خانـەی شێوەداسی لە کۆتایی چینی دەرەوەی دیسکی کۆرپەلەکەدا. لە سەرەتای هەفتەی سێیەمدا و دوای پێکهاتنی شریتی سەرەتایی دابەشبوونێکی خێرا و گەشـەکردنێکی بە پەلە لە خانەکانی ئـەم شـریتەدا ڕوودەدات، کـە دەبێتـە هـۆی درێژبوونـەوەی و دوایی هێڵێکی ڕاست پێك دێنێت، هەردوو لای ڕاست و چەپی کەمێك بەرز دەبنـەوە و کۆتاییەکەشی بەرزتر دەبێت و گرێی سەرەتایی (Primitive node) دروست دەکات. لە کاتی درێـژ بوونـەوەی ئـەم شـریتە، لـە ناوەڕاسـتیدا ڕێڕەوێك دروسـت دەبێــت کــە پێیــدەوترێت چــاڵایی ســەرەتایی (Primitive groove)، لــەم ڕێڕەوەوە خانەکانی شریتی سەرەتایی دەچـنە نـاو دیسـکی کۆرپەلەکـەوە لـە ڕێـی کونێکەوە کە پێیدەوترێت کونی سـەرەتایی (Primitive pit)، لێـرەوە شـریتی سـەرەتایی دروسـتبوونی تـەواو دەبێـت، کـە دەکەوێتـە بەشـی کۆتـایی دیسـکی کۆرپەلەکەوە، کاتێك شریتی سەرەتایی دروست دەبێت، ئیتر دەتوانرێت تـەوەرەی

- https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/18023726 ; The mechanisms underlying primitive streak formation in the chick embryo Chuai M, Weijer CA - Curr Top Dev Biol. 135:56-81;2008.
- https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC2949267/ ; The enigmatic primitive streak: prevailing notions and challenges concerning the body axis of mammals ; Karen M. Downs - Bioessays. 2009 Aug; 31 (8): 892–902.

پێشــەوە بــۆ دواوەی کۆرپەلەکــە بزانرێــت و پێشــەوە و دواوەی دیــاری دەبێــت، هەروەها بەشی پشتی و سکی و ڕاست و چەپی جیا دەکرێتەوە[1].




پاش دروستبوونی شـریتی سـەرەتایی بـە ماوەیـەکی کـەم کۆچـی خانـەکان لـە دەرەوە بۆ ناوەوە بەناو ڕێڕەوەکەدا ڕوو دەدات، دیسکی کۆرپەلەکە جیا دەبێتەوە بۆ سێ چین، خانە دروستبووەکان لە شریتی سەرەتاییەوە لە کـونی سـەرەتاییەوە دەچنە ناو کۆرپەلەکەوە و بـەلای ڕاسـت و چـەپدا بڵاودەبنـەوە، دوایـی ئـەم خانـە کۆچکردووانە دەبنە پێکهێنەری چـینێکی نـوێ لـە کۆرپەلـەکـەدا، کـە پێیـدەوترێت چینی ناوەڕاست یان (میزۆدێرم Mesoderm)، ئەم چینە نوێیە پاش ماوەیـەکی کەم کاردەکاتە سەر چـینی هایپۆبلاسـت (Hypoblast) و دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی ئەم چینە و دروستبوونی چینێکی نوێ کە جێیدەگرێتەوە و پێیدەوترێت ئیندۆدێرم (Endoderm)، زۆر بە کـورتی دەتـوانین بڵـێین لـە ئـەنجامی پێکهـاتنی شـریتی

[1]THE DEVELOPING HUMAN- CLINICALLY ORIENTED EMBRYOLOGY - Keith L. Moore, T.V.N. Persaud, Mark G. Torchia, Elsevier, TENTH EDITION- INTERNATIONAL EDITION- 2016 - Pages: 52-58.
- Langmann's Medical Embryology - T.W.Sadler - Lippincott Williams & Wilkins - 10th Edition - 2006- Pages: 55-63.

سـەرەتایی و زیـادبوونی دابەشـبوونە چـالاكیەكەیدا، دیسـكی كۆرپەلەكـە درێـژ دەبێتەوە و هەر سێ چینەكەی لەشی دروست دەبن و لە یەكتری جیادەبنەوە[1].

لە ناسراوترین ئەو زانایانەی باسی شریتی سەرەتاییان كـردووە، هـەردوو زانـای ئـەڵمانی هـانس سـپیمان (hans spemann) و هیلـدا مانگۆلـد ( Hilde Mangold)ن، كـە هەسـتان بـە توێژینـەوە لەسـەر شـریتی سـەرەتایی و بۆیـان دەركـەوت كـە كـرداری دروسـتبوونی كۆرپەلەكـە ڕێكـدەخات، ناویاننـان ڕێكخـەری سـەرەتایی (Primary organizer)، ئـەم دوو زانایـە هەسـتان بـە بـڕینی ئـەم بەشەی كۆرپەلەیەك و چاندنی لە كۆرپەلەیەكی تری ئاژەڵدا، كە لە هەمان تەمەنـدا بـوو لـە هەفتـەی سـێیەم و چـوارەمدا، ئـەوەبوو ئـەم پارچـە چـێنراوە بـووە هـۆی دروستبوونی كۆرپەلەیەكی تری لاوەكی لە كۆرپەلە سەرەكیەكەدا، سـاڵی (١٩٣٥ز) زانای ئەڵمانی سپیمان خەڵاتی (نۆبڵ)ی وەرگرت لەسەر ئـەو دەستپێشـخەریەی بـۆ دۆزینەوەی شریتی سەرەتایی و چاندنی[2].

---

1 THE DEVELOPING HUMAN- CLINICALLY ORIENTED EMBRYOLOGY - Keith L. Moore, T.V.N. Persaud, Mark G. Torchia, Elsevier, TENTH EDITION- INTERNATIONAL EDITION- 2016 - Pages: 52-58.

2https://www.nobelprize.org/nobel_prizes/medicine/laureates/1935/spemann-lecture.html ; Hans Spemann - Nobel Lecture, December 12, 1935; The Organizer-Effect in Embryonic Development.

-https://embryo.asu.edu/pages/hans-spemann-1869-1941; The Embryo Project Encyclopedia; Hans Spemann (1869-1941) - By: Karen Wellner; Published: 2010-06-15.

-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC2464568/; Spemann's organizer and self-regulation in amphibian embryos; Edward M. De Robertis, Nat Rev Mol Cell Biol. 2006 Apr; 7(4): 296–302.

-https://embryo.asu.edu/pages/hilde-mangold-1898-1924; The Embryo Project Encyclopedia; Hilde Mangold (1898-1924) - By: Maria Doty; Published: 2011-05-09.

-http://www.bioinfo.org.cn/book/Great%20Experments/great30.htm; Spemann and Mangolds Discovery of the Organizer.

بەڵام دەبینین پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێش ١٤٠٠ ساڵ باسی کاری ئەم شریتەی کردووە، بەڵام بە زاراوەی جیاواز و ناوی (عجب الذنب)ی لێناوە، کە فەرموویەتی (مِنْهُ خُلِقَ) واتە مرۆڤ لەمەوە دروستبووە.

لەبەر ئەم گرنگیەی، شریتی سەرەتایی ڕاپۆرتی وارنۆك (Warnock) لە پەرلەمانی بەریتانیا تایبەت بە پیتاندنی دەستکرد لە دەرەوەی منداڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە، کردوویەتی بە نیشانە و قۆناغی جیاکەرەوە بۆ ئەنجامدانی تاقیکاریی لەسەر کۆرپەلە دوای پیتاندنی دەستکرد، پێش پەیدابوونی ئەم شریتە، یاساکە ڕێگا بە تاقیکردنەوە دەدات لەسەر کۆرپەلەی مرۆڤ، بەڵام پاش پەیدابوونی ئەم شریتە (کە یاساکە بە سەرەتای پەیدابوونی ڕاستەقینەی مرۆڤی داناوە) هەموو جۆرە تاقیکارییەکی لەسەر کۆرپەلەی مرۆڤ قەدەغە کردووە لە ڕۆژی چواردەیەمی دروستبوونی کۆرپەلەکەوە، کە لەم ڕۆژەوە شریتی سەرەتایی پەیدا دەبێت[1].

(د. کیس مور) لەمبارەوە دەڵێت: (بەشی هەرە زۆری گەشەکردن و درێژبوونەوەی تۆپەڵە خانەکەی کۆرپەلە دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی خانەکان لە شریتی سەرەتاییەوە و لەبەرئەوەی ئەم شریتە دەکەوێتە بەشی دواوەوەی (بەشی کلکی) تۆپەڵە خانەی کۆرپەلەکەوە، کەواتە ئەم کلکەی کۆرپەلەکەیە کە بناغە و سەرەتای ڕاستەقینەی دروستبوونی ئەندامەکانی کۆرپەلەی مرۆڤە). کەواتە دروستبوونی شریتی سەرەتایی بریتییە لە سەرەتایەکی جیابوونەوەی شانەکانی

---

1.https://embryo.asu.edu/pages/report-committee-inquiry-human-fertilisation-and-embryology-1984-mary-warnock-and-committee.
- http://www.legislation.gov.uk/ukpga/1990/37/contents ; Human Fertilisation and Embryology Act 1990.
-http://www.hfea.gov.uk/docs/Warnock_Report_of_the_Committee_of_Inquiry_into_Human_Fertilisation_and_ Embryology_1984.pdf ; Warnock, Mary. Chairman .Report of the Committee of Inquiry into Human Fertilisation and Embryology . London: Her Majesty's Stationery Office, 1984.

کۆرپەلـە بـۆ دروسـتکردنی چـینە جیاجیاکـان و ئەندامـەکانی لەشـی کۆرپەلەکـە، لەڕاسـتیدا ئـەوەی دەناسـرێت بـە قۆنـاغی دروسـتبوونی ئەندامـەکان (Organization) تەنها دوای پەیدابوونی شریتی سەرەتایی دەست پێدەکات، کە لە سەرەتای هەفتەی (٤) تا کۆتایی هەفتەی (٨) دەخایەنێت، بە شێوەیەك کە کۆرپەلەکە لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا هەموو کۆئەندامە سەرەکییەکان و ئەندامـەکانی تێـدا دروسـتبووە، تـەنها وردەکارییـەکانیان و گـەورەبوون و گەشـەکردنی ئـەم ئەندامانە ماوە، کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ڕوودەدەن[1].

**سەرەنجامی شریتی سەرەتایی:**

لێرەدا کاتی پرسیارێك هاتووە کە دەڵێت: ئایا ئـەم بەشـەی کـە مرۆڤـی لێـوە دروست دەبێت بەڕاسـتی کلکـە؟ سـەرەنجام چـی لێـدێت؟ ئەگـەر سـەیری (وێنـەی سەرەوە) بکـەین کـە گەشـەکردنی کۆرپـەلـە ڕوون دەکاتـەوە، دەبیـنین بـە جـوانی وەڵامی ئـەم پرسـیارەمان دەدرێتـەوە، کـە بۆمـان دەردەخـات چـۆن ئـەم بەشـەی دواوەی کۆرپەلەکە لوولدەخوات بۆ ئەوەی کلکێك دروست بکـات، وێنەکـەی تـریش وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەم کلکەیە لە کۆرپەلەیـەکی چـوار هەفتـەدا و نـەمانی ئـەم کلکە لە هەفتەی حەوتەمدا.

پـاش دروسـتبوونی ئەندامانـەکان لێیـەوە و تـەواوبوونی کـاری ئـەم شـریتە لـە هەفتەی چوارەمدا، سەرەنجام ئەم شریتە دەسـتدەکات بـە پووکانـەوە و تـەنها لـە کۆتایی بڕبڕەی پشتی کۆرپەلەکەدا دەمێنێتەوە، (د. کیس مور) دەڵێـت: "شـریتی سەرەتایی دوای ئەم کردارانە زۆر بـە زوویـی دەچـێتەوەیەك و لـە قـەبارەدا بچـووك دەبێتەوە و دەبێت بە ئەندامێکی نـاگرنگ لـە ناوچـەی کۆتـایی بڕبـڕەی پشـتدا لـە

[1] THE DEVELOPING HUMAN- CLINICALLY ORIENTED EMBRYOLOGY - Keith L. Moore, T.V.N. Persaud, Mark G. Torchia, Elsevier, TENTH EDITION- INTERNATIONAL EDITION- 2016 - Pages: 52-58.

ئێسکی کلێنچکەدا"[1]. کەواتە لەبەرئەوەی شریتی سەرەتایی بریتییە لە هۆکاری گەشەکردنی کۆرپەلە، لە مرۆڤی گەورەدا شوێنەوارەکەی تەنها بریتییە لە ئێسکی کلێنچکە، سەرەنجامی گشتی دەتوانین بڵێین کە بەشێکی ئەم کلێنچکەیە بنچینەی دروستبوونی مرۆڤە، بە تەواوەتی وەك فەرموودەکان ئاماژەیان پێداوە.

ناوچەی کلێنچکە ناوچەیەکی ئێسکییە و لەبەرئەوەی شریتی سەرەتایی دەبێت بە بەشێك لەم ناوچەیە، ئەوا دەتوانین بڵێین: لە گەورەدا شریتی سەرەتایی یان (عجب الذنب) بریتییە لە ئێسکێك، لێرەدا سەبارەت بەو زاراوەیەی کە لە فەرموودەکاندا هاتووە (عجب الذنب) دەڵێین: وەك پێشتر بینیمان لە ڕووی کۆرپەلەزانییەوە گونجاوترین زاراوەیە بۆ وەسفکردنی ئەو بەشەی کە کۆرپەلەکەی لێوە دروست دەبێت، زۆر گونجاوترە لە زاراوەکانی (شریتی سەرەتایی یان هێڵی سەرەتایی) و (ڕێکخەری سەرەتایی) کە زانایانی کۆرپەلەزانی بەکاری دێنن، چونکە زاراوەی (عجب الذنب) ئاماژە دەدات بە بوونی کلك لە کۆرپەلەدا (ذنب)، هەروەها ئاماژە دەدات بەو شوێنەی کە مرۆڤی لێوە دروست دەبێت (ئەویش بەهۆی وشەی عجب: کە بە مانای کۆتایی کلك دێت)، هەروەها ئاماژە دەدات بۆ قەبارەی ئەو شتەی کە مرۆڤی لێوە دروست دەبێت (ئەویش لە ڕێی وشەی عجب: کە مانایەکی تری بریتیە لە بەشێکی بچووکی کۆتایی ئێسکی کلك، یان بەشێکی کلێنچکە)، ئەم لەپێشەیەی زاراوەکەی فەرموودەکان هەیەتی بەسەر زاراوە زانستییەکاندا، ئیعجازێکی دەربڕین و بەیانکردنە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر).

بەپێی سەرچاوەکانی کۆرپەلەزانی شریتی سەرەتایی لە ئێسکی کلێنچکەدا، شوێنەوارێك دروست دەکات ئەوەندە بچووکە کە حیسابی بۆ ناکرێت و بە چاو

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نابینرێت[1]، کە دەقاودەق ئەمەیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئاماژەی بۆ داوە، کە هەموو لەشی مرۆڤ پاش مردن دەڕزێت و نامێنێت تەنها بەشێکی کەمی ئەم کلێنچکەیە نەبێت، کە بەچاو نابینرێت (واتە: عجب الذنب)، فەرموویەتی: ئادەمیزاد لەمەوە دروست بووە، هەر کاتێك پەروەردگار ویستی لێبێت لە ڕۆژی دواییدا لەشی مرۆڤەکان لەو بەشە کەمەی ئێسکی کلێنچکەوە دروستدەکاتەوە[2].

**٤- دیاردەی هەورە بروسکە شایەتی لەسەر پێغەمبەرایەتی محەمەد (دروودی خوای لەسەر) دەدات:**

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکدا دەربارەی دواڕۆژ و پردەکەی (صراط)ی دۆزەخ دەفەرموێت: "أَلَمْ تَرَوْا إِلَى الْبَرْقِ كَيْفَ يَمُرُّ وَيَرْجِعُ فِي طَرْفَةِ عَيْنٍ" (رواه مسلم)، واتە: (ئایا هەورە بروسکەتان نەبینیوە کە دەڕوات و دەگەڕێتەوە لە چاوتروکانێکدا). لێرەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دیاردەی هەورە بروسکە بۆ هاوەڵانی ڕووندەکاتەوە بە وردەکارییەکی زۆر و باسکردنی هەندێك نهێنی هەورە بروسکە کە مرۆڤ تاوەکو دوای سەدەی هەژدەیەم نەبێت پەی بەو نهێنیانە نەبردووە، باسکردنی دوو قۆناغی ڕۆشتن و گەڕانەوە بۆ تەزووی هەورە بروسکە، دەستپێشخەرییەکی گەورەیە، چونکە ئێمە بە چاوی ئاسایی تەنها هەورە بروسکەکە دەبینین و ئەم دوو قۆناغە نابینین.

دەرکەوتنی نهێنییەکانی هەورە بروسکە و قۆناغەکانی تەنها دوای سەدەی بیست و یەکەم و داهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پێوانە و وێنەگرتن بوو، کە

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] بڕوانە: ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا، د. کاوە فەرەج سەعدون، هەروەها: گۆڤاری (الإعجاز): ژمارە (١)ی سەفەری (١٤١٦ك)، هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة، بابەتی: (الإعجاز الطبي في أحاديث الرسول عن عجب الذنب: د. محمد علي البار)، هەروەها: إعجاز القرآن فيما تخفيه الأرحام، كريم نجيب الأغرّ.

ئامێری وێنەگرتنی زانستی وا پەیدابووە کە لە چرکەیەکدا دەتوانێت زیاتر لە (١٠٠٠) وێنە بگرێت، پاشان توانرا دوو قۆناغی ڕۆشتن و گەڕانەوە بۆ تەزووی کارەبایی هەورە بروسکەکە دیاری بکرێت[1]، پاشان دیاریکردنی خێرایی بۆ هەورە بروسکە دەستپێشخەرییەکی بێوێنەیە کە لە فەرموودەکەدا بە چاوتروکاندنێك دیاریکردووە.

لە چەند توێژینەوەیەکی نوێدا دەرکەوت کە ئەو ماوەیەی هەورە بروسکە دەیخایەنێت لەنێوان (١٠– ١٠٠) میللی چرکەدایە (میللی چرکە بریتییە لە ١ بەش لە ١٠٠٠ بەشی چرکەیەك)، بەهەمان شێوەش ماوەی چاوتروکانێك لە مرۆڤدا هەمان کات دەخایەنێت کە بەپێی تەمەن و باری تەندروستی و دەروونی دەگۆڕێت، بەڵام هیچ کاتێك لەو ماوەیە تێناپەڕێت[2].

---

1 https://www.srh.noaa.gov/jetstream/lightning/lightning_max.html ; JetStream Max: The Lightning Process: Keeping in Step.

- http://journals.ametsoc.org/doi/abs/10.1175/1520-0493(2001)129%3C0108%3ACSASBE%3E2.0.CO%3B2 ; Combined Satellite- and Surface-Based Estimation of the Intracloud–Cloud-to-Ground Lightning Ratio over the Continental United States, Dennis J. Boccippio, Kenneth L. Cummins, Hugh J. Christian and Steven J. Goodman.
- http://www.public.asu.edu/~gbadams/lightning/lightning.html ; Lightning ; Compiled and Created by Dennis Mollet and James Kistner.
- https://lightning.nsstc.nasa.gov/primer/primer2.html ; A Lightning Primer ; Characteristics of a Storm LIGHTNING.
- https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/002191697090142X ; Duration of a lightning flash -A.R.K.Sastry - Journal of Atmospheric and Terrestrial Physics -Volume 32, Issue 11, November 1970, Pages 1841-1842, IN1, 1843.
- http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2012-12-04-18-32-28/106-2010-02-27-13-32-11 ; مرور البرق ورجوعه معجزة نبوية
- https://www.youtube.com/watch?v=-3GCvb_7iuc

2 http://www.public.asu.edu/~gbadams/lightning/lightning.html ; Lightning ; Compiled and Created by Dennis Mollet and James Kistner.

- https://lightning.nsstc.nasa.gov/primer/primer2.html ; A Lightning Primer ; Characteristics of a Storm LIGHTNING.
- https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/002191697090142X ; Duration of a lightning flash -A.R.K.Sastry - Journal of Atmospheric and

### ٥- پێشبینییەك لە ژیاننامەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر):

لە فەرموودەیەکدا هاتووە: لە غەزای تەبووکدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە یەکێك لە هاوەڵەکانی فەرمووە: "يُوشِكُ يَا معَاذُ إِنْ طَالَتْ بِكَ حَيَاةٌ أَنْ تَرَى مَا هَا هُنَا قَدْ مُلِيءَ جِنَانًا" (رواه مسلم)، واتە: ئەی موعاز ئەگەر خوای گەورە تەمەنی درێژت بداتێ، نزیکە کە تۆ ئێرە (واتە ناوچەی تەبووك) ببینێت کە پڕبووە لە باخ و سەوزایی، کە لەو کاتەدا ناوچەی تەبووك زۆر وشك و بێئاو بووە، بەڵام وەك فەرموودەکە پێشبینی کرد، دوای سەدان ساڵ پاش گۆڕانی کەش و هەوای ئەو ناوچەیە، ئێستا یەکێکە لە سەوزترین ناوچەکانی نیوە دورگەی عەرەب و پڕە لە باخ و بێستان و دەریاچە.

ناوچەی تەبووك لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بیابانێکی کەم ئاو بوو، بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییەکانی ژینگە، کە ناوچەی تەبووکی بەتایبەتی گرتەوە، بەشێوەیەك ڕێژەی بارانبارین لە ناوچەی تەبووکدا زیادی کرد، کە بووە گرنگترین سەرچاوەی دەستکەوتنی ئاوی شیرین لە شانشینی عەرەبی سعودیدا، بەوەش تەبووك لە بیابانەوە گۆڕا بە یەکێك لە ناوچە کشتوکاڵییەکان، بەجۆرێك لە ساڵی (١٤٢٠ك)، پانتایی زەویی چێنراو نزیکەی (٢٢٨٣٨٤٠) هێکتار بوو، کە لە (٧٠٪)ی ئەو ڕێژەیە دەکەوێتە دەوروبەری شاری تەبووکەوە، ڕێژەی گەنم لە پێش هەموو بەرهەمە چێنراوەکانی تردا دێت، هەروەها (شركة تبوك للتنمية الزراعية- تادكوا) بە گەورەترین کۆمپانیای کشتوکاڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دادەنرێت، پسپۆڕە لە بەرهەمهێنانی میوە و ئالیك و دانەوێڵە و پەتاتە و پیازدا دەکەوێتە ناوچەی تەبووکەوە، هەروەها لە تەبووکدا کۆمپانیای (ئەسترا)هەیە، کە پانتایی زەوییەکەی (٣٥کم) دووجایە و گوڵی سروشتی بەرهەم دەهێنێت و تەنها بۆ

---

Terrestrial Physics -Volume 32, Issue 11, November 1970, Pages 1841-1842, IN1, 1843.

بازاڕەکانی ناوخۆی سعودیە دەنێردرێت، هەروەها کێڵگەکانی تەبووک ترێ و زەیتوون و چەقالە و قۆخ و قەیسی و مزرەمەنییەکان و سێو بەرهەم دێنن[1].













---

1http://quran-m.com/quran/article/2633/%D8%AC%D9%86%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%A8%D9%88%D9%83-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%8A-%D8%AA%D9%86%D8%A8%D8%A3-%D8%A8%D9%87%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A8%D9%8A-%D8%B5%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%87-%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%87-%D9%88%D8%B3%D9%84%D9%85 ; جنان تبوك التي تنبأ بها النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فراس نور الحق.

## سوودوەرگرتن لە ئیعجازی زانستی سونەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ خزمەتی فەرموودە:

سوودوەرگرتن لە ئیعجازی زانستی سوننەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ خزمەتی دەرخستنی ڕاستییەکانی فەرموودە سەحیحەکان و ڕاستکردنەوەی فەرموودە لاوازەکان گرنگە، لەمڕۆدا دەتوانرێت ئیعجازی ئاماژە زانستییەکان لە سوننەتدا بە چەند شێوەیەك سوودی لێوەربگیرێت بۆ خزمەتی سوننەت:

١- بەڵگەیەکی سەردەمیانەیە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، کاتێك بەراوردی ئاماژە زانستییەکانی هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەکەین لەگەڵ ڕاستییە زانستییەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە تەنها چەند ساڵێك دەبێت زانایان ئەو ڕاستییانەیان بۆ دەرکەوتووە، بۆمان دەسەلمێت مەحاڵە ئەم وتانە لە زانیاریی مرۆڤەکانی ئەو کاتەدا بووبێت و دەبێت تەنها لە سەرچاوەیەکی سەروو مرۆڤەکانەوە هاتبێت، کە ئاگاداری هەموو نهێنییەکانە ئەویش پەروەردگاری دروستکەری گەردوون و نێرەرەی پەیامبەرەکەیەتی، لە بەشی پێشتری ئەم توێژینەوەیەدا چەندین نموونەمان لە سوننەتدا هێنایەوە کە ئاماژە زانستییەکانیان (١٠٠٪) لەگەڵ ڕاستییە زانستییەکانی سەدەی (٢١)دا یەکدەگرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە بوونی ئەم ئاماژە ناوازانە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە کتێبەکانی فەرموودەدا هەن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەم وتانەی لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) وتراون لەسەروو زانیارییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا بووە و سەرچاوەیەکی خوداییان هەیە، کەواتە موسڵمانانی پێشین دەستپاك و دەمپاك و متمانەپێکراو بوون لە گەیاندنی فەرموودەکانی پەیامبەرەکەیان.

٢- دەتوانرێت سوود لەم سەلماندنە زانستییە وەربگیرێت وەك بەڵگەیەك بۆ ڕاستکردنەوە و بەهێزکردنی هەندێك لەو فەرموودانەی لاوازییان هەیە لە ڕووی سەنەدەوە، چونکە دەرکەوتنی ڕاستییەکی زانستیی ورد لە هەر فەرموودەیەکدا گومانی ڕێکەوت ناهێڵێت لە هاتنیدا و دەیسەلمێنێت، کە ئەم وتەیە سەرچاوەیەکی خودایی هەیە، لێرەدا دوو نموونە دەهێنینەوە:

- فەرموودەی: "لا تَرْكَب البَحْر إلّا حَاجًّا أو مُعْتَمِراً أو غَازِياً فِي سَبِيل الله، فَإِنَّ تَحْتَ البَحْرِ نَاراً" (رواه أبو داود)، واتە: (سواری کەشتی مەبە لەسەر دەریا مەگەر بۆ حەج، یان عەمرە، یان غەزا نەبێت، چونکە لەژێر دەریادا ئاگر هەیە)، فەرموودەیەکی لاوازە، وەك زانایان باسیان کردووە[1].

بەپێی نوێترین دۆزینەوە زانستییەکان دەرکەوتووە، کە بنی دەریا و زەریاکان زیاتر لە (٨٠٪)ی تەقینەوە بورکانیەکانی زەوی لەخۆگرتووە، کە لە قووڵایی هەزاران پێدان لە بنی دەریادا و تەنها لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا مرۆڤ بە بەکارهێنانی ژێردەریاییە بەهێز و پێشکەوتووەکان توانی بچێتە ئەو قووڵاییە و بەچاوی خۆی بیانبینێت، لێرەوە دەرکەوت کە بەشێوەیەکی فیعلی بنی زەریا و دەریاکان داگیرساوە و کوڵاوە، لە بنکەکانیاندا چەندین درز و کەلێن هەیە کە

---

[1] الألباني في الإرواء (١٦٩/٤): الحديث ضعيف أخرجه أبو داود وغيره من طريق بشر بن أبي عبد الله عن بشير ابن مسلم عن عبد الله بن عمرو مرفوعا، وهذا ضعيف، بشر وبشير كلاهما مجهول وفي إسناده اضطراب، ولذلك اتفق الائمة علي تضعيفه، قال ابن حجر في التلخيص الحبير ج: ٢ ص: ٢٢١: حديث روي أنه ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال: (لا يركبن أحد البحر إلا غازيا أو معتمرا أو حاجا) رواه أبو داود والبيهقي من حديث عبد الله بن عمرو مرفوعا بزيادة فإن تحت البحر نارا وتحت النار بحرا، قال أبو داود رواته مجهولون، وقال الخطابي ضعفوا إسناده وقال البخاري ليس هذا الحديث بصحيح، ورواه البزار من حديث نافع عن ابن عمر مرفوعا وفيه ليث بن أبي سليم وهو ضعيف.

http://www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?s=&threadid=2567

- هەروەها: إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، محمد ناصرالدين الألباني، المكتب الإسلامي، ط٢ ١٩٨٥.

لێیانەوە ماددەی تـواوە و گڕکـانیی دەردەپەڕنـە دەرەوە، ئـەم تـۆڕە لـە کـەلێن و درزەکان ماوەی هـەزاران کیلۆمـەتر درێـژ دەبنـەوە و بەهۆیـەوە ملیۆنـان تـەن لـەو ماددە ئاگرین و تووانە دێنە دەرەوە بۆ بنی دەریا و زەریاکان، پلەی گـەرمی ئـەو ماددە تووانە دەگاتە زیاتر لە (١٠٠٠) پلەی سەدی و کاتێك دەگەنە بنی دەریاکـان بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ ئاوەکەدا وردە وردە ئاوەکە گەرم دەکەن و لـە هەنـدێك شوێندا دەیانکوڵێنن. زۆر جاریش ئەم تەقینەوە بورکانییانەی ژێر دەریا لەگەڵ ئەو بومەلەرزە بەهێزانەی لەگەڵیاندا ڕوو دەدەن، کاریگەریی تەواو لەسەر ڕووی زەریا و دەریاکـان و وشـکانییەکانی دەوروبـەری دروسـتدەکات لـە شـێوەی شـەپۆلەکانی تسونامی، کە کاریگەرییەکی کاولکەری هەیە، وەك لەم ساڵانەی دوایی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و یابان بینیمان[1].



ئەمەش ڕاستیی زانیارییەکانی ئەم فەرموودەیە دەسەلمێنێت و بەهیچ شێوەیەك ئـەم وتەیـە لـە زانیارییـەکانی سـەردەمی پێغەمبـەرەوە (دروودی خـوای لەسـەر) وەرنەگیراوە، بەڵکو دەبێت سەرچاوەیەکی خودایی هەبێت، بەمەش فەرموودەکە لە ڕووی مەتنەوە بەهێز دەبێت.

1 - https://oceantoday.noaa.gov/deepoceanvolcanoes/
- https://oceantoday.noaa.gov/underwatervolcanoes/

– له ڕیوایەتێكدا هاتووە: ذكر الرازى فى (تأريخ صنعاء): وروي عبد الرزاق أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أمر وبر بن يحنس الأنصاري حين أرسله إلى صنعاء والياً عليها فقال: "ادعهم إلى الإيمان، فإن أطاعوا لك به، فاشرع الصلاة، فإذا أطاعوا لك بها فمر ببناء المسجد لهم في بستان بأذان، من الصخرة التي في أصل غمدان، واستقبل بها الجبل الذي يقال له: ضِيْن"[1] ، واتە: لە كتێبی (مێژووی صەنعاء)دا كە دانەرەكەی (أحمد بن عبد الله بن محمد الرازى)ە و ساڵی (٤٦٠ك) وەفاتی كردووە و زۆر لە زانایان وەسفی چاكەیان كردووە، هاتووە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی بە هاوەڵێكی كرد بەناوی (وەبری ئەنصاری) كاتێك وەك كاربەدەست ناردی بۆ شاری سەنعا، پێی فەرموو: بانگیان بكە بۆ ئیمان، ئەگەر بەگوێیان كردی پاشان بانگیان بكە بۆ نوێژ و فێریانكە، ئەگەر بەگوێیان كردی، فەرمان بكە با مزگەوتێك بۆ خۆیان دروست بكەن لە باخەكەی بازان و لە بەردەكەی بناغەی كۆشكی غەمدان، پاشان قیبلەكەی ڕوو بكەرە ئەو شاخەی كە ناوی (چین)ە". ئەم فەرموودەیە لە كتێبەكانی فەرموودەدا نەهاتووە.

لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: قَالَ وَبَرُ بْنُ يحنس الْخُزَاعِيُّ: قال لي رَسُولُ اللهِ: "إِذَا بَنَيْتَ مَسْجِدَ صَنْعَاءَ، فَاجْعَلْهُ عَنْ يَمِينِ جَبَلٍ، يُقَالُ لَهُ: ضِينَ"[2]، واتە: (وەبری ئەنساری خۆی دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێی فەرمووم: ئەگەر مزگەوتی سەنعات دروستكرد، ئەوە بیناكەی بخەرە لای ڕاستی شاخێك كە پێیدەوترێت (ضين))[3].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە هەموو ژیانیدا یەمەنی نەدیوە، بەڵام وەك لەم فەرموودەیەدا دیارە زۆر بە وردیی شوێنی دروستكردنی مزگەوتێك بۆ یەكێك لە

[1] تأريخ مدينة صنعاء، أحمد بن عبد الله بن محمد الرازي.

[2] قال الهيثمي في مجمع الزوائد (٢/ ١٢): رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الْأَوْسَطِ وَإِسْنَادُهُ حَسَنٌ.

[3] http://fatwa.islamweb.net/fatwa/index.php?page=showfatwa&Option=FatwaId&Id=179755.

هاوەڵەکانی دیاری دەکات، کە ئێستا مزگەوتی گەورەی سەنعای پێدەڵێن و تا ئێستاش ماوە و خەڵکی یەمەن بە پیرۆزترین و چاکترین مزگەوتی وڵاتی یەمەنی دادەنێن، چونکە دەڵێن بە فەرمان و ڕێنموویی ڕاستەوخۆی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دروستکراوە. گرنگترین سیفەتی ئەم مزگەوتە، ڕاستیی و وردیی قیبلەکەیەتی، کە بەتەواوەتی ڕووی لە کەعبەیە، نەك بەنزیکەیی وەك زوربەی مزگەوتەکانی تری دونیا. ئەگەر بەئامێرە زانستییەکانی ئەمڕۆ وەك مانگە دەستکردەکان پێوانە بکەین بۆ قیبلەی مزگەوتەکە، تا کەعبەی پیرۆز بەتایبەتی، لە ڕێی بەرنامەی (Google Earth)، دەبینین بە هێڵێکی ڕاست دەگاتە ناو کەعبەی پیرۆزەوە، کە دووریی نێوان شاری سەنعا و مەککەی پیرۆز نزیکەی (٨١٥کم) دەبێت، کە مەحاڵ بووە لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) کەس ئەم وردەکارییە بکات، چونکە تەنها دوای سەدەی بیستەم مرۆڤ توانی نەخشەی وردی سەر ڕووی زەوی بکێشێت، لێرەوە وردەکاریی گەورەی ئەو تەوجیهاتە نەبەوییەمان بۆ دەردەکەوێت لە دروستکردنی مزگەوتەکەی سەنعادا، کە شوێنی مزگەوتەکە و ڕووەکەی بەشێوەیەك دیارییکرد کە بە تەواوەتی ڕووی لە کەعبە بێت، ئەمەش بە زانیاریی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) مەحاڵ بووە ئەنجام بدرێت و دەبێت تەنها لە زانیارییەکی سەرووی مرۆڤەکانەوە ئەو تەوجیهە هاتبێت کە پەروەردگاری ئاگاداری هەموو نهێنییەکانە[1].

---

[1]http://quran-m.com/quran/article/2250/
%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%82%D9%85%D8%A7%D8%B1-
%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%86%D8%A7%D8%B9%D9%8A%D8%A9-%D8%AA%D8%B4%D9%87%D8%AF-
%D8%A8%D9%86%D8%A8%D9%88%D8%A9-
%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF : الأقمار الصناعية تشهد بنبوة محمد
الشيخ عبد المجيد الزنداني
- https://www.eajaz.org/index.php/component/content/article/84-Twenty-sixth-issue/818 ; الأقمار الصناعية تشهد بصدق الرسول - صلي الله عليه وسلم -





گۆڕەپانی مزگەوتەکە لە سەرەوە.

مزگەوتەکەی کە پێغەمبەری خوا (د. خ.)فەرمانیدا
بە دروستکردنی لەنێوانی دوو منارەکەدا.

**سەرەنجام بەم شێوازە دەبێت:**

هێڵێکی ڕاست لەڕووگەی مزگەوتەکەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بەدروستکردنی داوە و بە لوتکەی چیای (ضین) دا تێدەپەڕێت و دەگاتە ناوەراستی کەعبەی پیرۆز:





وێنەی مزگەوتی گەورەی ( صنعاء ) بە پێی مانگە دەستکردەکان.



وێنەی چیای ( ضین ) لە ( عمران ) بە پێی مانگە دەستکردەکان کە لەسەر لوتکەکەی سەربازگەیەکی بچووکی لێیە.

لە بەرزاییەکی زۆرەوە هێڵەکە بەم شێوازە درێژ دەبێتەوە:




٣- یەکێکی تر لە سوودە گەورەکانی ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا، بریتییە لە لابردنی هەڵە تێگەیشتن لە هەندێك لە فەرموودە سەحیحەکان، کە لەوانەیە بەهۆی فراوانی لێکدانەوەی ماناکان لە زمانی عەرەبیدا یان وەهمکردنی هەندێك لە گێڕەوەی فەرموودەکان، یان هەڵەکردن لە ڕاڤەی فەرموودەکاندا دروست ببێت،

---

- https://www.youtube.com/watch?v=U7TPH3NoEB0

لێرەدا دەتوانرێت ڕاستییە زانستییەکان بەکاربهێنرێن بۆ سەرخستن و تەرجیحکردن لەنێوان گێڕانەوەکانی هەندێك لەو فەرموودانەی گێڕانەوەی جیاوازیان هەیە (الترجيح بين الروايات)[1]، کە لەوانەیە ئەگەر بە جیاوازی و دوورلەیەك لێکبدرێنەوە ببێتە هۆی تێگەیشتنێکی هەڵە و دژ بەیەك بۆ هەندێك لە فەرموودە سەحیحەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، وەك:

**ئایا کۆبوونەوەی دروستبوونی کۆرپەلە (إجتماع الخلق) لە ٤٠ ڕۆژ یان ١٢٠ ڕۆژدا دەبێت؟:**

لە فەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووە: لە حوزەیفەی کوڕی ئوسەیدەوە: "إِذَا مَرَّ بِالنطْفَةِ ثِنْتَانِ وَأَرْبَعونَ لَيلَةً بَعَثَ اللهُ إِلَيْهَا مَلَكاً فَصَوَّرَهَا وَخَلَقَ سَمْعَهَا وَبَصَرَهَا وَجِلْدَهَا وَلَحْمَهَا وَعِظَامَها..."[2]، کە بە ئاشکرا دەفەرموێت دروستبوونی ئێسك لە کۆرپەلەدا (کە لە دوای قۆناغەکانی (النطفة) و (العلقة) و (المضغة)یە لە هەفتەی شەشەمەوە (٤٢) ڕۆژ دەست پێدەکات، کە ئەم ڕاستییەش کۆرپەلەزانی نوێ سەلماندوویەتی و ئیعجازێکی زانستی ئاشکرایە لەم فەرموودەیەدا[3].

کەواتە بەپێی ئەم فەرموودە سەحیحە هەر سێ قۆناغی (النطفة – العلقة – المضغة) تەنها (٤٠) ڕۆژ دەخایەنن، بەڵام فەرموودەیەکی سەحیحی ترمان هەیە دەفەرموێت: "إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِك ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِك ثُمَّ يَبْعَثُ اللهُ مَلَكًا..."[4]، کە لێرەدا هەر یەکێك لە سێ

---

[1] http://www.jameataleman.org/main/articles.aspx?article_no=1196 : أهمية الإعجاز بين المسلمين: رفع الإشكال في الأحاديث المشكلة والفهوم المشكلة.

[2] رواه مسلم: (٢٦٤٥)

[3] THE DEVELOPING HUMAN- CLINICALLY ORIENTED EMBRYOLOGY - Keith L. Moore, T.V.N. Persaud, Mark G. Torchia, Elsevier, TENTH EDITION- INTERNATIONAL EDITION- 2016- Pages: 52-58.
-Langmann's Medical Embryology - T.W.Sadler - Lippincott Williams & Wilkins - 10th Edition - 2006- Pages: 55-63.

[4] رواه البخاري: (٣٢٠٨).

قۆناغەکانی (النطفة – العلقة – المضغة) ماوەی (٤٠) ڕۆژی بۆ دیاریکردووە، کە کۆیان دەکاتە (١٢٠) ڕۆژ، کە ئەمەش پێچەوانەی فەرموودەکەی پێشتر و زانستی نوێیە و زۆرێك لە زانایانی پێشین ئەم بۆچوونەیان لەم فەرموودەیەوە بۆ دروستبووە، وەك: ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحیح مسلم)[1]، ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباري)[2]، قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا[3] و ئیبن قەییمی جەوزی[4].

لەگەڵ ئەم ڕایە باوەدا، هەندێك زانای تر هەبوون، کە وتوویانە کۆبوونەوەی دروستبوونەکە لە (٤٠) ڕۆژی یەکەمدا دەبێت، وەك: (كمال الدين محمد بن علي الأنصاري المعروف بإبن الزملكاني)[5]. ئیبن حەجەر لە (فتح الباري)دا دەڵێت: "هەندێك لە ڕاڤەکارانی دوایین بە لای ئەوەدا دەچن کە مانای فەرموودەکەی (حوزەیفە) ڕاستترە کە دروستبوون لە (٤٠) ڕۆژدا تەواو دەبێت، لەوانە: (ابن الزملكاني) لە (ابن الحاجب)ەوە ئەوەمان بۆ نەقڵ دەکات کە عەرەب کاتێك دەیانەوێت تەعبیر لە ڕووداوێك بکەن کە دوای ئەو چەندین ڕووداوی تر هەن، بەڵام پەیوەندییان بە ڕووداوی یەکەمەوە هەیە، وایان پێ باشترە یەکەم پێش بخەن کە هەموویانی لەخۆگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێکیان پێشی کەوتوون لە ڕووداندا، چونکە مەبەست لێرەدا تەرتیبی دروستبوونە"[6]. هەروەها چەندین زانای هاوچەرخیش هەن کە هەمان ئەم بۆچوونەیان هەیە لەوانە: (عبد المجيد الزنداني) و (د. عبدالعزيز المصلح). بەڵام کاتێك هەموو ڕیوایەتەکانی ئەم فەرموودەیە کۆدەکەینەوە، ئەم دژبەیەکییە نامێنێت، چونکە لە ڕیوایەتی ئیمامی موسلیم بۆ

---

[1] صحيح مسلم بشرح الإمام النووي.

[2] فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني (٦/ ٦٧٢).

[3] تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، محمد بن أحمد القرطبي (١٢/ ٧).

[4] التبيان في أقسام القرآن، ابن قيم الجوزية (٢/ ٣٤٠).

[5] البرهان الكاشف عن إعجاز القرآن، ابن الزملكاني (٢٧٥).

[6] فتح الباري شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني.

هەمان فەرموودەدا هاتووە: عن عبد اللهِ بن مسعود قال: حدپنا رسول اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ وهو الصّادق المصدوق: "إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، ثُمَّ يَكُونُ فِي ذَلِك عَلَقَةً مِثْلَ ذَلك، ثُمَّ يَكُونُ فِي ذَلك مُضْغَةً مِثْلَ ذَلك، ثُمَّ يُرْسَلُ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ..."[١]، كە لێرەدا وشەی (فِي ذَلك) هاتووە لە پێش زاراوەکانی (علقة ومضغة)، واتە: لە هەمان (٤٠) ڕۆژەکەدا سەرەتا (نطفة) دەبێت و دوایی دەبێت بە (علقة) و پاشان بە (مضغة)، کە ئەمەش زانستی نوێ (١٠٠٪) پشتگیریی لێدەکات، لێرەوە بە بەکارهێنانی ڕاستییە زانستییەکان ڕیوایەتی ڕاست و تەواوی فەرموودەکە دەرکەوت.



دوو وێنەی ڕاستەقینە بۆ بەراورد کردنی
کۆرپەلە لە پێش و لەدوای 40 ڕۆژی,
دەبینین بە ئاشکرا شکڵ و ڕوخساری
مرۆڤ وەردەگرێت لە دوای 6 هەفتە.






موعجیزەی دوای ڕۆژی (٤٢): لەم وێنە ڕاستەقینانەی کۆرپەلەی مرۆڤدا دەبینین لە ڕۆژانی (٣٦– ٣٨)دا هیچ جۆرە سیمایەکی مرۆڤی پێوە دیار نییە، بەڵام لە

---

[١] رواه مسلم: (٢٦٤٣).

ڕۆژی (٤٢) بـەدواوە ئیتـر كۆرپـەلـەكـە شـێوەی مـرۆڤ وەردەگرێـت، ئـەمـەش سـەلمێنەری ڕاسـتیی فەرمـوودەكەی پێغەمبـەرە (دروودی خـوای لەسـەر) كـە دەفەرموێت: "إِذَا مَرَّ بِالنطْفَة ثِنْتان وَأَرْبَعون لَيلَة بَعَثَ اللهُ إِلَيْها مَلَكاً فَصَوَّرَها وَخَلَق سَمْعَها وَبَصَرَها وَجِلْدَها وَلَحْمَها وَعِظَامها.." (رواه مسلم).

## ئایا ( ڕەشكە ) چارەسەری تێدایە بۆ هەموو نەخۆشییەك؟

لێرەشدا نموونەیەك دەخەینەڕوو لە هەڵە ڕاڤـەكردنی فەرموودەیـەكی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر): عن أبي هريرة ـ رضي الله عنه ـ أنه سمع رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يقول: "إِنَّ فِي الحَبَّة السَّوْداء شِفاء مِنْ كُلِّ دَاء إِلّا السَّام"[1]. هەروەها هـاتووە: "مَا مِنْ دَاء إلا فِي الحَبَّةِ السَّوْداء مِنْهُ شِفَاء، إِلّا السَّام"[2]. هەروەها هاتووە: "عَلَيْكُم بِهَذِه الحَبَّة السَّوْداء، فَإِنَّ فِيْهَا شِفَاء مِنْ كُلِّ دَاء إِلّا السَّام"[3]. ئەم فەرموودەیە دەربارەی ڕەشكە لە زۆربـەی كتێبـەكانی فـەرموودەی وەك (البخاري، مسلم، مسند أحمد، الترمذي، ابن ماجة، النسائي)دا هاتووە بە زیاتر لە (٢٥) ڕیوایەت كە گومان لە گرنگی ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) ناهێڵێتـەوە، كـە لـە چـەندین بۆنـەدا ئامۆژگـاری موسـڵمانانی پێكـردووە. زانایانی ڕاڤەی فەرموودە بوون بە دوو بەشەوە دەربارەی ئەوەی ئایا ڕەشكە، وەك لە فەرموودەكەدا هاتووە، چارەسەری تێدایە بۆ هـەموو نەخۆشـییەك بـە ڕەهـایی، یان وەك هەندێكیان وتوویانـە ئـەم گشـتییە مەبەسـت پێـی تایبەتـە (عـام يـراد بـه الخصوص) بۆ هەندێك نەخۆشی، یان لە هەندێك بـاردا یـان بەشـێوازێكی تایبـەتی،

[1] رواه البخاري: (٥٣٦٣، ٥٣٦٤)، ومسلم: (٢٢١٥)، والسام: الموت.

[2] رواه مسلم: (١٧٣٥).

[3] رواه الترمذي: (٢٠٤١، وصححه الألباني.

وەك ئـیبن حەجـەر و ئەبوبـەكری بنولعـەربی و مـەنناوی[1]. هەنـدێك زانـای تـریش فەرموودەكانیان وەك خۆی وەرگرتووە و وتوویانە ڕەشكە بـە ڕەهـایی چارەسـەری تێدایە بۆ هەموو نەخۆشییەك، لەوانە: (أبو محمد بن أبي جمرة)[2].

لــە ڕۆژگــار ئــەمڕۆدا ســەدان توێژینــەوەی زانســتی لەســەر ڕەشــكە (نــاوە زانسـتییەكەی: Nigella Sativa) كـراوە و بەتـەواوەتی دەركـەوتووە كـە بـۆ زۆربـەی نەخۆشـییەكان چارەسـەر و سـوودی تێدایـە[3]. تەنانـەت چـەندین سـایتی تایبەت بە ڕەشكە لە تۆڕی ئینتەرنێت هەیە، كە بەتایبەتی باسی سوودە زۆرەكانی ڕەشـكە دەكـەن[4]. ئەگـەر باسـی توێژینـەوە زانسـتییە باوەڕپێكراوەكـان (محكم) بكەین، زیاد لە (١٠٠٠) توێژینەوەی جۆراوجۆر دەبینین كە لە هەموو لایەكی جیهان ئەنجامدراون[5]، لەلایەن هەزاران پزیشك و توێژەری زانستییەوە كە دەریانخسـتووە ڕەشكە سـوود و شـیفای تێدایە بـۆ زۆربـەی هـەرە زۆری كێشـە تەندروسـتییەكانی مرۆڤ، لەوانە: دژە شێرپەنجە، دژە میكرۆب و كەڕوو و دژە هەوكردن، دژە ئۆكسان، دژە ژەهراوی بوون و پاككـەرەوەی جگـەر، پـارێزەر بـۆ دڵ و مێشـك و گورچـیلە و پێست و غودەی دەرەقی، خاوكەرەوەی بۆرییەكانی خوێن و ماسولكە، چالاككەری

---

[1] فتح الباري شرح صحيح البخاري (٦/ ٦٧٢)، تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي المباركفوري (٦/ ١٦٢).

[2] هو الشيخ الإمام: محمد بن أحمد بن عبد الملك الأموي القرشي المالكي، فقيه ومحدث، تولي القضاء وصنف التصانيف، وكان أسند من بقي بالأندلس، أبو محمد بن أبي جمرة المغربي المالكي، توفي بالديار المصرية في (٥٩٩هـ). بنوارِة: تأريخ الإسلام، الذهبي (٥٢/ ٢٨٥)، ومعجم المؤلفين (٣/ ٧٠).

[3] الشفاء بالحبة السوداء بين الإعجاز النبوي و الطب الحديث، د. حسان شمسي باشا.

–https://www.eajaz.org/index.php/component/content/article/٧٢-Fourteenth-number/712-Black.الحبة السوداء شفاء من كل داء، د.عبدالجواد الصاوي :

[4]https://www.nigella--sativa.com/

[5]https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/?term=nigella+sativa

کـاری مێشـك و یـادەوەری و ڕێگـر لـە خەڵـەفاوی، بـۆ نەخۆشـییەكانی ژنـان و دووگیانی...[1].

لە هەمووی گرنگتر، ئەو دەیان توێژینەوە زانستییانەن كە ئەنجامـدراون لەسـەر كاریگەریی و ڕۆڵی ڕەشكە لـە بـەهێزكردنی سیسـتمی بـەرگری لـەش[2]، كـە دیـارە سیسـتمی بـەرگری ڕۆڵـی بەرگریكرنـە لـە لەشـی مـرۆڤ لـە دژی نەخۆشـییەكان و

---

[1] Aftab Ahmad, Asif Husain ,Mohd Mujeeb, Shah Alam Khan Abul Kalam Najmi Nasir Ali Siddique Zoheir A. Damanhouri and Firoz Anwar, A review on therapeutic potential of Nigella sativa: A miracle herb, Asian Pac J Trop Biomed. 2013 May; 3(5): 337–352.
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3642442/
- Huda Kaatabi, Abdullah Omar Bamosa, Ahmed Badar, Abdulmohsen Al-Elq, Bodour Abou-Hozaifa, Fatma Lebda, Akram Al-Khadra and Sameeh Al-Almaie, Nigella sativa Improves Glycemic Control and Ameliorates Oxidative Stress in Patients with Type 2 Diabetes Mellitus: Placebo Controlled Participant Blinded Clinical Trial, PLoS One. 2015; 10(2): e0113486. :
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC4338020/
- https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/28603137
- https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/27364039
- https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/22083982

[2] https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/?term=nigella+sativa+immunity
- Majdalawieh AF, Fayyad MW, Immunomodulatory and anti-inflammatory action of Nigella sativa and thymoquinone: A comprehensive review, Int Immunopharmacol. 2015 Sep;28(1):295-304. doi: 10.1016/j.intimp.2015.06.023. Epub 2015 Jun 26. :https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/26117430
- Sultan MT, Butt MS, Karim R, Ahmad N, Ahmad RS, Ahmad W, Nigella sativa fixed and essential oil improves antioxidant status through modulation of antioxidant enzymes and immunity, Pak J Pharm Sci. 2015 Mar;28(2):589-95. :
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/25730812
- Gholamnezhad Z, Rafatpanah H, Sadeghnia HR, Boskabady MH, Immunomodulatory and cytotoxic effects of Nigella sativa and thymoquinone on rat splenocytes, Food Chem Toxicol. 2015 Dec;86:72-80. doi: 10.1016/j.fct.2015.08.028. Epub 2015 Sep 3. :
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/26342766

کارتێکەرە جۆراوجۆرەکان و پاراستنی لەشساغی مرۆڤ، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەشکە لەڕێی بەهێزکردنی بەرگری لەشەوە ڕۆڵی هەیە لە خۆپارێزیی و چارەسەری هەموو نەخۆشییەکانی مرۆڤ، ئەمەش (١٠٠٪) یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاماژەی فەرموودەکە و ئیعجازێکی زانستی ئاشکرایە. بەمجۆرە ڕاڤەی دروستی فەرموودەکەمان بۆ دەرکەوت کە ڕەشکە بە ڕەهایی چارەسەری تێدایە بۆ هەموو نەخۆشییەکانی مرۆڤ تەنها مردن نەبێت، ئەوەی مایەی تێبینیکردنیشە وشەی چارەسەر (شفاء) لە فەرموودەکە بە (نەکیرە) واتە نەناسراو هاتووە، کە لە زمانی عەرەبیدا مانای گشتگیر (عموم) دەگەیەنێت و زانستی ئەمڕۆش سەلماندوویەتی. لەلایەکی تریشەوە خاسیەتە پارێزەر و چارەسەرییەکانی ڕەشکە لە هیچ ماددە و پێکهاتەیەکی تری سروشتیدا نابینرێت و وێنەی نییە، بۆیە ئاوا بەتایبەتی لە فەرموودەکاندا باسکراوە.

٤- لەمڕۆدا ناحەزانی ئیسلام هەوڵدەدەن لە ڕێی گومان خستنە ناو فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) تانە لە ئایینەکەمان بدەن و هەوڵدەدەن یەکێك لە پایەکانی ئیسلام کە سوننەتە لەلای موسڵمانان گومانـاویی بکەن بۆ ئەوەی دووریان بخەنەوە لە پەیڕەوییکردنی، کە گوایە فەرموودەکان یەکناگرنەوە لەگەڵ ڕاستییە زانستییەکان، هەندێك مووڵمانی ساویلکەش شوێن ئەم گومانە کەوتوون و بە نەزانیی داوا دەکەن پەیڕەوییکردن لە سوننەت وەلا بنرێت و تەنیا قورئان سەرچاوە بێت بۆ عیبادات و موعامەلات! ! ئەم بانگەشەیە تەنانەت سووکایەتیکردنە بە قورئانی پیرۆزیش کە بەئاشکرا داوامان لێدەکات شوێن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و سوننەتەکانی بکەوین، لێرەدا ئێمە دەتوانین لەڕێی بەکارهێنانی دۆزینەوە زانستییەکان و توێژینەوە زانستییەکانەوە گومان بڕەوێنینەوە لەسەر هەندێك لەو فەرموودە سەحیح و ڕاستانەی ئاماژەی زانستییان لەخۆگرتووە.

لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە كە بریتییە لە فەرموودەی كەوتنی مێش بۆ ناو دەفری خواردنەوەكان: ئەم فەرموودەیە بە چەندین ڕیوایەتی سەحیح هاتووە لەوانە: "إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي شَرَابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ ثُمَّ لِيَنْزِعْهُ فَإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاء وَالْأُخْرَى شِفَاء"[١]. فەرموودەكە لەرێی چەند هاوەڵی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) وەك ئەبو هورەیرە و ئەبو سەعیدی خودری و ئەنەس گێڕدراوەتەوە، هەروەها ئیمامان (أحمد وأبو داود والنسائی وابن حبان و ابن ماجة)ش گێڕاویانەتەوە، كە گومان لە ڕاستی سەنەدی ئەم فەرموودەیەدا نییە، بەڵكو لە بەرزترین ئاستی فەرموودەی سەحیحدایە، بەڵام هەندێك كەس دەیكەنە ڕەخنەیەك لەسەر سوننەت كە مێش مێروویەكی پیسە و چۆن دەبێت دەرد و دەرمانی تێدا كۆببێتەوە.

سەرەتا بابزانین فەرموودەكە باسی پاكێتی مێش و نەبوونی پیسیی ناكات، بەڵكو دووپاتی دەكاتەوە كە باڵێكی نەخۆشیی و پیسیی هەڵگرتووە، بەڵام باڵەكەی تری چارەسەری ئەو پیسیی و نەخۆشییەی تێدایە، بۆیە دەبێت نوقم بكرێت لە دەفری خواردنەوەكان بۆ ئەوەی چارەسەرەكەی كە هەر خۆی هەڵیگرتووە بگات بە نەخۆشیی و پیسییەكەی سەر لەشی، پاشان فەرموودە سەحیحەكانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خۆیان بەڵگەن و پێویست ناكات بۆ بەڵگەی تر بگەڕێین بۆ پشتڕاستكردنەوەیان، ئێمە تەنها بۆ بەهێزكردنی دڵە لاوازەكان ئەم بەڵگانە دێنینەوە[٢].

هەندێكی تر دەڵێن كارپێكردنی ئەم فەرموودەیە گرنگ نییە، چونكە نە لە بواری بیروباوەڕ یان عیبادەتدا باسنەكراوە. ئەم قسەیە مەبەست پێی بە كەم زانینی

---

[١] رواه البخاري: ٣٠٧١

[٢] أهمية الإعجاز بين المسلمين: المطلب الثالث: دمغ الشبهات

http://www.jameataleman.org/main/articles.aspx?article_no=1198 :

سوننەت و کارپێنەکردنێتی، موسڵمانی مولتەزیم هەمیشە هەوڵدەدات کار بە سوننەت بکات و بڵاوی بکاتەوە، ئیسلامیش ئایینێکی کامڵە بە عەقائید و عیبادات و موعامەلات و ڕەووشتەکانییەوە و نابێت هیچ جوزئیاتێکی بە کەم تەماشا بکرێت، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ﴾ (البقرة: ٢٠٨). ئیبن کەسیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: "پەروەردگار لێرەدا فەرمان بە بەندە ئیماندارەکانی دەکات لەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هێناوە کە هەموو لایەنەکانی ئیسلام و شەریعەتەکەی وەرگرن و کاری پێبکەن و دووربکەونەوە لە نەهیەکانی تا ئەوپەڕی توانایان"[١].

ئەم فەرمانەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) حوکمێکی شەرعی و ئامۆژگاریشی تێدایە بۆ موسوڵمانان، کە ڕوونی دەکاتەوە ئەگەر مێش کەوتە ناو دەفری خواردنەوەکانتان و نەتانتوانی ڕێگری لێبکەن و ویستتان ئەو خواردنەوەیە سوود لێببینن، ئەوا دروستە بەکاری بهێنن و نەیڕێژن، ئەویش دوای ئەوەی مێشەکەی تێدا نوقم دەکەن، ئەم فەرمانە ئامۆژگارییەکە بۆ موسڵمانان و هیچ زانایەك نەیفەرمووە کە واجیبە جێبەجێی بکەین، بەڵکو ئەگەر دڵت نەچووە سەری مەیکە و دەفرەکە بڕێژە و تاوانباریش نابیت. ئەم فەرموودەیە بە کەس ناڵێت مێش ڕاوکە و بیخەناو دەفری خواردنەوەکەت، هەرگیز هانی ئەوە نادات دەفرەکان بە سەربەتاڵی بەجێبهێڵرێن، چونکە لە فەرموودەی تردا فەرمان دەکات بە داپۆشینیان. هانی کەس نادات لە کەمتەرخەمی کردن لە پاکوخاوێنی ماڵەکان و شەقامەکان. بە هیچ شێوەیەك ڕێگری نەکردووە لە پزیشکان و تەندروستکاران کە قەڵاچۆی مێش بکەن، بە خەیاڵی کەسیشدا نەیەت کە ئەم فەرموودەیە هانی دروستکردنی کێڵگەی بەخێوکردنی مێش دەدات، بەڵام ئەگەر تێبینی کۆتایی

---

[١] تفسير القرآن العظيم– الإمام ابن كثير: ١/ ٢٤٨.

فەرموودەکە بکەین: (فَإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاء وَالْأُخْرَى شِفَاء) دەبینین پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هانمان دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە مێش، بۆ زانینی ئەو دەرد و دەرمانەی هەڵیگرتوون لەسەر باڵەکانی و لەشی[1].

بەڵێ ڕاستە زانستی نوێ پیسیی و زیانەکانی مێشی دەرخستووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بوونی چارەسەری لە لەشی مێشدا رەتنەکردووەتەوە و لە زۆر دۆزینەوە و توێژینەوەی زانستیشدا بوونی دژبەیەکەکان لە لەشی زیندەوەرەکاندا سەلمێنراوە. بەڵگەنەویستیشە کە دەبێت لەشی مێش چارەسەر و دژی ئەو میکرۆب و پیسیانەی تێدابێت کە هەڵیاندەگرێت لەسەر لەش و باڵەکانی، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەو میکرۆبانە خۆشی لەناودەبەن و نەیدەتوانی ئەو پیسی و میکرۆبانە بگوێزێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، لە چەندین توێژینەوەی زانستیی نوێدا، بوونی چارەسەر لە لەشی مێشدا دەرکەوتووە، یەکێك لەوانە چەند توێژەرێکی موسڵمان بە سەرپەرشتی (د. مصطفی إبراهيم حسن) پرۆفیسۆری مێروناسی پزیشکی و سەرۆکی بەشی توێژینەوەکانی مێرووە گوێزەرەوەکانی نەخۆشی، لە کۆلیجی زانست لە زانکۆی ئەزهەر لە میصر ئەنجامیاندا، کە تێیدا (٤) جۆر مێشیان هەڵبژارد بەژمارەی (٢٠) دانە بۆ هەر جۆرێك و هەستان بە توێژینەوە لەسەر باڵەکانیان بە جیا، بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو میکرۆبانەی لەسەر باڵەکانیانن دەژین. سەرەنجام (٩) جۆر بەکتریای جیاوازیان عەزل کرد لەگەڵ دوو جۆری کەڕوو، لەوانە: (Pseudomonas Erwina، Salmonella، S. aureus B. subtilis،) کە ئەمانە بەکتریای نەخۆشیکەری بەهێزن بۆ مرۆڤ و بینیان میکرۆبەکان بەگشتی کاری یەکتر خاودەکەنەوە و یەکتر لەناودەبەن و لەناو هەموویاندا جۆرێکیان بەناوی (Bacillus circulans) لە هەموویان بەهێزتر بوو

---

[1] الإصابة في صحة حديث الذبابة، د. خليل إبراهيم ملا خاطر.

بۆ لەناوبردنی جۆرەکانی تر، کە نەخۆشی دروست دەکەن، لەکاتێکدا ئەم میکرۆبە لە کەسی ئاساییدا، نەخۆشی دروستناکات، بەڵکو سوودیشی هەیە[1]. هەروەها بینیان ڕێژەی ئەم میکرۆبە بەهێزە، تەنیا لەسەر یەك باڵی مێشەکان زۆرە، کە بتوانێت ئەوانەی تر کە لەسەر باڵەکەی ترن لەناوبەرێت! دوو جۆریش کەڕوویان جیاکردەوە، کە دەتوانن ماددەی دژەمیکرۆب بڕێژن و میکرۆبەکانی تر لەناودەبەن، کە دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکە (إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي شَرَابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ ثُمَّ لِيَنْزِعْهُ فإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاء وَالْأُخْرَى شِفَاء) لێرەدا پیتی (فاء)ی بەکارهێناوە لە (فَلْيَغْمِسْهُ) کە مانای خێرایی دەگەیەنێت لە نوقمکردنیدا، دواتر (ثُمَّ)ی بەکارهێناوە کە مانای هێواشی دەگەیەنێت لە دەرهێنانیدا لە شلەمەنییەکە، کە ئەمە بوار دەدات بە بەکتریا و کەڕووە بەسوودەکان، بۆ ئەوەی دژە ماددەکانیان بڕێژنە ناو شلەکە و بەکتریا زیانبەخشەکان لەناوببەن، هەروەها ئەوەیان سەلماند، کە ئەو دژە میکرۆبانە تەنانەت ئەگەر شلەکەش بخورێتەوە بە چالاکی دەمێننەوە لە گەدەدا، چونکە بەرگەی گەرمی زۆر و ترشێتی دەگرن. گەورەیی فەرموودەکە لە فەرمان بە نوقمکردنی مێشەکەدا، لە میکانیکییەتی دەردانی دژە ماددە چالاکەکاندا (واتە چارەسەرەکە) دەردەکەوێت، کە ئەمە ڕوونادات ئەگەر ناوەندێك نەبێت بۆ بەیەکگەشتنی دەرد و دەرمانەکە بەبێ بەربەست، هەروەها بینیان کە ماددە دژەمیکرۆبەکەی لە کەڕووەکانەوە دەردەدرێت تەنها دوای مژینی شلەمەنی ناو دەفرەکەوە دەبێت بۆ ناو خانەی کەڕووەکە، کە دەبێتە هۆی ئاوسانیان و پاشان

---

[1] https://www.canada.ca/en/health-canada/services/chemical-substances/fact-sheets/chemicals-glance/bacillus-circulans.html
- Yin H, Pijning T, Meng X, Dijkhuizen L, van Leeuwen SS, Engineering of the Bacillus circulans β-Galactosidase Product Specificity, Biochemistry. 2017 Feb 7; 56(5):704-711. doi: 10.1021/acs.biochem.7b00032. Epub 2017 Jan 25. : https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/28092444

تـەقينيان وەك بۆمبێـك كـە دژەميكرۆبەكـە بـۆ مـاوەی (٢ملـم) لـەناو دەفرەكـەدا فڕێدەدات، ئەمەش ماوەيەكی زۆرە لە چاو قەبارەی هەرە بچووكی ميكرۆبەكاندا[1].

هەروەها لە چەند توێژینەوەیەكی تاقیگەیی كە لەلایەن (أ.د. نبیە عبد الـرحمن باعشن) و هاوكارەكانی لە بەشی بایۆلۆجی كۆلێجی زانستی زانكۆی شا عەبدولعەزیز لە سعودیە ئەنجامدرا، بەناونیشانی (تـأثیر الغمـس والسـقوط للذبابـة المنزلیـة علـي مدي تلوث الماء والأغذیة بالمیكروبات)، كە تێیدا كاریگـەریی كەوتنـە نـاو و پاشـان نـوقمكردنی مـێش لـەناو شـلەیەكدا لێكدرایـەوە و دەركـەوت كـە ژمـارە و چـڕیی میكرۆبەكان لەو شلەیەی كە مێشەكەی تێدا نـوقمكرا زۆر كـەمترە لـەوەی مێشـەكە تەنها كەوتبووە ناوی بەبێ نوقمكردن، كە ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە كە چاوەڕوان دەكرێت، چونكە نوقمكردن دەبێتە هۆی لێكردنەوەی زیاتری میكرۆبەكان لە لەشی مێشەكەوە، ئەمە تەنها بەوە لێكدەدرێتەوە كە لەهەمان كاتدا لە لەشی مێشـەكەوە

---

١المجلة الأكاديمية للإعجـاز العلمـي، ١٤٣٧هــ، العـدد (١)، رقـم: (٢) (٢٣): ISSN: ٢٣٥٦-٩٨٢٤ & doi:١٠,١٩١٣٨ejaz.٢,٣٧

-ejaz.٢,٣٧pdf www.academya.net/ejaz/paper/ejaz. الداء والدواء في جناحي الذباب، المجلة الأكاديمية للإعجاز العلمي.

https://faculty.psau.edu.sa/.../doc-٦-ppt-bd١١d٨١٠٧e٨٤٩٣٦d٨b٦b٠ e... PPT الداو والدواو فی جناحی الزباب.

-https://www.eajaz.org/index.php/component/content/article/٨٥-٧٨٦-Number-xxvii/Disease-and-medication-in-the-two-wings-of-the-flies٩٠-

Ahmad, M.; Hassan, M. and Zayed, A. (١٩٩٥): Microbial flora associated with some species of biting and non–biting flies (Diptera). J. Fac. Edu., ٢٠: ٤٧٧–٤٨٩,٩١- Ghanem, E.H.; Hassan, M.I.; Gazal, S.A.; El–Sehrawi, M.H. and Ali, O.A. (١٩٨٦): Studies on bacterial flora associated with three species of blood sucking flies (Diptera). Egyptian Society of Applied Microbiology, Proc. VI. Conf. Microbiol. Cairo, Vol. ١, part (٣). Taxonomy Paper No. .٢٢

-http://www.kaheelv.com/ar/index.php/-٢٠١٠-٠٢-٠٢-٢٢-٣١-٠٩/٤٩٧-٢٠١٢-٠٩-٢٧-١٧-

٤٧-٥٦ : الذباب فيه شفاء: معجزة نبوية.

ماددەیەکی دژە میکرۆب ڕژاوەتە ناو دەفری شلەمەنیەکەوە، کە توێژینەوەکەی پێشتری (د. مصطفي إبراهیم) ڕوونیکردەوە[1].

لە شوێنە جیاوازەکانی دونیادا، دەستکراوە بە توێژینەوە لەسەر مێش و خاسییەتە چارەسەرییەکانی دوای ئەوەی ئەم بابەتە بۆ زانایان ڕوونبوویەوە، لە توێژینەوەیەك لە ئوستراليا باسی دۆزینەوەی دەرمانی دژە میکرۆب دەکەن لە شوێنێك کە بە خەیاڵی کەسدا نایەت، ئەویش لەشی مێشە[2]. ئەمانە چەند نموونەیەکی کەمن لە توێژینەوەی زانستی لەسەر فەرموودەکە، کە دەتوانرێت توێژینەوەی وردتر و فراوانتری لەسەر بکرێت و ئەم ڕاستییە گەورەیەی سوننەت زیاتر بدرەوشێتەوە[3].

---

[1] هەمان سەرچاوەکانی پێشوو + نفي الإعجاز العلمي في حديث الذبابة:
http://bayanelislam.net/Suspicion.aspx?id=٠٤-٠٤-٢٠١٣-٠٠١٧_ednref#

[2] Danny Kingsley , The new buzz on antibiotics, www.abc.net.au, 1 October 2002.
http://www.abc.net.au/science/articles/2002/10/01/689400.htm
- http://www.vidyya.com/vol7/v7i23_4.htm : Protein in fly saliva speeds healing of incisions, wounds

[3] http://www.pravdareport.com/science/tech/20-01-2006/9535-fly-0/ : The fly effect: Russian scientists invent new medicine with the help of flies, St. Petersburg State University, 2006

# کۆتایی

ئیعجازی قورئان و سوننەت بابەتێکی گرنگە و بەدرێژایی مێژووی موسوڵمانان زانایانمان گرنگی تەواویان پێداوە و بنەمادۆزییان بۆ کردووە و چەندین نووسینیان پێشکەش کردووە بۆ دەرخستنی گەورەیی ئەم بابەتە، بەڵام پێویستە پێناسەیەکی نویێ بکرێت کە ببێتە هۆی گرتنەخۆی هەموو لایەنەکانی ئیعجاز لە قورئان و سوننەتدا. ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بەڵگەی سەردەمە بۆ دەرخستنی ڕاستیی و سەرچاوەی خودایی پەیامی پیرۆزی ئیسلام. ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا بەتایبەتی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جۆرێکە لە وەحی خودایی، لەو سۆنگەیەوە کە پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر) کەسێکی پارێزراو بووە لە هەڵە و بەردەوام بە چاودێریی خودایی پشتگیریی کراوە، بۆیە لە زانیاریی خوداییەوە قسەی کردووە و ڕێنمایی هاوەڵەکانی و هەموو موسڵمانانی کردووە، دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە زانستییانە لە سوننەتدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا موعجیزەیەکی گەورەیە بۆ پەیامبەرەکەمان و فەرموودەکانی، پێمان دەڵێت بەشێوەیەك کە گومانی تێدا نامێنێت ئەی مرۆڤ ڕێز لە ژیریی خۆت بگرە و شوێن پێغەمبەر و نێردراوی خودا و پەیامەکەی بکەوە کە دەستەبەری سەربەرزی دونیا و پاشەڕۆژتان بۆ دەکات.

ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا بابەتی گەورەیی و گرنگی سوننەتمان زیاتر بۆ دەردەخات، وەك سەرچاوەی دووەمی ئیسلام، وەڵامێکی لۆژیکی و زانستییشە بۆ ئەوانەی گومان لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) دروست دەکەن و دەیانەوێت خەڵکی لە شوێنکەوتنی دووربخەنەوە، چونکە مەحاڵە ئەم فەرموودانەی ئێستە لەبەردەستماندان و لە کتێبەکانی سوننەتدا تۆمار کراون وتەی کەسێکی ئاسایی پێشتربێت، یان بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵبەسترابن، چونکە مرۆڤی پێش سەدەی (٢١) هیچ ئاگاداری ئەمانە نەبووە، کە دەیسەلمێنێت سەرچاوەیەکی خودایی هەیە و بێگومان وتەی پێغەمبەرمانە (دروودی خوای لەسەر).

بوونی چەندین نموونەی ئیعجازی زانستیی لە کتێبەکانی سوننەتدا دڵنیاییمان دەداتێ کە ئەو کەسانەی ئەم فەرموودانەیان کۆکردووەتەوە و بۆیان پاراستووین، خەڵکانێکی ئەمین و متمانەپێکراوبوون، چونکە زانستی سەدەی (٢١) گەورەیی و ئەمانەت لە کارەکانی ئەواندا دەردەخات. ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا دەتوانرێت وەك ئامرازێکی ڕاستاندن و ساخکردنەوەی ئەو فەرموودانە بەکاربهێندرێت کە لە ڕووی سەنەدەوە کێشەیان هەیە، چونکە دەرکەوتنی ڕاستییەکی زانستیی ورد لە فەرموودەیەکدا کە تەنها لەمڕۆماندا مرۆڤەکان درکیان پێکردووە گومان لە ڕاستیی ئەو فەرموودەیە ناهێڵێت و دەبێت لە سەرچاوەیەکی سەروو مرۆڤەکانەوە ئەم نهێنییە ئاشکرا کرابێت.

لێرەدا بەڕای من پێویستە ڕەچاوی هەندێك مەرج و ڕێکخەر بکەین لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا:

١- لێکدانەوەی دەقەکان بەپێی ماناکانیان لە زمانی عەرەبیدا و دەبێت ئەو زاراوەیە ماناکە هەڵبگرێت با پێشتریش زانایان بەو شێوەیە لێکیان نەدابێتەوە.

٢- زانینی ئەو ژینگە و بارودۆخەی ئەو فەرموودەیەی تێدا وتراوە، ئەویش لە ڕێی کۆکردنەوەی دەقە جیاوازەکانی هەمان فەرموودە لە کتێبەکانی سوننەتدا، بە مەبەستی بینینی وێنەکە لە هەموو لاکانیەوە.

٣- لێکدانەوەی فەرموودەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، چونکە فەرموودە ڕوونکەرەوەی قورئانە.

٤- نابێت بەهیچ جۆرێك ملی فەرموودەکان بادەین بۆ ئەوەی مانایەك لەخۆبگرێت کە بگونجێت لەگەڵ بیردۆزێکی زانستیدا، کە لەوانەیە ڕاست بێت یان هەڵە، بەڵکو دەبێت دەقەکە بەئاشکرا ئاماژەی بۆکردبێت.

٥- دەبێت تەنها پشت بە ڕاستییە زانستییەکان ببەستین لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بواری ئیعجازی زانستی لە سوننەتدا.

# سەرچاوەکان

١ـ إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، محمد ناصرالدين الألباني، المكتب الإسلامي، ط٢، ١٩٨٥م.

٢ـ الإصابة في صحة حديث الذبابة، د. خليل إبراهيم ملا خاطر، ط١، ١٩٨٥م.

٣ـ الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. أحمد شوقي إبراهيم، دار نهضة مصر، ط٤، ٢٠٠٦م.

٤ـ الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. زغلول النجار، دار نهضة مصر، ط٥، ٢٠١٢م.

٥ـ الإعجاز العلمي في السنة النبوية، أ.د. صالح بن أحمد رضا، مكتبة العبيكان، ١، ٢٠٠١م.

٦ـ إعجاز القرآن فيما تخفيه الأرحام، كريم نجيب الأغرّ، دار المعرفة – بيروت، ط١، ٢٠٠٥م.

٧ـ ئایا مەی لە جەڵتەی دڵ دەمانپارێزێت، د. دیاری أحمد إسماعیل، گۆڤاری (هەیڤ)، ژمارە ٣٥، ٢٠١٤ز.

٨ـ البرهان الكاشف عن إعجاز القرآن، كمال الدين محمد بن علي الأنصاري المعروف بابن الزملكاني، تحقيق: خديجة الحديثي، مطبة العاني – بغداد، ١٩٧٤م.

٩ـ تأريخ مدينة صنعاء، أحمد بن عبد الله بن محمد الرازي، تحقيق ودراسة: د.حسين بن عبدالله العمري، دار الفكر المعاصر، ط٣، ١٩٨٩م.

١٠ـ التبيان في أقسام القرآن، محمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية، دراسة وتحقيق: محمد حامد الفقي، دار المعرفة، بيروت – لبنان.

١١ـ تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، محمد بن عبد الرحيم المباركفوري، صححه: عبد الرحمن محمد عثمان، دار الفكر – بيروت.

١٢ـ تفسير القرآن العظيم، الإمام ابن كثير، تحقيق: أ.د. حكمت بن بشير بن ياسين، دار ابن الجوزي، ١، ٢٠١١م.

١٣ـ تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، تحقيق: عبدالرزاق المهدي، دار الكتاب العربي، ط١، ٢٠٠٥م.

١٤ـ شرح العقيدة الطحاوية، علي بن محمد بن أبي العز الدمشقي، تحقيق وتخريج: شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، ط٢، ٢٠٠٥م.

١٥ـ الشفاء بالحبة السوداء بين الإعجاز النبوي والطب الحديث، د. حسان شمسي باشا، ط٦، ١٩٩٩م.

١٦ـ صحيح البخاري، مؤسسة الرسالة ناشرون، ط٣، ٢٠١٥م.

١٧ـ صحيح مسلم بشرح الإمام النووي، تحقيق: خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، ط١٢، ٢٠٠٦م.

١٨ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي ابن حجر العسقلاني، مكتبة دار السلام، ط٣، ٢٠٠٠م.

١٩ـ قافية الرأس مركز النوم واليقضة.

٢٠ـ گۆڤاری (الإعجاز)، ژمارە (١)ی صەفەری ١٤١٦ك – تەمموزی ١٩٩٥ز، هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة)، بابەتی: (الإعجاز الطبي في أحاديث الرسول عن عجب الذنب، د. محمد علي البار).

٢١ـ المجلة الأكاديمية للإعجاز العلمي، ١٤٣٧هـ، عدد (١)، رقم (٢) ISSN: ٢٣٥٦– ٩٨٢٤ &doi: ١٠.١٩١٣٨/ejaz.٢٠٢٧

٢٢ـ مجموعة الفتاوي لشيخ الإسلام ابن تيمية، دار الوفاء، ط٣، ٢٠٠٥م.

٢٣ـ مدخل الى دراسة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة النبوية المطهرة، أ.د. زغلول راغب محمد النجار، دار المعرفة، ط١، ٢٠٠٩م.

٢٤ـ المعجزة الخالدة، د. حسن ضياءالدين عتر، دار البشائر الإسلامية، ط٣، ١٩٩٦م.

٢٥ـ نفي الإعجاز العلمي في حديث الذبابة:

٢٦ـ ئامازەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا، د. کاوە فەرەج سەعدون، چ١، ٢٠٠٨ز.

27—https://lightning.nsstc.nasa.gov/primer/primer2.html ; A Lightning Primer; Characteristics of a Storm LIGHTNING.

28-Aftab Ahmad، Asif Husain ،Mohd Mujeeb، Shah Alam Khan Abul Kalam Najmi Nasir Ali Siddique Zoheir A. Damanhouri and Firoz Anwar، A review on therapeutic potential of Nigella sativa: A miracle herb، Asian Pac J Trop Biomed. 2013 May; 3(5): 337–352.

29-Ahmad، M.; Hassan، M. and Zayed، A. (1995): Microbial flora associated with some species of biting and non–biting flies (Diptera). J. Fac. Edu.، 20 : 477–489.

30-Alcohol drinking. IARC Working Group، Lyon، 13-20 October 1987. IARC Monogr Eval Carcinog Risks Hum. 1988;44:1-378.

31-Bagnardi V، Rota M، Botteri E، et al. Light alcohol drinking and cancer: a meta-analysi. Ann Oncol. 2013; 24:301-308.

32-Danny Kingsley ، The new buzz on antibiotics، www.abc.net.au، 1 October 2002.

33-Davidson's principles & Practice of Medicine–Brian R. Walker–Churchill Livingstone– 22nd Edition – 2014 – Pages: 1143-1148.

34-Essentials of Medical Physiology – Prema& K Sembulingam – Jaypee – Fifth Edition– 2010 – Pages: 863-866، 891-894.

35-Ghanem، E.H.; Hassan، M.I.; Gazal، S.A.; El–Sehrawi، M.H. and Ali، O.A. (1986): Studies on bacterial flora associated with three species of blood sucking flies (Diptera). Egyptian Society of Applied Microbiology، Proc. VI. Conf. Microbiol. Cairo، Vol. 1، part (3). Taxonomy Paper No. 22.

36-Gholamnezhad Z، Rafatpanah H، Sadeghnia HR، Boskabady MH، Immunomodulatory and cytotoxic effects of Nigella sativa and thymoquinone on rat splenocytes، Food Chem Toxicol. 2015 Dec; 86:72-80. Doi: 10.1016/j.fct.2015.08.028. Epub 2015 Sep 3.

37-Guyton Textbook of Medical Physiology–Arthur C. Guytoln، John E. Hall – Elsenier Saunders – Eleventh Edition- 2006 – Pages: 739-741.

38-Homann N، Kärkkäinen P، Koivisto T، Nosova T، Jokelainen K، Salaspuro; M. Effects of acetaldehyde on cell regeneration and differentiation of the upper gastrointestinal tractmucosa. J Natl Cancer Inst. 1997; 89:1692-1697. Abstract.

3-http://bayanelislam.net/Suspicion.aspx?id=04-04-0013#_ednref17.

40———————http://fatwa.islamweb.net/fatwa/index.php?page=showfatwa&Option=FatwaId&Id=179755.

41-http://journals.ametsoc.org/doi/abs/10.1175/1520-0493(2001)129%3C0108%3ACSASBE%3E2.0.CO%3B2 ; Combined Satellite- and Surface-Based Estimation of the Intracloud–Cloud-to-Ground Lightning Ratio over the Continental United States، Dennis J. Boccippio، Kenneth L. Cummins، Hugh J. Christian and Steven J. Goodman.

42-http://m.quran-m.com/index.php/%D8%A7%D9%84%D8%B7%D8%A8-%D9%88-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%8A%D8%A7%D8%A9/1624-2011-06-17-09-09-51.html.

43-http://quran-m.com/quran/article/2250/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%82%D9%85%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%86%D8%A7%D8%B9%D9%8A%D8%A9-%D8%AA%D8%B4%D9%87%D8%AF-%D8%A8%D9%86%D8%A8%D9%88%D8%A9-%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF : الأقمار الصناعية تشهد بنبوة محمد، الشيخ عبد المجيد الزنداني.

44-http://quran-m.com/quran/article/2633/%D8%AC%D9%86%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%A8%D9%88%D9%83-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%8A-%D8%AA%D9%86%D8%A8%D8%A3-%D8%A8%D9%87%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A8%D9%8A-%D8%B5%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%84%D9%87-%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%87-%D9%88%D8%B3%D9%84%D9%85 " جنان تبوك التي تنبأ بها النبي - صلي الله عليه وسلم - ، فراس نور الحق.

45-http://thebrain.mcgill.ca/flash/a/a_11/a_11_cr/a_11_cr_cyc/a_11_cr_cyc.html: THE BRAIN STRUCTURESTHAT WAKE YOU UP AND PUT YOU TO SLEEP

46-http://www.abc.net.au/science/articles/2002/10/01/689400.htm.

47-http://www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?s=&threadid=2567.

48-http://www.bioinfo.org.cn/book/Great%20Experments/great30.htm ; Spemann and Mangolds Discovery of the Organizer.

49-http://www.hfea.gov.uk/docs/Warnock_Report_of_the_Committee_of_Inquiry_into_Human _Fertilisation_and_ Embryology_1984. pdf ; Warnock، Mary. Chairman. Report of the Committee of Inquiry into Human Fertilisation and Embryology. London: Her Majesty's Stationery Office, 1984.

50-http://www.jameataleman.org/main/articles.aspx?article_no=1196 : أهمية الإعجاز بين المسلمين: رفع الإشكال في الأحاديث المشكلة والفهوم المشكلة.

51-http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-31-09/497-2012-09-27-17-47-56.

52-http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2012-12-04-18-32-28/106-2010-02-27-13-32-11 ; مرور البرق ورجوعه معجزة نبوية:

53-http://www.legislation.gov.uk/ukpga/1990/37/contents ; Human Fertilisation and Embryology Act 1990.

54-http://www.med.umich.edu/lrc/coursepages/m1/embryology/embryo/ 05embryonicperiod. htm : Anatomy- University of Michigan Medical School - Embryonic Period 3-8 weeks.

55-http://www.pravdareport.com/science/tech/20-01-2006/9535-fly-0/ : The fly effect: Russian scientists invent new medicine with the help of flies، St. Petersburg State University، 2006.

56-http://www.public.asu.edu/~gbadams/lightning/lightning.html ; Lightning ; Compiled and Created by Dennis Mollet and James Kistner.

57-http://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/primitive-streak.

58-http://www.vidyya.com/vol7/v7i23_4.htm : Protein in fly saliva speeds healing of incisions، wounds.

59-https://embryo.asu.edu/pages/hans-spemann-1869-1941 ; The Embryo Project Encyclopedia ; Hans Spemann (1869-1941) - By: Karen Wellner ; Published: 2010-06-15.

60-https://embryo.asu.edu/pages/hilde-mangold-1898-1924 ; The Embryo Project Encyclopedia ; Hilde Mangold (1898-1924) - By: Maria Doty ; Published: 2011-05-09.

61-https://embryo.asu.edu/pages/report-committee-inquiry-human-fertilisation-and-embryology-1984-mary-warnock-and-committee.

62-https://faculty.psau.edu.sa/.../doc-6-ppt-bd11d7018e63948d8b6b0e... PPTالداء والدواء في جناحي الذباب.

63-https://oceantoday.noaa.gov/underwatervolcanoe.

64-https://www.canada.ca/en/health-canada/services/chemical-substances/fact-sheets/chemicals-glance/bacillus-circulans.html.

65-https://www.eajaz.org/index.php/component/content/article/72-Fourteenth-number/712-Black-bean الحبة السوداء شفاء من كل داء، د. عبدالجواد الصاوي.

66-https://www.eajaz.org/index.php/component/content/article/84-Twenty-sixth-issue/818 الأقمار الصناعية تشهد بصدق الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ:

67-https://www.eajaz.org/index.php/component/content/article/85-Number-xxvii/786-Disease-and-medication-in-the-two-wings-of-the-flies.

68-https://www.medscape.com/viewarticle/824237_5 : No Amount of Alcohol Is Safe - Laura A. Stokowski، RN، MS Disclosures April 30، 2014 -- PDF:

69-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC2464568/ ; Spemann's organizer and self-regulation in amphibian embryos ; Edward M. De Robertis، Nat Rev Mol Cell Biol. 2006 Apr; 7(4): 296–302.

70-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC2949267/ ; The enigmatic primitive streak: prevailing notions and challenges concerning the body axis of mammals ; Karen M. Downs - Bioessays. 2009 Aug; 31 (8): 892–902.

71-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3482689/Traumatic Brain Injury and Sleep Disorders.

72-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3642442/

73-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC4338020/

74-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/?term=nigella+sativa

75-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/?term=nigella+sativa+immunity

76-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/18023726 ; The mechanisms underlying primitive streak formation in the chick embryo Chuai M، Weijer CA - Curr Top Dev Biol. 135:56-81;2008.

77-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/19689306: Mechanisms of sleep-wake cycle modulation.

78-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/22083982.

79-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/25730812.

80-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/26117430.

81-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/26342766 - http://www.jameataleman.org/main/articles.aspx?article_no=1198.

82-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/27364039.

83-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/28092444.

https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/28603137.

84-https://www.nigella--sativa.com.

85-https://www.ninds.nih.gov/Disorders/Patient-Caregiver-Education/Understanding-Sleep.

86-https://www.nobelprize.org/nobel_prizes/medicine/laureates/1935/spemann-lecture.html ; Hans Spemann - Nobel Lecture، December 12، 1935 ; The Organizer-Effect in Embryonic Development.

87-https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/002191697090142X ; Duration of a lightning flash -A.R.K.Sastry - Journal of Atmospheric and Terrestrial Physics -Volume 32، Issue 11، November 1970، Pages 1841-1842، IN1، 1843.

88-https://www.srh.noaa.gov/jetstream/lightning/lightning_max.html ; JetStream Max: The Lightning Process: Keeping in Step.

89-Huda Kaatabi، Abdullah Omar Bamosa، Ahmed Badar، Abdulmohsen Al-Elq، Bodour Abou-Hozaifa، Fatma Lebda، Akram Al-Khadra and Sameeh Al-Almaie، Nigella sativa Improves Glycemic Control and Ameliorates Oxidative Stress in Patients with Type 2 Diabetes Mellitus: Placebo Controlled Participant Blinded Clinical Trial، PLoS One. 2015; 10(2): e0113486.

90-Lachenmeier DW، Przbylski MC، Rehm J. Comparative risk assessment of carcinogens in alcoholic beverages using the margin of exposure approach. Int J Cancer. 2012;131: E995-E1003. Abstract.

91-Langmann's Medical Embryology - T.W.Sadler - Lippincott Williams & Wilkins - 10th Edition - 2006- Pages: 55-63.

92-Majdalawieh AF، Fayyad MW، Immunomodulatory and anti-inflammatory action of Nigella sativa and thymoquinone: A comprehensive review، Int Immunopharmacol. 2015 Sep; 28(1):295-304. doi: 10.1016/j.intimp.2015.06.023. Epub 2015 Jun 26.

93 -Rehm J، Shield K. Alcohol consumption. In: Stewart BW، Wild CB، eds. World Cancer Report 2014 Lyon-France: International Agency forResearch on Cancer; 2014.

94-Review of Medical Physiology–William F. Ganong–Lange–22nd Edition – 2005 – Pages: 192-201.

95-Seitz HK، Becker P. Alcohol metabolism and cancer risk. Alcohol Res Health. 2007;30: 38-41، 44-47.

96 -Sultan MT، Butt MS، Karim R، Ahmad N، Ahmad RS، Ahmad W، Nigella sativa fixed and essential oil improves antioxidant status through modulation of antioxidant enzymes and immunity، Pak J Pharm Sci. 2015 Mar;28(2):589-95.

97-THE DEVELOPING HUMAN- CLINICALLY ORIENTED EMBRYOLOGY - Keith L. Moore، T.V.N. Persaud، Mark G. Torchia، Elsevier، TENTH EDITION- INTERNATIONAL EDITION- 2016 - Pages: 52-58.

98-www.archive.healthycaribbean.org/newsletters/may-2014/No-Alcohol-Is-Safe.pdf.

99-www.psych.fullerton.edu/mwhite/306pdf/306%20brain%20mechanisms%20and%20sleep.pdf.

100-Yin H، Pijning T، Meng X، Dijkhuizen L، van Leeuwen SS، Engineering of the Bacillus circulans β-Galactosidase Product Specificity، Biochemistry. 2017 Feb 7; 56(5):704-711. doi: 10.1021/acs.biochem.7b00032. Epub 2017 Jan 25.

# دەرئاسا (ئیعجاز)ی زانستی لە فەرموودەدا لە ئامراز و ڕێگاكانی فێركردندا

**پ.ی. د. جەبار ئەحمەد عەبدولڕەحمان**

**زانكۆی كۆیە/ كۆلێجی پەروەردە**

پەیڕەوی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە بواری پەروەردەدا پەیڕەوی ژیانە، ئەو باوك بوو پێش بە پێغەمبەر بوونی، دواتریش بوو بە باوك و مامۆستایەكی بەسۆز بۆ هەموو مرۆڤایەتی (دبابش، ٢٠٠٨، ١٣) وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧). دووركەوتنەوە لە گیانی ئیسلامەتی و كەمی یان نەبوونی ئەم جۆرە توێژینەوە پەروەردەییانە، پاڵی بە هەندێك پەروەردەكارانی ئەم سەردەمەوە ناوە كە ڕووبكەنە فەلسەفە دانراوەكانی ڕۆژئاوا بۆ زانینی باشترین جۆری ئامراز و ڕێگاكانی فێركردن.

زۆرن ئەو ڕێگا و شێواز و ئامڕازە پەروەردەییانەی بۆ کارتێکردن لە مرۆڤەکان و تێگەیاندن و فێرکردنیان بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئایا لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) و لەلایەن خودی خۆیەوە چ جۆرە ئامڕاز و ڕێگایەك بەکارهێنراوە بۆ فێرکردنی هاوەڵان؟ بۆ نموونە لە حەجی ماڵئاواییدا پێغەمبەر توانیویەتی وتار بۆ دەیان هەزار هاوەڵ بدات و لە ژیانیدا بە دەیان هەزار هاوەڵانی پەروەردە کردووە و کاریگەری زۆری لەسەریان بەجێهێشتووە، بەڵام بە بەکارهێنانی چ ئامڕاز و ڕێگایەك؟

**دەستەواژەکانی توێژینەوەکە:**

**دەرئاسا (ئیعجاز)ی زانستی:**

دەرئاسا لە زمانەوانیدا بە واتای: "پەکخستن و لاوازکردنی بەرامبەر" (الفضيلات، ٢٠١٦، ١).

لە ڕووی دەستەواژەوە بە واتای: "کارێك کە ئاسایی نەبێت و یاساشکێن بێت، پەیوەستە بە بەرهەڵستی نەکردن" (رضا، ٢٠١٧، ٢).

دەرئاسا (ئیعجاز)ی زانستی بەمانای: "هەواڵدانی قورئانی پیرۆز، یان سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە ڕاستییەك کە زانستی تاقیکاری سەلماندبێتی و جێگیربووە کە ناکرێت لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بە ئامڕازە مرۆییەکان پەی پێ برابێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەر محەمەد (درودی خوای لەسەر)" (محمد، ٢٠١٢، ٢٣).

**فەرموودە:**

لە ڕووی دەستەواژەوە بریتییە لە: "ئەوەی دەگێڕدرێتەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، لە وتە یان کردار، یان دانپێدانان، یان سیفاتە لاشەیی و ئاکارییەکانی" (الساكت، ٢٠١٤، ٢).

**ئامڕازەکانی فێرکردن:**

(کیمپ Kemp، ١٩٨٠، ٩) پێناسەی ئامڕازی فێرکاری دەکات کە بریتییە لە: "هەر ئامێرێك (یان شتێك) کە مامۆستا بەکاری بهێنێت بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن".

(خلف الله، ٢٠٠٦) پێناسەی ئامڕازی فێرکاری دەکات کە بریتییە لە: "هەر ئامڕازێك کە مامۆستا بەکاریبێنێت بۆ چاککردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و ڕوونکردنەوەی واتا و بیرۆکەکان، یان ڕاهێنان لەسەر کارامەییەکان، یان بەدەستهێنانی فێرخوازەکان بۆ خووە باشەکان، یان پەرەپێدان ئاڕاستەکان و چاندنی بەها ویستراوەکان تیایاندا".

**ڕێگاکانی فێرکردن:**

(قطامي وأبوجابر وقطامي، ٢٠٠٠، ١٥) بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە: "بریتییە لە چالاکییەکی بەردەوام بە ئامانجی وروژاندنی فێربوون و ئاسانکردنی پرۆسەی بەدیهێنانی فێربوون".

## ئامڕازە فێرکارییە بەکارهاتووەکان لە ڕێڕەوی ژیانی پێغەمبەر:

سەرەتا پێویست دەکات ئاشنابین بە دەستەواژەی تەکنۆلۆجیای فێرکاری (تکنولوجیا التعلیم: (Instructional Technology): تەکنۆلۆجیای فێرکاری بە مانا بەرفراوانەکەی بریتییە لە ڕێگاکان، ئامڕازەکان، بابەت و کەلوپەلەکان، ئامێرەکان و ڕێکخستنەکان کە بەکاردەهێنرێن لە سیستمێکی فێرکاری دیاریکراودا بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی فێرکاری دیاریکراو. کەواتە دەردەکەوێت کە تەکنۆلۆجیای فێرکاری تەنها بریتی نییە لە بەکارهێنانی ئامراز و ئامێری نوێ، بەڵکو بە پلەی یەکەم بریتییە لە پەیڕەوکردنی شێوازی سیستم (الملاح، ٢٠٠٥، ٦)، لە شێوە (١)دا فێرکردن بە تەکنۆلۆجیای فێرکاری ڕوونکراوەتەوە:




شێوە (١) سیستمی تەكنۆلۆجیای فێركاری و فیدباك دەنوێنێت (داڕێژراوی توێژەر) بەسوودوەرگرتن لە (سنە، ٢٠١٧، ٤)

بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیا لە فێركردندا گرنگی زۆری هەیە، (أدموند، ٢٠١٥) بە وەرگرتن لە (جرار، ٢٠١٦) پێیوایە كە ئەم گرنگییانەی هەیە:

١. دەبێتە هۆی زیادكردنی بەرهەمی فێركردن.

٢. چێژ و خۆشی دەبەخشێت بە فێركردن.

٣. دەبێتە هۆی زیادبوونی كارلێككردنی فێرخواز.

٤. توانای داهێنانی زیاتر بۆ دەرەخسێنێت (جرار، ٢٠١٦، ٢).

دیارە تەكنۆلۆجیای فێركاری شێوازی زۆرە یەكێك لەوانە بریتییە لە بەكارهێنانی وێنە وێنەكێشان.

## ١ـ وێنەكێشان و هێڵكاری:

بەكارهێنانی وێنە گرنگی زۆری هەیە لە بواری فێركردندا، بە ڕای (العلوی، ٢٠١٧) بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١. هۆكارێكی چێژبەخشە كە دەبێتە هۆی وروژاندنی گرنگیپێدانی فێرخواز.

٢. جیادەكرێتەوە بە وردی و ڕوون و ئاشكرایی زیاتر وەك لە وشەی زارەكی.

٣. توانای وروژاندن و کارتێکردنی هەیە لە دەروون و ژیریی فێرخواز.

٤. دەتوانێت شتە دوورەکان نزیکبکاتەوە لە ڕووی کات و شوێنەوە.

٥. هانی فێرخواز دەدات بۆ خستنەگەڕی لایەنی ژیریی لە ڕووی تێبینیکردن و تێڕامان و بیرکردنەوە، بەوشێوەیەش زانین بەدەست دەهێنێت و زانیاریشی بۆ دەگوێزرێتەوە و بیرۆکەکان لەلای ڕوونتر دەبن (العلوی، ٢٠١٧، ١).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وێنەکێشان و هێڵکاری بەکارهێناوە بۆ تێگەیاندنی هاوەڵان (سنە، ٢٠١٧، ٧)، لە خوارەوە دوو نموونە دەخەینە ڕوو:

**نموونەی یەکەم:** ئەوەتا جابیری کوڕی عەبدوڵڵا (ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە کە هێڵێکی کێشاوە لە بەردەمی خۆیدا، وفەرموویەتی: ئەمە ڕێگای خوای گەورەیە و دوو هێڵی لای ڕاستی و دوو هێڵیش لای چەپی هێڵەکەی سەرەتا کێشاوە و فەرموویەتی: ئەمە ڕێگای شەیتانە[١]، وەك لە شێوەی (١) دەردەکەوێت:




شێوە (٢) ڕێبازی خوای گەورە و ڕێچکەکانی شەیتان دەنوێنێت (داڕێژراوی توێژەر) بەسوودوەرگرتن لە (سنە، ٢٠١٧، ٧)

---

[١] عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله عنه ـ، قال: "كنا جلوسا عند النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فخط خطا هكذا أمامه، فقال: "هذا سبيل الله عز وجل"، وخطين عن يمينه، وخطين عن شماله، قال: "هذا سبيل الشيطان"، ثم وضع يده في الخط الأوسط ثم تلا الآية: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾. أخرجه ابن ماجه: (١١).

**نموونەی دووەم:** لە وێنەکێشـانێکی دیکـەدا کـە بوخـاری لـە عەبـدوڵڵای کـوری مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتـەوە: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) هێڵێکی چوارگۆشەی کێشا و هێڵێکی دیکەشی لـە ناوەڕاسـتەوە کێشـا کـە لێیـەوە دەردەچوو، هێڵی بچووکی دیکەشی کێشا، ئەوەی لە ناوەڕاستدایە، فەرمووی: ئەمە مرۆڤە، ئەمەش چارەنووسـیەتی دەوری داوە، ئەمـەش کـە لێـی دەرچـووە هیـوا و ئاواتێتی، ئەم هێڵە بچووکانەش: ڕووداوەکانن، ئەگەر یـەکێکیان نـەیپێکا، یـەکێکی تریان تێکی دەشکێنێت[1]، وەك لە شێوەی (٢) دەردەکەوێـت:




شێوە (٣) مرۆڤ و چارەنووسی و ڕووداوەکان دەنوێنێت (داڕێژراوی توێژەر
بە سوودوەرگرتن لە (سنە، ٢٠١٧، ٨)

---

[1] أخرج البخاري في صحيحه عن عبد الله بن مسعود ـ رضي الله عنه ـ قال: خـط الـنبي خطـا مربعـاً، وخـط خطا في الوسط خارجا منه، وخط خططاً صغاراً، وهذا الذي في الوسـط وقـال: "هـذا الإنسـان، وهـذا أجلـه محيط به، أو قد أحاط به، وهذا الذي خارج منه أمله، وهذه الخطط الصغار: الأعـراض، فـإن أخطـأه هـذا نهشه هذا". صحيح البخاري: (٦٤١٧).

## ٢ـ ئامڕازی فێرکاری:

ئامڕازە فێرکارییەکان گرنگی و سوودی ئێجگار گەورەیان هەیە لە بواری فێرکردن و فێربووندا، ئەوەتا (الغامدی، ٢٠١٣) گرنگییەکەی لەم خاڵانەدا کورت دەکاتەوە:

١. یارمەتی وروژاندنی گرنگیپێدانی فێرخواز دەدات و بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی.

٢. یارمەتی زیادبوونی شارەزایی فێرخواز دەدات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ئامادەباشی هەبێت بۆ فێربوون.

٣. یارمەتی دەدات بۆ بەشدارییپێکردنی هەموو هەستەوەرەکان لە پرۆسەی فێربووندا، کە دەبێتە هۆی چەسپاندن و قووڵکردنەوەی فێربوون.

٤. دەبێتە هۆی زیادبوونی بەشداریکردنی ئەرێییانەی فێرخوازەکان لە بەدەستهێنانی شارەزاییدا و پەرەپێدانی توانای تێڕامان و تێبینیکردنی ورد و پەیڕەوکردنی بیرکردنەوەی زانستیانە بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنی گرفتەکان.

٥. یارمەتی دەدات بۆ جۆراوجۆرکردنی شێوازەکانی فێرکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان فێرخوازەکاندا.

٦. پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز بەهێز دەکات (الغامدی، ٢٠١٣، ١).

پێش زیاد لە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئامڕازی فێرکاری جۆراوجۆری بەکارهێناوە بە پێی سەردەمەکەی خۆی و بە پێی ئەو کەلوپەلانەی لەبەردەستدا بوون لەو چەرخ و سەردەمەدا، وەك: بەکارهێنانی بەرد و چەو وەك ئامڕازێکی فێرکاری[١] و بەکارهێنانی دار یان تووڵ[٢].

---

[١] عن بريدة ـ رضي الله عنه ـ قال: قال النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ : "هل تدرون ما هذه وهذه؟" ورمى بحصاتين. قالوا: الله ورسوله أعلم، قال: "هذاك الأمل، وهذاك الأجل" أخرجه الترمذي (٢٨٧٠) واللفظ له. وعن أنس بن مالك ـ رضي الله عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أخذ ثلاث حصيات، فوضع واحدة، ثم وضع أخرى بين يديه، ورمى بالثالثة، فقال: "هذا ابن آدم، وهذا أجله، وذاك أمله" التي رمي بها. مسند الإمام أحمد بن حنبل (١١).

[٢] عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله عنه ـ، أن النبي غرز بين يديه غرزًا، ثم غرز إلى جنبه آخر، ثم غرز الثالث فأبعده، ثم قال: "هل تدرون ما هذا؟" قالوا: الله ورسوله أعلم. قال: "هذا الإنسان، وهذا أجله، وهذا أمله، يتعاطى الأملَ والأجلُ يختلجه دون ذلك". مجمع الزوائد (١٠/ ٢٥٨)، الصحيح المسند (٤٢٤).

## ڕێگا فێرکارییە بەکارهاتووەکان لە ڕێڕەوی ژیانی پێغەمبەر :

### ١ـ ڕێگای نموونەهێنانەوە لە فێرکردندا:

نموونە وەك ئەسپی کار وایە لە بواری فێرکردندا، چونکە بەشێکی گەورە لە قورسایی فێرکردن و فێربوون لەخۆ دەگرێت. یارمەتیمان دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە بیرۆکەکان و چەمکە واتاییەکان (ڕووتەکان یان ئەبستراکتەکان) و یارمەتیمان دەدات بۆ گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە. یەکێك لە ڕێگاکان بۆ باشترکردنی فێربوون و فێرکردن بریتییە لە باشترکردنی ئەو نموونانەی کە بەکاریان دەهێنین، بۆ ئەوەی فێرخوازەکان بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە چەمکە گرانەکان تێبگەن (Weimer، ٢٠٠٩، ١). لەم وتانەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زاناکانی فێرکردن لەم سەردەمەدا جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە باشترین ڕێگا بۆ فێرکردن بریتییە لە: نموونە هێنانەوە، واتە ئەگەر ویستت مرۆڤێك فێری شتێکی چاك بکەیت کە بچەسپێت لە یادەوەریدا و هەرگیز لە یادی نەکات، ئەوا پێویستە نموونە و لێکچوواندنی بۆ بهێنیتەوە، کە دەبێتە هۆی چەسپاندنی زانیارییەکان لە مێشکیدا، بەڵام بۆچی ئەم شێوازە؟

زاناکان دۆزیوویانەتەوە کە یادەوەری مرۆڤ ئەم ڕێگایە بەکاردێنێت بۆ بەیادهاتنەوە، مرۆڤ کاتێك بۆنێك دەکات، یان گوێی لە ئاوازێك دەبێت، ئەو هەڵوێستەی بیردەکەوێتەوە کە ئەو بۆنە، یان ئەو ئاوازەی پێوە بەستراوە، یان تیایدا ڕوویداوە، لەبەرئەوە زاناکان جەختدەکەنەوە لەسەر بەکارهێنانی ڕێگای نموونە لە بواری فێرکردندا، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) زۆر لە بۆنەکانی قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی نموونەی بۆ بێنێتەوە، یان لێکچوواندنی بۆ بکات بە ڕووداوێك، یان شتێك کە تێگەیشتنی بەلای مێشکی مرۆڤەوە ئاسانتر بێت (الکحیل، ٢٠١٧، ٣).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە زۆرێك لە فەرموودەكانـدا ڕوونكردنـەوە بـۆ هاوەڵان دەدات لە ڕێگای نموونە هێنانەوە بۆیان، لە فەرموودەیەكدا دەفـەرموێت: "بینیوتانە ئەگەر ڕووبارێك بە بەردەرگای ماڵی یەكێكتاندا تێپەڕێت، هـەموو ڕۆژێـك پێنج جار خۆی لێ بشوات، ئایا هیچ پیسی پێوە دەمێنێت؟ نموونـەی ئـەوە وەكـو پێنج نوێژەكە وایە، خوای گەورە گوناهەكانی پێ دەسڕێتەوە"[(١)].

سـەرەڕای ئـەوە، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) تـاكو نموونـەی دژیشـی بەكارهێناوە (Counterexample)، كە لـە بـواری فێركردنـدا لـەم سـەردەمەدا جەختی لەسەر دەكرێتەوە، كە لـە پۆلـدا بەكاربهێنرێـت. نموونـەی دژ بریتییـە لـە نموونەیەك كە بەڵگەی پێچەوانەی لەگەڵدایە، كاتێك نموونەیەك بـەكاردەهێنرێت بـۆ پاڵپشتكردن، یان ڕوونكردنەوەی بابەتێك، یان داوایەك، ئەوا نموونەی دژ بـەكاردێت بۆ پێچەوانەكەی (Alexander، ١، ٢٠١٧ )، بۆ نموونە: ئەگەر نموونە لەسەر كانزا بریتی بێت لە (ئاسن)، ئەوا نموونەی دژە كانزاكان بریتییە لە (تەختە)، ئەم جـۆرە نموونانــەی دژ یارمەتیـدەرێكی گرنگـە بـۆ فێرخــوازان بـۆ ناسـینەوەی بابــەت و تێگەیشتن لە چەمك و بابەتە زانستییەكان.

لە فەرموودەیەكدا پێغەمبەر ئاماژە بەوە دەكات كە نموونەی ناردنی ئەو لەلایەن خوداوە بە ڕێنموونیكار و زانستخواز وەكو نموونەی بارانێك وایە كە بدات لە زەوی، بەشێكی باش و بەپیت بوو ئاوەكەی وەرگـرت و دەخـڵ و دانـی زۆری بەرهـەمهێنا، بەشێكی تریشی ئاوەكەی گل دایەوە و خەڵكی سوودی لێوەرگرت بۆ خواردنـەوە و كشتوكاڵ و بەشێكی تریشی وشك و ڕەق بوو نە ئاوەكەی گلدایەوە نە كشتوكاڵیشی لێ ڕوا، نموونەی ئەوە وەك یەكێك كە لە ئایین تێگەیشتبێت و سوود پێگەیاندنیشی

---

١ "أرأيتم لو أن نهرًا بباب أحدكم يغتسل منه كل يوم خمس مرات، هل يبقى من دَرنه (أي وسخه) شـيء؟ فكذلك مثل الصلوات الخمس يمحو الله بهن الخطايا". أخرجه البخـاري: (٥٢٨)، ومسـلم: (٦٦٧)، واللفـظ له.

وەکو ئـەوەی زانـینی زانسـت و فێرکـردن وایـە، نموونـەی کەسـێکیش کـە سـەری بەرزنەکاتەوە و پەسەندی هیدایەتی خوا نەکات کە منی ناردووە[1]. کەواتـە تێبـینی دەکەین لێرەدا کە هەردوو جۆرە نموونەکەی بەکارهێناوە (نموونە و نموونەی دژ).

**٢- ڕێگای گفتوگۆ (دیبەیت)ی فێرکاری:**

ئەگەر لە گوگڵدا بگەڕێیت بە دوای (دیبەیت)، ئـەوا (١٢٩) ملیـۆن ئـەنجامت بـۆ دێت، کە گرنگی ئەم چەمکە دەردەخات لەم سەردەمەی ئێستاماندا. گفتوگۆ (یـان دیبەیت) بریتییە لە وتووێژێك کە تیایـدا دوو کـەس یـان زیـاتر بـەرگری دەکـەن لـە هەڵوێستی پێچەوانە (یان بەڵگە دەهێننەوە) سەبارەت بە بابـەتێك، یـان پرسـیارێك لە هەولێکدا بۆ ئەوەی جەماوەر (یـان بـەرگریکارەکانی دیکـە) ڕای ئـەمان پەسـەند بکەن (Ian، ٢٠١٤، ١).

لە بواری وانـە وتنـەوە و فێرکردنـدا گفتوگـۆ و دیبـەیت زۆر گرنگـە، لەبـەر ئـەم خاڵانەی خوارەوە:

١- چاککردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنـەوەی باڵـا لـە ڕێگای جێبەجێکردن و شیکردنەوە وپێکهێنان و هەڵسەنگاندن و داهێنان.

٢- زیادکردنی توانـای چارەسـەرکردنی گرفـت وتوانـای ئـەکادیمی بەشـێوەیەکی گشتی.

٣- چاکترکردنی کارامەییەکانی توێژینەوە.

٤- کارامەییەکانی گوێگرتنی ڕەخنەگرانە.

---

[1] قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إن مثل ما بعثني الله به مـن الهـدى والعلـم كمثـل غيـث أصـاب أرضاً، فكانت منها طائفة طيبة قبلت الماء فأنبتت الكلأ والعشب الكثير، وكان منها أجادب أمسـكت المـاء فنفع الله بها الناس فشربوا منها وسقوا وزرعوا، وأصاب منها طائفة أخرى إنما هي قيعان لا تمسك مـاء ولا تنبت كلأ، فذلك مثل من فقه في دين الله، ونفعه ما بعثني الله به فعلم وعلّم، ومثل مـن لم يرفـع بـذلك رأسـاً ولم يقبل هدى الله الذي أرسلت به". صحيح مسلم: (٢٢٨٢).

٥- بیركردنەوە بەشێوەیەكی خێرا وسەرپێییانە.

٦- متمانەبەخۆبوون لەژێر پەستاندا.

٧ــ پێشكەشــكردنی وەڵامدانــەوەی ڕازیكــەر بەرامبــەر پرســیاری قــورس (Suzanee، ٢٠١٥، ٢).

زۆر لـە فـەرموودەكانی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بەشـێوەی دیبـەیتی فێركارییە، بۆ نموونە: پێغەمبەر وتووێژ لەگەڵ هاوەڵاندا دەكات، دەفەرموێت: "ئایا دەزانن موسڵمان كێیە؟" ئەوانیش دەڵێن: خوا و پێغەمبەری خوا دەزانێـت، ئەویش دەفەرموێــت: "موســڵمان ئــەو كەســەیە كــە موســوڵمانان لــە زمــان و دەســتی پارێزراوبن". پاشان دەفەرموێت: "ئایا دەزانن بڕوادار كێیە؟" ئەوانیش دەڵێن: خوا و پێغەمبــەری خــوا دەزانێــت، ئــەویش دەفەرموێــت: "بــڕوادار ئــەو كەســەیە كــە بڕوادارانی دیكە لە خۆیان و پارەیان ئەمین بن"[1]. ئەم ڕێگایەش لەلایـەن زاناكـانی بواری پەروەردە و فێركردنەوە جەختی لەسەر دەكرێتەوە، كە گفتوگۆی فێركـراوی زۆر گرنگە بۆ چەسپاندنی زانیارییەكان لە مێشكی فێرخوازدا، دەبێتە هۆی ئــەوەی شەوق و زەوق و چێژ و بەشداری بدات بە وانەكە لەلایەن فێرخوازەكانەوە (الكحیل، ٢٠١٧، ٤).

**٣- پلەداری لە گشتییەوە بەرەو تایبەتی:**

یەكێك لەو ڕێگا نوێیانەی پەیڕەو دەكرێت لە فێركردنی فێرخوازەكاندا، بریتییـە لـە پلـەداری لـە گشـتییەوە بـەرەو تایبـەتی، مامۆسـتای سـەركەوتوو لـە زانیـاری گشـتییەوە دەسـتپێدەكات، پاشـان پلەبەپلـە دەڕوات بـەرەو زانیارییـە تایبـەت و

[1] یقول: عبدالله بن عمرو ـ رضي الله عنه ـ: قـال الـنبي ـ صـلى الله عليـه وسـلم ـ لأصـحابه: "أتـدرون مـن المسلم؟". قالوا: الله ورسوله أعلم، قال: "المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده". ثم قـال: "أتـدرون من المؤمن؟". قالوا: الله ورسوله أعلم، قال: "المؤمن من أمن المؤمنون على أنفسهم وأموالهم". الطبرانـي (١/ ٨٠).

دیاریکراوەکان. ئەم شێوازە لە پەیڕەوی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەشدا پیادە دەکرێت، کە تیایدا لە گشتییەوە پلەبەپلە دەچێت بەرەو تایبەتی، بەمانای یەکەمجار بابەتەکە دەخرێتەڕوو، پاشان پلەبەپلە بەشەکانی بە دوورودرێژتر باسدەکرێت، دواتر لقە وردەکانی بابەتەکە زیاتر تیشکی دەخرێتەسەر تا دەگاتە وردترین وردەکاری (عطية، ٢٠١٥، ٢١٢). ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر) زیاد لە (١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر)[1] ئەم ڕێگایەی پیادەکردووە لە کاتی فێرکردنی هاوەڵاندا (الكحيل، ٢٠١٧، ٢)، ئەوەتا: جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵا (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بووین کاتێك گەنج و هەرزەکار بووین، فێری بڕواهێنان بووین پێش ئەوەی فێری قورئان بین، پاشان فێری قورئان بووین و بڕوامان زیادی کرد[2].

### ٤- ڕێگای پاداشت و ئاسانکاری لەجیاتی سزا و قورسکاری:

زاناکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەجیاتی ئەوەی هەڕەشە لە فێرخواز بکەیت و مێشکی سەرقاڵ بکەیت بە ترس و تۆقین، لەجیاتی ئەوە مێشکی پڕبکە بە گەشبینی و مژدەی خێر و پاداشتی بدەیتێ، ئەوا دەبێت بە مرۆڤێکی ئەرێنیی دەتوانێت کات و تواناکانی بەشێوەیەکی بەسوود بخاتە گەڕ (الكحيل، ٢٠١٧، ٢). ئەگەر لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وردبینەوە دەبینین پڕیەتی لە ڕێنمایی ئەرێنی، بۆ نموونە: "ئاسانکاربن و گرانکار مەبن و مژدەبەخش بن و دوورخەرەوە مەبن"[3].

---

[1] دیارە لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەو سەردەمانە ناکات.

[2] جندب بن عبد الله ـ رضي الله عنه ـ يقول: كنا مع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ ونحن فتيان حزاورة (أي قاربنا البلوغ) فتعلّمنا الإيمان قبل أن نتعلم القرآن، ثم تعلمنا القرآن فازددنا إيماناً. صحيح ابن ماجه: (٥٢).

[3] "يسروا ولا تعسروا وبشروا ولا تنفروا". رواه البخاري: (٦٩)، ومسلم: (١٧٣٤).

**٥- ڕیزبەندی لە کار و زانیارییەکاندا:**

هەندێك لە کارەکان کە فێرخواز ئەنجامیان دەدات پێویستییان بە ڕیزبەندییە، کە یەکەمجار کامیان بکات، پاشان دووەم و ئینجا سێیەم، هەمان ئەم شێوازە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەیە بەکاریهێناوە (الكحيل، ٢٠١٧، ٣)، بۆ نموونە: ئەو پیاوەی داوای لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کرد کە خۆشەویستترین کاری پێبڵێ بەلای خوداوە، ئەویش فەرمووی "نوێژ لە کاتی خۆیدا، پاشان چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا، ئینجا تێکۆشان لە پێناوی خوادا"[1].

**٦- فێرکردن بە مۆدێل، یان فێرکردنی کۆمەڵایەتی:**

باندورا یەکێکە لەو زانایانەی کە لەم سەردەمەدا ڕۆژئاوا زۆر شانازی پێوە دەکات، و پێیانوایە خاوەنی بیردۆزی (فێربوونی کۆمەڵایەتییە). بە پێی ئەم بیردۆزە بێت، مرۆڤ لاسایی ئەو مۆدیلە (نموونەی بەرز) دەکاتەوە کە سەرسامە پێی و هەوڵ دەدات لە بیرکردنەوە و بۆچوون و ڕەفتاریدا وەك ئەو وابێت یان لاسایی بکاتەوە، پاشان ڕەفتارەکان بەرهەم دەهێنێتەوە، یان گۆڕانکارییان بەسەردا دەهێنێت. بەپێی بیردۆزی فێربوونی کۆمەڵایەتی باندورا بێت، مرۆڤەکان لە یەکترییەوە فێردەبن، لە ڕێگای تێبینیکردن و لاساییکردنەوە و بە مۆدێل بوون (David، ٢٠١٥، ١).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەمێژە ئەم شێوازەی لە فێرکردندا بەکارهێناوە (موسى، ٢٠٠٧، ٦)، بۆ نموونە: بوخاری فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جارێکیان پێشەوایی کرد بۆ خەڵك لەسەر مینبەر،

---

[1] عن عبد الله بن مسعود - رضي الله عنه - قال: سألت رسول الله - صلى الله عليه وسلم -: أيُّ العمل أفضل؟ قال: "الصَّلاة لوقتها". قال: قلت: ثمَّ أي؟ قال: "برُّ الوالدين". قال قلت: ثمَّ أي؟ قال: "الجهاد في سبيل الله". رواه البخاري: (٢٦)، ومسلم: (٨٥).

بۆ ئەوەی هەموویان نوێژەکەی ببینن و لە بینینەکەی و لە کردارەکانیەوە فێربن، کاتێك تەواوبوو ڕووی کردە خەڵك و فەرمووی: "ئەی خەڵکینە من وامکرد بۆ ئەوەی وەکو من بکەن و لە نوێژەکەمەوە فێربن و بزانن"[1].

### ٧- فێرکردن بە خستنەڕووی کردەیی یان فێرکردنی کرداریی (پراکتیکی):

فێرکردن بە خستنەڕووی کردەیی، یان فێرکردنی پراکتیکی، لە سەرچاوەکاندا زۆر بە گرنگییەوە لەم سەردەمەدا باسی لێوە دەکرێت، بۆ نموونە (Umar، ٢٠١٣) باس لەوە دەکات کە ئەم ڕۆڵ و گرنگییانەی لە بواری فێرکردندا هەیە:

١. یارمەتی بەشداریپێکردنی هەستەوەرە جۆراوجۆرەکان دەدات بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون بەردەوام بێت.

٢. مامۆستا وا لە فێرخوازەکان دەکات بە هەرەوەزی بەشداربن لە پرۆسەی فێربووندا.

٣. گرنگیپێدانی فێرخوازەکان زیاد دەکات و هانیان دەدات بۆ بەشداریپێکردنێکی چالاك لە فێربووندا.

٤. یارمەتی بەدیهێنانی ئامانجە دەروونجوڵەییەکان دەدات.

٥. فێرخواز لە هەر کۆسپێك تێدەگات، جا ئایا سادەبن یان ئالۆز (Umar، ٢٠١٣، ٢).

لە عەلی کوری ئەبو تالیبەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئاوریشمێکی بەدەستی ڕاست و ئاڵتوونیش بە دەستی چەپی گرت و هەردوو دەستی بەرزکردەوە و فەرمووی: "ئەم دووانە لەسەر نێرینەی میللەتەکەم

[1] روى سهل بن سعد الساعدي حديثًا ذكر فيه أنه ـ صلى الله عليه وسلم ـ صلى مرة بالناس إماماً وهو على المنبر ليروا صلاته كلهم، وليتعلموا من مشاهدته وأفعاله.. فلما فرغ أقبل الناس فقال: "يا أيُّها النَّاسُ إنَّما صنعتُ هذا لتأتَمُّوا بي ولتعلَّموا صَلاتي". صحيح النسائي: (٧٣٨).

حەرامە و حەڵاڵیشە بۆ مێینەکانیان"[1]. بێگومان بەرزکردنەوەی ئاوریشم و ئاڵتوون بەدەستی خۆیان بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکراترە وکاریگەری زیاترە وەك لەوەی تەنها بە وتە بڵێت: ئاوریشم و ئاڵتوون حەرامن (موسی، ٢٠٠٧، ٨).

لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەشێوەیەکی کرداری و پراکتیکی هەنگاو بە هەنگاو هاوەڵان فێر دەکات چۆن دەستنوێژ بشۆن[2]. هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە کرداری فێری هاوەڵان دەکات کە بەهای دنیا لای خوای گەورە چەندە؟ کاتێك بەلای بزنێکی مردارەوەبوودا دەروات (کە کەموکوڕییەك لە گوێچکەیدا هەیە) و گوێچکەی بەرزدەکاتەوە و هەندێك پرسیار لە هاوەڵان دەکات و لە کۆتایدا دەفەرموێت کە دونیا لای خودا لەمە بێنرخترە بەلای ئێوەوە[3].

---

[1] روى علي بن أبي طالب ـ رضي الله عنه ـ، قال: أخذَ رسولُ اللَّهِ ـ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ ـ حريرًا بشماله، وذَهَبًا بيمينِهِ، ثمَّ رفعَ بِهِما يدَيهِ، فقالَ: "إنَّ هذَينِ حرامٌ علَى ذُكورِ أُمَّتي، حِلٌّ لإناثِهِم". أخرجه النسائي: (٥١٤٤)، وابن ماجة: (٣٥٩٥) واللفظ له.

[2] روى مسلم: أن عثمانَ بنَ عفانٍ رضِيَ اللهُ عنه دعا بوَضوءٍ، فتوضأ، فغسل كَفَّيْهِ ثلاثَ مراتٍ، ثم مضمض واستنثر، ثم غسل وجهَه ثلاثَ مراتٍ، ثم غسل يدَه اليُمْنَى إلى المرفَقِ ثلاثَ مراتٍ، ثم غسل يدَه اليُسْرَى مِثْلَ ذلك، ثم مسح رأسَه، ثم غسل رجلَه اليُمنَى إلى الكعبين ثلاثَ مراتٍ، ثم غسل اليُسرَى مثْلَ ذلك، ثم قال: رأيتُ رسولَ اللهِ ـ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّم ـ توضأ نحوَ وُضوئي هذا. ثم قال رسولُ الله ــ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّم ـ: "من توضأ نحوَ وُضوئي هذا، ثم قام فركع ركعتين، لا يُحَدِّثُ فيهما نفسَه، غُفِرَ له ما تقدم من ذنبِه". صحيح مسلم: (٢٢٦).

[3] عن جابر بن عبد الله ـ رضي الله عنه ـ، أن رسول الله مر بالسوق داخلاً من بعض العالية، والناس كَنَفَتَه، فمر بجدي أسك ميت، فتناوله فأخذه بأذنه، ثم قال: "أيكم يحب أن هذا له بدرهم؟" فقالوا: ما نحب أنه لنا بشيء، وما نصنع به؟ قال: "أتحبون أنه لكم؟" قالوا: والله لو كان حياً كان عيباً فيه لأنه أسك، فكيف وهو ميت. فقال: "فوالله للدنيا أهون على الله من هذا عليكم كَنَفَتَه" وفي بعض النسخ (كنفتيه) يعني الأول جانبه، والثاني جانبيه. (جدي أسك) أي صغير الأذنين. صحيح مسلم: (٢٩٥٧).

**٨- فێرکردن بە تێبینیکرن و زانیاری پێدانەوە (فیدباك):**

مـرۆڤ زۆر لـە ڕەفتارەکـانی لـە ڕێگـەی تێبینیکـردن و فیدباکـەوە فێردەبێـت، پرۆسەی تێبینیکردن چەندین سوودی جۆراوجۆری هەیە لـە بـواری فێربوونـدا، کـە (Harri، ٢٠١١) کورتیان دەکاتەوە لەم چەند خاڵەدا:

١. ئاستی چێژبینین لە بواری فێربووندا بەرز دەکاتەوە.

٢. هانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەدات.

٣. گەشە بە یادەوەری مرۆڤ دەدات.

٤. کاردەکاتە سەر ڕەفتار.

٥. زانینی کەسەکە بەرفراوان دەکات (Harri، ٢٠١١، ١).

بەڵام سەبارەت بە فیدباك (feedback)، بریتییە لەو زانیارییانەی دەدرێتەوە بـە کەسـێك دوای پێشکەشـکردنی چـالاکییەك، یـان کردارێـك (Paul، 2017)، پرۆسەی فیدباك بەشـێکی بنەڕەتییـە لـە ڕوودانـی فێربـوونێکی کاریگـەر، یارمـەتی فێرخوازەکان دەدات بۆ ئەوەی لە بابەتەکە تێبگـەن و ڕێنمـایی ڕوون و ئاشـکرایان پێدەبەخشێت سەبارەت بەوەی چۆن فێربوونیان باشتر بکەن ( Bellon et al)، 1991 cited in University of Reading، 2017).

پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) تێبینیکـردن و زانیـاری پێدانـەوەی لەگـەڵ هاوەڵاندا بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە فەرموودەیەکدا دەردەکـەوێت کـە پیاوێـك لـە بەردەمیدا نوێژ دەکات، بەڵام نوێژەکەی کەمووکوری تێدایە، ئەویش سێ جار لێـی دووبـارە دەکاتـەوە کـە هەسـتێت دووبـارەی بکاتـەوە، چـونکە نوێـژی نـەکردووە، پاشان خۆی نیشانی دەدات کە چۆن نوێژەکەی بکات[1].

---

[1] لاحظ الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ رجلاً يصلي صلاة ناقصة فأمره أن يعيدها قـائلاً: "صـلِّ فإنّـك لم تصلّ"، وأخذ يكررها عليه ثلاثاً ثم بعد ذلك أرشده إلى الصلاة الصحيحة وعلمه إياها. الحديث برواية رفاعة بن رافع. سنن الترمذي: (٢/ ١٠٠).

### ٩- فێرکردن بە پرسیار و وەرگرتنی وەڵام:

فێرکردن لە ڕێگای پرسیارکردن و وەرگرتنی وەڵامەوە یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکان لە بواری فێرکردندا، هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا گرنگییەکی ئێجگار زۆری پێ دەدرێت. توێژینەوەیەك کە کراوە لەلایەن سمیس (Smith 1998) بە وەرگرتن لە (Martyn، ٢٠١٧،١) دەڵێت کە دەستکەوتی زیرەکی (IQ) لای منداڵە بچووکەکان زیاترە ئەگەر دایك و باوکیان بە بەردەوامی قسەیان لەگەڵ دەکردن و دەیاندواندن بە بەراورد بەو منداڵانەی کە باوك و دایکیان بەشدارییان لەگەڵدا ناکەن. لە پۆلەکانماندا پرسیارکردن لە فێرخوازان دەبێتە هۆی دروستبوونی:

١. توانای دەربرین لە بیروڕا و بۆچوونەکانیان.

٢. پەرەپێدانی حەز و ئارەزوو و پاڵنەرایەتی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چالاکانە تێکەڵاوی وانەکەبن.

٣. پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

٤. پیاچوونەوەی فێربوون.

٥. هاندانی فێرخوازەکان بۆ بەدواداچوونی مەعریفە لەلایەن خودی خۆیانەوە و پرسیاری تایبەتی خۆیان بکەن.

٦. ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە زمان فەراهەم دێنێت.( Martyn، ٢٠١٧، ١- ٤).

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە زۆر هەڵوێستدا پرسیار و وەڵامی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە فەرموودەیەکدا پرسیار لە هاوەڵان دەکات سەبارەت بە نموونەی بڕوادار، کە وەك درەختێك وایە کە گەڵاکانی ناکەون، دوایی پرسیار و وەڵام لە نێوانیاندا دروست دەبێت، تا لە کۆتاییدا خۆی پێیان دەفەرموێت: "دارخورمایە"[1].

---

[1] قال عبد الله بن عمر رضي الله عنه: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "أخبروني بشجرةٍ كمثلِ الرَّجلِ المسلمِ تؤتي أُكلَها كلَّ حينٍ لا يتحاتُّ ورقُها". قال: فوقعَ في نفسي أنَّها النَّخلةُ، فكرهتُ أن أتكلَّمَ وثَمَّ أبو بَكرٍ وعمرُ، فلمَّا لم يتَكلَّموا قال رسولُ اللَّهِ ـ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ ـ: "هيَ النَّخلةُ". أخرجه البخاري: (٦١٤٤)، ومسلم (٢٨١١) بنحوه، والطبري في تفسيره (١٦/ ٥٧٥)، واللفظ له.

**١٠- فێربوون بە هەرەوەزی:**

ڕێگەی فێربوونی هەرەوەزی بەکاردەهێنرێت بۆ وەرگرتنی کارامەییەکان، ئەوەتا لە ساڵی (١٩٠٠)ەوە ئاڕاستەکان چڕدەبوونەوە بە دەوری فێربوونی هەرەوەزی و ڕۆڵی لە دەستکەوتی خوێندکارەکاندا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گرنگی زیاتری پێبدرێت لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، چاوەڕواندەکرێت لە دەیەکانی داهاتوودا گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت (لومان، ١٩٨٩، ٢٠٣)، ئەم ڕێگایە کۆمەڵێك جیاکەرەوە و تایبەتمەندی ئیجابی هەیە، کە بریتین لە:

١. کردنی فێرخواز بە تەوەرەی پرۆسە فێرکاریی – فێربوونی.

٢. پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی تاك و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵ لای فێرخوازەکان.

٣. پەرەپێدانی گیانی هاوکاری و کاری بەکۆمەڵ لەنێوان فێرخوازەکاندا.

٤. پێدانی مۆڵەت بە مامۆستا بۆ بەدواداچوون و ئاشنابوون بە پێداویستییەکانی فێرخوازەکان.

٥. ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان لە نێوان فێرخوازەکاندا.

٦. ڕێزگرتنی ڕای کەسانی تر و پەسندکردنی بیروبۆچوونیان.

٧. پەرەپێدانی شێوازی خوودفێربوون لای فێرخوازەکان.

٨. ڕاهێنانی فێرخوازەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفت، یان بەشداریکردن لە چارەسەرکردنیدا.

٩. توانای فێرخواز بۆ بڕیاردان زیاد دەکات.

١٠. پەرەپێدانی کارامەیی دەربڕینی هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکان.

١١. پەرەپێدانی متمانە بە خوود و هەستکردن بە خوود.

١٢. ڕاهێنانی فێرخوازەکان بە پابەندبوون بە ئادابی گوێڕاگرتن و قسەکردن.

١٣. وەرگرتنی فێرخوازەکان بۆ کارامەییەکانی سەرکردایەتیکردن و پەیوەندی و هاوپەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر.

١٤. دەبێتە هۆی شکاندنی ڕۆتین و دروستکردنی زیندەگی و چالاکی لە ژووری پۆلدا.

١٥. بەهێزکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و گەشەکردنی پەیوەندییە کەسایەتییکان لە نێوان فێرخوازەکاندا و دەبێتە هۆی گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەکەدا (البحیری، ٢٠٠٥، ٣٥).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە کاتی هەڵکەندنی خەندەق و پێشتریش لە دروستکردنی مزگەوتی مەدینەدا بە هەرەوەزی، فێری کردوون و بەشداربووە لە کارکردن لەگەڵیاندا.

**١١ـ فێرکردن بە نەرمی نەك توندوتیژی:**

ئاوڕدانەوەی جیهان بۆ بابەتی توندوتیژی لە بواری پەروەردەدا، زیاتر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدابوو، بە هۆی پەرەسەندنی هۆشیاری گشتی، بەتایبەتی دوای گەشەسەندنی بیردۆزە جۆراوجۆرەکانی بواری دەروونزانی، کە ڕەفتارەکانی مرۆڤی لێکدەدایەوە، شانبەشانی ئەوە چەندین دەزگا و بزاڤ پەیدابوون کە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن، کە پێویستە بپارێزێت لە هەموو جۆرە خراپ ڕەفتار لەگەڵداکردن و توندوتیژییەك، کە لێرەدا مەبەست لە هەر کارێکە کە زیان بە بەرامبەر بگەیەنێت لە ڕووی لاشەیی و دەروونییەوە، کە ئەم شێوانەی هەیە: گاڵتەکردن، پەسەندنەکردنی بەرامبەر، پشتگوێخستنی، لادانی یان سووکایەتی پێکردنی، ترساندنی یان هەڕەشەلێکردنی، هاوارکردن بەسەریدا، وتنی وشەی نەشیاو یان جوێندان، لە هەموویان مەترسیدارتر دەگاتە کوشتن (الغامدي، ٢٠١٤، ٦).

دیاره پێغەمبەری ئازیز (دروودی خوای لەسەر) بە شێوازێکی زۆر نەرمونیان هەوڵی داوە خەڵکی فێربکات (موسی، ٢٠٠٧، ٩)، یەکێك لە نموونە بەرچاوەکان لەم بوارەدا بریتییە لەو ڕووداوەی کە تیایدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هاوەڵەکانی پیاوێکیان بینی میزی دەکرد لە مزگەوتدا، خەڵکی بۆی چوون تا سزای بدەن، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی وازی لێ بهێنن و چارەسەری گونجاوی بۆ دیاردەکە دیاریکرد و فەرمووی: "ئێوە بۆ ئاسانکاری نێردراون نەك بۆ سەختکاری"[1].

لە ڕووداوێکی دیکەدا گەنجێك دێت بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) داوای لێدەکات کە مۆڵەتی بدات بۆ زیناکردن، خەڵکی هاواری بەسەردا دەکەن، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)یش فەرمووی: نزیکی بکەنەوە و لە ڕێگای گفتوگۆیەکی هێمنانە و دوعاکردنەوە بۆی، قەناعەتی پێدەکات کە وازبێنێت لەو کارە[2].

---

[1] عن أبي هُرَيرَةَ ـ رَضِيَ اللهُ عَنْه ـ، قال: قام أعرابيٌّ فبال في المسجِدِ، فتناوله الناسُ، فقال لهم النبيُّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "دَعُوه وهَرِيقوا على بولِه سَجْلًا من ماءٍ، أو ذَنوبًا من ماءٍ" فإنَّما بُعِثتُم مُيسِّرين، ولم تُبعَثوا مُعسِّرينَ". رواه البخاري: (٢٢٠).

[2] روى الإمام أحمد بإسناد جيد عن أبي أمامة رضي الله عنه: أن غلامًا شابًا أتى النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فقال: يا نبي الله أتأذن لي في الزنى؟ فصاح به الناس، فقال ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "قربوه، ادن". فدنا حتى جلس بين يديه، فقال ـ عليه الصلاة والسلام ـ: "أتحبه لأمك؟" قال: لا، جعلني الله فداك. قال: "كذلك الناس لا يحبونه لأمهاتهم. أتحبه لابنتك؟". قال: لا، جعلني الله فداك. قال: "فكذلك الناس لا يحبونه لبناتهم. أتحبه لأختك؟'. قال: لا، جعلني الله فداك، قال: "فكذلك الناس لا يحبونهم لأخواتهم"، ثم وضع الرسول ـ صلى الله عليه وسلم ـ يده على صدره، وقال: "اللهم طهر قلبه، واغفر ذنبه، وحصن فرجه"، فلم يكن شيء أبغض إليه من الزنى. الهيثمي، باب أدب الطالب (١/ ٧٤)، (بتصرف).

### ١٢- فێرکردن بە چیرۆك:

چیرۆك گێڕانەوە هەرچەندە ڕێگایەکی کۆنە لە بواری فێرکردندا، بەڵام لەم سەردەمەشدا زۆر گرنگی پێ دەدرێت و وەکو ڕێگای فێرکردن و وانەوتنەوە بکاردەهێنرێت، ئەوەتا (جبار، ٢٠٠١) دەڵێت: چیرۆك گێڕانەوە سوودی هەیە لە بواری سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەییدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١. ڕەونەقدان بە وانەکە و سەرنجڕاکێشان و چڕکردنەوەی مێشك لەسەر بابەتەکە، وروژاندنی هەستوسۆز بەشێوەیەك کە گوێگر ڕابکێشێت بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بۆ ئەوەی بیانهێنێتە بەرچاوی و بەرئەنجامەکانیان بزانێت.

٢. هاندانی گوێگر یان خوێنەر بۆ پەندوەرگرتن لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە و هەڵبژاردنی ڕێگا و شێوازی گونجاو.

٣. پاڵپێوەنانی گوێگر یان خوێنەر، بۆ کردنی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە بە پێشەنگ و چاولێکردنیان لە کارەباشەکاندا و دوورکەوتنەوە لە خراپەکان.

٤. تێرکردنی حەز بە زانین لای گوێگر، بۆ بەدواداچوونی هەڵوێستەکان و تا گەیشتن بە کردنەوەی گرێکانی ناو چیرۆکەکە.

٥. جەختکردنەوە لە پرۆسەی قەناعەتپێکردن کە گرنگە لە بواری پەروەردە وفێرکردندا (جبار، ٢٠٠١، ١٠٠).

بۆ نموونە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چەندین چیرۆکی بۆ هاوەڵان گێڕاوەتەوە، وەك چیرۆکی کوێر و کەچەڵ و بەڵەك لە نەوەی ئیسرائیل و چیرۆکی جادووگەر و خواپەرست و غولام و کەندی ئاگرین (موسی، ٢٠٠٧، ٩).

### ١٣- فێربوونی چێژبەخش (التعلم الممتع) (Learning by Fun):

فێربوونی چێژبەخش لەم سەردەمەدا گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی:

١. فێرخواز هەوڵ و کۆشش بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی خودی فێرببێت.

٢. پشت دەبەستێت بە گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا و هاوەڵان.

٣. فێرخواز بەشداری لە وانەکەدا دەکات.

٤. مامۆستا کاتی وانەکە ڕێکدەخات و گوێ لە فێرخوازەکان دەگرێت و ئاڕاستەیان دەکات و یارمەتییان دەدات بۆ هەڵهێنجان.

٥. دەبێتە هۆی جۆراوجۆرکردنی شێوازەکانی مامۆستا، بەشێوەیەك کە گشت هەستەوەرەکانی فێرخواز تێر بکات (بیستن و بینین و جوڵە).

٦. فێرخواز زانینێکی ڕوون و ئاشکرای دەبێت بە تواناکانی و کارامەیی ڕاهێنراوی دەبێت، بەتوانا دەبێت بۆ داهێنان و متمانەی بەخۆی دەبێت (مدارس قرطبة، ٢٠١٧، ٦).

ئەگەر سەیری ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکەین دەبینین ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە، بۆ نموونە پێشبڕکێی لەگەڵ خاتوو عائیشە کردووە و یارمەتی داوە حەبەشییەکان ببینێت، کاتێك لەناو مزگەوتدا گەمە و ڕمبازییان کردووە (موسى، ٢٠٠٧، ١٠).

### ١٤- ڕاهێنان:

ڕاهێنان گرنگی زۆری هەیە لە بواری فێرکردنی پەروەردەییدا، ئەوەتا (الدیب، ٢٠١٧) پێیوایە: ڕاهێنانی پەروەردەیی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە چارەسەرکردنی ئەمانەی خوارەوەدا:

١. ئاستی تاکەکان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانیان.

٢. پەرەپێدانی زانین و کارامەیی و تواناکانیان.

٣. پلاندانان بۆ هێزی کار و پەرەپێدانیان.

٤. چاکردنی ژینگەی کار (الدیب، ٢٠١٧، ٧).

ڕاهێنان وەکو ڕێگایەك بۆ فێرکردن لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بەکارهێنراوە بۆ فێرکردنی هاوەڵان بۆ کاروباری جۆراوجۆر، ئەوەتا ئەبو سەعیدی خودری (ڕەزای خوای لەسەر) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەلای گەنجێکدا تێپەڕی کە مەڕێکی کەوڵ دەکرد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێی فەرموو: "لاچۆ با نیشانت بدەم"، ئینجا دەستی خستە نێوان پێست و گۆشتەکەوە تا بن باخەڵی، پاشان فەرمووی: "ئەی گەنج بەم شێوەیە کەوڵ بکە"[1]. ئەم فەرموودەیە (هەرچەند لە بواری دەستنوێژدا باسکراوە و بەکارهێنراوە)، بەڵام خۆی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر بەکارهێنانی ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ فێرکردنی هاوەڵان.

### ١٥- زمانی جەستە و ئاماژەی دەست: (إيماءة : (Gesture):

زمانی جەستە یەکێکە لەو بابەتانەی لەم سەردەمەدا گرنگییەکی بەرچاوی پێدەدرێت، بە ڕای (مروان، ٢٠١٥) زمانی جەستە بریتییە لەو جوڵانەی کە لە کەسێکەوە دەردەچێت لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە دەست و قاچ و دەربڕینە جۆراوجۆرەکانی دەموچاو و تۆنی دەنگیان، یان جوڵەی سەر و شان، بەشێوەیەك کە ئەم جوڵە جۆراوجۆرانە یارمەتی کەسانی دیکە بدات کە لەگەڵ ئەم کەسەدا لە هاوپەیوەندییان بۆ تێگەیشتن لە مەبەستەکەی بە چاکترین شێوە، سوود و گرنگیشی هەیە، چونکە یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی باشترین شێواز کە لە ڕێگایەوە بتوانین کارلێك لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکەین، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و ڕێگا مەبەستەکەمانی تێبگەیەنین (مروان، ٢٠١٥، ٢).

---

[1] عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله عنه ـ: كنا مع رسولِ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فمررنا بغلامٍ يسلخُ شاةً ، فقال: "تَنَحَّ حتى أُرِيكَ"، فأدخل رسولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ يدَهُ بين الجلدِ واللحمِ قد حسرَ بها حتى توارت إلى الإبطِ. ثم قال: "هكذا فاسلُخْ"، وأصاب ثوبَ رسولِ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ نفخٌ من دمٍ ومن فرثٍ فانطلق فصلى بالناسِ لم يغسل يدَهُ ولا ما أصاب ثوبَه". الدحس: هو إدخال اليد بين جلد الشاة ولحمها. صحيح ابن حبان: (١١٦٣).

ئەم زمانی جەستەیە لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) گرنگییەکی زۆری پێدراوە و چەندین فەرموودە هەیە کە تێیدا ئاماژەی پێکراوە: لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەردوو پەنجەی دۆشاومژە و ناوەڕاست بەرز دەکاتەوە و دەفەرموێت: "من و کەفالەتکاری هەتیوو وەك ئەم دوانە واین"[1]. یان لەو فەرموودەیەدا کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئاوریشم لەبەر نەکەن تەنها بە ئەندازەی (ڕاوییەکە هەردوو پەنجەی دۆشاومژە و ناوەڕاست بەرز دەکاتەوە[2]. یان لەو فەرموودەیەدا کە فەرموویەتی: "ئاشووب ئا لێرەوەیە و دەستی ڕاکێشاوە بۆ ڕۆژهەڵات"[3]. هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستی (بە پەنجە گەورە و پەنجەی دواتری) وەك شێوەی ئەڵقەیەك لێکردووە[4]. لە فەرموودەیەکی دیکەدا شێوەی پەنجەکانی وەك گومەز لێکردووە[5]. لە فەرموودەیەکی دیکەدا پەنجەکانی کردووە بەناو یەکتریدا[1].

---

١ روى سهل بن سعد الساعدي عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "أنا وَكافلُ اليتيمِ في الجنَّةِ كَهاتين"، وأشارَ بأصبُعَيْهِ يعني: السَّبَّابةَ والوسطى. صحيح الترمذي: (١٩١٨).

٢ عن أبي عثمان قال: جاءنا كتاب عمر ـ رضي الله عنه ـ، ونحن بأذربيجان: يا عتبة بن فرقد، إياكم والتنعم، وزي أهل الشرك، ولبوس الحرير، فإن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: نهانا عن لبوس الحرير، وقال: "إلا هكذا"، ورفع لنا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أصبعيه. رواه أحمد (١٥/ ١).

٣ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله عنه ـ، قال رسولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، وأشار بيدِهِ نحوَ المشرقِ، قال: "إنَّ الفتنَ من هاهنا إنَّ الفتنَ من هاهنا إنَّ الفتنَ من هاهنا من حيث يطلُعُ قرنُ الشيطانِ". مسند أحمد: (٧/ ١١٩).

٤ عن زينبَ بنتِ جحشٍ قالَتْ: استيقظَ رسولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ من نومهِ مُحمرًا وجهُهُ وهو يقولُ: "لا إلهَ إلَّا اللهُ، ويلٌ للعربِ من شرٍّ قد اقتربَ ، فُتِحَ اليومُ من رَدمِ يأجوجَ ومأجوجَ مثلُ هذه" وحلَّقَ سفيانُ بيدِهِ وعقدَ عشرةً. قالَتْ: فقلْتُ يا رسولَ اللهِ أنُهلَكُ وفينا الصالحونَ؟ قال: "نعم إذا كثُرَ الخبثُ". رواه البخاري: (٧٠٥٩)، ومسلم: (٢٨٨٠).

٥ عن جبير بن مطعم رضي الله عنه، قال: أتى رسولَ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ أعرابيٌّ فقال: يا رسولَ اللهِ جهدتِ الأنفسُ، وضاعتِ العيالُ ونهكتِ الأموالُ، وهلكتِ الأنعامُ، فاستسقِ اللهَ لنا، فإنَّا نستشفعُ بك على اللهِ ونستشفعُ باللهِ عليك. قال رسولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ويحكَ أتدري ما تقولُ؟"، وسبَّح رسولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فما زال يُسبِّحُ حتى عرف ذلك في وجوهِ أصحابِه. ثم قال: "ويحك إنَّهُ لا

### ١٦- جۆراوجۆركردنی ووروژێنەرەكان:

یەكێك لە جۆراوجۆركردنی ووروژێنەرەكان بریتییە لـە بـەكارهێنانی بێـدەنگی بـە مەبەسـتی سەرنجڕاكێشـان، كـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـەكارهێناوە، ئەوەتا لە بوخاری و موسلیمدا، دەگێڕنەوە لە ئەبو بەكرە، كـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "ئەمـە چ مانگێكـە؟" وتمـان: خـوا و پێغەمبـەری خـوا دەزانێت، ئەو كاتە بێدەنگ بوو تا وامانزانی ناوی تری لێدەنێت[٢].

### ١٧- فێربوون بە یاریكردن:

یاریكردن یەكێكە لە ئامڕازە گرنگەكانی فێركردن لـەم سـەردەمەدا، بـە ڕای (آل مراد، ٢٠٠٤) هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١. لــە ڕێگــای یاریكردنــەوە مــرۆڤ پــەی دەبــات بــە جیهــانی دەوروبــەری و ئامڕازێكیشە بۆ خوودۆزینەوە.

٢. یاریكردن دیاردەیەكی سروشتی و چالاكییەكی ڕەمەكییە.

٣. لە یاریكردندا هەلێك هەیە بۆ جوڵە وچالاكی و دەربڕینی خود بەشێوەیەك كە خۆشی و كامەرانی و چێژبینین فەراهەم بێنێت.

---

يستشفعُ باللهِ على أحدٍ من خلقِه، شأنُ اللهِ أعظمُ من ذلك، ويحـك أتـدري مـا اللهُ؟ إنَّ عرشَـه علـى سمواتـِه لهكذا – وقال بأصبعِه مثلَ القبةِ – عليْهِ وإنَّهُ ليئطُّ به أطيطَ الرحلِ بالراكبِ". قال ابنُ بشارٍ في حديثِـه: إنَّ اللهَ فوقَ عرشِه، وعرشُه فـوق سمواتـِه وسـاق الـحديثَ. أخرجـه أبـو داود: (٤٧٢٦). (ليـئط) أي يُصـوِّت، (أطيط الرحل) أي كصوته.

[١] عن أبي موسى رضى الله عنه عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قـال: "المـؤمن للمـؤمن كالبنيـان يشـد بعضه بعضاً"، وشبك بين أصابعه. رواه البخاري: (٤٨١)، ومسلم: (٢٥٨٥).

[٢] عن نفيع بن الحارث الثقفي أبو بكرة رضي الله عنه، عن رسول الله صلى الله عليه وسـلم، قـال: "أيُّ شـهرٍ هذا؟". قلنا: اللهُ ورسولُه أعلمُ. فسكت حتى ظننا أنه سيُسمِّيه بغير اسمِه، قال: "أليس ذا الحجةِ؟" قلنـا: بلى... الحديث. ابن كثير، البداية والنهاية (٥/ ١٧٣).

٤. پێداویستییە بنەڕەتییەکان تێر دەکات بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی و ئامڕازێکیشە بۆ بەگەڕخستنی زیادەوزە.
٥. دەربڕینێکە بۆ کەمکردنەوەی شلەژانی لاشەیی و سۆزداری.
٦. سەرنجڕادەکێشێت بۆ لای فێربوون.
٧. کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە درووستبوونی کەسایەتی هاوسەنگدا.
٨. کاریگەری هەیە لە پەرەپێدانی کەسایەتی کۆمەڵایەتیدا (آل مراد، ٢٠٠٤، ٢٣).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگای بە یاریکردن و گەمەکردن داوە، لە فەرموودەیەکدا دەردەکەوێت کە ڕێگای بە خاتوو عائیشە داوە کە یاری بە بووکەشووشە (بوکەڵە) و (ئەسپی باڵدار) بکات، تاکو خۆشحاڵبووە و پێکەنیوە بەرامبەر وتەی عائیشە کە وتوویەتی: ئایا نەتبیستووە کە سلێمان ئەسپی باڵداری هەبووە[1].

## ١٨- فێرکردن بە دووبارە کردنەوە:

شێوازی دووبارەکردنەوە لە بواری فێرکردندا، یەکێکە لە شێوازە کۆنەکان بۆ دەستکەوتنی زانیاری و پارێزگاری لێکردنی، ئەم دووبارەکردنەوەیە کاریگەری ئەرێنیی هەیە لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی فێرخوازەکان و دەبێتە هۆی زیادبوونی

[1] عن عائشة ـ رضي الله عنها ـ: قدِم رسولُ اللهِ ـ صلى الله عليه وسلم ـ من غزوةِ تبوكَ – أو خيبرَ – وفي سهوتِها سِترٌ، فهبَّتْ ريحٌ فكشفتْ ناحيةَ السِّترِ، عن بناتٍ لعائشةَ – لعبٍ – فقال: "ما هذا يا عائشةُ؟" قالت: بناتي! ورأى بينهن فرسًا له جناحان من رِقاعٍ، فقال: "ما هذا الذي أرى وسطهنَّ؟" قالت: فرسٌ، قال: "وما هذا الذي عليه؟" قالت: جناحانِ، قال: "فرسٌ له جَناحانِ؟" قالت: أما سمعتَ أنَّ لسليمانَ خيلًا لها أجنحةٌ؟ قالت: فضحك حتى رأيتُ نواجذَه. سنن أبي داود: (٤٩٣٢). (السهوة): شبيهة بالرف والطاق. (ناحية الستر): طرفه، (نواجذه): أواخر أسنانه. يقول الحافظ ابن حجر: "واستدل بهذا الحديث على جواز اتخاذ صور البنات واللعب من أجل لعب البنات بهن".

ڕێژەی پارێزگاریکردن لە زانیارییەکان و مانەوەی کاریگەری فێربوون و ڕێگایەکی کاریگەرە کە تیایدا کارلێك لەنێوان فێرخواز و مامۆستادا ڕوو دەدات (النماصی، ٢٠١٥، ١). پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەم شێوازی دووبارەکردنەوەیەی بەکارهێناوە وەك ڕێگایەکی فێرکاری هاوەڵان، کە لە فەرموودەدا هاتووە کە سێ جار قسەکانی دووبارە کردووەتەوە تا بەرامبەرەکەی بەجوانی تێبگات[١].

## کۆتایی

ئیعجاز لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) بەئاشکرا دەردەکەوێت، کە تیایدا تەکنۆلۆجیای فێرکاری بەکارهێناوە، وەك کێشانی هێڵکاری (مخططات: Chart) و وێنەکێشان، سەرەڕای بەکارهێنانی ئامڕازی فێرکاری جۆراوجۆر. ئەو جۆرە ئامڕازانە کاریگەری ئەرێنیی زۆر باشی هەبووە لەسەر هاوەڵان لە ڕووی ڕوونکردنەوەی ماناکان بۆیان، جگە لە باشترکردن و ئاسانکردنی تێگەیشتنیان، هەروەها سەرنجڕاکێشانیان و چەسپاندنی ماناکان لە مێشکیاندا، کە بووەتە هۆی ئەوەی دوای چەندین ساڵ لەبیریاندا بمێنێتەوە و لە یادی نەکەن ، کە دیارە کاریگەریی زۆری لەسەریان بەجێهێشتووە، کەواتە ئەو ڕێگا و شێوازانە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر دڵ و دەروونی بەرامبەر و تایبەتمەندی و سوودی زۆریان هەیە.

هەروەها ئیعجاز لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە تیایدا زیاد لە (١٨) ڕێگای وانەوتنەوە و فێرکاری و پەروەردەیی بەکارهێناوە، وەك: نموونەهێنانەوە لە فێرکردندا، ڕێگای گفتوگۆ (دیبەیت)ی

---

[١] عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ: أنه كان إذا تكلَّمَ بكلمة أعادَهَا ثلاثًا، حتى تُفهَم عنهُ، وإذا أتَى علَى قَومٍ فسَلَّمَ عليهِم، سلَّمَ عليهم ثلاثًا. البخاري: (٩٥).

فێرکاری، پلەداری لە گشتییەوە بەرەو تایبەتی، ڕێگای پاداشت و ئاسانکاری لەجیاتی سزا و قورسکاری، ڕیزبەندی لە کار و زانیارییەکاندا، فێرکردن بە مۆدێل، یان فێرکردنی کۆمەڵایەتی، فێرکردن بە خستنەڕووی کردەیی، یان فێرکردنی پراکتیکی، فێرکردن بە تێبینیکرن و زانیاریپێدانەوە (فیدباك)، فێرکردن بە پرسیار و وەرگرتنی وەڵام، فێربوون بە هەرەوەزی، فێرکردن بە نەرمی، نەك توندوتیژی، فێرکردن بە چیرۆك، فێربوونی چێژبەخش (التعلم الممتع : Learning by Fun)، ڕاهێنان، زمانی جەستە و ئاماژەی دەست: (إيماءة: Gesture)، جۆراوجۆرکردنی وروژێنەرەکان، فێربوون بە یاریکردن و فێرکردن بە دووبارەکردنەوە.

زۆربەی ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەکاری هێناون، دواتر لەلایەن ڕۆژئاواوە بەکارهێنراون و سوودیان لێوەرگیراوە، هەندێك لەو ڕێگایان لە سەدەی بیستەمدا دۆزراوەتەوە، زۆربەی ڕۆژئاواییەکان بێئاگان لەوەی کە ئەم ڕێگایان لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بەکارهێنراون، بەڵکو وەکو عادەتی خۆیان ڕەگ و ڕیشەی هەندێك لەو ڕێگایان دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، ئەم جۆرە ڕێگا و شێوازانەی فێرکردن و پەروەردەکردن ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا لە هەموو زانکۆکان و دەزگا ئەکادیمییە گەورەکانی جیهاندا دەخوێندرێت و کاریان پێدەکرێت، هەندێکیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك جاڕنامە دەرکراوە و شانازی پێوەدەکرێت کە لە سەدەی بیستدا مرۆڤ گەیشتووەتە ئەو ئاستە بەو جۆرە بیربکاتەوە، بێئاگا لەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێش نزیکەی (١٤٤٠) ساڵ لەمەوبەر ئەو ڕێگا و شێوازانەی فێرکردن و پەروەردەکردنی بەکارهێناوە.

زۆربەی ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەکاری هێناون، دواتر لەلایەن موسڵمانانەوە وەك پێویست بەکارنەهێنراون و لە بواری

فێرکردندا سوودیان لێوەرنەگیراوە، بەڵکو هەندێك لـە فـەرموودەکان کـە مانایـەکی فێرکارییان تێدایە، دەبینین لە  بواری فیقهدا باسکراون نەك لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردندا، بۆ نموونە وەك فەرموودەی (صحيح ابن حبان: ١١٦٣) دەیگێڕێتەوە کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

پەندوەرگرتن لەم ئامراز و ڕێگایانەی لەلایەن پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر) بەکارهێنراون، مەبەست لێیان ژمارەیان نییە کە لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردنـدا بەکارهێنراون، بەڵکو مەبەست ڕێسا و بیرۆکەی بەکارهێنانەکەیەتی، چـونکە ئەگـەر یەکجاریش بەکاری بهێنێت،  بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی بیرۆکـەی بەکارهێنانەکـەی لـە ئارادا هەیە و شایستەی ئەوەیە چاوی لێبکرێت لە بەکارهێنانیدا. دیارە ئەو ئامڕاز و ڕێگایانـەی لەلایـەن پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) بـەکارهێنراون گونجـاوبووە لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا و لە ژینگەی ئەو کاتەدا لەبەردەستدا بوون، کـە دیـارە زۆر جیاواز بووە لە ژینگە و سەردەمی ئێستا، دیارە ئێستاش ئەو ئامڕاز و ڕێگایانە بەکاردەهێنرێن لەگەڵ جیاوازی لە جۆرەکەیدا.

# سەرچاوەکان

القرآن الكريم.

١ـ أثر استخدام برامج بالألعاب الحركية والإجتماعية والمختلطة في تنمية التفاعل الاجتماعي لدى أطفال الرياض بعمر (٥٦) سنوات، نبراس يونس محمد ال مراد (٢٠٠٤). أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الموصل، كلية التربية الرياضية.

٢ـ الإقناع في التربية الإسلامية، سالم سعيد مسفر جبار (٢٠٠١)، ط٢، جدة، دار الأندلس الخضراء.

٣ـ البداية والنهاية، إسماعيل بن عمر عماد الدين بن كثير، المحقق: مجموعة محققين، دار الريان للتراث، ط١، ١٤٠٨هـ.

٤ـ التعلم التعاوني، السيد البحيري (٢٠٠٥)، الرياض: مطبعة إدارة التربية والتعليم بمحافظة الدوادمي.

٥ـ تفسير الطبري (جامع البيان عن تأويل آي القرآن)، محمد بن جرير الطبري، دار ابن حزم، الطبعة: بدون، سنة الطبع: بدون.

٦ـ الجامع الصحيح المسند من حديث رسول الله وسننه وأيامه، محمد بن إسماعيل البخاري، المحقق: محب الدين الخطيب، المكتبة السلفية ـ القاهرة، ط١، ١٤٠٠هـ.

٧ـ الجودة في التعليم الفلسطيني "مدخل للتميز"، محمود خليل صالح أبو دف وختام الوصيفي (٢٠٠٧)، المؤتمر التربوي الثالث المنعقد في الجامعة الإسلامية في الفترة من ٣٠–٣١ أكتوبر.

٨ـ سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني، المحقق: عزت عبيد الدعاس، دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٣٨٩هـ.

٩ـ صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، محمد بن حبان البستي، المحقق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة – بيروت، ط٢، ١٤١٤هـ.

١٠ـ الصحيح المسند، مقبل بن هادي الوادعي، مكتبة دار القدس– صنعاء، ط١، ١٤١١هـ.

١١ـ صحيح سنن ابن ماجه، محمد ناصر الدين الألباني، مكتب التربية العربي لدول الخليج، ط١، ١٤٠٧هـ.

١٢ـ صحيح سنن الترمذي، محمد ناصر الدين الألباني، المحقق: زهير الشاويش، مكتب التربية العربي لدول الخليج، ط١، ١٤٠٨هـ.

١٣ـ صحيح سنن النسائي، محمد ناصر الدين الألباني، مكتب التربية العربي لدول الخليج، ط١، ١٤٠٩هـ.

١٤ـ مجمع الزوائد، علي بن أبي بكر الهيثمي، مؤسسة المعارف، الطبعة: بدون، ١٤٠٦هـ.

١٥ـ مسند الإمام أحمد ابن حنبل، أحمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني، مراجعة: حمد معبد عبد الكريم، ط١، جمعية المكنز الإسلامي، ١٤٣٢هـ.

١٦ـ المسند الصحيح المختصر من السنن بنقل العدل عن العدل عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، المحقق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء الكتب العربية – عيسى البابي الحلبي وشركاه، ط١، ١٣٧٤هـ.

١٧ـ المعجم الأوسط للطبراني، سليمان بن أحمد الطبراني، المحقق: طارق بن عوض الله – محسن الحسيني، دار الحرمين – القاهرة، ط١، ١٤١٥هـ.

١٨ـ اتقان أساليب التدريس، جوزيف لومان (١٩٨٩)، ترجمة: حسين عبد الفتاح، مركز الكتب الأردني – عمان.

١٩ـ أسلوب التكرار في التعليم، بدر بن جزاع بن نايف النماصي (٢٠١٥)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط: http://www.alukah.net/social/0/80894/ (استرجع في: ٢٩ كانون الثاني ٢٠١٧).

٢٠ـ الإعجاز في أسلوب الرسول التعليمي، عبدالدائم الكحيل (٢٠١٧)، موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم، (إنترنيت)، متوفر على الرابط:
http://kaheel7.com/pdetails.php?id=375&ft=37 (استرجع في: ٢٩ تموز ٢٠١٧).

٢١- أهميـة الوسـائل التعليميـة وفوائـدها في العمليـة التعليميـة، صـالح الغامـدي (٢٠١٣)، (أنترنيت، متوفر على الرابط:
http://sallehgh.blogspot.com/2013/04/blog-post_1.html
(استرجع في: ٢٩ كانون الثاني ٢٠١٧).

٢٢- أهمية تكنولوجيا التعليم، آلاء جرار (٢٠١٦)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط:
https://goo.gl/B66vpd استرجع في: ٢٦ كانون الثاني ٢٠١٧.

٢٣ــ أهميــة لغــة الجســد، محمــد مــروان (٢٠١٥)، (أنترنيــت)، متــوفر علــى الــرابط:
https://goo.gl/wSCHxY (استرجع في: ٢٩ كانون الثاني ٢٠١٧).

٢٤- تجربتي مع الإعجاز العلمي في السنة النبوية، صالح أحمد رضا (٢٠١٧)، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة، (أنترنيت)، متوفر على الرابط:
http://sh.bib-alex.net/olomhadith/Web/11080/001.htm
(استرجع في: ٣٠ كانون الثاني ٢٠١٧).

٢٥- تصميم التدريس، يوسف قطـامي، وماجـد أبـو جـابر، ونايفـة قطـامي (٢٠٠٠)، ط١، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع – عمان.

٢٦- التعلم الممتع، مدارس قرطبة (٢٠١٧)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط:
http://qps.edu.sa/booksdownload/s2.docx (اسـترجع في: ٢٥ كـانون الثاني ٢٠١٧).

٢٧- تكنولوجيا التعليم وذوي الاحتياجات الخاصـة: الأجهـزة التعليميـة وصـيانتها، تـامر المغاوري الملاح (٢٠٠٥)، (أنترنيت)، كتاب منشور متوفر على الرابط:
http://www.alukah.net/Books/Files/Book_7125/BookFile/technology.pdf (استرجع في: ١٥ مارس ٢٠١٨).

٢٨- تكنولوجيا الصورة واستخدامها في التعليم، (أنترنيت)، متوفر على الرابط:
http://www.siironline.org/alabwab/alhoda-culture/099.html (استرجع في: ٢٧ كانون الثاني ٢٠١٧).

٢٩- الجودة الشاملة والمنهج، محسن علي عطية (٢٠١٥)، عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع، (أنترنيت)، كتاب متوفر على الرابط: goo.gl/SgWoVx (استرجع في: ١٢ كانون الثاني ٢٠١٧).

٣٠- العنف في التربية والتعليم، أحمد قاسم الغامدي (٢٠١٤)، صحيفة اليوم، ١٧ مايو ٢٠١٤، العدد ١٤٩٤٦، (أنترنيت) صحيفة متوفرة على الرابط: http://www.alyaum.com/article/3139849 (استرجع في: ٢٠ كانون الثاني ٢٠١٧).

٣١- في معنى "الحديث" لغة واصطلاحا وما يتصل به، طه محمد الساكت (٢٠١٤)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط: http://www.alukah.net/sharia/0/67921/ (استرجع في: ٣٠ كانون الثاني ٢٠١٧).

٣٢- ماهية وأهمية التدريب في تطوير العملية التعليمية، إبراهيم رمضان الديب (٢٠١٧)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط: http://kenanaonline.com/users/ahmedkordy/posts/157168 (استرجع في: ٢٩ كانون الثاني ٢٠١٧).

٣٣- مشاهد من الهداية النبوية، وريادتها في استخدام التقنيات التربوية، ناصر أحمد محمد سنة (٢٠١٧)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط: goo.gl/fuXbQe (استرجع في: ٢٩ أيلول ٢٠١٧).

٣٤- مفهوم الإعجاز، هيام إبراهيم الفضيلات (٢٠١٦) (أنترنيت) متوفر على الرابط: https://goo.gl/hTKrEA (استرجع في: ٣٠ كانون الثاني ٢٠١٧).

٣٥- مفهوم الوسائل التعليمية وأنواعها، محمد جابر خلف الله (٢٠٠٦)، كلية التربية، جامعة الأزهر، (أنترنيت)، متوفر على الرابط: https://goo.gl/x59Hp5 (استرجع في: ١٥ مارس ٢٠١٨).

٣٦- مقدمة حول الإعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة النبوية، صفاء علي عباس محمد (٢٠١٢)، (أنترنيت)، متوفر على الرابط:

http://www.alukah.net/publications_competitions/0/40629/
(استرجع في: ٣٠ كانون الثاني ٢٠١٧).

٣٧- من طرائق التعليم والتعلم في القرآن الكريم والسنة النبوية المطهرة، نظمي خليل أبو العطا موسى (٢٠٠٧م، (إنترنيت)، متوفر على الرابط:

=id&https://www.nazme.net/ar/index.php?p=show_articles
٢٢٢، (استرجع في: ١٤ أيلول ٢٠١٧).

٣٨- منهج الرسول - صلى الله عليه وسلم - في التربية من خلال السيرة النبوية، منال موسى علي دبابش (٢٠٠٨)، رسالة ماجستير، (إنترنيت)، كلية التربية، الجامعة الإسلامية– غزة، متوفر على الرابط:

http://library.iugaza.edu.ps/thesis/86145.pdf.(استرجع في: ١٩ مارس ٢٠١٨ ،

39-Alexander B. (2017) What Is Counterexample? from Interactive Mathematics Miscellany and Puzzles. [Online]. Available at:https://www.cut-the-knot.org/WhatIs/WhatIsCounterexample.shtml، (Accessed 11 November 2017).

40–David L. (2015) "Social Learning Theory (Bandura)،" in Learning Theories. [Online]. Available at: https://www.learning-theories.com/social-learning-theory-bandura.html، (Accessed 12 November 2017).

41-Harri D. (2011) Benefits Of Observational Learning. [Online]. Available at: http://benefitof.net/benefits-of-observational-learning/، (Accessed 19 November 2017).

42-Ian G. (2014) Debate: An Approach to Teaching and Learning. [Online]. Available at: https://blogs.shu.ac.uk/shutel/2014/09/02/debate-an-approach-to-teaching-and-learning/، (Accessed 11 November 2017).

43-KEMP، J.E. 1980. Planning and producing audiovisual material. 4th ed. New York: Harper and Row.

44–Martyn S. (2017) The Importance of Questioning. [Online]. Available at: https://classteaching.wordpress.com/2017/01/19/the-importance-of-questioning/، (Accessed 20 November 2017).

45–Paul M. (2017) What is feedback?. [Online]. Available at: https://www.alchemyformanagers.co.uk/topics/9xDB9u62K4G5qQcL.html، (Accessed 19 November 2017).

4–٦Suzanee (2015) 8 BENEFITS OF SPEECH & DEBATE. [Online]. Available at: https://www.greathomeschoolconventions.com/why-speech-and-debate-is-important-for-all-students/، (Accessed 12 November 2017).

47–Umar F. (2013) Demonstration Method of Teaching Meaning، Advantages & Disadvantages. [Online]. Available at: http://www.studylecturenotes.com/curriculum-instructions/demonstration-method-of-teaching-meaning-advantages-disadvantages، (Accessed 13 November 2017).

48–University of Reading (2017) Why is feedback Important?. [Online]. Available at: http://www.reading.ac.uk/internal/engageinfeedback/Whyisfeedbackimportant/، (Accessed 19 November 2017).

49–Weimer، M. (2009) The Power of Examples. [Online]. Available at: https://www.facultyfocus.com/articles/teaching-and-learning/the-power-of-examples/ (Accessed: November 11، 2017).

# ڕۆڵی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا

**پەروین ئەبوبەکر محەمەد/ زانکۆی سلێمانی**

**شیرین صالح محەمەد**

بەهاکان بابەتێکی گرنگ و هەستیارن بۆ توێژینەوە، لەبەرئەوەی بنەمای دروستکردنی کەسێتی تاکن و بەها باوەکان لای تاکەکان داڕێژەری ویژدانی کۆمەڵ و نەتەوەن، ئەگەر بەهاکان باشبن کۆمەڵگە باشە، بەپێچەوانەشەوە. بەها سەنتەری گرنگی پێدانی قوتابخانە و دامەزراوە و دەوڵەتەکانە. لەئێستادا جیهان ئاگادارە بەوەی سیستمی هزری لەسەر بنەمای بەها و بیروباوەڕەکان دادەڕێژرێت، کە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی مامەڵەکردنە لەگەڵ بابەتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە دەبێتە هۆی ڕێککەوتن، هەروەك دەبێتە هۆی یەکگرتنی شارستانیەتەکان. لەهەمانکاتدا لە بارودۆخێکی شلەژاو و بێ نۆرمی وەك ئێستا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، بەهاکان هۆکاری بەخشینی مانان بە ژیان و ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتی و

ئاسوودەیین بۆ تاك، هۆکاری کاریگەریش بۆ پاراستن و گەشەپێدانی بەهاکان لای تاك و کۆمەڵ، قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر).

بەها ئەو بابەتەیە کە هەریەکە لە زانستەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فەلسەفە، پەروەردە، ئابووری... هتد) گرنگی پێدەدەن، ئەمەش لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەوە هەیە، گرنگیدان و پەیوەستبوونی تاکەکان بە بەهاکانەوە، هۆکارێکی گرنگە بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بەگشتی، بەم مانایە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا، شوێنێکی دیار و بەرچاویان هەیە و پەیوەندییەکی پتەویان بە کەسێتی مرۆڤەوە هەیە، واتە بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك پێوەر و عورف و بنەمای یەکلاکەرەوەن، کە دیاریکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکەس لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە: لێبوردەیی، ڕاستگۆیی، دادپەروەری، وەفاداری، ئازادی، هاوکاری، خۆشەویستی، ئەمانەتپارێزی، ئارامگرتن، ڕێزگرتنی گەورە، ...هتد، هەموو ئەمانە کۆمەڵێك بنەما و دروشم و ئامرازی کۆمەڵایەتین، نەسەقی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و ئەیپارێزن، بەوەش کۆمەڵگە سەقامگیر دەکەن. ئایین و داب و نەریت بە سەرچاوەی بەهاکان دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا، لە ئایینی ئیسلامیشدا سەرچاوەی بەها کۆمەڵایەتییە باڵاکان بریتییە لە قورئان و فەرموودە. بە سەرنجدان لە وتە و کردەوەکانی دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) گرنگی بە بواری کۆمەڵایەتی داوە و لە فەرموودەکانیدا باسی لە چەندین بەهای کۆمەلایەتی کردووە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهێنانی کەسێتی و داڕشتنی ڕەفتاری تاکەکەسدا هەیە، بەبێ جیاوازی ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە...هتد.

## چەمکی بەها و گرنگییەکەی:

بەها یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی زۆرێك لە توێژەرانی بوارە جیاوازەکانی فەلسەفە و پەروەردە و ئابووری و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ...هتد لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا گرنگی پێدەدەن، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر پێناسەی بۆ کراوە و جۆرێك لە تێکەڵاوی لەنێوانیاندا هەیە و ناتوانرێت بەکارهێنانەکەی لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی تر جیابکرێتەوە[١]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی و بایەخی بەهاکان لەلایەن توێژەرانەوە لە بوارە جیاوازەکاندا. بەم مانایە دەتوانین بڵێین بەهاکان کۆڵەکەی بنەڕەتین، کە کۆمەڵگە پشتی پێدەبەستێت و بە گرنگترین کۆڵەکەی پەروەردەش دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرنگی بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەدات[٢]. واتە بەهاکان چۆنێتی پەیوەندیکردن و مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەریدا دیاری دەکات، هەروەها بە سنوور و ئارەزوو و بیروباوەڕ و بڕوا، کە لە پێکهاتەی مەعریفەی مرۆڤدایە و ئاڕاستەی ڕەفتاری دەکات دانراوە، کە لە ئەنجامدا بەم پێوەرە حوکم لە باش یان خراپی، خوازراو یان نەخوازراوی بابەتەکان دەدات.[٣] واتە بەهاکان بریتین لە ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکەس لە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا، هەروەك چۆن هۆکاری ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان و بڕیار و بیروبۆچوونەکانیانە بەرامبەر هەموو ئەوەی پەیوەستە بە ڕەفتاری خوازراو و نەخوازراو لە ژێر ڕۆشنایی پێوەر و یاساکانی کۆمەڵگە، ئەمەش ئەو ئامانجانە تێپەڕ دەکات کە پەیوەستە بە ڕەفتارەوە بۆ دیاریکردنی ئامانجێکی نموونەیی بۆ ژیان[٤]. لێرەوە زاناکان پێیانوایە

---

[١] دراسة تحليلية للقيم المتضمنة في كتب التربية الإسلامية والإجتماعية وحقوق الإنسان للصف الرابع الأساسي بفلسطين، سمية السلمان عثمان العجرمي (١٤).

[٢] القيم وطرق تدريسها في الدراسات الإجتماعية، عبد الرحمن بن محمد الشعوان (١٥٢).

[٣] اكتشف نفسك – آليات اكتساب السلوك الإيجابي، حسن منصور الخليفة (١٥).

[٤] إرتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة (١٤).

بەهاكان دەچنە كۆی ژیانی تاكەوە و دابەش دەبن بە سەر چەندین بواردا، وەك: بەها ڕەوشتی و جوانی و كۆمەڵایەتی و دەروونی و ژینگەی... هتد، كە هەریەكێكیان جیاوازە لەوی تریان و تاك وەریاندەگرێت لە ڕێگەی ژیان لە كۆمەڵگە لە چوارچێوەی پێوەر و بنەما ڕێكخەرە ڕەوشتی و كۆمەڵایەتییەكان[1].

زانایانی كۆمەڵناسی ئاماژە بەوە دەدەن بەها ئەو حەقیقەتانەیە كە گوزارشت لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دەكەن، كە ڕەگەزی پێكهێنەرن و لە كارلێكی كۆمەڵایەتییەوە وەرگیراون، پێكهێنەرە گەوهەرییەكانی تیۆری كۆمەڵایەتی پێكدەهێنن و لێكۆڵینەوەشیان یەكێكە لە ئامانجە سەرەكییەكانی توێژینەوەی كۆمەڵایەتی، ئەو بەهایانەش كە مرۆڤ هەڵی گرتوون بەو هزر و بیروباوەڕانە كاریگەر دەبن كە لە ژینگەی كۆمەڵایەتی و پرۆسەكانی بە كۆمەڵایەتیبوون و شارەزایی و ئەزموونەكانی پێشوویەوە وەری گرتوون، ئەم بەهایانەش كاریگەرییەكی ئاشكرا دەكەنە سەر ڕەفتار و ئاكار و پەیوەندییە مرۆییەكانی[2].

ئاینی ئیسلامیش گرنگییەكی زۆری بە بەهاكان داوە و وێنەیەكی ڕوونی بۆ كێشاوە، وەك هۆكارێك بۆ بەستنەوەی ژیانی ئەم دنیا بە ژیانی ئەو دنیاوە لێیدەڕوانێت، ئەویش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و كردارەكان و بڕیاردان لەسەری، پەیامی خوداییش باشترین دادوەرە بۆ بڕیاردان لەسەر باشی و خراپی، یان ڕێپێدراو و حەرامی كارێك[3]. كەواتە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، سەرچاوەی سەرەكی بەهاكان قورئانی پیرۆزە، كە وتەی خوایە و دوورە لە هەر هەڵە و كەموكوڕییەك، لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر). بەم مانایە

---

[1] دراسة تحليلية للقيم المتضمنة في كتب التربية الإسلامية والإجتماعية وحقوق الإنسان، للصف الرابع الأساسي بفلسطين، سمية السلمان عثمان العجرمي (١٤).

[2] ئینسایكلۆپیدیای كۆمەڵناسی، ئیحسان محەممەد ئەلحەسەن (٨٦).

[3] إرتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة (٣٣).

بـەهاكان لـە ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلامدا، شـێوەی تـەواو (كمـال)ی هەیـە، چـونكە سەرچاوەكەی خوای گەورە و باڵادەستە كە شـارەزایە بـە هـەموو وردەكارییـەكانی مرۆڤــ و زەوی و سیســتمەكەی، كــە مــرۆڤ جووڵــەی تێــدا دەكــات[1]. لێــرەوە دەردەكەوێت ڕەفتارە باشـەكان هاوسـەنگن لەگـەڵ شـەرعدا و پاداشـتی لەسـەرە و ڕەفتارە خراپەكانیش ناگونجێن لەگەڵ شەرعدا و سزای بۆ دیاریكراوە لـە دواڕۆژدا، چـونكە كـردار و ڕەفتارەكانمـان لـە دنیـادا ئـەنجامی دواڕۆژمـان دیـاری دەكـەن، بەهاكانیش هۆكارێكن مرۆڤەكان دەتوانن لە ڕێگەیـەوە كـارە بـاش و خراپـەكان لـە یەكتر جیا بكەنەوە[2].

بەها لە ئایینی ئیسلامدا هۆكارە بۆ دروسـتكردنی كەسـێتی تـاك و كۆمەڵگـە لـە ڕێگەی كـارلێكی كۆمەڵایـەتی لەگـەڵ بـارودۆخ و ئەزموونـە جیاوازەكـانی ژیـان، تـا یارمەتی بدات بۆ دانانی ئامـانج و ڕێنمـاییكردنی بـۆ ژیانێـك كـە لەگـەڵ تواناكانیـدا بگونجێت، یاخود بریتییە لە كۆمەڵێك بنەمای ڕەوشتی، كە ژیانی تاك و كۆمەڵگـەی لەسەر بنیات دەنرێت، بە پەیڕەوكردنیان مـرۆڤ یـان كۆمەڵگـە، دەتـوانن بگـەن بـە پلەی تەواوەتی (الكمال)[3]. كەواتە دەگەینە ئەو ڕاستیەی ئیسلام وەك كۆتا ئایینی ئاسمانی و باڵاترینیان، گرنگییەكی زۆر بە بەهاكان دەدات، چونكە پـەیڕەوكردنیان هۆكاری سەقامگیری و ئاسایشی كۆمەڵگەیە، لە چەندین ئایەتدا ئاماژە بە بـەهاكان كـراوە، كـە هۆكـارن بـۆ بەختـەوەری ژیـانی مرۆڤـەكان، بـۆ نموونـە خـوای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٤)، واتە: (ئەوانەی ڕق و كینەی خۆیان دەخۆنەوە و خۆگرن، لە خەڵكی خۆشدەبن و لێبوردەن، خوای میهرەبانیش چاكەكار و چاكەخوازانی خۆشدەوێت).

---

[1] القيم الشخصية في ظل التغير الإجتماعي وعلاقتها بالتوافق المهني، سفيان بو عطيط (٦٥).

[2] إرتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة (٣٣).

[3] القيم الإسلامية في التعليم وأثرها علي المجتمع، محمد إمين الحق (٣٣٧).

لەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات، کە خوای گەورە کەسانێکی خۆشدەوێت کە چاکەکار و چاکەخوازن، ئەمەش پاڵنەر و هاندانە بۆ تاکان بە گشتی و موسڵمانان بەتایبەتی کە پابەندبن بە کاری چاکە و لێبوردەیی و... هتد. لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات کە چاکە تەنیا بریتی نییە لە ئەنجامدانی نوێژ و ڕووکردنە قیبلە، بەڵکو پابەندبوونی تاك بە بەڵێن و پەیمانەکانی و ئارامگرتن لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەدا، بە چاکە دادەنرێت، کە دەفەرموێت: ﴿لَيسَ البِرَّ أن تُوَمُّوا وُجُهَكُم قِبَلَ المَشرِقِ وَالمَغْرِبِ.... وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ﴾ (البقرة: ١٧٧)، هەروەها لە سورەتی (المائدة: ٢) دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾، واتە: (هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر خراپەکاری و دەستدرێژیی)...هتد، کە گشت ئەم ئایەتانە گرنگیدانی قورئان و ئاینی ئیسلام بە ژیانی مرۆڤایەتی نیشان دەدن. لەبەرئەوە زانایانی ئیسلام دەروازەیەکیان جیانەکردووەتەوە بۆ گرنگیدان بە بەهاکان، چونکە لەڕاستیدا بەهاکان خودی ئایینن، کە پێویستە مرۆڤ لە هەموو مامەڵە و هەڵسوکەوتێك لە ژیانی ڕۆژانەیدا پەیڕەویان بکات.

## گرنگیی بەهاکان لە ژیانی تاك و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکاندا:

بەهاکان گرنگیەکی زۆریان هەیە لە ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکاندا، لەبەرئەوەی سنوور و فەلسەفەی ژیان لە کۆمەڵگەدا دیاریی دەکات و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا. کەواتە بەهاکان سەرچاوەن بۆ داڕشتنی ڕەفتاری تاکەکان و پێوەرێکە لەلایەن تاکەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر باشی و خراپی ڕەفتارێك[1]. بەهاکان ئاڕاستەی (٥) شت دەکەن لە ژیانی تاکدا: کۆنترۆڵ کردنی خود، چێژبینین لەکار، پشت بەخۆبەستن، قبوڵکردنی بیروڕا و بۆچوونی کەسانی تر، چێژبینین لە ژیان[2]. کەواتە بەهاکان شوێنێکی گەورە لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵەکاندا داگیر دەکەن، دەتوانین گرنگییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

١. بەهاکان کۆمەڵێك بژاردەیان بۆ تاك دیاریی کردووە، کە توانای هەڵبژاردن و وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بونیاتنانی کەسێتیدا، کەواتە بەهاکان بە جولێنەری سەرەکی ڕەفتار و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان دادەنرێن، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین لە پشتی هەموو ڕەفتارەکانی تاکەوەیە و شێوە و مانای پێدەبەخشێت.

٢. وزە و هێزی باش دەدات بە تاکەکان و لە خراپە دووریاندەخاتەوە و ئاڕاستە و ڕێنمایی تاکەکان دەکات بۆ بینینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان. لەگەڵ ئەوەی هەستی ئارامی و ئەمان بۆ تاکەکان بەدی دێنێت، هۆکارێکە بۆ بەراوردکردن لەنێوان ڕەفتارە پەیڕەوکراوەکاندا و بە جیاکەرەوەی هەڵوێستە جیاوازەکان دادەنرێت، کە

---

[1] دراسة تحليلية للقيم المتضمنة في كتب التربية الإسلامية والإجتماعية، سمية السلمان عثمان العجرمي (٤٤).

[2] إرتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة (٤٦).

هەندێك لە هەڵوێستەكان قبوڵ دەكات و پشتگیرییان لێدەكات و هەندێكی تریان ڕەتدەكاتەوە.

٣. پاڵنەری تاك دەبێت بۆ چاككردنی بۆچوون و بیروباوەڕەكانی و یارمەتی دەدات لەسەر تێگەیشتن لە كەسانی دەوروبەری و فراوانكردنی بازنەی دەوروبەری لە تێگەیشتنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ كەسانی تر، ئەمەش بە هۆكارێكی سەرەكی یەكێتی و سەقامگیری و پەیوەستبوونی ڕۆشنبیری گشتی دادەنرێت و هۆكاری گونجان و پەیوەستبوونی كۆمەڵ و ڕێكخراوەكانە بە یەكەوە، ئەم گونجان و یەكێتیەش پشت دەبەستێت بە ئاستی پەیوەستبوونی تاكەكان بە بەهاكان و پلەی یەكبوونی بەهاكانیان و پەیڕەوكردن و تەواوكاری لەنێوان بەهاكاندا.

٤. كار لەسەر چاككردنی تاك دەگات لە ڕووی كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و دەروونی و ڕۆشنبیرییەوە.

٥. دامەزراوە و ڕێكخراوەكان لە ژێر ڕۆشنایی بەهاكاندا ئامانج و سیاستە گشتییەكانیان دادەڕێژن، بەجۆرێك كە دژ بەیەك یان جیاوازی نەبێت لەنێوانیاندا، ئەمەش یارمەتیان دەدات بۆ جێبەجێبوونی ڕوونی ئامانجەكان و ڕێگایە بۆ جوڵەی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان.

٦. یەكبوونی بەهاكان لە ناو ڕێكخراوە و دامەزراوەكاندا و پەیوەستبوونی تاكەكان بە یەك بنەمای بەهاییەوە دەبێتە هۆی لاوازكردنی هۆكارەكانی ململانێی نادروست و ڕووخێنەر، یان هۆكارەكانی نەبوونی تێگەیشتن لەنێوان تاكەكاندا، هەروەك دەبێتە هۆی پشتوانییەك بۆ یەكبوون و پەیوەستبوونی كۆمەڵە و ڕێكخراوەكان و زیادبوونی چالاكییەكانیان.

٧. پارێزگاریی لە یەكگرتوویی كۆمەڵگە دەكات و لە لادان و كێشە كۆمەڵایەتییەكان دەیپارێزێت.

٨. هۆکاره له پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵگە، بە پاراستنی بنەمای بەهاکان لای تاکەکان و پێدانی شێوەیەك پێی کە جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵگەکانی تر.

٩. ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا، بەها زانستییەکان لە بیرکردنەوە و پلاندانان و ئاوات و...هتد ڕێگایەکن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە و گەشانەوە و دەرکەوتنی.

١٠. بەهاکان پارێزگاری دەکەن لە پەیوەستبوونی کۆمەڵگە و یارمەتیدەر دەبن لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدات، لەگەڵ ئەوەی بەشەکانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا پێکەوە دەبەستێت، چونکە بنەمایەکی ژیرانە دەدات بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی[1].

## سەرچاوەکانی بەها:

مرۆڤ بەهۆی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، هەر بەهۆی ئەم پرۆسەیەشەوەیە بەهاکان وەردەگرن، زاناکان پێیان وایە وەرگرتنی بەهاکان بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات لای تاکەکان، ئەویش سەرەتا تاك بەهایەکی دیاریکراو وەردەگرێت، دواتر پێداچوونەوەی بۆ دەکات و پلەی پێدەدات، پاشان لە کارەکەیدا لەناو بینای گشتی کۆمەڵگەدا کاری پێدەکات، پاشان دەبێتە ئامانج و تاك هەوڵدەدات بەتەواوی بەدەستی بهێنێت و بیگەیەنێت بە کەسانی تر، ئەگەر ئەمە جێبەجێ بوو ئەوا تاك سودمەند دەبێت، خۆ ئەگەر لەناوچوو ئەوا کۆمەڵگە زیان دەکات، هەروەها پێیان

---

[1] تحليل القيم المتضمنة في كتاب لغتي الخالدة للصف الأول المتوسط وتقويم تدريس المعلمين إياها، عبد الرحمن بن رومي بن (١٨).

– الكتب الألكترونية: (مهارات التعامل مع الغير– القيم والإتجاهات)، (التخصص إدارة مكتبية دار مهارات التعامل مع الغير – الوحدة الثالثة – القيم والإتجاهات) (٤٥– ٤٦)، من الموقع:

https://drive.google.com/file/d/0BxkYDn0AAh50dXB1Tm9fWFlETGc/view

– لێزانی لە چاندنی بەها باڵاکاندا، جمال ماضي (١١–١٢).

وایە لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی مرۆڤدا ئەو بەهایانەش زیاد دەکات، کە تاك هەوڵدەدات وەریانبگرێت، هەروەها بەهاکان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر و لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەپێی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیان، دەگۆڕێت[1].

لەنێوان زانایاندا جیاوازیی هەیە بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی بەهاکان، هەندێکیان پێیانوایە سەرچاوەکەی بەهاکان سروشتی مرۆییە، بەتایبەتی دەروونی مرۆڤ و ئەوەی پەیوەستە بە غەریزە و پاڵنەر و خواست و ئاواتەکانیەوە، ئەوە مرۆڤە بەها دەبەخشێت بە شت، یان کار و کردارەکان، لە پێشەنگەکانی ئەم بیروبۆچوونە براگماتییەکان و وجودییەکان و زانایانی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونین.

کۆمەڵەی دووەم پێیانوایە سەرچاوەی بەهاکان کۆمەڵگەیە، پەیڕەوکارانی بەهاکان دەکەن بە ژێری بە کۆمەڵی (العقل الجمعی)، لە ڕوانگەی ئەمانەوە کۆمەڵگە بنچینەی بەها و سەرچاوەی پابەندبوونە، بە بڕوای ئەمان بەهاکان کارێکی کۆمەڵایەتییەو لە دەرەوەی توانای تاکەکاندایە، لە دیارترین زاناکانی (دورکایم و مارکس)ن.

کۆمەڵی سێیەم سەرچاوەی بەهاکان دەگەڕێننەوە بۆ سروشتی شت و کردارەکان و دەڵێن مرۆڤ تەنها ئەو بەهایە ئاشکرا دەکات، پابەندبوونیشی پێوەی پەیوەستە بە ئاستی سەرنجراکێشانی ئەو بەهایە و ڕاددەی بەهێزییەکەی، لە زانا دیارەکانی (ئەرستۆ، لوی ماینار)، بەڵام کۆمەڵی چوارەم، سەرچاوەی بەهاکان دەگێڕنەوە بۆ هێزێك لە دەرەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە، پێیانوایە بەهاکان لە دەروەی توانا و دەسەڵاتی مرۆڤن، دەڵێن خودای گەورەیە بەها بە شت و کردارەکان دەبەخشێت، واتە بەهاکان گشتی و جێگیر و تەواون، بەجۆرێك بەسەر هەموو تاکەکاندا جێبەجێ دەبێت بەبێ جیاوازیی و ناتوانن ملکەچی خواست و ئارەزووەکانیان بکەن، ئەمەش واتە ناتوانن هیچ بکەن جگە لە تەسلیمبوون بە بەهاکە نەبێت[2].

---

[1] إرتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة (٧٢).

[2] أثر القيم الإجتماعية علي التنظيم الصناعي الجزائري، عادل غزالي (٣٨).

**بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین سەرچاوەی بەهاکان بەم جۆرە بخەینەڕوو:**

١. **ئایین:** زۆرێك لە کۆمەڵگەکان بەجۆرێك لە بەها ڕۆحییەکان دەڕوانن کە لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چرای هیدایەت و سەرچاوەی ئاسوودەیی مرۆڤایەتییە، کەواتە بەدڵنیاییەوە تەواوکەری ڕەفتاری تاکە، لە ئایینی ئیسلامیشدا قورئانی پیرۆز بریتییە لە سەرچاوەی بنەڕەتی بەهاکان، دواتر سوننەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کە پەیوەندیدارە بە ڕوونکردنەوەی شەریعەت، سەرئەنجام دەبێتە قییەم و بەهای شوێنکەوتوو.

٢. **نەریت:** یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەهاکان، بێگومان دەبێت عورف و نەریتەکان بدرێنە پاڵ دەقێك، یان کۆدەنگی، یان قیاس و پێوانکردن، یان بە جوان و چاك دانان، ئینجا دەبێتە بەها، کەواتە بنەمای دروستبوونی بەهاکان داب و نەریت و ئەزموونە ئامانجدارەکانە.

٣. **کۆمەڵگا:** هەر کۆمەڵگایەك ئاڕاستە و ئامانج و سیفات و تایبەتمەندی و پێکهاتەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیایی دەکاتەوە لە کۆمەڵگەکانی تر، لەبەرئەوە سروشتی کۆمەڵگەکە و ئامانجەکان و سیفەت و تایبەتمەندییەکانی، پێگەیەکی بنەڕەتین بۆ داڕشتنی بەهاکان و پێکهێنانیان و بە یەکێك لە سەرچاوەی بەهاکان لای تاکەکان دادەنرێت.

٤. **خێزان:** خێزان بە یەکەم وێستگەی دروستبوونی بەها لای تاکەکان دادەنرێت، تاك لە خێزاندا گەشە دەکات و لەوێوە فێری ڕاست و هەڵە و قبوڵنەکراو و کارپێکردن و پێویستی دوورکەوتنەوە لێیان دەبێت.

٥. **ڕاگەیاندن:** ئەو گۆڕانە پاشکۆیانەی کە جیهانی پێ جیادەکرێتەوە لە ئەمڕۆدا، ئەمەش بەدڵنیاییەوە ئەنجامی ئەو شۆڕشی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانیەتی کە پێشکەوتنێکی کتوپڕ و لەناکاوی دروست کردووە. واتە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، خوێنراو) هۆکارێکن لە بڵاوکردنەوەی دیاردەیەك و درێژەپێدان و

بـەردەوامبوونی، کـە بـە تێپـەڕبوونی کـات پـەیڕەوکردن و قبـوڵکردنی لەلایـەن تاکەکانەوە دەبێتە بەهایەك لە کۆمەڵگەدا.

٦. **سروشتی چەرخ و سەردەمەکە و داواکارییەکانی:** گومانی تیێدا نییـە، کـە سروشتی سەردەم بە یەکێك لـە سەرچـاوە بنەڕەتییـەکان دادەنرێت، کـە قییـەم و بەهاکانی لێوە دادەڕێژرێت.

٧. **کۆدەنگی:** ئەگەر کۆدەنگی چەسپا لە بەرامبەر ڕووداوێك بـە خـودی خـۆی، ئەوا دەچێتە ناو بازنەی قییەم و بەهاکان.

٨. بەهاکان دروست دەبێت بەهۆی کارلێکی نێوان تاکەکانەوە لە ڕێگەی پێدانی بە های جیاواز بە دیاردە ژینگەییەکان.

٩. **بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی** دەوروبەری تاك و ئـەزمونی ژیـانی تـاك بەهۆکارێکی تری سەرچاوەی بەها دادەنرێت لای تاك.

١٠. **هۆکارە سایکۆلۆجییەکان** کە پەیوەستە بە سیفاتە کەسییەکانی تاکەوە، لەگـەڵ سـیفاتە جەسـتییەکانی تـاك کاریگـەری هەیـە لـە دروسـتبوونی بـەها لای تاکەکان[1].

---

[1] لێزانی لە چاندنی بەها باڵاکاندا، جمال ماضي، وەرگێڕانی: عبد الجبار قەرەداغی (١١– ٣٢).

– الكتب الألكترونية: (مهارات التعامل مع الغير – القيم والإتجاهات)، (التخصص إدارة مكتبية دار مهـارات التعامل مع الغير – الوحدة الثالثة – القيم والإتجاهات) (٤٧)، من الموقع:

https://drive.google.com/file/d/0BxkYDn0AAh50dXB1Tm9fWFlETGc/view

**سیفاتی بەهاکان:**

لە گرنگترین سیفەتەکانی بەها ئەوەیە ئینسانییە، خۆییە، ڕێژەییە، ڕێکخراوە بەشێوەیەکی هەرەمی، پێکدێت لە جۆرێک لە بیرورا و یاسا و هۆشیاری بە دیاردەکان. دەتوانین سیفەتەکانی بەها بەم جۆرە بخەینە ڕوو:

١. سیفەتی خودی: مەبەست لە خودییەتی بەها ئەوەیە، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی گشتی مرۆڤەوە وەك تاك، کە خواست و ئارەزوو هەست و سۆز و هۆکارە دەروونییەکانی تر دەگرێتەوە، بەم مانایە بەهاکان لە خودی خۆیدا کۆمەڵێ مانای هەڵگرتووە، وەك بیروباوەڕ و ئارەزووەکان.

٢. سیفەتی بابەتیبوون: مەبەست لە بابەتیبوونی بەهاکان ئەوەیە، کە بەها دەکەوێتە دەرەوەی تاك و خواستەکانییەوە، بەم مانایەش بەهاکان کاریگەر دەبن بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریشیان هەیە لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

٣. سیفەتی ڕێژەیی: واتە جیاوازی هەیە لە بەهاکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لە شارستانیەتییەکەوە بۆ شارستانیەتێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، تەنانەت لە خودی تاکیشدا بە گۆڕانی ئارەزوو و خواست و بیروباوەڕەکان، بەهاکان دەگۆڕێن، بەگشتی تاکەکان بڕوایان بە بەهاکان هەیە، لەبەرئەوەی متمانەیان بە سەرچاوەی بەهاکە هەیە کە لێی وەرگیراوە.

٤. سیفەتی ڕێکخستن: زاناکان هاوڕان لەسەر بوونی بەهاکان، بەڵام هەندێك لە بەهاکان گرنگتر و بڵاوتر و پلەیان بەرزترە لە هەندێکی تریان، لەبەرئەوە هەندێك لە بەهاکان زاڵدەبن، تاك هەوڵدەدات هەموو بەهاکان جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر دژیەکیەك لەنێوانیاندا ڕوویدا ئەوا هەندێکیان ملکەچ دەبن بۆ ئەوانەی تر بەپێی ئەو ڕێکخستنەی بۆ بەهاکانی کردووە، ئەوەش مانای وایە ئەو بەهایە پلەی یەکەمی هەیە لای ئەو تاکە، تاکەکان جیاواز نین لە ژمارەی بەهاکاندا، بەڵکو پەیڕەوکردنی بەهاکان بەپێی ئەولەویەتیان جیاوازن لای تاکەکان، ئەویش بە ڕێکخستنی گرنگترین پاشان گرنگ پاشان ئاسایی.

٥. سیفاتی جێگیری و بەردەوامی: جێگیری و بەردەوامی بەهاکان لە کۆمەڵگەدا بەیەك شێوە نییە، بەها باوەکان لەکۆمەڵگەدا جیاوازن لە بەرگیریکردن لە بەرامبەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، شایانی باسە هەرچەندە دەوترێت بەهاکان سیفەتی ڕێژەیی هەیە، پێچەوانە نییە لەگەڵ ئەوەی کە جێگیرە، ئەم جێگیریەش ڕەها نییە و ڕێژەییەکەشی تاکی و بەشی نییە، کۆمەڵگە بەتەنیا ڕۆڵی نییە لە جێگیرکردن و گەشەکردنی بەهاکان.

٦. سیفاتی دینامیکی: بەهاکان توانای گۆڕانی کۆمەڵایەتییان هەیە، دەتوانێت گۆڕانی خێرا دروست بکات وەك لە کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێدا ڕوویدا.

٧. سیفەتی کۆمەڵایەتی و گشتی: بەهاکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و هۆکارە بۆ جێبەجێبوونی ئەرکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا، هەروەها شێوەیەکی گشتی هەیە و کۆی چینەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

٨. سیفەتی وەرگرتن: تاکەکان بەهاکان وەردەگرن لە ڕێگای کۆمەڵ و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە.

٩. بەهاکان دنیایەکی نموونەییان هەیە، یاسایەکی گشتی دیاریی دەکەن و ئاڕاستەی ڕەفتاری تاك لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دیاری دەکەن، جیاوازی دەردەخەن لەنێوان ڕەفتاری قبوڵکراو و قبوڵنەکراودا.

١٠. بەهاکان پەیوەستن بە بیروڕا و بنەما و ئاڕاستە قبوڵکراوەکان لە کۆمەڵگەدا، هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگا و هۆکارانەی دەتوانن بمانگەیەنن بە ئامانجەکانمان.

١١. بەهاکان زیاتر گرنگی بە ئامانجە دوور مەودا و گشتییەکان دەدەن، وەك ئامانجە تاکەکەسی و لقییەکان[1].

---

[1] البناء القيمي وعلاقتة بالتنشئة الإجتماعية والدافعية للإنجاز، إبراهيم السيد أحمد (١٩).
- القيم الإجتماعية، مقاربة نفسية، مومن بكوش الجموعي (٨٣).

**دابەشكردنی بەهاكان:**

بۆ دابەشكردنی بەهاكان زاناكان پشتیان بە چەند پێوەرێك بەستووە، بۆ نموونە زانا (كلوكهون، زوبرت ردفيل) بەم جۆرە بەهاكان دابەش دەكەن:

١. بەها گشتییەكان : یان بەها تایبەتەكان بە كۆمەڵگەی میللی كۆن، كە ناودەبرێت بە بەها باوەكان.

٢. بەها تایبەتەكان بە چینە كۆمەڵایەتییە دیاریكراوەكانەوە، یاخود بەها تایبەتەكان بە كۆمەڵگەی شارستانی كە ناودەبرێت بە بەها سەردەمییەكان.

یاخود بەم جۆرە بەهاكان دابەش دەكەن:

١. بەها یەكەمییەكان (سەرەكییەكان): لە ڕێگەی باشترین ڕەفتارەوە دەردەكەوێت.

٢. بەها دووەمییەكان (لاوەكییەكان): كە تایبەتە بە لایەنی ڕەوشتی و كۆمەڵایەتییەوە و دەتوانرێت لە ڕێگەی هێما گشتییەكانەوە لە ڕەفتارە باشەكانی كەسێكدا تێبینی بكرێت.[1]

بەڵام بەشێوەیەكی گشتی زانایان هاوڕان لەسەر دابەشكردنی بەهاكان بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

**١/ دابەشكردنی بەهاكان بەپێی ناوەڕۆكەكەی:**

أ. بەها تیۆرییەكان (زانیارییەكان): گرنگی دەدات بە زانیارییەكان و دۆزینەوەی ڕاستییەكان و هەوڵدان بۆ زانینی یاساكان.

ب. بەها ئابوورییەكان: گرنگی دەدات بە لایەنی ئابووری و ئەو شتانەی پەیوەستە بە بواری ئابوورییەوە.

ج. بەها جوانییەكان: گرنگی دەدات بە جوانی و ڕێكپۆشی.

---

١ إرتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة (٣٤).

د. بەها کۆمەڵایەتییەکان: گرنگی دەدات بە لایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

ه. بەها سیاسییەکان: گرنگی دەدات بە لایەنی سیاسی و دەسەڵات و حوکم و بڕیارەکان.

و. بەها ئایینییەکان: پەیوەستە بە لایەنی ئایینی و باوەڕ و لایەنی ڕۆحی و گرنگیدان بە ڕاستییەکان.

**٢/ دابەشکردنی بەهاکان لەسەر بنەمای مەبەست یان ئامانج:**

أ. بەها هۆکارییەکان: هۆکارەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوورمەوداکان.

ب. بەها ئامانجییەکان: بریتییە لەو بەهایەی لە خودی خۆیدا ئامانجە، یان دەگۆڕێت بۆ ئامانج، بۆ نموونە خوێندن لە زانکۆ هۆکارە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێك کە خۆشی و ئاسوودەییە لە ژیاندا.

**٣/ دابەشکردنی بەهاکان لەسەر بنەمای پلەبەندی (تووندی):**

أ. ئەو بەهایانەی پێویستە پابەندبن پێوەی: ئەو بەهایانەیە کە کۆی کۆمەڵگە پەیوەستە پێوەی و پێویستە پەیڕەوی بکرێت، جۆرێك لە پیرۆزی هەیە.

ب. (القيم التفضيلية): بریتییە لەو بەهایانەی کەمتر پیرۆزیان هەیە و پەیڕەونەکردنیان سزای لەسەر نییە، بەڵام کۆمەڵگە هانی تاکەکان دەدات پەیڕەویان بکەن.

ج. بەها نموونەییەکان: ئەو بەهایانەن کە تاك هەوڵدەدات لە ڕەفتاریاندا بیچەسپێنێت و وەك پلەیەکی نموونەیی لێیدەڕوانێت.

**٤/ دابەشکردنی بەهاکان لەسەر بنەمای گشتیەتی:**

أ. بەها گشتییەکان: بریتییە لەو بەهایانەی بڵاوە لە کۆمەڵگەدا بەگشتی، باشوور و باکوور، شار و لادێ، پەیوەندیدارە بە گشت تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

ب. بەها تایبەتییەکان: بریتییە لەو بەهایانەی پەیوەستە بە ناوچەیەك، یان کۆمەڵێك، یان بە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە.

**٥/ دابەشکردنی بەهاکان لەسەر بنەمای ڕوونی:**

أ. بەها دیارەکان (ئاشکرا و ڕوون): بریتییە لەو بەهایانەی بەئاشکرا و ڕوونی لە ڕەفتار و قسەی تاکەکاندا دەردەکەوێت.

ب. بەها نادیارەکان: بریتییە لەو بەهایانەی دەبینرێت لە ڕێگەی تێبینیکردنی ئارەزوو خواست و ئاڕاستەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی.

**٦/ دابەشکردنی بەهاکان لەسەر بنەمای بەردەوامی:**

أ. بەها کاتییەکان: بریتییە لە بەهایەکی کاتی، بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پەیوەستە بە گرنگیدانی خەڵك بەو بەهایە.

ب. بەها هەمیشەییەکان: بریتییە لەو بەهایانەی کە بەدرێژایی ژیان بەردەوام دەبن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، وەك داب و نەریتەکان.[1]

## ڕێگا پەروەردەییەکانی پێغەمبەر لە فێرکردنی بەهاکاندا:

١. پێشەنگبوون: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) داوای کردووە لە موسوڵمانان پەیڕەوی بکەن "خڑوا عنی مناسککم" واتە: (مەناسیك و پەرستشەکانتان لەمنەوە وەربگرن).

٢. پەند و ئامۆژگاری: قورئانی پیرۆز پڕە لە ئامۆژگاری ئاڕاستەکان، هەروەها سوننەتی پێغەمبەریش بەهەمان شێوە ئامۆژگاری تێدایە.

٣. گفتوگۆ: ئەویش بە پرسیارکردن لە هاوڕێیان بۆ ئەوەی بەئاگایان بێنێتەوە و زیرەکییان بجوڵێنێت، لەگەڵ نموونەهێنانەوە بۆ ئەو شتانەی باس دەکرێت، ئەمیش بە تێبینیکردنی بارودۆخ و پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی کەسی بەرامبەر.

---

[1] البناء القيمي وعلاقتة بالتنشئة الإجتماعية والدافعية للإنجاز، إبراهيم السيد أحمد (١٩).

– القيم الشخصية في ظل التغير الإجتماعي وعلاقتها بالتوافق المهني، سفيان بو عطيط (٨١).

٤. سـوێندخواردن: بـۆ بەئاگاهێنانـەوەی گـوێگر لەسـەر گرنگـی سـوێند لەسەرخوراوەکە.

٥. قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ: ئەویش بۆ جوڵاندنی زەین و لابردنی مەلـەل و بێزاری و تەشویقدان بـە نـەفس و دەروون، هەنـدێ کـات و لـە بـارودۆخی تایبەتـدا بەکارهێنانی سزاش گونجاو دەبێت بەو مەرجەی یەکەم هەنگاو و نـزیکترین هـەنگاو نەبێت کە بە دڵی پەروەرشیارەکەدا بێت.

٦. مام ناوەندی لە ئامۆژگاری گەیاندندا نەبادا بێزاربوون ڕوو بدات، ئـەمیش بـە قۆسـتنەوەی بۆنـە و مناسـەبەکان، پێویسـتە ئاگـاداری ئـەوە بـین کـە کاریگـەری ڕوونـادات مەگـەر بـە ئـیخلاص و دڵسـۆزی نییـەت و دڵنـەرمی و ملکەچـی نـەفس و دەروون و پاککردنەوەی نیەت.

٧. چیرۆك و چـیرۆکی مێـژوویی واقیعـی مەبەسـتدار بـەکاربهێنرێت بـە شـوێن و کەسایەتی و ڕووداوەکانییەوە.

٨. عادەت و نەریت: نەریت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی مرۆڤـدا، بەشـێکی زۆر پێك دێنێت لە جوهد و هەوڵی مرۆیی بۆ گۆڕینی بۆ نەریتی سووك و ئاسان.

٩. بەتاڵکردنـەوەی وزە و تواناکـان: لـە نموونـەی ئـەوەی ئیسـلام پـەنای بـۆ دەبات، بەتاڵکردنەوەی ڕق لە ڕقبوون لە شەیتان و شەڕو خراپەی شوێنکەوتووانی.

١٠. ڕووداوەکان: بەکارهێنانی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن بـۆ ئاڕاسـتەکردن و پەروەردەو چاندنی چاکی و پەسەندییەکان و هەڵهاتن لە ناپەسەندییەکان[1].

[1] لێزانی لەچاندنی بەها باڵاکاندا، ماضي، جمال (٥٨– ٦٦).

**شیکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی فەرموودەکانی پێغەمبەر :**

١ . **هاوکاری:** پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ" قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ: "فَيَعْمَلُ بِيَدَيْهِ فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ"، قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ أَوْ لَمْ يَفْعَلْ؟ قَالَ: "فَيُعِينُ ذَا الحَاجَةِ المَلْهُوفَ". قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ؟ قَالَ: "فَيَأْمُرُ بِالخَيْرِ، أَوْ قَالَ: بِالْمَعْرُوفِ". قَالَ: فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ؟ قَالَ: "فَيُمْسِكُ عَنِ الشَّرِّ فَإِنَّهُ لَهُ صَدَقَةٌ"[١]. واتە: (لەسەر هەموو موسڵمانێك خێركردن پێویستە، وتیان: ئەی ئەگەر نەیبوو؟ فەرمووی: بەدەستی خۆی كار بكات، سوود بە خۆی بگەیەنێت و خێریشی لێبكات، وتیان: ئەی ئەگەر نەیتوانی، یان نەیكرد؟ فەرمووی: یارمەتی كەسیكی لێقەوماو بدات، وتیان ئەی ئەگەر نەیكرد؟ فەرموی: با فەرمان بە چاكە بكات، وتیان ئەی ئەگەر نەیكرد؟ فەرمووی: با واز لە خراپە بهێنێت، ئەمەش هەر بە خێر بۆی دەنووسرێت).

هاوكاری یەكێكە لە دیاردەكانی كارلێكی كۆمەڵایەتی و شێوازێكە لە شێوازەكانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، كاری هاوكاری بریتییە لە هاوبەشیكردن لەنێوان دوو كەس یان زیاتردا، لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێكی هاوبەش. هاوكاری ڕاستەوخۆ بریتییە لە هاوكاریكردنی یەكتری لە ئەنجامدانی لە چالاكییە پەیوەندیدار و لەیەكچووەكان بەشێوەیەكی كۆمەڵی، هاوكاری ناڕاستەوخۆ بریتییە لە بەدەستهێنانی چالاكی لەیەك نەچوو، كە یەكتری تەواو دەكەن و پێكەوە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجێك. هاوكاری ناڕاستەوخۆ بریتییە لە دابەشكردنی كارەكان و ئەنجامدانی بەپێی پسپۆڕییەكان[٢]، یاخود هاوكاری دیاردەیەكە خەڵكی كۆدەكاتەوە و یەكیان دەخات و یەكێكە لە گرنگترین ئەو بەها ڕەفتارییانەی

---

[١] أخرجه البخاري، كتاب الأدب، باب كل معروف صدقة (٨/ ١١)، رقم: (٦٠٢٢)، ومسلم، كتاب الكسوف، باب بيان أن اسم الصدقة يقع على كل نوع من المعروف (٢/ ٦٩٩)، رقم: (١٠٠٨).

[٢] معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، أحمد بدوي (٨٦).

بەرپرسـن لـە بونیادنـانی مرۆڤ و ڕاسـتکردنەوەی و بونیادنـانی کۆمەڵگـە و گەشەپێدانی لە هەردوو بواری ماددی و ناماددیدا، بـە مانـا زانسـتییەکەی هاوکـاری کارلێکی پۆزەتیڤی نێوان دوو کەس، یاخود دوو گرووپە، بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستی و هێنانەدی خواستەکان و گەیشتن بەو ئامانجە بەرزانەی لایەنێك، یاخود لایەنەکانی پەیوەندییە هاوکارییەکە پلانیان بۆ داڕشتووە[1].

بە سەرنجدان لە گوفتار و ئاکارە بەرز و پیرۆزەکانی سەروەرمان (دروودی خوای لەسەر) گرنگی و بەهای ئەم چەمکانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەرخەری ئیعجازی سوننەیە لەم بوارەدا. باشترین بەڵگەش بۆ بەردەوامیدان بە گیانی هاوکاری ئەم فەرمووده شیرینەی ئازیزمانە: عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله عنه ـ قال: بينما نحن في سفر مع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ إذ جاء رجل على راحلة له، فجعل يصرف بصره يميناً وشمالاً، فقال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "من كان معه فضلُ ظهر فليعد به على من لا ظهر له، ومن كان له فضل من زاد فليعد به على من لا زاد له"، فذكر من أصناف المال ما ذكر حتى رأينا أنه لا حق لأحدٍ منا في فضل[2]، واتە: ئەبو سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جارێك لە گەشتێکدا بووین لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر) پیاوێك بە سوارییی هات و چاوی بە لای ڕاست و چەپدا دەگێڕا، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: هەرکەس پێویستی زیادەی پێیە بیدا بەوانەی پێیان نیە، هەرکەسیش خواردنی زیادەی پێیە بیدا بەو کەسانەی پێیان نیە، بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) زۆر شتی تری باسکرد، کە ئەگەر پێویستمان نیە هاوکاری خەڵکی تری پێبکەین، هەتا وا گومانمان برد کەسمان مافی گلدانەوەی شتی زیادەمان نیە).

---

[1] ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ئیحسان محەممەد ئەلحەسەن، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن (٥٨٩).

[2] أخرجه مسلم، كتاب الحدود، باب استحباب المؤاساة بفضول المال (٣/ ١٣٥٤)، رقم: (١٧٢٨).

**٢. کار و بەرهەم:** ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی تایبەتی بەم بابەتە داوە بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان دەسپێکی کاری مرۆڤەکان و چنینەوەی بەرهەمێکی باشتر و بەرەکەتدارتر، هەربۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "إِنّ الله يُحِبُ إذا عَمِل أحَدُكُم عَمَلا أنْ يُتْقِنَه"[1]، واتە: (خوای گەورە پێی خۆشە کاتێك یەکێك لە ئێوە کارێکی کرد بە تەواوی بیکات). هەروەها لە فەرمودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) باس لە گرنگی ئیش و بەرهەمی دەستی تاك خۆی دەکات و دەفەرموێت: "ما أكل أحد طعاماً قط خيرًا من أن يأكل من عمل يده، وإن نبي الله داود كان يأكل من عمل يده" [2]، واتە: (هیچ کەسێك خواردنێکی باشتر لە بەرهەمی دەستی خۆی نەخواردووە، پێغەمبەری خوا داود لە بەرهەمی دەستی خۆی خواردووە). لە زانستی کۆمەڵناسیشدا کار و چالاکی تاکەکان گرنگی پێدراوە و بە لوتکەی چالاکی مرۆڤ دادەنرێت، کە بە هاوکاری لەگەڵ ژینگەی سروشتی و ئابووریدا بەشێوەیەکی رێکخراو بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکان ئەنجامی دەدات لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، هەروەها مەبەست لەبەرهەم، بوونی پەیوەندییە لەنێوان هەردوو رەگەزی کار و توانای بەرهەمهێنانی تاك[3]. هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "ما من مسلم يغرس غرسا أو يزرع زرعا، فيأكل منه طير أو إنسان أو بهيمة إلا كان له به صدقة"[4]، واتە: (هەر

---

[1] رواه أبو يعلى في مسنده (٧/ ٣٤٩)، والطبراني في (المعجم الأوسط) (١/ ٢٧٥)، وابن عَدي في (الكامل) (٦/ ٣٦١).

[2] رواه البخاري، كتاب البيوع، باب كسب الرجل عمله بيده، برقم (٢٠٧٣).

[3] معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، أحمد بدوي (٣٢٨).

[4] أخرجه البخاري، كتاب المزارعة، باب فضل الزرع والغرس إذا أكل منه (٣/ ١٠٣) رقم: (٢٣٢٠)، ومسلم، كتاب المساقاة، باب فضل الغرس والزرع (٣/ ١١٨٨) رقم: (١٥٥).

موسڵمانێك دارێك بچێنێت، یان ڕووەكێك بڕوێنێت، باڵندە، یان مرۆڤ، یان ئاژەڵ لێی بخوات، دەبێت بە چاكە بۆی).

**٣. هاوڕێیەتی:** فەرموودەكانی سەروەرمان لە چواردە سەدە لەمەوپێشەوە گرنگی ئەم لایەنە كۆمەڵایەتییەی ژیانی مرۆڤەكانی خستووەتە ڕوو، هەروەك دەفەرموێت: "لا تُصَاحِب إلاَّ مُؤمنًا، وَلا يَأْكُل طَعامَك إلا تَقِيّ"[1]، واتە: (با هاوڕێیەتیت تەنیا لەگەڵ كەسانی ئیمانداردا بێت و خواردنیشت تەنها كەسانی تەقوادار بیخوات). هەروەها دەفەرموێت: "مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السُّوءِ كَمَثَلِ صَاحِبِ الْمِسْكِ، وَكِيرِ الْحَدَّادِ، لا يَعْدَمُكَ مِنْ صَاحِبِ الْمِسْكِ إِمَّا تَشْتَرِيهِ، أَوْ تَجِد رِيحَهُ، وَكِيرُ الْحَدَّادِ يُحْرِقُ بَدَنَكَ أَوْ ثَوْبَكَ أَوْ تَجِد مِنْهُ رِيحًا خَبِيثَةً"[2]، واتە: (نموونەی هاوڕێی باش و خراپ وەك نموونەی بۆنفرۆش و ئاسنگەر وایە، لای بۆنفرۆش یان بە كڕینی بۆنەكە سودمەند دەبیت، یان بە هەلمژینی بۆنە خۆشەكە لای خۆی، بەڵام پرژەی ئاسنگەرەكە خۆت یا جلوبەرگت دەسوتێنێت، یاخود بۆنە ناخۆشەكەی دێت بەسەردا). هاوڕێیەتی ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندیەك لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و نزیكایەتی، كە ڕەنگە كۆمەڵایەتی و هەمیشەیی بێت، ڕەفتاری هاوڕێكان دەگۆڕێت بە جیاوازی گرووپەكان و هەڵوێستەكان و جیاوازییە كەسایەتییەكان، هەروەها هۆكاری كۆمەڵایەتی و تەمەن و چینی كۆمەڵایەتی كاریگەری هەیە لەسەر هاوڕێیەتی. هاوڕێیەتی بریتییە لە پەیوەستبوون بە یەكترەوە، بەڵام بە پلەیەكی كەمتر لە خۆشەویستی. هاوڕێیەتی هۆكارێكە بۆ گەشەكردنی كەسێتی و ئاسایشی

---

[1] رواه الترمذي في كتاب الزهد من سننه، باب ما جاء في صحبة المؤمنين (٤/ ٦٠٠)، (٢٣٩٥)، ورواه ابن حبان في صحيحه (٢/ ٣١٤)، والإمام أحمد (٣/ ٣٨)، وأبو داود في سننه ٢٥٩/٤، والدارمي (٢/ ١٤٠)، والحاكم وصححه في المستدرك (٤/ ١٤٣)، والطبراني في الأوسط (٣/ ٢٧٧).

[2] صحيح البخاري، برقم (٤٦١٦، ٥٢١٤) وصحيح مسلم، كتاب البر والصلة والآداب (٢٦٢٨).

دەروونی، واتە تاك لە هەندێك كاتدا تووشی جۆرێـك لـە گۆشـەگیری دەبێـت ئەگـەر تەنیا بێت.[1].

**٤. پێكەوەژیانی كۆمەڵایەتی:** ئەگەر سەرنجی ژیاننامەی پێغەمبەری ئازیزمـان بـدەین لـە وتـە و كـردەوە شـیرینەكانیدا، ئیعجـازێكی گـەورە بـەدی دەكـەین لـەم بوارەدا، یەكێكە لەو بەهایانەی كە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) گرنگییـەكی زۆری پێداوە و هەمیشە لە ژیانی خۆیدا پەیڕەوی كردووە و هاوەڵانیشی هانداوە كە ئەم پابەندبن پێوەی، بۆ نموونە دەفەرموێت: "لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه"[2]، واتە: (هیچ كەسێكتان باوەڕتان نییە هەتا ئـەوەی بـۆ خـۆی پێـی خۆشە بۆ برا موسڵمانەكەشی پێـی خـۆش نـەبێت). لـەم فەرموودەیـەدا هانـدانێكی زۆری پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) دەبیـنین بـۆ هاوەڵـەكانی و ئاگاداریـان دەكاتەوە بەوەی كە ئیمانیان تەواو نییە ئەگەر هەمان ئەو شتەی بۆ خۆیان پێیـان خۆشە بۆ براكەشیان پێیـان خـۆش نـەبێت، كـە مەبەسـتی بـرا لـەم فەرموودەیـەدا خـەڵكی بەگشـتی دەگرێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی تـەبایی و پێكەوەژیان لەناو تاكەكان و كۆمەڵگەدا.

هەروەها دەفەرموێت: "من أحب أن يبسط له في رزقه وينسأ له في أثره فليصـل رحمـه"[3]، واتـە: (هەركـەس پێـی خۆشـە ڕۆزی فـراوان بێـت و ناوبـانگی بـە باشـە بمێنێتـەوە، بـا هاتوچـۆی كەسـوكاری بكـات و سـەردانیان بكـات). هـەروەها دەفـەرموێت: "صـل مـن قطعـك وأعـطِ مـن حرمـك واعـف عمـن ظلمـك"[4]، واتـە: (سەردانی ئەو كەسە بكە كە هاتوچۆت ناكات و ببەخشە بەو كەسـەی كـە هاوكـاری

---

[1] معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، أحمد بدوي (١٦٩).

[2] رواه البخاري في صحيحه، كتاب الإيمان (٧٤)، برقم (١٣).

[3] أخرجه البخاري، كتاب الأدب، باب من بسط له في الرزق بصلة الـرحم (٨/ ٥)، بـرقم: (٥٩٨٦)، ومسـلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب صلة الرحم وتحريم قطيعتها (٤/ ١٩٨٢)، برقم: (٢٥٥٧).

[4] رواه أحمد في مسنده برقم (١٥٩)، (١٦٩٩٩).

لـێ گرتویەتـەوە و لـەو کەسـەش خۆشـبە کـە سـتەمی لێکردوویـت). هـەروەها دەفەرموێت: "المسلم إذا كان مخالطاً الناس ويصبر على أذاهم خير من المسلم الذي لا يخالط الناس ولا يصبر على أذاهم"[1]، واتە: (ئەو مسوڵمانەی کە تێکەڵی خەڵکی دەکات و ئارام دەگرێت لەسەر ئازاردانیان زۆر باشترە لەو موسـڵمانەی کـە تێکـەڵی خەڵکی ناکات و ئارام ناگرێت لەسەر ئازاردانیان بۆی).

لە زانستی کۆمەڵناسیشدا پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لـە بـوونی ژیـانێکی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا بە بەردەوامی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی یەکتر، واتە هەرگیز یەکێك لەسەر حسابی ئەوانی تر ژیانێکی باشتر و خۆشتری نابێت[2].

**٥. ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی:** مرۆڤی موسـڵمان بـە جێبـەجێکردنی سـوننەتە بـەرزەکانی پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر) خـۆی لـە هـەر ڕەوشـت و ئاکارێـك دەپارێزێـت، کـە هۆکـاری لەدەسـتدانی ئـەم پێگەیـە بـن، هـەروەها خـۆی دەڕازێنێتـەوە بـەو بـەها جوانانـەی کـە پێگـە کۆمەڵایەتییەکـەی بـەهێز دەکـەن، باشـترین نموونـەش ئـەم فەرموودەیـەی پێغەمبـەرە (دروودی خـوای لەسـەر) کـە دەفەرموێت: "إن الصدق يهدي إلى البر، وإن البر يهدي إلى الجنة، وإن الرجل ليصدق حتى يكتب عند الله صديقاً. وإن الكذب يهدي إلى الفجور، وإن الفجور يهدي إلى النـار، وإن الرجل ليكذب حتى يكتب عند الله كذاباً"[3]، واتە: (ڕاستگۆیی مرۆڤ بەرەو چاکە دەبات، چاکەش بەرەو بەهەشتی دەبات، کەسی ڕاستگۆ هێنـدە ڕاسـتی دەڵێـت تـا بەهۆیەوە لای خوای گەورە بە ڕاستگۆ تۆمـار دەکرێـت، درۆش مـرۆڤ بـەرەو تـاوان دەبات، تاوانیش بەرەو دۆزەخی دەبات، کەسـی درۆزن هێنـدە درۆ دەکـات تـا لای

---

[1] المعجم الأوسط للطبراني (٦/ ١١٠)، وصححه الألباني في الصحيح الجامع، برقم (٦٦٥١).

[2] معجم العلوم الاجتماعية، إبراهيم مدكور (٥٥٢).

[3] أخرجه البخاري، كتاب الأدب، باب قول الله تعالى: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ (التوبة : ١١٩) وما يُنهى عن الكذب (٥/ ٢٢٦١)، رقم: (٥٧٤٣)، ومسلم، كتـاب الـبر والصـلة والآداب، بـاب قبح الكذب وحسن الصدق وفضله (٤/ ٢٠١٢)، رقم: (٢٦٠٧).

خوای گەورە بە درۆزن دەنووسرێت). پێگەی کۆمەڵایەتی ئـەو پێگەیەیـە کـە تـاك، یـان خێـزان، یـان گرووپـی خزمایـەتی لـە سیسـتمێکی کۆمەڵایـەتی دیـاریکراودا دەیگرێـت، پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی ئـەرك و مـاف و ڕەفتـار و ئـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییانەش دیاری دەکات کە تاکەکان بە یەکدییـەوە دەبەسـتێتەوە، یـاخود ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراوە لـەو کەسـەی پێگەیـەکی کۆمەڵایـەتی دەگێڕێت، پێگەی کۆمەڵایەتیش، ئەو ئاماژەیەیە کە سروشتی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات[1].

٦. **یەکێتی گرووپ:** لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا یەکێتی و پێکـەوەبوون گرنگـی تایبەتی پێدراوە، ئەم دوو دەقەی کە لـە خـوارەوە ئاماژەیـان پێـدەدەین باشـترین ڕوونکەرەوەن بۆ ئەم چەمکە:

– عن أبي ذر عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قـال: "مـن فـارق الجماعـة قيـد شبر فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه"[2]، واتە: (هەرکـەس بـە ئەنـدازەی بسـتێك لـە کۆمەڵ دوربکەوێتەوە، ئەوا پەیوەندی ئیسلام بە گەردنیەوە نەماوە).

– وعن عمر عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قال: "... عليكم بالجماعة، وإياكم والفرقة.. من أراد بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة"[3]، واتە: (لەگەڵ کۆمەڵدابن و جیـا مەبنەوە لێیان، هەرکەس بەهەشتی دەوێت با لەگەڵ کۆمەڵدا بێت).

ڕێککەوتن و یەکێتی گرووپ بریتییە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، کە بریتییە لـە ڕێککەوتنی گشتی و بـوونی ئاسـوودەیی تـەواو، هۆکـارە بـۆ بەرزبوونـەوەی ڕۆحـی مەعنـەوی و هەسـتکردنی تاکـەکان بـە پابەنـدبوون بـە گـرووپ و پێوەرەکـانی و

---

[1] ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (١٢٦– ٢٧٤).

[2] أخرجه أحمـد في مسـنده (٤/ ١٣٠)، والترمـذي بـرقم (٢٨٦٣)، وصـححه الألبـاني في المشـكاة (٣٦٩٤)، والتعليق الرغيب (١/ ١٨٩– ١٩٠)، وصحيح الجامع (١٧٢٤).

[3] سنن الترمذي، الفتن (٢١٦٥)، وصححه الألباني برقم (٢٣٦٣).

دوورکەوتنەوە لەو شتانەی گرووپ ڕەتی دەکاتەوە. کاتێك تاك پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵێکی بەهێزەوە هەست بە ئاسایش و دڵنیایی بەرزدەبێتەوە، هەروەها کار و چالاکیەکانیشی زیاد دەکات[1]. یاخود بریتییە لە بوونی پەیوەندیی و هاوسۆزییەکی ڕۆحی و یاسایی کە تاك پەیوەست دەکات بە گرووپەکەیەوە[2].

٧. **لێبوردەیی:** هەڵوێستێکە بریتییە لە ئامادەکاری بۆ وەرگرتنی بیروڕای جیاواز، کە پەیوەستە بە جیاوازی ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکان بەبێ ڕێکەوتن لەسەری. چەمکی لێبوردەیی پەیوەستە بە ئازادی سیاسی لە چاودێری کۆمەڵایەتیدا کە ڕێگە دەدات بە بوونی بیروباوەڕ و بۆچوونی جیاواز، کە هۆکارە بۆ بوونی چالاکی جیاواز و جۆراو جۆر.. هەروەها چەمکی دەمارگیری پێچەوانەی چەمکی لێبوردەییە[3]. لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئازیزماندا چەندین مژدەی دڵخۆشکەر باسکراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لێبوردەن و ڕق لەدڵ نین، بە نموونە:

– عن عبد الله بن مسعود ـ رضي الله عنه ـ، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ألا أخبركم بمن تحرم عليه النار؟" قالوا: بلى يا رسول الله ، قال: "كل قريب هين، لين سهل"[4]، واتە: (پێتان بڵێم کێ ئاگری لەسەر حەرام دەکرێت؟ وتیان بەڵێ، فەرمووی: هەموو کەسێکی نزیککەرەوە و ساناکار و نەرموونیان و ئاسانکار).

---

[1] معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، أحمد بدوي (١٨٥).

[2] معجم العلوم الاجتماعية، إبراهيم مدكور (٦٤٧).

[3] معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، أحمد بدوي (٤٢٦).

[4] أخرجه الترمذي، أبواب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله – صلى الله عليه وسلم – (٤/ ٦٥٤)، رقم: (٢٤٨٨).

– عن أبي هريرة ـ رضي الله عنه ـ قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ما زاد الله عبدا بعفو إلا عزا"(١)، واته: (خواى گەورە بەهۆى لێبوردەییەوە سەربەرزى بەندە زیاد دەكات).

هەروەها لێبوردەیى واتە تواناى قبوڵكردنى بۆچوونێكى تر، یان بۆچوونى ئەوى تر، خۆڕاگرتن لە بەرامبەر ئەو شتانەى مرۆڤ خۆشى ناوێن و حەزیان پێى ناكات، بنەماى لێبوردەیى ماناى پێكەوەژیانێكى جیاواز، چ بە ماڤى ڕادەربڕین بێت، یان ماڤى دەربڕینى باوەڕ و ڕێكخستن و بەشداریى سیاسى، واتە تێپەڕاندنى دابەشكارى بەگوێرەى خوێن و نەتەوە و ئایین و عەشرەت و...هتد(٢).

٨. **خۆشەویستى:** پەیوەندى و دەركەوتەیەكى كۆمەڵایەتییە، كە تیایدا هەستەكان چالاك دەبن، بریتییە لە یەكبوونى سۆزدارگەرایانەى بەهێز لەگەڵ كەسێكى تردا كە دەبێتە هۆكارى دروستبوونى پەیوەندییەكى كۆمەڵایەتى پەسەندكراو، تیایدا تاكەكان هەموو وزەیەكى خۆیان بەكاردەهێنن بۆ بەختەوەركردنى كەسانى چواردەوریان(٣).

خۆشەویستى بنەمایەكى گرنگى پێكەوەژیانى كۆمەڵایەتییە، هەربۆیە فەرموودە شیرینەكانى سەروەرمان هانى تاكەكان دەدەن بۆ بە كردەییكردنى ئەم چەمكە گرنگە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم باسە ئەم دوو فەرموودە بەرزەن:

– عن أبي هريرة ـ رضي الله عنه ـ، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إن الله عز وجل يقول يوم القيامة: أين المتحابون بجلالي؟ اليوم أظلهم في ظلي، يوم لا ظل إلا ظلي"(٤)، واتە: (لە ڕۆژى دواییدا خواى گەورە دەفەرموێت: كوان ئەو

---

١ صحيح مسلم، كتاب البر والصلة والآداب (٢٥٨٨)، وسنن الترمذي، كتاب البر والصلة (٢٠٢٩).

٢ بناوانى لێبوردەیى لە هزرى عەرەبى ئیسلامیدا، عەبدولحوسێن شەعبان (٩٣).

٣ لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستى، ڕێبوار سیوەیلى (٢٣).

٤ أخرجه مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب في فضل الحب في الله (٤/ ١٩٨٨)، رقم: (٢٥٦٦).

کەسانەی لەبەرخاتری من یەکتریان خۆشدەویست؟ ئەمڕۆ لە ژێر سایەی مندا دەبن، لەکاتێکدا هیچ سایەیەك نیە جگە لە سایەی من).

– عن أبي هريرة ـ رضي الله عنه ـ، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل إلا ظله..... (وفيه): ورجلان تحابا في الله، اجتمعا عليه، وتفرقا عليه..."[1]، واتە: (حەوت دەستە هەن لەژێر سایەی خوای گەورەدا دەبن لەکاتێکدا هیچ سایەیەك نیە جگە لە سایەی ئەو، یەكێك لەوانە، دوو کەسن کە لەبەر خاتری خوای گەورە یەکترییان خۆشدەوێت، لەبەر خاتری ئەو پێکەوە دەبن و جیادەبنەوە).

٩. **قوربانیدان:** بریتییە لە پێشکەشکردنی ئەوپەڕی توانای دەروونی و ماڵی و کەسی، هەر شتێك کە تاکەکان پێویستیان بێت لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلام و دەرخستنی ڕاستی و پووچەڵکردنەوەی خراپە و نیشاندانی ڕێگای ڕاست بە تاکەکان، لەپێناو ئاسوودەبوون و بە ئارامی ژیاندا[2]. هەروەها بۆ هاوکاریکردن و بەدەمەوەچوونی کەسانی دەوروبەر لە کاتی پێویستیاندا کە سەرجەمیان ئامۆژگاری و هاندانی زۆری لەبارەوە باسکراوە لە دەقە پیرۆزەکانی سوننەتدا، بە نموونە:

– عن أبي موسى الأشعري ـ رضي الله عنه ـ، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إنَّ الأشعريِّين إذا أرملوا في الغزو، أو قلَّ طعام عيالهم بالمدينة جمعوا ما كان عندهم في ثوب واحد، ثمَّ اقتسموه بينهم في إناء واحد بالسَّويَّة، فهم منِّي، وأنا

---

[1] أخرجه البخاري في كتاب الأذان، باب من جلس في المسجد ينتظر الصلاة وفضل المساجد، حديث (٦٦٠)، وأخرجه مسلم في كتاب الزكاة، باب فضل إخفاء الصدقة، حديث (١٠٣١)، وأخرجه الترمذي في كتاب الزهد، باب ما جاء في الحب في الله، حديث (٢٣٩١).

[2] التضحية ونماذج منها، إسماعيل علي محمد، مقالة من انترنيت في صفحة: http://www.alukah.net/sharia/0/110700/#ixzz54pMJDPMk :

منهم"[1]، واتە: (ئەشعەرییەكان ئەگەر ئافرەتێكیان لە شەڕدا هاوسەرەكەی شەهید بكرایە، یان خواردنیان كەم ببوایەتەوە، هەرچیان هەبوایە كۆیاندەكردەوە لەسەر كراسێك و دواییش بە یەكسانی دابەشیان دەكردەوە لەنێو خۆیاندا، پێغەمبەری خودا دەفەرموێت ئەوان لە منن و منیش لەوانم).

– عن أبي هريرة ـ رضي الله عنه ـ قال: جاء رجل إلى النَّبيِّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ، فقال: يا رسول الله، أي الصَّدقة أعظم أجرًا؟ قال: "أن تصدَّق وأنت صحيح شحيح، تخشى الفقر وتأمل الغنى، ولا تمهل حتى إذا بلغت الحلقوم، قلتَ: لفلان كذا، ولفلان كذا، وقد كان لفلان"[2]، واتە: (پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، وتی: چ چاكەیەك لەوانی تر پاداشتی زیاترە؟ فەرمووی: ئەو چاكەیەی لە كاتێكدا دەیكەیت كە ساغ و ماڵ خۆشەویست بیت، لە هەژاربوون بترسیت و حەزت بە دەوڵەمەندبوون بێت، خێركردنیش دوامەخە بۆ نزیكی سەرەمەرگت ئینجا دەستبكەیت بە ماڵ دابەشكردن).

**١٠. خاكەرایی (التواضع):** ئاماژەیە بۆ دەروونپاكی و تەندروستی دڵ لە نەخۆشی خۆبەگەورە زانین، بە یەكێك لە بنەما گرنگەكانی دروستبوونی كەسێتی دادەنرێت، هەروەها خاكەرایی بانگەوازێكی ئاشكرایە بۆ بوونی خۆشەویستی و ڕێز و پەیوەندی لەنێوان تاكەكاندا، هۆكارێكیشە بۆ دابڕینی دڵ و دەروون لە خراپەكارییەكانی حەسوودی و ڕق لە یەكتری بوون. خاكەرایی واتە نەرمی نواندن و ملكەچی بۆ حەق و ڕاستی[3]. ئەگەر بە وردی سەرنج لە وتە و كردەوەكانی

---

[1] أخرجه البخاري، كتاب الشركة، باب الشركة في الطعام والنهد والعروض (٣/ ١٣٨)، رقم: (٢٤٨٦)، ومسلم، كتاب فضائل الصحابة – رضي الله تعالى عنهم –، باب من فضائل الأشعريين – رضي الله عنهم– (٤/ ١٩٤٤)، رقم: (٢٥٠٠).

[2] رواه البخاري، كتاب الزكاة، برقم (١٣٣٠)، ومسلم في صحيحه، كتاب الزكاة، برقم (١٧١٣).

[3] خلق التواضع في الإسلام، إيمان إسماعيل عبد اللة، مقالة من انترنيت في صفحة: http://www.alalam.ir/news/3639

خۆشەویستمان (دروودی خوای لەسەر) بدەین، ئیعجازێکی پڕ بەها و گەورە دەبینین لە وەسفکردن و هاندان و گرنگیدان بەم چەمکە، کە ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لێیان:

– عن أنس بن مالك ـ رضي الله عنه ـ، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "إن الله أوحى إلى أن تواضعوا، حتى لا يفخر أحد على أحد ، ولا يبغي أحد على أحد"[1]، واته: (خوای گەورە سروشی بۆ ناردووم کە خاکەڕابن، بۆ ئەوەی کەستان بەسەر کەستاندا شانازی نەکات و کەسیشتان دەستدرێژی نەکاتە سەر ئەوی دی).

– عن ابن عباس ـ رضي الله عنهما ـ، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : "ما من آدمي إلا في رأسه حكمة بيد ملك، فإذا تواضع، قيل للملك: ارفع حكمته، وإذا تكبر، قيل للملك: ضع حكمته"[2]، واته: (لە سەری هەر کەسێکدا داناییەك هەیە کە فریشتەیەك سەرپەرشتی دەکات، هەرکات خاکەڕابوو خوای گەورە فەرمان دەکات بە فریشتەکە کە داناییەکەی زیاد بکات، هەرکاتیش لەخۆی بایی بوو فەرمانی پێدەکرێت کە داناییەکەی کەمبکاتەوە).

– عن أبي هريرة رضي الله عنه، قال: قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: "ما تواضع أحد لله، إلا رفعه الله عز وجل"[3]، واته: (هەرکەس لەبەرخاتری خوای گەورە خاکەڕابوو خوای گەورە بڵندی دەکاتەوە).

١١. **یارمەتیدان:** بریتییە لە ئەنجامدانی کارێك، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرژەوەندی کەسانی تری تێدایە، بەبێ گرنگیدان بە دەستکەوتنی سوودی ماددی، یان کۆمەڵایەتی، یاخود ئەنجامدانی کارێکە بەئامانجی یارمەتیدانی کەسێکی تر،

---

[1] أخرجه مسلم، كتاب صفة القيامة والجنة والنار، باب الصفات التي يعرف بها في الدنيا أهل الجنة وأهل النار (٤/ ٢١٩٨)، رقم: (٢٨٦٥).

[2] رواه الطبراني بسند حسن في المعجم الكبير (٣/ ١٨٢).

[3] رواه مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب استحباب العفو والتواضع، برقم (٢٥٨٨).

یـان کۆمەڵگـە بەشـێوەیەکی گشـتی، بەشـێوەیەکی خۆبـەخش و بـەبێ زۆرلێکـردن ئەنجام دەدرێت، هەستکردنی تاکە بە پاڵنەرە ناوەکییانەی وا لە تاك دەکات پابەند بێت بە یارمەتیدانی تاکەکانی ترەوە[1]. یـاخود بریتییـە لـە پاڵپشـتکردنی مـادی و مەعنەوی و ڕەفتاری و سۆزداری کەسانی تر لەکاتێدا پێویستیان پێیەتی.

یارمەتیدانی بەرامبەر جۆری زۆرە، دەکرێت هەندێکجار تـەنیا دڵخۆشـکردنیان و نیشـاندانی زەردەخەنەیـەك بـە ڕوویانـدا کلیلـی چارەسـەر بێـت بـۆ زۆر گرفـت و ناڕەحـەتی و دڵتـەنگیان، هەربۆیـە پێغەمبـەری ئازیزمـان (دروودی خـوای لەسـەر) هانمان دەدات هەمیشە یارمەتیدانی ماددی و مەعنەوی مرۆڤەکان بکەینـە دروشمـی ژیانمان، هەروەك دەفەرموێت: "من فرج عن مسلم كربة من كرب الدنيا فرج الله عنه كربة من كرب يوم القيامة، ومن يسر على معسر يسر الله عليه في الدنيا والآخـرة، والله في عون العبد ما كان العبد في عون أخي"[2]، واتە: (هەرکەس ناڕەحەتییەکی دونیایی لەسەر موسڵمانێك لاببات خـوای گـەورە ناڕەحەتییـەکی دواڕۆژی لەسـەر لادەبـات، هەرکەسێکیش ئاسانکاری بکات بۆ کەسێك کە کارێکی لەسـەر قـورس بـووە خـوای گـەورە کارئاسـانی دونیـا و دواڕۆژی پێدەبەخشـێت، خـوای گـەورە یارمەتیـدەری بەندەکانیەتی بە ئەندازەی یارمەتیدانی ئەو بەندەیە بۆ براکەی).

١٢. **هاوسۆزبوون:** بریتییە لە گواسـتنەوە و ئـاڵوگۆڕکردن و هێنانـە بەرچـاوی دۆخی کەسێکی ترو بیرکردنەوە لە هەست و سۆز و ڕەفتاری کەسـێکی تـر، یـاخود تێگەیشـتنە لـە هەسـت و سـۆز و پێویسـتی و ئـازاری بەرامبـەر، هـەروەها توانـای بەشداریکردنە لە بارودۆخە سەخت و ناخۆشەکانی کەسانی تردا[3]. ئـاییـنی پـیرۆزی ئیسلام چەندە گرنگی داوە بە ڕووکار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان هێنـدە و زیـاتریش

---

[1] التوجة نحو مساعدة الآخرين وعلاقتة ببعض سمات الشخصية، صادق حسن غالب الشميري (٨).

[2] جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي (٣٦/ ٢٨٤).

[3] طبيعة العلاقة الإرتباطية بين التعاطف والسلوك العدواني، عفراء إبراهيم خليل العبيدي (١٣٧).

گرنگی داوه به لایەنی دەروونی و دەربڕینی سۆز و بـەزەیی بەرامبـەریان، هـەروەك ئەم فەرمووده شیرینانه ڕوونی دەکەنەوه بۆمان:

– عن عبد الله بن عمرو بن العاص ـ رضي الله عنهما ـ، عن النبـي ـ صلى الله عليه وسلم ـ، قـال: "الرّاحِمـون يـرحمُهم الـرحمن، ارحَمـوا مـن في الأرض يـرحمُكم مـن في السـماء"[1]، واتـه: (کەسـانی بـه بـەزەیی خـوای بـه بـەزەیی ڕەحمیـان پێـدەکات، بەزەییتان بەوانەدا بێتەوه که لەسەر زەوین، ئەو زاتەی له ئاسمانه بەزەیی دێتـەوه پێتاندا).

– عن النُّعمان بن بشير ـ رضي الله عنهما ـ، عن النبـي ـ صلى الله عليـه وسـلم ـ، أنه قال: "مثَلُ المؤمنين في توادِّهم وتراحُمهم وتعاطُفهم مثَلُ الجسَد الواحد إذا اشتكَى منه عضوٌ تداعَى له سائرُ الجسَد بالسَّهَر والحُمَّى"[2]، واته: (نموونەی ئیمانـداران لـه خۆشەویستی و بەزەیی و سۆزیاندا نمونەی یەك لاشەیه کاتێـك ئەنـدامێکی تووشـی ئازار دەبێت هەموو بەشەکانی تری لاشەی خەوزڕان و تا دەیانگرێت).

١٣. **ڕێزلێنـان:** پێـزانین یـان ڕێزلێنـان یەکێکـه لـه بـەها باڵاکـان، کـه مرۆڤـی پێدەناسرێتەوه، ئاماژەیه بـۆ مامەڵـەکردن و تێـڕوانین بـۆ دەوروبـەر بەشـێوەیەکی جوان و ڕێزگرتن له بەهاکانیان، وەك ڕێزگرتن له شتێك یان کەسێك و هەستکردن به گرنگی و جیاوازییەکانی، یان بۆ جۆرێك لـه کەسـێتی، کـه بنـەمای مامەڵـەکردنێکی نموونەییه. ڕێزگرتن و پێزانینی حـەق یـان هەڵوێسـتێکی جـوان، یـان کەسـێك یـان

[1] سنن الترمذي، كتاب البر والصلة (١٩٢٤)، وسنن أبـي داود، كتـاب الأدب (٤٩٤١)، وصـححه الألبـاني في السلسلة الصحيحة برقم (٩٢٢).

[2] أخرجه مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب تراحم المؤمنين وتعـاطفهم وتعاضـدهم (٤/ ١٩٩٩)، بـرقم: (٢٥٨٦)، والبخاري، كتاب الأدب، باب رحمة الناس والبهائم (٨/ ١٠) برقم: (٦٠١١)، بلفظ: (ترى المؤمنين في تراحمهم وتوادهم وتعاطفهم كمثل الجسد، إذا اشتكى عضو تداعى له سائر جسده بالسهر والحمى).

شتێك كە شايانی ئەو پێزانینە بێت، وەك ڕێزگرتنی زانست و بەها باڵاكان و كەسانی خاوەن پێداویستی و بەتەمەنەكان و... هتد[1].

پێغەمبەری نازدارمان (دروودی خوای لەسەر) لە ژیانی پیرۆزی خۆیدا هەمیشە بەو جۆرە مامەڵەی دەكرد لەگەڵ كەسانی دەوروبەریدا كە شیاوی بووبن و هەرگیز كەسی نەشكاندووەتەوە، هەمووكات هانی موسڵمانانیشی داوە كە بەو جۆرە ڕەفتار بكەن، هەروەك دەفەرموێت: "بحسْب امرئٍ من الشرِّ أنْ يحقر أخاه المسلمَ"[2] واتە: (ئەوەندە بەسە بۆ كەسێك كە شەڕی تووش ببێت كاتێك برا مسوڵمانەكەی بێڕێز سەیربكات).

١٤. **ئاسایش و سەلامەتی:** هەردوو چەمكی ئاسایش و سەلامەتی پەیوەندییەكی بەهێزیان پێكەوە هەیە، پشت بەیەكتری دەبەستن. كە بریتییە لە دڵنیایی دەروونی و دوركەوتنەوە لە ترس و هەستكردنی تاك و كۆمەڵ بەوەی كۆمەڵگە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەك تەنیا ڕوداوە توندوتیژییەكانی هەیە كە بەرامبەر تاك ئەنجامدەدرێت، بەڵكو سەرجەم ئەو دیاردانەی پەیوەندی هەیە بە سروشت و تاكەكانەوە توانای تێپەڕاندنیان هەیە[3]. ئاسایش بارودۆخێكە، كە تیایدا مرۆڤ پارێزراوە، یان دوورە لە ترس و ڕووداوی خراپ، بارودۆخێكی ئارام و جێگیر و گونجاوە لە ناو كۆمەڵگەدا بەگشتی و لە پەیوەندی نێوان تاكەكاندا و چینەكاندا[4]. هەربۆیە وەك چۆن خودی ئیسلام ئاینی ئاسایش و ئارامی و ئاشتییە، هەروەها ئارامی دەروونی و ماڵی و گیانی دەبەخشێتە مرۆڤایەتی، كە سەرجەمیان

---

[1] https://sites.google.com/a/tzafonet.org.il/ehteram/

[2] أخرجه البخاري، كتاب الإيمان، باب فضل من استبرأ لدينه (١/ ٢٠) برقم: (٥٢)، ومسلم، كتاب المساقاة، باب أخذ الحلال وترك الشبهات (٣/ ١٢١٩) برقم: (١٥٩٩).

[3] مدي الرضا عن مستوي خدمات الأمن والسلامة في مدينة الملك فهد الطبية من وجهة نظر المبحوثين، فراج علي سعيد السبيعي (١٩).

[4] أثر احترام حقوق المواطنة في تحقيق الأمن الإجتماعي، سري زيد الكيلاني (١٩).

دەسەبەری ژیانیکی پڕ کامەرانی و دور لە ترس و خۆشبەختی بۆ تاك و کۆمەڵگە فەراهەم دێنن.

ئەوەتا سەروەرمان (درودی خوای لەسەر) بەر لە چواردە سەدە فێرمان دەکات لە نزا و پاڕانەوەکانماندا ئەم لایەنە گرنگە لەبیر نەکەین و بەردەوام داوای زیادبوونیان بکەین لە پەروەردگارمان، هەروەك دەفەرموێت: "مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ مُعَافًى فِي جَسَدِهِ، آمِنًا فِي سِرْبِهِ، عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ، فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا"[(١)]، واتە: (هەر کەس لە ئێوە بە لاشەی ساغ و بێ ترس بەیانی کردەوە و ڕۆزی ئەو ڕۆژەشی هەبوو، ئەوا وەك ئەوە وایە کە هەموو دونیا لەژێر دەستی ئەودا بێت).

---

[١] رواه البخاري في الأدب المفرد (١٠٧)، والترمذي (تحفة الأحوذي) (٧/ ٩) وقيل في صحته حديث حسن غريب.

# کۆتایی

بەها یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی کە زۆرێك لە توێـژەرانی بـوارە جیاوازەکـان، گرنگییان پێداوە و هەریەکـەیان لـە ڕوانگـەی زانسـتێکی جیـاوازەوە شـیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئـەنجام داوە، بـەڵام فـەرموودەکان وەك بـوارێکی کاریگـەری سـەربەخۆ بـەهێزترین ڕۆڵیـان هەیـە لـە گەشـەپێدانی بـەهاکان لـە کۆمەڵگـەدا. سەرچـاوەی بـەهاکان لـە ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلامدا بریتییـە لـە قورئـانی پـیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، لە کۆمەڵناسیشدا داب و نەریت و کەلتوور و ئاینی کۆمەڵگە بە سەرچاوەی بەهاکان دیاریی کراوە. پەیڕەوکردنی بەهاکان بە کۆڵەکەی پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت و هۆکارە بۆ ئارامی و سەقامگیری ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا.

لەگەڵ ئەوەی بەهاکان گرنگییەکی زۆریان هەیە لە کۆمەڵگەدا، هەروەها لەسـەر ئاسـتی تـاکیش بـەهاکان گرنگییـەکی زۆریـان هەیـە و هۆکـارە بـۆ گەشـەپێدانی کۆمەڵایـەتی تـاك و پارێزگـاریکردنی لـە خراپـە و پاراسـتنی بنـەمای بـەهاکان لای تاکەکان، لە ڕێگەی پەروەردەی خێزانییەوە دەتوانرێت بەهاکان لە ناخی تاکەکاندا بچـێنرێن و لـە ڕێگـەی دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـەکانی تـری کۆمەڵگـەوە گۆشـەی پێبدرێت، لەگەڵ ئەوەی دەتوانین لـە ڕێگـەی مامەڵـە و هەڵسوکەتمانەوە بـەهاکان بگەیەنین بە تاکەکان.

پێغەمبـەری ئـازیز چـەندین ڕێگـە و شـێوازی جیـای بـەکارهێناوە بـۆ چـاندنی بـەهاکان لـە نـاخی هاوەڵەکانیـدا و گەشـەپێدانییان. بـەهاکان لـە ئێسـتادا وەك سیستمێك گرەنتی پاراستن و مانەوەی کۆمەڵگەن لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە گەشەپێدان و کارپێکردن هەیە.

# سەرچاوەکان


١ـ ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠١٢ز.

٢ـ فەرهەنگی زاراوەکانی کۆمەڵناسی، فەخرەدین ئامێدیان، چ١، چاپخانەی سنە، ٢٠١٣ز.

٣ـ معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية، أحمد بدوي، مكتبة لبنان – بيروت، ١٩٨٢ز.

٤ـ القيم الإجتماعية. مقاربة نفسية — إجتماعية، مومن بكوش الجموعي، مجلة الدراسات والبحوث الإجتماعية، جامعة الوادي، العدد ٠٨، سبتمبر، ٢٠١٤م.

٥ـ القيم الإسلامية في التعليم وآثرها علي المجتمع، محمد أمين الحق، مجلة دراسات الجامعة الإسلامية العالمية – شيتاغونغ، المجلد التاسع، ٢١٠٢م.

٦ـ اكتشف نفسك – آليات اكتساب السلوك الإيجابي، حسن منيور الخليفة، سلسلة التطوير الإداري، كلية التربية للبنات، الأقسام الأدبية بالرياض، ٢٠١٣م.

٧ـ ارتقاء القيم، د. عبد اللطيف محمد خليفة، عالم المعرفة، سلسلة كتب ثقافية شهرية، مجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب – الكويت، ١٩٩٢م.

٨ـ تحليل القيم المتضمنة في كتاب لغتي الخالدة للصف الأول المتوسط وتقويم تدريس المعلمين إياها، عبد الرحمن بن رومي بن عبد الرحمن الرومي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، كلية الأداب، قسم المناهج وطرق التدريس، ٢٠١٢م.

٩ـ مدي الرضا عن مستوي خدمات الأمن والسلامة في مدينة الملك فهد الطبية من وجهة نظر المبحوثين، فراج علي سعيد السبيعي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، قسم العلوم الشرطية – الرياض، ، ٢٠١٣م.

١٠ـ القيم الشخصية في ظل التغير الإجتماعي وعلاقتها بالتوافق المهني، سفيان بو عطيط، رسالة دكتورا غير منشورة، جامعة منتوري – قسطنطنية، ٢٠١١م.

١١ـ البناء القيمي وعلاقتة بالتنشئة الإجتماعية والدافعية للإنجاز، السيد إبراهيم السيد أحمد، رسالة دكتوراة غير منشورة، جامعة الزقازيق، كلية علوم الإنسانية، ٢٠٠٥م.

١٢ـ له پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، ڕێبوار سیوەیلی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٤ز.

١٣ـ القيم وطرق تدريسها في الدراسات الإجتماعية، عبد الرحمن بن محمد الشعوان، مجلة جامعة الملك سعود، عدد (٩)، ١٤١٧هـ.

١٤ـ التوجة نحو مساعدة الآخرين وعلاقتة ببعض سمات الشخصية، صادق حسن غالب الشميري، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة دمشق، كلية التربية، ٢٠٠٦م.

١٥ـ سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوەی زانستی، محمد شوانی، چاپخانەی هێڤی – هەولێر، چ١، ٢٠١٥ز.

١٦ـ بناوانی لێبوردەیی لە هزری عەرەبی ئیسلامیدا، عەبدولحوسێن شەعبان، وەرگێڕانی: عەبدوڕەزاق عەلی، چ١، چاپخانەی ئاراس – هەولێر، ٢٠١١ز.

١٧ـ التوافق المهني والمساندة الاجتماعية لدي عينة من العمال السعوديين العاملين في بعض المصانع بمحافظة جدة، فواز بن محمد صالح الشيخ، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم القري، قسم علم النفس – المملكة العربية السعودية، ١٤٣٠هـ.

١٨ـ دراسة تحليلية للقيم المتضمنة في كتب التربية الإسلامية والاجتماعية وحقوق الإنسان للصف الرابع الأساسي بفلسطين، سمية السلمان عثمان العجرمي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الأزهر – غزة، ٢٠١٢م.

١٩ـ طبيعة العلاقة الإرتباطية بين التعاطف والسلوك العدواني، عفراء إبراهيم خليل العبيدي، مجلة جامعة دمشق، المجلد ٢٧– العدد ٣– ٤، ٢٠١١م.

٢٠ـ أثر القيم الإجتماعية علي التنظيم الصناعي الجزائري، عادل غزالي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الإخوة منتوري – قسطنطينة، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، ٢٠٠٧م.

٢١ـ أثر احترام حقوق المواطنة في تحقيق الأمن الإجتماعي، سري زيد الكيلاني، الجامعة الأردنية، كلية الشريعة، بحث مقدم إلى مؤتمر (الأمن الاجتماعي في التصور الإسلامي) المؤتمر الدولي لكلية الشريعة – جامعة آل البيت بالتعاون مع رابطة الجامعات الإسلامية، ٢٠١٢م.

٢٢ـ لێزانی لە چاندنی بەها باڵاکاندا، جمال ماضي، وەرگێڕانی: عبد الجبار قـەرەداغی، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا، ٢٠١٧ز.

٢٣ـ معجم العلوم الاجتماعية، إبراهيم مدكور، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٥م.

٢٤ـ الأسس العلمية لكتابة رسائل الماجستير والدكتوراة، المسعودي والخضـيري، مكتبـة الأنجلو المصرية – القاهرة، ١٩٩٢م.

٢٥ـ خلق التواضع في الإسلام، إيمان إسماعيل عبد اللـة، ٢٠١١م، مقالـة مـن الإنترنيـت في صفحة:

http://www.alalam.ir/news/3639

٢٦ـ التضـحية ونمـاذج منهـا، إسماعيـل علـي محمـد، ٢٠١٦م، مقالـة مـن الإنترنيـت في صفحة:

: http://www.alukah.net/sharia/0/110700/#ixzz54pMJDPMk

٢٧. الكتب الألكترونية: (مهـارات التعامـل مـع الغـير– القـيم والإتجاهـات) و (التخصـص إدارة مكتبيـة، دار مهـارات التعامـل مـع الغـير – الوحـدة الثالثـة – القـيم والإتجاهـات) مـن الموقع:

https://drive.google.com/file/d/0BxkYDn0AAh50dXB1Tm9fWFlETGc/view

## ئینستتیوتی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی

**پێناس:**

ئینستتیوتی ژیار ڕێکخراوێکی پەروەردەیی و گەشەپێدانی مرۆیی پەیامدارە، وەک بەشێک لە بزاڤی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان - عێراق چالاکیە هەمەجۆرەکانی پێشکەش دەکات.

**بیرۆکە:**

ڕێکخراو خاوەنی کۆمەڵێک کەسایەتی دیار و بەناوبانگی خاوەن بڕوانامە و پەیامداری فرە پسپۆری ئایینی و زانستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی مرۆییە، بە پێویستمانزانی لە ڕێکخراوێکدا کۆبینەوە و بەشێک لەو بۆشاییە فیکری و سلوکی و ئەکادیمی و مرۆییانەی هەیە لە نێو دەزگاکان و کۆمەڵگاکەماندا پڕبکەینەوە و پردێک دروست بکەین بۆ داهاتوو، وا چەند ساڵێکە لەو بوارانەدا ڕۆڵ دەبینین و پەیام و پرۆژە دەخەینە بەردەم چینەکانی کۆمەڵگا و خەرمانێک ئەزمونمان ملۆکردووە.

**ئامانجەکان:**

١- قوڵکردنەوەی گیانی بەرپرسیارێتی و پێکەوە ژیان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.

٢- برەودان بە کاری خێرخوازیی و هەوڵی خۆبەخشانە و هۆشیاری خێزانیی و کۆششی مەدەنی و ئایین پەروەریی و ڕەوشت پارێزی و پارێزگاری لە بەرژەوەندیە گشتیەکان.

٣- هۆشیارکردنەوەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەهەر کلتوور و ڕەفتارێک، کە لەگەڵ بەهاو باوەڕو پیرۆزییەکانی میللەتدا یەک ناگرێتەوە.

٤-پێشکەشکردنی پڕۆژەو ڕاوێژکاریی بە دامەزراوە تایبەت و گشتیەکان لەبوارە پسپۆڕیە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراودا.

٥- دۆزینەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی دووچاری تاک و کۆی کۆمەڵگە دەبێت، وەک کێشەی نەزانی و نەخۆشیەکۆمەڵایەتیەکان و هەژاری و شپرزەبوونی خێزان و ئالودەبوونی گەنجانی کچ و کوڕ بە پاشکۆیی و پێشنەکەوتنیان لە بوارەکانی فێرکردن و پەروەردەدا.

٦- پەرەپێدانی ئاستی لاوانی کچان و کوڕان و ئاڕاستەکردنیان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لە بواری پەروەردە و پێگەیاندن و زانستخوازیی وکۆمەڵکاریی و سوومەندبوون لە ئەزمونی لاوانی میللەتانی دوورو نزیک.

**ئامرازەکان:**

١- بەستنی کۆنگرە و سازدانی کۆڕو کردنەوەی خولی زانستی و خێوەتگا.

٢- بڵاوکردنەوەی کتێب و توێژینەوی زانستی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی و داتاکاری و دەرکردنی گۆڤار و پۆستەرات.

٣- کردنەوەی خوێندنگە و پەیمانگە و کۆلێژی ئەهلی.

٤- دانانی ڕادیۆ و سوود وەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەموو بوارێکی ئینتەرنێتی.

٥- پەیوەندی گرتن و ڕاوێژکردن لەگەڵ گشت کەسایەتی و ڕێکخراوێکی هاوئامانج و هاوپسپۆڕیی دەرەوە و ناوەوە بە مەبەستی گۆڕینەوەی ئەزموونەکان و هاوکاری کردنی یەکتر.

**لقەکان:**

هەتا ئێستا ڕێکخراو خاوەنی ٨ لقە لە هەموو هەرێمی کوردستاندا:

١- لقی پارێزگای هەولێر - پایتەخت

٢-لقی پارێزگای سلێمانی

٣- لقی پارێزگای هەڵەبجە

٤- لقی شاری کەلار - ناوچەی گەرمیان

٥- لقی شاری ڕانیە - ناوچەی بیتوێن

٦- لقی شاری چەمچەماڵ

٧- لقی شاری کۆیە - کۆیسنجق

٨- لقی خورماڵ - ناوچەی هەورامان

هەرێمی کوردستان – عێراق - بنکەی سەرەکی سلێمانی
تەلەفۆن: ٠٧٧٢٦٦٠٣٠٠٦ - ٠٧٨٢٤٢٠٧٥٠٠
ئیمێڵ: zhyar.in@gmail.com
وێب سایت: www.zhyar.org

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینە ی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.